لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی
کتێبی ژمارە (٢٦)

# بەزەیی ئیسلام و دیاردەی تیرۆر

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ حەقیقەتی ئیسلام و بەزەیی و میانڕەوییەکەی، بۆ چەمکەکانی تیرۆر، جیهاد، کافرکردن، جێنشینی و فەرمانڕەوایی

نوسینی:
**پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی**
ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان
سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریێتی ڕێکخراوی ڕابیتەی مرۆیی
سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریێتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوە

وەرگێڕانی
**محمد محمد حەمەمیرزا**

٢٠٢٣

ناوی کتێب:
**بەزەیی ئیسلام و دیاردەی تیرۆر**
لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ حەقیقەتی ئیسلام و بەزەیی و میانڕەوییەکەی، بۆ
چەمکەکانی تیرۆر، جیهاد، کافرکردن، جێنشینی و فەرمانڕەوایی

نوسەر: **پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی**

وەرگێڕان و ئامادەکردن: **محمد محمد حەمەمیرزا**
بابەتی کتێب: **ئاینی**
**سەرپەرشتیاری پڕۆژە: حسێن شێخ نجم الدین قەرەداغی**

دیزاینی ناوەوەو دەرەوە: **شێرکۆ خانزادی**

بەرهەمی نوسینگەی ڕاگەیاندنی (پ. د. عەلی قەرەداغی) - **سلێمانی ٢٠٢٣**
چاپ: **چاپی یەکەم**
تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارە (١٢٥٧)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

## بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
## پێشەكی نوسەر

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و سەلام لەسەر پێغەمبەری ڕەوانەكراو بە بەزەیی بۆ جیهانیان موحەممەد، لەسەر خانەوادەو هاوەڵە بەڕێزەكانی، لەسەر هەر كەسێك شوێنكەوتەی پەیامەكەیەتی تا ڕۆژی دوایی.

پاشان:

بەڵگەنەویستە هەموو ئاینە ئاسمانییەكان بەو مەبەستە هاتوون ببنە بەزەیی بۆ جیهانیان، ببنە مایەی سەربەرزی و ڕێز و كەرامەت بۆ تەواوی خەڵكی، ببنە هیدایەت بۆ مرۆڤایەتی و سەراپای لایەنەكانی ژیانی هزریی و باوەڕیی و سیاسیی و كۆمەڵایەتی چاك بكەن، هاوكات دەروونی مرۆیی پاكژ بكەن لە هەر خەڵتەو گەندەڵییەك، بە جوانترین شێوە پەروەردەی بكەن، تا لە ڕێگای توێشووی ڕۆح و ئیمان و باوەڕەوە بتوانێ ڕێگای خۆی ببڕێ، نە گومڕا بێ و نە تووشی ناڕەحەتی بێ، نە مەینەتبار بێت و نە بە بێمانا بڕوات، لە هەمانكاتدا ئامۆژگاری بن بۆ دڵ تا نەرم و بە بەزەیی بێت، بەهۆی گوناه و سەرپێچییەوە پیس نەبێت، بەهۆی ستەم و ملهوڕییەوە ڕەق و زبر نەبێت.

ئاینی ئیسلامیش گرنگییەكی تایبەتی بە سەراپای مرۆڤ داوە، ڕێزی گرتووەو پلەی مرۆڤی داوە بەسەر هەموو بەدیهێنراوەكانی تردا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا تَفۡضِيلٗا﴾ الإسراء: ٧٠، واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە ڕێزمان لە نەوەكانی ئادەم گرتووە، بەسەر دەریا و وشكانیدا -بەڵكو بە هەواشدا كە هەر تێپەڕبوونە بە سەر وشكانی و دەریادا- بە هۆكارە جیاوازەكان هەڵمانگرتوون، لە ڕزق و ڕۆزی جوان و تامخۆش و بۆنخۆش بەهرەوەرمان كردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێز و

باوی ئەوانمانداوە بەسەر زۆربەی زۆری بەدیهێنراوەکاندا)(١). ئازادی و کەرامەتی پاراستووەو ڕێگاینەداوە هیچ جۆرە زۆرەملێیەك دژ بە ئازادییەکەی ئەنجامبدرێ، با پەیوەندی بە ئاینی ڕاست و دروستیشەوە بێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴾ البقرة: ٢٥٦. واتە: (بێگومان بە هیچ شێوەیەك ئاینی ئیسلام ناسەپێنرێت، دینداری بە زۆر ناکرێت، چونکە مرۆڤەکان دوای ئەوەی ئازادی دەستەبەر دەکرێت بۆ هەمووان، ئازادن). هەروەها دەفەرموێ:﴿ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴾ الکهف: ٢٩. واتە: (جا ئیتر ئێوە ئازادن، ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بێنێت و ڕێبازی ئیمان و دینداریی هەڵبژێرێت، ئەوەش دەیەوێت با ڕێبازی کوفر و بێدینی پەیرەو بکات).

ئاشکرایە کە ئیسلام بازنەی بەزەیی فراوانکردووە تا هەمووی گەردوون بگرێتەوە، فەرزیکردووە کە دەبێت بەزەیی گشتگیر بێت چوونیەك بۆ مرۆڤ و گیاندار و ژینگە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾الأنبیاء: ١٠٧. واتە: (ئێمە تۆیشمان ئەی موحەممەد ﷺ ڕەوانەکردووە هەر بۆئەوەی ببیتە مایەی سۆز و میهر و ڕەحمەت بۆ سەرجەم خەڵکان و دروستکراوەکان). ستەم و ترساندنی کەسانی سڤیل و تۆقاندنی ئاشتیخوازانی بە ڕەهایی حەرامکردووە.

لەبەر گرنگی بەزەیی لە ئیسلامدا، ئەوا دوو سیفەت و ناوی پیرۆزی خوای باڵادەست لێی وەرگیراوە، ئەوانیش (الرّحمن و الرّحیم)ە، ئەمە بە تەنیشت سیفەتی (الرؤوف) یشەوە، هەروەك پێغەمبەریش ﷺ وەسفکراوە بە (رؤوف رحیم)، موسڵمانیش تەواوی کارەکانی بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێدەکات، ئەمە بۆ ئەوەیە تا بەزەیی لەبیر

---

(١) - أ- ڕاڤەی ئایەتە پیرۆزەکانی ناو ئەم کتێبە لە (تەفسیری ڕۆشن -چاپی دووەم-) نوسینی: مامۆستا بورهان موحەممەد ئەمین وەرگیراون. (وەرگێڕ)

ب- بۆ ئاگاداری خوێنەری بەڕێز: کە بەپێی میانەی بابەتەکانی ناو کتێبەکە، وا ڕێکەوتووە ئایەتێك لە ئایەتە پیرۆزەکان یان فەرموودەیەکی پیرۆز چەند جارێك دووبارە بووبێتەوە، جا بۆ ڕاڤە و واتایان ئەوا تەنها لە یەکەمجاری هاتنی ئایەت و فەرموودەکەدا لێکدانەوەیان بۆ کراوە، بە پێویست نەزانراوە هەموو جارێك هەمان مانا دووبارە بکرێتەوە، خوێنەری خۆشەویست دەتوانێ هەرکات پێویست بوو بگەڕێتەوە سەری. (وەرگێڕ)

نەکات و نەبێتە کەسێکی دڵڕەق و زبر و نەگبەت، سڵاویشی لە دنیاو قیامەتدا بریتییە لە (السلام عليكم ورحمه الله وبركاته). واتە: ئاشتی و پارێزراوی بۆ هەر کەسێك کە گوێی لێیە، چونکە من موسڵمانم، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿تَحِيَّتُهُمۡ يَوۡمَ يَلۡقَوۡنَهُۥ سَلَٰمٌۚ﴾ الأحزاب: ٤٤. واتە: (ئەو ڕۆژەش کە بە دیداری زاتی خوا، پەروەردگاری ئازیزیان شاد دەبن، ئێوە سڵاو دەکەن و وەڵامتان بە گەرمی لەلایەن زاتی پەروەردگار و فریشتەکانیەوە دەدرێتەوە).

ئیسلام کۆتا ئاینە، تەواوکەری ئاینە پێشووەکانی ترەو و باوەڕی پێیان هەیە، دەیەوێت مرۆڤ بەختەوەریی هەر دوو دنیا و ئاسایشی دەروون و ئاسایشی جەستە، و ئاشتی و سەلامەتی تاك و سەلامەتی کۆمەڵگا لەخۆیدا کۆبکاتەوە، لەبەرئەوە ناوی (ئیسلام)ە کە لە ئاشتی و ئاشتەواییەوە هاتووە، (ئیمان)یش کە لە ئاسایش و پارێزراویەوە هاتووە بەهەمانشێوە بۆ ئەم ئاینە هەڵبژێردراوە.

سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ لە ڕێگای سوننەتی گوفتاری و سوننەتی کردارییەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مانا بەرز و بڵندانە هاتووە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەوە وەسفی خۆی دەکات کە ((نبي الرحمة-پێغەمبەری بەزەییە-))[1]، هەروەها ﷺ ڕێسایەکی لەوپەڕی گرنگیدا داناوە کە دەفەرموێ: ((من لا يَرْحم لا يُرْحم))[2] وتە: (هەر کەس بەزەیی بە بەدیهێنراواندا نەیەتەوە خوای گەورەش بەزەیی بەودا نایەتەوە). چەندین فەرموودەی تریش لەمبارەیەوە هەن کە لێرەدا ناتوانرێ تۆمار بکرێن، ئەمە لەپاڵ ژیننامەی پیرۆزیدا کە بەرجەستەی ئەو بەزەییەی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە لەلایەن قەومەکەیەوە بە جۆرەها شێواز ئازار دەدراو سوکایەتی پێدەکرا، کەچی ئەو ﷺ هەر دۆعای خراپی لێ نەدەکردن، یان بێت داوا لە خوای گەورە بکات کە هەر لە

(١) صەحیحی موسلیم، ژمارە (٢٣٥٥)، هەروەها ئەحمەد لە موسنەددا بە ژمارە (١٣٨/٤، ٣٩٥، ٤٠٥) گێڕاویانەتەوە.
(٢) صەحیحی بوخاری، ژمارە (٥٩٩٧)، هەروەها صەحیحی موسلیم، ژمارە (٢٣١٨)، هەروەها ئەحمەد بە ژمارە (٢٢٨/٢، ٢٤١، ٥١٤) گێڕاویانەتەوە.

دنیادا بە ڕەشەباو هەورە تریشقەیەك لەناویان بەرێت، بەڵکو دەهات بۆیان دەپاڕایەوە تا ڕێگای هیدایەت بگرنەبەر، ئومێدخواز بوو لە پشتی ئەوانە نەوەیەك دەربکەوێ کە خوای گەورە بپەرستێ[(١)]، دواتر لە ڕزگارکردنی مەککەی پیرۆزیشدا سەردەکەوێ و چاوی بەو دوژمنانەی دەکەوێ کە ئازاریان دابوو، ڕوویان تێدەکات و دەفەرموێ: ((بڕۆنەوە -سەر ماڵ و حاڵتان- ئێوە ئازادن))[(٢)].

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام هەر سەلامەت نەبووە لە هێرشی دوژمنان و لە بۆچوونی توندڕەوانی، گوایا ئیسلام ئاینی دڵڕەقی و زەبر و زەنگە، واتە ئەوانە هاتوون هەڵسوکەوتی زەبرو زەنگی خۆیان و تاوانی خۆیانیان داوەتە پاڵ ئیسلام، تا ببێتە پاساو و بیانوویەك بۆ دوژمنانی ئیسلام، سەرچاوەی هەموو بەڵاو نەگبەتییەکان و خراپەو کارە قێزەونەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لادانە هزرییە، چونکە لادانی هزریی ئەو چاوگەیە کە هەموو خراپەکان -لە گومڕایی و لە تیرۆر- بەدرێژایی مێژوو لەوەوە دەردەچن و سەرهەڵدەدەن، هەر لەو لادانە هزرییەوە هەموو هزرە ڕوخێنەر و باوەڕە پووچ و بۆچوونە گەندەڵەکان هەنگاو دەنێن کە خەڵکی بەرەو وێرانکاری و کاولکاریی دەبەن.

لەبەرئەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا تا ئەوپەڕی گرنگیداوە بەو هزر و بۆچوونە کە گوزارشت لە باوەڕی مرۆڤ دەکات، لێرەوە ئایەتەکانی قورئان، پاشانیش پەروەردەی پێغەمبەرایەتی چڕبوونەتەوە لەسەر ڕاستکردنەوەی بۆچوون و هزرەکان دەربارەی پرسە گەورەکان، ئەوانیش بریتین لە پرسەکانی: بەدیهێنەر، سەرەتا و کۆتایی، ئەرك، پەیام و ئامانجەکان، پاشانیش ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ

---

(١) لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە خوای گەورە فریشتەی کێوەکانی ڕەوانەکردووە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ تا هەردوو کێوەکە بداتەوە بەیەکدا ئەگەر ئەو ﷺ بیەوێت، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئەوەی ڕەتکردەوە، بەڵکو پاڕایەوە بۆیان کە هیدایەت وەربگرن، بڕوانە: صەحیحی بوخاری ژمارە (٢٢٣١)، موسلیم ژمارە (١٧٩٥).

(٢) بڕوانە: (البداية والنهاية) لە نوسینی حافز ئیبن کەسیر دار المعارف (٣٠١/٤)، هەروەها ئەحمەد لە موسنەددا بە ژمارە (١٣٥/٥)، ترمذی لە (السنن)دا بە ژمارە (٣٦١/٤، ٣٦٢)، حاکم لە صەحیح لە (المستدرك)دا بە ژمارە (٣٥٩/٢) گێڕاویانەتەوە، زەهەبیش هاوڕای حاکمە لەوەدا کە پێغەمبەر ﷺ لێبوردن و ئارامگرتنی هەڵبژاردووەو فەرموویەتی: ((ئارام دەگرین و سزا نادەین)).

و پەروەردگاریدا، هەروەها لە نێوان خودی مرۆڤ و هەموو بەدیهێنراوەکانی تریشدا. جا ئەگەر هزر و بۆچوون چاککرا ئەوا ئاراستەش چاکدەکرێ، ئینجا کاردەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی خوازراو، جا هەروەك چۆن باوەڕی ڕاست و دروست و هزری ساغ و سەلیم ئوممەت دەبەن بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکان و ژیار و پێشکەوتن دەستەبەر دەبێت. ئەگەریش هزر و بۆچوون خراپبوون ئەوا باوەڕیش خراپ دەبێت، دڵ نەخۆشدەکەوێ، ڕۆح دەبێتە ڕۆحێکی شەڕەنگێز، دەروونیش پڕدەبێت لە خراپە، کەواتە هەموو بەڵاو کارەسات و نەگبەتی و نسکۆ و شکستەکان لە بەرئەنجامی لادانی باوەڕەوە سەرچاوە دەگرن.

ئێمەش لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی گشتگیر و گوتەی یەکلاکەرەوە، هاوکات لەگەڵ بنەمادۆزی شەرعی لە ڕێگای بەڵگە باوەڕپێکراوەکانی قورئان و سوننەت و سەرچاوە مێژووییە متمانەپێکراو و ئاینییەکانەوە مشتومڕ لەسەر ئەوپرسە دەکەین، ئەویش لە تویێ نۆ بەشی سەرەکیدا: بەشی یەکەمان تەرخانکردووە بۆ: باسکردنی جوانی و دادگەری ئیسلام کە ئاینی بەزەیی و ڕێز و شکۆیە، بەشی دووەمیش تایبەتە بە: گرنگێتی میانڕەویی و هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوایداو خستنەڕووی و کارپێکردنی لە سەردەمی فیتنەدا، بەشی سێیەم تایبەتە بە: ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام و ئاینە ئاسمانییەکانی تر لەمەڕ تیرۆر و تۆقاندن. پاشان لە بەشی چوارەمدا: باس لە ئاسایشی ڕۆحی و هزری دەکەین لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامدا. لە بەشی پێنجەمدا: باس لە لادانی باوەڕی دەکەین بە خۆی و بە پلەو هۆکار و جێکەوتەکانییەوە لەسەر کۆمەڵگا. بەڵام بەشی شەشەم: تایبەتمان کردووە بە باسی ئەو کەموکووڕیانە کە لە تێگەیشتنی جیهادا هەن، هەروەها مەسەلەی کافر و فاسیقکردن و دەوڵەتی جێنشینیی، هەروەها لایەنداریی و بەرگیریی (الولاء والبراء) لە هزری زیادەڕەواندا، لە بەشی حەوتەمیشدا هەڵدەستین بە لێکۆڵینەوە لە پرسی تیرۆری نێودەوڵەتی بە (لێکۆڵینەوەیەکی فیقهی شیکاریی)، ئینجا لە بەشی هەشتەمدا: باس لە فیقهی هەڵسوکەوتی موسڵمان دەکەین لە کاتی نواندنی بێڕێزی دژ بە پیرۆزییەکانی

ئیسلام، ئەوەش بە لێکۆڵینەوەی شەرعی و بنەمادۆزی و یاسایی لەبەر ڕۆشنایی فیقهی هاوڵاتیبووندا -لەگەڵ باسێکی بەرنامەی شەرعی کەمینە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی خۆرئاوادا و موسڵمانانیش بە گشتی-، دواجار لە بەشی نۆیەمدا: باس لە ڕۆڵی کۆڕە زانستی و کەلتورییەکان (کۆڕە فیقهییەکان) دەکەین لە بەگژاچوونەوەی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆردا، ئەوەش لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی فیقهی شیکاریدا.

لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە تەوفیقم بدات بگەمە ئەو ئامانجەی بە مەبەستم گرتووە، تەنها پەنام ئەو زاتەیە کە ئامانج و مەبەستەکانم لەم کتێبەدا بۆ دەستەبەر بکات، بەوپەڕی گەردنکەچی لێی دەپاڕێمەوە کارەکانمان وەها لێبکات تەنها مەبەستمان بۆ زاتی خۆی و لە پێناو ڕەزامەندی ئەودا بێت، چونکە تەنها و تەنها هەر ئەو زاتە چاکترین سەرپەشتکار و یارمەتیدەرە.

نوسینی بەندەی ئاتاج بە پەروەردگاری

پ. د. عەلی محێدین قەرەداغی

دەوحە-قەتەر

لە ٥ زیلحیجە ١٤٣٧ك

١٦ی ئەیلولی ٢٠١٦ز

# بەشی یەکەم

# ئیسلام ئاینی بەزەیی و ڕێز و شکۆیە

## - ئیسلام چییە؟

## - ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئیسلام.

## - تایبەتمەندییەکانی ئیسلام.

## - هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە ژیار و شارستانی و ئاوەدانییەکان.

### ئیسلام چییە؟

لەوانەیە ئەم پرسیارە لای ئێمەی موسڵمان شتێکی نامۆ بێت، بەڵام لە خۆرئاوا و لای خۆرئاواییەکان پرسیارێکە لە جێگای خۆیدایە، ئەوەش بەو پێیە کە فەیلەسوفی فەرەنسی ڕۆجیە غارودی باسیکردووە، چونکە جەنگەکانی خاچپەرستی وێنەیەکی شێواو و ناشیرین و قین لەدڵیان بۆ ئیسلام جێهێشتووە، ئینجا خۆرهەڵاتناسي و کەنیسە هاتوون بەرجەستەیان کردووە، بە جۆرێك کە هەتا ئەو پەردە ڕەشە لانەبرێ لەسەری ناتوانرێ تێگەیشتنی لێبکرێ[1].

هەروەها دکتۆرە (ئەننا ماری) کە ڕاگری خۆرهەڵاتناسییە باسیکردووەو وتوویەتی: (نەشارەزایی و نەزانینی شتێك ڕقلێبوون و قین و ترس لێی بەدوای خۆیدا دێنێ... ئیسلامیش نمونەیەکی جۆریی ئەو لێکدانەوە ستەمکارە شێواوانەیە، هەروەك لە تابلۆی هونەرمەندانی سەدەی نۆزدەیەمی خۆرئاواییەکاندا دەیبینین، ئەوانە هاتوون موسڵمانانیان وەها وێنا کردووە کە کەسانی کێوی و دڕندەن و دوورن لە شارستانی و ئاوەدانی، کەسانی جەنگاوەرن و شمشێریان لە کێلان دەرهێناوەو ئامادەیە، یان کەسانێکن تەنها ڕابواردن دەزانن و نوقمی یاری و گاڵتەوگەپ و ئافرەتانن، هەروەك لە ئەمڕۆشدا

(١) ڕۆجیە غارودی: (لماذا أسلمت؟)، چاپی مەکتەبەی قورئان ل(٩٩-١٠٢).

بەهەمانشێوەیە، کاتێ باسی ئیسلام دەکرێ ڕاستەوخۆ وێنەی کەسێکی تیرۆریستی گەوجی ڕیسواو بێڕەوشت کە سڵ لە هیچ شت ناکاتەوە وێنا دەکرێ... بەڵام پێویستە ئێمە بەدوای پاساوی مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بگەڕێین، ئەوانەی کە گومانیان وابووە ئیسلام تەنها بێباوەڕی و هەڵگەڕانەوە بووە، موحەممەدیش جگە لەوە کە کاردینالێکی کاسۆلیکی بووەو لە فەرمانی پاپا دەرچووە شتێکیتر نەبووە... لە ڕاستیدا هەموو ئەم بۆچوونانە شێواندن و ستەم و بێویژدانییە دەرهەق بە ئیسلام)[1].

یان ئەو باسەی کە مامۆستا (عەلی عیززەت بیگۆفیتش) کردوویەتی و وتوویەتی: خۆرئاوا تێنەگەیشتووە لە ئیسلامی ڕاستەقینە، ئەوەش بەم دوو هۆیەوە بووە: سروشتی ئەقڵی خۆرئاوایی کە: (بە یەك تێڕوانین دەڕوانێتە مەسەلەکان، واتە: یان ئاین، یان دنیا)، ئەمە لە کاتێکدا کە ئیسلام یەکەیەکی دوو جەمسەرە، هەروەها هەژاریی و کەمتفاقی زمانە ئەوروپییەکان لە تێگەیشتن لە مانای ڕاستەقینەی زاراوە ئیسلامییەکان، چونکە ئیسلام بەو پێیە کە ئاینێکە بەگشتگیری و بەکاملی هاتووەتە خوارەوە بۆ موحەممەد ﷺ، جیاوازە لەو ئاینە باوانەی تر کە گەیشتوونەتە لامان.

ئاینی جولەکە وێنای هزرێکی ماددی دنیایی دەکات و دەڕوات بە ئاراستەی بەرپاکردنی بەهەشتێك لە سەرزەویدا نەك لە جیهانێکی تردا، ئەو دەستەڵات و شانشینیەی خوایەتییە کە جولەکە بەرلە دەرکەوتنی مەسیح پێشبینیان دەکرد، دەبوا لە زەویدا جێبەجێ ببێت نەك لە ئاسماندا وەها کە مەسیحییەکان باوەڕیان پێیەتی[2].

بەمجۆرە ئاینی جولەکە ئامانجی خۆی قەتیسکردووە لە ماددەی ڕووت و لە واقیعی دەرەکیدا، ئەمە لە کاتێکدا کە مەسیحییەت ڕۆحی مرۆیی ڕادەکێشێ بەلای خۆیدا و بەلای بەها ڕەوشتییە ئاسمانییەکاندا، لەبەرئەوە دەستەڵاتە کەنیسەییەکان هەر لەدێر

(١) پێشەکی دکتۆرە ئەننا ماری بۆ کتێبی: (الإسلام كبديل)ی موراد هۆفمان، چاپی النور لە کوێت، ل ٩.

(٢) سەرۆك عەلی عیزەت بیگۆفیتش: (الإسلام بين الشرق والغرب)، چاپی النور لە کوێت، ساڵی (١٩٩٤ز) ل(٢٧١-٢٧٢). وەرگێڕانی: موحەممەد یوسف عەدەس.

زەمانەوە سەرنجیانداوە کە جیاوازییەکی جەوهەری هەیە لە نێوان ڕۆحی (العهد القديم) و نێوان ڕۆحی (العهد الجديد)دا، ئەوەتا ئینجیلی مورقص پێیوایە کە عیسا یاسای موسای -سەلامی خوایان لێبێت- ڕەتکردووەتەوە، (یەهوا)ش خوای دادپەروەریی و ڕزگارکەری جیهانی ماددی گۆڕیوە بە خوای خۆشەویستی کە جیهانی غەیبی نەبینراوی بەدیهێناوە، لێرەوە دروشمی مەسیحییەت بووەتە جیاکردنەوە لە نێوان هەردوو لایەنی: (لێگەڕێ ئەوەی هی خوایە بۆ خوا و ئەوەش هی قەیصەرە بۆ قەیصەر)، تەنانەت هاتووە مرۆڤی ئازادکردووە لە نێوان یەکێك لە دوو مەسەلەکەدا، ئەوەتا دەقی ئینجیلی مەتا (Matt hew 6.4) دەڵێ: (مرۆڤ ناتوانێت خزمەتی دوو گەورە بکات، یان ئەوەتە یەکێکیانی خۆشدەوێت و ڕقی لەویتریانە، یان دەستدەگرێ بە یەکێکیانەوەو لاقرتی دێت بەویتریان، چونکە تۆ ناتوانیت خزمەتی خوا و خزمەتی مامون بکەیت)[1]. هەر ئەمەشە کە (تۆلستۆی) فەیلەسوف گوزارشی لێکردووەو وتوویەتی: (مرۆڤ ناتوانێت لە یەك کاتدا گرنگی هەم بە ڕۆحی و هەم بە خۆشییەکانی دنیا بدات)[2].

ئەمە جگە لەوە کە هەندێ بەهای یۆتۆپیایی -میسالی- هەن زەحمەتە پراکتیزە بکرێن، وەك: (ئەگەر دوژمنەکەت شەپەزلەی دا لەلای ڕاستی ڕوومەتت ئەوا لای چەپی ڕوومەتیشت بخەرە بەردەستی)، هەروەها وەك: (دوژمنەکانت خۆشبوێ و پیرۆزبایی بکە لەوانە نەفرەتت لێدەکەن)، ئەمەش وای لە خۆرئاواییەکان کرد ئەم ڕەوشتانە ئاراستەی جیهانی یۆتۆپیایی و جیهانی دواڕۆژ بکەن، وەك پراکتیزەکردنێ بۆ گوتەی مەسیح لە ئینجیلی یۆحەننا دا (YOHNI 8: 36) کە دەڵێ: (دەستەڵاتی من نیە لەم جیهانەدا)، لەبەرئەمە دەوڵەتانی مەسیحی لە کاتی پراکتیزەکردنی ئەوپەڕەنسیپانەدا هەرگیز خۆیان پابەند نەکردووە پێیانەوە.

جا خۆرئاواییەکان تا هەر ئاستێ هەوڵبدەن پۆشاکی عەلمانییەت بپۆشن، ئەوا هەر

(١) وشەی (مامون) لە نوسینە ئینجیلیەکاندا ئاماژەیە بۆ: شەیتانی حەز و ئارەزوو و سەروەت و سامان.
(٢) عیزەت بیگۆفیتش: سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٧٥).

ناتوانن خۆیان داماڵن لە ڕیشکی ئەو هزرە چێنراوە مەسیحییانەو لەو کەلتورە ئاینییە ڕووتە.

لەبەرئەوە خۆرئاواییەکان جگە لە جیاکردنەوەی ئاین لە دنیا، سیاسەت لە باوەڕ، ڕەوشت لە فەرمانڕەوایی لە شتێکیتر تێناگەن، چونکە مرۆڤ لای ئەوان یان ئاینپەروەرێکی گۆشەگیر و دنیانەویستەو لە کەنیسەدایە، یان کەسێکی بێدینەو تەنها گرنگی بە کاروبارەکانی دنیاو بە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی دەدات، ئەگەریش ئاینداریی تێدا بەدیکرا ئەوە مەسەلەیەکی خودی و ناوەکییە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا و هیچ پەیوەندییەکی بە دنیاو بە سیاسەت و بە ماڵ و داراییەوە نییە.

کەواتە ئەو دوو نمونەیەی ئاین کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە خۆرئاوا باو بووە بریتین لە: یان تەنها ئاینداریی، یان تەنها دنیا، ئیتر ئاوێتەکردن لە نێوانیاندا و هاوسەنگی ئەوە مەسەلەیەکە لای ئەوروپییەکان تێگەیشتنی لێناکرێ، یان زەحمەتە لێی تێبگەن، لەبەرئەوە ئەوان پێویستییان بەوەیە هەوڵبدرێ ڕاڤەی زاراوە ئیسلامییەکانیان بەو زمانە بۆ بکرێ کە لێی تێدەگەن.

بەهۆی ئەم پێشینە کەلتورییەش هەندێ لە فەیلەسوفە خۆرئاواییەکان وەك (هیگڵ) ئیسلام بە درێژکەرەوەی ئاینی جولەکە دادەنێ[١]، چونکە تەنها لە یەك لایەنەوە سەیری ئیسلامیان کردووە، ئەویش بایەخدانیەتی بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی دنیا، کەسانیتریش بەوەیان داناوە کە درێژکەرەوەی ئاینی مەسیحییە، چونکە تەنها سەیری لایەنی ڕەوشتی و بەها باڵاکانی ئیسلامیان کردووە تیایدا، هەندێکیتریشیان بە ئاینێکی ماددی بەرچاویان داناوەو مەسەلە غەیبییەکانی ڕەتدەکەنەوە، هیتریش هەن کە وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بۆی دەڕوانن واتە: گوایا ئاراستەیەکی چەپڕەوانەی هەیە[٢].

(١) عیزەت بیگۆفیتش: سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٧٥).
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٨١).

لە ڕاستیدا هەریەك لەو بۆچوونانە هەڵقوڵاوی تێڕوانینی تاكلایەنەیە، ئەمە لە كاتێكدا كە ئیسلام لە بواری باوەڕدا یەكتاپەرستییەكی پوختە بۆ خوای باڵادەست، جگە لە لایەنی باوەڕ بە یەكتاپەرستی ئیتر لە مەسەلەكانی تردا یەكەیەكی دوو جەمسەرە، ئیسلام ئاینی دین و دنیایە، ئاینی باوەڕ و شەریعەتە، سیاسەت و ڕەوشتە، بونیاتنەری بەختەوەری مرۆڤ و دەستەڵات و بەهەشتەكەیەتی لە دنیاو قیامەتدا، لە لایەكی تریشەوە هەردوو لایەنی نەگۆڕ و گۆڕدراو، هەروەها ڕەسەنایەتی و هاوچەرخی، نێوان واقیعی و یۆتۆپیایی، نێوان ڕۆحی و ماددی، نێوان تاكەكەسی و دەستەجەمعی، نێوان ئازادی و زۆرەملێی مرۆڤ لەخۆیدا كۆدەكاتەوە...

ئەگەر بە تێڕوانینی دووانەیی گشتگیر بڕوانیتە هەریەك لەم چەمكانە ئەوا بە ڕوونی چۆنێتی دابەشكردنی ڕۆڵ و هاوسەنگی لە نێوانیاندا دەبینی، هاوئاوازی و هەماهەنگی لە نێوان هەردوو مەسەلەكەدا بەدی دەكەیت، ئیسلامیش بەمشێوە كۆكەرەوە وردە هاتووە، ئەوەش هەر لە یەكەم ئایەت و لە یەكەم سورەتی قورئاندا كە دابەزێنراوەتە سەر پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دەبینی كە فەرمانی پێكراوە بخوێنێتەوە، هەموو شتێك بخوێنێتەوە، قورئان بخوێنێ كە پەڕاوی نوسراوی خوایە، گەردوون بخوێنێ: كە پەڕاوی كراوەی خوایە، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە هەر دەبێت بەناوی پەروەردگارەوە بێت كە دەفەرموێ: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ، خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ، ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ، ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ﴾ العلق: ١ - ٠٤ واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ! ئەی ئیماندار-!بخوێنە بە ناوی ئەو پەروەردگارەوە كە هەموو شتێكی دروست كردووە، هەموو شتێكی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون!! ئادەمیزادی لە چەند خانەیەكی هەڵواسراو لەنێو منداڵدانی دایكیدا دروستكردووە، سەرەتای ئادەمیزاد بە خاڵێكی زۆر بچوك و ورد دەست پێدەكات، وەكو زەروو خۆی هەڵدەواسێت بە منداڵدانی دایكداو دەستدەكات بە گەشەكردن، جا هەموو ئەندامەكانی دەرەوەو ناوەوەی ئاخنراوەتە ئەو خاڵە بچوكەوەو سیفاتی بۆماوەیی تیادا دابینكراوە، لە ڕەچەڵەكی باوك و دایكییەوە. بخوێنەو دڵنیاشبە كە پەروەردگاری تۆ

زاتێکی تەواو بەخشندەیە.. ئەو پەروەردگارەت زاتێکە کە بەهۆی قەڵەمەوە ئادەمیزاد فێری زانست و زانیاری هەمەجۆر کردووەو دەیکات).

چونکە ئەم خوێندنەوەیە دەبەستێتەوە بە پەروەردگاری مرۆڤەوە کە بەدیهێناوە لە دڵۆپێك ئاو و کردوویەتی بە زاروویەك، پاشانیش فەرمانی پێدەکات کە جارێکیتر بە ڕەهایی بخوێنێتەوە بەڵام لەگەڵ باسکردنی ڕێزی خوای گەورە بۆ مرۆڤ، ئەو خوایە کە لە ڕێگای پێنوسەوە سەرچاوەکانی مەعریفەی پێبەخشیوە، واتە هەموو ئەو سەرچاوە مەعریفیە ماددیانە لە هەستەوەرەکان و لە ئەزموون و لە ژیریی، ئینجا هاتووە سەرچاوەیەکی تری خستووەتە پاڵیان ئەویش وەحی خوایە بۆ پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لێبێت).

ئەم بیرۆکە دووانەیە لە ئیسلامدا هەر لە سەرەتای بانگەوازەوە بەرجەستە بووە، بەو پێیە کە قورئانی پیرۆز پێغەمبەر موحەممەدی ﷺ بەوە داناوە کە مرۆڤە بەڵام پێغەمبەرە، چونکە ئەو بەرلەوە ببێتە پێغەمبەر دەڕۆیشت بۆ ئەشکەوتی حەڕڕا بۆ خواپەرستی و بیرکردنەوە، تا لەگەڵ بە مەزن ڕاگرتنی خوای باڵادەستدا، خوای گەورە ئەرکی بانگەوازی دا بەسەریدا کە مژدەدەر و هاوکات ئاگادارکەرەوە بێت، بەهەمانشێوە خوای گەورە فەرمانی پێدا بە پاککردنەوەی ناخ و دڵ و دەروونی خۆی لە هەر جۆرە هاوەڵگەرییەك، هەروەها هەستێ بە پاککردنەوەی ڕواڵەتی خۆی واتە پۆشاك و هاوشێوەکانی، پەروەردگاری پێی فەرموو: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ، قُمۡ فَأَنذِرۡ، وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ، وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ، وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ، وَلَا تَمۡنُن تَسۡتَكۡثِرُ، وَلِرَبِّكَ فَٱصۡبِرۡ﴾ المدثر: ١-٧. واتە: (ئەی ئەو کەسەی خۆت پێچاوەتەوە، ئەی موحەممەد ﷺ: هەستەو خەڵکی بێدار بکەرەوە، ڕاستییەکان ڕوونبکەرەوە... پەروەردگارت بە گەورەو مەزن و شکۆمەند ناو ببەو با (الله اکبر) دروشمت بێت، با ویردی سەر زارت بێت، هەوڵبدە گەورەیی و دەستەڵاتی ئەو زاتە ڕوونبکەرەوە بۆ خەڵکی... پۆشاکت -دڵ و دەروونت، ڕەفتارت، لایەنی ماددی و مەعنەویت- خاوێن بکە، با پۆشاکی خۆت و پەیڕەوانت ڕواڵەتی کیبر و خۆبەزلزانینی پێوەدیار نەبێت... بەردەوام خۆت و شوێنکەووتوانت لەسەر وازهێنان لە هەموو گوناهان سووربن،

هەمیشە دوورەپەرێز بە لە هەموو جۆرە تاوانێك، لە هەموو جۆرە ناپوختیەك، منەت مەكە بەسەر كەسدا، هەوڵ و خەبات و تێكۆشان و ڕەنج و زەحمەتەكانت، چاكەو بەخشینەكانت بە زۆر مەزانە، چونكە تۆ بە تەمای پاداشتی زۆر و نەبڕاوەیت... هەوڵیش بدە لەبەر خاتری خوا، لەبەر ڕێزی پەروەردگارت، لەبەر ئەو پاداشتە بێسنورەی كە خوای گەورە بۆی ئامادە كردوویت، هەمیشەو بەردەوام خۆگر و ئارامگربە). ئینجا خوای گەورە فەرمانی پێدا كە بە شەودا جگە لە كەمێك لە حەوانەوەو خەو ئیتر هەستێت و خواپەرستی بكات، هاوكات ئاراستەكردنی بۆ تێكۆشان لەپێناوی ئەو زاتەدا، هەروەها هەستێ بە خوێندنەوەو فێركردن و بازرگانی، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ، قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا، نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا، أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا﴾ المزمل: ١ - ٠٤ واتە: (ئەی ئەو كەسەی، خۆت داپۆشیوە، ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی فرستادە.... هەستە بۆ شەونوێژ، زۆربەی كاتی شەو خۆت بە شەونوێژەوە خەریك بكە، كەمێك پشوو بدە... نیوەی یان كەمتر لە نیوەی لێ كەم بكەرەوە... یاخود زیاتری بكەو دەوری قورئان زۆر بكەرەوە بە وردی و لەسەر خۆو تێفكران...). پاشان بەو و بە شوێنكەوتووانی فەرموو: ﴿عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَءَاخَرُونَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ﴾ المزمل: ٢٠. واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ: ئەو پەروەردگارە میهرەبانە دەزانێت كە ڕەنگە كەسانێكتان نەخۆش بكەوێت، كەسانێكی تریش بچن بۆ بازرگانی و بە زەویدا بگەڕێن، بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی حەلاڵ و فەزڵ و بەخششەكانی خوای گەورە، هەروەها ڕەنگە كەسانێكی تریش لە داهاتودا ناچاری جەنگ ببن لە پێناوی دەستەبەركردنی ئازادیدا بۆ خەڵكانی خوا تا لەم ئاینە نوێیە تێبگەن، جا ئیتر ئێوە لە هەموو حاڵەتێكدا چەندەتان بۆ دەوركردنەوەی قورئان بۆ لواو بۆتان ئاسان بوو، یاخود دەتانزانی و لەبەرتان بوو بیخوێنن). ئا بەمشێوەیە ئیتر جیهانی ناوەوەی مرۆڤ ئاوێتە بوو بە جیهانی دەرەكی واقیعییەوە، وەحی و ئەقڵی ئاوێتە كرد، پەرستش و ڕواڵەتەكانی ژیانی دنیای تێكەڵ بەیەك كرد، هەروەها نێوان نوێژكردن بەشەودا و نێوان تێكۆشانی لەپێناوی خوا بە ڕۆژدا ئاوێتە كرد.

چونکە تێڕوانینی تاکلایەنانە بۆ شوێنی پەرستش بوو وای لە کەنیسە کرد تەنها ببێتە پەرستگایەك بۆ خواپەرستی و بەس، دیزاینی بەرزیی و تاریکاییەکانی کەنیسە وەها بوون وەك بڵێی جیهانی دواڕۆژ بێت و بەس، بەڵام مزگەوت هەڵگری چالاکی دووانەیی گشتگیرە لە نێوان یادی خوای گەورەو ڕۆژی دوایی و نێوان خەمەکانی دنیادا، هاوکات کانگای چالاکی جۆراو جۆر بێت لە دادوەریی و تێکۆشان، تەنانەت وەرزشکردنیش تیایدا. هەروەها ئەو تێڕوانینە گوایا پاپا کەسێکی بێهەڵەیە، لای زۆربەی مەسیحییەکانیش کەسێکی ناوەندگیرە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا، بەڵام لە تێڕوانینی ئیسلامدا زانای ئاینی نە بێهەڵەیەو نە نێوەندگیرە، بەهەمانشێوەش دوو بەرنامە بوونیان نیە تا یەکێکیان بۆ کەسانی دەستبژێر و پیاوماقوڵان بێت و ئەویتریان بۆ گشت خەڵکی بێت(١).

لەبەرئەوە پێویستە تا ئەوپەڕی توانا گرنگی بدەین بە ڕاڤەکردنی ئیسلامی ڕاست و دروست بە تایبەت بۆ خۆرئاواییەکان، دکتۆر مۆریس بۆکای دەڵێ: (لە ڕاستیدا ئێمە پابەندین بە سەرنجدان لەو بەخششە تایبەتانەی ئیسلام کە باسمانکردوون و لە وڵاتانی ئێمەی خۆرئاواییدا تەواو نەزانراو و نەناسراون... جگە لەوەش هەندێ لە ناوەندە مەسیحییەکان بە کەم سەیری موسڵمانان دەکەن، ئەمەشم کاتێك بۆ دەرکەوت کە هەوڵمدا دیالۆگێك بەرپا بکەم لەپێناو لێکۆڵینەوە دەربارەی ژمارەیەك لەو باس و سەرگوزەشتانەی لە قورئان تەوراتدا پێکەوە لەبارەی یەك بابەتەوە هاتوون، سەرنجمدا کە بە تەواوەتی ڕەتدەکرێتەوە تێڕوانین بۆ ئیسلام بە هەند وەربگرن، با تەنها تێڕامانیش بێت لەوەی کە لە قورئاندا هاتووە، ئەوان گەڕانەوەیان بۆ قورئان وەها دەبینی کە: پشتبەستنە بە شەیتان)(٢).

(١) د. مۆریس بۆکای: (التوراة والأنجيل والقرآن والعلم)، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کتێبە پیرۆزەکان لەبەر ڕۆشنایی زانستە نوێیەکان، چاپ و بڵاوکردنەوەی: دار المعارف لە قاهیرە، ل(٦-٧).

(٢) سەیری: هەردوو زاراوەی (الإسلام) و (الإيمان) بکرێ لە: لسان العرب، القاموس المحيط دا.

## پێناسەی ئیسلام

ئیسلام زاراوەیەکی جوانە، زۆر بە وردی لە وشەی (ئاشتەوایی -السلم-) و (ئاشتی -السلام-)ەوە وەرگیراوە، هەروەك چۆن وشەی الإيمان لە (ئاسایش-الأمن-) و (پارێزراویی -الأمان-)ەوە وەرگیراوە.

ئیسلام لە حەقیقەتی زمانەوانیدا بریتییە لە: ملکەچیی و گەردنکەچیی بۆ خوای بالادەست[1]. لە زاراوەی قورئانیشدا بریتییە: لەو ئاینە نەمر و هەتا هەتاییە کە خوای گەورە ڕەوانەی کردووە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، هەر لە پێغەمبەر ئادەمەوە هەتا دەگاتە پێغەمبەرانی خوای گەورە نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسی، ئینجا بە پێغەمبەر موحەممەد (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت) کۆتایی پێهێناون، ئەو هیدایەت و ڕووناکییەیە کە مرۆڤایەتی پێویستی پێی بووە و خوای بالادەست ڕەوانەی کردووە بۆیان، پاشانیش بە کۆتا پەیامی زاتی خۆی ئاینەکەی بەتەواوەتی کامڵ کردووە.

وشەی (ئیسلام)یش براوە بەسەر ئەو کۆتا ئاینەدا کە بۆ موحەممەد ﷺ هاتووەتە خوارەوە، ئەمەش لە بەرانبەر ناوی ئاینەکانی ترەوە وەك جولەکە و مەسیحییەت -هەروەك لەمەوپاش باسیدەکەین-.

ئیسلام و ئیمانیش یەك ئامانجیان هەیە، بەلام ئەگەر پێکەوە کۆبوونەوە ئەوا مەبەست بە ئیمان لایەنی باوەڕیەتی، مەبەست بە ئیسلامیش لایەنی کرداریەتی کە بریتییە لە پایەکانی ، هەروەك لە فەرموودەکەی جبریلدا هاتووە کاتێ لەبارەی ئیمان و ئیسلامەوە پرسیاری لێکردوو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئیمان چییە، ئەویش ﷺ فەرمووی: **((أن تؤمن بالله وملائكته وكتابه ولقائه ورسله و تؤمن بالبعث الآخر))**، واتە: (ئیمان ئەوەیە باوەڕت بە خوا و بە فریشتەکان و بە کتێبەکانی و بە بەخزمەت گەیشتنی و بە پێغەمبەرانی و بە زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت هەبێت)، ئینجا جبریل فەرمووی:

---

(١) د. مۆریس بۆکای: (التوراة والأنجيل والقرآن والعلم)، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر کتێبە پیرۆزەکان لەبەر ڕۆشنایی زانستە نوێیەکان، چاپ و بڵاوکردنەوەی: دار المعارف لە قاهیرە، ل (٦-٧).

ئەی پێغەمبەری خوا ئەی ئیسلام چییە؟ فەرمووی: ((**الإسلام أن تعبد الله ولا تشرك به شيئاً، وتقيم الصلاة المكتوبة، وتؤدي الزكاة المفروضة، وتصوم رمضان**))[1]. (ئیسلامیش ئەوەیە خوای گەورە بپەرستی و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەیت، نوێژە فەرزەکان ئەنجامبدەیت، زەکات بدەیت، ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت).

ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە، سەراپای ژیانی مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانیەوە ڕێکدەخات، بە تایبەتی لە لایەنی دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەوە، ئیسلام بایەخ بە بونیاتنانی مرۆڤی چاکەویست و چاکەکار دەدات کە سودی بۆ خۆی هەبێت و بەختەوەری دنیاو قیامەت بێت، هاوکات سودگەیەنەر بێت بۆ جگە لە خۆیشی، بەهەمانشێوە گرنگی دەدات بە بەستنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان بە بەها باڵاکانەوە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، لَا شَرِيكَ لَهُۥ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ الانعام: ١٦٢-١٦٣. واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: لە ڕاستیدا من نوێژەکانم، سروتەکانم، هەروەها ژیانم بەتەواوەتی و خۆ ئامادەکردنیشم بۆ مردن، هەر هەموویم خستۆتە چوارچێوەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.... ئەو زاتەی کە بە هیچ شێوەیەك شەریك و هاوبەشی نیە، من هەر بەوشێوەیە فەرمانم پێدراوە کە تاماوم پابەند و ملکەچی فەرمانی ئەو زاتە بم، من یەکەمین کەسم لە موسڵمانان).

ئیسلام دەیەوێت مرۆڤ لەناو بەها ئیمانییەکاندا ژیان بگوزەرێنێ، ڕۆحی ئیمان و ناسکی و ڕوونیی و بەرزبوونەوە و بەختەوەریی و پاکژیی تیدا دروست دەکات، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ الانفال: ٢٤. واتە: (ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە، گورج و گۆڵانە بەدەم بانگەواز و فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەوە بچن، کاتێك

(١) لەفزەکە هی پێشەوا موسلیمە لە بەشی الإیمان بە ژمارە (٣٩/١)، هەروەها لە صەحیحی بوخاری و هیتریشدا هاتووە، سەیری (فتح الباري) بەشی الإیمان بکرێ بە ژمارە (١/١١٤-١٢٥).

بانگمان دەکات بۆ بەرنامە و ڕێبازێك کە ژیانتان پێدەبەخشێت، ناخ و دڵ و دەروونتان دەبوژێنێتەوە).

ئیسلام دەیەوێت جووڵەو بزاوتی مرۆڤ لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کە باوەڕ و بەها ڕەوشتییەکان دەیدەن بەسەریدا، ئەمەش بەو مانایە نییە کە مرۆڤ کۆت و بەند بکرێ و ئازادی خەفە بکرێ، بەڵکو دەیەوێت کە باری دووفاقی لە کەسایەتیدا دروست نەبێت، بەجۆرێ لە مزگەوتدا کەسێکی خواپەرست بێت و ترس دایگرتبێ، بەڵام لە بازاڕ و لە شوێنکارەکەیدا کەسێکیتر بێت و گوێنەدات بە حەرام و بە ئازاردانی کەسانیتر، چونکە بوارەکانی ئازادی مرۆڤ زۆر زۆرن، ڕووبەری قەدەغەکراوەکانیش ڕووبەرێکی بچوك و بەرتەسکە، ڕێورەسمە پەرستشییەکانیش تەنها بەشێکی کەم لە کاتی دەگرن، بەڵام دەتوانێ هەمووی ژیانی بگۆڕێ بۆ خواپەرستی و پەرستش، ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی کاری چاکەوە کە هاودەمە لەگەڵ نیەتیدا.

## ئاین سەرەکیترین پێویستی تاك و کۆمەڵگایە

زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە ئاین سروشتێکی پاکەو لە ناخی دەروونی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە، زەرورەتێکە لە زەرورەتەکانی کۆمەڵگاو ژیان، چونکە مرۆڤ ئاراستە دەکات بەرەو پابەندبوون بەو بەهایانەوە کە دەیبەن بەرەو پاکی و بەرزبوونەوە، بەرەو کارکردن و بونیاتنان و پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانیتردا ، بەرەو تەواوکردنی مەبەست و ئامانجەکان[1].

کەواتە ئاین بە شێوەیەکی گشتی و ئیسلام بە شێوەیەکی تایبەت، هەڵدەستێ بە کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ، بە گەشەدان بە ویژدانی، بە داڕشتنی کەسایەتی، هەروەها بە دەستەبەرکردنی یەکگرتن و پتەوکردنی کۆمەڵ، یەکگرتن و

(١) د. مصطفى الخشاب: (علم الإجتماع ومدارسه)، چاپی لجنة البيان العربي، ل (٣٥٠)، هەروەها د. محسن عبد الحميد: (قضايا في الفكر الإسلامي المعاصر، چاپی (٢٠٠١)، ل (٢٠).

پتەوکردنی کۆمەڵایەتیش لە ڕێگای پێکەوەبوون و نزیکیی و تێکەڵاویی و هێزەوە دەبێت لە نێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگادا.

لە هەمانکاتدا هەڵدەستێ بە ڕاستکردنەوەی یاسای ڕەوشتیی لەکۆمەڵگادا، بە تۆکمەکردن و ڕێکخستنی لەپێناو دەستەبەرکردنی خێر و چاکە، هەروەها نەهێشتنی خراپەکاریی، بە ئامانجگرتنی کەماڵی ڕەها، (کانت) کە فەیلەسوفێکی ناودار و ناسراوە دەڵێ: (هەبوونی زاتی خوایەتی لە قووڵایی دەروونی مرۆڤدا کە هەستدەکات بە بەئامانجگرتنی کەماڵی خوازراو ئەقڵێکی سروشتی زگماکە، کەواتە پێویستە پرەنسیپێك هەبێت کاربکات لەسەر دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان چاکەو خراپەدا، پرەنسیپێك کە سروشت بەپێی یاسایەکی دادپەروەر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەمەش تەنها لە دەستەڵاتی بەدیهێنەری سروشت و مرۆڤدایە بەیەکەوە، لێرەوە بوونی خوا بووەتە ئەو کۆتا داواکراوە کە هەر دەبێت خۆمانی ڕادەست بکەین تا یاسای ڕەوشت ڕاستبکاتەوە)[1].

زۆرێك لە کۆمەڵناس و دەروونناسان دانیان پێداناوە کە ئاین زەرورەتە بۆ کۆمەڵگاکان، تەنانەت دۆرکایم کە بە باوکی زانستی کۆمەڵناسیی خۆرئاوا ناسراوە ئیقرار بەوە دەکات و دەڵێ: (هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی نییە بتوانێ بێنیاز بێت لە ئاین، لەبەرئەوە مەحاڵە بتوانێ بەبێ ئاین بژی)[2].

فەیلەسوفانی خۆرئاوا وەها پێناسەی ڕەوشتییان کردووە کە تەنها لەسەر ئاین دادەمەزرێ، ژیانی مرۆڤیش سەقامگیر نابێت تا سنوردار نەکرێ لە بازنەی هەستپێکراوەکاندا، هەندێ لە بیرمەندان لە هەڵگرانی (ڕێچکەی ڕەوشتی سروشتی) هەوڵیانداوە ڕەوشت لەسەر بنەمای فەلسەفەی ماددی دابمەزرێنن، بەڵام ئەو هەوڵانە جگە لە شکستخواردن و مایەپووچی هیچ بەرهەمێکیان نەبووە، گەورە بیرمەندانی خۆرئاواش دانیان بەوەدا ناوە، فەیلەسوفی فەڕەنسی بریتراند دی جوفنیل (Jouvenel)

---

(١) د. محمد عبد الله دراز: (الدين، بحوث ممهدة لدراسة تأريخ الأديان)، چاپی دار القلم لە بەیروت، (١٩٧٠ز)، ل(١٤٨).

(٢) طه الهاشمي: (تأريخ الأديان)، چاپی بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی الحياة لە بەیروت، (١٩٦٣ز)، ل(٢٤٠).

دەڵێ: (ئەو کۆمەڵە بەهایە کە ڕووبەڕووی جەنگ و ئەشکەنجەدان و چاوچنۆکی و گەندەڵی و قۆرخکاری دەوەستنەوە دواجار دەبێت لە دەرەوەی خودی مرۆڤەوە بن)[1].

(جود) کە بیرمەندێکی خۆرئاواییە لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی وەزعی لۆژیکي-نقد الفلسفة الوضعية المنطقية-) کە لە ساڵی (١٩٥٠) دەرچووە دەڵێ: (گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی هەرگیز وەك ئەمڕۆ هەستی نەکردووە کە پێویستی بە ئاینە)[2].

## هۆکارەکانی موسڵمانبوونی ڕۆجیە غارودی
## کە لێبوردەیی و جوانی ڕاستەقینەی ئیسلام بە پوختی دەخاتەڕوو

زیاتر لە جارێك شادبووم بە بینینی گەورە فەیلەسوفی ناسراو پرۆفیسۆر ڕۆجیە غارودی، لە هەندێ لە وتاریشدا کە لە زانکۆی قەتەر پێشکەشی کردن هەستاوم بە ناساندن و پێشکەشکردنی، پاشانیش بانگهێشتم کرد بۆ ماڵی خۆم، ئەوکات ئەم پرسیارم لێکرد: چی وای لێکردی موسڵمان بی؟

لە وەڵامدا وتی: هۆی ڕاستەقینە ئەوە بوو کە من لە سوپای فەڕەنسادا ئەفسەرێکی یەدەك بووم، لە دووەم جەنگی جیهانیدا لەلایەن نازییەکانەوە لەگەڵ شەش ئەفسەری تردا بەدیل گیرام، ئێمەیان بە دەستبەستراوی دایە دەست سەربازێکی جەزائیری، بە شەو و بە تاریکایی ئێمەی بردە شوێنێکی کەمێك دوور لە سەربازگەکە، ئینجا پێیوتین: ئەفسەرەکەم داوای لێکردم ئەشکەنجەتان بدەم و پارچە پارچەتان بکەم، بەڵام من موسڵمانم، هەرگیز ئاینەکەم کە ئیسلامە ئەو ڕێگایەم پێنادا، پێغەمبەری ڕێزداریشمان

---

(١) ڕۆناڵد سترۆمبیرگ: (تأريخ الفكر الأوربي الحديث)، ل(٥/٩٤).

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل (٩٥)، هەروەها سەیری د. ئەکرەم ئەلعومەری لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الإسلام والوعی الحضاري)، چاپی دار المنارة، جدة ل(٢١).

پێغەمبەری بەزەیی و ڕەحمەتە بۆ جیهانیان، لەبەرئەوە من بەرتان دەدەم -چەند گوللەیەك دەتەقێنم بە ئاسماندا-، بەڵام تکام وایە کە خێرا خۆتان بشارنەوەو لەبەرچاوان ونبن، چونکە ئەگەر یەکێکتان لەلایەن ئەوانەوە بدۆزرێتەوە ئەوا ئەو کەسە منم کە دەکوژرێم و پارچە پارچە دەکرێم.

غارودی وتی: ئەو هەڵوێستە کاری کردە سەر کەسایەتی و بیر و ئەقڵم و وتم: بە ڕاستی سەیرە!!! ئەبێ ئەم ئاینە گەورەیە چی بێت کە وای لەو سەربازە کردبێت لە کاتێکدا کە پلەی سەربازی سادەیە، بەڵام لە هەڵوێستیدا بڵندە و لە قوربانیداندا ناوازەیە؟

پاشان کەوتمە ناو سەرقاڵی ژیان، بەڵام دەنگی ئەو سەربازە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە مێشکمدا جێهێشت، هەروەها دیمەنەکەی - کە لەسەر بەردێك وەستابوو و گوتەی پێشووی ئاراستە دەکردین- لە چاوانمدا ون نەدەبوو.

ئا ئەوە وایلێکردم بکەومە لێکۆڵینەوە لە ئیسلام، پاشان باوەڕهێنان پێی، ئینجا شەرەفی بەرگریکردنم لەسەر حەقیقەتی خۆی پێبەخشرا.

دواتر وتی: کاتێك بە قووڵی ئیسلامم خوێندەوە، ئەم ڕاستییانەم بۆ دەرکەوت: (پێمخۆشە بڵێم کە لایەنداری من بۆ ئیسلام بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو لەدوای گەشتێکی تولانی و زەحمەت لە توێژینەوە، لەدوای گەشتێکی تولانی کە وەرچەرخانی زۆری تێکەوتووە بووە، تا دواجار گەیشتمە پلەی یەقینی تەواوەتی، پاڵمدا بەو باوەڕەوە کە وێنای سەقامگیریی دەکات، ئیسلامیش لە بۆچوونی مندا واتە سەقامگیریی)[(١)].

**ئێستە دەتوانین هۆکانی موسڵمانبوونی غارودی کورتبکەینەوە لەم چەند خاڵەدا:**

١- پێغەمبەر ﷺ هەرگیز ئیدیعای ئەوەی نەکردووە کە ئاینێکی نوێی هێناوەتە کایە، بەڵکو داوامان لێدەکات باوەڕ بە پێغەمبەرە پێشووەکان بێنین بە تایبەتی ئیبراهیم و موسا و عیسا (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

(١) غارودی: (محاضرة حوار الحضارات) کە لە زانکۆی ئەسکەندەریە لە ڕۆژی (١٩٨٣/٣/٢١ز) پێشکەشی کردووە. لە ڕۆژنامەی الأخبارەوە هی بەرواری ١٩٨٣/٣/٢٣ز) وەرگیراوە.

٢- ئیسلام زانستی حیکمەت و زانستی وەحی لێکجیانا کاتەوە، ئەو وەحییە کە دژ نییە لەگەڵ زانست و لەگەڵ حیکمەتدا (چونکە باوەڕ ئەقڵێکی بێسنورە)، بەم پێیەش پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئاین لە چوارچێوەیەکی ڕاست و دروستدا دادەنێ.

٣- ئیسلام ڕێگا دەدات بە چارەسەری گرفتی پەیوەندی لە نێوان باوەڕ -بەو پێیە ڕێنما کار و مەرجەعە- و نێوان سیاسەت بەوەی کە دەیکاتە سیاسەتێکی ئەقڵگیر و دادگەر، ئەمە بێئەوەی دەوڵەت وەها لێبکات کە بەناوی خواوە حوکم بدات، هەروەك لە کەنیسە لە ئەورووپاو بە تایبەتی لە فەڕەنسادا ڕوویدا[1].

٤- غارودی باس لە گەورەیی ئیسلام دەکات کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

أ- **کرۆك و رۆحی ئیسلام:** چونکە بۆ مرۆڤی خستووەتەڕوو کە سەراپای گەردوون دیاردەیەکە لە دیاردەکانی توانایی خوای گەورە، تێڕامانیش لێی و کاری بەرهەمهێنەر تیایدا شێوەیەکە لە شێوەکانی پەرستشی نزیککەرەوە لە خوای گەورە.

ب- **کراوەیی و لێبوردەیی ئیسلام:** ئەمیش خۆی لە لێبوردەیی ئیسلام لەگەڵ ئاینەکانی تردا دەردەخات، کە ئازادی تەواوەتی داوە بە هەوادارانیان لە ئەنجامدان و پیادەکردنی ریوڕەسم و دروشمەکانیاندا، تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامی ڕێگایداوە کە جولەکەو مەسیحی و هیتریش بۆیان هەیە پلەو پایەو کارمەندی گرنگ وەربگرن تیایدا، غارودی لەم پێگەیەوە جەخت دەکات کە ئیسلام بە هێزی چەك بڵاونەبووەتەوە، پێغەمبەریش ﷺ شمشێری لە کێلان دەرنەهێناوە مەگەر لەبارێکدا نەبووبێت کە بەرگری بووبێت لە بانگەوازەکەی، هەروەها دەڵێ فتوحاتی ئیسلامی داگیرکاری نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە ڕزگارکردنی ئەو گەلانە کە لەژێر چەپۆکی ملهوڕی و ستەمی دەستەڵاتی ڕۆحی و واقیعی وڵاتەکانیاندا ناڵاندوویانە، لەبەرئەوە ئەو گەلانە نەهاتوون بوەستنەوە بەڕووی موسڵماناندا، لەوانەیە ڕاستگۆترین دیمەنیش ئەو ڕاستییە بێت کە کاتێ عەرەب هاتوون وڵاتی ئەندەلوسیان ڕزگارکردووە تەنها

(١) ڕۆژنامەی الأخباری میصری لە بەرواری (١٩٨٣/٨/٩ز)، کە لە گۆڤاری لۆمۆندی فەڕەنسی وەریگرتووە.

لەماوەی دوو ساڵدا ئەوەیان بۆ چووەتە سەر، بەڵام کاتێك ویستراوە لێیان بسێننەوە حەوت سەدەی خایاندووە[1].

**ج- داستانی باوەڕ لە دنیانەویستی و لە پەروەردەی دەروونیدا:** ئیسلام هاتووە بە تێکۆشانێکی بێوچان پەروەردەی دەروونی بەرەوپێش بردووە، پاکژی کردووەو ڕۆحی بەرەو باڵا بردووە، گرنگیداوە بە ناوەڕۆکی تا گونجاو بێت لەگەڵ ئیرادەی خوایەتیدا.

**د- کاملێی ئیسلام لە ڕووی باوەڕ و سیاسەت و ڕەوشت و مافەکانەوە:** ئیسلام لە پرەنسیپێکەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە لای سەلمێنراوەو بەڵگەنەویستە، ئەویش ڕەتکردنەوەی جیاکارییە لە نێوان گرفتەکانی ژیانی دنیایی و نێوان پرەنسیپەکانی باوەڕ و ڕەوشت، بۆ نمونە ئابووری لە سایەی ڕژێمە دەستکردەکاندا ئامانجی دەستەبەرکردنی بەرهەمهێنان و وەبەربردنە، بێئەوەی ڕەچاوی مەبەستە مرۆییەکان بکات، بەڵام ئابووری لە سایەی ئیسلامدا ئامانجی گەشەکردنی خودی خۆی نیە بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگییە، بەهەمانشێوە بێلایەن نیە کە چی دەبێت با ببێت، هەروەها لەگەڵ ئازادی بازرگانیدایە، بەڵام بازاڕ ئاراستە دەکات بەرەو تێرکردنی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ، هاوکات تەبایش بێت لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام و ڕێساکانیدا ئەویش لە ڕێگای هاوسەنگی لە دابەشکردنی داهاتدا، هەروەها ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و دەستبەسەرداگرتن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ﴾ النور: ٣٧. واتە: (بێگومان بە درێژایی زەمان پیاوانێك هەن - کە سیفەتی پیاوەتی و تەقواداری و لێبڕان و بەرخۆدان و دڵسۆزی و.....هتد لەخۆیاندا بەرجەستە دەکەن, ئەڵبەتە ئافرەتانیش کە بەو سیفاتانە خۆیان برازێننەوە, ئەوانیش دەگرێتەوە- جا ئەو ڕێزدارانە بازرگانی و کڕین و فرۆشتن, پەروەردگاری ئازیزیان لەبیر ناباتەوە). ئەمانە هەموو لەپاڵ دانانی ماف لەسەر سامان و دارایی وەك زەکات بۆ دەستەبەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، کە ئەورووپا لە سەدەی بیستەمدا نەبێت پێشتر هیچی لێنەزانیوە.

---

(١) غارودی: (لماذا أسلمت؟)، ل(٩٠).

موسڵمانان هەر لە سەردەمی هاتەخوارەوەی وەحیدا ڕێساو ڕەوشتەکانی جەنگیان داناوە، پاشانیش پەرەیان پێدراوە، بەڵام خۆرئاوا تا ساڵی (١٣٤٠ز) هیچ یاساو ڕەوشتێکی جەنگیی نەبووە، ئەویش لە بەرشەلۆنە لە ئەندەلوس ڕوویدا کە لەبەرئەنجامی داوای خاچپەرستان لە فەلەستینەوە هات و بووە هۆی ئەوە چەندین ڕێسای ئیسلامییان دەرهێنا، هەروەها لە کتێبەکەی ئەلفۆنسی دەیەم کە لە بەشی دەیەمیدا کۆمەڵێ یاسای لەبارەی ئازادییەوە تێدایە، هەموویشی بریتی بووە لە دووبارەکردنەوەی کتێبێك کە یەکێك لە زانایانی ئەندەلوس دایناوبوو، باس لە چۆنێتی پاراستنی منداڵان و ئافرەتان و پەککەوتەو چۆنێتی پابەندبوون بە پەیماننامەو بەڵێننامەکانەوە لە کاتی جەنگدا دەکات[1].

# ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئیسلام

ئیسلام لە چوار پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە: باوەڕ، شەریعەت، چاکەکاریی -کە بریتییە لە پارێزکاریی و بەها ڕەوشتییەکان و جوان ئەنجامدان و داهێنان-، هەروەها ئاوەدانکردنەوەو جێنشینیی. دەتوانین ئەمەش لە چوار ڕەگەزی سەرەکیدا ڕاڤە بکەین:

## ڕەگەزی یەکەم: باوەڕ

ئەم باوەڕەش لەم پایانەی خوارەوە پێکهاتووە:

**١- باوەڕهێنان بە خوای گەورەی تاك و تەنها**، بە خوای بەزەیی لە دنیاو قیامەتدا، کە ئاگادارە بە هەموو شتێك، زاناو بیسەر و بینەرە، تاکە پشت و پەنایە، ئەو خوایە کە ئەم هەموو گەردوونەی بەدیهێناوە، بە جوانترین و باشترین شێوە ڕێکیخستووە، زاتی خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەموو کاروبارەکان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، کاربەدەستی ڕەهایە، کاربەڕێکەر و ڕێکخەری گەردوونە، هەموو کلیلەکانی چاکەو خراپە و زیان و سود لای ئەو زاتە مەزنەن.

بۆیە پێویستە هەر کەسێکی موسڵمان باوەڕی وابێت کە خوای باڵادەست خۆی

هەڵگری هەموو سیفەتەکانی کەماڵە و لە زاتی خۆیدا جێگیری کردوون، پاکوبێگەردە لە هەر سیفەتێکی کەموکوڕی، دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ﴾ الاعراف:١٨٠. پێویستە موسڵمان باوەڕی وەها بێت کە هەرچی لەم گەردوونەدایە ئەو زاتە زانایە پێی و ملکەچی دەستەڵات و توانایی ئەوە، دەفەرموێ: ﴿وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ﴾ الرعد: ٨. واتە: (هەموو شتێکیش لە دروستکراوانی ئەو زاتە بە ئەندازە و پێوانەیە...). باوەڕی هەبێت کە حیکمەت و دانایی خوا بێسنورە، چونکە خوای گەورە هەموو کردەوەو ڕووداوەکانی بەستووەتەوە بە یاساو ڕێساکانەوە، هۆکار و خوڵقێنەری هۆکارەکانی بەستووە بەیەکەوە، بەمەش ئیسلام هاتووە نێوان باوەڕ بە قەدەر و پشتبەستن بە هەق و نێوان دەستگرتن بە هەموو هۆکارەکانی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە.

**٢- باوەڕهێنان بە هەموو پێغەمبەران و خاوەن پەیامەکان:** کە لە گەورەمان ئادەمەوە دەست پێدەکەن تا کۆتا پێغەمبەریان کە موحەممەدە (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت)، باوەڕمان هەبێت کە ئەوانیش مرۆڤن و خوای گەورە بە پەیامی هیدایەتەوە ڕەوانەی کردوون بۆ خەڵکی، تا چاکەو بەختەوەریان لە دنیاو قیامەتدا بۆ مسۆگەر بکەن، هەر پەیامێکیشیان چەندین بنەمای باوەڕی و ڕەوشتی و پەرستشی لەخۆگرتووە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴾ الأنبياء: ٢٥. واتە: (ئێمە لەپێش تۆشدا هەر پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردبێت، وەحی و نیگامان بۆ کردووە بە خەڵکی ڕابگەیەنێت کە جگە لە من خوایەکی تری بە حەق نیە کە شایستەی پەرستن بێت، کەواتە هەر من بپەرستن و تەنها پەیڕەوی لە بەرنامەکەی من بکەن). کاری هەر پەیامێکیش چڕبووەتەوە لەسەر چارەسەری گرنگترینی ئەو گرفتانە کە لەو سەردەمەی ئەودا باو بوون، بۆ نموونە پەیامی پێغەمبەر لوگ (سەلامی خوای لێبێت) جەختدەکات لەسەر چارەسەری ناچیزەیی و لادانی سێکسی، پەیامی شوعەیب (سەلامی خوای لێبێت) چڕبووەتەوە لەسەر چارەسەری گرفتی ئابووری، پەیامی عیسا (سەلامی خوای لێبێت)

جەختدەکات لەسەر چارەسەری گرفتە ماددی و ناڕەوشتییەکان و خۆپەرستی و لەسەر چاندنی بەها ڕۆحییەکان و لێبوردەیی، ئیتر ئەوانیتریش هەریەکەیان بەپێی بارودۆخی گرفتی قەومەکەی خۆی چارەسەری کردووە، پاشان قورئانی پیرۆز هات کە هەموو بنەماو پرەنسیپە نەگۆڕەکان و هەموو چارەسەرە پێشووەکانی تیدایە، ئەمانەش هەموو لەپاڵ چارەسەری ئەو گرفتانەی لە سەردەمی خۆیدا باو بووەو باون، هەروەها پرەنسیپە نەرمەکان و ڕێسا گشتییەکانی بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئایندەی تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ﴾ الشورى: ١٣. واتە: (جا ئەو زاتە ڕێگە و ڕێبازی دینداری بۆ ئێوە ڕوونکردۆتەوە، هەروەکو چۆن کاتی خۆی بۆ نوح پێغەمبەری (سەلامی خوای لێبێت) ڕوونکردۆتەوە، هەروەها بەم قورئانەش کە بۆ تۆی نازڵکردووە ئەی موحەممەد ﷺ، ڕێبازی دینداری ڕاست و دروستی گەیاندووە، هەروەها بەو ئامۆژگاری و ڕێنموییانەی کە گەیاندوویەتی بە ئیبراهیم و موساو عیسا (سەلامی خوایان لێبێت)، کە گرنگترین پەیامی ئەوەیە لە بەرنامەی یەکخواناسی لانەدەن و لە هەوڵی پایەداری ئایندابن، بە دووربن لە تەفرەقە و جیاوازی و جیاکاری). لە ڕاستیدا بەڵگە ئاشکراو درەوشاوە و نیشانە ڕوونەکان و موعجیزە دیار و بەرچاوەکان بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆیی قورئانی پیرۆز، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٞ، لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ﴾ فصلت: ٤١-٤٢. واتە: (ئەم قورئانە -لەنێو سەرجەم کتێبەکاندا بە درێژایی زەمان و پانتایی زەمین....- کتێبێکی ناوازە و بەفەڕ و پیرۆز و باڵادەستە، ئەم کتێبە هیچ نادروستی و ناحەقی و ناڕەواییەکی لە هیچ سەردەمێکدا تێدا بەدینا کرێت، نە لە سەدەکانی ڕابردوودا و نە لە سەدەکانی داهاتوودا، چونکە لەلایەن زاتێکەوە نازڵکراوە کە تەواو دانا و کاربەجێیە، هەمیشە شایەنی سوپاسە و شایستەی هەموو پێزانین و قەدردانییەکە).

لێکۆڵینە زانستییەکان و ئەزموون و ڕووداوەکان بەهەمانشێوە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە قورئانی پیرۆز شتێکی تێدا نییە دژ بێت لەگەڵ زانستە هاوچەرخەکاندا، بەڵکو لەو ڕووەوە لەپێشیانەوەیەو پێشیان کەوتووە، ئەمەش بە ئاماژەدان بە هەندێ لە دۆزراوە زانستییە وردەکان.

**٣- باوەڕهێنان بە هەموو پەیامە ئاسمانییەکان کە خوای گەورە ناردوونیەتە سەر پێغەمبەرانی،** وەك صوحوفی ئیبراهیم و تەوراتی موسا و زەبوری داود و ئینجیلی عیسا.

بەم دوو بڕگەیەش ئیسلام بووەتە میراتگری کەلەپوری تەواوی پێغەمبەران و پەیامەکانیان، هەر ئەمەشە کە پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە جولەکەکانی بینیوە ڕۆژی عاشورا بەڕۆژوو دەبن پرسیاری لێکردوون لەبارەیەوە ئەوانیش وتوویانە: ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی چاکە، ئەو ڕۆژەیە کە خوای گەورە بەنو ئیسرائیلی ڕزگارکردووە لە دوژمنەکەیان و موسا تیایدا بەڕۆژوو بووە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: ((**فأنا أحق بموسى منكم**)) [(١)]. واتە: (کەواتە من لە ئێوە هەقدارترم بە موسا). هەر بۆیە بەڕۆژوو بووە تیایداو فەرمانیداوە ڕۆژووی تێدا بگیرێ، پێغەمبەر ﷺ ئەمەی ڕوونکردووەتەوەو فەرموویەتی: ((**إن مثلي ومثل الأنبياء من قبلي، كمثل رجل بنى بيتاً فأحسنه وأجمله إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل الناس يطوفون ويعجبون ويقولون: هلاّ وضعت هذه اللبنة؟ فقال: فأنا اللبنة وأنا خاتم النبيين**)) [(٢)]. واتە: (نموونەی من و پێغەمبەرانی پێش من وەك کەسێك وایە کە خانوویەکی بە باشی دروست کردبێت و ڕازاندبێتیەوە جگە لە جێگای یەك خشتی نەبێت لە سوچێکیدا، خەڵکیش کەوتوونەتە سوڕانەوە بە دەوریدا و سەریان سوڕماوە لێی و وتوویانە: ئەوە ئەو خشتە بۆ دانەنراوە؟ -خۆزگا دابنرایە- ئینجا ﷺ فەرموویەتی: دەی من ئەو خشتەم و من کۆتا پێغەمبەرم).

(١) صەحیحی بوخاری لەگەڵ فتح الباری بە ژمارە (٢٤٤/٤) گێڕاویەتەوە، چاپی السلفيه لە قاهیرە، هەروەها موسلیمیش بە ژمارە (١١٣٠) (٧٩٥/٢) گێڕاویەتەوە.

(٢) بوخاری و موسلیم، بڕوانە: (صەحیحی بوخاری لەگەڵ الفتح)، ژمارە (٥٨٨/٦)، موسلیمیش بە ژمارە (١٧٩٠/٤)، هەروەها ئەحمەد بە ژمارە (٢٥٧/٢، ٣٩٨) گێڕاویانەتەوە.

٤- **باوەڕهێنان بە فریشتەکان:** فریشتەکانیش بەندەی خوای باڵادەستن، هەر فەرمانێکیان پێدەکات سەرپێچی ناکەن و هەر فەرمانێکیان پێدەدرێ ئەنجامی دەدەن، فریشتە لە نوور دروستکراون، خوای گەورە دابەشیکردوون بەسەر چەندەها گرووپدا، هەر گرووپێك هەڵدەستێ بە ڕاپەڕاندنی کارێکی دیاریکراو لە کارەکانی گەردوون و بەدیهێنراوەکان کە خراوەتە ئەستۆی.

هەروەها باوەڕهێنان بە هەموو ئەو مەسەلە نادیار (غەیب)یانە کە بە یەقین سەلمێنراون و جێگیربوون.

٥- **باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی و بە لێپرسینەوەو پاداشت:** دەبێت مرۆڤ باوەڕی هەبێت کە خوای گەورە لەدوای مردنی ئێتر لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات لەسەر ئەو کردەوانەی ئەنجامیداون، جا ئەگەر کردەوەی چاکی کردبێت ئەوا بەویستی خوای گەورە لە بەهەشتدایە، ئەگەریش بێباوەڕ بێت یان کردەوەی خراپ و سەرپێچی بکات ئەوا بەویست و توانای خوا لە دۆزەخدایە، پەروەردگاریش بەهەشتی بۆ یەکتاپەرستە پەرستشکار و خواناسەکان بەدیهێناوە، دۆزەخیش بۆ بێباوەڕان و سەرپێچیکارانە لە فەرمانی خوا.

باوڕیش بە ڕۆژی دوایی جێکەوتەی گەورەی لەسەر باوەڕداران هەیە، ئەوانەی کە لە خوای تەعالا دەترسن و ناچن ستەم و تاوان و دەستدرێژی ئەنجامبدەن، کاری خراپەو سەرپێچییەکان ناکەن، چونکە دەزانن کە ئەگەر لە دنیاشدا ڕزگاریان ببێت ئەوا لە قیامەتدا هەر ڕزگاریان نابێت.

٦- **باوەڕهێنان بە قەزا و قەدەر:** واتە: مرۆڤ باوەڕی هەبێت کە هەموو شتێك بەدەست پەروەردگارە و هەر زاتی خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

ئەم باوەڕەش بۆ مەسەلەی ئارامگرتن و نارەزایی دەرنەبڕین و تۆقین و شپرزی و دڵەڕاوکە و بێزاریی سودی زۆر بە باوەڕدار دەگەیەنێ، چونکە دەزانێ هەمووی بە قەدەری خوای گەورەیە، پاداشتی لەسەر وەردەگرێ، هەروەها هانیدەدات کە

دەستبگرێ بە هەموو هۆکارەکانەوە، هەر هەموویشی قەدەری خوایە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡ ﴾ الحدید: ٢٣ واتە: (ئەمەش بۆ ئەوەی کە خەم و خەفەت نەخۆن بۆ ئەو شتە لە دەستتان چووە، بەوەش غەڕاو دڵخۆش نەبن کە پێمان بەخشیون). کەواتە باوەڕدار داوای لێکراوە دەستبگرێ بە هەموو هۆکارە بەردەستەکانەوە لەگەڵ پشتبەستن بە خوای باڵادەست، پاشانیش ئەگەر مەبەستەکە جێبەجێ نەبوو ئەوا تەواوی کارو فەرمانەکەی ڕادەستی پەروەردگار دەکات، ئەوکات دەروونی دەحەوێتەوەو بەبێ بێزاربوون و ناشکوری کردن و تۆقین و شڵەژان و شپرزی دڵنیایی وەردەگرێ.

*** لە پرسی باوەڕهێناندا چاولێکەریی وەرناگیرێ:**

بەدڵنیایی کە باوەڕ لە ئیسلامدا لەسەر سەلماندن و تێڕوانین و ماناگەیاندن و بەڵگە دادەمەزرێ، تەنانەت باوەڕی کەسی چاولێکەر وەرناگیرێ، هەرچییەك پەیوەندی بە دڵ و دەروونەوە بێت پەیوەندیشی بە باوەڕەوە هەیە، چونکە پێویستە دڵ لێوانلێو بێت لە خۆشەویستی خوای گەورە و لە پێغەمبەرەکەی و لە باوەڕداران، ڕقی لە دوژمنانی خواو لە سەرپێچیکردنی بێت، دڵ پڕبێت لە باوەڕی لایەنداری و بەرگریی (الولاء والبراء)، پڕبێت لە دڵسۆزیی، هەر جۆرە ڕووپامایی و دووڕوویەك ڕەتبکاتەوە، ئەوەش بە تەوبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورەو ترس لە سزای خوای گەورە دەبێت، هەروەها پڕبێت لە بەزەیی و ڕەحمەت و سوپاسگوزاریی، لە وەفاداری و ئارامگرتن و ڕەزامەندی و ڕازیبوون بە قەزا و قەدەر، پڕبێت لە پشتبەستن و لە ڕەحمەت و لە خاکیبوون و خۆ بەکەمزانین، هەر جۆرە خۆ بەدڵاچوونێك و خۆبەزلزانی و ئێرەیی و غەرز و قین لەدڵی و تورەیی ولابنێ.

## ڕەگەزی دووەم: ڕەوشتبەرزیی و بەها باڵاکان

ئەمەش ئەو پرسەیە کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان جەختی لێدەکەن، پێغەمبەرانیش (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت) هەر لە گەورەمان ئادەمەوە تا گەورەمان موحەممەد ﷺ میراتگری ئەم ڕەوشت و بەهایانەن، کە زاتی پەروەردگاری جیهانیان شایەتی بۆ دەدات و دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ القلم: ٤. هەروەها دەفەرموێ ﴿رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧.

کەوابوو ڕەوشت لە ئیسلامدا مەبەستێکی مەزنە، تەنانەت ڕێوڕەسمە پەرستشییەکانیش پەیوەستکراون پێیەوە، بەهەمانشێوە لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە پێوەری چاکترین و باشترینە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات: ١٣. واتە: (ئەی خەڵکینە، ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروستکردووە، کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرەو هۆزی جیاواز، تا پردی پەیوەندی لە نێوانتاندا دروست ببێت و یەکتربناسن و هاوکاری یەکتربن، جا لە ڕاستیدا بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەوانەن کە زیاتر خواناسن، زیاتر خۆیان لە حەرام و گوناه و خراپە دەپارێزن، زیاتر خزمەتگوزارن.... تد، دڵنیاشبن کە ئەو خوایە تەواو زانایە بە هەموو شتێك، تەواویش ئاگادارە لە هەموو شتێك، ئاگادارە بە ناخ و نیەتی تاکە تاکەی بەندەکانی لە هەموو کات و ساتێکدا).

*** ڕەوشت مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئیسلامە - نەك تەنها هۆکارێك بێت:-**

ئەگەر بێتو بڕوانینە دەقە شەرعییەکان، هەر لەو دەقانەوە کە تایبەتن بە باوەڕ و بە ناردنەخوارەوەی پەڕاوەکان و بە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران و بە پەرستش و ڕێوڕەسمەکانەوە، هەتا دەگاتە ئەو دەقانە کە تایبەتن بە مامەڵەکان و ئابووری و سزاکان و حوکمە شەرعییەکانی خێزان و سیاسەت و جیهادەوە... ئەوا دەبینین کە هەموویان جەخت لەسەر دەستەبەرکردنی ڕەوشتە باشەکان و بەها بەرز و پایەدارەکان دەکەن، لەسەر ڕەفتاری سەلامەت تا کۆمەڵگا لە سایەی ڕەوشتە ڕێزدارەکاندا ژیانێکی پاك

و باش بباتە سەر، کەواتە بە هەموویانەوە بریتی نین تەنها لە لقێك لە ئیسلام، بەڵکو یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکان کە دەڕواتە ناو هەموو جومگەکانی ژیان، ڕەوشت وەك ڕۆح وایە بۆ جەستە، کە بەبێ ڕۆح جەستە دەبێتە مردوو، وەك خوێن وایە بۆ لاشە، کە بەبێ خوێن مرۆڤ تووشی جەڵتەی کوشندە دەبێت، وەك ئاو وایە بۆ کشتوکاڵ کە بەبێ ئاو تەنها پووشەڵانەو با دەیبات.

لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز ئامانجی ڕەوانەکردنی گەورەمان موحەممەدی ﷺ چڕکردووەتەوە لە ڕەحمەت و بەزەییدا - کە گشتگیرە بۆ مرۆڤ و گیاندار و بێگیان- کە لوتکەی ڕەوشت و بەهاکانە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧. خودی پێغەمبەر ﷺ خۆیشی ئامانجی پەیامەکەی کورتدەکاتەوە لە تەواوکردنی ڕەوشتە ڕێزدارەکان و پراکتیزەکردنیان، دەفەرموێ: ((**إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق**))[1]، لەبەرئەوە خوای گەورە مەزنترین سیفەتی بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڵبژاردووە کە لەبارەیەوە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ﴾ القلم:٤.

بەڵگەش لەسەر گرنگیی ڕەوشت ئەوەیە کە خوای گەورە وەسفی زاتی شکۆمەندی خۆی دەکات بە هەموو سیفەتە ڕێزدارەکان وەك بە بەزەیی، بەسۆزیی، بەخشندەیی، هەقویست، دادپەروەر، ستەم نەکردن و...تادوایی، خوای گەورە ستەمی کردووەتە سەرچاوەی هەموو خراپەیەك لە زەویدا، تەنانەت سەرچاوەی هاوەڵگەریش کە گەورەترینی گوناهەکانە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ﴾ لقمان: ١٣. واتە: (ڕۆژێکیان لوقمان دەستیکرد بە ئامۆژگاریکردنی کوڕەکەی و پێیوت: کوڕی شیرینم: هەرگیز نەکەیت شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت، چونکە شەریك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، بۆ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ستەمێکی تەواو گەورەو ناقۆلایە). هەروەها کردوویەتە هۆکاری لەناوچوون و داڕوخانی

---

(١) مالیك، بوخاری لە (الادب المفرد)، و هیتریش گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی لە کتێبی (السلسلة الصحيحة)دا بە ژمارە (٤٥) دەڵێ: (ڕاستە).

ستەمکاران، چونکە بێباوەڕی نەکردووەتە تا کە هۆکاری ئەو لەناوچوونە، دەفەرموێ: ﴿هَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ﴾ الأنعام: ٤٧. واتە: (جا ئەو کاتە مەگەر هەر تاقم و دەستەی ستەمکاران نین کە تیادەچن؟!). ﴿لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّـٰلِمُونَ﴾ الأنعام: ٢١. بە سنوردارکردنیش دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُهۡلِكِي ٱلۡقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهۡلُهَا ظَـٰلِمُونَ﴾ القصص: ٥٩. واتە: (ئێمە هەمیشە بە هۆی تاوان و گوناهو ستەمی خەڵکەوە مەملەکەت و شار و وڵاتان کاول دەکەین).

بە سەدان ئایەتی پیرۆزیش هاتوون کە ستەم ڕیسوا دەکەن، بە باشە هەڵدەدەن بە دادگەریدا و بەوپەڕی هێزەوە داوای پیادەکردنی دەکەن و داوا دەکەن لە هەموو بارودۆخەکاندا کاری پێبکرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ﴾ المائدة: ٨. واتە: (نەکەن دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نێت و واتان لێبکات کە دادپەروەر نەبن، هەوڵبدەن هەمیشە دادپەروەربن، چونکە ئەوە نیشانەی تەقواو خواناسینە، هەوڵبدەن هەمیشە خۆتان لە ڕەنجاندنی خوا بپارێزن و پارێزکار بن). بەڵکو -هەروەك زانایانمان دەڵێن- ئایەتی ڕەوشت ئەو ئایەتە پوخت و پڕواتایەیە کە وتاربێژان لە هەموو هەینییەکدا دووبارەی دەکەنەوە، بەڵکو وتارەکانیان بەوە کۆتایی پێدێنن، ئەویش ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَـٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل: ٩٠. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە فەرمان دەدات بە داد و دادپەروەریی، بە چاکەو چاکەکاریی، هەروەها بە بەخشینی هەموو جۆرە یارمەتیەك بە خزمان، قەدەغە لە هەموو گوناهو تاوان و ناشیرینی و نامۆیی و ستەم و دەستدرێژییەك دەکات، بەردەوام لە ڕێگەی ئەم قورئانەوە ئامۆژگاریتان دەکات تا یاداوەری وەرگرن و لە ڕۆشنایی پەیامەکەیەوە گۆڕانکاری ئیجابی لە خۆتان و دەورووبەردا ئەنجام بدەن).

ئێمە دەبینین کاتێك قورئانی پیرۆز وەسفی بەندەکانی خوای ڕەحمان دەکات لە

هەردوو بواری کردەوەو گوفتاردا بە وەسفی ڕەوشتە باشەکانیان دەست پێدەکات، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴾ الفرقان: ٦٣. واتە: (جا بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە لەسەرخۆو بە سەلاری دەڕۆن بەسەر زەویدا، کاتێکیش نەفامان قسەی سارد و سڕیان ئاراستە دەکەن, بە شێوازێکی جوان وەڵامیان دەدەنەوە و بە کردار ڕایدەگەیەنن کە شەڕخواز و شەڕەنگێز نین، بەڵکو ئاشتیخوازن). ئینجا دوای ئەوە دێتە سەر باسی سیفەتە ڕەوشتییەکانی تری وەك: زیادەڕۆیی نەکردن، دەستدرێژی نەکردنە سەر ڕۆح و ناموس. کاتێکیش لە سورەتی (الذاريات) دا باسی خواناسان و پارێزکاران دەکات، ئەوا ئەوانەی کە شایستەی بەهەشتەکانن و خۆشییەکانی ئەو دنیان بە کەسانی چاکەکار وەسفیان دەکات، هەروەها خاوەنی بەزەیین بۆ هەژاران و نەداران و یارمەتیدەریانن. لە سەرەتای سورەتی (المؤمنون)دا وەها وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە بەهەشتی فیردەوس دەبێتە نەسیبیان و تیایدا بە نەمری دەمێننەوە کەسانی ملکەچ و کەردنکەچن، هەروەها بەوەی کە کارو کردەوەیان دەستەبەرکردنی بەختەوەرییە بۆ خاوەن پێداویستییەکان و خاوەنی بەزەیین بۆ هەژاران و کاردەکەن لە پێناو ئەواندا، هەروەها پەیماننامەو بەڵگەنامەکان دەپارێزن و وەفاداران پێیان، ئەمانەتپارێزن، ڕوو وەردەگێڕن لە هەر قسەو قسەلۆکێکی بێمانا، خۆیان دەگرنەوە لە ئەنجامدانی خراپەو پیس و پۆخڵییەکان، ئەم وەسفەش لە زۆرێك لە ئایەتەکاندا هەر بەهەمانشێوەیە.

یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی هەبوونی باوەڕ بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی، بریتییە لەوە کە باوەڕدار بگاتە پلەی پارێزکاریی و خۆپاراستن لە کارە پیس و ڕەوشتە خراپەکان، قورئانی پیرۆز کۆمەڵێك نمونەمان لەسەر کاریگەری باوەڕ بۆ دەستەبەرکردنی ڕەفتاری چاك و دوورکەوتنەوە لە ڕەوشتە خراپەکان بۆ باسدەکات، باسی گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لێبێت) دەکات کە باوەڕەکەی ڕێگری لێکرد لە کەوتنە ناو بەدڕەوشتی و خراپەو ناپاکیی، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خۆشەویستی یوسف چووە

ناو دڵی هاوسەرەکەی عەزیزی میصر و دەرگاکانی کۆشکەکە بەڕوویدا داخران تا کاری خراپە لەگەڵیدا ئەنجامبدات، دەفەرموێ: ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ یوسف: ٢٣. واتە: (ئینجا هەوڵیدا یوسف لە خشتە ببات، ئارەزووەکانی بوروژێنێت هەموو دەرگاکانیشی داخست و وتی: وەرە پێشەوە، وەرە پێشەوە، یوسفیش جوامێرانە وتی: پەنادەگرم بە خوای گەورە، چۆن کاری وا دەکەم، مێردەکەی تۆ زۆر ڕێزی لێگرتووم وچاکەی لەگەڵدا کردووم، -چۆن دەستدرێژی دەکەمە سەر شەرەف و ناموسی- لە ڕاستیدا ستەمکاران سەرفراز نابن).

لە بواری کردەوە مرۆییەکانیشدا قورئانی پیرۆز کاریگەری باوەڕ بە خواو بە ڕۆژی دوایی و چاکەو چاکتریمان بۆ باسدەکات و دەفەرموێ: ﴿وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ، إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ، إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا﴾ الإنسان: ٨ - ١٠. واتە: (هەروەها ئەو بەختەوەرانە کەسانێکن کە خۆراك بە هەژاران و هەتیوان و دیلەکان دەبەخشن، هەرچەندە خۆشیان پێویستییان پێی هەبێت و نازدار بێت لایان، چونکە خۆشیان کەمدەست و هەژارن بەڵام بەرخۆدانیان هەیە، ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، بۆیە بە هەژارەکان دەڵێن: ئێمە هەر لەبەر خواو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو زاتە، خۆراك بە ئێوە دەبەخشین، نە پاداشتمان لێتان دەوێت و نە چاوەڕێی سوپاسین ....، چونکە لە ڕاستیدا بۆیە ئاوا بەخشندەین لە ڕۆژێکی تاڵ و گرژ و ڕەش و تاریك دەترسین کە دڵنیاین پەروەردگارمان پێشی دەهێنێت، بە ئومێدی ئەوەی لەو ڕۆژەدا فریامان بکەوێت و ڕزگار و سەرفراز بین...).

بەڵام ئاسەواری بێباوەڕی لەسەر ڕژدی و و ڕەزیلی و دڵڕەقی، ئەوا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ، فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ، وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ﴾ الماعون: ١-٣. واتە: (ئایا سەرنجی ئەو کەسەت نەداوە کە بڕوای بە ئاینی خودا، بە چەمکەکانی ئاینی ئیسلام نییەو -بە خەیاڵ و خورافاتی دەزانێت، بەمەرجێ

خۆی لە خەیاڵبافی و خورافاتدا چەقیوە-!! جا ئەو جۆرە کەسانە ئەوانەن کە بە هەتیو و بێباوکاندا هەڵدەشاخێن و بە چاوی ڕق و کینە تەماشایان دەکەن، لە حاڵێکدا ئەوان شایستەی خەمخۆری و سۆز و بەزەیین. ئەو جۆرە کەسانە خۆیان ڕەزیل و دەستنوقاون، لەبەرئەوە هانی کەسیش نادەن کە خۆراك بە هەژار و نەداران ببەخشێت).

تەواوی پەرستشەکانیش وابەستەن بە چاککردنی ڕەوشت و ڕەفتارەوە، پەروەردگار لەبارەی نوێژ و زیکرەوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ العنكبوت: ٤٥. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی ئیماندار-، نوێژەکانیشت بە جوانی و ڕێکوپێکی ئەنجامبدە، چونکە نوێژی ڕێك و پێك و تێر و تەواو جڵەوی ئادەمیزاد دەگرێتەوە لە کارو کردەوە ناشیرین و ناباش و خراپەکان، بێگومان یادی خوای گەورە کارێکی زۆر گەورەو پیرۆز و گرنگە، خوای گەورەش چاك دەزانێت کە ئێوە چیدەکەن و خەریکی چین).

لەبارەی زەکاتیشەوە دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ التوبة: ١٠٣. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی- زەکات و خێر بەسەنن لەو ئیماندارانەی کە دەوڵەمەندن و زەکات لەسەریان ئەرك و واجبە، بێگومان تۆ بەو کارە دڵ و دەروون و ناخیان پاك و پوختە دەکەیت، هەروەها دۆعای خێریان بۆ بکە، چونکە دوعا و نزاو پاڕانەوەی تۆ ئەی موحەممەد ﷺ بۆ ئەوان ئارامبەخشە، خوای گەورەش بە تەواوەتی بیسەری دوعاو نزاکانە و تەواویش زانایە بە دیار و نادیارتان).

بۆ ڕۆژوویش دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ البقرة: ١٨٣. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، بەڕۆژووبوونی ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر فەرزکراوە، هەروەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە فەرزکراوە، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاریی و دینداریی ببێتە کاڵای باڵاتان). بۆ حەجیش دەفەرموێ: ﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ

ٱلْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ ﴾ البقرة: ١٩٧. واتە: (حەج لە چەند مانگێکی دیاریکراودا خۆی بۆ ئامادە دەکرێت، نیەتی لێدەهێنرێت و ئەنجام دەدرێت، هەر کەس لەو چەند مانگەدا بڕیاری حەج بدات، ئەوە دەبێت لەو ڕۆژانەدا کە دیاریکراوە نزیکی هاوسەری نەکەوێت، هەروەها نابێ شەڕە چەپۆك و گوناە و موجادلە و گوفتاری نادروست بێت بەزاریدا!).

خوای تەعالا جەخت لەسەر گرنگیتی چاککردنی دڵەکان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ ﴾ الحج: ٣٧. واتە: (ئیمانداران! دڵنیاشبن ئەو قوربانیەی کە دەیکەن، گۆشت و خوێنی بە خوای گەورە ناگات، بەڵکو ئەوەی کە دەگات و خوای گەورە پێیخۆشە و بۆ خۆشتان زۆر چاك و بەسودە، تەقواو دینداریی و پارێزکاریی و خواناسی ئێوەیە).

تەنانەت لە بواری سیاسیشدا قورئانی پیرۆز جەختدەکات لەسەر پاراستنی ئەمانەتەکان و دادگەریی، لەسەر ستەم نەکردن، لەسەر فەراهەمهێنانی چاکە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا۟ ٱلْأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴾ النساء: ٥٨. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە داواتان لێدەکات کە هەرچی ئەمانەتە بیدەنەوە دەست خاوەنی، هەر کارێکی گرنگ هەیە بیدەنە دەست کەسی شایستە، هەر بەرپرسیاریەتی و ئەرکێکی سەنگین هەیە بیدەنە دەست کەسێکی پسپۆڕ و لێهاتوو، هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێو خەڵکیدا، لەسەر بنەمای عەدالەت و دادپەروەریی داوەری بکەن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە بە جوانترین شێوە ئامۆژگاریتان دەکات و فەرمانتان پێدەدات، بێگومان ئەو خوایە هەمیشەو بەردەوام تەواو بیسەر و بینایە بە هەموو گوفتار و کردارتان).

لێرەدا بواری ئەوەمان نیە باسی هەموویاسا شەرعییە ئیسلامییەکان بکەین کە بەستراونەتەوە بە چاککردنی ڕەفتار و ڕەوشتەوە، بەوەی کە هەر هەموویان بۆ فەراهەمهێنانی بەرژەوەندی و سودەکانە، بۆ ئەنجامدانی کارە چاك و پاکەکانە بۆ هەمووی خەڵکی، بۆ وەلانانی خراپەو

زیانەکان و کارە پیسەکانە، ئەگەرنا ئەوا خوای گەورە بێنیازە بە بەندەکانی، دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ ٱلْغَنِىُّ وَأَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ﴾ محمد: ٣٨. واتە: (چونکە خوای گەورە دەوڵەمەند و بێنیازەو ئەوە ئێوەن کە هەژار و نەدارن). ﴿إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ﴾ الزمر: ٠٧ واتە: (-ئەی نەوەکانی ئادەم- ئەگەر ڕێبازی کوفر و بێدینی بگرنەبەر ئەوە هەر خۆتان زەرەر دەکەن، چونکە خوای گەورە بێنیازە لێتان، لە هەمانکاتدا ڕازیش نابێت بەندەکانی ڕێبازی بێباوەڕی بگرنەبەر). ئا لێرەوەیە کە خوای گەورە باوەڕ و ڕێوڕەسم و پەرستش و یاسا شەرعییەکانی فەرزکردووە لەسەریان، تا ببنە بەندەی چاکەکار و دادپەروەر، خراپەکار و ستەمکار نەبن، ئەوکاتیش وەهایان لێدێ کە توانایان هەبێت لەسەر چاککردنی گەردوون و ئاوەدانکردنەوەی بە دادپەروەری و بەزەیی و یەکسانیی.

لە ڕاستیدا قورئانی پیرۆز لە سەدان ئایەتدا گرنگییەکی زۆر زۆری بە ڕەوشت داوە -هەروەك هەندێکیانمان باسکرد-، سونەتی پێغەمبەریش ﷺ ئەوا بە تێروتەسەلی بە گوفتار و بە کردار و بە بێدەنگبوون و پەسەندکردن لە ژیننامە پاکەکەیدا باسی بابەتی ڕەوشتی کردووە، بەڕاستی بووەتە مەوسوعەیەکی مەزنی پوخت و پڕمانا و سەرچاوەیەکی تێروتەسەل، ڕوونکردنەوەشە بۆ ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەی ڕەوشتەوە هاتووە، هاوکات پراکتیزەی سیفەتە مەزنەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن کە خوای گەورە شایەتی بۆ دەدا، دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧. لەبەرئەوە کتێبەکانی سوننەت بەش و بابەتی زۆریان لەبارەی جۆرەکانی ڕەوشتەوە تێدایە، وەك کتێبی (ریاض الصالحين) لە نوسینی پێشەوا ئەبو زەکەریا یەحیا کوڕی شەرەفی نەوەوی -بە ڕەحمەت بێت-، هەروەها کتێبە صەحیح و سونەنەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگێتی و گشتگیری ڕەوشت.

زانایانی موسڵمانیش بەهەمانشێوە چەندین کتێب و پەیامی تایبەتیان بە بەهاکان و بە ڕەوشت داناوە، زۆر بایەخیانداوە بە پرسی ڕەوشت، وەك پێشەوا ئەبی دنیا، پێشەوا جونەید، پێشەوا غەزالی لە کتێبی (إحياء علوم الدين)، هەروەها ئیبن قەیم لە کتێبی

(منهاج القاصدين) و هیتریشدا، ئیبن قەییمی جەوزیش لە زۆربەی کتێبەکانیدا، هەروەها چەندین زانای تریش بەهەمانشێوە.

*** ڕواندنی ڕەوشتە ڕێزدارە باڵاکان لە دڵ و دەروونداا ئەرکی پێغەمبەرانە:**

خوای گەورە بۆی ڕوونکردووینەتەوە کە یەکێك لە گرنگترین ئامانجی ڕەوانەکردنی پێغەمبەران (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت) بریتییە لە: پاککردنی دڵ و دەروونەکان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ الجمعة: ٢. واتە: (هەر ئەو زاتە خۆی لەنێو خەڵکێکی نەخوێندەواردا، کەسێکی لەخۆیان هەڵبژارد و کردی بە پێغەمبەر و ڕابەریان زۆر بەجوانی، ئایەتەکانی قورئانی بۆ دەخوێندنەوە، هەوڵیدەدا کە دڵ و دەروون و کردار و گوفتاریان خاوێن و جوان بکات, هەروەها فێری قورئان و دانایی و شەریعەت و بانگەواز و خۆڕاگریان بکات، هەرچەندە ئەوان پێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواوی و سەرگەردانی و ستەمێکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو). هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ آل عمران: ١٦٤. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە منەتی خێری ناوەتە سەر ئیمانداران، بەوەی کە پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ڕەوانە کردوون، کە بە ڕوونی و بە ئاشکرا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیان بەسەردا دەخوێنێتەوە، هەوڵدەدات ناخیان پاك و پوخت بکات، بە چاکی فێری قورئان و حیکمەت و داناییان بکات، هەرچەندە ئەوانە پێشتر لە تاریکی و گومڕاییەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو). پێغەمبەریش ﷺ پەیامەکەی خۆی سنوردار کردووە لە ئەرکی تەواوکردنی ڕەوشتە ڕێزدارەکاندا، دەفەرموێ: **((إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق)).**

کەواتە ڕەوشت ئەژمار دەکرێ بە گرنگترین ڕاگەکانی شەریعەتی ئیسلامی و بە پێکهاتە سەرەکییەکانی، هەر لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە بە گەورەترین وەسف

وەسفی کۆتا پێغەمبەری ﷺ خۆی کردووەو لەبارەیەوە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم: ٤، سیفەتە ڕەوشتییە کرداری و گوفتارییەکانی بەندەکانی خوای ڕەحمان بەهەمانشێوەیە، کە لە سەرەتای سیفەتەکانەوە بەرلەوە بە نوێژکەر و بە پەرستشەکانیتر وەسفبکرێن بە ڕەوشتدار باسکراون، دەفەرموێ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴾ الفرقان: ٦٣.

خوای گەورەش ڕەوشت و ڕەفتارە باشەکانی کردووەتە مایەی کاریگەری و مەبەست و ئامانجی پابەندبوون بە پەرستشەکانەوە، لەبارەی ڕۆڵی نوێژەوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾ العنكبوت: ٤٥. بۆ ڕۆڵی ڕۆژوویش دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة: ١٨٣، لەبارەی زەکاتیشەوە دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ التوبة: ١٠٣، بۆ ئەوانیتریش بەهەمانشێوەیە.

تەنانەت باوەڕ بە خوای گەورە وا لە باوەڕدار دەکات ببێتە کەسێکی ناسك و چاك و بەسۆز و بە بەزەیی بێت لەگەڵ بەدیهێنراوەکانی تردا، چونکە لەبەر خۆشەویستی خوای گەورە و بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی ئەو زاتە، بۆ عیشقی گەیشتن بە خزمەتی، هەروەها لە ترسی ئەو و لە ترسی سزاو دۆزەخەکەی کردەوەی چاك دەکات و پابەند دەبێت بە ڕەوشتەوە.

بەڵام باوەڕ بە سیفەتەکانی کە لەتوانادایە لەبەر خوای گەورە جێبەجێ بکرێن، بۆ نمونە باوەڕ بە خوای ڕەحمان و ڕەحیم و بە بەزەیی وا لە خاوەنەکەی دەکات کەسێکی بەڕەحم و بە بەزەیی بێت و هەوڵبدات ئەو سیفەتە جوانانە لەخۆیدا جێبەجێ بکات.

**بەدڵنیایی ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی پیرۆز و ڕاست و دروست هاتوون کە باس لە گرنگی ڕەوشتی ئیسلامی دەکەن، باس لەوە دەکەن کە ڕەوشت پایەی گەورەی ئیسلامەو گرنگترین مەبەست و ئامانجەکانیەتی: لەوانەش:**

نەوواس کوڕی سەمعان ﷺ وتوویەتی: لەبارەی چاکەو گوناهەوە پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، فەرمووی: ((**البرّ حسن الخلق، والإثم ما حاك في صدرك، وكرهت أن يطلع عليه الناس**))[(١)]. واتە: (چاکە بریتییە لە ڕەوشتی چاك، گوناهیش ئەوەیە کە ختووکەی دڵت دەدات و پێتناخۆشە خەڵکی پێی بزانن).

عەبدواللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاص ﷺ وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ نە کەسێکی زمانپیس و نە خراپەکار بووە، بەڵکو دەیفەرموو: ((**إن من خياركم أحسنكم أخلاقاً**))[(٢)]. واتە: (باشترین کەستان ئەو کەسەتانە کە باشترین ڕەوشتی هەبێت).

ئەبو دەرداو ﷺ وتوویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**ما من شيء أثقل في ميزان المؤمن يوم القيامة من حسن الخلق، وإن الله يبغض الفاحش البذيء**))[(٣)]. واتە: (لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ شتێك نییە بەڕادەی ڕەوشتی چاك و جوان قورس و سەنگین بێت، خوای گەورەش کەسی زمانپیس و خراپگۆی خۆشناوێت).

ئەبو هورەیرە ﷺ وتوویەتی: پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا دەربارەی ئەو شتەی کە بە زۆری دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت، فەرمووی: ((**تقوى الله، وحسن الخلق، وسئل عن أكثر ما يدخل الناس النار، فقال: الفم والفرج**))[(٤)]. واتە: (لەخواترسان و ڕەوشتی چاك و جوان، لەبارەی ئەوە شتەیشەوە کە بەزۆری خەڵکی پێی دەچنە ناو دۆزەخەوە، فەرمووی: دەم و داوێن).

هەر لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ هاتووە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**أكمل المؤمنين إيماناً أحسنهم خلقاً، وخياركم خياركم لنسائهم**))[(١)]. واتە: (کامڵترین

---

(١) موسلیم بە ژمارە (٢٥٥٣)، ترمذی بە ژمارە (٢٣٩٠) گێڕاویانەتەوە.

(٢) بوخاری بە ژمارە (٣٧٨/١٠)، موسلیم بە ژمارە (٢٣٢١)، ترمذی بە ژمارە (١٩٧٦)، ئەحمەد بە ژمارە (١٦١/٢ و ١٨٩ و ١٩٣) گێڕاویانەتەوە.

(٣) ترمذی بە ژمارە (٢٠٠٣ و ٢٠٠٤)، ئەبو داود بە ژمارە (٤٧٩٩)، ئیبن حیبان بە ژمارە (١٩٢١)، ئەحمەد بە ژمارە (١٦٢/٢ و ١٩٩)، گێڕاویانەتەوە، ئیبن حیبان بە ژمارە (١٩٧٤) وتوویەتی فەرموودەیەکی ڕاستە،

(٤) ترمذی بە ژمارە (٢٠٠٥)، ئەحمەد بە ژمارە (٢٩١/٣ و ٣٩٢ و ٤٤٢)، ئیبن ماجە بە ژمارە (٤٢٤٦)، گێڕاویانەتەوە، سەنەدەکەی باشە، ئیبن حیبانیش بە ژمارە (١٩٢٣) ڕاستیکردووەتەوە.

کەستان لە باوەڕدا ئەوەتانە کە چاکترین ڕەوشتی هەبێت، چاکترینیشتان ئەوانەتانن کە بۆ هاوسەرەکانیان چاکبن).

ئەبو ئومامەی باهیلی ﷜ وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**أنا زعيم ببيت في ربض الجنة لمن ترك المراء وإن كان محقاً، وببيت في وسط الجنة لمن ترك الكذب وإن كان مازحاً، وببيت في أعلى الجنة لمن حسن خلقه**))[٢]. واتە: (من زامنی خانوویەك لەلایەکی بەهەشتدا دەکەم بۆ کەسێ کە واز لە دەمەقاڵە بهێنێ با لەسەر هەقیش بێت، زامنی خانوویەك لە ناوەڕاستی بەهەشتدا دەکەم بۆ کەسێ کە واز لە درۆ بێنێت با بە سوعبەتیشەوە بێت، زامنی خانوویەك لە بالاترین شوێنی بەهەشتدا دەکەم بۆ کەسێ کە ڕەوشتی چاك بێت).

جابیر ﷜ وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**إن من أحبكم إلي وأقربكم مني مجلساً يوم القيامة: أحاسنكم أخلاقاً، وإن أبغضكم إلي وأبعدكم مني يوم القيامة: الثرثارون، والمتشدقون، والمتفيقهون**))! **فقالوا: يا رسول الله قد علمنا الثرثارون و المتشدقون فما المتفيقهون؟ قال: ((المتكبرون))**[٣]. واتە: (بەدڵنیایی خۆشەویسترین کەستان لای من و نزیکترین کەستان لە کۆڕی دانیشتنمەوە لە ڕۆژی قیامەتدا: ئەوانەتانن کە جوانترین ڕەوشتیان هەبێت، کەسێکیشتان کە من خۆشمنەوێ و دوورترین کەستان بێت لە کۆڕی دانیشتنەمەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە: چەقاوەسوو و زۆربڵێن، دەمدرێژن، ئەوانەن کە خۆیان بە شت دەزانن). ئەوانیش وتیان ئەی پێغەمبەری خوا زانیمان کە چەقاوەسوو و دەمدرێژەکان کامانەن، ئەی خۆ بە شتزانەکان کامانەن؟ فەرمووی: (خۆ بەزلزانەکانن).

---

(١) ترمذی بە ژمارە (١١٦٢)، ئەحمەد بە ژمارە (٢/٤٥٠ و ٤٧٢)، ئیبن حیبان بە ژمارە (١٣١١)، حاکم بە ژمارە (٣/١)، ئەحمەد و ترمذی و حاکم بە لەفزی تریش گێڕاویانەتەوە.

(٢) ئەبو داود بە ژمارە (٤٨٠٠)، تەبەرانی لە الصغیر دا ل(١٦٦)، ترمذیش بە ژمارە (١٩٩٣) گێڕاویانەتەوە.

(٣) ترمذی بە ژمارە (٢٠١٩)، ئەحمەد بە ژمارە (٤/١٩٣، ١٩٤)، ئیبن حیبان بە ژمارە (١٩١٧)، ئەحمەدیش لە ئەبو هورەیرەوە بە ژمارە (٢/٣٩٦) گێڕاویانەتەوە.

ئێمە ئەگەر بێین بڕوانینە کتێبەکانی سوننەتی پێغەمبەرایەتی، ئەوا دەبینین کە دەیان کتێب و سەدان بەشی تایبەت لەبارەی ڕەوشتەوە بوونیان هەیە، هەروەها لەبارەی جۆرەکانیەوە لە ئارامگرتن، ڕاستگۆیی، پارێزکاریی، پایەداریی، پاراستنی ئەمانەت و پەیماننامەکان، لەبارەی پێداویستییەکانی خەڵکییەوە و خاکیبوون، شەرم، قەناعەت، پاکیزەیی، لەسەرخۆیی، نەرمونیانی، بەزەیی، ناسکی و سۆزەوە، لەبارەی جوانی گوفتار و ڕووخۆشی، ئازایەتی، بەخشندەیی، ویقار، ئارامی، ئاسودەیی و ڕێزگرتن لە کەسانیتر و هاوشێوەیان بوونیان هەیە، ئەمانە هەموو لەپاڵ ڕێگریکردن لەو سیفەتانە کە دژن بە ڕەوشتجوانی وەك خۆبەزلزانی، لەخۆڕازیبوون، خۆ بەدڵاچوون، تورەیی و ڕژدی و...تادوایی.

## * بنەماکانی ڕەوشت:

بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە، دەتوانین ئەو ڕەوشتانە لەتوێی کۆمەڵێ بنەمادا کۆبکەینەوە، ئبن قەییم هەموو بنەما باشەکانی ڕەوشتی کۆکردووەتەوە لەناو: ملکەچیی، هیممەتبەرزیی، پارێزکاریی، بەخشندەیی، لەسەرخۆیی، لێبوردەیی، ئاشتەوایی، بەرگەگرتن لەسەر خراپی بەرانبەر، خۆنەویستی و دەروونبەرزی لە ئاست شتە پیس و نزمەکان، خاکیبوون و خۆبەکەمزانی، قەناعەت، ڕاستگۆیی، دڵسۆزیی، پاداشتدان لەسەر چاکەکاریی، چاوپۆشین لە هەڵەی خەڵکی، وازهێنان لە شتێك کە پەیوەندی بەوەوە نییە، سەلامەتی دڵ لە ڕەوشتە قێزەونەکان و هاوشێوەیان، هەموو ئەمانەی پێشەوە بەرهەمی ملکەچیی و هیممەت بەرزین[(١)].

زانا موسڵمانە ڕەوشتناسەکان، هاتوون نێوان سروشتی زەوی ملکەچ و ڕامهێنراو کە بە بارینی باران بەسەریدا گەشە دەکات و ڕازاوەیی و شەوقی زیاتر دەکات و مرۆڤیش هەر لەوەوە بەدیهاتووە، وە نێوان خودی مرۆڤی بەستووە بەیەکەوە، ئەوەش کاتێك کە ملکەچ دەبێت و ڕەحمەتی خوای گەورە دادەبارێتە سەری و نەرم و ناسك دەبێت، ئەوکاتیش زیاتر جوانتر و نایابتر و بەشەوقتر دەبێت[(٢)].

---

(١) سەیری (القواعد)ی ئبن قەییم بکرێ، ل(٢١٠-٢١١).

(٢) سەیری (إحیاء علوم الدین)ی غەزالی بکرێ، کە هەموو بەرگی سێیەمی تایبەت کردووە بە ڕەوشتە چاك و خراپەکانەوەو چۆنێتی چاککردنی خراپەکانیان.

بەهەمانشێوە هاتوون هەموو بنەما ڕەوشتییە خراپەکانیان کۆکردووەتەوە لەناو: خۆبەزلزانی، سوك و ڕیسوایی، دەروون نزمی، شانازیکردن، فیزکردن، دەمپیسی، ئێرەیی، ستەمکردن، نازکردن بەسەر خەڵکیدا، دەستدرێژی، دڵڕەقی و زبری، ملهوڕیی، ڕوو وەرگێڕان، قوبوڵنەکردنی ئامۆژگاری، خۆویستی، داواکردنی پێگەی باڵا، خۆشویستنی پلەوپایەی سەرۆکایەتی، حەز لە پیاهەڵدان بێئەوەی هیچ لەباریدا بێت، هەموو ئەمانەش لەبەرئەنجامی خۆبەزلزانییەوە دروست دەبن[1].

بەڵام درۆکردن، ڕیسوایی، ناپاکی، ڕووپامایی، تەڵەکەبازیی، خەڵك خەڵەتاندن، چاوچنۆکی، تۆقاندن، ترسنۆکیی، ڕژدیی، نەتوانایی، تەمبەڵیی، زەلیلبوون بۆ غەیری خوا، گۆڕینەوەی ئەوەی خێرو چاکەی تێدایە بەوەی کە بێبایەخە و هاوشێوەکانیان، ئەوا هەموو ئەمانەش لەبەرئەنجامی سوکی و ڕیسوایی و دەروون نزمییەوە دروست دەبن .

**بە ڕای منیش دەکرێ هەموو بنەما ڕەوشتییە چاك و خراپەکان لە پێنج بنەمادا کۆبکرێنەوە، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:**

- **بنەمای یەکەم:** پارێزکاریی (التقوى)، بریتییە لە چاودێری خوایی کە پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانی چاکەکان بە خێرایی، ڕێگریکردنە لە شتە زیانگەیەنەر و خراپەکان، ئەوەش کە دژ بەم بنەمایەیە بریتییە لە: هەست نەکردن بە چاودێری خوایی و نەترسان لەو زاتە.
- **بنەمای دووەم:** خۆشویستنی هەق و ڕاستی و چاکەو هەموو بەرهەم و بەخششێکی چاك و دەرکەوتە ڕەفتارییەکانی لە پاڵنەری کۆمەڵایەتیدا. ئەوەی کە دژە بەم بنەمایە: ڕقلێبوونەوەو قین لەدڵی و ئێرەیی و هاوشێوەیانە.
- **بنەمای سێیەم:** بەزەیی و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ، ئەم ئاکارانەش دەچنەناو ئەم بنەمایەوە: ئەنجامدانی چاکترینی چاکەکان و دڵنەرمی و بەزەیی، دڵفراوانی و لێبوردەیی دەروون، ئەنجامدانی چاکە بەرانبەر بە هەمووان،

(١) سەیری ئەو سەرچاوانە بکرێ کە لەپێشەوە ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها کتێبی (الأخلاق الإسلامية وأسسها) کە لە پێگەی (موسوعة البحوث المنبرية)دا ئاماژەی پێکراوە.

هەروەها دەرکەوتە ڕەفتارییەکانی لە گەیاندنی چاکە بەوانیتر، ڕێگری لە خراپەو خراپەکاریی و گەندەڵییەکان. ئەوەش کە دژ بەم بنەمایەیە بریتییە لە: دڵڕەقی و زبری و توندڕەویی و ئەنجامدانی خراپەکان و گەندەڵی و ئازاردانی کەسانیتر و زیان پێگەیاندنیان.

- **بنەمای چوارەم:** ئیرادەو هیممەتی بەرز و بەهێز و دەرکەوتە ڕەفتارییەکانی، ئەم ڕەوشتانەش دەچنەناو ئەم بنەمایەوە: بەرگەگرتن و ئارامگرتن و بەشەکانی، هیممەتبەرزی و بەشەکانی لە ئازایەتی و بەخشندەیی و هەقویستی و دەرکەوتە ڕەفتارییەکانی، هەریەك لە تۆقین و ترسنۆکی و نەتوانایی و تەمبەڵی و چاوچنۆکی و ڕژدی و هاوشێوەیان دژن بەم بنەمایە.

- **بنەمای پێنجەم:** دادگەریی لە هەڵسوکەوت و دەرکەوتە ڕەفتارییەکانی لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، هەریەك لە ستەم و دەستدرێژی و هاوشێوەیان دژن بەم بنەمایە.

*** توندوتۆڵکردنی ڕەوشت بەستراوە بە بنەماکانەوە:**

لە ڕاستیدا ڕەوشت و بەها ئیسلامییەکان زۆرن، ئەوەندە بەسە کە ئەگەر چاوبخشێنین بەسەر بەشەکانی کتێبەکانی فەرموودەدا ئەوا بە دەیان بەش دەبینین کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسی ڕەوشت دەکەن(١).

لە تواناشدایە ئەم ڕەوشتانە توندوتۆڵ بکرێن، ئەویش لە ڕێگای مەبەستە شەرعییە گشتی و تایبەت و بەشییەکانەوە.

**دەشتوانرێ بیانگێڕینەوە بۆ ئەو ڕەوشتانە کە پەیوەندن بە:**

- پەیوەندی و هەڵسوکەوتی چاك لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا.
- پەیوەندی و هەڵسوکەوتی چاك لە نێوان مرۆڤ و برا مرۆییەکەیدا.
- پەیوەندی و هەڵسوکەوتی چاك لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەراندا.
- پەیوەندی و هەڵسوکەوتی چاك لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا.

---
(١) سەیری: کتێبەکانی سوننەتی پیرۆز بکرێ، بە تایبەتی هەردوو صەحیح و چوار سونەنەکە و موطأ و دارەمی، کە بە سەدان بەش لەبارەی ڕەوشتەوە تیایاندا دەبینرێ.

**لەلایەنی سێیەمیشەوە ئەوا ڕەوشت و بەها و کارە چاك و نمونە باڵاكان لە ڕووی هێز و تواناو ئەنجام و کاریگەری و سزاوە لە یەك پلەدا نین:**

- هەیانە ئیسلام بە فەرز و بە ئەرکی داناوە، هەرکەسیش هەستێ بە سەرپێچی کردنیان ئەوا سزا و سزای شەرعی و تۆڵەسەندنەوەو سەرزەنشتکردن دەسەپێنرێ بەسەریدا.
- هەیانە خوای گەورە فەرزی کردوون، بەڵام سزای لە دنیادا بۆ دانەناون.
- هەیانە کردوویەتی بە کارە چاکەکان و نمونەی باڵا وەك: خۆنەویستی.

چونکە ڕەوشت لە ئیسلامدا پەیوەندییەکی سەرەکی هەیە بە باوەڕ و ڕێوڕەسم و تەشریعەوە و بەستراوە پێیانەوە، واتە بەستراوە بە هەمووی ئیسلامەوە، لەبەرئەوە خوای گەورە وەسفی پێغەمبەرە مەزنەکەی ﷺ دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ القلم: ٤. تەبەری دەڵێ: (خوای تەعالا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ: تۆ ئەی موحەممەد لە ئەدەب و لە پەروەردەدا خاوەنی پلەیەکی مەزنی، ئەوە ئەدەب و پەروەردەی قورئانە کە خوای گەورە پەروەردەی کردووە پێی، ئەویش بریتییە لە ئیسلام و لە یاسا شەرعییەکانی، ڕاڤەکارانی قورئانیش هەر هاوشێوەی ئەمەی ئێمەیان وتووە)[١]. عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوا لێی ڕازی بێت) کاتێك لەبارەی ڕەوشتییەوە ﷺ پرسیاری لێکرا وتی: ((كان خلقه القرآن)). واتە: (ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ بەرجەستەی قورئان بوو).

وا لێرەشدا بە کورتی ئەو ڕەوشتانە باسدەکەین، کە ئەمانە دەگرێتەوە: باوەڕهێنان، یەکتاپەرستی، دڵسۆزیی، ئارامگرتن، ڕاستگۆیی، شەرم، چاودێریی، پارێزکاریی، یەقین، پشتبەستن، پایەداریی، چاکە، چاکەکاریی، سیلەی ڕەحم، وەڵامدانەوەی خراپە بە باشترین شێوە، ئەنجامدانی کردەوەی چاك و خێرا ڕاپەڕاندنی، هاوکاری لەسەر چاکەو پارێزکاریی، ئامۆژگاری، نەهێشتنی خراپە، دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی، بەجێگەیاندنی ئەمانەت، دادگەریی، ڕەتکردنەوەی ستەم و ستەمکارییەکان، ڕەچاوکردنی پیرۆزی

(١) تەفسیری تەبەری کە ناوی (جامع البيان)ە ل(٢٣/٥٢٨).

مرۆڤ و ڕێز و مافەکانی، داپۆشینی عەیب و عاری مرۆڤ، ڕێگری لە بڵاوەپێکردنی کارە خراپەکان، بەجێگەیاندنی پێویستییەکانی خەڵکی، چاککردنی نێوان خەڵکی، سەرپەرشتی لانەوازان لە بێباوکان و بەساڵاچووان و هەژاران و پەککەوتەکان، ئازایەتی، بەخشندەیی و بەخشین و سەخاوەت، ڕەچاوکردنی مافەکانی دایباب و نەوەو خزمان و دراوسێیان، ڕێزگرتن لە زانایان و کەسانی خاوەن چاکە و بەتەمەنەکان، خۆشویستنێکی بێ تەماع و پاك و پوخت، ئازار نەگەیاندن و دەستدرێژی نەکردن، دنیانەویستیی، خۆپاریزیی لە حەرام و شتی گوماناوی، قەناعەت، مامناوەندی لە بژێویدا، خۆنەویستیی، دڵدانەوە، سوپاسگوزاریی، لەسەرخۆیی و نەرمونیانی و دڵنەرمیی، توڕەنەبوون، شەرمکردن، پاراستنی نهێنییەکان، بەکارهێنانی وتەی چاك، ڕووخۆشیی، گوێڕادێران بۆ قسەی ئەوانیتر، ویقار و دڵئاراميی، ڕێزگرتن لە میوان، لاقرتی نەکردن بە خواردن، سەردانی نەخۆش، بەڕێکردنی مردوو، ڕاستگۆیی و درۆنەکردن، گومانبردنی باش بە خەڵکی و غەیبەت نەکردن و دووزمانی لەسەریان، شایەتی نەدان بە ناڕەوا، نەفرەت نەکردن لە مرۆڤ یان گیاندار یان بێگیان، جنێونەدان پێیان چ بە زیندوویی یان مردوویی، بە سوك سەیرنەکردنیان، دڵسافیی، ئێرەیی نەبردن، سیخوڕی نەکردن، شادنەبوون بە ناڕەحەتی خەڵکانی تر، تانەنەدان لە ڕەچەڵەك و تیرەو تایفە، شانازی نەکردن بە ڕەچەڵەکەوە، ڕوونی هەڵوێست و ئاشکرایی مەبەست، ساختە و فێڵ نەکردن، هەڵنەوەشانەوەی پەیمان و بەڵێن، منەت نەکردن بەو چاکە و خێرانەی کە دەکرێ، دانەبڕان لە کەسانیتر، چپەنەکردن و ناڕەزایی نەنواندن دەرهەق بە خەڵکی، ڕووپامایی نەکردن، زۆرنەکردن لەخۆد، سوێندنەخواردن مەگەر کاتێ پێویست بکات ئەویش بە ڕاستگۆیانە، دوورکەوتنەوە لە فاڵچییەتی و جادووگەران و قۆڵبڕەکان، جنێونەدان بە نەخۆشی لەرزوتا و نەخۆشی و ڕەشەبا، جوان گوفتارکردن، دوورکەوتنەوە لە قسەی پیس و زمانپیسی، درێژدادڕی لە قسەکردندا، لابردنی شتانی زیانگەیەنەر لە ڕێگادا، یەکسانیکردن لە نێوان خەڵکیدا، هەروەها هیتریش[1].

جەمالودینی سوبکی هاتووە -لەپاڵ ئەم ڕەوشتانەی پێشەوەدا- کۆمەڵێك ڕەوشتی

باش و چاکی باسکردووە کە پێویستە لە پزیشکدا هەبن وەك: ئامۆژگاریکردنی نەخۆش، دڵنەرمی و سۆزنواندن لەگەڵ نەخۆشدا، داواکردن لێی بە وەسیەتکردن لەبارێکدا ئەو گومانە زاڵبوو بەسەریدا کە دەمرێ، هەروەها بە باشی لە نەخۆشییەکەی تێبگات بەرلەوە دەرمانی بۆ بنوێنێ، پەلە نەکات لە دەرمان نواندن بۆی، لە تەبیعەت و خووی نەخۆشەکە تێبگات، دەبێت کەسێکی پسپۆڕ و زاناو شارەزا بێت بە پیشەکەی خۆی، باوەڕیشی وەها بێت کە شیفا بەدەست خوای گەورەیە(٢). هەروەها پێویستە پزیشك لە بواری پسپۆڕیەکەیدا زانستی تەواو و شارەزایی و بەرچاوڕوونی هەبێت، جارێکیان بۆ چارەسەری نەخۆشێك دوو پزیشك هێنرانە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، ئەویش پرسیاری لێکردن و فەرمووی: ((أيّكما أطب؟))(٣). واتە: (کامتان شارەزاترە بە پزیشکیی؟). پێشەوا ڕازی و هیتریش لە پزیشکە دێرینە موسڵمانەکان، زۆر وریاییان داوە لەوەی کەسێك کە زانست و شارەزایی تەواوی نەبێت و بێت کاری پزیشکی بکات، تەنانەت وتوویەتی: (لە ڕاستیدا دز و ڕێگرەکان لەو کەسانە باشترن کە ئیدعیا دەکەن پزیشکن کەچی پزیشکیش نین)(٤). لە سەردەمی ئەمڕۆشماندا دەوڵەتان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە قەدەغەی پیشەی پزیشکیی بکرێ مەگەر تەنها لەلایەن ئەوانەوە نەبێت کە بڕوانامەی پزیشکیی و مۆڵەتیان هەبێت بە ئەنجامدانی پیشەی پزیشکیی(٥).

هەر لەو شتانەش کە لەپاڵ ئەوەی لێرەدا باسمانکردووە و پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، بریتییە لە گرنگیی پارێزکاریی و چاودێری خوایی، ئەوەش بەجۆرێکە کە ئەم سیفەتەی کردووەتە مەرجەع و سەرچاوەی هەموو ڕەوشتەکان، هەروەها خاکیبوون

---

(١) سەیری: بەشەکانی ڕەوشت لە کتێبی رياض الصالحين دا بکرێ، هەروەها سەیری کتێب و بەشەکانی ڕەوشت بکرێ لە کتێبەکانی سوننەتدا، هەروەها بڕوانرێتە کتێبی: إحياء علوم الدين، بەرگی (٣ و ٤).

(٢) سەیری کتێبی معيد النعم، ومبيد النقم ل(٢٠) بکرێ.

(٣) پێشەوا مالیك لە الموطأ بە ژمارە (٣٢٨/٤) گێڕاویەتەوە، هەروەها سەیری کتێبی (التمهيد)ی ئیبن عەبدولبڕ ل(٢٦٣/٥) بکرێ.

(٤) سەیری کتێبی (أدب الطبيب)ی ڕازی ل(٨١) بکرێ.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر سەیری: کتێبی (فقه القضايا الطبية المعاصرة) لە نوسینی پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی، و پ. د. عەلی یوسف موحەممەدی بکرێ، چاپی: دار البشائر الإسلاميه ل (١١٣) و سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانیشی.

و خۆبەکەمزانین و دڵسۆزی لە کاردا، ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و شاردنەوەی نهێنی، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤیش زەرورەتێکی زۆر زەرورە[1].

کورت و پوخت دەڵێین: بەدڵنیایی کە ڕەوشت لە ئیسلامدا بریتی نییە تەنها لە کۆمەڵێك ئاکاری چاك، بەڵکو پەیوەستە بە باوەڕ و بە پەرستشەکانەوە، دەچێتەناو کارە چاکەکانەوە کە سەدان ئایەت فەرمانیان پێکردووە، ڕەوشتە خراپەکانیش دەچنەناو کارە خراپەکانەوە کە قەدەغەکراون، لەبەرئەوە دەبینی کە قورئانی پیرۆز یاسای ڕەوشتی وەك (حوکمە شەرعییەکان) داڕشتووە، ئەویش لە ڕێگای فەرماندان بە چاکەکان و قەدەغەی خراپەکان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەکانی فەرماندان بە چاکە لە فەرز و واجب و ڕێگاپێدراو، پلەکانی کارە قەدەغەکراوەکانیش بریتین لە حەرام و حەرامکراوی ناپەسەند و ناپەسەند.

### * ڕەوشت بەپێی کەسەکان دەگۆڕێ:

مەعلومە خوای گەورە گۆڕینی ڕەوشتی وابەستە کردووە بە مرۆڤەوە، بەو پێیە کە مرۆڤ خولگەو پێگەو ڕاپەڕێنەریەتی، پاشان ڕێنماییە ئیسلامییەکان دەگەڕێنەوە سەری تا جەختبکەن لەوەی لە ناخی ئەو مرۆڤەدایە، کە هەڵگری دڵ و دەروون و ئەقڵ و ڕۆحە چونکە ئەمانە بنەماو کرۆکی مرۆڤن، بەجۆرێ کە ((ئەگەر ئەو ناخەی چاك بوو ئەوا تەواوی جەستەی چاك دەبێت، ئەگەریش ئەو ناخەی خراپ بوو ئەوا تەواوی جەستەی خراپ دەبێت))[2]. خوای گەورەش دەربارەی گرنگێتی ئەو ناخە لە پرۆسەی گۆڕین و چاکەکاریی و دەستەبەرکردنی بەختەوەریی و پێشکەوتندا، هەروەها پێچەوانەکەشی دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١. واتە: (دڵنیابن کە خوای گەورە بارودۆخ و ژیانی هیچ قەوم و هۆز و گەلێك ناگۆڕێت هەتا ئەوان ناخی خۆیان، ڕەفتاری خۆیان، کرداری خۆیان نەگۆڕن، -واتە

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) ئەمە ئاماژەیە بۆ فەرموودەیەکی ڕاست کە بوخاری لە صەحیح دا بە ژمارە (٥٢)، موسلیمیش بە ژمارە (١٥٩٩) گێڕاویانەتەوە کە دەفەرموێ: ((إن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله وإذا فسدت فسد الجسد كله، ألا وهي القلب)).

چاکە و دینداری و گۆڕانکاری ئەرێنی دەکەنە کاڵای باڵایان-).

ئەزموونەکان پێماندەڵێن و واقیعیش شایەتی دەدات، ڕاستییەکانیش سەلماندوویانە کە ناخ واتە (دەروون و دڵ) هەتا نەبەسترێن بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دواییەوە مەحاڵە چاکبکرێن، چونکە یاسایەکی دنیایی نییە بتوانێ ناخی مرۆڤ توندوتۆڵ و کۆنترۆڵ بکات، ئەو یاسا دنیاییەش کە هەیە تەنها حوکم بەسەر ڕواڵەتدا دەدات، بەڵام ناوەوەو ناخی مرۆڤ ئەوا دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەو زاتە کە ئاگادارە بەسەریدا، ئەویش زاتی پەروەردگارە.

ئا ئەمە میتۆدی ئیسلامە (بەڵکو هی هەموو ئاینە ئاسمانییە ڕاستەکانە) لە پرۆسەی چاککردنی ناخ کە لە بواری چاککردنی مرۆڤدا سەرکەوتنی بەرچاوی دەرکەوتووە، بەم پێیەش خێزان چاك دەبێت، ئینجا کۆمەڵگاو ئوممەت و دەوڵەتیش چاك دەبن.

بەرمەبنای ئەم ڕاستییەی پێشەوە ئەوا دەتوانرێ تەواوی بنەماکانی ڕەوشت بگەڕێنرێنەوە بۆ پارێزکاریی کە لە دڵدایە.

*** ڕیشکی هەموو قەیرانەکان قەیرانی ڕەوشتە:**

گومانی تێدا نییە قەیرانە مرۆییەکان لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و جەنگ و هەژاریی و کۆمەڵایەتییەکان، هەرە زۆربەیان -ئەگەر هەموشیان نەبن- دەگەڕێنەوە بۆ قەیرانی ڕەوشت و بەهاکان، زۆربەی ئابووریناسان و سیاسییەکان قەیرانی دارایی ئەمڕۆیان بەوە وەسفکردووە کە بریتییە لە قەیرانی ڕەوشت، ئەو قەیرانانەش کە لە جیهانی سیاسەتدا لە ستەمکردن و تاکڕەوی و زەلیلکردن و دووفاقیی و میکیافیلیزم سەریاهەڵداوە بریتین لە قەیرانی ڕەوشت، ئەمە تەنانەت لە سایەی پێشکەوتنی ماددی و پیشەسازی و هونەری پێشکەوتووی وردیشدایە، ئاشکرایە چەرمەسەرییەکانی مرۆڤایەتی لە سایەی ئەو پێشکەوتنە کە بۆ داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم و جەنگە وێرانکەرەکان بەکارهێنراوە زیاتر بووە، تەنها ئەوەندە بەسە بڵێین دوو جەنگی جیهانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بوونە هۆی کوشتن و وێرانکاری و شێواندن و زەلیلکردن، کە

بەرانبەرە بە هەموو ئەوەی مرۆڤایەتی لەماوەی دەیان سەدەدا بەسەریدا هاتووە، ئەگەریش -خوا نەخواستە- جەنگێکی ئەتۆمی ڕوووبدات ئەوا جگە لە خوای گەورە کەسیتر نازانێ جێکەوتەکانی چی دەبێت.

ئەورووپا لەدوای دووەم جەنگی جیهانی سەری لە وێرانبوونێکی گەورەتر، لە هەڵوەشاندن و بەرەڵلاییەوە دەرچوو، ئینجا کەوتە هەناسەبڕکێ بۆ گەڕان بەدوای چارەسەری گرفتەکانی (کە لە ڕاستییدا گرفتی ڕەوشتی بوون) لە دەرەوەی چوارچێوەی ئاینی کەنیسە کە دەستەڵاتەکانی کەنیسە و دادگا پشکنەرەکان و سوتێنگەکانی زانست و ئازادی شێواندبوویان، هەروەها لە دەرەوەی ئاینی جولەکەش کە زایۆنیزم دیمەنێکی ماددی قۆرخکاریی هەڵپەکەر و خراپی پێدابوو، هەروەها لە دەرەوەی ئاینی ئیسلامیش کە بەهۆی کەمتەرخەمی پەیڕەوکارانی ڕاستییەکانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نەگەیشتبوونە ئەورووپا، هەروەها لەبەرئەنجامی هەوڵی دامەزراوە موژدەدەر و زایۆنیزم و خۆرهەڵاتناسییەوە ڕووناکی ئیسلام و تیشکە پرشنگدارەکانی کوژابوونەوە، لەبەرئەوە ئەورووپا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ گرفتەکانی، جارێك ڕوویکردە هزری شیوعی کە سەرکەوتبوو-هەروەك لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا و ڕوسیادا ڕوویدا-، جارێکیتریش کەوتە گەڕان لەناو بیرۆکەی وجودیەت و هزر و فەلسەفەکانی تریشدا کە تینویەتیان نەشکاند، بەڵکو قوڕەکەی ئەوەندەی تر خەستتر کردەوە، ڕووبەری پشتبەستن بە ماددە زیاتر بوو تا بووە ژیانێکی ژمارەیی، بووە هۆی پەیوەندییەکی خاڵی لە هەر بەهایەکی مرۆیی کە زیادەڕۆیان کەوتنە کرۆژینی ئارەزووەکان و ڕۆچوون لە کارە خراپ و پڕوکێنەرەکاندا[1].

زۆر بەداخەوە کە زۆربەی سیاسی و بیرمەندەکانمان هەوڵیاندا لە مەسەلەی دوورکەوتنەوە لە بەها و ڕەوشت و ئاکارە باڵاکاندا جیهانی ئیسلامیمان بکەنە پاشکۆی خۆرئاوا، بەڵام بێئەوەی لە مەسەلەی پێشکەوتن و داهێنان و پیشەسازیدا شوێنکەوتەی

(١) سەیری: د. عبد الصبور شاهين، لە پێشەکی کتێبی: (دستور القرآن)ی دکتۆر محمد عبدالله دراز بکە.

خۆرئاوابن، تەنانەت لە مەسەلەی ڕەوشتەکانی پیشەگەریی وەك وردەکاری و ڕێکوپێکی لە کارکردن، لە پارێزگاری لە بەڵێن و پەیماننامەکاندا ئەوەیان نەکرد، بەڵکو تا دەهات نەزانی و نەخوێندەواری، هەژاریی و بێکاری زیاتر دەبوو، لە میصر لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و دواتریش لە سایەی دیکتاتۆریەت و فەرمانڕەوایی سیاسی توند و زبردا کە بووە هۆی کۆت و بەندکردنی گەل، بەجۆرێ کە لەماڵەکانیشیاندا هەر لە دەستەڵات دەترسان، کەچی بازنەی تاوانەکان فراوانتر بوو، دکتۆر مەحمود عەبدولقادر - کە سەرۆکی یەکەی توێژینەوەکانی خێزانی بووە لە مەڵبەندی نەتەوەیی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتی و تاوانکارییەکان لە قاهیرە[٢]- توێژینەوەیەکی ئامادە کردبوو، تیایدا زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی ئەو تاوانانەی باسکردووە کە دژ بە سەروەت و سامان بە تایبەتی سامانی گشتی ئەنجامدراوە، ئەویش لە ڕێگای تاوانەکانی بەرتیل، دزیکردن، ساختەکردنی بەڵگەنامەی فەرمی و دراو و چەکی پارە، هەروەها قاچاخیکردن بە دراو و بە مادده هۆشبەرەکان، دزینی کێبڵی کارەبایی و دامەزراوەکان، بەتاڵانبردنی بەروبوومی کشتوکاڵی کە لە کۆمەڵە هاوکارییە کشتوکاڵییەکاندا دانراون، هەروەها تاوانەکانی ساختەکاریی و یاریکردن بە بەڵگەنامە فەرمییەکان، تاوانەکانی بازاڕی ڕەش، ئاژاوەو بێسەروبەری ڕەوشتی، تاوانباران و بەرتیلخۆرانیش بڕێکی زۆر لە ئازادییان هەبوو و بێباك بوون، ئەمە لە کاتێکدا کە بانگخوازان و چاکسازان دەستبەسەر و زیندانی کرابوون، بەڵکو ئازاریش دەدران، ئەنجامەکەشی دواجار ئەوە بوو کە شکستخواردن و تێکشکان لەبەردەم دوژمندا لە ساڵی ١٩٦٧ز ڕوویدا و دواکەوتوویی و هەژاریی و بێکاریی لێکەوتەوە.

دکتۆر صەلاحەدین عەبدولموتەعال ئەم دیاردە نەرێنییەی باسکردووە، وتوویەتی سوریا و عیراق و لوبنان لە ڕووی گەندەڵیی و لادانی ڕەوشتییەوە حاڵیان لە حاڵی میصر باشتر نەبوو. ئەمەش هەموو لە سایەی نەبوونی ئەو میتۆدە ڕەوشتییە مەزنەوە ڕوویدا کە خوای گەورە لە کۆتا پەیامی خۆیدا دایناوەو سنورداره لە بەزەیی بۆ جیهانیان، ﴿ وَمَآ

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل(٤٣) و دواتریش.

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧. خاوەنەکەیی بەوە وەسفکردووە کە هەڵگری ڕەوشتێکی مەزن و باڵایە: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ﴾ القلم: ٤.

لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ بەهاکان و بۆ ڕەوشت واتە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە قەیرانە دەروونی و ناوەکی، هەروەها لەو قەیرانە دەرەکییانە کە لێی دەکەونەوە، تا دوای بەختەوەربوونی دڵی یەکلابێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و گەشەپێدان و بونیاتنان، بۆ ژیارێکی بەختەوەری گشتگیر کە چاکبوونی دنیاو قیامەت پێکەوە لەخۆدەگرێ، ئەو دنیاو قیامەتە کە دروشمی موسڵمانن و خوای گەورە فێریکردووە کە لە پەرستشەکانیدا بڵێ: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ البقرە: ٢٠١. واتە: (بەڵام کەسانێك لەو خەڵکە ژیرە خواناسە هەن کە بەدڵ و بەکوڵ دەڵێن: پەروەردگارا لە دنیادا خێر و چاکەو ناز و نیعمەتمان پێببەخشە، لە قیامەتیشدا لە ناز و نیعمەتی نەبڕاوە و پڕ فەڕی بەهەشت بەهرەمەندمان بکە و لە ئاگری دۆزەخیش بمانپارێزە).

قورئانی پیرۆزیش جەختیکردووە کە: بەدڵنیایی مرۆڤایەتی لەدوای زنجیرەیەك ئەزموونی شکستخواردوو، لەدوای چەندین کارەساتی مەترسیدار و مەینەتباری مەزن، لەدوای تاقیکردنەوەی زۆر گەیشتە یەقین و دڵنیایی کە ئەوەی لە قورئاندا هاتووە هەر ئەوە هەق و ڕاستییە، دەفەرموێ: ﴿سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ﴾ فصلت: ٥٣. واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە لە ئایندەدا نیشانەکانی دەستەڵات و وردەکاری دروستکراوانیان لە بۆشایی ئاسماندا و لە هەموو ئاسۆکاندا نیشان دەدەین، هەروەها لە پێکهاتەی جەستەی خۆشیاندا، هەتاوەکو بەتەواوەتی بۆیان ڕوون و ئاشکرا ببێت، کە ئەو زاتەی بەدیهێناون هەر خۆی حەق و حەقیقەت و ڕاستەقینەیە هەروەها پەیامەکانیشی، بەتایبەتی دوایەمینیان کە بەڵێنی پاراستنی داوەو ڕاسترین پەیامە، داخۆ ئیتر بەس نیە بۆ پەروەردگاری تۆ -ئەی موحەممەد ﷺ ئەی ئیماندار-، کە شایەت و ئاگادارە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە زاتی خۆی بەدیهێناون).

زۆرێك لە دانپێدانانەكان كە كەوتوونەتەڕوو دەریدەخەن كە چارەسەری سەركەوتوو تەنها لە ئاینی ئیسلامدایە، تەنها ئیسلام شیفابەخشە، ئەمەش بە ئاستێكە كە گۆڤاری فاتیكان لە سەروبەندی دروستبوونی قەیرانی دارایی جیهانیدا دانی بەوەدا ناوە كە چارەسەر لە سیستمی بانكی و سیستمی دارایی ئیسلامیدایە، زۆرێكیش لە ئابووریناسان دەڵێن: گومانی تێدا نییە كە خودی سووخۆری خۆی گرفتەو چارەسەر نییە، گرێبەستە حەرامكراوەكانیش هۆكاری دروستبوونی ئەو قەیرانەن[١].

*** پابەندبوون بە ڕەوشت و بە بەرپرسێتی:**

لە ڕاستیدا تەمومژی پرسی پابەندی بە ڕەوشتەوە لە گەورەترین ئەو ئاستەنگانەیە ڕووبەڕووی هزری هاوچەرخ دەبێتەوە كە دوورە لە وەحییەوە، تا مەسەلەكە دەگاتە ئەوە وەها وێنەیان دەگیرێ كە دوو مەسەلەی دژبەیەكن، هەر بەڕاستیش لە سەردەمێكی زۆر كۆنەوە ڕەوشت جیا كرایەوە لە یاسای ڕۆمانی، پاشانیش ڕەوشتی ئاینی جیا كرایەوە لە ژیان، ئەویش لەو كاتەوە كە ئەوروپا ئاینی دوورخستەوە لە بەرنامەو كاروبارەكانی ژیانی خۆی.

تەمومژەكە لەم لایەنەوە هاتەڕوو، لە لایەكیتریشەوە لە بەرتەسككردنەوەی بازنەی ڕەوشت كە لە كۆمەڵێك سیفەتی تیۆریدا وێنا دەكرێ، بەڵام ئیسلام ئەم بازنەیە فراوان دەكات تا هەموو مەسەلە ڕەفتارییەكان بگرێتەوە، تەنانەت پێشەوا غەزالی لە كتێبی (جواهر القرآن)دا جەوهەرەكانی قورئان دەگێڕێتەوە بۆ دوو ڕەگەزی سەرەكی، ئەوانیش ئەمانەن: مەعریفە و ڕەفتار، ئینجا دەگاتە ئەو ئاستە كە دەڵێ ئەو ئایەتانەی پەیوەندن بە ڕەفتارەوە دەگەنە (٧٤١) ئایەت[٢]، دكتۆر موحەممەد عەبدوالله دەڕاز دەڵێ: (قورئان لە واقیعدا تەنها بەوە دەستكۆتا نابێت ڕێسایەك دابنێ بەجۆرێ كە گشتگیرتر و تێروتەسەلتر بێت، هەروەك هیچ فێركردنێكی كرداریش ئەوەی نەكردووە،

(١) سەیری: ئەم كتێبەمان بە ناوی (الأزمة المالية العالمية)، ط: دار البشائر الإسلامية، (٢٠٠٩ز) بكرێ.
(٢) سەیری كتێبی (جواهر القرآن)ی پێشەوا غەزالی بكرێ.

بەڵكو بینیمان كە لەژێر ئەم بونیادە زەبەلاحەدا بناغەڕێژی بۆ كۆمەڵێك ڕێسای تیۆری دەكات كە توندوتۆڵتر و قایمتر بن)[1].

هەندێ لە بیرمەندانی هزری خۆرئاوایی پابەندبوونیان بە ڕەوشتەوە گێڕاوەتەوە بۆ هێزی فشاری كۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ هێزی ڕاكێشان كە پانتایی لێبوردەیی مرۆیی گرتووەتەوەو لە ئاینەكانەوە وەرگیراوە، ئەمەش ڕای هێنری جۆنسۆنە كە فەیلەسوفێكی فەرەنسییە، بەڵام ڕەخنەی گرتووە لەو ڕۆڵەی كە بەدوای خۆیدا دەیهێنێ، چونكە بە ڕای ئەو ڕەوشتی گشتی لەبەرئەنجامی زۆرلێكردن و سەركوتكردنی كۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، بەهەمانشێوەش بەهۆی ئەگەری هەواو هەوەس و ملكەچی كوێرانەوە لادانی تێدەكەوێ[2]. بەڵام (كانت) پابەندیی ڕەوشتیی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو دەستەڵاتە باڵایە كە لە دەروونی مرۆڤدایەو هێزێكی سەربەخۆیە لە هەواو هەوەس و لە جیهانی دەرەكیش[3].

ئەمەش تیۆرێكی نزیكە لەو مەرجەعیەتە سروشتییە مرۆییە كە لای موسڵمانان بۆ پەیبردن هەیە، بەڵام لای موسڵمانان پابەندبوون بە فەرمانێكی دەرەكی كە وەحییە، یان یاسایی نەبێت دەستەبەر نابێت، لە ڕاستیدا قورئانی پیرۆز بە ڕوونی پێماندەڵێ كە مرۆڤ ڕێنمایی كراوە تا شارەزا ببێت بە هەردوو ڕێگای چاكەو خراپە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ البلد: ١٠. واتە: (لە گەورەییشدا سەرپشكمان كردووەو ئازادانە دەتوانێت ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی دینداری و خواناسی بگرێتەبەر، یاخود بە پێچەوانەوە ڕێبازی چەوت و بێدینی و خوانەناسی و گوناهو تاوان هەڵبژێرێت!!). بەڵام ئەو ڕێنمایی و هیدایەتە بۆ هەردوویان، با ئەقڵیش بە دەركپێكردنێكی گشتیش دەریان پێبكات، بەڵام هەر نەتوانایە لەوەی

(١) سەیری (دستور الأخلاق في القرآن) وەرگێڕانی: د. عبد الصبور شاهين، ط: مؤسسة الرسالة، بيروت (١٤١٦ك)، ل(١٦).
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٣-٢٥).
(٣) سەرچاوەی پێشوو.

بڕیار لەسەر ئەنجامەکانی ئایندەو ئەو سەرئەنجام و جێکەوتانە بدات کە گۆڕان قوبوڵ دەکەن، ئەقڵەکانیش بەهەمانشێوە دەگۆڕێن و کاریگەرن بە ژینگەو بارودۆخ و بە ڕۆشنبیرییەکان، لەبەرئەوە پێویستییان بە ڕووناکییەکی بێهەڵە و پاك هەیە کە ئەویش خۆی لە ڕووناکی وەحیدا وێنا دەکات و قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێدەکات بە ﴿نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ﴾ النور: ٣٥. واتە: (هەموو ئەمانە نوورن لەسەر نور, ڕووناکین و ڕووناکی بەخشن). واتە ڕووناکی وەحی لەسەر ڕووناکی ئەقڵ و سروشتی پاك.

ڕەوشت لە ئیسلامدا بریتی نییە تەنها لە ئاکارە خۆویست و ئارەزوومەندەکان یان بە باشتر زانراوەکان، بەڵکو زۆربەیان فەرز و ئەرکن، لەبەرئەوە پابەندێتی بە ڕەوشتی چاکەوە کاتێك کە فەرزێکی شەرعییە ئیتر وەحی دەبێتە بناغەو بنەما، هەر دژێکیش بە ڕەوشت بە دەقی شەرعی دەبێتە حەرام، بەڵام پابەندێتی دەرککردن و ڕاپەڕاندن ئەوا بەدوور نین لە سروشتی پاك و لەو ئەقڵە کە ملکەچییەکی هەستیی پەسەند لە ناخی مرۆڤدا دروستدەکات، ئینجا دەگاتە باوەڕهێنان بە هەقیقەتی ڕەوشتیی بەو پێیە لە خودی خۆیدا ڕاستییەکی ئامادە بووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَفۡسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا، فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا﴾ الشمس: ٧-٨. واتە: (سوێند بەو ناخ و دەروونە کە بەدیهێناوە -نەفس و دەروونی ئادەمیزاد جیهانێکی ئاڵۆزە، جێی خۆشەویستی و سۆز و ڕق و کینە و بیرو باوەڕو ویستەکان و داخوازییەکانی تێدا بۆتەوە-، ئینجا خوای گەورە لەو دڵ و دەروونەدا خراپە و بێدینی و سپڵەیی، لەگەڵ چاکەو دینداری و بەئەمەکی و وەفای تێدا دابینکردووە).

شایانی باسە ئاماژە بدەین کە پابەندێتی بە ڕەوشتەوە لە یەك پلەدا نیە، ئەوەش بەپێی هێزی خودی ئەو سیفەتە ڕەوشتییە، چونکە لەناو ڕەوشتەکاندا هەن کە دەقە شەرعییەکان جەخت لەسەر فەرزبوون و واجببوونی دەکەن، دژەکەشی دەبێتە یەکێك لە گوناهە گەورەکان کە شایستەی سزای دیاریکراو و بڕیار لەسەر دراوە لە شەریعەتدا وەك زینا و هیتریش لە سزا شەرعییەکان و تۆڵەسەندن، هەشیانە تەنها سزای بچوك و

سەرزەنشت فەرز دەکرێ لەسەریان، هەشیانە شەرع تەنها باسی تاوانەکەی کردووەو سزاکەی خستووەتە قیامەت.

**پابەندبوون، کۆمەڵێ بەرپرسێتی بەدوای خۆیدا دێنێ، لەوانەش:**

**١- بەرپرسێتی کەسێتی:** واتە کەسێك خۆی دەبێتە بەرپرس لە نیەت و لە دڵی خۆی، یان لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆی.

**٢- بەپرسێتی کۆمەڵیانە:** ئەویش لە ڕێگای فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، هەروەها زەرورەتی گۆڕینی خراپە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی ماددی و دەستەڵات لەلایەن ئەو کەسەوە کە ئەوانەی لەدەستدایە، هەروەها بە زمانیش لە ڕێگای بانگەوازکردن بە دانایی و بە ئامۆژگاری چاك و دیالۆگ بە باشترین شێوە. (ئەو ئایەت و فەرموودانەش لەم بوارەدا هاتوون زۆرترن لەوەی لەم خێراییەدا بژمێردرێن).

**٣- بەرپرسێتی لە لێکەوتەو ئەنجامی پێشبینیکراو یان چاوەڕواننەکراوی کردەوەکانی مرۆڤ:** چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَكۡتُبُ مَا قَدَّمُواْ وَءَاثَٰرَهُمۡۚ وَكُلَّ شَيۡءٍ أَحۡصَيۡنَٰهُ فِيٓ إِمَامٖ مُّبِينٖ﴾ یس: ١٢. واتە: (دڵنیابن کە هەر ئێمە مردووان زیندوو دەکەینەوە، ئێمە هەموو ئەو شتانە کە ئەو خەڵکە ئەنجامی دەدەن و ئاسەواریشی تۆماریان دەکەین، ئێمە هەموو شتێکمان لە دۆسیەی ئاشکراو ڕووندا -بە بەڵگەی ئاشکراوە- ئامار کردووەو دەیکەین). پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((**مَنْ سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر مَنْ عمل بها بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء، ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء**))[١]. واتە: (هەر کەس لە ئیسلامدا سوننەتێك -کارێك-ی چاك دابهێنێ، ئەوا پاداشتی ئەو کارەی و پاداشتی ئەو کەسەش وەردەگرێ کە ئەو کارە لەدوای ئەو ئەنجامدەدات بێئەوەی لە پاداشتی هیچ یەك لەوان کەمبکات، هەر

(١) صەحیحی موسلیم بە ژمارە (١٠١٧)، هەروەها نەسائی بە سەنەدی ڕاست هەروەك ئەلبانی لە (صەحیحی نەسائی)دا وتوویەتی بە ژمارە (٢٥٥٣)، بەزار و ترمذی و هیتریش گێڕاویانەتەوە.

کەسێکیش سوننەتێکی خراپ دابهێنێ ئەوا گوناهەکەی و گوناهی ئەو کەسەش لە ئەستۆ دەگرێ کە لەدوای ئەو ئەو کارە خراپە دەکات بێئەوەی لە گوناهی هیچ یەك لەوان کەمبکات). لە ڕیوایەتێکی ڕاستی تریشدا موسلیم بەم لەفزە گێڕاویەتەوە کە ﷺ فەرموویەتی: ((**مَنْ سن في الإسلام سنة حسنة فعمل بها كُتب له مثل أجر من عمل بها.... ومن سن في الإسلام سنة سيئة فعمل بها كُتب له مثل وزر من عمل من غير أن ينقص من أوزارهم شيء**))[1].

٤- **بەرپرسێتی هاوکاریی:** هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە یەك نیشتماندا دەژین، هەروەك لە فەرموودەی کەشتییەکەدا هاتووە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**مثل القائم على حدود الله والواقع فيها، كمثل قوم آستَهَموا على سفينة، فأصاب بعضهم أعلاها وبعضهم أسفلها، فكان الذين في أسفلها إذا أستقوا من الماء مرَّوا على من فوقهم، فقالوا: لو أنَّا خرقنا في نصيبنا خرقاً، ولم نؤذِ مَن فوقنا، فإن تركوهم وما أرادوا هلكوا جميعاً، وإن أخذوا على أيديهم نجوا، ونجوا جميعاً**))[2]. واتە: (نموونەی ئەوانەی لەسەر ئاینی خودان و ئەرکەکان بەجێدێنن و واز لە شتە حەرامکراوەکان دێنن، نموونەی ئەوانەش کە دەکەونە ناو حەرامەوە یان ئەرکە شەرعییەکان بەجێناگەیەنن، وەك ئەو کەسانە وان کە لەسەر پشتی کەشتییەکن، تیروپشك دەکەن، هەندێکیان لە سەرەوە دەبن و هەندێکیان دەچنە خوارەوە، هەرکات ئەوانەی لە خوارەوەن داوای ئاوخواردنەوە زۆری بۆ هێنان دەڕۆن و دەچنە لای ئەوانەی کە لە سەرەوەن، ئینجا دەڵێن: ئەگەر ئێمە لەلای خۆمانەوە کونمان بکردایەتە کەشتییەکە ئەوا ئازاری ئێوەمان نەدەدا، ئەگەریش ئەوانەی سەرەوە وازیان بهێنایە لێیان ئەوا هەر هەموویان نوقم دەبوون، ئەگەریش دەستیان بگرتنایە ئەوا ئەوانیش و ئەوانیش ڕزگاریان دەبوو).

(١) صەحیحی موسلیم بە ژمارە (١٠١٧) گێڕاویەتەوە.
(٢) صەحیحی بوخاری بە ژمارە (٢٤٩٣)، هەروەها ترمذی بە سەنەدی ڕاست هەروەك ئەلبانی لە (صحيح الترمذي)دا دەڵێ، بە ژمارە (٢١٧٣) گێڕاویانەتەوە.

**٥- بەرپرسێتی هۆز:** -لە حاڵەتی خوێنباییدا (بە ڕێگای هەڵە یان شێوە ئەنقەست) ئەوا لای هەموو فیقهناسان بەرپرسێتی هۆز جێگیرەو سەلمێنراوە، بەڵکو بەرپرسێتی یەك (وەزارەتیش یان دامەزراوە لە شارەكاندا لە جێگای هۆز) لای حەنەفییەكان جێگیرە[١]، لەمەوە تێدەگەین كە بەرپرسێتی هۆز و وەزارەت دەگرێتەوە، ئەم بەرپرسێتییەش لای حەنەفی و مالیكییەكان دەگاتە ئاستی بەشداریكردن لە هەڵگرتنی قورسایی و ئەركەكانی تاوانی یەكێك لە تاكەكان، تەنانەت لای شافیعی و حەنبەلییەكان تەنها ئەو لایەنانە خۆیان ناچار دەكرێن كە خوێنبایەكە بدەن[٢].

ئەم واجببوونە لە سوننەت و كۆدەنگییەوە وەرگیراوە، بوخاری و موسلیم و هیتریش بە سەنەدی ئەبو هورەیرە ﵁ گێڕاویانەتەوە كە وتوویەتی: ((**أقتتلت إمرأتان من هذيل فرمت إحداهما الأخرى بحجر فقتلها وما في بطنها، فقضى رسول الله ﷺ بدية المرأة على عاقلتها**))[٣]. واتە: (دوو ئافرەتی هوزەیلی بووە شەڕیان، یەكێكیان بەردێكی گرتە ئەویتریان، خۆی و ئەو كۆرپەلەیەی لە سكیدا بوو كوشتنی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا كە هۆزەكەی خوێنبایەكەی بدەن). عومەریش ﵁ بە ئامادەبوونی هاوەڵان هەمان حوكمی جێبەجێ كردووە كە خوێنبایەكەی داوە بەسەر هۆزی كەسی تاوانباری بە هەڵەدا، كەسیش نەیوتووە كە هیچ یەك لە هاوەڵان دژ بەو بڕیارەی بووە بەڵكو كۆدەنگی لەسەر بووە[٤].

**٦- بەرپرسێتی دەوڵەت لە جێبەجێكردنی حوكمە شەرعییە پێویستەكان:** ڕەوشتی پابەندكراویش لەنێویاندایە، ئەویش لە ڕێگای دەزگاكانی دادوەری و جێبەجێكاریی، بەڵگەش لەسەر ئەم بەرپرسێتییە زۆرترن لەوەی لێرەدا بژمێردرێن.

---

(١) سەیری (بدائع الصنائع)، ل (٢٥٥/٧)، هەروەها (الشرح الكبير) لە نوسینی ئەلدەردیر، ل (٢٨١/٤)، (المهذب) (٦/٢)، (المغنی) هی إبن قودامە ل(٧٧٢/٧) بكرێ.

(٢) سەیری كتێبی (بدائع الصنائع) ل (٢٥٥/٧)، هەروەها (الشرح الكبير)، ل(٢٨١/٤)، (المغنی) ل(٧٧٢/٧) بكرێ.

(٣) سەیری صەحیحی بوخاری لەگەڵ الفتح دا بە ژمارە (٢٥٢/١٢) بكرێ، چاپی السلفية لە قاهیرە، موسلیمیش بە ژمارە (١٣١٠/٣) چاپی الحلبی لە قاهیرە بكرێ.

(٤) سەیری (المغنی) ئیبن قودامە، ل (٧٦٩/٧-٧٧١) و سەرچاوە پێشووەكانیش بكرێ.

**٧- بەرپرسێتی سەرپەرشتکاران:** کە دایباب و هەر کەسێکیتریش دەگرێتەوە دەستەڵاتێکی شەرعی و ئەدەبی هەبێت بەرانبەر بەو کەسانەی بەرپرسێتی و سەرپەرشتکاری شەرعی لەسەریان هەیەو لەژێر دەستەڵاتی ئەودان لە هاوسەر و منداڵان دەچێتە ناویانەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ﴾ التحريم: ٦. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە، جا سەرپەرشتیارانی دۆزەخ جۆرە فریشتەیەکن زۆر دڵڕەق و بەهێزو توندو تیژن، لە هەمانکاتدا بە هیچ شێوەیەك نافەرمانی خوای گەورە ناکەن و هەر فەرمانێکیان پێبدرێت دەستبەجێ ئەنجامی دەدەن). پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((**كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته، فالإمام راع ومسؤول عن رعيته، والرجل راع ومسؤول عن رعيته، فالمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها، والخادم راع في مال سيده ومسؤول عن رعيته، وكلكم راع ومسؤول عن رعيته**))[(١)]. واتە: (هەریەکەتان سەرپەرشتیار و بەرپرسە لەوانەی لەژێر دەستەڵاتیدان، پێشەوا سەرپەرشتیار و بەرپرسە لە گەلەکەی، پیاویش سەرپەرشتیار و بەرپرسە لە خانەوادەکەی، ئافرەتیش لەماڵی هاوسەرەکەیدا سەرپەرشتکار و بەرپرسە لەوانەی سەرپەرشتیان دەکات، کارگوزاریش سەرپەرشتیار و بەرپرسە لە ماڵ و سامانی گەورەکەی، کەواتە هەر هەمووتان سەرپەرشتیار و بەرپرسن لەوانەی لەژێر دەستەڵاتیدان).

(١) صەحیحی بوخاری بە ژمارە (٢٠٠، ٨٩٣، ٧١٣٨)، هەروەها موسلیم بە ژمارە (١٨٢٩)، ئەحمەد بە ژمارە (١٣٧/٧) ترمذیش بە ژمارە (١٧٠٥)، و ئەبو داود بە ژمارە (٢٩٢٨) گێڕاویانەتەوە.

**پوختە:**

لەم باسەدا کە خستمانەڕوو، دەردەکەوێ بەرپرسێتی جێبەجێکردنی ڕەوشت کە واجبە بەرپرسێتی تاکەکەس و خێزان و کۆمەڵ و هاوکاری و حکومییە، هەریەکەیان بەپێی بەرپرسێتی خۆی، ئەمانەش هەموو لەپاڵ بەرپرسێتی قیامەتیشدا.

*** پاداشت و جۆرەکانی:**

پاشان بەدڵنیایی کە پابەندبوون و بەرپرسێتی پرەنسیپی پاداشت بەدوای خۆیاندا دێنن -ئەگەر چاکە بوو بە چاکە، ئەگەریش خراپە بوو بە خراپە-، بەڵام پاداشتی ڕەوشت لە ئیسلامدا شەش جۆر دەگرێتەوە کە بریتین لەمانە:

**یەکەم: پاداشتێك کە مۆرکی چاکسازی هەڵگرتووە،** واتە: ئەو خراپەیە کە ئەنجامدراوە، یان بەهەدەردانی مافی ئەوانیتر فەرزە کە چاکبکرێ، لەبەرئەوە خوای گەورە بۆ وەرگرتنی تەوبە لەم بارنەیەدا بە مەرجی گرتووە کە دەبێت: چاکسازی بکرێ، خوای گەورە دەرهەق بەوانەی کە هەق و ڕاستییان شاردووەتەوە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ البقرة: ١٦٠. واتە: (جگە لەوانەیان کە تەوبەیان کردووە و تەوبە دەکەن لەو تاوانە گەورەیە، پاشان چاکسازی لە خۆیان و دەوروبەردا ئەنجام دەدەن، حەقیقەت و ڕاستیەکان ڕووندەکەنەوە، ئا ئەوانە تەوبەیان لێ وەردەگرم و هەر منیشم کە بەتەواوی تەوبە وەردەگرم و لە هەڵەو گوناهەکان دەبورم، لە هەمانکاتدا میهرەبان و دلۆڤانیشم).

چونکە بۆ قوبوڵکردنی تەوبە بە مەرجی گرتووە کە دەبێت ئەو کەسە ئەوە چاکبات کە خراپیکردووە، ئەویش بە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئەوەی شاردوویەتەوە، پەروەردگار دەرهەق بە دووڕووان دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَٱعۡتَصَمُواْ بِٱللَّهِ وَأَخۡلَصُواْ دِينَهُمۡ لِلَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَسَوۡفَ يُؤۡتِ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَجۡرًا عَظِيمًا﴾ النساء: ١٤٦. واتە: (جگە لەوانەیان کە تەوبەی ڕاستەقینە دەکەن و دەست دەکەن بە چاکسازی و بە جوانی پەیڕەوی لە ئاینی خوا دەکەن

و دڵسۆزانە دینداری دەکەن، مەبەستیان تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوایە، ئا ئەوانە لە ڕیزی ئیمانداراندا دەبن و لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێن، بێگومان لە ئایندەدا خوای گەورە پاداشتی گەورە و بێسنوری ئیمانداران دەداتەوە). لێرەدا بۆ قوبوڵکردنی تەوبەکەیان بە مەرجی گرتووە کە دەبێت چاکسازی بکەن و دڵسۆزی بنوێنن تیایدا، دەرهەق بەوانەش کە تۆمەتی خراپەکاریی دەدەنە پاڵ ئافرەتە پا کداوێنەکان دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ النور: ٥. واتە: (مەگەر ئەوانەیان کە دواتر تەوبەیەکی ڕاستەقینە دەکەن و دان بە هەڵەکانی خۆیاندا دەنێن، چاکسازی لە خۆیاندا ئەنجام دەدەن و پێیانەوە دیار دەبێت, ئەوە بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانەوە خوای گەورە تەواو لێخۆشبوو و بەسۆز و میهرەبانە). جا بۆ پەسەندکردنی تەوبەکەیان بە مەرجی گرتووە کە دەبێت ئەو خراپەیەی ئەنجامیانداوە چاکیبکەن، بێن ئەو درۆ و بوهتانەی دەرهەق بە مافی ئەو ئافرەتانە کردوویانە بۆ خەڵکی ڕابگەیەنن کە درۆیان کردووە، بەڵکو ئەو ئافرەتانە بێتاوانن لەوەی پێیان وتوون، چونکە تەوبەی کەسی خراپەکار بریتییە لە چاکسازی و چاککردنی خراپەکەی، تەوبەی کەسێکیش کە هەق و ڕاستی دەشارێتەوە بریتییە لە باسکردن و خستنەڕووی ئەو ڕاستییە، تەوبەی کەسی درۆهەڵبەست و تاوانی خراپە دانەپاڵ کەسی بێتاوان ئەوەیە ڕاستییەکە ئاشکرا بکات و مەسەلەکان بگێڕێتەوە بۆ باری ڕاستی خۆیان، ئەمە هەمووی هاوکاتە لەگەڵ گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان.

**دووەم: قەرەبوو کردنەوەی کەسی زیانلێکەوتوو** لەو زیانەی کە بەهۆی پابەندنەبوونی کەسی بەرانبەرەوە بە ئەرکی ڕەوشتییەوە تووشیهاتووە.

**سێیەم: سزا دنیاییەکان** کە پێشتر ئاماژەمان پێداون ئەویش بەپێی دیسپلینە شەرعییەکانە.

**چوارەم: لە ناخەوە هەستبکرێ بە چێژ و بەختەوەریی لە کاتی ئەنجامدانی کارە چاکەکاندا**، بەهەمانشێوەش بە ناڕەحەتی و ئازار لە کاتی ئەنجامدانی کارە زیانگەیەنەر

و خراپەکاندا، ئەمەش لە هزری خۆرئاوادا پێیدەوترێ لۆمەکردنی ویژدان، لە ئیسلامدا پێیدەوترێ (دەروونی سەرزەنشتکراو)، کە لۆمەی خاوەنەکەی دەکات لەسەر ئەو خراپانەی ئەنجامیداون، هاوکات هەستکردن بە پەشیمانی کە ئەمە مەرجی وەرگرتنی تەوبەیە.

**پێنجەم: پاداشتی یاسا و ڕێسا گەردوونیەکان (سونەکان):** واتە: ئەو پاداشتە کە لەبەرئەنجامی ڕێسا گەردوونییە خواییەکانەوە دروست دەبێت (یان ئەوەی پێیدەوترێ بە یاساکانی سروشت)، کە پاداشت بە دابەشکردنێکی دادپەروەرانە دابەشدەکرێ بەسەر چاکەو خراپەدا، پاداشتی پاکیزەیی و زیادەڕۆیی نەکردن پاداشتیان تەندروستییە، خوو پێوەگرتن و خراپەش پاداشتیان ئەو ئەنجامانەیە کە زیان دەگەیەنن بە جەستەو بە ئەقڵ، ئەوانیتریش هەروەهایە.

**شەشەم: بەڵام پاداشت نە حەتمییەو نە هەر ئەوەیە،** لەبەرئەوە پاداشتی شەشەم دێت تا دادپەروەریی نمونەیی و ڕەها دەستەبەر بکات، ئەویش بریتییە لە پاداشتی ڕۆژی دوایی بە ڕازیبوونی خوای گەورە و بە بەهەشت، یان سزادان بە دۆزەخ کە ئەمیش دەچێتە ژێر پرەنسیپی چاکەی خوای گەورەو ئیرادەی ئەو زاتە.

## ڕەگەزی سێیەم: هەستان بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە پەرستشییەکان، وەك نوێژ، زەکات، ڕۆژوو، حەج و هیتریش، ئەوانەی کە خوای گەورە فەرزی کردوون لەسەر بەندەکانی

ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم ڕێوڕەسمە پەرستشیانە -کە خودی خۆشیان ئەرکی ویستراون-، ئەوا دەبینین کە مەبەست لێیان بۆ بەجێگەیاندنی دوو مەسەلەی زۆر گرنگە، ئەوانیش ئەمانەن:

١- بۆ ئەنجامدانی بەندایەتییە بۆ خوای بالاّدەست، ئینجا هەستان بە ئەنجامدانی ئەو مافانەی کە هەیەتی لەسەر بەندەکانی.

٢- چاککردنی باری مرۆڤ لە ڕێگای ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەسمانەوە و گۆڕینی بەرەو باشتر، خوای گەورە زۆر بە ڕوونی ئەم مەبەستەی لە هەریەك لە پەرستشەکاندا باسکردووە، بۆ پەرستشی نوێژ و زیکر دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ العنكبوت: ٤٥، بۆ زەکات دەفەرموێ: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ التوبة: ١٠٣. بۆ ڕۆژوو دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ البقرة: ١٨٣. دەربارەی حەجیش دەفەرموێ: ﴿لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ ۚ﴾ الحج: ٣٧.

کەواتە خوای گەورە داوا لەو بەندانەی دەکات کە دەیپەرستن ببنە بەندەی چاکەکار و چاکەویست، سودگەیەنەربن و زیانمەند نەبن، چاکەکاربن و خراپەکار نەبن، ئاوەدانکەرەوەبن و وێرانکەر نەبن، بونیاتنەر بن و ڕوخێنەر نەبن.

چونکە پەرستشەکان مرۆڤی پابەندکار ئامادە دەکەن تا ببێتە بەندەیەکی چاك و چاکەکار و چاکەویست و بە بەزەیی و دادپەروەر، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا﴾ الفرقان: ٦٣.

## ڕەگەزی چوارەم: ئەنجامدانی ئەرکی ئاوەدانکردنەوەو جێنشینی لە زەویدا

ئەوەش لە ڕێگای چوونەژێر و هەڵگرتنی هەموو ئەمانەتەکانی خوای باڵادەست و هەموو بەدیهێنراوەکانیەوە دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ، إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَٰغٗا لِّقَوۡمٍ عَٰبِدِينَ ، وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء: ١٠٥-١٠٧، واتە: (جا لە ڕاستیدا ئێمە لە کتێبی زەبوردا، بەڵکو لە هەموو ئەو کتێبانەدا کە نازڵمان کردووە بۆ پێغەمبەرانمان، لە (لوح المحفوظ)یشدا بڕیارماندا کە سەرئەنجام بەندە چاك و پاکەکانی ئێمە دەبنە دەستەڵاتدار و پایەدار لە سەرزەمینی خوادا. لە ڕاستیدا ئا لەم قورئانەدا پەیامی ڕاست و دروست و تێر و تەواو ڕاگەیەنراوە بەو کەسانەی کە دەیانەوێت بەندەیەکی چاك و پاك بن و ڕێبازی دینداری بە چاکی پەیڕەو بکەن. ئێمە تۆیشمان ئەی موحەممەد ﷺ ڕەوانەکردووە هەر بۆئەوەی ببیتە مایەی سۆز و میهر و ڕەحمەت بۆ سەرجەم خەڵکان و دروستکراوەکان). پەروەردگار بۆ بەهێز بوون و دەستەڵاتداریێتی بەهێز لە زەویدا چوار مەرجی داناوە، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**مەرجی یەکەم:** سود وەرگرتن لە زانستە سودگەیەنەر و حیکمەتە مەزنەکان، لە ئەزموونی سودمەندی ئوممەتانی پێشوو و ئێستا، چونکە ژیارەکان کەڵەکەبووی سەریەکی میراتی مرۆیین، دوایین بونیات لەسەر ئەوی پێش خۆی بونیاتنراوە.

**مەرجی دووەم:** هەبوونی ئاینی پاکوبێگەرد، بەندایەتی ڕەهاش بۆ خوای گەورە پێویستی بە دڵسۆزی و یەکلابوونەوە بۆ خوا هەیە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە دووڕوویی و ڕووپامایی.

**مەرجی سێیەم:** دەبێت ئەو کەسانە کەسانی چاك و گونجاوبن بۆ هەڵگرتنی ئەمانەت بە دادپەروەریی و بە چاکی، بە دەستپاکیی و زانستیی، هەروەها دەستگرتن بە هەموو ڕێساکانی خوای گەورەوە لە ئاوەدانکردنەوەو شارستانی بوون و سەرکەوتن و بەهێز بوون و قایمکردنی دەستەڵات، بەهەمانشێوە لە پێشکەوتن و ژیاردا، هەروەها

توانایی لەسەر دەستەبەرکردنی چاکەو دادگەری و ئاسایش و ئارامیی و سەلامەتی بۆ هەموو خەڵکی.

**مەرجی چوارەم:** دەستەبەرکردنی بەزەیی گشتگیر و گەیاندنی بە سەراپای جیهان، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسیکردووە کە مەبەست لە بەدیهێنانی مرۆڤ جێنشینیی و ئاوەدانکردنەوەیە، خوای گەورە باسی چیرۆکی بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە کردووە، ڕوونیکردووەتەوە کە هەر هەمووی لەپێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤدا بەدیهێناوە و بۆی دەستەمۆ کردووە، دەفەرموێ ﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ البقرة: ٢٢. واتە: (دڵنیابن هەر ئەو زاتە شایەنی پەرستنە کە زەوی وەکو فەرش و ڕایەخ بۆ فەراهەمهێناون، تا لە سەری نیشتەجێ بن، سودی هەمەجۆری لێ وەربگرن، هەروەها ئاسمانی وەکو سەقفێکی ڕازاوە بە ڕاسەرتانەوە ڕاگرتووە، لە شەوگاری بێ تەم و مژو هەوردا چراخانێکە بۆ خۆی، لە ڕۆژگاریشدا شینێکی جوان دەنوێنێت، لە ڕۆژگاری هەوریشدا خۆڵەمێشییەو لە هەندێ ڕۆژیشدا بە پەڵەهەوری جوان وەك لۆکەی شیکراوە دەیڕازێنێتەوە، هەروەها لە ئاسمانەوە ساڵانە لە وەرزە جیاوازەکاندا باران دەبارێنێت، جار جار هێدی و جار جار بەلێزمە، کە بە هۆیەوە خوای گەورە جۆرەها ڕووەك و بەروبووم و دانەوێڵەو میوەی پێ دەردەهێنێت و پێی دەهێنێتە بەرهەم، جۆرەها ڕزق و ڕۆزی بۆ پێداویستی لاشەی ئێوە دێتەبەر، کەواتە نەنگە بۆ ئێوە شەریك و هاوەڵ بۆ ئەو زاتە بڕیار بدەن، یاخود هەر هۆکارەکانتان لەبەرچاو بێت و بیرتان بچێت کە بەدیهێنەری هۆکارەکانیش هەر خوای گەورەیە، لە کاتێکدا کە حەق وایە ئێوە چاك دەرکی ئەوە بکەن کە تەنها زاتێك شایستەی پەرستنە دروستکارو بەدیهێنەر بێت).

پاشانیش باسی ئەو پەیامەی کردووە کە هیدایەتدەری مرۆڤەو ڕزگارکەریەتی لە دنیاو لە قیامەتدا، ئەویش بریتییە لە قورئان کە لە ئایەتی دوای ئەودا هاتووە، ئینجا

باسی سروشت و ڕۆڵی ئەو مرۆڤەو مەبەست لێی کردووە، دەفەرموێ: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ﴾ البقرة: ٣٠. واتە: (کاتی خۆی پەروەردگاری تۆ بە فریشتەکانی فەرموو: من بڕیارمداوە کە زەوی ئاوەدان بکەمەوە و کەسانێکی تێدا نیشتەجێ بکەم!!). واتای جێنشینیش لە زماندا بەو کەسە دەوترێ کە دەچێتە جێگای کەسێکیتر و ئەرکی ئەو ڕادەپەڕێنێ، یان دەبێتە جێگرەوەی لە کارێکدا کە دەیکات، لێرەوە دەبێتە کەسێکی بکەر.

**ڕاڤەکاران لەسەر واتای جێنشین (خليفة) ڕاجیاوازن:**

- هەندێکیان دەڵێن: مەبەست بە جێنشینی ئەوەیە کە ڕەگەزی مرۆیی بووەتە جێنشینی ئەو بەدیهێنراوە پێشووانە کە لەپێش ئەوەوە لە زەویدا بوون وەك جنۆکە.

- هەندێکیتر دەڵێن: مەبەست پێی ئەوەیە کە خوای گەورە کەسێك لە نێوان ژیرمەندان و ئەرك پێسپێردراوان لە بەدیهێنراوەکانی خۆی بکاتە جێنشینی زاتی خۆی لە فەرمانڕەواییدا، ئەمەش لە ئیبن مەسعود و ئیبن عەبباس و سەدی یەوە گێڕدراوەتەوە، ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە دووپاتی ئەم بۆچوونە دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ﴾ ص: ٢٦. واتە: (ئەی داود: ئێمە تۆمان کردووە بە جێنشین لەو وڵاتەدا، هەمیشە هەوڵبدە فەرمانڕەوایی لەنێو خەڵکیدا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی و دادپەروەری ئەنجامبدە، هەرگیز نەکەیت شوێنی ئارەزوو بکەویت، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی وێڵکردنی خەڵکی لە ڕێبازی ئاینی خوای گەورە، چونکە ئەوانەی لە ڕێبازی خوای گەورە لادەدەن، سزای پڕئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە، بەهۆی فەرامۆشکردن و حساب نەکردنیان بۆ ڕۆژی قیامەت).

گروپی سێیەمیش دەڵێن: خوای گەورە مرۆڤی بە جێنشین ناوبردووە، چونکە هەندێکیان دەبنە جێنشینی هەندێکیتریان، ئەمەش گوتەی حەسەن ە[1].

مامۆستا ئیبن عاشور دەڵێ: (مەبەست بە جێنشین، لێرەدا بە واتای مەجازییە کە

(١) سەیری تەفسیرە پێشووەکان بکرێ.

بریتییە لەو کەسە کارێك دەگرێتە دەست کە ئەو کەسەی دەیکاتە جێنشین دەیەوێت ئەو کارە بکرێ وەك بریکار و وەسیدار، واتە: کار ڕاپەڕێنەرێك لە زەویدا دادەنێ تا ئەوەی ئێمە لە زەویدا دەمانەوێ ڕاپیەڕێنێ)[1]. واتە: بەپێی ڕێساکانی خوای گەورە لە زەوی و لە گەردووندا هەڵسوکەوت دەکات، بەم پێیە ئەوا مرۆڤ ئەو تاکە بووەیە کە بەو توانایەی خوا پێی بەخشیوە توانای هەیە هەڵسوکەوت بکات بە بەدیهێنراوەکانی زەوی بەجۆرێکی مەزن کە کۆتایی نایەت، ئەمە بە پێچەوانەی گیانلەبەرانی ترەوەیە.

وەڵامی وتەی ئەو کەسەشی داوەتەوە کە وتوویەتی: مرۆڤ بووەتە جێنشینی جنۆکە، لە وەڵامدا دەڵێ: (میانەی ئایەتەکە سەرلەبەری ئەم گوتەیە ڕەتدەکاتەوە، چونکە باسکردنی ئیرادەی باڵا بە دانانی جێنشین ڕاستەوخۆ لەدوای باسکردنی بەدیهێنانی زەوی و پاشان ئاسمانەکان بەڵگەیە کە دانانی جێنشین یەکەمین حاڵەت بووە لەسەر زەوی لەدوای بەدیهێنانی، چونکە جێنشین لێرەدا کە دەبێتە جێگرەوەی خاوەنی شتەکە لە هەڵسوکەوت لە دەستەڵاتەکەیدا... ئەوا خەلیفە ئادەمە، جێنشینیەکەشی واتە هەستانیەتی بە ڕاپەڕاندنی ویستی خوای باڵادەست لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی، ئەویش بە ئیلهام یان بە وەحی، هەروەها نەوەکانیشی فێربکات کە مەبەستی خوا لەم جیهانی زەویەدا چییە، ئەو هەڵسوکەوتەش هەڵسوکەوتی ئادەم دەگرێتەوە بە داڕشتنی سیستمێك بۆ خانەوادەی و خانەوادەی نەوەکانی، ئەویش بەپێی زۆری ژمارەیان و فراوانی هەڵسوکەوتیان. ئایەتەکەش لەم ڕووەوە ئاماژەیە بەوە کە مرۆڤ بۆ ڕاپەڕاندن و چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان خەڵکی پێویستی بە بەرپاکردنی جێنشینیە، چونکە بێ ئەوە مەحاڵە سیستمێکی پایەدار هەبێت کە مرۆڤەکان کۆبکاتەوە، پەروەردگاریش پێغەمبەرانی ڕەوانەکردووە و شەریعەتەکانی ڕوونکردووەتەوە، کە دەکرێ هەندێجار پەیام و جێنشینی پێکەوە بوون هەندێجاریش لێکجیابوونەوە.... تا ئیسلام هات ئەوکات پەیام و جێنشینی بەست بەیەکەوە، چونکە ئاینی ئیسلام کۆتا مەبەستی خوای گەورەیە لە ئاینەکاندا و کۆتا شەریعەتە، ئاوێتەکردنی ئاین و دەستەڵاتیش کاملترین

(١) سەیری (التحرير والتنوير) ل(١/٣٩٩) بکرێ.

ڕوخساری هەردوو پلانەکەیە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِ ﴾ النساء: ٦٤ واتە: (ئێمە هەر پێغەمبەرێك و فرستادەیەکمان ڕەوانە کردبێت بۆ ئەوە بووە کە بە فەرمانی خوای گەورە گوێڕایەڵی بکرێت).

هەر لەبەر ئەمە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ، بۆ پاراستنی سیستمی ئوممەت و پراکتیزەکردنی شەریعەت کۆك بوون لەسەر دانانی جێنشین، هیچ یەکیش لە هاوەڵان نە لە هاوەڵانی تایبەت و نە لە خەڵکە گشتییەکە ناکۆك نەبوو و دژ نەبوو بەم کارە، جگە لەوانە نەبێت لە عەربە زبر و دڵڕەقەکان و لە بانگەشەکارانی فیتنەگێڕی نەبێت کە لەدوای ڕوونکردنەوەی پەیامی هیدایەت پاشگەزبوونەوە...)[1].

کورتەی پێناسەی ئیسلام و ڕەگەزە سەرەکییەکانی لەم خشتانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

**ئیسلام و ڕێکخستنی پەیوەندی**

| پەیوەندی باش لەگەڵ خوای گەورەدا | پەیوەندی باش لەگەڵ خەڵکیدا | پەیوەندی باش لەگەڵ گەردووندا |
|---|---|---|
| لە ڕێگای باوەڕی ڕاست و دروست و ڕێوڕەسمە پەرستشییەکانەوە. | لە ڕێگای چاکەکاری و ڕەوشت و بەها باڵاکانەوە. | لە ڕێگای:<br>١- ئاوەدانکردنەوە بە چاکە لەگەڵ هەموو بەدیهێنراوان لە گیانداران و هیتریش بێ زیادەڕۆیی یان بەفیڕۆدان و زیانگەیاندن.<br>٢- سوودوەرگرتن لە هەموو ئەوەی لە گەردووندایە بەپێی توانا.<br>٣- پاراستنی ژینگەو چاککردنی. |

(١) التحرير والتنوير ل(٣٩٩/١).

## ئیسلام و مافەکان (پرەنسیپی مافە بەرانبەرەکان)

| مافەکانی خوای گەورە | مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی | مافەکانی گیانلەبەر | مافەکانی ژینگە |
|---|---|---|---|
| ١- مافەکانی خوای گەورە، مافیشی بۆ هەر کەسێ داناوە کە هەستێت بە بەجێگەیاندنیان (کەواتە مافەکان بەرانبەرن). ٢- لێکەوتەشی بۆ ئەم مافانە داناوە لە گۆڕان و چاکسازیی -هەروەك پێشتر باسکرا-. | مافی ئاینی، کەسێتی، ڕۆشنبیریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و هیتریش (لەسەر بنەمای مافە بەرانبەرەکان). | لە ئەنجامدانی چاکەکاریی و بەزەییهاتنەوە پیایدا، (لەسەر بنەمای مافە بەرانبەرەکان). | لە بەزەیی و چاکەکاریی و هەروەها زیانەگەیاندن پێی (لەسەر بنەمای مافە بەرانبەرەکان). |

## میتۆدی ئیسلام بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی نەبینراو (غیب) و بینراو (المشاهدة)

| لەگەڵ جیهانی نەبینراو | لەگەڵ جیهانی بینراو و گەردووندا |
|---|---|
| ١- وەحی چووەتە ژێر ئەرکی باسکردنی ئەو شتانەی مرۆڤ لە جیهانە نەبینراوەکەی تردا پێویستی پێیەتی وەك جیهانی (بەهەشت، دۆزەخ، جنۆکە، فریشتە).<br>٢- ڕۆڵی ئەقڵ بریتییە لە تێڕوانین لەو شتانە کە بەڵگەن لەسەر بوونی خوای گەورە، پاشانیش لەدوای باوەڕهێنان پێی بە ڕاست ناساندنی گوفتاریەتی.<br>٣- لە ڕاستیدا تیوەگلانی ئەقڵ بە چوونەناو وردەکاری جیهانی نەبینراو (غیب) بێهودەیەو لە دەرەوەی توانای ئەقڵە. | ١- ئەمە جیهانی ئەقڵ و هزر و تێڕوانین و داهێنان و بەخەرجدانی ئەوپەڕی تواناو هەوڵە بۆ سود وەرگرتنی تەواوەتی لێی، ئەویش لە ڕێگای ئاوەدانکردنەوەوە و دەستەڵات پەیدا کردن تیایدا و دەرهێنانی خێرو بێرەکانی.<br>٢- ڕۆڵی وەحی ڕێنماییکردنی مرۆڤە بۆ ڕێگای هیدایەت، بۆ ڕوونکردنەوەی حەڵاڵ و حەرامە، بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەرییە، هاوکات ڕێگریکردنی لە ملهوڕی و خۆ بەزلزانی، تا بگات بە بەختەوەری دنیاو قیامەت.<br>٣- پشتبەستن بە میتۆدی ئەزموونگەرایی. |

## ئیسلام لە ڕووی گەشەپێدانی گشتگیرەوە

### گەشەپێدانی ناوخۆیی

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆح | دەروون | ئەقڵ | دڵ |

### گەشەپێدانی دەرەکی

تاککەسی

شتە زەرورییەکانی تاك — پێویستییەکانی تاك — جوانکارییەکانی تاك (خۆشگوزەرانی)

ئاینی — ئەقڵی (تەندروستی) ئابووری — کۆمەڵایەتی — خێزان

کۆمەڵی (کۆمەڵگاو ئوممەت)

شتە زەرورییەکان — پێویستییەکان — جوانکارییەکان

ئاسایشی کۆمەڵگا (دەوڵەت) — دەستەبەرکردنی ئازادی و شورا و دادپەروەریی — گوێڕادێران و گوێڕایەڵی

* ئەم دابەشکردنە لەسەر ئەوە ڕێکخراوە کە ئەم چوار شتە هەندێکیان جیاوازن لە هەندێکیتریان، ئەگەرچی خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا هەبێت، هەر ئەمەش گوتەی بەهێزە، چونکە خوای گەورە لە چەندین جێگای جیاوازدا باسیکردوون، بەڵام هەرکات هەر یەك لەو زاراوانە تاککەوت ئەوا دەکرێ مەبەست پێی هەموویان بێت، ئەوەش لەو تێڕوانینەوە کە: (هەرکات تاککەوت ئەوا گشتگیرە، هەرکاتیش کۆ بوو ئەوا تایبەت دەکرێ).

## گەشەدان بە ڕۆح

| پاکژکردنی | بالآبوونی ڕۆح | پەروەردەکردنی ڕۆح | دامەزراوەکانی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەویش لە ڕێگای دوورخستنەوەی لە هەر شتێك کە پاکییەکەی لێڵ دەکات، سانسۆر دەخاتە سەر پاکو بێگەردی و بالآبوونی، بە دوورخستنەوەی هەر شتێك کە ڕۆح دووردەخاتەوە لە خوای گەورە. | ئەویش لە ڕێگای ئیمان و باوەڕی ڕاستەوە، لە ڕێگای پەروەردەی ڕۆحییەوە و هەر شتێکیش کە مرۆڤ دەبەستێتەوە بە خوای گەورەوە، وەك قورئانخوێندن و خوێندنی سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتی، هەروەها تێڕامان و تێگەیشتن لە گەردوون و لە گەورەیی خوا و لە سیفەتە بالآکانی. | لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ڕۆح و ڕامێنان و لاواندنی و بەستنەوەی بە خوای گەورەوە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە شتە بێنرخ و بێبەهاکان، بە پەروەردەی ڕەوشتی و هۆکارەکانی پەروەردەی ڕەوشتی بەردەوامەوە. | لە ڕێگای دامەزراوەکانی ئامۆژگاری و قوتابخانەو زانکۆکان، هەروەها کۆڕەکانی زیکر و مزگەوتەکان و کۆڕی زیکر و دامەزراوەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی گشتی. |

## گەشەدان بە دەروون

| پاککردنەوەی | پڕکردنەوەو شیرینکردنی | گەشەپێدانی | بە دامەزراوە کردنی (گۆڕینی هەوڵەکان بۆ کاری دامەزراوەیی) |
|---|---|---|---|
| لە نەخۆشییەکان، خاڵیکردنەوەی لە حەزو ئارەزووەکانی هەناو و داوێن. | بە بەهاکانی پارێزکاری و دنیانەویستی و قەناعەت و ئەمانەتپارێزی، بە لەسەرخۆیی و بەزەیی و کێبڕکێی شەرەفمەندانە، بە بەخشندەیی و ئازایەتی و کەسایەتی و پێگەو پایەو دارایی. | بە لاواندن و ڕامهێنانی و پاکژکردنی و پەروەردەی بەردەوام، بە پەرستشەکان بە تایبەتی ڕۆژوو و شەونوێژ و هاوشێوەیان، بە چاودێریی خوایی و بەدواداچوون و لێپێچینەوەو سزادانی (دەروونی لۆمەکراو)، پاشانیش بە سزادانی تا ببێتە پێشەنگ و کارا بێت. | لە ڕێگای دامەزراوەکانی ئامۆژگاریی و پەروەردەو پاکژکردن و دامەزراوەکانی فێرکردنەوە. |

## گەشەدان بە دڵ

| پاککردنەوەی | پڕکردنەوەی | گەشەپێدانی | دامەزراوەکردنی |
|---|---|---|---|
| لە هاوەڵگەریی، هەروەها لە نەخۆشییەکانی تریش، لە دووڕوویی، لە سەرشۆڕیی، لە حەزنەکردن بە چاکە. | بە دڵسۆزیی و بە یەقین و پشتبەستن و پارێزکاریی، بە خۆشویستنی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ و پیاوچاکان، بۆ ئەنجامدانی چاکە و هێتریش لە کارە چاکەکانی دڵ (تا دڵ خواناس و پارێزکار و پاکوبێگەرد بێت). | لە ڕێگای پەروەردی زیاتر لەسەر باوەڕی ڕاست و دروست، یەکتاپەرستیی بێگەرد، پاکژکردن و پایەداریی لەسەر باوەڕی ڕاست و دروست و یەکتاپەرستیی و پەرستشەکان بە تایبەتی دەروونی و دڵییەکان، لەسەر قورئانخوێندن و هێتریش و ترس لە خوای گەورە ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ الأنفال: ٢. هاوکات نەترسان لە هیچ کەس جگە لە خوای گەورە. | لە ڕێگای دامەزراوەکانی ئامۆژگاریی و پەروەردو پاکژکەرەوەوە، تایبەتکردنی بەشێك لە پەروەردە بەهۆکارەکانی فێرکردن و ڕا گەیاندن بۆ گەشەدان بە دڵ. |

## گەشەدان بە ئەقڵ

| پاککردنەوەی | دانانی ئەقڵ لەسەر ڕاستەڕێی خۆی | پەرەدان بە ئەقڵ و گەشەپێدانی | بە دامەزراوەکردنی گەشەدان بە ئەقڵ |
| --- | --- | --- | --- |
| بە لابردنی هەموو ئەو ئاستەنگانە لەبەردەمیدا دەوەستن، ئازادکردنی بۆ هەنگاونان و ڕزگارکردنی لە چاولێکەریی و چەقبەستوویی و شوێنکەوتنی ئەویتر، هەروەها لەو بەرنامە نەزۆکانە کە ئەقڵ بەند دەکەن لە بیرکردنەوە لەم گەردوونە و سود وەرگرتن لێی، دوورخستنەوەی لە شتانی پڕوپووچ و خورافی و ئەو هزرانە کە بەهای ڕاستەقینەی ئیسلام کەمدەکەنەوە. | لە ڕێگای بەرنامە سودگەیەنەرەکان و فێرکردنی ئامانجدار و کاریگەر و پاڵنەر بە ئەقڵەوە تا ئازاد بێت و داهێنان بکات هەر لە دایەنگاوە تا زانکۆ، ئەوەش لە ڕێگای ڕێنمایی ڕاستی ئاینەوە کە بەهایەکی باڵا بە ئەقڵ دەدات و ئاراستەی دەکات بۆ هەموو بوارەکان. چونکە گرفتەکە لە سڕکردنی ئەقڵدایە، یان لە بەکارهێنانی لە غەیری بواری خۆیدا، کە بوارەکەی گەردوونی فراوانە تا بە داهێنان و دۆزینەوەی زانستی خێرو بێرەکانی دەربهێنێ. | لە ڕێگای بەرنامە داهێنەرەکانی فێرکردنی ناوازەوە و بایەخدان بە بەهرەداران، مەشقکردن بە ئەقڵ لەسەر داهێنان، واتە: پەرەدان بە دامەزراوەکانی فێرکردن و توێژینەوە و دیالۆگ. | واتە دامەزراوەکانی فێرکردنی ناوازەی داهێنەر بە بەرنامە داهێنەرەکان هەر لە دایەنگاوە تا زانکۆ، هەروەها سەنتەرەکانی توێژینەوە و مەشق و شەوقدان بە ئەقڵ و مشتومڕ دەمەقاڵەوە، هەروەها لە ڕێگای ڕاگەیاندنێکی ناوازەوە کە هاندەرە بۆ داهێنان. |

## ئیسلام، و وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرسامکەر

| چۆنێتی بەدیهێنان | بۆچی بەدیهێنراوین | بەرەو کوێ دەچین؟ |
|---|---|---|
| خوای گەورە ئێمەی چۆن بەدیهێناوە (ئێمەو هەمووی گەردوونیش؟)<br>أ- خوای گەورە گەردوونی -ئاسمانەکان و زەوی- لە شەش ڕۆژدا بەدیهێناوە، بنچینەی بەدیهێنانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاو، پاشانیش لە ئاو بەدیهێنراوەکانی بەدیهێناوە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ﴾ الأنبياء: ٣٠. سەرەتاش دووکەڵ و گازەکان بووە، چونکە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ﴾ فصلت: ١١. لەماوەی نزیکەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا زانایان کەوتوونەتە چاودێریکردنی ئەو شەپۆلە کەهرۆقوڕیانە کە هاتوون بەرەو زەوی، هەستاون بە شیکارکردنی، دەرکەوتووە کە ئەوە بەرئەنجامی پاشماوەی تەقینەوەیەکی مەزن بووە لە کاتی پەیدابوونی گەردوون و فراوانبوونیدا. هەر بەڕاستیش ئەوەی ناونراوە بە تەقینەوە دوو لەتبوون بووە، واتە: جیاکردنەوەی ئاسمانەکان و زەوی بووە لە یەکتری لەدوای ئەوە کە یەك بارستایی بوون، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ﴾ الأنبياء: ٣٠. | قورئانی پیرۆز بە تێروتەسەلی وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە:<br>أ-دەربارەی بەدیهێنانی گەردوون ئەوا مەبەست لێی ئەوەیە بەڵگە بێت لەسەر مەزنی بەدیهێنەر تا بەدڵنیایی باوەڕی پێبێنێ، تا هەستێ بە ڕۆڵی خۆی لە خزمەتکردنی مرۆڤ و توانایی بداتێ کە سودی لێ وەربگرێ.<br>ب- دەربارەی بەدیهێنانی مرۆڤ ئەوا مەبەست لێی دەستەبەرکردنی بەندایەتییە بە واتا گشتگیرەکەی بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی خوای گەورەو قەدەغەکراوەکانی لەوەی کە پەیوەندە بە دنیاو قیامەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ﴾ الذاريات: ٥٦ | أ- چارەنووسی هەر هەموو ئەوەی ژیانی تێدایە مردنە. خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ﴾ آل عمران: ١٨٥. ﴿كُلُّ مَنۡ عَلَيۡهَا فَانٖ ، وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ﴾ الرحمن: ٢٦-٢٧.<br>ب- چارەنووسی مرۆڤیش مردنە، پاشان لە گۆڕدا لێپرسینەوەی سەرەتایی لێدەکرێ، ئینجا یان لە جیهانێکی خۆشی و نیعمەتدایە، یان لە سزاو نەگبەتیدایە، پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێتەوە، حەشر دەکرێ، دواتر لێپرسینەوەی کۆتایی لەگەڵدا دەکرێ، دواجار یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ، ئەویش بەپێی باوەڕ و کردەوەکانییەتی. |

| | | |
|---|---|---|
| ئێمە دەبینین کە داڕشتنی قورئانی وردترە، چونکە زاراوەی (رتقاً) ئاماژەیە بۆ بونیادی پێکهاتەی گەردوون لەگەڵ هەبوونی سیستمدا، نەك ئاژاوەو بێسەروبەریی، وشەی (ففتقناهما) ئاماژەیە بۆ پێکهاتنی گەلەئەستێرەکان، چونکە خۆرەکان و ئەستێرەکان بەپێی ئیرادەی بەدیهێنەری زانای بەتوانا بەدیهاتوون[1]. قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست و دروست بە درێژی هەموو ئەوەیان باسکردووە کە پەیوەندە بە بنچینەی گەردوون و کێوەکان و گیانلەبەران و هیتریشەوە.<br>ب- بەدیهێنانی مرۆڤ، خوای تەعالا مرۆڤی لە خاك بەدیهێناوە، ئینجا لە قوڕ و قوڕی سورەوەکراوە، پاشان بووەتە پەیکەرێك، ئینجا لە ڕۆحی پیرۆزی زاتی خۆی فووی پێدا کردووەو بووەتە مرۆڤ، ئەویش ئادەمە (سەلامی خوای لێبێت)، ئینجا لە خۆی هاوسەرەکەیی بەدیهێناوە، پاشان خوای گەورە فەرمانیداوە بە فریشتەکان کڕنووشی بۆ ببەن ئەوەش وەك ڕێزێك بۆ زانستەکەی.<br>ج- خوای گەورە فریشتەکانی لە نوور بەدیهێناوە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ التحريم: ٠٦.<br>د- جنۆکەی لە ئاگر بەدیهێناوە، ئەوانیش وەك مرۆڤ وان چاك و خراپیان تێدایە. قورئانی پیرۆزیش بە تێروتەسەلی باسی هەموو ئەو شتانەی کردووە کە مرۆڤ پێویستی پێیانەو بەدەوریدان، لێرەدا بواری ئەوە نییە باسیان بکەین. | ج- دەربارەی مەبەست لە بەدیهێنانی فریشتە ئەوا بریتییە لەوە کە هەستن بە ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەیان پێیان دەسپێردرێ و قورئانی پیرۆز باسیکردوون.<br>د- دەربارەی شەیتانەکانیش ئەوا مەبەست لێیان ئەوەیە تا ببنە تاقیکردنەوە بۆ ڕاستگۆیی بەندایەتی و پەرستشەکانی مرۆڤ.<br>ە- دەربارەی گیاندار و ڕووەك و هیتریش ئەوا هەریەکەیان بۆ ئامانجێك بەدیهێنراوەو ڕۆڵی خۆی هەیە کە بەپێی ڕێساکانی خوای گەورە پێی هەڵدەستن. | |

(١) سەیری (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم)، هەروەها توێژینەوەی د. ریاز عەیدەروس و د. قیستاس نوعەیمی دەربارەی (دروستبوونی گەردوون لە نەبوونەوە/ لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە گەردوونییەکانەوە) لەسەر پێگەی زانکۆی الإیمان بڵاوکراوەتەوە.

## ئیسلام لە نێوان بنەما نەگۆڕ و پرسە گۆڕدراو و پەرەپێدراوەکاندا

| بنەما نەگۆڕەکان | پرسە گۆڕدراوەکان |
| --- | --- |
| بنەما نەگۆڕ و گومانبڕەکان بریتین لەوانە کە بەڵگەی گومانبڕ و کۆدەنگی ئوممەتیان لەسەرە، بە سروشتیش بریتین لەو پرسانە کە لە ئایندا وەها زانراون کە زەرورین و ئاین بێئەوان بەرپا نابێت و بوونی نیە، چونکە وەك پەیکەری ئێسقانی مرۆڤ وان کە مرۆڤ بەبێ ئەو پەیکەرە ناتوانێت بژی.<br>ئەو نەگۆڕانەش بریتین لە باوەڕ و ڕەوشتە نەگۆڕەکان، ئەو پایانەن کە تایبەتن بە ئیمان و ئیسلام و پرەنسیپە گشتییەکان و ڕێسا هەمووەکییەکان، هەروەها بەو حوکمە گشتییانەوە کە پەیوەندن بە ڕێورەسمەکانەوە، هەروەها مامەڵە داراییەکان، بە خێزان و هاوشێوەی.<br>چونکە ئەو نەگۆڕانە ئاین دەپارێزن لە توانەوەو لەناوچوون، هەروەها لە گۆڕین و ئاڵوگۆڕپێکردن، چونکە ئەوە ئاستی خوارەوەی لایەندارییە بۆ ئیسلام. | بریتین لە هەموو ئەو حوکمە شەرعییانە کە لە ئیجتیهادە فیقهییەکانەوە وەرگیراون (کە کۆدەنگییەکی ڕاشکاو و ڕوون و ڕاستیان لەسەرە)، ئیتر لەو دەقە گوماناوییانەوە وەرگیرابن کە شایانی ئیجتیهاد تیدا کردنن، یان دەق لەبارەیانەوە نەهاتووە، بەڵکو حوکمی شەرعییان لە بەڵگەکانی ترەوە وەك: پێوانەگیریی و ئیستیحسان و بەرژەوەندییە زەرورەکان و هیتریشەوە وەرگرتبێ چوونیەکە.<br>چونکە ئەم بازنەیە بازنەیەکە فەتواو ئیجتیهادی کۆن تیایدا دەگۆڕێ بە فەتوای نوێ، ئەگەر هەبن، هەروەها بازنەی هێنانەکایەی ئیجتیهادی نوێن کە هەماهەنگ بن لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکاندا، هاوکات دژ نەبن بە حوکمە شەرعییەکانی تریش.<br>هەروەها لەباربن بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەو نوێبوونەوە. |

## ئیسلام و یاسای هۆکارگەریی و بەرپرسێتیی

| پرەنسیپی پشتبەستنی گشتگیر | پرەنسیپی بەرپرسێتی گشتگیر لە دنیاو قیامەتدا | | |
|---|---|---|---|
| | بۆ تاکە | بۆ کۆمەڵ و ئومەتە | بۆ دەوڵەتە |
| بریتییە لە پتەوکردنی باوەڕ بە خوای گەورەوە بە قەزا و قەدەرەکەی و توانایی بۆ دەستەبەرکردنی دامەزراوی و ئارامگرتن ﴿لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ﴾ الحديد: ٢٣<br>ئەمەش لەگەڵ دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە کۆدەبێتەوە بەبێ هیچ جۆرە دژ بەیەك بوونێ، چونکە ئەوە قەدەری خوایەو ڕێسا کانیەتی، ئەویتریش هەر قەدەر و توانای خوای گەورەیە. | | | |

## ئیسلام و زانست و خوێندنەوە

| | | |
|---|---|---|
| زانست بە هەموو جۆرەکانیەوە فەرزێکی شەرعی و زەرورەتێکی ئەقڵییە، پێویستە هەردوو هێڵی زانستە مرۆیی و ماددییەکان و هێڵی زانستە زەرورییە (شەرعییەکان) هەردووکیان پێکەوە ڕێبکەن، تا هەردووکیان ئەو ئامانجە خوازراوە دەستەبەر بکەن ئەویش بەختەوەریی دنیا و قیامەتە<br>زانست کۆتایی نییە، هەر کەسیش تیایدا بوەستێ ئەوا دوا کەوتووە ﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ یوسف: ٧٦<br>زانست لە سایەی ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ و مافەکانیدا نەبێت گەشە ناکات، خوێندنەوەش بەهەمانشێوەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ﴾ العلق: ٠٣. واتە بخوێنەو لە سایەی کەرامەت و ڕێزی مرۆڤدا فێرببە. | پێویستە خوێندنەوە، خوێندنەوەی مرۆڤ و گەردوون و کتێبەکان لەخۆبگرێ، دەبێت خوێندنەوەی ڕواڵەت و ناخ بێت، خوێندنەوەی دنیا و قیامەت بێت (إقرأ) واتە: بە ڕەهایی بێت. | زانست و خوێندنەوە هەردووکیان پەیوەستن بە ئامانجە مرۆییەکانەوە، نابێت ببنە هۆی زیانگەیاندن پێیان یان بە گەردوون بە هەموویەوە، لەبەرئەوە پێویستە پەیوەست بێت بە ترس لە خوای گەورە ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَٰٓؤُاْ﴾ فاطر: ٢٨. |

## ئیسلام و ژیار و ژیانی دنیا

| | | |
|---|---|---|
| پەیامی موسڵمان بریتییە لە دروستکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە، لە ئاوەدانکردنەوەو بونیاتنانی ژیار بۆ هەموان، نەك دروستکردنی مردن و وێرانکردن و لەناوچوون بێت ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ هود: ٦١ واتە: فەرزیکردووە لەسەرتان کە دەبێت دنیا ئاوەدانبکەنەوە، هەروەها دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ﴾ الأنفال: ٢٤. واتە: بانگهێشتتان دەکات بۆ ژینسازیی کە لە دنیاوە درێژ دەبێتەوە بۆ قیامەت. | بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ آل عمران: ١١٠. کە خوای گەورە ڕەوانەیکردووە بۆ سودگەیاندن بە مرۆڤ، لامەکە لێرەدا بۆ سودگەیاندنە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((...چاکترینی کەسەکان ئەوانەن کە سودیان بۆ کەسانیتر هەیە)). بە چەند شێوازێ گێڕدراوەتەوە کە قسە هەڵدەگرێ، بەڵام ئەلبانی دەڵێ: (سەنەدەکەی ڕاستە)[1]، هەروەها دەڵێ: (باشە)[2].<br>لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە ﷺ دەفەرموێ: ((أحب الناس إلى الله أنفعهم للناس، وأحب الأعمال سرور يدخله على مسلم، أو يكشف عنه كربة، أو يقضي عنه ديناً، أو تطرد عنه جوعاً، ولأن أمشي مع أخ لي في حاجة أحب إلي من أن أعتكف في هذا المسجد شهراً، ومن كفّ غضبه ستر الله عورته، ومن كظم غيظه... ملأ الله قلبه رجاء يوم القيامة، ومن مشى مع أخيه في حاجة حتى تتهيأ له أثبت الله قدمه يوم تزول الأقدام، وأن سوء الخلق يفسد العمل كما يفسد الخلّ العسل))[3].<br>خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱفْعَلُوا۟ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ الحج: ٧٧. وشەی چاکە (الخير) لە قورئاندا بە تاك و بە ناسراوی و نەناسراوی ١٨٠ جار دووبارە بووەتەوە، بە کۆیش ٨ جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. | هەروەها بۆ سەروەربوونی دادپەروەریی و بەزیی و چاکەکاریی لە هەموو چالاکییەکاندا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ﴾ النحل: ٩٠. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧. |

(١) لە کتێبی (السلسلة الصحيحة)دایە بە ژمارە (٤٢٦).

(٢) لە کتێبی (صحيح الجامع)دایە بە ژمارە (٣٢٨٩).

(٣) کۆمەڵێك لە هاوەڵان لەوانە عەبدوڵڵا کوڕی عومەر گێڕاویەتەوە، ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة)دا بە ژمارە (٩٠٦) ڕاستیکردووەتەوە.

## ئیسلام و پەروەردە بۆ دروستکردنی ئوممەتی میانڕەو و دادپەروەر

| | | |
|---|---|---|
| واتە: پەروەردەکردنی مرۆڤ لەسەر گۆڕانکاری گشتگیر لە ناخ و لە دەرەوەیدا -هەروەك لە بەشی گەشەپێداندا هاتووە-. | پەروەردەکردنی مرۆڤ لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی گشتگیر لە هەموو سیستم و چالاکییەکان و بۆچوون و ڕەفتارەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەناو خێزان و کۆمەڵدا، لەناو هۆز و گەلاندا، تا یەك ئوممەتی تۆکمەیان لێ دروست ببێت کە توانادار بێت لەسەر جێبەجێکردنی دادپەروەریی و چاکەکاریی بۆ هەمووان، هەروەها بەویژدانەوە شایەتیدەر بێت لەسەر ئەوانیتر. | پەروەردەکردن لەسەر ئەنجامدانی کارەکان بە وردی و بە ڕێکوپێکی و نوێبوونەوەو داهێنانی بەردەوام، چونکە خوای گەورە ڕوونیکردووەتەوە کە سەرکەوتنی گەلێك لە گەلان بە ئەنجامدانی چاکترین کردەوەو گوفتارە بەردەوام نوێبووەکان دەستەبەر دەبێت ﴿لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلاًۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفُورُ﴾ الملك: ٢. ئەم ئایەتە دەلالەت دەکات لەسەر ئەو زەرورەتە کە ئەوەی ئوممەت لە ئەمڕۆدا پێشکەشی دەکات باشتر بێت لەوەی دوێنێ، ئەوەی سبەینێ پێشکەشی دەکات باشتر بێت لەوەی ئەمڕۆ، ئەمەش ئەقڵیەتێکی دینامیکی نوێکەرەوەی داهێنەر پێکدێنێ واتە (هەمیشە بە باشترین سیناریۆکان). |

## میتۆدی چارەسەر لە ئیسلامدا بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاریی و چاکسازیی و نوێبوونەوەو داهێنان

| |
|---|
| ١- پەروەردەو پاکژکردن بە هەموو هۆکارە پەروەردەییە ماددی و مەعنەوی و دەروونییەکان بە کۆن و نوێیانەوە، بە مەبەستی فەراهەمهێنانی گۆڕانکاری و چاکسازی و نوێبوونەوەو داهێنان، (فالحكمة ضالة المؤمن فهو أحق بها إن وجدها). |
| ٢- ئەوەی کە دەویستریّ بکریّ یان پشتگویّ بخریّ، دەبیّ بە سروشتی پاك و ئەقڵی بە بڕشت دروست بکریّ، چونکە ئێمە دەبینین قورئانی پیرۆز کە باسی شتە ڕێگاپێدراوە شەرعییەکان دەکات لەژێر بازنەی شتە پاکەکاندا باسیان دەکات، واتە: ئەوەی کە ئەقڵ و سروشتی پاك بە پاکی دەزانن، خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ الأعراف: ١٥٧.<br>هەروەها دەبینین کە قورئانی پیرۆز حەرامکراوەکان دەبەستێت بە شتە پیسەکانەوە: ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ﴾الأعراف: ١٥٧. واتە: ئەو شتەی کە سروشتی پاك و ئەقڵی بە بڕشت و دروست بە پیسی دەزانن، پەروەردگاری جیهانیان نەیفەرمووە (ئەوەیان بۆ حەلاڵە کە خوا حەلاڵیکردووە، ئەوەیان بۆ حەرامە کە خوا حەرامیکردووە)، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوە هەقە، چونکە خوای گەورە ویستی وابووە ئەوەی حەرامە بیبەستێتەوە بە شتە پیسەکانەوە، ئەوەی حەلاڵیکردووە بیبەستێتەوە بە شتە پاکەکانەوە، ئەمەش بۆ وروژاندنی ئەقڵی ساغە، هەروەها ئەوەی کە فەرمانی پێکردووە بەستوویەتیەوە بەوەوە کە ئەقڵی ساغ و سروشتی پاك دەیزانن، ئەوەش کە قەدەغەی کردووە ئەوەیە کە ئەقڵی ساغ و سروشتی پاك ڕێگری لێکردووە، خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ آل عمران: ١٠٤. ئەم میتۆدەش لە باسکردنی سود و زیانەکان و هاوشێوەیان، بەڵگەیە لەسەر سود وەرگرتن لە ئەقڵ و لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە ڕاپەڕاندنی ئەو شتەدا دەمانەویّ بیکەین یان پشتگوێی بخەین |
| ٣- ئامادەکردنی دەروون و ئەقڵەکان بۆ بابەتەکە، لە ڕێگای پلەبەندی و هەر شتێکیترەوە کە یارمەتیدەرە لەسەر ئەوە، هەروەك لە قەدەغەکردنی ئارەقدا هەیە کە لە ڕێگای چوار ئایەتەوە حەرامکراوە. |
| ٤- قەدەغەکردن و ڕێگری لە ڕێگای دەقە هۆکاردارەکانەوە |
| ٥- ئەلتەرناتیفی تایبەت و گشتی، هەروەك لە باسی سوو دا هەیە، کە خوای گەورە لەدوای ڕوونکردنەوەی زیانەکانی حەرامیکردووە، پاشان هاتووە جێگرەوە دادەنێ کە کڕین و فرۆشتن و هاوشێوەیانە، هەروەها باسی جێگرەوەی گشتی کردووە کە زەکات و خێرو بەخشینە گشتییەکان و قەرزدانە بە چاکە. |
| ٦- سزا بەرپەرچدەرەکان. |

## تایبەتمەندیيەکانی ئیسلام

ئیسلام کۆمەڵێ تایبەتمەندی و خاڵی ناوازەی هەیە کە جیایدەکەنەوە لە ئاینەکانی تر و لە سیستمە دەستکردەکان، لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی لە خوارەوە بیانخەینەڕوو:

### تایبەتمەندی یەکەم

### ئیسلام نەگۆڕە، خوای گەورە دەیپارێزێ

تەواوی بەڵگە دەقیي (نقلْ) و ئەقڵیي و موعجیزەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە دەیسەلمێنن کە قورئانی پیرۆز گوفتاری نەمری خوای بالاّدەستە، کە ناڕەوا هەرگیز ناتوانێ لە شێوەی بێنێ، چونکە لە خوایەکی دانا و بەتواناوە هاتووەتە خوارەوە، تا کە بەڵگەنامەیە کە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، نە گۆڕاوە و نە دەستکاری کراوە، نە تووشی لەبیرکردن هاتووە، چونکە خوای گەورە گەرەنتی داوە بە پاراستنی و دەفەرموێ: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ الحجر: ٩. خوای گەورە بەهەمانشێوە سەرچاوەی دووەمی ئیسلامی -واتە سوننەتی پێغەمبەری ﷺ- پاراستووە، ئەویش لە ڕێگای چەندەها هەوڵی مەزنەوە کە زانایان لەپێناو گەیشتنی فەرموودە سەلمێنراو و جێگیرەکان بە ئوممەت بەخەرجیانداوە[١].

لێرەشدا هەوڵ و شایەتی یەکێك لە گەورە زانایانی خۆرئاوا دەهێنم کە لە زانستی لاهوت و زانستەکاندا پسپۆڕە، ئەویش دکتۆر (مۆریس بۆکای)ە، کە بە بەڵگەی زانستی و ئاسەواریي و فەرموودەیي و مێژوویي، هەروەها بە چەندین هۆکاری تریشەوە سەلماندوویەتی کە کتێبە ئاسمانییە پێشووەکان وەك تەورات و ئینجیل تووشی گۆڕان و دەستکاریکردن بوون، بەڵام قورئانی پیرۆز تا کە بەڵگەنامەیە کە بە هیچ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئینجا دەڵێ: (بەڕاستی ئێمە پێماناخۆشە ئەو هەڵوێستە دەبینین

---

(١) بۆ ڕوونکردنەوەی هەوڵی زانایان سەیری کتێبی (حجية السنة) لە نوسینی مامۆستامان عەبدولغەنی عەبدولخالق، چاپی پەیمانگای جیهانیي هزری ئیسلامی ل (١٠ و دواتریش) هەروەها کتێبی (تأريخ تدوين السنة وشبهات المستشرقين) لە نوسینی د. حاکم موتەیری، چاپی زانکۆی کوەیت ٢٠٠٢ز ل (٧ و دواتریش)، هەروەها کتێبی (تدوين السنة) لە نوسینی د. موحەممەد زەهرانی، چاپی دار الهجرة ١٤١٧ك، ل(١٧ و دواتریش )، ئەمانە هەموو لەپاڵ کتێبەکانی صیحاح و سونەن دا بەڵگەی گومانبڕن لەسەر ئەوەی وتوومانە.

کە ئامانجی پاساوهێنانەوەیە بە پاراستنی دەقەکانی تەورات و ئینجیل، ئەویش لە ڕێگای هێنانی هەندێ بڕگەی نارەواو پووچ کە پێچەوانەن لەگەڵ هەموو لۆژیکێکدا، لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستە لای ئەقڵە ڕۆشنبیرەکان زیانی زۆر دەگەیەنێ بە باوەڕ بە خوا، بەڵام قورئان ئەوا وەحییەو کە هاتووەتە خوارەوە جێگیر و سەلمێنراوە.....دەقێکی نوسراوەو باوەڕداران لە کاتی نوێژدا دەیخوێنن و لەفزی پێدەکەن...)(٢).

* **بەرهەمەکانی ئەم تایبەتمەندییە:**

**١- حوکمە شەرعیی و یاساییەکانی ئیسلام لەسەر دادپەروەریی و یەکسانیی بەرپا دەبن:**

خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، بەدیهێنەری هەموو ئومەتان و گەلان و هۆزەکانە، ئەوانیش هەموو بەدیهێنراوی ئەو زاتەن و ئەو پەروەردگاریانەو جیاوازی لە نێوانیاندا ناکات، فەزڵی کەسیان نادات بەسەر کەسیترياندا، مەگەر بە پارێزکاریی و لەخواترسان و دڵسۆزیی و ویژدانپاکی و کردەوەی چاك نەبێت لە دنیا و قیامەتدا.

ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان جەختیان لەوە کردووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات: ١٣. قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەروەها باسیدەکەن کە هەموو مرۆڤەکان لە ئادەمن، ئادەمیش لە خاکە، کەواتە هیچ بوارێك نییە بۆ خۆ بەچاکتر زانین نە لە ڕووی خودییەوەو نە لە ڕووی عورفییەوە، عەرەب چاکتر نییە لە کەسێکی غەیرە عەرەب، کەسی غەیرە عەرەبیش چاکتر نییە لە کەسێکی عەرەب، ڕەشپێستیش چاکتر نییە لە سپی پێست، سپی پێستیش چاکتر نییە لە ڕەشپێست مەگەر بە پارێزکاریی و لەخواترسان و کردەوەی چاك نەبێت، تەنانەت ئەم پێوەرەش -پارێزکاریی- هەر لە خوای گەورەوەیە و لە مرۆڤەوە نییە، بەم پێیە ئەوا هەرگیز ڕەوا نییەو ڕێگانادرێ کەسێك ئیدیعای ئەوە بکات کە لە کەسێکیتر چاکترە.

(١) د. مۆریس بۆکای، سەرچاوەی پێشوو ل(١٠-١١).

سوننەتی پیرۆز و مێژووی ئیسلامی و ئەزموونە پراکتیکییەکان شایەتی دەدەن کە ناوازەترین نمونە لەسەر دادپەروەریی و یەکسانیی لە نێوان هەموو خەڵکیدا لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بووە.

### ٢- پارێزراوە لە دژبەیەکی (التناقض):

قورئانی پیرۆز ئەمەی ڕوونکردووەتەوەو دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴾ النساء: ٨٢. واتە: (ئەوە بۆچی ئەوان سەرنجی قورئان نادەن و واتا پیرۆزەکانی لێکادەنەوە، خۆ ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن غەیری خواوە بوایە و غەیری ئەو زاتە نازڵی بکردایە، جیاوازی و ناڕێکی و ناتەواوی زۆریان تێدا بەدی دەکرد). بەڵام سیستمە دەستکردەکان و ئەو یاسایانەی لە مرۆڤەوە دەرچوون تا هەر ئاستێ ورد بن هەر خاڵی نین لە کەموکووڕیی و دژبەیەکی و جیاوازی کە ئەمەش سروشتی مرۆڤە[1].

### ٣- هیچ جۆرە لایەنداریی و هەواو هەوەسێکی تێکەڵ نەبووە:

سروشتی مرۆڤ وەهایە کە هەر کەسێك بەجیا هەواو هەوەس و حەز و دەماری کەسێتی و خێزانی و حزبی و نەتەوەیی بەخۆی هەیە، حەزێکی لاڤاو ئاسا و ڕامالەری هەیە کە بەرژەوەندی خۆی دەدات بەسەر بەرژەوەندی ئەوانیتردا، لەبەرئەوە هیچ یاسایەکی مرۆیی نییە کە ئەو هەواو هەوەسە جۆراو جۆرانە کاریکەریان لەسەری نەبێت، یاسا ڕۆمانییەکان سیفەتی گەورەییان بە مرۆڤی ڕۆمانی داوە، ئەمەش بە ئاستێکە کە مەرجی شیاوێتی تەواوەتیان بۆ کەسێ بە مەرج گرتووە تا ببێتە کەسێکی ڕۆمانی[2].

بەڵام بەرنامەی خوای تەعالا لە پەروەردگاری جیهانیانەوەیە، پاکوبێگەردە و دوورە لە هەواو ئارەزووەکان، داوای لە بەندەکانیشی کردووە دووربن لە هەواو ئارەزووە خراپەکانیان، دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا

(١) سەیری کتێبی (الخصائص العامه للإسلام) نوسینی د. یوسف قەرەزاوی، چاپی کتێبخانەی وەهبە لە قاهیرە، ل (٤٤).

(٢) لەمبارەیەوە بە درێژی سەیری کتێبی (مبدأ الرضا في العقود، دراسة مقارنة) لە نوسینی د. عەلی قەرەداغی بکرێ، چاپی دار البشائر الإسلامية، بيروت ل (١/٣٦٤).

﴿فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا﴾ ص: ٢٦. پەروەردگارمان پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دەدوێنێ و دەفەرموێ: ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ﴾ المائدة: ٤٩. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ هەرکاتێك خاوەنانی کتێب هاتن بۆ لات، تا داوەری بکەیت لە نێوانیاندا- داوەری بکە بەو قورئانەی کە خوای گەورە بۆی نازڵکردوویت، نەکەیت شوێنی ئارەزووی ئەوان بکەویت، وریابە نەوەکو تووشی هەڵەت بکەن، ویڵت بکەن لەو ڕێنموویانەی خوای گەورە بۆی ناردوویت).

### ٤- جێبەجێکردنی ئاسانە:

بەو پێیە کە ئیسلام لە خواوەیە، ئیتر خەڵکی بە ئاسانی دەچنە ژێر حوکمە شەرعیی و یاساییەکانی، بە خۆشی و حەزی خۆیان ملکەچی دەبن، چونکە لە پرۆسەی جێبەجێکردنیدا چاوەڕێی بەزەیی خوا و پاداشتی دەکەن، ترسیان لە سزای هەیە ئەگەر بێتو سەرپێچی بکەن، یان فێڵ بکەن، لەبەرئەوە یەکەمین دەستەی هاوەڵان خۆیان ڕادەستی فەرمانەکانی خوای گەورە کرد، ملکەچی قەدەغەکراوەکانی بوون و بە سەختی چوونەوە بە گژ حەزەکانی دەروون و ئارەزووە خراپەکانیدا، چوون بە گژی داب و نەریت و عورفە باوەکاندا، بەڕاستی کاتێك کۆتا ئایەتەکان دەربارەی حەرامکردنی ئارەق هاتنەخوار ئەوان زۆر بە خێرایی و سەرکەوتووانە چوون بە دەم ئەو داوایەی خوای گەورەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ، إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ المائدة: ٩٠-٩١. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، بێگومان بن کە عەرەق و قومار، هەروەها گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵك بە پیرۆزی دەزانن، هەروەها بورجەکان و هەوڵدان بۆ زانینی ئاینده بەهۆی هەڵدانی زار و فاڵچێتییەوە، هەموو ئەوانە کاری پیس و پۆخڵ و نەشیاون بۆ ئیمانداران، کاری شەیتان و

شەیتان سیفەتانن، هەتا دەتوانن خۆتان بەدووربگرن لێیان بۆ ئەوەی سەرفرازی هەردوو جیهان دەستەبەر بکەن. دڵنیابن شەیتان خێر و چاکەی بۆ ئێوە ناوێت، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و کینەو بوغز لە نیوانتاندا بچێنێت، ڕێگریتان لێبکات و بەربەست لە دەروونتاندا دروستبکات تا یادی خوا نەکەن و بەلای نوێژدا نەچن، جا کەواتە ئیتر ئێوە ئامادەنین کۆڵبدەن و دەستهەڵگرن؟!). دەستبەجێ وتیان: بەڵێ وازمان لێهێناو تەواو[1]، ئەمە لە کاتێکدا هەندێ دەوڵەت سەدان ملیۆن بەڵکو بە چەندین ملیار دۆلاریان خەرجکردووە بۆ نەهێشتنی ئارەق یان ماددە هۆشبەرەکان، کەچی هەر خەڵکی بەو جۆرەی سەرەتای هاتنی پەیامی ئیسلام وازیان لێنەهێناوە.

بۆ ئەو شتانەش کە قورسترین شتن لەسەر دەروون هەر هەمان حاڵەتە، وەك: بە سەربازگرتنی لاوان، کە لاوانی هاوەڵان پێشبڕکێیان بووە بۆ بوون بە سەرباز و قوربانیدان بە ڕۆحی خۆیان لەپێناوی خوادا، بۆ مەسەلەی زەکاتیش هەر بەهەمانشێوەیە، کەچی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بە سەختی دەناڵێنن بەدەست ڕاکردنی خەڵکی لە باجدان و بە هەموو شێوەیەك پێچ لێدەدەن بۆ نەدانی.

*** هاوسەنگیی لە نێوان شەریعەتی خودا و نێوان ڕۆڵی ئەقڵ و ئیجتیهاد:**

خوای گەورە لە شەریعەتەکەیدا ویستوویەتی پرەنسیپە نەگۆڕەکانی بواری باوەڕ و ڕەوشت و وردەکاریە خوازراوەکان تیایاندا دابین بکات و بیانپارێزێ، ئەوانەی کە بە تێپەڕبوونی کات و زەمانە لە جیهانی خێزان و پەرستشەکاندا گۆڕانیان بەسەردا نایەت، بەڵام لە جیهانی مامەڵە و داب و نەریت و سیاسەتدا ئەوا دەستکۆتا بووە تەنها بە باسکردنی پرەنسیپە گشتی و ڕێسا هەمووەکییەکان کە وەك نەگۆڕ حیسابیان بۆ دەکرێ، ئیتر جگە لەوە ئەوا چەندین دەقی باسکردووە کە زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرن، یان جێیهێشتوون تا ئیجتیهادیان تیدا بکرێ.

---

(١) بڕوانە دەقی فەرموودەکە بە دەقی خۆی لە (السنن الترمذي- مع تحفة الأحوذي)، بە ژمارە (٤١٦/٨-٤١٧) چاپی، الكتبي لە مەدینەی پیرۆز، (مسند أحمد) بە ژمارە (٣٥١/٢).

بەمجۆرەش ئەوا ئەقڵی ساغ و سەلیم ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تێگەیشتن لە هەموو دەقە شەرعییەکان، بە پۆلێنکردنیان بۆ دوو جۆر: جۆری یەکەم ئەو دەقانەن کە لە جێگیری و نەگۆڕی و واتادا دەقی گومانبڕن، ئەوانیش خۆیان لە مەسەلە نەگۆڕەکاندا وێنا دەکەن، دەقی گوماناویش کە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن، لێرەوە ئەقڵ دێت بەپێی دیسپلینەکانی زمان و عورف و مەبەستە شەرعییەکان و بەرژەوەندییە بەهەندگیراوەکان ئیجتیهادیان تێدا دەکات.

ڕۆڵی گەورەی ئەقڵیش لەو مەسەلانەدایە کە دەقێکی تایبەت لەبارەیانەوە نەهاتووەتە خوارەوە، ئەویش بریتییە لەو مەسەلانە کە پێیاندەوترێ ناوچەی چاوپۆشی (العفو)، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**ما أحل الله في كتابه فهو حلال، وما حرّم فهو حرام، وما سكت عنه فهو عفو، فأقبلوا من الله عافيته، فإن الله لم يكن لينسى شيئاً، وتلا:** ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ مريم: ٦٤)). واتە: (هەر شتێك خوای گەورە لە پەڕاوەکەیدا حەڵاڵی کردبێت ئەوە حەڵاڵە، هەر شتێکی حەرام کردبێت ئەوە حەرامە، لە هەر شتێکیش بێدەنگ بووبێت ئەو عەفوە، دەی چاوپۆشییەکەی پەروەردگارتان وەربگرن، چونکە خوای گەورە هیچ شتێکی لەبیرنەچووە، ئینجا ئەم ئایەتەی سەرەوەی خوێندووەتەوە).

حیکمەتی خوای گەورەش لەو پرسانەدا کە لەبارن بۆ پەرەپێدان، وەك پرسە سیاسییەکان وەهایە کە دەقی زۆری دانەبەزاندووە، بەڵکو کۆمەڵێ پرەنسیپی ڕەوانەکردووە وەك دادپەروەریی، شورا، ئازادی و یەکسانی و...تادوایی، جگە لەوانە ئیتر چەندین هۆکار و چۆنێتی و ئیجتیهادی جێهێشتووە بۆ مەسەلە نوێیەکان کە دێنەڕووە.

کەوابوو لەم ناوچە فراوانەدا ئیتر ئەقڵ دێت و دەڕوات، ئەسپی خۆی تاو دەدات و ئیجتیهاد دەکات، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە گشتییەکان و پرەنسیپە هەمووەکی و ڕێسا گشتییەکان و بەرژەوەندی و مەبەستە شەرعییە پایەدارەکاندا، ئا بەمشێوەیە ئیسلام هاتووە نێوان نەگۆڕیی بنەما گشتییەکان و دەقە گومانبڕەکان و پەرەپێدان و نێوان جگە

لەوان کۆدەکاتەوە، نێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخیی، نێوان پرسی کۆنی چاك و نوێی سودگەیەنەر، نێوان نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

## تایبەتمەندی دووەم: ئیسلام ئاینێکی جیهانیی مرۆییە

بەو پێیە کە ئاینێکی جیهانییە ئەوا بەو چاوە دەڕوانێتە هەموو ئەوانەی لەسەر ئەم زەوییە دەژین کە یەك یەکەی پێکەوەبەستوو و توندوتۆڵن و بەرژەوەندییان جیانابێتەوە.

بەو مانایەش کە مرۆییە ئەوا لەپێناو مرۆڤدایە، واتە هەموو مرۆڤێك بە ئەقڵ و دڵ و دەروون و ڕۆحییەوە، بۆ پێشخستن و ڕێزگرتنی و دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکانی ڕەوانەکراوە. هەروەها ڕێگری لە هەر شتێك دەکات کە دەبێتە هۆی سوکایەتی پێکردن و ترساندنی، یان سەرشۆڕکردنی لە دنیا و قیامەتدا، یان بەرتەسککردنەوەی ئازادیی، یان پێشێلکردنی پیرۆزییەکانی، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر برایەتی مرۆیی دەکات، هەر جۆرە فاکتەرێکی جیاکاری و جیاوازی و دووبەرەکی نێوان خەڵکی دەسڕێتەوە[(١)]، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دۆعایەی زۆر دووبارە دەکردەوە کە باس لە برایەتی مرۆیی دەکات لە نێوان هەموو بەندەکانی خوادا و ڕایدەگەیەنێ، دەفەرموێ: ((...**اللّهم ربنَّا وربّ كل شيء ومليكه، أنا شهيد أن العباد كلهم إخوة**))[(٢)]. واتە: (... ئەی خوای پەروەردگارمان و پەروەردگاری هەموو شتێك و دەستەڵاتدار بەسەریدا، من شایەتی دەدەم کە بەندەکان هەر هەموویان برای یەکن).

کەواتە ئیسلام ئاینێکە -ئەگەرچی پێغەمبەر ﷺ سەرەتا بە قەومەکەی خۆی دەستی پێکرد، بەڵام- لە ئاراستەو لە پەیامیدا جیهانییە، ئەوەبوو دواتر هەموو عەرەب و غەیرە عەرەبەکانی کۆکردەوە، چونکە ئەمە لایەنی پراکتیکی ڕاپەڕێنەرە، لەو ڕووەوە لە ڕێگای هەنگاوی قۆناغبەندییەوە نەبێت ناتوانرێ بڵاوبکرێتەوە، بەڵام قورئانی پیرۆز

---

(١) سەیری کتێبی (من فلسفة التشريع الإسلامی) نوسینی فەتحی رەزوان ل(١٥٤-١٥٥) بکە، بڵاوکراوەی دار الكتاب العربي لە قاهیرە، هەروەها کتێبی (مدخل لدراسة الشريعة الإسلامية) نوسینی د. یوسف قەرەزاوی ل(١٣٤-١٣٥) بکە، چاپی کتێبخانەی وەهبە لە قاهیرە.

(٢) ئەحمەد لە موسنەددا بە ژمارە (٤/٣٦٩) گێڕاویەتەوە.

هەر لە مەککەی پیرۆز جەختیکرد لەسەر جیهانێتی پەیامی ئیسلام، بەهەمانشێوە لە مەدینەی پیرۆزیش هەر جەختی لێکردوو و جێبەجێی کرد، قورئان هەر لە یەکەم ئایەتیدا دەفەرموێ: (إقْرَأ) باسی مرۆڤ بە ڕەهایی کردووە، بێئەوەی بیبەستێتەوە بەوەوە کە عەرەبە یان نا، لە سورەتی دووەمیشدا سورەتی (المُزَمّل) باس لە درۆزنان دەکات بەبێ هیچ سنورداركردنێ، هەروەها بە لەفزی گشتی باس لە بازرگانان و ئەو جەنگاوەرانە دەکات کە لەپێناو خوادا دەجەنگێن، تەنانەت لە سورەتی (الفاتحة) بە ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ الفاتحة: ٢ دەست پێدەکات، قورئانی پیرۆز بە ﴿بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ، مَلِكِ ٱلنَّاسِ ، إِلَـٰهِ ٱلنَّاسِ﴾ الناس: ١-٣ کۆتایی پێدێت، کە کۆتا وشەی قورئان بریتییە لە ﴿وَٱلنَّـاسِ﴾، ئایەتە مەککییەکانیش بە ڕوونی دەریدەخەن کە ئیسلام ئاینێکی جیهانییە، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا﴾ الأعراف: ١٥٨. وە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَـٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧.

پێغەمبەر ﷺ لە شاری مەدینە نامەی نارد بۆ هەموو ئەو فەرمانڕەوایانە کە لە دەوروبەری ناوچەکەدا بوون، لە مانگی زیلحیجە لە ساڵی شەشەمی کۆچی دەحیەی کەلبی نارد بۆ لای قەیصەری ڕۆم، عەبدوللە کوڕی حوزافەی سەهمی نارد بۆ لای کیسرا، عەمروی کوڕی ئومەییەی زومەری نارد بۆ لای نەجاشی، حاتەب کوڕی ئەبی بەلتەعەی نارد بۆ لای مەقۆس کە فەرمانڕەوای میصر بوو[1].

دەقی ئەو نامانەش کە گەیشتوونەتە لای ئێمە بەڵگەن لەسەر جیهانێتی پەیامی ئیسلام، لەسەر ئەوەش کە تاکە خەمی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی هەق و ڕاستی بووە، بێئەوەی بڕوانێتە لایەنی ئابووری یان فراوانکردنی پانتایی ڕووبەری

(١) سەیری (تأريخ الأمم والملوك)ی تەبەری ل(٢٨٨/٢) چاپی دار المعارف لە قاهیرە بکرێ، هەروەها (سيره إبن هشام) ل(٢٧٩/٤)، ئیبن سەعد لە (الطبقات) ل(٢٥٨/١)دا وتوویەتی: (بەرواری ئەمە لە موحەڕەمی ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بووە، ئیبن قەییمیش لە کتێبی (زاد المعاد) ل(٣٠) هەمان ڕای ئیبن سەعدی هەیە، جیاوازییەکی گەورەش نییە لە نێوان هەردوو بەروارەکەدا، لەبەرئەوە حافز ئیبن حەجەر لە (فتح الباری)دا ل(٣٨/١) کۆیکردوونەتەوە کە دەحیەی لە کۆتایی ساڵی شەشەمدا واتە مانگی (زیلحیجة) ناردووە، لە مانگی موحەڕەمی ساڵی حەوتەمدا گەیشتووەتە لای هیرەقل، لەمبارەیەوە بڕوانرێتە کتێبی (السيرة النبوية الصحيحة) نوسینی د. ئەکرەم ئەلعومەری، چاپی مرکز بحوث السنة والسيرة لە قەتەر ل(٤٥٤/٢).

سیاسی، چونکە ئیسلامی خستە پێشچاوی ئەوانەو بۆی ڕوونکردنەوە کە ئەگەر بێن بەدەم بانگەوازەکەیەوە ئەوا لەسەر دەستەڵاتی خۆیان دەمێننەوە، هەروەها ئەو نامانە بەڵگەن لەسەر یەکبوونی ئاینەکان لە ڕووی بنەماو مەسەلە نەگۆڕەکانەوە، بوخاری بە سەنەدی خۆی دەقی نامەکەی پێغەمبەری ﷺ کە بۆ هیرەقلی ناردووە ڕیوایەت کردووە، ئەویش بریتییە لەم دەقە: (لە موحەممەدی بەندەی خواو پێغەمبەریەوە بۆ هیرەقلی گەورەی ڕۆم، سڵاو لەسەر کەسێك کە شوێنکەوتەی هەق و هیدایەتە، پاشان من داوات لێدەکەم باوەڕ بە ئیسلام بێنی، موسڵمان ببە سەلامەت و پارێزراو دەبی و خوای گەورەش دووجار پاداشتت دەداتەوە، ئەگەریش ڕوو وەرگێڕی ئەوا گوناهی ئیرسییەکان لە ئەستۆی تۆدایە، ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ ٱشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل عمران: ٦٤. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی ئیماندار- بە گاور و جولەکەکان بڵێ: ئەی خاوەن کتێبە پیرۆزەکان، وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا، بریتییە لەوە کە جگە لە خوای گەورە، جگە زاتی (اللّٰه) کەسیتر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان ئەویترمان بە پیرۆز و فەرمانڕەوا دانەنێت لە جیاتی خوای گەورە، هەمووان هەر خواپەرستین و ڕووبکەینە دوا بەرنامەکەی کە بە ڕاستدانەری پێغەمبەران و کتێبەکانی ئێوەشە، جا ئەگەر ئەوانە هەر سور بوون لەسەر سەرپێچی و یاخیبوون، ئەوە بە ڕاشکاوی پێیان بڵێن: ئێوە بە شایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارمانین).

### تایبەتمەندی سێیەم: ئیسلام ئاینێکی گشتگیر و هەتا هەتایە

واتە: هیچ ئاینێکی تر لەدوای ئیسلام نایەت، گشتگیرە بۆ مرۆڤ و هەموو لایەنەکانی ڕۆح و ئەقڵ و جەستەی دەگرێتەوە، هەروەها لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا لە ڕووی باوەڕ و ڕەوشت و تەشریع و پەرستشەکانەوە، لە هەموو سەردەم و شوێنەکاندا گشتگیرە

تا ئەو کاتەی خوای گەورە زەوی و ئەوەی لەسەریەتی بە یەکجاری دەپێچێتەوە، ئەم ئایەتەش پیرۆزە دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکات، دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ الأنعام: ١٦٢.

لەبەرئەوە ئیسلام ژیانی تاك هەر لەو کاتەوە کە کۆرپەلەیەکە تا مردنی ڕێکدەخات، تەنانەت لەدوای مردنیشی، هەروەها کاروبارەکانی ئاین و دنیای و ڕۆژی دوایی و سەرئەنجامی ڕێکدەخات، هەموو ئەمەش لە ڕێگای دەقە گشتی و تایبەتەکان و پرەنسیپ و ڕێسا هەمووکییەکانی ئەم ئاینەوە کە:

### أ- باوەڕێکی گشتگیرە:

چونکە ڕاڤەی پرسە گەورەکانی ئەم بونەوەرە دەکات، ئەقڵی فەیلەسوفەکان سەرسامن لە بەرانبەر سەرەتای هاتن و کۆتایی و چارەنووس و چۆنێتی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا، هەروەها لە نێوان مرۆڤ و نێوان هەموو ئەو خەڵکەو ئەو شتانەی لە دەوریدان، ئیسلامیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی جیهانی نادیار (غیب) ی داوەتەوە کە مرۆڤ پێویستییەتی، سیفەتەکانی خوای بەدیهێنەر و تاك و تەنهاییەکەی ڕوونکردووەتەوە، باسیکردووە کە گەردوون سەرەتا هەر هەمووی دووکەڵێك بووە، پاشان ئاو، پاشان یەك قەوارە و بارستایی بووەو دواتر لێکجیابووەتەوە، مرۆڤیش لە خاك دروستبووە بەڵام خوای گەورە لە ڕۆحی پیرۆزی خۆی فووی پێدا کردووە، هەروەها باسی ئەو چارەنووسەی کردووە کە مرۆڤ لەدوای مردن دەچێتە ژیانی قیامەتی هەتا هەتایی، کە ڕێساکانی دادپەروەریی خوایی لەگەڵ بەزەییەکەیدا و ڕێسای پاداشت و سزا دەچەسپێت بەسەریدا، بەڵگە شەرعییەکانیش ئەو ڕێگا تولانییەیان بە تێروتەسەلی هێناوە، کە لە مردنی مرۆڤەوە دەستپێدەکات و تێدەپەڕێت بە ژیانی بەرزەخی ناو گۆڕ، پاشانیش زیندوو دەکرێتەوە و دواتر لە ڕۆژی قیامەتدا حەشر دەکرێ، بە هەموو ئەو شتانەوە کە پەیوەندن بەو ڕۆژەوە، دواجاریش بە وردی باسی بەهەشت و دۆزەخی کردووە کە مرۆڤ پێویستی بە زانیاری لەوە زیاتری نییە.

بەهەمانشێوە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاری ڕێکخستووە، هێزەکانی چاکەو خراپەی باسکردووە، ڕوونیکردووەتەوە کە سەرچاوەی فەرمانەکان و بەدیهێنان و گەردوون دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە، مرۆڤیش خاوەنی ئەقڵ و ئیرادەو ویستی خۆیەتی، ئەوەش لە چوار چێوەی ئیرادەی ڕەهای خوای گەورەدا کە لە هاوسەنگییەکی نایاب و ناوازەدا دەورەیداوە، ئەو کێشەیەی مرۆڤی چارەسەر کردووە لەوەی کە ئایا ناچارەو بێئیرادەیە یان خاوەنی ئیرادەیەو ئازادە، هەموو ئەمەش لەتوێی یەکەیەکی دوو جەمسەریدا کە پێشتر باسمانکردووە.

**ب- پەرستشی ئیسلام گشتگیرە:**

ئەوەی کە بۆ دڵی مرۆڤە: لە ڕێگای ئیمان و زیکر و خۆشەویستی و نوێژ و حەج و تێکۆشانەوەیە، بۆ داراییەکەی: لە ڕێگای زەکات و بەخشینی خێر و خێراتەوەیە، بۆ خودی دەروونی: لە ڕێگای ڕۆژوو و تێکۆشانەوە و...تادوایی، چونکە باوەڕدار بەندەیەکی پەرستشکاری خوای تەعالایە، ترسی خوا لە دڵیدایەو تکاخوازیەتی و خۆشیدەوێ و پشتی پێدەبەستێ، بە ئەقڵی تێڕادەمێنێ و بیردەکاتەوە، بە دەروونی ڕۆژووەوانە و پەروەردکراوە و هاندەریەتی بۆ کاری چاکە، بە جەستەی کەسێکی نوێژکەر و ڕۆژووگر و حەجکەر و عومرەکارە، بە زمانی کەسێکی زیکرکار و بانگخواز و قورئانخوێنە، بە هەموو ئەندامانی جەستەی لە پەرستشی خوای گەورەدایەو کردەوەی چاك دەکات، بە ماڵ و داراییەکەی زەکاتدەر و بەخشندەیەو خێربەخشە[1].

**ج- پابەندبوون بە هەمووی ئیسلامەوە:**

پێویستە موسڵمان پابەند بێت بە هەمووی ئیسلامەوە، جا با دەستیشی بە لایەنێکی تایبەتەوە گرتبێت، ئەوا هەر نابێت هیچ لایەنێکی تری فەرامۆش بکات، با دەستیشی گرتبێ بە لایەنی باوەڕەوە هەر نابێت لایەنی پەرستش فەرامۆش بکات، چونکە کردەوە پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام و ئیمان، بەهەمانشێوە با لایەنی پەرستشەکان و

(١) سەیری کتێبی (خصائص الشریعة) نوسینی د. یوسف قەرەزاوی ل(١٠٥) بکرێ.

ڕێوڕەسمەکانیش جێبەجێ بکات، هەر نابێت لایەنی ڕەوشت و ڕەفتار فەرامۆش بکات هەروەها قەدەغەیە بە جگە لە شەرعی خوا دادوەریی بە شتێکیتر بکات یا کاریش بە لایەنەکانی تری ئیسلام بکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدْخُلُواْ فِى ٱلسِّلْمِ كَآفَّةً ﴾البقرة: ٢٠٨. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، هەر هەمووتان بچنە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامەوە و هەموو لایەنەکانی پیادە بکەن، مەبەستی سەرەکیتان ببێتە بەرپاکردنی ئاشتی و ئاشتەوایی لە کۆمەڵگادا). واتە: بچنەناو هەموو ئیسلامەوە، ئیبن عەتییە وتوویەتی: (تەبەری ئەو ڕایەی لا بەهێزە کە لەفزەکە هەمووی ئیسلام دەگرێتەوە) وشەی (کافة) واتە: هەموو بەشەکانی شەرع و ئەو خەڵکانەش دەگرێتەوە کە گوتارەکەیان ئاراستەکراوە[1].

### تایبەتمەندی چوارەم: هاوسەنگیی

هاوسەنگیی دادەنرێ بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئیسلام، مەبەست پێی ئەوەیە کە ئیسلام پەیامێکی هێناوە کە هاوسەنگە لە نێوان هەردوو خواستەکانی ڕۆح و جەستە، نێوان بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ، بەختەوەریی دنیا و ڕۆژی دوایی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، دروشمەکەی بریتییە لە : ﴿ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ حَسَنَةً ﴾ البقرة: ٢٠١.

هەروەها نێوان جێگیریی و نەگۆڕ و پرەنسیپەکان و نێوان گۆڕان لە هۆکار و مەسەلە بەشییەکاندا لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، مەبەستیش بە دوو جەمسەری و میانڕەویی ئەمەیە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَـٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾ البقرة: ١٤٣. واتە: (ئا بەو شێوەیە ئێمە ئێوەمان بە گەل و ئوممەتێکی میانڕەو گێڕاوە لە هەموو ڕوویەکەوە، تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیترەوە و بۆیان ڕوون بێت، هەروەها بۆ ئەوەش کە پێغەمبەر ﷺ شایەتی بدات بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوە کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون).

(١) سەیری تەفسیری ئیبن عەتییە ل(١٩٨/٢) بکرێ چاپی قەتەر.

ئەم میانڕەوییە واتە لە بەرنامەو لە سیستمدا پەیامێکی ماماوەند و هاوسەنگە، دوورە لە زیادەڕۆیی و شلگیریی، لەبەرئەوە سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە سودمەند نابن لەو نیعمەتانە خوای گەورە پێی بەخشیون، دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ ﴾ الأعراف: ٣٢. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ بەو خەڵکەی کە وادەزانن سود وەرگرتن و بەکارهێنانی ناز و نیعمەتە جوانەکان حەرامن، بڵێ: باشە ئەوە کێ جورئەتی داوە بە خۆی و ئەو زینەت و جوانیانەی خوای گەورە بەخشیویەتی بە بەندەکانی و بۆی بەدیهێناون، بە حەرام لە قەڵەمی دەدات؟ ئەوە کێیە ڕزق و ڕۆزییە چاکەکان لە خۆی و لە خەڵکی حەرام دەکات......، بەو خەڵکە بڵێ: هەموو ئەو ناز و نیعمەتانە لە ژیانی دنیادا بۆ ئیماندارانیش حەڵاڵە، بەڵام لە قیامەتدا تایبەتە تەنها بە ئیمانداران).

کەواتە ئیسلام لە باوەڕدا ماماوەندە، لەو ڕووەوە کە بۆ سەلماندنی باوەڕ پشت بە ئەقڵ و بە وەحی دەبەستێ، بێئەوەی هیچ یەك لەوان بسڕێتەوە وەها کە لە هەردوو حاڵەتی زیادەڕۆیی و شلگیریدا بوونی هەیە، بەهەمانشێوە لە پەرستشەکان و ڕێوڕەسمەکاندا ماماوەندە لە نێوان ئەوانەدا دەیانسڕنەوەو ئەوانەی زیادەڕۆییان تێدا دەکەن، بەتەواوەتی خۆیان یەکلاکردووەتەوە بۆیان، هەروەك لە ژیانی ڕەبەنی و گۆشەگیری مەسیحییەتدا بوونی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئیسلام دەستی بە هەموویەوە گرتووە، ئەویش لە سنورێکی گونجا و توندوتۆڵ و مەرجداردا.

لە پرسی ڕەوشتیشدا ئیسلام ئاینێکی ماماوەندە، نێوەندە لە نێوان زیادەڕۆ یۆتۆپیاکان و نێوان زیادەڕۆ واقیعییەکاندا، ئەوانەی کە لایەنی ڕۆحیان پشتگوێخستووە، ئەوانەی لە سیفەتە ئارەزووبازییەکان و ئاژەڵییەکاندا ڕۆچوون، بەڵام ئیسلام مافی بە هەر لایەنێك لەو لایەنانە داوە، پێغەمبەر ﷺ بە ڕوونی ئەم ڕاستییەی خستووەتەڕوو و دەفەرموێ: **((إن لربك عليك حقاً، ولنفسك عليك حقاً، ولأهلك عليك حقاً، فأعط كل ذي حق**

**حقه))**[١]. واتە: (بەدڵنیایی کە پەروەردگارت مافی لەسەرت هەیە، دەروونت مافی لەسەرت هەیە، هاوسەر و خانەوادەت مافی لەسەرت هەیە، دە تۆش مافی هەریەکەیان بدە). لە فەرموودەیەکی تریشدا دەفەرموێ: ((**إن الله قد أعطى كل ذي حق حقه**))[٢]. واتە: (بەدڵنیایی کە خوای گەورە مافی بە هەر خاوەن مافێك داوە).

ئیسلام لە تەشریع و حوکمە شەرعییەکان لە مەسەلەی حەڵاڵ و حەرامدا مامناوەندە، چونکە ئەسڵ لە شتەکاندا ئەوەیە کە ڕێگاپێدراون، هاوکات هەر شتێکی زیانکەیەنەر و پیس و ستەم و ئازاردان و خواردنی ماڵ و سامانی خەڵکی بە ناهەق حەرامکردووە.

ئیسلام مامناوەندە لە نێوان ڕۆحی تاك و نێوان ڕۆحی کۆمەڵ، بە جۆرێ هەردووکیان لە دیمەنێکی هاوسەنگ و نایابدان کە ئازادی تاك و بەرژەوەندی کۆمەڵ تیایدا هاوسەنگ دەبن، ماف و ئەرکەکان هاوتا دەبن، دەستکەوت و ئەرکەکان بە تەرازوویەکی ڕاست و هاوسەنگ دابەش دەبن، دوور لەو ململانێیانە کە لە نێوان ڕێبازە تاککەسی و سەرمایەدارییەکان و نێوان ڕێبازە سوشیالیستییەکاندا ڕوویداوە[٣].

ئیسلام بەهەمانشێوە مامناوەندە لە نێوان هەردوو تیۆری زۆرەملێ و ئازادی دا، لە نێوان ئەوەدا ئایا مرۆڤ ئازادە لە بڕیار و ئیرادەیدا یان ناچارکراوەو بێئیرادەیە، هەروەها لە نێوان ویستی خواو ویستی مرۆڤدا، لە ڕاستیدا هەموو دەقە شەرعییەکان بەڵگەن لەسەر ئەوە کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەو ئازادیی و ویست و خواستی خۆیەتی، بەو پێیەش بەرپرسە لە هەڵسوکەوتەکانی خۆی، هەر بەو پێیەش شایستەی هەردوو ڕێسای پاداشت و سزایە.

ئیسلام نێوان هەردوو لایەنی ماددی و ڕۆحی ڕێکخستووە، کە لەسەر هاوسەنگییەکی نایاب و ناوازە بەرپا دەبێت، تا مرۆڤ بۆی بڕەخسێ لەسەر بنەمای ڕاست و دروست

---

(١) بوخاری لە فەرموودەیەکی سەلمانی فارسی لە بەشی ڕۆژوودا لەگەڵ فتح الباری بە ژمارە (٢٠٨/٤) گێڕاویەتەوە.

(٢) ئەحمەد لە موسنەددا بە ژمارە (١٨٦/٤-١٨٧، ٢١٧/٥) گێڕاویەتەوە، هەروەها ئەبو داود و ترمذی و ئبن ماجەو دارەمی گێڕاویانەتەوە.

(٣) د. یوسف قەرەزاوی، سەرچاوەی پێشووی، ل(١٢٨-١٣٤).گێڕاویانەتەوە.

سودمەند بێت لە هەموو وزەو تواناکانی خۆی، تا فێری بکات کە هەردوو لایەنی ماددی و ڕۆحی دوو لایەنی بە یەك زەرورن و پێکەوەلکاون، هەر جیاکردنەوەیەکیش لە نێوانیاندا دەبێتە هۆی ڕوودانی گرفتی گەورە لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵ چوونیەك.

مرۆڤایەتیش لە بەرئەنجامی زاڵبوونی یەکێك لە دوو لایەنەکە بەسەر لایەنەکەی تردا زەحمەت و مەینەتی زۆری چەشتووە، زانای فەڕەنسی دکتۆر دی بروجی (Dr. De Brogi) دەڵێ: (لە ڕاستیدا دەتوانرێ ئەو مەترسییە کە لە شارستانی ماددی ڕووتدا بوونی هەیە لەوەدا کورتبکرێتەوە کە بووەتە ئاراستەکاری خودی ئەو شارستانییە، ئەو مەترسییە بریتییە لە تێکچوون و ناهاوسەنگیی کە چاوەڕێی ڕوودانی دەکرێ، ئەگەر بێتو ژیانێکی ڕۆحی نەدۆزینەوە کە بەتەنیشت لایەنی شارستانی ماددیەوە ببێتە ڕێنماکار، تا ئەو لایەنە ڕۆحییە هاوسەنگی بۆ مرۆڤایەتی بگێڕێتەوە کە پێویستی پێیەتی، بێگومان ئەوە مەسیحییەت بوو کە پشتی بە یەك لایەن بەست، شارستانی نوێیش لە بەرانبەرەوە دژ بە لایەنەکەی تر چوو بە هەڵەدا)[1].

مرۆڤایەتی بەهەمانشێوە زەحمەت و مەینەتی زۆری چەشتووە لە نێوان ئەو تیۆرەدا کە لەسەر پیرۆزکردنی تاك بەرپا بووە بێئەوەی ڕەچاوی کۆمەڵ بکرێ، وە نێوان ئەو تیۆرەدا کە لەسەر پیرۆزکردنی کۆمەڵ بەرپا بووە، وەك سوشیالیستی شیوعی بێئەوەی حیساب بۆ تاك و مافەکانی بکرێ، بەڵام ئیسلام هەماهەنگیی لە نێوان ژیانی تاك و ژیانی کۆمەڵدا هێنایەکایە، جەختدەکات لەسەر هەبوونی قەوارەی کەسێتی تاك، هەموو مافەکانی خۆی دەداتێ، بەوەی دادەنێ کە بەرپرسەو لەبەردەم خوای گەورەداو لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، پارێزگاری لە ڕێز و کەرامەتی دەکات و ناهێڵێ کەس پێشێلی بکات، هاوکات گرنگیش دەدات بە کۆمەڵ و بە بەرپرسێتییەکەی، ڕۆحی کۆمەڵیانەش لە دەروونی تاکدا دەڕوێنێ، ئەویش لە ڕێگای برایەتی و دەستەبەری

(١) پێشەکی پرۆفیسۆر خۆرشید ئەحمەد عەلی لەسەر: کتێبی (لماذا أسلمت؟)، چاپی قەتەر، ل(٣١، ٣٢).

کۆمەڵایەتی و بەرگری لە کۆمەڵ و هاوشێوەکانیان[١]، لەبەرئەوە موحەممەد ئەسەد باس لە هۆکاری موسڵمانبوونی خۆی دەکات و دەڵێ: (من وادەبینم کە ئیسلام لە ئەندازیاری و دیزاینیدا وەك تەلارێکی مەحکەم و توندوتۆڵ بێت، هەموو بەشەکانی هاوسەنگ و هەماهەنگن بۆ ئەوەی هەندێکی هەندێکیتری تەواو بکات و یەکتری قایم بکەن، بێئەوەی هیچ زیادەو کەمییەکی تێدا بێت، هەموو ئەمەش یەك ئەنجام دەدات بەدەستەوە کە بریتییە لە هاوسەنگیی تەواو و سەقامگیری گشتگیر، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانە کە هەستام بەئەنجامدانیان ئەو قەناعەتەیان لە دەروونمدا دروستکرد کە ئیسلام بە هەردوو لایەنی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی تا ئێستاش گەورەترین هێزی پاڵنەرە کە مرۆڤایەتی بە ڕەهایی پێی ئاشنا بووبێت)[٢].

**تایبەتمەندی پێنجەم: ئیسلام ئاینی ئەرك و مافە**

لە ڕاستیدا زۆربەی ڕژێم و یاساکان، یان تەنها گرنگی بە مافی تاکەکان دەدەن -فەلسەفەی خۆیان لەسەری بونیات دەنێن هەروەك لە یەکەمین تیۆری سەرمایەداریدایە-، یان تەنها گرنگی بەو ئەرکانە دەدەن کە دەخرێتە سەرشانیان -بێئەوەی بڕواننە مافەکانیان هەروەك لە تیۆری سوشیالیستی شیوعیدایە-. بەڵام ئیسلام ڕەچاوی هەردوو مەسەلەکە دەکات، بە هاوسەنگییەکی نایاب و هەماهەنگ و هاوئاواز هاوسەنگی لە نێوانیاندا دەکات، چونکە هەر مرۆڤێك لە تێڕوانینی ئیسلامەوە مافی هەیە، هەرکەسەو بەپێی قەدەری خۆی ئەرکیش دەکەوێتە سەری، تەنانەت لەسەر ئاستی گیانلەبەران و ژینگەو بێگیانەکانیش، هەریەکەیان لە ڕووی پێویستی چاودێری و سەرپەرشتی و خراپنەکردنیەوە مافی لەسەرمان هەیە، هەروەها مافی مرۆڤیش دەکەوێتە سەریان، لەو ڕووەوە کە مافی ئەوەی هەیە لە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانماندا بەکاریان بێنین، بێئەوەی زیانی پێبگات و زیانیش بەوان بگەیەنێت، ئیسلام ئەم پرەنسیپەی بەشێوەیەکی زۆر جوان

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٦).
(٢) موحەممەد ئەسەد: بابەتەکەی لە کتێبی (لماذا أسلمنا؟) ل٥٠.

لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا پراکتیزە کردووە، چونکە خوای گەورە لە پەرستن و پەرستش و ئاوەدانکردنەوەی گەردووندا مافی لەسەر مرۆڤ هەیە، ئەویش لەبەر رۆشنایی میتۆدی چاکسازیدا، مافیشی بە مرۆڤ داوە کە لە دنیادا ئەنجامی کردەوەکەی خۆیی پێداوە، لە قیامەتیشدا بەهەشت و رەزامەندی زاتی خۆی پێبەخشیوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی ڕاستدا کە بوخاری و موسلیم و کەسانێتریش هەریەکەیان بە سەنەدی خۆی لە مەعازی کوڕی جەبەلەوە ﷺ گێڕاویانەتەوە، وتوویەتی: جارێکیان من لەدوای پێغەمبەری خواوە ﷺ دەڕۆیشتم... فەرمووی: ((**یا معاذ**))، وتم: بەڵێ لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خوا ڕۆحم بە فیدات بێت... فەرمووی: ((**هل تدری ما حق الله على عباده؟**))، واتە: (ئایا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چییە؟). وتم: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: ((**حق الله على عباده أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئاً**)). واتە: (مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن و هاوەڵی بۆ دانەنێن). پاشان ماوەیەك ڕۆیشت...، فەرمووی: ((**هل تدري ما حق العباد على الله إذا فعلوه؟**))، واتە: (ئەی ئایا دەزانی مافی بەندەکان لەسەر خوای گەورە چییە؟). وتم: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: ((**حق العباد على الله أن لايعذبهم**))[(١)]، واتە: (مافی بەندەکانیش لەسەر خوای گەورە ئەوەیە سزایان نەدات).

ئەم پرەنسیپە مەزنە وا لە خەڵکی دەکات کە تەنها چاوەڕێی مافەکانیان نەکەن، بەڵکو هەستبکەن بەو ئەرکانەش دەکەونە سەرشانیان، بە پڕتاو بچن بەپیریانەوەو بە باشترین شێوە ئەنجامیان بدەن بێئەوەی چاوەڕێی ئەوە بن کە بە مافەکانیان بگەن، لەبەرئەوە مرۆڤ لە سایەی شەریعەتدا یەکەمجار داوای لێکراوە ئەو ئەرکانەی دەکەونە ئەستۆی ڕایانپەڕێنێ و پابەند بێت پێیانەوە، مافەکانیش هەرگیز نافەوتێن با کاتی وەرگرتنیشیان تا هەرکوێ درێژببێتەوەو خۆیشی داوایان نەکات، لەبەرئەوە بە تێپەڕبوونی کات مافەکان

(١) سەیری: صەحیحی بوخاری لەگەڵ فتح الباری) بەشی پۆشاك ژمارە (١٠/٣٩٧-٣٩٨)، موسلیمیش لە بەشی ئیماندا ژمارە(٣/٥٨) گێڕاویانەتەوە.

نافەوتێن، بەو پێیە گوایا لە ماوەیەکی دیاریکراودا داوای نەکردوون، تاکیش عادەتی وایە هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی کەلێنەکاندا دەگەڕێ تا لە ڕێگایانەوە مافی کەسانیتر نەدات.

جا مادامێ هەر تاکێك لە سایەی شەریعەتدا ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانی ڕایاندەپەڕێنێ، ئەوا لە بەرانبەرەوە مافەکانی خۆی وەردەگرێ، چونکە ئەوەی ئەرکە لەسەر تاکێك ئەوا زۆربەیجار مافی کەسێکی بەرانبەرە، لێرەوە ناکۆکییەکان لە نێوان تاکەکاندا کەم دەبن، هەروەك لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و جێنشینە ڕاشیدەکاندا بووە، لەبەرئەوە سیمای ئاشتەوایی لە نێوان دوو کەسی ناکۆك بەیەك نیشانەی زەق و دیارو بەرچاوی ئەو سەردەمە بووە، بێئەوەی پەنا ببرێتە بەر دادوەریی[1].

### هەڵوێستی ئیسلام لەسەر ژیارەکان و شارستانی و ئاوەدانکردنەوە

تێڕوانینی ئیسلام بۆ ژیارەکان و ئاوەدانی لەو پێگەوەیە کە مرۆڤ جێنشینی خوایە لەسەر زەویدا، خوای گەورەش هەموو ڕاگەکانی ئاوەدانکردنەوەو بونیاتنان و ژیاری بە مرۆڤ بەخشیوە، بەشی ئەوەندەی لە سیفەتەکانی زاتی خۆی وەك زانست و توانایی و ئیرادە پێبەخشیوە کە ئەو ئامانجە بێنێتەدی، ئیبن عەرەبی فیقهناس وتوویەتی: (خوای گەورە دروستکراوێکی تری نییە لە مرۆڤ چاکتر و باشتر بێت، چونکە پەروەردگار کردوویەتیە کەسێکی زیندووی زانا و بەتوانا و گۆکار و بیسەر و بینەر و کار ڕاپەڕێنەر و دانا، کە ئەمانەش سیفاتی پەروەردگارن، لێرەوە هەندێ لە زانایان هاتوون گوزارشیان لەمەکردووە، پێغەمبەریش ﷺ بەم فەرموودەیەی ئەو ڕاگەیەنراوەی واژۆکردووە کە دەفەرموێ: ((**إن الله خلق آدم على صورته**)). واتە: (خوای گەورە لەسەر شێوەی زاتی خۆی ئادەمی دروستکردووە). واتە لەسەر ئەو سیفەتانەی کە پێشتر باسمانکردن)[2].

---

(١) بڕوانە: (صەحیحی بوخاری لەگەڵ فتح الباري)، بەشی سوڵح، ژمارە (٥/٢٩٧-٣١١)، هەروەها موسلیم بەشی ئادابی دادوەریی لە بەرگی سێیەم.

(٢) ئەم فەرمودەیە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، (صەحیحی بوخاری، لەگەڵ الفتح) بەشی مۆڵەتخواستن ژمارە (١١/٣)، موسلیمیش، بەشی البرّ ژمارە (٤/٢٠١٧)، ئەحمەدیش (٢/٢٤٤).

لەبەرئەوە، کاتێك فریشتەکان وا تێگەیشتن کە پێویستە مەرجەکانی ئەم جێنشینییە بگەڕێننەوە بۆ بێهەڵەیی و تەسبیحات و زیکر و کڕنوشبردن بۆ خوای گەورە، کە ئەمانەش لە فریشتەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام مرۆڤ نییە لەو ئاستەدا بەو پێیە کە سەرپێچی خوای تەعالا دەکات، کەواتە شایانی ئەوە نییە ببێتە جێنشین لە زەویدا، خوای گەورەش وەڵامیدانەوەو بۆی باسکردن کە جێنشینی بە کەسێ دەدرێ توانای چۆنێتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەردووندا لە ڕێگای زانستەوە هەبێت، زاتی خۆی بە فریشتەکانی فەرموو: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ، وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ، قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ، قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ﴾ البقرة: ٣٠-٣٣[١] واتە: (کاتی خۆی پەروەردگاری تۆ بە فریشتەکانی فەرموو: من بڕیارمداوە کە زەوی ئاوەدان بکەمەوە و کەسانێکی تێدا نیشتەجێ بکەم!! کەچی ئەوان وتیان: باشە، ئەی خوای باڵادەست، تۆ زەوی بە کەسانێك ئاوەدان دەکەیتەوە کە فەساد و گەندەڵی تێدا بڵاوبکەنەوەو خوێنی بە ناحەق تێدا بڕێژن -لە کاتێکدا ئێمە شایستەین-، ئێمە بەردەوام سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزاریی تۆین، پێزانین بە قەدر و ڕێز و قودسیەتی تۆ، بەڵام خوای گەورە لە وەڵامیاندا فەرمووی: لە ڕاستیدا ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن. -ئینجا باوکە ئادەمی دروستکردوو و ویستی توانایی و لێهاتویی دەربخات بۆ فریشتەکان- بۆیە ناوی هەموو شتەکانی دەوروبەری فێرکرد، پاشان هەموو ئەو شتانەی نیشانی فریشتەکانداو پێی فەرموون، ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێبڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن. کەچی هەموو وتیان: پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، ئێمە

(١) سەیری التفسیر الکبیر ی ڕازی بکرێ، چاپی دار إحیاء التراث العربي، بیروت، ل(١٥٩/٢-٢٣٨)، هەروەها تفسیر إبن عطیة، چاپی قەتەر ل (٢٢٥/١-٢٦٦)، هەروەها في ظلال القرآن، وە فتح القدیر ی شەوکانی بکرێ.

ئەم شتانە ناناسین و ناویشیان نازانین، جگە لەو شتانەی کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی هەر تۆی زاتی شکۆمەند تەواو زاناو دانایت، بڕیارەکانت هەمووی بەجێ و پەسەندن. ئینجا خوای گەورە فەرمووی ئادەی ئادەم تۆ ناوی ئەو شتانەیان پێبڵێ، کاتێ ئادەم بەڕەوانی ناوەکانی پێوتن، فریشتەکان سەرسامبوون، بۆیە خوای گەورە فەرمووی: مەگەر من پێم نەوتن، کە من شارەزاو ئاگادارم بە هەموو نهێنییەکانی ئاسمانەکان و زەوی، هەروەها چاکیش دەزانم کەچی دەردەخەن و چی بە ئاشکرایش دەیکەن، چیش دەشارنەوەو پەنهانی دەکەن لە دڵ و دەروون و ناختاندا). کاتێك ئەم نهێنییانەی بۆ فریشتەکان خستەڕوو و فەزڵی مرۆڤی بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوکات فەرمانی پێدان کڕنوش بەرن بۆ ئادەم، واتە کڕنوشی دانپێدانان و سڵاو و ڕێز بۆ ئەو مرۆڤە کە خوا هەموو گەردوونی بۆ دەستەمۆ کردووە تا ئەرکی خۆی لە ئاوەدانکردنەوەی بەجێ بگەیەنێ، جا ئەگەر بیەوێ لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەختەوەر بێت، ئەوا دەبێت خوای خۆی بپەرستێ و گەردوونیش ئاوەدانبکاتەوە، ئەو پرۆسەی چاکسازییەش لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی خوای باڵادەستدا دەستەبەر دەبێت بێئەوەی خراپەو ستەم بکات.

ئەم پرسە لەبارەی فەزڵی مرۆڤ و ڕۆڵی لە ئاوەدانکردنەوەو بونیاتنانی ژیاری گەردوون، لەبەر ڕۆشنایی ڕێساکانی خوادا بۆ ئاوەدانکردنەوە لە بۆچوونی ئیسلامدا زۆر ڕوونە، قورئان زیاتر لە جارێك لە ڕێگای بەڵگەی ترەوە جەخت دەکات لەسەر ڕۆڵی مرۆڤ و لەسەر ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، هەروەها ئەو شتانە کە خوای تەعالا بۆی دەستەمۆ کردوون، دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ﴾ لقمان: ٢٠. واتە: (باشە، خەڵکینە ئێوە نابینن چۆن خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ خزمەتی ئێوەی ڕامهێناوە، لە ناز و نیعمەتی هەمەجۆر بەهرەمەندی کردوون کە لە ژمارە نایەن، هەندێکیان دیارو ئاشکران هەندێکیشیان نادیارن). خوای گەورە لە چەندین سورەتدا باسی جۆرەکانی ئەو دەستەمۆکردنە دەکات، هەر لە خۆر و مانگ و شەو و ڕۆژەوە تا گیانداران و دەریا و بێگیانەکانیش.

### * ئومەتان و گەلان لە بونیاتنانی ژیاردا یەکسانن:

ئیسلام هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە هاتووەتە خوارەوە، ویستوویەتی کۆمەڵگایەکی ژیاریی لەسەر بنەمای دادپەروەریی و ویژدان و یەکسانیی لە نێوان هەموو خەڵکیدا بەرپا بکات، بێئەوەی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزێك و ڕەگەزێکی تر، نێوان ڕەنگێك و ڕەنگێکی تردا بکات، بێئەوەی فەزڵی هیچیان بدات بەسەر ئەویتریاندا، مەگەر لەسەر بنەمای کردەوەی چاك (بەرهەمهێنان بۆ دنیاو قیامەت)، لەسەر بنەمای دڵسۆزیی و پارێزکاریی و لەخواترسان، چونکە هەموویان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە، جا ئەگەر لە هەر گەلێکدا دواکەوتن بەدیکرا ئەوا هۆکارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ستەم و دوورکەوتنەوە لە بەرنامەی ڕاست و دروست، بەڵام ئەگەر خودی گەل بواری پێدرا ئەوا ئەویش لە بونیاتناندا وەك گەل و ڕەگەزەکانی تر وایە، ئیسلام بەمجۆرە زاڵدەبێت بەسەر دەمارگیریدا کە هەموو ڕژێمە پێشوو و دواییەکان وازیان لێنەهێناوە، چونکە هەر ئومەتێك ئەگەر هاتوو زاڵبوو و هەژموونی پەیدا کرد، ئەوا جۆرێك لە خۆ بەچاکزانین و هەڵبژاردەیی بەخۆی دەدات، گوایا لە گەلانی تردا یان لە نەتەوەیەکی تردا نییە، هەروەك لای ڕۆمانەکان و فارس و ئیغریق و یۆنانییەکان ڕوویداوە، تەنانەت ئەم دەمارگیرییە گەیشتووەتە هەندێك لە ئاینە دێرینەکان ئەوەش لەدوای ئەوە کە گۆڕیویانە، جولەکە دەڵێن گوایا ئەوان گەلی هەڵبژاردەی خوای گەورەن.

ئەم دەمارگیرییە گەیشتە سەدە دواییەکانیش، (ئۆرفۆردۆ غۆبینۆ) کە لە ساڵی (١٨٨٢ز.م)، کتێبێکی لە توێی چوار بەرگدا داناوە بەناوی (توێژینەوە دەربارەی جیاوازی ڕەگەزە مرۆییەکان-بحث في تفاوت العروق البشرية)، تیایدا هۆکارەکانی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکان باسدەکات، دەگاتە ئەو ئاستە کە دەڵێ ڕەگەزی سپی پێست بەرزترین و باڵاترین و بەتواناترینیانە لەسەر داهێنان و ژیار[1]، (ستوار تشمیرلن) لە ساڵی (١٨٩٩ز) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (پایەکانی سەدەی نۆزدەیەم بە ئەڵمانی-دعائم القرن التاسع

(١) بڕوانە: کتێبی (الحضارة الإسلامية) نوسینی د. توفيق الواعي، چاپی دار الوفاء لە مەنصورە لە میصر، ١٤٠٨ك ل(٥٣).

عشر بالالمانية) هەمان ڕای هەیە، (دوبلاج)یش لە کتێبەکانیدا بە ناوەکانی (هەڵبژاردە کۆمەڵایەتییەکان-الاصطفاوات الإجتماعية) لە ساڵی (١٨٩٦ز) هەروەها کتێبی (ئاری و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی-الآري وتصرفة الإجتماعي) لە ساڵی (١٨٩٩ز)، کتێبی (ڕەگەز و ژینگەی کۆمەڵایەتی-العرق والبيئة الإجتماعية) لە ساڵی (١٩٠٩ز) هەمان بۆچوونی هەیە، هەروەها (فرانسیس غالتون) و هیتریش هەر وادەڵێن، ئەم بیرۆکانەش لای نازیزم و ئەو دەمارگیرییەی کە هیتلەر و مۆسۆلینی پیادەیان کرد بەرجەستە بوون.

کاتێکیش جیهان گیرۆدەی تاڵی و نەهامەتییەکانی دووەم جەنگی جیهانی بوو، کە بەهۆی ڕەگەزپەرستییەوە جیهان وێران بوو، خودی بیرمەندە خۆرئاواییەکان هەستان بە بەگژاچوونەوەی ئەو هزرە وێرانکەرە، جا هەرچەندە هەندێکیان تەنانەت بەرلە هەڵگیرسانی دووەم جەنگی جیهانی بەرپەرچی داوەتەوە، وەك جوان کۆماس کە زانایەکی کۆرپەلەناسی مرۆییە، سەلماندوویەتی هیچ جیاوازی و جیاکارییەك لە نێوان مرۆڤەکاندا نییە، هەروەها زانای ئیتالی نبشفۆرد و دکتۆر برسوتر و هیتریش سەلماندوویانە کە لە سیفەتەکانی زیرەکی و هەژاریی و دەوڵەمەندی و لادانی ڕەوشتی و تەمبەڵیدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ڕەگەزەکان و ڕەنگەکاندا نییە، تەنانەت زانای ناسراو لە بواری کۆمەڵایەتیدا کارل بیرسون سەرژمێرییەکی لەسەر هەزار مۆڵەتپێدراو لە زانکۆی کامبردج و پێنجسەد قوتابی تیایدا ئەنجامداوە، بۆی دەرکەوتووە کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ڕەنگی قژ و موو و پلەی زیرەکیدا نییە، هەروەها هەستاوە بە سەرژمێرکردنی بلیمەتەکانی دوورگە بەریتانییەکان تا ڕێژەی ڕەنگی سورکاڵ و ڕێژەی گەنم ڕەنگ بزانێ، ئەنجامەکەشی بۆ ڕەگەزپەرستان نائومێدکەر بووە، بۆی دەرکەوتووە کە ژمارەی بلیمەتەکان (٤٢٤) کەسن، بەم ژمارانە دابەشبوون بەسەر ڕەنگەکاندا: (١١٥ گەنم ڕەنگ)، (٨٥ ڕەنگ تاریك)، (٧١ سورکاڵ)، (٩٩ جەرگی)، (٥٤ ناوەند)[1].

(١) (معالم تأريخ الإنسانية) نوسینی هـ. جز ولنو، ل(١٢٥/١)، کردنی بە عەرەبی: عەبدولعەزیز تەوفیق، چاپی لیژنەی نوسین و وەرگێڕان، بڵاوکراوەی کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە، هەروەها د. تەوفیق واعی، سەرچاوەی پێشووی ل (٥٨-٥٩).

لە کتێبی (قصة الحضارة)دا هاتووە: (کۆتا قسە ئەوەیە کە: ئاریيەکان قەڵای ژیاریان بونیات نەناوە، بەڵکو لە بابل و میصرەوە وەریانگرتووە، یۆنانیش خۆیان ژیاریان بونیات نەناوە، چونکە ئەوەی کە بۆیان ماوەتەوە زیاتر بووە لەوەی دایانهێناوە....، جا ئەگەر بێین خوێندنەوە بۆ خۆرهەڵاتی دوور بکەین و پێگەو پایەی بەرز ڕابگرین، ئەوا دان بەو قەرزەدا دەنێین کە لەسەرمانە، کە بەڕاستی کێ قەڵای ژیاری ئەورووپی و ئەمەریکی بونیات ناوە، ئەوەش قەرزێکە دەبوا لە دێرزەمانەوە بدرایە بە خاوەنەکەی)[1].

دوای ئەویش ئارنۆڵد توینبی هات تا بە بەڵگەی زانستی گومانبڕ ئەو تیۆرە ڕەگەزپەرستانەیە هەر لە بناغەوە بڕوخێنێ[2].

مەبەستمان بڵێین ئەوەی کە بیرمەندە بەویژدانەکان لەسەدەی بیستەمدا پێیگەیشتوون بریتییە لە پرەنسیپێکی ئیسلامی مەزن کە بە چەندین سەدە پێش ئەوان کەوتووە.

**ڕەگەزە سەرەکییەکانی ژیار لە هزری ئیسلامی دا:**

**ئەو ڕەگەزانە لەناو مرۆڤدان،** چونکە خوای گەورە هەموو ئەو شتانەی پێبەخشیوە کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی پێویستی پێیانە، فەزڵ و ڕێزی پێبەخشیوە، دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا تَفۡضِيلٗا﴾ الإسراء: ٧٠. واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە ڕێزمان گرتووە لە نەوەکانی ئادەم، بەسەر دەریا و وشکانیدا، بە هۆکارە جیاوازەکان هەڵمانگرتوون، لە ڕزق و ڕۆزی جوان و تامخۆش و بۆنخۆش بەهرەوەرمان کردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێز و باوی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی زۆری بەدیهێنراوەکاندا).

**هەروەها لەناو زەویدان،** کە خوای گەورە هەموو ڕەگەزەکانی ژیان و ڕاگرەکانی بونیاتنان و داهێنانی پێبەخشیوە، پەروەردگار ئەو زەوییە لەبار و چاکەی بە مرۆڤ

---

(١) سەیری (قصص الحضارة) نوسینی ول دیورانت، ل(١٠/٢)، وەرگێڕانی: بدران، چاپی لیژنەی نوسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە لە کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە.

(٢) سەیری کتێبی (مختصر دراسة التأريخ) نوسینی توینبی ل(١/٩٠-٩٣) بکرێ، چاپی لیژنەی نوسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە لە کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە.

بەخشیوە و فەرمانی پێداوە چاکسازی تێدا بکات، ڕێگریکردووە کاری خراپەی تێدا بکات، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾الأعراف: ٥٦. واتە: (نەکەن فەساد و گوناهو تاوان و گەندەڵی لەسەر زەوی خوادا بەرپا بکەن، دوای ئەوەی خەڵکەکەی ڕووی لە چاکەو ئیمان و چاکسازی کردووە، هەمیشە هەوڵبدەن لە خوای پەروەردگار بپاڕێنەوە و بترسن لە دۆزەخ و لە تۆڵەی، بە ئومێدی بەهەشت و ڕەزامەندیی ئەو زاتە بن، دڵنیاشبن کە ڕەحمەت و سۆزی میهری خوایی لە چاکەخوازانەوە نزیکە). لە هەمانکاتدا باسی ئەو گەندەڵکارانە دەکات کە لە دیدی ئیسلامەوە کەسانی نەفرەتلێکراون، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ ﴾ البقرة: ٢٠٥. واتە: (خۆ ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەوا هەوڵ و کۆشش و تواناکانی خۆیان بەتەواوی دەخەنەگەڕ تا فەسادی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و.... لە زەویدا بەرپا بکەن، تۆوی خراپە بچێنن، بەروبوومی کشتوکاڵ و باخەکان لەنێو ببەن، پاکاوی ڕەگەزی بکەن و خەڵکی بەناحەق لەناوبەرن، بێگومان خوای گەورە حەزی لە فەساد و خراپە و گوناهو تاوان نییە...).

ئیسلام ڕەگەزەکانی ژیار سنوردار ناکات تەنها لە زەویدا، بەڵکو هەموو بەشەکانی تری گەردوونیش وەك خۆر و مانگ و ئەستێرە و گەلەئەستێرەکان و ئەوەی تیایاندایە کە دەستەمۆی کردوون دەخاتە پاڵ زەوی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الجاثية: ١٣. واتە: (هەروەها خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە، هەر هەمووی بۆ ئێوە ڕامهێناوە، جا لە ڕاستیدا لە هەموو ئەو شتانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کە بیردەکەنەوە).

**ڕەگەزی سێیەمیش بریتییە لە بەها ئیسلامییەکان:** لە بواری باوەڕداو بەستنەوەی بە ئاوەدانکردنەوەوە، هەروەها بەها ڕەوشتییەکان و بەهاکانی کارکردن و بونیاتنان، بەهاکانی

ڕێزگرتن لە کات و هیتریش کە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە هەموویان باسبکەین، هەموو ئەو بەهایانە موسڵمانیان بەستووەتەوە بە ژیار و بە بونیاتنانەوە بەو پێیە کە پەرستشە، ئەگەریش بێین بە ڕێگەی بیرکردنەوەو هێنانەوە یاد و بۆ سود وەرگرتن لاپەڕەکانی گەردوون بپشکنین، ئەوا وەك پشکنینی لاپەڕەکانی قورئان پاداشت وەردەگرین و بەشێکە لە بەندایەتیکردن، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ، الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا... ﴾ آل عمران: ١٩٠-١٩١. واتە: (لە ڕاستیدا لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، لە جیاوازی شەو و ڕۆژدا، بەڵگەو نیشانەی زۆر و بێشومار بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند بوونیان هەیە، جا ئەو ژیر هۆشمەندانە بە پێوە، بە دانیشتنەوە، بە ڕاکشانەوە، یادی خوای گەورە دەکەن و هەوڵدەدەن ئەو زاتە مەزن و شکۆمەندە هەرگیز لەیاد نەکەن).

### کاریگەری هەندێ لە بەهاکان لەسەر ژیار

لێرەدا باسی هەندێ لەو بەها ئیسلامییانە دەکەین کە کاریگەریان لەسەر ژیار هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

### * گرنگیدان بە ئەقڵ و بە بیرکردنەوە:

چونکە ئەقڵ هۆکاری جیاکردنەوەی مرۆڤە لە شتانی تری جگە لە خۆی، هەر ئەقڵیشە کە ئەرکی پێسپێردراوە، ئەقڵ ڕێنیشاندەرە بۆ گەیشتن بە خوای گەورە، بەڕێزترین شتە لە مرۆڤدا، لەمبارەیەوە فەرموودەیەکی مورسەل بە سەنەدێکی باش لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە فەرموویەتی: ((**أول ما خلق الله تعالى العقل، فقال له: أقبل، فأقبل، ثم قال له أدبر، فأدبر، ثم قال: وعزتي وجلالي ماخلقت أكرم علي منك، وبك أعطي، وبك أنيب، وبك أعاقب**))[1]. واتە: (یەکەمین شت کە خوای گەورە بەدیهێناوە ئەقڵە، ئینجا فەرموویەتی پێی: وەرە پێشەوە، ئەویش هاتووەتە پێشەوە، پاشان

---

(١) سیوطی لە الدرر دا وتوویەتی: (من ئەسڵێکی چاکم بۆ ئەم فەرموودەیە دۆزییەوە، ئەویش ئەوەیە کە مورسەلێکی سەنەد باشە). بۆ وردەکاری ئەوەی لەبارییەوە هاتووە بڕوانە: (الجامع الأصول) ل(١٨/٤). و (کشف الخفا)، ل(١٤٨/٢).

فەرموویەتی بڕۆرە دواوە، ئەویش چووەتە دواوە، پاشان فەرموویەتی: بە عیزەت و شکۆمەندی زاتی خۆم شتێکم بەدینەهێناوە لە تۆ ڕێزدارتر بێت، بە تۆ شتەکان وەردەگرمەوە، بە تۆیش دەبەخشم، بە تۆ تەوبە وەردەگرم، هەر بە تۆش سزادەدەم).

قورئانی پیرۆز تا ئەوپەڕی گرنگیداوە بە ئەقڵ، بێباوەڕیی و نەزانیی و گومڕایی و بێ ئەقڵی بەستووە بەیەکەوە، هەروەها چوونە دۆزەخ و بێ ئەقڵی بەستووە بەیەکەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا۟ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِىٓ أَصْحَـٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ الملك: ١٠. واتە: (سەرئەنجام دۆزەخیان دەڵێن: بە خوا ئەگەر ئێمە گوێمان بە چاکی لە پەیامەکان بگرتایە و ئەقڵ و بیر و هۆشمان بەکاربهێنایە، ئێستە نەدەبووینە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخ). واتە ئەگەر ئێمە گوێبیستی وەحی دابەزێنراو بووینایە، یان ئەقڵمان پێبشکایەو بیرمان لەم گەردوونە بکردایەتەوە، ئەوا باوەڕمان بەم پەیامەو بە پێداویستییەکانی دەهێنا، ئەوکاتیش نەدەبووینە خەڵکانی ناو دۆزەخ، خوای گەورە لە زیاتر لە ئایەتێکدا کوفر و بێ ئەقڵی بەستووە بەیەکەوە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ الرعد: ٤، النحل١٢[1]. واتە: (بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە ئەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنەکار).

خوای گەورە لە پرسی تێگەیشتن لە نموونەکان و شیکارییان و لە گەیشتن بە ئەنجامەکان بەهەمانشێوە ڕۆڵی گەورەی بە ئەقڵ بەخشیوە، دەفەرموێ: ﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَـٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَـٰلِمُونَ﴾ العنكبوت: ٤٣. واتە: (جا ئێمە ئەم نمونانە دەهێنینەوە بۆ خەڵك، بەڵام تەنها زاناکان لێی تێدەگەن و لە مەرامەکانی حاڵی دەبن).

هەروەها لەم ئایەتەدا دەردەکەوێ کە خوای گەورە ڕۆڵی گەورەی بە ئەقڵ داوە، لە تێڕوانین و سوودوەرگرتن لە گەردوون و بەکارهێنان و ئاوەدانکردنەوەی و بونیاتنانی ژیاردا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ

(١) هەروەها بە لەفزی لە ﴿لَـَٔايَةً﴾ النحل: ٦٧ ، وە بە لەفزی ﴿لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ البقرة: ١٦٤ هاتووە.

ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾ البقرة: ١٦٤. واتە: (بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا، هەروەها جیاوازی شەو و ڕۆژ کە بەشوێن یەکدا دێن کە کورتبوون و درێژبوونیان بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت، هەروەها جیاوازییان لە نیوەی سەروو، نیوەی خوارووی زەویدا، هاتووچۆی کەشتی لە دەریا و زەریا و ڕووبارەکاندا کە هەمووی سودو قازانجە بۆ خەڵکی، هەروەها ئەو ئاوی بارانەی کە بە یاسا و بەرنامەیەکی ڕێك و پێك دەبارێتە سەر زەوی و زیندووی دەکاتەوە دوای مردنی، هەروەها بوونی ئەو هەموو زیندەوەرە بێشومارە سەرسوڕهێنەرە لەسەر زەوی و ناو زەوی و نێو دەریاکاندا کە هەریەکە بەشێوەیەك خزمەت بە ئادەمیزاد دەکەن، هەروەها هاتووچۆی هەوا بە یاسای تایبەت، ئەو هەورەش کە لە نێوان ئاسمان و زەویدایەو لە هەڵی ئاو پێکهاتووە و بارگاوییە و شێوازی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت، بە فەرمانی خوای گەورە لە هەر شوێنێك بیەوێت دەبارێت، بەڕاستی ئەو شتانە هەموویان بەڵگەو نیشانەن بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیریان بخەنەکار و بە چاوی دڵ بڕواننە شتەکان!!).

ڕۆڵی ئەقڵیش بۆ گەیشتن بەو ڕاستییە کە ئاین زەرورەتی ژیانە، دواڕۆژیش لە دنیا چاکترە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿لَقَدۡ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ كِتَٰبٗا فِيهِ ذِكۡرُكُمۡۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾ الأنبياء: ١٠. واتە: (لە ڕاستیدا گومانتان نەبێت کە ئێمە کتێبێکمان بۆ نازڵکردوون کە یاداوەرییەو مایەی سەربەرزییە بۆتان ئەگەر شوێنی بکەون، ئایا ئەوە بیرو هۆشتان ناخەنەکار و عەقڵ بەکارناهێنن و تێنافکرن دەربارەی؟!).

لە قورئانی پیرۆزدا (٤٩) جار لەفزی (ئەقڵ) و هەڵگۆڕاوەکانی دووبارە بووەتەوە، کە باس لە گرنگیێتی ئەقڵ و ڕۆڵی دەکەن لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا، لە بوارەکانی باوەڕ و پەرستش و قیامەت و کردەوەی چاك و ئاوەدانکردنەوەی گەردووندا.

گومانی تێدا نییە پێدانی ئەو ڕۆڵە گەورەیە بە ئەقڵ سودی گەورەی هەیە، ئەویش

لە هاندان بۆ داهێنان و دۆزینەوەو دەستەمۆكردنی گەردوون و ئاوەدانكردنەوەی بەشێوەیەكی زۆر چاك.

مەسەلەی بیركردنەوەش لە گەردوون بۆ گەیشتن بە بەدیهێنەری و كاربەڕێكەری، هەروەها بۆ بیركردنەوە لێی و بەكارهێنان و ئاوەدانكردنەوەی و چاككردنی و سود وەرگرتن لە هەر گەردیلەیەكی: ئەوا فەرزێكی شەرعییە[1]، دەقی زۆرمان لە قورئانی پیرۆز و سوننەتدا هەیە بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستییە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ آل عمران: ١٩١.

قورئانی پیرۆز پێمان دەفەرموێ ئایەتەكان بۆ ئەوە هاتوون تا بیریان لێبكرێتەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ النحل: ٤٤. واتە: (ئەوەتە هەر ئێمە ئەم قورئانەشمان بۆ تۆ نازڵكردووە تا پەیامی خوا بە جوانی ڕابگەیەنیت، ئەم پەیامە بۆ ئەو خەڵكە ڕوونبكەیتەوە كە لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان نازڵكراوە، بەڵكو بیربكەنەوەو تێفكرن). هەروەها دەفەرموێ: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ ص: ٢٩. واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان نازڵكردووە تا ئەو ڕاستیانەی تێدا ڕوونبكەینەوە، تا خەڵكی سەرنجی ئایەتەكانی بدەن و بە قووڵی بیری لێبكەنەوە، تا هۆشمەندو ژیرەكانیش یاداوەری و چێژی ڕۆحی و مەعنەوی لێ وەربگرن). بەڵگە گەردوونی و قورئانییەكانیش بۆیە بە تێروتەسەلی هاتوون تا بیریان لێبكرێتەوە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾یونس: ٢٤. واتە: (ئا بەو شێوەیە پێش ئەوەی ئەو كارەساتە پێش بێت ئێمە ئەم شتانە ڕووندەكەینەوە بۆ كەسانێك تا بیربكەنەوە و تێفكرن).

لە قورئانی پیرۆزدا بە سەدان جار لەفزی بیركردنەوە (تفكر) و هەڵگۆڕراوەكانی، هەروەها تێڕامان (تدبر) و هەڵگۆڕراوەكانی، لەفزی تێگەیشتن (فقه) و هاوشێوەو

(١) مامۆستا عەبباس مەحمود عەققاد كتێبێكی داناوە بەناوی (التفكير فريضة).

هەڵگۆڕراوەکانی هاتوون، چونکە ئەم ئاینە ئاینی زانست و ئەقڵ و فیقە و تێگەیشتن و تێڕامان و بیرکردنەوەیە، گونجاوە لەگەڵ سروشتی پاك و لەگەڵ ئەقڵی ساغ و سەلیمدا، هەرگیز ناکرێ دەقێکی ڕاست و ڕاشکاو دژ بێت بە ئەقڵی ساغ و سەلیم، هەر ئەمەشە کە گشت زانایانی موسڵمان باسیان کردووە.

کەواتە ئەم گرنگیدانە بە بیرکردنەوە پاڵ بە موسڵمانەوە دەنێ بەرەو داهێنان و بەرهەمهێنان، ئەویش لە ڕێگای بیرکردنەوەی قووڵ لە هەر گەردیلەیەك لە گەردیلەکانی گەردوون بە هەموو ئەستێرەکانی کاکێشان و خۆر و گەلەئەستێرەو ئەستێرەکانیشیەوە.

لە لایەکیتریشەوە گرنگیدانی ئیسلام و داواکردنی لە مرۆڤ کە تێڕامان لە قورئانی پیرۆز و لە ئاڵەنگارییەکەی بکات کە هیچ جۆرە کەموکووڕی و دژبەیەکی و جیاوازی تێدا نییە، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر بڕواکردن کە ئیسلام لە خوای گەورەوەیە، ئەقڵی بەدیهێناوەو ئەم قورئانە مەزنەی بۆ ڕەوانەکردووە تا ڕۆشنکەرەوە بێت بۆی، هەروەها توانایی بشکێ بەسەر هەڵسوکەوت لەگەڵ گەردووندا، هەروەها بۆ بەڕێکردنی بەرژەوەندییەکانی لە دنیا و قیامەتدا.

*** ڕۆڵی باوەڕی ئیسلامیی لە بونیاتنانی ژیاردا:**

قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ گەرەنتیان داوە بە ڕاڤەکردنی باوەڕ و بەوەی کە موسڵمان لە زانینی جیهانی نادیار (غیب) پێویستی پێیەتی، ئەویش بە بەڵگەو شتی سەلمێنەری قەناعەتکەر، پاشان ئیسلام فەرمانی بە موسڵمان داوە نەچێتە ناو جیهانی پشتەوەی سروشت (میتافیزیقیا)، بەڵکو ئەقڵ و بیری سەرقاڵبکات بە جیهانی ماددەو و سروشت، لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی چاکسازیدا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کردەوەی چاك و خزمەتکردنی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی گەردوون بێت، موسڵمانانیش پەییان بەو بەرنامە ئەزموونگەرایە برد کە دواتر خۆرئاوا وەریگرت و ژیارە بەهێزەکەی خۆی لەسەری بونیاتنا.

بەم پێیە باوەڕی ئیسلامیی بەم تایبەتمەندییانەی باوەڕێکی جیاکارە، بەوەی کە:

١- دیدگای ڕوونە بۆ هەر شتێك کە مرۆڤ پێویستی پێی هەبێت.

٢- دڵنیایی و دڵئارامی و قەناعەت دەبەخشێ، ئەویش لە ڕێگای باوەڕ بە قەزاو قەدەر.

٣- لەسەر هەقیقەتی خۆیان لە شتەکان تێدەگات.

٤- لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەکاندا ئارامگر و بە جورئەت و ئازایە، داناڕوخێ لەبەردەم کارەساتەکان با تا هەر ئاستێکیش گەورەبن، مرۆڤ هەرگیز ملهوڕی و ستەم و خۆبەزلزانی ناکات با تا هەر ئاستێکیش دنیا بەپیریەوە بێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لِّكَيْلَا تَأْسَوْاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْۗ﴾ الحدید: ٢٣.

هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((عجباً لأمر المؤمن إن أمره كله خير، إن أصابته سرّاء فشكر فكان خيراً له، وإن أصابته ضرّاء فصبر فكان خيراً له، وليس ذلك لغير المؤمن))(١). واتە: (کاری موسڵمان مایەی تێڕامانە کە هەموو کارەکانی خێر و چاکەن، ئەگەر هاتوو تووشی خۆشییەك هات و سوپاسی خوای گەورەی کرد ئەوا دەبێتە خێر و چاکە بۆی، ئەگەریش تووشی خراپەیەك هات و ئارامیگرت لەسەری ئەوا دەبێتە خێر و چاکە بۆی، ئەمەش بۆ جگە لە موسڵمان بۆ کەسیتر نییە).

٥- باوەڕی بە یەکسانی هەیە لە نێوان مرۆڤەکان و جێبەجێکردنی دادپەروەریی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، چونکە پەروەردگاریان یەکە و لە یەك بنەچەوە بەدیهێناون، فەرزیکردووە لەسەریان کاربکەن بۆ بەجێگەیاندنی دادپەروەریی و چاکە بۆ هەمووان.

* بۆچوونی ئیسلام بۆ گەردوون گشتگیرە:

گەردوون بەدیهێنراوی خوای گەورەیە، قورئانیش هەندێ لە وردەکارییەکانی ئەو بەدیهێنانەی باسکردووە کە یەکەمینجار دووکەڵ بووە، پاشانیش ئاو، ئینجا یەك بارستایی و یەك پارچە بووە دوایی جیایکردووەتەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى

(١) موسلیم بە ژمارە (٢٩٩٩) گێڕاویەتەوە، هەروەها ئیبن حیبانیش بە ژمارە (٢٨٩٦) بە سەنەدێکی ڕاست گێڕاویەتەوە.

ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهًا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴾ فصلت: ١١. واتە: (پاشان ئیرادەو ویستی ئەو زاتە ڕووی لە ئاسمان کرد لە کاتێکدا ئەو دووکەڵێکی تایبەت بوو، فەرمانیدا و فەرمووی بەو دووکەڵە و بە زەویش ئێوە بە خواستی خۆتان دێن و فەرمانبەردار دەبن یان بەزۆر و بەناچاری؟! هەردوولا وتیان: پەروەردگارا حەدمان چیە سەرپێچی بکەین، ئێمە واهاتین و هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەرداری تۆین). هەروەها دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٠. واتە: (باشە ئەوە کافر و خوانەناسان بۆیان دەرنەکەوتووە کە ئاسمانەکان و زەوی پێشتر یەك پارچە بوون، هەر ئێمە گەورەمان کردن و بڵاومانکردنەوە و لەیەکمان دوورخستنەوە، هەروەها هەرچی زیندەوەریشە لەئاو بەدیمان هێناوە باشە ئەوانەی کە پەی بەم ڕاستیانە دەبەن هەر باوەڕ ناهێنن؟!). ئەم بەدیهێنراوانەش بۆ ئامانج و مەبەستێك بەدیهێنراون و گاڵتەجاڕی نییە، قورئان دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴾ الأنبياء: ١٦. واتە: (خۆ ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەو شتانەش کە لەنێوانیاندایە بە هەوانتەو بێ مەبەست دروستمان نەکردوون...). ﴿ وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا بَٰطِلٗاۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴾ ص: ٢٧. واتە: (خەڵکینە، دڵنیابن ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەموو دروستکراوانی نێوانیان بە هەوانتەو بێ مەبەست دروست نەکردووە، جا ئەوانەی وابیردەکەنەوە دەچنە ڕیزی کافرانەوە، چونکە ئەوە هەر گومان و بۆچوونی ئەو بێ دینانەیە، هاوار و ئاهوناڵە بۆ کافر و بێباوەڕان لە سەختی و دژواری ئاگری دۆزەخ). ﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴾ المؤمنون: ١١٥. واتە: (باشە خەڵکینە! ئێوە وادەزانن ئێمە هەروا بێ مەبەست و بێ ئامانج ئێوەمان دروستکردووە، دواجار بە ناچاری بۆ لای ئێمە ناگەڕێنەوە؟!).

گەردوونیش بەوپەڕی وردەکاری و بە سیستمێکی ڕێکوپێك و ورد و زۆر توندوتۆڵ و ڕێی ڕۆشن و ڕێناکراو لە هەموو شتێکدا بەدیهاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿صُنۡعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِيٓ أَتۡقَنَ كُلَّ شَيۡءٍۚ إِنَّهُۥ خَبِيرُۢ بِمَا تَفۡعَلُونَ﴾ النمل: ٨٨. واتە: (لە ڕاستیدا هەموو ئەو شتانە دروستکاری ئەو خوایەن کە هەموو شتێکی زۆر بە جوانی و بە ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، لە ڕاستیدا ئەو زاتە تەواو ئاگایە بە هەموو ئەو کار و کردارو ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدەن). ﴿فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ﴾ الطارق: ٥. واتە: (جا بۆ ئەوەی ئادەمیزاد خۆی فەرامۆش نەکات و لەخۆی نەگۆڕێت، خودای گەورە داوای لێدەکات کە با تەماشای سەرەتای دروستبوونی خۆی بکات، تەماشای ئەو ماددەو شتانە بکات کە لێیان دروست بووە). ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٞ فِي ٱلۡمُلۡكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖ فَقَدَّرَهُۥ تَقۡدِيرٗا﴾ الفرقان: ٢. ﴿وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ الأعلى: ٣. ﴿أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ﴾ طه: ٥٠.

بەدڵنیاییی کە بەدیهێنراوەکانیش بۆ بەرژەوەندی و سودی مرۆڤ بەدیهێنراون، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ مَاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمۡۚ قَالُواْ خَيۡرٗا﴾ النحل: ٣٠. ئەم بۆچوونە گشتگیرەش یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ ئاوەدانکردنەوەو داهێنان و بەرهەمهێنان، چونکە زانست و مەعریفە بناغەی داهێنانن، لە لایەکیتریشەوە ئەوا مرۆڤی موسڵمان پێویستی بەوە نییە ئەقڵ و بیری سەرقاڵبکات بە جیهانی نادیارەوە (غیب)، چونکە ئەو زانیاریانەی لەبارەیەوە هاتوون بەسن، لەبەرئەوە تەواوی ئەقڵی و وزەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ماددی، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر ئەقڵی سەرقاڵی جیهانی نادیار بکردایە ئەوا نەیدەتوانی لە جیهانی ماددەدا داهێنان بکات.

* یاسای هۆکارگەریی لە بەدیهێنان و ڕێزگرتن لە ڕێسا گەردوونیەکان:

تەواوی بونەوەر لەسەر یاسای هۆکارگەریی دامەزراوە، خوای بەدیهێنەر دەفەرموێ: ﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ﴾ الطور: ٣٥. واتە: (باشە ئەوانە بۆ بیرنا کەنەوە، ئایا هەر وا لەخۆیانەوە بەبێ بوونی بەدیهێنەر و دروستکراوێك هاتوونەتە کایەوە؟! یان خۆیان، خۆیان دروستکردووە خۆیان بەدیهێناوە؟!). ﴿فَأَتۡبَعَ سَبَبًا﴾ الکهف: ٨٥. واتە: (کار بە هۆکارەکان بکە). ئیسلام هاتووە ئەم یاسایەی لە

چوارچێوەی هاوسەنگی لەگەڵ باوەڕ بە توانایی خوای باڵادەست و ئیرادەی ئەو زاتە بێ هیچ بەریەککەوتن و دژبەیەکییەك جێگیرکردووە، لەبەرئەوە جیاکاری کردووە لە نێوان پشتبەستن کە بە مانای پشتبەستن بە خودا و باوەڕهێنان بە ئیرادەی ئەو و پاشانیش بە هەموو هۆکارە بەردەستەکان، وە نێوان پشتبەستنێکی ناباش کە بە مانای تەمبەڵی و پشتگوێخستنی هۆکارەکان دێت و دەبێتە هۆی شکستخواردن و خەسارەتمەندی.

ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو هەڵسوکەوت و جموجووڵ و فتوحاتەکانیدا لەدوای پشتبەستن بە خوای گەورە پشت دەبەستێت بە هەموو هۆکارە بەردەستەکان، هیچ یەك لەو هۆکارە بەردەستانەی فەرامۆش نەکردووە، لە کۆچکردنی بەرەو مەدینە بەشێوەیەك دەرچوو کە پشتی بە هەموو هۆکارەکانی خۆشاردنەوەو خۆ ونکردن لە قوڕەیش بەست، ئەمەش بەبێ هیچ گومانێك ئەوەمان پێدەڵێ کە دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە شتێکی پێویستە تەنانەت بۆ پێغەمبەرانیش، هەروەها لە جەنگی بەدردا سودی لە خۆریش وەرگرت کە خستییە پشتەوەی خۆی تا کاتێ هەڵدێ بە ئاراستەی چاوی بێباوەڕاندا هەڵبێت، لە جەنگی ئوحودیشدا دوو زرێپۆشی پۆشی[١] ئەمەش وەك دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە، بەم پێییە هەموو ژیننامە پیرۆزەکەی بەرجەستەکردنی ئەو هاوسەنگییە نایاب و قەشەنگە بوو لە نێوان باوەڕ بە خوای گەورەو پشتبەستن پێی و نێوان دەستگرتن بە هۆکارە بەردەستە ڕەواکانەوە[٢].

قورئانی پیرۆز لەپاڵ فەرماندانی بە دەستگرتن بە هۆکارەکان و بە ئامادەکردنی هێز ئەوەندی لەتوانای پێغەمبەر ﷺ و شوێنەکەوتوانیدا بووە، هاتووە ڕێژەی جەنگاوەرانی لە سەرەتاوە دیاریکردووە بە یەك جەنگاوەری موسڵمان بەرانبەر بە دە کەس لە هاوەڵگەران، پاشان ڕێژەکەی کەمکردووەو کردوویەتی بە یەك موسڵمان بەرانبەر بە دوو بێباوەڕ،

---

(١) سەیری کتێبی المستدرك ل(٣/٢٥) بکرێ.

(٢) بۆ شارەزابوون بە وردەکارییەکانی کۆچ و ژیننامەی پیرۆز، سەیری هەموو کتێبەکانی ژیننامە بکرێ بەتایبەتی (ژیننامەی ئیبن ئیسحاق).

﴿ ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًاۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا۟ مِاْئَتَيْنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴾ الأنفال: ٦٦. واتە: (-دوای ماوەیەك خوای گەورە ئەم ئایەتەی نازڵکردووەو ڕووبە ئیمانداران فەرموویەتی-: ئا ئێستە ئیتر خوای گەورە ئەرکی لەسەر کەمکردنەوە، چونکە دەزانێت کە لاوازی ڕووی تێکردوون، لەبەرئەوە ئەگەر سەد کەسی خۆگرتان هەبێت دەرەقەتی دوو سەد کەس -لە خوانەناسان و ستەمکاران دێن- و زاڵدەبن بە سەریاندا، خۆ ئەگەر هەزار کەس بن دەرەقەتی دوو هەزار دێن، ئەویش بەویست و یارمەتی خوای گەورە، خوای گەورەش لەگەڵ خۆگر و ئارامگراندایە). زیاتر لەوەی داوانەکردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگێتی زۆریی و ژمارە بەتەنیشت هێزی مەعنەویەوە.

ئەم باوەڕە کە لەسەر دەستگرتن بە هۆکارەکان بەرپابووە، وای لە موسڵمانان کردووە تەواوی هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی هێز و ژیار و دەستەڵاتی بەتوانا بخەنەگەڕ، پشت نەبەستن بە خەیاڵ و شتە پڕوپووچەکان، تەنانەت لەسەر کەرامەت و موعجیزەکانیش کە ئەگەر هاتوو هاتەڕوو ئەوا فەزڵی خوای گەورە خۆیەتی. موسڵمان بەدرێژایی مێژوویان لە هیچ جەنگێکی سەربازی یان ژیاریدا نەچوونەتە مەیدان کە پشتیان تەنها بە کەرامەت و موعجیزەکان بەستبێ، بەڵکو پشتیان بە خوای گەورەو بە هەموو ئەو هۆکارانە بەستووە کە بەردەستیان بوون، لەبەرئەوە خوای باڵادەست ویستی وەهابوو کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحودا تێکشانێکی سەربازی ببینن، ئەویش کاتێك کە سەرپێچیان لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کرد، ئەو فەرمانە کە پەیوەندی بە دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە بوو، فەرمانی بە تیرئەندازان دا لەسەر کێوی عەینەین دانەبەزن، بەڵام ئەوان فەرمانەکەیان شکاندو دابەزین ئیتر کارەساتەکە ڕوویدا، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَـٰذَاۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ آل عمران: ١٦٥. واتە: (باشە، کاتێك کە بەڵاو پێشهات لە غەزای ئوحودا یەخەی گرتن، بۆچی حەپەسان و سەرتان

سورِما و وتتان: ئەوە بۆچی وامان بە سەرهات ؟! چی بوو بەهۆی ئەم شکستەمان؟! بیرتان چوو کە ئێوە لە غەزای بەدردا بەهۆی پشتیوانی ئێمەوە دوو ئەوەندەتان پێکردن، کەچی ئێستە دەڵێن: ئەوە لە کوێوە ئەمەمان بەسەر هات؟! ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: هۆی ڕوودانی ئەو شکستە هەر خۆتان بوون، جا دڵنیابن کە خوای گەورە دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

گرنگی ئەم هۆکارانە ئەوەمان پێدەڵێ کە موسڵمانان توانیان بەویستی خوای باڵادەست ژیارێکی نایاب و جوان لەماوەی دوو سەدەدا بەجێبگەیەنن، نوسەرانیش شایەتی دەدەن بە پێشکەوتن و داهێنانەکانی.

* بەهای مانەوەو لەناوچوون:

باوەڕدار ئەوە دەزانێ کە با جەستەیشی لەناو بچێت، هەر بە ڕۆح و بە کردەوەکانی کەسێکی نەمر و زیندووە، دنیاش مەزرەعەی قیامەتە، پێویستە وەها کار بۆ دنیا کەی بکات وابزانێ بە هەمیشەیی تیایدا دەبێت، وەها کاریش بۆ ڕۆژی دوایی بکات وابزانێ سبەینێ دەمرێ، بەمجۆرەش هاوسەنگی لە نێوان دنیاو قیامەتیدا دروستدەکات، هەروەها باوەڕی وایە کە لە ڕۆژی دواییدا جگە لە کردەوە باش و بەردەوامەکان و خێرو بەخشینەکانی ئیتر هیچ شتێك سودی بۆی نابێت، لەبەرئەوە دنیا جێناهێڵێ هەتا جێگەدەست و شوێنەواری باشی تیدا جێنەهێڵێ، وەك زانست و ئاوەدانکردنەوە تا لە دنیاو قیامەتدا شایەتی بۆ بدەن، ئەوەش بە پیشەنگی پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) کە لە پەروەردگاری پاڕایەوەو فەرمووی: ﴿وَٱجۡعَل لِّي لِسَانَ صِدۡقٖ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ ﴾ الشعراء: ٨٤. واتە: بە ناوبردنێکی هەستیی، واتە: تەوفیقم بدە شوێنەوارێکی سودمەند و چاك جێبهێڵم کە خەڵکی لەدوای خۆم بە چاکە باسم بکەن، ئەوەش کاتێك بوو کە کەعبەی پیرۆز و مزگەوتی ئەقصای بونیاتنا، کە بەهۆیانەوە هەموو باوەڕداران باسی چاکەی دەکەن.

## تێڕوانینی ئیسلام بۆ ژیارەکان

ئیسلام بەو چاوە دەڕوانێتە ژیارەکان کە هەموویان کەلەپوری مرۆیین، ڕەگەزەکانی چاکەو خراپە، بونیاتنان و وێرانکردن، سود و زیان، هەروەها کردەوە چاك و خراپەکانیان تێدایە.

ئوممەتی ئیسلامیش بەرپرس نییە لەوەی لە ئوممەتانی پێشوتردا ڕوویداوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ البقرة: ١٣٤. واتە: (ئا ئەوانە کەسانێکن کە ڕابوردن -بە ئیمان و باوەڕی پاك و بێگەردەوە دنیایان بەجێهێشت-، هەرچی کارو کردەوەیەکی چاك هەبوو بۆ خۆیان دەستەبەریان کرد، بێگومان سودی هەر بۆ خۆیانە، ئێوەش هەرچی دەکەن لە کارو کردەوەی چاك سودەکەی هەر بۆ خۆتانە، ئێوە پرسیارتان لێنا کرێت دەربارەی کارو کردەوەی ئەوان. واتە ئەگەر ئەوان ناتەواوی و کەم و کوڕییەکیان هەبوو بێت ئەوە ئێوە بەرپرس نین لە کارو کردەوەکانی ئەوان، بەڵکو هەر کەسە بەرپرسیارە لە کارو کردەوەی خۆی). بەڵکو ئوممەتی ئیسلامی داوای لێدەکرێ ئەوەی کە لەواندا چاکەیە وەریبگرێ، ئەوەندەی لەتوانایدایە زیادەی بخاتەسەر، تا ڕۆڵی ڕابەرایەتی و پێشەوایەتی و توانای لەسەر بونیاتنان و هێز پەیدا کردن و دەستەڵات هەبێت.

کەواتە داوا لە موسڵمانان دەکرێ باشترین گوفتار و کردار و کەلەپور و زانست و ژیار وەربگرن: ((چونکە حیکمەت ئەو شتە بەنرخەیە کە خواستی باوەڕدارە، کەواتە لە هەرکوێ دۆزییەوە لە هەموو کەس هەقدارتر و لەپێشترە پێی))[١].

قورئانی پیرۆز بیست جار وشەی (حیکمەت)ی دووبارەکردووەتەوە، بەم پێیە فێربوونی حیکمەتی کردووەتە یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی پێغەمبەر ﷺ، خوای بالادەست دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴾ الجمعة: ٢. واتە:

(١) ئەم فەرموودەیە بە مەرفوعی و مەوقوفی گێڕدراوەتەوە.

(هەر ئەو زاتە خۆی لەنێو خەڵکێکی نەخوێندەواردا، کەسێکی لە خۆیان هەڵبژاردوو کردی بە پێغەمبەر و ڕابەریان، زۆر بە جوانی ئایەتەکانی قورئانی بۆ دەخوێندنەوە، هەوڵیدەدا کە دڵ و دەروون و کردار و گوفتاریان خاوێن و جوان بکات, هەروەها فێری قورئان و دانایی و شەریعەت و بانگەواز و خۆڕاگریان بکات، هەرچەندە ئەوان پێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواوی و سەرگەردانی و ستەمێکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو). ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ البقرة: ٢٦٩.

حیکمەتیشی کردووەتە گەورەترینی نیعمەتەکان لەسەر پێغەمبەر ﷺ، دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا﴾ النساء: ١١٣. واتە: (بێگومان ئەگەر فەزڵ و قەدر و ڕێزی خوای گەورە و سۆز و میهری ئەو زاتە نەبوایە، خەریك بوو هەندێ لە دووڕووەکان چەواشەت بکەن، هەرچەندە هەر خۆیان چەواشە و سەرلێشێواو دەکەن، بێگومان ناشتوانن هیچ زەرەر و زیانێك لە تۆ بدەن، جا خوای گەورە ئەم کتێبەی بۆ نازڵکردوویت هاوڕێ لەگەڵ بەخشینی حیکمەت و داناییدا، هەروەها هەندێ شتی فێرکردوویت کە جاران نەتدەزانی، بێگومان فەزڵ و ڕێزی خوای گەورە بۆ تۆ بێ وێنە و بێسنورە).

خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ و بە بانگخوازان داوە کە بانگەوازەکەیان لەسەر حیکمەت بەرپا بکەن، دەفەرموێ: ﴿ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ﴾ النحل: ١٢٥. واتە: (بانگەواز بکە بۆ ڕێباز و ئاین و بەرنامەی پەروەردگارت، بە حیکمەت و داناییەوە، هەروەها بە شێوازی ئامۆژگاریی جوان و بەجێ).

خوای تەعالا حیکمەت و مانەوەی دەسەڵات و توندوتۆڵکردنی حوکمەکانی و هێز و پەرەپێدانی بەستووە بەیەکەوە، دەربارەی پێغەمبەر داود (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێ: ﴿وَشَدَدْنَا مُلْكَهُۥ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحِكْمَةَ وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ﴾ ص: ٢٠. واتە: (هەروەها ئێمە دەسەڵاتیمان تۆکمە کردوو و حیکمەت و داناییمان پێبەخشی، کردمانە خاوەنی بڕیاری پەسەند و یەکلاکەرەوە لە چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکاندا).

تەنانەت ناوی (حەکیم)ی کردووەتە یەکێك لە ناو و سیفەتە پیرۆزەکانی زاتی خۆی، قورئانی پیرۆزیش زیاتر لە سەد جار ئەم ناوەی دووبارە کردووەتەوە.

موسڵمانان لەم پێگەیەوە هەوڵی گەورەیان داوە، بۆ وەرگێڕانی کەلەپوری ئیغریقی و یۆنانی و فارسی و هیندی بۆ زمانی عەرەبی سەروەت و سامانی زۆریان خەرجکردووە، تەنانەت دەگێڕنەوە کە خەلیفە مەئمون هەر دەستنوسێکی کێشاوە بە ئاڵتوندا، لەپێناویدا بە قورسایی خۆی ئاڵتونی بەخشیوە بە نوسەرەکەی، جێنشینان و والییەکان زۆر شانازییان کردووە بە زۆری کتێب لە کتێبخانەکانیاندا، ئەمە بە ئاستێ بووە کە دۆلابی کتێبەکان لە میصر کتێبەکانی یەزدجوردی پادشای فارسی تێدابووە، هەروەها کتێبخانەی خەلیفە عەزیز (لە میصر لە ساڵی ٣٨٦ك/٩٩٦ز) شەش سەد هەزار کتێبی تێدا بووە، حەکەم فەرمانڕەوای ئەندەلوسیش تەنها لیستی پێڕستی کتێبخانەکەی پێکهاتبوو لە چل و چوار بەرگ، لیستی پێڕستی کتێبەکانی صاحیب کوڕی عەبباد (٣٨٤ك/٩٩٤ز مردووە) لەناو دە بەرگی قەبارە گەورەدا بووە، جگە لە ناوی کتێبەکان ئیتر هیچ جۆرە نوسینێك لەسەریان بوونی نەبووە، مامۆستا ئادەم میتز زۆری ئەم کتێبانە بەراورد دەکات بە کەمی کتێب لە کەنیسەکانی خۆرئاوادا، دەڵێت: (با بۆ بەراوردکردن باسی هەندێ لە گەنجینەی کتێبەکان لە خۆرئاوا بکەین: کتێبخانەی کاتدرائی شاری کنستانز لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا تەنها سێسەد و پەنجاو شەش کتێ تێدا بووە، کتێبخانەی دیر بەندکتیین لە ساڵی (١٠٣٢ز) تەنها سەد کتێب و کەمێك زیاتری تێدابووە، دۆلابەکانی کاتدرائی شاری بامبرج لە ساڵی (١١٣٠ز) تەنها نەوەد و شەش کتێبی تێدابووە)[1].

خوای گەورە فەرمانی بە موسڵمانان داوە سود لە ژیار و مێژووی ئوممەتە پێشووەکان و ئەوەی کە جێیانهێشتووە وەربگرن، هەروەها ئەو ئەنجامانەش کە سەریان لێیانەوە دەرچووە، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز باسی زۆرێك لە بەسەرهاتی ئوممەتان و گەلانمان بۆ دەکات، پاشان فەرمان بە موسڵمانان دەکات پەند و ئامۆژگاری و وانە و سود لە هەموو

(١) سەیری کتێبی (الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري)، وەرگێڕانی: موحەممەد عەبدولهادی ئەبو ڕیدە، چاپی، دار الكتاب العربي، بيروت (١٩٦٧ز) ل(٣٢٢-٣٢٣).

ئەو کەلەپورەیان وەربگرن کە ئەنجامیانداوە، دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ یوسف: ١١١. پەروەردگارمان فەرمانمان پێدەکات بگەڕێین بە زەویدا تا سەیری شوێنەواری ئەو قەوم و نەتەوانە بکەین، دفەرموێ: ﴿قُلْ سِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴾ الأنعام: ١١.

قورئانی پیرۆز گوتەی نەمر و جوانی کەسانێکی تۆمار کردووە، تەنانەت ئەگەر موسڵمانیش نەبووبن یان هەر باوەڕیشیان بە خوای گەورە نەبووبێت، ئەوەتا قورئان گوتەی خێزانەکەی عەزیزی میصری تۆمارکردووە کە قورئان دەفەرموێ وتوویەتی: ﴿إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ﴾ یوسف: ٥٣. هەروەها گوتەی شاژنەکەی سبأ کە وتوویەتی: ﴿إِنَّ ٱلْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهْلِهَآ أَذِلَّةً ۖ وَكَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ﴾ النمل: ٣٤. واتە: (-بەلقیس وتی-: لە ڕاستیدا ئەوەی من دڵنیام لێی، ئەوەیە کە لەشکری پادشاکان چووبنە هەر مەملەکەت و شار و دێیەك کاولیان کردووە، ستەمیان لە خەڵك کردووە و سوکایەتیان بە خەڵکی ڕێزدار کردووە، هەمیشە بە درێژایی مێژوو هەر وایانکردووە و وایش دەکەن.....).

ئیسلام دەستکۆتا نابێت تەنها بە دەستگرتن و وەرگرتنی هۆکارەکان و ئەنجامدانی کارەکان، بەڵکو داوای وردەکاریی و ڕێکوپێکی و پەرەپێدان دەکات، بەرمەبنای ئەوە کە هەر وەستانێك واتە دوا کەوتن و پاشەکشەکردن، ئەوەش وەك ڕاپەڕاندنێ بۆ گوفتاری پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ﴾ المدثر: ٣٧. واتە: (جا ئیتر ئەوەی دەیەوێت با سود لەم ئازادییە وەربگرێت و توێشووی زۆر بخات، لە بواری دینداری و خواناسیدا خۆی لە ڕیزەکانی پێشەوە تۆمار بکات، هەروەها ئازادە، با تەمبەڵی و کەمتەرخەمی و بێ موبالاتی بکاتە پیشەی خۆی تا لە هاوەڵانی و لە کاروان دوابکەوێت، بێگومان لە داهاتوودا زۆر پەشیمان دەبێتەوە.....). نەیفەرمووە (یان بوەستێ) چونکە وەستان خودی دوا کەوتنە. ئیسلام لە هەمانکاتدا دەستکۆتا نابێت تەنها بە ئەنجامدانی کاری چاك بەڵکو دەبێت چاکترین کار بێت، دەستگرتن

بە چاکترینی ئەو شتانەوە کە دەیانبیستێ: ﴿فَبَشِّرۡ عِبَادِ ، ٱلَّذِينَ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقَوۡلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحۡسَنَهُۥٓ﴾ الزمر: ١٧ - ١٨ واتە: (دە مژدە بدە بە بەندە ڕێزدارەکانم ...ئەوانەی کە هەر کات گوێبیستی قسە و گوفتار دەبن، پەیڕەوی لە جوانترین و چاکترین و پەسەندترینی دەکەن، ئا ئەوانە دیارە کە خوای گەورە هیدایەتیداون، ژیر و هۆشمەندەکان هەر ئەوانیشن). هەروەها ئەنجامدانی مشتومڕ بە باشترین شێوە: ﴿وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ النحل: ١٢٥. ئەوەش بۆ دەرکەوتنی باشترین کردەوە: ﴿لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗا﴾ هود: ٠٧. هەروەها بۆ باشترین پاداشت: ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ النحل: ٠٩٧. واتە: (هەر کەس کارو کردەوەی چاك ئەنجامبدات، لە کاتێکدا کە ئیماندارێکی باوەڕ دامەزراوە، ئەوە هەر لە دنیادا ژیانێکی ئاسودەیی پێدەبەخشین و دڵخۆشی دەکەین، بێگومان پاداشتی ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەتدا بە گوێرەی چاکترین ئەو کردەوانەیان دەبێت کە کاتی خۆی لە دنیادا ئەنجامیان داوە). هەروەها بە باشترین گوفتاریش: ﴿وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ ٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ﴾ الإسراء: ٠٥٣. قەناعەت پێکردنیش بە باشترین شێوە: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ المؤمنون: ٠٩٦. هەروەها فەرزی شوێنکەوتنی چاکترین: ﴿وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۚ﴾ الزمر: ٥٥. فەرزی دەستگرتنیش بە چاکترینەوە: ﴿وَأۡمُرۡ قَوۡمَكَ يَأۡخُذُواْ بِأَحۡسَنِهَاۚ﴾ الأعراف: ١٤٥. واتە: (فەرمان بدە بە قەومەکەشت با پەیڕەوی چاکترینی بکەن...).

ڕوونە کە وشەی چاکترین و باشترین (أحسن) لە زمانی عەرەبیدا بە شێوازی فەزڵ پێدان هاتووە، واتە باشترین و چاکترین جۆرەکانی، ئەم شێوازەش بە مانای وەستان نییە تەنها لە سنورێکی دیاریکراودا، کەواتە لەوانەیە ئەوەی لە ئەمڕۆدا چاکترین و باشترین بێت سبەینێ وەها نەبێت، لەبەرئەوە پێویستە بەردەوام بەدواداچوون بۆ باشترین و چاکترین بکرێ، بەجۆرێ ئەم ئوممەتە لە هەموو مەسەلەکاندا لە باشترین و چاکترین باردا بێت، ئەمەش بەو واتایەیە کە دەبێت ئەم ئوممەتە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە

بەرهەمهێنان و داهێنان و خزمەتگوزاریدا لە پێشەوەی ئوممەتان و گەلانەوە بێت.

ئیسلام باوەڕی بە میراتگریی هەیە، واتە ئوممەت هەستێت بە ڕادەستکردنی هەموو ئەوەی کە هەیەتی بە نەوەکانی داهاتوو، بەهەمانشێوە فەرزی دەکات بەسەر شوێنکەوتووانیدا کە دەبێت هەموو زانستەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ هەمووان بێت، نەکەن لە کەسی بگرنەوە هەروەك لە فەرموودەی زۆردا هاتووە.

دواجار دەبێ بزانرێ کە ئیسلام دژی گەندەڵییە، لەگەڵ چاکسازیدایە، هەر بۆیە هەموو ئەو فاکتەرانەی قەدەغەکردووە کە دەبنە هۆی ڕوخانی ژیارەکان، لە بەرانبەریشەوە چاکسازی فەرزکردووە، ئەمەش دروشمی هەموو پێغەمبەران بووە: ﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ﴾ هود: ٨٨. واتە: (شوعەیب وتی: من چەندە بتوانم تەنها چاکسازیم دەوێت لە ێوە، پشت و پەناو سەرکەوتنم تەنها بە دەست خوایە، داوای یارمەتی هەر لەو زاتە دەکەم و سەرئەنجام هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە).

## ڕۆڵی ژیاری ئیسلامی لەسەر ژیارە دواییەکان

فەیلەسوفی ناسراو ڕۆجیە غارودی ڕۆڵی ژیاری ئیسلامی لەسەر ژیارە دواییەکان ڕوونکردووەتەوە، وتوویەتی کاتێك قەشەی فەڕەنسی (جەربیر) ڕۆیشتووە بۆ زانکۆی قورتوبە بۆ خوێندن، دوای ئەوە کە زانستێکی گەورەی بەدەستهێناوە گەڕاوەتەوە، تۆمەتی دراوەتە پاڵ گوایا لە شەیتان زاناترە، پاشان بووەتە پاپا بەناوی (سلفستەری دووەم)، وتوویەتی ژیاری خۆرئاوا لە بوارەکانی پزیشکی و ماتماتیك و جەبر و زانستی عەدەسەو فەلسەفەو لۆژیك و هیتریشدا قەرزاری زانستە ئیسلامییەکانە. زانکۆ ئەورووپییەکان لە فەڕەنسا و بەریتانیا، لە سەدەی شازدەیەم لە فەڕەنسا و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمیش لە بەریتانیا کتێبەکانی ڕازی و ئیبن ڕوشد و ئیبن هەیسەم و هیتریشیان لە زانا موسڵمانەکان دەخوێند[1].

(١) سەیری کتێبی (لماذا أسلمت؟) نوسینی ڕۆجیە غارودی، چاپی، کتێبخانەی قورئان ل(٧٧-٧٩)، ئامادەکردنی: موحەممەد عوسمان خەشەب.

سود وەرگرتنی خۆرئاوا لە موسڵمانان تەنها لەلایەنی تیۆریەوە نەبووە، بەڵكو سودی وەرگرتووە لە زانستەكانی ڕوانگەو نەخشەكان، هەروەها دۆزینەوەی ژمارە عەرەبییەكان و سفر و مادده كیمیاییەكان و دەرمانسازیی و پیشەسازی و هیتریش.

لە بواری زانستە مرۆییەكانیشدا ڕۆجیە غارودی باسی ئیبن خەلدون دەكات كە داهێنەری چەمكی زانستییە لەسەر مێژوو و زانستی كۆمەڵناسی، ئەقڵگیریش نییە ئەم كەسایەتییە هەروا لە بۆشەوە هاتبێ، بەڵكو بەڵگەیە لەسەر گەشەی هزری ئیسلامی لە بواری زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە چەرخی خۆیدا[١].

غارودی دەڵێ زانستەكان لە ئەوروپا سڕكران، چونكە كەنیسە گومانی بەرانبەر بە سروشت هەبووە، پێیوابووە كە دەبێتە هۆی دووركەوتنەوە لە خوا، بەمجۆرەش زانستەكان بەدرێژایی مێژووی خۆیان لەلایەن كەنیسەوە دژایەتی كراون، بەڵام زانست لە ئیسلامدا لە پێگەی پرەنسیپی یەكتاپەرستییەوە هەنگاوینەوە، چونكە هیچ بوارێك نییە بۆ جیاكردنەوەی نێوان سروشت و زانستی كەلام و عەقیدەناسی و فەلسەفەو هونەرە جۆراو جۆرەكان و نێوان پەیامی مزگەوت و قوتابخانە، زانكۆكانی قەرەویین لە فاس، زەیتونە لە تونس، ئەزهەر لە قاهیرە، سەمەرقەند و قورتوبە، مەشخەڵی ڕووناككەرەوەو تیشكدەر بوون نەك تەنها بە جیهانی ئیسلامی، بەڵكو بۆ ئەوروپاش كە كاریگەر بووە پێیان، هەر بۆیە لەسەر شێوەی كۆلێژە پزیشكییە ئیسلامییەكان، كۆلێژی پزیشكیی لە سالۆنیا لە ئیتالیا، لە مۆمبالیە لە فەڕەنسا دامەزراون.

لە بواری ماتماتیكیشدا، ئەوا بەشداری موسڵمانان لە هەستانەوەو بوژانەوەی ئەوروپا بەشدارییەكی گەورە بووە، یارمەتیدەر بوون بۆ گەشەدان بە زانستی حیساب و جەبر، باشترین بەڵگەش ئەم ژمارانەن (٤٤٤٤) كە بەمشێوەیە نوسراون (FILKSSS M MMM)، ئەوەش زۆر زەحمەت بووە كە كردارێكی حیسابی یان جەبری بەم هێمایانە ئەنجامبدرێ[٢].

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٩٦-٩٧).

پشکی زانستی کۆمەڵناسیش کەمتر نەبووە لە زانستەکانی تر، ئیبن خەلدون ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گەڵاڵەکردنی بنەما زانستییەکانیدا، زانا موسڵمانەکان لە بواری فەلەکناسیدا بەهەمانشێوە پێش زانا یۆنانییەکان کەوتوون، ئیتر لە بواری سەرنجدان یان پێوانەگیریدا بووبێت چوونیەکە، هەروەها کاریان کردووە بۆ گەشەدان بە زانستی جوگرافیا و ماتماتیك.

# بەشی دووەم

# میانڕەویی و هەوڵدان بۆی لە سەردەمی فیتنەدا

## - پێناسەی میانڕەویی

## - دەستنیشانی زاراوەکان لە نێوان میانڕەویی و هاوسەنگیی و دادگەریی و حیکمەتدا

### پێناسەی میانڕەویی

**مانای میانڕەویی (الوسطية) لە زمانەوانیدا:** دەدرێتە پاڵ (وَسَط) بە دانانی سەرە لەسەر سینەکە، بە مانا خاڵی ناوەڕاست نێوان دوو لای شتێك، هەروەها بە مانای مامناوەندیی و بژاردە دێت، وشەی (وسْط) بە دانانی زەنّە لەسەر سینەکە، واتە چووەتە نێوانەوە، یان دەوترێ کەوتە نێوان و شتەکەی کردە دوو نیوەی یەکسان، بەکارهێنانی تریشی هەیە[1].

### میانڕەویی لە قورئانی پیرۆزدا

لەفزی (الوسط) لە چوار ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، بە لەفزی (وَسَطاً) لەم فەموودەیەی پەروەردگاردا هاتووە: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ﴾ البقرة: ١٤٣. واتە: (هەروەها ئێوەمان کردووەتە ئومەتێکی میانڕەو -لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستییەوە، لە ڕووی دنیا و قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازییەکانی ڕۆح و نەفسەوە....-، تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە و بۆیان ڕوون بێت، هەروەها بۆ ئەوەش کە پێغەمبەر

(١) سەیری (القاموس المحيط، ولسان العرب) بکرێ، وشەی (وسط)، هەروەها سەیری: توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی دەربارەی میانڕەویی کە لە لەندەن لە (٢٨-٣٠ ڕەبیعی دووەمی ١٤٢٧ك/٢٦-٢٨مایس ٢٠٠٦ز) گرێدراوە. هەروەها پێگەی فەرمی جەنابی پ. د. یوسف قەرەزاوی، وە د. سەعدەدین عوسمانی: (المنهج الوسطي في التعامل مع السنة النبوية المطهرة)، بڵاوکراوەی کۆڕبەندی جیهانیی بۆ میانڕەویی، زنجیرەی هزری میانڕەویی (٣٤)، هەروەها گۆڤاری یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان ژمارە ١ تایبەت بە میانڕەویی و ئاڵەنگارییەکانی سەردەم، هەروەها ئەندازیار مەروان فاعوری: (ملامح في مواجهة الغلو فكرياً وعملياً) توێژینەوەیەکە پێشکەش کراوە بە سەنتەری میانڕەویی لە کوەیت.

ﷺ شایەتی بدات کە دڵسۆزانی ئوممەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون). هەروەها بە لەفزی (أوسط) لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە: ﴿فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ﴾ المائدة: ٨٩. واتە: (جا کەفارەتی ئەو جۆرە سوێندانە، نان و خۆرا کدانە بە دە کەسی هەژار بەو ئەندازەیە کە بۆ ژەمە خۆرا کێکی ماماوەند بۆ خاوخێزانی خۆتان سەرفی دەکەن). واتە ماماوەند لە نێوان گران و هەرزاندا، لە مەسەلەی زەکاتدانیشدا شەرع هەر ئەم برە ماماوەندەی داناوە لە نێوان زۆری گران و نێوان کەمی بێبەهادا، هەروەها لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿قَالَ أَوۡسَطُهُمۡ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ لَوۡلَا تُسَبِّحُونَ﴾ القلم: ٢٨. واتە: (ناوەنجیەکەیان کە لە هەموویان ژیرتر بوو وتی: من پێمنەوتن سوپاس و ستایشی خوابکەن و هەژاران بێبەش مەکەن!). واتە نمونەترین و دادپەروەرترین و ژیرمەندترینیان بوو[١]. هەروەها لەم فەرموودەی خوای گەورەدا کە دەفەرموێ: ﴿حَـٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ﴾ البقرة: ٢٣٨. واتە: (بەردەوام هەوڵبدەن پارێزگاری لە نوێژەکان بکەن، لە کاتی خۆیاندا بە ڕێکوپێکی ئەنجامیان بدەن، بەتایبەتی نوێژی ناوەند، هەوڵبدەن هەمیشە و بەردەوام فەرمانەکانی خوا ئەنجام بدەن، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە بە ملکەچیەوە بەردەوام هەوڵبدەن). کە بریتییە لە نوێژی عەسر، چونکە دەکەوێتە نێوان نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی مەغریب، یان نێوان نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و نێوان نوێژی مەغریب و عیشا[٢]، هەروەها بە لەفزی (وسطن) کە لەم فەرموودەی خوای گەورەدایە: ﴿فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا﴾ العاديات: ٥

لەفزی (وسط) و هەڵگۆزراوەکانی لە سوننەتی پێغەمبەریشدا ﷺ لەو مانایانەی قورئانی پیرۆز و مانا زمانەوانییەکەی دەرناچێ[٣].

---

(١) سەیری (تەفسیری بەغەوی) ل(٢٣٩/١)، هەروەها (المجموع)ی نەوەوی ل(٦١/٣) بکرێ.

(٢) سەیری (تەفسیر قورتوبی) ل(٢٢٧/١٨) بکرێ.

(٢) لەوانەش فەرمودەی: ((إذا سألتم فأسألوه الفردوس، فإنه أوسط الجنة أو أعلى الجنة)). بوخاری بە ژمارە (٥٠٤١) گێڕاویەتەوە، هەروەها بوخاری بە سەنەدی خۆی بە ژمارە (٦٤١٧) لە ئیبن مەسعودە گێڕاویەتەوە کە وتویەتی: ((خط النبي ﷺ خطاً مربعاً، وخط خطاً في الوسط...)).

## ئوممەتی مامناوەند

بە تێڕوانین لەو چوار ئایەتەی باسمانکردن، ئەوا ئەوەیان کە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە بریتییە لەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾البقرة: ١٤٣. تەبەری وتوویەتی: (وادەبینم خوای گەورە کە باسیکردووە بەوە وەسفیان دەکات (مامناوەند-میانڕەو-) بن، بەو پێیە کە مامناوەندن لە ئایندا، نە لەو کەسانەن کە زیادەڕۆیی دەکەن وەك مەسیحییەکان کە لە ترسدا زیادەڕۆییان کردووە.. نە لەوانەشن کە کەمتەرخەمن وەك کەمتەرخەمی جولەکە ئەوانەی کە پەڕاوی خوایان گۆڕیوە، پێغەمبەرانیان کوشتووە و بەناوی خواوە درۆیان کرد و بێباوەڕ بوون پێی.. بەڵام -موسڵمانان- خەڵکانی مامناوەند و میانڕەون، خوای گەورەش بەو وەسفە وەسفیان دەکات، چونکە خۆشەویسترینی مەسەلەکان لای خوا ئەوەیانە کە مامناوەندە)[1]. پاشان وتراوە کە دادگەریی یەکێکە لە ماناکانی، لە ئەبو سەعیدی خودری، ئەبو هورەیرە، ئیبن عەبباس، موجاهید، قەتادە، ڕەبیع، ئیبن عەبدوالله، ئیبن کەسیر، لە ئیبن زەیدەوە، کە بە سەنەدی خۆی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتەوە کە تەفسیری وشەی وسگ لە ئایەتەکەدا بە مانای (مامناوەندی دادگەر-الوسط العدل-)[2] هاتووە. هەروەها گێڕدراوەتەوە کە بە مانای چاکترین و باشترین ڕاڤەکراوە، فەرموویەتی: ((الوسط ههنا: الخيار والأجود)). واتە: (مامناوەند لێرەدا بە مانای: چاکترین و باشترین دێت). هەروەها گێڕدراوەتەوە کە بە مانای دادگەریی دێت[3].

**پێشەوا ڕازی وتوویەتی:** (لە ڕاڤەی میانڕەویدا ڕاجیاواز بوون، چەندین مەسەلەیان باسکردووە، یەکێکیان: بریتییە لەوە کە میانڕەویی واتە دادگەریی، بەڵگەش لەسەری ئایەت و فەرموودەیە، شیعر و دەقی گوازراوەیە.. پاشان ئەو بەڵگانەی هێناوە،

(١) سەیری (تەفسیری تەبەری) ل(٣/١٤٢-١٤٣) بکرێ.
(٢) سەیری (تەفسیری ئیبن کەسیر) ل(١/٤٥٣) بکرێ.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.

دووەمیان: دادگەریی بۆیە ناونراوە میانڕەویی چونکە لایەنگریی هیچ یەك لە دوو کەسە ناکۆکەکە ناکات)، ئینجا چەند مانایەکی تری هێناوە ئەوانیش مامناوەندی و باشترینی باشترینەکانە، هەروەها مامناوەندی لە نێوان زیادەڕۆیی و شلگیریدا، پاشان وتوویەتی: (ئەووەش بزانە کە ئەم گوتانە لە ماناداا لەیەکەوە نزیکن و دژ بەیەك نین)[1].

**(في ظلال القرآن) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ:** (ئەوە ئوممەتی میانڕەوە کە دەبێتە شایەت لەسەر هەموو خەڵکی، دادگەریی و دادپەروەریی لە نێوانیاندا بەرپا دەکات، میزان و بەهاکانیان بۆ دادەنێ و ڕای خۆی لەسەریان ڕووندەکاتەوە، بەمجۆرە دەبێتە ڕای متمانەپێکراو، بەها و بۆچوون و داب و نەریت و دروشمەکانیان هەڵدەسەنگێنێ و ڕای خۆی لەبارەیانە دەڵێ، ئینجا پێیان دەڵێ کە: ئەووەیان ڕاستەو ئەووەیان ناڕاستە. نەك ئەو ئوممەتە بێت کە لە خەڵکییەوە بۆچوون و بەها و کێشانەکانی خۆی وەربگرێ. بەڵکو ئوممەتێکە دەبێتە شایەت لەسەر خەڵکی، پێگەی دادوەری و دادگەری هەیە لە نێوانیاندا. جا لە کاتێکدا ئوممەت بەمجۆرە شایەتی لەسەر خەڵکی دەدات، ئەوا پێغەمبەریش ﷺ شایەتی بۆ ئەویش دەدات، بڕیار لەسەر میزان و بەهاکانی دەدات و حوکمدەدات بەسەر کردەوەکان و داب و نەریتەکانیدا، هەرچی لێیەوە دەربکەوێ بە میزانی ڕاست دەیکێشێ، ئینجا لەبارەیەوە کۆتا گوتەی خۆی دەڵێ..

ئا بەمجۆرە ڕاستێتی ئەم ئوممەتە و ئەرکەکانی دیاری دەکرێن.. تا بناسێنرێ و هەست بە گەورەییەکەی بکرێ.. تا ڕێز لە ڕۆڵی خۆی بگرێ، تا ئامادەباشێکی شیاو هەبێت..

بەڕاستی ئەو ئوممەتە بە هەموو واتاکانی میانڕەویی ئوممەتی میانڕەوە، ئیتر میانڕەویی بە مانای باش و چاك بێت، یان میانڕەویی بە مانای دادگەریی و دادپەروەری بێت، یان مامناوەند بە مانا ماددیە هەستییەکەی بێت..

**ئوممەتی ئیسلام لە بۆچوون و باوەڕدا (ئوممەتی مامناوەندە):** نە لە لایەنی ڕۆحیدا زیادەڕۆیی دەکات و نە نوقمی لایەنی ماددی دەبێت. بەڵکو شوێنکەوتەی ئەو سروشتەیە

---

(١) سەیری (تەفسیر ڕازی) ل٤/٨٩-٩٥)، هەروەها (تەفسیری التحریر والتنویر) ل(١٥٠٢١/٢) بکرێ.

کە خۆی لە ڕۆحێکدا وێنا دەکات و بەرگی جەستەی پۆشیوە، یان جەستەیەکەو بەرگی ڕۆحی پۆشیوە، مافی تەواوەتی دەدات بەو وزەو توانایانە کە لەناو ئەو قەبارە ئاوێتەیەدان، کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان و بەرزکردنەوەی، هاوکات کاردەکات بۆ پاراستنی ژیان و بەردەوامبوونی، هەموو چالاکییەکی جیهانی و حەز و ویستەکان ئازاد دەکات بەڵام بەبێ زیادەڕۆیی یان شلگیری تیایاندا، ئەمەش هەموو لە بازنەی دادپەروەریی و هەماهەنگی و مامناوەندیدا.

**لە بواری بیرکردنەوەو هەستدا (ئوممەتی مامناوەندە):** چەقنابەستێ لەسەر ئەوەی دیزانێ و پەنجەرەکانی ئەزموون و مەعریفە داناخات.. بەهەمانشێوە شوێنکەوتەی هەر قاڵدەمێك نابێت، نابێتە چاولێکەر لە شێوەی مەیمونێکی پێکەنین ئامێز، بەڵکو دەستدەگرێ بەو بۆچوون و بەرنامەو بنەمایانەوە کە هەیەتی، پاشان دەڕوانێتە هەر بەرهەمێکی هزر و ئەزموونگەرا، دروشمی هەمیشەیی بریتییە لە: ڕاستیی شتی بەنرخی باوەڕدارە، هەرکات و لە هەرکوێ دۆزییەوە وەریدەگرێ، ئەوەش بە سەلماندن و باوەڕی تەواوەوە.

**لە بواری ڕێکخستن و هەماهەنگی و ڕێکوپێکیدا (ئوممەتی مامناوەندە):** هەمووی ژیان ڕادەستی هەست و ویژدانەکان ناکات، هەروەها نایداتە دەست یاسا و تەمبێکردن، بەڵکو بە ڕێنمایی و پەروەردەکردن ویژدانی مرۆڤەکان بەرزدەکاتەوە، بە یاسا و بە تەمبێکردن سیستمی کۆمەڵگا دەپارێزێ و هاوسەرگیریی لە نێوانیاندا دەکات، لێنا گەڕێ خەڵکی ڕادەستی قامچی فەرمانڕەوا بکرێ، هاوکات ناشیانداتە دەست وەحی ویژدان.. بەڵکو ئاوێتەیە لە هەردووکیان.

**لە بواری پەیوەندییەکانیدا (ئوممەتی مامناوەندە):** کەسایەتی تاك و ڕاگرەکانی ناسڕێتەوە، هاوکات کەسایەتی تاك ناتوێنێتەوە لەناو کەسایەتی کۆمەڵ یان دەوڵەتدا، هەروەها دەست واڵای ناکات تا ببێتە تاکێکی برسی هەڵپەکار و هیچ خەمێکی نەبێت جگە لە خودی خۆی.. بەڵکو لە پاڵنەر و وزەو تواناکانیدا دەست واڵای دەکات

بەجۆرێ کارەکەی ببێتە هۆی جووڵەو گەشەپێدان، هاوکات حەز و تایبەتمەندییەکان ئازاد دەکات بەجۆرێ کە کەسایەتی تاك و قەوارەکەی دەستەبەر بکات، پاشان دێت چەندین کۆت و بەند دادەنێ کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم زیادەڕۆیدا، هەروەها کۆمەڵێ شتی چالاککەر دادەنێ کە حەزی تاك دەجولێنێ بەرەو خزمەتکردنی کۆمەڵ، کۆمەڵێ ئەرك بەسەر تاکدا دەدات تا ببێتە تاکێکی خزمەتکار بەکۆمەڵ، کۆمەڵیش لە پرۆسەیەکی هەماهەنگی و گونجاندندا دەستەبەری ژیان و ئازادی تاك دەکات.

**لە شوێنی جوگرافیدا (ئوممەتی مامناوەندە):** لە چەقی زەویدایە، لە ناوەڕاستی ناوچەکانیدایە، تا ئەم ساتەوەختەش ئەم ئوممەتە کە ئیسلام خاکەکەی داپۆشیوە هەر ئەو ئوممەتەیە کە لە ناوەڕاستی وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەویدایە، لە نێوان باشور و باکوردایە، تا ئێستاش بەهۆی ئەو شوێنە هەستیارەیەوە هەموو خەڵکی دەبینێ و دەبێتە شایەت لەسەر هەمووی خەڵکی، ئەوەی هەیەتی دەیبەخشێ بە هەموو دانیشتوانی سەرزەوی، لە ڕێگای شوێنەکەیەوە بەرهەمە سروشتی و ڕۆح و هزرییەکانی دەپەڕنەوە بۆ هەمووی جیهان، هەردوو بەشە ماددی و مەعنەوییەکەی چوونیەك کاریگەرن لەسەر ئەو بزاوتەکەی.

**لە کات و ڕۆژگاردا (ئوممەتی مامناوەندە):** سەردەمی منداڵێتی مرۆڤایەتی پێش خۆی کۆتایی پێدێنێ، دەبێتە پاسەوانی سەردەمی کاملێ ئەقڵی دوای ئەو، لە ناوەڕاستی زەمانەدا دەوەستێ، هەرچی شتی خورافی و پڕوپووچ هەن کە لەسەردەمی منداڵێتیدا لکاون بە مرۆڤایەتییەوە دەیانتەکێنێ، بە ئەقڵ دەوەستێ بەڕووی هەر جۆرە فیتنەو هەواو هەوەسێکدا، کەلەپوری ڕۆحی سەردەمی ئاینەکان، ئاوێتە دەکات بەو دەستمایە ئەقڵییە کە بەردەوامە لە گەشەدان و لەسەر ڕاستەڕێ لە نێوان ئەم و ئەودا ڕێدەکات.

شتێك کە لەبەردەم ئەم ئوممەتەدا بووەتە ئاستەنگ، لەوەی بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە کە خوا پێیبەخشیوە شوێن و پێگەی خۆی وەربگرێ، ئەوەیە کە وازی لەو بەرنامە خواییە هێناوە کە بۆی هەڵبژاردووە، لەبری ئەوە هاتووە دەستیگرتووە بە بەرنامەی جیاواز و جۆراو جۆرەوە، جیاواز لەوەی خوای گەورە بۆی داناوە، خۆی بە جۆرەها

ڕەنگ و بەرنامە ڕەنگکردووە کە هیچیان ڕەنگ و بەرنامەی خوا نین! پەروەردگاریش دەیەوێت مرۆڤ خۆی تەنها بە بەرنامەکەی ئەو ڕەنگ بکات و شوێنی بکەوێ.

ئوممەتێکیش ئەمە ئەرکی سەرشانی بێت، ئەمە ڕۆڵی بێت لە ژیاندا، شایانی ئەوەیە ئەرك و زەحمەت هەڵبگرێ و قوربانی بدات، چونکە پێشەوایەتی ئەرك لەبەردەمیدایە، ڕاگرایەتی و ڕابەرایەتی کۆڵی قورسی هەیە، هەر بۆیە دەبێت بەرلەوە تووشی فیتنە ببێت و تاقیبکرێتەوە، تا دڵسۆزیی و یەکلابوونەوەی بۆ خوای گەورە دەربکەوێ، دەبێت ئامادەیی تێدا بێت گوێڕایەڵیی ڕەهای خوا بێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی ئوممەت و جیهان بە ڕاشیدی و بە کاملّی)[1].

**لەمەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مامناوەندیی بریتییە لە:** میانڕەویی لە هزر و بۆچوون و باوەڕ و پەرستشەکان و کردەوەو ڕەفتار و پایەداریی لەسەر ڕێباز، بریتییە لە دادگەری لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا، هاوسەنگی لە ماف و ئەرکەکاندا، بە هەموو ئەمانەش ئەوا ئوممەتی ئیسلامی دەبێتە چاکترین ئوممەت کە هاتبێت بۆ خەڵکی و لە پێناو خەڵکی، واتە بە ڕوونکردنەوەی ماف بۆیان، بە هیدایەتدانیان، بە ڕێگری لە ستەمکردن لێیان، هاوکات شایتیدان لەسەریان بەو ئەرکەی لەسەرشانیانەو ئەو مافەی کە هەیانە، هەموو ئەمەش لە چوارچێوەی دادگەریی و ویژداندا لە دنیاو قیامەتدا، لەبەرئەوە لەدوای ئەمە ئەم ڕستەیە هاتووە: ﴿لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ البقرة: ١٤٣. کەواتە دەبێت پەیڕەوانی ئەو شایەتییە کەسانی دادگەر و میانڕەو و ڕاستەڕەوبن، دووربن لە زیادەڕۆیی توندڕەویی و کەمتەرخەمی، دووربن لە ستەم و دەستدرێژی و لە فیتنەو لە شوێنکەوتنی هەواو هەوەس.

جگە لەوەش، ئەم وەسفە لە ناوەڕاستی ئەو ئایەتانەدا هاتووە کە باس لە گۆڕینی قیبلە دەکەن لە بەیتولمەقدیسەوە بۆ مزگەوتی حەرام (کەعبە)، بەڵکو خودی ئایەتەکە ڕاستەخۆ باسی قیبلە دەکات، ئەمەش دەلالەتە لەسەر جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوانیاندا،

---
(١) سەیری (في ظلال القرآن) ل(١/١٣١-١٣٢) بکرێ.

پێشەوا ڕازی باسی ئەو پەیوەندییە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە: (کەعبە چەقی زەوی و ناوەڕاستیەتی)[١]. ئەم ئوممەتە بەهەمانشێوە لە شوێن و باوەڕ و بۆچوون و پەرستشەکان و چالاکی و ڕەفتارەکانیدا ئوممەتی مامناوەندە لە نێوان هەموو گەلانی سەر زەویدا، هەروەها لە جوگرافیادا مامناوەندە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، لە نێوان باکور و باشوردا.

## مامناوەندی ئیسلام لە باوەڕدا

خوای گەورە زیادەڕەویی قەدەغە کردووە، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ﴾ النساء: ١٧١. واتە: (ئەی خاوەن پەڕاوەکان زیادەڕەوی و شتی نارێك لە ئاینەکەتاندا بەدی مەهێنن). پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**هلك المتنطعون، قالها ثلاثاً**))[٢]. واتە: (زیادەڕۆکان لەناوچوون، سێجار دووبارەی کردەوە). هەمیشە ﷺ داوای لە خوای گەورە دەکرد کە مامناوەندی پێببەخشێ، دەیفەرموو: ((**وأسألك القصد في الفقر والغنى**))[٣]. واتە: (لێت دەپاڕێمەوە کە لە کاتی دەوڵەمەندی و هەژاریدا مامناوەندیم پێببەخشی). هەروەها ﷺ داوای هەمان شتی لە ئوممەتەکەی دەکرد، دەیفەرموو: ((**سدّدوا وقاربوا، وأغدوا وروحوا، وشيء من الدُّلجة، والقصد القصد تبلغوا**))[٤]. واتە: (هەوڵی تەواوەتی بدەن کە پایەدار و پابەندبن بە ئاینی خواوە، ئەگەر نەتانتوانی هەوڵبدەن نزیکبن لە ڕاستییەوە، بەیانیان و ئێواران لە هەوڵی ڕازیکردنی خوادا بن، کەمێ لە شەو و تاریکاییش بگرن بەدەمەوە، لە هەموو ئەمانەشدا مامناوەند و میانڕەوبن تا دەگەنە مەبەست).

زانای پایەبەرز مامۆستا یوسف قەرەزاوی دەڵێ: (ئیسلام بەرنامەیەکە لە هەموو شتێکیدا میانڕەوە: لە بۆچوون و باوەڕدا، لە پەرستش و ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا، لە ڕەوشت و ڕەفتاردا، لە مامەڵەو تەشریعدا)[٥].

(١) سەیری (تەفسیری ڕازی) ل(٤/٩٥) بکرێ.
(٢) صەحیحی موسلیم بە ژمارە (٢٦٧٠)، ئەبو داود بە ژمارە (٤٦٠٨) گێڕاویانەتەوە.
(٣) ئیبن خوزەیمە بە ژمارە(٢٩/١)، هەروەها ئیبن حیبان بە ژمارە (١٩٧١) گێڕاویانەتەوە.
(٤) بوخاری بە ژمارە (٦٤٦٣) گێڕاویەتەوە.
(٥) سەیری کتێبی (الصحوة الإسلامية بين الجحود والتطرف) ل(٢٤) بکرێ.

## مامناوەندی ئیسلام لە ڕەوشت و ڕەفتاردا

لە ڕاستیدا بەها و ڕەوشت و ڕەفتارەکان لە ئیسلامدا لەسەر مامناوەندی و میانڕەویی دامەزراون، وەك دادگەریی، پایەداریی و دڵسۆزیی، چاکەکاریی و ڕاستگۆیی، لەسەر دەستپاکی، لەسەر داناییی، هەروەها لەسەر بەهاو ڕەوشتە ئیسلامییەکانی تریش، خوای گەورە وەسفی بەندە خواناسەکانی خۆی دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ﴾ الفرقان: ٦٧. واتە: (هەروەها ئەو کەسانەی کە کاتێ ماڵ و سامان خەرج دەکەن موسریف و دەستبڵاو نین, دەستنوقاو و ڕەزیلیش نین, بەڵکو لەو نێوانەدا بە مامناوەندی ماڵ و سامانیان خەرج دەکەن).

هەرکاتیش میانڕەویی نەما ئەوا ئەم جێکەوتانە سەرهەڵدەدەن: زیادەڕۆیی و توندگیریی و شلگیریی لە ماف و ئەرکەکاندا، ستەم و ملهوڕی و دەستدرێژیی، توندڕەویی و زەبروزەنگ، فیتنە و هیتریش ڕوودەدەن، هەروەها هەموو شتە سوك و ڕیسواکان و لادانە هزری و باوەڕی و ڕەفتارییەکان دێنەڕوو.

زوهەیر بن ئەبی سەلمای شاعیر لە دێڕە شیعرێکیدا کە ئەمەی خوارەوە واتای کوردیەتی ئاماژەی بە مانای میانڕەویی داوەو وتوویەتی:

ئەوانە مامناوەندن و خەڵکی بە حوکمیان ڕازین
هەرکات کارەساتێك داباریە سەریان

تەنانەت فەیلەسوفانیش واتای چاکە بەوە دەکەن کە بریتییە لە میانڕەویی لە نێوان دوو شتی خراپدا، کەواتە چاکەکان لە جیهانی بەهاکاندا مامناوەندن.

## دەستنیشانی زاراوەکان لە نێوان
## میانڕەویی و هاوسەنگیی و دادگەریی و دانایی دا

بەدڵنیایی ئەو دەقە شەرعییانە کە باس لە مامناوەندی و میانڕەویی دەکەن، ئیتر لە قورئانی پیرۆزدا بن، یان لە سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەردا ﷺ بن، مەبەستیان ئەو شتەیە کە دەکەوێتە نێوان زیادەڕەویی و شلگیری، لە نێوان زیادەڕەویی و توندڕەویی و شلگیریی، جگە لەوە تێگەیشتنێکی تری لێنا کرێ، ڕێساو یاسای خوای تەعالا وەهایە کە هەموو شتێك دوو لایەن و ناوەندێکی هەیە، هێزیش هەمیشە لە ناوەندی ماددیدایە، هەروەها لە ناوەندی مەعنەویشدایە، چونکە ڕەوشت و سیفەت و بەهاکان ئەم سێ لایەنەیان هەیە، بۆ نموونە ئازایەتی لە کاتی زیادەڕۆییدا لایەنی هەڵەشەیی هەیە، لە کاتی شلگیریشدا لایەنی ترسنۆکی هەیە، لایەنی مامناوەندیشی ئەوەیە کە دانایی دەستەبەر دەکات، بۆ بەخشینیش هەر بەهەمانشێوەیە، لایەنێکی زیادەڕۆیی هەیە کە خۆی لە بەخەرجدانی بێماناد‌ا دەبینێتەوە، لایەنی شلگیریشی هەیە کە خۆی لە چروکی و ڕژدیدا وێنا دەکات، لایەنی مامناوەندیشی ئەو سیفەتەیە کە پەروەردگار وەسفی بەندەکانی زاتی خۆی پێدەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ﴾ الفرقان: ٦٧ خوای گەورە ڕێگری لە هەر دوو سیفەتەکە کردووەو دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَجۡعَلۡ يَدَكَ مَغۡلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبۡسُطۡهَا كُلَّ ٱلۡبَسۡطِ فَتَقۡعُدَ مَلُومٗا مَّحۡسُورًا ﴾ الإسراء: ٢٩. واتە: (هەرگیز نەکەیت ئەوەندە دەستنوقاو و ڕەزیل بیت، وەکو ئەو کەسەی کە دەستەکانی بەسترا بێت و کرابێتە گەردنی، هەروەها ئەوەندەش دەستبڵاو مەبە کە هیچت لە دەستدا نەمێنێت، لەوەودوا بۆی دانیشیت و خەڵکی لۆمەت بکەن و تۆش قەرزار و هەناسە سارد بیت).

کەواتە مامناوەند بریتییە لەو شتە کە لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە دەکەوێتە ناوەڕاست، میانڕەویش بریتییە لە پابەندبوون پێیەوە، جێبەجێکردنیشی پێویستی بە تەرازووە تا شتەکان هاوسەنگ بکات، تا لە ڕووی زیادەڕەویی و شلگیرییەوە، لە

ڕووی هێز و لاوازییەوە لەسەر هەقیقەتی خۆی دەربکەوێ، چونکە تەرازوو دوو تای هەیە، ئەو شتەش کە گونجاوە بە هەر تایەکی دەخرێتە ناوی، تا بگەن بە دەستەبەرکردنی هاوسەنگیی لە نێوانیاندا ئەویش بریتییە لە دادپەروەریی.

لەبەرئەوە پێویستە ئەقڵ کە بە وەحی ڕێنماییکراوە، بۆ زانینی کێشە قورس یان سوکەکانیش پشتی بە وەحی بەستووە بخرێتەگەڕ، هەروەها بۆ زانینی کێشی زیادەڕۆ یان سوك، کە وەحی زۆرێکیانی ڕوونکردووەتەوە لەوانەی دەکەونە ناو زیادەڕۆیی یان شلگیریەوە، هەروەها بناغەو ڕێسای هەمووەکی و پرەنسیپی گشتی داناوە بۆ زانینی زیادەڕۆیی و شلگیریی، هەروەها بۆ زیادەڕەویی و توندڕەویی و شلگیریی و توانەوە لە بۆتەی کەسان و شتانیتردا، لێرەشدا ڕۆڵی ئەقڵ دێت، کە دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو بنەماو پرەنسیپ و ڕێساو حوکمە شەرعییانە هەموو توانای خۆی بە خەرجبدات تا بە قووڵی لێیان تێبگات، پراکتیزەیان بکات بەسەر ڕووداو و کارەسات و کێشەو شتە نوێیەکاندا، لەبەرئەوە ئەرکی پێغەمبەر ﷺ بریتی بووە لە پاکژکردنی دڵ و دەروونەکان بۆ ئەوەی دووربن لە هەواو ئارەزووەکان، هەروەها فێری ئەو پەڕاوە ببن کە دەستور و بنەماو سەرچاوەیە، فێری دانایی ببن تا هەر شتێك لە جێگای گونجاوی خۆیدا دابنێن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴾ الجمعة: ٢. خوای گەورە حەڤدە جار ئەم گوفتارەی یان نزیك لەمەی لە قورئاندا دووبارە کردووەتەوە، لەوانەش پاڕانەوەکەی گەورەمان پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) بوو کە فەرمووی: ﴿ رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ البقرة: ١٢٩. ﴿ لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴾ آل عمران: ١٦٤. تەنانەت خوای گەورە پلەو پایەیەکی گەورەی بەخشیوە بە سیفەتی دانایی کە

لە قورئاندا یازدەجار دووبارە بووەتەوە، هەروەها باسیکردووە کە زاتی تەعالا خۆی لە پەڕاوەکەیدا ناردوویەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرە مەزنەکەی ﷺ، دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ﴾ النساء: ١١٣. واتە: (جا خوای گەورە ئەم کتێبەی بۆ نازڵکردوویت، هاوڕێ لەگەڵ بەخشینی حیکمەت و داناییدا، هەروەها هەندێ شتی فێرکردوویت کە جاران نەتدەزانی، بێگومان فەزڵ و ڕێزی خوای گەورە بۆ تۆ بێ وێنە و بێسنورە). ئەو داناییەش بریتییە لە پارێزبەندی لە کەوتنەناو چنگی خراپی زیادەڕەویی یان شلگیرییەوە، بەم پێیەش هاوسەنگیی ویستراو دەستەبەر دەکات.

پوختەی باسەکە: خوای گەورە قورئان و تەرازوو و حیکمەتی ناردووەتە خوارەوە، بە هەموویانەوە کۆمەڵێ پێوەر و پێوانەن بۆ جێبەجێکردنی هاوسەنگیی و دادپەروەریی، کە ئەویش ئەو ئەنجام و بەرهەمە سەرەکییەیە بەدەستەوە دەدەن کە هێز و ژیار و پێشکەوتن بەدوایاندا دێت.

## هەموو لادانێکی باوەڕیی بەهۆی تێکچوونی فیقهی میزانەوەیە

ئەگەر بێتو لێکۆڵینەوە لە لادانە باوەڕییەکان بکەین، ئیتر لەسەر ئاستی ئیلحاد، یان هاوەڵگەریی بێت، یان لەسەر ئاستی شتە پڕوپووچەکانی خاوەن پەڕاوەکانەوە بێت، یان لەسەر ئاستی لادانەکان یان ئەو هەڵانەوە بێت کە لەناو ئوممەتی ئیسلام و تاقمە باوەڕییەکانیەوە ڕوویاندا بێت، ئەوا هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ تێکچوونی فیقهی میزان.

**مەبەستیش بە فیقهی میزان:** واتە زانینی هەر شتێك بە میزانی تایبەتی خۆی، کەواتە میزانی شتێك ناچەسپێ بەسەر شتێکی تردا، چونکە میزانی تێگەیشتن لە بەدیهێنەر و لە سیفەتەکانی میزانێکە جیایە لە میزانی بەدیهێنراو، هەروەها میزانی کارەبا ناچەسپێ بەسەر میزانی ئاودا، بەهەمانشێوە میزانی بەدیهێنراویش ناچەسپێ بەسەر میزانی بەدیهێنەردا، هەروەها میزانی کەسی حازر ناچەسپێ بەسەر کەسی

ئامادە نەبوودا، جا لەبەر گرنگێتی ئەم میزانە ئەوا خوای گەورە جێبەجێکردنی دادپەروەریی ڕەهای لە تێگەیشتن و تێڕوانین و پراکتیزەکردنی بەستووەتەوە بە فیقهی میزان و قورئانەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ﴾ الحديد: ٢٥[١]. واتە: (کتێبی ئاسمانیشمان ناردووە بۆ ئەو پێغەمبەرانە، هاوڕێ لەگەڵ پێوەری شەرعی و دادپەروەرانەدا تا خەڵکی بە عەدالەت و دادپەروەری ڕەفتار بکەن).

**١- لەسەر ئاستی ئیلحاد:**

ئەو کەسانەی بە ڕەهایی نکولی لە بوونی خوا دەکەن، لە پێگەی پراکتیزەی میزانی بەدیهێنراو لەسەر بەدیهێنەر هەنگاو دەنێن، پێیانوایە ئەگەر گەردوون پێویستی بە بەدیهێنەر بوایە ئەوا بەدیهێنەریش پێویستی بە بەدیهێنەرێکی تر هەیە، کەواتە ئەو کەسە کێیە کە ئەم بەدیهێنەرەی بەدیهێناوە؟ جا ئەگەر وەڵامەکە وەها بوو کە بەدیهێنەر هیچ پێویستی بە بەدیهێنەری تر نییە، ئەوانیش دەگەڕێنەوەو دەڵێن تەواوی گەردوونیش پێویستی بە بەدیهێنەر نییە.

لێرەدا تێکەڵکردنێکی ڕوون دەبینین لە نێوان میزانی بەدیهێنراو کە پێویستی بە یاسای هۆکارگەریی هەیەو دەبێت بەدیهێنەرێکی هەبێت، وە نێوان میزانی بەدیهێنەر، چونکە هەرگیز پێیناوترێ بەدیهێنەر هەتا خۆی بوونێکی خودی نەبێت، ئەگەرنا ئەوا سوڕانەوەو زنجیرەبەندی دێتەکایە کە ئەوە لە ڕووی ئەقڵییەوە شتێکی مەحاڵە.

ئێمەش لێرەدا ناچینە ناو ئەو مەسەلەیە، بەڵکو دەمانەوێ گرنگێتی فیقهی میزان بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و ئیمان ڕوونبکەینەوە، کە ئەگەر ئەوانە پەنایان پێببردایە ئەوا نەدەکەوتنە ناو ئەو دژبەیەکییە، نوکلیشیان لە بوونی بەدیهێنەر نەدەکرد، یان نەدەکەوتنەناو لادانی باوەڕییەوە.

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبمان (فقه الميزان: معياراً لفهم السنة والقرآن، ورفعاً للبس لدى أهل العرفان، دراسة تحليلية تأصيلية جديدة لفقه الميزان وأثره على فهم الشريعة، والأجتهادات المعاصرة مع تطبيق عملي) بکرێ.

## ٢- لەسەر ئاستی هاوەڵگەریی:

هاوەڵگەران -بەتایبەتی عەرەبە نەفام و نەزانەکان- ئەوانەن کە باوەڕیان بە خوای باڵادەست هەیە، بەڵام لە بەندایەتی و حوکمڕانی و خوایەتیدا هاوەڵیان بۆداناوە، هاتوون بەدیهێنراویان کردووەتە خوا، فریشتە و جنۆکە و مرۆڤ و خۆر و مانگ و پێغەمبەران و بتەکانیان کردووەتە هاوەڵی، لەبارەی بتەکانەوە وتوویانە: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ الأنعام: ٧٤. واتە: (کاتی خۆی ئیبراهیم بەسەرسامیەوە بە ئازەری باوکی خۆی وت: باشە بابە تۆ لەجیاتی پەرستنی خوای گەورە بت و پەیکەر دەپەرستیت؟! کەی شتی وا ڕەوایە، بەڕاستی من وادەبینم کە تۆیش و قەومەکەشت لە گومڕاییەکی ئاشکرادا گیرتان خواردووە!!).

لەبەرئەوە وەڵامی پۆرتشکێن لەلایەن گەورەمان ئیبراهیمەوە (سەلامی خوای لێبێت) لەسەر ئەوە دامەزراوە کە میزانی خوایەتی و بەدیهێنان لەو بەناو خوایانەدا دەستەبەر نابێت، فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْـًٔا﴾ مریم: ٤٢. واتە: (ڕۆژێکیان بە باوکی وت: بابە گیان: ئەوە تۆ بۆچی شتێك دەپەرستی کە نەگوێبیستە، نەکەس دەبینێت، نەهیچ قازانج و سودێکت پێدەگەیەنێت؟!). ﴿هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ ، أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ﴾ الشعراء: ٧٢ - ٧٣. واتە: (ئیبراهیم وتی: باشە: داخۆ ئەم بتانە دۆعاو نزاو داواکارییەکانی ئێوە دەبیستن کاتێ لێیان دەپاڕێنەوە؟! کاتێ سوژدەیان بۆ دەبەن و دەیانپەرستن؟! یاخود دەتوانن قازانج و سودتان پێبگەیەنن؟! یاخود زەرەرو زیانتان لێبدەن؟!). خوای گەورەش لەم ئایەتەدا ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە: ﴿يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ، يَدْعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِۦ لَبِئْسَ ٱلْمَوْلَىٰ وَلَبِئْسَ ٱلْعَشِيرُ﴾ الحج: ١٢-١٣ واتە: (ئەو جۆرە کەسانە هاناو هاوار لە کەسێك دەکەن لەجیاتی خوا، یان پەنا بۆ کەسێك دەبەن کە زەرەرو قازانجی کەسی بەدەست نیە، ئا ئەوە ئەوپەڕی گومڕایی و سەرلێشێواوییە .لە ڕاستیدا ئەوانە هاناو هاوار لە کەسێك یان بتێك، یان قەبرێك دەکەن

کە زەرەری زیاتر و زۆرترە لە قازانجی، هەربۆیە شتێکی زۆر ناڕەسەن و خراپیان کردۆتە یارو یاوەرو هاودەمی خۆیان).

گەورەمان ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) جارێکیتر دووپاتدەکات لەو کەموکووڕی و تێکچوونە گەورەیە لە میزاندا کە لای ئەو هاوەڵگەرانەیە، گوایا مانگ یان خۆر خوا بن، چونکە دوو بەدیهێنراو و ڕووداون و دەڕۆن و توانایان نییە بەدیهێنەر بن، ئەمە لە کاتێکدا کە دەبێت بەدیهێنەر یەکەمین و دوایەمین و بەدیهێنەری هەموو شتێك بێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّى هَٰذَآ أَكْبَرُ ۖ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ، إِنِّى وَجَّهْتُ وَجْهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ حَنِيفًا ۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ الأنعام: ٧٨ - ٧٩ واتە: (کاتێکیش کە خۆری پرشنگداری بینی هەڵهات وتی: ئا ئەمە پەروەردگارمە، ئەمە گەورەشە، کاتێك کە ئەویش ئاوابوو وتی: خەڵکینە، خزمینە، من ئیتر بەریم لەو شتانەی کە ئێوە لەجیاتی خوای گەورە دەیانپەرستن و بە شەریك و هاوەڵی ئەو زاتەی دەزانن، هەر بۆیە من ڕووی دڵ و بیروهۆش و جەستەم کردۆتە ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، من ملکەچی حەقم و بە دوورم لە بەتاڵەوە، هەرگیز من لە موشریك و هاوەڵگەران نیم).

خوای گەورە بەهەمانشێوە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە فریشتە و جنۆکەیان کردووەتە هاوڵ بۆ خوای باڵادەست، لە کاتێکدا ئەوانەش هیچ سود و زیانێکیان نییە، دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ، قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ، فَٱلْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ سبأ: ٤٠-٤٢ واتە: (ڕۆژێك دێت هەموو فریشتە پەرستەکان کۆدەکەینەوە، ئینجا بە فریشتەکان دەڵێین: باشە ئا ئەمانە ئێوەیان دەپەرست؟!...فریشتەکان دەڵێن: پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، تۆ پشت و پەنای ئێمەیت، ئێمە حساب بۆ ئەوانە

نا کەین، بەڵکو ئەوانە جنۆکەیان پەرستووە، زۆربەیان باوەڕیان بەو جنۆکانە کردووە، جا ئەمڕۆ کەس هیچی بەدەست نیە، کەس ناتوانێ فریای کەس بکەوێت، کەس سودو قازانج یان زەرەر و زیانی بۆ کەسانیتر بەدەست نییە، جا بە ستەمکاران و تاوانباران دەڵێین: بچێژن سزای ئاگری دۆزەخ بە هۆی درۆ و دەلەسەو پڕوپاگەندەی ناڕاستانەوە دژی ئیمان و ئیسلام).

خوای گەورە وەڵامی ئەوانەش دەداتەوە کە عیسایان کردووەتە کوڕی خوا و هاوەڵی خوا، بەوەی کە ئەویش هەر کەسێکی بەدیهێنراوە، ئیتر چۆن دەبێت بەندەیەکی بەدیهێنراو ببێتە خوا یان هاوەڵی خوا؟ خوای گەورە چۆن چۆنی یەکێك لە دروستکراوانی خۆی یان یەکێك لە بەندەکانی دەکاتە کوڕی خۆی و هاوەڵی خۆی؟

کەواتە دوو میزانی لێکجیاوازن و دوو پلەن پێکەوە کۆنابنەوە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَنۢبَغِي لِلرَّحۡمَٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا ، إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدًا ﴾ مريم: ٩٢ - ٩٣ واتە: (کەی ڕەوایە، چۆن دەبێت، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی کوڕی هەبێت، خوای میهرەبان چۆن بەندەیەکی خۆی دەکاتە کوڕی خۆی!! هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەر هەموو بیانەوێت و نەیانەوێت بەندەی ملکەچی خوای میهرەبانن و بەسەدان و هەزاران یاسا گەمارۆدراون).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾ المائدة: ١٧. واتە: (بێگومان ئەوانە کافرن کە دەڵێن: خوا عیسای کوڕی مەریەمە، ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: باشە، ئەگەر خوای گەورە بیویستایە مەسیحی کوڕی مەریەم و دایکی و هەموو دانیشتوانی سەر زەوی لەناوبەرێت، ئایا کەس دەتوانێت فریای کەس بکەوێت و مەسیح هیچی بۆ دەکرێت؟! چاك بزانن کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیاندا هەیە هەر خوای

گەورە خۆی خاوەنیانە، هەرچی ئەو زاتە خۆی بیەوێت دروستیدەکات، چونکە خوای گەورە دەستەڵاتی بە سەر ئەنجامدانی هەموو شتێکدا هەیە). خوای تەعالا باسی میزانی بەدیهێنراو و ئەو میزانەشی کردووە کە بەدیهێنەری پێدەناسرێ، بەوەی کە بەدیهێنەر توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ، توانای زیندووکردنەوەو مردنی هەیە، خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە، بەڵام بەدیهێنراو ئەوا بێتوانایە، تەنانەت ناتوانێت زیان و مردن لەخۆی دووربخاتەوە.

**٣- لادانی خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان لە ڕاستەڕێ -جولەکەو مەسیحییەکان-:**

خوای باڵادەست بەهەمانشێوە وەڵامی جولەکەو مەسیحییەکانی دایەوە، کاتێك وتیان: ئێمە کوڕی خواو خۆشەویستانی خواین، فەرمووی پێیان: میزانی ئەم گوتەیەتان لێتان دەخوازێ کە دەبێت پێگەو پایەو ڕێز و بەهەشتتان هەبێت، بەڵام خوا سزاتان دەدات و ئێوەش وەك هەموو خەڵکانیتر بەدیهێنراون و هەمان میزانی مرۆڤ بەسەر ئێوەشدا دەچەسپێ، دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَـٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۚ﴾ المائدة: ١٨. واتە: (هەندێ لە جولەکە و گاورەکان دەڵێن: ئێمە نەوەی خوای گەورەین و لە خۆشەویستانی ئەو زاتەین!! ئەی موحەممەد ﷺ، پێیان بڵێ: باشە، گەر وایە، ئەی بۆچی بەهۆی گوناهو تاوانتانەوە سزاتان دەدات، ئێوە هەر بەشێکن وەکو ئەو خەڵکەی کە خوای گەورە دروستی کردوون). کاتێکیش مەسیحییەکان عیسا مەسیح و قەشەکانیان کردنە خوای خۆیان، خوای تەعالا وەڵامیدانەوە کە ئەوانیش هەر دروستکراون و بەندەی خوان، ئیتر چۆن دەبنە خوا، پێیان دەفەرموێ: ﴿ٱتَّخَذُوٓا۟ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَـٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓا۟ إِلَـٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ التوبة: ٣١. واتە: (-جولەکە و مەسیحیەکان- بە زۆری حاخام و قەشەکانی خۆیان وەك خوا تەماشا دەکەن و حسابی خوایان بۆ دەکەن، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش دەپەرستن، بە مەرجێك

هەموویان فەرمانیان پێدراوە کە تەنها خوایەکی تاك و تەنها بپەرستن، جگە لەو زاتە خوایەکی تری بەحەق نیە کە شایستەی پەرستن بێت، پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی ئەو زاتەیە کە بەتەواوی دوورە لەو حاڵەی کە ئەو نەفامانە ئاوا بەگێلی شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن!!). بەهەمانشێوەش کاتێ جولەکەکان وتیان ئێمە ئەولیاو خۆشەویستانی خواین، بەوانیشی فەرموو: ﴿فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ الجمعة: ٦ واتە: (ئەی پێغەمبەر بەو جولەکانە بڵێ: ئەی ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی ئاینی یەهودی دەکەن: ئەگەر ئێوە باوەڕتان وایە کە هەر ئێوە خۆشەویست و یاوەری خوای گەورەن نەك خەڵکانیتر، دەی کەواتە ئاواتی مردن بخوازن وداوای مەرگ بکەن ئەگەر ڕاست دەکەن!!).

جولەکەکان کاتێ لایاندا کە هاتن بە هەمان نیشانەکانی مرۆڤ وەسفی خوای تەعالایان کرد -وتیان خوا دەستی بەستراوە، خوا هەژارە، خوای تەعالا جەستەیە، ئیتر تا تەواوی ئەو گوتە پیس و خراپانەیان، خوای گەورەش بە ڕوونکردنەوەی ڕاستی بۆیان وەڵامیدانەوە، هەموو شتێکی گێڕایەوە بۆ میزان و بۆ حەقیقەتی خۆی، دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ غُلَّتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْۘ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُۚ ...﴾ المائدة: ٦٤. لە (تەلمود)دا هاتووە کە: (ڕۆژ دوازدە سەعاتە، لە سێ سەعاتی یەکەمدا خودا دادەنیشێ سەیری شەریعەت دەکات، لە سێ سەعاتی دوای ئەو حوکم دەکات، لە سێ سەعاتی دواتریش خۆراك دەرخواردی جیهان دەدات، لە کۆتا سێ سەعاتیشدا دادەنیشێ و یاری لەگەڵ منداڵان و پادشای ماسییەکاندا دەکات)[1]، ئەمەش ئەوپەڕی وێکچوواندنی بەدیهێنەرە بە بەدیهێنراو، خوای گەورە پاکوبێگەردە لەوەی ئەوانە وتوویانەو دەیڵێن.

---

(١) (الكتاب المقدس): العهد القديم. سەیری کتێبی (العقيدة في الله) بکرێ کە لە نوسینی دکتۆر عومەر ئەشقەرە، لە ل(٢٥٩) گوازراوەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: (الشعب المختار في الميزان) نوسینی مامۆستا عەبدولعەزیز عەبدولستار، ل(٣٩-٨٥) چاپی قاهیرە (١٩٩٨ز).

گاورەکانیش لە تێکەڵکردنی دوو میزانەکەدا زیادەڕۆیی گەورەیان کردووە، هاتوون ئەو سیفەتانەی کە هی زاتی پەروەردگارن داویانن بە عیسای مەسیح (سەلامی خوای لێبێت)، وتوویانە: لە ڕاستیدا مەسیح کوڕی ئەو خوایەیە کە ڕۆحی پیرۆزە، سێ زات (خوا) لە یەك زاتدان و ئەویش وشەیە، وشەیش خوایە، کە لە ڕێگای جەستەوە بەدیهێنراوە، لە ڕێگای دەروونیشەوە بەدیهێنەرە، دەروونیش جەستەی بەدیهێناوە، دایکیشی بەدیهێناوە، ئەو خوایەکی تەواوە، ئەو مرۆڤی کاملە، بەزەیی گەورەی بۆ خەڵکی ئەوە بووە ڕازیبووە کە لەجیاتی ئەوان خوێنی لەسەر تەختەی خاچ بڕژرێ، ڕێگایدا دوژمنەکانی کە جولەکەن دەستیان تێ بچێ...ئیتر هەروەها[1]. خوای گەورە لە قورئاندا گرنگترین تێکچوونی مەسیحییەکانی لە میزاندا کە کەوتوونەتە ناوی تۆمار کردووە، دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ، مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ، إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ المائدة: ١١٦-١١٨ واتە: (ڕۆژێك دێت خوای گەورە ڕووبە عیسای کوڕی مەریەم دەفەرموێت: باشە، ئەوە تۆ بە خەڵکیت ڕا گەیاندووە کە منیش و دایکیشم خواین جگە لە خوای گەورە، یاخود پلەیەك لە خوار ئەو زاتەوەین؟! عیسا لە وەڵامدا بە دەنگێکی زوڵاڵ دەڵێت: حاشا، پاکی و بێگەردی و بێهاوەڵی هەر لە تۆ دەوەشێتەوە و هەر شایستەی تۆیە، من هەرگیز بۆم نیە و حەددیشم نیە کە شتێك بڵێم مافی من نەبێت، چۆن دەتوانم حەق بە خۆم بدەم و شتی ئاوا ناقۆڵا بڵێم، خۆ ئەگەر شتێکی وام وتبێت، ئەوە زاتی تۆ ئاگادار و زانایە لێی، چونکە تۆ دەزانیت بە هەرچی لە ناخ و دڵ و دەروونی مندایە، بەڵام من نازانم بەوەی کە لە دەریای عیلم و زانستی بێپایانی تۆدا هەیە، لە ڕاستیدا هەر زاتی تۆ تەواو زاناو ئاگایە بە

(١) لەبارەی باوەڕیانەوە بڕوانرێتە: کتێبەکانیان، هەروەها کتێبی (الفارق بين الخالق والمخلوق) ل٧ و دواتری بکرێ.

هەموو نهێنی و شاراوە و پەنهانەکان .. بێگومان زاتی تۆ چاك دەزانێت کە من تەنها ئەوەم پێڕاگەیاندوون کە فەرمانت پێداوم، ئەویش بەوەی کە: تەنها (اللّٰه) خوای گەورە و تاك و تەنها بپەرستن کە پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری ئێوەشە، من شایەت بووم بەسەریانەوە لەسەر عەقیدەی تەوحید و یەك خواناسی هەتا لەناویاندا بووم، کاتێکیش کە ڕۆژگاری ژیانمت بۆ کاتێکی دیاریکراو کۆتایی پێهێنا، ئیتر هەر خۆت چاودێر بوویت بەسەریانەوە و ئاگاداربوویت بە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتیان، چونکە زاتی تۆ شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە... ئینجا ئیتر فەرمانی خۆتە، ئەگەر سزایان دەدەیت و تۆڵەی لادان و ستەمکاری و تاوانەکانیان لێدەستێنیت، ئەوە ئیتر ئەوان بەندەی تۆن و هیچ دەستەڵاتێکیان نیە و دادپەروەری خۆت ئەنجام دەدەیت، ئەگەر لێشیان خۆش دەبیت ئەوە تۆ زاتێکی باڵادەستیت، کەس ناتوانێت بڵێت بۆ؟! هەروەها تەواو دانایت لە هەموو ڕوویەکەوە...).

بەڕاستی گەورەمان عیسا (سەلامی خوای لێبێت) جوان میزانی بەدیهێنراوی زانیوە، کە بەرپا بووە لەسەر لاوازی و نەبوونی زانستی گشتگیر و کامڵ، هەروەها فەرزی پەرستش و بەندایەتی بۆ بەدیهێنەر و گەردنکەچی بۆ ئەو زاتە، کە یەکێك لە نیشانەکانی مردنە و پێویستبوونە بە بەدیهێنەر، هەروەها باوەڕی کە تەنها خوای گەورە زانایە بە هەموو شتێك، زانایە بە جیهانی غەیب و شایستەی پەرستنە، هەر زاتی خوای بەدیهێنەر مافی ڕێزلێنان و سزادانی بەندەکانی هەیە...

**٤- هۆی لادانی گروپە ئیسلامییە بیدعەچییەکان تێنەگەیشتنیانە لە فیقهی میزان:**

لەناو جیهانی باوەڕ و هزر و بۆچوونەکاندا کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ جێگیریان کردوون میزانی گرنگ هەن، لێرەدا گرنگترینیان لەگەڵ جێکەوتەی تێکچوونیان لەسەر ئاستی تاقە باوەڕییەکان باسدەکەین، ئەوانەی لە بنەما گشتییەکانی ئەهلی سوننەو جەماعە دەرچوون، وەك موعتەزیلە، جەبری و قەدەری و مورجیئە، ئەوەش بەهۆی ئەو تێکچوونەوەیە کە لە فیقهی ئەم میزانانەی لای خوارەوەدا دروستبووە:

### أ- میزانی بینراو و میزانی نەبینراو:

موعتەزیلە لە زۆرێك لە ئەحكام و ڕا و هزریاندا تایبەت بە خودای باڵادەست، هاتوون ئەو میزانانەیان وەرگرتووە کە حوکم بەسەر بینراودا دەدەن، بەرمەبنای ئەم بنەمایە هاتوون کۆمەڵێ شتیان داوە بەسەر خودای باڵادەستدا، ئیبن حەزم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەو وەڵامدانەوەیان دەڵێ: (ئەمەش، واتە: بڕینی شتێك بەسەر خودای گەورەدا، ڕێچکەیەکە هەر کەسێك دەگرێتەوە کە وتوویەتی: (مادامێ زیندوویی لە بینراودا بە ژیان نەبێت نایەتەدی ئەوا دەبێت خودای تەعالا زیندوو بێت لە ژیانێکدا)، جیاوازییش نییە لە نێوان دوو گوتەکەدا، هەردووکیان پێویستن بۆ هەر کەسێ پابەند دەبێت بە یەکێکیانەوە، هەردووکیشیان گومڕایی و هەڵەن... بۆ مەسەلەی ئەو حوکمەش کە لەسەر پەروەردگار دەیدەن لە نمونەی ئەوەیە کە یەکێکمان دەیدات بەسەر یەکێکیترماندا، ئەوەش هەر گومڕاییەکی دیار و ڕوونە)[1]. موعتەزیلە لە بەشی کردەوەکاندا دەستیان بەم بنەمایەوە گرتووە، هەروەها لە بەشی سیفەتەکانیشدا، لە مەسەلەی جوانکردن و ناشیرینکردنیش، ئەوەش بە پێوانەگیریی لەسەر مرۆڤ، هەر بە هەمان هۆکاریش هەر جۆرە بەدیهێنانێکی خراپیان لە خوای گەورەوە ڕەتکردووەتەوە[2].

موعتەزیلە لە مەسەلەی حیکمەت و هۆکارگەریی و ویستی ئیرادەی خواییدا پشتیان بە پێوانەگیریی نەبینراو لەسەر بینراو بەستووە، واتە لەلایەنی کردار و بوونەوە، هەروەها پشتیان بەستووە بە ڕەتکردنەوەی بینینی خوای گەورە لە دنیا و قیامەتدا، چونکە بینین پێویستی بە گەیشتنی بینەر هەیە بە بینراو، بە پەیوەستبوونی تیشکی چاو هەیە بە جەستەوە، یان کێشانی وێنەی بینراو لە چاودا، بە مەرجێکیش کە نابێ بینراو زۆر نزیك و دوور و قەبەو بچوك بێت، هەموو ئەم مەسەلانەش ڕووداون و خوای گەورە لێیان بەرییە، لەبەرئەوە هاتوون بە لێکدانەوەیەکی ستەمکارانە لێکدانەوەی تریان بۆ ئەو ئایەت یان

(١) سەیری کتێبی (الفصل فى الملل) ل(٣/٩٨)، چاپی قاهیرە.
(٢) سەیری کتێبی (المدخل إلى دراسة علم الكلام) د. حەسەن شافیعی، چاپی کتێبخانەی وەهبە لە قاهیرە ل(١٧٦).

فەرموودانە کردووە کە دەلالەتی ڕوون دەگەیەنن لەسەر بینینی خوای تەعالا لە قیامەتدا.

ئەهلی سوننەو جەماعەش وەڵامیانداوەتەوە کە ئەمە لەسەر بنەمایەکی خراپ بونیاتنراوە، ئەویش پێوانەکردنی نەبینراوە لەسەر بینراو، چونکە ئەو مەرجانە کە موعتەزیلە بۆ بینین باسیانکردوون بریتین لە مەرجی بینینی جەستەو ئەوانەی ڕوودەدەن، بەڵام بینینی خوای گەورە ئەوا میزانێکی تری هەیە، هەروەك کردەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: (کن فیکون) جیاوازە لە کردەی ئەو مرۆڤە کە پێویستی بە دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە هەیە[1].

موعتەزیلە جەختیان لەوە کردووە کە ئەوان نەبینراو لەسەر بینراو پێوانە دەکەن، قازی عەبدولجەبباری موعتەزیلی لە ئیقراری لەسەر ئەم پرەنسیپە و هۆهێنانەوە بۆی دەڵێ: (چونکە ڕێگای بەڵگەکان لە بینراو و نەبینراودا جیاواز نین). ئەوەش لەدوای ئەوە کە وتوویەتی: (بەڵام ئەو شتە کە دەلالەتە لەسەر ڕاست و دروستی کردار دەلالەتە لەسەر ئەوە کە توانای هەیە، ئەویش بریتییە لەوە کە لە بینراودا دوو ڕستە ببینین: یەکەمیان: ڕاست بێت کە کرداری ئەنجامداوە وەك هەر یەکێك لە ئێمە، ئەویتریش بۆی زەحمەت بێت جیاکردنەوە بکات وەك نەخۆشێك کە نەخۆشی توانای لێسەندبێت، چونکە هەر کەس بەڕاستی کارێك ئەنجامبدات ئەوا جیادەکرێتەوە لەو کەسە کە بە هەر هۆیەکەوە بووە ئەوەی بۆنا کرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕستەیە بەوەی کە توانای هەیە لەسەری، ئەم حوکمەش لە خوای حەکیمدا جێگیرە، چونکە ڕێگاکانی بەڵگەکان لە بینراو و نەبینراودا جیاوازیان نییە)[2].

(١) بۆ زیادە زانیاری و زانینی ڕای ئەهلی سوننەو جەماعە لەوەی کە پەیوەندە بەم بابەتەوە سەیری (فتح الباری فی شرح صحیح البخاری) بەشی التوحید ل(١٣/٤١٩-٤٣٤)، هەروەها صەحیحی موسلیم، بەشی ئیمان ل(١/١٥٨-١٧٣)، هەروەها موسنەدی ئەحمەد و تحفة الأحوذي و تەفسیری تەبەری بکرێ، لەبارەی ڕاو بۆچوونی موعتەزیلەشەوە سەیری کتێبەکانی (شرح الطالع علی الطوالع) ل(٣٨١)، (غایة المرام فی علم الکلام) و (المغنی) قازی عەبدولجەببار، (شرح الاصول الخمسة)، وە (الاقتصاد للغزالی) بکرێ.

(٢) سەیری کتێبی (المغنی) ل(١٤/٥٥) بکرێ.

ئامەدی کە زانایەکی ئوسولّییە، کاتێ هاتووە لە بواری ئەحکامە کرداریەکاندا بەرگری لە پێوانەگیریی ڕەها کردووە، ئاگاداریداوەو پێیوایە کە نابێ لە مەسەلە کەلامییەکاندا پشتی پێببەسترێ، ئەوەش بەو بەڵگەیە کە توانا نییە هەموو شارەزاییەك لەبارەی نەبینراوەوە هەبێت، چونکە ئەوکات کۆکردنەوە دەبێتە زۆرلێکردنێکی ڕووت و داوایەکە بەڵگەی لەسەر نییە، هەر کەسیش ئەم گوتەیە بڵێ پابەندی دەکات کە دانبنێ بە ڕاستی بڕیاری ئەو کەسەدا حوکم بەوە دەدات کە هەموو ئادەمیزادەکان ڕەشپێستن ئەگەر جگە لە زنجییەکان مرۆڤی تری نەبینیبێ...[(١)].

ئامەدی ڕەخنەی لە هەر کەسێك گرتووە کە پێوانەی نەبینراوی لەسەر بینراو کردووە، تەنانەت ئەو ئەشعەریانەش کە وتوویانە تەنها لە بەشی سیفەتەکاندایەو لە کردارەکاندا نییە، چەند دیسپلینێکیشیان بۆ ئەو پێوانەگیرییە داناوە، لەوانەش بەردەوامبوونی کۆکارییە، وتوویەتی ئەو ئەگەرە کە جیهان بینراوە و هۆکاری بە شارەزابوون پێی لێکداوەتەوە، یان مەرجداری کردووە بەوەی کە لەوانەیە وەها بێت، ئەوەش ناخوازێ کە دەبێ نەبینراویش هەروەها بێت، چونکە ئەو مانایە کە لە بینراودا باسکراوە لە نەبینراودا بوونی نییە، کەواتە تێپەڕاندن ناخوازێ، یان بە واتایەکی تر ئاگادار نەبووە پێی، ئەو شتەش کە زانست بەردەست نییە لەوەی ئەو شتە بوونی هەیە نابێتە بەڵگە لەسەر بوونی زانست بە نەبوونی[(٢)].

دکتۆر حەسەن شافیعی دەڵێ: (ئامەدی ئا بەمجۆرە گوماندەکات لە بەهای ئەو پێوانەگیرییە، ئیتر ئەو کۆکارە کە لە نێوان بینراو و نەبینراودا باسدەکرێ هەر چییەك بێت، بەڵام ڕێبازی ئەسفەراییني لە پێوانەکردنی نەبینراو لەسەر بینراو تەنها لەوەدایە زەرورە، یان لە ڕووداندا لەو دەچێت با کۆکاریش دەستەبەر نەبێت (چونکە خوای گەورە لە خودی خۆیدا بوونی هەیە بەو پێیە بینراوەکەی بوونی هەیە، هەر بوونێکیش

(١) سەیری کتێبی (الإبكار) ل(٣٩/١) کە د. حەسەن مەحمود شافیعی لە کتێبەکەیدا (المدخل إلى دراسة علم الكلام) ل(١٧٨) چاپی کتێبخانەی وەهبە لە قاهیرە، ساڵی (١٤١١ك) ئاماژەی پێداوە.
(٢) الأبكار، ل(٤٠/١).

لە بینراودا بوونی هەبێت ئەوا زاتێکە بە حەتمی بوونی هەیە) بەڵام ئەمە لە ڕواڵەتدا ناڕەوایە)[1].

بەهەمانشێوە زۆرێك لە لێکۆڵەران ڕەخنەیان لەم پێوانەگیرییە گرتووە، لەوانە ئیبن ڕوشدی فیقهناس و فەیلەسوف کە بە ڕەهایی ڕەتیکردووەتەوە، ڕەتکردنەوەکەی کردووەتە بناغەیەك بۆ هەوڵی گونجاندنی نێوان ئەقڵ و ئاین کە دەستی بەم ئایەتە پیرۆزەوە گرتووە کە دەفەرموێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ الشورى: ١١[2] ئیبن حەزمیش بە هەڵەو گومڕایی داناوە، ئیمامی جوەینی لەبارەیەوە دەڵێ: (هیچ ئەسڵێکی نییە)[3]. غەزالیش وتوویەتی: (گێڕانەوەی نەبینراو بۆ بینراو هیچ چاکەیەکی تێدا نییە).

کەواتە پشتبەستن بەم بناغە پووچ و ناڕەوایە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو هەموو باوەڕە خراپانە، بەڵکو زیاتر لەوەش: ئەوانەی کە بەرجەستەبوون بۆ خوای گەورە دادەنێن هەر لەم بناغە خراپەیەوە هەنگاویان ناوە.

هۆکاری ئەم هەموو هەڵەیەش تێکچوونی ئەو میزانەیە تایبەتە بە خوای گەورەوە کە نەماندیوە، هەروەها میزانی بەدیهێنراوە، جا ئەگەر شارەزایی بە هەردوو میزانەکە ببوایە ئەوا ئەو تێکچوونە لە تێگەیشتن و بۆچوون و وێنا کردن و ئەحکامەکاندا ڕوویندەدا.

کەواتە میزانی نەبینراوی ڕەها بە ڕەهایی ئەوە دەخوازێ کە بە دەق و بە ئەقڵ دەستکۆتا بین لە چوونەناو جیهانی نادیار و غەیب، نابێت هیچ لەبارەیەوە بوترێ جگە لەو زاتە کە خۆی ئاگادارە بەسەر جیهانی نادیاردا کە خوای گەورەیە، چونکە ئەقڵ تا هەر ئاستێ پێشبکەوێ هەر ناتوانێ بگاتە زانستی یەقینی بە حەقیقەتی غەیبی ڕەها وەك: حەقیقەتی خوایەتی و شارەزابوون بەو زاتە، هەروەها جیهانی جنۆکەو فریشتەکان، بە

(١) د. حەسەن شافیعی، سەرچاوەی پێشوو ل(١٧٨-١٧٩).
(٢) هەمان سەرچاوە ل(١٠٨).
(٣) د. فوقية حسين: (الجويني إمام الحرمين) ل(١٤٠-١٤١).

بەهەشت و دۆزەخ، هەروەها بە جیهانی گۆڕ، هەر بۆیە نابێت حوکم بدرێ بەسەریاندا بەپێی بینینی ئەو شتانە کە بوونیان هەیەو ئێمە دەیانبینین.

کەواتە ڕۆڵی ئەقڵ لە مەسەلە غەیبی و نادیارەکاندا تەنها گەیشتنە بە بەڵگەکان، بە ڕێگا جۆراو جۆرەکانی بوونی و باوەڕهێنان پێی و بە پرەنسیپە گشتییەکانی، بەڵام مەسەلەی حەقیقەتی و زاتی دیاریکراوی ئەوا ئەقڵ ناتوانێت بگات پێی، مەگەر تەنها لە ڕێگای پێوانەکردنی نادیار و نەبینراو لەسەر بینراو کە ئەمەش پێوانەگیرییەکی خراپەو و پووچ و ناڕەوایە، چونکە ئەو وردەکارییانە دەرکیان پێنا کرێ تەنها لە ڕێگای هەستەوەرەکان و بینینەوە نەبێت، یان پێوانەگیریی لەسەریان، جا بەو پێیە کە جیهانی غەیب کەس نەیبینیوە و کەسیش ئاگادار نییە بەسەریدا، ئەوا ئیتر چۆن باسی ئەو سیفەتانەی دەکرێ کە تایبەتن پێیەوە؟

## ب- میزانی دەق و میزانی ئەقڵ:

باسێکیتر کە پەیوەستە بەم بەشەوە، بریتییە لە فیقهی میزانی ئەقڵ و میزانی دەق، کە تێکەڵکردنیان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێگەی یەکێکیان، یان لەسەر حیسابی ئەویتر بوونی نەمێنێ.

مەعلومە کە ئەقڵ بناغەی پابەندبوونی کەسەکانە بە ئەرکەوەو بەبێ ئەو پابەندبوون نامێنێ، چونکە پابەندیی لەگەڵ بوونی ئەقڵدایە، هەروەها بەپێی ڕێساکانی زمانی عەرەبی و واتا جۆراو جۆرەکانی بناغەیە بۆ تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان، بەهەمانشێوە بۆ ئیجتیهادکردنیش لە ڕێگای پێوانەگیریی و بەچاکزانین و مەبەستەکان و هاوشێوەیان، چونکە بە بەکارهێنانی ئەقڵ نەبێت کە بخرێتە خزمەتی دەق و هەڵێنجانی لێبکرێ و پێوانەگیریی لەسەر بکرێ و.....تادوایی ئیجتیهاد نایەتەدی.

ئەقڵ بە ڕێگا جیاواز و فرەجۆرەکانی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەڵگەهێنانەوە بۆ گەیشتن بە باوەڕ بە خوای گەورەو بە ڕاستاندنی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی، بە فیعلی بناغەی سەرەکییە بۆ ڕاست و دروستی باوەڕهێنان.

بەڵام دەقی ڕاستیش -کە خۆی لە هەمووی قورئانی پیرۆزدا، لە سوننەتی سەلمێنراو و جێگیردا وێنا دەکات- ئەوا ڕۆڵی بریتییە لە باسکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو کردار و فەرز و ئەرکانە کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ لە بەندەکانیان دەوێ، هەروەها وازهێنان لە شتە حەرامکراو و شتە ناپەسەندەکان، هاوکات گرتنەبەری ڕێگای ڕاست لە هەموو کاروبارەکاندا کە مرۆڤ پێویستی پێیانە، بۆ بەختەوەربوونە لە دنیا و قیامەتدا، بەهەمانشێوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگاکانی خراپەو گومڕایی و دەستنیشانکردنی ڕێگای گەندەڵکاران و گومڕاکانە.

ڕۆڵی دەقیش لە باسکردن و ڕوونکردنەوەی مەسەلە غەیبییەکان و وردەکاری تیایاندا بەو ڕادەیەیە کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی، چونکە ئەقڵ بە تەنها ناتوانێت بگاتە ئەو وردەکارییە غەیبییانە، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی پەرستش و ڕێوڕەسمەکان و وردەکاری تیایاندا، بەو پێیە کە خوای گەورە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە ئەوەی دەوێ، ئەقڵیش ناتوانێت بە تێروتەسەلی شارەزا ببێت بەوە کە خوای گەورە لە بەندەکانی خۆی دەوێت.

تێکەڵکردنیش کاتێك ڕوودەدات کە ئەقڵ لە بوارێکدا بەکاربهێنرێ کە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە دەقەوە، وەك وردەکاری مەسەلە غەیبییەکان و ڕێوڕەسمەکان (پەرستشەکان)، کاتێ ئەقڵ بەبێ وەحی دەچێتەناو وردەکارییەکانی مەسەلە غەیبییەکان ئەوا ڕێگای خۆی وندەکات، چونکە نە ڕێنمایی و نە نوورێکی هەیە ڕێگای بۆ ڕۆشنبکاتەوە، هەروەها کاتێك بڕیار لەسەر وردەکارییەکانی ڕێوڕەسمە پەرستشییەکان دەدات، وەك ژمارەی نوێژەکان و ڕەکعات و چۆنێتی ئەنجامدانیان، هەروەها ئەو وردەکاریانە کە تایبەتن بە ڕۆژوو و حەجەوە، ئەوا دەچێتەناو جیهانی بیدعەی داهێنراوەوە لە شەرعدا کە بە گومڕایی وەسفکراوە، کاتێکیش دەویسترێ میزانی پەرستشە ڕووتەکان بە زۆرەملێ بخزێنرێنە ناو داب و نەریتەکانەوە، ئەوا شڵەژان و شپرزی ڕوودەدات -هەروەك لەمەوپاش باسیدەکەین-، ئەمەش بەبێ هیچ هەق و ڕەوایەتییەك دەبێتە هۆی سڕبوون و کافرکردن و گومڕاکردن.

کەواتە هەریەك لە دەقی ڕاست و ئەقڵی ساغ و سەلیم پێگەی دیاریکراو بەخۆی هەیەو

نابێت تێپەڕێنرێ، ئەمەش بەو مانایە نییە کە چوون بەناویەکدا و تێهەڵکێشکردن لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو دەق هەڵدەستێ بە ڕوونکردنەوەی بڕیاری شەرعی بۆ کەسی پابەندکراو بۆ هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ، ئیتر بە دەقێکی ڕاشکاو بێت، یان لە ڕێگای پرەنسیپە گشتییەکانەوە بێت، یان بە هەڵێنجان بێت لە ڕێگای ئیجتیهاد (ئەقڵ)ەوە بێت، ئەقڵیش بەهەمانشێوە لە ڕووی تێگەیشتن و بەڵگەهێنانەوەوە -هەروەك پێشتر باسکرا- دەچێتە سەر دەق.

جا بەهۆی نەشارەزایی زۆر کەس بەم میزانە، ئەوا تێکچوون و کەموکووڕی گەورە لە حوکمە شەرعییەکان و بۆچوونەکاندا ڕوویداوە، هەیانە ئەقڵی داناوە بە تاکە بناغە، گوایا دەق بگاتە هەر ئاستێك هەر پاشکۆی ئەقڵە، ئەمەش بووە هۆی هەڵەیەکی گەورە و گوناهێکی مەزن و سەری لە پشتگوێخستنی دەقە شەرعییەکانەوە دەرچوو، یان هاتوون بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێسا ڕاست و دروستەکانی لێکدانەوە لێکدانەوەیان کردووە، هەروەك لای موعتەزیلەو هیتریش هەیە لەوانەی کە ئایەتە قورئانییەکان و فەرموودە ڕاستەکانیان لێکداوەتەوە و بە بیانووی ئەقڵگەرایی پشتگوێیان خستوون، ئەمانە لێکدانەوەی سەقەتیان بۆ ئەو ئایەتانە کردووە کە لەبارەی بینینی خوای گەورەوە هاتوون، وەك فەرموودەی: ﴿وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ، إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ﴾ القيامة: ٢٢-٢٣، واتە: (لە حاڵێکدا کە لەو ڕۆژەدا ڕوخسارانێك دەبینرێن گەشاوەو جوان و ناسك و پاکن...، چونکە بە چاوی سەریان تەماشای پەروەردگاریان دەکەن و لە تەماشای ئەو زاتە خاوەن جەلال و جەماڵ و کەماڵە تێرنابن و بێزار نابن..). عەرەب وتوویانە ئەگەر ڕوانین بە (بۆ-إلى-) بەکارهێنرا ئەوا دەقێکە بینین دەگەیەنێ کەچی موعتەزیلە بە چاوەڕێکراو لێکیانداوەتەوە.

ئەمانە هاتوون ئەم فەرموودە ڕاستە کە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوەو دەفەرموێ: ((**إنكم سترون ربكم يوم القيامة كما ترون هذا القمر لا تضامون في رؤيته**))[1]. واتە: (بەدڵنیایی

(١) سەیری (صەحیحی بوخاری لەگەڵ الفتح) ژمارە (١٣/٤١٩-٤٣٤)، هەروەها موسلیم ژمارە (١/١٥٨-١٧٣)، (موسنەدی ئەحمەد) ژمارە (٢/١٣، ٦٤، ٤٥٠، ٥٣٧) بکرێ، هەروەها سەیری سونەنی ترمذی لەگەڵ توحفة، تەفسیری تەبەری، تەفسیری ئیبن کەسیر، تەفسیری قورتوبی بکرێ، هەموو ئەمانەی پێشەوە گێڕاویانەتەوە.

ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا پەروەردگارتان دەبینن هەروەك چۆن ئەو مانگە دەبینن و تێرناخۆن لە بینینی). پشتگوێیان خستووەو بە پاساوی دژایەتی لەگەڵ ئەقڵدا لەکاریان خستووە.

هەموو ئەمەش کە ڕوویداوە بەرئەنجامی ئەوەیە ئەقڵ خزێنراوەتە بوارێك کە هی ئەو نییە، چونکە ئەو سیفەتانە کە پەیوەندن بە خوای گەورەو بە حەقیقەتی ئەو زاتەوە ناچنە ژێر ئەقڵی ئێمە، ئەقڵمان هەر ئەوەندەی بەسە بمانگەیەنێت بە باوەڕهێنان بە خوای گەورە، ئیتر چۆنێتی بینینی خوا ئەوا بەو شێوەیە دەبێت کە شایستە بێت بە زاتی مەزنی بەبێ هیچ جۆرە وێکچواندن و بەرجەستەکردن و لەکارخستنێ.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەم میزانەدا ئیتر هەرگیز هیچ جۆرە دژبەیەکییەك لە نێوان دەقی ڕاست و ئەقڵی ساغ و سەلیمدا ڕوونادات، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە لە کتێبە بەهادارەکەیدا بە ناوی (درء تعارض العقل والنقل) کە لە (١١)بەرگدایە، مشتومڕی لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، باسیکردووە کە هەندێ لە زانا کەلامییەکان لەمبارەیەوە یاسایەکیان داناوە، ئەویش بریتییە لەوە هەرکات بەڵگەی بیستراو و ئەقڵی، یان بیستن و ئەقڵ، یان دەق و ئەقڵ، یان دەقە ڕواڵەتییەکان، هەروەها بڕگە ئەقڵییەکان دژبەیەك بوون ئەوا دەبێت ئەقڵ پێشبخرێ، ئەوکات دەقیش یان لێکدانەوەی تری بۆ دەکرێ یان واتاکەی دەدرێتە دەست زانستی خوای باڵادەست.

ئیبن تەیمییە وەلامێکی پڕاوپڕ و تێروتەسەلی داونەتەوەو ڕوونیکردووەتەوە کە بەڵگەکەیان پووچە، پاشان گەیشتووەتە مشتومڕێکی تێروتەسەل کە ئەو ئەگەرە ڕاست نییە، ئەو گریمانەیە پووچ و ناڕەوایە، چونکە هیچ دژبەیەکییەکی ڕاستەقینە لە نێوان دەقی ڕاست و ئەقڵی ساغ و سەلیمدا نییە[1].

چونکە ئەقڵی مرۆیی بگاتە هەر ئاستێك هەر ناتوانێ چییەتی و قووڵایی جیهانی نادیار و وردەکارییەکانی بدۆزێتەوە، ناتوانێ ڕێگای هیدایەت و هەق و ڕاستی و خواستە

(١) سەیری کتێبی (درء تعارض العقل والدین)ی ئیبن تەیمییە بکرێ، لێکۆڵینەوەی: د. موحەممەد ڕەشاد سەلیم، چاپی زانکۆی ئیمام موحەممەد بن سعود.

ئیمانییەکان بکێشێ، ئەگەرنا ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە نەدەکرد تا ببنە بەڵگە لەسەر خەڵکی، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا، لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴾ النساء: ١٦٥-١٦٦، واتە: (ئەوانە پێغەنبەرانێك بوون كە لەپێش تۆدا ڕەوانەمان كردوون، هەموویان مژدەبەخش بوون بە ئیمانداران و ترسێنەربوون بە نیسبەت یاخییەكانەوە، تا خەڵكی هیچ بیانوو بەڵگەیەكیان بەدەستەوە نەبێت لەسەر بێ دینی و یاخیبوونیان، دوای ئەوەی خوای گەورە لە هەر سەردەم و زەمانێكدا، بۆ هەر قەوم و گەلێك پێغەمبەرێكی لەخۆیان ڕەوانەكردووە، جا خوای گەورە هەمیشە و بەردەوام باڵادەستە بەسەر یاخی و كافراندا، تەواو دانایە لە ناردنی پێغەمبەران و مۆڵەتدان بە كەسانی یاخی و سەركەشەكان، بەڵام خوای گەورە خۆی شایەتە لەسەر ناردنی ئەو قورئانەی كە بۆ تۆی ڕەوانە كردووە، لە ڕاستیدا خوای گەورە ئەو قورئانەی لەسەر بناغە و بنچینەی زانست و زانیاری خۆی نازڵكردووە، هەروەها فریشتەكانیش شایەتن، هەرچەندە خوای گەورە خۆی بەسە بۆ ئەو شایەتیدانە).

ڕۆڵی ئەقڵی مرۆیی لە ڕووی ڕاست و دروستی یان ناڕاستییەوە، ئەوە نییە بە ئارەزووی خۆی ببێتە فەرمانڕەوا بەسەر شەرعەوە، ئەویش دوای دڵنیابوون لە ڕاستێتی شەرع، ئەو باوەڕ و بۆچوونانەش كە خوای گەورە بڕیاری لێداون ئەوا هەركات دەقەكە ڕاست بێت و بەڵگەو مانای گومانبڕی خۆی هەبوو و كاتی نەبێت، ئیتر ئەقڵ مافی ئەوەی نییە هەمووی یان بەشێكی ڕەتبكاتەوە، چونكە ئەوە تەنها شەرعە كە بۆ فێركردن و وەرگرتن و تێڕوانین بەرنامەی ڕاست و دروستە.

بەڵام لە هەمانكاتیشدا ڕۆڵی ئەقڵ لە ڕووی ئەو ئەرك و پەیامەوە كە مرۆڤ لەپێناویدا بەدیهێنراوە زۆر گەورەو مەزنە، ئەویش ئەركی جێنشینی و ئاوەدانكردنەوەی گەردوونە لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی خوا لە ڕووی داهێنان و دۆزینەوەوە، هەروەها ڕۆڵی گەورەی

هەیە لە ئیجتیهادکردن لە دەقەکاندا ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ڕێسا زانراوەکاندا، ئازادیشی پارێزراوە و هیچ دەستە و دەستەڵاتێك یان کەسێك مافی ئەوەی نییە ئەقڵ کەرەنتینە بکات، لەوەی پەی بە مەبەستی دەقی ڕاست ببات، مادامێ تێڕوانینەکەی لە سنوری دیسپلینە ڕاستەکان و بەرنامەی ڕاست دەرنەچووە و لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕەکان بەرپابووە[1].

چونکە ئیسلام ئاینی ئەقڵە، واتە لە پرس و بڕیارەکانیدا ئەقڵ دەدوێنێ، نایەت بە شتانی دەریاسا دەستەمۆی بکات، ئەقڵ دەدوێنێ و دەیکاتە خولگەی پابەندبوون بە ئەرکەوە، ڕێزی لێدەگرێ و دەیکاتە جێگای ڕێز و فەزڵی مرۆڤ دەدات بەسەر دروستکراوەکانی تردا، تەنانەت تەنها ئەو ئیمانەی لا پەسەندە کە ئەقڵ قوبووڵی بکات و قەناعەتی پێی هەبێت.

جا بەهۆی تێکەڵکردنی ئەو میزانەو تێنەگەیشتن لێی تێکەڵکردنی گەورە ڕوویداوە، زیادەڕۆیی و شلگیریی ڕوویداوە، چونکە کەسی وا دەبینین کە ئەقڵی مرۆیی دەخاتە پێگەی خوایەتی، کردوویەتە فەرمانڕەوا بەسەر هەموو شتێکەوە، تەنانەت کردوویەتە فەرمانڕەوا بەسەر پرسە نەگۆڕە ئاینییە ڕاست و دروستەکانیشەوە، کەسیتریش هەیە هاتووە ڕۆڵی ئەقڵی مرۆیی سڕیوەتەوە، لێرەوە هەردووکیان دوورکەوتوونەتەوە لە ڕێگای ڕاست، چونکە ئەقڵ لە ڕێگای وەحی ڕاستەوە نەبێت کە ڕێگا کە دەکێشێ و ڕاستەڕێ ڕووندەکاتەوە، ئیتر توانای نییە پەی بە مەسەلە غەیبی و پەرستشییەکان ببات، هەروەها دەیپارێزێ لە عەیبەکانی پێکهاتەی خۆی و عەیبەکانی هەواو ئارەزوو و پاڵنەرەکان کە بوونەتە فشار لەسەری، هاوکات لە هەنگاونانی بەرەو زانست و مەعریفەو ئەزموون گەرەنتی پایەداریی دەداتێ، هەروەها بەپێی شەریعەتی خوای گەورە پایەداریی ڕەفتاریشی پێدەبەخشێ[2]، کەواتە وەحی چرای ئەقڵە و ئەو ڕووناکییەیە کە ڕێگای ئەقڵ ڕۆشن دەکات.

---

(١) سەیری (في ظلال القرآن) بکرێ. چاپی دار الشروق ل(٢/٨٠٧-٨٠٩).

(٢) سەیری (في ظلال القرآن) ل(٢/١٠٩٨) بکرێ.

**ج- تێکەڵکردنی میزانی چاکەو قەدەر و میزانی ئەرك پێسپاردن (فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە):**

خوای گەورە میزانی چاکەی جێگیر کردووە، جا مادامێ لە خوای گەورەوە دەرچووە ئەوا لەسەر بێهەڵەیی و ڕاستگۆیی و هەبوونی ئیمان پێی دامەزراوە، ڕۆڵی ئەرك پێسپێردراویش تەنها بریتییە لە باوەڕهێنان پێی، هەروەها باوەڕهێنان بەوەی پەیوەندە بە قەزاو قەدەرەوە، چونکە ئەرکی باوەڕدارە باوەڕێکی ڕاستگۆیانەی بەوە هەبێت کە ڕووەدەدات بەرلە ڕوودانی، لەدوای ڕوودانیشی ئارامگرتن و دڵدانەوە دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی بەو پێیە کە ئەوە شتێکی بڕیار لێدراوە، خێر و چاکەش لەوەدایە خوای گەورە هەڵیدەبژێرێ، ئیتر لە ئاینەکەی یان لە دنیا کەیدا بێت، بەمجۆرەش توانای لەسەر ئارامگرتن زیاتر دەبێت، دەفەرموێ: ﴿ لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ ﴾ الحديد: ٢٣.

ناشبێت قەدەر بکرێتە پاساو بۆ ئەنجامدانی خراپەکاریی و کوشتن و گوناهکردن و....، گوایا ئەوە شتێکی قەدەرەو تەقدیرکراوە، چونکە ئەوەی کە قەدەرە تەنها لە زانستی خوادایەو جگە لە زاتی خۆی کەسیتر نایزانێ، مرۆڤیش پابەندە بە ڕاپەڕاندنی ئەوەی لەلایەن پەروەردگاریەوە فەرمانی بە چاکە پێدراوەو ڕێگری لێکراوە لە خراپەکاریی.

میزانی پابەندبوونیش بە ئەرکەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لەسەر ڕاپەڕاندن دامەزراوە، ئەویش هەرکات ئەو مەرجانە دەستەبەربوون کە لە پابەندبووندا بەهەندگیراون.

بەم پێیە هیچ دژبەیەکییەك لە نێوان دوو میزانەکەدا نییە، چونکە میزانی چاکەو قەدەر تایبەتە بە زانست و توانا و ئیرادەی خوای گەورەوە، ئێمەش پابەند ناکرێین پێیەوە، مەگەر تەنها لە بواری بڕواپێکردن و ڕازیبوون بێت بە ئەنجامەکانی، ئینجا سوپاسگوزاری لەسەر ئەو چاکەیەی بۆمان دەردەکەوێ، ئارامگرتنیش لەسەر ئەو خراپەیەی بۆمان دەکەوێتەڕوو، میزانی فەرماندان بە

چا کەو ڕێگریش لە خراپە لەسەر فەرزی جێبەجێکردن بەرپابووە، مادامێ کەسی پابەندکراو بە ئەرکەوە توانای جێبەجێکردنی هەیەو مەرجەکانیتری پابەندبوونی تێدا فەراهەم هاتووە، کەواتە دژبەیەکی و بەریەککەوتن لە نێوان بڕواپێکردن و جێبەجێکردندا بوونی نییە.

ئا لێرەوە ئیتر کەسی شارەزا بە هەردوو میزانەکە دیدی ڕوونە، کردەوەیشی هیچ تەموژ و دوودڵی تێدا نییە، تەواوی هەوڵی لەپێناو چا کەدا دەخاتەگەڕ ((**أعملوا، فكل ميسر لما خلق له**))[1]. واتە: (کاربکەن، چونکە هەرکەسەو ئەو هۆکارانەی بۆ بەردەست دەبن و بۆی دەڕەخسێن کە بۆیان بەدیهاتووە).

بەڵام کەسێك کە ئەم تێگەیشتنەی نییە ئەوا بیری دەشڵەژێ، نێوان ئازادی خود و قەدەرە خواییەکان و نێوان ئەرکە شەرعییەکان تێکەڵ بەیەك دەکات، بۆ نمونە گوفتاری خوای باڵادەست لەبارەی مزگەوتی حەرامەوە ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًاۗ﴾ آل عمران: ٩٧. ئەم ئایەتە ئەگەرچی لە شێوازی چا کەدا هاتووە، بەڵام ئەرکی شەرعییە لەسەر کاربەدەستان کە هەوڵی تەواوەتی بدەن بۆ ئەوەی هەرکەس هاتە ناوی پارێزراو بێت، کەسیتر هەیە وەها لێی تێگەیشتووە کە هەواڵە، لەبەرئەوە گومانی وابردووە کە ئەو کەسەی دەچێتەناو حەرەم بە قەدەری خوای گەورە پارێزراو دەبێت، بەمجۆرە دۆشدادەمێنێ لەبەردەم ئەو هێرشانەدا کە زیاتر لە جارێك کراونەتە سەر حەرەمی پیرۆز و کەسانێکی زۆر کوژران تیایدا، ئیتر لە ڕۆژەکانی شەهیدبوونی عەبدوالله ی کوڕی زوبەیر بوو بێت یان لە سەردەمە دوایینەکاندا بووبێت.

لە ڕاستیدا ئەمەش کەموکووڕی و تێکچوونە لە فیقهی میزاندا، چونکە ئەم ئایەتە دەچێتە ناو میزانی ئەرك پێسپاردن و پابەندبوونەوە، نەك لە میزانی چا کەو تەقدیردا بێت، زۆر مەسەلەی تریش هەن هەر بەهەمانشێوەن.

(١) ئەمە بەشێکە لە فەرموودەیەکی لای بوخاری بە ژمارە (٦٦٠٥)، هەروەها موسلیم بە ژمارە (٢٦٤٧).

## فیقهی مەسە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان لە ئایندا، جێکەوتەیان لەسەر دەستەبەرکردنی میانڕەویی و مامناوەندی و پێکەوەژیان

بەڵگەنەویستە کە ئیسلام میراتگری ڕاستەقینەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکانە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِيٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ الشورى: ١٣. ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ﴾ المائدة: ٣.

خوای گەورەش ئیسلامی کردووەتە کۆتا پەیامی ئاسمانی، پێغەمبەری ﷺ کردووەتە کۆتا پێغەمبەر ﷺ، ئیسلامیش ئاینی هەتا هەتاییە تا ڕۆژی قیامەت، ئەم ڕاستییە ئەوە دەخوازێ کە دەقە یەکلاکەرەوە گومانبڕەکانی لەسەر ئەو بنەماو پایانە چڕببنەوە کە ئەم ئاینە لەسەریان بونیاتنراوە، هەروەها باوەڕی ڕاست و دروست و بەهاو ڕەوشتە بالآکان ڕوونبکەنەوە، بنەمای مامەڵەو هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ هەمووی خەڵکیدا بونیاتبنێ، وردەکاریی زۆربەی ئەم شتانە جێبێلێ بۆ بەڵگە گوماناوییەکان، یان ئیجتیهادە مرۆییەکان، ئەویش لە سایەی پرەنسیپە گشتی و ڕێسا هەمووەکییەکاندا.

بەمشێوەیە شەریعەت نێوان پرسە نەگۆڕەکان کە هیچ جۆرە گۆڕانێك قوبوڵ ناکەن -واتە وەك پەیکەری ئێسقانی مرۆڤ وان- و نێوان پرسە گۆڕدراوەکان کە وەك باری ئاسایی مرۆڤ وان و لەبارن بۆ گۆڕان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەم پێیە ئەو شەریعەتە کە ڕەوانەیکردووە بۆ مرۆڤ گونجاوە لەگەڵیدا و ئەم ئایەتەی بۆ هاتووەتە خوارەوە: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ الملك: ١٤.

مرۆڤ لە حەقیقەت و کرۆك و لە بنچینەی ئەقڵ و ڕۆح و دەروونی و لە پێکهاتەو شتە زەرورییەکان و پێویستییە گشتییەکانی بۆ خۆراك و پۆشاك و خواردنەوە کەسێکی نەگۆڕە، (با جۆرەکانیشی جیاوازبن، بەڵام مرۆڤ لەو ڕۆژەوە کە بەدیهێنراوە تا ئەمڕۆ هەر لە بنچینەی گشتیدا نەگۆڕاوە). بەڵام مرۆڤ لە مەسەلە مەعریفیەکان و توانا کانی بۆ دەستەمۆکردن و

زانستەکانی، هەروەها پۆشاك و خواردن خواردنەوەو شوێنی نیشتەنیدا لە گۆڕاندایە، ئەو گەیشتووەتە سەر مانگ کەچی هەر پێویستی بە هیدایەتی خوایی و باوەڕ هەیە کە بۆشایی ڕۆح و دەروونی پڕبکاتەوە، پێویستی بە بەهاو ڕەوشتە خواییەکانە کە ڕێگری دەکەن لە دووفاقی و ڕەگەزپەرستی و ستەم و لە خواردنی مافی کەسانیتر، هانیدەدات بۆ دادگەریی و یەکسانیی و ویژدان بەخەرجدان، دەیگێڕێتەوە لەوەی مرۆڤیتر سەرشۆڕ و زەلیل بکات و بەکەم سەیری بکات، هەروەها لە خواردنی ماف و ماڵ و سامانی[1].

ئا بەم سیفەتە گشتگیرە گەورەیە لە نێوان سود وەرگرتن لە دەق و ئەقڵ، وە نێوان مەسەلە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکاندا ئیتر چاکەی دنیاو قیامەت لە مرۆڤدا کۆدەبنەوە، پێکەوەیی و خۆشەویستی و نزیکی ڕاستەقینەی بۆ جێبەجێ دەبێت، چونکە ئەوکات دەبینە یارمەتیدەری یەکتری، لەسەر ئەو پرسە نەگۆڕانە کە کۆدەنگین تیایاندا یەکدەگرین، هەروەها پۆزش بۆ یەکتر دێنینەوە لەو شتانەی ڕاجیاواز و ناکۆکین تیایاندا، چونکە ئەوانە لە مەسەلە گۆڕدراوە کۆمەڵایەتییەکانن کە زیاتر لە ڕاو بۆچوونێك هەڵدەگرن.

دەبێ بوترێ کە مەسەلە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان وەسفن بۆ حوکمە شەرعییەکان و فەتواکان، وەسف نین بۆ دەقە شەرعییەکان کە هەر نەگۆڕن و دەمێنن و بەردەوام دەبن، بەڵام ئیجتیهادکردن لە دەقە گوماناوییەکانیدا ئەوا ئەوەیە کە دەکرێ بگۆڕدرێ.

مەسەلە نەگۆڕەکان: بریتین لەو پرەنسیپ و ئەحکامە شەرعییانە کە بە دەقی یەکلاکەرەوەو گومانبڕ نەگۆڕن، یان بریتین لەو پرەنسیپانە کە ئوممەت بە کۆدەنگییەکی ڕاست و ڕاشکاو کۆدەنگن لەسەریان، واتە ئەو پرەنسیپانەن کە زەرورەتی ئاینن و ئاین بێ ئەوانە نوقصانە، مەسەلە گۆڕدراوەکانیش بریتین لەو مەسەلانە کە جگە لەوانەی پێشەوە ئیتر لەبارن ئیجتیهادیان تێدا بکرێ.

کەواتە دەقە گومانبڕەکان و ئەوانەش کە بە کۆدەنگییەکی ڕاست و ڕاشکاو کۆدەنگییان لەسەرە، ئەوانەن کە مەسەلە نەگۆڕ و گومانبڕ و یەکلاکەرەوەکان پێکدێنن،

---

(١) سەیری کتێبی (المدخل إلى دراسة الشريعة) نوسینی مامۆستامان یوسف قەرەزاوی، ل(٢٥٧) چاپی کتێبخانەی وەهبە.

واتە بریتین لە بنەماو پرەنسیپە گشتییەکان و مەسەلە هەمووەکییەکانی شەریعەت، لە ڕێسا هەمووەکییەکان و مەبەستە گشتییەکان و حوکمە گشتییە هەمووەکییەکان، کە بەپێی سەردەمەکان و شوێن و بارودۆخی کەسەکان ناگۆڕێن، ناشبێت ڕا و بۆچوون ئیجتیهادەکان تیایاندا جیاواز بن، ناشبێت ڕا و کۆمەڵەکان فرەجۆر بن تیایاندا، چونکە سەرچاوەی ئەو حوکمانە بە دەق و بە مانا سەلمێنراو و گومانبڕن، هیچ جۆرە بوارێك نییە بۆ ئیجتیهادکردن تیایاندا، هەر ئەمەش مەبەستی زانا ئوسولّییەکانە کە وتوویانە: (دەق ئیجتیهادی تێدا ناکرێ)، واتە: دەقی گومانبڕ، یان سەرپێچی لە دەقێکی شەرعی بکرێ با گومانبڕیش نەبێت.

دەقە گومانبڕەکان و مەسەلە هەمووەکییە گشتییەکان و پرەنسیپە گشتییەکان، هەروەها پرەنسیپەکانی دادپەروەریی و چاکەکاریی و بەزەییهاتنەوە و ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ و پرەنسیپی ئازادی و حەرامکردنی کوشتنی بە ناڕەوا، هەروەها خواردنی مافی خەڵکی بە ناڕەوا، دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی خەڵکی و هیتریش دەچنەناو ئەم پرەنسیپە نەگۆڕانەوە، تەنانەت یاسا مرۆییەکان تیایاندا لەگەڵ شەریعەتی نەمر و شکۆمەندا هاودەنگن، هەر ئەمەیە کە پێشینان ناویاناون: یاسای ئاسمانی یان یاسای سروشتی یان یاسای نەمر، پێشینانیش شتیان لەسەر ئەم پرەنسیپە نەگۆڕانە نوسیوە وەك: ئەرستۆتالیس و شیشرۆنۆغایۆس و کەسانیتریش، لەدوای ئەوانیش زانایانی خۆرئاوا لە فەرەنسی و ئینگلیز و ئەڵمانەکان هاتوون شتیان لەسەر نوسیون و ناویاناون: یاسای یاساکان (کە لە هەموو وڵاتان و لەناو هەموو گەلان و لە هەموو ناوچەکاندا کاریان پێدەکرێ)[1].

ئەمانەش لە ڕاستیدا پاشماوەی ئاینە ئاسمانییەکان و سروشتە پاکەکانە کە لە دڵ و دەروونی گەلاندا جێگیربوون، پێشەوا شاتیبی گوزارشی لە وەسفی ئەم پرەنسیپە نەگۆڕانە کردووەو دەڵێ: (ئەوانە پرەنسیپی هەمووەکی و هەمیشەیین، دنیا لەسەریان

(١) سەیری کتێبی (فلسفة التشريع في الإسلام) نوسینی د. صوبحی مەحمەصانی، ل(٢٩١)، چاپی دار العلم للملايين.

دامەزراوە، بەو پێیەش کە زانستی بەدواداچوون ڕوونیکردووەتەوە ئەوا بەرژەوەندی خەڵکەکە لەسەریان دامەزراوە، شەریعەتیش هەر بەپێی ئەوە هاتووە، چونکە تا زەوی و هەموو ئەو خەڵکانەی وان لەسەری دەگەڕێنەوە بۆ لای زاتی خودا ئەو حوکمە هەمووەکییە هەمیشەییە هەر دەمێنێ)[1].

## سودەکانی فیقهی مەسەلە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان

١- شارەزابوون بەو مەسەلانە کە لەتوانادایە ئیجتیهادیان تێدا بکرێ، ئەوانیش بریتین لە دەقە گوماناوییەکان، یان ئەو ناوچەیە کە دەقێکی ڕاست و تایبەتی تێدا نییە، واتە ئەو ناوچەیە کە چاوپۆشی لێکراوە.

٢- دانان بە هەر جیاوازییەك کە لە مەسەلە گۆڕدراوەکاندا دێتەگۆڕێ، مادامێ هەڵقولاوی ئیجتیهادە لە کەسانی خۆیەوە و لە شوێنی خۆیدایە، ئەوکات دەبێتە پرۆژەیەك و پێویستە ڕێزی لێبگیرێ، با لای لایەنەکەی تریش ڕایەکی بەهێز نەبێت.

٣- ڕاجیاوازی لە مەسەلە گۆڕدراوەکاندا، جیاوازی فرەجۆرییە نەك جیاوازی دژایەتی بێت، بەڵکو ئەوە ڕەحمەتێکی فراوانە.

٤- نکولی و ملەجیرە نەکردن لە مەسەلە ئیجتیهادیە جیاوازەکاندا.

بڕیارێکیش لە کۆڕی فیقهی ئیسلامی لە خولی دەیەمیدا، لە بەرواری (٢٤-٢٨صفر ١٤٢٣ك/ بەرانبەر بە ١٧-٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ز) دەرچووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**یەکەم: ڕاجیایی مەزهەبەکان:**

لە ڕاستیدا ڕاجیایی ڕێچکە هزرییەکان، کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا بوونی هەیە دوو جۆرە:

**أ- ڕاجیایی ڕێچکە باوەڕییەکان.**

**ب- ڕاجیایی ڕێچکە فیقهییەکان.**

(١) سەیری کتێبی (الموافقات) ل(٢/٢٩٨) بکرێ.

**دەربارەی یەکەمیان:** کە بریتییە لە ڕاجیایی لە باوەڕدا، لە ڕاستیدا ئەوە کارەساتە، بووە هۆی ڕوودانی چەندین کارەسات لە وڵاتانی ئیسلامیدا، درزی خستە ڕیزی موسڵمانانەوە، یەکبوونی لەتکردن، ئەمەش جێگای داخە، پێویستە نەمێنێ، بەڵکو دەبێت ئوممەت لەسەر میتۆدێکی میانڕەوی مامناوەند کۆببنەوە کە بەرپا ببێت لەسەر وەحی و ئیجتیهادی متمانەپێکراو، ئەو ئیجتیهادە کە وێنای هزری ئیسلامی پاك و ساغی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان دەکات، کە پێغەمبەر ﷺ بەدرێژایی سوننەتەکەی ڕایگەیاندووەو فەرموویەتی: ((**عليكم بسنتي، وسنة الخلفاء الراشدين من بعدي، تمسكوا بها، وعضوا عليها بالنواجذ**)). واتە: (دەستبگرن بە سوننەتمەوە، هەروەها بە سوننەتی جێنشینە ڕاشیدەکانی دوای من، دەستی پێوەبگرن، زۆر توند پابەندی بن).

**دەربارەی دووەمیشیان:** کە بریتییە لە ڕاجیایی ڕێچکە فیقهییەکان لە هەندێ مەسەلەدا، ئەویش هۆکاری زانستی وەهای هەیە کە وای خواستووە، خوای گەورەش لەمەدا حیکمەتی گەورەی هەیە، لەوانەش بەزەیی بە بەندەکانی، فراوانکردنی بواری هەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکان لە دەقەکانەوە، جگە لەوەش خۆی نیعمەتێکە و گەنجینەیەکی فیقهی تەشریعییە، وای لە ئوممەتی ئیسلامی کردووە بە فراوانی بچێتەناو ئاین و شەریعەتەوە، چونکە سنوردار نەکراوە تەنها لە یەك پراکتیزەکردندا کە هیچ بوارێك نەمێنێتەوە بۆ جگە لەو، بەڵکو ئەگەر هاتوو مەزهەبی یەکێك لە پێشەواکان لە کاتێك لە کاتەکاندا سەغڵەتی بۆ ئوممەت دروستکرد، یان لە مەسەلەیەکدا سەغڵە بوو و پراکتیزەی ئاسان نەبوو، ئەوا با لە مەزهەبەکەی تردا جۆرێك لە بەزەیی و ئاسانکاریی و فراوانی بەدی بکات، ئیتر ئەوە لە بواری پەرستشدا بێت یان لە مامەڵەکان، یان لە کاروباری خێزانیدا، یان لە دادوەریی و پێویستییەکاندا بێت، دەبێت ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە شەرعییەکانەوە بێت.

کەواتە ئەجۆری دووەمە لە ڕاجیایی مەزهەبەکان، ڕاجیاییەکی فیقهییە، شتێکی کەموکووڕی و عەیبە نییە، دژبەیەکی ئاینی نییە، ناشبێت وەها بێت، چونکە هیچ ئوممەتێك نییە سیستمێکی تەشریعی کامڵی بە فیقهـ و ئیجتیهادەکانیەوە هەبێت کە ئەم

ڕاجیاییەی لە فیقە و ئیجتیهادا تێدا نەبێت.

لە واقیعیشدا نابێت ئەم ڕاجیاییە بوونی نەبێت، چونکە دەقە بنەڕەتییەکان زۆرجار زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرن، بەهەمانشێوە ناکرێت تا کە دەقێك ئەو هەموو ڕووداوانە لەخۆبگرێ کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە، چونکە دەقەکان سنوردارن، بەڵام ڕووداوەکان سنوردار نین، هەروەك تاقمێك لە زانایان بە ڕەحمەت بن وتوویانە هەر دەبێت پەناببرێتە بەر پێوانەگیری، بڕوانرێتە هۆکاری حوکمە شەرعییەکان، هەروەها لە مەبەستی خوای خاوەن شەریعەت، بڕوانرێتە مەبەستەکانی شەریعەت، ئینجا دابەزاندنیان بەسەر ڕووداوەکاندا، هەروەها هاوسەنگی بکرێ لە نێوان ڕووداوە نوێیەکاندا، ئا لەمانەشدا ئەوا ڕاجیایی لە تێگەیشتنی زانایان و یەکلاکردنەوەو بەهێزکردن لە نێوان ئەگەرەکاندا بوونی هەیە، لێرەوە حوکمەکانیان لە یەك بابەتدا، ڕاجیایی تێدەکەوێت، هەریەك لەوانیش مەبەستی گەیشتنە بە ڕای هەق و ڕاست و بەدوایدا دەگەڕێ، جا هەرکەس ڕای ڕاست و دروستی پێکا ئەوا دوو پاداشتی دەستدەکەوێت، هەرکەسیش بەهەڵەدا چوو یەك پاداشتی هەیە، بەمجۆرە فراوانی جێگای خۆیدەکاتەوەو سەغڵەتی بوونی نامێنێ.

ئایا ئیتر چ عەیبەیەك لە هەبوونی ئەم ڕاجیاییە مەزهەبیەدا هەیە، لە کاتێکدا باسی چاکە و بەزەییەکەیمان کرد، کە خۆی لە واقیعدا نیعمەت و ڕەحمەتی خوای گەورەیە بۆ بەندە باوەڕدارەکانی، لە هەمانکاتیشدا گەنجینەیەکی تەشریعی مەزنە، تایبەتمەندییەکە شایانی ئەوەیە ئوممەتی ئیسلامی شانازی پێوە بکات.

بەڵام کەسانی گومڕاکار لە بیانییەکان، ئەوانەی لاوازی ڕۆشنبیری ئیسلامی لای هەندێ لە لاوانی موسڵمان دەقۆزنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوە لای ئەوان دەخوێنن، دێن ڕاجیایی لە نێوان مەزهەبە فیقهییەکان وەها وێنا دەکەن بۆیان وەك بڵێی ڕاجیاییەکی باوەڕییە، تا بە ستەم و بە ناڕەوا ئاماژەیان بدەنێ کە ئەوە بەڵگەیە لەسەر دژبەیەکی شەریعەت، ئەمە بێئەوەی ئاوڕبدەنەوە بەلای ڕاجیاییەکەدا کە دوو جۆرە و جیاوازیش لەنێوانیاندا زۆر زۆرە.

**دووەم: بەڵام ئەو توێژەی تر کە داوای وەلانانی مەزهەبەکان دەکات،** دەیەوێت خەڵکی لەسەر یەك هێڵی ئیجتیهادی ئەوبن، دێن پێشەوا کان یان هەندێك لە پێشەوایانی ئەو مەزهەبە فیقهییانە کە بوونیان هەیە لەکەدار دەکەن، ئێمەش لەو باسەی پێشەوەماندا دەربارەی مەزهەبە فیقهییەکان، سیفەت و تایبەتمەندی بوونیان و پێشەوا کانیان بەشی ئەوەندەمان باسکردووە ئەوانە واز لەو شێوازە قێزەونە بێنن کە گرتوویانەتە بەر، کە دێن خەڵکی گومڕا دەکەن، ڕیزی موسڵمانان پەرت دەکەن، یەکبوونیان دەشێوێنن، ئەمەش لە کاتێکدا کە ئێمە ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکیتر بۆ ڕووبەڕووبوونەی ئاڵەنگارییە مەترسیدارەکان لە دوژمنانی ئیسلامەوە پێویستمان بە یەکبوون و یەکڕیزی هەیە، ئەمە لەجیاتی ئەو بانگەوازە پەرتکەرە کە هیچ پێویستیمان پێی نییە.

درود و سەلام لەسەر گەورەمان موحەممەد، وە لەسەر ماڵبات و هاوەڵانی. سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان).

٥- یەکێکیتر لەو سودانە کە لە شارەزابوون بە فیقهی مەسەلە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان لەبەرچاو دەگیرێ، پەسەندکردنی تەواوی خەڵکی ئەهلی قیبلەیە، بەبێ کافرکردن، بێ سەغڵەتی دروستکردن بۆیان، بەڵکو نواندنی دڵسۆزی و ئامۆژگاری بۆیان، بەڵکو بە دابەشکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان لە نێوان کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکاندا بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان، بانگەوازی سەلەفی پسپۆڕ بێت لە چارەسەرکردنی لادانە باوەڕییەکان، ئەویش بە میتۆدی میانڕەو کە لەسەر حیکمەت بەرپابووە، کۆمەڵی (تەبلیغ) کاریان چڕبکەنەوە لەسەر بانگەواز بۆ لای خوای گەورە. کۆمەڵی برایانی موسڵمان سەرقاڵی چاکسازی و پەروەردەی گشتگیرانە بن، بۆ کۆمەڵەکانی تریش هەروەهایە.

٦- سودێکی تری فیقهی پرسە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان، بریتییە لە قوبوڵکردنی کەسانی ناموسڵمان بەو پێیە کە شەریعەتەکەمان پارێزگاری لە مافەکانیان کردووە، لە نێوان ئێمەو ئەواندا خاڵی هاوبەشی مرۆیی هەیە، هەندێ لە مەسەلە باوەڕییە نەگۆڕەکانیش لای ئەو ئاینە ئاسمانییانە تا ئەمڕۆ بوونیان هەیە.

# بەشی سێیەم
# هەڵوێستی ئیسلام و ئاینە ئاسمانییەکانی تر
# لەسەر دیاردەی تیرۆر

- تیرۆر یان بەزەیی ئیسلام.
- تیرۆر لە سەردەمی ئێستادا.
- تیرۆر و توندوتیژیی، لە نێوان جولەکە و مەسیحییەت و ئیسلامدا، (بە تیۆری و بە پراکتیکی).

## تیرۆر یان بەزەیی ئیسلام

### پێناسەی تیرۆر

**تیرۆر لە فەرهەنگی زمانەوانیدا:**

مەبەست پێی ترساندن و تۆقاندنە، ترهب الراهب: واتە: ئەو کەسەی ترساندووە کە لە پەرستگاکەیدا گۆشەگیری پەرستشە، راهب: کەسی خواپەرستی مەسیحییە کە لە پەرستگاکەیدایەو لە دنیا دابڕاوە، کۆی راهب: (رهبان)ە، رهبانیە: واتە وازهێنان لە دنیاو لە خۆشییەکانی و دابڕان لە خەڵکی[1].

**تیرۆریست (الإرهابی):** لەفزێکی نوێیە، لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانی پێشتردا بەکارنەهاتووە، بەڵام ئێستە بووەتە باو و بەو کەسە دەوترێ کە توندوتیژی دژ بە کەسانی سڤیل و بێ زیان ئەنجامدەدات، کۆڕی زانیاری زمانی عەرەبیش دانی بەم پێناسەیەدا ناوە[2].

(١) سەیری (لسان العرب) و (القاموس المحیط)، وشەی (رهب) بکرێ.
(٢) فەرهەنگی (المعجم الوسیط)، چاپی قەتەر ل(٣٧٦/١).

## پێناسەی تیرۆر (الإرهاب) لە زاراوەدا:

ئەم زاراوەیە زیاتر لە بیست ساڵە کەوتووەتە بەردەست و دەماودەمی پێدەکرێ، بێئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیاری کرابێت، لەبەرئەوە دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتە تاکڕەو و ستەمکارەکان بەکاری دەهێنن دژ بە هەر کەسێك پێچەوانەی ڕای ئەوان بێت، یان دژ بە ملهوڕی یان بەرژەوەندیەکانیان بوەستێ، بەم کارەیان پێچەوانەن لەگەڵ شەریعەتە ئاسمانی و یاسا نێودەوڵەتیەکاندا، بۆ نمونە بەرگری دژ بە داگیرکەران لە هەموو ئاینەکان و ڕژێم و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا کارێکی ڕەوایە، کەچی هەر ناوی تیرۆر براوە بەسەریدا، نەهاتوون بیبڕن بەسەر داگیرکەری ملهوڕدا، ئەوەتا بڕدراوە بەسەر بەرگریکارە فەلەستینییەکاندا، نەدراوە بەسەر زایۆنیزمە داگیرکەرە دوژمنکارەکاندا.

لەبەرئەوە پێویستە ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی، هەروەها کۆمکاری عەرەبی هەوڵی تەواوەتی بدەن بۆ دانانی پێناسەیەکی گشتگیر کە ڕێگر بێت لە هەر تیرۆرێك، ئینجا متمانەی نەتەوە یەگرتووەکان بەدەست بێنن بۆی، بۆ ئەوەی وەك شتێکی سەرئاو کەوتوو نەمێنێتەوەو بکەوێتە ژێر هەواو هەوەسی دەوڵەتان و تاك و گروپەکان.

## لەفزی تیرۆر (الإرهاب) لە قورئانی پیرۆزدا:

لەفزی تیرۆر (إرهاب) لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵکو وشەکەی بە لەفزی هەڵگۆزراو دوازدە جار دووبارە بووەتەوە، چوار جار بۆ ترس لە خوای گەورە هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَفِي نُسۡخَتِهَا هُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلَّذِينَ هُمۡ لِرَبِّهِمۡ يَرۡهَبُونَ﴾ الأعراف: ١٥٤. واتە: لە پەروەردگاریان دەترسن، ﴿وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ﴾ البقرة: ٤٠. ﴿إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ﴾ النحل: ٥١. واتە: تەنها لە خوای گەورە دەترسن، لە وەسفی باوەڕدارانیشدا دەفەرموێ: ﴿وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ﴾ الأنبياء: ٩٠. واتە: حەزیان لە ڕەزامەندی خوای گەورەو دەستخستنی بەهەشتە، هەروەها دەترسن لە خەشم و قین و سزای ئەو زاتە، یەکجاریش بە مانای ترسان لە مرۆڤ هاتووە ئەویش لەم ئایەتەدایە کە دەفەرموێ: ﴿لَأَنتُمۡ أَشَدُّ رَهۡبَةٗ فِي صُدُورِهِم مِّنَ ٱللَّهِۚ﴾ الحشر: ١٣. واتە: (لە ڕاستیدا

ئەو جولەکەو دووڕووانە سام و هەیبەتی ئێوەیان زیاتر لە سام و هەیبەتی خوای گەورە لەدڵدایە). دووجاریش بە مانای ترساندن هاتووە کە لەم دوو ئایەتەدایە: ﴿وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ﴾ الأعراف: ١١٦. واتە ترساندنیان. ﴿تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ﴾ الأنفال: ٦٠. واتە: بە ئامادەکردنی هێز دەیانترسێنن، یەکجاریش بە مانای چەندێتی هاتووە، خوای گەورە دەفەرمویٔ: ﴿وَٱضۡمُمۡ إِلَيۡكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهۡبِۖ﴾ القصص: ٣٢. واتە: (دەستیشت بخەرە بن باخەڵتەوە و دەری بهێنە دەبینی وەکو کافوری سپی، وەکو شوشەیەکی بێگەرد خۆی دەنوێنێت، هەرکات ترست لێنیشت دەستەکانت کۆبکەرەوە و لەسەر سنگت دایبنێ هێور دەبیتەوە). چوار جاریش لە مەسیحییەتدا بە مانای دابڕان لە دنیا و لە خۆشییەکانی هاتووە، کە لەم چوار ئایەتەدان: المائدە: ٨٢، التوبة: ٣١، التوبة: ٤٣، الحدید: ٢٧.

لێرەدا لەسەر ئەو ئایەتە پیرۆزە دەوەستین کە باس لە ترساندنی دوژمن دەکات، ئەویش ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ﴾ الأنفال: ٦٠. واتە: (ئەی کاربەدەستان! هەوڵبدەن چی دەتوانن لە کەرەستەکانی جەنگ و بەرگری و زانست و زانیاری و تەکنیکی سەردەم، دەستەبەری بکەن بۆ لەشکری ئیسلام، هەروەها ئەسپی چاکیان بۆ دابین بکەن، -لەم سەردەمەدا تانك و زرێپۆش و ئۆتۆمۆبێلی سەربازی و فڕۆکە و کەشتییە، سەیر لەوەدایە کە هێزی بزوێنەری هەموو ئەو شتانە بە هێزی ئەسپ مەزەندە دەکرێت!!- بۆ ئەوەی دوژمنانی ئاینی خواو دوژمنانی خۆشتانی پێ بترسێنن، تا جورئەتی هێرشکردنە سەرتان و تەماع تێکردنتانیان نەمێنێت، هەروەها تا ناحەزانی تریش لە دوژمنانی نەناسراو و نادیار حسابتان بۆ بکەن، جا ئێوە هەر شتێك لە پێناوی ئاینی خوادا و لە ڕێبازی خوادا خەرج بکەن، ئەوە خوای گەورە پاداشتتان دەداتەوە لەسەری، لە دنیادا سەربەرز و پایەدارتان دەکات، لە قیامەتیشدا

بە بەهەشتی بەرین شادتان دەکات، ئێوە بە هیچ شێوەیەك ستەمتان لێنا کرێت). ئەم ئایەتە لە سەروبەندی قسەکردن لەسەر جەنگەکان هاتووە، کە لە نێوان پێغەمبەر ﷺ و نێوان ئەو بێباوەڕانەدا ڕوویداوە، کە لە دژی جەنگاون و هەوڵیانداوە لە غەزای بەدری گەورەو غەزاکانی دواتردا ئاینەکەی لەناوببەن.

چونکە ئایەتەکانی -٥٦ و دوای ئەویش- لە سورەتی ئەنفال باسی ئەو بێباوەڕە هاوەڵگەرانە دەکات کە پەیمانیان شکاندووە، ئینجا باس لە ترسی پێغەمبەر ﷺ دەکات لە ناپاکی ئەوانەو ئاڵەنگارییان دژ بە خوای گەورە، لێرەوە خوای گەورە فەرمانیدا پێی ﷺ کە هێز بە هەموو جۆرەکانیەوە ئامادە بکات بۆ ترساندنی ئەو دوژمنانەو ئەوانەش لە پشتیانەوەن و یارمەتیان دەدەن، بۆ ئەوەی بەهۆی لاوازی موسڵمانانەوە لە جەنگان لە دژیان تەماعیان تێنەکەن.

کەواتە ئایەتەکە ئەو تێگەیشتنەی لێ وەردەگیرێ کە ئیسلام خودی شەڕکردنی لەبەر شەڕکردن ناوێ، بەڵکو بۆ بەرگری لە بانگەوازی هەق و ڕاستی دەوێ، تەنانەت ئایەتەکە ئەو تێگەیشتنەی لێدەکرێ کە مەبەست لە ئامادەکردنی هێز بۆ ڕوونەدانی جەنگەکەیە، ئەوەش بەهۆی ترسی دوژمنانەوە لە هێز و توانای ئیسلام کە لێی بترسن، تا بەو هۆیەوە هەنگاو نەنێن و نەیەنە پێش بۆ شەڕکردن، لەبەرئەوە ئەو سێ ئایەتە کە ڕاستەوخۆ دوای ئەو ئایەتە هاتووە باس لە ئاشتی دەکەن[1]، دەفەرموون: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ، وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ، وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡۚ لَوۡ أَنفَقۡتَ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مَّآ أَلَّفۡتَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ الأنفال: ٦١-٦٣. واتە: (هەر کاتێکیش دوژمنانتان -با لە ڕواڵەتیشدا بێت- مەیلی ئاشتیانکرد و داوای ئاشتەواییان کرد، تۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی پێشەوای ئوممەت، دەست مەنێ بەڕوویانەوە و خێرا ئاگربەست ئاشکرا بکەو پشت بە خوای گەورە ببەستە، چونکە ئەو زاتە تەواو بیسەرە بە گوفتاری هەموولایەك، تەواویش زانایە بە نەخشەو پیلان و نیەتی هەموو کەسێك...، خۆ ئەگەر

(١) سەیری: تەفسیری ئیبن عەتییە ل(٣٥٦/٦...)، چاپی قەتەر، هەروەها (فتح القدير)ی شەوکانی ل(٣١٨/٢) بکرێ.

ئەوان ویستیان بتخەڵەتێنن و فێڵت لێبکەن، ئەوە تۆ خوای گەورەت بەسە کە پشتیوان و یارو یاوەرت بێت، چونکە بەردەوام هەر ئەو زاتە پشتیوانی لە تۆ کردووە و سەرکەوتنی تایبەتی پێبەخشیویت لە ڕێگەی ئیماندارانەوە....، هەر ئەویش دڵەکانیانی یەکخستووە و خۆشەویستی و ڕێزی لەنێوانیاندا بەرپا کردووە، ئەگەر هەرچی سەروەت و سامانی دنیا هەیە پێت بدانایە، نەتدەتوانی دڵەکانیان یەکبخەیت و خۆشەویستی بەو شێوەیە لە نێوانیاندا دروستبکەیت، بەڵام خوای گەورە بەهۆی ئەم ئاینەوە خۆشەویستی خستۆتە نێوانیانەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو زاتە تەواو باڵادەستە لە هەموو ئەو شتانەدا کە دەیکات، تەواویش دانایە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانە کە شایستەن بە هەڵگرتنی پەیامەکەی لە هەموو سەردەمێکدا).

پەروەردگاری جیهانیان نەیفەرمووە: ئەوەندی لە تواناتاندایە هێز ئامادە بکەن، تا بە ڕەهایی دژ بە دوژمن بجەنگن و کوشتاریان بکەن، بەڵکو بۆ تۆقاندن و ترساندنیەتی، کەواتە ئایەتەکە ڕەهەندێکی ستراتیژی وێنا دەکات کە دەوڵەتە گەورەکان لەم سەردەمەماندا ئاوڕیان لێداوەتەوە، ئەویش ئامادەکردنی چەکی ئەتۆمییە، کە هەردوو دەوڵەتی زلهێزی ئەمەریکا و یەکێتی سۆفییەتی پێشوو بەهۆیەوە خۆیان پاراستووە لێی، لەوەی جەنگ بەدرێژایی نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەم لە نێوانیاندا ڕووبدات، ئەمە لە کاتێکدا کە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیە دوو جەنگی جیهانی بەخۆیەوە بینیوە، بەهۆیانەوە سەدان ملیۆن کەس و هەزاران ملیار دۆلار بوونەتە قوربانی ئەو دوو جەنگە -ئەوەش لە کەس شاراوە نییە-.

**ئەم سێ ئایەتەی پێشوو ستراتیژی ئیسلامی بۆ جەنگ ڕووندەکاتەوە، کە لەسەر ئەم پایانەی خوارەوە دادەمەزرێ:**

١- ئامادەسازیی تەواو و نایاب بۆ هێزی ڕۆحی و مەعنەوی و زانستی و ماددی و مرۆیی، بۆ هێزی ئابووری و سەربازی و پیشەسازی فەراهەم بێت... دەبێت ئەو ئامادەسازییەش تا ئەوپەڕی پشت ببەستێ بە تواناکانی ئوممەت و تاك و کۆمەڵ و حکومەتەکانیش لە خزمەتیدا بن.

٢- لە ڕاستیدا ئەو ئامادەسازییە بە هیچ جۆر بۆ دەستدرێژی کردن نییە، هەروەها بۆ حەزی جەنگکردن نییە، بەڵکو بۆ ترساندنی دوژمنانی خوای گەورەو دوژمنانی ئوممەتە، دژ بەوانەیە کە خۆیان مەڵاسداوە بۆ موسڵمانان و دەیانەوێ خراپە لەدژیان ئەنجامبدەن، کەواتە ئەو هێزە بۆ پاراستنی خاك و دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامە، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤە لە سەراپای زەویدا.

٣- بەدڵنیایی ئامادەکردنی ئەو هێزە -بەو ئاستە پێویست و باڵایە- بەرپەرچدانەوەی ستراتیژی بۆ ڕێگری لە دەستدرێژی و شەڕەنگێزیی هەر کەس و لایەنێك دەستەبەر دەکات کە بیەوێت سود لە لاوازی بەرانبەرەکەی وەربگرێ، چونکە پاراستنی ئوممەت لە ڕێگای هێزی بەرپەرچدەرەوە دەستبەر دەبێت، ئەگەرنا ئەوا ((**تتداعى عليها الأمم كما تتداعى الأكلة على قصعتها**))[1]. واتە: (گەلانیتر دادەبارن بەسەریداو شاڵاوی بۆ دێنن هەروەك چۆن ئاژەڵ هەڵەت دەباتە سەر خوێرزگەکەی).

٤- دەرگای ئاشتی و ئاشتەوایی بە هەمیشەیی کراوەیەو لەسەر پشتە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾. چونکە خوای گەورە فەرمانی بە ئاشتی داوە بۆ هەر کەسێك کە بەرەوپیری دەچێ، تەنانەت ئەگەر نیەتیشی پیس بێت: دەفەرموێ: ﴿وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ، وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ ...﴾.

٥- ئەم ئایەتانە ئەو مانایە دەگەیەنن کە بنەمای پەیوەندییەکان لە ئیسلامدا لە نێوان گەلان و ئوممەتان و دەوڵەتاندا بریتییە لە ئاشتی و ئاشتەوایی دادپەروەرانە بەو پێیە کە فەرمانی پەروەردگارە، جا ئەگەر بنەمایەکی مەزن نەبوایە ئەوا پەروەردگار ئەو گرنگییەی نەدەدا پێی، فەرمانی نەدەدا بە چوون بەرەوپیری با بەرانبەرەکەش نیەتی فێڵکردن و خەڵەتاندن بێت. بەڵام ئەو ئاشتییە کە سوکایەتی بۆ ئیسلام و موسڵمانان و مافەکانیان تێدایە

(١) بەشێکە لە فەرموودەیەك کە ئەحمەد لە موسنەددا بە ژمارە (٢/٣٥٩، ٥/٢٧٨)، هەروەها ئەبو داود لە سونەندا لەگەڵ عون المعبود بە ژمارە (١١/٤٠٤) گێڕاویانەتەوە.

ئەوا نابێت شتی وا جێبەجێ بکرێ، ئەوەش بە دەقی فەرموودەی خوای بالادەست: ﴿وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ آل عمران: ١٣٩.

٦- قایمکردنی بەرەی ناوخۆیی، یەکخستن و دامەزراندنی لەسەر باوەڕ و برایەتی ئیمانی و پێکەوەبەستنی دڵەکان، هەروەها نەهێشتنی هەر جۆرە ململانێ و ناکۆکییەك لە نێوان ئوممەت و خودی خۆیاندا، هەروەها لە نێوان خەڵکەکەو فەرمانڕەواکانیان.

٧- پارێزگاری لە پەیماننامەو بەڵێننامەکان لە نێوان موسڵمانان و ئەوانیتردا، مادامێ ئەوانیش پارێزگاری لە پەیماننامەکانیان دەکەن.

٨- پشتبەستن بە خوای تەعالا و گێڕانەوەی شتەکان بۆی لە سەرەتاو کۆتادا، ڕێکردن لەسەر بەرنامەو ڕێگا ڕاستەکەی، ئەوکات هێزی خوایی و توانای پەروەردگار لەگەڵ ئوممەت و ئامادەسازییەکەیدایە، ئەو پشتبەستنە پاراستنی ئوممەت و پارێزبەندیی تێدایە بۆی، بەمجۆرەش ڕەگەزەکانی هێزی ماددی و مەعنەوی بۆ ئوممەتی ئیسلامی دەستەبەر دەبێت.

٩- ئیسلام ئاینێکی واقیعییە بۆ ژیان، بەڵام ئەو ڕێبازانەی تر کە لەسەر هێز و دەستەڵات بەرپابوون دەوەستن بەڕوویدا، جۆرەها هێزی ماددی لە پشتیانەوەن، لێرەوە ئیسلام بۆ پاراستنی ڕێبازی خوایی و جێگیربوونی، هیچ ڕێگاچارەیەکی تری نییە جگە لەوە خاوەنی هێزێکی مەزن بێت تا خۆی و پەیڕەوکارانی بپارێزێ، هاوکات بوار بۆ ئازادی ئەوانیتر بڕەخسێنێ، تا بە هەموویانەوە هێزەکانی خراپەو ئەو ستەمکارانە تێکبشکێنێ کە دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو ئازادییەدا.

١٠- خوای گەورە ئایەتی: ﴿وَإِن جَنَحُوا۟ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا﴾ الأنفال: ٦١ بە (واو) ی دانەپاڵ دەبەستێت بە ئایەتی پێشووەوە: ﴿وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ﴾ الأنفال: ٦٠، ئەمەش مانای وایە ئامادەکردنی هێز بەو ئاستە دەبێتە هۆی ئەوە کە دوژمنانی ئیسلام بەرەوپیری ئاشتی بچن با بە شێوەی ڕواڵەتیش بێت، چونکە ئەوکات شەڕ ڕوونادات، هێرش ناکەنە سەر موسڵمانان.

پێشەوا ڕازی ئاماژەی بەم پێکەوەبەستنە داوەو دەڵێ: (ئەوە بزانە کاتێك ئەم ئایەتە ڕوونکردنەوەی لەبارەی ئەو هێز و خۆدەرخستنەوەوە داوە کە دوژمنی پێ بترسێنرێ، دوای ئەوە باسیکردووە ئەگەر لە کاتی ترساندندا بەرەوپیری ئاشتەوایی هاتن، واتە ڕوویانکردە ئاشتەوایی ئەوا بڕیارەکە بریتییە لە قوبوڵکردنی ئاشتەوایی)[1].

جیاوازیش نییە لە نێوان ئەم ئایەتانە و نێوان ئەو ئایەتانەدا کە فەرمان بە جەنگ دەکەن، چونکە ئایەتە دواییەکان تایبەتن بە شەڕکردن لەگەڵ ئەو دەستدرێژکار و پەیمانشکێنانە، هەروەها دژ بەوانەی مەلاّسیان لە موسڵمانان گرتووەو بۆ هەلێك دەگەڕێن هەڵبکوتنە سەر موسڵمانان، ئەوەش بەجۆرێ کە هیچ شێوازێکیتر جگە لە جەنگ بێسودە لەگەڵیان.

لە (في ظلال القرآن)دا هاتووە کە: (ئەم ئایەتانە... یەکێك لە ڕێسا کانی پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان سەربازگەی موسڵمان و ئەوانیتر وێنا دەکات... وەك یەکێك لە ڕێسا سەرەکییەکانی مامەڵە ئیسلامییە نێودەوڵەتییەکانیش ماوەتەوە، ئەم ئایەتە ئیقرار دەکات بە توانایی دامەزراندنی پەیماننامەی پێکەوەژیان لە نێوان سەربازگە جیاوازەکاندا، هەتا ئەو کاتەش کە ئەو پەیماننامانە پارێزراوبن و نەشکێنرێن، ئەوا ڕێزی تەواوەتی و ڕاستەقینەیان پێدەدرێ...)[2].

پێشەوا ڕازی وتوویەتی: (چونکە هەرکات ئەوان زانیان کە موسڵمانان ئامادەباشن بۆ جیهاد، بە چەك و ئامێرە جەنگییەکان خۆیان حازرکردووە بۆ جەنگ، ئیتر لێیان دەترسن، ئەو ترسەش چەند سودێکی هەیە، لەوانە:

**یەکەم:** ئەوکات نایانەوێ بێنەناو خاکی ئیسلام (واتە بۆ شەڕکردن لەگەڵیان).

**دووەم:** هەرکات ترس لەدڵیاندا زیاتر بوو، ئەوا بەویستی خۆیان پابەند دەبن بە دانی سەرانە، (واتە دان دەنێن بە دەوڵەتی ئیسلامیدا و بەشدار دەبن لە بەرگری کردن لێی،

(١) (التفسير الكبير) (١٥/١٧٨).
(٢) سەیری (في ظلال القرآن) ل(٢/١٥٣٩) بکە.

ئەوەش بەو ماڵ و سامانەیان کە لە بەرانبەر مافی هاوڵاتیبوونەوە دەیدەن).

**سێیەم:** لەوانەشە ببێتە هۆی ئەوە باوەڕ بێنن.

**چوارەم:** ئەوکات نابنە پشتیوان و یارمەتیدەری بێباوەڕان (واتە دوژمنان).

پاش ئەوە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمۡ لَا تَعۡلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعۡلَمُهُمۡ﴾ الأنفال: ٦٠. جا هەروەك مەبەست لە زیاترکردنی ئامێرەکانی جیهاد و ئامرازەکانی بۆ تۆقاندنی ئەو دوژمنانەیە کە دوژمنکارن، ئەوا لەپاڵ ئەمەشدا ترس دەچێتە دڵی ئەو دوژمنانە کە ئێمە پێیان نازانین دوژمنن... وەك دووڕووەکان...جا ئەگەر وترا: دووڕووەکان لە جەنگ ناترسن ئیتر چۆن باسی ئەوە دەکەن کە ترسیان لێدەنیشێ؟ دەڵێین: ئەو ترساندنە دوو ڕووی هەیە:

**یەکەم:** ئەوانە هەرکات هێزی موسڵمانان و زۆری چەك و تەقەمەنی و ئامرازەکانیان بینی، ئیتر ئەو تەماعەی کە هەیانە بەوەی موسڵمانان ژێربکەون لایان نامێنێ، ئەمەش هانیان دەدات بێباوەڕی لە دڵ و ناخیاندا نەمێنێ و ببنە کەسانی باوەڕداری دڵسۆز.

**دووەم:** دووڕوو عادەتی وایە مەلاسدەگرێ تا بەڵاکان دادەبارن، فێڵ دەکات تا خراپەو جیاوازی و دووبەرەکی لە نێوان موسڵماناندا دروست ببێت، جا ئەگەر موسڵمانانیان بینی کە لەوپەڕی هێز و توانادان، ئیتر دەترسن لێیان و واز لەو کردەوە خراپانە دێنن)[1].

**لەفزی تیرۆر (الإرهاب) لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ:**

مانای تیرۆر لە سوننەتی پاکو بێگەردیشدا جیاوازی نییە لەوەی پێشتر باسمانکردووە[2].

**پوختە:**

* **یەکەم: لەفزی (الرهب): -واتە: ترس- و هەڵگۆزراوەکانی لە فەرهەنگی زمانەوانی و لە قورئانی پیرۆزدا لە دوو مانادا بەکاردەهێنرێ:**

---

(١) سەیری (التفسير الكبير) ل(١٨٦/١٥) بکرێ.

(٢) سەیری (المعجم المفهرس لألفاظ السنة المطهرة) ل(١١٣/٢) وشەی (رهب) بکرێ.

١- ترسی باش و ئەرێنی وەك ترس لە خوای گەورە، هەروەها لە مەترسییە سروشتییەکان، ئەویش لەم فەرموودەی خوای گەورەیەدا هاتووە: ﴿وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ﴾ البقرة: ٤٠.

٢- ترسی ناباش و نەرێنی: ئەمە بریتییە لەو ترسە کە لەبەرئەنجامی نەخۆشی دەروونیەوەیەو هیچ پاساوێکی نییە.

*** دووەم: تیرۆر (الإرهاب) یان ترساندن دوو جۆرە:**

**أ- ترساندن یان تۆقاندنی ئەرێنی و باش لە شەریعەتدا،** هەروەها لای ئەقڵە ساغەکان و ئوممەتان، ئەمەش بریتییە لە ترساندنی دوژمنان لە ڕێگای ئامادەکردنی هێزەوە، تا هێرش نەکەن و دەست نەدەنە جەنگ، وەك ئەوەی ئەمڕۆ ناودەبرێ بە تیۆری بەرپەرچدانەوەی ستراتیژی، کە هەبوونی چەکی ئەتۆمی بووە ڕێگر لە هەڵگیرسانی سێیەمین جەنگی جیهانی، چونکە پێشتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەهۆی تەماعی فراوانخوازی دوو جەنگی جیهانی بەرپابوون، هەروەها وەك وەستانی جەنگی سەرتاسەری لە نێوان هیندستان و پاکستاندا ئەوەش دوای ئەوە کە هەردووکیان چەکی ئەتۆمیان بەدەستهێنا.

ڕاڤەکارانی قورئان وتوویانە: مەبەست بەم فەرموودەی خوای گەورە: ﴿تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ ﴾ الأنفال: ٦٠ بریتییە لە ئامادەسازی پێویست بۆ پێکهێنانی هێزی لێدەر، تا ڕێگری لە دوژمنان بکرێ لەوەی بیر لە داگیرکردنی وڵات بکەنەوە، بەم پێیە ئەوا ئەو ترساندنە ترساندنێکی زۆر ئەرێنییە، چونکە ڕێگری لە ڕوودانی شەڕ، هەروەها لە شکاندنی پەیمان و ڕێکەوتننامەکان دەکات.

ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەریش ﷺ هەر دەچێتەناو ئەو چوارچێوەیەوە کە دەفەرموێ: ((**نُصِرْتُ بالرُّعْبِ مَسيرَةَ شَهْرٍ**))[1]. واتە: (بە دووری ڕێکردنی مانگێك بە تۆقاندن سەرکەوتنم بەدەستهێنا). کە بە ترس خستنە دڵی دوژمنان لێکدراوەتەوە،

(١) بوخاری بە ژمارە (٣٣٥، ٤٣٨)، هەروەها موسلیم بە ژمارە (٥٢١)، ئیبن حیبان بە ژمارە (٦٣٩٨) گێڕاویانەتەوە.

لە ڕیوایەتێکی تردا بەم سنوردارکردنە هاتووە کە دەفەرموێ: ((**نُصرتُ بالرَّعبِ على العَدُوِّ..**))[1]. واتە: (بە تۆقاندن سەرکەوتم بەسەر دوژمندا). یان مەبەستەکە ترس و بێزاریی و شڵەژاوییە لە دڵی هاوەڵگەراندا ئەوەش بەهۆی نەبوونی باوەڕەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ﴾ آل عمران: ١٥١. واتە: (ئەی گرۆی ئیمانداران، ئێوە دڵنیابن کە ئێمە ترس و بیم فڕێدەدەینە دڵی کافر و خوانەناسانەوە، چونکە ئەوانە شەریك و هاوەڵیان بۆ خوای گەورە بڕیارداوە).

**ب- ترساندن یان تۆقاندنی نەرێنی و خراپ:** ئەمە بریتییە لە ترساندنی کەسانی سڤیل و بێوەی، هەروەها ترس خستنە دڵی خەڵکییەوە بە ناڕەوا، ئەم تۆقاندنە یان ترساندنە لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا حەرامە، بەڵام ئیسلام وردتر چووەتە ناوی و یەکلایکردووەتەوە تا گەیشتووەتە حەرامکردنی تۆقاندنی گیانلەبەرە بێوەیەکان -هەروەك پاشتر باسی دەکەین-.

بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە، ئەوا لەفزی تیرۆر لە فەرهەنگی زمانەوانی و لە شەرعدا بۆ ترساندنی دوژمنان بەکارهێنراوە، تا ڕێگریان لێبکرێ دەستبدەنە جەنگ لەدژی موسڵمانان، ئەمەش کارێکی باشە. هەروەها بەکاردەهێنرێ بۆ تۆقاندنی کەسانی سڤیل کە ئەمەیان دەبێتە شتێکی خراپ و حەرامە، بەڵام لەفزی تیرۆر لە تیرۆری خراپدا بووەتە باو، پاشانیش لکێنرا بەم ئاینە مەزنەوە کە خوای گەورە کردوویەتە بەزەیی بۆ جیهانیان.

## هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر تیرۆر

ناکرێ حوکم بدرێ بەسەر شتێکدا تا وێنەو مەبەستی ماناکەی نەخرێتە ڕوو، لەبەرئەوە ناتوانرێ باسی حوکمی تیرۆر لە ئیسلامدا بکرێ، تا مەبەست لێی دیاری و سنوردار نەکرێ.

لەبەرئەوە دەڵێین: (ئەگەر مەبەست بە تیرۆر: ترساندنی دوژمنان بێت لە ڕێگای

(١) موسلیم بە ژمارە (٥٢٣) گێڕاویەتەوە.

ئامادەکردنی هێزەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و گێڕانەوەی مافەکان و بەرگری بێت لە هەق و بۆ ڕزگاربوون بێت، ئەوا لە هەموو ئاینەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا کارێکی ڕەوایە، بەم پێیە دەچێتە ناو تێکۆشانی ئیسلامییەوە کە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە، بریتییە لە خەباتی ڕەوا بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکان، هەروەك ئەمڕۆ لە فەلەستین و وڵاتانی تری هاوشێوەیدا دەیبینین.

بەڵام ئەگەر مەبەست پێی ترساندنی کەسانی سڤیل و بێوەی بێت یان بۆ کوشتنیان بێت، ئەوا ئەمە شەرعەن کارێکی ناڕەواو زۆر خراپە، ئەوەش بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:

**١- تۆقاندنی خەڵکانی سڤیل دژە لەگەڵ پەیامی بەزەیی بۆ جیهانیان:**

خوای گەورە بەزەیی کردووەتە گەورەترین مەبەست، کردوویەتە مەبەستێکی باڵای پەیامی پێغەمبەر ﷺ کە کۆتا پەیامی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێبێت)، بەم پێیە ئەوا هەر شتێك دژ بێت بەم مەبەستە ڕەتدەکرێتەوەو پووچ و ناڕەوایە.

لەبەرئەوە لەفزی (بەزەیی -الرحمة-) و هەڵگۆڕاوەکانی بە سەدان جار لە قورئانی پیرۆزدا دووبارە بووەتەوە، چونکە ئیسلام گرنگییەکی زۆر و بێ وێنەی بە بەزەیی و دادپەروەریی و بە مانا مرۆییەکان داوە، تەنانەت لەناو ڕژێمەکان یان ئاینێکی تردا هاوشێوەی نابینین، هەر ئەوە بەسە بزانین کە قورئانی پیرۆز زیاتر لە (٣٤٠) جار لەفزی (بەزەیی-الرحمە-) و هەڵگۆڕاوەکانی دووبارە کردووەتەوە، ئەمە لە پاڵ (الرحمن الرحیم) لە (بسم الله الرحمن الحیم)دا لە سەرەتای سەدو سیازدە سورەتدا هاتووە، لە سورەتی النمل یش لە ئایەتی ٣٠ دا یەکجار هاتووە، تیایاندا باس لە گەورەیی بەزەیی دەکات، بەوەی کە سیفەتێکی پەروەردگاری جیهانیانە، بەڵکو تاکە وشەیە کە دوو سیفەتی خوای گەورە لێیەوە وەرگیراوە و موسڵمان لە نوێژدا دەیانخوێنێ، ساتی دەستکردنی بە هەر ئیشێکیش دەڵێ: (بسم الله الرحمن الرحیم)، ئەم سیفەتە بە ئاستێکە خوای گەورە کردوویەتە مەبەستی

هاتنەخوارەوەی پەیامی موحەممەدی، ئەویش بڵاوکردنەوەی بەزەییە بۆ هەمووی جیهان نەك تەنها بۆ موسڵمانان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧. سیفەتی (رۆوف رحیم)ی کردووتە یەکێك لە ناوەکانی پێغەمبەر ﷺ، فەرموویەتی: ﴿بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ التوبة: ١٢٨. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖ﴾ الأعراف: ١٥٦. سونەتی پێغەمبەریش لە ڕێگای سونەتی گوفتاری و کردارییەوە ئەم مانا بەرز و باڵایانەی ڕوونکردووەتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفی خۆیکردووە کە (پێغەمبەری بەزەییە)[1]، هەروەها ﷺ ڕێسایەکی داناوە کە زۆر گرنگە و بڕیاری بەوەیە کە ((مَنْ لا يَرْحَم لا يُرْحَم))[2]. واتە: خوای گەورە بەزەیی بە کەسێکدا نایەتەوە کە ئەو بەزەیی بە دروستکراواندا نەیەتەوە، چەندین فەرموودەی تریش لەمبارەیەوە هاتوون کە لێرەدا ناتوانرێ بژمێردرێن. ئەمە جگە لە ژیننامەی ﷺ کە پراکتیزەی ئەو بەزەییەی کردووە، بە جۆرەها شێوازی ئازاردان و سوکایەتی پێکردن لەلایەن قەومەکەیەوە ئازار دراوە، کەچی نەهاتووە دۆعایان لێبکات، یان داوا لە خوای گەورە بکات کە بە هەورە تریشقەیەك لە دنیادا لەناویان ببات، بەڵکو دەپاڕایەوە بۆیان تا ڕێگای هیدایەت بگرنەبەر، ئومێدخواز بوو لە پشتی ئەوانە کەسانێك بێنەڕوو خوای گەورە بپەرستن[3]، لە فەتحی مەککەشدا کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەموو ئەو دوژمنانەی خۆی بینیەوە کە ئازاریان دابوو بەڵام ئەو ﷺ فەرمووی ((أذهبوا فأنتم الطلقاء))[4]. واتە: (بڕۆن ئێوە ئازادن).

---

(١) موسلیم بە ژمارە (٢٣٥٥)، هەروەها ئەحمەد بە ژمارە (٤/١٣٨،٣٩٥، ٤٠٥) گێڕاویانەتەوە.

(٢) بوخاری بە ژمارە (٥٩٩٧)، موسلیم بە ژمارە (٢٣١٨)، ئەحمەد بە ژمارە (٢/٢٢٨، ٢٤١، ٥١٤). گێڕاویانەتەوە.

(٣) لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە خوای باڵادەست فریشتەی کێوەکانی ناردە لای پێغەمبەر ﷺ تا هەردوو کێوەکە بدات بەیەکدا ئەگەر ئەو بیەوێ بەڵام ﷺ ئەوەی ڕەتکردەوە، لەجیاتی ئەوە بۆیان پاڕایەوە، بوخاری بە ژمارە (٣٢٣١)، موسلیم بە ژمارە (١٧٩٥) گێڕاویانەتەوە.

(٤) بڕوانە (البداية والنهاية)ی ئیبن کەسیر، ل(٣٠١/٤)، هەروەها ئەحمەد لە موسندا بە ژمارە (١٣٥/٥)، ترمذی لە السنن دا بە ژمارە (٣٦١،٣٦٢/٤) حاكم لە المستدرك بە ژمارە (٣٥٩/٢) گێڕاویانەتەوە.

کەچی ئیسلام هەر ڕزگاری نەبووە لە هێرشی دوژمنان، هاتوون لە یاسا شەرعییەکانیدا بە دڵڕەق و زبر وەسفیانکردووە، بەتایبەتی لە سزا شەرعییەکاندا، هەروەها بە نواندنی توندوتیژی لە کاتی بەکارهێنانی هێز، گوایا بە شمشێر بڵاوبووەتەوە، بەڵام بەدڵنیایی ئاینێك کە سیفەتی بەزەیی ئەو پێگە باڵایەی تیایدا داگیرکردبێ، ئەوا بە هیچ جۆر ڕێگا بە شوێنکەوتووانی نادات خەڵکانی شڤیل و بێوەی و بێتاوان بتۆقێنن.

**٢- ئیسلام ئاینی ئاسایشە بۆ مرۆڤ، ئاینی ئاشتییە بۆ سەراپای گەردوون:**

یەکێك لە ناوەکانی خوای گەورە (السلام)ە واتە ئاشتی، شەوی هاتنەخوارەوەی قورئانیش بە دەقی قورئان شەوی ئاشتییە، ﴿سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ﴾ القدر: ٥. خودی وشەی ئیسلام لە ئاشتی-السلم- هەڵگۆزراوە، سەلامکردنی موسڵمانانیش لە دنیادا بریتییە لە: (السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته) سەلامیشیان لە بەهەشتدا هەر سەلامە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿تَحِيَّتُهُمۡ يَوۡمَ يَلۡقَوۡنَهُۥ سَلَٰمٞ﴾ الأحزاب: ٤٤.

ئیسلام فەرمانیداوە بە چوون بەرەوپیری ئاشتیی، تەنانەت لەگەڵ دوژمنانی جەنگاوەریشدا مادامێ ئەوان بەرەوپیری دەچن، تەنانەت ئەگەر مەبەستیشیان خەڵەتاندن و فێڵکردنیش بێت، هەروەك لەپێشەوە باسمانکردووە.

فەرموودەی زۆر هەن دەلالەت لە قەدەغەکردنی تۆقاندنی موسڵمان دەکەن، هەروەها هەر کەسێکیتر کە بە سەلامەتی لە خاکی ئیسلامدا دەژی، با ئەو تۆقاندنەش بە گاڵتەوە بێت، مونزیری لە کتێبی (الترغیب والترهیب)دا بەشێکی تایبەت کردووە بە تۆقاندنی موسڵمان، هەروەها کەسێکیش کە بە چەك یان هاوشێوەی بە ڕاستەقینە یان بە سوعبەتەوە بترسێنێ[1]، تیایدا فەرموودەی زۆری هێناوە، لەوانە ئەم فەرموودەیەیە موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە ئەبو هورەیرەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((من أشار إلی أخیه بحدیدة فإن الملائكة تلعنه حتی ینتهي، وإن كان أخاه لأبیه

(١) سەیری کتێبی (الترغیب والترهیب) ل(٣/٤٨٣-٤٨٧) چاپی قەتەر بکرێ.

(٢) سەیری صەحیحی موسلیم ژمارە (٢٦١٦) بکرێ.

وأمه))[٢]. واتە: (هەر کەسێك بە ئاسنێك ئاماژە بدات بە تۆقاندنی موسڵمانێك، ئەوا فریشتەکان نەفرەتی لێدەکەن تا وازدەهێنێ، با ئەو کەسەش برای باوك و دایکی خۆی بێت). فەرموودەیەکی تریش کە ئەحمەد و ترمذی و ئەبو داود بە سەنەدی خۆیان لە عەبدورەحمان کوڕی ئەبی لەیلی وە دەیگێڕنەوە، وتوویەتی: هاوەڵانی موحەممەد بۆیان گێڕاینەوە کە لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ڕێیانکردووە، یەکێکیان هەستاوە ڕۆیشتووە و یەکێکیتریان بە گوریسێکەوە کەوتووەتە دوای، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**لا يحل لمسلم أن يروع مسلماً**))[١]. واتە: (هیچ موسڵمانێك ڕێگای پێنەدراوە موسڵمانیتر بتۆقێنێ). لە فەرموودەیەکی تریشدا کە تەبەرانی بە سەنەدی کەسە متمانەپێکراوەکان لە نوعمان کوڕی بەشیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**لا يحل لرجل أن يروع مسلماً**))[٢]. واتە: (هیش کەس بۆی نیە موسڵمان بترسێنێ). لە فەرموودەیەکی تردا کە بەزار و تەبەرانی لە عامیر کوڕی ڕەبیعەوە گێڕاویانەتەوە، وتوویەتی کەسێك بە سوعبەتەوە نەعلی کەسێکیتری برد و شاردنیەوە لێی، ئەم بەسەرهاتە گەیەندرایە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش ﷺ فەرمووی: ((**لا تروعوا المسلم، فإن روعة المسلم ظلم عظيم**))[٣]. واتە: (نەکەن موسڵمان بترسێنن، چونکە ترساندنی موسڵمان ستەمێکی گەورەیە). پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ بوارێکی بە ترساندن نەداوە تەنانەت با بە سەیرکردنیش بێت، تەبەرانی بە سەنەدی خۆی لە عەبدوالله کوڕی عەمرو دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**من نظر إلى مسلم نظرة يخيفه فيها بغير حق أخافه الله يوم القيامة**))[٤]. واتە: (هەر کەسێ بە نیەتی ترساندن بە ناهەق سەیری موسڵمانێك بکات ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەیترسێنێ).

(١) سەیری (مسند أحمد) ژمارە (٣٦٢/٥)، سونەنی ئەبو داود لەگەڵ عون المعبود ژماە (٤٥٨/٤)، ترمذی ژمارە (٣٢٩/٦)، هەروەها الترغيب والترهيب ژمارە (٤٨٣/٣) بکرێ.

(٢) هەیسەمی لە (مجمع الزوائد) ژمارە (٢٥٤/٦) وتوویەتی: تەبەرانی لە (الكبير والأوسط) گێڕاویەتەوە، کەسەکانی الكبير متمانەپێکراون.

(٣) سەیری (الترغيب والترهيب) ژمارە (٤٨٤/٣) بکرێ.

(٤) سەیری (صحيح مسلم) ژمارە (٢٠١٦/٤-٢٠١٧)، ژمارەی فەرموودەکەش (٢٦١٢)یە بە هەر شەش ڕیوایەتەکە.

ئەم ڕێنماییانەش لە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان جێبەجێکراون: (جارێکیان جێنشین عومەری کوڕی خەتتاب بە هۆیەکەوە ناردوویەتی بەدوای ئافرەتێکدا، بە ئافرەتەکە وتراوە: عومەر داوات دەکات، ئەویش وتوویەتی: داماو و نەگبەتم، من لەکوێ و عومەر لەکوێ، کاتێك بە ڕێگادا ڕۆیشتووە بۆ لای، ژانی منداڵبوون گرتوویەتی و چووەتە ناو ماڵێك و کۆرپەکەی لەبارچووە، دووجار قیژاندوویەتی و مردووە، ئینجا عومەر هاتووە ڕاوێژی بە هاوەڵان کردووە، یەکێکیان -لە ڕیوایەتێکدا هاتووە کە ئەو کەسە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بووە- پێیوتووە تۆ تاوانت نییە، بەڵکو تۆ کاربەدەستێکی تەمبێکاری، عومەریش وتوویەتی: عەلی ئەی تۆ دەڵێی چی؟ ئەویش وتوویەتی: ... پێوایە خوێنەکەی لە گەردنی تۆدایە، چونکە تۆ تۆقاندووتە و بەهۆی تۆوە سکەکەی لەبارچووە، عومەریش فەرمانی بە عەلی داوە کە خوێنباییەکەی بخاتە گەردنی قوڕەیش)[1]، کەواتە ئەم بەسەرهاتە پراکتیکییە بەڵگەیەکی ڕوونە کە تۆقاندن تەنانەت با بە هۆکاری مەعنەویش بێت سزای دنیایی بەدوای خۆیدا دێنێ.

پێغەمبەر ﷺ مەسەلەی پارێزگاری لە جوانی مرۆڤ و نەشێواندنی وێنەو ڕوخساری بە گرنگ گرتووە، تەنانەت لە جەنگیشدا، چونکە خوای گەورە ئادەمی لەسەر شێوەی زاتی خۆی دروستکردووە، ڕێزداری کردووەو بە جوانترین شێوە بەدیهێناوە، موسلیم لە صەحیحەکەیدا بەشێکی تایبەت کردووە بە ڕێگری لە لێدانی دەموچاو، بە سەنەدی خۆی لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**إذا قاتل أحدكم أخاه فليجتنب الوجه**)). واتە: (ئەگەر یەکێکتان شەڕی لەگەڵ برایەکیدا کرد با خۆی بەدوور بگرێ لە ئازار گەیاندن بە دەموچاوی). لە ڕیوایەتێکی تردا بەمشێوەیە هاتووە: ((**إذا قاتل أحدكم أخاه فلا يلطمن الوجه**)). واتە: (ئەگەر یەکێکتان شەڕی لەگەڵ برایەکیدا کرد با نەدات لە دەموچاوی). لە ڕیوایەتێکی تریشدا بەم لەفزە هاتووە: ((**إذا قاتل أحدكم أخاه فليجتنب الوجه فإن الله خلق آدم على صورته**))[2]. واتە:

(١) عەبدوڕەزاق لە (مصنف)دا بە ژمارە (٤٥٨/٩)، هەروەها شافیعی لە (الأم) بە ژمارە (١١/٦) گێڕاویانەتەوە. سەیری کتێبی (التلخيص الحبير) ل(٦٩/٤) چاپی قەتەر بکرێ.

(٢) سەیری (صەحیحی موسلیم) بەشی البرّ ل(٢٠١٦-٢٠١٧) بە ژمارە (٢٦١٢) بکرێ.

(ئەگەر یەکێکتان شەڕی لەگەڵ برایەکیدا کرد با دەموچاوی بپارێزێ، چونکە خوای گەورە ئادەمی لەسەر شێوەی زاتی خۆی دروستکردووە).

مەعلومە زانایان ئەم حوکمە شەرعیانەیان باسکردووە، کە حوکمی گشتگیرن و هەموو مرۆڤێکی بێوەی و بێتاوان کە دژ بە ئیسلام و موسڵمانان نەجەنگێ دەگرێتەوە[1]، چونکە ئایەت و فەرموودەی زۆر هەن بەڵگەن لەسەر حەرامکردنی دەستدرێژیکردنە سەر هەر زاتێکی ڕۆحدار، بەڵکو لەسەر بێگیانەکان و ژینگەش، پێویستە موسڵمان کەسێکی چاك و چاکەکار و چاکەخواز بێت، سودگەیەنەر و بەکەڵك بێت و خراپەکار نەبێت.

ئیسلام بەهەمانشێوە تۆقاندن و ئازاردانی گیانلەبەرانی قەدەغەکردووە، بوخاری و موسلیم بە سەنەدی خۆیان لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**عذبت إمرأة في هرة سجنتها حتى ماتت فدخلت فيها النار، لا هي أطعمتها وسقتها إذ حبستها، ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض**))[2]. واتە: (ئافرەتێك بەو هۆیەوە کە پشیلەیەکی بەند کردووە تا مردووە، چووەتە ناو دۆزەخ، نە ئەوە بووە کاتێ بەندی کردووە خۆی خواردن و خواردنەوەی بداتێ، نە ئازادی کردووە تا لە شتانی سەر زەوی بخوات).

هەر لە ئیبن عومەرەوە گێڕدراوەتەوە کە: ((داویەتی بەلای کۆمەڵێ مێردمنداڵی قوڕەیشیدا، چۆلەکەیەکیان ناوەتەوە بە نیشانەو تیریان تێگرتووە، لەبری هەر تیرێکیش کە هەڵەی کردبێ و نەیپێکابێ ئەوا شتێکیان داوە بە خاوەنی چۆلەکەکە، کاتێك ئیبن عومەریان بەرچاو کەوتووە بڵاوەیانکردووە، ئیبن عومەر وتوویەتی: ئەوە کێ ئەوەی کرد؟ نەفرەتی خوا لەو کەسە ئەم کارەی کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی لە هەر کەسێ کردووە کە زیندە بەڕۆحێك بنێتەوە بە نیشانە))[3]. لە ئەنەسیشەوە بەهەمانشێوە گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: ((**نهى رسول الله ﷺ أن تصبر البهائم**))[4].

---

(١) سەیری (دليل الفالحين شرح رياض الصالحين) ل(٤/٦٠٤) بکرێ.
(٢) سەیری (صحيح البخاری) ل(٦/٢٥٤)، موسلیم بە ژمارە (٢٢٤٢) بکرێ.
(٣) سەیری (صحيح البخاری) ل(٩/٥٥٤)، موسلیم فەرموودەی ژمارە (١٩٥٨) بکرێ.
(٤) سەیری (صحيح البخاری) ژمارە (٩/٥٥٣-٥٥٤)، موسلیم فەرموودەی ژمارە (١٩٥٦) بکرێ.

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە بێزمانان بە مەبەستی کوشتن بەند بکرێن).

پێشەوا موسلیم بەشێکی تایبەت کردووە بە قەدەغەکردنی لێدان لە دەموچاوی ئاژەڵ، هەروەها دیاریکردنی نیشانە تیایدا، ئیبن عەبباس وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ گوێدرێژێك بە بەردەمیدا تێپەڕی کە نیشانە لە دەموچاویدا دیاریکرابوو، فەرمووی: ((**لعن الله من وسمه**))[١]. واتە: (نەفرەتی خوا لەو کەسە بێت ئەو نیشانەیە تێکردووە). ئیسلام بەمشێوەیە پارێزگاری دەکات تەنانەت لە جوانی گیانلەبەران و ئازارنەدانیان، لە ڕیوایەتێکی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ ڕێگریکردووە لە لێدان لە دەموچاو، هەروەها لە نیشانکردنی دەمووچاو[٢]، پێغەمبەری خوا ﷺ قوبوڵی نەکردووە باڵندە غەمبار بکرێ بە لەدەستدانی بێچووەکانی، ئەبو داود و حاکم و هیتریش لە ئیبن مەسعودەوە گێڕاویانەتەوە کە وتوویەتی: ئێمە لە سەفەرێکدا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین، ڕۆیشت بۆ بەجێگەیاندنی پێویستییەکی، ئێمەش جۆرە چۆلەکەیەکمان بینی کە دوو بەچکەی لەگەڵدا بوو، دوو بەچکەکەیمان برد، باڵندەکە هات و بە غەمبارییەوە کەوتە هەڵوەستەکردن، وەك بڵێی بۆ بەچکەکانی دەگەڕا، ئینجا پێغەمبەر ﷺ هات و فەرمووی: ((**من فجع هذه بولدها؟ ردّوا ولدها إليها...**))[٣]. واتە: (ئەوە کێ ئازاری ئەو باڵندەیەی داوە بە لەدەستدانی بەچکەکەی؟ ئادەی بەچکەکەی بۆ بگێڕنەوە).

بەدڵنیایی کە ئیسلام دەرگای ترساندن و تیرۆر و ئازاردانی بە شێوەیەکی توند و مەحکەم داخستووە، هەموو جۆرەکان و شێوەکانی حەرامکردووە، ئیتر بە شێوازی جیددی یان بە سوعبەتەوە بێت چوونیەکە، دەستکۆتا نەبووە تەنها بە حەرامکردن و نەفرەتکردن و دوورکەوتنەوە لە ڕەحمەتی خوای گەورە، هەروەها بە سزای دۆزەخ بۆ ئەو دەستدرێژکار و ئازارگەیەنەر و ترسێنەر و تۆقێنەرانە، بەڵکو بۆ پاراستنی ئاین و ڕۆح

(١) سەیری (صحيح مسلم) ل(٣/١٦٧٣)، فەرموودەی ژمارە (٢١١٧) بکرێ.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٣) ئەبو داود فەرموودەی ژمارە (٢٦٧٥)، حاکم لە المستدرك ل(٤/٢٣٩)، بوخاری فەرموودەی ژمارە (٣٨٢)، بۆ ئەم فەرموودانە سەیری (رياض الصالحين) لێکۆڵینەوەی شوعەیب أرناؤوط (٤٥٤-٤٥٥) بکرێ.

و ئەقڵ و ناموس و وەچەو ماڵ و سامان و ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ سزای وەك تۆڵەکردنەوەو سزای شەرعی داناوە، هەروەها هاتووە سزای تەمبێکردنی تەواوکاری داناوە کە دەچنە ژێر ئیجتیهادی دادوەر، ئەمەش هەموو بۆ پاراستنی ئەو پیرۆزییانەو بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئاشتییە بۆ هەمووان بە هەموو هۆکارێکی بەردەست، تەنانەت بۆ گیانلەبەرانیش.

**٣- تۆقاندن یان تیرۆر هیچ کات سیفەتی موسڵمانان نەبووە، بەڵکو سیفەتی زیادەڕەوانە:**

کاتێك دێین مێژووی ئیسلام هەر لە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکانەوە دەخوێنینەوە، بە ڕوونی دەبینین کە تۆقاندنی کەسە بێوەی و بێتاوانەکان هیچ کات سیفەتی باوەڕدارە ڕاستگۆکان نەبووە، بەڵکو سیفەتیان بریتی بووە لە بەزەییهاتنەوە، جا ئەگەر کەسێکیش هەبێت شایستەی سزادان بێت ئەوا لە ڕێگای ڕێکاری دادوەرییەوە بە دیسپلینەکانی خۆی ئەنجامدەدرێ.

جا هەرچەندە میزانی جەنگ تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەچی ئیسلام کۆمەڵێ دیسپلینی ڕەوشتی و مرۆیی بۆ حاڵەتی جەنگیش داناوە -هەروەك لەمەوپاش باسدەکرێ-.

ئەگەر لە مێژووی ئیسلامیدا جۆرێك لە تۆقاندن بینرا بێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ تاقمی لادەر و سەرکەش و زیادەڕۆ یان توندڕەو، یەکێك لە گەورە زانایانی سەدەی سێیەمی کۆچی -کە بە گوتەکانی بەشار بن بورد و بە شیعرە ئیلحادیيەکانی- زۆر بێزار بووە، وتوویەتی: (دەی سوێند بەخوا ئەگەر زیادەڕەویی ڕەوشتی زیادەڕۆکان نەبوایە ئەوا کەسێکم بۆ دەنارد هەر لەسەر جێگاکەی ورگی هەڵبدڕێ)[1].

خووی پیسی زیادەڕۆکان ئەوە بووە کە تیرۆریان کردووەتە شێوازێك بۆ زاڵبوون و لەناوبردنی کەسانی ناکۆك و دژ بە خۆیان، چەندین گروپیان لێ هەڵکەوتووە، لەوانە خنکێنەرەکان وەك موغیری و مەنصوری لە کوفە لە دوا ڕۆژەکانی دەوڵەتی ئومەویدا[2]،

---

(١) سەیری (الكامل) نوسینی المبرد ل(١٩٤/٣) بکرێ.

(٢) د. قەحتان ئەلدوری: بابەتێکی بەناوی (الإرهاب) کە لەناو نامیلکەیەدا بە ناونیشانی (الدين والإرهاب) چاپکراوە، ل(١٧) چاپخانەی الرشاد، بەغداد.

نۆبەختی هاتووە لە سەرۆکی گروپی مەنصوریيەوە کە ئەبو مەنصوری عیجلییە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (فەرمانیداوە بە گروپەکەی هەرکەسێ کە پێچەوانەی ئەوان بیربکاتەوە بیکوژن، ئیتر بە سەربڕین یان بە تیرۆرکردنی بێت، پێیوتوون هەرکەس سەرپێچیتان بکات کافر و هاوەڵگەرەو بیکوژن، چونکە ئەوە جیهادێکی شاراوەیە)[1].

جاحزیش باسی شێوازەکانی ئەو خنکێنەرانەو جۆری کوشتن و ئەشکەنجەدانیان دەکات، ئەوەش لە ڕێگای خنکاندن و بۆنکردنەوە، هەروەها لە ڕێگای گوریس یان سەگ و هیتریشەوە[2].

لە ڕاستیدا گروپە زیادەڕەو و باتینییەکان لە هەردوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا خراپەیان لە زەویدا بڵاوکردەوە، چاکترینی کاربەدەستان و دادوەران و بانگخواز و زانایانیان تیرۆر کردووە، بەڵکو مەسەلەکەیان گەورەتر بوو، تا چوونە ناو مزگەوتی حەرام و خوێنی حاجیانیان لە ناوەڕاستی مزگەوتی حەرام بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا ڕژاند[3].

هەروەها حەسەن صەباح کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا سەرۆکی دەستەی باتینیەکان بووە، تۆقان و ترسی لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوکردەوە، بۆ خۆی چوو بووە ناو قەڵایەك کە ناونرابوو بە قەڵای مردن، چەندین گروپی پێکهێنابوو، دەستیاندابووە تیرۆرکردنی هەندێ لە گەورە زانایان و وەزیرەکانی نیزامولمولك و هیتریش لە فەرمانڕەواکان[4].

## دیاردەی تیرۆر لەم سەردەمەدا

زۆرێك لە بیرمەندان ئاماژە دەدەن کە چەمکی تیرۆر لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی گەڵاڵە بووە، کاتێ هەستاوە بە ئەنجامدانی کاری سەرکوتکردن و داپڵۆسێنەر بۆ پاکتاوکردنی دوژمنانی شۆڕش، هەروەها بۆ تۆقاندنی ئەوانیتر تا ڕێگە

(١) سەیری کتێبی (فرق الشیعه)ی نۆبەختی ل(٥٤) بکرێ.
(٢) بە درێژی بڕوانە کتێبی (الجذور التأريخية للشعوبية) ل(٨٧، ٨٩) نوسینی: د. عەبدولعەزیز ئەلدوری.
(٣) سەیری (البداية والنهاية)ی ئیبن کەسیر ل(٦٣٦/١٤ )، هەروەها المنتظم ل(٢٩٢/١٢) بکرێ.
(٤) سەیری (البداية والنهاية) ل(١٧٥/١٦) بکرێ.

لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بگرن، حوکمی تیرۆر ئا بەمجۆرە لە فەرەنسا لەناو ئەواندا لە بەروارەکانی (١٠/٨/١٧٩٢ز) و (٢٧/٢/١٧٩٤ز)[١] ناسێنرا.

یەکەمین بزووتنەوەی ڕێکخراویش کە لە مێژوودا ناوی (تیرۆریستان -إرهابیین-)ی لێنرا، بریتی بوو لە بزووتنەوەی یەعاقیە نوێیەکان، واتە ئەوانەی لە هەوادارانی دەوڵەتی سەرکوتکار بوون[٢].

## شێوەکانی تیرۆر

لەوانەیە تیرۆر لە تاکە کەسەوە یان لە کۆمەڵەوە ڕووبدات، لەوانەشە پاڵنەرەکەی سیاسی، یان ئاینی، یان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی بێت، لە ئەمڕۆشدا هەموو جۆر و شێوازەکانی لە گرتنی کەسانی بارمتەگیراودا یان ڕفاندنی فڕۆکە، هەروەها لە کوشتنی کەسانی سڤیل و بێوەی و بێتاوان بە تایبەتی ئافرەتان و منداڵاندا دەبینێتەوە، هەروەها چاندنی تەقینەوە و تاوانەکانی کوشتنی پلان بۆداڕێژراو، هەروەها دزی گەورە کە جومگە زیندووەکان و بانکەکانی دەوڵەت بە ئامانج دەگرێ، هەروەها تاوانەکانی وێرانکردنی دامەزراوە زیندووەکانی وەك ئاو و کارەبا، یان تاوانی ئابووری پلان بۆداڕێژراو کە خاپورکردن و تێکشکانی ئابووری وڵات بە ئامانج دەگرێ و هێز و توانای دەوڵەت شەکەت دەکات.

لە جۆرە مەعنەوییەکانی تیرۆریش دروستکردنی ترس و تۆقینە لە دڵی خەڵکیدا بۆ لەقبوونی باوەڕیان، ئینجا کارکردنە سەر مەعنەویات و گۆڕینی لایەندارییان بە شۆردنەوەی مێشکیان، بە دروستکردنی ڕێکخراوی نهێنی ناڕەوا بۆ نانەوەی ترس و تۆقین و شڵەژانی خەڵکی لە ڕێگای هەڕەشەو گوڕەشەوە[٣].

(١) سەیری توێژینەوەی (تحديد أفضل الوسائل والأساليب لمكافحة الإرهاب) ل٨ بکرێ کە لەلایەن د. صەباح کەرەمەوە پێشکەشکراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانی ناوخۆی عەرەب لە تونس لە ساڵی (١٩٨٦)، هەروەها بابەتێك بە ناوی (ورقه من الإرهاب) نوسینی د. ڕوشدی عولەییان، لەتوێی نامیلکەیەکدا بەناوی (الدين والإرهاب) بەغداد ل(٢٣).

(٢) د. ڕوشدی عولەییان، هەمان سەرچاوەی پێشوو و سەرچاوەکانیشی.

(٣) د. صەباح کەرەم، سەرچاوەی پێشوو ل(٢٠)، هەروەها د. ڕوشدی عولەییان ل(٢٣).

گومانی تێدا نییە کە سەدەی بیستەم، سەختترین دیاردەکانی توندوتیژی و تیرۆری لەناو جیهانی ئیسلام و جیهانی خۆرئاواو و خۆرهەڵات، بەڵکو هەمووی جیهاندا بینیوە، تیرۆر بووەتە یەکێك لە دیاردەکان و مەشخەڵ و ڕاستییەکانی ئەم سەدەیەو گرنگترین دیاردەیە لە دیاردەکانی تاوانی سیاسی.

جا لەبەرئەوە کە تیرۆری نێودەوڵەتی و جێکەوتەکانی، ئامادەیی و چالاکییان لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهانی هەیە، ئەوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەك دەنگە لەسەر بەگژاچوونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی و قەدەغەکردنی، کەچی هەر تاوانەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی لەم چەند دەیە ساڵەی دواییدا زیادیان کردووە، لە بەرواری (١٩٦٩/١٢/٣ز) گروپێکی زایۆنی کە لە چل کەس پێکهاتبوو هەڵیانکوتایە سەر شاندی سوری لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی ویستیان لە خراپەکاری تیایدا ئەنجامیاندا.

لە ساڵی (١٩٧٠ز) چەندین پرۆسەی ڕفاندن و تیرۆرکردنی دیبلۆماتکاری ئەمەریکی لە ئەمەریکای باشور و وڵاتانی تریش ڕوویدا، ڕفاندنی فڕۆکە لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە زۆر بوو، هەروەها تەقاندنەوەی نوسینگەکان.

لە (١٩٧٩/١١/٤ز) کۆمەڵێك قوتابی ئێرانی هەستان بە داگیرکردنی باڵەخانەی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران، هەستان بە دەستبەسەرکردنی هەموو ئەوانەی تیایدا بوون و ئەو کارەشیان ماوەی ساڵێکی خایاند.

لە بەرواری (١٩٨٨/٤/٥ز) فڕۆکەیەکی کوەیتی ڕفێندرا، ئەو کەسانەی هەستان بە ڕفاندنی داوای ئازادکردنی (١٧) زیندانیان لە کوەیت کرد، لەگەڵ شکستهێنانی دانوستانەکە هەستان بە بەجێگەیاندنی هەڕەشەکەیان و یەکێك لە بارمتەگیراوە کوەیتیەکانیان کوشت، لاشەکەیان لە سەر زەوی فڕۆکەخانەکە فڕێدا، پاشان هەستان بە کوشتنی ئافرەتێکی بارمتەگیراو بەشێوەیەکی زۆر قێزەون کە دەروون بێزی دەهاتەوە لێی، دواجار لەدوای تێپەڕبوونی (١٦) ڕۆژ خۆیان رادەستی دەستەڵاتی حکومەتی جەزائیری کرد. لە (١٩٨٨/١٢/٢١ز) فڕۆکەیەك کە سەر بە کۆمپانیای پان ئەمەریکان بوو لەسەر

لۆکەربی لە ئۆسکوتلاند تەقێنرایەوە و بووە هۆی کوشتنی (٢٧٠) کەس[١].

لە ساڵی (١٩٩٨ز) هەردوو بینای سەفارەتی ئەمەریکا لە نایرۆبی تەقێنرانەوە.

ئیتر زنجیرەی تیرۆر و توندوتیژی بەردەوام بوو، بەهێزترین و مەترسیدارترینیان ئەوە بوو لە یازدەی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ز ڕوویدا، کە بووە هۆی گۆڕینی مەشخەڵەکانی جیهان و هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتیەکان، لێرەوە سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هاتەکایە، لەم ڕێگایەوە هەژموونی ئەمەریکا زیادی کردوو، جڵەوی کاروبارە جیهانییەکانی گرتەدەست و بووە تاکە جەمسەر لە جیهاندا، ئینجا هەستا بە ڕاگەیاندنی سێیەمین جەنگی جیهانی، گوایا لەژێر ناوی تیرۆردا کە تا ئێستاش جێکەوتەکانی لەبەرچاواندایە.

## جێکەوتەکانی تیرۆر

١- تێکچوونی باری ئاسایش و سەقامگیری، خوێنڕشتنی کەسانی بێتاوان و سڤیل و بێوەی، بێئەوەی هیچ ئامانج یان سودێك دەستەبەر ببێت.

٢- تێچوونی خەرجی گەورە، ئەوەش بەهۆی خەرجییەکانی خۆپاریزی ئاسایشی و بیمە دژ بە ڕووداوەکانی تیرۆر، کە ئەم خەرجییانە گەیشتوونەتە ژمارەی خەیاڵی و بە بلیۆنەها دۆلار دەخەمڵێنرێن.

٣- لاوازبوونی ئابووری نەتەوەیی، لێدان لە بنچینەو بونیادی، پەکخستنی گەشەپێدان و گەشەی ئابووری.

٤- سەرقاڵبوونی ئوممەت بە یەکتریەوە، لێرەوە دواکەوتنی ئوممەتی ئیسلامی و دووبەرەکی و پچڕ پچڕبوونی بەردەوام دەبێت.

٥- قۆستنەوەی تیرۆر و هەڵسوکەوتەکانی لەلایەن ئەو دەوڵەتە بەهێزانەوە کە تەماعیان کردووەتە داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی و هەژموونداران بەسەر بەربووم و خێرو بێرەکانیدا، هەروەك لە ئەمڕۆدا بە چاوی خۆمان بە ڕوونی لەم ماوە دوایانەدا دەیبینین.

---

(١) سەیری (الإرهاب الدولي) ل(١٤-١٦) لە نوسینی ئەحمەد موحەممەد ڕەفعەت و د. صالح بەکر تەییار، چاپی مرکز الدراسات العربي الأوروبي (١٩٩٨).

## تیرۆر و توندوتیژیی بەناوی ئاین و هۆکارەکانی

بێگومان توندوتیژی و تیرۆر جۆری زۆری هەیە، کە باندە تایبەتەکانی تالاّنی و ماددە هۆشبەرەکان ئەنجامیان دەدەن، لێکۆڵینەوەش لەمجۆرە تیرۆرە باسێکە لە دەرەوەی بابەتەکەی ئێمەیە، بەڵکو باسەکەمان لەسەر تیرۆر و توندوتیژییە بەناوی ئاینەوە.

کاتێك بە توێژینەوەو بە ڕێگای شیکاریی، بە قووڵی باسی ئەو ڕووداوە تیرۆریستیانە دەکەین کە لە ڕابردوو و لە ئێستادا بەناوی ئاینەوە ڕوویانداوەو ڕوودەدەن، ئەوە دەبینین کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەوان و نێوان بزووتنەوە توندڕەوە زیادەڕۆکان لەناو هەموو ئاینە ئاسمانییە ناسراوەکاندا بوونی هەیە.

زایۆنیزمی جیهانی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە توندوتیژی و توندوتیژی دژدا بە تایبەتی لە فەلەستین، کاتێك کەنیسەش ڕەوتی توندڕەویی گرتەبەر و لە ڕێڕەوی خۆی دەرچوو، ئیتر ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە تیرۆرکردنی هزری زانا خۆرئاواییەکان، چونکە هەستان بە دانانی دادگای پشکنین لە دژیان و حوکمی سێدارەیان دا بەسەر زۆرێکیاندا، یان سوتاندنی ئەوانە کە ڕاجیاواز بوون لەگەڵ کەنیسەدا، کەسیش ناتوانێ تاوانەکانی خاچپەرستان لە ئەندەلوس (ئیسپانیا و پورتوگال) دژ بە موسڵمانان و جولەکە بژمێرێ، توندوتیژیش لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەهەمانشێوە پەیوەستکراوە بە بزووتنەوە توندڕەوە زیادەڕۆکانەوە، وەك شوراتەکان (خەواریج)، قەرامیتە و باتینییەکان بە هەموو تاقمەکانیەوە، پاشانیش پەیوەستکراوە بە بزووتنەوە توندڕەوەکانی ئەم سەردەمەوە، کە بە ناهەق و بەبێ هیچ ئامانجێکی سودگەیەنەر خوێنی خەڵکی دەڕێژن.

### توندڕەویی ئاینیی

*** ئەوپەڕی وریاییدان لە دیاردەی زیادەڕەویی (پێشێلکردنی میانڕەویی):**

ئاینێك یان ڕژێم و سیستمێك نابینین کە وەك ئیسلام گرنگی دابێت بە دژایەتیکردنی توندڕەویی و زیادەڕەویی و شلگیری و سنوربەزاندن، بەڕاستی جەنگێکی گەورەی لەدژی ڕاگەیاندووە، تا ئەوپەڕی وریایی لەبارەیەوە داوە.

قورئانی پیرۆز لۆمەی خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان دەکات کە بە ناڕەوا زیادەڕۆییان لە ئاینەکەیاندا کردووە، خۆیان گۆشەگیر کردووە، خەلۆتگەریان داهێناوە و وازیان لە دنیا و لە خۆشییەکانی هێناوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ﴾ المائدة: ٧٧. پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ فەرموویەتی: ((إياكم والغلو في الدين، فإنما هلك من قبلكم في الدين))[١]. واتە: (نەکەن زیادەڕۆیی بکەن لە ئایندا، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە بەهۆی زیادەڕۆییەوە لەناوچوون). پێشەوا ئیبن تەیمییە وتوویەتی فەرموودەی: ((**إياكم والغلو في الدين**)) فەرمانێکی گشتگیرە و هەموو جۆرەکانی زیادەڕۆیی لە باوەڕ و کردەوەکاندا دەگرێتەوە، زیادەڕەویی: واتە تێپەڕاندنی سنوری مامناوەند... گاورەکان لە باوەڕ و لە کردەوەدا زیاتر لە هەموو تاقمەکانی تر زیادەڕەوون)[٢].

پێغەمبەر ﷺ باسی سەرئەنجامی زۆر خراپ و تاڵ بۆ زیادەڕۆیان و توندڕەوان دەکات، ئەویش لەناوچوونی دین و دنیایانە، فەرموویەتی: ((**هلك المتنطعون**))[٣]. سێجار دووبارەی کردەوە، پێشەوا نەوەوی وتوویەتی: (واتە ئەوانەی لە گوفتار و کرداریاندا ڕۆچوون و سنوری مامناوەندیان تێپەڕاندووە).

لەبەرئەوە ئیسلام بانگەشەی بۆ میانڕەوی کردووە، ئەم ئوممەتەی کردووەتە ئوممەتی میانڕەو، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَـٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗا﴾ البقرة: ١٤٣. لەبەرئەوە موسڵمانانی لە پەرستشەکان و باوەڕ و داب و نەریت و پۆشاك و خواردن و خواردنەوەدا فێری میتۆدی میانڕەویی کردووە -هەروەك پێشتر باسکرا-، دروشمیان بووەتە ئەم ئایەتە: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ﴾ البقرة: ٢٠١. داوای لەزەتبردن و سود

(١) ئەحمەد و ئیبن ماجە و نەسائی و حاکم گێڕاویانەتەوە، مەنناوی لە (الفيض القدير)دا ل(١٢٦/٣) لە ئیبن تەیمییەوە گواستوویەتەوە کە وتوویەتی: سەنەدەکەی لەسەر مەرجی موسلیم ڕاستە.

(٢) سەیری (مجموع الفتاوى)ی ئیبن تەیمییە بکرێ.

(٣) موسلیم لە (صەحیح)دا گێڕاویەتەوە.

وەرگرتن لە دنیا و لە شتە خۆشە حەلاڵەکانی دەکات، هاوکات گوتەی هەر کەسێکی ڕەتکردووەتەوە کە دەڵێ ڕازاوەیی و جوانکردن حەرامە، دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ قُلْ هِىَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾ الأعراف: ٣٢. هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ﴾ القصص: ٧٧.

پێغەمبەر ﷺ میتۆد و شێوازی خۆی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کاروبارەکانی دنیا ڕوونکردووەتەوە، کاتێکیش گوێبیستی یەکێکیان بووە کە ویستوویەتی دووربکەوێتەوە لە خواردنی گۆشت، یەکێکیتریان هاوسەرگیری نەکات، ئەویتر نەخەوێ بە شەودا، فەرموویەتی: ((**ما بال أقوام يقول أحدهم كذا وكذا... لكني أصوم وأفطر، وأنام و آكل اللحوم، وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني**))(١). واتە: (ئەوە ئەو خەڵکانە چییانە وا یەکێکیان ئەوەو ئەوە دەڵێ... بەڵام من بەڕۆژوو دەبم و ڕۆژوو دەشکێنم، دەخەوم و هاوسەرگیری دەکەم، هەرکەس لە سوننەتم دووربکەوێتەوە لە من نییە).

*** هۆکارەکانی توندڕەویی ئاینیی (توندوتیژی بەناوی ئاینەوە):**

لە ڕاستیدا توێژەران و سیاسییەکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هۆیەکانی توندڕەویی ئاینی هەیە، هەروەها توندوتیژی بەناوی ئاینەوە، هەیانە هۆکارەکە دەگێڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابووری وەك هەژاریی و بێکاریی، بەڵام شتێك کە ئەم هۆکارە لاواز دەکات و ئەقڵپەسەند نییە ئەوەیە کە توندڕەویی ئەوە نییە کە تەنها لە نێوان هەژاران و بێکاراندا بێت، تەنها لای دەوڵەتە هەژارەکان نییە، بەڵکو دەوڵەمەندان و دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانیش دەگرێتەوە، چونکە یەکەمین توندڕەویی کە لەم چەند دەیە ساڵەی دواییدا دەرکەوت لەلایەن تاقمی جوهەیمانەوە بوو، واتە ئەوانەی کە کەعبەی پیرۆزیان داگیرکرد

(١) بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە.

و خوێنیان تێدا ڕشت، پاڵنەریشیان کێشەی ئابووری نەبوو، هەشیانە هۆکارەکەی گێڕاوەتەوە بۆ هۆکاری دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان هزری یان هاوشێوەیان. بەڵام لێکۆڵینەوەی دروست و دڵنیاکەر بریتییە لە تێڕوانینی گشتگیرانە بۆ هۆکارەکان، بەوەی کە هەموو ئەو هۆکارانە و هیتریش ڕۆڵیان هەیە لە بەرهەمهێنانی توندڕەویی و فراوانبوونی بازنەکەی[1].

ئێستە دەتوانین ئەو هۆیانە دابەشبکەین بۆ دوو بەش: یەکەم: هۆکاری ناوخۆیی لەناو خودی گروپە توندڕەوەکان خۆیاندا، دووەم: هۆکاری دەرەکی.

*** هۆکارە ناوخۆییەکان: بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**١- نەزانیی دووسەرە و تێنەگەیشتن لە ئاین:** واتە ئەو کەسە لە حەقیقەتی خۆیدا کەسێکی نەزانە، بەڵام خۆی نازانێ کە نەزانە، یان بە دەستەواژەیەکی تر بڵێین: وا گومان دەبات کە گەیشتووەتە پلەی ئیجتیهاد و دێت ئیجتیهاد دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا نەگەیشتووەتە ئەو پلەیە.

پێشەوا شافیعی ئاوڕی لەم مەسەلەیە داوەتەوە، هاتووە بیدعەکاریی و ڕاجیاوازی خراپی کردووەتە یەکەمین هۆکار، کە دەبێتە هۆی پەرتبوونی ئوممەت و کردنی بە چەند تاقمێك و دووبەرەکییەکی سەختی لەنێوانیاندا دروستکردووە، ئەوەیش بەمجۆرەیە کە: مرۆڤ لە ناخی خۆیدا باوەڕی وەها بێت -یان کەسانیتر باوەڕیان پێی هەبێت- کە کەسێکی زانایەو دەتوانێ ئیجتیهاد لە ئایندا بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە نەگەیشتووەتە ئەو پلەیە... لێرەوە دێت دەستدەگرێ بە هەندێ بەشی بچوکی شەریعەتەوەو بەوانە مەسەلە هەمووکییەکانی شەریعەت دەڕوخێنێ، تا بەوەی کە لە لایەتی بازبدات بەسەریاندا بێئەوەی شارەزایماناکانیان بێت، شارەزا بێت بە مەبەستەکانیان، ئەمەش کەسێکی بیدعەچییە، لێرەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەم فەرموودە ڕاستە هۆشداریداوەو دەفەرموێ: ((**لا يقبض الله العلم إنتزاعاً**

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری سەرچاوەی پێشووی مامۆستای پایەبەرز قەرەزاوی بکرێ، ل(٦٢) و دواتریش.

**ينتزعه من الناس، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتى إذا لم يبق عالم أتخذ الناس رؤوساً جهالاً فسئلوا فأفتوا بغير علم فضلوا وأضلوا))**[1]. واتە: (خوای گەورە بە زۆرەملێ زانست لە خەڵکی ناگرێتەوە، بەڵام زانست بە مردنی زانایان دەباتەوە، تا هەرکات زانا نەما ئیتر خەڵکی کەسانی نەزان دەکەنە زانای خۆیان، ئینجا پرسیاریان لێدەکەن و ئەوانیش بەبێ زانست فەتوایان بۆ دەدەن، ئەوکات خۆیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن).

٢- **دەستگرتن بە ڕواڵەتی دەقەوە**، بێئەوەی ڕەچاوی مەبەستەکەی و هۆ و جێگاکەی بکرێ، دواجاریش دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان.

٣- **کەمی شارەزایی بە مێژوو و فیقھ و ڕێساکانی سەرکەوتن و تێکشکان**، هەروەها ڕێساکانی گەردوون و ژیانی دنیا و ئوممەت، نەشارەزایی بە ڕێسای پلەبەندی و ڕێسای کاتی گونجاو.

٤- **پەیڕەوی لە مەسەلە وێکچوو و گوماندارەکان** و پشتگوێخستنی مەسەلە مەحکەم و توندوتۆڵەکان، تەمومژی چەمکەکان، هەروەها خۆ سەرقاڵکردن بە جەنگی لاوەکییەوەو دوورکەوتنەوە لە پرسە گەورەکان.

٥- **زیادەڕۆیی لە حەرامکردندا**، لە لەکەدارکردن و زامدارکردنی ئەوانیتردا، بە فاسیق ناساندنیان تەنانەت بە کافرکردنیشیان.

یەکێك لە مامۆستایانی زانکۆی کوەیت بۆیگێڕامەوەو وتی: لە زانکۆ یەکێك لە قوتابییەکان مشتومڕی لەگەڵ کردم و وتی: مامۆستا فلان -کە یەکێکە لە گەورە بانگخوازە ناسراوەکان- بە حەقدە هەڵە کافر دەبێت، بە شەست هەڵە فاسیق دەبێ، منیش پێوت: ئایا دەکرێ بیانلێیت؟ وتی: کەوتە وتنیان یەك لەدوای یەك، منیش پێوت: ئایا ڕێبازی پێشینان ئا ئەمە بووە؟! ئەگەر لەجیاتی ئەمە چەند ئایەت یان فەرموودەیەکت لەبەربکردایە، بۆت باشتر نەبوو؟!

(١) سەیری الاعتصام ل(١٧٣/٢) بکرێ، فەرموودەکە بوخاری لە صەحیح لەگەڵ الفتح دا، هەروەها موسلیم گێڕاویانەتەوە.

*** هۆکارە دەرەکییەکانیش (واتە لە دەرەوەی گروپە توندڕەووەکان) دەگەڕێنەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە:**

**١- نامۆ بوونی ئیسلام لە وڵاتی ئیسلامدا:**

موسڵمان لەناو خاکی ئیسلامدا دەبینێ کە گەندەڵیی و خراپە بڵاوەیکردووەو ناڕەوا دانی جیرکردووەتەوە، عەلمانییەکان ئەوەی دەیانەویت بە ئاشکرا دەیلێن، مەیخۆری بڵاوەیکردووە، خراپەکان بە ئاشکراو ڕۆژی نیوەڕۆ ئەنجامدەدرێن، فیلمە بەرەڵلاکان نیشاندەدرێن، شانۆگەریی و تەمسیلییەکان بە خراپ لە ئیسلام دەدوێن، ئیتر جگە لەو گەندەڵیی و ئافرەتە سفورانە کە دەیانخەنەڕووو..

موسڵمان دەبینێ کە دەستوری زۆرینەی دەوڵەتەکان دەڵێت ئیسلام ئاینی دەوڵەتە، کەچی لە هەرە زۆرینەی بوارەکانی ژیاندا شەرعی خوای گەورە جێبەجێ ناکرێ، یاسای وەها داڕێژراون کە ڕێگا بە شتە حەرامکراوەکانی وەك ئارەق و زینا و هیتریش دەدات، لە لایەکیتریشەوە دەبینرێ کە زۆربەی فەرمانڕەواکان گرنگی نادەن بە کێشەکانی ئومەت، بەڵکو نوقمی حەز و ئارەزووەکان و ڕابواردنەکانی خۆیانن، ئەمە لە کاتێکدا کە گەلانی موسڵمان لەناو دەردیسەری و مەینەتی و کارەسات و گرفتەکان و هەژاریدا دەتلێنەوەو دەناڵێنن....، هەروەها موسڵمان دەبینێ کە ستەمی کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە ئەوپەڕێ، پلەو پایەکان لەلایەن دەوڵەمەندانەوە بەبێ هیچ پاساوێکی شەرعی بەکاردەهێنرێ، دزە گەورەکان ئازاد و ڕیزلێگیراون، لەوانەیە دزە بچوکەکانیش بکەونە بەر سزا.

کاتێ گەنجی موسڵمانی پابەند بە ئیسلامەوە ئەم دژبەیەکییە سەیرو سەمەرەیە دەبینێ، ئەگەر بێتو بەشی ئەوەندە فیقە و تێگەیشتنی پێویستی نەبێت ئەوا دەڕوات بە ئاراستەی توندگرتن و کافرکردنی کۆمەڵگادا.

**٢- هێرشی ناڕەوای ئاشکرا دژی ئیسلام:**

واتە ڕاگەیاندنی جەنگێکی بێ پەروا لە دژی ئیسلام، بێئەوەی هەر زۆرینەی فەرمانڕەواکان گرنگی بەو هێرشە مەترسیدارانە بدەن.

**٣- قۆرخکردنی ئازادی بانگەوازکردن:**

لە ڕاستیدا والانەکردنی بواری بانگەواز و بانگخوازان بەو پێیە کە ئاسن بە ئاسن نەرم دەبێت، جا ئەگەر بوار بۆ بانگەوازە ئیسلامییە میانڕەوەکان والا بوایە ئەوا لە توانایاندا بوو قەناعەت بە گەنجان بکەن، تا ڕێبازی میانڕەو و مامناوەند بگرنەبەر.

**٤- تاکڕەویی و ستەمی سیاسی و ئەشکەنجەدانی بانگخوازان:**

تاکڕەویی بەردەوام توندوتیژی لای بەرانبەرەکان دروستدەکات، وایان لێدەکات نەتوانن بە ڕۆژی ڕۆشنا بیربکەنەوە، بەڵکو بیرکردنەوەیان دەچێتە کونجی شەوانی تاریك و شەوەزەنگ و لە شوێنە نهێنییەکاندایە، لێرەوە ئیتر هزری توندڕەو لەناو ئەو کەشو هەوا خەفەکراوەدا گەشە دەکات.

لە ڕاستیدا ڕێگری کرا لە بانگەوازی ئیسلامی لەوەی بە ئاشکرا هەستێ بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی، بۆیە ناچاربوو بە نهێنی کاربکات، بەڵکو کاتێ گەنجی موسڵمان دەبینێ کە بە چ شێوەیەك بانگخوازان زیندانی دەکرێن، بە جۆرەها شێوە ئەشکەنجە دەدرێن کە موچرکە بە جەستەی مرۆڤدا دێت، لە ترسناکی ئەو ئەشکەنجەدانەدا منداڵ پیر دەبێت، چەندین جەستەی ناسك بینرا کە بە کارەبا برژێنران، بە ئاگر و سوتکی جگەرە سوتێنران و داخکران، کەسانێك بە قاچەکانیان هەڵواسران، هەروەك چۆن ئاژەڵە سەربڕاوەکان هەڵدەواسرێن، قامچی بەدەستان بە ئارەزووی خۆیان دێن بە ویژەیاندا یەك لەدوای یەك، هەر کات یەکێك لەو فەلاقەکەرانە ماندوو بوو یەکێکیتریان قامچیەکەی لێدەگرێ و بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتە کە جەستەکە دەبێت تۆپەڵێ خوێن و زام و کیم و جەراعەت، ئای چەندەها کەس لە ژێر ئەشکەنجەداندا گیانیان سپارد، هیچ یەك لە دڵڕەقە ملهوڕەکان ئەوانەی کە نە لەخوا دەترسن و نە بەزەییان بە دروستکراودا دێتەوە گوێیان پێنەدان و باکیان نەبوو پێیان، بیریان نەکردووەتەوە لە لێپرسینەوە لەو بکوژانە.

گومانی تێدا نییە هەموو ئەوەی نازیزم و فاشیزم و شیوعیەت ئەنجامیانداوە، لەچاو ئەوەدا کە ئەم ستەمکارانە دەرهەق بە گەنجان و بانگخوازە بەندکراوەکان کردوویانە

کەمترە لەمەی ئەمان، ئەمان زیاتر لەوانیان کردووە، جۆرەها شێوازی دۆزەخیانەیان لە ئەشکەنجەدانی جەستەکان، لە سزادانی دەروونەکان و تەقاندنی مۆخ و لە ئاوەڕووتکردنی مرۆڤایەتی داهێناوە[1].

لەناو ئەو تونێلە تاریکەی ئەشکەنجەدانی مرۆڤدا توندڕەوییەکی زەبەلاح لەدایکبوو، کافرکردن سەریهەڵدا، چونکە کۆمەڵی تەکفیر و هیجرە لەناو زیندانەکاندا دەرکەوت، مامۆستا هوزەیبیش لە کتێبەکەیدا بەناوی (دعاة لا قضاة) وەڵامیدانەوە، چونکە ئەو ئەشکەنجەدراوانە پرسیارێکی سادەیان لەخۆیان دەکرد: ئایا ئەمانە بۆ بەو ئازاردانە سەختە ئازارمان دەدەن؟ ئەم هەموو ئەشکەنجەدانە چییەو لەپای چی؟ ئایا ئێمە چ تاوانێکمان کردووە، جگە لەوەی کە وتوومانە خوا پەروەردگارمانە و ڕێباز و بەرنامەمان ئیسلامەو قورئان دەستورمانە، تا گەیشتنە ئەوە بڵێن ئەم دڕندە بێبەزەییانە و چنگدارانە کە گۆشتیان شیکردووینەتەوە کافرن، ئەو فەرمانڕەوایانەش کە لە پشتی ئەوانەوەن بە حوکمی خوای گەورە فەرمانڕەوایی ناکەن، بەڵکو هەر کەس داوای حوکمی خوا بکات ئەوان سزای دەدەن.... کەواتە ئەوانیش هەر فاسیق و خراپەکارن.........ئیتر ئا بەمجۆرە بیرۆکەی کافرکردن و کۆچکردن بنەمادۆزی بۆ کرا.

**٥- قەوارەی زایۆنی و داگیرکردنی یەکەمین قیبلەی موسڵمانان:**

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی توندڕەویی و تیرۆر، بوونی زایۆنیزمی دوژمنە لەسەر خاکی فەلەستینی عەرەبی موسڵمان، هەروەها کوشتن و دەربەدەرکردنی گەلەکەی بێئەوەی ڕەچاوی کەرامەتی ئەم ئوممەتە بکات، بێئەوەی هیچ ڕێزێك بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دابنێ، کەچی وێڕای ئەوە جیهانی خۆرئاوا و بە تایبەتی ئەمەریکا پشتگیری لێدەکەن.

ئەو ململانێ توندوتیژە کە لە دوێنێ و لە ئەمڕۆدا لەناو جیهانی ئیسلامیدایە، دەگەڕێتەوە بۆ هاوردەکردنی جولەکەو نیشتەجێکردنیان لە فەلەستیندا، پاشانیش هاتن بە

(١) مامۆستا قەرەزاوی، سەرچاوەی پێشوو ل(١٢٦).

ناوی ئاینەوە داگیریان کرد، چونکە جولەکە باوەڕی وایە کە خاکی فەلەستین هەمووی خاکی (میعادە) واتە خاکی پیرۆزیانە، کۆچکردنیشیان بۆی گوزارشە لە ئیرادەی خوا، لەمەدا پشت بە تەلمود دەبەستن کە فەلەستین چەقی خاڵی دەستگرتنیانە بەسەر جیهاندا، چونکە جەمسەری ئەو جیهانەیە کە دەوڵەتی عیبری لەسەری دادەمەزرێ، زایۆنیزمی جیهانی توانی لە ڕێگای کۆنگرەکانیەوە بە تایبەتی کۆنگرەی بازل لە ساڵی (١٨٩٧ز) سۆزی ئاینی کە لە ناخی جولەکەدا بوونی هەیە بقۆزێتەوەو بەکاریبێنێ بۆ خزمەتی مەرامە سیاسییە داگیرکاریەکانی، تا خاکی میعاد بووە گرنگترین بناغەی زایۆنیزم و گرنگترین ڕاگرەکانی، دەستیگرت بە بەڵێنە تەوراتیەکانەوە بۆ خاکی میعاد و بۆ سنورەکەی و فراوانکردنی، ئەوەتا (بن غوریۆن) لە کتێبی ساڵانەی ساڵی (١٩٥١ز) دەڵێ: (تەنها ئێستاو لەدوای حەفتا ساڵ لە خەباتی ڕابەران و پێشەنگان توانیمان بگەینە یەکەمین سەربەخۆیمان لە بەشێك لە نیشتمانی پیرۆزماندا)، تەنها بەوەش دەستکۆتا نەبوو بەڵکو داوای فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی کرد، لەمەشدا پشتی بە دەقێکی تەورات بەست کە پێیاندەڵێ (هەر جێگایەك ژێر پێی ئێوەی بەرکەوێ و بیشێلێ ئەوە هی ئێوەیە[1]، لیفی ئەشکۆل کە سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل بووە وتوویەتی: (هێشتا بیست هەزار کیلۆمەتر لە فەلەستینی کۆن ماوە کە تا ئێستا دەستمان نەگرتووە بەسەریدا)[2]، ئێریك ڕۆلۆ کە نوسەری سیاسی ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسییە، لەو ژمارەیەیدا کە بە ماوەیەکی کەم بەرلە جەنگی حوزەیرانی ساڵی(١٩٦٧ز) دەرچووە، گوتەکەی ئەشکۆلی لێکداوەتەوەو دەڵێ: (مەبەستی ئەشکۆل بە گوتەکەی بەشێکە لە خاکی سوریا و عیراق، هەروەها هەمووی کەناری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی ئوردون بەشێکن لە فەلەستینی کۆن، کە ئەشکۆل خەوی پێوە دەبینێ دەستبگرێ بەسەریاندا)[3].

(١) (التوراة) سفر تپنیه (١١، ٢٤)، ویشوع (١، ٣).

(٢) د. سەعدون موحەممەد ساموك: بابەتێکی دەربارەی زایۆنیزم و تیرۆر کە لەناو نامیلکەی (الدین والإرهاب)دا هاتووە، چاپی الرشاد بەغداد ل(٤٩).

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو لەگەڵ سەرچاوەکانیدا.

مەبەستەکە ئەمەیە کە داگیرکردنی خاکی فەلەستین لەلایەن زایۆنیزمەوە، بووە هۆی تەقینەوەی بارودۆخەکە لە فەلەستیندا کە پێشتر دانیشتوانە فەلەستینییەکانی تێدا بوو، لێرەوە ململانێیەکی خوێناوی لە نێوان هەردوو لایەندا گڕی گرت، جولەکەش هەموو هۆکارێکی توند و دڵڕەقانەو تیرۆرێکیان بەکارهێنا، تا فەلەستینییەکان دەربکەن و کۆمەڵگای نیشتەنی خۆیان لەسەر فەلەستین دروستبکەن، لە جێگای ئەوان جولەکە نیشتەجێ بکەن، لێرەوە مافیا زایۆنیزمەکان کەوتنە خراپەکاری لەو خاکەداو جۆرەها شێوازیان بۆ تۆقاندنی خەڵکە سڤیل و بێوەیەکەی بەکارهێنا.

تیۆدۆر هیرتزل (١٨٦٠-١٩٠٤ز) پەرەیدا بە بیرۆکەی زایۆنیزمی سیاسی، کە لە شاری ڤیەننا لە ساڵی (١٨٨٢ز) بەرنامەی بۆ داڕشت، ئینجا لە ساڵی (١٨٩٤ز) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الدولة الیهودیة) کۆتاییهێنا بە داڕشتنی سیستم و داکوتانی پایەکانی ئەو دەوڵەتە، پاشتر ساڵی (١٨٩٧ز) لە شاری بازل لە سویسرا لە یەکەمین کۆنگرەی زایۆنیدا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی.

زایۆنیزم لە دەقە تەوراتییەکانەوە -مەبەستم گۆڕدراوەکەیە- پێگەی خۆی داکوتاو و هەنگاوی نا، هات بەو دەقە تەوراتییانە پاساوی هێنایەوە بۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە زایۆنیزم ئەنجامیان دەدا، حاخامەکانیان با بە زۆر لەخۆکردن و زەحمەتیش بێت دایاندەبەزێننە سەر ئەو ڕووداوانە کە ڕوودەدەن، گەڕانەوە بۆ خاکی پیرۆز و سنوری ئیسرائیل و داگیرکردن هەموو ئەمانەو هیتریش بە پاساوی ئاینی ئەنجامیان دەدەن، مامۆستا گارودی دەڵێ: (لەم قۆناغە هەنووکەییەی فراوانخوازی زایۆنیزمدا، خەیاڵ و خەونی شێتانەی حاخامەکانیان پشکی هەیە لە پارتە ئاینییەکاندا، واتە لەو توندڕەوانە کە داوای داگیرکردن دەکەن، ئەوەش وەك پاساوێك بۆ دەوڵەمەندکردنی جەربەزەیی سەربازی ئیسرائیلی و بۆ پشتگیری داواکاری ئەو دەمارگیرانە کە زۆر ملهوڕن، ئەوەش بە ڕێکەوت نەبوو کە داگیرکردنی خوێناوی لوبنان هاودەم بوو لەگەڵ لێدوانەکانی بیجن دا، کە ڕایگەیاند فرۆکەکانمان لە ڕۆژانی شەممەدا نافڕن، ئەوەش وەك ڕێزێك بۆ ئەو ڕۆژە

پیرۆزە....، لەبەرئەوە حاخامەکان تەنها بەوە دەستکۆتا نابن بڵێن لوبنانی داگیرکراو خاکی هۆزی (عاشو)ە، بەڵکو تا ئەو سنورە ڕۆیشتوون کە ئەو قەسابخانانە لە ڕووی ئاینییەوە کارێکی ڕەوایەو لەپێناو داخوازی دۆزەکەدایە، چونکە وێرانکردنی هەردوو شاری صور و صەیدا و کوتانی بەیروت بە گوللە تۆپ و ڕۆکێت، هەروەها قەسابخانەکانی صەبرا و شاتیلا، تەنها درێژکراوەی قەسابخانەکانی دێریاسین و قەسابخانەی قوبیە و کفر قاسم نەبوو کە مافیاکانی بیجن لە ساڵی (١٩٤٨ز) کە ناسراون بە (ئەرجون) و ئەنجامیاندا، بەڵکو داخوازیی دەمارگیری ئاینیشیان بوو[١].

لەبەرئەوە دەبینین کە حاخام (ئەلیعازەر والْدمان) بابەتێکی بەناوی (هێز و زەبری ئەنجامدان-قوة الأنجاز) لە ڕۆژنامەی (نکودە) نوسیوە، تیایدا بەڵگەنامەی ئاینی بۆ سیاسەتی شارون و بیجن دێنێت، دەقە تەوراتییەکان دەکاتە بەڵگەو ڕوونیدەکاتەوە کە ئیسرائیل بە داگیرکردنی لوبنان هەستاوە بە دەستکردن بە ڕزگارکردنی جیهان[٢].

کەواتە زایۆنیزم لە کرۆك و حەقیقەتیدا تەنها ئاین نییە، بەڵکو ئاین و نەتەوەو ڕێباز و سیاسەتە، پێیوایە جولەکە گەلی هەڵبژاردەی خوای گەورەیە[٣]، ئەم ڕەوتە ڕەگەزپەرستانەیە وای لە جولەکە کردووە بەو چاوە بڕواننە گەلانیتر کە لەوان کەمترن، تەنانەت وەها سەیریان دەکەن کە کۆیلەی ئەوان بن، دکتۆر ئیریك یەسکۆف کە پسپۆڕە لە لێکۆڵینەوە لە ڕێنماییەکانی جولەکە، دەقێکی هێناوە ئەمە ماناکەیەتی: (یەکێك لە حیکمەتەکانی ئاین و ڕاسپاردەکانی بریتییە لە کوشتنی ئەو بیانیانە کە هیچ جیاوازی لە نێوان ئەوان و ئاژەڵاندا نییە.....، ئەوانەش کە باوەڕیان بە ڕێنماییەکانی ئاینی جولەکەو شەریعەتی جولەکە نییە دەبێت بکرێنە قوربانی بۆ خوای مەزنمان)[٤].

---

(١) ڕۆجیە غارودی: (ملف إسرائیل)، ل(٢٠-٢١) چاپی دار الشروق (١٩٨٣ز).
(٢) سەرچاوەی پێشوو ل(٢٠).
(٣) سەیری کتێبی (الصهیونیة أعلی مراحل الأستعمار) نوسینی فەتحی ڕەملی، ل(٩١)، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە میصر.
(٤) سەیری (خطر الیهودیة العالمیة علی الإسلام والمسیحیة) نوسینی عەبدواللە تەل، ل(٧٩)، چاپی المکتب الإسلامی.

## لە نێوان توندڕەویی و پابەندبوون (شوێنکەوتن)دا

* **یەکەم:** پێویستە ئاماژە بدرێ کە پابەندبوون بە قورئان و سوننەت، یان بە ڕای دروستی فیقهناسانەوە توندڕەویی نییە، بەڵکو توندڕەویی بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوری مامناوەند، هاوڕا لەگەڵ دەمارگیری بۆ تەنها یەك ڕا و بۆچوون، دەمارگیرییەك کە دان بە بوونی ئەوانیتردا نانێت، بە حەتمیش دەبێتە هۆی خۆبەزلزانی یان بەخۆدانازین و پشت بەخۆبەستن زیاد لە پێویست.

ئێمەش گوێبیستی هەندێ لەو توندڕەوانە بووین -ئەوانەی کە پێویستییان بە تێگەیشتنە لە دەقە شەرعییەکان- دەڵێن: (ئەوان واتە: ئەبو حەنیفە و مالیك و شافیعی و هاوشێوەیان- پیاون، ئێمەش پیاوین!!!).

**لە ڕوخسارەکانی توندڕەویی:** خۆپابەندکردنی زۆر توند، هەروەها سەپاندنی بە توندگرتن بەسەر کەسانیتریشدا کە پێویست نییە، ئینجا ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی شتانێك کە خوای گەورە داوای لێنەکردوون، ئەمە هەموو لە کاتێکدا کە ئیسلام لە حوکمە شەرعییەکاندا ئاینی ئاسانکارییە، لە دڵخۆشکردن و مژدەدان لە بانگەوازدا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**یسّروا ولا تعسّروا، وبشّروا ولا تنفّروا**))[1]. واتە: (ئاسانکاریی بکەن و شتەکان قورس مەکەن، مژدەدەر بن بە خەڵکی و مەبنە هۆی دوورخستنەوەیان).

**یەکێکیتر لە ڕوخسارەکانی توندڕەویی:** بریتییە لە دڵڕەقی و زبری لە هەڵسوکەوتدا، ئەوانە لە بەڵگەهێنانەوە و دابەزاندنی ئەم ئایەتەدا کە بۆ حاڵەتی جەنگ لەگەڵ دوژمنان دابەزیوە بەهەڵەدا چوون، کە دەفەرموێ: ﴿وَلْيَجِدُوا۟ فِيكُمْ غِلْظَةً﴾ التوبة: ١٢٣.

**یەکێکیتر لە ڕوخسارەکانی:** گومانبردنی خراپ بە خەڵکی، لە دەرگای زامدارکردن و ڕاستکردنەوەدا بەلایانەوە ئاسانە غەیبەتی کەسانیتر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە یەکێك لە ڕەوشتەکانی ئیسلام گومانبردنی باشە بە خەڵکی و قوبوڵکردنی بیانوو و عوزریانە.

یەکێکیتر لە ڕوخسارەکانی: کەوتنەناو چاڵی تۆمەتی فاسیقکردن و کافرکردنی

---

(١) بوخاری فەرموودەی ژمارە (٦٩، ٦١٢٥)، موسلیم، بە ژمارە (١٧٣٥)، ئەحمەد، بە ژمارە (١١٩٢٤، ١٢٧٦٣) گێڕاویانەتەوە.

ئەوانەی ڕای پێچەوانەیان هەیە، ئەوکات ئیتر کارەسات ڕوودەدات، چونکە ئەو کەسە تۆمەتبارکراوانە پارێزبەندیان نامێنێ و خوێنڕشتنیان دەبێتە ئاسایی[1].

* **دووەم:** زۆر گرنگیدان بە فراوانکردنی بازنەی لایەنداریی و برایەتی ئیسلامی، تا هەموو ئەهلی قیبلە بگرێتەوە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری چاك، هەروەها گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی کەلتوری خۆشەویستی و قوبوڵکردنی ئەویتر، هەروەها کەلتوری جوانیی و شارستانی.

* **سێیەم:** لایەنی سزایی، ئەویش لە ڕێگای سزا کانەوە، وەك سزای شەرعی و تەمبێکردن کە پەیوەستن بەو توندڕەویی و تیرۆرەوە و لەبەرئەنجامی لادانی هزرییەوە پەیدا دەبن.

## سزای لادان یان توندڕەویی

خوای گەورە دوو سزای ترسناکی داناوە بۆ هەر کەسێ کە لادانە هزرییەکەی هانیدەدات بۆ تیرۆر و توندوتیژی دژ بە کۆمەڵگاو دەوڵەت، ئەوانیش ئەمانەن:

* **سزای ئەنجامدانی تاوانی جەردەیی و چەتەگەریی (الحرابة) و خراپەکاریی لە زەویدا:**

خوای گەورە یاسای شەرعی داناوە بۆ بنبڕکردنی خراپەکاریی لە زەویدا، بۆ ڕێگری لە دەستدرێژی کردنە سەر ئاسایشی کۆمەڵگا، ئەویش سزایەکە بە ڕەهایی دادەنرێ بە سەختترینی سزاکان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ المائدة: ٣٣.

جا بێئەوەی بچینەناو وردەکاری فیقهیی ئەم سزایە، ئەوا فیهناسان کۆدەنگن لەسەر حەرامی جەردەیی و خراپەکاریی لە زەویدا، بەڵکو دایاناناوە بە یەکێك لە گوناهە گەورە پڕوکێنەرەکان کە ئاراستەی کۆمەڵگا دەکرێ، ئەم تاوانە مۆرکی تاکەکەسی وەرنەگرتووە، لەبەرئەوە کەسوکاری کوژراو مافی ئەوەیان نییە لە بکوژی خراپەکار خۆشبن، بەڵکو ئەو مافە

(١) سەیری کتێبی بەهادار (الصحوة الإسلامية بين الجحود والتطرف)، نوسینی د. یوسف قەرەزاوی، چاپی الأمة لە قەتەر (١٤٠٢ك).

ی دەوڵەتە لەو ڕووەوە کە دەستی دەچێ بەسەریاندا، پاش ئەوە فیقهناسان ڕاجیاوازن کە ئایا ئەو سزایانە بەپێی جۆری تاوانەکە دابەشدەبن، جا ئەگەر کەسێکی کوشتبێ ئەوا دەکوژرێتەوە، ئەگەریش کەسەکەی کوشتبێ و ماڵ و سامانەکەی بردبێ ئەوا دەکوژرێتەوەو لە خاچدەدرێ، ئەگەریش تەنها ماڵ و سامانەکەی بردبێ تەنها دەستی دەبڕدرێ، ئەگەر هەستابێ بە ترساندن و تۆقین ئەوا زیندانی دەکرێت، یان ئەوەیە کە دەوڵەت بەپێی بەرژەوەندییەکان ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر سزایەکدا مادامێ ڕێگرتن و کوشتنەکە دەستبەر بووە[1].

جەردەیی و خراپەکاریی لەسەر تۆقاندن و تیرۆر بونیاتنراوە، بریتییە لە یاخیبوونێکی چەکدارانە، یان بەکارهێنانی هێز بۆ خوڵقاندنی پشێوی و ئاژاوەنانەوە، هەروەها بۆ خوێنڕشتن و تێکدانی ئاسایش و ئارامیی و یاسا، بۆ شێواندنی سیستمی گشتی وڵات، ئەمەش بەوە جێبەجێ دەبێت کە کۆمەڵێ چەکدار دەردەچن و دەکەونە جەردەیی و ئاژاوە دەنێنەوە، خوێن دەڕێژن، هەرچی هەیەو نییە لە گیانی کەسەکان و ماڵ و زەرعات لەناوی دەبەن، دەستدرێژی دەکەنە سەر یەکێك لە مەبەستە شەرعییە هەمووەکییەکانی ئیسلام وەك ئاین، ڕۆح، ئەقڵ، سامان، وەچە و ناموس، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ ﴾ البقرة: ٢٠٥.

هەموو ئەم کارانەش کە ناویان دێت دەچنەناو چەمکی جەردەیی و کوشتنەوە (الحرابة)، ئەوانیش: چەتەگەریی و مافیاکانی کوشتن و ڕفاندن و هەڵکوتانە سەر ماڵان یان بانکەکان، هەروەها ڕفاندنی ژنان بۆ خراپەکردن لەگەڵیان، تیرۆرکردنی بەرپرسان بە مەبەستی فیتنەنانەوە و شێواندنی ئاسایش، هەروەها وێرانکردنی کشتوکاڵ و کوشتنی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵان، هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە نێوان خەڵکانی سڤیل و بێوەیدا تەقینەوە دەکەن و شتانی تریش کە دەبنە مایەی ترس و بیم و تۆقین لەناو کۆمەڵگادا[2].

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ: (بدائع الصنائع)، ل(٩٠/٧)، (حاشية إبن عابدين)، ل(١٩٩/٣)، (جواهر الإكليل)، ل(٢٩٤/٢)، (الزرقاني)، ل(١٩٢/٨)، (روضة الطالب)، ل(١٥٤/٤)، (نهاية المحتاج)، ل(٤٠٢/٧)، و (المغني)، ل(٢٨٧/٨).

(٢) سەیری کتێبی (التشريع الجنائي الإسلامي)، مامۆستا عەبدولقادر عۆدە ل(٦٤٧/١)، چاپی مؤسسة الرسالة ١٤٠٦ك.

*** سزای دەستدرێژی کردنە سەر دەوڵەت و ئاسایشی:**

ئەم سزایە لە شەریعەتدا پێیدەوترێ سزای یاخیبوان (البغاه)، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە بەشێوەی چەکداری لە ڕێگای گۆڕینی مانای دەقەوە دەردەچن لە فەرمانی پێشەوا (دەڵەتی شەرعی)، لەکتێبی (بدائع الصنائع)دا هاتووە کە: (یاخیبووان خەواریجەکانن، ئەوانیش ئەوانەن کە ڕایان وایە هەموو گوناهێ کوفرە، یاخی دەبن لە پێشەوای دادپەروەر، کوشتن و خوێنڕشتن و سامان بەتاڵانبردن لە ڕێگای گۆڕینی مانای دەقەوە حەڵاڵ دەکەن، ئەوانە کەسانێکن خاوەنی هێز و توانان)[1].

بەڵام ڕای بەهێز ئەوەیە کە یاخیبووان واتایەکی گشتگیرتریان لەو خەواریجانە هەیە کە خوێنی موسڵمانان و ماڵ و سامان و ژن و منداڵیان حەڵاڵ دەکەن، پێشەوا عەلی و هاوەڵانی و عوسمان و تەلحەو زوبەیر کافر دەکەن، بەڵام یاخیبووان ئەوانەن کە بە شێوەی چەکداری و بە لێکدانەوەی ڕەها لە دژی دەوڵەت دەردەچن، لەبەرئەوە ئیبن عابدین وتوویەتی: (وادەبینرێ... کە یاخیبووان واتایەکی گشتگیرترە)[2]، زۆرینەی زانایانیش لەسەر ئەوەن کە گشتگیرترە[3]، ئیبن قودامە وتوویەتی: (کۆی مەسەلەکە بریتییە لەوە هەر کەسێك کە موسڵمانان کۆدەنگبن لەسەر پێشەوایەتییەکەی، ئەویش بە بەیعەتدان پێی و پێشەوایەتی بسەلمێ و جێگیر بێ ئیتر فەرزە پشتگیری لێبکرێ، هەر کەسیش لە دژی دەرچێت بە یاخیبوو دادەنرێ و دەبێت شەڕ لە دژی بکرێ).

بە کورتی ئەو یاخیبووانە کە بە لێکدانەوەیان بۆ دەق لە دژی دەوڵەتی شەرعی دەردەچن، پێویستە هەموو هەوڵێك لەگەڵیاندا بدرێ بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتەواییەکی دادپەروەرانە، هەوڵبدرێ داوا ڕەواکانیان جێبەجێ بکرێ، جا ئەگەر ئەوان ئاشتەواییان ڕەتکردوە، یان هەستان بە کاری تیرۆریستی ئەوا بە کۆدەنگی زانایان دەبێت شەڕ

---

(١) بدائع الصنائع)، ل(١٤٠/٧).

(٢) حاشية إبن عابدين)، ل(٢٦٢/٤).

(٣) سەیری کتێبی (المبسوط)، ل(١٢٤/١٠)، (التاج والإكليل)، ل(٢٧٦/٦)، (الذخير)، ل(٦٥/١٢)، (روضة الطالبين)، ل(٥١/١٠)، (المغني)، ل(٤٦/١٠) بکرێ.

لەدژیان ڕابگەیەنرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَـٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ، إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ الحجرات: ٩-١٠ واتە: (ئەگەر -لە هەر زەمان و زەمینێکدا- دوو تاقم لە موسڵمانان، یاخود دوو لایەن، یان دوو دەوڵەت بوو بە شەڕیان و جەنگ لە نێوانیاندا بەرپابوو، ئەوە ئەرکی سەرشانی دەستەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی و کاربەدەستانی لێزانە کە دەستبەجێ هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان و بۆ بەرپاکردنی ئاشتەوایی لە نێوانیاندا، خۆ ئەگەر بۆیان دەرکەوت کە لایەکیان ملنادات و ستەم لە لاکەی تر دەکات، ئەوە ئێوە -ئەی دەسەڵاتدارانی خێرخواز- بجەنگن دژی ئەو لایەنەی کە ستەم و دەستدرێژکارە، هەتا ملکەچ دەبێت بۆ فەرمانی خوای گەورەو ئامادەی ڕێکەوتن و ئاشتەوایی دەبێت، جا هەر کات ملکەچ و گوێڕایەڵ بوو، ئەوە ئێوە هەوڵبدەن ڕێکیان بخەن بە شێوازێکی دادپەروەرانە و بە دوور لە ستەم و لایەنگیری، دڵنیاشبن کە خوای گەورە دادپەروەرانی خۆشدەوێت و ڕازی دەبێت لێیان. لە ڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکترن، ئەگەر ناکۆکییەك لە نێوان براکاندا ڕوویدا، با برایانی تریان هەوڵبدەن ئاشتی و ئاشتەوایی لەنێوانیاندا دروستبکەنەوە، با هەموو لایەك تەقوادار و دیندار و پارێزکاربن و لە لێپرسینەوەی خوایی بترسن، بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێبکرێت و خوای گەورە بە چاوی میهر و بەزەییەوە لێتان بپرسێتەوە).

## خەواریجە کافرکەرەکان

## سەرچاوەی هەموو توندڕەوییەکی ئایینین لە ئیسلامدا

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سوننەتی پیرۆز، دەبینین کە مەترسی زیادەڕەوی لە ئایندا لای خەواریجەکانە، یەکێك لە نیشانەکانیان بریتییە لە جورئەت بەخۆدان و زماندرێژی لەسەر ئاین و لەسەر هاوەڵان، تەنانەت لەسەر پێغەمبەری خوایش ﷺ، بوخاری و

موسلیم و کەسانیتریش هەریەکەیان بە سەنەدی خۆی لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە گێڕاویانەتەوە کە وتوویەتی: لە کاتێکدا ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین کە دەستکەوتێکی جەنگی دابەش دەکرد، زولخوەیصرە -کە پیاوێکی بەنو تەمیمی بوو- وتی: دادپەروەربە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((**ويلك، ومن يعدل إذا لم أعدل؟ قد خبتُ وخسرتُ إن لم أعدل**)). واتە: (نەگبەت، ئەگەر من دادپەروەر نەبم ئەی کێ دادپەروەرە؟ بەڕاستی نائومێد و خەسارەتمەندم ئەگەر دادپەروەر نەبم). ئینجا عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مۆڵەتم بدە با بدەم لە گەردنی، ﷺ فەرمووی: ((**دعه فإن له أصحاباً يحقر أحدكم صلاته مع صلاتهم وصيامه مع صيامهم، يقرأون القرآن لا يجاوز تراقيهم، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية،...... آيتهم رجل أسود إحدى عضديه مثل ثدي المرأة أو مثل البضعة تدردر ويخرجون على حين فرقة من الناس**)). واتە: (لێیگەڕێ ئەو هاوەڵانێکی هەن کە نوێژی یەکێك لە ئێوە لەچاو نوێژی خۆیاندا بە کەم دەزانن، ڕۆژووی لەچاو ڕۆژووی خۆیاندا بە کەم دەزانن، قورئان دەخوێنن بەڵام لە قوڕگیان ناچێتە خوارەوە، دەم لە ئاین دەکوتن و تیژپەڕن هەروەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێ،.....نیشانەی گەورەکەیان کەسێکی ڕەشتاڵەیە مەچەکێکی وەك مەمکی ئافرەت وایە یان وەك گوان وایە و لێی دەچۆڕێ، لە ئان و ساتێکدا وەك گروپێکی جیا لە خەڵکی یاخی دەبن). ئەبو سەعید وتی: شایەتی دەدەم کە من ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستووە، شایەتیش دەدەم کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب جەنگی لە دژیان کرد، منیش لەگەڵیدا بووم، فەرمانیدا بە گەڕان بەدوای ئەو کەسەدا، لەناو کوژراوەکاندا دۆزرایەوە، ئینجا هێنراو منیش سەیرمکرد بینیم نیشانەکانی هی ئەو کەسە بوو کە پێغەمبەر ﷺ وەسفیکرد)[1].

---

(١) بوخاری، فەرموودەی ژمارە (٣٦١٠، ٦١٦٣، ٦٩٣٣)، موسلیم، فەرموودەی ژمارە (١٠٦٤)، ئیبن حیبان، فەرموودەی ژمارە (٦٧٤١).

پێشەوا موسلیم گێڕاویەتەوە کە: جابیر وتوویەتی: (لە جوعرانە لە ڕێگای گەڕانەوە لە حونەینەوە کەسێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، کۆشی بیلال زیوی تێدابوو، پێغەمبەری خوایش ﷺ مشتی پێدا دەکردو دەیدا بە خەڵکی، کابرا وتی: ئەی موحەممەد دادپەروەر بە، ئەویش ﷺ فەرمووی: ((**ویلك، ومن يعدل إن لم أكن أعدل، لقد خبتُ وخسرتُ إن لم أكن أعدل**))، عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه وتی: لێمگەڕێ ئەی پێغەمبەری خوا تا ئەو دووڕووە بکوژم، فەرمووی: ((**معاذ الله أن يتحدث الناس أني أقتل أصحابي، إن هذا وأصحابه يقرؤون القرآن لا يجاوز حناجرهم يمرقون منه كما يمرق السهم من الرمية**)). واتە: (پەنادەگرم بەخوا لەوەی خەڵکی بکەونە قسەوباس گوایا من هاوەڵانم دەکوژم، ئەمەو هاوەڵانی ئەمە قورئان دەخوێنن کە لە قوڕگیان ناچێتە خوارەوە، دەم لە ئاین دەکوتن و تیژپەڕن هەروەك چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت)[1].

موسلیم لە ڕیوایەتێکی تردا لە ئەبو سەعیدەوە لە باسی دابەشکردنی ئاڵتون بەسەر چوار کەسدا دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (کەسێکی ڕیش پڕی کوڵم دەرپەڕیو و چاو زەق و تەوێڵ گرژی سەرتاشراو هات و وتی: ئەی موحەممەد لەخوا بترسە، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: ((**فمن يطع الله إن عصيته؟ أيأمنني الله على أهل الأرض ولا تأمنوني؟**)). واتە: (ئەگەر من سەرپێچی خوا بکەم ئیتر کێ گوێڕایەڵیەتی؟ خوای گەورە کردوومیەتە ئەمینداری خەڵکانی زەوی، کەچی ئێوە بە ئەمیندارم نازانن؟). ئەبو سەعید وتی: پاشان کابرا پشتی هەڵکردو ڕۆیشت، کەسێکیش لە ئامادەبووان مۆڵەتی خواست تا بیکوژێ -پێدەچێ کە خالید کوڕی وەلید بووبێ-، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**إن من ضئضىء هذا قوم يقرؤون القرآن لا يجاوز حناجرهم، يقتلون أهل الإسلام ويدعون أهلَ الأوثان، يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية، لئن أنا أدركتهم لأقتلنهم قتل عاد**)). واتە: (لە ڕەسەنی ئەم کەسە قەومێك دێن قورئان دەخوێنن بەڵام لە گەروویان ناچێتە خوارەوە، دژ بە موسڵمانان دەجەنگن و

---

(١) صەحیحی موسلیم، فەرموودەی ژمارە (١٠٦٤)، بەشی خەواریج و نیشانەکانیان.

لە بتپەرستانەوە نزیکن، دەم لە ئیسلام دەکوتن و تیژپەڕن هەروەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێ، ئەگەر گەیشتمەوە پێیان ئەوا هەروەك شەڕ لەگەڵ قەومی عاد بکەم ئاوا دەجەنگم لە دژیان)[1].

هەروەها بوخاری و موسلیم و کەسانیتریش بە سەنەدی خۆیان کە دەچێتەوە سەر عەلی کوڕی ئەبو تالیب ﷺ دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: گوێبیستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم دەیفەرموو: ((**سيخرج في آخر الزمان قوم أحداث الأسنان سفهاء الأحلام، يقولون من خير قول البرية، يقرؤون القرآن لا يجاوز حناجرهم، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية، فإذا لقيتموهم فاقتلوهم فإن قتلهم أجراً لمن قتلهم عند الله يوم القيامة**)). واتە: (لە ئاخر زەماندا قەومێك دەردەکەون، گەنج و کەم ئەقڵن، لە گوتەی پێغەمبەر ﷺ دەڵێنەوە، قورئان دەخوێنن بەڵام لە گەروویان ناچێتە خوارەوە، دەم لە ئاین دەکوتن و تیژپەڕن هەروەك چۆن تیر لە کەوان دەدەچێ، هەرکات پێیان گەیشتن بیانکوژن، چونکە کوشتنیان پاداشتی لە ڕۆژی قیامەتدا لای خوایە)[2].

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب ﷺ وتوویەتی: (ئەی خەڵکینە، من گوێبیستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم دەیفەرموو: ((**يخرج قوم من أمتي يقرؤون القرآن، ليس قراءتكم إلى قراءتهم بشيء، ولا صلاتكم إلى صلاتهم بشيء، ولا صيامكم إلى صيامهم بشيء، يقرؤون القرآن، يحسبون أنه لهم، وهو عليهم، لا تجاوز تراقيهم، يمرقون من الإسلام كما يمرق السهم من الرمية**)). واتە: (لە ئومەتم تاقمێك دەردەکەون، قورئان دەخوێنن، قورئانخوێندنی ئێوە لەچاو قورئانخوێندنی ئەوان شتێکی ئەوتۆ نییە، نوێژتان لە چاو نوێژی ئەوان شتێکی ئەوتۆ نییە، ڕۆژووتان لە چاو ڕۆژووی ئەوان ئەوە نییە، قورئان دەخوێنن، وادەزانن لەباری ئەوانە، بەڵام لەسەریان دەکەوێ، لە گەروویان تێناپەڕێ، دەم لە ئیسلام دەکوتن و تیژپەڕن هەروەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێ). جا سوپای

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەشی باسی خەواریج و نیشانەکانیان، ل(٢/٧٤١).
(٢) صەحیحی بوخاری، فەرموودەی (٦٥٢٢)، موسلیم، فەرموودەی (١٠٦٦).

ئەوانە ئەگەر بیزانیایە کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیانەوە ﷺ چی لەبارەیانەوە وتراوە ئەوا دەستەوئەژنۆ دادەنیشتن و هیچیان نەدەکرد[1].

لەم فەرموودە ڕاستانەوە و -هیتریش کە کتێبەکانی صیحاح و سونەن و موسنەدەکان باسیانکردوون-، دەردەکەوێ کە ئەو تاقمە هزری توندڕەویان پیادە کردووە، زیادەڕەویان لە ئایندا کردووە، بڕیاری توندوتیژیان هەیە، لە بەرانبەریشەوە خۆیان لە هەموو خەڵکانیتر بە چاکتر دەزانن، وادەزانن قورئان هەر بۆ ئەوان هاتووەو هی ئەوانە، لێکدانەوەو ماناکانی لە بەرژەوەندی ئەواندایە، ئەوانە زۆر نوێژ دەکەن، ڕۆژوو زۆر دەگرن و قورئان زۆر دەخوێنن و زیادەڕۆیی دەکەن تیایدا، زۆر بایەخ بە ڕواڵەتی دەقەکانی دەدەن، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئاگاداریداوە کە ئەو پەرستشانە تەنها ڕواڵەتن و شوێنی خۆیان تێناپەڕێنن، بەڵکو بە خراپترین خەڵکانی سەر زەوی داناون، موسلیم و کەسانیتریش لە ئەبو زەڕڕەوە گێڕاویەتەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**إن بعدي من أمتي -أو سيكون بعدي من أمتي- قوم يقرؤون القرآن لا يجاوز حلاقيمهم، يخرجون من الدين كما يخرج السهم من الرمية، ثم لا يعودون فيه، هم شرّ الخلق والخليقة**))[2]. واتە: (بەدڵنیایی دوای من لە ئومەتمدا -یان لەدوای من لە ئومەتەکەمدا ڕوودەدات- تاقمێك دێن قورئان دەخوێنن بەڵام لە گەروویان تێناپەڕێ، دەم لە ئاین دەکوتن و تێژپەڕن هەروەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێ، ئیتر ناشگەڕێنەوە سەری، ئەوانە خراپترینی خەڵکانی سەرزەوین). ئەم فەرموودەیە ئەو مانایە دەدات بەدەستەوە کە چاکبوون تەنها بە نوێژ و ڕۆژوو و قورئانخوێندنی زۆر دەستەبەر نابێت، بەڵکو بە هزری میانڕەو و پابەندبوون بە ڕەوشت و بەو بەهایانەوە کە هاودەمی ڕەوشتن، هەروەها بە پەروەردەو پاکژکردنی دەروون دەستەبەر دەبێت.

(١) صەحیحی موسلیم، فەرموودەی (١٠٦٦)، بەشی خەواریج کە خراپترین خەڵکی زەمانەن.
(٢) صەحیحی موسلیم، فەرموودەی (١٠٦٧)، هەمان بەشی پێشوو.

ئەم فەرموودە ڕاستانە ئاماژەن کە ڕۆچوون لە خوێندنی قورئاندا بەبێ فیقە و بێ تێگەیشتنی قووڵ، دەبێتە هۆی زیادەڕۆیی و شلگیری و توندڕەویی و کافرکردن.

کۆدەنگی لە زۆرێك لە زانایانەوە هاتووە کە ئەگەر هاتوو ئەوانە چەکیان هەڵگرت ئەوا شەڕکردن لەدژیان دەبێتە فەرز، ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (پێشەوایان کۆدەنگن لەسەر شەڕکردن لە دژی تاقمی خەواریجە لە ئاین دەرچووەکان)، پاشان وتوویەتی: (موسڵمانان یەك ڕان لەسەر فەرزی شەڕکردن لە دژی خەواریج و ڕافیزەکان، ئەمە ئەگەر هاتوو لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابوونەوە، هەروەك عەلی ﷺ لە دژیان جەنگاوە).

**ئەو جەنگەش مەرجدارە بەم مەرجانەی خوارەوە:**

١- دەبێت دەوڵەت بانگیان بکات بۆ دیالۆگ و دانوستان و ئاشتەوایی و بچێت بەدەم داوا ڕەواکانیانەوە، هەروەها دەبێت ئەو ستەمەی کە ئەگەر دیاربوو لێیان کرابوو نەیهێڵێ، بەڵام ئەگەر ئەوان هەر نەهاتن بەدەم ئەو ئاشتەواییەوە، ئەوا ئەوکات ڕێگادراوە بە شەڕکردن لە دژیان، هەروەك گەورەمان عەلی ﷺ تەواوی هەوڵی خۆی بەخەرجدا تا شەڕ لە نێوان ئەو و خەواریجەکاندا ڕوونەدات.

٢- کاتێ چەك هەڵدەگرن لە دژی دەوڵەت، ئیتر بە قەدەغەکردنی بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، یان بە دەستدانە کوشتن و تاڵانکردن، یان بکەونە تیرۆرکردن و ترساندنی دەوڵەت و خەڵکی.

٣- ئامادە نەبن دیالۆگ و دانوستان و ئاشتەوایی بکەن، یان گوێبیست و گوێڕایەڵ نەبن، وەك بیانەوێ لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە ئیرادەی خۆیان بسەپێنن، ئەوکات دروستە شەڕ لە دژیان بەرپا بکرێ، ئەوەش بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی و یەکبوونی دەوڵەت و بەرژەوەندییە گشتییەکان دەبێتە حاڵەتێکی پێویست[1].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی حوکمی شەرعی یاخیبووان، سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ: (فتح القدير)، (٤٠٨/٤)، (البدائع)، (١٤٠/٧)، (تبين الحقائق)، (٢٩٣/٣)، (مواهب الجليل)، (٢٧٨/٦)، (الشرح الصغير)، (٤٢٦/٤)، (شرح المحلي على المنهاج)، (١٧٠/٤)، (المغني)، (١٠٥/٨-١٠٧)، هەروەها سەیری مەوسوعەی فیقهی کوەیتی زاراوەی (بغاة) ل(١٣٠/٨-١٥٨) بکرێ.

بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە ئەوا ئەگەر هاتوو لادانی هزری سەریکێشا بۆ تیرۆر و کوشتن و دەستدرێژی، ئەوکات ئیسلام کۆمەڵێ سزای بۆ بەشی: جەردەیی و چەتەگەریی و خراپەکاریی (الحرابة والفساد)، هەروەها حوکمی یاخیبووان داناوە کە بە دەق و بە ئیجتیهاد جێگیرن و سەپێنراون، بەڵام ئەو تاوانانە کە دەچنە ژێر تابلۆی تیرۆری ناوخۆیی و تیرۆری دەرەکیی ئەوا پێویستیان بە کۆمەڵێ ئیجتیهادی بنەمادۆزی هەیە.

## تیرۆر و توندوتیژیی
## لە نێوان ئاینەکانی جولەکەو مەسیحی و ئیسلامدا
## بە تیۆریی و بە پراکتیکی

گومانی تێدا نییە ئاینە ئاسمانییەکان لە بنەڕەتدا بەزیین بۆ مرۆڤایەتی و هیدایەت و ڕەحمەتن و ئامۆژگارین بۆ مرۆڤ، قورئانی پیرۆز بەمشێوەیە وەسفی هەموو پەڕاوە ڕاستە ئاسمانییەکان دەکات، خوای گەورە دەربارەی تەورات دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ﴾ المائدة: ٤٤. لەبارەی ئینجیلەوە دەفەرموێ: ﴿ وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴾ المائدة: ٤٦.

بەڵام ئەو پەڕاوە ئاسمانیانە کە لەپێش قورئانی پیرۆزەوە هاتوون، زۆربەی مەشخەڵ و ڕێنماییەکانیان ونبوون، ئەویش لە نێوان گۆڕینی بەئەنقەست و نێوان ئەو لەبیرچوونەوەیەی بەسەریاندا هاتووە، کە تەورات بە نزیکەی حەوت سەد ساڵ لەدوای هاتنەخوارەوەی نوسراونەتەوە، تەلمودیش بە نزیکەی دوو هەزار ساڵ دواتر نوسراونەتەوە، ئێمەش لەم توێژینەوەیەکدا پشت بە تەورات و بەو ئینجیلانە دەبەستین کە لەبەر دەستماندان، جولەکەو مەسیحییەکانیش باوەڕیان وایە کە ئەوانە ئەو پەڕاوانەن بۆیان هاتوونەتە خوارەوە.

## تەورات و توندوتیژیی

لە تەوراتدا دەقی زۆر هەن کە بە ڕوونی و بەشێوەیەکی زۆر سەیر داوای جینۆسایدی کۆمەڵیانە دەکەن، تیایدا هاتووە: (بەدڵنیایی شارەکانی ئەو گەلانە کە لە پەروەرگاری گەورەتەوە بۆت ماونەتەوە، تەنها ئەوانەن کە دروستکراوێکی زیندووی تێدا نەهێشتوونەتەوە تیایاندا بژین... تۆش وایان لێدەکەیت قەدەغە بن لە حەیسی و عەموری و فریزییەکان هەروەك گەورەکەت فەرمانی پێداوی...)[1]. هەروەها تیایدا هاتووە کە: (ئێستە ئیتر بگەرە هیواکانت، هەرچی لەدەستیدایە لێی قەدەغە بکەو هیچی بۆ جێنەهێڵێ، هەر هەمووان بکوژە، بە پیاوان و ئافرەتان و منداڵان و شیرەخۆرەو بەرخ و وشتر و گوێدرێژەوە)[2].

فەیلەسوفی فەڕەنسی ڕۆجیە غارودی دەڵێ: (ئەو بیانووە تەوراتییە بۆ کوشتن، بۆ شەرعیەتدانە بەو دوژمنایەتییە یەك لەدوا یەکانەو بۆ زەوتکردنی خاکی ئەوانیترە...، وەها لە جولەکە دەکات ڕازیبن و هەموو ئەوەیان قوبوڵ بێت کە ئەقڵ قوبوڵی ناکات)[3].

لە تەورات لە (ج٥٥ ع٣٣ و ٥٦) دا هاتووە دەڵێ: (ئەگەر بێتو دانیشتوانی سەر زەوی لەبەردەمتاندا دەرنەکەن، ئەوا ئەوانەیان کە لێیان دەمێننەوە دەبنە دڕك لە چاوتاندا، ئەملاو لاتان لێدەکە زیندان، لەسەر ئەو زەوییە کە ئێوە نیشتەجێن تیایدا تەنگتان پێهەڵدەچنن).

لە سفر التثنية (ج٧ ع٢١-٢٢) هاتووە دەڵێ: (ڕوخساریان مەتۆقێنە چونکە پەروەردگاری خوات لە لاتەوە خوایەکی مەزن و ترسێنەرە، بەڵام پەروەردگاری خوات ئەو گەلانە کەم کەم لەبەردەمتدا دەردەکات...، تۆ ناتوانی بەخێرایی لەناویان ببەیت نەبادا دڕندەکانی دەشت و دەر زۆر بن لەسەرت...، بەڵکو پەروەردگاری

---

(١) لە باسەکەی مامۆستا غارودییەوە هێنراوە، سەرچاوەی پێشوو ل(٢١).

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

(٣) غارودی: (ملف إسرائيل)، ل(٢١).

خوات لەپێشتەوە دەڕوات و پشێوی و ئاڵۆزییەکی گەورەیان تێدەخات تا لەناودەچن، پادشاکانیان دەکەونە دەستت و ناویان لەژێر ئاسماندا دەسڕیتەوە).

هەر لە سفر التثنية (ج٢١ ع١٠-١٧)دا هاتووە دەڵێ: (کاتێك نزیکدەکەویتەوە لە شارێك بۆ ئەوەی بجەنگی لە دژی، ئەوا بانگی بکە بۆ ئاشتەوایی، جا ئەگەر هات بەدەم ئاشتەواییەوە و شارەکەت بۆ کرایەوە ئەوا هەموو ئەو خەڵك و گەلانەی وان تیایدا دەبنە دەستەمۆت، دەبنە کۆیلەت، ئەگەریش ئاشتەواییان لەگەڵ نەکردیت و شەڕیان لەگەڵ کردی گەمارۆیان بدە، جا هەرکات پەروردگاری خوات گەیاندییە دەستی تۆ ئەوا هەموو نێرینەکانی بە زەبری شمشێر بکوژە، بەڵام ئافرەتان و منداڵان و ئاژەڵەکانیان و هەموو ئەوەی لە شارەکەدایە بیانکەرە دەستکەوتی جەنگی خۆت و هی خۆتە، لە ماڵ و دەستکەوتی ئەو دوژمنانت بخۆ کە پەروەردگاری خوات پێیداویت...، هەمان شتیش لەگەڵ هەموو ئەو شارانەدا دەکەیت کە زۆر لێتەوە دوورن و شاری ئەو گەلانە نین کە لێرەن، بەڵام شارەکانی ئەو گەلانە کە پەروەردگاری خوات پێیبەخشیوی ئەوا قسمەتی خۆتەو هی تۆیەو تا کە زیندە بەڕۆحێکیان نەهێڵیتەوە).

لە تەلمودیشدا دەق دەبینین کە مانای جیاکاری جولەکە لە غەیری خۆیان دەگەیەنێ، لەوانەش: (جولەکە لای خودا لە فریشتە خۆشەویستترن، ئەوان لە توخمی خودان هەروەك چۆن منداڵ لە توخمی باوکیەتی، کەواتە هەر کەس زللەیەك لە جولەکەیەك بکات زللەی لە خوا داوە)!

هەر لە تەلمود (سنهدین ل٢٢، ٥٨)دا هاتووە دەڵێ: (ئەگەر کەسێکی ئومەمی -واتە غەیرە جولەکە- دای لە ئیسرائیلییەك ئەوا ئەو ئومەمییە شایستەی مردنە!) لە تەلمودی ئۆرشەلیم ل(٩٤) بە دەق هاتووە دەڵێ: (ئەو دڵۆپە ئاوە کە گەلانیتری غەیری ئاینی جولەکە لێی دروستکراون دڵۆپە ئاوی...ئەسپە!) تەلمود بەهەمانشێوە وادادەنێ کە: (بیانییەکان -واتە غەیرە جولەکە-سەگن، چونکە لە سفر الخروج (١٢، ١١) باسکراوە کە جەژنە پیرۆزەکان بۆ بیانییەکان و بۆ سەگ دانەنراون!).

گەورە (ڕابی) موسا کوڕی نوعمان و حاخام ڕەشی، لێکدانەوەیان بۆ دەستەواژەکەی سفر الخروج کردووەو دەڵێن: (لە ڕاستیدا سەگ لە بیانی باشترە، چونکە لە جەژنەکاندا ڕێگا بە جولەکە دراوە خواردن بدات بە سەگ ، بەڵام بۆی نیە خواردن دەرخواردی بیانی بدات، یان گۆشتی بداتێ بەڵکو با بیدات بە سەگ!).

حاخام باربانیل دەڵێ: (تەنها گەلی هەڵبژاردە شایانی ژیانی هەتا هەتایە، بەڵام گەلانیتر ئەوا وەك گوێدرێژ وان)، ڕابی مەناحیم دەڵێ: (ئەی جولەکە ئێوە لە نەوەی مرۆڤن چونکە سەرچاوەی ڕۆحتان ڕۆحی خوایە، بەڵام گەلانیتر ئەوا وەها نین چونکە سەرچاوەی ڕۆحیان ڕۆحی گڵاوە!) حاخام ئەربل دەڵێ: (بێگومان ئەوانەی لە دەرەوەی ئاینی جولەکەن بەرازی گڵاون، جا ئەگەرچی بیانی -واتە غەیرە جولەکە- لەسەر شێوەی مرۆڤ دروستکراوە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە شایانی ئەوە بێت خزمەت بە جولەکە بکات کە دنیا لەپێناو ئەواندا دروستکراوە!!).

هەندێ دەقیش هەن ئەو مانایە دەگەیەنن کە خوای باڵادەست جولەکەی زاڵکردووە بەسەر ماڵ و سامان و خوێنی گەلانیتردا! چونکە لە تەلمودا هاتووە ئەو دەستەواژەیە لێکدەداتەوە....، کە ئەمەیە: (ئەگەر نەوەکانی نوح -واتە غەیرە جولەکە- شتێکیان دزی با نرخەکەشی زۆر کەم بێت، ئەوا شایستەی مردنن چونکە سەرپێچی ئەو ئامۆژگاریانەیان کردووە کە خوا پێیداون، بەڵام جولەکە بۆیان هەیە زیان بە کەسی ئومەمی بگەیەنن چونکە لە ئامۆژگاریەکاندا هاتووە دەڵێ: نەکەی ماڵ و سامانی کەسی نزیك بدزی)... کادامی موساش لە وەسیەتنامەکەدا نەینوسیوە (نەکەی ماڵ و سامانی ئومەمی بدزی) کەواتە ئەگەر جولەکە ماڵی کەسێکی ئومەمی -غەیرە جولەکە- بە تاڵان ببات ئەوا سەرپێچی ئامۆژگارییەکانی نەکردووە....، ئەمەش بەپێی ڕای زانایانی تەلمودە!).

هەر لە تەلمودا هاتووە دەڵێ: (ڕابی صەموئیل کە یەکێکە لە حاخامە گرنگەکان ڕای وابووە دزیکردن لە بیانییەکان ڕێگاپێدراوە، هەر خودی خۆی دەفریێکی ئاڵتونی لە بیانییەك کڕیبوو کە بیانییەکە وایزانیبوو مسە، تەنها چوار پەنجایی پێداوە، ئەمەش نرخێکی

زۆر کەمە، پەنجایەکی تریشی لە فرۆشیارەکە دزیبوو!).

سێر ڕیتشارد بۆرتۆن لە کتێبەکەیدا بەناوی (الیهود، النور، والإسلام) ل(٧٣) دا دەڵێ: (گرنگترین خاڵ کە لە باوەڕە نوێیەکانی ئاینی جولەکەدایە بریتییە لەوە کە بیانییەکان -واتە غەیرە جولەکە- جگە لەوە کە ئاژەڵی کێوین شتێکیتر نین، مافیان لە مافی ئەو ئاژەڵە وڕانە زیاتر نییە کە لە کێڵگەکاندان). لە لاپەڕە (٨١)یشدا دەڵێ: (تەلمود دەڵێ: ئێمە دوو بۆنەی خوێناویمان هەیە کە (یەهوە)ی خودامان ڕازی دەکەن، یەکێکیان جەژنی هەویرە کە ئاوێتەیە بە خوێنی مرۆڤایەتی، دووەمیان ڕێوڕەسمی خەتەنەکردنی منداڵەکانمانە).

جولەکە دوو جەژنی پیرۆزیان هەیە، هەتا تیایاندا هەویرەکە نەخۆن کە تێکەڵکراوە بە خوێنی مرۆڤ خۆشی تێیاندا دەرنابڕن، ئەوانیش بریتین لە جەژنی پۆریم (Porim) کە لە مانگی ئازاری هەموو ساڵێکدایە، دووەمیان جەژنی فوصحە کە لە مانگی نیساندایە و ڕێکەوتی ڕۆژانی جەژنی فوصحی مەسیحییەکانە[١].

مامۆستا ئارنۆلد لیز گرنگترین ڕووداوەکانی سەربڕینی بەناوبانگی کچان و منداڵانی گاورەکانی لە ئەوروپا تۆمارکردووە، کە لەسەر دەستی جولەکە ئەنجامدراون، ئەوەش لە کتێبێکیدایە کە لە ساڵی (١٩٣٨ز) بەناونیشانی (Jewich Ritual Murden) دەرچووە، دەڵێ زۆربەی ئەو سەربڕینانە لەپێناو دەرهێنانی خوێنەکەیان بووە، تا هەویرەکە لە هەردوو جەژنەکەدا تێکەڵ بە خوێن بکرێ، ژمارەی ئەو کچ و منداڵانە پەنجا کەسیان تێپەڕاندووە، یەکێکیان ڕووداوی ساڵی (١١٤٤ك) بووە لە بەریتانیا، کە جەستەی مردووی منداڵێکی تەمەن (١٢) ساڵی بوو کە لە کەنیسێکدا دۆزراوەتەوە، فڕێدابوویە ژێر درەختێك کە خوێنەکەی لە ڕۆژانی جەژنی فوصحی جولەکەدا لە چەندین زامەوە دەرهێنرابوو، بەرتیل دراوە بە پارێزگاری شارەکەو کەیسەکە نەدراوە بە دادگا،

(١) عەبدواللە تەل: سەرچاوەی پێشووی ل(٨٠). بۆ زانیاری زیاتر ئێمە ئەم دەقانەمان لەو کتێبەوە وەرگرتووە کە ئەویش باسی سەرچاوەکانی خۆیکردووە و لە کتێبە متمانەپێکراوەکانی جولەکەوە وەریگرتوون.

بەڵام قوربانییەکە نازناوی (قدیس ولیام)ی پێدرا، لە ساڵی (١٢٥٥ز) جولەکە لە بەریتانیا لە ڕۆژانی جەژنی فوصحدا منداڵێکی مەسیحیان بەناوی (Hugh) ڕفاندووەو، لە خاچیانداوە و خوێنەکەیان دەرهێناوە، پاشان لاشەکەی لە نزیك ماڵی جولەکەیەك کە ناوی جوبین بووە دۆزراوەتەوە، ئەو جولەکەیە لەدوای ئەوە کە قازی بەڵێنی لێخۆشبوونی پێداوە، ئیتر هاتووە ناوی ئەو هاوەڵانەی خۆی وتووە کە بەشداربوون لەو تاوانەدا، ئینجا دادگایی (٩١) جولەکە کراوەو (١٨) کەسیان لە سێدارەدراون، ئینجا پادشا هینری ئەو لێخۆشبوونەی ڕەتکردەوە کە درابوو بەو جولەکەیەی دانی بە تاوانەکەدا نابوو.

## تیرۆرانیی شیکاریی

قەشە پۆلس یۆحەننا لە کتێبەکەیدا بەناوی (وەحشیگەریی ڕێنماییەکانی زایۆنیزم- همجیة التعالیم الصهیونیة-) تیرۆرانیی زایۆنیزمی بۆ جیهان کورتکردووەتەوە، تیایدا دەڵێ: (کەسی مەسیحی ئینجیلێکی هەیە کە پێی مژدە بە جیهان دەدات، موسڵمانیش قورئانی هەیە کە لەناو هەموو گەلاندا بڵاویدەکاتەوە، بەڵام کەسی ئیسرائیلی دوو پەڕاوی هەیە: پەڕاوێکی ناسراو کە کاری پێنا کرێ، ئەویش تەوراتە، پەڕاوێکی تری هەیە کە لای جیهان نەناسراوە پێیدەوترێ تەلمود، فەزڵی ئەمەیان دەدات بەسەر ئەویتریاندا، بە نهێنی دەیخوێنێ و بناغەی هەموو کارەساتێکە)[1].

ڕەگەزپەرستی جولەکە کلیلی هەموو خراپەکانەو دان نەنانە بەوانیتردا، هەروەها ماڵ و سامانی ئەوانیتر بۆیان حەڵاڵە، بیانووشیان بۆی لەسەر بناغەیەکی ئاینی و دەقەکانی تەورات و تەلمود دامەزراوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ آل عمران: ٧٥. واتە: (لە شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان کەسانێك هەن، ئەگەر ماڵ

(١) کتێبی (همجیة التعالیم الصهیونیة) نوسینی قەشە پۆلس یوحەننا، ل(١٠). چاپی المکتب الإسلامي-بیروت.

و سامانێکی زۆری بە ئەمانەت پێسپێریت هەر کاتێك داوای بکەیتەوە بە تەواوی بۆت دەگێڕێتەوە، هەشیانە ئەگەر تاکە دینارێکی بە ئەمانەت لا دابنێیت بۆتناگێڕێتەوە مەگەر بەسەریەوە ڕاوەستا بیت و کۆڵی لێنەدەیت، ئەمانە ڕەفتاریان بۆیە وەهایە گوایا دەڵێن: ئێمە بە نیسبەت دەستەی نەخوێندەوارانەوە -مەبەستیان موسڵمانانە- هیچ پابەندیەکمان نیە، وادەزانن ئەگەر فێڵیان لێبکەن و ماڵ و سامانیان بدزن بەرپرس نابن، لە حاڵێکدا ئەوانە درۆ بەناوی خواوە دەکەن، چاکیش دەزانن کە ئەو کارەیان ناڕەواو ناشایستە و حەرامە). قەشە پۆلس دەڵێ: (گاورەکان باوەڕیان هەیە کە خوا باوکی هەمووانە، موسڵمانانیش باوەڕیان وایە کە خوا پەروەردگای جیهانیانە، بەڵام زایۆنیزمەکان خوایان تەنها بۆخۆیان دەوێ، لەبەرئەوە وەها لایان ناسراوە کە تەنها خوای ئیسرائیلە)[1].

### وتەیەکی هەق پێویستی بە ویژدان بەخەرجدانە

هەرچەندە زایۆنیزم لە ناشیرینکردن و شێواندن و ڕەگەزپەرستیدا بە چڕی کار لەسەر دەقە توندڕەوەکانی تەورات و تەلمود دەکات، بەڵام تەورات هێشتا هەر چەندین دەقی تێدایە کە لە زۆر بواردا باس لە بەزەیی دەکات، بۆ نمونە لە سفر الخروج (٦: ٢٠) دا هاتووە کە: (پەروەردگار بەزەیی بۆ هەزاران لە خۆشەویستانی خۆی و پارێزەرانی ئامۆژگارییەکانی دروستدەکات)، لە سفر یونان (٢: ٤) پێغەمبەر قسە دەکات و دەڵێ: (زانیم کە تۆ خودایەکی بەسۆز و بە بەزییت، نەفەس درێژ و لەسەرخۆیت، زۆر بەڕەحمی، پەشیمانی لە خراپەکاریی!).

چواردە جار لەفزی بە بەزەیی (رحوم) تیایدا دووبارە بووەتەوە، بە تایبەتی بە بۆنەی ئەو تەنگانەو سەغڵەتیەوە کە گەل لە سەردەمی دوورخراوەیدا هەستی پێدەکات[2]. لە مەزمور (١٥: ٨٦)دا هاتووە کە لە کاتی خراپەو چەوسانەوەدا باوەڕدار دەنگی

---

(١) قەشە پۆلس یوحەننا: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠-١٥).

(٢) بۆڵس فەغالی: بابەتەکەی بە ناونیشانی (رحمة الله للعالمين في العهد القديم)، بڵاوکراوەتەوە لەتوێی کتێبی (الرحمة الإلهية في المسيحية والإسلام)، ل(٢٧)، چاپی المكتبة البولسية (١٩٩٩٠) لوبنان.

بەرزکردەوەو وتی: (تۆش ئەی پەروەردگاری بە بەزەیی و بەسۆز و دڵنەرم و نەفەس درێژ و لەسەرخۆ، زۆر بە ڕەحم و ئەمانەتپارێزی)، لە سفر الخروج (١٩: ٣٣)دا هاتووە کە پەروەردگار وتوویەتی: ئاشتەوایی بکە لەگەڵ ئەو کەسەدا ئاشتی دەوێ و لێخۆشبوونی هەیە، بەزەییت بێتەوە بەو کەسەدا کە بەزەیی دێتەوە بە کەسانیتردا).

جا هەرچەندە هەندێ لە دەقەکان گشتین، لاواز و هەژار و بێباوکان و بێوەژن و غەریبەکان و هاوشێوەیان دەگرێتەوە، لە سفر التثنية (١٩: ١٠) هاتووە کە: (غەریبتان خۆشبوێ چونکە ئێوەش لە میصر غەریب بوون). بەڵام ئەم بەزەیی و سۆز و دڵنەرمییە کە لە پەڕاوی عەهدی قەدیمدا بوونی هەیە، زۆربەی جولەکە وەها ڕاڤەی دەکەن کە تایبەتە بە ئیبراهیم، یەعقوب، خەڵکی یابیش جەلعا، مەسیحی پەروەردگار، داود، ئەییوب، ڕاعوت و بە گەلی خواوە[1].

کەواتە تەورات و مەزامیر هێشتا دەقیان تێدایە کە مانای بەزەیی و دڵنەرمی و سۆز دەگەیەنن بە تایبەتی بۆ نەداران و غەریبان، بەڵام گرنگ جێبەجێکردنیانە، هاوکات زۆر دەقی تر تیایاندا هاتوون و زاڵبوون بەسەر ئەو دەقانەدا، چونکە ئەمانەی تر جەخت لە توندوتیژی و دڵڕەقی و ڕەگەزپەرستی دەکەن.

## لایەنی پراکتیکی تیرۆر و توندوتیژی جولەکە

ئەگەر مێژووی ململانێ و جەنگەکان بخوێنینەوە، ئەوا دەبینین جولەکە ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاویان لەو بوارەدا هەیە، چونکە جولەکە لە زۆر شوێندا کەوتوونەتە بەر چەندەها چەرمەسەری و کۆست و چەندین شەڕی قەڵاچۆکردن لەلایەن ڕۆمان و فارس و گاورەکانەوە، بەڵام جولەکە خۆشیان بە درێژایی مێژوو تۆمارێکی مەترسیداریان لەو قەڵاچۆکردنە کۆمەڵیانەدا هەیە، هەروەها لە تیرۆر و توندوتیژی دا، زۆربەیان کەسانی دڵڕەقن، تەنانەت بەرانبەر بە پێغەمبەران و پیاوچاکانی خۆیان،

(١) سفر تكوين (٣٢: ١، ٢)، بروانرێتە: بۆلس فەغالی: بابەتەکەی پێشووی ل(٤٤).

ئەوانە وێنای ئەو دەقانەی تەورات و تەلمودیان کردووە کە باسمانکردن، بەو پێیە کە زۆر بە سەختی تۆڵەسێن بوون لە گەلە ژێردەستەکانیان، لە سفر التثنية دا هاتووە کە: (پەروەردگار وتی مەترسە چونکە من خستوومەتە بەردەستت...، پەروەردگاری خوامان لاری و چەوتی پادشای باسنان و هەموو قەومەکەی خستە بەردەستمان تا هیچ کەسی بۆ نەمایەوە... بە پیاو و ئافرەت و منداڵانییەوە...)، لە سفر یەشوع لە تەوراتدا هاتووە دەڵێ: (قەڵاچۆکردنی کۆمەڵیانەی مرۆڤ و مانگا و مەڕ و گوێدرێژ و ئافرەتان و منداڵان و هەموو ئەوەی لە شاری ئەریحادایە، هەرچی تێدایە بیسوتێنن جگە لە ئاڵتون و زیو و مس، چونکە ئەمانە دەخرێنە گەنجینەی ماڵی پەروەردگارەوە).

هەر لە سفر یەشوع دا (١-٢٧) هاتووە باس لە قەسابخانەی مرۆیی بە فەرمانی پەروەردگار دەکات -بەپێی ئەوەی باسکراوە- بە کوشتنی هەزاران کەس لە دیلەکان: (کاتێك بەنو ئیسرائیل لە کوشتنی هەموو دانیشتوانی عەی و سەرییە کە لە بیابان بوون تەواو بوو، هەموو ئیسرائیل گەڕایەوە بۆ عەی و بە شمشێر لێیدان، کۆی ئەو پیاو و ئافرەتانەی لەو ڕۆژەدا کوژران گەیشتنە دوازدە هەزار کەس...).

ئەگەر چاو بخەینە سەر مێژووی هاوچەرخ، ئەوا تاوانی زۆر خراپ دەبینین کە جولەکە لە فەلەستین لەسەر دەستی مافیا خوێنڕێژەکان وەك چەتەکانی (ئەرجۆن زفای لیومي) بە سەرۆکایەتی بیجن ئەنجامیاندا، کە خودی بن غۆریۆن بەوە وەسفی دەکات کە کەسێکی هیتلەر ڕەنگە بە تەواوی مانای وشەکە، فەیلەسوف ڕۆجیە گارودی دەڵێ: (کاتێك بیجن هەستا بە یەکەم سەردانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆمەڵێك لە گەورە کەسایەتییەکانی جولەکە لە سەرووی هەموویانەوە ئاینشتاین، نامەیەکیان نارد بۆ بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز تیایدا هاتبوو: (باوەڕ ناکرێ هەمان ئەو کەسایەتیانە کە دژ بە فاشیزم لە جیهاندا دەجەنگن، هەستن بە پشتگیری لە بەڕێز بیجن ئەگەر بێتو بە تەواوەتی مەرامە سیاسییەکان و چالاکییە جۆراو جۆرەکانی بزانن، ئەو سەرۆکی پارتێکی سیاسییە کە لە ڕێکخستن و شێواز و بەرنامەو فەلسەفە سیاسیەکەیدا لە: پارتە نازیزم و فاشیزمەکان دەچێ، چونکە ئەندامانی پارتەکەی

سەربە مافیای (ئەرجۆن زفای لیومي)ن کە ڕێکخراوێکی تیرۆریزمی ڕاسترەوی توندڕەووە لە فەلەستیندا...، هەڵسوکەوتی بیجن و هەوادارانی لەگوندی دێریاسینی عەرەبی بەڵگەیەکی زۆر قێزەونە لەسەر سیاسەتەکەی....، چونکە لە ٩/٤/١٩٤٨ز تاقمێك لەو تیرۆریستانە هەڵیانکوتایە سەر ئەو گوندە بێچەك و بێوەیە، کە هیچ ئامانجێکی سەربازی لەخۆ نەگرتبوو...، هەستان بە قەلاّچۆکردنی زۆربەی دانیشتوانەکەی...، ئەو کەسایەتیانەش واژۆیان لەسەر ئەو نامەیە کردبوو، هەندێ ڕاستییان لەسەر بیجن و هەوادارانی خستبووە ڕوو کە مایەی سودبوون، ئینجا بە جیددی داوا لە هەر کەسێك دەکەن کە پەیوەندارە نەکەن پشتگیری لەو ڕووە دوایینەی یەکێك لە ڕووەکانی فاشیزم بکەن)[1].

شارۆنیش کە یەکێکە لە سەرۆك وەزیرە پێشووەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل، ئەوا مێژووەکەی پڕە لە تیرۆر و خوێنڕشتن کە دوایینەکەیان قەسابخانەی صەبراو شاتیلا بوو، تیایدا سەدان ڕۆحی بێتاوان لە ئافرەتان و منداڵ و بەساڵاچووان بوونە قوربانی، ئەو یەکەمین هێرشی خۆی و پیاوەکانی بۆ سەر گوندی قوبیەی فەلەستینی بوو لە ئوردن، کە لە شەوی ١٤-١٥/١٠/١٩٥٤ز ئەنجامیداو شەست و شەش کەسی لە دانیشتوانی گوندەکە سەربڕی، کە سێ لەسەر چواریان ئافرەتان و منداڵان بوون، چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتیاندا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش وتوویانە کاتی لەدوای دوو کاتژمێر لە قەسابخانەکە گەیشتوونەتە ئەو گوندە: لاشەی مردوویان بینیوە کە پڕبووە لە گوللە، ئاسەواری زۆرێك لە گوللەکان بە دەرگاو پەنجەرەی خانووەکانەوە بووە کە ڕوخابوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دانیشتوانەکە ڕێگریان لێکراوە لەوەی بتوانن خانووە کاولەکانیان جێبێڵن... شایەتحاڵەکانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە لەو شەوە تۆقێنەر و ترسێنەرەدا سەربازە ئیسرائیلییەکان ماددەی تەقینەوەیان لەژێر خانووەکاندا داناوە...)[2].

---

(١) غارودی: (ملف فلسطين)، ل(١٨١)، لەکتێبی ئەلفرید لیلینتال ل(٣٥٢) گواستوویەتەوە، هەروەها سەیری سەرچاوە پێشووەکەی عەبدواللە تەل ل(٣٢٦) بکرێ.

(٢) غارودی: (ملف إسرائيل)، ل(١٨٢)، هەروەها عەبدواللە تەل، سەرچاوەی پێشووی ل(٣٢٦).

ڕۆژنامەی (هاعولام) لە ژمارەی خۆیدا لە بەرواری ١٩٧٣/٨/٢٤ز باسیکردووە کە: لە جەنگی ١٩٦٧ز ئەو سوپایەی بە سەرکردایەتی شارۆن هێرشیکردووەتە سەر سینا، خودی خۆی بەرپرسە لە کوشتنی سەدان سەربازی میصری، لە کۆتا ڕۆژەکانی ئەو شەڕەدا ڕەتیکردووەتەوە حیسابی دیلی جەنگیان بۆ بکات، چونکە ڕێنماییەکانی موشی دایان وەهابووە کە پەنا نەبەنە بەر بەدیلگرتنی سەربازە میصرییەکان لە سینادا و فەرمانیداوە بە لەناوبردنیان).

لەو ڕووەشەوە کە جولەکە هەستاون بە دابەشکردنی ڕۆڵ لە نێوان خۆیاندا، ئیسحاق شامیر کە ئەرکی دامەزراندنی پەیوەندی پتەوی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی پێسپێردراوە، یەکێك بووە لە سێ سەرکردەکەی ئەو کۆمەڵەیە کە ناسراوە بە (کۆمەڵەی شتون)، مێژوونووسی ئەڵمانیش کلاوس بۆنجن لە کاتی خوێندنەوەی دۆسیە نهێنییە پارێزراوەکانی ڕایخی سێیەمدا، بۆی دەرکەوتووە کە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٤١ز پلانێکیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هەبووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە لە فەلەستین، کە بە پەیماننامەیەك پەیوەندی لەگەڵ ڕایخی ئەڵمانیادا هەبێت، لەبەرئەوە شامیر هەستاوە بە پلاندانان بۆ کوشتنی لۆرد موین کە وەزیری ئینگلیز بووە بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە قاهیرە لەسەر دەستی کۆمەڵی شتون، هەروەها دواتریش بە کوشتنی برنادۆن لە قودس کە نێوەندگیری نێودەوڵەتی بووە[١].

کاتێکیش بیریز لەسەر قەسابخانەکەی صەبرا و شاتیلا ڕەخنەی لە شارۆن گرت، شارۆن هات بە ڕەخنەیەکی گەورەتر ڕەخنەی ئاراستەی بیریز کردوو وتی: ئەی کاتێ هەزار کەس لە تەل زەعتەر سەربڕان -بەپێی مەزەندەی خاچی سوری نێودەوڵەتی- تۆ لەکوێ بوویت، ئەی تۆ وەزیری بەرگری نەبوویت و هەستایت بە پڕچەککردنی کەتیبە مەسیحییەکان؟![٢].

---

(١) بابەتێکی پرۆفیسۆر ئیسرائیل شاهاك لە گۆڤاری زوهدریك، ژمارەی ئەیلولی ١٩٨١ز، کە لە (ملف إسرائیل)دا لە ل(١٨٥) ئاماژەی بۆکراوە.

(٢) غارودی: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٨٥).

بەڕاستی زایۆنیزمەکان لەدوای کۆچکردنیان بۆ فەلەستین ئەوەی خراپەکاریی و ترس و تۆقین بوو ئەنجامیاندا، مافیاکانیان هەستان بە تەقاندنەوەی پردە سەنتەریەکانی هێڵی ئاسن، هەروەها هەستان بە تەقاندنەوەی ئوتێلی مەلیك داود، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و سەربازی بەریتانیان ڕفاند، پاشانیش دەستیانگرت بەسەر چەك و تەقەمەنی عەمبارەکانی سوپاو سوێسدا، ئەمە هەمووی لەبەرچاو و گوێی سەرکردە ئینگلیزە جولەکەکان بوو کە نێردابوونە فەلەستین، وەك هیربیرت صەموئیل کە فەرمانڕەوای گشتی بوو، هەروەها وەك نۆرمان بنتوش کە جێگری گشتی بوو، وەك حایمسون کە بەڕێوەبەری کاروباری کۆچ بوو[1].

مافیاکانی (ئەرجۆن و شتون) لە پێشی پێشەوەی ئەو مافیا زایۆنیزمانەدا بوون، ئەم دوو گروپە کێبڕکێیان بوو لەسەر نواندنی دەربڕینی خۆشی و شانازیکردن بە پاڵەوانێتی (پرۆسەی تۆقاندن) کە بە ڕەزامەندی بن غۆریۆن و سەرکردایەتی سەربازی ئەنجامدەدرا، ئەم پرۆسەیە بریتی بوو لە هەستان بە ئەنجامدانی هێرشی خوێناوی بۆ سەر کێڵگە و گوندە عەرەبییەکان تا ناچاریان بکەن بە هەڵاتن، دەبا لێرەدا باسەکە بدەینە دەست نوسەری ئەمەریکی لۆرانس جریسۆلد لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (ئەوە شمشێری خوایە -هذا سيف الله-)، تیایدا دەڵێ: (...لە بەرەبەیانی (١٩ نیسانی ١٩٤٨ز) لە کاتێکدا کە کشتیارە عەرەبەکان چادریان لە بازاڕی گوندەکەیاندا دادەکوتا، دوو دەبابە لە جۆری (شیرمان) کشان بەرەو دەرگاکانی دەرەوەی دێریاسین، ڕۆیشتن بەسەر جەستەی دووان لە جوتیارەکاندا... پێنجسەد چەکداری پڕچەکیش لەدوای ئەم دوو دەبابەیەوە بوون...ئینجا هەستان بە تەقەکردن لە هەموو دانیشتوانەکە...).

لە دێریاسینیش هەمان قەسابخانەی ئەریحا دووبارە بوویەوە کە لە تەوراتدا وەسفی هاتووەو وتوویەتی: (هەرچی پیاو و ئافرەت و منداڵ و پیر هەن، تەنانەت مانگاو مەڕ و گوێدرێژ کە لە شارەکەدان بە زەبری شمشێر بیانکوژن).

(١) فەتحی ڕەملی: سەرچاوەی پێشووی، ل(١٢٨).

لەو کارە قێزەون و بێشەرمانە کە زایۆنیزمەکان لە دێریاسین ئەنجامیان دەدا، ئەهاتن ئافرەتان و منداڵەکانیان لەبەرچاوی پیاوەکان دەکوشت، پاشان پیاوەکانیشیان پارچە پارچە دەکرد، دوای دوو رۆژی قەسابخانەکە نوێنەری خاچی سوری نێودەوڵەتی دووسەد جەستەی مردووی لە بیرێکدا دۆزییەوە[1].

ئەو چەتەو مافیایانە لە چەندین گوند و شاری تردا ئەو کارە قێزەونەیان دووبارە کردەوە، وەك شاری یافا و گوندی بەیتولحوری و گوندی نەصرەدین، کە ژمارەی قوربانیان تیایاندا لە نێوان کوژراو و شێوێنراودا گەیشتە هەزار و دووسەد قوربانی، ئیتر ئەمە جگە لە گوندی بەیتولدەڕاس کە سکی ئافرەتی سکپڕیان هەڵدڕی، ژمارەیەك منداڵیان سەربڕی، بەڵام گوندی زەیتون ئەوا مزگەوتەکەی لە کاتی نوێژدا بە خۆی و ئەو نوێژکەرانەی تیایدا بوون تەقێنرایەوە، هەروەها قەسابخانەی کفر قاسم کە ژمارەی قوربانیانی گەیشتە ٥٧ عەرەب، ١٧ ئافرەت و منداڵ لە نێوانیاندا بوون، ئەمە جگە لە زامداربوونی ٢٥ کەسیتر[2].

رۆژنامەی (مفراك) لە رۆژی (١٩٤٨/٩/٧ز) کە زمانحاڵی تاقمی شتونە شانازی کرد بەو پرۆسانەوە بۆ ترساندنی عەرەبەکان، هەروەها ناچارکردنی یەك ملیۆن عەرەب بە هەڵاتن بۆ دەرەوەی فەلەستین، پرۆسەی دێریاسینی بەوە دانا کە (موعجیزەیەو گەورەترین زەبری گەیاند بە دوژمن و ورەی ئێمە و هێزی مەعنەویمانی بەرزکردەوە، ئەمەش سەرکەوتنێکە هێزەکانی هاجانا بە هەموویانە ناتوانن ئەو کارە ئەنجامبدەن).

رۆژنامەی نیۆیۆرك لە (١٩٤٠/٦/١٥ز) باسی لە نارەزایی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردووە بەرانبەر بەو قەسابخانە قێزەونانە کە ئەو مافیایانە دژ بە عەرەب پێی هەستاون، وتوویەتی: (دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندەها وێنەی لایە کە شێواندنی جەستەی ئەو عەرەبانە نیشاندەدا کە نینۆکیان دەرهێنراوەو دەستەکانیان خەڵتانی خوێن بووە، هەروەها قوربانی تریش لێیان کە ئێسقانەکانیان وردوخاش کراون).

(١) فەتحی رەملی، ل(١٣٠)، بە پشتبەستن بە سەرچاوە خۆرئاواییەکان.
(٢) فەتحی رەملی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣٢)، هەروەها عەبدواللە تەل: سەرچاوەی پێشووی ل(٣٢٨).

لەبەرئەوە مێژوونوس پرۆفیسۆری ئینگلیزی ئارنۆڵد توینبی باس لە هەندێ لەو تاوانانە دەکات و دەڵێ: (وا هەستدەکەم کارەساتی تاوانەکانی ئیسرائیل و زایۆنیزم زۆر لە کارەساتی تاوانەکانی ئەڵمانیای نازی گەورەترن)[1].

لە کاتی دوا ڕاپەڕینی فەلەستینیەکان، دیمەنی چەندەها تاوانی قێزەون دەبینین کە شارۆنی سەرۆك وەزیران و سەربازەکانی دژ بە گەلی فەلەستینی بێچەك ئەنجامیانداوە، هەر لە وێرانکاریی، تیرۆرکردن و کوشتن و ئەشکەنجەدان، خاپورکردنی سەدان خانوو، تا دەگاتە بەکارهێنانی نوێترین چەکی پێشکەوتوو لە فڕۆکەو دەبابەو هیتریش لە دژیان.

سەیر لەوەشدایە هەندێ لە سەرکردە ئیسرائیلیەکان لەلایەن دادگاکانی بەریتانیاوە داواکراون و لە لیستی تیرۆریست و تاوانباراندا پۆلێنکراون، حکومەتی بەریتانیاش پاداشتی دارایی گەورەی بۆ هەر کەسێك تەرخانکردووە کە زانیاری پێویست پێشکەش دەکات و دەبێتە هۆی دەستگیرکردنیان، کە مەناحیم بیجن، ئیسحاق شامیر لەنێویاندان، یەعقوب یاب هاتووە لە کتێبەکەیدا تاوانی مافیاکانی ئەرجون و لیجی لە فەلەستین تۆمارکردووە، زۆرێك لەو تاوانبارانەی خستووەتە ڕوو، هاتووە ناوی ١٤٠ جولەکەی هێناوە کە داواکراون دادگایی بکرێن، هەروەها تیایدا باسی هەندێ لە تاوانی جولەکەکانی دژ بە گەلی فەلەستینی بێچەك و بێدەستەڵاتی کردووە.

## حەقیقەتی ململانێی نێوان جولەکە و موسڵمانان

پێش ئەوەی پێغەمبەری ڕێزدار موحەممەد ﷺ ڕەوانە بکرێ جولەکە مژدەی هاتنیان دەدا، هەڕەشەیان لە هاوەڵگەران دەکرد کە هەرکات کۆتا پێغەمبەر هات ئەوا لەدژی ئەوان دەدەنە پاڵی، کەچی کاتێك هات ئەوان خۆیان باوەڕیان پێنەکرد، هەروەك قورئانی پیرۆز ئەو هەڵوێستەی تۆمار کردوون و دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمۡ كِتَٰبٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٞ لِّمَا مَعَهُمۡ وَكَانُواْ مِن قَبۡلُ يَسۡتَفۡتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ البقرة: ٨٩. واتە: (کاتێکیش لەلایەن

(١) فەتحی ڕەملی: سەرچاوەی پێشووی، ل (١٣٢).

خواوە کتێبی قورئانیان بۆ هات کە ڕاستدانەری تەوراتەکەی ئەوانە -بڕوایان نەکردوو و کەوتنە دژایەتیکردنی-، بە مەرجێك پێشتر بەتەمابوون بەم کۆتا ئاینە سەرکەوتن بەسەر کافرو بێباوەڕاندا بە دەستبێنن، کەچی کاتێك ئەوەی ئەوان دەیانناسی و دەیانزانی کە پێغەمبەر و قورئانە، بڕوایان پێنەکرد، دەی ئیتر با نەفرین و لەعنەتی خوا لەسەر ئەوانە بێت کە کافر و حەقپۆشن). ئیبن عەتییە وتوویەتی: (بەنو ئیسرائیل ئاگاداربوون بە هاتنی پێغەمبەر ﷺ بەرلە ڕەوانەکردنی، چونکە نیشانەکانیان زانیوەو باسی کاتی هاتنەکەیان کردووەو وایانزانیوە لەوانە، هەرکات بکەوتنایەتە شەڕ لەگەڵ ئەوس و خەزرەجدا، عەرەبەکانیش زاڵبوونایە بەسەریاندا ئەوان پێیان دەوتن: با ئەو پێغەمبەرە بێت کە کاتەکەی نزیکە، ئەوا لەگەڵیدا دەجەنگین لە دژتان و سەردەکەوین بەسەرتاندا).

قورئانی پیرۆز وێنەیەکی نایابی پێغەمبەرە پێشووەکانی نیشانداوە، بە تایبەتی گەورەکانمان ئیبراهیم، ئیسحاق، ئیسماعیل، موسا، داود، سولەیمان و عیسا، باسی تایبەتمەندییەکانی کردوون و کردوونیەتە پێشەنگی موسڵمانان، دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ﴾ الأنعام: ٩٠.

ئیسلام شتێکی تازە بە تازە نەبوو، بەڵکو شێوەی ئاینە پێشووەکانی تێدا بوو و کۆتا ئاینیان بوو، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ﴾ الشورى: ١٣. ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ المائدة: ٣.

ئەگەر لە لایەنی پراکتیکیشەوە باسیبکەین ئەوا پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی حەزیان بە سەرکەوتنی خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان کردووە بەسەر بێباوەڕاندا، کاتێکیش فارسەکان سەرکەوتن بەسەر ڕۆمە گاورەکاندا موسڵمانان بەوە غەمبار بوون، بەڵام کاتێك ڕۆمەکان سەرکەوتن بەسەر بێباوەڕاندا موسڵمانان زۆر دڵخۆشبوون، تەنانەت ئەبو بەکری صدیق

ﷺ لەوبارەیەوە کەوتە گرەوکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا، ئەحمەد و نەسائی بە سەنەدی ئیبن جەریر گێڕاویانەتەوە، ترمذیش وتوویەتی (باش و ڕاستە)، کە ئیبن عەبباس وتوویەتی: (بێباوەڕان پێیانخۆشبووە فارسەکان سەرکەون بەسەر ڕۆمەکاندا چونکە هەردوو لایان بتپەرست بوون، موسڵمانانیش پێیانخۆشبووە ڕۆمەکان سەرکەون بەسەر فارسەکاندا چونکە ئەوانیش خاوەن پەڕاو بوون، ئەم باسە گەیشتە ئەبوبەکر، ئەبوبەکریش باسەکەی گەیاندە پێغەمبەر ﷺ ئەویش فەرموویەتی: ((**أما إنهم سيغلبون**)) واتە: (بەڵام دواتر سەردەکەون). ئەبوبەکر ئەمەی بۆ بێباوەڕان باسکردووە، وتوویانە: کاتێك دابنێ بۆ نێوان ئێمەو خۆت، جا ئەگەر ئێمە زاڵبووین ئەوا ئەوەو ئەوە بۆ ئێمە (لە هەندێ ڕیوایەتدا هاتووە لەسەر چوار وشتر)، ئینجا ئەبوبەکر کاتەکەی کەمکردووەتەوە بۆ کەمتر لە دە ساڵ بەو پێیە کە (بضع) لە نێوان سێ و نۆدایە، دوای ئەوە ئیتر ڕۆمەکان سەرکەوتن، ئەمەش مانای فەرموودەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ: ﴿الٓمٓ ، غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ، فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ، فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ، بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ﴾ الروم: ١-٥. واتە: (...لەشکری ڕۆم لە نزیکترین سەرزەمین بەخۆیان، یاخود لەو شوێنەدا کە زەوی نزمە، تێکشکاو -بە دەستی ساسانیەکان- شکستیانهێنا -، جا ئەوان دوای ئەو شکستخواردنەیان لە چەند ساڵێکی کەم و داهاتوویەکی نزیکدا سەرکەوتن بەدەستدەهێننەوە.....، دڵنیابن کە هەمووشت لە هەموو حاڵەتێکدا هەر بەدەست خوای گەورەیە، لە پێشترو لە دواتردا، جا ئیمانداران بە ڕۆژی سەرکەوتنیان دڵخۆش دەبن .. -چونکە بیروباوەڕیان نزیك بە یەکترە...-، بەو سەرکەوتنەی کە خوای گەورە دەیبەخشێت بەوان، بێگومان ئەو زاتە باڵادەستەو تەواویش میهرەبانە، جگە لەوەش مژدەیەکە بە سەرکەوتنی ئیمانداران لە ئایندەدا). سوفیان وتوویەتی: (بیستم کە لە جەنگی بەدردا سەرکەوتوون بەسەریاندا)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سۆزی موسڵمانان بەلای خاوەن پەڕاوەکان -جولەکەو مەسیحییەکان-دا بووە.

## دەستوری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ جولەکە

کاتێك پێغەمبەر ﷺ چووە ناو شاری مەدینە، بەڵێننامەیەکی لەگەڵ جولەکەدا نوسی و هەموو مافەکانی هاوڵاتیبوون و پشتگیری پێدان، هەروەها بەشداریان لە بەرگریکردن لە مەدینەو ماف و ئەرکەکانی هەر لایەنێکی دیاریکرد، لەناو بەندەکانیدا هاتووە کە: (هەر کەس لە جولەکەکان لەگەڵمان بێت، ئەوا پشتگیری دەکرێن و بەیەك چاو سەیر دەکرێن، نە ستەمیان لێدەکرێ و نە پشتگریی کەس دەکەین لە دژیان)، هەروەها هاتووە کە: (جولەکەی بەنو عەوف گەلێکن لەگەڵ باوەڕداران، جولەکە ئاینی خۆیان هەیەو موسڵمانانیش ئاینی خۆیان، مەگەر کەسێك نەبێت کە ستەم لە خۆی بکات، ئەوکات جگە لە خۆی و خانەوادەی کەسیتر زەرەر ناکات، پاشان ناوی هۆزەکانی تری جولەکەی بردووە، کە دەڵێ: (دەست و پێوەندی جولەکە لە خۆیانن)، (جولەکە خەرجیان لەسەر خۆیانەو موسڵمانانیش خەرجیان لەسەر خۆیان، پشتگیری لەو غەیرە ئاینانە دەکرێ کە لەم پەیماننامەیەدان لەدژی ئەوانەی لەدژیان دەجەنگن، لە نێوان هەردوو لادا ئامۆژگاری و چاکەکاری هەیە بێئەوەی بچنەناو تاوانەوە) هەروەها دەڵێ: (هیچ کەس و لایەنێك بەهۆی هاوپەیمانەکەیەوە تاوانبار ناکرێ، پشتگیریش بۆ ستەملێکراوە)[(١)].

بەکورتی: لە ڕاستیدا ئەم بەڵێننامەیە کە وەك دەستورێك وایە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە شاری مەدینە هەموو مافەکانی بە جولەکە داوە، بەڵام ئەوان ڕێزیان لێنەگرت و پابەند نەبوون بە بەندەکانیەوە، بەڵکو بەڵێنیان شکاند، بوونە هاوکاری قوڕەیش و لایەنی تریش بۆ لەناوبردنی موسڵمانان، ئەمەش پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ناچارکرد بەپێی ئەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن[(٢)].

---

(١) بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقەکانی ئەم پەیماننامەیە و ڕاست و دروستییەکەی بڕوانرێتە: (السيرة النبوية الصحيحة)، پ. د. ئەکرەم ئەلعومەری، چاپی مرکز بحوث السنة والسيرة لە زانکۆی قەتەر (١٩٩١ز)، ل(١/٢٨٤-٢٩٢).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانرێتە: هەموو کتێبەکانی ژیننامە بە تایبەتی سەرچاوەی پێشووی د. ئەکرەم ئەلعومەری، ل(١/٢٩٩) و دوای ئەویش.

لەدوای سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، ئیتر هیچ ململانێیەکی شەڕئامێز لە نێوان جولەکەو موسڵمانانا ڕووینەداوە، بەڵکو جولەکە هەر لە سەردەمی جێنشینی ڕاشیدەوە تا جێنشینی ئومەوی و عەبباسی و عوسمانی، ژیانی ئاشتییانەیان هەبووەو سودمەند بوون لە هەموو مافەکان و ئازادی ئاینییان، چەندین پلەو پایەی زانستی و کارگێڕی بەرزیان پێدراوە، ئەوانیش بەشداربوون لە زانستەکان و ژیاری ئیسلامیدا، تا ئەو کاتە کە جوڵانەوەی زایۆنیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەستیکرد بە پلاندانان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین، پاشان هەستان بە کۆچکردنی کۆمەڵیانە بەرەو فەلەستین، پاشتریش مافیاکانیان هەستان بە کوشتن و جینۆسایدکردنی فەلەستینییەکان، ئینجا دامەزراندنی دەوڵەتێك لەسەر خاکی فەلەستین لەسەر بناغەی داگیرکاری و حەزی فراوانخوازی، ئەوەش لە ڕێگای ئەو هەموو جەنگانەیان لەدژی عەرەبەکان هەر لەو کاتەوە ئەو دەوڵەتە دامەزراوە تا ئەمڕۆ.

جا ئەگەر بڕوانینە ئەو ململانێیە دەبینین کە ململانێیەکە موسڵمانان دروستیان نەکردووە، لە دەستدرێژی کردندا دەستپێشخەر نەبوون، بەڵکو ئەوە جولەکەن کە دروستکەر و تیۆریزەکار و بەرگریکارن لێی، ئەوانە هاتوون بنەمادۆزی ئاینیان بۆکردووە، گوایا فەلەستین خاکی میعادەو پیرۆزە، خوای گەورە داویەتی بە وەچەی ئیبراهیم هەروەك لە سفر التكوين (١٥/٨-٢١)دا هاتووە.

جا ئەگەر ئەو داوایەیان بخەینە بەر مشتومڕ، ئەوا دەبینین داوایەکە لە ماڵی جاڵجاڵۆکە فشۆڵترە، چونکە خۆی ناگرێ لەبەردەم ڕەخنەو مشتومڕدا، هۆیەکەش ئەوەیە کە جولەکە نزیکەی دوو هەزار ساڵە نە دەوڵەتیان هەبووەو نە هەژموونیان بەسەر فەلەستیندا هەبووە، لە لایەکیتریشەوە وەچە ڕاستەوخۆکانی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) لە کوڕان و نەوەکانی تەنها یەك گەزیان لە خاکی فەلەستین نەبووە، چونکە یەعقوب (ئیسرائیل) و کوڕەکانی لە میصر ژیاون، پاشان وەچەکانی ئیبراهیم کورتنا کرێنەوە تەنها لە جولەکەدا، ئیبراهیم کوڕێکی تری هەبووە بە ناوی ئیسماعیل کە باوکی عەرەبە، ئایا

ئیتر بۆچی دەبێت ئەو بەڵێنە تەنها بۆ جولەکە بێت و عەرەب نەگرێتەوە؟[1]

لە لایەنی ئاینیشەوە ئەوا خوای گەورە کوڕەکەی نوحی لە خانەوادەی نوح کردە دەرەوە چونکە کوڕێکی ناباش بوو، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قَالَ يَـٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَـٰلِحٍ﴾ هود: ٤٦. واتە: (خوای گەورە بە نوحی فەرمووو وا نییە: ئەو لە ڕیزی خانەوادەی باوەڕداری تۆدا نییە، ئەو داخوازییەی تۆ کارێکی چاك نیە، لەبەرئەوە تۆ داوای شتێك مەکە و ڕەخنە لە شتێك مەگرە کە ئاگاداری و زانیاریت دەربارەی نیە!). لێرەوە جولەکە کاتێ ڕێگای ئیبراهیمی باوکیان ونکرد و ئەوەی کردیان ئیتر لە خانەوادەی ئیبراهیم دەرچوون و شایستەی نەفرەتی خوا بوون، ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَـٰقَهُمْ لَعَنَّـٰهُمْ﴾ المائدة: ١٣. واتە: (جا بەهۆی ئەوەی کە نەوەی ئیسرائیل بەردەوام پەیمان و بەڵێن شکێن بوون، نەفرەتمان لێکردن). واتە: دوورمانخستنەوە لە بەزەیی خۆم و دەرمکردن لەوەی لە خانەوادەی ئیبراهیم بن، بەهەمانشێوە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَـٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ، إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَـٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ آل عمران: ٦٧-٦٨. واتە: (لە ڕاستیدا ئیبراهیم نە جولەکە بووە، نە گاور و مەسیحی، بەڵکو ئەو کەسایەتییەکی ملکەچ و فەرمانبەردار و موسڵمان بووە، هەرگیز لە دەستەی موشریك و هاوەڵگەران نەبووە، بێگومان نزیکترین کەس لە ئیبراهیمەوە: ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی خۆیدا شوێنی کەوتوون، هەروەها ئەم پێغەمبەرەش ﷺ ئەم ڕاستیانەی بۆ ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ سەرجەم ئیمانداران و موسڵمانانی شوێنکەوتەی، هەموویان باوەڕی دامەزراویان هەیە، بێگومان خوای گەورە یار و یاوەر و پشتگیر و پشتیوانی ئەو ئیماندار و باوەڕدارانەیە).

---

(١) سەیری بابەتی (حقيقة الصراع بيننا وبين اليهود) د. یوسف قەرەزاوی کە لە گۆڤاری (فلسطين والدعوة الحق)، ل(١٤) بڵاوکراوەتەوە.

بەنو ئیسرائیل دوای ئەوە کە پەڕاوی خوای گەورە (تەورات)یان دڕاند، کەوتنە ژێر حەزو ئارەزووەکانیان، ڕێنماییەکانی پەروەردگاریان فەرامۆشکرد، ئیتر بەپێی دەقە ئاینییەکان کە پابەندبوون بە شەرعی خواوە دەکاتە مەرجێك بۆ چوونەوە سەر یەکێك لەو پێغەمبەرانە وەك خانەوادەی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) نەمانەوە.

کەواتە ململانێی ئێستای نێوان جولەکەو موسڵمانان، نە دەستکردی موسڵمانان و نە عەرەب و نە فەلەستینیەکانە، بەڵکو دەستکردی خودی جولەکە خۆیانەو بەردەوامیشن لەسەری، باوەڕیان پێیەتی و بە بەشێك لە باوەڕیان و هەردوو کتێبیان تەورات و تەلمودی دەزانن -هەروەك پێشتر باسکرا-.

بەرگریش لە مافە ڕەواکان مافێکی ڕەوایە و لە هەموو ئاینەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بنەمادۆزی بۆکراوە، ئیسلام ئەم بەرگرییە بە تێکۆشان (الجهاد) ناودەبات، کە ماناکەی سنوردار ناکرێ تەنها لە جەنگدا، بەڵکو مەبەستی پێی هەر هەوڵێکە کە لەتواناداد بێت بدرێ بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستە باڵاکان، ئەویش ڕزگارکردنی مرۆڤە لە هەر بەندایەتییەك بۆ جگە لە خوای گەورە، لەبەرەوە تێکۆشان تێکۆشانی وشەو هزر و ماڵ و سامان و هەموو هۆکارە ڕەواکانی تری بەردەست دەگرێتەوە، جەنگیش مافێکی ڕەوایە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی و نەهێشتنی فیتنەگێڕی، بە مەرجێ ئەوەش لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا بێت، نەك لەپێناوی دنیا یان ماڵ و سامان یان زاڵبوونی پلەوپایە، نە بۆ داگیرکردنی زەوی و هاوشێوەکانیان، هەروەها بەبێ دەستدرێژیکردن و بەزاندنی سنور و مافەکان، بەڵکو تەنها لەپێناو یەك مەبەستدا بێت ئەویش بریتییە لە (لەپێناو خوای گەورەدا) بێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ، وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾ البقرة: ١٩٠-١٩١ واتە: (-خوای گەورە مۆڵەتی ئیماندارانیدا- کە بجەنگن دژی ئەوانەی شەڕتان پێ دەفرۆشن و لە دژتان

دەجەنگن، پاشان فەرمانیشیدا کە ستەم و دەستدرێژی نەکەنە سەر -ئافرەت و منداڵ و پیر و بێچەك و ماڵات...-، چونکە بەڕاستی خوای گەورە دەستدرێژکەر و ستەمکارانی خۆشناوێت. پاشان فەرمانیدا ئێوە بجەنگن دژی خوانەناسان لە هەر شوێنێکدا هاتنە سەر ڕێتان و یەخەیان گرتن، هەروەها دەریان بکەن لەو شوێنانەی کە کاتی خۆی لێیان داگیرکردن و ئێوەیان دەربەدەر کرد لێی، دڵنیاشبن کە هەوڵدان بۆ پاشگەزکردنەوەی ئیماندار لە ئاینەکەی لە کوشتن خراپترە، چونکە بە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، ئیتر ئەو کەسە بۆ هەمیشەیی و بە هەتا هەتایی دۆزەخیی و بەدبەخت دەبێت، نەکەن لە مزگەوتی حەرامداو لەپاڵ کەعبەی پیرۆزدا بجەگن دژی موشریکان، مەگەر کاتێك ئەوان دەستپێشکەری بکەن، خۆ ئەگەر ئەوان جەنگیان هەڵگیرسان دژی ئێوە، ئێوەش دەستەوەسان مەبن، دژیان بجەنگن، چونکە هەر دەبێت بەو شێوەیە بەرپەرچی کافران بدرێتەوە).

## بەزەیی و تیرۆر لە ئاینی مەسیحی دا

ئاینی مەسیحی بەوە ناسراوە کە ئاینی بەزەییە، ئەوەش لە ئینجیلەکان و لە ڕێنماییەکانی گەورەمان مەسیحدا (سەلامی خوای لێبێت) دیارە، بەڕاستی گوتاری مەسیح لەسەر کێوەکە لوتکەی ئەو مانا نمونەییانە بووە، تیایدا فەرموویەتی: (خۆشبەختی بە ڕۆحی هەژار و داماوەکان چونکە خاوەنی ڕێنمایە ئاسمانەکانن، خۆشبەختی بۆ کەسە بێزیان و بێوەیەکان، چونکە دەبنە میراتگری زەوی، خۆشبەختی بۆ برسی و تینووەکان بە پارووە نانێك چونکە تێرنابن، خۆشبەختی بە خاوەن بەزەییەکان، چونکە بەزییان بە کەسانیتردا دێتەوە، خۆشبەختی بۆ دروستکەرانی ئاشتی، چونکە بە ناوی کوڕانی خواوە بانگ دەکەن، ئێوە بیستووتانە کە بە پێشینان وتراوە کەس مەکوژن....، بیستووتانە وتراوە: چاو بە چاو، ددان بە ددان، بەڵام منیش پێتان دەڵێم: ڕووبەڕووی خراپە مەبنەوە، بەڵکو هەر کەس زللەیەکی دا لە لای ڕاستی دەموچاوت تۆیش لای چەپتی بۆ دەربخە، هەر کەسیش ویستی شەڕت لەگەڵ بکات و پۆشاکەکەت ببات کراسەکەشتی بدەرێ، هەر کەس ویستی یەك میل بەکارت بێنێت و لەگەڵی بڕۆیت تۆ بۆی بکە بە

دوو میل، ئایا بیستووتانە کە وتراوە: کەس و دۆستە نزیکەکەتت خۆشبوێ و ڕقت لە دوژمنەکەت بێت، بەڵام من دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، پیرۆزبایی لەوانە بکەن نەفرەتتان لێدەکەن، چاکەکار بن لەگەڵ ئەوانەدا کە ڕقیان لێتانە، نوێژبکەن و بپاڕێنەوە بۆ ئەوانەی کە خراپەتان لەگەڵ دەکەن...)[1].

ئینجیلەکان و ئامۆژگارییەکان زۆر گرنگیان داوە بە بەزەیی و دڵنەرمی و سۆزبەخشین و بەزەییهاتنەوەدا، ئەم وشانە زۆر دووبارە بوونەتەوە، هەروەها چڕبوونەتەوە لەسەر بەزەیی خوا بۆ مەسیح بە جەستەو بە قوربانیدانی -ئەمەش بەپێی باوەڕی گاورەکانی ئەمڕۆ گوایا مەسیح گوناهی ئەوانیتری هەڵگرتووەو گیانی خۆی کردووەتە قوربانی تاوانەکانیان-، پۆڵس فەغالی دەڵێ: (یەسوع بە بەزەییە خواییەکەی وێنای ڕوخسار و نیشانەکانی باوکی بۆکێشاوین، ئەو هەڵەکارانە کە بەهۆی کەم جیقڵدانی دڵی فەریسییەکانەوە لە ڕێنماییە مەسیحییەکان دوورخرانەوە بوون بە کوڕانی بەزەیی خوا...، ئەوەتا لۆقا لە دامەزراندنی بە گەورەکردندا (تشييد التعظيم) (٦:٤٦-٥٥) وشەی (ئەلئیوس) بەکاردێنێ تا دەلالەت لە بەزەیی خوای گەورە بکات کە بە هێزێکی لە ڕادەبەدەر هەموو مێژووی ڕزگارکردن کۆدەکاتەوە لە یەك کەسدا: (بەزەییەکەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترە بۆ ئەوانەی کە لێی دەترسن و دەیپەرستن) (أ٥٠)[2].

## پراکتیزەی بەزەیی یان توندوتیژی لای گاورەکان

وێڕای ئەو هەموو وشە جوانانە کە لەبارەی بەزەییەوە هاتوون، هەروەها مانا ناوازەکانی بەزەیی و سۆزداریی و ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییە مەسیحییە نمونەییانە دەربارەی بەزەیی، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری مەسیحییەکان هەر نەهاتوون ئەم مانایانە کە لە ئینجیلدا هاتوون جێبەجێیان بکەن بەسەر گەلانی تردا، وادەردەکەوێ ئەمانیش هەر تایبەتیان کردوون بەسەر خودی خۆیاندا، مێژوویش هەر ئەم شایەتیەمان بۆ دەدات.

(١) ئینجیل مەتا، ئیصحاحی پێنجەم.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەیری بابەتی: پۆڵس فەغالی بکە بە ناونیشانی: (مفهوم الرحمة في العهد الجديد)، لەو کتێبەدا کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە ل(٨١).

* هەڵسوکەوتی گەلانی مەسیحی لەگەڵ جولەکەدا:

ململانێیەکە لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە عیسای مەسیح (سەلامی خوای لێبێت) لەدایکبوو، چونکە ئەو بۆ چاککردنی باری بەنو ئیسرائیل هات، ئەوەش دوای ئەوە کە ڕەوشتیان خراپ بوو و خوویان وێرانبوو، ڕۆچوون لەکۆکردنەوەی ماڵ و ساماندا و لە پەرستنی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و مەترسیدار، لە ئینجیلی مەتا (ئیصحاحی ٢١)دا هاتووە دەڵێ: (عیسا چووە ناو هەیکەلی خوا، هەموو ئەوانەی وەدەرنا کە لەناو هەیکەلدا خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، مێزی سەڕرافەکان و کورسی کۆتر فرۆشانی سەرەوژێر کردن، ئینجا پێیوتن ئەم ماڵەی من بە ماڵی نوێژ و دوعاکان ناودەبرێ ئێستە ئێوە کردووتانە بە ئەشکەوتی دزەکان)، ئاینی جولەکەی بەوە ناساند کە بێباوەڕەو دژایەتیکرد، ئینجا هەروەك لە ئینجیلی مەتا (ئیصحاحی ٢٣)دا هاتووە پێیوتن: (نەگبەتی و بەڵا بۆ ئێوە ئەی نوسەران و فەریسییە سوخۆرەکان، ئێوە لە کاتێکدا گۆڕی پێغەمبەران دروستدەکەن و گۆڕستانی ڕاستگۆکان دەڕازێننەوە... کەچی هەر خۆیشتان شایەتی لەسەر خۆتان دەدەن کە ئێوە بکوژانی پێغەمبەرانن... ئەی مارەکان و کوڕانی ئەژدیها ئێوە چۆن لە قەرزی دۆزەخ ڕادەکەن... ئەی ئۆڕشەلیم ئەی ئۆڕشەلیم! ئەی شاری بکوژی پێغەمبەران و ڕەجمکاری ئەو پێغەمبەرانەی بۆی ڕەوانەکراوە، ئایا چەندجار ویستووتە منداڵەکانت کۆبکەیتەوە، هەروەك چۆن مریشك جوجکەکانی لەژێر باڵەکانیدا کۆدەکاتەوە بەڵام ئەوان نەیانویست، هوزا ئاینتانە و وێرانکاریتان بۆ دێنێتە کایە...). ئینجیل مەتا (ئیصحاحی ٢٥)ی وتوویەتی: (ئەی نەفرەتلێکراوان لێم دوورکەونەوە، بڕۆن بۆ ئاگری ئەبەدی کە بۆ ئیبلیس و سەربازەکانی ئامادەکراوە).

جولەکە کەوتنە پلاندانان لە دژی عیسا و مالومە پیرەکانیان بڕیاریاندا کە بیکوژن، ئینجا ئاماژەیاندا بە فەرمانڕەوا ڕۆمانەکە بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە، کەچی ئەوان هەر هەستان بە لەخاچدان و کوشتنی -بەپێی قسەی ئەوان-، بەڵام قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ﴿وَمَا

﴿ قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ﴾ النساء: ١٥٧. واتە: (با چاك بزانن كە نەیانتوانیوە ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەی ئێمە بكوژن و نەیانتوانیوە لە خاچی بدەن، بەڵكو سەریان لێشێواو یەكێك لە خۆیانیان كوشت). بەڵام سەلماندی كە ئەوە جولەكە بوون ئەو كارەیان كردووە، خوای گەورەش عیسای بەرزكردەوە بۆ ئاسمان.

ئیتر دوژمنایەتی لەو ڕۆژەوە لە نێوان جولەكەو گاورەكاندا سەخت و توند بوو، چونكە جولەكە ویستوویانە گاورەكان هەر لە ڕیشكەوە لەناو بێشكەدا لەناوبەرن، هاتوون قەناعەتیان بە ئیمپراتۆر (مارك ئۆریل) كردووە كە گاورەكان جێگای مەترسین، ئەویش فەرمانیداوە بە كوشتنی هەموو گاورەكان لە ڕۆما لە ساڵی (١٥٥ز)، جارێكیتریش لە ساڵی (٢١٤ز)، كە جولەكە سەد هەزار مەسیحییان لە ڕۆما و قوبرس كوشت، لە سەردەمی ئیمپراتۆر دیوكلیسن ژمارەیەكی زۆر زۆریان لە مەسیحییەكان كوشت كە بایواتكاییس و مرسلینۆس لەنێویاندا بوون[1].

جولەكە چەندینجار لە ڕێگای بەكارهێنانی هێز و توندوتیژییەوە هەوڵیانداوە مەسیحییەكان لەناوبەرن، لە لایەكیتریشەوە لە ڕێگای ناشیرینكردنی مەسیح و مەریەمی دایكی و پەیامەكەی و ناو و سومعەیەوە، ئەم كارەش لە بەرانبەرەوە لەلایەن گاورەكانەوە بووە هۆی نواندنی توندوتیژی.

پۆڵس جەنگی لە دژی جولەكە ڕاگەیاند (أ٩-١٠)، بەوە وەسفیان دەكات كە: سۆزانین، بتپەرستن، زیناكەرن، نێرەموكن، نێربازن، دزن...)، پاشان دەڵێ: (ئایا جولەكە لە بتپەرستەكان باشترن؟ نەخێر، چونكە ئەوانە گوناهبار و هەڵەكارن و دزی دەكەن و زینا دەكەن و هەیكەلی بتەكان بەتاڵان دەبەن (ڕوم٢: ٢١-٢٢)، (ئەوانە لەیەك كاتدا گومڕاو گەندەڵن....، قاچیان خێرایە بۆ خوێنڕێژی، ڕێبازیان ڕێبازی وێرانكاری و نەگبەتی و دەردیسەرییە (ڕوم٣: ١٢-١٦).

(١) بڕوانە: كتێبی (المرصود فی قواعد التلمود) نوسینی ئەلكتور ورهلنج ئەلكەنز، وەرگێڕانی: د. یوسف نەصر، چاپی المعارف (١٨٩٩ز).

جا بەرمەبنای ئەو دوژمنایەتییە ئاینییە، گاورەکانیش لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی ئۆغستس کە هەیکەلی بە تالان برد و کتێبەکانی سوتاندن، هەستاون بە ئەنجامدانی چەندین قەسابخانەی کۆمەڵیانەو جینۆسایدی جولەکە، هەروەها والی ڕۆمانی لە سەردەمی قەیصەر (کلود) دا ڕابەرایەتی هێرشێکی کرد بۆ ڕاوەدونانی جولەکە لە شار و گوندەکاندا، ئیتر چەندین هێرشیتر بۆ لەناوبردنی جولەکە لەلایەن گاورەکانەوە لەسەر دەستی رۆمانەکان و پاشانیش ئەوروپییەکان دووبارە بوونەتەوە.

لە بەریتانیا پادشا ئیدواردی یەکەم لە (١٢٩٠/٦/٢١ز)[١] فەرمانیدا بە دەرکردنی جولەکە لە بەریتانیا بە یەکجاری، بەریتانیا بەرلەوە کەوتبووە بەر وێرانییەکی ئابووری، ئەمەش وای لە پادشا جۆن (یۆحەننا) کرد فەرمانبدات بە کۆکردنەوەی جولەکە، پاشان پادشا هەنری سێیەم لە ساڵی (١٢٣٠ز) هەستا بە ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن و ناچارکردنیان بەوەی سێیەکی ماڵ و سامانی گوازراوەیان بدەن بە دەوڵەت، ئیدواردی یەکەمیش بەهەمانشێوە هەستا بە دادگایی کردنیان بەهۆی ساختەکردنی دراو و دزینی ئاڵتونی دەوڵەت، (لە ساڵی (١٢٨١ز) ٢٠٠ جولەکەی لە سێدارەدا پاشانیش -هەروەك پێشتر وتمان- هەستا بە دەرکردنیان[٢].

لە فەڕەنساش جولەکە کەوتنە بەر سەربڕین و کوشتن و سوتاندن و دەربەدەر کردن و دەرکردن لە وڵات، لوەیس ئۆغستسی یەکەم هەستا بە دەرکردنیان پاشان دوای بیست ساڵ گەڕانەوە، لە سەردەمی لوەیسی نۆیەمدا سێیەکی ئەو قەرزانەیان کە لەسەر دەوڵەت و کەنیسەکان و تاکەکانی گەل هەیانبوو سڕینەوە، پاشان فەرمانێکی شاهانەی دەرکرد بە سوتاندنی هەموو کتێبەکانیان بە تایبەتی تەلمود، ئینجا لە سەردەمی فیلیب دا جارێکیتر دەرکران و تووشی کوشتن و ڕاوڕووت هاتن، دواتر گەڕانەوە بۆ وڵات، لە ساڵی (١٣٤١ز) گەل لە ناوچە ناوەڕاستەکانی فەڕەنسا خرۆشاو کەوتنە سەربڕینی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوالله تەل، سەرچاوەی پێشووی، ل(٨٢-١٠٥) و سەرچاوە بیانییەکانیشی.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.

ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەو دەرکردنیان، ئەمە بەجۆرێ بوو کە لە ساڵی (١٣٨٤ز) تا کە جولەکەیەك لە فەڕەنسا نەمابوو.

جولەکە لەدوای ئاوارەبوونیان لە ئیسپانیا جارێکیتر گەڕانەوە فەڕەنسا، بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی شازدەیەم ڕێگایان پێنەدرا لە شارەکان نیشتەجێ بن، لە شۆڕشی فەڕەنسادا ساڵی (١٧٩٠ز) هاتن میاربۆیان بەکارهێنا، ئەویش بەرگریکرد لە مافەکانیان لە یەکسانیدا، پاشان ناپلیۆن هەوڵیدا بەکاریان بێنێ بۆ یارمەتیدانی لە جێبەجێکردنی تەماعە فراوانخوازییەکانی.

جولەکە لە ئەڵمانیاش لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا بڵاوبوونەوە و لە شارەکاندا نیشتەجێبوون، بەڵام بەهۆی هەڵسوکەوتی دارایی و ڕەوشتییانەوە زۆرجار لەگەڵ گەلدا تووشی بەریککەوتن دەهاتن، پاشان مەسەلەکە بەوە کۆتاییهات هەندێکیان کوژران و لەسەر دەستی هیتلەری نازی سوتێنران (هۆلۆکۆست)، ئەوەش لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣٣-١٩٤٥ز) ڕوویدا.

لە ئیسپانیاش (ئەندەلوسی ئیسلامی)، جولەکە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا تا ئەوپەڕی ڕیعایەتکران و مافەکانیان پارێزراو بوو، تەنانەت هەندێکیان گەیشتنە پلەو پایەی وەزیری و کارگێڕی و زانستی و دارایی، بەڵام هێرشی خاچپەرستی کە بووە هۆی چەندەها مەینەتی و کارەسات بۆ موسڵمانان، هەمان شتیش ڕووی لە جولەکەکان کرد، هیچ چارەیەك لەبەردەمیاندا نەمابوو جگە لە کوشتن یان سوتاندن نەبێ، یان ببنە گاور، یان دەربەدەر بکرێن، شەپۆلی زەبرو زەنگ دژ بە جولەکە لە سەردەمی پادشا فردیناند و ئیزابێلای ژنیدا گەیشتە ئەوپەڕی، لە (١٤٩٢/٣/٣١ز) ئەم مەرسومەی دەرکرد کە تیایدا هاتبوو: (لە شانشینی ئێمەدا جولەکەش دەژین کە ژمارەیان کەم نیە، وا ماوەی دوازدە ساڵە دادگاکانی پشکنینمان داناوە کە بەردەوام کار لەسەر واژۆکردنی سزای گوناهباران دەکەن، جا بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی دادگاکانی پشکنین بەرزیانکروونەتەوە، بۆمان دەرکەوت کە ئەو بەریەککەوتنەی لە نێوان مەسیحییەکان و جولەکەکاندا

ڕوودەدات دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە...، لەبەرئەوە بڕیارماندا هەموو جولەکەکان نێر و مێیان پێکەوە دووربخەینەوە بۆ دەرەوەی شانشینیمان بە هەتا هەتایی...، بۆیە پێویستە هەمووی جولەکە... لە ماوەیەکدا کە دوا وادەی کۆتایی مانگی تەمووزی هەمان ساڵ بێت وڵات جێبێڵن... هەرچییان هەیە بە ڕێگای وشکانی یان دەریایی ببەن لەگەڵ خۆیان، جگە لە ئاڵتون و زیو و دراوی ئاڵتونی و ئەو شتانەی تریش کە یاسای ڕێگری گشتی دەیانگرێتەوە)[1].

ئا بەمشێوەیە هەروەك چۆن موسڵمانان دەرکران، نزیکەی نیو ملیۆن جولەکەش لە ئیسپانیا دەرکران، حاڵیان لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تریش لەو حاڵەیان باشتر نەبووە، لە ئیتالیا پاپاکان دژایەتیان کردوون، چەندین مەرسومیان بۆ کافرکردن و پووچەڵکردنەوەی ئاینەکەیان دەرکردووە، لە ساڵی (١٢٤٢ز) پاپا گریگۆری نۆیەم چەندین تۆمەتی ڕاستەوخۆی دژ بە تەلمود دەرکردووە، لیژنەیەکی پێکهێناوە و بڕیاری سوتاندنی تەلمودی داوە، پاشان لە ساڵی (١٥٤٠ز)[2] لە ئیتالیا دەریکردن.

## کردنەوەی دەروازەکانی جیهانی ئیسلامی بە ڕووی جولەکەدا

لەبەردەم ئەم کارەساتانەدا کە ئێمەی موسڵمان بە هیچ جۆر ڕازی نین لێیان، چونکە ستەم ستەمدێنێ و بۆ ڕۆژی قیامەتیش تاریکایە، جیهانی ئیسلامی خاکی خۆی بۆ پێشوازی لە جولەکە خستە سەرپشت و باوەشی بۆ گرتنەوە، سەڵتەنەتی عوسمانی سنوری خۆی کردەوە بەڕوویاندا، لە (٢٦/شەعبان/١١٢٨ك ڕێکەوتی ٥/شوبات/ ١٨٦٤ز) بڕیارێك لە سوڵتان موحەممەد کوڕی عەبدوالله وەکە سوڵتانی مەغریب بووە دەرچووە، ئەمە دەقەکەیەتی: (... فەرمان بە هەر کەسێك دەدەین کە ئەم نوسراوەی ئاراستە دەکرێ و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی...، لە هەموو هەرێمەکانماندا وەها هەڵسوکەوت لەگەڵ جولەکەدا بکەن کە خوای گەورە فەرزیکردووە، بە دانانی تەرازووی هەق

(١) عەبدوالله تەل: سەرچاوەی پێشووی، ل(١١٨) و سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی.
(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانرێتە: (History of the Jews)Phildiehis, v. s. A١٩٤١ .

و یەکسانکار لە نێوان ئەوان و نێوان ئەوانیتردا، نابێت لەو حوکمانەدا تا کە مسقاڵە زەڕڕەیەك ستەم و غەدر لێکردن و خراپەیان لەگەڵدا بکرێ، نابێت بەریەککەوتن لەگەڵیان ڕووبدات....، هەروەها نابێت هیچ یەك لەوانەیان کە پیشەگەرن بەکاربهێنرێن، مەگەر بە حەزو ویستی خۆیان بێت و بەو مەرجەی مافی خۆیان لەسەر ئەو کارەیان بدەنێ، چونکە ستەم لە ڕۆژی قیامەتدا تاریکاییە... هەر کەسێك ستەم لە یەکێکیان بکات یان دەستدرێژی بکاتە سەری ئەوا بە یارمەتی خوای گەورە سزای دەدەین...).

لە ڕاستیدا جولەکە شوێنێکی ئارامتر و سەلامەتتری وەك جیهانی ئیسلامیان نەبینیوە -ئەمەش ڕاستییەکە کە دوژمنان بەرلە دۆستان شایەتیان لێداوە-، ئەمە تا ئەو کاتەی کە جولەکە هەستان بە داگیرکردنی فەلەستین، ئەوکات فەلەستینیەکان کەوتنە بەرگری لە گیان و خاکی خۆیان، ئەمەش لە هەموو ئاینەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا مافێکی ڕەوایە.

# بەشی چوارەم

# ئاسایشی ڕۆحیی و هزریی لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامدا

## - پێناسەی ناونیشان

## - مەبەستەکانی شەریعەت و دەستەبەرکردنی ئاسایشی ڕۆحیی و هزریی.

### پێناسەی ناونیشان

**١- پێناسەی وشەی ئاسایش (الأمن)**

**مانای ئاسایش (الأمن) لە فەرهەنگی زمانەوانیدا:** (الأمن) سەرچاوەی أمِنَ أمناً واتە: دڵئارام بوو و نەترسا، کەواتە ئەو پارێزراوە، أئْتَمَنَه، واتە: وایلێکرد دڵئارام و سەلامەت بێت، أستأمن إليه، واتە: خۆیدایە پەنای و داوای پارێزگاری لێکرد. الأمانة: واتە: دانانی شتێك بە ئەمانەت و وەفاکردن بە دانەوەی، ئیمانیش لەوەوە هاتووە.

کەواتە ئاسایش (الأمن) بریتییە لە دڵنیابوون و نەترسان[١].

**٢- پێناسەی وشەی (ڕۆحیی)**

ڕۆحيي: دەدرێتە پاڵ ڕۆح، واتە: ئەوەی ژیانی تێدایە، بە دەروون یان بە تاکەسیش دەوترێ. ڕۆحی قودسیش لای گاورەکان سێیەمینی سێیانەیە (أقنوم). (واتە: ڕۆحی خوا کە ڕێنمایی مرۆڤایەتی دەکات). باوکە گاورەکان واتە (زانا گاورەکان).

پزیشکيي ڕۆحانیش: (جۆرێکە لە چارەسەری دەروونی)[٢].

لە فەلسەفەشدا: ڕۆح بەو شتە دەوترێ کە لە بەرانبەر ماددەوەیە، لای ئیفلاتۆن: ڕۆح لە ئەقڵ و دەروون و حەز پێکدێت، مەبەستی بە دەروون: واتە داخوازییە

---

(١) سەیری: (القاموس المحيط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسيط). وشەی (أمن) بکرێ.

(٢) سەرچاوە پێشوو، وشەی: (روح).

سۆزداریەكان، مەبەستی بە حەزیش: واتە داخوازیە جەستەییەكان، ئەقڵیش: ئەو شتەیە كە هاوسەنگی دەپارێزێ.

**ڕۆحگەرایی:** واتە ئەو فەلسەفەیە كە لەسەر سەلماندنی ڕۆح و بەرزكردنەوەی بەسەر ماددەدا بەرپا دەبێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەمیشەوە ڕاڤەی گەردوون و مەعریفەو ڕەفتار دەكرێ[1].

لە قورئانی پیرۆزیشدا دەستەواژەی: (روح القدس) بە مانای: گەورەمان جبریل هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَيَّدۡنَٰهُ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ﴾ البقرة: ٨٧. واتە: (بەڵگەو موعجیزەی جۆراو جۆریشمان بە عیسای كوری مەریەم بەخشی و بە جبریلی فریشتە پشتیوانیمان لێكرد). ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ، عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ، بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ﴾ الشعراء: ١٩٣-١٩٥. واتە: (ئەوەتە فریشتە جبریلی ئەمین (بەش بەش بە ئاشكرا بە تۆی ڕادەگەیەنێت...، لە دڵی تۆدا دەیچەسپێنێت بۆ ئەوەی خەڵكی پێ بێدارو هۆشیار بكەیتەوە...بە زمانێكی عەرەبی پاراو و ڕوون و ئاشكرا ...).

بە مانای وەحیش هاتووە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ﴾ النحل: ٢. واتە: (هەر ئەو زاتە، فریشتەكان ڕەوانە دەكات بۆ سەر زەوی بەم ڕۆحە پیرۆزەوە، بۆ سەر هەر كەس كە ئەو زاتە ویستی لەسەر بێت لە بەندەكانی).

لەم فەرموودەی خوای گەورەدا بە مانای قورئان هاتووە، دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ رُوحٗا مِّنۡ أَمۡرِنَاۚ﴾ الشورى: ٥٢. واتە: بە مانای قورئانی پیرۆز هاتووە.

هەروەها بە مانای سەركەوتن و مەددەدی خوایی هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ﴾ المجادلة: ٢٢. واتە: (جا ئەو جۆرە كەسانە خوای گەورە ئیمان و باوەڕی لە دڵ و دەروون و ناخیاندا چەسپاندووەو جێگیری كردووە، لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی گیان و ڕۆحێكی

(١) سەیری كتێبی (الروح)ی ئیبن قەییم بكرێ، هەروەها (المعجم الوسیط)، ل(١/٣٨٠-٣٨١)، هەروەها (الموسوعة الحرة) (ویكیبیدیا)، وشەی (روح).

تایبەتی پێبەخشیون کە مەبەست قورئان و ئیمانە).

لە ئایەتێکی تریشدا بە مانای گەورەمان مەسیح (سەلامی خوای لێبێت) هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ﴾ النساء: ١٧١. واتە: (دڵنیابن کە مەسیح عیسای کوڕی مەریەم -کوڕی خوا نیە-، بەڵکو فرستادەیەکی بەڕێزی خوایە بۆ ئێوە تا ڕێبازی یەکخواناسی و دینداری ڕاستەقینە بگرنەبەر، لە دایکبوونەکەشی بە فەرمانی خوا بووە و ڕۆح و گیانێکی تایبەتی بوو کە بە هۆی فریشتە جبریلەوە بەخشی بە مەریەم).

مەبەستیش بە ئاسایشی ڕۆحي: بریتییە لە دەستەبەرکردنی دڵئارامی دەروونی بۆ تاکی باوەڕدار، ئەویش لە ڕێگای سەلامەتی بەرنامەی ئاینییەوە کە لەسەر مامناوەندی و میانڕەویی بەرپابووە، بەرنامەیەك کە دوورە لە زیادەڕەویی و شلگیریی و توندڕەویی، بەجۆرێك کە دڵئارامی و دڵئاسودەیی و نەترسان بۆ خاوەنەکەی و بۆ کەسانیتریش دەستەبەر بێ.

### ٣- پێناسەی وشەی (هزریی)

هزریی دەدرێتە پاڵ هزر، بریتییە لە کاراکردنی ئەقڵ بۆ گەیشتن بە زانینی شتی نەزانراو، دەوترێ: من لە مەسەلەکەدا هزرێکم هەیە، واتە: دیدو تێڕوانین، بیرۆکەش (الفكرة) بریتییە لە وێنەی زەینی هەر مەسەلەیەك[1].

لە زاراوەشدا: ئاسایشی هزریی بە چەند پێناسەیەك پێناسەکراوە، بەڵام ئەوەی ئێمە بە پێناسەی بەهێزی دەزانین ئەوەیە کە ئاسایشی هزریی بریتییە لە: سەلامەتی و پاراستنی بیرو بۆچوونەکان لەو لادانە کە دەبێتە هەڕەشە بۆ ڕشتەبەندی هزریی و ڕۆشنبیری و ئەو بەهاییەی لەناو کۆمەڵگادا باوە، ئەوەش بەجۆرێ کە دڵئارامی بۆ جێبەجێ ببێت[2].

---

(١) سەیری: (القاموس المحيط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسيط). وشەی (فكر) بکرێ.

(٢) سەیری کتێبی: (الأمن الفكري، مفهومه، ضرورته، مجالاته) نوسینی ئیبراهیم زەهرانی، بابەتێکە پێشکەشکراوە بە کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی کۆلیژی مەلیك فەهدی ئەمنی، ڕیاز ساڵی ٢٠١١ز، هەروەها نامەی ماستەر بەناوی (الأمن الفكري في مقررات التربية الإسلامية في المرحلة الثانوية) نوسینی: سەعد عوتەیبی: کۆلیژی شەریعە، زانکۆی أم القرى لە مەککەی پیرۆز، هەروەها مەوسوعەی ئازاد ویکیپیدیا، وشەی (فكر).

### ٤- پێناسەی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی

واتای مەبەستەکان لە زمانی عەرەبیدا: مەبەستەکان (مقاصد) کۆی وشەی مەبەست (مقصد)ە، کە لە (قصد)ەوە وەرگیراوە، ئەمیش چەند مانایەکی هەیە، لەوانە: لێبڕان، ئاراستەکردن، ڕاستیی و پایەداریی ڕێگا، دادگەریی، مامناوەندی[1].

**مانای مەبەستەکان لە زاراوەدا:** بەپێی ئەو وشەیە پێناسەکراوە کە دەچێتە پاڵی.

بۆ نمونە: مەبەستەکانی شەریعەت وەها پێناسەکراوە کە بریتییە: (لەو ماناو حوکمانە کە لەلایەن خودای گەورەوە لە هەموو بارەکانی یاسادانان یان زۆربەیاندا ڕەچاوکراون، بەجۆرێ سەرنجدان لە گەردوون تایبەت نەکراوە بە یەك جۆری حوکمە شەرعییەکان[2]، یان بریتییە: (لەو مەبەستانە کە شەریعەت بۆ ئەوە دانراوە هەستێ بە جێبەجێکردنیان بۆ بەرژەوەندی خەڵکی).

بەدڵنیایی هەر کەس تێرامێنێ لە قورئان و سوننەت، هەروەها ئەوەی کە زانایانی زانستی ئوسولٚ لە کۆن و نوێدا نوسیویانە، ئەوە دەبینێ کە ئەحکامە شەرعییەکان یان کردارەکانی خوای گەورە و ڕێساکانی، هۆکار و حیکمەت و مەبەستی تایبەتیان تێدایە.

قورئانی پیرۆز ڕوونکردنەوەی داوە کە هۆکار یان ئامانج یان حیکمەت لە ناردنە خوارەوەی پەڕاوەکان بریتییە لە: جێبەجێکردنی دادپەروەریی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ﴾ الحديد: ٢٥.

بۆ نمونە خوای گەورە حیکمەتی نوێژکردنی -کە یەکێکە لە ڕێورەسمە پەرستشییەکان- ڕوونکردووەتەوە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ﴾ العنكبوت: ٤٥.

بۆ حیکمەتی حەجیش فەرموویەتی: ﴿لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ﴾ الحج: ٢٨. بۆ پەرستش و کردارە فەرزەکانی تریش هەروەهایە.

---

(١) سەیری: (القاموس المحيط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسيط). وشەی (قصد) بکرێ.

(٢) سەیری کتێبی (مقاصد الشريعة الإسلامية) ئیبن عاشور، لێکۆڵینەوەی: موحەممەد تاهیر میساوی، چاپی: دار النفائس، ئوردن، (١٤٢١ك)، ل(٢٥١).

## مەبەستەکانی شەریعەت و دەستەبەرکردنی ئاسایشی ڕۆحیی و هزریی

زانایانی ئوسولّ و فیقهناسان -هەر لە ئیمامی حەرەمەینەوە، ئینجا غەزالی و دواتر شاتیبی- بە ڕێگای کەوتنە شوێن زانیارییەکان و دەرهێنانی ئەنجام (إستقراء)، گەیشتوونەتە ئەوە کە مەبەستە شەرعییەکان سنوردار دەکرێن لە: مەبەستە زەرورییەکان، پێویستییەکان، جوانکارییەکاندا. ئەم دابەشکردنە سێیانەیە دابەشکردنێکی ئەقڵییە و بە هیچ شێوەیەك جۆری چوارەم قوبولّ ناکات. ڕاجیاوازییەکەش تەنها لە جۆری مەبەستەکان یان بەرژەوەندییە زەرورییەکان یان پێویستییەکان یان جوانکارییەکاندایە.

### مەبەستە هەمووەکییە زەرورەکان

### (هەشتن)

بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە، ئەوا کۆی زانایانی ئوسولّ پێیانوایە ئەو مەبەستە هەمووەکییە زەرورانە کە ئیسلام هاتووە بۆ پاراستن و گەشەپێدانیان، بریتین لە پێنج یان شەش، ئەوانیش ئەمانەن: (ئاین، نەفس، ئەقڵ، سامان، وەچە، ناموس)[1].

ئەو زانا ناودارانەش دوو پێوەریان بۆ مەبەستە گشتییە زەرورییەکانی شەریعەت داناوە کە بریتین لە:

**یەکەم:** بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤ دابمەزرێ هەر دەبێت ئەو مەبەستە زەرورییە بوونی هەبێت و بێ ئەو ژیان دانامەزرێ، بەجۆرێك ئەگەر ئەو زەرورەتە تێکچوو ئیتر سیستمی ژیان تێکبچێت، پشێوی و شڵەژان بڵاوببێتەوە.

**دووەم:** هەر کەس دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو زەرورەتانە ئەوا سزای سەخت دەسەپێنرێ بەسەریدا.

(١) لە بابەتی مەبەستەکاندا سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ: ((الموافقات)ی شاتیبی، کە ئەمە بناغەی ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانە، چاپی دار المعرفة، بیروت، لبنان ١٤١٥ك)، لەگەڵ ڕاڤەو لێدوانی مامۆستا عەبدواللە دەڕاز لەسەری، هەروەها کتێبی (مقاصد الشريعة)ی ئیبن عاشور، بە لێکۆڵینەوەی: شێخ حەبیب، ل (٤٧/٢)، چاپی دار النفائس، ئوردن ل(٢٥١)، هەروەها کتێبی (نظرية المقاصد عند الشاطبي) نوسینی د. ئەحمەد ڕەیسونی، چاپی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی ل(٧)، هەروەها کتێبی (دراسة في فقه مقاصد الشريعة)ی مامۆستامان یوسف قەرەزاوی، چاپی دار الشروق ل(٨٥-٨٦)، هەروەها کتێبی (فكرة المقاصد في العبادات، رؤية منهجية) ل(٦)، نوسینی د. موحەممەد کەمال ئیمام.

*** ئاسایشی کۆمەڵگا، و ئاسایشی دەوڵەت، دوو مەبەستی هەمووەکی زەرورین:**

بەپێی ئەو دوو پێوەری پێشوو -بە بۆچوونی من- بۆمان دەردەکەوێ کە دوو هەمووەکی زەروری تر بوونیان هەیە، ئەوانیش: ئاسایشی کۆمەڵگا، و ئاسایشی دەوڵەتە.

**یەکەم: پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا:**

واتە ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی ژینگەی کۆمەڵگا، لە حاڵەتی دەستدرێژیکردنە سەر ئەو ئاسایشە ئەوا خوای گەورە بە ڕەهایی گەورەترین سزای شەرعی بۆ داناوە، ئەویش سزای جەردەیی و چەتەگەریی و کوشتن یان لەخاچدان یان دەست و قاچ بڕینە بە پێچەوانەوە (الحرابة)[1]، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ المائدة: ٣٣.

ئایەتەکە بە ڕوونی دەلالەت لە وەستانەوە لە دژی هەر کەسێك دەکات کە دەستدرێژی دەکاتە سەر ئاسایشی کۆمەڵگا، هەوڵی بڵاوکردنەوەی گەندەڵی و خراپە دەدات لە زەویدا، ئیتر ئەو خراپەیە تایبەت بێت بە مرۆڤ، یان گیانلەبەر، یان ژینگەوە، چونکە ئەوە خراپەیەکی ڕەهایەو دەچەسپێ بەسەر هەر خراپەیەکدا، تەنانەت خوای گەورە بەستوویەتی بە ئایەتێکی تری خراپەکارییەوە لە زەویدا و بە لەناوبردنی کشتوکاڵ و وەچەوە، دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ﴾ البقرة: ٢٠٥.

ئەو ئایەتە قورئانیانە کە لەبارەی مەترسی خراپەکاری لە زەویدا و لە جێکەوتە وێرانکاریەکانی هاتوون زیاترن لەوەی لەم خێرایییەدا بژمێردرێن، لەوانەش: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ ، أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمۡ وَأَعۡمَىٰٓ أَبۡصَٰرَهُمۡ﴾ محمد: ٢٢-٢٣، واتە: (باشە، ئەی

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری: (التشريع الجنائى الإسلامي) نوسینی: عەبدولقادر عۆدە، چاپی دار التراث ل(٢/٦٣٢) بکرێ.

دوورِووەکان، ئەی دەروون نەخۆش و بێ دینەکان، ئێوە بەتەمان ئەگەر دەستەڵات کەوتە دەست ئێوە، فەسادو گوناهو تاوان لە زەوی خوادا بڵاوبکەنەوەو هەرچی پەیوەندی خزمایەتی هەیە لە ناویبەرن، خەڵکی بکەنە دوژمنی یەکتر و لە یەکتریان دابڕن؟! لە ڕاستیدا ئا ئەو جۆرە کەسانەی کە ئاوا بیردەکەنەوە خوای گەورە نەفرینی لێکردوون و کەڕولاڵی کردوون و کوێرایی هێناوە بەسەر دەزگای بینینیاندا و ڕاستییەکان نابینن).

﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ القصص: ٨٣. واتە: (جا ئیتر بڕیاری ئێمە وایە کە ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرینمان بۆ ئەو کەسانە ئامادەکردووە کە بەرزی و بڵندییان لەسەر زەوی خوادا ناوێت، هەروەها لە فەساد و گەندەڵیش بەدوورن، سەرئەنجام و دەرئەنجامیش هەر بۆ تەقوادار و دیندار و پارێزکارانە).

کەواتە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و نەهێشتنی خراپە لە زەویدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرەدا کە فیقهناسان دایانناوە زەرورەتێکە لە زەرورەتەکان.

**دووەم: پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی دادپەروەر:**

خوای گەورە فەرمانیداوە بە پارێزگاریکردنی، بۆ ئەو مەبەستەش بەیعەتدانی داناوە، هاوکات دەرچوون و یاخیبوونی لە فەرمانڕەوای موسڵمان قەدەغە کردووە، هەروەها خوای گەورە بە مەبەستی پاراستنی سزای داناوە ئەویش سزای یاخیبوونە، ئەمە لە پاڵ حەرامکردنی دەستدرێژیکردنە سەری، هەروەها فەرزی پاراستنی، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ الحجرات: ٩. پێغەمبەری ڕێزدارمان ﷺ دەفەرموێ: ((... ومن بايع إماماً فأعطاه صفقة يده وثمرة قلبه، فليطعه إن أستطاع، فإن جاء آخر ينازعه فاضربوا عنق الآخر))[١]. واتە: (...هەر کەس بەیعەتیدا بە پێشەوایەك و دەستی

(١) صەحیحی موسلیم، ژمارە (١٨٤٤).

خستەناو دەستی و بە دڵیش پێی ڕازیبوو، با ئیتر تا دەتوانێ گوێڕایەڵی بێت، ئەگەریش یەکێکیتر هات و شانەخڕێی لەگەڵ پێشەوای یەکەمدا کرد ئەوا بدەن لە گەردنی).
هەروەها ﷺ دەفەرموێ: ((من حمل علينا السلاح فليس منّا))[1]. واتە: (هەر کەس چەك لە دژمان هەڵبگرێ لە ئێمە نیە).

یاخیبووان ئەو کەسانەن کە بە ناهەق لە فەرمانی پێشەوای هەق یان هەر کەسێکیتر کە جێگری بێت دەردەچن، لەوانەشە ئەوانە لێکدانەوی خۆیان هەبێت و چەك لە دژی هەڵبگرن[2]، بە دەستەواژەی هاوچەرخیش ئەوانە ئۆپۆزیسیۆنی چەکدارن، دەیانەوێت ئەوەی کە دەیانەوێ بە زبری هێز و بە چەك بەدەستیبێنن، ئەمەش کارێکی ناشەرعییەو ڕەوا نییە، (چونکە ئوممەت کۆدەنگە لەسەر قەدەغەی دەرچوونی چەکدارانە لە دژی پێشەوای دادپەروەر، کە کاربەدەستیەکەی بە ڕێگایەکی ڕەواو شەرعی بووە، زۆرینەی زانایانیش کۆدەنگن لەسەر قەدەغەی دەرچوونی چەکدارانە تەنانەت لەسەر پێشەوای فاسیق و گوناهکار، ئەمە ئەگەر بێتو ئەو دەرچوونە ببێتە هۆی فیتنە و خوێنڕشتن و بڵاوبوونەوەی خراپەو پشێوی و ئاژاوە. ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو زانایان ماف بە ئوممەت دەدەن لەبارێکدا فەرمانڕەوا هۆیەکی لێ دەربکەوێ وەك فاسیقی و ستەم لەکاری بخەن و لایبەرن لەسەر کارەکەی، بەڵام بەو مەرجە نەبێتە هۆکاری ڕوودانی فیتنەیەکی گەورەتر)[3].

---

(١) صەحیحی بوخاری لەگەڵ فتح الباری بە ژمارە (٢٣/١٣)، (٩٨/١) فەرموودەی ژمارە (٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠١) گێڕاویەتەوە، سەیری (سبل السلام)، چاپی دار الجيل، لبنان بکرێ.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەیری (بدائع الصنائع)، ل(٩٠/٧)، (جواهر الإكليل)، ل(٢٩٤/٢)، (نهاية المحتاج)، ل(٤٠٢/٧)، (المغنى)، ل(٢٨٧/٨)، (التشريع الجنائى)، ل(٦٧٥/٢) بکرێ.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ: (فتح القدير)، ل(٤٠٨/٤)، (حاشيه إبن عابدين)، ل(٣٠٨/٣)، (البدائع)، ل(١٤٠/٧)، (البحر الرائق)، ل(٧٢/٥)، (مواهب الخليل)، ل(٩١٤/٦)، (الشرح الصغير)، ل(٤٩١/٤)، (شرح المحلى على المنهاج مع حاشيتى القليوبى وعميرة)، ل(١٧٠/٤)، (المغني)، لإبن قدامة ل(١٠٥/٨-١٠٧)، هەروەها (التشريع الجنائي)، ل(٦٧٥/٢).

*** پەیوەندی نێوان هەشت مەبەستەکەو نێوان ئاسایشی دەروونی و رۆحیی:**

جێبەجێکردنی ئەو هەشت مەبەستە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەروونی و رۆحیی بۆ تاك و کۆمەڵگا و دەوڵەت، ئەوەش لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

* **یەکەم:** پارێزگاری لە مەبەستی (ئاین)، بەم کارانەی خوارەوە دەستەبەر دەبێت:

١- دەستەبەرکردنی ئازادی ئاینی بۆ هەموو کەسێك، هەروەها پاراستنی باوەڕەکەی بەبێ زۆرەملێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦.﴿فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ﴾ الكهف: ٢٩.

بەم پێیە ئەوا هەموو مرۆڤێك لە سایەی شەریعەتدا لە باری ئاسایش و دڵئارامی ڕۆحیدا دەژی، بەبێ زۆرلێکردن یان دەستدرێژی، بەهۆی ئاینەکەیەوە تووشی ستەم و مەغدوری نایەت.

٢- هەر مرۆڤێك هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی بەبێ هیچ ترس و تۆقینێك.

٣- هەستان بە داخوازیە ئاینییەکانی، لە پابەندبوون بە گرێبەست و پەیماننامەکان و ڕەچاوکردنی مافی ئەوانیتر، هەروەها پابەندبوون بە بەها باڵاکان و ڕەوشتە بەرزەکانەوە لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو خەڵکیدا، ئەم پابەندبوونە پابەندی دەکات بە فەراهەمهێنانی ئاسایش بۆ هەمووان. بۆ نمونە: ئیسلام فەرمانی بە شوێنکەوتووانی داوە ببنە ڕەحمەت و خێر و بەرەکەت و دڵئارامی و ئاسایش بۆ هەموو خەڵکی، جگە لە کەسێك کە ستەم یان دەستدرێژی بکات، یان یاخی بێ و ملهوڕی بکات، لەو حاڵەتانەشەدا ئەوا هەمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، خوای گەورە ڕاسپاردەی بە بەندەکانی داوە کە لە هەڵسوکەوتە کردارییەکاندا کەسانێکی نەرم و ئاسان بن و ئازار بە کەس نەگەیەنن، هەڵسوکەوتە گوفتارییەکانیش بە چاکەو بە ئاشتی بێت، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمٗا﴾ الفرقان: ٦٣.

پەروەردگار فەرمانیداوە کە دەبێت هەڵسوکەوتی موسڵمان لەگەڵ موسڵمان و لەگەڵ

جگە لەویش لە کەسانی ئاشتیخواز و بیّوەی بە باشترین شیّوە بیّت، خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿ وَلَا تَسْتَوِى الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ، وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴾ فصلت: ٣٤-٣٥. دەبیّ بانگەوازیان بە گوتەو بە ئامۆژگاری چاك بیّت، مشتومڕیان بە باشترین شیّوە بیّت، دەفەرمویّ: ﴿ ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَٰدِلْهُم بِالَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ﴾ النحل: ١٢٥. ئەو ئایەتە پیرۆز و فەرموودە ڕاستانە کە لەبارەی بەها و ڕەوشتە چاکەکان و چاکترین گوتەو و چاکترین کردەوەو هاتوون، هەروەها لەبارەی دیالۆگ بە باشترین شیّوە و ئارامگرتنی سودمەند و دابڕان بە چاکەو ڕنخواردنەوەو لیّخۆشبوون لە خەڵکی هاتوون زۆر زیاترن لەوەی بەم خیّراییە بژمیّردریّن.

٤- شتیّکیتریش لە ئیسلامدا کە پەیوەندە بەم مەبەستە ئاینییەوە، بریتییە لەوە کە ئیسلام دان بە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و بە هەموو پیّغەمبەراندا دەنێ (سەلامی خوایان لیّبیّت)، تەنانەت موسلّمان باوەڕی کامڵ نییە تا ئەو ئیقرارە نەکات، هەروەك خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿ ءَامَنَ الرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ ءَامَنَ بِاللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴾ البقرة: ٢٨٥. واتە: (پیّغەمبەر باوەڕی تەواوی هەیە بەو قورئانە کە لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆی هاتووە، هەروەها ئیماندارانیش هەر یەکەیان باوەڕی پتەوی بە خوای گەورەو بە فریشتەکان و کتیّبەکان و پیّغەمبەرانی هەیە، بە زمانی حاڵ و بە گوفتار لەناخیانەوە دەڵیّن: کە ئیّمە لە ڕووی باوەڕەوە جیاوازی ناکەین لەنیّوان هیچ کام لە پیّغەمبەرانی خوادا، هەروەها دەڵیّن: پەروەردگارا ئیّمە گویّڕایەڵ و ملکەچین بۆ زاتی پیرۆزی تۆ، لیّخۆشبوونی تۆمان مەبەستە ئەی پەروەردگارمان!! ئیّمە دڵنیاین کە سەرئەنجام هەر بۆلای تۆی مەزن و شکۆمەند دەگەڕیّینەوە). هەروەها باوەڕی بە برایەتی مرۆیی هەیە و جەختی لەسەر دەکات، ئەویش برایەتییەکی کۆمکارەو

جەختدەکات کە مرۆڤایەتی یەك بنەچەی هەیە، ﷺ فەرموویەتی: ((**الناس بنو آدم وآدم من تراب**))[1]. واتە: (خەڵکی نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە). لە ڕیوایەتێکی ڕاستی تردا بەم لەفزە هاتووە: ((**الناس من آدم وآدم من تراب**))[2]. واتە: (خەڵکی لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە).

لە ڕاستیدا قورئانی پیرۆز کاتێ دووپاتی دەکات کە بنچینەی ئادەمیزادەکان یەکەو هەر هەمووان لە ئادەم و حەوان، بۆ ئەوەیە تا برایەتی خزمایەتی و نزیکی فەراهەم بێت، تا لەسەر بنەمای دادگەری و یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا بگەنە هاوکاری یەکتری و پێکەوەژیان، خوای تەعالا جەخت لەم ئامانجە دەکات و دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ النساء: ١.

٥- زەرورەتی پارێزگاری لە سەلامەتی هزر و بۆچوونەکان، هەروەها دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی و شلگیری و توندڕەویی، لە هەموو ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندن بە ئاین و بەو چالاکییانەوە پەیوەستن پێیەوە، چونکە ئیسلام فەرمانی پێداوین میانڕەویی و مامناوەندیی و ڕێکردن لەسەری دەستەبەر بکەین، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ البقرة: ١٤٣.

دواتریش ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەیەوە دەدەین.

***- دووەم: پارێزگاری لە مەبەستی (نەفس-گیان-)، بەم خاڵانەی خوارەوە دەستەبەر دەبێت:**

١- دەستدرێژی نەکرێتە سەر جەستەو ئەندامان و کۆئەندامەکانی هیچ مرۆڤێك، چونکە خوای گەورە ئەو کارەی حەرامکردووە، دەفەرموێ: ﴿أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا

(١) ئەحمەد لە موسنەددا ل(٣٠٠/١٦) ڕیوایەتیکردووە، مامۆستا ئەحمەد شاکر دەڵێ: سنەدەکەی ڕاستە، هەروەها بەزار لە (البحر الزخار)دا ل(١٧٠/١٥) ڕیوایەتیکردووەو کەسانیتریش بە باشیان زانیوە.

(٢) ئەلبانی لە(شرح الطحاوية)، ل(٣٦١) وتوویەتی: فەرموودەیەکی ڕاستە.

فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ المائدة: ٣٢. واتە: (جا بۆئەوەی کارەساتی کوشتنی ناڕەوای ئاوا دووبارە نەبێتەوە و ڕوونەدات، بڕیارماندا لەسەر نەوەی ئیسرائیل و پێمان ڕاگەیاندن، کە ئەوەی کەسێك بە ناحەق بکوژێت، لەجیاتی کەسێکی کوژراو نەبێت، یان گوناهو تاوانێکی وای لەسەر زەویدا ئەنجام نەدابێت کە شایستەی کوشتن بێت، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، لە بەرامبەریشەوە، ئەوەی کەسێك لە مردن ڕزگار بکات، وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی لە مەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێبەخشی بن).

٢- ڕەخساندنی هەموو پێداویستییەکانی مانەوەی مرۆڤ، لە خۆراك و دەرمان و پۆشاك و خواردنەوەو خانووی نیشتەنی، ئەمەش مافێکەو پێویستە بە هەموو هۆکارە ڕەواو بەردەستەکان جێبەجێ ببێت.

٣-پەرەدان بە هەموو ئەو شتانە کە پەیوەندن بە مرۆڤەوە، هەروەها بەرەوپێشبردنی لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

*** بۆ پارێزگاری لە مەبەستی (ئەقڵ)، دەبێت ئەمانە ئەنجامبدرێن:**

١- پارێزگاری لە ڕاگەکان و پێکهاتەکانی و فەراهەمهێنانی خۆراکی ئەقڵی ڕاست و دروست بۆی لە هزری ساغ و سەلیم و بۆچوونی ڕاست و دروست.

٢- ڕەخساندنی هەلی پێویست بۆ ئەقڵ تا بگەڕێ بە جیهانی تایبەت بەخۆیدا ئەویش جیهانی ماددەیە، هاوکات ئازادی بدرێتێ تا بەرهەمە داهێنراوەکانی بخاتەڕوو.

٤- گەشەدان بە ئەقڵ و بە ئامرازەکانی بۆ گەیشتن بە قۆناغی داهێنان و وردەکاری و کاری ڕێکوپێك.

*** بۆ پارێزگاری لە مەبەستی (ماڵ و دارایی)، دەبێت ئەمانە جێبەجێ بکرێن:**

١- پاراستنی ماڵ و سامان ئەویش بە نەفەوتان و بەهەدەرنەدانی، مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە سود بە خەڵکی بگەیەنێت، هەروەها دوورکەوتنەوە لە زیادەڕۆیی و بەفیڕۆدانی و لە ڕژدی و چروکی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا

تُسْرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴾ الأعراف: ٣١. ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴾ الإسراء: ٢٩. ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمْ يُسْرِفُواْ وَلَمْ يَقْتُرُواْ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴾ الفرقان: ٦٧.

٢- گەشەدان بە دارایی و بە وەبەرهێنانی و بە پەرەدان بە ئامراز و میکانیزمەکانی.

٣- بەجێگەیاندنی مافی کەسە شایستەکان تیایدا، هەروەها دەستەبەرکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانە، ئەوەش بۆ فەراهەمهێنانی دەستەبەری و هاوکاری و ئاسایشی کۆمەڵگایە.

*** پێنجەم: بۆ پارێزگاری لە مەبەستی (وەچە)، دەبێت ئەمانەی خوارەوە دەستەبەر بێن:**

١- پێویستە پارێزگاری بکرێ لە مانەوەی وەچەو بەردەوامبوونی، ئەویش لە ڕێگای سروشتی پاکی ڕەوای خۆیەوە کە بریتییە لە هاوسەرگیری شەرعی.

٢- قەدەغەی تێکەڵکردنی نەوەو نەوەزاکان لە ڕێگای زینا و کارە خراپەکانەوە کە خوای گەورە حەرامی کردوون.

٣- تا ئەوپەڕی گرنگی بدرێ بە خێزان و کۆرپەلەو ڕەچەڵەك و نەوەزا، ئەوەش بە گرنگیدانی گشتگیر بە لایەنەکانی تەندروستی و ماددی و مەعنەوی دەبێت.

*** شەشەم: بۆ پاراستنی مەبەستی (ناموس)، دەبێت ئەم ڕێگایانە بگیرێنەبەر:**

١- پێویستە پارێزگاری بکرێ لە ناموس و شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ.

٢- قەدەغەی دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ، ئیتر بە گوفتار و کردار و ئاماژەپێدان و جنێودان بێت یان سوکایەتی پێکردن و هیتریش بێت.

٣- پێویستە پەرەبدرێ بە گرنگیدان بە کەرامەتی مرۆڤ.

*** حەوتەم: بۆ پارێزگاری لە مەبەستی (ئاسایشی کۆمەڵگا)، دەبێت ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر:**

١- پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەوە، بە خستنەکاری هەموو هۆکار و شێوازە بەردەستەکان.

٢- قەدەغەی گەندەڵی دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەلایەن تاك و بەرپرسانی دەوڵەتەوە.

٣- پەرەدان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بە هۆکار و ئامرازەکانیشی.

*** هەشتەم: بۆ پاراستنی (ئاسایشی دەوڵەتی شەرعی)، دەبێت ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێن:**

١- پێویستە هەمووان بەشداربن لە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی شەرعی لە ناوەوەو لە دەرەوە، هەروەها هێنانەکایەی ئاسایشی تەواوەتی بۆ هەموو هاولاتیان، هەروەها بۆ ئەوانەش کە خاوەنی نشینگەن و ئەوانەی تیایدا دەژین.

٢- پێویستە پابەندی هەبێت بە بڕیارەکانی دەوڵەت و بە یاساو سیستم و لائیحەکانیەوە، مادامێ دژ نین لەگەڵ دەقە شەرعییە ڕاست و ڕاشکاوەکاندا.

٣- ڕێگەنەدان بە یاخیبوون لێی و دەرچوون و هەڵگرتنی چەك لە دژی.

٤- ئەگەر هاتوو کێشەیەك ڕوویدا ئەوا دەبێت بە خۆشی چارەسەر بکرێت، دەبێت لەسەر بنەمای دادگەری و بێت، ستەم لە لایەنێکەوە دژ بە لایەنێکی تر نەکرێ.

هەرکات ئەم هەشت مەبەستە دەستەبەر بوون بەو شێوەیە کە باسمانکردن ئەوا بەدڵنیایی و هیچ گومانی تێدا نییە کە ئاسایشی گشتگیر دەستەبەر دەبێت لەنێویشیدا ئاسایشی ڕۆحیی و دەروونییە.

## ئاسایشی گشتگیر مەبەستی مەبەستەکانە

ئەگەر سەیری ئەو هەشت مەبەستە بکەین کە باسمانکردن، دەبینین هەموویان لە یەك دەستەواژەدا کۆدەبنەوە، ئەویش بریتییە لە: ئاسایشی گشتگیر بۆ ئاین، نەفس، ئەقڵ، دارایی، وەچە، ناموس، کۆمەڵگاو دەوڵەت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین بریتییە لە مەبەستی مەبەستەکان، ئامانجی هاتنەخوارەوەی پەڕاوەکان و ڕەوانەکردنی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێبێت)، چونکە ئاسایشی گشتگیر لە دیدی ئیسلامەوە ئاسایشی مرۆڤ لە دنیاو قیامەتیدا دەگرێتەوە، تا ئەو کاتەی دەچێتە بەهەشت کە خانووی ئاشتی و ئاسودەیی هەتا هەتایە.

خوای گەورە منەت بەسەر خەڵکی مەککە (قورەش)دا دەکات کە ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی خۆراکی بۆ فەراهەمهێناون، دەفەرموێ: ﴿فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا

ٱلْبَيْتِ ، ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴾ قريش: ٣-٤ واته: (کەواتە، حەق وایە ئەوانە بە ئەمەك بن، تەنها پەروەردگاری خاوەنی ئەم ماڵە دێرینە -کەعبەی پیرۆزە- بپەرستن. ئەو زاتە کە لەو وڵاتە وشك و بێ کشتوکاڵەدا دەرووی لێکردوونەتەوەو لە برسێتی ڕزگاری کردوون، بژێوی بۆ دابینکردوون و خۆراکی پێبەخشیون، هەروەها پاراستوونی لە ترس و بیمی جەردەو ڕێگران، هێوری و ئاسایشی بۆ دابین کردوون).

هەروەها منەتیان بەسەردا دەکات کە کەعبەی کردووەتە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی و بووەتە ئاسایش بۆیان، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا ﴾ البقرة: ١٢٥. واته: (یادی ئەوەش بکەنەوە کە چۆن ئەم ماڵە -کەعبەمان کردە جێگای کۆبوونەوەی خەڵکی و داڵدەی لێقەوماوان و شوێنی ئەنجامدانی خواپەرستی و حەج و عومرە، هەروەها شوێنی هێمنی و ئاسودەیی و حەوانەوەی دڵ و دەروون و ڕۆحە شەکەت و ماندووەکان). فەرمانیشیداوە بە دابینکردنی ئاسایش بۆ هەر کەسێك دەچێتە ناوی، دەفەرموێ: ﴿ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًا ۗ ﴾ آل عمران: ٩٧. ئایەتی زۆریش هەن ئەوەمان پێدەڵێن کە یەکێك لە گەورەترینی نیعمەتەکان دابینکردنی ئاسایشە بۆ باوەڕداره ڕاستگۆکان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴾ النور: ٥٥. واته: (خوای گەورە بەڵێنیداوە بەو ئیماندارانە کە کار و کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن، بەوەی کە پایەداریان دەکات و دەسەڵاتیان پێدەبەخشێت لەسەر زەویدا، هەروەکو ئیماندارانی پێش ئەمانی پایەدار کرد، هەروەها بەڵێنیداوە کە ئەو ئاینەش پایەدار و پیادە بکات کە لای پەسەندە و پێی ڕازییە، تا لە هەموو بوارێکدا پیادە بکرێت، ئینجا دوای ئەو

هەموو ترس و بیمەی کە هەیانبوو دەیانخاتە هێمنی و ئاسایش و هێوریەوە، ئەوسا ئەوانیش هەر تەنها خوای گەورە دەپەرستن و بەدوور دەبن لە هەموو جۆرە شیرك و هاوەڵگەرییەك، جا ئەوەی دوای ئەوە هەر باوەڕ نەهێنێت، ئا ئەوانە خۆیان کەسانێکی فاسیق و گوناهکار و لە سنوور دەرچوون).

بەهەمانشێوە ئایەتی تریش هەن پێماندەڵێن کە یەکێك لە گەورەترینی سزاکان بڵاوبوونەوەی ترس و برسێتییە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرۡيَةً كَانَتۡ ءَامِنَةً مُّطۡمَئِنَّةً يَأۡتِيهَا رِزۡقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتۡ بِأَنۡعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلۡجُوعِ وَٱلۡخَوۡفِ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴾ النحل: ١١٢.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ﴾ البقرة: ١٥٥. واتە: (سوێند بێت ئێمە ئێوە تاقیدەکەینەوە بە هەندێك ترس و بیم، کە جاری وا هەیە تووشی تاکێك یان خێزانێك، یان شارێك، یان گەلێك دەبێت، هەروەها بە هەندێ برسێتی، هەروەها بە زەرەر لە ماڵ و ساماندا، یاخود بە تیاچوون و مردنی کەسوکار و نزیکان، یاخود کەمبوونی بەروبووم و ڕزق و ڕۆزی... جا لە هەموو ئەو حاڵەتانە تۆ ئەی موحەممەد ﷺ مژدە بدە بە خۆگر و ئارامگران...).

نیعمەتی ئاسایش بە ئاستێکە کە لە قیامەتیشدا گەورەترینی نیعمەتەکانە لەسەر مرۆڤ، دەفەرموێ: ﴿ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ﴾ الحجر: ٤٦.

پێغەمبەر ﷺ گەورەترین نیعمەتەکانی دنیای کۆکردووەتەوە لە سەلامەتی ناوماڵ و کۆمەڵگا، هەروەها سەلامەتی لە نەخۆشییەکان، سەلامەتی لە برسێتی، دەفەرموێ: ((**من أصبح آمناً في سربه، معافى في بدنه، عنده قوت يومه، فقد حيزت له الدنيا**))[1]. واتە: (هەر کەس لەو ڕۆژەدا کە تیایدا دەژی، لە ناوماڵ و خێزان و شوێنی نیشتەنیدا بێوەی بێت، جەستەی تەندروست بێت، نانی ئەو ڕۆژەی هەبێت، ئەوا هەموو دنیای دەستکەوتووە).

(١) ترمذی بە ژمارە (٢٣٤٦)، ئیبن ماجە لە سونەندا، ئیبن حیبان بە ژمارە (٣٣٥٢/٧)، حافز مونزیری بە ژمارە (٤٥/٢) و هیتریش گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی و ئیبن حەجەر و شەوکانی و ئەحمەد شاکر باسیان لە ڕاستی فەرموودەکە کردووە.

## چارەسەری ئاژاوەو پشێوی هزریی و ڕۆحیی

گومانی تێدا نییە ئەو ترس و شڵەژان و تۆقین و ئاژاوە دەروونی و هزری و ڕۆحییانە کە بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا هاتووە، لەبەرئەنجامی تیرۆر و تۆقاندن و کوشتن و تەقینەوەکانەوەیە، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوون و هەبوونی کەموکووڕی گەورە لە سەرچاوەی چالاکی و هەڵسوکەوتەکاندا، ئەویش لادانی هزریی و باوەڕییە.

چارەسەری سەرکەوتووانە بۆ ئەو لادانە هزرییە -وەك هەر نەخۆشییەکی تر- بەپێی ڕێنماییەکانی دەرمانخانەی ئیسلام دەبێت، ئەوانیش لەم چارەسەرانەدان:

* **یەکەم: چارەسەری پەروەردەی ئاینیی هەڵە بە پەروەردەی ئاینیی ڕاست و دروست دەبێت،** بە گۆڕینی ئەو ژینگەیە دەبێت کە بووەتە دایەنگای لادانی هزری، بۆ ژینگەیەك کە ببێتە دایەنگا بۆ هزری ڕاستی ڕووناککەر و میتۆدی میانڕەوی مامناوەند، ئەویش: (لە بوارەکانی باوەڕ، پەرستش، بەهاکان و ڕەفتار، پەروەردە لەسەر بەهاکانی بەزەیی و دڵنەرمی و لەسەرخۆیی و نەرمونیانی و ئارامگرتن، هەروەها هاوشێوەیان کە ئیسلام پڕە لەو بەهایانەو بەشێوەیەکی ناوازە پێیانەوە دەناسرێتەوە) ئەوانیش کورتدەکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

**١- چاککردنی لایەنی باوەڕیی و هزریی:** گومانی تێدا نییە ئوممەتی ئیسلامی لەم چەند سەدەی دواییدا، تووشی چەندین نەخۆشی هاتووە کە پەیوەندن بە باوەڕ و هزرییەوە، شتانی پڕوپووچ و خورافی و بێبنەماو پەنابردنە بەر جنۆکەو شەیتان سەریانهەڵدا، هەروەها پەنابردنە بەر نێوەندگیر لە نێوان بەندەو پەروەردگاریدا بەجۆرەها شێواز، لە هەمانکاتیشدا لایەنداریی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی و باوەڕداران لاواز بووە، کەچی لە بەرانبەرەوە ئەو لایەنداریی بۆ دوژمنان و داگیرکاران و کۆلۆنیالیزمەکان بەهێز بووەو زیادیکردووە، لێرەوە چەندین بزوتنەوەی جیهادی لە زۆربەی جیهانی ئیسلامیدا دژ بە داگیرکەران بەرپابوون و لە لایەنی سەربازییەوە وەدەریانان، بەڵام یاسا و هەژموونیان لە زۆربەی وڵاتاندا هەرمایەوە.

بۆ چارەسەری ئەو شتە پڕوپووچ و هاوەڵگەرییانەش چەندین بزووتنەوە هاتنەکایە، هەندێکیان پەرچەکرداری توندیان نواند، بوونە هۆی ئەوە بازنەی کافرکردن و بازنەی پەرگیریی فراوانتر ببێت، تا لەسەر بنەمای لێکدانەوەو مانا گۆڕین، زۆرێك لەو تاقم و تایفەو کۆمەڵانەی گرتەوە کە لە بابەتی سیفەتەکاندا ڕاجیاواز بوون.

جا ئەگەر ئێمە بەدوای چارەسەری هزریی و باوەڕیدا بگەڕێین، ئەوا دەبێت مەسەلە سەلمێنراو و نەگۆڕەکان لە بواری باوەڕدا ئەوانەیان کە گومانبڕن دیاری بکەین، واتە ئەو مەسەلانە کە لە ئاییندا بەو پرسانە ناودەبرێن کە زەرورەتی ئاینن و ئاین بەبێ ئەوان کامڵ نابێت (المعلوم من الدين بالضرورة)، ئیتر جگە لەمانە ئەوا ئەو ئیجتیهادانەی تر با بەهێزیش بن نەخەینە ڕیزی ئەم زەرورانەوە، بەم پێیەش ئەوا ڕەوا نییە حوکمی کافرکردن بدرێ بەسەر بیرۆەری ئەمانەی دواییدا. دەبێت لە زەین و بیروهۆشدا بیچەسپێنین و قووڵی بکەینەوە کە ئەو دەقانەی پەیوەندن بە باوەڕەوە هەموویان ناچنە خانەی بنەما گومانبڕەکانەوە، بەڵکو ئەوانیش وەك ئەو دەقانەی تر وان کە مەسەلەی گوماناویان تێدایەو لەبارن بۆ لێکدانەوەو فرە هەڵێنجان تیایاندا.

٢- پرۆسەی پەروەردەی ئاینیمان چڕبکەینەوە کە ئیسلام ئاینی بەزەییە بۆ هەمووی خەڵکی، بەڵکو بۆ هەمووی جیهانیش.

٣- جەخت بکەین کە ئیسلام ئاینی ئاسایش و دڵئارامییە بۆ مرۆڤ، دەیەوێت ئاشتی لە سەرتاسەری گەردووندا بەرقەرار ببێت.

٤- نەوەکانمان هەر لە منداڵییەوە فێربکەین کە تۆقاندن و تیرۆر سیفەتی پێشینانی چاکەکار و چاکەخواز نەبووە، بەڵکو سیفەت و نیشانەی زیادەڕەوانە(١).

*** دووەم: گرنگیدانی تەواوەتی بە فراوانکردنی بازنەی لایەنداریی (الولاء) و بە برایەتی ئیسلامی تا هەموان بگرێتەوە، هاوکات هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە،**

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بنەماکانی (٢-٤) کە پێشتر هاتوون.

**بەڵام بە دانایی و ئامۆژکاری چاك، هەروەها گرنگیدان بە بڵاوبوونەوەی کەلتوری خۆشەویستی و قوبوڵکردنی ئەویتر.**

*** سێیەم: لایەنی سزایی لە ڕێگای سەپاندنی ئەو سزایانەوە پەیوەستن بە زیادەڕەویی و تیرۆرەوە کە لەبەرئەنجامی لادانی هزرییەوە سەرهەڵدەدەن.**

* چوارەم: نەهێشتنی هۆکارە کردارییەکانی تر: -لە ملهوڕیی، تاکڕەویی، ستەم، هەژاریی، دواکەوتن، نەزانیی و گەندەڵیی-، ئینجا زەقکردنەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی زانا خواناسەکان تا ببنە مەرجەعی گەنجان.

*** هەڵوێستی ئیسلام لەسەر زیادەڕەویی و توندڕەویی:**

لە بەشی سێیەمدا هەڵوێستی ئیسلاممان دەربارەی زیادەڕەویی و توندڕەویی بە هەموو شێوەکانی، هەروەها بازدان بەسەر میانڕەویدا، هاوکات حوکمی ئیسلام لەسەر خراپەکاریی لە زەویدا، بە سزادانی کوشتن و لە خاچدان و دەست و قاچ بڕین (عقوبة الحرابة)، هەروەها دەستدرێژیکردنە سەر ئاسایشی دەوڵەتمان خستەڕوو.

# بەشی پێنجەم
# لادانی باوەڕیی و پلەکانی، هۆکارەکانی، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا

- پێناسەی ناونیشان.
- لادان تا چ مەودایەك کەسێ دەگرێتەوە کە بانگەوازی پێنەگەیشتووە؟
- چۆنێتی لادانی باوەڕیی لە بواری ئیلحادا.

## پێناسەی ناونیشان

ناونیشانەکە پێکهاتووە لە سێ وشە، هەر یەکەیان بەجیا پێناسە دەکەین، پاشان پێناسەی ئەو زاراوەیە دەکەین کە لەوان پێکهاتووە:

* پێناسەی لادان (الإنحراف):

لادان (إنحراف) چاوگی (إنحَرَفَ)یە، واتە لایدا لە مامناوەندی، دەوترێ: شتێك لە ئاراستەی خۆی لایدا، واتە لەسەر باری ڕاست و دروستی خۆی نەما، گوفتارەکەی لایدا واتە مانای لەفزەکە یان داڕشتنەکەی گۆڕی، یان هەردووکیانی گۆڕی، خوای گەورە لە وەسفی جولەکەدا دەفەرموێ: ﴿ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ﴾ المائدة: ١٣. واتە: (جا بەهۆی ئەوەی کە نەوەی ئیسرائیل بەردەوام پەیمان و بەڵێن شکێن بوون، نەفرەتمان لێکردن و دڵەکانیانمان ڕەق و ڕەش و سەختکرد، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانیان ئەوەیە کە: قسە لە جێی خۆیدا ناکەن و جێگەی دەگۆڕن، ئەوەندە لارو وێرن تەنانەت دەستکاری تەوراتیشیان کردووە، هەروەها بەشێك لەو شتانە کە یاداوەری بوون بۆیان و دەبوو پابەندیان بوونایە فەرامۆشیان کردن و پشتگوێیان خستن).

## * پێناسەی باوەڕیی (العقدي):

باوەڕیی دەدرێتە پاڵ باوەڕ، لە زماندا واتە: پێکەوەبەستن، گرێدان، جێگیرکردن و سەلماندن، کە پێچەوانەی هەڵوەشاندنە[1]. لەفزی باوەڕ (العقيدة) لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتدا بەم مانایە نەهاتووە کە لە ئەمڕۆدا ناسراوە، بەڵام لە ڕووی زاراوەوە هیچ کێشەو گرێکوێلێکی تێدا نییە.

باوەڕ لە ڕووی زاراوەوە بریتییە لە باوەڕهێنانێکی پتەو و گومانبڕ بە خوای گەورەو بە هەموو ئەو سیفەتانە کە هی ئەو زاتەن، هەروەها بە فریشتەکانی، بە پەڕاوەکانی، بە پێغەمبەرانی، بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەر بە چاك و خراپەوە، هەروەها باوەڕهێنان بە هەموو مەسەلە غەیبییەکان، ئەوەش بە بەڵگەی شەرعی باوەڕپێکراو لە قورئان و سوننەتی ڕاست و دروستدا، هەروەها بەو مەسەلانەش پێشینانی چاکەخواز کۆدەنگن لەسەریان.

دەستەبەرکردنی ئەم باوەڕە ئیسلامییە بریتییە لە: باوەڕهێنانی تەواوەتی و گومانبڕ بەو مەسەلە نەگۆڕانە کە پەیوەندن بە شەش پایەکانی باوەڕەوە، کە ئایەتە قورئانییەکان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ باسیان کردووە، لەوانە ئەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴾ البقرة: ٢٨٥. واتە: (پێغەمبەر باوەری تەواوی بەو قورئانە هەیە کە لەلایەن پەروەردگارییەوە بۆی هاتووە، هەروەها ئیماندارانیش هەریەکەیان باوەڕی پتەوی بە خوای گەورەو بە فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی هەیە، بە زمانی حاڵ و بە گوفتار لەناخیانەوە دەڵێن: ئێمە لە ڕووی باوەڕەوە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچکام لە پێغەمبەرانی خوادا، هەروەها دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە گوێڕایەڵ و ملکەچین بۆ زاتی پیرۆزی تۆ، لێخۆشبوونی تۆمان مەبەستە ئەی پەروەردگارمان!! ئێمە دڵنیاین کە سەرئەنجام

(١) سەیری: (القاموس المحيط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسيط)، (المصباح المنير) وشەی (عقد) بکرێ.

هەر بۆلای تۆی مەزن و شکۆمەند دەگەڕێینەوە). هەروەها فەرموودە ڕاستەکەی جبریل (سەلامی خوای لێبێت) کە دەربارەی ئیمان پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ئەویش فەرمووی: ((**أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله وباليوم الآخر وبالقدر خيره وشره من الله تعالى**))[1]. ئەم شەش پایەیە بنەمای باوەڕی ئیسلامن، هەر باسێك کە لەبارەی هەر یەکێکیانەوە هاتووەو بەڵگەی باوەڕپێکراو لە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی پێشینانی لەسەرە دەبێت باوەڕی پێبهێنرێ و کار بە داخوازییەکانی بکرێ[2].

### * پێناسەی هۆکارەکان (الأسباب):

هۆکارەکان کۆی هۆکارە، لە زماندا بە واتای: ڕایەڵەی بەستنەوە هاتووە، هەر شتێکیتریش کە بە هۆیەوە دەگەیت بە شتێکیتر، لە قورئاندا هاتووە کە : ﴿مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ، فَأَتْبَعَ سَبَبًا﴾ الكهف: ٨٤ - ٨٥. واتە: (لە هەموو هۆکارێکی ماددی و مەعنەوی بەهرەمەندمان کردبوو. ئیتر ئەویش سودی لە هەموو هۆکارەکان وەردەگرت...). لە ماناشدا بە ڕێگای ماددی و مەعنەوی دەوترێ بەو پێیە کە هۆکارە بۆ گەیشتن، هۆکارەکانی ئاسمان بریتییە لە پلەکانی بەرزبوونەوە بە لایەنەکانیدا، قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ﴿لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ ، أَسْبَـٰبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ ...﴾ غافر: ٣٦-٣٧ واتە: (بۆ ئەوەی سەرنجێکی هۆکارەکان بدەم....، هۆکارەکانی ئاسمانەکان و...). هۆکارەکانی بڕیاردانیش لە دادوەریدا بریتییە لەو بەڵگە واقیعی و پاساوە یاساییانە کە دادگا دەیانهێنێ[3].

لە زاراوەی ئوسولێشدا: بریتییە لە ڕێگای گەیشتن بە بڕیار بەبێ هەبوونی کاریگەری لەسەری، یان بریتییە لە وەسفێکی ڕواڵەتی توندوتۆڵ و ناساندنی حوکمەکە، وردکاری

---

(١) بوخاری بە ژمارە (٥٠)، (٤٧٧٧)، موسلیم بە ژمارەکانی (٨، ٩، ١٠)، ئەبو داود بە ژمارە (٤٦٩٥)، ئیبن حیبان بە ژمارەکانی (١٥٩، ١٦٨) و کەسانیتریش گێڕاویانەتەوە.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی: (مهذب شرح العقيدة الطحاوية)ی پێشەوا ئەبو عیززی دیمەشقی، ل(٢٩) بکرێ، هەروەها (الشرح الكبير على العقيدة الطحاوية)، د. سەعید فودە، چاپی بیروت ل(١/١٨)، (شرح العقيدة الوسطية) شێخ ئیبن عوسەیمین، ل(٢٨٥) و چەندین سەرچاوەی تریش بکرێ.

(٣) سەیری: (القاموس المحيط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسيط)، (المصباح المنير) وشەی (سبب) بکرێ.

تریش لەبارەیەوە هەن و لێرەدا بواری ئەوە نییە بچینە ناویان(١).

لێرەشدا مەبەست بە هۆکارەکان ئەوەیە کە: هەر شتێك دەگرێتەوە ڕۆڵی هەبێت لە هێنانەکایەی لادانی هزریی، ئیتر ئەو هۆیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، هەروەها مەرجەکانی هۆکار لە زانستی ئوسوڵی فیقە بچەسپێ بەسەریدا یان نا چوونیەکە.

## مەبەست بە لادانی باوەڕیی

مەبەست بە لادانی باوەڕیی بریتییە لە: ڕوو وەرگێڕان لە هەق و ڕاستی و لە ڕێگای ڕاست لە بواری باوەڕدا و ڕۆیشتن بەرەو نارەواییەکی ڕوون، هەروەها لادان لە بەرنامەی مامناوەند و میانڕەو و ڕۆیشتن بەرەو زیادەڕەویی یان شلگیریی لە شتانێکدا کە خاوەنەکەی لە ئاین ناکەنە دەرەوە.

## لادانی هزریی و جۆرەکانی

لەپێشەوە بۆمان ڕوونبوویەوە کە لادانی هزریی، هەموو جۆرەکانی بەلاڕێدا بردنی ئەقڵ لە هەق و ڕاستی و دادگەری و لە میتۆدی میانڕەوی ئیسلامی دەگرێتەوە، ئەویش بە بردنی بەرەو زیادەڕەویی یان شلگیریی، بەم پێیەش ئەوا ئەم جۆرانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

### یەکەم: لادانی باوەڕیی:

ئەمجۆرە یەکەمین پلەکانی لادانەو لەپێش لادانەکانی ترەوەیە، بەڵکو دایکی هەموو لادانەکانی تریشە، ئەم لادانە باوەڕییەش پلە پلەیە، ئەویش بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی لای خوارەوە:

١- پلەی بێباوەڕیی بە مانا گشتگیرەکەی، کە ئەمانە لەخۆدەگرێ:

أ- ئیلحاد و باوەڕ نەبوون بە خوای گەورە.

ب- پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام و دەرچوون لێی بەتەواوەتی.

(١) سەیری (التلويح شرح الوسيط)، ل(٢/١٣٧)، (الإحكام في أصول الأحكام)ی ئامەدی، ل(١/١٢٧)، (كشف الأسرار)، ل(٤/١٧٣)، (إرشاد الفحول)، ل(٧)، (البحر المحيط)ی زەرکەشی، ل(١/٣٠٧) بکرێ.

ج- هاوەڵدانان بۆ خوای باڵادەست و پەرستنی جگە لەو، وەك پەرستنی بتەكان هەروەك لای بتپەرستەكانە، هەروەها هاوەڵگەرە هاوشێوەكانیان.

بە لێكۆڵینەوەو وردبینیكردن دەركەوتووە كە ئەم سێ جۆرە لە یەك پلەدان، یان لە ڕووی مەترسییەوە زۆر لە یەكەوە نزیكن.

د- ئەو لادانە كە پەیوەندە بە باوەڕی هەندێ لە خاوەن پەڕاوەكان لە جولەكەو گاورەكان، كە قورئانی پیرۆز باسیكردووە وەك سێیانەیی و بە گەورە ڕاگرتنی مرۆڤ، هەروەها ئەو سیفەتە ناباش و نەشیاوانە كە دەیدەنە پاڵ پەروەردگاری جیهانیان، هەموو ئەمەش لادانێكی مەترسیدارەو وا لەو كەسە دەكات كە باوەڕی پێیەتی دەرچێت لە ڕاستەڕێی پێغەمبەران و خاوەن پەیامەكان (سەلامی خوایان لێبێت).

**٢- پلەی ئەو لادانە كە خاوەنەكەی دەكاتە دەرەوەی بەرنامەی میانڕەو و مامناوەند،** بەڵام ناچێتە دەرەوەی ئوممەت و ئیسلام، ئەم لادانە -هەروەك ئەبو یوسف كوڕی ئەسیات دەڵێ-: بنچینەكانی بیدعەیە لە باوەڕدا، ئەویش: بریتیە لە خەواریج و ڕافیزە و قەدەری و مورجیئەكان[١].

لەو گروپانەش كە لە جیهانی هاوچەرخماندا دەچنەناو ئەم پلەیەوە بریتین لەو گروپە توندڕەوانە كە دەدرێنە پاڵ ئیسلام وەك: قاعیدە، داعش و هیتری هاوشێوەیان، هەروەها گروپە شیعە توندڕەوەكان، ئەو عەلمانیانەش كە نوێژ دەكەن و ڕۆژوو دەگرن، بەڵام نارِوونی و لێڵییەكی زۆریان هەیە دەربارەی حوكمكردن بەوەی خوای گەورە ڕەوانەی كردووە.

### دووەم: لادانی ڕەوشتی و ڕەفتاریی:

یەكێك لە بەزەییەكانی خوای گەورە بە بەندەكانی، ئەوەیە كە فەرامۆشكردن و نەكردنی پەرستشەكان، هەروەها ئەنجامدانی خراپەكانی نەكردووەتە كوفر و بێباوەڕیی، مادامێ باوەڕ بە خوای گەورەو بەوەی ڕەوانەی كردووە بوونی هەیە، پەروەردگار

(١) سەیری: (شرح المختار فی أصول السنة) نوسینی شێخ عەبدولعەزیز ڕاجحی بكرێ.

دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴾ النساء: ٤٨. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە هەرگیز خۆشنابێت لەوانە کە شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن و لە سەر ئەو بیر و باوەڕە چەوتە دەمرن، بەڵام جگە لەوە بڕیاریداوە لە گوناهانی تر خۆشببێت، بۆ هەر کەس کە بیەوێت و تەوبەی لێبکات، یان لە دۆزەخدا پاکیبکاتەوە، جا ئەوەی شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار دەدات، ئەوە بەڕاستی تاوانێکی ناقوڵای هەڵبەستووە و گوناهێکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە).

## ئایا لادان کەسێك دەگرێتەوە کە بانگەوازی پێنەگەیشتووە؟

لە توێی جۆرەکانی لادانی هزریدا، باسی لادانی باوەڕیی و بێباوەڕیمان بە هەموو جۆرەکانیەوە کرد، لێرەشدا پرسیارێك دێتەگۆڕێ: ئایا ئەو بێباوەڕە ڕەسەنە واتە ئەو کەسە کە هەر لە بناغەوە بێباوەڕەو بانگەوازی پێنەگەیشتووە بە لادەر ئەژمار دەکرێ؟

**بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین:**

١- لە ڕاستیدا لادان هەر جۆرە دەرچوونێك لە ڕاستەڕێی باوەڕ بە خوای گەورە و لە تەواوکارییەکانی دەگرێتەوە، ئیتر ئەوە بە ئەنقەست بێت یان بە ڕێکردن بێت لەسەر ڕێگاو ڕێبازی باوباپیران و چاولێکردنیان بێت، یان بە هەر هۆیەکی ترەوە بێت، چونکە ڕێگاو ڕێباز لە بواری باوەڕ و ئیماندا تەنها دوو ڕێگان، ڕێگای هەق و ڕاستی کە خۆی لە باوەڕهێنان بە بنەماکانی باوەڕی ڕاست و دروستدا وێنا دەکات، ڕێگای ناهەق و ناڕەواش کە خۆی لە بێباوەڕییەکی ئەسڵی و هاوەڵگەری و ئیلحاد و دەرچوون لە مەسەلە نەگۆڕە زانراوەکان کە لە ئایندا زەرورن وێنا دەکات، بەڵام مەسەلە بەشییەکانی تر جگە لە بنەماکانی باوەڕ، هەروەها جگە لە مەسەلە نەگۆڕەکانی ئاین کە کۆدنگییان لەسەرە، ئەوا مرۆڤ لەو بارەدا بە مەرجی خۆی پاساوی وەردەگیرێ.

٢- بەدڵنیایی باوەڕهێنان بە خوای گەورە، بریتییە لە داخوازی ئەقڵی ڕاست و دروست و لە سروشتی پاك، چونکە ئەو سروشتە پاکە کە خوای گەورە مرۆڤی

لەسەری بەدیهێناوە، بریتییە لە باوەڕهێنان بە خوای باڵادەست و بە یەکتاپەرستی و بە ڕۆژی دوایی، هەروەها ڕەوشتە پاك و ساغەکان، هەر ئەم مانایەیە کە پێغەمبەر ﷺ جەختی لەسەر کردووەو دەفەرموێ: ((**ما من مولود إلاّ ويولد على الفطرة، فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه**))[1]. واتە: (هەر تازە لەدایکبوویەك کە لە دایك دەبێت، بە حەتمی لەسەر سروشتی پاك -واتە ئیسلام- لەدایك دەبێت، دواتر دایبابەکەی دەیکەنە جولەکە یان گاور یان ئاگرپەرست). لەبەرئەوە دایکی باوەڕداران گەورەمان خەدیجە (خوا لێی ڕازی بێت) لەدوای هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ الأنعام: ١٦٤. واتە: (هەر کەسێکیش هەر گوناهو تاوانێك ئەنجامبدات ئەوە هەر لەسەر خۆی دەکەوێت، کەسیش گوناهی کەسیتر هەڵناگرێت). خەدیجە دەربارەی مندڵانی هاوەڵگەرانەوە پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ئەویش ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: ((**هم على الفطرة، وقال: هم في الجنة**))[2]. واتە: (ئەوانە لەسەر سروشتی پاکن، ئەوانە لە بەهەشتدان).

پێغەمبەر ﷺ بە یەکێك لە هاوەڵانی فەرموو: ((**يا فلان إذا أويت على فراشك فقل: اللّهم أسلمت نفسي إليك، وألجأت ظهري إليك، رغبة ورهبة إليك، لا ملجأ ولا منجى منك إلاّ إليك، آمنت بكتابك الذي أنزلت وبنبيك الذي أرسلت، فإنك إن متَّ في ليلتك مُتَّ على الفطرة، وإن أصبحت أصبت أجراً**))[3]. واتە: (ئەی فڵانەکەس، هەرکات چوویتە سەر جێگای نوستنت بڵێ: پەروەردگارا من ڕۆحی خۆمم ڕادەستی تۆ دەکەم، پشتم بە تۆ بەستووە، بە حەز و خۆشویستن بێت یان لە ترسی تۆ بێت، هیچ

---

(١) بوخاری، بە ژمارەکانی (٤٧٧٥، ٦٥٩٩)، هەروەها موسلیم بە ژمارە (٢٦٥٨) گێڕاویانەتەوە.

(٢) ئیبن عەبدولبرّ لە کتێبی (الأجوبة المستوعبة)، ژمارە (١٨٢)، هەروەها لە(التمهيد)دا بە ژمارە (١١٧/١٨) گێڕاویەتەوە، فەرموودەکە لاوازییەکی تێدایە، بەڵام ماناکەی بەهێزە ئەوەش بە بەڵگەی بەهێز لە قورئان و سوننەتدا، کە منداڵ تا ئەو کات کە بالّغ دەبێت و ئاینی پێدەگات هەر لەسەر سروشتی پاکە -ئیسلامە-، کەواتە ئەگەر بەرلە باڵغبوون مرد ئەوا لە بەهەشتدایە، ئەمەش ڕەئی هەرە زۆرینەی زانایانە، سەیری کتێبی (شرح النووی على صحيح مسلم)، ل(٢٠٨/١٦)، هەروەها (طريق الهجرتين)ی ئبن قەیم، ل(٦٤٢)، (فتح الباری)، ل(٢٩٠/٣) و وتوویەتی ئەمە ڕەئی بوخارییە.

(٣) بوخاری، ژمارەی فەرموودەکان (٦٣١٣، ٦٣١٥، ٧٤٨٨) گێڕاویەتەوە.

پەناگاو ڕزگاربوونێ جگە لە تۆ بوونی نییە، باوەڕم بەو پەڕاوەت هێناوە کە ناردووتەتە خوارەوە، بەو پێغەمبەرەت کە ڕەوانەتکردووە، جا ئەگەر ئەو شەوە مردی ئەوا لەسەر سروشتی پاك -ئیسلام- دەمری، ئەگەریش زیندوو بوویت و ڕۆژت لێبوویەوە ئەوا تووشی پاداشتی چاك دەبیت). لە ڕیوایەتێکی ڕاستی تریشدا بەم لەفزە هاتووە: ((**إذا أتيت مضجعك فتوضأ وضوءك للصلاة، ثم اضطجع على شقك الأيمن، وقل: اللّهم.... إلى آخر الدعاء، مع زيادة: فأجعلهن آخر ما تقول...**))[1]. واتە: (هەرکات چوویتە سەر جێگای نوستنت دەستنوێژێکی وەك دەستنوێژی نوێژکردن بگرە، پاشان لەسەر لای ڕاستت ڕاکشێ، ئینجا بڵێ:.... تا کۆتایی دۆعاکە، ئەمەشی بۆ زیادکراوە: ئەم دۆعایانە بکەرە کۆتا قسەت...).

توێژینەوە زانستییە کۆن و هاوچەرخەکان پێماندەڵێن کە یەکتاپەرستی ڕاستەقینە بەرهەمی سروشتی پاکە، یان داخوازی سروشتی پاکە[2]، تەنانەت خوای گەورە ئاینەکەی خۆی بە دەقی قورئانی پیرۆز هەر بەوە ناوناوە، دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ الروم: ٣٠. واتە: (کەواتە ئەی مرۆڤی ژیر،

(١) بوخاری، ژمارە فەرموودەکان (٢٤٧، ٦٣١١) گێڕاویەتەوە.

(٢) کتێبەکانی تەفسیر بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەدا کە باس لە سروشتی پاك (فطرة) دەکەن، هەروەها ڕاڤەکارانی فەرموودەکانیش قسەیان لەسەر سروشتی پاك کردووە، ئەمە لەپاڵ زانایانی عەقیدەو زانستی کەلامیشدا، لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانیش لێکۆڵینەوەیەك هەیە بە ناونیشانی (إعجاز القرآن في دلالة الفطرة على الإيمان) هی مامۆستا شەهرانی لە ساڵی ٢٠٠٥ز، تیایدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە سروشتی منداڵی لەدایکبوو بە حەتمی ئەوە دەخوازێ دان بە بەدیهێنەردا بنێت و خۆشیبوێ، ئەرك و داخوازییە سروشتە پاکەکان وردە وردە بەپێی تەواوبوونی کامڵ دەبن، ئەمە لەبارێکدا کە سەلامەت بێت لە شتانی دەرەکی، سەلماندنی سروشتی پاکیش وەڵام و بەرپەرچدانەوەی عەلمانییەکانە، چونکە سروشتی پاك ئەوە دەخوازێ کە هۆکارەکانی ژیار لەگەڵ باوەڕ و بەهاکان و ڕەوشتدا بەهەند بگرین. لەوانەش: لێکۆڵینەوەی مامۆستا مونەووەر لە ساڵی ٢٠٠٥ز بەناونیشانی: (الفطرة في ضوء مصادر التشريع الإسلامي ومقاصده)، تیایدا پەیوەندی سەرچاوەکانی شەریعەتی بە سروشتی پاکەوەو ڕەنگدانەوەکانی لە حوکمە فیقهییەکاندا سەلماندووە، هەروەها توێژینەوەی کورکی لە ساڵی ٢٠٠٤ز بە ناونیشانی: (العقيدة الإسلامية عقيدة عقلية تدفع الفطرة الإنسانية، وتدعو إلى الأستقرار النفسي)، هەروەها توێژینەوەی دەغشی و سامەڕائی لە ساڵی ١٩٩٦ز بە ناونیشانی (الأساس الفطري في التربية الإسلامية)، هەروەها: توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی (دور التربية الإسلامية في الحفاظ على الفطرة الإسلامية...)، کە ئەمە ماستەرنامەی قوتابی خاتون ئەسما عۆدە صۆفی یە لە زانکۆی ئیسلامی لە غەززەی سەربڵند، کۆلیژی پەروەردە، نامەیەکی زۆر بەسودە.

ڕووی دڵ و ڕوخسارت بکەرە ئەو دینەی کە سەرتاپای حەق و حەقیقەتەو بەدوورە لە شتی ناڕەوا، چونکە فیترەت و بەرنامەی خوایە کە لە ناخی خەڵکاندا چاندوویەتی، بەڵام بەهۆی نەفامی و گێلیەوە زۆربەی ئەو خەڵکە لە خۆی تێکدەدات، جا ئەو بەرنامەو پێکهاتەیە بە هیچ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا نایەت، بێگومان هەر ئەوەیشە دین و ئاینی پایەدار و مەحکەم، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە لەو ڕاستیانە تێنا گەن!).

کەواتە فیترەت بریتییە لە باوەڕهێنان بە خوای باڵادەست، بە پەرستنی بە تاك و تەنها و بە دڵسۆزانە، بێباوەڕیش دەرچوونە لە سروشتی پاك، هاوەڵگەریش لادانێکی گەورەیە لە سروشتی پاك. سروشتی پاك (فطرة) هەروەها بەوە ڕاڤەکراوە کە: بریتییە لە پایەداریی لەسەر باوەڕی ڕاست و دروست، سەلامەتبوون لە باوەڕە ناڕەواو پووچەکان، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەڵێ: (ئەم گوتەیە ڕاسترین گوتەیە کە لەبارەی سروشتی پا کەوە هاتبێت، کە مرۆڤ لەسەری لەدایك ببێت -خوای گەورەش زاناترە- ئەویش ئەوەیە کە سروشتی پاك واتە سەلامەتی لە ناڕەواو پایەداریی لەسەر هەق و ڕاستی)[1]، ئەم فەرموودەیەش کە عەییاز کوڕی حەمماری مەجاشعی دەیگێڕێتەوە هەمان مانا دەگەیەنێ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ جارێکیان لە وتارێکیدا فەرموویەتی: ((**ألا إن ربي أمرني أن أعلمكم ما جهلتم مما علمني يومي هذا، كل مال نحلته عبداً حلال، وإني خلقت عبادي حنفاء كلهم، وإنهم أتتهم الشياطين فاجتالتهم عن دينهم، وحرمت عليهم ما أحللت لهم، وأمرتهم أن لا يشركوا بي ما لم أنزل به سلطاناً**))[2]. واتە: (ئێوە بزانن کە پەروەردگارم فەرمانی پێداوم بەوە کە ئێوە نایزانن، ئەمڕۆ فێری کردم فێرتان بکەم، -خوای گەورە دەفەرموێ-: هەر ماڵ و سامانێك کە بەخشیومە بە بەندەیەکم حەڵاڵە، من بەندەکانی خۆمم لەسەر ئاینی پاك بەدیهێناوە، ئەوان شەیتانەکان هاتنەلایان و لە

(١) سەیری کتێبی (درء التعارض)، ل(٨/٤٣٢)، هەروەها (التمهيد)ی ئیبن عەبدولبرّ ل(٧٠/١٧) بکرێ.

(٢) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (٢٨٦٥) گێڕاویەتەوە، سەیری (شرح مسلم)ی نەوەوی، ل(٣٨/٨) بکرێ، ئیبن حیبانیش بە فەرموودەی ژمارە (٦٥٣، ٦٥٤) گێڕاویەتەوە.

ئاینەکەیان وەریانگێڕان، هاتن ئەوەی من حەڵاڵم کردووە بۆیان لێیان حەرامکردن، فەرمانم پێداون هاوەڵم بۆ دانەنێن چونکە فەرمانم پێنەکردووە).

ئیبن عەبدولبرّ لەپاش هێنانی چەندین فەرموودەو گوتەی گێڕدراوە وتوویەتی: (لە ڕاستیدا پێناسەی سروشتی پاك (فطرة) لە ئیسلامدا لەلای گشت زانایان و ڕاڤەکارانی پێشین مەسەلەیەکی زانراوە)[1].

لەپاڵ ئەم باسەی پێشەوەدا ئەوا فەرموودەی خوای گەورە: ﴿أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ﴾ الأعراف: ١٧٢. واتە: (فەرمووی: مەگەر من پەروەردگار و بەدیهێنەری ئێوە نیم؟! هەموو بە یەك دەنگ وتیان: بەڵێ، هەروایە، تۆ پەروەردگار و بەدیهێنەرمانیت). ئایەتەکە بە ڕوونی ئەوە دەگەیەنێ کە ئیقرارێکی خواڕسکی و خۆڕسکی باوەڕهێنانی ئادەمیزاد بە خوای گەورە بەرلە هاتنی بۆ دنیا بوونی هەیە، پاشان پێغەمبەرانی ناردووە تا جەختبکەن لە پابەندبوون بەو پەیمان و بەڵێنەوە، تا بە کردار بەڵگە لەسەریان بسەلمێنن.

جا بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە ئەوا پێدانی ناوی لادان بەسەر کوفری ئەسڵی و هاوەڵگەریدا ناوێکی ڕاستەو هیچ تەموژێکی تێدا نییە.

## چۆنێتی لادانی باوەڕیی لە بواری ئیلحادا

### دەستپێك

هەتا پێشتر باسی باوەڕی ڕاست و دروست نەکرێ، ناتوانرێ لادانی باوەڕیی پێناسە بکرێ، وا ئێمەش لێرەدا باسی: پایەکانی، مەرج و دیسپلینەکانی باوەڕ، هەروەها زۆر بە کورتی باسی پاشگەزبوونەوە دەکەین، بەو ڕادەیە کە پەیوەندە بە بابەتەکەمانەوە، تا لەو ڕێگایەوە شارەزا ببین بە کێشەی لادان و چۆنێتی و پلەکەی، ئینجا بڕیاری حوکمدان لەسەری.

(١) سەیری (التمهید) ی ئیبن عەبدولبرّ ل(٧٢/١٧) بکرێ.

*** پایەکانی باوەڕی ڕاست و دروست:**

پایەکانی باوەڕ بەپێی ئایەت و فەرموودە زۆرەکان شەش پایەن، هەر شەش پایەکەش لەو فەرموودە ڕاستەدا کورتکراونەتەوە کە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، کاتێ جبریل (سەلامی خوای لێبێت) پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کردوو و فەرمووی: ((ما الإيمان؟ قال: أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله، وباليوم الآخر، وبالقدر خيره وشره من الله تعالى))[(١)].

**مەرجەکانی دەستەبەرکردنی باوەڕی ڕاست و دروست:**

باوەڕی ڕاست و دروست کۆمەڵێ مەرجی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

*** مەرجی یەکەم:** باوەڕهێنان بەوە کە ئیسلام (وەك باوەڕ و شەریعەت و بەرنامەی ژیان) کامڵەو تەواوەو شیاوی جێبەجێکردنە:

باوەڕی ڕاست و دروستیش دەستەبەر نابێت هەتا باوەڕێکی گومانبڕ و پتەو بوونی نەبێت کە ئیسلام ئاینێکی کامڵە و بۆ بەرنامەی ژیانی موسڵمانان گشتگیرە، بەوەی کە باوەڕێکی پاکو پوختە بە خوای گەورە، بەوەی کە شەریعەتێکە لە هەموو زمکانێکدا شیاوی جێبەجێکردنە، بەرنامەی ژیانی بەختەوەرییە بۆ دنیاو قیامەت، ئەو گشتگیریەشی دەگاتە هەموو کات و شوێنێك و تاکەکانی کۆمەڵگا و هەموو کاروبارەکانی ژیان دەگرێتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بەردەوام و بەدواداچوون و ئەنجامگیریی هەمووەکی لە ڕێگای دەقە شەرعییەکان -قورئان و سوننەت- و کۆدەنگی ئوممەتەوە هاتووە. لەوانەش ئەم فەرموودانەی خوای گەورەن کە دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾ المائدة: ٣. واتە: (ئەمڕۆ ئیتر ئاین و بەرنامەی دینداریتانم بەکۆتایی گەیاند و نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواوکردن، ڕازیبووم بەوەی کە ئیسلام ببێتە دین و ئاینتان، بە نرخترین ناز و نیعمەتە

(١) بوخاری فەرموودەی ژمارە (٥٠)، (٤٧٧٧)، موسلیم بە ژمارەکانی (٨، ٩، ١٠)، ئەبو داود فەرموودەی ژمارە (٤٦٩٥)، هەروەها ئبن حیبان فەرموودەکانی ژمارە (١٥٩، ١٦٨) و کەسانیتریش گێڕاویانەتەوە.

کە کامەرانی دەستەبەر دەکات). هەروەها ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ﴾ النساء: ٦٥. واتە: (نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەی موحەممەد ﷺ، ئەو خەڵكە باوەڕی تەواویان نیە هەتا لە هەموو كێشەیەكدا كە ڕوودەدات لە نێوانیاندا تۆ و شەریعەتی تۆ نەكەنە داوەر و گوێڕایەڵی نەكەن، دوای ئەوە بەهیچ جۆرێك نابێت هیچ ناڕەزایی و پێناخۆشبوونێك لە ناخیاندا هەبێت دەربارەی ئەو بڕیارەی كە تۆ داوتە، بەڵكو دەبێت بەتەواوەتی تەسلیم و ڕازی بن). ﴿ وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ﴾ النحل: ٨٩. واتە: (ئێمە تۆیشمان -ئەی موحەممەد ﷺ- ڕەوانە كردووە بۆ سەر ئەو خەڵكە تا شایەت بیت لەسەریان، هەروەها ئەم قورئانەشمان بۆ نازڵكردوویت كە هەموو شتێكی پێویستی دەربارەی دنیاو قیامەت تێدا ڕوونكراوەتەوە، هەروەها هیدایەت و میهرو ڕەحمەت و مژدە بەخشیشە بە موسڵمانان لە سەرجەم زەمان و زەمینێكدا). ﴿ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾ الجاثية: ١٨. واتە: (پاشان -ئەی موحەممەد ﷺ- ئێمە تۆمان خستۆتە سەر ڕێباز و بەرنامەیەكی ڕاست و ڕەوان لە هەموو ڕوویەكەوە، كەواتە تۆش پابەندی بەو لێی لامەدە، هەرگیز نەكەی شوێنی ئارەزووی ئەو كەسانە بكەویت كە نەفام و نەزانن...).

لەبەرئەوە زانایانی موسڵمان لە هەر سێ سەدەی یەكەمدا كۆدەنگن، كە گوفتاری خوای گەورە باسی حوكمی شەرعی هەر كردەوەیەك لە كردەوەكانی بەندەكانی تێدایە، ئیتر بە دەق بێت یان بە ئیجتیهاد بێت، پێشەوا شافیعی لە كتێبی (الرسالة)دا كە كۆكەرەوەی هەموو ئەو مەسەلانەیە زانایانی پێشین لە ئوسوڵی فیقهدا لەسەری بوون، دەڵێ: (هەر شتێك بێت بەسەر خەڵكانی خوادا بە حەتمی لە قورئاندا بەڵگەی ڕێنیشاندەر هەیە بۆ چارەسەركردنی و گرتنەبەری ڕێگای هیدایەت)[١]، پاشان

(١) سەیری (الرسالة)ی پێشەوا شافیعی، ل(٢٠) چاپی قاهیرە بكرێ.

هاتووە وتوویەتی ئەوەش یان بە دەق یان بە ئیجتیهاد هاتووە[١].

تەنانەت ئەو زانایانەش کە بە ڕاستگۆیانە هاتوونەتە ناو ئیسلام دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە، وەك فەیلەسوفی ناسراو ڕۆجیە غارودی -بە ڕەحمەت بێت-، لەو کتێبانەیدا کە لەبارەی ئیسلامەوە دایناون جەختدەکات و دەڵێ: (گشتگیری ئیسلام وایلێکرد کە تێبگات لە هەموو ئەو ئاین و هزر و ڕێباز و بەرنامەو کەسایەتی و ڕووداوانەی بەدەوریدان و فێریان بێ)[٢]، هەروەها وتوویەتی: (ئیسلام هەموو ڕێسا هەموەکییەکانی بۆ تەواوی بوارەکانی ژیان داناوە)[٣]، دەڵێ: (گشتگیری ئیسلام پێویستی بە تێگەیشتنە لە ڕاستییە هەموەکی و یاسا گشتییەکان و مەبەستە هەموەکییەکان، ئینجا دابەزاندیان و بەگەڕخستنیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و ....، ئەوەش لە ڕێگای ئیجتیهادی ئەقڵییەوە لە میانەی واقیعێکی ژیانی و دنیاییدا کە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە)[٤].

بەڵام گشتگیری ئیسلام بەو مانایە نییە کە ڕۆڵی ئەقڵ فەرامۆش بکرێ، چونکە ئەقڵ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ئیجتیهاد و هەڵێنجان لەو مەسەلانەدا کە دەق لەسەریان نەهاتووە، ئەو ڕۆڵەشی لە ڕێگای پێوانەگیریی، بەرژەوەندییە بەرچاوەکان، بەچاکزانین و مەبەستەکانەوە دەبێت، هەموو ئەمانەو هیتریش کاری ئەقڵن کە بەهۆی ڕوونا کی دەق بە دروستی ڕێدەکات، خزمەتکارە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەت و بەدەستهێنانی هۆکارەکانی.

ئەقڵ لەگەڵ دەقی گومانبڕیشدا ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لێی و بۆ گەیشتن بەوە کە دەقێکی گومانبڕە یان نا، پاشان ڕۆڵی خۆی هەیە لە ڕوونکردنەوەی مەرج و ڕێگرەکان، هەروەها لە فیقهی دابەزاندن و جێکەوتەکانی و فیقهی سەرئەنجامەکان و هاوشێوەیاندا.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٧٧).
(٢) سەیری کتێبی (الإسلام دین المستقبل) ڕۆجیە غارودی.
(٣) سەرچاوەی پێشوو.
(٤) سەرچاوەی پێشوو.

بەڵام ئەگەر هاتوو دەقەکە گوماناوی بوو، ئەوا ڕۆڵی ئەقڵ گەورەترە، چونکە -لەپاڵ ئەو ڕۆڵەیدا کە لە پێشەوە هاتووە- ڕۆڵێکیتر دەگێڕێ، ئەویش بریتییە لە دڵنیابوون لە ماناکان و بەهێزکردنی مانایەك بەسەر یەکێکیترياندا، یان کۆکردنەوە لەنێوانیاندا، یان هێنانی مانایەکی نوێ کە لە دەقەکەدا بوونی هەبێت و پێشینان نەیانخستبێتە ڕوو.

جا هەرچەندە ئەم پرەنسیپە هەمووەکییە ئاشکرایەو زۆر ڕوونە، لەسەر میتۆدی خوێندنەوەی یەك بەدوا یەك و ئەنجامگیری لێی (الإستقراء) بەرپابووە، ئەوا هەر کەسانێك هەن بە هیچ جۆر باوەڕیان بەم پرەنسیپە نییە، هەشیانە بەشێوەی لاوەکی و بەشی باوەڕی پێیەتی، ئێمەش لێرەدا زۆر بە کورتی باسی هەردوو توێژەکە دەکەین:

**توێژی یەکەم:** ئەوانەن کە باوەڕیان بە شیاوێتی ئیسلام نییە، واتە لە ڕووی باوەڕ و شەریعەت و بەرنامەی ژیانەوە کاملە و شیاوەو بێ کەموکوورییە، ئەوانەش مولحیدەکانن، جا ئەگەر بدرێنە پاڵ ئیسلام ئەوا کەسانی پاشگەزبوون، ئەگەریش وەها نەبوون ئەوا بێباوەڕەکانن، وەك شیوعی و ئەو عەلمانیانەی کە بێباوەڕیان لە بەرنامەی خۆیاندا یان لە پارتەکانیاندا جێگیرکردووە و باوەڕیان پێیەتی.

پاشگەزبووەکان حوکمی شەرعی تایبەتیان لەسەرە، لێرەدا بواری ئەوە نییە بچینەناو وردەکارییەکانی[1]، بێباوەڕەکانیش بەهەمانشێوە حوکمی تایبەتیان هەیە، لەو ڕووەوە کە ئایا ئەوانە خەڵکانی شەڕکەری دژ بە ئیسلامن یان پەیمان و پارێزبەندیان هەیە[2].

توێژی دووەم: ئەوانەن کە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە، زۆربەیان نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن، بەڵام پێیانوایە ئیسلام لە ڕووی پەرستش و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و چاکبوونی دڵ و ڕەوشتەوە بریتییە تەنها لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاری، جگە لەوە

---

(١) بۆ حوکمی پاشگەزبوو سەیری کتێبی (بدائع الصنائع)، ل(١٣٧/٧)، (شرح الخرشي)، ل(٦٢/٨)، هەروەها (شرح المحلي مع حاشيتي القليوبي وعميرة)، ل(١٧٤/٤)، هەروەها (المهذب)، ل(٢٢٢/٢)، (منتهى الإرادات)، ل(٤٩٨/٢)، (المغني)، ئیبن قودامە ل(٥٤٠/٨) بکرێ.

(١) سەیری (بدائع الصنائع)، ل(١٠٢/٧-١٠٣)، هەروەها (تكملة فتح القدير)، ل(١٧٤/٨-١٧٦)، (الشرح الكبير مع الدسوقي)، ل(٣٦٩/٢)، (المغني نهاية المحتاج)، ل(٤٢١/٢)، هەروەها (أحكام الذمة) دکتۆر عەبدولکەریم زێدان بکرێ.

ئیتر ئیسلام کاری نییە بە کاروبارەکانی دنیاوە، هەیانە دەڵێت: پەیوەندی ئیسلام بە کاروبارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بووە، ئێستە تەواو بووە، هەشیانە دەڵێت: ئیسلام جیهاد و سیاسەتی تێدا نییە، دەبێت سیاسەت و ئاین لەیەك جیابکرێنەوە، واتە: (لێگەڕێ ئەوەی هی خوایە بۆ خوا و ئەوەش هی قەیصەرە بۆ قەیصەر)، هەیشیانە دەڵێ: مەعلومە کە ئیسلام ئاینێکی پیرۆزە، پێویستە پارێزگاری لێبکرێ و بپارێزرێ لەوەی پرسە سیاسییەکانی تێکەڵ بکرێ کە هیچ ڕەوشتیان تێدا نییە، هەر بۆیە پیرۆزی ئیسلام ئەوە دەخوازێ لەناو بازنەی مزگەوتدا بمێنێتەوەو لەو زیاتر نەڕوات، تیاشیاندایە دەڵێ: ئیسلام بریتییە لە دنیانەویستی بە هەموو ڕووەکانیەوە، بەم پێیەش دەبێت موسڵمان لە ژیان دابېڕێ و کەنارگیر بێت، لەسەر ئەو حاڵەتە ئارامبگرێ تا دەمرێ، هەروەها تیایاندایە دەڵێ: ئیسلام بریتییە لە جیهاد و لە شەڕکردن لەدژی دوژمنان تا ڕۆژی قیامەت، بەم پێیە ئەوا دەبێت بگەڕێین بەدوای ناوچە ململانێیە گەرم و گڕگرتووەکاندا و تیایاندا بجەنگین تا ئەو ساتەی شەهید دەبین لەپێناو خوای گەورەدا.

هەموو ئەم بۆچوونانە دوورن لە تێگەیشتی ڕاست و دروستی ئیسلام، لادانی هزری و باوەڕیان هەیە، بەڵام بە هیچ جۆر حوکمی کوفر نادەین بەسەر کەسانی دیاریکراو تیایاندا، چونکە کوفری دیاریکراو مەرج و دیسپلینی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەوانە لایانداوە لە بەرنامەی میانڕەو و مامناوەند و لە ڕێگای ڕاستی ئیسلام، ڕێگای پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و چاکەکاران، ئەم فەرموودەی خوای گەورەیەش دەچەسپێت بەسەر بیرو بۆچوونی ئەوانەدا، دەفەرموێ: ﴿أَفَتُؤۡمِنُونَ بِبَعۡضِ ٱلۡكِتَٰبِ وَتَكۡفُرُونَ بِبَعۡضٖۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفۡعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمۡ إِلَّا خِزۡيٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلۡعَذَابِۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴾ البقرة: ٨٥. واتە: (باشە ئێوە باوەڕتان بە هەندێکی تەورات هەیەو باوەڕتان بە هەندێکی نیە؟! جا تۆڵە و ئاکامی ئەو کەسەی شتی وادەکات جگە لە سەرشۆڕی و خەجاڵەتی

لە ژیانی دنیایدا هیچی تری بۆ نامێنێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتیشدا خراپترین و بەسۆترین سزایان دەدرێت، جا وەنەبێت خوای گەورە غافڵ بێت لە کارو کردەوەکانتان).

هەروەها فەرموودەی خوای گەورە لەسەر ئەو سوێندخۆرانە کە بوونە هاوپەیمانی یەکتر تا سەرپێچی پێغەمبەران بکەن، وەك قەومی صالح کە وتیان: ﴿ قَالُواْ تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ﴾ النمل: ٤٩. واتە: (سوێندیان بە خوای گەورە خوارد و وتیان کە شەو داهات -صالح- و خانەوادەکەی لەناو دەبەین). هەروەها وەك خاوەن پەڕاوە ئاسمانیەکان، ئەوانەی کە ئەو پەڕاوەی بۆیان هاتووەتە خوارەوە دابەشیانکردووە بۆ دوو بەش: ئەوەی حەزیان لێ بووە باوەڕیان هێناوە پێی، ئەویتریان ڕەتکردووەتەوەو باوەڕیان پێی نەبووە(١)، بوخاری لە صەحیحدا لە ئیبن عەبباسەوە ﵄ دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (ئەوانە خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکانن، هاتوون بەش بەشیان کردووە، باوەڕیان بە بەشێکی هێناوە، باوەڕیشیان بە بەشەکەی تری نەبووە)(٢).

ئەم نەخۆشییە یەکێکە لە نەخۆشییەکانی خاوەن پەڕاوە پێشووەکان، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز زۆر بە توندی وریایی لەبارەیەوە داوە، خوای باڵادەست فەرمانمان پێدەکات بچینەناو ئیسلامەوە و باوەڕ بە هەمووی بێنین، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴾ البقرة: ٢٠٨. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، هەر هەمووتان بچنە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامەوە و هەموو لایەنەکانی پیادە بکەن، مەبەستی سەرەکیتان ببێتە بەرپا کردنی ئاشتی و ئاشتەوایی لە کۆمەڵگادا، نەکەن شوێن پلان و نەخشەو هەنگاوەکانی شەیتان بکەون، چونکە ئەو بەڕاستی دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە). مەبەستیش بە سلم لێرەدا ئیسلامە، ئەم مانایەش لە زۆرینەی زانایانی پێشینەوە وەك ئیبن عەبباس، موجاهید، تاووس، زەحاك، عەکرەمە، قەتادە، سەدی و ئیبن زەیدەوە

(١) سەیری: (تفسير الطبري)، (تفسير القرطبي)، (تفسير إبن كثير)، ئایەتی ٩٠ سورەتی النحل بکرێ.
(٢) صەحیحی بوخاری، فەرموودەکانی ژمارە (٢٩٤٥، ٤٧٠٥).

گێردراوەتەوە، هەندێکیان وتوویانە لەبارەی چەند کەسێکی جولەکەوە هاتووە، کاتێ مۆڵەتیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ خواستووە کە ڕۆژانی شەممان زیندوو ڕاگرن و بە شەودا لەگەڵ تەوراتدا بن، خوای گەورەش فەرمانی پێداون کە با بەتەواوەتی بچنەناو ئاینی ئیسلامەوە، هیچی لێ نەبوێرن، ئیسلامیان بەسە و جێگای باوەڕیان بە تەورات و بە کتێبە ئاسمانییەکانی تر بۆ دەگرێتەوە کە هاتوونەتە خوارەوە[1].

لە ڕووی زمان و شەرعیشەوە هیچ لارییەك نییە لەوەی وشەی ئاشتی (سلم) بە مانای سڵاو و ئاشتەوایی بێت، ئەو کاتیش مانا کە واتە بچنەناو ئەو ئاشتی و ئاشتەواییەوە کە ئیسلام بۆیان جێبەجێ دەکات، ئەوەش هەرکات هاتن پابەند بوون بە هەموو حوکم و پرەنسیپ و یاسا شەرعییەکانیەوە.

پرسیار لە گەورەمان سەلمان ﷺ کراوە کە: (ئایا بەڕاست پێغەمبەرەکەتان هەموو شتێکی فێرکردوون، تەنانەت چوونە سەرئاو و خۆخاڵیکردنەوە؟ وتوویەتی: بەڵێ، ئەو ﷺ ڕێگری لێکردووین لە کاتی پیسی و میزکردندا ڕوو بکەینە قیبلە...)[2].

چونکە ناکرێت هەڵوێستی بەندە بەرانبەر بە ئاینی خوا بە ویست و دەستبژێری خۆی بێت، واتە هەرچییەکی بەدڵ بوو باوەڕی پێبێنێ و کاری پێبکات، هەرچیشی بەدڵ نەبوو پشتگوێی بخات، چونکە ئەوە کارێکە هەر لە بنچینەوە دژە بە بنەمای ئاین، کە لەسەر خۆڕادەستکردنی تەواوی دڵ و دەروون و ئەقڵ و جەستە بۆ ئەو پەروەردگارە بەرپابووە، کە دەیان ئایەتی قورئانی و فەرموودەی سەلمێنراو جەختی لەسەر دەکەن، بەڵکو موسڵمان لە نوێژەکەیدا بەردەوام دەستەواژەی (حنیفاً مسلماً) دووبارە دەکاتەوە.

* **مەرجی دووەم:** دەبێت یەکتاپەرستی پاکو بێگەرد بۆ خوای گەورە دەستەبەر ببێت:

---

(١) سەیری (تفسیر الطبري)، (القرطبي)، (إبن کثیر) بۆ ئایەتی ٢٠٨ی سورەتی البقرە بکرێ.

(٢) موسلیم، فەرموودەی ژمارە (٢٦٢)، هەروەها ئەبو داود فەرموودەی ژمارە (٧)، ترمذی فەرموودەی ژمارە (١٦)، وتووشیەتی فەرموودەیەکی ڕاستە، (الإستذکار)ی ئیبن عەبدولبرّ، ل(١٧٥/١) گێڕاویانەتەوە.

ئەمەش لەو قەناعەتەوە کە خوا تا کە بەدیهێنەری گەردوونەو هەموو ئەوەی کە تێیدایە، تا کە کاربەڕێکەریەتی، لە بەدیهێنان و بەرنامەڕێژی بۆی هاوەڵی نییە، تەنها ئەو زاتە شایانی پەرستنەو هیچ کەس ناکرێتە هاوەڵی.

لە ڕاستیدا بەجێگەیاندنی ئەم مەرجەش کۆتا مەبەست و کۆتا ئامانجە، باڵاترین ئامانجە لە ناردنە خوارەوەی پەڕاوە ئاسمانییەکان و لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەراندا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾ الأنبياء: ٢٥. واتە: (ئێمە لە پێش تۆیشدا هەر پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردبێت، وەحی و نیگامان بۆ کردووە بە خەڵکی ڕابگەیەنێت کە جگە لە من خوایەکی تری بە حەق نیە کە شایستەی پەرستن بێت، کەواتە هەر من بپەرستن و تەنها پەیڕەوی لە بەرنامەکەی من بکەن). ئەم ئایەتە هەردوو بەشی یەکتاپەرستی پاکو بێگەردی واتە پەروەردگارێتی و خوایەتی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە، هەردوو پلەی پەرستن و داوای یارمەتی لێی ڕوونکردووەتەوە کە تەنها مافی خوای گەورەن، ئەو دوو پلەیەن کە موسڵمان ڕۆژانە لە نوێژەکانیدا چەندینجار دووبارەیان دەکاتەوەو دەڵێ: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ الفاتحة: ٥. داوای هیدایەتیش تەنها لەو زاتە دەکرێ: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ الفاتحة: ٦. بەهەمانشێوە موسڵمان باوەڕەکەی بۆ جێبەجێ نابێت تا بەتەواوەتی نەچێت بەدەم ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەوە: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ، لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾ الأنعام: ١٦٢-١٦٣. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ- هەروەها بڵێ: لە ڕاستیدا من نوێژەکانم، سروتەکانم -لە حەج و عومرەدا، بەڵکو سەرجەم چالاکیەکانم- هەروەها ژیانم بە تەواوەتی و خۆ ئامادەکردنیشم بۆ مردن، هەر هەموویم خستۆتە چوارچێوەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە....ئەو زاتە کە بەهیچ شێوەیەك شەریك و هاوبەشی نیە، من هەر بەوشێوەیە فەرمانم پێدراوە کە تاماوم پابەند و ملکەچی فەرمانی ئەو زاتە بم، من یەکەم کەسم لە موسڵمانان).

پەروەردگار زۆر بە ڕوونی باسیکردووە کە سزای هاوەڵگەریی هیچ هەڵاوێرکردنێکی بۆ هیچ کەسێك تێدا نییە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ الزمر: ٦٥. واتە: (جا تۆ دڵنیابە کە: ئەوە وەحی و نیگای ڕاست و دروستە کە بە تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆش ڕاگەیەنراوە، کە: کورتەکەی ئەمەیە: ئەگەر لە ڕووی عەقیدە و ئیمان و بیر و باوەڕەوە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدەیت، ئەوە کار و کردەوە چاکەکانیشت پووچ و بێنرخ دەبن و تۆ دەچیتە ڕیزی خەسارتمەندانەوە...). لێبخۆشبوونی خوای گەورەش هەموو شتێك دەگرێتەوە جگە لە هاوەڵگەریی، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴾ النساء: ٤٨. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە هەرگیز خۆشنابێت لەوانەی کە شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن و لەسەر ئەو بیر و باوەڕە چەوتە دەمرن، بەڵام جگە لەوە بڕیاریداوە لەگوناهانی تر خۆشببێت، بۆ هەر کەس کە بیەوێت و تەوبەی لێبکات، یان لە دۆزەخدا پاکیبکاتەوە، جا ئەوەی شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار دەدات، ئەوە بەڕاستی تاوانێکی ناقۆڵای هەڵبەستووە و گوناهێکی زۆر گەورەی ئەنجامداوە).

جا وێڕای ئەم زۆر گرنگیدانە بە یەکتاپەرستی پاکو بێگەرد و چڕکردنەوەی و جەختکردن لەسەری لە هەموو پەڕاوەکان و لە هەموو پێغەمبەرانەوە، کەچی زۆرینەی خەڵکی لەم بوارەدا قاچیان هەڵخلیسکاوە، ئەویش لە ڕێگای پەرستنی شتانی غەیری خوای باڵادەست، هەروەها باوەڕهێنان بە بتەکان و هاوشێوەیان، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾ یوسف: ١٠٦. واتە: (لە هەمانکاتدا زۆربەی ئەو خەڵکە باوەڕی ڕێك و پێك و تەواویان بە خوای گەورە نیە، زۆرجار شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن). چڕکردنەوەو جەختکردنی شەیتانیش لەسەر ئەم بوارە زۆر گەورەیە، دەستەڵات و توانای لەم بوارەدا زۆر بەهێزە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ، إِنَّمَا

سُلۡطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ ﴾النحل: ٩٩-١٠٠)، واتە: (لە ڕاستیدا ئەو شەیتانە هیچ جۆرە دەستەڵاتێکی بەسەر ئەو کەسانەدا نییە کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و پشتیان بە پەروەردگاریان بەستووە ...بەڵکو ئەو شەیتانە تەنها دەستەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە خۆیان کردۆتە گوێ لەمستی و فەرمانبەرداری ئەون، هەروەها ئەوانەش کە شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن).

تەنانەت لەناو ئەو ئومەتانەشدا کە باوەڕیان بە خوای گەورە هەبووە، هاوەڵگەریی ئاشکرا یان شاراوە گەورەترین ئاڵەنگاری بووە بۆ باوەڕی ڕاستەقینەو بۆ یەکتاپەرستی پاکو بێگەرد، چونکە شەیتان توانیویەتی لەژێر پەردەی خۆشویستنی پێغەمبەران و ئەولیاو کەسانی چاکەخوازەوە ڕێگایەك بدۆزێتەوەو لێیەوە بچێتەناو دڵی هەندێ لە باوەڕداران، ئەوەش بە گومانێك کە لە ڕاستی و کرۆکیدا فشەڵ و بۆش بووە، بەڵام سۆزدارییەك بووە کاریکردووەتە سەر خەڵکە عەوامەکە.

ئەم بوارەش مەترسیدارترین بوارە کە پێیەکان تووشی هەڵخلیسکان بین تیایدا، ئەمە ئەگەر بێتو باوەڕدار لە ڕێگای دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست و دروستەوە بەرچاوڕوون نەبێت.

لەبەرئەوە جۆرێك لە گۆڕپەرستی دەبینین، کڕنوشبردن بۆیان بە ڕوونی دیارە، ڕۆیشتن بەرەوپیریان لەسەر سنگ و ڕووتێکردنیان و داوای یارمەتی لێیان دیار و بەرچاوە ﴿إنّا للهِ وإنّا إليهِ رَاجِعُونَ﴾.

گرفتی گەورە ئەوەیە ئەو کەسانە وا گومان دەبەن کە بەو هاوەڵگەرییەیان نزیکدەکەونەوە لە خوای گەورە، وەك بڵێی هەر ئەوە دەڵێنەوە کە نەفامەکان پێشتر وتوویانە: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ الزمر: ٣، واتە: (دەڵێن: ئێمە بۆیە ئەم کەسانە یان ئەم شتانە دەپەرستین: تا نزیکمان بکەنەوە لە خوای گەورە). ئەوانە دەڵێن خاوەنانی ئەم گۆڕانە توانایان هەیە بێن بەدەم جێبەجێکردنی داوا کاری ئەوانەوە، تەنانەت لە هەندێ کاتیشدا وا گومان دەبەن کە وەڵامدانەوەو گیرابوونی دۆعا کان

خێراترە، چونکە ئەو خاوەن گۆڕانە بەو پێگەیەی کە هەیانە داوا لە خوای باڵادەست دەکەن، خوای گەورەش دەستبەجێ داواکانیان بۆ جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەگەر بهاتایە ئەو کەسانە خۆیان ڕاستەوخۆ داوایان لە خوای گەورە بکردایە لەوانەیە پاڕانەوەکانیان گیرا نەبوایە، چونکە سەرپێچکار و گوناهکارن، هی واشیان تێدایە گومانی وایە کە خوای گەورە ئەو دەستەڵاتانەی داوە بەو خاوەن گۆڕانەو ئەوان ڕاپەڕێنەرن و فەرمان دەکەن و بەگوێیان دەکرێ، ئا بەمجۆرە ئەوانەیان کردووتە هاوبەشی خوا لە بەدیهێنان و هەڵسوکەوت و کاربەڕێکردندا، ﴿وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ الأنعام: ١٠٠. واتە: (پاکی و بێگەردی و بڵندی بۆ ئەو زاتە کە دوورە لە هەموو ئەو سیفەتە ناقۆڵا و نادروستانەوە کە ئەوانە خوای گەورەی پێ پێناسە دەکەن...).

لە ڕاستیدا زۆرینەی ئەوانەی بە نەزانی ئەم کارە دەکەن، دەڵێن گوایا خوای گەورە دەپەرستن و کارێکی باش دەکەن، لەبەرئەوە چارەسەری گرفتی ئەوانە بە گرتنەبەری ڕێگای هۆشیارکردنەوەو فێرکردنە بە هێمنی و بە دانایی و بە پلەبەندی، دەرمانی چاکبوونەوە لەو نەزانییان بریتییە لە زانستی ڕاست، ئەویش لە ڕێگای تێگەیشتنی ڕاست و دروستی باوەڕی ڕاستەوە، ئەزموونە ڕابردووەکانیش سەلماندوویانە کە میتۆدی ڕاست و دروست بریتییە لە میتۆدی نەرمونیانی و دانایی و پلەبەندی و فێرکردن و پەروەردە کردن، ئەویش بە پابەندبوون بە ڕێبازی پێغەمبەری بەزەیی بۆ جیهانیان ﷺ، کە لەسەر بەزەیی و ئەقڵگیری و هیدایەت بەرپابووە، ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا﴾ الكهف: ١٠. واتە: (وتیان: پەروەدگارا لە سۆز و ڕەحمەت و میهری خۆت بەهرەمەندمان بکە، ڕێگە و ڕێبازی سەرفرازیمان بۆ بسازێنە، لەم هەوڵ و کۆششەماندا ڕێنموینمان بکە).

هەر لەم بوارەدا چەندین مەرجی تر هەن بەڵام سروشتی لێکۆڵینەوەکە ڕێگانادات باسبکرێن.

## کێشەی پاشگەزبوونەوە و لادانی باوەڕیی

پاشگەزبوونەوە (الردّة) لە فەرهەنگی زمانەوانیدا: بریتییە لە پاشگەزبوونەوە لە شتێك و ڕووکردنە شتێکیتر[1]، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ﴾ المائدة: ٢١. واتە: (نەکەن پاشگەز ببنەوە و پەشیمان ببنەوە و پاشەکشێ بکەن تا خەسارەتمەند نەبن).

لە زاراوەشدا: بریتییە لە پاشگەزبوونەوەی موسڵمانێکی باڵغ و ژیر لە ئیسلام بە ویستی خۆی و ڕووکردنە بێباوەڕیی، بە دەستەواژەی زانایانیش: (بریتییە لەوە موسڵمانێك بە گوتەیەکی ڕاشکاو خۆی کافر بکات، یان کردەوەیەکی ئاشکراو ڕوون بکات کە ماناکەی دژ بێت بە باوەڕ و پێچەوانەی ئیمان بێت)[2].

یەکێك لە شێوەکانی پاشگەزبوونەوە ئەوەیە موسڵمانێك ئاینەکەی خۆی بگۆڕێ و بچێتە سەر ئاینێکی تر، یان نکولی لە پایەیەك لە پێنج پایەکەی ئیسلام بکات، یان لە یەکێك لە شەش پایەکەی ئیمان، یان لە مەسەلەیەکی زەروری ئاین کە بێ ئەو ئاین ئاین نییە، وەك نکولی لە بوونی خوای گەورە، یان پیادەکردنی باوەڕی شیوعیەت، یان هەر باوەڕێکی تری ماددی کە باوەڕی بە خوا نییە، یان بە ڕۆژی دوایی، یان فریشتەکانی، یان مەسەلەکانی تریش، یان هەستێت بە لاقرتی و گاڵتەجاڕی بە خوای باڵادەست، یان پێغەمبەرەکەی، یان بە قورئانی پیرۆز.

خوای گەورەش باسیکردووە کە کەسی هەڵگەڕاوەی بێباوەڕ بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدایە، دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ البقرة: ٢١٧. واتە: (جا ئەوەی پاشگەزبێتەوە لە ئاینەکەی و بە کافری بمرێت، ئەوا هەموو

(١) سەیری: (القاموس المحیط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسیط) وشەی (ردد) بکرێ.

(٢) بۆ ئەحکامەکانی پاشگەزبوونەوە سەیری: (المبسوط)، ل(١٢٢/١٠)، (بدائع الصنائع)، ل(١٣٤/٧)، (شرح الخرشي)، ل(٦٢/٨)، (شرح المحلي مع حاشیتي القلیوبي وعمیر)، ل(١٧٤/٤)، (المغني)، ل(٥٤٠/٨)، (منتهى الإرادات)، ل(٤٩٨/٢) بکرێ.

کردەوە چاکەکانیان پووچ و بێنرخ دەبێت لەم دنیایەدا و لە جیهانی دواییشدا، ئەوانە دەبنە نیشتەجێی نێو ئاگری دۆزەخ و بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە).

گومانی تێدا نییە کە پاشگەزبوونەوە لوتکەی لادانی باوەڕییە، چونکە کەسی پاشگەزبوو ئیسلامی ناسیوە کە ئاینێکی هەقە، پاشان دێت دەیگۆڕێ بە ئاینێکی تر، یان بە ئیلحاد، لەبەرئەوە ئیسلام لە بەرانبەرەوە حوکمی شەرعی زۆر توندی لەسەری هەیە، چەندین حوکمی لە ڕووی سزادان، هەروەها میرات و هیتریشەوە بۆ داناوە، لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بچینە وردەکاری ئەو حوکمانە.

### لە نێوان پاشگەزبوونەوەو مەسەلە هەڵوشێنەرەکانی باوەڕدا:

مەعلومە کە دەقە شەرعییەکان لە قورئان و سوننەتدا -هەروەها کتێبی فیقهناسە مەزنەکانمان- وشەی پاشگەزبوونەوە (الرِّدّة)یان بۆ ئەم لادانە مەترسیدارە بەکارهێناوە، بەڵام لەم دەیان ساڵەی دواییدا زاراوەی (هەڵوشێنەرەکانی باوەڕ) بڵاوەیکردووە، زۆرینەی ئەوانەی قسەیان لەسەری کردووە لەو بازنەیەدایە.

ئەوەی بۆم دەرکەوتووە و لام بەهێزە، ئەوەیە کە زاراوەی پاشگەزبوونەوە لە زاراوەی (هەڵوشێنەرەکانی باوەڕ) باشتر و وردترە، چونکە پاشگەزبوونەوە زاراوەیەکی شەرعییەو لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، خودی زاراوەکەو حوکمە شەرعییەکانی لە کتێبەکانی سوننەت و ڕاڤەیان و لە کتێبە فیقهییەکاندا هەر بەمجۆرە نوسراوەو هاتووە.

لەلایەکیترەوە زاراوەی پاشگەزبوونەوە زاراوەیەکی سنوردارە و تایبەتە بە پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام و هیچ مانایەکی تر هەڵناگرێ، بەڵام زاراوەی (هەڵوشێنەرەکانی باوەڕ) دوو مانا هەڵدەگرێ، هەندێکیان لە مانای پاشگەزبوونەوەدا بەکاریانهێناوە، پاشان هەندێ پراکتیزەکاریان هێناوەو ئەو تێگەیشتنەی لێدەکرێ کە بێباوەڕی و پاشگەزبوونەوە دەگرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەچێتەناو مانای دووەمەوە واتە پاشگەزبوونەوە، هەروەها ئەم زاراوەیە واتە هەڵوشێنەرەکانی باوەڕ زیاتر لە مەسەلە پراکتیکییەکانی وەك دەستنوێژدا زیاتر لەوانیتر بەکاردەهێنرێ.

**هەڵوشێنەرەکان:** کۆی وشەی هەڵوەشێنەرە، کە بە مانای پووچەڵکردنەوەو ڕوخان دێت و دژ بە گرێبەستە[١].

**لە زاراوەشدا:** دەدرێ بەسەر دوو مانادا: یەکێکیان: بریتییە لەو باوەڕ و گوفتار و کردارانە کە باوەڕی پێویست بە ئیسلام ناهێڵن، واتە دژن بە ئیسلام و پێچەوانەی ئەون.

بەم مانایەش دەبنە هەڵوشێنەری باوەڕ، بە تایبەتی بە شتانێك کە مرۆڤ لە بازنەی باوەڕداران دەردەکات و دەچێتەناو بازنەی بێباوەڕان و پاشگەزبووانەوە، ئەوانەی کە باوەڕیان بە هیچ یەك لەو شەش پایەیە نییە کە لە ئایەتە پیرۆزەکان و سوننەتی پاکو بێگەردا هاتوون -هەروەك پێشتر باسکراوە-.

بەم مانایە ئەوا دەبێت شتە هەڵوەشێنەرەکە دیاریبکرێ، ئەوپەڕی وریایی و هەستیاری و وردەکاری تا ئەوپەڕی تێدا بەکاربهێنرێ دەرهەق بە کەسێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێکی دەستنیشانکراو.

دووەمیان: هەڵوەشێنەرەکانی باوەڕ بریتییە لەو شتانە کە باوەڕی کامڵ هەڵدەوەشێنێ، بەڵام خاوەنەکەی لە ئاین و لە ئوممەتی ئیسلام ناکاتە دەرەوە، حوکمی کوفر بە مانا تایبەتەکەی نادرێ بەسەریدا، واتە بە دەرچوونی لە باوەڕ بەتەواوەتی.

**تەمومژی گەورە دەربارەی هەڵوەشێنەرەکان:**

تەمومژی گەورە کاتێك ڕوودەدات، کە زاراوەی هەڵوشێنەرەکان بە پووچەڵکردنەوەی هەمووەکییەکانی باوەڕ سنوردار بکرێ، ئەمەش مانای یەکەمە، بەڵام دواتر بازنەکەی فراوانتر بکرێ تا چەمکی دووەمی هەڵوەشێنەرەکانیش بگرێتەوە، لێرەشدا جۆرێ لە تێکەڵ و پێکەڵی و تەمومژ ڕوودەدات، بازنەکەش بەبێ هیچ بەڵگەو دیسپلینێکی دیاریکراو فراوانتر دەبێت.

لەبەرئەوە دەبێت ئەم زاراوەیە سنوردار بکرێ، بە دەق بچەسپێ و سەربەخۆ بێت، تەنها بدرێ بەسەر مانای یەکەمدا، لە کاتی پراکتیزەو دابەزاندنیدا ئەوەندەی لە توانادایە

(١) سەیری: (القاموس المحیط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسیط) وشەی (نقض) بکرێ.

وردەکاری تەواوی تێدا بکرێ و بە هەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ئەگەریش درا بەسەر مانای دووەمدا ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ وریایی لەبارەیەوە بدرێ، نەبادا ئەو تێگەیشتنەی لێبکرێ کە حوکمی کافرکردن بدرێ بەسەریدا.

هەندێك لەوانە کە لەبارەی شتە هەڵوەشێنەرەکانەوە شتیان نوسیوە، هاتوون بازنەکەیان فراوان کردووە، وتوویانە ئەوەی ئەشعەری و ماتوریدیەکان دەربارەی سیفەتەکانی خوای گەورە وتوویانە دەچێتەناو ئەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦ﴾ الأعراف: ١٨٠. واتە: (وازبێنن لەو کەسانە کە سەرپێچی و لادانیان هەیە لە ناوە پیرۆزەکاندا (دەیدەنە پاڵ بتەکان، یان هەندێ کەس). گوتەکەیان ئەو تێگەیشتنەی لێدەکرێ کە ئەوانیش کافر بکرێن، کە لەوانەیە ئەمە شتێکی دەست ئەنقەست نەبێت، هەروەها حوکمدان بەسەر ئەشعەری و ماتوریدیەکان کە ئەوانیش حوکمی مورجیئەو موعتەزیلەیان هەیەو هاوشێوەی ئەوانن.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە جیاوازی کردووە لە نێوان ئەشعەرییەکان و نێوان جوهومی و موعتەزیلەدا، چونکە دەڵێ: (گومانی تێدا نییە کە گوتەی ئیبن کەلاب و ئەشعەری و هاوشێوەیان کە سیفەتەکان دەسەلمێنن و باوەڕیان پێیانە گوتەی جوهومییەکان نییە، تەنانەت گوتەی موعتەزیلەش نییە، چونکە ئەوانە کتێبی زۆریان لە بەرپەرچدانەوەی جوهومی و موعتەزیلە نوسیوە، هەروەها باسی گومڕابوونی ئەوانەی نکولیان لێدەکەن کردووە، چونکە ئەوانە جارێك جوهومییەکان کافر دەکەن... جارێکیش بە گومڕایان دەزانن)[١].

ئێمەش لە مەسەلەی ناو و سیفەتە پیرۆزەکاندا ڕێبازی پێشینانمان لەو شتەدا کە لە مانادا هاوشێوەیە لا بەهێزترە، کەواتە هەموو ئەو باسە کە لە ڕێگای لێکدانەوەی پەسەندەوە لە ڕووی زمانەوە هاتووە یا بە مانای مەجازیش بێت، یان لاواز بێت هەر کوفر نییە، چونکە کوفر لە ڕێگای بە بەدرۆ زانینەوە دەستەبەر دەبێت، وەك ئەوەی بۆ نمونە بڵێ: (خوای باڵادەست زانستی نییە)، ئەمەش کوفرە، بەڵام کەسێك کە وشەی

(١) سەیری: (منهاج السنة)، ل(٢٠٢/١٢) بکرێ.

(أَیْدٍ) لە فەرموودەی خوای گەورەدا ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَیۡنَٰهَا بِأَیۡیْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴾ الذاریات: ٤٧. بە واتای هێز لێکدەداتەوە، ئینجا (یَدَاهُ) لە فەرموودەی: ﴿ بَلۡ یَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ ﴾ المائدة: ٦٤. بە واتای نیعمەت لێکدەداتەوە ئەوا دروست نییە حوکمی کوفر بدرێ بەسەریدا[١]، چونکە ئەوە لێکدانەوەیەکە لە ڕووی زمانەوە پەسەندە.

ئەگەر بێین لەکتێبەکاندا -بە تایبەتی لای فەرموودەناسان- لەکۆن و نوێدا، بەدواداچوون لەبارەی ناو و سیفەتەکانەوە بکەین، گوتەکانیان لەسەر ڕواڵەت وەربگرین، ئەوا جۆرێ لە فراوانبوون لە بازنەکەدا دەبینین، بەڵام ڕێسای پێشووتر لەم کێشە مەترسیدارەدا هەر فەرمانڕەوا و هەژموونداره، چونکە پەیوەندە بەو کوفرەوە کە وەك حوکمدانە بە لە سێدارەدان، لێرەوە حوکمی زۆر مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوە پێشینان ڕاجیاوازن لە حوکمدان بە کوفر، تەنانەت لەسەر بنەماکانی چوار بیدعەگەرا کە (خەواریج و ڕافیزەو قەدەری و جوهومییەکان)، هەیانە هەر بەگوتەکانیان کافریان دەکەن، بەڵام زۆرینەی هەر زۆری زانایان حوکمی کوفریان نەداوە بەسەریاندا، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (بۆ مەسەلەی کافرکردن و مانەوەی هەتا هەتایی لە دۆزەخدا، ئەوا زانایان دوو گوتەی بەناوبانگیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە دوو ڕیوایەتی ئەحمەد...)[٢]، پاشان وتوویەتی: (ئێمە لەو مەسەلە گشتییەدا حوکم نادەین بەسەر کەسێکی دیاریکراودا هەتا خۆی هەڵدەستێ بەو کارەو ناڕازی نییە لێی...)[٣]، هەروەها وتوویەتی: (مەزهەبی پێشەواکان بونیاتنراوە لەسەر ئەو وردەکارییە لە نێوان جۆر و کەسی دیاریکراودا... پێچەوانەی گوتەکەی ئەحمەدیش نییە چونکە ئەو مورجیئانە کافر ناکات کە دەڵێن: باوەڕ گوتەی پێکردەوەیە... بەڵکو دەقەکانی ڕوون و ڕاشکاون بە کافرنەکردنی خەواریج و قەدەری و هیتریش)[٤]. پاشان

(١) سەیری: (فتاوى اللجنة الدائمة)، ل(١٢٨/٣)، هەروەها (المجموع الثمين)ی مامۆستا ئیبن عوسەیمین، ل(٦٢/٢-٦٣)، هەروەها (نواقض الإيمان)ی د. عەبدولعەزیز عەبدوللەتیف)، ل(١١٩) بکرێ.
(٢) سەیری: (مجموع الفتاوى)، ل(٢١٧/٧-٢١٨) بکرێ.
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٤) سەرچاوەی پێشوو.

وتوویەتی پێشەوا ئەحمەد بەزەیی هاتووەتەوە بەو کاربەدەستانەدا کە کاریان بە گوتەی جوهومییەکان کردووە کە وتوویانە قورئانی پیرۆز بەدیهێنراوە، ئەو کاربەدەستانە زانایانیان تووشی چەرمەسەری کردووەو ئەگەر نەهاتبن بەدەم ئەو داوایانەیانەوە سزایان داون، ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (پێشەوا ئەحمەد بەزەیی پێیاندا هاتووەتەوەو داوای لێخۆشبوونی بۆ کردوون، لەو ڕووەوە کە بۆی دەرنەکەوتووە ئەوانە پێغەمبەریان بە ناڕاست زانیوە یان باوەڕیان بەو پەیامە نەبووە کە هێناویەتی، بەڵام دیارە کە لێکدانەوەیان کردووەو تیایدا بەهەڵەدا چوون، شوێنکەوتەی ئەو کەسە بوون کە ئەوەی پێوتوون)[1]. هەروەها وتوویەتی: (پێشەوا ئەحمەد نوێژی لە پشت سەری ئەو جوهومیانەوە کردووە کە خەڵکیان بانگهێشت کردووە بۆلای گوتەی خۆیان و تووشی تاقیکردنەوەیان کردوون، بە سزای سەخت سزای ئەوانەیان داوە کە هاوڕایان نەبوون، بەڵام ئەحمەد ئەوان و هاوشێوەکانیانی بە کوفر وەسف نەکردووە، بەڵکو پێی وابووە کە باوەڕدارن و ئیمامەتیان دامەزراوە، پێی وابووە کە دەکرێ لە نوێژەکاندا لە پشتیانەوە نوێژ بکرێ، هەروەها حەج بکرێ و غەزا لەپاڵیاندا بکرێ)[2]، پاشان جەختیکردووە کە کۆدەنگی هەر چوار مەزهەبەکەو هیتریش لە زانایانی پێشین لەسەر ئەوەیە کە هەر حەفتاو دوو تاقمەکە لەناو ئوممەتی ئیسلامدان، هیچ یەك لەوان کافر نییە[3].

**پوختەی باسەکە:** هەموو تاقمە ئیسلامییەکان با هەندێکیشیان بە لێکدانەوەیان چووبن و بچن بە هەڵەدا هەر حوکمی بێباوەڕی نادرێ بەسەریاندا، پێشەوا زەهەبی دەڵێ: (وتەیەکی ئەشعەریم بینی و چووە دڵم، ئەم وتەیە بەیهەقی بە مەعلومی گێڕاویەتەوەو وتوویەتی: گوێبیستی ئەبو حازمی عەبدەوی بووم، ئەویش گوێبیستی زاهیر کوڕی ئەحمەدی سەرخسی بووە، وتوویەتی: کاتێ مردنی ئەبولحەسەنی ئەشعەری نزیکبوویەوە لە ماڵی ئێمە بوو، بانگیکردم و منیش هاتمە لای، ئینجا وتی: شایەتی دەدەم کە من هیچ

(١) هەمان سەرچاوە، ل(٣٤٨/٢٣- ٣٤٩).
(٢) هەمان سەرچاوە، ل(٢١٧/٧-٢١٨).
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(یەك) لە ئەهلی قیبلە کافر نا کەم، چونکە هەر هەمووان ئاماژە بۆلای یەك تا کە پەرستراو دەدەن، هەموو ئەمەی کە هەیە جیاوازی دەستەواژەکانە. دەڵێم -واتە زەهەبی-: منیش هەمان باوەڕم هەیە، ئیبن تەیمییەی مامۆستاشمان لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا دەیوت: من هیچ تاکێکی ئەم ئوممەتە کافر نا کەم..)[1].

## پێویستە زاراوەکان دەستنیشان بکرێن

*** یەکەم: پێویستە زاراوە شەرعییەکان بەوردی دەستنیشان بکرێن:**

مادامێ ئەم مەسەلانە پەیوەندن بە باوەڕ و بە ئیمان و کوفرەوە، ئەوا دەبێت زاراوە شەرعییەکان لەوپەڕی وردەکاریدا دەستنیشان بکرێن، لێرەدا تەنها یەك نموونە دەهێنین، ئەویش بریتییە لەوە کە: لەفزی بێباوەڕیی (الکفر) و هەڵگۆزراوەکانی، لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتی شکۆمەندا لەم مانایانەی خوارەوەدا بەکارهێنراوە:

١- **بێباوەڕیی نکوڵیکار و قیرسیچمە:** ئەویش بریتییە لە باوەڕنەبوون بە بوونی خوای گەورە، یان هاوەڵدانان بۆی، یان باوەڕنەبوون بە یەکێك لە شەش پایەکانی ئیمان، بەم مانایەش ئەوا دەبێتە دژی باوەڕی ڕاستەقینەو مرۆڤ لە ئاین و لە ئوممەت دەردەکات، لەبەرئەوە دەبێت تا ئەوپەڕی سنور خۆپارێزی بکرێ و هۆشدارییەکی زۆر بوونی هەبێت تا ئەم وشەیە هەروا بە ئاسانی نەدرێ بەسەر تاك یان کۆمەڵ یان دەوڵەتدا.

٢- **بێباوەڕیی دووڕوویی:** خودی دووڕوویی خۆی چەندین مانای هەیە، لەوانە: دووڕوویی لە باوەڕدا، دووڕوویی لە ڕەفتاردا وەك هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکان و ناپاکی لە ئەمانەتەکان.

٣-**بێباوەڕیی نیعمەت:** وەك ئەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿فِيهِ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ مَّقَامُ إِبۡرَٰهِيمَۖ وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنٗاۗ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ آل عمران: ٩٧. واتە: (لە (المسجد الحرام)دا، چەندەها

---

(١) سەیری: (سیر أعلام النبلاء)، ل(١٥/٨٨) بکرێ.

بەڵگەی ئاشکرا هەیە لەسەر پیرۆزی و بەنرخی ئەو شوێنە، کە یەکێکیان شوێنی تایبەتی خواپەرستی ئیبراهیم و شوێن پێکانیەتی، کاتێ کە دیوارەکانی کەعبەی دروستکردووە، هەروەها ئاوی زەمزەمیش کە پێکهاتەیەکی تایبەتە و بەشی ئەو هەموو خەڵکە دەکات بەزیادەوە، جا ئەوەی بچێتە ناوی پێویستە ئەمین و ئاسودەبێت لە هەموو دەستدرێژی و کێشەیەك، خوای گەورەش فەرزی کردووە لە سەر خەڵکی کە حەجی ماڵی خوا (بيت الحرام) بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە توانای دارایی و جەستەییان هەیە، جا ئەوەی بێباوەڕەو ڕێبازی کوفر دەگرێت و دژایەتی چەمکەکانی ئیمان و ئیسلام دەکات، ئەوا خوای گەورە بێنیازە لە هەموو خەڵکی).

٤- **بێباوەڕیی دووبەرەکی:** خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ كَـٰفِرِينَ﴾ آل عمران: ١٠٠[(١)]. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە! وریای خۆتان بن! چونکە ئەگەر گوێڕایەڵی هەندێك لەوانە بن کە کتێبی ئاسمانیان پێبەخشراوە، ئەوانە دەتانگێڕنەوە سەر ڕێبازی کوفر و خوانەناسی، دوای ئەوەی کە خاوەنی ئیمان و باوەڕی ڕاست و دروست بوون). کە بەجۆرە لێکدراوەتەوە: (واتە لەدوای یەکبوونتان دەتانگێڕنەوە بۆ بێباوەڕی و دووبەرەکی)، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((**ألا ترجعوا بعدي كفاراً يضرب بعضكم رقاب بعض**))[(٢)]. واتە: (نەکەن دوای من بگەڕێنەوە بۆ بێباوەڕی و هەندێکتان بدەن لە گەردنی هەندێکی ترتان). لە ڕیوایەتێکدا بە: ((**ضلالاً**))[(٣)] واتە گومڕایی هاتووە. بەم پێیەش ئەوا نابێت وشەی بێباوەڕی بە مانا یەکەمەکەی بدرێ بەسەر ماناکانی تریدا، بەڵکو دەبێت هەر لەفزێك لە شوێن و لە مانای تایبەتی خۆیدا و بە وردەکارییەوە بەکاربهێنرێ.

---

(١) بۆ ڕاڤەی ئایەتی ١٠٠ی سورەتی آل عمران سەیری: تەفسیری تەبەری و تەفسیری قورتوبی بکرێ.
(٢) صەحیحی بوخاری، فەرموودەکانی ژمارە (١٢١، ١٧٤١، ٦١٦٦، ٦٨٦٨، ٧٠٧٧).
(٣) صەحیحی بوخاری، فەرموودەکانی ژمارە (٤٤٠٦، ٧٤٤٧، ٥٥٥٠).

*** دووەم: نابێت تەرازووی نیشانەکانی باوەڕ تێکەڵ بکرێن:**

گومانی تێدا نییە دەقە شەرعییەکان بە ڕوونی ئاماژە دەدەن کە کردەوە چاکەکان لەنێویشیاندا پێنج پایەکەی ئیسلام، هەروەها چاکەکانی تریش دەچنەناو ئیمانەوە، بەشەکانی ئیمانیش دەگەنە حەفتاو ئەوەندە بەش، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**الإيمان بضع وسبعون شعبة، أو بضع و ستون شعبة، أفضلها لا إله إلا الله وأدناها إماطة الأذى عن الطريق، والحياء شعبة من الإيمان**))(١). چەندین فەرموودەی تریش هەن کە هەندێ لە کردەوە چاکەکان دەکەنە بەشێك لە ئیمان.

جا ئەگەر لەسەر ڕواڵەت ڕێبکەین و پەیڕەوی ئەوە بکەین، ئەوا هەر کەس یەکێك لەو بەشانە پشتگوێ بخات ئەوا باوەڕی لەدەستداوە، ئەمەش دژە لەگەڵ ئەو ئایەت و فەرموودانەدا ئاماژە بە پشتگوێخستنی کردەوە چاکەکان دەدەن، کە تەنانەت پشتگوێخستنی زەکات و ڕۆژوو و حەجیش بێباوەڕی نییە، مەگەر لەبارێکدا نەبێت نکولی بکرێ لێیان ئەوکات بێباوەڕی تەنها بۆ ئەو نکولیکردنەیە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ النساء: ٤٨.

هەروەها چەندین دەقی ڕوونی تریش هەن دەربارەی بێباوەڕ نەکردنی ئەوانە، لەبەرئەوە دەبێت دەقە پێشووەکان بە مانای ئیمانی کامڵ لێکبدرێنەوە، ئەو ئیمانە کە بەبێ کردەوە کامڵ نابێت، ئێمە وادەبینین هەندێك لە دەقەکان بۆ مەبەستی تەواوکردنی ئیمانن نەك بە زەروری بۆ هەبوونی کردەوە چاکەکان بن، وەك ئەوەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**من أحبَّ لله وأعطى لله ومنع لله، فقد أستكل الإيمان**))(٢). واتە: (هەر کەس لەبەر خوا کەسێکی خۆشبوویت، لەبەر خوا ببەخشێ و لەبەر خوا نەبەخشێ، ئەوا باوەڕی تەواوە). کەواتە تەرازووی ئیمان بەوە تەواو دەبێت کە دەقە زۆرەکان باسیانکردووە،

---

(١) موسلیم بە ژمارە (٣٥)، هەروەها ئیبن حیبان بە ژمارەکانی (١٦٦، ١٩١) گێڕاویانەتەوە.

(٢) ئەبو داود، فەرموودەکانی ژمارە (٤٦٨١، ٢٤٣٤)، ترمذی فەرموودەی ژمارە (٢٥٢١)، تەبەرانی فەرموودەی ژمارە (٤٠/٩)، ئیبن حیبان فەرموودەی (٣٦٤٨) گێڕاویانەتەوە، پلەی فەرموودەکەش لە پلەی باش کەمتر نییە.

بەڵام تەنها پشتگوێخستنی ئەو کردەوانە بە مەرجی نکوڵی نەکردن لێیان و باوەڕنەبوون پێیان بە بێباوەڕی ئەژمار ناکرێ.

پێویستە ئەم بەش و بابەتە چڕبکرێتەوە، تا کەسانێك بە هەڵەدا نەچن و بێن ئەنجامدەری گوناهی گەورە کافر بکەن، یان بە فەرامۆشکردنی بەشێك لەو بەشانە ئیتر بە کافری بزانن، خوای گەورەش زاناترە.

## هۆکارەکانی لادانی باوەڕیی

لە ڕاستیدا هۆکارەکانی لادانی باوەڕیی، لەم چەرخەی ئێستاماندا دەگەڕێتەوە بۆ نەزانیی و ژینگەی خراپ و سەرچاوەکانی فێرکردن و ڕۆشنبیری کە دوژمنان هەوڵیانداوە ئیلحاد بچێنن تیایدا، هەروەها چڕکردنەوەو چاوبڕینە ئەزموونی ئەورووپا کە لەدوای سنوردارکردنی کەنیسە و سەرهەڵدانی عەلمانیەت هەستایەوە، ئەمە لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئیسلام کە داوای زانست و ژیار دەکات و ژیارێکی مەزنی بەرپا کردووە، وە نێوان کەنیسەدا کە دژایەتی زانست و زانایانی کردووە تا ئەو ئاستە کە دادگای پشکنینیشی بۆ داناون.

هەروەها بیدعەو شتانی پڕوپووچ و هاوەڵگەرییەکان لە جیهانی ئیسلامیماندا، هاوکات زۆر هۆکاری تریش لەوانە نەزانیی و چاولێکەری کوێرانەو دەمارگیریی و زیادەڕۆیی لە خۆشویستنی پێغەمبەران و پیاوچاکاندا هۆکارن بۆ لادانی باوەڕیی.

ئێمە لێرەدا ناچینەناو وردەکاری ئەو هۆکارانە، بەڵکو لێرە لەگەڵ هۆیەکانی لادانی باوەڕیدا باسیان دەکەین، هەروەها بۆ چارەسەریش هەمان شێواز بەکاردێنین، چونکە ئەو نەخۆشیانە چوون بەناو یەکدا و هاوبەش و بەشدارن لە زۆربەی هۆکارەکان و چارەسەردا، وەك نەزانیی و چاولێکەری کوێرانە و دەمارگیریی و هاوشێوەیان کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین.

لە ڕاستیشدا تێڕوانین و بۆچوونی توێژەران و سیاسییەکان دەربارەی هۆکارەکانی لادانی باوەڕیی جیاوازە:

*** هۆکاری یەکەم: ژینگەی دروستکەر و لە ئامێزگر:**

ئەوەش لە ڕێگای پەروەردەی ئاینی هەڵەوە کە لە ناو کۆمەڵگاو ماڵ و قوتابخانەو زانکۆ و مزگەوتدا باو و بڵاوە:

شتێکی حاشاهەڵنەگرە چەندین سەدە بەسەر موسڵماناندا تێپەڕی کە نەزانیی و نەخوێندەواری و بیدعەو شتانی پڕوپووچ و دواکەوتوویی بڵاویکرد تیایاندا، بانگەوازی ڕاست و ڕاستەقینەش یان بوونی نەما یان زۆر لاواز بوو، ئینجا قوڕەکە زیاتر خەست بوویەوە کە وڵاتانی ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری وەك بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، هۆڵەندا و ڕوسیای قەیصەری و هیتریشەوە داگیرکران، لێرەوە موسڵمانان سەرقاڵی تیمارکردنی زامەکانیان بوون، داگیرکاریش کاری خۆی چڕکردەوە لەسەر سیاسەتی بە نەزانکردن و دووبەرەکی و شێواندنی وێنەی ئیسلام و دوورخستنەوەی لە هەمووی ژیان و دنیا، تەنها بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو هات چەندین قوتابخانەی عەلمانی لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا کردەوە، باشترین گەنجانی لەگەڵ خۆی برد تا لە وڵاتانی ئەواندا فێربکرێن، ئەو گەنجانەش کە لە وڵاتانی هەژار و دەستکورت و دواکەوتووی خۆیانەوە کۆچیانکرد بۆ ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە ئەبڵەق بوون پێیان، ئەو قەناعەتەیان لا دروست بوو کە هۆکاری دواکەوتنی وڵاتانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاینەکەیان، ئەوەش بە پێوانەگیریی لەسەر سەردەمی کەنیسە لە ئەورووپادا.

پاشان بە ویست و توانای خوای گەورە و بە هەوڵی بانگخوازە دڵسۆزە نوێخوازەکان ڕابوونی ئیسلامی سەریهەڵدا، بەڵام دوژمنانی ئیسلام فەرامۆشیان نەکرد، لێنەگەڕان کاری خۆی وەك پێویست بکات، هەروەها پەرچەکرداری زۆرینەی بانگخوازان بە ئاستی پێویست نەبوو، چونکە سۆزداریی باڵیکێشا بە سەر داناییدا، جۆرە هەڵوێستێك هاتنەگۆڕێ ئەقڵیان لەباربرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە بەرنامەیەکی حەکیمانەی بۆ دانەنرێ، یان بووە هۆی ئەوە کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پراکتیزە نەکرێ، لێرەوە لە شەڕی دژ بە بیدعەو شتە پڕپووچەکان هەڵوێستی توندوتیژ دەرکەوت کە گەیشتە

ئاستی کافرکردن، ئەمە لە کاتێکدا کە لابردنی ئەو بیدعانە زەمەنێکی زۆریان دەوێ، بەڵام مەعلومە کە شێوازی کافرکردن لە هیچ کاتێکدا بەرنامەیەکی حەکیمانە نییە، لێرەوە توندگیریی سەریهەڵدا، توندگیریی بووە سیمای کەسی پابەندبوو بە ئیسلامەوە، هەروەها پەرستش بەسترایەوە بە شتە ڕواڵەتی و لاوەکییەکانەوە، ئیتر ئەقڵی هەمووەکی ونبوو، مەبەستەکانی شەریعەت و ئامانجە بەرێزەکان و حیکمەتە مەزنەکانی لە بوارەکانی ڕەئی و دانایی و هەڵسوکەوتدا دوورخرانەوە.

ئەو کەسانەش- کاربەدەستانە- کە لەدوای دەرچوونی داگیرکەران هاتن زۆربەیان کەسانی عەلمانی بوون، ڕۆڵیان هەبوو لە فووپێدا کردن و گەشکردنەوەی ئەو نالەبارییە بەڵکو بەهێزکردنیشی، چونکە هاتن بەرنامەی عەلمانیان بەسەر موسڵمانانیدا چەسپاند، کە تەواو دووربوو لە باوەڕ و بەها ئیسلامییەکان، تەنانەت کەوتنە دژایەتیکردنی بانگخوازان و جووڵانەوە ئیسلامییەکان، هەندێکیان کوشتن و هەندێکیتریان خستنە کونجی زیندانەکان، ئیتر بەمشێوە ڕێگە خۆشبوو کە ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێ بۆ لە ئامێزگرتنی ڕەوتی لادان و بۆ کافرکردنی فەرمانڕەواو کۆمەڵگا.

کەواتە ئەو ژینگەیە بەو مانایە -بەشێوەیەکی گشتی- بووە دایەنگا و ئامێز و پەروەرشکاری ئەو هزر و بۆچوون و ڕەفتارە نەرێنیانە، مەگەر لە جێگایەکدا نەبێ کە ویستی خوای لەسەر نەبووبێت، لە بەرانبەریشەوە ئەوا گۆڕانی ژینگە و شوێن، بەشێوەی نەرێنی یان بە ئەرێنی، بە چاك یان بە خراپ، بە هیدایەت یان بە گومڕابوون، بە شلگیریی و توندگیریی یان بە میانڕەویی... دەبێت هەر ئەوە بێت کە لە ڕووی شەرعی و ئەقڵییەوە داوامان لێدەکرێت، ئیتر تا هەر مەودایەك کاتی بوێ و تا هەر ئاستێ کارکردنی پێویست بێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ﴾ الرعد: ١١. واتە: (دڵنیابن کە خوای گەورە بارۆدۆخ و ژیانی هیچ قەوم و هۆز و گەلێك ناگۆڕێت، هەتا ئەوان ناخی خۆیان، ڕەفتاری خۆیان، کرداری خۆیان نەگۆڕن، هەر کاتێکیش خوای گەورە ویستی تۆڵە

لە قەومێك بكاتەوە و بەڵایەكیان بەسەربێنێت -بە هۆی گوناهو تاوان و یاخیبوونیانەوە- هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ كەسیش جگە لە خوای گەورە ناتوانێت فریایان بكەوێت و ڕزگاریان بكات). هەروەها دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ﴾ الأنفال: ٥٣. واتە: (خوای گەورە بارودۆخ و ناز و نیعمەتان لە هیچ قەومێك تێكنادات و نایگۆڕێت، هەتا ئەوان ناخی خۆیان نەگۆڕن و هەڵوێست و كار و كردەوەی خۆیان نەگۆڕن، دڵنیاشبن كە خوای گەورە تەواو بیسەری گوفتار و قسەو گوتاریانە و تەواویش زانایە بە نەخشەو پیلانیان).

لە ڕووی ئاینی و زانستی و دەروونیشەوە، ئەوە ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە كە گۆڕینی ژینگەی دایەنگا و لە ئامێزگری بێباوەڕیی و گومڕایی، هەروەها گەندەڵیی و خراپەكاریی و تاوانەكان، بۆ ژینگەیەكی لە ئامێزگر و پەروەردەكاری خێر و چاكەو هیدایەت و میتۆدی میانڕەو پێویستی بە هەوڵێكی گەورەیە، پێویستی بە بەرنامەیەكی ساغ و سەلیمە، بە دیدێكی ڕوونە، پێویستی بە ئامانجی باڵا و بەرنامەو پرۆژەی زانستی و ئامراز و هۆكاری دەستچن و هەڵبژاردەیە، هەروەها پێویستی بە كەسانی ڕاستگۆ و دڵسۆز و قوربانیدەرە، پێویستی بە كاتێكە كە لەوانەیە دەیان ساڵ بخایەنێ، مەگەر لەبارێكی تایبەتدا نەبێت كە ئوممەت ئامادەباش بێت ڕەوانەكراوێكی بۆ ڕەوانە بكرێ، كە لە ڕێگای پەروەردەو پاككردنی دەروون و ڕێنماییكردنی ئەقڵ بەرەو دانایی هەستێت بە گۆڕینی، ئینجا بەخێرایی ڕابەرایەتی بكات بەرەو شكۆمەندی و سەربەرزی و سەركەوتن و بەهێزبوون.

لە لایەنی پراكتیكیشەوە ئەوا لادان كاتێ دێتەگۆڕێ كە نائومێدی باڵی كێشابێت بەسەر ئوممەتدا، یان كاتێك كە باوەڕی ڕاستەقینە و ڕاست و دروست لاواز دەبێت، هەروەها كاتێك كە بەرنامەی ڕاست و دروست بوونی نامێنێ، ئەوكات ئیتر گومان و دوودڵی دەچێتەناو ئەوەی لەپێشەوە وترا، ئینجا سۆزدارییەكان و پاڵنەرە دەرەكییەكان دەبنە پاڵنەر بەرەو توندڕەویی و لادان.

*** گەنجەکان سێ جۆرن:**

١- جۆرێکیان باوەڕی ڕاست و دروست و ڕێبازی میانڕەویی و مامناوەندی وەرگرتووەو لەناخیدا چەسپاوە، ئەمجۆرە -بە ویستی خوای گەورە- زەحمەتە لادان کاریان تێبکات، مەگەر لە حاڵەتێکی زۆر دەگمەندا نەبێت.

٢- جۆرێکیتریان دڵناسکن و هزریان تەڕو تازەیە، هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ جێگیربوونی باوەڕی ڕاست و ڕێبازی میانڕەو و مامناوەند، جا ئەگەر ڕابەرانی هزری لادەر دەستپێشخەربن بچنە لای ئەمجۆرە گەنجانە ئەوا کاریان تێدەکەن، مەگەر کەسێك کە ویستی خوای لەسەر نەبێت، ئەو کارەش لە ڕێگای بارودۆخی تایبەتەوە و هەڵوەشاندنی بەها میانڕەوەکانەوە ڕوودەدات.

بۆ ئەمانەتی هەقبێژی دەڵێم: لە ڕاستیدا ئەمجۆرە گەنجانە زۆرن، لە هەمانکاتیشدا بەڵگەیە لەسەر کەمتەرخەمی بانگخوازان و دامەزراوە فێرکاری و پەروەردەییەکان و مزگەوت و ڕاگەیاندن.

٣- جۆری سێیەمیش جۆرێك لە تێکەڵکردن و گومانیان تێدایە، بە نیشانەگرتنی ئەمجۆرە گەنجانە لەلایەن بانگخوازانی گومڕاییەوە کارێکی ئاسانە، بۆ ئەمجۆرەش ئەوا کۆمەڵگا و هۆکارەکانی ئەو بەرپرسێتییە لە ئەستۆ دەگرێ، ئەویش لە ڕێگای ئەو ئەرکەیەوە کە پێویستە دەرهەق بەوانە پێی هەستێ.

*** هۆکاری دووەم:** نەزانیی دووسەرە و نەشارەزایی بە ئاین و بە ڕێسا کانی خوای گەورە:

واتە کەسەکە هەر لە ڕاستیدا نەزانە، بەڵام خۆی نازانێ کە نەزانە، یان بە دەستەواژەیەکی تر بڵێین وا گومان دەبات گەیشتووەتە پلەی ئیجتیهاد، دێت ئیجتیهاد دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا نەگەیشتووەتە ئەو پلەیە، پێشەوا شافیعی وریایداوە لەسەر ئەم حاڵەتەو کردوویەتییە یەکەمین هۆکار بۆ داهێنانی بیدعە و ڕاجیاوازی خراپ کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و پارچە پارچەبوونی ئوممەت، ئەو کاتیش ناکۆکی لە نێوان ئوممەتدا سەختە و بەڵایەکی

خراپە، وتوویەتی: مرۆڤ خۆی باوەڕی وا بێت -یان باوەڕی وەها لەسەری دروست ببێت- کە لە زانایانە و ئەهلی ئیجتیهادە لە ئایندا، لە ڕاستیشدا نەگەیشتووەتە ئەو پلەیە.....، بۆیە دەیبینی دەستدەگرێ بە هەندێ مەسەلەی بەشیی و لاوەکی شەریعەتەوە کەچی بنەما هەموو‌کییەکانی دادەڕوخێنێ، تا لێیەوە بپەڕێتەوە بۆ ڕایەکەی خۆی بێئەوەی لە ماناکانی تێبگات، ئەم کەسە نەچووەتە قووڵایی مەبەستەکانی شەرع، ئەمەش بیدعەچێتی و بیدعەگەراییە، لەسەر ئەم حاڵەتە فەرموودەیەکی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**إن الله لا يقبض العلم إنتزاعاً ينتزعه من العباد، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء حتى إذا لم يبق عالم أتخذ الناس رؤوساً جُهالاً فسُئلوا فأفتَوا بغير علم فضلُّوا وأضَلّوا**))[(١)].

**ئەم خاڵانەی خوارەوە دەچنەناو ئەم بەشەوە:**

١- کارکردن بە شێوەو بە ڕواڵەتی دەقەکە، بەبێ ئاوڕدانەوە لە مەبەست و هۆیەکان و سەرئەنجام و شوێنی کارپێکردنی، ئەمەش دەبێتە هۆی نەشارەزابوون بە دەقە شەرعییەکان، ئەمە لە کاتێکدا کە بە کۆدەنگی زانایانی زۆر شارەزا لە زانستدا ڕەچاوکردنی سەرئەنجام و ئەنجامەکان لەم شەریعەتەدا بە هەند گیراون.

ئەم فەرموودە هاوبەشەی بوخاری و موسلیم ئەو مانایەمان دەداتێ، کە پێغەمبەر ﷺ گەورەی دووڕووەکانی نەکوشتووە لە کاتێکدا کە ئەو وتی: ﴿لَئِن رَّجَعۡنَآ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ لَيُخۡرِجَنَّ ٱلۡأَعَزُّ مِنۡهَا ٱلۡأَذَلَّ﴾ المنافقون: ٨. واتە: (هەرکە گەڕاینەوە بۆ مەدینە، دەبێت ئەوەی دەستەڵاتدار و ڕێزدار و ماقوڵە، ئەوە لە شار دەربکات کە بێڕێز و بێدەستەڵاتە). پێغەمبەریش ﷺ هۆی نەکوشتنەکەی بۆ ئەمە گێڕایەوە کە دەفەرموێ: ((**كي لا يتحدث الناس أن محمداً يقتل أصحابه**))[(٢)]. واتە: (تا خەڵکی نەڵێن موحەممەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێ).

---

(١) سەیری: (الأعتصام)، ل(١٧٣/٢)، فەرموودەکەش بوخاری گێڕاویەتەوە، فەرموودەی ژمارە (١٠٠)، هەروەها موسلیم بە ژمارە (٢٣٢٦) گێڕاویەتەوە بکرێ. (پێشتر مانای ئەم فەرموودەیە بە کوردی هاتووە/ وەرگێڕ).

(٢) بوخاری لە فەرموودەکانی ژمارە (٤٩٠٥، ٤٩٠٧)، هەروەها موسلیم لە ژمارە (٢٥٨٤) گێڕاویانەتەوە.

٢- کەمی شارەزایی بە مێژوو و تێنەگەیشتن لە ڕێساکانی سەرکەوتن و تێکشکان، هەروەها نەزانی بە ڕێساکانی گەردوون و ژیان و ئوممەت، بە ڕێسای پلەبەندی و ڕێسای کاتی گونجاویش.

٣- پەیڕەوکردنی مەسەلە ناڕوونەکان، هاوکات پشتگوێخستنی مەسەلە توندوتۆڵ و ڕوونەکان و تێکەڵبوونی چەمکەکان، ئینجا خۆ سەرقاڵکردن بە جەنگی لاوەکییەوەو فەرامۆشکردنی دۆزە گەورەکان، پێشەوا عومەر ﵁ وتوویەتی: (لە ئایندەدا کەسانێك دێن بە مەسەلە ناڕوونەکانی قورئان دەتاندوێنن، ئێوەش وەرن بە گوتەی شارەزایان لە فەرموودەو ڕێساکان بیاندوێنن، چونکە شارەزایان بە سوننەت زاناترن بە پەڕاوی خوای گەورە)[١].

٤- زیادەڕۆیی لە فراوانکردنی بازنەی پەڕگیریی (البراء)، بەرتەسککردنەوەی بازنەی لایەنداریی (الولاء).

٥- پشتبەستن تەنها بە هەندێ ئایەت یان فەرموودە و فەرامۆشکردنی جگە لەوان، میتۆدی پێشینانی چاکەخواز بریتی بووە لە کۆکردنەوەی هەموو بەڵگەکان و پاشان دەرهێنانی حوکمی شەرعی لێیانەوە، بە سەنەدی ڕاست لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، گوێبیستی کۆمەڵێ لە هاوەڵان بووە کە لەبارەی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەمەقاڵەیان بووە، ئەمە وایلێکردوون دەنگیان بەرزبکەنەوە، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ بە توڕەیی کە ڕوومەتی پیرۆزی سورهەڵگەڕاوە هاتووەتە لایان و خۆڵی پژاندووە بەسەریاندا، فەرموویەتی: ((**مهلاً یا قوم! بهذا أهلکت الأمم من قبلکم، بإختلافهم علی أنبیاءهم وضربهم الکتب بعضها ببعض، إن القرآن لم ینزل یکذب بعضه بعضاً، بل یصدق بعضه بعضاً، فما عرفتم منه فأعملوا به، وما جهلتم منه فردوه إلی عالمه**))[٢]. واتە: (ئەی

---

(١) سەیری: (تلبیس الجهمیة)ی ئیبن تەیمییە، ل(١٩٤/٤).

(٢) پێشەوا تەحاوی و کەسانیتریش گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی لە شەرحی تەحاویەدا وتوویەتی فەرموودەی ژمارە (٢٠٠) فەرموودەیەکی ڕاستە.

خەڵکینە لەسەرخۆبن، ئوممەتانی پێش ئێوە بەمە لەناوچوون، هاتوون ڕاجیاواز بوون لەبارەی پێغەمبەرانیان و کتێبەکانیان داوە بەگژی یەکتردا، قورئان بۆ ئەوە نەهاتووەتە خوارەوە هەندێ هەندێکیتری بە درۆبخاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە هەندێکی ڕاستاندن بۆ هەندێکیتری بکات، کەواتە ئەوەی دەیزانن کاری پێبکەن، ئەوەشی کە نایزانن بیگێڕنەوە بۆ لای کەسێ کە شارەزایە پێی).

لەبەرئەوە زانایانی پێشین هەمان ئەو ڕێنماییەیان داوە.

زانای ڕەببانی ڕەبیع کوڕی خوسەیم بە قوتابیەکەی خۆی وتووە: (ئەی بەندەی خوا! ئەوەی خوای گەورە لە پەڕاوەکەی خۆی فێرت دەکات سوپاسی خوا بکە، ئەوەشی کە بەلاتەوە قورسە و تێینا گەیت بیگێڕەرەوە بۆ ئەو کەسەی شارەزایە پێی، خۆت سەغڵەت مەکە، چونکە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ، إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ، وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴾ ص: ٨٦-٨٨، واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ بەو خەڵکە بڵێ: ئێوە بۆ بیرنا کەنەوە، من لە بەرانبەر گەیاندنی ئەم پەیامەدا، لە بەرانبەر ئەو هەموو ڕەنج و زەحمەتەدا هیچ کرێ و پاداشتێکم لێتان ناوێت، من لەو کەسانەش نیم ئەرك و بێگار بۆ کەس پێشبهێنم، لە ڕاستیدا ئەم قورئانە ئامۆژگاری و پەیامێکە بۆ سەرجەم خەڵکان لە هەموو زەمان و زەمینێکدا، بێگومان لە ئایندەیەکی نزیکدا هەر لە دنیادا حەقیقەت و ڕاستی و دروستی ئەم پەیامە دەردەکەوێت، لە قیامەتیشدا حەقیقەتی هەموو شتێك ئاشکرا دەبێت).

٦- فەتوای زۆر حەرامکردن، هەروەها توندگیریی لە ئەحکامە شەرعییەکاندا، ئاسانکاری لە زامدارکردنی ئەوانیتر، هەروەها فاسیقکردنیان، تەنانەت کافرکردنیشیان.

یەکێك لە مامۆستایانی زانکۆی کوەیت بۆیگێڕامەوەو وتی: یەکێك لە قوتابیانی زانکۆ کەوتە مشتومڕ لەگەڵم و وتی: مامۆستا فلان - کە یەکێکە لە بانگخوازە گەورەو ناودارەکان- بە حەقدە هەڵە کافر دەبێت، بە شەست هەڵە فاسیق دەبێت، منیش پێموت: ئایا دەکرێ بیانلێبیت؟ وتی: کەوتە وتنیان یەك بەدوای یەکدا، منیش پێموت:

ئایا ڕێبازی پێشینان ئەمە بووە؟! ئەگەر لەجیاتی ئەمە چەند ئایەت یان فەرموودەیەكت لەبەربكردایە، باشتر نەبوو بۆت؟!

*** هۆكاری سێیەم: كار كەوتنە دەست كەسانی نەزان و گومڕاكار:**

هەر ئەمەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەكی ڕاستدا ئاماژەی پێكردووە، پێشەوا بوخاری و موسلیم و فەرموودەناسانی تریش گێڕاویانەتەوە[1]، ئەو كەسانەش -كە نەزانن بە فیقهی قوول و زانستی ئوسوڵی فیقە و مەبەستەكان- كەسانێكن توانایان هەیە لە وروژاندنی سۆزی جۆش و خرۆشداری ئەو گەنجانە و گومڕاكردنیان، ئەوەش لە ڕێگای قەبەكردنی ڕۆڵی ئەو كەسانە و گرنگێتیان و شكاندنی زانایانی تر لەبەرچاو گەنجاندا، هەروەها بە شێواندنی ململانێكان و گڕژی بەردەوام، هاوكات بەدڵاچوون و سەرسامبوون بەو كەسە گومڕاكارانە بۆ گەیشتن بە چاولێكەری كوێرانەو لەكارخستنی ئەقڵ.

## جێكەوتەكانی لادانی باوەڕیی لە بواری زیادەڕەویی و توندڕەویی دا

مەعلومە كە جێكەوتەكانی لادانی هزری زۆر زۆرن، ئێمە لێرەدا تەنها گرنگترینی ئەو جێكەوتانە باسدەكەین:

١- زیادەڕەویی و توندڕەویی لە هزر و گوفتاردا، توندگرتن و قورسكردن لە حوكمی شەرعی و فەتواكاندا.

٢- تۆقاندنی خەڵكانی سڤیل و ترساندنیان، تەنانەت كوشتن و سوتاندنیان، ئینجا زیادبوونی كوشتن و پشێوی و ئاژاوەو بێسەروبەری.

٣- سەرهەڵدانی فیتنە لە نێوان ئوممەتی ئیسلامی و لاوازكردنی، لێرەوە ئیتر دوژمنان تەماع دەكەنە خێرو بێری وڵاتیان، پرۆژەكانیان درێژدەكەنەوە تا دواجار زاڵبن بەسەریداو لەناویبەرن -هەروەك دەیبینین-.

٤- دروستكردن و خولقاندنی پشێوی و ئاژاوەگێڕی كە ئوممەتمان دەڕوخێنێ، هاوكات هەل و فرسەتێكی باشیشە بۆ دوژمنانمان -هەروەك لە ئەمڕۆدا دەیبینین-.

---

(١) ئەم فەرموودەیە پێشتر تەخریج كراوە.

## چارەسەر

مەعلومە کە چارەسەری سەرکەوتووانە بۆ نەخۆشی لادانی باوەڕیی -وەك هەر نەخۆشییەکی تر- لە چارەسەری گشتگیرانەی هۆکارەکاندایە، ئەویش لە ڕێگای گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

* یەکەم: هۆشیارکردنەوە بە جێکەوتە نەرێنییەکانی بەرنامە بیانییەکان: کە لەسەر ئیلحاد و عەلمانیەت و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت دامەزراوە، هاوکات هەوڵدانی جیددی بۆ دۆزینەوەو داهێنانی بەرنامەی ئیسلامی هاوچەرخ کە ببنە جێگرەوەی ئەو، بەرنامەیەك کە وەڵامگۆی خواستی گەنجان و هیواو خواستە هزری و زانستی و ژیارییەکانی ئەوان بن.

* دووەم: چارەسەری پەروەردەی ئاینی هەڵە بە گۆڕینی بۆ پەروەردەی ئاینی ڕاست و دروست: هەروەها گۆڕینی ژینگەی لە ئامێزگری لادان بە ژینگەی لە ئامێزگری هزری ڕاستی ڕووناککەر و بە ڕێبازی میانڕەو و مامناوەند(١).

## هەڵوێستی ئیسلام لەسەر زیادەڕەویی و توندڕەویی

هەروەك پێشتر وتمان، لە بەشی سێیەمدا لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام لەمەڕ زیادەڕەویی و توندڕەویی بە هەموو جۆرەکانی، هەروەها بازدان بەسەر میانڕەوویدا ئەم باسەمان کردووە، هەروەها حوکمی شەرعی لەسەر خراپەکاریی لە زەویدا (سزای دەست و قاچ بڕین و لە خاچدان و کوشتن) و دەستدرێژیکردنە سەر ئاسایشی دەوڵەت.

## کۆتا دەرمان داخکردنە

ئەگەر هەوڵی هزری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پێویست لەگەڵ ئەو توندڕەوانەدا بە خەرجدرا تا بگەڕێنەوە سەر هۆشی خۆیان، بەڵام ئەوان هەر شەڕ و کوشتنیان هەڵبژارد، ئەوا ئەوکات جەنگ لە دژیان بەرپا دەکرێ تا دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵ، چونکە زۆرێك لە زانایان وتوویانە کۆدەنگی هەیە لەسەر فەرزی شەڕکردن لە دژیان

(١) پێشتر بە تێروتەسەلی قسە لەسەر ئەم چارەسەرانە کراوە.

ئەگەر هاتوو چەکیان هەڵگرت، ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (پێشەوایان کۆدەنگن لەسەر شەڕکردن لە دژی خەواریجە لادەرەکان)، پاشان وتوویەتی: (موسڵمانان کۆدەنگن لەسەر فەرزی شەڕکردن لە دژی خەواریج و ڕافیزەکان، ئەمە لەبارێکدا لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابووبنەوە، هەروەك چۆن عەلی ﷺ لە دژیان جەنگاوە[1])، بەڵام ئەو شەڕە مەرجدارە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- دەبێت دەوڵەت بانگهێشتیان بکات بۆ دیالۆگ و ئاشتەوایی، داخوازییە ڕەواکانیان جێبەجێ بکات، ئەگەر بێتو ستەمێکی ئاشکراو دیاریان لێکرابێت نەیهێڵێ، بەڵام دوای بەجێگەیاندنی ئەمانە ئەوان هەر نەیەن بەدەم ئاشتەواییەوە.

٢- ئەوان چەك لە دژی دەوڵەت هەڵبگرن، ئیتر بە ڕێگریکردن بێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی، یان هەستانیان بە کوشتن و تالان و بڕۆ، هەروەها تیرۆرکردن و ترساندن.

٣- ئەوانە دیالۆگ، یان ئاشتەوایی و گوێگرتن و گوێڕایەڵی ڕەتبکەنەوە، هەروەها کاربکەن لەسەر سەپاندنی ڕای خۆیان لە ڕێگای هێزەوە.

ئیتر ئەوکات پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی و یەکبوونی دەوڵەت و بەرژەوەندییە گشتییەکان شەڕ لە دژیان ڕابگەیەنرێ[1].

بەرمەبنای ئەمەی لە پێشەوە باسکرا، دەڵێین ئەگەر بێتو لادانی هزری سەربکێشێ بۆ تیرۆر و کوشتن و دەستدرێژی، ئەوا ئیسلام بە دەق و بە ئیجتیهاد کۆمەڵێ سزای سەپاندووە، ئەویش لە بەشی: سزای جەردەیی و چەتەگەریی و خراپەکاریی (الحرابة)یە، بەشی یاخیبووانە، بەڵام ئەمەش هەر پێویستی بە چەندین ئیجتیهادی بنەمادۆزی هەیە بۆ ئەو تاوانانە کە لەژێر تابلۆی تیرۆری ناوخۆیی و تیرۆری دەرەکیدا ڕوودەدەن.

---

(١) سەیری: (مجموع الفتاوى)، ل(٤٤٦/٣، ٥٤٤)، هەروەها سەیری: (روح المعاني)، ل(١٥١/٢٦)، (سبل السلام)، ل (٤٠٧/٣)، (تفسير القرطبي)، ل(٣١٦/٦) بکرێ.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی حوکمی یاخیبووان سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ: (فتح القدير)، ل(٤٠٨/٤)، (البدائع)، ل(١٤٠/٧)، (تبين الحقائق)، ل(٢٩٣/٣)، (مواهب الجليل)، ل(٢٧٨/٦)، (الشرح الصغير)، ل(٤٢٦/٤)، (شرح المحلى على المنهاج)، ل(١٧٠/٤)، (المغني)، ل(١٠٥/٨، ١٠٧)، هەروەها سەردانی مەوسوعەی فیقهی کوەیتی بۆ وشەی (بغاة) بکرێ ل(١٣٠/٨-١٥٨).

# بەشی شەشەم

# کەموکووڕیی تێگەیشتن لە چەمکی تێکۆشان (جیهاد)، کافرکردن، فاسیقکردن، دەوڵەتی جێنشینیی، لایەنگریی و پەڕگیریی لە هزری زیادەڕەواندا

ئەم بەشە ئەم باسانە لەخۆ دەگرێ:

- باسی یەکەم: پێناسەی تێکۆشان (الجهاد) لەگەڵ باسی حوکمی شەرعی، هەروەها جۆر و پلەکانی، مەرجەکانی (بە کورتی).
- باسی دووەم: چەمکی تێکۆشان و ئایەتی شمشێر.
- باسی سێیەم: کافرکردن و فاسیقکردن.
- باسی چوارەم: دەوڵەتی جێنشینیی.
- باسی پێنجەم: لایەنگریی و پەڕگیریی.

## باسی یەکەم

## پێناسەی تێکۆشان (الجهاد) لەگەڵ باسی حوکمی شەرعیی، هەروەها جۆر و پلەکانی، مەرجەکانی (بە کورتی)

### پێناسەی تێکۆشان (الجهاد) لە ڕووی زمانەوانی و لە شەرعدا

* واتای تێکۆشان (الجهاد) لە فەرهەنگی زمانەوانی دا:

جهاد چاوگی (جاهد يجاهد)ە، واتە تێکۆشاو تێدەکۆشێ، ئیبن مەنزور وتوویەتی: (جهاد): واتە شەڕکردن دژی دوژمنان، ئەم وشەیەش بۆ زیادە ڕۆچوونەو بۆ بەخەرجدانی هەموو هەوڵێکە کە لە تواناذا بێت لە گوفتار یان کردار[1].

(١) (لسان العرب) (القاموس المحيط) (المعجم الوسيط) وشەی (جهد).

ئەویش لە (جهد)[١]ەوە هاتووە واتە: بەخەرجدانی هەموو هەوڵێك كە لە توانای مرۆڤدایە بۆ گەیشتن بە مەبەستێك، ئیتر ئەو هەوڵ بەخەرجدانە گوفتار بێت یان كردار بێت چوونیەكە، بە دەستەواژەیەكی تریش: هەوڵی جەستەیی بێت یان ئەقڵی[٢].

*** واتای جهاد لە زاراوەی شەرعدا:**

ئەم واتایە لە شەڕ و كوشتن گشتگیرترە، چونكە قورئانی پیرۆز لە تێكۆشانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوەی ئیسلامدا بەكاریهێناوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَـٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا﴾ الفرقان: ٥٢. واتە: (بەم قورئانەش لەسەر خەبات و كۆشش و جیهادی خۆت بەردەوام بە). كەواتە بریتییە لە: بەخەرجدانی هەموو وزەو توانایەكی بەردەست لەپێناو خوای گەورەدا، ئەوەش بە بەخشینی ڕۆح یان ماڵ و سامان بێت یان بە زمان یان بە ڕادەربڕین یان بانگەواز یان سەلماندن بە بەڵگە، هەروەها بە ڕوونكردنەوەی هەق و ڕاستی و نەهێشتنی گومان و چەندین بواری تریش[٣].

وشەی ئیجتیهادیش هەر لەم وشەیەوە هەڵگۆزراوە، كە مەبەست پێی ئەوەیە: فیقهناس تەواوی هەوڵەكانی بخاتەگەڕ بۆ دەستخستنی بەڵگە شەرعییەكان و واتایان و شوێنی بەكارهێنانیان بۆ گەیشتن بە حوكمێكی شەرعی، غەزالی وتوویەتی: (ئیجتیهاد بریتییە لە بەخەرجدانی هەوڵ و توانا، هەروەها بەگەڕخستنی تەواوی توانای بەردەست لە كردەوەیەك لە كردەوەكاندا، تەنها لەبارێكدا بەكاردەهێنرێ كە زەحمەت و هەوڵدانی قورسی تێدا بێت، لە عورفی زانایانیشدا تایبەتە بە زانای موجتەهیدەوە، كە تەواوی توانای خۆی لە فێربوونی زانستی ئەحكامە شەرعییەكاندا بەخەرجبدات)[٤].

---

(١) جهد بە دانانی بۆر لەسەر جیمەكە بە مانای وزەو تواناو هەوڵ دێت، یان بە سەرە لەسەر جیمەكە بە مانای زەحمەت و نارەحەتی دێت، بە گۆڕینی حەرەكاتیش مانای دەگۆڕێ بەڵام هەر نزیكن لەیەكەوە.

(٢) سەرچاوە پێشووەكان، هەروەها (المعجم الوسيط)، ل(١/١٤٥)، (المصباح المنير)، ل(١/١٢٣).

(٣) (بدائع الصنائع)، ل(٧/٩٧)، (مطالب أولي النهي)، ل(٢/٥٠١)، هەروەها (فقه الجهاد)، نوسینی زانای پایەبەرز یوسف قەرەزاوی، ل(١/٦٧).

(٤) (المستصفى)، چاپی دار صادر لە لوبنان ل(٢/٣٥٠).

وشەی تێگەیشتن (التفقه)، هەروەها فێربوونی ئەحکامە شەرعییەکان لە قورئانی پیرۆزدا یاوەرە لەگەڵ شەڕ و کوشتاردا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ التوبة: ١٢٢. واته: (نابێت سەرجەم ئیمانداران دەرچن بۆ غەزا، بەڵكو دەبێت كەسانێكیان خۆیان یەكلایی بكەنەوە بۆ شارەزابوونی تەواو لە دین، بە شاران و وڵاتاندا بگەڕێن و پسپۆڕی پەیدا بكەن، بۆ ئەوەی كە گەڕانەوە ببنە ماموستاو پێشەوا لە دینداریدا، خەڵكەكەی خۆیان بێدار بكەنەوە لە هەموو لادان و سەركەشییەك، بۆ ئەوەی ئیمانداران هەمیشە وریای خۆیان بن، سەرگەرمی گەیاندنی پەیامی خوا بن بە كردار و گوفتار).

ڕاڤەكاران لەبارەی هۆكاری هاتەخوارەوەی ئەم ئایەتەوە ڕاجیاوازن، هەندێكیان وتوویانە: ئەوە كاتێك بوو كە باوەڕداران گوێیستی ئایەتەكانی فەرماندان بە خۆسازدانی گشتی (النفير العام) بوون بۆ جەنگ، هەروەها هاندانی خەڵكانی بیابان بۆ جیهاد، ئیتر هەموو ئوردوویان بەست بۆ جیهاد و هاتن بەرەو مەدینە، لێرەدا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو ڕوونكردنەوی دا كە: نابێت هەموویان بچن بۆ جەنگ، بەڵكو دەبێت تاقمێك لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بمێننەوە، تا شارەزا ببن بە ئاین و دواتر بگەڕێنەوە بۆ بانگەوازكردن، پاشان تاقمێكی تر بێن. ڕاڤەكارانی تریش وتوویانە: بۆ شارەزابوونی دەستە جەنگاوەرەكانە بە غەزا كردن بەوەی كە سەركەوتنی خوایی بۆ ئاینەكەی دەستەبەر دەبێت، هەروەها بەو زانستە كە لە كاتی جیهاد و جووڵەدا پێویستیان پێیەتی، چونكە لە ڕێگای جیهادەوە نهێنییەكانی ئاینیان بۆ دەردەكەوێ، هەروەها نیشانەو پراكتیزەكردنی لە ئان و ساتی جووڵەدا دەردەكەوێ، چونكە كۆڵەكەی ڕاگری ئەم ئاینە كردارە، بە دابەزینە بۆ ناو گۆڕەپانی جەنگ، ئاوێتەبوونی كردارییە لەگەڵیدا، زانست و شارەزابوون بەم ئاینە تەنها لە كات و ساتی جووڵەو كرداردا بەدەستدەهێنرێ، لەبەرئەوە خوێندن و لێكۆڵینەوە لە كتێبەكان بەوپەڕی

گەرموگوڕییەوە، بەڵام دوور بێت لە واقیعەوە خاوەنەکەی ناکاتە فیقهناس و شارەزا بە ئاین[1].

جا مەسەلەکە هەرجۆر بێت، ئەوا ئەم ئایەتە دەلالەت لە مانایەکی ڕووندەکات، ئەویش بریتییە لەوە کە فیقە لەگەڵ تێکۆشاندا تاچ ئاستێ گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوە لەفزی (الجهد) ئەویش دەگرێتەوە.

لەفزی هەوڵدان و تێکۆشان (الجهد) و هەڵگۆزراوەکانی ٤١ جار لە قورئانی پیرۆزدا کە بە دەوری مانا پێشووەکاندا دەسوڕێتەوە دووبارە بووەتەوە، زۆربەیان بە واتای جەنگ هاتوون لەپێناوی خوای گەورەدا، هەندێکیشیان بە مانای بەگەڕخستن و بەخەرجدانی هێز و توانایە لە هەرشتێکدا، هەندێکیشیان بە مانای بەخشینی تواناو وزەیە لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری چاك و باش، بۆ مانای یەکەم خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ التوبة: ٤١. واتە: (ئێوە -ئەی لەشکر و سوپای ئیسلام- بە چەکی سوك و سەنگین، بە سوار و پیادەتانەوە، بە ماڵ و سامان و بە گیانی خۆتان تێبکۆشن لەپێناوی خوادا). هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلۡقَٰعِدِينَ أَجۡرًا عَظِيمًا﴾ النساء: ٩٥. واتە: (جا خوای گەورە فەزڵی ئەو موجاهید و خەباتگێڕ و بانگخوازانەی بە پلەو پایەیەکی تایبەت و ڕێزدار داوە بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتوون و هەوڵنادەن). بۆ مانای دووەمیش خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشۡرِكَ بِي مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٞ فَلَا تُطِعۡهُمَاۖ﴾ لقمان: ١٥. واتە: (خۆ ئەگەر دایك و باوکت بێ دین و موشریك بوون، زۆریان بۆهێنایت تا شەریك و هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت، بە بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستی و دروستیان پێبێت، تۆ ئا لەوەدا بە قسەیان مەکە). بۆ مانای سێیەمیش دەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا﴾ الفرقان: ٥٢. کە بریتییە لە تێکۆشان بە ڕوونکردنەوە، بە بانگەواز و بە ڕا گەیاندن، ئیبن تەیمییە

(١) (تەفسیری ئیبن عەتییە)، ل(٧٨/٧)، (أحكام القرآن)ی ئیبن عەرەبی، ل(١٠٣٠/٢)، (تفسير في ظلال القرآن).

وتوویەتی: (واتە بە زمان و بە ڕوونکردنەوەو باسکردن تێبکۆشە لەگەڵیاندا، چونکە ئەم ئایەتە لە مەککە هاتووەتە خوارەوە)[1].

ئەم باسە لە سوننەتی شکۆداریشدا بەهەمانشێوەیە، کە تێکۆشان (الجهاد) بۆ مەبەستی جەنگ لەپێناو خوای گەورەدا بەکارهاتووە، وەك ئەمە کە ﷺ دەفەرموێ: ((**تكفل الله تعالى لمن جاهد في سبيله... بأن يدخله الجنة**))[2]. واتە: (خوای تەعالا خۆی گەرەنتی بەو کەسە داوە کە لەپێناویدا تیدەکۆشێ... بیخاتە بەهەشت). هەروەها بە مانای جگە لە جەنگیش هاتووە وەك ئەم فەرموودەیەی ﷺ: ((**ما أمير يلي أمر المسلمين، ثم لا يجهد لهم ولا ينصح إلاّ لم يدخل الجنة**))[3]. واتە: (هەر ئەمیر و کاربەدەستێك کاروباری موسڵمانانی کەوتە دەست، بەڵام هەوڵی خزمەتکردن و ئامۆژگاریان نەدات ناچێتە بەهەشت). پێغەمبەر ﷺ حەجیشی بە جیهاد ناوبردووە، دەفەرموێ: ((**الحج جهاد كل ضعيف**))[4]. واتە: (حەجی ماڵی خوا تێکۆشانی هەر کەسێکی لاواز و نەتوانایە).

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە تێکۆشان بریتییە لە: بەگەڕخستنی تەواوی وزەو توانا بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و بەرگریکردن لێی، بۆ ملشکاندنی ناڕەواو نەهێشتنی خراپە و گەندەڵییە بە هەموو هۆکارە بەردەستەکان: ماددی و مەعنەوی و ڕاگەیاندن و هاوشێوەیان، ئەمە لەبارێکدا مەرجەکان ڕەخسابن و ڕێگرەکان نەمێنن.

## بەشەکانی تێکۆشان و پلەکانی

ئەگەر سەرنجبدەینە مانای دەقەکانی شەریعەت و پرەنسیپ و ڕێسا گشتیەکانی و ڕۆبچین تیایاندا، ئەوا دەبینین کە لەفزی تێکۆشان (الجهاد) سنوردار ناکرێ تەنها لە جەنگ لەپێناو خوای گەورەدا، بەڵکو وشەیەکی گشتگیرە بۆ جەنگ و بۆ جگە لە

(١) (مجموع الفتاوى)، ل(٢٨/٣٨).

(٢) بوخاری لە بەشی الجهاد بە ژمارە (٢٧٨٧) ل(٦/٦)، هەروەها موسلیم لە بەشی ئیمارەدا بە ژمارە (١٠٤) ل(٣/١٤٩٦) گێڕاویانەتەوە.

(٣) موسلیم لە بەشی ئیمارەدا بە ژمارە (٢٢) ل(٣/١٤٦٠) گێڕاویەتەوە.

(٤) ئیبن ماجە لە بەشی مەناسیك بە ژمارە (٢٩٠٢) ل(٤/٩٨٦)، هەروەها نەسائی لە بەشی حەجدا بە ژمارە (٥/١٠٤)، ئەحمەد بە ژمارە (٢/٤٢١) گێڕاویانەتەوە.

لەویشه، کە زەحمەت و بەخشینی توانا و وزە بەخەرجبدریٚ دژ بە دوژمنان مادامیٚ لەپیٚناو خوای باڵادەستدایە. جا لەبارێکدا کە دوژمنانی ئیسلام بە تێڕوانینی ئیسلام سنوردار ناکرێن تەنها لە خەڵکانی بێباوەڕدا، ئەوا تێکۆشانیش بەهەمانشێوە سنوردار ناکرێ لە جەنگکردن لەدژیان، بەڵکو تێکۆشان دژ بە شەیتان، دژ بە دەروون بوونی هەیە، ئیتر ئەو تێکۆشانە بە ماڵ و دارایی یان بە گیان بێت، یان بە زانست و بەڵگەو سەلماندن و بە پێنوس و ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردن بێت هەر واتای تێکۆشان دەگرێتەوە. گومانی تێدا نییە کە تێکۆشان لە مەککەدا تەنها بە زانست و بە باسکردن و ڕوونکردنەوە بووە، تێکۆشانیش لە مەدینە بە هەموو جۆرەکانی بووە، بەڵام بە واتای جەنگ ئەوا تەنها بۆ بەرگری بووە لە گیان و لە ئاین[1].

**زانای پایەبەرز ئبن قەیم پلەکانی تێکۆشانی زۆر بە جوانی کورتکردووەتەوە، ئێمە لەبەر گرنگییەکەی لێرەدا باسیان دەکەین، وتوویەتی:**

(تێکۆشان چوار پلەی هەیە: تێکۆشان دژی دەروون، تێکۆشان دژی شەیتان، تێکۆشان دژی بێباوەڕان، تێکۆشان دژی دووڕووەکان.

*** تێکۆشان دژی دەروون، چوار پلەی هەیە:**

**پلەی یەکەم:** کەسێك تێبکۆشێ لەگەڵیدا و هەوڵی لەگەڵدا بدات تا فێری هیدایەت و ئاینی هەق و ڕاست ببێت، چونکە ڕزگاربوون و بەختەوەریی لە دنیاو قیامەتیدا بەبێ ئاین دەستەبەر نابێت، هەرکات زانستی ئاینی لە دەستچوو ئیتر ئەو کەسە بەدبەختی دنیاو قیامەت دەبێت.

**پلەی دووەم:** هەوڵبدات لەگەڵیدا تا کار بەو زانستی هیدایەتە بکات کە فێری بووە، ئەگەرنا ئەوا تەنها زانینی بێکردەوە ئەگەر زیانیشی پێنەگەیەنێ ئەوا سودیشی نابێت بۆی.

**پلەی سێیەم:** هەوڵی لەگەڵ بدات کەسانیتر بانگهێشت بکات بۆی و ئەو کەسە فێربکات کە نایزانێ، ئەگەرنا ئەوا دەچێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە ئەو هیدایەت و بەڵگە

---

(١) سەرچاوە پێشووەکان، هەروەها (مجموع الفتاوى)، (٣٨/٢٨).

ڕوونانە خوای گەورە دایبەزاندوون دەیشارنەوە و زانستەکەی سودی پێنا گەیەنێت و لە سزای دۆزەخ ڕزگاری ناکات.

**پلەی چوارەم:** هەوڵی لەگەڵ بدات ئارامبگرێ لەسەر زەحمەتەکانی بانگەواز بۆ لای خوای گەورە و لەسەر ئازاری خەڵکیش، لەبەر خوای گەورە بەرگەی هەموو ئەوانە بگرێ.

جا ئەگەر ئەو چوار پلەیە بە سەرکەوتوویی بەجێگەیەنران ئەوا دەبێتە یەکێك لە کەسە ڕەببانییەکان، چونکە پێشیان کۆدەنگن لەسەر ئەوە کەسی زانا شایستەی ئەوە نییە ناوبنرێ بە ڕەببانی تا هەق نەناسێ و کاری پێنەکات و کەسانیتریش فێر نەکات، جا هەرکەس خۆی فێربوو و کاری پێکردوو و کەسانیتریش فێربکات ئەوا لە جیهانی ئاسمانەکاندا بە مەزن ناودەبرێ.

*** تێکۆشان دژی شەیتان، دوو پلەی هەیە:**

**یەکەم:** تێکۆشان بۆ نەهێشتنی ئەو گومان و شتە پیسانە کە شەیتان فڕێیاندەداتە دڵی باوەڕدار و باوەڕی زامدار دەکەن.

**دووەم:** تێکۆشان بۆ نەهێشتنی ئەو ویستە پیس و هەواو ئارەزووە پیسانە کە شەیتان فڕێیاندەداتە دڵی مرۆڤەوە.

لەدوای تێکۆشانی یەکەم یەقینی تەواوەتی دەستەبەر دەبێت، لەدوای تێکۆشانی دووەمیش ئارامگرتن فەراهەم دێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُواْ وَكَانُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴾ السجدة: ٢٤. واتە: (هەروەها کردمانن بە چاوساغ و پێشەوای گەلان لە سەردەمەکانی پێشودا، کاتێك کە زۆربەیان خۆگری و ئارامگریان کردە کاڵای باڵای خۆیان، بە تەواوی دڵنیابوون لە ئایەتەکانی ئێمە لە تەوراتدا، دواتریش لە سەردەمەکانی داهاتوودا هەندێکیان موسڵمان دەبن و باوەڕ دەهێنن بە ئایەتەکانی ئێمە لەم قورئانەدا). ئایەتە پیرۆزەکە هەواڵیداوە کە پێشەوایەتی ئاین لە ڕێگای ئارامگرتن و یەقینەوە دەستدەکەوێت، چونکە ئارامگرتن حەزو ئارەزوو و ویستە خراپەکان ناهێڵێ، یەقینیش هەرجۆرە گومان و شتانێکی گوماناوی لەناودەبات.

* **تێکۆشان دژی بێباوەڕ و دووڕووەکان، چوار پلەی هەیە:**

بە دڵ، بە زمان، بە ماڵ و دارایی، بە گیانبەخشین.

تێکۆشان دژی بێباوەڕان تایبەتە بە بەکارهێنانی دەست، تێکۆشان دژی دووڕووەکانیش تایبەتە بە بەکارهێنانی زمان.

* **تێکۆشان دژی ستەمکار و بیدعەچی و خراپەکاران، سێ پلەی هەیە:**

**یەکەم:** بە دەست -واتە گۆڕینی لەلایەن کەسێکەوە کە دەستەڵاتی هەیە- ئەگەر توانای هەبوو.

**دووەم:** ئەگەریش توانای نەبوو ئەوا دەگوێزێتەوە بۆ تێکۆشان بە زمان.

**سێیەم:** ئەگەریش توانای نەبوو ئەوا بە دڵی تێدەکۆشێ.

ئەمانەی پێشەوە سیازدە پلەی تێکۆشانن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((من مات ولم يغزُ ولم يحدث نفسه للغزو مات على شعبة من النفاق))[1]. واتە: (هەر کەسێ بمرێ و غەزای نەکردبێ، یان ئامادەسازی بۆ غەزا کردن نەکردبێ، ئەوا لەسەر جۆرێك لە جۆرەکانی دووڕوویی مردووە).

## تێکۆشان لە مەککە دا

دەکرێ ئەو تێکۆشانە کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککە ئەنجامیداوە، دابەش بکەین بۆ دوو جۆر:

* **جۆری یەکەم:** تێکۆشان بە بەڵگە و سەلماندن:

ئەمەش لە بوار و بازنەی باوەڕ و داب و نەریت و شتە ئەفسانەیی و گوماناوییەکاندا بووە، کە توندترین و سەخترینی جەنگەکان بووە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ، أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ، وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ، مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ﴾ ص: ٤-٧. واتە: (ئەو کافرانە کاتی خۆی لە

(١) موسلیم ژمارەی فەرموودە (١٩١٠)، ئەبو داود (٢٥٠٢)، نەسائی (٣٠٩٩)، هەروەها سەیری (زاد المعاد)، ل(١١/١٠/٣) بکرێ.

مەککەدا پێیان سەیر بووە کە بێدارکەرەوەیەك لە خۆیان ڕەوانەکراوە بۆیان، تا تێیان بگەیەنێت کە بتپەرستی نەنگە بۆ ئادەمیزاد، حەق وایە مرۆڤ تەنها بەدیهێنەری خۆی و بونەوەر بپەرستێت، کەچی کافرانی ئەو سەردەمە وتیان: ئەمە جادوگەرێکی درۆزنە، هەروەها بە سەرسامیەوە دەیانوت: چۆن شتی وا دەبێت، ئەم فرستادەیە داوامان لێدەکات واز لە پەرستنی ئەو هەموو بتە بهێنین و تەنها خوایەك بپەرستین....، بەڕاستی ئەم بیروباوەڕە شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە!! دەستەڵاتدار و ناودارەکان سەردانی یەکتریان دەکرد و داوایان لە یەکتر دەکرد، کە: بڕۆن و بەردەوامبن لە سەر پابەندی بە بیرو باوەڕی خۆیان و خۆگربن و بەرگری لە خوا کانیان بکەن، چونکە ئەم ئاینە تازەیەو ئەم بیروباوەڕە مەبەستێکی لە پشتەوەیە!! هەروەها وتیان: ئێمە ئەم دەنگوباسەمان لە کۆتا ئاییندا نەبیستووە، ئەم ئاینە تازەیە بیروباوەڕ و شتێکی دەمهەڵبەست و دروستکراوە!!).

چونکە ئیسلام باوەڕێکی هەق و ڕاستی هێنا دوور لە باوەڕە پووچەکانی ئەوان، هەروەها کۆمەڵێ پرەنسیپی لە پەرستش و ڕەفتار و پەیوەندی لە نێوان خەڵکیدا، هەروەها یەکسانیی لە نێوانیاندا هێنا کە تەواو جیاواز بوون لەوەی پێشتر لە بیروهۆشی ئەواندا ڕەگی داکوتابوو، ئینجا هاتن جیبەجێیان کردن بەسەر خۆیاندا.

چەکی هاوەڵگەران دژ بەو تێکۆشانە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە چەکێکی بەهێز بوو، پێغەمبەر موحەممەد ﷺ بە تەنها خۆی ڕووبەڕوویان بوویەوە، پاشان ئیسلام وردە وردە کەوتە بڵاوبوونەوە، بێباوەڕان هاتن چەکی پڕوپاگەندەیان لەدژی بەکارهێنا، بە تایبەت ئەوان قەومێك بوون بەوە ناسرابوون کە ڕەوانبێژ و شیعرزانن، کۆمەڵگایەکی موسریف و ماندووکەر کە لە بۆشاییدا دەخولایەوە ڕۆژانە کۆڕ و کۆبوونەوە ڕێکوپێکەکانی بە دەوری کەعبەدا دەپاراست(١)، ئەمە جگە لەو یانە شیعریانە کە شاعیرانی کۆدەکردەوە، هەروەها ئەو شاندانە کە بۆ حەج و عومرە دەهاتنە لایان.

قوڕەیش بە بەکارهێنانی تەنها چەکی زەبەلاحی پڕوپاگەندە دەستکۆتا نەبوو، بەڵکو

(١) (الجهاد فی الإسلام) موحەممەد شەدید، چاپی مؤسسة الرسالة ل(٢٧).

چەکی سەودا گەری و ئازاردانی وەحشیگەرانەو سوکایەتیکردنی دەروونی بەشێوەیەك کە پێشتر نەبینرابوو بەکارهێنا، پاشانیش چەکی گەمارۆی ئابووری و دابڕانی گشتگیرانە دژ بە هەر کەسێك کە دەهاتە ناو ئاینی تازەوە، لە ڕاستیدا موسڵمانان لەبەرئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتە نامەردانەی قوڕەیش زۆر چەرمەسەریان چەشت، بەڵام هەر ئارامگر بوون، باوەڕە بەهێزەکەیان یارمەتیدەریان بوو لەسەر بەرگەگرتن، قورئانی پیرۆزیش بە بەردەوامی دادەبەزییە سەریان کە برین سارێژکەر بوو بۆیان و زامەکانیانی تیمار دەکرد، ئەمە هەموو لەپاڵ هەبوونی کەسایەتی مەزنی پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ و پێشەنگییە ناوازەکەیدا.

* **جۆری دووەم:** تێکۆشانی پەروەردەکردن:

بە تەنیشت جۆری پێشووی تێکۆشانەوە، تێکۆشانی پەروەردەکردن هەبوو -پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ خۆی سەرپەرشتی دەکرد، تا ئیسلامی ڕاستەقینە لە دڵی دەستەی یەکەمی موسڵماناندا بە شێوەیەکی زۆر ورد بچێنێ- کە مەزنترین جۆرەکانی تێکۆشانە، قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەو ڕۆڵە گەورەیە داوە کە پێغەمبەر ﷺ پێی هەستاوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ ﴾ آل عمران: ١١٠، واتە ئەم ئوممەتە لە کتوپڕێکدا بەبێ پێگەیاندن و ئامادەکردن بەو بەهێزییە دەرنەکەوت کە توانی دوو ئیمپراتۆریەت بڕوخێنێ، بەڵکو بە شێوەیەکی باش ئامادەکرابوو، واتە: لە پێناو ئاماکردنیدا هەوڵی زۆر گەورە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ درا، ئەمە لە پاڵ چاودێری خوای باڵادەستدا تا بەو شێوەیە ئامادەکرا، تا بەو شێوە ڕێکوپێکە دەرهێنرا، پێغەمبەر ﷺ تاك تاکیانی پەروەردە کرد، بە گوفتار و کردار و پراکتیزە و بە پێشەنگی چاك پەروەردەی کردن لەسەر باوەڕێکی بەهێز کە لە شێوەی کێوێکی بڵندا بوون، تا بە تەواوەتی بێنەناو ئیسلام و هەموو ئەوەی لە سەردەمی نەفامیدا لەسەری بوون بیخەنە پشت خۆیان و ئاوڕی لێنەدەنەوە، تا دڵیان خاڵی بێت لە هەر گومان و دوودڵیەك، ئینجا پڕبکرێت بە باوەڕی هەق و ڕاست و بە ڕەوشتی مەزن و پرەنسیپە ئیسلامییەکان، بەمجۆرە

سروشتی پاكیانی بۆ گەڕاندنەوە، دڵیان، ویژدانیان، ڕەفتاریان، هزریانی پەروەردە كرد، دەستكۆتا نەبوو تەنها بە مەسەلە گشتییەكان، بەڵكو هەستا بە چاندنی سیفەتە چاكەكان تیایاندا، هەروەك كەسێكی كشتیار كە چۆن چاودێری كشتوكاڵەكەی دەكات، ئەویش ﷺ هەستا بە سەرپەرشتیكردنیان، پەروەردگار دەفەرمویێ: ﴿كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ فَٱسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ﴾ الفتح: ٢٩. واتە: (پێناسەشیان لە ئینجیلدا، وەكو ڕووەكێك وان كە سەرەتای چەكەرەكردنی بێت و بەردەوام لە گەشەدا بێت، پاشان ئەستور و قایم بێت، لەسەر قەدەكەی خۆی بوەستێت، كشتیارانیش سەرسام بن لە جوانی و زۆری و فراوانی بەروبوومی، تا داخ بكات بە دڵی كافر و خوانەناساندا).

## تێكۆشان لە مەدینە، بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنكاریی و هێنانەكایەی ئازادیی بووە

تێكۆشان لە سەردەمی مەدینەدا -لە پاڵ تێكۆشانی باوەڕیی و پەروەردەو بانگەوازدا- شێوەی ڕێكخستنی كۆمەڵگای وەرگرت، شەڕكردنیش لەپێناو خوای گەورەدا دژی ئەوانەی دژی موسڵمانان بوون بۆ ئەم مەبەستانە بوو، یەكەم: بۆ بەرگری لە ڕۆح و گیان، لە ئاین، لە دەوڵەت، لە ستەملێكراوان، دووەمیش بۆ قەڵاچۆكردنی فیتنەگێری بوو، خوای باڵادەست دەفەرمویێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ، ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَـٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج: ٣٩-٤٠. واتە: (خوای گەورە بڕیاریداو فەرمووی: ئینجا ئیتر لە ئێستە بەدواوە مۆڵەتدراوە بەوانەی كە دوژمنان دژیان دەجەنگن، لە هەمانكاتدا ستەملێكراویشن كە بەرگری لەخۆیان بكەن، لە ڕاستیدا خوای گەورە توانای تەواوی هەیە تا سەركەوتنیان پێ ببەخشێت، بە تایبەت ئەوانەی كە بە ناحەق لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەر كران، هەر لەبەرئەوەی كە دەڵێن: پەروەردگامان (اللّٰە)یە، جا ئەگەر خوای گەورە ئەو

خەڵکە بە یەکدا نەدات، ئەوە بێ دین و ناپوختەکان هەموو تواناکانیان دەخەنەگەڕ بۆ وێرانکردنی شوێنی خەڵوەت و خواپەرستی ڕاهیبە گاورەکان، هەروەها کەنیسەکانیان، هەروەها کەنیسەی جولەکەو مزگەوتەکانی موسڵمانان کە یادی خوای گەورەیان زۆر تێدا دەکرێت، بێگومان خوای گەورە سەرئەنجام ئەو کەسانە سەردەخات کە لە هەوڵی سەرخستنی ئاینەکەی ئەودان، بەڕاستی ئەو خوایە تەواو بە هێزەو تەواویش باڵادەستە...).

ئەم ئایەتە - کە یەکەمین ئایەتە لەسەر تێکۆشان (الجهاد) هاتووەتە خوارەوە-، ئەم مانایانە دەگەیەنێ:

١- جەنگ پێشتر شتێکی قەدەغەکراو بوو، لێرەوە مۆڵەت لە خوای گەورەوە هات کە ڕێگاپێدراوە، ئەوەش بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتوون، بەم پێیە ئایەتەکە ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ئەسڵ ئاشتی و ئاشتەواییە، جەنگ کۆتا دەرمانە، هەروەها بەو مانایەیە کە جەنگ پێویستی بە کۆمەڵێ پاساوی شەرعی هەیە.

٢- لە ڕاستیدا هۆکارەکانی ئەو مۆڵەتدانە بریتی بوو لەو ستەمە سەختە کە بەسەر موسڵماناندا هات، لە وڵات و خاکی خۆیان دەرکران، لە کاتێکدا کە ئەوە خراپتر و سەختتر بوو لە کوشتن، لەسەر ئاینەکەیان تووشی فیتنەو تاقیکردنەوە هاتن، چونکە هاوەڵگەران هەوڵیاندا لە ڕێگای کوشتن و ئەشکەنجەدان و ئازاردانی سەختەوە بە زۆرەملێ بیانگێڕنەوە بۆ ئاینی هاوەڵگەریی.

٣- ئەو جەنگە هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ئاینی بوو بۆ پەیڕەوانی هەموو ئاینەکانی تریش، چونکە پەرستگاکان (صوامع) ئاماژەیە بۆ مەسیحییەکان، کڵێساش (بیع) ئاماژەیە بۆ جولەکە، مزگەوتەکانیش ئاماژەن بۆ موسڵمانان، نوێژ و پاڕانەوەکانیش (صلوات) ئاماژەیە بۆ هەر هەموو ئەوانەی نوێژ بۆ خوای گەورە دەکەن.

ئەمە ئەو تێکۆشانەیە کە خوای گەورە فەرزی کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی و بەرگریکردن، بۆ بەجێگەیاندنی ئازادی بوو بۆ هەمووان.

ئێستە لە ڕێگای ئەو خستنەڕووە خێرایەوە، دەتوانین بڵێین کە گشتگیری تێکۆشان لە گشتگیری خودی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە، لەبەرئەوە دەبینین ئەو کۆچکردنە کە تایبەت بووە بە کەسێکەوە کۆچیکردووە بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بەو تایبەتمەندیە نەبووە، بەو پێیە کە خودی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**...والمهاجر من هجر ما نهى الله عنه**)). واتە: (کۆچکەر ئەو کەسەیە وازدێنێ لەو شتە کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە)، بەڵکو فەرموویەتی: ((**لا هجرة بعد الفتح ولكن جهاد ونية**))[(١)]. واتە: (لەدوای ڕزگارکردنی مەککە ئیتر کۆچکردن نییە، بەڵکو تێکۆشان و نیەت وەردەگیرێ).

شەهیدیش لە دیدی ئیسلامەوە تەنها ئەو کەسە ناگرێتەوە کە لە ئان و ساتی جەنگدا دەکوژرێ، بەڵکو چەندین حاڵەتی تریش دەگرێتەوە، هەروەك چەندین فەرموودەی ڕاست لەمبارەیەوە هاتوون، تەنانەت حافزی سیوتی پەیامێکی داناوە ناویناوە (أبواب السعادة في أسباب الشهادة)[(٢)]، باسی زیاتر لە سی جۆر شەهیدی کردووە، یەکێکیان ئەم فەرموودەیە بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**الشهداء خمسة: المبطون، المطعون، والغريق، وصاحب الهدم، والشهيد في سبيل الله**))[(٣)]. واتە: (شەهیدەکان پێنج جۆرن: کەسێ بە سك ئێشە بمرێ، کەسێ ئاژەڵێك قۆچی لێبدا، کەسێ لە ئاودا بخنکێ، کەسێ شتێك بڕوخێ بەسەریدا، هەروەها کەسێك لەپێناو خوای گەورەدا بکوژرێ). ئەم ژمارەیە مانایەکی ئەوتۆی لێ وەرناگیرێ، چونکە شەهیدەکان لە پێنج جۆر زیاترن، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**من قتل دون ماله فهو شهيد**))[(٤)]. واتە: (هەر کەس لەپێناو ماڵ و سامانیدا بکوژرێ شەهیدە). ئێمەش لەم باسەدا هەندێ تیشك دەخەینە سەر تێکۆشان بە مانا هەرە

---

(١) بوخاری لەگەڵ الفتح، فەرموودەی ژمارە (٢٧٨١) ل(٣/٦)، موسلیم، فەرموودەی (١٣٥٣)، ئەحمەد بە ژمارە (٢٢٦/١) گێڕاویانەتەوە.

(٢) دکتۆر نەجم عەبدوڕەحمان لێکۆڵینەوەی بۆ کردووە، لە قاهیرە چاپکراوە.

(٣) بوخاری لەگەڵ الفتح، ل (٤٢/٦)، هەروەها موسلیم ل(١٥٢١/٣) گێڕاویانەتەوە.

(٤) ئەبو داود لە عون المعبود، ل(١٢١/١٣)، ترمذی، ل(٦٨١/٤)، ئیبن ماجە، ل(٨٦١/٢)، هەروەها نەسائی، ل(١٠٧/٧) گێڕاویانەتەوە.

تایبەتەکەی، هەروەها هۆی هەڵبژاردنی، ئەویش شەڕکردنە لەپێناو خوای گەورەدا، لێرەدا بەویستی خوای گەورە بە کورتی باسی حیکمەتەکەی، هەروەها بەشەکانی و ئەوەی لە بازنەی ئەودایە دەکەین.

**بۆچی ئەم ناوە هەڵبژێردراوە؟**

خۆرئاواییەکان عادەتیان وابووە جەنگەکانی خۆیان ناوناوە (جەنگی پیرۆز)، ئەمە لە کاتێکدا خوای گەورە خەباتی موسڵمانانی لەو بوارەدا بە تێکۆشان (الجهاد) ناوبردووە، چونکە وشەی جەنگ (War) ئەو کاتەو ئێستاش بەو جەنگە دەوترێ کە بۆ مەبەستی کەسی و خودی یان خۆسەپاندن یان داگیرکردنی خاك و خەڵك گڕی لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵان و گەلاندا هەڵگیرساوە، لێرەوە لە ئیسلامدا ناوی تێکۆشان بۆ جەنگ هەڵبژێردراوە بۆئەوەی لەپێناو بەرگری لە ڕۆح و لە ئاینی پەروەردگار بکرێ، بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خوا بێت، بۆ بەختەوەرکردنی هەمووی مرۆڤایەتی و دەستخستنی مافەکانیان بێت، بۆ ئاوەدانکردنەوەی تەواوی گەردوون بێت، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی خوادا، ناوی: تێکۆشان (الجهاد) بە مانای هەوڵدانی تەواوەتییە لە هەموو بارێکدا و بەردەوامبوونی خەباتە بۆ گەیشتن بە مەبەست، چونکە وشەی تێکۆشان لە زمان و لە شەرعدا گشتگیرە و هەموو هەوڵ و ماندووبوونێك دەگرێتەوە کە بەخەرج دەدرێ، بەڵکو بریتییە لە بەخەرجدانی ئەوپەڕی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە بەرزو بالاَکان، خودی جەنگ خۆی بە مەبەست نەگیراوە، بەڵکو بەرپاکردنی شەرعی خوا مەبەستە، ئیتر بە هەر شێوازێکی شەرعی بێت، بە هزر و بانگەواز یان بە جەنگ و هیتریش بێت هەر یەك مەبەستە.

لە لایەکیترەوە ئیسلام تەنها بەوەوە نەوەستاوە ناوی تێکۆشانی لێبنێ و تەواو، بەڵکو دەبێت تەنها لەپێناو خوای گەورەدا بێت، نابێت لەپێناو تاکە کەس یان کۆمەڵ یان گەل یان ئوممەت یان هزرێکی دیاریکراودا بێت، یان لەپێناو ئابووری و داگیرکردن و فراوانخوازی و دەستەڵات و هەژموون بێت، ئەمە لە کاتێکدا هەموو جەنگە پێشووەکان و ئێستاش

مادامێ لەپێناو پەروەردگاردا نەبوون، ئەوا لەپێناو هەواو هەوەس و حەز و هەژموون و خۆسەپاندن و داگیرکاری بوون، تێکۆشان لە ئیسلامدا پەیوەستکراوە بە مەبەستەکەیەوە، کە بریتییە لەوە (لەپێناو خوادا بێت)، تا سەلامەت بێت لە حەزو هەواو هەوەس، یان حەزی تاکەکەسی، یان لە پلەوپایەو شۆرەت، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ﴾ النساء: ٧٦[١]. واتە: (بێگومان ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە دەجەنگن لەپێناوی سەرخستنی ئاینی خوادا، بەڵام ئەوانەی کە کافر و بێباوەڕن دەجەنگن لە پێناوی (طاغوت) بیروباوەڕی چەوت و شتی بێنرخدا، دەی کەواتە ئێوە بجەنگن لە کاتی لەباردا دژی یارو یاوەرانی شەیتان، دڵنیاشبن کە فێڵ و تەڵەکەو پیلان و نەخشەی شەیتان هەمیشە لەبەرانبەر پلان و نەخشەی خوای گەورە و هەوڵ و کۆششی باوەڕدارانەوە لاواز و پووچەڵە).

## حوکمی شەرعیی تێکۆشان (الجهاد)

مادامێ تێکۆشان فرەجۆرە و چەندین پلەی هەیە، ئەوا دەبێت باسی حوکمی شەرعی هەر جۆرێك و پلەکەی بکەین، لەگەڵ باسی حوکمی تێکۆشان دژ بە بێباوەڕان بە درێژی.

ئیبن قەیم لە باسی حوکمی ئەو جۆرانەدا دەڵێ: (تێکۆشان دژی دەروونی خۆد لەبەر خوا، هەروەها تێکۆشان دژی شەیتانەکەی فەرزە لەسەر هەر تاکێکی موسڵمان، ئەمەش فەرزی عەینەو کەس جێگای کەس ناگرێتەوە تیایدا. بەڵام تێکۆشان دژ بە بێباوەڕان و دووڕووەکان ئەوا لەوانەیە هەندێك لە ئوممەت بەس بێت، ئەمە ئەگەر بێتو مەبەستی تێکۆشانەکە بە پایان بگات، کامڵترینی مرۆڤەکان لای خوای گەورە ئەوەیانە کە هەموو پلەکانی تێکۆشانی تەواو دەکات، مرۆڤەکانیش لە پلەیاندا لای پەروەردگار بەپێی جیاوازیان لە پلەکانی تێکۆشاندا جیاوازن، لەبەرئەوە کامڵترینی مرۆڤەکان و بەڕێزترینیان لای خوای گەورە کۆتا پێغەمبەرە ﷺ، چونکە هەموو

(١) سەیری: کتێبی (الجهاد فی سبیل الله)ی مامۆستا مەودودی، هەروەها تەفسیری: (في ظلال القرآن) سید قطب (١٤٢٤/٢) بکرێ.

پلەکانی تێکۆشانی بڕیوەو بە تەواوی مانا تێکۆشانی خۆی کردووە، هەر لەو ساتەوە کە ڕەوانەکراوە تا ئەو ساتە وەفاتیکردووە دەستبەکار بووە لە تێکۆشاندا و یەك ساتیش نەوەستاوە)[1].

حافز ئیبن حەجەر دەڵێ: (ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جۆری تێکۆشان دژ بە بێباوەڕان فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك، ئیتر بە دەستی بێت یان بە زمانی یان بە ماڵ و دارایی یان بە دڵی)[2]، ئەویش بریتییە لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە.

جگە لەوەش زانایان هاتوون دوو جۆر لە تێکۆشانیان لێکجیا کردووەتەوە، ناویاناون بە: تێکۆشانی دەرکردن یان بەرپەرچدانەوە: واتە: دەرکردنی بێباوەڕان لە وڵاتی ئیسلام، ئەمە ئەگەر هاتوو بەشێکیان داگیرکرد لێی، ئینجا تێکۆشانی ڕاوەدونان و دەستگیرکردن: واتە: ڕاوەدونانی دوژمنان لە وڵاتی خۆیاندا. شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان دەرکردنی کەسی بێباوەڕی هێرشبەر و نێوان ڕاوەدونانی لە وڵاتی خۆیدا)[3].

* **جۆری یەکەم:** تێکۆشان بۆ بەرپەرچدانەوەو دەرکردن:

زانا پێشین و دواییینەکانی ئوممەتی ئیسلام کۆدەنگن کە تێکۆشان دەبێتە فەرزی عەین لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کە دەستدرێژی دەکرێتەسەری بە پیاو و ئافرەتیانەوە، هەروەها لەسەر ئەو کەسەش کە کاربەدەستیەتی، ئەوەش بە ئاستێك کە ئەو مەترسیەی لەسەریەتی نەهێڵرێ، لەناو مەزهەبە متمانەپێکراوەکاندا چەندین دەقی بڕواپێکراومان لەوبارەیەوە هەیە[4].

---

(١) زاد المعاد، ل(١٢/٣).

(٢) (فتح الباري)، ل(٣٨/٦).

(٣) (الأختيارات الفقهية)ی ئیبن تەیمیة، دار المعرفة ل (٣١)، هەروەها سەیری: کتێبی (الدفاع عن أراضي المسلمين أهم فروض الأعيان)، دکتۆر عەبدوالله عەزام ل(١٠).

(٤) سەیری: (بدائع الصنائع)، ل(٤٣٠١/٩)، (الشرح الكبير)ی دەردیر لەگەڵ حاشیەی دەسوقی/ ل(١٧٤/٢-١٧٥)، (الغاية القصوى) لێکۆڵینەوەی د. عەلی قەرەداغی، دار الإصلاح ل(٩٤٥/٢)، (الروضة)، المكتب الإسلامی، ل(٢١٤/١٠-٢١٧)، (المغنی)، ریاز، ل(٢٤٧/٨)، (الأختيارات الفقهية) ل(٣٠٩٣١١)، (رحمة الأمة في إختلاف الأئمة)، ل(٢٩٢).

ئەو زانایانە بەڵگەیان بە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی و بە ئەقڵ هێناوەتەوە، لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بچینەناو ئەو بابەتەوە.

* **جۆری دووەم:** تێکۆشان بۆ ڕاوەدونانی دوژمن لەماڵی خۆیدا:

واتە تێکۆشانی داوا کردنی دوژمنان لە وڵاتی خۆیاندا، بۆ ئەمجۆرە لە نێوان فیقهناساندا چوار ڕای جیاواز هەیە، سروشتی ئەم کتێبە ڕێگانادات بچینەناو ئەو وردەکاریەوە[1]، بەڵام ئەو باسەی کە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت لایان بەهێزە و یەکلایە ئەوەیە کە تێکۆشان -بە مانای جەنگ- بۆ بەرگریکردنە، بۆ دەرکردنی دەستدرێژی و دوژمنکاری دەرەکییە.

## ڕاگەیاندنی تێکۆشان ئەرکی دەوڵەتە لەگەڵ ڕاوێژکردن بە زانایان

فیقهناسە بەڕێزەکانمان باسیانکردووە کە دەبێت هەڵسەنگاندنی مەسەلەکانی تێکۆشان لە ئەستۆی دەوڵەتدا بێت، هاوکات لەگەڵ ڕاوێژکردن بە فیقهناسان و شارەزایان، ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (پێویستە لە مەسەلەکانی تێکۆشاندا ڕەئی ڕاست و دروستی زانایانی ئاین بە هەند بگیرێ، ئەوانەی کە شارەزان بە کاروبارەکانی دنیا، نابێت ڕەئی ئەوانە وەربگیرێ کە ڕواڵەتی ئاین زاڵە بەسەر تێڕوانینیاندا، ئەوانە ڕەئیان وەرناگیرێ، ڕەئی ئەو ئاینپەروەرانەش وەرناگیرێ کە نە شارەزان بە کاروبارەکانی دنیا)[2]، ماوەردی و قازی ئەبو یەعلی وردەکاری نایابیان دەربارەی ئەم مەسەلەیە هێناوە[3].

بە ڕای ئێمەش: هەتا نوێنەرانی گەل یان ئوممەت ڕەزامەند نەبن نابێت جەنگ ڕابگەیەنرێ واتە (ئەنجومەنی شورا، پەرلەمان).

بە وتەیەکی ئیبن قەییم دەربارەی ڕێنمایی پێغەمبەر ﷺ لەسەر تێکۆشان، کۆتایی بەم

---

(١) سەیری: (بدائع الصنائع)، ل(٤٢٩٩/٩)، (رد المحتار على الدر المختار)، ل(٢١٨/٣)، (بداية المجتهد)، ل(٣٨٠/١)، (الشرح الكبير) لەگەڵ دەسوقی ل(١٧٣/٢)، (المهذب)ی شیرازی، ل(٢٢٧/٢)، (الغاية القصوى)، ل(٩٤٣/٢)، (روضة الطالبين)، ل(٢٠٨/١٠)، (المغني)ی ئیبن قدامە ل(٣٤٥/٨)، (المحلى)ی ئیبن حەزم ل(٤٦١/٧).

(٢) سەرچاوە پێشووەکان.

(٣) سەیری: (الأحكام السلطانية)ی ماوەردی، قاهیرە ل(٣٧-٥٨)، (الأحكام السلطانية)ی قازی ل(٣٩-٥١) بکرێ.

کورتە باسە دێنین: وتوویەتی: (کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە جێگیربوو، خوای گەورە پشتگیری لە خۆی و لە باوەڕداران کرد، لەدوای دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی تولانی دڵی یەکخستن و کردنییە برای یەکتری، پشتیوانانی خوای گەورە بەرگریان لێکرد لە دەستدرێژی هەر کەسێکی سورپێست و ڕەشپێشت، عەرەب و جولەکەش لە یەك کەوانەوە تیریان تێدەگرتن، قۆڵیان لێهەڵماڵی بۆ هەر دوژمنایەتی و شەڕەنگێزییەك، پەروەردگاریش فەرمانی بە پێغەمبەری خوا ﷺ و بە باوەڕداران دا جەنگ نەکەن، لێبوردەو لێخۆشبوو بن، تا هێز و توانایان پەیدا کرد، ئەوکات ئیتر مۆڵەتیدان جەنگ بکەن، بەڵام فەرزی نەکرد لەسەریان، دەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ﴾الحج: ٣٩. حاکم لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاویەتەوە کە وتوویەتی: ئەم ئایەتە یەکەمین ئایەتە لەبارەی جەنگەوە دابەزیوە[١]. لەدوای ئەوە ئیتر جەنگ فەرزکرا لەسەریان دژ بەوانە کە شەڕیان لە دژیان دەکرد، بێئەوەی ئەوانە بگرێتەوە کە نەجەنگاون لە دژیان، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقَـٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَكُمۡ...﴾ البقرة: ١٩٠. پاشتر جەنگ لەسەریان فەرزکرا دژ بە هەموو بێباوەڕان....

ئەو جەنگەش بە گوتەیەك یان فەرزی عەین بووە، یان بە گوتەی بەربڵاو فەرزی کیفایە بووە)[٢].

بەڵام بە بەڵگەی ڕوون سەلمێنراوە کە پێغەمبەر ﷺ نەجەنگاوە تەنانەت دژ بە هاوەڵگەران، هەتا ئەوکات ئەوان دەستپێشخەر بوون، هەموو ئایەتەکانیش -هەروەك لەمەوپاش دێن- بەڵگەی ڕوونن لەسەر ئەم ڕاستییە.

---

(١) حاکم بە مەرجەکانی بوخاری و موسلیم ڕاستیکردووەتەوە، زەهەبیش هاوڕایەتی، (المستدرك)، ل(٢/٦٦)، ئەحمەدیش لە (المسند)دا بە ژمارە (١/٢١٦) گێڕاویەتەوە.

(٢) زاد المعاد، ل(٢/٥٨).

## تێكۆشان لە ئیسلامدا گشتگیرە

### * تێكۆشان بە ماڵ و دارایی (تێكۆشانی ئابووری):

تێكۆشان بە ماڵ و دارایی پەیوەستە بە تێكۆشان بە ڕۆح و گیانەوە، جا ئەگەر تێكۆشان بە ڕۆح و گیان بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنكاریی و دەستدرێژی بووە فەرز، ئەوا بەهەمانشێوە تێكۆشان بە ماڵ و دارایی لەسەر كەسێك كە توانای هەیە فەرزەو دەبێت ئەنجامبدرێ، ئەمە لەبارێكدا كاربەدەستی موسڵمانان بەپێی مەرجەكان فەرمانی پێبدا، یان تێكۆشانەكە تێكۆشانی دەركردن بوو، چونكە فەرماندان بە تێكۆشان بە ماڵ و دارایی و بە ڕۆح و گیان لە قورئاندا چوونیەكە، هەروەك خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾ التوبة: ٤١ هەروەها ڕزگاربوون لە دۆزەخ و لێخۆشبوون لە گوناە و چوونە بەهەشتی وابەستەكردووە پێیەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَٰرَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ، تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ، يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّٰتِ عَدْنٍۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ الصف: ١٠-١٢. واتە: (ئەی ئەو كەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئایا دەستنیشانی بازرگانییەكتان بۆ بكەم، كە لە سزایەكی بەئێش و ئازار ڕزگارتان دەكات!! ئەویش ئەوەیە كە لە سەرەتاوە باوەڕی دامەزراوتان هەبێت بە خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی ﷺ، ئینجا هەوڵبدەن و خەبات بكەن و تێبكۆشن لەپێناوی خوادا بۆ گەیاندنی پەیامەكەی بە بەخشینی ماڵ و سامانتان، هەروەها بە بەخشین و لێبڕانی خۆتان، بێگومان ئەو كارەتان چاكترو بەفەڕترە بۆتان ئەگەر چاك ڕاستییەكان بزانن و تێبگەن...جا ئەگەر بەو شێوەیەتان كرد، ئەوە خوای گەورە لە هەر هەموو گوناەو هەڵەكانتان خۆشدەبێت، پاشانیش دەتانخاتە نێو باخە جوان و ڕازاوەكانی بەهەشتەوە، كە چەندەها جۆگەو ڕووبار بە ژێر درەختەكانیدا جاری و ڕەوانە، لەنێو باخەكانی بەهەشتدا كۆشك و تەلار و ڤیلای پاك و خاوێن و جوان و

ڕازاوە ئامادەکراوە بۆ بەختەوەران، دڵنیابن سەرکەوتن و سەرفەرازی و دەستکەوتی گەورەو بێسنوور هەر ئەوەیە).

پەروەردگار بەڵێنی بە باوەڕداران داوە کە ئەگەر ئەو تێکۆشانەیان ئەنجامدا، ئەوا سەرکەوتن و ڕزگارکردنی کەعبەیان پێدەبەخشێ کە زۆر تامەزرۆن بۆی، دەفەرموێ: ﴿ وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا ۖ نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ ۗ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ الصف: ١٣. واتە: (بێگومان شتێکیتریش هەیە کە بە دڵ حەزی لێدەکەن و چاوەڕوانی دەکەن، ئەویش بەخشینی ئەو سەرکەوتنە نزیکە تایبەتیە لەلایەن خوای گەورەوە، کە لە بارودۆخی لەباردا دەیبەخشێت بەو ئیماندارانە کە شایستەن، ئومێدە بەم نزیکانە وڵاتان و دڵ و دەروونی مرۆڤەکانتان بۆ بکاتەوە، جا لە کۆتایی ئایەتەکەدا فەرمان دەدات بە پێغەمبەر ﷺ کە ئەم مژدەیە بدات بە ئیمانداران).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَىٰ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ ۚ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ ۚ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ التوبة: ١١١[(١)]. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە، ڕۆح و گیان و ماڵ و سامانی لە ئیمانداران کڕیوە، لەبەرانبەردا بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون و بەهەشتیان پێدەبەخشێت، جا هەندێجار نەخشە دەکێشرێ تا ئەو ئیماندارانە ڕیشەکەن بکرێن، ئەوانیش هێز و دەستەڵاتیان هەیە بەرگری لەخۆیان دەکەن، ئەوسا هەندێجار سەربازانی کوفر و تاریکی دەکوژن، یان خۆیان دەکوژرێن و شەهید دەبن لەو پێناوەدا، ئەوەش وادەو بەڵێنێکی حەق و ڕاستە، لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا باسکراوە، جا کێ هەیە بەقەدەر خوای گەورە بەڵێن و وادەی ڕاست و دروست بێت، کێ بەقەدەر ئەو زاتە بەئەمەك و بەوەفایە لە ئەنجامدانی بەڵێنەکانیدا، کەواتە ئێوە دڵخۆش و شادمان بن بەو مامەڵەیەی کە ئەنجامتانداوە و لەسەری

(١) زاد المعاد، ل(٣/٧٢).

ڕێکەوتوون!! بێگومان هەر ئەوە سەرفرازی و دەستکەوت و بەختیارییەکی بێسنورە).

بەدڵنیایی کە تێکۆشان بە ماڵ و دارایی یەکێکە لە ڕێگا ڕاست و دروستەکان بۆ ڕێگری لە پیلان و پلانی دوژمنان و بەرپەرچدانەوەیان، بەڵکو بۆ لەگۆڕنانیان بەویستی خوای باڵادەست، ئەوەش بە هاوکاریکردنی هەژارانی موسڵمان و چارەسەری نەخۆشەکانیان، بە کردنەوەی نەخۆشخانەو قوتابخانە بۆیان، هەروەها بە دانانی دامەزراوەی بانگخوازی تا بە شێوەیەکی پلانڕێژی ورد و بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنە بانگخوازییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا هەستن بەو ڕۆڵە گەورەیە، تا هەوڵەکان و بەخشینەکان لە یەك شوێندا دووبار نەبنەوەو لەوێ کەڵەکە ببن، شوێنەکانیتریش فەرامۆشبکرێن کە زۆر زۆر پێویستیان بەو یارمەتیانەیە، کە لەپاڵ بڵاوکردنەوەی بانگەوازدا گرنگیان زیاترە، هەر لەبەرئەمەیە کە خوای گەورە دڵنەوایی و پێکەوەبەستنی دڵەکانی کردووەتە یەکێك لەو هەشت تاقە کە زەکاتیان دەدرێتێ.

کەواتە ئەگەر مەبەست بە تێکۆشانی ئابووری و بازرگانی بەهێزکردنی لایەنی دارایی بێت، بۆ سوککردنی مەینەتی هەژاران و نەداران بێت، ئەوا ئەو تێکۆشانە دەچێتەناو فەرزەکانی کیفایەوە، پرۆسەی بڵاوکردنەوەی سیستمی ئابووری ئیسلامیش و پراکتیزەی لە ڕێگای دامەزراوە سەرکەوتووەکانەوە کە ببێتە پێشەنگێکی چاك ئەوا ئەویش هەر دەچێتە ناو تێکۆشانی ئابوورییەوە.

*** تێکۆشان بە قەڵەم و بە زمان (تێکۆشانی میدیایی و هزریی):**

گرنگی تێکۆشان بە قەڵەم و بە زمان، لە ڕێگای کتێب و وتارەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆرەوە بە بینراو بیستراو و خوێندراوەیەوە، کەمتر نییە لە تێکۆشان بە شمشێر، چونکە ماوەیەکی کەم و کورت نییە کە جیهانی ئیسلامی گیرۆدەی شاڵاوی ڕۆشنبیری و هزری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بووەتەوە، ئەویش لەلایەن دوژمنانی ئیسلامەوە بە هەموو ڕەوتە خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتییەکانیەوە، هەر بەڕاستیش ئەوان لەو شاڵاوەیاندا سەرکەوتن، دزەیان کردە ناو مەترسیدارترین دامەزراوەی

هەستیاری، کە جێکەوتەی ئەو شاڵاوە هزرییە تا ئەمڕۆش هێلانەی لەسەر سنگمانە.

لێرەوە دەڵێین تێکۆشان لەم مەیدانەدا، واتە بەرپەرچدانەوەی ئەو دوژمنکارییە هزرییە لەسەر ڕەسەنایەتیمان، بە ڕوونکردنەوەی هزری ئیسلامی میانڕەو و مامناوەند و ڕوون (واتە: ئاینی پاکو بێگەرد و لێبوردە) کە شیاوی هەموو زمکانێکە، دەچێتەناو تێکۆشانی وەدەرنان و بەرپەچدانەوە کە فەرزی عەینە لەسەر هەر کەسێك توانای هەبێت پێی هەستێت، ئەوەش بەجۆرێ کە زانایان و بیرمەندان هەستن بە وەڵامدانەوەی گومانەکان، چونکە ڕوونکردنەوەی هزرە ئیسلامییەکان لە هەموو بوارەکانی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونی و هاوشێوەیان ئەرکی شەرعییە، کەمتەرخەمی تیایدا دەبێتە گەورەترین مەترسی و قووڵترین کاریگەری و جێکەوتەی نەرێنی دەبێت، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، ئیبن تەیمییە وتوویەتی: (پێویستە بەوپەڕی توانای بەردەست تێکۆشان بکرێ، بەهوتی (کە گەورە زاناو کۆتا زانای حەنبەلییەکانی میصرە) وتوویەتی: لەنێویشیدا خراپەوتنی بێباوەڕانە بە شیعر و هیتریش هەروەك حەسان وایکردووە)[1].

کەواتە تێکۆشانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی لەم سەردەمەماندا لە گرنگترین جۆرەکانی تێکۆشانە، مەترسیدارترینیانە، جولەکەش تەنها بە دارایی زۆر و بە ڕاگەیاندن و بە هزر هەژموونیان بەسەر جیهاندا پەیدا کردووە.

*** تێکۆشانی زانستی، پیشەسازی، تێکۆشانی زانستی ورد و پێشکەوتوو و داهێنان:**

پێگەی تێکۆشانی فێرکردنی ئوممەت بە زانستی گشتگیر، بە توانابوونی لەسەر پیشەسازی زانستی و زانستە وردو پێشکەوتووەکان و پیشەسازییە شارستانی و سەربازییەکان لە

---

(١) لەکتێبی (کشاف القناع)، ل(٣٦/٣). هاتووە کە: (تێکۆشان یان بە دڵە وەك ئەوەی عەزمت جەزم بێت لەسەری و بەرەوپیری بچیت، یان بە بانگەوازە بۆ ئیسلام و یاساکانی، یان بەهێنانەوەی بەڵگەی گومانبڕ بۆ کەسی ناڕەوا، یان ڕوونکردنەوەی هەق و ڕاستی و نەهێشتنی گومان و دوودڵی، یان بە ڕەئی و ژیری بەوەی کە سودی بۆ موسڵمانان هەیە، یان بە خودی خۆی، ئەوکات دەبێت ئەوپەڕی توانای بەردەست بخاتەگەڕ. بەهوتی دەڵێ: لەنێویشیدا خراپەوتنی بێباوەڕانە بە شیعر و هیتریش هەروەك حەسان رضي الله عنه وایکردووە).

لوتکەی جۆرەکانی تێکۆشانە، چونکە فەرمانی پەروەردگارە، دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ﴾ الأنفال: ٦٠. واتە: (ئەی کاربەدەستان! هەولْبدەن چی دەتوانن لە کەرەستەکانی جەنگ و بەرگری و زانست و زانیاری و تەکنیکی سەردەم دەستەبەری بکەن بۆ لەشکری ئیسلام).

چونکە چەمکی تێکۆشان لە ئیسلامدا چەمکێکی زۆر فراوانە، هەموو هەولێك دەگرێتەوە کە لەپێناو سەربلْندی ئیسلام و سەرخستن و پشتگیری شەریعەتەکەی و بلاوکردنەوەی بانگەوازەکەیدا دەدرێ، هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان و شکستهێنانە بە پلانە سەربازی، یان سیاسی، یان ئابووری، یان پیشەسازی، یان بازرگانی، یان پەروەردەیی، یان کۆمەلایەتی، یان هزرییەکانیانە، ئەوەش لە ڕێگای بەگەڕخستنی تەواوی هۆکارە بەردەستە ڕەواکانەوە جێبەجێ دەبێت.

هەموو ئەمانەش لە دیدی ئیسلامەوە تێکۆشانە، پێشتریش کۆمەلێك بەلگەی متمانەپێکراومان هێناوە کە دەلالەت لەوە دەکەن تێکۆشان گشتگیرەو هەموو ئەو جۆرانە دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە ئومەتی ئیسلامی لە هەموو بوارە ماددی و مەعنەوییەکاندا، ئومەتێکی تێکۆشەر بێت تا توانای هەستانەوەی هەبێت، هەروەها لەبەر رۆشنایی بەرنامەی خوای تەعالادا توانای ئاوەدانکردنەوەی گەردوونی هەبێت، تا کۆمەلگای مرۆیی پاکبکاتەوە لە بێباوەڕیی و گەندەلّی و خراپەکاریی، تا بەزەیی بالْبکێشێ بەسەریدا، تا فیتنەگێڕێ نەمێنێ، دین و دنیا هەمووی پەیڕەوکاری تەنها بەرنامەی زاتی خۆی بالادەست بێت و هەمووان ملکەچی فەرمانەکانی بن.

پاشان دەبێ بوترێ کە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی تێکۆشان هۆکار و ئامڕازی تایبەت بەخۆی هەیە، تا بە باشترین شێوە کارەکانی ڕاپەڕێنێ، هۆکار و ئامڕازی تێکۆشانی سەربازی پێویستی بە هێزی ماددی و ئامادەسازی ماددی هەیە، بە پیشەسازی سەربازیی پێشکەوتوو هەیە، بە چەکی پێشکەوتووە، ئەمانە هەموو لەپالْ هێزی ڕۆحی و مەعنەوی بەهێزدا، بەلام هۆکار و ئامڕازەکانی تێکۆشانی هزری ئەوا خۆیان لەمانەدا

دبینێتەوە: کە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوانە، بە ئامادەکاری زانستییە لەپاڵ خۆسازدان و بەهرەی تاکەکەسی و توانای بیروهۆش و زەین، هەروەها پێویستی بە ئامادەکردنی ئەو هۆکارانەیە گوزارشت لەوە دەکەن، وەك کتێب و توێژینەوەو وتار و بابەت نوسین و هۆکارە ڕاگەیاندنە جۆراو جۆرەکان لە بینراو و خوێندراوەو بیستراو و هۆکاری تری پێویست...

پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ ئاماژەی بە فراوانی هۆکار و ئامڕازەکانی تێکۆشان داوە، فەرموویەتی: ((**جاهدوا المشركين بأموالكم وأنفسكم وألسنتكم**))(١). واتە: (بە ماڵ و دارایی و بە ڕۆحی خۆتان و زمانتان بکۆشن دژ بە بێباوەڕان). بەڵکو تێکۆشانی ﷺ بە وشە بە گەورەترین تێکۆشان داناوە -هەروەك پێشتر باسکرا-، ئێمەش دەبینین کە ڕاڤەکارانی قورئان ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیان: ﴿وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا﴾ الفرقان: ٥٢ بە تێکۆشانی بەڵگەو ڕەوانبێژی و سەلماندن و ڕوونکردنەوە ڕاڤەکردووە.

لە واقیعیشدا کامڵبوونی هەر ئوممەتێك بەوە دەستەبەر دبێت دەستبگرێ بە هەموو هۆکار و ئامڕازە جۆراو جۆرەکانی تێکۆشانەوە لە ماددی و مەعنەوی و سەربازی و زانستی و تەکنۆلۆژی، ئێمەش لێرەوە گەورەیی ئیسلام دەبینین کە وشەی تێکۆشان (الجهاد)ی هەڵبژاردووە و هەموو ئەو جۆرانە دەگرێتەوە، هەر لەم وشەیەوە وشەی هەوڵدان بۆ هەڵێنجان و داهێنان (الأجتهاد) هەڵگۆزراوە، کە بە مانای لوتکەی پێشکەوتنی هزری دادەنرێ، وا لە خاوەنەکەی دەکات توانای هەڵێنجان و دەرهێنانی ڕا و حوکمی ڕاست و دروست و داهێنانی هەبێت لە تەواوی زانستە جۆراو جۆرەکاندا، بەم دوو مەسەلەیەش پێکەوە ئیتر گەردوون لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی خوای گەورەدا ئاوەدان دەکرێتەوە، بەزەیی باڵدەکێشێ بەسەر هەموو جیهاندا.

(١) ئەحمەد و نەسائی و ئیبن حیبان، حاکمیش لە ئەنەسەوە گێڕاویەتەوە، وتوویەتی فەرموودەیەکی ڕاستە، هەروەك لە کتێبی (التیسیر)ی مناوی دا لە ل(١٤٨٥/١)دا هاتووە.

## هاوسەنگیی لە نێوان هۆکارە ڕواڵەتییەکان و هۆکاری ڕاستەقینەدا

بەدڵنیاییی باوەڕدار لە ڕێگای پرەنسیپە مەزنەکانی ئاینەکەیەوە، ئەوە لە زەین و هۆشیدا چەسپیوە کە ڕەخسێنەری هۆکارەکانی بەستووە بە هۆکارە ڕواڵەتییەکانەوە، بێئەوەی ڕۆڵی هۆکاری ڕاستەقینە -کە خوای باڵادەستە- بسڕێتەوە، ئەم هاوسەنگییە ناوازەیە کە لە ئەقڵی موسڵماندا ڕوویداوە پێشتر هاوشێوەی نەبووە، چونکە تێۆرە مرۆییەکان -بە گشتی- یان ئەوەیە کە ڕۆڵی مرۆڤ و هۆکارە ڕواڵەتییەکانیان سڕیوەتەوە، یان ڕۆڵی خوای گەورەیان سڕیوەتەوە، بەڵام ئیسلام ئیقراری بە هەردووکیان کردووە، چوارچێوەی ڕاستەقینەی بۆ هەریەکەیان داناوە، چونکە توانای خوای گەورە لە تێڕوانینی ئەقڵی موسڵمانەوە ڕەهایەو باڵادەستی نییە، بەڵام خوای گەورە بە حیکمەتی زاتی خۆی چەندین ڕێسا و یاسای داناوە کە گەردوون لەسەریان دەڕوات، ئەگەر زاتی خۆی بیویستایەو بیەوێت ئەوا تواناداره کە نەیانهێڵێت، توانایی مرۆڤیش دەچێتەناو ئەو چوارچێوەیەوە کە خوای گەورە بۆی ڕەخساندووەو ڕێگای پێداوە، فەرمانی پێکردووە دەستبگرێ بەو هۆکار و ڕێسایانەوە تا دواجار بگاتە ئەنجام، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ﴾ التوبة: ١٠٥. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، بە ئیمانداران بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن لە کارو کردەوەی چاك ئەنجامی بدەن، دڵنیاشبن کە خوای گەورە کارو کردەوەکانتان دەبینێت و هیچ شتێکی لێ ون نابێت). کەوابوو کردەوە لە مرۆڤەوەیە، ئەنجامەکەشی بە نەرێنی و ئەرێنی بەرئەنجامی کردەوەکەیەتی: ﴿جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ السجدة: ١٧. بەڵام بەڵگەنەویستە ئەو توانا مرۆییەش هەر بەدیهێنراوی خوای باڵادەستە.

دەستگرتن بە هۆکارگەریی (السببية) -کە ژیاری نوێ لەسەری بەرپابووە- ڕێبازێکی ناوازەی ئیسلامە، موسڵمانان بەرجەستەیان کردووەو ژیاری خۆیان لەسەر ئەو بونیاتناوە، ئەمە لەپاڵ پشتبەستنی تەواوەتی لەسەر خوای گەورە، لە ڕاستیدا ئەم دۆزینەوە ئیسلامییە لەو کاتەدا و کارکردن بە مەرجە میتۆدییەکانی، دەستکەوتێکی

گەورە بوو بۆ ئەقڵی مرۆڤ کە لە نێوان ئەو دوو تێوە توندڕەوەدا سەری لێشێوابوو و ڕێی ونکردبوو، ئەم دۆزینەوەیە بەهایەکی گەورەی هێناو وای لە ئەقڵ کرد سەرلەنوێ شێوازی بەتواناتر لەسەر بەخشین و داهێنان پێکبێنێ.

بەڕاستی قورئانی پیرۆز، توانی ئەقڵی موسڵمان لە قۆناغی تێڕوانینی ڕواڵەتی بۆ هۆکارگەریی و بێسەروبەری و هەڵوەشێنراو کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ شتەکان و دیاردەکاندا وەهابوو وەك بڵێی هەندێکیان لە هەندێکیتریان لێکپچڕاو و لێکدابڕاو و لێکجیابن، بگوێزێتەوە بۆ هۆکارگەریی پێکەوەبەستراو، بۆ تێڕوانینی گشتگیر بۆ هەموو ڕەهەندەکانی، لەتوانایدا بێت ئەقڵی موسڵمان سەرلەنوێ لەسەر شێوازی ئەقڵی پێکهێنەر و ئاوێتە کە خاوەنی توانایی بێت لەسەر لەخۆگرتنی دیدی سەرپەرشتکاری و ئایندەبینی کە لەسەرەوە دەڕوانێت بەسەر هەموو ئەو دیاردانەدا دابڕێژێ، ئەوەش بە مەبەستی گەڕان بەدوای پەیوەندی و پێکەوەبەستراوەکاندا، بۆ گەیشتن بەو حەقیقەتە کە نیەتیهێناوە پێیبگات، تەنانەت یەکێك لە شێوازەکانی قورئان کە لە ئایەت و بڕگەکانیەوە هەڵقولاوە، لەوپەڕەوە تا ئەوپەڕی بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر زەرورەتی پشتبەستن بە دیدی هۆکارگەریی دیاردە و شتەکان، ئەوەش بۆ گەیشتن بە موعجیزەی بەدیهێنان و تاك و تەنهایی بەدیهێنەر...

جا لە ڕێگای ئەو جەختکردنەوەیەوە...، ئەقڵی موسڵمان لە تێڕوانینی ئاوەهادا بووە زەرورەتێك لەو زەرورەتەکان... گەردوون و جیهان و سروشت و بوون لە بەرانبەرەوە بوونە زنجیرەیەك دیاردەو دەرکەوتە کە هەندێکیان بە پتەوترینی هۆکارەکان پەیوەستن بوون بە هەندێکیتریانەوە[1].

## چەندین پرەنسیپی گشتی و ڕێسای هەژمووندار
## لە پرسی پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئەوانیتر لە حاڵەتی ناکۆکیدا

لێرەدا کۆمەڵێك بەهای مەزن و پرەنسیپی گشتی و ڕێسای هەمووەکی بوونیان هەیە، کە پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئەوانیتر ڕێکدەخەن، تەنانەت لە حاڵەتی هەبوونی

(١) سەیری: کتێبی الأمة (ع/٤٠) دکتۆر عماد الدين خليل، (إعادە تشكيل العقل المسلم)، ل(٤٩-٥٠) بە دەستکاریەوە بکرێ.

ناکۆکی یان نیەتی شەڕ و کوشتار لە نێوانیاندا، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

*** پرەنسیپی: پێشخستنی ئاشتەوایی بەسەر شەڕدا، تەنانەت ئەگەر ئاشتەوایەکە هەندێ ستەملێکردنیشی تێبکەوێ:**

خوای گەورە ناوی چاکەی بڕیوە بەسەر ئاشتەوایی دا، دەفەرموێ: ﴿وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞ﴾ النساء: ١٢٨. ﴿أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصۡلِحُواْ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ﴾ البقرة: ٢٢٤. واتە: (ئەگەر سوێندێکتان خوارد لەسەر ئەنجامنەدانی چاکەیەك، ئێوە کەفارەتی سوێندەکە بدەن). نەیفەرمووە تەنها لە نێوان باوەڕداراندا، بەڵکو ئاشتەوایی و چاکسازی گشتاندووە لە نێوان هەمووی خەڵکیدا، چونکە ئەوە چاکترو سودمەندترە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا خَيۡرَ فِي كَثِيرٖ مِّن نَّجۡوَىٰهُمۡ إِلَّا مَنۡ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوۡ مَعۡرُوفٍ أَوۡ إِصۡلَٰحِۭ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوۡفَ نُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا﴾ النساء: ١١٤. واتە: (زۆربەی چپە و سرتە و قسە نهێنیەکانی ئەو خەڵکە هیچ خێرێکی تێدا نیە، جگە لەو چپە و باسە نهێنیانەی کە فەرماندان و تەگبیرکردنە بۆ خێر و چاکە، یان ئاشتکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی نێوان خەڵکییە، جا هەرکەس کاری وا ئەنجامبدات و مەبەستی تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، ئەوە لە ئایندەدا پاداشتی زۆر گەورە و بەنرخ و بایەخداری پێدەبەخشین).

ئیسلامیش مەترسی خراپەکاریی لە زەویدا و چاکسازی نەکردن و نەکردنی ئاشتەوایی وەها باسکردووە کە یەکێکە لە گوناهە گەورەو پڕوکێنەرەکان، دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ﴾ البقرة: ٢٠٥. واتە: (خۆ ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە دەستەڵاتیان گرتەدەست، هەوڵ و کۆشش و تواناکانی خۆیان بەتەواوی دەخەنەگەڕ تا فەسادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و....تادوایی بەرپابکەن لە زەویدا، تۆوی خراپە بچێنن و بەروبوومی کشتوکاڵ و باخەکان لەنێو ببەن، پاکاوی ڕەگەزی بکەن و خەڵکی بەناحەق لەناوبەرن، بێگومان خوای گەورە حەزی لە فەساد و خراپەو گوناهو تاوان نیە...). هەروەها لە وەسفی

بێباوەڕە تاوانبارەکاندا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ﴾ الشعراء: ١٥٢. واتە: (ئەوانەی کە هەمیشە خەریکی فەسادو گوناهو تاوانن لە وڵاتدا، لەبیری چاکسازی و خێردا نین).

چاکسازیش پەیامی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێبێت)، خوای گەورە لەسەر زمانی شوعەیبەوە (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێ: ﴿ إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴾ هود: ٨٨. واتە: (من چەندە بتوانم تەنها چاکسازیم دەوێت لە ئێوە، پشت و پەناو سەرکەوتنم تەنها بە دەست خوایە، داوای یارمەتی هەر لەو زاتە دەکەم، سەرئەنجام هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە).

هەروەها تەوفیقی کردووەتە هاودەمی کەسێك کە بەردەوام دەیەوێت ئاشتەوایی بکات، دەفەرموێ: ﴿ إِن يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ ﴾ النساء: ٣٥. واتە: (بێگومان ئەگەر داوەرەکان، یان ژن و مێردەکە، یان هەردوولایان، چاکسازی و ڕێکخستنیان بوێت، ئەوا خوای گەورە نێوانیان ڕێکدەخات و دەگەنە ئەنجامێکی باش).

پەروەردگار نێوان لەناوچوون و خراپەکاریی، هەروەها نێوان ڕزگاربوون و چاکەکاریی بەستووە بەیەکەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا مُصۡلِحُونَ ﴾ هود: ١١٧. واتە: (هەرگیز پەروەردگاری تۆ بە ناحەق و ستەم، شار و شارۆچکەکان کاول ناکات و خەڵکەکەی لەناو نابات، بە تایبەت ئەگەر خەڵکەکەی ڕێبازی چاکە و چاکسازیان گرتبێتەبەر).

ئاشتەوایی و چاکسازیش لە ئیسلامدا ئەوە نییە دروشم بێت و بەس، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ لە ژیننامەی بەڕێز و پاکیدا پراکتیزەی کردووە، ئەمەش نمونەیەکە لەسەر ئەو پراکتیزەکردنە: کاتێك ﷺ هات بۆ عومرە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵە بەڕێزەکانی لەگەڵدا بوو، ئەوەبوو قوڕەیش ڕێگری لێکردن لە ئەنجامدانی، ئەمە لە کاتێکدا هەموو بەڵگەکان ئاماژەیان دەدا کە ئامانجی سەرەکی ئەنجامدانی عومرەیە، هەر بەو هۆیەوە بوو کە پۆشاکی ئیحرامیان بەستبوو، ئاژەڵانی دیاریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو تا گەیشتنە

حودەیبیە، ئا لەوێدا وشترەکەی نیشتە زەوی... پاشان فەرمووی: ((**والذي نفسي بيده، لا يسألوني خطة يعظمون فيها حرمات الله إلاّ أعطيتهم إياها**))[١]. واتە: (سوێند بێت بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە، هەر پلان و تەگبیرێکم لێ داوابکەن کە ببێتە مایەی بەرزڕاگرتنی پیرۆزییەکانی خوا ئەوا دەیاندەمێ). پاشان پێغەمبەر ﷺ هەوڵیدا بچێتەناو مەککەوە، بەڵام قورەیش ڕێگریان لێکرد، ئەویش ﷺ نوێنەرانی خۆی یەك بەدوای یەکدا نارد تا هەڵوێستی موسڵمانان بۆ قورەیش ڕوونبکەنەوە، ئەوەبوو خەڕاش کوڕی ئومەییەی خوزاعی نارد، قورەیشیش ویستیان بیکوژن بەڵام حەبەشییەکان نەیانهێشت، پاشان عوسمانی کوڕی عەففانی ناردە لایان، ئەویش نامەکەی پێغەمبەری ﷺ گەیاندە دەستیان کە ئامانجەکە تەنها تەوافی کەعبەو بەرزڕاگرتنیەتی، بەڵام قورێشییەکان عوسمانیان دواخست، تا موسڵمانان وا گومانیان برد کە کوشتوویانە، ئینجا پێغەمبەر ﷺ موسڵمانانی بانگکرد بۆ بەیعەتدان لەژێر درەختەکەدا[٢]، هەموویان جگە لە جەد کوڕی قەیس -کە کەسێکی دووڕوو بوو- بەیعەتی مردنیان پێدا، دواجار کێشەکە بەو ئاشتەوایيە تەواوبوو کە لە ڕواڵەتدا سازشی لەلایەن موسڵمانانەوە بۆ بەرژەوەندی بێباوەڕان تێدابوو، بۆ نمونە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب گرێبەستی ئاشتەوایيەکەی بە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ نوسی کە بە: بسم الله الرحمن الرحيم دەستیپێکرد، بەڵام نوێنەرەکەی قورەیش کە سوهەیل کوڕی عەمرو بوو وتی: بە خوا من نازانم ڕەحمان چییە، بەڵکو بنوسە: بأسمك اللّهُمَّ، موسڵمانان وتیان: سوێند بە خوا جگە لە بسم الله الرحمن الرحيم شتیتر نانوسین، ئا لەوێدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بنوسە: **بأسمك اللّهُمَّ**.

پاشان سوهەیل کوڕی عەمرو ڕەخنەی گرت لە دەستەواژەی: (موحەممەدی پێغەمبەری خوا لەسەر ئەمە دادوەری کرد)، سوهەیل وتی: (بەخوا ئەگەر ئێمە بمانزانیایە

---

(١) بوخاری لەگەڵ الفتح الباری دا ل(٣٢٩/٥) گێڕاویەتەوە.

(٢) سەیری: (فتح الباري فى شرح صحيح البخاري)، ل(٤٣٩/٧)، هەروەها صەحیحی موسلیم، ل(١٤٠٩/٣) بکرێ، بۆ زانیاری زیاتریش سەیری: (السيرة النبوية الصحيحة) نوسینی: پ. د. ئەکرم زیاء ئەلعومەری، چاپی قەتەر، ل(٤٣٤/٢-٤٥٣) بکرێ.

تۆ پێغەمبەری خوای ڕێگریمان لێ نەدەکردی لە چوونەناو کەعبە، شەڕمان لەگەڵتدا نەدەکرد، بەڵکو بنوسە: موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (سوێند بە خوا من پێغەمبەری خوام با ئێوەش باوەڕم پێنەکەن، باشە بنوسە: موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا، عەلی کوڕی ئەبو تالیب داوای لێبوردنی کرد لەوەی وشەی (رسول الله) بسڕێتەوە، ئینجا پێغەمبەر ﷺ نوسراوەکەی گرت بەدەستییەوەو بە دەستی پیرۆزی خۆی رسول الله کەی سڕیەوە[١].

دوای ئەوە سوهەیل ڕەخنەی گرت لە بەندی: (بەو مەرجە لێمانگەڕێن بچینەناو کەعبەو تەوافی بکەین)، ئەو وتی: (بەخوا نابێت عەرەب وا باسمان بکەن کە ئێمە لەژێر فشاری هێزدا ئەمەمان کردووە)[٢].

پاشان سوهەیل مەرجێکی زۆر ستەمکارانەو و نادادپەروەرانەی کرد، ئەویش بریتی بوو لەوەکە: (ئەگەر بێتو کەسێك لە ئێمە بێتە لای تۆ -با لەسەر ئاینی تۆیش بێت- هەر دەبێت بیگێڕیتەوە بۆمان)، بەڵام ئەگەر کەسێك لە موسڵمانان بێتەوە لای قوڕەیش ئەوا قوڕەیش نایگێڕێتەوە[٣].

کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و لەگەڵ بێزاربوونی موسڵمانان لە بەندە سەختەکانی، هەروەها لە شێوازی نوسین و داڕشتنی هەر پێغەمبەر ﷺ ئەو ڕێکەوتننامەیەی واژۆکرد، تا عومەر لە نارەحەتیدا ﷺ وتی: (ئەی تۆ پێغەمبەری بەحەقی خوا نیت؟) فەرموودی: ((بەڵێ))، عومەر وتی: ئەی ئێمە لەسەر حەق نین و دوژمنەکەمان لەسەر ناحەق نییە؟ فەرمووی: ((بەڵێ))، عومەر وتی: ئەی ئیتر بۆچی سازش لەسەر ئاینەکەمان بکەین؟ فەرمووی: ((بەڕاستی من پێغەمبەری خوام و سەرپێچی فەرمانی ئەو ناکەم، هەر ئەو زاتەش پشتیوانیم لێدەکات))[٤].

---

(١) صەحیحی موسلیم بەشی الجهاد، ل(٣/١٤١٠-١٤١١).

(٢) سەیری: (مصنف عبد الرزاق)، ل(٥/٣٤٣) بکرێ.

(٣) صەحیحی بوخاری لەگەڵ الفتح، بەشی غەزاکان، فەرموودەی (٧/٤٥٣).

(٤) صەحیحی موسلیم، فەرموودەی (٣/١٤١٢).

ڕووداوێك كە قوڕەكەی خەستتر كردەوە، ئەوەبوو لە ئان و ساتی ڕێكەوتننامەكەدا ئەبو جوندول كوڕی سوهەیل هات، كە بە زنجیر كۆت و بەند كرابوو و بەدوای خۆیدا ڕایدەكێشا، لە خوارووی مەككەوە هاتبوو و خۆی فڕێدایە ناو موسڵمانانەوە، سوهەیل وتی: ئەی موحەممەد ئەمە یەكەمین كەسە كە داوات لێدەكەم بیگێڕیتەوە بۆم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((إنا لم نقض الكتاب بعد)). واتە: (ئێمە هێشتا نوسراوەكەمان واژۆ نەكردووە). سوهەیل وتی: (كەواتە سوێند بە خوا ئاشتەواییت لەسەر هیچ شتێك لەگەڵدا ناكەم)، لە (صەحیحی بوخاری)دا هاتووە كە: (سوهەیل ڕازی نەبوو واژۆی ڕێكەوتننامەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ بكات تا ئەو داوایە جێبەجێ نەكات، باوەڕداران ئەو كارەیان زۆر پێناخۆشبوو و بێزاریان دەربڕی، كەوتنە قسەكردن لەسەری، كاتێكیش سوهەیل ڕەتیكردەوە... ئیتر پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی نوسی... كە ئەبو جوندولی گێڕایەوە بۆ باوكی... هەر كەسێكی تریش لەو ماوەیەدا هاتبێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ با موسڵمانیش بووبێت... گێڕاویەتەوە بۆ قوڕەیش)[1].

موسڵمانان لە دەروونی خۆیاندا زۆر توڕەبوون لە ڕادەستكردنی ئەو موسڵمانانە كە بە ئاینەكەیانەوە هەڵدەهاتن، تا گەیشتنە ئەوە كە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەوەش دەنوسی؟ فەرمووی: ((**نعم، إنه من ذهب إليهم فأبعده الله، ومن جاء منهم سيجعل الله له فرجاً ومخرجا**)). واتە: (بەڵێ، چونكە هەر كەس بڕوات بۆ لای ئەوان ئەوا خوا دووریخستووەتەوە لێمان، هەر كەسیش لای ئەوانەوە بێت ئەوا خوای گەورە دەرووی خێر و ڕزگاربوونی لێدەكاتەوە)[2].

ئەو ئاشتەواییە كە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو مەرجە سەختانە ئەنجامیدا، هەموویشی لەژێر توڕەیی و وەڕەسی موسڵماناندا، ئەگەر مانایەك بگەیەنێ ئەوا ئەو مانایە بەدەستەوە دەدات كە تا چ ئاستێ ئاشتەوایی لای پێغەمبەری خوا ﷺ گرنگ و بایەخدار بووە، بەڵكو لای ئیسلامیش، چونكە خوای گەورە لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە ئایەتی

---

(١) صەحیحی بوخاری -لەگەڵ الفتح-: بەشی غەزاكان ژمارە (٤٥٣/٧).

(٢) صەحیحی موسلیم، فەرموودەی ژمارە (١٤١٢/٣).

ناردووەتە خوارەوە و ناوی ناوە بە ئایەتی فەتح واتە ڕزگارکردن کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا﴾ الفتح: ١. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئێمە بەڕاستی سەرکەوتنی ئاشکرامان پێبەخشیویت -مەبەست ڕێکەوتنەکەی حودەیبییەیە کە لە نێوان پێغەمبەر ﷺ، وە نێوان نوێنەری قورەیشدا مۆرکرا، بەندەکانی لە ڕواڵەتدا زیانی بە شان و شەوکەتی ئیمانداران دەگەیاند، بەڵام دواتر بووبە مایەی خێرو سەربەرزی بۆیان). پێغەمبەریش ﷺ لەبارەیەوە فەرمووی: ((لقد نزلت عليّ الليلة سورة لهي أحب إليّ مما طلعت عليه الشمس)). واتە: (لە ڕاستیدا ئەمشەو ئایەتێك دابەزێنراوەتە سەرم کە لام خۆشەویسترە لە هەموو ئەوەی خۆر لەسەری هەڵدێ). پاشان فەرمووی: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا﴾ الفتح: ١[1].

هەر بەڕاستیش ئەو ئاشتەواییە ڕزگابوونی گەورە بوو بۆ دڵەکان، چونکە لەدوای ئەو ئاشتەواییە کە لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا بوو تا ساڵی ڕزگارکردنی مەککە کە -ساڵی هەشتەمی کۆچی بوو-بە هەزاران کەس هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و موسڵمان بوون، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ حودەیبیە ١٥٠٠ کەسی لەگەڵدا بوو، بەڵام لە ڕزگارکردنی مەککەدا هەشت هەزار موسڵمانی لەگەڵدا بوو.

پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کەس زیاتر پابەند بوو بە جێبەجێکردن وپاراستنی ئەو ڕێکەوتننامەیە -هەروەك وتمان-، تەنانەت کاتێك هەندێ لە گەنجە هەڵشەکانی قوڕیش ویستیان لەناکاودا هەڵکوتنە سەر سەربازگەی موسڵمانان، کە ژمارەیان هەشتا گەنج بوون، بەڵام بەدیلگیران، پێغەمبەر ﷺ لێیان خۆشبوو و ئازادی کردن[2]، ئەمە لە کاتێکدا کە لەتوانایدا بوو بیانکاتە هۆکارێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەکە، هەروەها لە حەفتا دیلی قورەیش خۆشبوو کە موسڵمانان لەدوای ئاشتەواییەکە بەدیلیان گرتبوون، هەروەها لە چوار بێباوەڕ خۆشبوو کە هەوڵیاندا فرسەت لە پێغەمبەر ﷺ بگرن، بەڵام سەلەمەی کوڕی ئەکوەع بەدیلی گرتن[3].

(١) صەحیحی بوخاری -لەگەڵ الفتح-: بەشی غەزاکان (٤٥٢/٧).
(٢) صەحیحی موسلیم، بەشی (الجهاد) (١٤٤٢/٣).
(٣) بڕوانە بەندەکانی ئاشتەواییەکە لە: صەحیحی موسلیم (١٤٣٣/٣-١٤٤١). فەرموودەی (١٨٠٧)، هەروەها (السيرة الصحيحة) (٤٤٦/٢).

موسلیم لە صەحیحدا بە سەنەدی لە ئەنەس کوڕی مالیکەوە گێڕاویەتەوە کە وتوویەتی: هەشتا کەس لە خەڵکی مەککە لە کێوی تەنعیمەوە دزەیان کردوو هاتنەخوارەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، دەیانویست هێرش بکەنەسەر پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی، موسڵمانێکیش بەدیلی گرتن و ویستی خوێنیان حەڵاڵ بکات، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي كَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ عَنۡهُم بِبَطۡنِ مَكَّةَ مِنۢ بَعۡدِ أَنۡ أَظۡفَرَكُمۡ عَلَيۡهِمۡۚ﴾ الفتح: ٢٤[1]. واتە: (هەر ئەو زاتەش بوو کە نەیهێشت کافران دەستیان بگاتە ئێوە -لە حودەیبیە- و دەستی ئێوەشی گرتەوە دژ بە وان و -هێرشتان نەبرد بۆ سەر مەککە-، ئەوەبوو دواتر بەبێ جەنگ ئێوە زەفەرتان پێبردن -لە عمرە القچاو-دا، دواتریش دەستتان گرت بەسەر (مەککە)دا و بەبێ جەنگ ڕزگارتان کرد).

لەم ئایەتەدا دەلالەتێکی تر هەیە لەسەر گرنگیتی ئاشتەوایی و نەکەوتنە ناو شەڕەوە، بەو پێیە کە خوای گەورە منەتی ناوەتە سەر باوەڕداران، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئاشتەوایی یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکان، شەڕیش وەك شەڕ شتێکی نەویستراوە لە ئیسلامدا.

مامۆستا موحەممەد عەبدوڵلّە دەڕاز دەڵێ: لەمەوە وادەبینین کە جەنگ لە تێڕوانینی ئیسلامەوە خراپەیەکە لەباری ناچاریدا نەبێت ئیسلام پەنای پێنابات، جا ئەگەر موسڵمانان بە دانوستان و ڕێکەوتن گەیشتنە ئاشتەواییەك یا شتێك لە مافەکانیشیان زەوتبکات، بەڵام لە هەمانکاتدا خوێنی تێدا نەڕژێ، ئەوا ئەو ئاشتەواییە چاکترە لە سەرکەوتنێکی بەرچاو بۆ حەق کە خوێنی تێدا بڕژێ)[2].

## * پرەنسیپی: دادپەروەریی و یەکسانیی بۆ هەمووان[3]:

---

(١) صەحیحی موسلیم (٣/١٤٤٢)، فەرموودەی (١٨٠٨)، هەروەها ئایەتەکە لە سورەتی الفتح.

(٢) سەیری: دراسات إسلامية، دکتۆر موحەممەد عەبدوڵلّە دەراز، چاپی دار القلم لە کوەیت، ساڵی ١٩٧٩ز ل(١٤٢).

(٣) ئەبولبقائی عەکبەری لە (الكليات)دا چاپی مؤسسة الرسالة ل(١٥٠٠) دەڵێ: (ماناوەندیی بریتییە لە حاڵەتێ لە نێوان دوو حاڵەتدا لە چەندێتی و چۆنێتیدا)، لە لاپەڕە (٦٣٩)دا دەڵێ: (دادپەروەریی دژی ستەمە...)، دادپەروەریی زمانی پایەدارییە، لە شەریعەتیشدا بریتییە لە پایەداریی لەسەر ڕێگای هەق بە ویست و خواستی خودی)، ئەوەش بە دوورکەوتنەوە لە هەواو هەوەس، لە لاپەڕە (٧٣٣)دا دەڵێ: (قسطاس) بریتییە لە: میزانی ورد بۆ خۆپاریزی لە زیاد و کەم، لە (المعجم الوسيط)دا هاتووە کە دادگەریی واتە ویژدان بەخەرجدان، ئەویش دانی شتێك بە کەسێك کە هی خۆیەتی، وەرگرتنی شتێکیش لێی کە هی ئەو نییە).

ئەم پرەنسیپە لە ئیسلامدا گەورەترینی ئەو پرەنسیپانەیە کە شەریعەت لەسەری بەرپابووە، بەڵکو ئاسمانەکان و زەوی هەر لەسەر دادپەروەریی بەرپا بوون، لەبەرئەوە لەفزی دادپەروەریی (العدل) و هەڵگۆزراوەکانی بیست و هەشت جار لە قورئانی پیرۆزدا دووبارە بووەتەوە، هەروەها هاوتاکەی یەکسانیی (القسط) لە قورئانی پیرۆزدا بیست و حەوت جار دووبارە بووەتەوە، قورئانی پیرۆز لەو ئایەتانەدا باسی گرنگیّتی دادپەروەریی و یەکسانیی کردووە، فەرمانیداوە بە دادپەروەریی و بە چاکەکاریی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ﴾ النحل: ٩٠. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە فەرماندەدات بە داد و دادپەروەریی، بە چاکەو چاکەکاری، هەروەها بە بەخشینی هەموو جۆرە یارمەتییەك بە خزمان، قەدەغەی هەموو گوناهو تاوان و ناشیرینی و نامۆیی و ستەم و دەستدرێژییەك دەکات).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾ المائدة: ٨. واتە: (هەوڵبدەن هەمیشە دادپەروەربن، چونکە ئەوە نیشانەی تەقواو خواناسینە، خۆتان لە ڕەنجاندنی خوا بپارێزن و پارێزکار بن). ﴿وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ﴾ الأنعام: ١٥٢، واتە: (کاتێکیش قسە دەکەن یان شایەتیەك دەدەن هەوڵبدەن دادپەروەر بن، لایەنی کەسێك یان دەستەیەك یان خزمان مەگرن، هەرچەندە خزمایەتی نزیکیش لە ئارادا بێت). ﴿وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُ﴾ الشورى: ١٥. واتە: (من فەرمانم پێدراوە دادپەروەریی لە نێوانتاندا بەرپا بکەم). هەروەها مەسەلەی حەرامکردنی نایەکسانیی بە توند گرتووە لەگەڵ ئەوانەشدا کە دوژمنن، دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ ...﴾ المائدة: ٨. واتە: (نەکەن دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان بنێت و واتان لێبکات کە دادپەروەر نەبن، هەوڵبدەن هەمیشە دادپەروەربن، چونکە ئەوە نیشانەی تەقواو خواناسینە). فەرمانی بە موسڵمانان داوە کە حوکم و دەستەڵاتیان لە نێوان هەموو خەڵکیدا لەسەر

دادگەریی بەرپا ببێت، بەڵکو دادپەروەریی کردووەتە بناغەی فەرمانڕەوایی ئیسلامی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِ﴾ النساء: ٥٨. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە داواتان لێدەکات کە هەرچی ئەمانەتە بیدەنەوە دەست خاوەنی، هەر کارێکی گرنگ هەیە بیدەنە دەست کەسی شایستە، هەر بەرپرسیاریەتی و ئەرکێکی سەنگین هەیە بیدەنە دەست کەسێکی پسپۆڕ و لێهاتوو، هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێو خەڵکیدا، لەسەر بنەمای عەدالەت و دادپەروەری داوەری بکەن). ئیسلام لە هەمانکاتدا زۆر بە توندی جەختدەکات لە خۆپارێزی لە شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووەکان و حەز و بەرژەوەندییە کەسییەکان کە دەبنە هۆی پشتگوێخستنی دادگەریی، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْ﴾ النساء: ١٣٥. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، نەکەن هیچ کات شوێنی ئارەزوو و تەماع بکەون و لە دادپەروەری لابدەن). هەروەها فەرمانیداوە بە دادگەریی تەنانەت لەگەڵ ئەو یاخیبووانەدا کە دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی دەجەنگن، دەفەرموێ: ﴿فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾ الحجرات: ٩. واتە: (جا هەر کات ملکەچ و گوێڕایەڵ بوون، ئەوە ئێوە هەوڵبدەن ڕێکیان بخەن بە شێوازێکی دادپەروەرانە و بە دوور لە ستەم و لایەنگیریی، دڵنیاشبن کە خوای گەورە دادپەروەرانی خۆشدەوێت و ڕازی دەبێت لێیان). هەروەها خوای گەورە ڕێگری کردووە لە فرەژنی لەبارێکدا کە ببێتە هۆی ستەم و نادادگەریی لەنێوانیاندا، دەفەرموێ: ﴿فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً﴾ النساء: ٣. واتە: (خۆ ئەگەر ترسان لە ستەم و نادادی، ئەوە با هەر یەك هاوسەرتان هەبێت). دادپەروەریی کردووەتە مەرجێك بۆ قوبوڵکردنی شایەتی و فەرمانڕەوایی و هاوشێوەیان، دەفەرموێ ﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾ الطلاق: ٢. واتە: (بیریشتان نەچێت لە کاتی جیابوونەوەی یەکجاریدا، دەبێ دوو شایەتی دادپەروەر و خواناس لە خۆتان لە نێوانتاندا هەبێت، کە هەرکاتێك داواکران ئامادەبن لەبەر خوا شایەتیەکە بەڕێك و پێکی بدەن).

لەفزی یەکسانیی (القسط) و هەڵگۆڕراوەکانی لە قورئانی پیرۆزدا بیست و حەوت جار هاتووە، بەو پێیە کە خوای گەورە بە ڕەهایی فەرمانیداوە بە یەکسانیی، واتە: دادگەریی، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ﴾ النساء: ١٣٥. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، هەمیشە هەوڵبدەن ڕاگری یەکسانیی بن و شایەتی بۆ خواو لەبەر خوا ئەنجام بدەن). بە یەکسانیش لە فەرمانڕەواییدا، دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ المائدة: ٤٢ واتە: (ئەگەر داوەریشت کرد لە نێوانیاندا، بە یەکسانیی بەو کارە هەستە، چونکە بەڕاستی خوای گەورە دادپەروەران و مافپەروەرانی خۆشدەوێت). هەروەها بە یەکسانیی لە چارەسەرکرنی ناکۆکیەکاندا، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشدا لە یاسا دەردەچن، دەفەرموێ: ﴿فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓاْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ الحجرات: ٩. خوای گەورە چارەنووسی ئەوانەی کە دادگەران دەکوژن دیاریکردووە کە بەرەو دۆزەخ و سزای سەخت دەچن، دەفەرموێ: ﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِٱلْقِسْطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ آل عمران: ٢١. واتە: (هەروەها هەوڵی کوشتنی ئەو کەسانەش دەدەن کە شوێنکەوتەی پێغەمبەرانن و فەرمان بە دادپەروەریی دەدەن لە نێوان خەڵکیدا، تۆ مژدەی سزایەکی بە ئێش و ئازاریان پێبدە کە لە قیامەتدا چاوەڕێیانە و دۆزەخ خۆی بۆ مەڵاسداون!!). هەروەها فەرمانیداوە کە لە کێشانەو پێوانەدا لە شتە ماددی و مەعنەوییەکاندا دادگەریی و یەکسانی بەخەرجبدرێ، دەفەرموێ: ﴿وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ﴾ الأنعام: ١٥٢. واتە: (کێشان و پێوان بە ڕێکو پێکی و بە یەکسانیی ئەنجامبدەن، -( فێڵی تێدا مەکەن-). ﴿وَزِنُواْ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ﴾ الشعراء: ١٨٢. واتە: (بە تەرازوو و پێوەرێکی یەکسان و ڕاست و دروست شت بکێشن و بپێون..).

لە لایەنی پراکتیکیشەوە، ئەوا ژیننامەی پاکو بێگەری پێغەمبەرایەتی و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هەموو خەڵکیدا چوونیەك، جوانترین نمونەن لەسەر دادگەریی و یەکسانیی، ژیننامەی جێنشینە ڕاشیدەکانیش هەر بەهەمانشێوە بووە.

جا ویڕای ئەوە کە ئیسلام داوای یەکبوونی ئوممەت دەکات و خێرو چاکەی بۆ هەمووان دەوێ، بەڵام هەر دانی بەوەدا ناوە کە خەڵکی لە ڕووی باوەڕ و هزر و ڕەنگ و جۆرەکاندا ڕاجیایی و جیاوازیی لەنێوانیاندا هەیە، قورئان دەفەرموێ: ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ البقرة: ٢١٣. واتە: (لە سەرەتای پەیدابوونی خەڵکیدا، ئەو کاتەی هێشتا لادان و هاوەڵگەریی سەری هەڵنەدابوو، خەڵکی هەمووی یەك ئوممەت و یەکپارچە بوون و هەمووان خواناس و دیندار بوون، واتە لەدوای ئەوە ئیتر ڕاجیاواز بوون). ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ﴾ البقرة: ٢١٣. واتە: (بەڵام بەتێپەڕبووونی ڕۆژگار لادان لەبەرنامەی یەکخواناسی پەیدابوو، خوای گەورەش دەستبەرداری خەڵکی نەبوو، بەڵکو پێغەمبەرانی لەنێو خەڵکیدا لە کەسانی ڕەوشتبەرز و چاك و پاك هەڵبژارد، کە مژدەی بەهەشتیان دەدا بە ئیمانداران و هەڕەشەی دۆزەخیان دەکرد لە بێباوەڕان، هەروەها پەیام و کتێبیشی دەنارد لەگەڵیان کە حەق و ڕاستییەکانی ڕووندەکردەوە، بۆئەوەی دادوەریی لەنێو خەڵکیدا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجامبدەن، واتە لەو شتانەدا کە ئەوان کێشەو جیاوازییان لەسەری هەیە...). خوای گەورە دوای ئەوە کە باسی جولەکەو گاورەکانی کردووە کە ڕاجیاواز و ناکۆك بوون، دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ﴾ المائدة: ٤٨. واتە: (خۆ ئەگەر خوای گەورە بیویستایە هەر هەمووتانی بەناچاری دەکردە یەك ئوممەتی یەکپارچە، بەڵام خوای گەورە ویستی وایە: کە ئازادبن، بەو ئازادییە تاقیتان بکاتەوە لەو شتانەی کە پێیبەخشیون، دەی کەواتە زۆر بە پەلە پێشبڕکێ بکەن لە چاکەو چاکەکاریدا).

قورئانی پیرۆز پێماندەڵێ کە جیاوازی یەکێکە لە مەبەستە بەهەندگیراوەکانی تاقیکردنەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ، إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ هود: ١١٨-١١٩، واتە: (خۆ

ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە هەموو خەڵکی ناچار دەکرد تا یەکپارچەو ئیماندار بن، بەڵام ئەو زاتە لەبەر هەزاران حیکمەت و دانایی ئازادی داونەتێ، ئەوانیش بەردەوام جیاوازی و کێشەیان لەناودا هەیە....، جگە لەوانەی شایستەن کە پەروەردگارت ڕەحمیان پێبکات و بەزەیی پیایاندا بێتەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش دروستی کردوون).

ئەو هەموو ئایەتە زۆرانەو ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر ﷺ، ڕێگا بۆ دەروونی موسڵمانان خۆشدەکەن تا ئەوانەی تر کە لە ڕووی باوەڕ و هزر و بنەماکان و بەشەکانەوە ڕاجیاوان لەگەڵیان قوبوڵیان بن، لە باری ئارامی و ئاسایشدا لەگەڵیاندا بژین، بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی هەر ئەمەش ڕوویداوەو پیادەکراوە، چونکە ناموسڵمانان لە سایەی دەوڵەتی بەهێزی ئیسلامدا ژیاون، سودمەندبوون لە تەواوی مافەکانیان، تەنانەت چەندین پلەو پایەی بەرزیان لە سایەیدا هەبووە، هاوشێوەی ئەمە لە سایەی ئیمپراتۆرە ئاینییەکانی تردا وەك دەوڵەتی ڕۆمانی بوونی نەبووە، کە جولەکە و غەیرە مەسیحییەکانی چەوساندووەتەوە، زیاد لەوەش مێژوو لەبیری ناچێت کە خاچپەرستان لە ئەندەلوس چ نەهامەتییەکیان بەسەر موسڵمانان و جولەکەدا هێنا.

## باسی دووەم

## چەمکی تێکۆشان (الجهاد) و ئایەتی شمشێر

تێکۆشان بە ڕێگای وشەو بە بەڵگەو بە ڕوونکردنەوەو بە بڵاوکردنەوەی قورئان شێوازی بانگەوازی سەردەمی مەککی بوو، قورئانیش بە تێکۆشانی گەورە ناویبردووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا﴾ الفرقان: ٥٢. تێکۆشانی ئەوکاتیش هەریەك لەم بوارانەی دەگرتەوە: تێکۆشانی دەروون، تێکۆشان دژی حەزو ئارەزووەکان و شەیتان، هەروەها ئەو بوارەش پێیدەوترێ پاکژیی دەروون، پاشان یەکەمین ئایەتەکانی تێکۆشان لە سورەتی حەجدا بۆ نەهێشتنی ستەم و بەجێگەیاندنی هەق و ڕاستی هاتنەخوارەوە، هەروەها ئازادی خواپەرستی و پەرستش -هەروەك پێشتر

وترا-، ئایەتی زۆریش دەربارەی تێکۆشان -بەشێوەیەکی گشتی و دەربارەی جەنگ بەشێوەیەکی تایبەت- هاتەخوارەوە، هەندێ لە خەڵکی وا گومانیان برد کە ئایەتی شمشێر ١٤٠ ئایەتی لە ئایەتەکانی ئاشتەوایی و لێخۆشبوون و ئازادی هەڵوەشاندووە، بەڵام زۆرینەی زانایانی لێکۆڵەر ئەم قسە نەسەلمێنراو و ناڕاستەیان ڕەتکردووەتەوە، چونکە پرۆسەی هەڵوەشاندن لای پێشینان جیاوازە لە هەڵوەشاندن لەلای دواییەکان، بەو پێیە کە ڕاڤەکردن و تایبەتکردن دەگرێتەوە، جا ئەگەر بەوە قایل بین کە هەڵوەشاندن بە واتای لابردنی حوکمێکی شەرعییە بە حوکمێکی تر کە بوونی هەیە، ئەوا کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە ئەو کارە بە بەڵگەی ڕاشکاو و ڕوون نەبێت جێبەجێ نابێت، ئەوەش بە جۆرێك کە لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوە نەبێت نەتوانرێ دوو بەڵگەی دژ بەیەك کۆبکرێنەوە، ئەمە جگە لەوە کە ڕاڤەکارە لێکۆڵەرەکان وشەی هەڵوەشاندنیان بەو مانایە هێناوە کە بریتییە لەو ئەحکامە شەرعییانە لە ئاینە پێشووەکاندا هاتوون، هەروەك خوای گەورە لە وەسفی موسڵماناندا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾ الأعراف: ١٥٧. واتە: (هەروەها ئەوانەی کە لە ئایندەدا باوەڕ دەکەن بە پێغەمبەر و فرستادەی نەخوێندەوارمان ﷺ، جولەکەو مەسیحیەکانیش ناونیشانەکانی دەبینن کە لە تەورات و ئینجیلدا تۆمارکراون، کە هەندێ سیفاتی ئەوەیە: فەرمانیان پێدەدات بە چاکەو چاکەکاری، هەرچی شتێکی چاك و پاك و بەسودە بۆیان حەڵاڵ دەکات، هەرچی شتێکی پیس و خراپ و ناپوختە لێیان حەرام دەکات، ئەرکە قورس و سەنگینەکان لە سەرشانیان لادەبات، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لە گەردنیاندا بوو لای دەبات، جا ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن و پشتیوانی ئاین و بەرنامەکەی دەکەن و شوێنی ئەو نوورە دەکەون -کە قورئانە- و بۆ ئەو

نازڵکراوە، هەر هەموو ئەوانە سەرفەراز و ڕزگار و سەرکەوتوون لە هەردوو جیهاندا).
خوای گەورە باسیکردووە کە ئیسلام شتە پاك و چاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات، تەنها شتە خراپ و پیسەکانیان لێ حەرام دەکات، هەروەها ئەو حوکمە سەختانە لەسەریان هەڵدەگرێ کە سەپێنران بەسەر جولەکەدا بەهۆی ستەم و قیرسیچمەییان.

جا مەسەلەکە هەر جۆر بێت، ئەوا ئەوانەی دەڵێن ئایەتی شمشێر ئەو ئایەتانەی تری هەڵوەشاندووەتەوە، خۆشیان ڕاجیاوازن لە دەستنیشانکردنی ئەو ئایەتە، هەیانە وتوویەتی: بریتییە لەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ﴾ التوبة: ٥. واتە: (جا کاتێك ئەو مانگانە بەسەر چوون -کە جەنگ تیایاندا حەرامە-، ئەوە بجەنگن دژی ئەو موشریکانە کە پەیمان شکێنن و نەخشە دەکێشن بۆ ڕیشەکەنکردنی ئێوە، لە هەر کوێدا دەستتان بەسەریاندا ڕۆیشت بیانگرن و گەمارۆیان بدەن و کەمینیان بۆ دابنێن). بەڵام ئەم ئایەتە بە مانای کوشتنی بێباوەڕان دێت، ئەمەش زاراوەیەکی تایبەتە و لە بەرانبەر خاوەن پەڕاوەکان و موسڵمانانەوە باسدەکرێ، بەڵکو هەموو بەڵگەکان پێماندەڵێن بریتین لەو بێباوەڕانە کە هەستاون بە ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ و دەرکردنی لە مەککە، هەروەها هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئیسلام و ڕیشەکەن کردنی، چونکە ئەم ئایەتە لەدوای ئەم فەرموودەی خوای گەورەیە هاتووە: ﴿بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ، فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخۡزِي ٱلۡكَٰفِرِينَ ، وَأَذَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوۡمَ ٱلۡحَجِّ ٱلۡأَكۡبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ وَرَسُولُهُۥۚ فَإِن تُبۡتُمۡ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ، إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ إِلَىٰ مُدَّتِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ التوبة: ١-٤ واتە: (خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بەرین لەو پەیمانانە کە لەگەڵ موشریکاندا بەستوتانە -چونکە ئەوانە پەیمان شکێنن و جێگەی متمانە نین-، کەواتە ئەی موشریك و خوانەناسەکان بۆتان هەیە چوار مانگ بەسەر زەویدا بگەڕێن و

شوێنێك بۆ نیشتەجێبونی خۆتان دابین بکەن، ئەوەش بزانن ئێوە دەسەوسانکەری خوای گەورە نین و لە دەستی قودرەتی دەرباز نابن، لە ڕاستیدا ئەو خوایە ڕیسوا کەری کافر و بێباوەڕانە، ئەمەش بانگەواز و ڕا گەیاندنێکە لەلایەن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ بۆ سەرجەم خەڵکان لە هەموو زەمان و زەمینێکدا، لە ڕۆژی حەجی مەزن و پیرۆزدا کە: بە ڕاستی خواو پێغەمبەرەکەی بە تەواوەتی بەرین لە موشریکان، جا ئەگەر فریای خۆتان بکەون، تەوبە بکەن و ئیمان بهێنن، ئەوە شتێکی چاك و خێرداره بۆتان، خۆ ئەگەر هەر یاخی بن و ڕوو وەرگێڕن لە ئیمان، ئەوە چاك بزانن کە ئێوە دەسەوسانکەری خوای گەورە نین و لە ژێر دەستەڵاتی قوتار نابن، جا مژدە بدە بەوانەی کە بەردەوام دەبن لەسەر ڕێبازی کوفر و بێدینی بەوەی کە سزایەکی بە ئێش چاوەڕێیانە!! جگە لەو موشریکانە کە پەیمانتان لەگەڵیان هەیە، ئەوانیش پابەندی پەیمانەکەن و هیچ خاڵ و بڕیار و بڕگەیەکیان لێ کەم نەکردۆتەوە و هیچ کامیان دژایەتیان نەکردوون، ئەوە ئێوەش لە پابەند بوون بەو پەیمانە بەردەوامبن تا کاتی دیاریکراوی، چونکە خوای گەورە پارێزکاران و دیندارانی خۆشدەوێت). کەواتە ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو عەرەبە بێباوەڕانەیە کە ئازاری پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیان داوە، بۆ ئەوانەیە ویستوویانە ئیسلام ڕیشەکەن بکەن، پیلانگێڕیان کردووەو لە چەندین جەنگدا بەوپەڕی دڕندەیی جەنگاون، پاشان پەیمانیان لەگەڵ موسڵماناندا بەستووە، بەڵام پەیمانەکەیان زیاتر لە جارێك شکاندووە، ئا ئەوانە جەنگاوەرن و لە دژی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەجەنگن، هەڕەشە لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن لەناویبەرن، کەوابوو لەسەر دەوڵەت پێویستە لە بەرانبەر ستەم و ملهوڕی ئەوانە پارێزگاری لە خۆی و لە هاولاتیانی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خوای گەورە ئەوانەی لێیان هەڵاوێرد کردووە کە پەیمان و بەڵێنەکانیان دەپارێزن و نەیانشکاندوون، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم ﴾. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕێزگرتنی موسڵمانان لە پەیماننامەو بەڵێننامەکان، تەنانەت لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەدا کە پێغەمبەری ڕێزداریان ﷺ لە مەککە دەرکرد مادامێ پابەندن بە پەیمانەکەیانەوە.

بەڵگەیەکی تریش بریتییە لەوە ئایەتی شەشەم لەدوای ئەو ئایەتەوە دێت کە ناویاناوە بە ئایەتی شمشێر، ئەوە دەگەیەنێ کە هەر بێباوەڕێك داوای پەنادان لە موسڵمانان بکات ئەوا پەنادەدرێ و ناکوژرێ، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ﴾ التوبة: ٦. واتە: (ئەی پێغەمبەرﷺ، ئەی ئیماندار ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان موشریك و بێ دینێك پەنای بۆ هێنای، ئەوە تۆ پەنای بدە، قورئان، یان واتا و مەبەستەکانی قورئان بدە بەگوێیدا، پاشان بیگەیەنە بەو شوێنەی کە دەیەوێت و ژیانی تێیدا پارێزراوە). پێشەوا تەبەری لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: (خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمووە: ئەی موحەممەد ئەگەر کەسێك لە بێباوەڕان -ئەوانەی کە فەرمانم پێداویت بجەنگی لەدژیان و لەدوای بەسەرچوونی مانگە پیرۆزەکان کوشتاریان بکەیت- هات و گوێبیستی گوفتاری خوای گەورە بوو لێتەوە، کە ئەویش ئەو قورئانەیە خوا دایبەزاندووتە سەرت ئەوا (پەنای بدە)، دەفەرموێ بیپارێزە (پەنای بدە تا گوێبیستی گوفتاری خوا بێت) ئینجا قورئان دەخوێنیتەوە بەسەریدا (پاشان بیگەیەنەرە شوێنی ئارامی و سەلامەتی)، دەفەرموێ: پاشان ئەگەر دوای بیستنی گوفتاری خوا هەر باوەڕی نەهێنا، تۆ بیگێڕەرەوە تا دەگاتە شوێنی سەلامەتی... تا بگاتەوە ماڵەکەی خۆی و ناو قەومە بێباوەڕەکەی..)[(١)].

سەیر لەوەدایە ئەوەی ناوبراوە بە: ئایەتی شمشێر هەندێ لە زانایان وتوویانە کە بەم ئایەتە: ﴿فَإِمَّا مَنًّۢا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَآءً﴾ محمد: ٤ واتە: (ئەوسا یان بە پیاوەتی و منەتبار کردنیان ئازادیان بکەن، یان فیدیەیان لێ وەربگرن). هەڵوەشێنراوەتەوە، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە هەردوو ئایەتەکە دوو ئایەتی توندوتۆڵن و حوکمی خۆیان دەکەن، هەریەکەیان تایبەتە بە حاڵەتێکەوەو هەر لە بناغەوە هیچ دژایەتییەك لە نێوانیاندا نییە تا ئیدیعای هەڵوەشاندنەوە بکرێ.

(١) تەفسیری تەبەری، (١٤/١٣٨-١٣٩).

هەندێکیتر وتوویانە ئایەتی شمشێر بریتییە لەم ئایەتە کە دەفەرموێ: ﴿وَقَـٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَـٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً﴾ التوبة: ٣٦. واتە: (تەنها دژی موشریکانی شەڕەنگێز بجەنگن بە گشتی، ئەوەش کاتێك کە ناچار دەبن بۆ بەرگری لە خۆتان، چونکە ئەوان بەگشتی هێرش دەکەنە سەرتان و دەیانەوێت ڕیشەکەتان بکەن).

لە ڕاستیدا ئەم ئایەتەش تایبەتە بە شەڕکردن و کوشتنی ئەو بێباوەڕە بتپەرستانە کە لە دوورگەی عەرەبدا دژ بە پێغەمبەر ﷺ جەنگاون، چونکە بەشی دووەمی ئایەتەکە ڕاڤەی بەشی یەکەمی دەکات: ﴿كَمَا يُقَـٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً﴾ التوبة: ٣٦. کە ئەوە دەگەیەنێ ئەو جەنگە بۆ بەرگرییە، کەواتە ئێمە بۆیە لە دژیان دەجەنگین چونکە ئەوان بە هەموویانەوە و بەتەواوەتی لەدژمان دەجەنگن، بەم پێیە ئەوا ئایەتەکە لە ڕوانگەی بەرگری لە خود دێت، هەروەك زانای ئوممەت و ڕاڤەکاری قورئان ئیبن عەبباس رضي الله عنه ئایەتەکەی وەها ڕاڤەکردووە کە پێویستە موسڵمانان یەکبگرن و یەکدەنگ بن و کۆبن و پەرت و بڵاو نەبن، چونکە ئەو بێباوەڕانە بە هەموویانەوە بەکۆدەنگی لە دژی موسڵمانان دەجەنگن[١]، -هەروەك لە جەنگی ئەحزابدا ڕوویدا-.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە ئەوا وشەی (کافة) دەبێتە حاڵێك بۆ بێباوەڕان، مەبەست ئەوە نییە کە بجەنگن لەدژی هەمووان و کوشتاری هەموویان بکەن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە موسڵمانان یەکدەنگ بن و کۆبن و پەرت و بڵاو نەبن، ئەوەش هەروەك چۆن بێباوەڕان یەکدەنگن بۆ شەڕکردن دژ بە موسڵمانان.

لە ئایەتەکانی تریشدا هەمان مەسەلەیە.

مەبەستی ئێمەش لە خستنەڕووی ئەم باسە بەم خێراییە، ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتی پاکو بێگەردا دەقێکی ڕاست و ڕاشکاو نییە کە ئایەتێك تایبەت بکات بەوەی کە: ئایەتی شمشێرە، بێت چەندین ئایەتی تر کە لە بواری ئازادی ئاین و زۆرلێنەکردن هاتوون هەڵوەشێنێتەوە، وەك ئەم ئایەتە: ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦. بەڵکو لە

(١) تەفسیری تەبەری، (٢٤٢/١٤).

پەیوەندییە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەوانیتردا ئاشتەوایی و ئاشتی بنچینەو بناغەیە[(١)].

ئەم فەرمودەیەش کە دەفەرموێ: ((**بعثت بالسيف حتى يعبد الله وحده لا شريك له...**)). واتە: (بە شمشێرەوە ڕەوانەکراوم تا خوای تاك و تەنها بپەرستریٚ و هاوەڵی بۆ دانەنرێ). لەلای لێکۆڵەران فەرموودەیەکی لاوازە، لەبەرئەوە بوخاری دەرینەهێناوە، بەڵکو بە شێوازی لاوازکردن لە پێش فەرموودەی (٢٩١٤) باسیکردووە، موسلمیش لە صەحیحەکەیدا هەر دەرینەهێناوە[(٢)].

مامۆستا قەرەزاوی دەڵێ: (ئەگەر چاوپۆشین لە سەنەدی فەرموودەکە و ئەو گوتانە کە تێیدایە، بێین بڕوانینە مەتن و ناوڕۆکەکەی، ئەوا دەبینین ئەویش هەر ناباشە، ناگونجێ لەگەڵ ئەوەدا قورئان ئیقراری پێکردووە کە موحەممەد ﷺ بە قورئانەوە ڕەوانەکراوە، چونکە لە ئایەتێك لە ئایەتەکانیدا ئیقراری بەوە نەکردووە کە خوا موحەممەد پێغەمبەری ﷺ بە شمشێرەوە ڕەوانەکردووە، بەڵکو لە چەندین ئایەتدا ئیقراری کردووە کە خوای گەورە موحەممەدی ﷺ بە قورئان و بە ئاینی هەق و بە بەزەیی و بە شیفابەخش و بە ئامۆژگاریکاری خەڵکی ڕەوانە کردووە)[(٣)].

فەرموودەی پەروەردگار: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧. دەستنیشانکردنی تەواوەتییە، خوای گەورە بەوە ڕەوانەی کردووە کە بەزەییە بۆ جیهانیان، نەیفەرمووە بۆ (باوەڕداران) بەڵکو بۆ هەموو (جیهانیان)، سەدان ئایەت

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی (فقه الجهاد)ی مامۆستای پایەبەرز یوسف قەرەزاوی بکرێ، هەروەها کتێبی: (النسخ فی القرآن)ی دکتۆر مستەفا زەید، کتێبی (النسخ فی القرآن) نوسینی د. مستەفا زەڵمی، هەروەها (نحن والآخر) نوسینی پ. د. عەلی قەرەداغی، لێکۆڵینەوەیەکی بنەمادۆزییە دەربارەی پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئەوانیتر.

(٢) پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدا، فەرموودەی ژمارە (٥١١٤، ٥١١٥، ٥٧٧٧)، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد) (٤٩/٦) وتوویەتی: لە یەکێك لە ڕاویەکانیەوە کە -عەبدوڕەحمان کوڕی سابیتە-: (کە ئیبن مەدانی و کەسانیتریش متمانەیان پێداوە، ئەحمەد و کەسانیتر لاوازیان کردووە)، حافزی میززی لە (تهذيب الكمال) (٣٧٧٥) لە ئەحمەدەوە گێڕاویەتەوە وتوویەتی: (فەرموودەی ناباشی تێدایە). لەبەرئەوە حافز ئیبن حەجەر لە (الفتح) (٧٢/٦) وتوویەتی: (ڕاجیایی هەیە لە متمانەپێدانیدا))، بەڵام مامۆستا ئەحمەد شاکر لە لێکۆڵینەوەی (المسند)دا (١٢١/٧) وتوویەتی: (سەنەدەکەی ڕاستە)، هەروەها ئەلبانی لە (الإرواء)دا فەرموودەی ژمارە (١٢٦٩) وتوویەتی: (لەسەر ئیبن سەوبان ڕاجیایی هەیە) حافز لە (التقريب)دا وتوویەتی: (کەسێکی ڕاستگۆیە بەڵام هەڵە دەکات و گۆڕان لە کۆتاییەکەیدا هەیە).

(٣) (فقة الجهاد)، (٣٢٥/١).

هەن کە ئەم مانایە دەسەلمێنن، هەروەها فەرمانی پێکردووە کە بە حیکمەت و بە گوتەی چاك و بە مشتومڕی سودگەیەنەر بانگەواز بکات.

دەبێ ئەو ڕاستییە بوترێ کە ئایەتەکانی جەنگ و توندوتیژی و زبری بە تەرازووی جەنگ و حاڵەتی جەنگ لێکدەدرێنەوە، بەڵام ئایەتەکانی ئازادی و لێبوردن و لێخۆشبوون و بەزەیی بە تەرازووی گشتی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێ و بنچینەن، چونکە ئەم ئوممەتەیە کە ئەرکی بانگەوازی بۆلای خوا پێسپێردراوە، ئەویش بە حیکمەت و بە گوتەی چاك و باش و بە مشتومڕی سودگەیەنەر، ئەم ئوممەتەیە کە هێنراوەتە مەیدان تا بانگەوازی خەڵکی بکات و ببێتە مایەی هیدایەتیان.

لە لایەکیتریشەوە ژیننامەی پێغەمبەر ﷺ لە غەزاکانیدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، هەر هەموویان بۆ بەرپەرچدانەوە یان بۆ بەرگری بووە لە ئاین و لە گیانی موسڵمانان و لە نیشتمانی ئیسلامی، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەڵێ: (ژیننامەکەی ﷺ: وەهابووە کە هەر کەس لە بێباوەڕان ئاگربەستی لەگەڵ کردبێت ئەو شەڕی لەگەڵ نەکردووە، ئەوەتا کتێبەکانی ژیننامەو فەرموودەو تەفسیر و فیقە و غەزاکان وا دەڵێن، ئەمەش لە ژیننامەکەیدا حاڵەتی تەواوتوری وەرگرتووە، ئەو ﷺ دەستپێشخەر نەبووە لە شەڕکردن لەدژی هیچ یەك لە بێباوەڕان، ئەگەر خوای گەورە فەرمانی پێبکردایە بە شەڕکردن و بە کوشتنی بێباوەڕان ئەوا دەستپێشخەری دەکرد لە جەنگدا)[١]، پاشان وتوویەتی: (دەربارەی گاورەکانیش ئەوا ﷺ نەجەنگاوە دژ بە هیچ یەك لەوان، تا ئەوکات کە نوێنەرانی خۆی لەدوای ئاشتەوایی حودەیبیە ناردووە بۆ هەموو پادشاکان و بانگهێشتی کردوون بۆلای ئیسلام... کە ژمارەیەکی بەرچاو لە گاورەکان و هیتریش هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە، دواتر گاورەکانی شام لە میعان هەستاون بە کوشتنی هەندێ لەو گەورە کەسانە کە موسڵمان بوون، لەوانە: فەروە کوڕی عەمروی جوزامی والی میعان، کە موسڵمان بووبوو کەچی ڕۆمەکان لەدوای زیندانیکردنی کوشتوویانە[٢].

(١) پەیامەکەی دەربارەی شەڕ دژ بە بێباوەڕان) ل(١٣٤-١٣٨).

(٢) سەرچاوەی پێشوو، هەروەها (الإصابة) (٥/٣٨٦).

کەواتە ئەوە گاورەکان بوون کە شەڕیان یەکەمجار لە دژی موسڵمانان ڕاگەیاند، بە ستەم و بە ناڕەوا ئەوانەیان لەخۆیان کوشت کە موسڵمان بووبوون. کاتێك گاورەکان دەستیانکرد بە کوشتنی موسڵمانان، پێغەمبەر ﷺ دەستەیەك جەنگاوەری بە فەرماندەیی زەیدی کوڕی حاریسە نارده سەریان، پاشانیش جەعفەر، پاشتریش ئیبن ڕەواحە، کە ئەمە یەکەمین شەڕ بوو موسڵمانان لەدژی گاورەکان لە (موئتە) بەرپایان کرد. پێشەوا ئیبن قەیمیش دووپاتی ئەم مانایە دەکات و پشتڕاستی دەکاتەوە[1].

هەروەها دەستپێشخەر نەبووە لە ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بە جولەکە، تا ئەوکات ئەوان پەیمانەکەیان شکاندو لەگەڵ لایەنەکانی تردا کەوتنە پیلانگێڕی بۆ ڕیشەکێشکردنی ئیسلام و خەڵکەکەی لە شاری مەدینە، -هەروەك لەکتێبەکانی مێژوودا دیارەو زانراوە، دەقە قورئانییەکانیش هەر دەلالەت لەوە دەکەن-، هەر لەپێناو لەپێشتری و پێشخستنی ئاشتەوایی و ئاشتی بوو کە پێغەمبەر ﷺ ئاشتەوایی حودەیبیەی قوبوڵکرد، لە کاتێکدا لە ڕواڵەتدا چەندین بەندی تێدابوو کە جۆرێك بوو لە سازشکردن[2].

هەر لەم میانەیەدا زانای پایەبەرز مامۆستا عەبدوالله ئال مەحمود بە ڕەحمەت بێت -سەرۆکی دادگا شەرعییەکانی دەوڵەتی قەتەر لە پەیامێکدا بە ناوی (الجهاد المشروع في الإسلام) کە لەتوێی کۆی پەیامەکانیدایە-[3] وەڵامی قسەیەکی مامۆستا صالح لحیّدان دەداتەوە کە یەکێکە لە زانایانی سعودیە و وتوویەتی: (پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دەستپێشخەر بوون لە جەنگداو ئەوان چوونەتە سەر دوژمن)، ئەویش وەڵامیداوەتەوەو دەڵێ: (ئەم هەڵە گەورەیە لەبەرئەنجامی کەمی زانست و کەمی تێگەیشتنەوە سەریهەڵداوە... بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەقی ڕاست، بێئەوەی شارەزا بێت بە هۆکاری غەزاکانی پێغەمبەر ﷺ...)، پاشان هاتووە چەندین بەڵگەی لە قورئان و سوننەت و ژیننامەوە هێناوە، بە بەڵگەی دیار و بەرچاو ڕوونیکردووەتەوە کە هەموو غەزاکانی

(١) لەکتێبەکەیدا بە ناوی (هدایه الحیاری) (١٢/١)، و سەرچاوەی تریش.
(٢) کتێبی: (نحن والآخر) نوسینی دکتۆر عەلی قەرەداغی.
(٣) مجموعة رسائل الشيخ عبد الله بن زيد آل محمود)، (٢/٤٨٦-٤٩٦).

پێغەمبەر ﷺ بۆ بەرگری بووە لە موسڵمانان و لە ئاین لە دەستدرێژی دەستدرێژكاران، ئیسلامیش ئاشتەوایی لەگەڵ هەر كەسێكدا دەكات كە ئەو ئاشتی بوێ، شەریش دژ بە كەس ناكات مەگەر بەرانبەرەكە شەڕ لە دژی ئیسلام بەرپا بكات، یان ڕێگری بكات لە بانگەوازەكەی، یان فیتنە لەناو خەڵكەكەیدا بنێتەوە، ئەمەش بە بۆچوون و گومانباشی نالێین، بەڵكو دەقەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی موحەممەد ﷺ بەڵگەی بەهێزن لەسەری، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە لە كتێبی (السياسة الشرعية)دا وتوویەتی: (هەركەس نەبێتە ڕێگری موسڵمانان لەوەی ئاینی خوای گەورە بەرپا بكەن، بێباوەڕیەكەشی تەنها زیانی بۆ خودی خۆی بێت، ئەوا شەڕی لەگەڵ ناكرێ).

مامۆستا موحەممەد غەزالیش لە كتێبەكەیدا بەناوی (جهاد الدعوة بين عجز الداخل وكيد الخارج) هەمان شتی وتووە كە وەلامی پارتی تەحریر و نەبەهانی ڕابەری داوەتەوە.

## پوختە

١- لێكۆڵەرە پێشین و دواییەكان، لەسەر ئەوەن كە تێكۆشان لە ڕووی زمانەوە بریتییە لە بە خەرجدانی تەواوی هەوڵ و تواناو وزەی بەردەست، لە شەرعیشدا واتە: بەخەرجدانی هەموو ئەوەی لەتوانادایە بۆ خزمەتی ئیسلام و بۆ بڵاوكردنەوەی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا﴾ الفرقان: ٥٢. واتە: بە قورئان تێبكۆشەو بڵاویبكەرەوەو بانگەواز بكە بۆلای، بەم پێیەش ئەوا تێكۆشان بە مانا فراوانەكەی ئەم جۆرانەش دەگرێتەوە: تێكۆشانی بانگەواز، تێكۆشانی دەروون، تێكۆشان دژی شەیتان، هەروەها تێكۆشانی ئابووری و ڕاگەیاندن و كۆمەلایەتی و زانستی دەگرێتەوە، هەروەها تێكۆشانی جەنگ لەپێناوی خوادا، بەلام بەم مانایەی ئەوا بۆ حاڵەتی بەرگرییە لە ئاین، لە نیشتمان، لە ئوممەت، بۆ لادانی فیتنەو خراپە لێیان، جەنگ ڕووبە بێباوەڕ نییە تەنها لەبەرئەوە كە بێباوەڕە، بەڵكو بەو هۆیەوە ڕوودەدات گەر بێتو ئەو بێباوەڕە دەستدرێژی بكاتە سەر موسڵمانان.

٢- ڕاستییەکە ئەوەیە کە بیانووی تەنها بێباوەڕیی یان هاوەڵگەریی نابێتە ئەو بیانووە کە جەنگ و تێکۆشان لە دژی بەرانبەر بەرپا بکرێ، بەڵکو ئەوە حاڵەتی ستەم و دەستدرێژییە، یان ترسە لە ڕوودانی فیتنەو دەستدرێژی کە شەڕ لە ئیسلامدا بەرپا دەکات، لەبەرئەوە دەبینین هەموو ئایەتەکانی قورئان تێکۆشانی شەڕ و کوشتار مەرجدار دەکات بەوەی لە پێشەوە وترا، نەك تەنها لەبەر بێباوەڕییەکە -هەروەك پێشتر باسکرا-.

٣- جگە لەوەش مەسەلەی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی شەڕ و کوشتار -لە ڕووی پرەنسیپەوە-، تەنانەت ئەگەر مەرج و دیسپلینەکانیشی بەردەست بن، هەر ناسپێردرێ بە تاکەکەس یان بە یەك کۆمەڵ بەڵکو ئەو ئەرکی ئوممەت و دەستەڵاتەکەیەتی، ناشبێت دابەشبکرێ مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە بۆ حاڵەتی بەرگری بێت لە خود، بۆ دەرکردنی داگیرکەران بێت، ئەوکات ئەوە لە هەموو ئاینەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا فەرزە.

٤- بەدڵنیایی کە تێکۆشانی جەنگ لە ئیسلامدا ئاکار و بەهای ڕەوشتی مەزنی هەیە، کە بە هەموو شێوەیەك ڕێگری دەکەن لە کوشتنی ئافرەتان و منداڵان، لە کوشتنی کەسانی سڤیل، هەروەها لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ[١].

٥- تێکۆشان -بە واتای جەنگ- خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارە، پێشەوا قەڕافی وتوویەتی: (ئەحکامە شەرعییەکان دوو بەشن: مەبەستەکان و هۆکارەکان، مەبەستەکان وەك حەجکردن، کە ڕۆیشتن بۆی هۆکارە، بەم پێیە بەرزڕاگرتن و بەهێزکردنی ئاین و سەرخستنی وشەی ئیسلام مەبەستە، تێکۆشانیش بۆی هۆکارە، پاشان وتوویەتی: (ڕێسا کەش ئەمەیە، ئەگەر هاتوو دەرکەوت کە هۆکارەکە نابێتە هۆی گەیشتن بە مەبەستەکەو تەبا نییە لەگەڵیدا ئەوا هۆکارەکە ڕەتدەکرێتەوە...)[٢]. فیقهناسان وتوویانە ئەوەش وابەستەیە بە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی، هەروەك ئیبن قەیم و زانایانی تریش وتوویانە[٣] لەبەرئەوە هەرکات تێکۆشان

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر و بەمادۆزی زیاتر سەیری: (فقه الجهاد)ی مامۆستا قەرەزاوی بکرێ.

(٢) (الذخيرة)، (١٢٩/٢).

(٣) زاد المعاد)، (٤٣٦/٣).

مەبەست و ئامانجی خۆی لە بەرزڕا گرتن و بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی ئایندا بەجێنەگەیاند ئەوا بە کۆدەنگی زانایان مەبەستەکە دەخرێتە پێش هۆکارەکەوە، شاتیبی دەڵێ: ئاشکرایە کە کارە شەرعییەکان خودی خۆیان مەبەست نین، بەڵکو مەبەست پێیان مەسەلەی ترە ئەوانیش ماناکانیانە، ئەوانیش ئەو بەرژەوەندییانەن کە بۆیان دانراون)[1]، ئیبن تەیمییەش هەر جەخت لەسەر ئەم مانایە دەکات[2].

کەواتە ئیسلام یاسای جەنگی لەپێناو جەنگدا دانەناوە، بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانج و مەبەستانەیە کە باسمانکردن، هێزیش هۆکارێکە بۆ بەرپەرچدانەوە، ئەویش لە ڕێگای فەراهەمهێنانی هێزی پێویست کە ڕێگری لە دەستدرێژکاران دەکات دەستدرێژی بکەن، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ الأنفال: ٦٠. واتە: (ئەی کاربەدەستان! هەوڵبدەن چی دەتوانن لە کەرەستەکانی جەنگ و بەرگری و زانست و زانیاری و تەکنیکی سەردەم دەستەبەری بکەن بۆ لەشکری ئیسلام، هەروەها ئەسپی چاکیان بۆ دابین بکەن -لەم سەردەمەدا تانك و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازی و فڕۆکە و کەشتی و.....تادوایی، بۆ ئەوەی دوژمنانی ئاینی خواو دوژمنانی خۆشتانی پێ بترسێنن، تا جورئەتی هێرشکردنە سەرتان و تەماعکردن لێتان نەمێنێت، هەروەها تا ناحەزانی تریش لە دوژمنانی نەناسراو و نادیار حسابتان بۆ بکەن، جا ئێوە هەر شتێك لەپێناوی ئاینی خوادا و لە ڕێبازی خوادا خەرج بکەن، ئەوە خوای گەورە پاداشتتان دەداتەوە لەسەری، لە دنیادا سەربەرز و پایەدارتان دەکات و لە قیامەتیشدا بە بەهەشتی بەرین شادتان دەکات، ئێوە بە هیچ شێوەیەك ستەمتان لێنا کرێت). مەبەستەکەشی ڕوونکردووەتەوە ئەویش بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژکاران

(١) (الموافقات)، (٣/١٢٠).
(٢) (مجموع الفتاوى)، (٢٨/١٢٩).

و ترساندنیانە بەو هێزە تا دەستدرێژی و کوشتار ڕوونەدات، دەفەرموێ: ﴿تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ الأنفال: ٦٠. پەروەردگاری جیهانیان نەیفەرمووە (تا بەهۆیەوە دژ بە بێباوەڕان بجەنگن و بیانکوژن) بەڵکو بۆ ترساندنی دوژمن و تۆقاندن و بەرپەرچدانەوەیەتی، هەروەك ڕاڤەكاران لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وتوویانە، قورئانی پیرۆزیش لە جێگایەكی تریشدا هەر ئاماژەی بەمە كردووە، دەفەرموێ: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ البقرة: ١٩٣. واتە: (ئێوە بجەنگن دژی ئەوانە كە جەنگ لە دژتان دەكەن و دەیانەوێت لەناوتان بەرن و بتانتوێننەوە). واتە: تا فیتنەی دوژمنكاران لە موسڵمانان دووربخەنەوە كە بەهۆی ئاینەكەیانەوە دەچەوسێنرێنەوە، هەروەك لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا ڕوویدا، چونكە هاوەڵگەران هێزی خۆیان بۆ ڕێگری لە ئیسلام و بۆ ئازاردانی موسڵمانان و بۆ چەوساندنەوەیان لەبەر ئاینەكەیان بەكارهێنا.

٦- لە ڕاستیدا كردەوەی مرۆڤەكان -بە تێكۆشانیشەوە- جیانابنەوە لە فیقهی سەرئەنجامەكان و داخستنی بیانووەكان، یان كردنەوەیان، شاتیبی دەڵێ: (سەیركردنی سەرئەنجامی كردەوەكان گرنگە، لە شەرعیشدا بە مەبەست گیراوە، ئیتر ئەو كردەوانە تەبابن یان ناجۆر بن لەگەڵ شەرعدا، چونكە كەسی موجتەهید حوكم بەسەر ئەو كردەوانەدا نادات كە كەسەكان ئەنجامی دەدەن یان ئەنجامی نادەن، هەتا ئەوكات نەڕوانێتە سەرئەنجامی ئەو كردەوانە كە سەریان لە چییەوە دەردەچێ)[1]. واتە: لە ڕووی بەرژەوەندییەكان و خراپەكانەوە، ئەم فەرموودەی خوای گەورە ئەو مانایە دەگەیەنێ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ الأنعام: ١٠٨. واتە: (ئەی ئیمانداران، نەكەن هیچ كاتێك جوێن و قسەی ناشیرن بڵێن بەو بت و شتانە كە نەفامان دەیانپەرستن و پیرۆزە لایان و لەجیاتی خوای گەورە هاناو هاواریان بۆ دەبەن، تا ئەوانیش جورئەت نەكەن و دەست نەكەن بە كوفركردن و جنێودان بە خوای گەورە، چونكە ئەو نەفامانە نایناسن و قەدری نازانن، تێنەگەیشتوون لە دەستەڵات و

(١) (الموافقات)، (٥/١٧٧).

زات و سیفاتی). هەروەها ئەو فەرموودەیەی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) کە موسلیم گێڕاویەتەوە، وتوویەتی: گوێبیستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم دەیفەرموو: ((**لولا أن قومك حديثو عهد بشرك لهدمت الكعبة فألزقتها بالأرض...**)). واتە: (ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە قەومەکەت تازە بە تازە هاوەڵگەریان وازلێهێناوە، ئەوا کەعبەم دەڕوخاند و لەگەڵ زەویدا تەختم دەکردو سەرلەنوێ دروستم دەکردەوە). عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) هەروەها وتوویەتی گوێبیستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم فەرمووی: ((**لولا قومك حديثو عهد بجاهلية لأنفقت كنز الكعبة في سبيل الله، ولجعلت بابها الأرض، ولأدخلت فيها الحجر**))[1]. واتە: (ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە قەومەکەت تازە بە تازە نەفامیان وازلێهێناوە، ئەوا گەنجینەکەی کەعبەم لە پێناو خوای گەورەدا دەبەخشی، دەرگاکەم دەخستە سەرزەوی، حیجری ئیسماعیلیشم دەخستە سەری).

لە لایەکیتریشەوە پێغەمبەر ﷺ گەورە دووڕووەکانی نەکوشت ئەوانەی کە بەشداریانکرد لە بڵاوکردنەوەی بوختان دژ بە عائیشە (خوا لێی ڕازی بیت)، لە ترسی ئەوە نەبادا وەك لەم سەردەمەماندا پێیدەڵێن هێرشی ڕاگەیاندن بەرپا ببێت، ئیبن قەیم دەڵێ: (پێغەمبەر ﷺ دووڕووەکانی نەدەکوشت تا نەبێتە بیانوویەك بۆ تیژکردن و هەڵنانی خەڵکی لە دژی، ئینجا بڵێن: موحەممەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێ، چونکە ئەم گوتەیە کاردەکاتە سەر ئەوانە کە هاتوونەتە ناو ئیسلامەوەو ئەوانەش کە نەهاتوون، لە ئیسلام دووردەکونەوە، خراپی دوورکەوتنەوە گەورەترە لە خراپی وازهێنان لە کوشتنیان، بەرژەوەندی پێکەوەبەستنی دڵەکان و پێکەوە بوون گەورەترە لە بەرژەوەندی کوشتن)[2].

ئەم وتە جوان و نایابە واتە مەترسی دوورکەتنەوە، ئەوە دەخوازێ کە موسڵمانان -بە تایبەتی گەنجەکان- بڕواننە سەرئەنجامی کردەوەکانیان، هەروەها بڕواننە ئەو هەڵمەتانەی ناوزڕاندن و ترساندن و شێواندن و ناشیرینە کە بەسەریاندا دێت.

(١) مالیك و موسلیم گێڕاویانەتەوە.
(٢) (إعلام الموقعين)، (١٣٨/٣).

٧- لە ڕاستیدا حوکمی شەرعی تەنانەت ئەگەر پلەی گومانبڕی هەبێت و کۆدەنگیش لەسەری هەبێت، هەر پێویستی بە فیقهی دابەزاندن هەیە، ئەمەش تایبەتە بەو زانایانەوە کە لە فیقهناسە ڕەبانییەکانن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا﴾ النساء: ٨٣. واتە: (خۆ ئەگەر وایان نەکردایە، بەڵکو هەواڵەکەیان بگەیاندایە بە پێغەمبەر ﷺ -لە سەردەمی خۆیدا، یاخود فەرماندەی متمانەپێکراوی موسڵمانان لە هەر سەردەمێکدا- ئەوە ئەوانەی کە بەقووڵی بیردەکەنەوە و شارەزان و دەکۆڵنەوە لە نهێنی و ڕازەکان، دەیانزانی چیبکەن و هەڵوێستیان چۆن بێت و چۆن خەمی جەماوەر بخۆن، جا ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەت و میهری خودایی نەبوایە لەسەرتان ئەوە زۆربەتان بە شوێن نەخشەو پیلانی شەیتاندا دەڕۆیشتن، مەگەر زۆرکەمتان نەبێت). ئەوەتا پێشەوا عومەر ﷺ حوکمی شەرعی سزای دزیکردنی لە دەستبڕینی ئەوانەدا کە لە ساڵی برسێتیدا دزیان کردبوو جێبەجێ نەکرد، چونکە گومانێك بوونی هەبوو، پێشەوا شافیعی لەدوای باسکردنی مەرجەکانی موفتی کە جیاوازە لە خەڵکە گشتییەکە، وتوویەتی: (جا ئەگەر ئەو وەها بێت ئەوا بۆی هەیە قسە بکات و لە مەسەلەکانی حەڵاڵ و حەرامدا فەتوا بدات، ئەگەریش وەها نەبوو ئەوا بۆی هەیە قسە لە زانستدا بکات، بەڵام فەتوا نەدات)[1].

٨- بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوەی لەپێشەوە باسکرا، ئەوا تێکۆشان بە مانای جەنگ و کوشتار لە پێناوی خوادا بۆ پاراستنی ئاین و نیشتمانە، بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسیانەیە کە کەس ناتوانێت نکوڵی لە بوونیان بکات، بەڵکو ناکرێ دەوڵەتێکی ڕێزدار بەبێ بوونی هێزێك کە خۆی و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ بوونی هەبێت، ئەوە هەبوونی هێزێکی هاوتاو و هاوشێوەیە کە ڕێگری لە ڕوودانی شەڕ دەکات، چونکە هەرکات دوژمن زانی بەرانبەرەکەی خاوەنی هێز و توانایەو ئامادەباشە ئەوا هەزار حیسابی بۆ دەکات، لێرەوە

(١) (إعلام الموقعين)، (٤٦/١).

بینیمان کە دوو جەنگی جیهانیی ترسناك لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەکە ڕوویاندا، بوونە مایەی لەناوبردنی خاك و خەڵك، بەڵام کاتێك هێزی ئەتۆمی هەردوو دەوڵەتی زلهێز (ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیێتی جاران) دەرکەوت ئیتر سێیەمین جەنگی جیهانی ڕوونەدا، ئیسلامیش لەپێش هەزار و چوارسەد ساڵەوە داوا دەکات کە موسڵمانان خاوەنی هێزی بەرپەرچدەرەوە بن نەك بۆ جەنگ هەڵگیرسان، بەڵکو بۆ ڕێگری لە دوژمنکاری و دەستدرێژی.

٩- بەڵگەنەویستە کە مەبەست لە بەدیهێنانی مرۆڤ، ئامانج لە بەخشینی میزانی ئەقڵ و زانست و توانایی پێی، هەروەها لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران و ناردنە خوارەوەی پەڕاوە ئاسمانییەکان بە تایبەتی قورئانی پیرۆز بۆ دەستبەرکردنی دوو مەسەلەی گرنگە، کە ئەمانەن:

أ- **چاککردنی مرۆڤ**، ئەویش لە ڕێگای دەوڵەمەندکردنی بە باوەڕ و بە ڕەوشت و بەهاکان، تا ببێتە کەسێکی هاوکار بە ئەوێکیتر و سودمەند بێت و زیانبەخش نەبێت، تا لە ڕێگای بانگەوازەوە بۆ لای خوای گەورە بە حیکمەت و بە گوفتاری چاك و باش هەستێت بە پرۆسەی چاکسازیی ئەوێکیتر، هەروەها گەیاندنی هیدایەت بە بەزەیی و بە سۆزەوە بۆ هەمووان، ئەمانەش ئەرکی پێغەمبەران و چاکسازان بووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ، وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ، وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَضۡلٗا كَبِيرٗا ، وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَدَعۡ أَذَىٰهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴾ الأحزاب: ٤٥-٤٨. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، لە ڕاستیدا ئێمە تۆمان ڕەوانەکردووە بۆ ئەوەی شایەت بیت بەسەر ئەو خەڵکەوە کە پەیامی تەوحید و یەکخواناسیت پێڕا گەیاندوون، هەروەها تا مژدەبەخش بیت بەوانەی کە بڕوایان پێکردوویت و شوێنت کەوتوون، بێدارکەرەوەش بیت بۆ سەرجەم خەڵکانێ کە ئەگەر باوەڕت پێ نەکەن، ئایندەیەکی سامناك یەخەیان دەگرێت. هەروەها تۆ بانگخوازیت بۆ لای خوای گەورە و لەسەر مۆڵەتی ئەو زاتە، وەکو چرایەکی پرشنگدار ڕووناککەرەوەی ڕێبازی ژیانی دنیا و قیامەتی

بۆ سەرجەم خەڵكان. جا مژدە بدە بە ئیماندااران كە لەلایەن خوای گەورەوە ڕێزی تایبەتی زۆر گەورەو مەزن و قەدرێكی زۆریان هەیە. هەرگیز نەكەیت فەرمانبەرداری دووڕووەكان و كافرەكان بیت و بە قسەی ئەوان بكەیت، گوێیش مەدە بەو ئازار و گرفت و لەمپەرو كێشانەی بۆت دروست دەكەن، هەردەم پشت بە خوای خۆت ببەستە، هەر ئەو خوایە بەسە كە پشتیوان و یاریدەدەری ئیمانداران بێت). پەروەردگار لە باسی پەیامی پێغەمبەری مەزنیشمانەوە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْـلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴾ الجمعة: ٢. ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلْحَقِّ مِن رَّبِّكُمْ فَـَٔامِنُواْ خَيْرًا لَّكُمْ ۚ ﴾ النساء: ١٧٠ ئەم ئوممەتەش هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە هاتووە سودی بۆ خەڵكی هەبێت، بۆ گەیاندنی هیدایەت و چاكە بێت بەوانیتر، ئەویش لە ڕێگای بڵاوكردنەوەی بانگەوازەوە بە حیكمەت و بە گوفتاری باش و چاك، دەفەرموێ: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ ﴾ آل عمران: ١١٠ لەبەرئەوە خوای گەورە فەرمانی بە هەموو باوەڕداران كردووە هەستن بە ئەنجامدانی ئەو ئەركە، دەفەرموێ: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۗ ﴾ آل عمران: ١٠٤ واتە: (دەبا لە ئێوە دەستەیەك پێكبهێنرێت، یاخود با هەر هەمووتان ببنە ئوممەتێكی تایبەت و خەمخۆری مرۆڤایەتی، بانگی خەڵكی بكەن بۆ خێرو چاكە، بۆ دینداری، بۆ ئیسلام، هەروەها فەرمان بە ئەنجامدانی هەموو كارێكی ڕەوا و دروست و چاك بدەن، بە شێوازێكی حەكیم و دانایانەش هەوڵی قەدەغەكردنی هەموو خراپە و نادروستی و ناباشێك بدەن، بێگومان هەر ئەوجۆرە خەڵكە خەمخۆرە لە دەرئەنجامدا سەركەوتوو و سەرفراز دەبن). ئەمەش ئەركە گەورە و باڵا كەیە، لوتكەی مەبەستی بەدیهێنانی مرۆڤە، كە بە باشترین شێوە دروستیكردووەو لە ڕۆحی پیرۆزی خۆی گیانی كردووە بە بەریدا، بیستن و بینین و دڵ و ئەقڵی پێبەخشیوە.

**ب- مەبەستی دووەم یان ئەو پەیامە کە پێی سپێردراوە:** بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی گەردوون لەسەر بنەمای چاکسازیی و دادگەریی و یەکسانیی و توانا بەخشین بە هەموو خەڵکی بۆ سود وەرگرتن لێی، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ﴾ الرحمن: ١٠ واتە: (ئەو خوایە سەرجەم زەویشی بۆ خەڵکی ملکەچ و فەرمانبەردار کردووە، بۆ هەرچی بەکاری دێنن بە ئاسانی دێت بەدەستیانەوە). ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱسۡتَعۡمَرَكُمۡ فِيهَا﴾ هود: ٦١ واتە: (خوای گەورە بەرپای کردوون لەسەر زەویدا و داوای لێکردوون هەوڵبدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی).

١٠- مەبەستەکانی شەریعەت بە کۆدەنگی زانایان بریتییە لە پاراستنی پێنج یان (شەش) زەرورەتەکە، هەروەها پێویستییەکان، ئینجا جوانکارییەکان، پاشان هەستان بە گەشەپێدانیان، چونکە ئەم شەریعەتە لەسەر بناغەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان بونیاتنراوە، پێشەوا ئیبن قەیم دەڵێ: (بناغەو بنچینەی شەریعەت لەسەر جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکان و بەرژەوەندی خەڵکی لە دنیاو قیامەتدا دامەزراوە، هەر هەمووی دادگەرییە، هەمووی حیکمەتە، هەر مەسەلەیەکیش لە دادگەرییەوە بڕوات بۆ ستەم، لە بەزەییەوە بڕوات بۆ دژەکەی، لە بەرژەوەندییەوە بڕوات بەرەو خراپەو زیان، لە داناییەوە بڕوات بۆ گاڵتەجاڕیی و بێهودەیی ئەوە شەریعەت نییە، با هەوڵی لێکدانەوەی تریشی بۆ بکرێ)[١].

١١- بەپێی ئەمەی لەپێشەوە وترا، ئەوا کۆڕە فیقهییەکان و کۆنگرە زانستییەکان، جەختیان لەسەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە کردووە:

* **یەکەم:** بێگومان هەموو کردارەکانی کوشتن و تیرۆرکردن و تەقینەوەکان کە لە هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامیدا یان هیتریشدا ڕوودەدەن، لەو کردەوانەن کە شەرع حەرامیکردوون، لە ڕووی ئەقڵییەوە قوبوڵ نین، لەگەڵ ئەحکامەکانی ئیسلام و پرەنسیپەکانیدا ناگونجێن، ئەمە جگە لەوە کە وێنەی جوانی ئیسلام دەشێوێنن و

(١) (إعلام الموقعين)، (٣/٣).

لەکەداری دەکەن، بیانوو دەدەن بە دەست دوژمنانەوە هێرش بکەنە سەر ئیسلام و بە تیرۆریست و بە دڵڕەق وەسفی بکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاونەبوونەوەی، ئەوکاتیش ئەو کردەوانە لەگەڵ ئەوەدا کە حەرامن، لە هەمانکاتدا دەبنە بەربەست لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئیسلام و دەبنە فیتنە بۆ ناموسڵمانانیش.

* **دووەم:** لە ڕاستیدا بڕینی لەفزی تێکۆشان (الجهاد) بەسەر ئەو تەقینەوانەدا کە ئاراستەی موسڵمانە سڤیلەکان یان ناموسڵمانان دەکرێن، ستەمێکی گەورەیە و ناشیرینکردنی مەترسیدارە بۆ ئەو زاراوە ئیسلامییە جوانە، کە مەبەست پێی بەگەڕخستن و بەخەرجدانی هەموو تواناکانە بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەواز، بۆ چاککردنی خەڵکە، ئەمە هەموو لە کاتێکدا کە ئەو کردەوانە بە پراکتیکی دەچنە تویّی توندوتیژییەکی قەدەغەکراو و تیرۆری حەرامکراوەوە، هاوکات دەستدرێژییەکی ملهوڕ و ستەمکارانەن، ستەمێکی ڕوونە دەرهەق بە کەسە بێتاوانەکان لە منداڵان ئافرەتان و بەساڵاچووان، خوای گەورە بە ڕەهایی باسی حەرامی دەستدرێژی ناڕەوای بۆ سەر گیانی مرۆیی کردووە، دەفەرموێ: ﴿أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ المائدة: ٣٢. واتە: (جا بۆ ئەوەی کارەساتی کوشتنی ناڕەوای ئاوا دووبارە نەبێتەوە و ڕوونەدات، بڕیارماندا لەسەر نەوەی ئیسرائیل و پێمان ڕاگەیاندن، کە ئەوەی کەسێك بە ناحەق بکوژێت، لەبارێکدا لەجیاتی کەسێکی کوژراو نەبێت، یان گوناهو تاوانێکی وای ئەنجام نەدابێت لەسەر زەویدا کە شایستەی کوشتن بێت، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت). هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا﴾ النساء: ٩٣. واتە: (هەر کەسێك بە ناحەق و بەدەست ئەنقەست ئیمانداریّك بکوژێت، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە سوتاندنە لەنێو ئاگری دۆزەخدا بە هەمیشەیی و هەتا هەتایی، هاوڕێ لەگەڵ خەشم و قین و نەفرینی خوای گەورە لەسەری، هەروەها سزایەکی سەخت و دژواریشی لەنێو ئەو دۆزەخەدا بۆ ئامادە کردووە).

پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ لە فەرموودەیەکدا کە بوخاری و موسلیم بە هاوبەشی گێڕاویانەتەوە، دەفەرموێ: ((**...فإن دماءكم وأموالكم وأعراضكم عليكم حرام كحرمة يومكم هذا في بلدكم هذا في شهركم هذا**))[(١)]. واتە: (...بەدڵنیاییی کە خوێنتان و ماڵتان و ناموستان لای یەکتری پیرۆزەو حەرامە، هەروەك پیرۆزی ئەم ڕۆژەتان و لەم شارەتان و لەم مانگەتاندا).

* **سێیەم:** بەڵگەنەویستە کە مافی خەڵکی لە شەریعەتی ئیسلامیدا پارێزراوەو نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر، کردەوە چاکەکانیش تەنانەت تێکۆشان و شەهیدبوونیش لەپێناوی خوای گەورەدا نابنە کەفارەت و لابردنی مافی خەڵکی، لە فەرموودەیەکی ڕاست و دروستدا هاتووە کە ئەبو قەتادە ﷺ بە پێغەمبەری خوای ﷺ وتووە: ئایا ئەگەر بکوژرێم لەپێناوی خوای گەورەدا ئەو کوشتنەم دەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناهەکانم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**نعم وأنت صابر محتسب غير مدبر إلاّ الدين، فإن جبريل قال لي ذلك**))[(٢)]. واتە: (بەڵێ بە مەرجێ ئامگربیت و پاداشتەکەیت لە خوا بوێت و پشتت لە غەزا هەڵنەکرێ ئەمە جگە لە قەرزاری، چونکە جبریل ئەوەی پێوتم). ئیبن عومەر وتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**لا يزال المؤمن في فسحة من دينه ما لم يُصب دماً حراماً**))[(٣)]. واتە: (باوەڕدار لە ئاینداریيەکەیدا ئاسودەو بەختەوەرە گەر تووشی خوێنڕشتنی حەرام نەبێت). هەر لەبەر مەترسی گەورەی خوێنڕشتن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((**أول ما يقضي بين الناس يوم القيامة في الدماء**))[(٤)]. واتە: (یەکەمین دادوەری کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە نێوان خەڵکیدا دەکرێ لەسەر خوێنڕشتنە). موسلیم لە صەحیحدا بە سەنەدی خۆی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: ((**والذي نفسي بيده لا تذهب الدنيا حتى يأتي على الناس**

---

(١) بوخاری، فەرموودەی ژمارە (٦٨٦٤)، موسلیم، فەرموودەی ژمارە (١٦٧٩).

(٢) موسلیم گێڕاویەتەوە، فەرموودەی (١٨٨٥).

(٣) صەحیحی بوخاری لەگەڵ الفتح، (١٢/١٦٥: ٦٨٦٢)، ئەحمەد (٢/٩٤).

(٤) موسلیم بەم لەفزە گێڕاویەتەوە (١٦٧٨)، بوخاری، (٦٨٦٤، ٦٥٣٣) بەبێ (يوم القيامة).

**يوم لا يدري القاتل فيما قَتَل، ولا المقتول فيما قُتِلَ))**[1]. واتە: (سوێند بێت بەو زاتە گیانی منی بەدەستە، دنیا کۆتایی نایەت هەتا ڕۆژگارێك بەسەر خەڵکیدا نەیەت کە کەسی بکوژ نەزانێ لەپێناو چیدا کەسێکی کوشتووە، کوژراویش نەزانێ کە بۆچی کوژراوە). ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە خەڵکی تاوانی کوشتن بە سوك دەگرن، لە کاتێکدا کە یەکێکە لە گوناهە ڕۆکینەرەکان.

هەر لەسەر مەترسی کوشتن و گەورەیی تاوانەکەی کە نزیکدەبێتەوە لە تاوانی بێباوەڕی، کۆمەڵێك فەرموودەی پیرۆز هاتوون، ئێمە لێرەدا هەندێکیان دێنین:

١- ئیبن عومەر دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**لا يزال المؤمن في فُسحة من دينه ما لم يُصب دماً حراماً**)). ئیبن عومەر هەروەها دەڵێ: (یەکێك لەو بەڵایانە کە مرۆڤ دەکەوێتە ناوی و هەرکەسیش کەوتە ناوی ئیتر ڕزگاربوونی نییە: خوێنڕشتنە بە ناڕەوا)[2].

٢- عەبدوڵلاّ کوڕی عەمرو دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**لزوال الدنيا أهون عند الله من قتل رجل مسلم**))[3]. واتە: (نەمانی دنیا لای خوای گەورە ئاسانتر و سوکترە لە کوشتنی کەسێکی موسڵمان).

٣- ئەبو سەعیدی خودری و ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ((**لو أن أهل السماء وأهل الأرض أشتركوا في دم مؤمن لأكبهم الله في النار**))[4]. واتە: (ئەگەر هەموو دانیشتوانی ئاسمان و زەوی بەشداربن لە ڕشتنی خوێنی باوەڕدارێك، ئەوا خوای گەورە هەموویان لەسەر دەم دەخاتە ناو دۆزەخەوە).

---

(١) صەحیحی موسلیم، فەرموودەی (٢٩٠٨).

(٢) صەحیحی بوخاری، فەرموودەی ژمارە (٦٨٦٢، ٦٨٦٣).

(٣) هەریەك لە: نەسائی (٨٢/٧-٨٣)، ترمذی بە مەرفوعی و مەوقوفی فەرموودەی ژمارە (١٣٩٥)، ئیبن ماجە (٢٦١٩) گێڕاویانەتەوە.

(٤) هەریەك لە: ترمذی، فەرموودەی ژمارە (١٣٩٨) گێڕاویەتەوە. ئەم فەرموودەیە بەڵگەی زۆری لەسەرە کە مونزیری لە (الترغيب والترهيب)دا باسیکردوون، لەبەرئەوە مونزیری بە باشی زانیوە، ئیبنولمولەقین لە(البدر المنير) (٣٤٧/٨) ڕاستیکردووەتەوە، هەروەها سیوتی لە(الجامع الصغير) بە فەرموودەی ژمارە (٧٢١٨) بە لەفزی (مؤمن) بەبێ (رجل) گێڕاویەتەوە.

٤- موعاویە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**كل ذنب عسى الله أن يغفره إلاّ من مات مشركاً، أو مؤمن قتل مؤمناً متعمداً**))[١]. واتە: (هەر گوناهێك كە مرۆڤ دەیكات بۆی هەیە خوای گەورە لێی خۆشببێت، جگە لە كەسێك كە بە بێباوەڕی بمرێ، یان باوەڕدارێك باوەڕدارێكی تر بە ئەنقەست بكوژێ).

٥- ئەبو موسای ئەشعەری لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((**إذا أصبح إبليس بث جنوده في الأرض، فيقول: من أضل مسلماً ألبسته التاج، فيقول له القائل: لم أزل بفلان حتى طلق إمرأته، قال: يوشك أن يتزوج، ويقول آخر: لم أزل بفلان حتى عق، قال: يوشك أن تبرّ، ويقول آخر لم أزل بفلان حتى زنى، قال: أنت، ويقول آخر: لم أزل بفلان حتى شرب الخمر، قال: أنت، ويقول آخر: لم أزل بفلان حتى قتل، فيقول: أنت، ويلبسه التاج**))[٢]. واتە: (ئیبلیس هەركە ڕۆژی لێبوویەوە ئیتر سەربازەكانی بڵاوە پێدەكات بە زەویدا، پێیاندەڵێ: هەر كەس موسڵمانێك گومڕا بكات تاجەكە دەكەمە سەری، یەكێك لەوان دەڵێ: من بەردەوام خەریكی فڵانەكەس بووم تا ژنەكەم پێ تەڵاقدا، شەیتان وتی: دواتر ژن دێنێتەوە، یەكێكیتریان دەڵێ: بەردەوام خەریكی فڵانەكەس بووم تا واملێكرد سەرپێچی باوك و دایكی بكات، شەیتان دەڵێ: دواتر بەگوێیان دەكات، یەكێكیتر دەڵێ: من خەریكی فڵانەكەس بووم تا زینایەكم پێكرد، شەیتان وتی: تۆ، یەكێكیتر دەڵێ: منیش خەریكی فڵانەكەس بووم تا عارەقم پێخواردەوە، وتی: تۆیش، یەكێكیتر دەڵێ: من خەریكی فڵانەكەس بووم تا قەتڵێكم پێكرد، شەیتان دەڵێ كەواتە تۆیت، ئینجا تاجەكە دەكاتە سەر ئەو).

* **چوارەم:** لە ڕاستیدا ئەم گوناهە گەورەیە بۆ ئەو كەسەش هەر وایە كە پەیماندارێك بكوژێ، واتە پەیمان و بەڵێننامە لە نێوان ئەو و موسڵماناندا هەبێت -مەعلومیشە كردنەوەی باڵوێزخانەكان و چوونەناوەوەی مرۆڤ بە ڤیزاوە بۆ وڵاتێك ئەوە بەڵێننامەو گرێبەست و

(١) هەریەك لە نەسائی، (٨١/٧)، ئەبو داود (٤٢٧٠)، ئیبن حیبان لە ئەبو دەرادئەوە بە ژمارە (٥٠)، هەروەها حاكم و ڕاستاندنیشی بۆ هەردوو ڕیوایەتەكە كردووە، زەهەبیش تیایاندا هاوڕایەتی (٣٥١/٤).

(٢) ئیبن حیبان لە صەحیحدا، لە (الزوائد) بە ژمارە (٦٣) هاتووە، حاكم گێڕاویەتەوەو ڕاستاندنی بۆكردووە، زەهەبیش هاوڕایەتی (٣٥٠/٤).

پەیمانە-، -بەم پێیەش ئەوا هەموو دەوڵەتانی جیهان- جگە لەو دەوڵەتە لەباری جەنگدایە لەگەڵمان- دەچنەناو ئەو دەقانەوە، بە هیچ جۆر ڕەوا نییە تەقینەوەیان تێدا بکرێ، تەنانەت لە حاڵەتی جەنگیشدا مەرجی خۆی هەیە، چەندین ڕاسپاردەی پێغەمبەرﷺ و جێنشینە ڕاشیدەکان بوونیان هەیە بە نەکوشتنی ئەوانەی کە ئاشتیخواز و سڤیلن، هەروەها نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر شوێنەکانی خواپەرستی و هاوشێوەیان، پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ دەفەرموێ: ((**من قتل معاهداً لم يَرح رائحة الجنة، وأن ريحها يوجد من مسيرة أربعين عاماً**))[1]. واتە: (هەرکەس پەیماندارێك بکوژێت ئەوا بۆنی بەهەشت نابیسێ، کە بۆنی بەهەشت لە دووری ڕۆیشتنی چل ساڵەوە دەبیسترێ).

* **پێنجەم:** چەندین فەرموودەی پیرۆز دەربارەی قەدەغەی دەستدرێژیکردنە سەر هەر زیندەبەڕۆحێك ئیتر مرۆڤ یان گیانلەبەر بێت هاتوون، مەگەر بەپێی ئەو هەق و ڕەوایەتییە بێت کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتدا بە ڕوونی باسکراون، هەروەها بە حەرامکردنی گەندەڵی و خراپەکاریی، بە لەناوبردنی کشتوکاڵ و وەچە، یان وێرانکردنی ژینگە، چونکە خوای گەورە بەوە وەسفی گەندەڵکاران دەکات کە دوورن لە بەزەیی خوای گەورەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴾ البقرة: ٢٠٥. خوای گەورە ئێمەی بۆ ئاوەدانکردنەوە بەدیهێناوە نەك بۆ وێرانکردن و تەقینەوە، قورتوبی دەڵێ: (پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریکردووە لە هەر جۆرە خراپەکارییەك، ئیتر کەم یان زۆر بێت، ئەوەش لەدوای چاکسازی کەمی یان زۆری، ئەم گوتانەش بە گشتی ڕاست و دروستن).

* **شەشەم:** لە ڕاستیدا ئەو دەقانە - لە قورئان و سوننەتدا هاتوون- کە دەربارەی حەرامکردنی ئەوەی مرۆڤێك خۆی بکوژێ، هەروەها لەسەر گەورەیی ئەو تاوانە و ترسناکی سەرئەنجامەکەی زۆرترن لەوەی لەم بەڵگەنامەیەدا بژمێردرێن، ئیتر جگە لەوە کە خۆکوشتن ببێتە هۆی کوشتنی کەسانی بێتاوان، چونکە ئەوە تاوانێکە لەسەر تاوان، ئەبو هورەیرە ﷺ وتوویەتی: پێغەمبەری

(١) بوخاری بە ژمارە (٣١٦٦) گێڕاویەتەوە.

خوا ﷺ فەرمووی: ((**مَنْ تردَّى من جبل فقتل نفسه فهو في نار جهنم يتردى فيه خالداً فيها أبداً، ومن تَحَسَّى سُمّاً فقتل نفسه فَسُمه في يده يتحساهُ في نار جهنم خالداً مخلداً فيها أبداً، ومن قتل نفسه بحديدة فحديدته في يده يتوجأ بها في نار جهنم خالداً مخلداً فيها أبداً**))[1]. واتە: (هەرکەس خۆی لە کێوێك -بەرزاییەك-ەوە بەربداتەوەو خۆی بکوژێ، ئەوا بە هەتا هەتایی دەچێتەناو دۆزەخەوەو بەردەوام بەرەو خوار دەچێ تیایدا، هەر کەسیش زەهرێك بخواتەوە و خۆی بکوژێ پێی، ئەوا زەهرەکەی لەناو دۆزەخدا بەدەستیەوەیەو هەر دەیخواتەوەو بە هەتا هەتاییش لە دۆزەخدایە، هەر کەسیش خۆی بە ئاسنێك بکوژێ، ئەوا ئاسنەکەی لەناو دۆزەخدا لەدەستیدایەو هەر پێی دەدات لەخۆی و بە هەتا هەتاییش لە دۆزەخدایە).

هەروەها ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**الذي يخنق نفسه يخنقها في النار، والذي يطعن نفسه إنما يطعنها في النار، والذي يتقحم فيها يتقحم في النار**))[2]. واتە: (هەر کەس خۆی بخنکێنێ ئەوا لە دۆزەخیشدا هەر خەریکی خنکاندنی خۆیەتی، هەر کەسیش بە شتێك لەخۆی بدات ئەوا لە دۆزەخیشدا هەر پێی لەخۆی دەدات، هەر کەسیش خۆی فڕێبدات و بمرێ ئەوا فڕێدەدرێتە ناو دۆزەخ).

ئەبو قەلابە ﷺ گێڕاویەتەوە کە سابیت کوڕی زەحاك ﷺ پێیوتووە کە لەژێر درەختەکەدا بەیعەتیداوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی: ((**من حلف على يمين بملة غير الإسلام كاذباً متعمداً، فهو كما قال، ومن قتل نفسه بشيء عذب به يوم القيامة، وليس على رجل نذر فيما لا يملك، ولعن المؤمن كقتله، ومن رمى مؤمناً بكفر فهو كقتله، ومن ذبح نفسه بشيء عذب به يوم القيامة**))[3]. واتە:

---

(١) هەریەك لە بوخاری (٥٧٧٨)، موسلیم (١٠٩)، ترمذی (٢٠٤٤)، نەسائی (١٩٦٤)، ئەحمەد (٧٤٤٨)، ئەبو داود (٢٨٧٢) گێڕاویانەتەوە.

(٢) هەر یەك لە: بوخاری (١٣٩٦)، ئەحمەد (٩٦١٦)، موسلیمیش بەشی یەکەمی لێی بە ژمارە (١٠٩) گێڕاویانەتەوە.

(٣) هەریەك لە: بوخاری (١٣٦٣)، موسلیم (١١١٠)، ئەبو داود (٣٢٥٧)، نەسائی بەکورتکراوەیی (١٩٦٥)، ترمذی (٢٠٤٤) و ڕاستاندنیشی بۆکردووە گێڕاویانەتەوە، سەیری کتێبی: (الترغيب والترهيب)ی حافزی مونزیری لەم بەشەدا بکرێ، هەروەها کتێبەکانی (سوننە).(٤) موسلیم بەم لەفزە گێڕاویەتەوە (١٦٧٨)، بوخاری، (٦٨٦٤، ٦٥٣٣) بەبێ (يوم القيامة).

(هەرکەس سوێند بخوات بە ئاینێك جگە لە ئاینی ئیسلام و بە ئەنقەست درۆبکات، ئەوا هەر ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە وتوویەتی، هەرکەس بە شتێك خۆی بکوژێ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا سزا دەدرێ پێی، هەر کەسیش توانای بەسەریدا نەشکێ ئەوا نەزرکردنی لەسەر نییە، نەفرەتکردن لە باوەڕدار وەك کوشتنی وایە، هەرکەس بە باوەڕدارێك بڵێ بێباوەڕ ئەوا وەك ئەوە وایە کوشتبێتی، هەر کەسیش بە شتێك خۆی بخنکێنێ ئەوا لە دۆزەخدا هەر بەو شتە سزا دەدرێ).

چەندین بڕیاریش لە کۆڕە فیقهییەکان، هەروەها فەتوا لە دەستەو کۆنگرە فیقهییەکانەوە دەرچووە، هەموویان جەختدەکەن کە: (بە هیچ جۆر هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان چەمکی تێکۆشان (الجهاد)ی ئیسلامی و نێوان تیرۆردا).

## باسی سێیەم
## کافرکردن و فاسیقکردن

خوای گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ بە هیدایەت و بەزەیی و شیفابەخش بۆ هەموو خەڵکی ڕەوانەکردووە، ئوممەتەکەشی کردووە بە چاکترین ئوممەت، کە بۆ بەجێگەیاندنی بەرژەوەندی خەڵکی و بانگەوازکردنیان بە حیکمەت و بە گوفتاری باش و چاکەوە هێناویەتی، هەروەها بە مشتومڕی سودگەیەنەر بە باشترین شێواز، بۆ هیدایەتدان و خزمەتکردنیان، بۆ دەستەبەرکردنی دادگەری لە نێوانیانداو بەرگری لێیان بە باشترین شێوە.

کافرکردنی کەسێك کە ئەهلی قیبلە بێت، ڕێبازی ئەهلی سونەو جەماعەو پێشینانی چاکەخواز لە زانایان و فیقهناسە ڕەببانییەکان نییە، بەڵکو ئەوە ڕێبازی ئەو خەواریجانەیە کە کەسانی ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان کافردەکەن، ئەوەش ڕەتدانەوەیە بۆ ئەو مورجیئانە کە وتوویانە گوناهەکان -بچوك گەورەیان- لەگەڵ هەبوونی باوەڕدا زیانی نییە، هەردوو ڕێبازەکەش ڕێبازی هەڵەن و پێچەوانەی دەقەکانی شەریعەتن لە قورئان و

سوننەتدا، ڕێبازی ڕاست و دروست بریتییە لە ڕێبازی مامناوەند و میانڕەو، کە ئەهلی سوننەو جەماعە دەستیان پێوەگرتووەو لەسەری دەڕۆن، پشتدەبەستن بە کۆکردنەوەی هەموو دەقە بەهێزەکان، ئەویش بریتییە لەوە ئەو باوەڕدارەی کە گوناهێکی گەورە -جگە لە هاوەڵگەریی- ئەنجامدەدات کافر نییە، بەڵام سەرپێچیکارەو شایستەی سزادانە، دەسپێردرێ بە خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ النساء: ١١٦.

پێشەوا شەوکانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (السيل الجرار على حدائق الأزهار)، باسی مەترسی حاڵەتی کافرکردنی سەردەمی خۆی کردووە، وتوویەتی: (ئالێرەدا ئیتر مەینەتییەکان دادەبارن، شین و شەپۆڕ بۆ ئیسلام و پەیڕەوانی دەگێڕدرێ، کە دەمارگیریی لە ئایندا چ زیانێکی بە زۆربەی موسڵمانان گەیاندووە، تۆمەتی کافرکردن دەبەخشرێتەوە کە نە لە سوننەو نە لە قورئاندا بوونی هەیە، نە خوای گەورە باسیکردووەو نە بەڵگەی سەلمێنەر لەسەری هەیە، کاتێك دەمارگیریی لە مەنجەڵی ئایندا کوڵا و شەیتانی ڕەجمکراویش توانی دووبەرەکی لە نێوان موسڵماناندا بنێتەوە، ئیتر فێریکردن کە یەکتر پابەند بکەن بە شتانێکەوە کە لە تۆزی هەواو تراویلکەی ونبوو دەچن، ئای خوایە گیان لەم پشتشکێنە کە گەورەترین پشتشکێنەکانی ئاینەو خراپەیەکە کە خراپەی وەها نەهاتووەتە سەر ڕێگای باوەڕداران...)[1].

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەڵێ: (کەس بۆی نییە کەسێکیتر لە موسڵمانان کافر بکات، با ئەو کەسەش هەڵەو پەڵەی هەبێت، تا ئەوکات بە بەڵگە لەسەری دەسەلمێنرێ، بە بەڵگەی ڕوون بۆی ڕووندەکرێتەوە، هەر کەسیش موسڵمانبوونی بە یەقین جێگیر بوو، ئیتر بە گومان ئەوەی لێ لاناچێت، بەڵکو تا بەڵگە لەسەری نەسەلمێنرێ و گومان لەسەری نەمێنێ هەر لەسەر ئەو پابەندییەیەتی)[2]. زەهەبی دەڵێ: (وتەیەکی

(١) (السيل الجرار على حدائق الأزهار) (٩٨١/١).
(٢) (مجموع الفتاوى) (٤٦٦/١٢).

ئەشعەریم بینی و چووە دڵم، ئەویش سەلمێنراووە بەیهەقی گێڕاویەتەوە، کە گوێبیستی ئەبو حازمی عەبدەری بووە، ئەویش گوێبیستی زاهید کوڕی ئەحمەدی سەرخەسی بووە کە وتوویەتی: (کاتێك مردنی ئەبولحەسەنی ئەشعەری نزیککەوتەوە لە بەغداد لە ماڵی مندا بوو، بانگیکردم منیش هاتمە لای، پێیوتم: شایەتیی بدە لەسەرم کە من هیچ یەك لە ئەهلی قیبلە کافر ناکەم، چونکە هەر هەمووان ئاماژە بە بوونی یەك پەرستراو دەکەن، بەڵکو هەموو ئەوەی کە ڕوودەدات ڕاجیاوازییە لە دەستەواژەکاندا، وتم: منیش هەمان باوەڕم هەیە، هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا دەیوت: من هیچ کەس لەم ئوممەتە کافر ناکەم، هەروەها دەیوت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا يحافظ على الوضوء إلاّ مؤمن)). واتە: (جگە لە باوەڕدار کەسیتر دەستنوێژ ناپارێزێ). کەواتە هەرکەس بە دەستنوێژەوە پابەندی نوێژەکان بێت، ئەوا موسڵمانە)[1].

لەبەرئەوە پێشینان و لێکۆڵەرە دواییەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە ئەرکی بانگخوازان و پەیامەکەیان بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بانگەواز بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری باش، بە مشتومڕی چاك و بە باشترین شێواز ئەگەر هەبوو، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾ النحل: ١٢٥. دەبێت ڕەتدانەوەو بەرگری و پاڵپاڵێن و هەڵسوکەوت بە باشترین شێواز بێت، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴾ فصلت: ٣٤. واتە: (بێگومان چاکە و خراپە وەکو یەك نین، تۆ هەوڵبدە بە جوانترین و چاکترین شێوە دەست بە خراپەوە بنێیت، ئەو کاتە دەبینیت ئەو کەسەی دوژمنایەتی هەیە لەگەڵتدا و حەزت پێناکات دەبێتە دۆستی گیانی بەگیانی و خۆشەویستت). هەروەها دەبێت هەڵسوکەوت بە نەرمونیانی و بە سۆزەوەو بە بەزەیی و جوانی و بە ڕەوشتی بەرزو باڵاوە بێت، نەك بە کافرکردن و

(١) (سير أعلام النبلاء) (٨٤/٢٩).

فاسیقکردن، چونکە پیشەی بانگخوازان ئەوە نییە حوکمی شەرعی دەربکەن، بەڵکو دەرکردنی حوکم پیشەی دادوەرانە، ئەوەش لەدوای هەبوونی بەڵگەی بڕواپێکراو و بوار ڕەخساندن بۆ خستنەڕووی زانیارییەکان و بەرگری بۆ گەیشتن بە حوکمی دەرچوو، چونکە ئێمە بانگخوازین و دادوەر نین، بەو پێیە کە هەر جۆرێك لەوان میزان و دیسپلین و ئاکار و ئامراز و قۆناغی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئەو ئایەتانەش کە لەبارەی لاچوونی بەرپرسیارێتیمان دەرهەق بەوانیتر لەدوای هەستان بە ئەرکی بانگەواز بەرانبەریان هاتوون زۆر زۆرترن لەوەی لەم بوارەدا بژمێردرێن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ﴾ الغاشية: ٢٢. واتە: (بێگومان تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەر دڵ و دەروونی ئەو خەڵکەدا تا بە زۆر باوەڕداریان بکەیت). هەروەها دەفەرموێ: ﴿فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ﴾ الكهف: ٢٩. ﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا﴾ الكهف: ٠٦. واتە: (جا لەوانەیە تۆ لە داخی ئەو بیروباوەڕە چەوتانە و ئەو ئاینە بێ سەروبن و بەدوورە لە هەموو زانست و زانیاری و پێوەرێکی پەسەند، ئەوەندە خەفەت بخۆیت خۆت لەناوبەریت و خۆت بفەوتێنیت). ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ﴾ الأنعام: ١٠٧. واتە: (هەروەها دەستەڵاتیشت نیە بەسەر ناخ و دڵ و دەروونیاندا).

لەلایەکیتریشەوە ئوممەت کۆدەنگە لەسەر حەرامی کافرکردنی ئەهلی قیبلە، هەروەها نابێت حوکمی کوفر بدرێ بەسەر کۆمەڵێکی موسڵمانی دیاریکراودا، یان تاکێکی موسڵمانی دیاریکراو، هەتا بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و ڕۆشن لەسەری نەبن، کە هیچ جۆرە لێڵی و تەمومژ و ناڕوونیان تێدا نەبێت کە بەڵگەبن لەسەر کوفرێکی ئاشکراو دیار، (تا بەڵگەی سەلمێنەرتان لە قورئانەکەی خوای گەورەدا لەسەری نەبێت)، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەڵێ: (کەس بۆی نییە کەسێکیتر لە موسڵمانان کافر بکات، با ئەو کەسەش هەڵەو پەڵەی هەبێت، تا ئەوکات کە بە بەڵگە لەسەری دەسەلمێنرێ، بە بەڵگەی ڕوون بۆی ڕووندەکرێتەوە، هەرکەسیش موسڵمانبوونی بە یەقین جێگیر بوو، ئیتر بە گومان

ئەوەی لێ لاناچێت، بەڵکو تا بەڵگە لەسەری نەسەلمێنرێ و تا گومان لەسەری نەمێنێ هەر لەسەر ئەو پابەندییەیەتی)[1].

لەبەرئەوە کۆڕە فیقهییەکان و سەدان کەس لە گەورە زانایان و بیرمەندان، کۆدەنگن لەسەر ناڕەوایەتی بڕینی وشەی کوفر بەسەر هیچ یەك لە ئەهلی قیبلەدا، مەگەر بە کۆمەڵە حوکمێکی شەرعی ڕوون و ڕۆشن نەبێت، هەروەها وتوویانە بە هیچ جۆر نابێت هیچ جۆرە شلگیرییەك لەم مەسەلەیەدا بکرێ، ئەگەر بوارمان هەبوایە بڕیار و فەتوای ئەو گەورە زانایانەمان دەهێنا.

**بەڵام لێرەدا تەنها بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی دەهێنین کە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئوممەتی لەخۆگرتووە:**

(بە ناوی خوا، سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درودو سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا، پاشان: کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی کە سەربە ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامییە، مشتومڕی ڕەهەندەکانی ئازادی ئاینی و دیسپلینەکانی لە ئیسلامدا کرد، لەدوای مشتومڕی ئەو توێژینەوانە کە لەوبارەیەوە پێشکەشکران، کۆڕ گەیشتە ئەو بڕیارە کە دەبێت ئازادی ئاینی خەڵکی پارێزراو بێت، هیچ کەس ناچار ناکرێ بێتەناو ئاینی ئیسلام، ڕاجیایی مەزهەبی و فیقهی نێوان موسڵمانانیش شتێکی ڕێگاپێدراو و پەسەندە، بە مەرجێ بەریەککەوتن لەگەڵ پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ڕوونەدات.

**فەرموو ئەوەش دەقی بڕیارەکەی کۆڕە لەوبارەیەوە:**

(ئەنجومەنی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی کە سەر بە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییە، لە خولی نۆزدەیەمیدا کە لە ١ تا ٥ جەمادی یەکەمی/ ساڵی ١٤٣٠ك/ ڕێکەوتی ٢٦-٣٠ نیسان/ ٢٠٠٩ز) لە میرنشینی شارقە (دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو) گرێدراوە:

لەدوای ئاگاداربوونی بەسەر ئەو توێژینەوانەدا کە دەربارەی بابەتی ئازادی ئاینی لە

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

شەریعەتی ئیسلامیدا هاتوون بۆ کۆڕ: ڕەهەندەکانی، دیسپلینەکانی، هەروەها هەستکردنی بە گرنگیێتی مشتومڕی بابەتی ئازادیە ئاینییەکان لەلایەن کۆڕەوە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستی زۆر لەناو دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی و دەرەوەیدا، بۆ ئاشنابوون بە هەڵوێستی کۆڕ لێی بەو پێیە کە مەرجەعێکی ئیسلامی و فیقهی گشتییە.

لەدوای گوێگرتن بۆ توێژینەوە ئامادەکراوەکان لەو بابەتەدا، هەروەها ئەو مشتومڕانەی لەبارەیانەوە کران.

**ئەم بڕیارانەی دەرکرد:**

**یەکەم:** ئازادی ئاینی لە شەریعەتی ئیسلامدا پرەنسیپێکی جێگیر و دانپێدانراوە، لە سروشتی پاکەوە هەنگاو هەڵدەگرێ و ئاوێتەو بەستراوە بە بەرپرسێتییەوە لە ئیسلامدا، لە شەریعەتیشدا دیسپلینی خۆی هەیە، ئامانجیشی دەستەبەرکردنی کەرامەتی مرۆیە.

**دووەم:** ئازادی ئاینی لە کۆمەڵگادا پارێزراوە، پێویستە بپارێزرێ لە مەترسییەکان و لەو هزرانە دێنە ناوی، هەروەها لە هەر شێوەیەکی شاڵاوی دەستدرێژی ئاینی یان نائاینی، کە توانەوەی ناسنامەی ئیسلامبوونی ئوممەت بە ئامانج دەگرێ.

**سێیەم:** موسڵمانان پابەندن بەم پرەنسیپە قورئانییەوە: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ﴾ البقرة: ٢٥٦. بەدرێژایی مێژوو پیادەی لێبوردن و قوبوڵکردنی ئەوانیتری کردووە کە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا ژیاون و دەژین، پێویستە ناموسڵمانەکانیش ڕێز لە تایبەتمەندییە ئیسلامییەکان بگرن، حاڵەتەکانی دەمدرێژی لەسەر پێغەمبەری ئیسلام ﷺ و پیرۆزییە ئیسلامییەکان رابگیرێن.

**چوارەم:** فرەجۆری مەزهەبی و فیقهی حاڵەتێکی سروشتییە، هاوکاری لە نێوان موسڵماناندا بە جیاوازی هەموو مەزهەبەکانیانەوە بەپێی قورئان و سوننەت ئەرکێکی شەرعییە، ئیسلامیش داوای باوەڕی یەکتاپەرستی و یەکخستنی هەڵوێست و یەکگرتن دەکات لەسەر بناغەی هاوکاری لەو مەسەلانەدا کە یەکدەنگن لەسەریان، لەوانەشدا کە ڕاجیاوازن پاساو بۆ یەکتری بهێننەوە.

**پێنجەم:** سنوردانان بۆ پشێوی نانەوە دەربارەی مەسەلە بەڵگەنەویست و سەلمێنراوەکان و پرەنسیپە ئیسلامییە نەگۆڕەکان، هەروەها چاندنی گومان لەو مەسەلانەدا کە لە ئایندا زەرورەتی حەتمین و بێ ئەوان ئاین لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا کامڵ نابێت، چونکە ئەو پشێوییە دەبێتە هۆی مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاین و کۆمەڵگا، کۆڕ هەروەها جەختدەکات لەسەر ڕەتدانەوەی ئەو شێوازە نەخوازراوانە کە هەوادارانیان خۆیان هەڵدەواسن بە ئازادی ئاینییەوە، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگاو ئاسایشی ئاینی و هزریی، هاوکات بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی لەلایەن ناموسڵمانانەوە.

**شەشەم:** جاڕدانی بە ئاشکرا بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام مەترسییە لەسەر یەکبوونی کۆمەڵگای ئیسلامی و لەسەر باوەڕی موسڵمانان، هاندانی ناموسڵمان و دووڕووەکانە بۆ بەکارهێنانی لە دروستکردنی گومان، کەسانی خاوەن ئەم بانگەشەیە شایستەن سزای حوکمی کەسی پاشگەزبوو لەلایەن دادوەرییەوە بدرێ بەسەریاندا، ئەمەش بۆ نەهێشتنی مەترسییەکەی و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگایە، ئەم حوکمەش ناجۆر نییە لەگەڵ ئەو ئازادییە ئاینییەدا کە ئیسلام گەرەنتی پاراستنی داوە بۆ کەسێك ڕێز لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و بەهاکانی کۆمەڵگاو سیستمی گشتی بگرێ.

**ئەنجومەن ئەم راسپادەیە دەدات:**

داوا لە فەرمانڕەوا موسڵمانەکان بکرێ پێویستییە سەرەکییەکانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگا دابین بکەن، لەوانەش: ئازادی بەرپرسانە، دابینکردنی خۆراك، شوێنی نیشتەنی و چارەسەر و فێرکردن و هەلی کار، هەروەها هەموو ئەو پێویستییانەی تر کە نەوەی موسڵمان دەپارێزن لە شتەماددییە خەڵەتێنەرەکان و هیتریش، کە بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی ڕەواجدان بەو هزرانەی دژن بە بەهاکانی ئیسلام). دەقی ئەم بڕیارە تەواو بوو.

## باسی چوارەم
## دەوڵەتی جێنشینی

چەمکی جێنشینی -هەروەك پێشتر باسکرا- چەمکێکی فراوانە لە قورئانی پیرۆزدا، مەبەست بە جێنشینی ئەوەیە کەسێك هەبێت هەستێت بە بەڕێوەبردنی کاروباری خاك و خەڵك لەبەر رۆشنایی ئەحکامەکانی ئیسلام و پرەنسیپەکانیدا، ئەمەش دەخوازێ موسڵمانان یەکبخرێن لە سایەی یەك سیستمی دادپەروەردا، لەژێر هەر ناوێکدا کە ئوممەت خۆی هەڵیدەبژێرێ، ئەم کارەش لە ڕووی پرەنسیپەوە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کارێکی پێویستە، بەڵام بە مەرجێ نەبێتە هۆی خراپەیەکی خراپتر، بەڵکو دەبێت لە ڕێگای پەروەردە و زەمینەسازییەوە بێت لەنێو گەلاندا تا بەرپا بکرێ.

بەڵام بۆ دەوڵەتە نائیسلامییەکان، ئەوا بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی تیایاندا مەسەلەیەك نییە باسبکرێ، چونکە ئەوە دوورە لە جێبەجێکردنەوە، ئەو داوایەش لە کەمینەی موسڵمان ناکرێ، چونکە هەندێ حوکمی شەرعی هەن وەك سزا شەرعییەکان، ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە لەو وڵاتە نائیسلامییانەدا جێبەجێ ناکرێ.

لێرەوە دەڵێین ئەرکی کەمینەی موسڵمان بریتییە لە پارێزگاری لە باوەڕ و رەوشت و بەهاو پەرستشەکانیان، هاوکات هاوکاریکردنی حکومەت و گەلانی ئەو وڵاتانە تا پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەریی دەستەبەر دەبێت، هەروەها ئاوێتەبوونی ئەرێنی دوور لە توانەوە و خۆسڕینەوەو دوور لە پەرگیریی و کەنارگیریی، لە هەمانکاتیشدا هەستن بە چاودێری نەوەکانی ئایندە لە ڕێگای پەروەردەو بانگەواز و قوتابخانەو زانکۆوە لە نێوان ئیسلام و ئەو بابەتانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە داوادەکرێن.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەمینەیە سودمەند بوو لە حوکمێکی ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵییەت یان کۆماریی، ئەوا ئەوە شتێکی چاکەو پێویستە دانیشتوانەکەی هەستن بەپێی توانا بە پراکتیزەی ئەو شتانە کە ئاینەکەیان لێیان دەخوازێ، هەروەها پارێزگاری لەو بەڵێننامانە کە تایبەتن بە دەوڵەتی دایکەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ

﴿فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ الأنفال: ٧٢. واتە: (خۆ ئەگەر ئەو ئیماندارانەی کە کۆچیان نەکردووە، کافرەکان ڕێگەیان لێدەگرتن بۆ کۆچکردن و ئەوانیش داوای یارمەتیان لە ئێوە کرد ئەوە پێویستە یارمەتیان بدەن، جگە لەو حاڵاتانەی کە ئەگەر پەیمانێکی مۆرکراو هەبێت لە نێوان ئێوە و ئەو هۆزەدا، دڵنیاشبن کە خوای گەورە بە هەموو کارو کردەوەیەکتان تەواو بینایە و هیچ شتێکی لێ پەنهان نیە).

تەنانەت لە جیهانی ئیسلامیشماندا ئەوا حوکمەکانی جێنشینی یان دەستەڵات لەسەر سیاسەتی شەرعی بەرپابوون، کە لەسەر پرەنسیپە ئیسلامییەکان دامەزراوە، هەروەها لەسەر دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان و نەهێشتنی خراپەکان، گرنگ ئەوەیە کە شورا و دادپەروەریی و یەکسانیی، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی گەردوون و گەشەدانێکی گشتگیر بۆ کۆمەڵگا فەراهەم بێن، لەبەرئەوە شێوازی هەڵبژاردنی چوار جێنشینەکە یەکێکیان لە یەکێکیتریان جیاوازە، هەریەکەیان بە شێوازێکی گونجاو -هەروەك شاراوە نییە- هەڵبژێردراوە، ئیمامی حەرەمەین دەڵێ: (هەموو مەسەلەکانی پێشەوایەتی بەرین لە ڕێبازی داخراو، خاڵین لە دەرکی یەقینی)[1].

ئەوەی گرنگە بوونی گەلانی موسڵمانە کە پابەندبن بە باوەڕ و بە بەهاو پرەنسیپەکانەوە، هەروەها ڕەخساندنی بارودۆخ و ژینگەی گونجاو، بەجۆرێ کە هەر کەسەو هەستێت بە جێبەجێکردنی شەرعی خوا بەسەر خۆیدا، دەوڵەتی ئیسلام لە دڵی خۆیدا بەرپا بکات، ئەوکات ئیتر دەوڵەتی ئیسلامی دادپەروەر لە دەرەوەش بەرپا دەبێت.

ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەگەیەنن کە تەواوی بزووتنەوە خەواریجە توندڕەوەکان، شکستیانخوارد لە بەجێگەیاندنی هەر ئامانج و مەبەستێك لە مەبەستەکانی ئیسلام، هەروا ئەزموونی ئەم سەردەمەشمان ئەوە دەڵێت کە تاقمەکانی توندوتیژیی بە بیانووی بەرپا کردنی حوکمی خوا خەڵکانێکی زۆریان کوشت، کە ئەوانیش هەر شکستیانخوارد لە گەیشتن

(١) غياث الأمم، ل(٥٩).

بەو ئامانجەیان، بەڵام ئەو جەماوەرە کە کاریگەری بانگەوازی رەببانی لەسەری بوو توانی زۆر شت بگۆڕێ و کاری زۆریش بکات، لەبەرئەوە داوا لەو رۆڵانەمان دەکەین کە دەیانەوێ حوکمی ئیسلامی لە ڕێگای هێز و توندوتیژییەوە بسەپێنن سود لەو پەندو وانانەی ڕابردوو وەربگرن، بگەڕێنەوە بۆ پەروەردەو بونیاتنانی کۆمەڵگا، چونکە میتۆدی زۆرەملێ و توندوتیژی میتۆدێکی ناڕاستە، پێچەوانەی ئەو دەقە شەرعییانەیە کە ڕێگری دەکەن لە ناچارکردنی ئاینی: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ﴾ البقرة: ٢٥٦. واتە: (بێگومان بەهیچ شێوەیەك ئاینی ئیسلام ناسەپێنرێت، دینداری بەزۆر ناکرێت، چونکە مرۆڤەکان ئازادن دوای ئەوەی کە ئازادی دەستەبەر دەکرێت بۆ هەمووان، ئاینیش بە شێوازێکی جوان دەخرێتە بەردیدی خەڵکی و بە جوانی و بە ڕوونی باسی دەکرێت، چونکە ئەم ئاینە ڕوون و ئاشکرایە و لە ڕێبازی چەوت و چەوێڵ جیابووەتەوە). هەروەها لەسەر ئازادکردن: ﴿فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ﴾ الكهف: ٢٩. بۆیە بانگهێشتنیان دەکەین بگەڕێنەوە ئامێزی ئوممەتەکەیان و سەرقاڵی کاری جیددی بن و بەرهەمی بونیاتنەر پێشکەش بکەن: ﴿وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ التوبة: ١٠٥.

ئەزموونە کۆن و نوێیەکان، پێماندەڵێن کە هەڵگرتنی چەك لە دژی موسڵمانان و کوشتنی کەسانی بێتاوان، هەروەها تیرۆرکردن، بەرنامەی زیادەڕۆکان و تاقمە باتینییەکان و ئەو خەواریجانەیە کە زیانیان بە خاك و خەڵك و بە ئیسلام گەیاندووە.

## باسی پێنجەم

## لایەنگریی و بەرگیریی (الولاء والبراء)

لە قورئانی پیرۆزدا واتای زۆر لە زاراوەی لایەنگرییەوە هەڵگۆزراوە، جارێ بە مانای پشتهەڵکردن هاتووە، وەك لە ئایەتی: ﴿ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَإِنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴾ التغابن: ١٢. دا هاتووە، واتە: (ئەگەر یاخی بن و نافەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن، ئەوە دڵنیابن کە هەر خۆتان زەرەر دەکەن، چونکە گەیاندنی ئەم پەیامە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەرەکەمانە..). جارانێکیتر بە مانای هاوڕێیەتی و پشتگیریی، هەروەها باوەڕ پێبوون، بە مانای گرتنەدەستی کارێك، وە هیتریش... هاتووە، لەبەرئەوە ئەو حوکمەی لێیدەکەوێتەوە یەك حوکم نییە، ئەوەی لە موسڵمان داوا دەکرێ بریتییە لەوە کە دەبێت لایەنگرییەکەی بە واتای ئیمان و خۆشەویستی و پشتگیریی لەپێناو خوادا بێت، هەروەها لەپێناو پشتگیریی و خۆشویستنی موسڵمانان بێت.

*** لایەنگریی قەدەغەکراویش چەند جۆرێکی هەیە:**

١- لایەنگریی بۆ غەیری خوای گەورە، واتە: باوەڕنەهێنان بە خوای گەورە، خۆشنەویستنی، هەروەها هەر شتێکیتریش کە دەچێتە خانەی بێباوەڕییەوە، لایەنگریش بەم مانایە ئەوە کوفرەو هیچ ڕاجیاییەکی لەسەر نییە.

٢- لایەنگریی بەو مانایە کە باوەڕە نارەواو پووچەکان و هەوادارانیان، لە ئیسلام و لە موسڵمانان بەچاکتر بزانرێ: باوەڕ وەها بێت کە ئاینی ئەوانە چاکترە، یان خۆیان لە موسڵمانان چاکترن، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی باوەڕیی مەترسیدارە و مرۆڤ لە ئاین و لە ئوممەت دەدەکات، هەروەها لایەنگریی پشتگیریکردن هەر بەو پاڵنەرە.

ئایەتە پیرۆزەکانیش لەسەر ئەم دوو جۆرە لایەنگرییە لێکدەدرێنەوە کە باوەڕ دەسڕنەوە، وەك: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ ﴾ المائدة:٥١. واتە: (ئەو کەسەی پشت بە جولەکە و گاوران ببەستێت ئەوە هەر لەوانە و حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت).

٣- لایەنگریی پشتگیریکردن و سەرخستنی خەڵكانی جگە لە موسڵمانان و فەزڵدانیان بەسەر موسڵماناندا: ئەوەش بەهۆی پاڵنەری بەرژەوەندی کەسییەوە بێت، یان هاوڕاییان لە گەندەڵی و خراپەکاریی و گوناهکردنیان بێت چوونیەکە، بەڵام ئەمە پلەیەك لە خوار پلەی لایەنگریی باوەڕەوەیە -پێشەوا ڕازی کاتێ هاتووە سەرەتای سورەتی (الممتحنة)ی ڕاڤەکردووە وتوویەتی، واتە: ئەو لایەنگرییەی دەچێتەناو جۆری دووەمەوە ئەویش هەر حەرامە بەڵام کوفر نییە، سەرگوزەشتەکەی حاتەب کوڕی ئەبی بەلتەعە ئەم مانایەمان دەداتێ، کە نامەیەکی بۆ خەڵکی مەککە ناردو تێیدا ئاگاداریکردن بە نیازی پێغەمبەر ﷺ بە ڕزگارکردنی مەککە، بەم کارەی بە تەواوەتی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ جوڵایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر حوکمی بێباوەڕی نەدرا بەسەریدا، ڕابردووی شەفاعەتی بۆ کرد سزا نەدرێ، لەبەرئەوە فیقهناسان کۆدەنگن کە ئەو کەسەی سیخوری بۆ غەیری موسڵمانان دەکات کافر نییە، بەڵام گوناهێکی گەورەی ئەنجامداوە.

٤- لایەنگریی خۆشەویستیدان بە کەسێ کە دژ بە خوا و پێغەمبەر ﷺ و بە باوەڕداران دەجەنگێ: ئەمەش کوفرە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ المجادلة: ٢٢. واتە: (ئەی محەمەد ﷺ، ئەی ئیماندار، تۆ کەسانێك نابینی کە باوەڕیان بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی و بە قیامەت هەبێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەیان خۆشبوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، کۆسپ دروست دەکەن لە ڕێگەی ئاینی خوادا، ئازاری ئیمانداران دەدەن، دژایەتی قورئان و سوننەت و پەیڕەوانی دەکەن..، با ئەو کەسانەش باوانیان، یان کوڕ و نەوەیان، یان برایان، یاخود هۆز و عەشرەتیان بن، جا ئەو جۆرە کەسانە خوای گەورە ئیمان و باوەڕی

لە دڵا و دەروون و ناخیاندا چەسپاندووەو جێگیری کردووە، لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی گیان و رۆحێکی تایبەتی پێبەخشیون کە مەبەست قورئان و ئیمانە، سەرئەنجامیش دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بە ژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیدا جاری و ڕەوانە، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا، ئەو جۆرە کەسانە خوای گەورە لێیان ڕازییەو ئەوانیش لەو زاتە ڕازین، ئا ئەوانە دەستە و تاقم و لایەنگری خوای گەورەن، خەڵکینە ئاگادارین کە بەڕاستی هەر دەستە و تاقم و لایەنگرانی خوای گەورە سەرکەوتوو و سەرفرازن). ئەم ئایەتە خۆشویستنی حەرامکراوی تایبەتکردووە بە خۆشویستنی ئەوانەوە کە دژ بە خواو بە پێغەمبەرن و ئازاریان دەدەن، هەروەها دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ الممتحنة:١. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان مەکەنە پشتیوان و یاریدەدەر، خۆشەویستی و سۆزی خۆتانیان بۆ دەرمەبڕن، چونکە ئەوان باوەڕیان نیە بەم قورئانە راست و دروستەی لەلایەن خواوە بۆتان ڕەوانەکراوە، ئەوانە کاتی خۆی پێغەمبەر و ئێوەشیان لە مەککە وەدەرنا، چونکە باوەڕتان هێنابوو بە خوای پەروەردگارتان، جا ئیتر نابێت ئێوە ئەوانە بە دۆست و لایەنگری خۆتان بزانن، ئەگەر ئێوە لە مەککەوە دەرچوون لەپێناوی منداو مەبەستتان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی منە، نەکەن بە نهێنی خۆشەویستی خۆتان بۆیان دەربڕن، چونکە من چاك ئاگادارم بەوەی پەنهانتان کردووە، بەوەش کە بە ئاشکرا دەیکەن، جا هەر کەسێکتان دۆستایەتی لەگەڵ ئەوانەدا بکات، ئەوە لە ڕێگای ڕاست و ئاشکرا وێڵ بووەو خۆی سەرگەردان و ونکردووە). ئەم ئایەتەش خۆشویستنەکەی تایبەتکردووە بەو دوژمنەوە کە لە مەککە دەریکردوون.

* بەڵام لایەنگریی خۆشەویستی بە پاڵنەری مرۆڤایەتی و هاوڕێیەتی ئاسایی یان خزمایەتییەوە: ئەوە دروستە، بە بەڵگەی ئەوە کە دروستە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی خاوەن کتێب لە گاور و جولەکە بکرێ، کە ببێتە هاوسەری موسڵمان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الروم: ٢١. واتە: (هەروەها یەکێکیتر لە موعجیزەکانی تری خوای گەورە ئەوەیە، هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ بەدیهێناون تا لە پاڵیداو لە سایەیدا ئارامبگرن، سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی لە نێوانتاندا بەرپا کردووە، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کە بیردەکەنەوە). هەروەها لایەنگریی سیلەی ڕەحم و خۆشویستنی خزمانیان کە ئەوە پێویستە، هەروەها لایەنگریی گرێبەست[1] و مامەڵەکان و هاوشێوەیان، لایەنگریی وەزارەت و هاوشێوەی لە سایەی دەوڵەتی ناموسڵماندا ئەوا ئەویش هەر دروستە، چونکە پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لێبێت) داوای ئەو کارەی کرد، فەرمووی: ﴿ قَالَ ٱجْعَلْنِى عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ۖ إِنِّى حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴾ یوسف: ٥٥. واتە: (یوسف -لەبەر خاتری بەرژەوەندی جەماوەر لە ساڵانی گرانیدا- وتی: من داوا کارم بمکەیتە لێپرسراو بەسەر سامان و گەنجینەی وڵاتدا، چونکە من لە خۆم ڕادەبینم کە پارێزەری سامانی خەڵکی بم، هەروەها زانیاری چاکیشم هەیە تا لە ساڵانی گرانیدا ئەو خەڵکە لە برسێتی ڕزگار بکەم).

تەنانەت فیقهناسان ڕێگایانداوە بە سەردانی نەخۆشی ناموسڵمانان، -هەروەك پێغەمبەر ﷺ سەردانی نەخۆشە جووەکەی کرد-، هەروەها پیرۆزبایی کردن لێیان، پرسەی مردوویان هەروەك ئیبن تەیمییە کردوویەتی.

---

(١) (الأختيارات الفقهية)، ل(٦١٥)، هەروەها مەرداوی لە(الفروع)، ل(٢٢١/٤)دا، زانایانی تریش لە پەیڕەوانی مەزهەبە فیقهییەکان.

*** پەڕگیریی (البراء):**

پەڕگیریی لە زماندا: بە مانای خۆبەریکردن و حاشالیّکردن دیّت، هەروەها بە مانای پاساوهیّنانەوەو وریاییدان هاتووە، خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ التوبة:١. واتە: (خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بەرین لەو پەیمانانە کە لەگەڵ موشریکاندا بەستوتانە -چونکە ئەوانە پەیمان شکیّنن و جیّگەی متمانە نین-). چەندین مانای تریشی هەیە.

ئەوی ڕاستی بیّت بڵاوەکردنی زاراوەی (لایەنگریی و پەڕگیریی) و چوونە ناوی بە فراوانی لەلایەن ڕێبازی خەواریجەکانەوە بووە، چونکە ئەوان لایەنگری هەندیّ لە هاوەڵان بوون، پەڕگیریان لە هەندیّکیتریان دەکرد وەك پێشەوا عەلی -خوای گەورە لە هەموویان رازی بیّت-، هەروەك پێشەوا ئەحمەد وتوویەتی: (لایەنگریی بیدعەیەو پەڕگیریش هەر بیدعەیە)[١]. پەڕگیریی لە قورئانی پیرۆزدا بە مانای وریاییدان و پشتهەڵکردنە، هەروەك لە سورەتی (البراءة)دا هاتووە، یان خۆبەریکردنە لە کردەوە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دوو جار فەرمووی: ((اللّهم إني أبرأ إليك مما صنع خالد))[٢]. واتە: (پەروەردگارا من بەریم لەوەی خالد کردی). چونکە ژمارەیەك لەو کەسانەی کوشت کە وتیان: (بووینەتە صابیئە) ئەمە بەرلەوە پرسیاریان لیّبکات لە مەبەستیان لە وتنی ئەو وتەیەیان[٣].

بە کورتی ڕاگەیاندنی پەڕگیریی بەرانبەر موسڵمانانی ئەهلی قیبلە کاری پێشینان نەبووە، هەروەها ئەو پەڕگیرییە یان مەسەلەیەکی باوەڕییە و پەیوەندی بە ئیمانەوە هەیە، یان لایەنی جیّبەجیّکردنی هەیە لەلایەن پێغەمبەر ﷺ یان کاربەدەستی موسڵمانانەوە، ئەوەش لە ڕێگای هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بیّباوەڕانەدا کە پابەند نەبوون بە پەیماننامەو بەڵیّننامەکانەوە و هەستاون بە دەرکردنی پێغەمبەر ﷺ لە مەککە، هاوکات پیلانگیّڕیان کردووە بۆ لەناوبردنی ئیسلام هەروەك لە سورەتی التوبة دا هاتووە.

(١) خەلال لە کتێبی السنه دا (٤٧٩/٢) گێڕاویەتەوە.
(٢) بوخاری، فەرموودەی ژمارە (٧١٨٩).
(٣) سەیری: (فتح الباري) (١٨١/١٣-١٨٢).

# بەشی حەوتەم

# تیرۆری نێودەوڵەتی (لێکۆڵینەوەیەکی فیقهیی شیکاریی)

- پێناسەی تیرۆری نێودەوڵەتی و ماناکەی.
- سەرچاوەی تاوانەکانی تیرۆر لەبەر رۆشنایی پرەنسیپەکانی شەریعەتدا.
- ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی.

## پێناسەی تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی و ماناکەی

پێشتر لە بەشی سێیەمدا پێناسەی تیرۆرمان بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەوە کردووە، هەروەها ماناکەی لە قورئان و سوننەتدا[1].

## پێناسەی تیرۆری نێودەوڵەتی

* لێرەدا باسی ئەو پێناسانە دەکەین کە لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا، هەروەها لە بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی و کۆنگرە فیقهییەکاندا هاتووە، پاشانیش لە یاساکاندا.

### ١- پێناسەی ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ تیرۆر:

ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر -کە لە بەرواری ١٩٩٩/٥/٥ز چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە-، تیرۆری بەمجۆرە پێناسە کردووە کە: بریتییە لە هەر کردەوەیەك لە کردەوەکانی توندوتیژی یان هەڕەشەکردن پێی، ئیتر پاڵنەر یان مەبەستەکانی هەرچییەك بێت، بۆ بەجێگەیاندنی پڕۆژەیەکی تاوانکاریی تاککەسی یان کۆمەڵیانە بێت، ئامانجیشی نانەوەی ترسە لە نێوان خەڵکیدا یان تۆقاندنیانە بە ئازاردانیان، یان دروستکردنی مەترسییە لەسەر ژیان یان ناموس یان ئازادی یان ئاسایش و ئارامیی یان

---

(١) لە بەشی سێیەمدا پێناسەی تیرۆر بە گشتی لە ڕووی زمان و زاراوەوە، هەروەها واتاکەی لە قورئان و سوننەتدا کراوە.

مافەکانیان، بەوەی کە دەکەونە بەر مەترسی، هەروەها زیانگەیاندن بە ژینگە یان بە یەکێك لە دامەزراوەکان، یان ماڵ و موڵکی گشتی یان ماڵی تایبەت، یان داگیرکردن یان دەستگرتن بەسەریدا، یان یەکێك لە بەروبوومە نیشتمانییەکان کە دەکەوێتە بەر مەترسی.

ڕێکەوتننامەکە تاوانی تیرۆری بەوە پێناسە کردووە کە بریتییە لە: هەر تاوانێك -یان دەستکردن بە ئەنجامدانی یان بەشداریکردن تیایدا- کە بە مەبەستی تۆقاندن لەناو هەر یەکێك لە دەوڵەتانی سەربە ڕێکەوتننامەکە ئەنجامدەدرێ، یان تاوانی دژ بە خەڵکەکەی یان ماڵ و سامان یان بەرژەوەندییەکانی یان دامەزراوەکانی، هەروەها دژ بەو خەڵکە بیانییانە کە لەناو هەرێمەکەدان، لەو شتانەدا کە یاسای ناوخۆیی ئەو وڵاتە سزا دەسەپێنێ بەسەریدا.

ڕێکەوتننامەکە تاوانە تیرۆریستییەکانی بە تاوانی سیاسی دانەناوە، تەنانەت ئەگەر بە هۆکاری سیاسیشەوە ڕووبدەن، هەر دەوڵەتێکیش کە واژۆی لەسەر ڕێکەوتننامەکە کردووە پابەندە بە ڕادەستکردنی تاوانباران یان ئەوانەی بەهۆی تاوانی تیرۆریستیەوە سزا دراون.

**٢- پێناسەی تیرۆر لە پەیماننامەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی:**

پەیماننامەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٩ز، هەمان پێناسەی تیرۆری ڕێکەوتننامەی عەرەبی هەڵبژاردووە کە پێشتر هاتووە، جەختیش دەکات لەسەر بڕیارەکانی ڕێکخراو دەربارەی بەدواداچوون بۆ ڕێسا ڕەفتارییەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی، بڕیاری ژمارە ٤٩/٦٠ ی نەتەوە یەکگرتووەکان وەبیردێنێتەوە، کە پەیوەندە بە جاڕدانی چەندین پرەنسیپ دەربارەی قەڵاچۆکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی، هەروەها جەختکردن لە پابەندبوون بە قەڵاچۆکردنی تیرۆر بە هەموو شێوەکان و ڕوخسارەکانی و لەناوبردنی هەموو ئامانج و هۆکارەکانی، کە ژیانی خەڵکانی بێتاوان و سڤیل و ماڵ موڵکیان، هەروەها سەرووەری

دەوڵەتانی ئیسلامی و سەلامەتی خاکیان و سەقامگیریی و ئاسایشیان... بە ئامانج دەگرێ، بڕیارەکە بەهەمانشێوە تیرۆری دەوڵەت ڕیسوا دەکات کە ئاراستەی هەموو دەوڵەتان و گەلانیتر دەکرێ.

بڕیاری ڕێکخراوەکە دووپاتیدەکات کە ئیسلام بەرییە لە هەموو شێوەکانی تیرۆر و دەبێتە هۆی کوشتنی بێتاوانان، ئەمەش شتێکە خوای گەورە حەرامیکردووە......، هاوکات زۆر بە توندی ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێ دژ بە ئەنجامدەرانی تاوانە قێزەونەکان، گوایا کار بە ناوی ئیسلامەوە دەکەن یان لەژێر هەر بیانوویەکی تردا بێت، پەیماننامەکە لە پێشەکییەکەیدا جەختدەکات کە واژۆکردن لەسەری خواستی کارکردن بوو بە ڕێنماییەکانی شەریعەتی ئیسلامی، شەریعەتی دڵفراوان و سنگکراوە و لێبوردە کە هەموو شێوەکانی توندوتیژی و تیرۆر ڕەتدەکاتەوە، بە تایبەت ئەوەی کە لەسەر توندڕەویی بەرپابووە، هاوکات دەستگرتن بە بەڵێننامەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، بە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی و جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها ئەو بڕیارانە کە لەبارەی ڕێوشوێن گرتنەبەر بە مەبەستی لەناوبردنی تیرۆرەوە دەرچوون.

ڕێکەوتننامەکە دەڵێ: حاڵەتەکانی خەباتی گەلان، لەنێویشیاندا خەباتی چەکدارانە دژ بە داگیرکار و دەستدرێژی دەرەکی و کۆڵۆنیالیزم و هەژموونی بیانی، لەپێناو ڕزگارکردن یان بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسین بە تاوانی تیرۆر دانانرێ، ئەوەش بەپێی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

هەروەها دەڵێت: هیچ جۆرە تاوانێکی تیرۆریستی بە تاوانی سیاسی ئەژمار ناکرێ، بەڵکو هەر شێوەیەك لە تاوانەکان کە لە دەرەوەی سنور ڕێکدەخرێن، بە مەبەستی پارەدان و خەرجیکێشانی ئامانجە تیرۆریستییەکان بە تاوانی تیرۆریستی ئەژمار دەکرێ، لەنێویشیاندا بازرگانی ناڕەوا بە ماددە هۆشبەرەکان و بە مرۆڤ و بە سپیکردنەوەی دراوەوە.

یاسای دەوڵەتی سودانیش بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە ساڵی (٢٠٠٠ز)، پێناسەی تیرۆر و تاوانی تیرۆریستی لە هەردوو ڕێکەوتننامەکەی پێشەوە وەرگرتووە، ئەم یاسایەش تاوانی تیرۆریستی لە ڕووی چۆنێتی یاسایی و سزاییەوە لە ڕیزی جۆرەکانی جەردەیی و چەتەگەریی (الحرابة) دا داناوە[1].

### ٣- پێناسەی تیرۆر لای کۆڕی فیقهی ئیسلامی کە سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامییە:

ئەم کۆڕە پێناسەی تیرۆری بەمجۆرە کردووە[2]:

**(تیرۆر -الإرهاب-:** بریتییە لەو دەستدرێژی و دوژمنکارییە کە تاکەکان یان گرووپەکان یان دەوڵەتان بە ستەم پیادەی دەکەن دژ بە (ئاین و خوێن و ئەقڵ و ماڵ و سامان و ناموسی) مرۆڤ، ئەویش هەموو جۆرەکانی ترساندن و ئازاردان و هەڕەشەکردن و کوشتنێکی ناڕەوا دەگرێتەوە، هەروەها هەموو شێوەکانی جەردەیی و چەتەگەریی (الحرابة) و ترساندنی ڕێگا و ڕێگابڕین و هەر کردەوەیەکی توندوتیژی یان هەڕەشەکردن دەگرێتەوە کە ڕوودەدات، مەبەستەکەش بۆ ڕاپەڕاندنی پڕۆژەیەکی تاوانکاری تاککەسی یان کۆمەڵییە، ئامانجەکەش بۆ ئەوەیە ترس و تۆقین بخاتە نێو خەڵکی یان تۆقاندنیان لە ڕێگای ئازاردانەوە، یان ژیان و ئازادی و ئاسایشیان یان بارودۆخیان بکەوێتەبەر مەترسی، یەکێك لە جۆرەکانیشی بریتییە لە زیانگەیاندن بە ژینگە، یان بە یەکێك لە دامەزراوەکان و ماڵ و موڵکی گشتی یان تایبەت، یان یەکێك لە بەروبوومە نیشتمانییەکان یان سروشتییەکان بکەوێتەبەر مەترسی، هەموو ئەمانەش جۆرێکن لە خراپەکاریی لە زەویدا کە خوای گەورە ڕێگری لە موسڵمانان کردووە لێی، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ القصص: ٧٧. واتە: (گەندەڵی و فەساد و گوناهو

---

(١) سەیری: بابەتی (تأصیل مفهوم الإرهاب)ی پ. د. ئەحمەد عەلی ئیمام بکرێ کە پێشکەشی کردووە بە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان لە خولی دەیەمیدا.

(٢) بڕوانە: (بەیاننامەی مەککەی پیرۆز کە لەلایەن کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی سەربە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی دەرچووە)، لە خولی شازدەیەمیدا کە لە نێوان (٢١-١٤٢٢/٢٧ك، ٥-٢٠٠٢/١/١٠ز) گرێدراوە.

تاوان لە سەر زەوی خوادا ئەنجام مەدە، چونکە بەڕاستی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشناویت کە تۆوی گوناهو تاوان و فەسادو گەندەڵی دەچێنن). خوای گەورەش سزای بەرپەرچدەری بۆ تیرۆر و دەستدرێژی و خراپەکاریی داناوە، بەوەی داناوە کە دژایەتیکردنی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ: دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ المائدة: ٣٣. واتە: (لە ڕاستیدا دەبێت تۆڵە لەوانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەرکەی دەکەن بکرێتەوە، ئەوانەی هەوڵدەدەن فەساد و گوناهو تاوان لە زەویدا بڵاوبکەنەوە، ئەوانەیان کە خەڵك بە ناهەق دەکوژن دەبێ بکوژرێنەوە، ئەوانەش کە ڕێگری و جەردەیی دەکەن و خەڵك دەکوژن، دەبێ لە خاچ بدرێن، ئەوانەش کە تەنها جەردەیی دەکەن، دەبێ دەست و قاچیان بە پێچەوانەوە ببڕدرێ، ئەوانەش کە دزی و شەرواڵپیسی و گوناهانی تریان لە دەست دەقەومێت دەبێ دووربخرێنەوە لە ناوچەو وڵاتی خۆیان...، بێگومان ئەو سزایانە مایەی خەجاڵەتی و ڕیسوایی و شەرمەزارییە بۆیان لە دنیادا، لە قیامەتیشدا سزایەکی زۆر سەخت و دژوار چاوەڕێیانە.....). لە هیچ یاسایەکی مرۆییدا سزای ئەوا سەخت بوونی نییە، چونکە شەریعەتی ئیسلامی ئەو دەستدرێژییەی بەوە داناوە کە شەڕە دژ بە سنورەکانی خوای گەورەو لەسەر دروستکراوانی.

کۆڕی فیقە هاوکات پێدا گرە کە یەکێك لە جۆرەکانی تیرۆر بریتییە لە تیرۆری دەوڵەت، ڕوونترین دیمەن و قێزەونترین و خراپترینی تیرۆر ئەوەیە کە جولەکە لە فەلەستیندا ئەنجامی دەدەن، هەروەها ئەو تیرۆرەیە کە صیربەکان لە هەریەك لە بۆسنەو هیرسك و کۆسۆفا ئەنجامیاندا، کۆڕ ئەمجۆرە تیرۆرەی بە سەختترین جۆرەکانی تیرۆر داناوە، بەوە ناوزەدی کردووە کە خراپترین جۆرە بۆ دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهان، ڕووبەڕووبوونەوەشی بەوە داناوە کە بەرگرییە لە گیان و ڕۆحی خەڵکی و تێکۆشانە لەپێناو خوای گەورەدا.

ڕاگەیەنراوەکە ڕوونکردنەوەی داوە لەسەر چارەسەری ئیسلامی بۆ توندڕەویی و توندوتیژیی و تیرۆر، دەڵێ: (بەدڵنیاییی کە ئیسلام لە مەسەلەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و پاراستنی کۆمەڵگاکان لە خراپەو زیانەکانی کەوتووەتە پێش هەموو یاساکانی ترەوە، بەرلە هەموو شتێك پارێزگاری لە مرۆڤ و پاراستنی ژیان و ناموس و ماڵ و موڵك و ئاین و ئەقڵی دەکات، ئەویش لە ڕێگای دیاریکردنی سنوری شەرعی ڕوونەوە کە ئیسلام ڕێگریکردووە لە تێپەڕاندنیان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ البقرة: ٢٢٩ . ئەمەش ڕێنماییە بۆ هەموو خەڵکی، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ڕێزەش ئەوا ئیسلام قەدەغەی کردووە مرۆڤ ستەم لە براکەی بکات، هەروەها هەر کردەوەیەکی قەدەغەکردووە کە ببێتە هۆی ستەملێکردنی، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾ الأعراف: ٣٣. واتە: (هەروەها پێیان بڵێ: لە ڕاستیدا پەروەردگارم هەرچی گوناهو خراپە هەیە حەرامیکردووە، چ ئەوانەی کە ئاشکرا و دیارن، چ ئەوانەی پەنهان و نادیارن، هەروەها هەموو گوناهو دەستدرێژییەکی بە ناحەق، وە هەموو جۆرە شەریك و هاوەڵێکیشی لە زاتی خۆی حەرام کردووە). ئیسلام زۆر بە ناشیرین وەسفی ئەوانە دەکات کە لە سەرتاسەری زەویدا ئازاری خەڵکی دەدەن، ئەمەشی سنوردار نەکردووە تەنها بە وڵاتی موسڵمانانەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ، وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِۚ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴾ البقرة: ٢٠٥-٢٠٦ هاوکات فەرمانیداوە بە دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە دەبێتە هۆی فیتنەنانەوە لە نێوان خەڵکیدا و هۆشداریداوە لە مەترسییەکانی، دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةًۖ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾ الأنفال: ٢٥. واتە: (هەروەها خۆتان بپارێزن لە کێشە و ئاشوب و بەڵایەك کە تەنها ئەوانە ناگرێتەوە ستەم دەکەن، چونکە لە ڕاستیدا خوای گەورە زۆر بە توندی تۆڵە دەستێنێت لەوانەی کە

فیتنە و ئاشوب لەنێو موسڵماناندا بەرپا دەکەن). لە ئاینی ئیسلامدا ڕێنمایی دراوە بە تاك و بە کۆمەڵ کە میانڕەو و مامناوەند بن، هەر حەزێك لە خۆیاندا ڕیشەکێش بکەن کە سەردەکێشێ بۆ کەتنەکان و توندڕەویی و هەر زیادەڕەوییەك لە ئایندا، چونکە ئەوە لەناوچوونێکی حەتمییە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**إياكم والغلو في الدين فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين**))[1]. واتە: (وریابن نەکەونەناو زیادەڕەویی ئاینی، چونکە ئەوانەی لەپێش ئێوەوە بوون بەهۆی زیادەڕەویی لە ئایندا لەناوچوون).

ئیسلام هەموو پاڵنەرەکانی خراپەی چارەسەر کردووە، کە دەبنە هۆی ترساندن و تیرۆر و تۆقاندن و کوشتنی بە ناهەق، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((**لا يحل لمسلم أن يروع مسلماً**))[2]. واتە: (هیچ موسڵمانێك بۆی نییە موسڵمانێکیتر بترسێنێ). هەروەها ﷺ دەفەرموێ: ((**من أشار إلى أخيه بحديدة فإن الملائكة تلعنه حتى يدعه وإن كان أخاه لأبيه وأمه**))[3]. واتە: (هەرکەس بە ئاسنێك ئاماژە بە براکەی بدات بە نیەتی ترساندنی ئەوا فریشتەکان نەفرینی لێدەکەن تا ئەوکات وازدێنێ، با ئەو کەسەش برای باوك و دایکی خۆی بێت).

پەروەردگار ڕاسپاردەی داوە بە هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە لەگەڵ خەڵکانی ناموسڵماندا، مافی بۆ داناون و ئەرکی دیاریکردووە لەسەریان، هەموو ئاسایش و ئارامییەکی لە وڵاتی موسڵماناندا پێداون، خوێنبایی و کەفارەتی داناوە لەپای کوشتنی بە هەڵەی هەر یەکێك لەوان، لە پەراوەکەیدا دەفەرموێ: ﴿وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ﴾ النساء: ٩٢. واتە: (ئەگەر کوژراوەکە سەر بە هۆز و قەومێك بوو، کە لە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمان و ڕێکەوتنێك هەبوو، دەبێت خوێنبایی بدرێت بە کەس و کاری کوژراوەکە

(١) ئیبن ماجە لە سونەندا بە ژمارە (٣٠٢٩)، ئەحمەد لە موسنەدا بە ژمارە (٣٢٣٩) گێڕاویانەتەوە.
(٢) ئەبو داود بە ژمارە (٥٠٠٤) گێڕاویەتەوە.
(٣) موسلیم بە ژمارە (٢٦١٦) گێڕاویەتەوە.

و بەندەیەکیش ئازاد بکرێت). کوشتنی ئەو ناموسڵمانەشی حەرامکردووە کە لە وڵاتی موسڵماناندا دەژی: ((من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة))[1]. واتە: (واتە هەرکەس کەسێکی خاوەن پەیمان بکوژێت ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات). خوای گەورە ڕێگری نەکردووە لە چاکەکردن و مامەڵەی دادپەروەرانە لەگەڵ ئەوانیتردا، مادامێ ناجەنگن لەدژیان و لە وڵاتی خۆیان دەریان ناکەن، دەفەرموێ: ﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنة: ٨. خوای گەورە کردوویەتە فەرز لەسەر موسڵمانان کە دەبێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناموسڵمانان و ئەوانەی تریش کە لەسایەی موسڵماناندان و پارێزراون بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت، دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْ ۚ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ المائدة: ٨.

لەبەرئەوە ئەوا کۆڕ بۆ تەواوی جیهانی ڕادەگەیەنێ، کە تاوانی کوشتنی یەك کەس لە ئیسلامدا بە ناڕەوا ئەوەندە ناشیرین و قێزەونە یەکسانە بە کوشتنی هەموو خەڵکی، ئیتر ئەو کوشتنە بەرانبەر بە موسڵمان یان ناموسڵمان بێت بە ناڕەوا، جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان و تۆڵەسەندنەوەش لە تایبەتمەندییەکانی کاربەدەستی دەوڵەتە نەك تاکەکان یان گرووپەکان.

ڕاگەیەنراوەکە هەروەها ڕوونیکردووەتەوە کە تێکۆشان (الجهاد) تیرۆر نییە، وتوویەتی: (لە ڕاستیدا تێکۆشان لە ئیسلامدا بۆ سەرخستن و پشتگیری لە هەق و ڕاستی دانراوە، بۆ نەهێشتنی ستەمە، بۆ بەجێگەیاندنی دادپەروەریی و ئاشتی و ئاسایشە، بۆ بەرقەرارکردنی بەزەییە کە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ پێیەوە ڕەوانەکراوە بۆ جیهانیان، تا لە تاریکاییەوە بیانبات بەرەو ڕووناکی، ئەمەش لەناوبردنی تیرۆرە بە هەموو شێوەکانیەوە، کەواتە تێکۆشان بۆ ئەم مەبەستانە دانراوە، هەروەها بۆ بەرگرییە لە نیشتمان دژ بە داگیرکردنی خاك و دژ بە تاڵانبردنی بەرووبومی وڵاتە، هەروەها دژ بە داگیرکەری

(١) بوخاری بە ژمارە (٢٩٩٥) گێڕاویەتەوە.

نیشتەجێکردنی زۆرەملێیە کە خەڵکی لەسەر ماڵ و خاکی خۆیان بە زۆر دەردەکات، دژی ئەوانەشە کە ڕەزامەندن و یارمەتیدەرن لەسەر ئەو دەرکردنە لە خاکی خۆیان، دژی ئەوانەیە پەیمانشکێنی دەکەن، هەروەها بۆ وەلاتانی فیتنەگێڕییە لەسەر ئاینی موسڵمانان، یان زەوتکردنی ئازادیان لە پیادەکردنی بانگەوازی ئاشتییانە بۆ لای ئیسلام، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ، إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَـٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ وَظَـٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ﴾ الممتحنة: ٨-٩ واتە: (خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێناکات کە چاك ڕەفتار و دادپەروەربن لەگەڵا ئەو کەسانەدا کە موسڵمان نین، بەڵام جەنگ لە دژتان ناکەن و دژایەتی ئاینتان ناکەن و شاربەدەرتان ناکەن، چونکە لە ڕاستیدا خوای گەورە دادپەروەران و کەسانی دژ بە ستەمی خۆشدەوێت، بەڵکو خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێدەکات پشتیوانی لەو کەسانە بکەن کە جەنگیان بەرپاکرد دژی ئاینتان، شاربەدەریان کردن و بە ئاشکرا دژایەتیان کردن، لە شوێنی خۆتان ئێوەیان دەربەدەر کردوو و ڕۆڵی ئاشکرایان هەبوو لەو ستەمەدا، جا ئەوەی ئەوانە بکاتە پشتیوانی خۆی، یاخود پشتیوانی لەو جۆرە کەسانە بکات، دیارە ئا ئەوانەش هەر ستەمکارن). ئیسلام کۆمەڵێك ئاکار و حوکمی شەرعی ڕوونی دەربارەی تێکۆشانی ڕەوا هەیە کە ڕێگری لە کوشتنی کەسانی سڤیل دەکەن، هەروەها کوشتنی کەسانی بێتاوان لە بەساڵاچووان و ئافرەتان و منداڵان حەرام دەکات، قەدەغەی کردووە موسڵمانان شوێن ئەوانە بکەون کە لە مەیدانی جەنگدا هەڵدێن، یان بەدیلگیراوان بکوژرێن یان ئازاری دیلەکان بکرێ، یان جەستەی کوژراوان بشێوێنرێ، یان دامەزراوەو شوێن و خانووبەرە وێرانبکرێن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە شەڕەکەوە نییە.

هەرگیز ناکرێ یەکسانی بکرێ لە نێوان تیرۆری ستەمکاران و توندوتیژی ئەو لایەنانەی وڵاتان زەوت دەکەن، کەرامەتیان زامدار دەکەن و پیرۆزییەکانیان پێشێل

دەکەن، ماڵ و سەروەتیان بە تاڵان دەبەن، وە نێوان پیادەکردنی مافی بەرگری ڕەوا، کە لەپێناو لانەوازان و ژێردەستەکاندا تێدەکۆشێ تا مافی ڕەوا لە مافی چارەی خۆنووسین بۆیان بەرقەرار ببێت، لەبەر هەموو ئەمانە ئەوا کۆڕ داوا لە ئوممەتان و گەلان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات، کە پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان تێکۆشانی ڕەوا بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی و لابردنی ستەم، بۆ بەرپاکردنی هەق و ڕاستی و دادپەروەری، وە نێوان کاری توندوتیژیی دوژمنکارانەدا کە خاك و وڵاتی ئەوانیتر داگیر دەکات، یان سەروەری حکومەتە نیشتمانییەکان لەسەر زەوی خۆیان بە سوك دەگرێ و پێشێلی دەکات، یان دانیشتوانی سڤیل و ئاشتیخوازیان دەتۆقێنێ و وەدەریان دەنێ و دەیانکاتە پەنابەر.

کۆڕی فیقە لەکاتێکدا کە داوا لە جیهان و لە دامەزراوەکانی دەکات، هەستێت بە چارەسەرکردنی توندوتیژی دوژمنکارانە و ڕێگری لە تیرۆری دەوڵەت بکات کە داگیرکەری نیشتەجێکردن بەزۆر لە فەلەستین پیادەی دەکات، ئەوا هاوکات هەموو کردەوە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل دژی فەلەستین و گەلەکەی و پیرۆزییە ئیسلامییەکان تیایدا ریسوا بکات، هەروەها داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئاشتیخواز دەکات یارمەتی گەلی فەلەستین بدەن، پشتگیری بکەن لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین کە پایتەختەکەی قودسی پیرۆزە. کۆڕ لە هەمانکاتدا هۆشداری دەدات لە پشتگوێخستنی دادپەروەریی لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە مرۆییەکان، هەروەها گرتنەبەری شێوازی هێز و خۆ بە باڵاترزان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە ئەوە هۆکاری زۆرێك لەو مەینەتی و کارەسات و جەنگانەیە کە ڕوودەدەن، چارەسەرنەکردنی کێشەی گەلی فەلەستین لەسەر بنەمای دادپەروەریی سەرچاوەی هێنانەکایەی توندوتیژییە، کەواتە هەر دەبێت کاربکرێ بۆ گێڕانەوەی مافەکان و نەهێشتی ستەمەکان و هیتریش بۆ گەلان و کەمینە ئیسلامییەکان لە جیهاندا.

جا بەو پێیە کە ئیسلام تیرۆر حەرام دەکات، دەستدرێژی و دوژمنکاریی قەدەغە دەکات، هەروەها جەختدەکات لەسەر ماناکانی دادپەروەریی و لێبوردەیی و دیالۆگی بەرز و پێکەوەبەستنی نێوان خەڵکی، ئەوا کۆڕ داوا لە گەلانی مرۆیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات بێن ئاشنا بین بە ئیسلام، ئەویش لە سەرچاوە سەرەکییەکانیەوە، تا بزانن کە چەندە چارەسەری دادپەروەرانەی بۆ کێشە مرۆییەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، تا بزانن کە ئیسلام ئاینی ئاشتییە بۆ سەراپای خەڵکی و ڕێگری لە هەر جۆرە دەستدرێژییەك دەکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ البقرة: ١٩٠.

**٤- چەمکی تیرۆری نێودەوڵەتی لەناو هەندێ پرۆژە و کتێبە یاساییەکاندا:**

هەوڵە یاساییەکان بۆ دیاریکردنی چەمکی تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی (الإرهاب و الإرهاب الدولی)، سەرەتا لە ساڵی (١٩٢٧ز) لە وارسۆ دەستی پێکرد، پاشان چەندین کۆڕ و کۆنگرە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣٠-١٩٣٥ز) گرێدران، پاشتر نەتەوە یەکگرتووەکان وشەی نێودەوڵەتی خستەپاڵ تیرۆر، داوای لە دەوڵەتانی ئەندام کرد لیژنەیەکی پسپۆر پێکبێنن بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی و پاڵنەرەکانی[١].

مەوسوعەی سیاسیش بەمجۆرە پێناسەی کردووە، کە بریتییە لە: (بەکارهێنانی توندوتیژی نایاسایی، یان هەڕەشەکردن پێی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو)[٢].

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری: بابەتی (حول تعریف الإرهاب الدولي) د. عەبدولعەزیز سەرحان بکرێ، بابەتێکە لە گۆڤاری میصری بۆ یاسای نێودەوڵەتی بەرگی ٢٩ ی ساڵی ١٩٧٣زدا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها سەیری کتێبی (الإرهاب الدولي وفقاً لقواعد القانون الدولي العام) د. ئەحمەد حیلمی، چاپی میصر ساڵی ١٩٨٨. کتێبی (الإرهاب السیاسي و القانون الجنائي) د. عەبدوڕەحیم صدقی، چاپی ١٩٨٥ز. هەروەها کتێبی (الإرهاب والقانون الدولي) د. ئوسامە غەزلان، چاپی بیروت-قاهیرە ١٩٩٩ز. کتێبی (المنظمات الدولیة) پ. د. جەعفەر عەبدولسەلام، قاهیرە ١٩٨٢ز. بابەتی (أنتشار الإرهاب الدولي والسیاسة الدولیة) نوسینی: خزر دەهراوی، ژمارە ٧٧ تەمموز ١٩٨٤ز، هەروەها (موقع ستار تایمز، شؤون قانونیة) لە ٢٠١٤/١/٣٠ز، کتێبی (الإرهاب الدولي، مرکز الدراسات العربي الأوروبي) د. ئەحمەد ڕەفعەت وە د. صالح تەییار. هەروەها (الإرهاب الدولي) د. عەبدولعەزیز موخەیمەر عەبدولهادی چاپی ١٩٨٦ز.

(٢) (موقع ستار تایمز- -شؤون قانونیة)، هەروەها سەرچاوەکانی پێشتریش.

پڕۆژەی ئامادەکردنی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیش بۆ قەڵاچۆکردنی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بەمجۆرە پێناسەی کردووە، کە بریتییە: (لەو کردەوە تاوانکارییانەی ئاراستەی دەوڵەتێك یان دانیشتوانەکەی دەکرێن، کە لەبارياندا بێت ببنە هۆی نانەوەی تۆقینی کەسایەتییەکان یان کۆمەڵێك کەس، یان جەماوەر، ئامانجەکەش وێرانکردنی ماڵ وموڵکی گشتی بێت، یان زیانگەیاندن بێت پێی)[1].

لە ڕاستیدا زاراوەی تیرۆری نێودەوڵەتی لە بەرانبەر تیرۆری ناوخۆییەوەیە، لەبەرئەوە پێویست دەکات بە ڕوونی لێکجیابکرێنەوە، بە تایبەتی خودی ئەم زاراوەی تیرۆرە زۆرێك لە ناڕوونی تووش بووە، ئەوەش بەهۆی زۆری پێناسەکانەوە کە ئاوێتەن بە بەرژەوەندییە سیاسییەکان، بە حەزی زلهێزەکانەوە، هەروەها پەیوەندە بە چۆنێتی دەوڵەتەوە لەوەی کە دەوڵەتێکی بەهێزە یان لاوازە، لێرەوە زۆرێك تەمومژی بەسەردا هاتووە.

لە لایەکیتریشەوە ئەم زاراوەی تیرۆرە لە زمانی عەرەبی و هاوواتاکانی لە زمانەکانی تردا، زاراوەیەکی فراوانەو هەرجۆرە ترساندن و تۆقینێك بە حەق و بە ناحەق دەگرێتەوە، بەم پێیەش هەرجۆرە بەکارهێنانێکی ناڕەوای هێز دەگرێتەوە، هەر دەستدرێژییەك لەسەر گیان و ژیان و ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەت دەگرێتەوە، لەبەرئەوە زانایانی یاسای گشتی و تایبەتەکان ڕاجیاوازن لەسەری.

بێگومان تاوانی زۆر هەن تەنانەت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا کە ترساندن و تۆقین دروستدەکەن، وەك تاوانەکانی جەنگ، هەروەها تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و ئاسایشی مرۆیی، تاوانەکانی دەستدرێژی دەوڵەتێك لەسەر دەوڵەتێکی تر، تاوانەکانی دەستدرێژی دەوڵەتێك لەسەر هاولاتیانی خۆی، هەموو ئەمانە لە کاتێکدا کە دەچنەناو تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئایا بەهەمانشێوە دەچنە خانەی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە؟

---

(١) سەرچاوە پێشووەکان.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: لە ڕاستیدا زانایانی یاسای نێودەوڵەتی ڕاجیاوان لەسەری، هەیانە بە شێوەی فراوان بۆی دەڕوانێ، هەیانە پێناسەکە بەرتەسك دەکاتەوە، هەشیانە مامناوەندە تیایدا، سروشتی ئەم باسەش ڕێگا نادات بە چوونەناو وردەکاری ئەو مشتومڕانەوە، بەڵکو لێرەدا تەنها باسی هەندێ لە پێناسەکان دەکەین، تا بگەین بەو پێناسەیەی هەڵیدەبژێرین[١].

- ویلکنسۆن (Wilkinson) پێناسەی تیرۆری کردووەو دەڵێ: (ئەنجامدانی توندوتیژی زۆر توندە لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی دیاریکراو، کە لەپێناویاندا قوربانی بە هەموو باوەڕە مرۆیی و ڕەوشتییەکان دەدرێ)[٢].

بەم پێیەش ئەوا ئەمانە دەگرێتەوە: تیرۆری جەنگیی لە ڕێگای بەکارهێنانی چەکەوە، ڕێوشوێنی سەرکوتکارانە، تیرۆری شۆڕشگێڕانە بۆ دەستگرتن بەسەر دەستەڵاتدا لە ڕێگای هێز و هاوشێوەکانییەوە[٣].

- تاقمێکیتر وادەبینن کە: دەبێت تیرۆری نێودەوڵەتی جیابکرێتەوە لە توندوتیژی و لە خەباتی چەکدارانە دژی داگیرکاریی و داگیرکەران و پارتە فاشیزمەکان کە بە هێز و بە کودەتا دەستەڵاتیان کەوتووەتە دەست[٤].

- جۆنز بۆرج (Gunzburg) ڕەگەزەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی کورتدەکاتەوە لە دەستدرێژیکردنە سەر سەرۆکی دەوڵەت، یان یەکێك لە ئەندامانی حکومەت لە دەرەوە، یان لەسەر خزمەتگوزارییەکی گشتی کە پەیوەندە بە خستنەکاری جووڵەی هاتووچۆی نێودەوڵەتییەوە، وەك ڕفاندنی فڕۆکەکان[٥].

(١) بۆ زانیاری زیاتر: سەیری سەرچاوە پێشووەکان بکە کە ناومان بردوون، هەروەها سەرچاوەی (الإرهاب الدولی، مرکز الدراسات العربی الاوروبی) ل(٢١٢) و دواتریش بکە.

(٢) سەیری کتێبی (الإرهاب الدولی) چاپی لەندەن بکرێ، ساڵی ١٩٧٣ز، ل(٢٩٢) کە د. ڕەفعەت و د. تەییار لە سەرچاوەی پێشوودا ل(٢١٤-٢١٥) ئاماژەی پێداوە.

(٣) سەرچاوەی پێشوو.

(٤) سەیری: (الإرهاب السیاسی والقانون الجنائی) د. عەبدوڕەحیم صدقی بکرێ، ل(٩٧).

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

- دکتۆر صەلاحەدین، چەمکی تیرۆری نێودەوڵەتی سنوردار کردووە لە بەکارهێنانی توندوتیژی ڕێکخراو بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی[1].

- دکتۆر ڕەفعەت و دکتۆر تەیار لەدوای مشتومڕێکی تێروتەسەل بۆ پێناسەی تیرۆری نێودەوڵەتی گەیشتوون بەم پێناسەیە کە: (بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژ وەك هۆکارێك، ئامانجیش لێی تۆقاندنە بۆ ناچارکردن لەسەر گرتنەبەری هەڵوێستێکی دیاریکراو، یان ڕێگری لە هەڵوێستێکی دیاریکراو).

پاشان هاتوون ڕوخسارەکانی ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە لەو ڕێگایەوە کە تیرۆری نێودەوڵەتی هۆکارەو ئامانج نییە، هۆکارەکانیشی فرەجۆرن، لەبەرئەنجامی هەبوونی گرفتێکی سیاسی یان هیترەوە ڕوودەدات، ئەوکات دوو گروپی ناکۆك لەبەردەمیدان، زۆربەیجار هۆی سیاسی هەن بۆ ئەو تاوانانە وەك ڕەچاونەکردنی مافی کەمینەکان، هەروەها داننەنان بە مافی گەلاندا لە بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، هەروەها ڕێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ[2].

بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە ئەوا ڕەگەزەکانی تیرۆر بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- توندوتیژی ئاراستەی کەسێك، یان چەند کەسێك، یان بە بارمتەگیراوان بکرێ.

٢- مەبەستی کەسی ڕاپەڕێنەر ئەوە بێت حاڵەتێك لە تۆقین و شڵەژان و ترس بخاتە دڵی کۆمەڵێك لەو کەسانە کە دوورن لە گۆڕەپانی کاری تیرۆریستی.

٣- ڕاپەڕێنەری کارەکە پێشبینی بکات کە ئەو کەسانە داواکارییەکانی جێبەجێ دەکەن، واتە: خۆی مەبەستێکی هەبێت و بیەوێت لە ڕێگای تیرۆرەوە بەدەستی بێنێت.

٤- تاوانەکە وەها بناسرێ کە مۆرکی نێودەوڵەتی پێوەیە، واتە: لەو جۆرە بێت کە زیاتر لە دەوڵەتێکدا ڕوویدا بێت، یان قوربانیانی کارە تیرۆریستیەکە سەربە دەوڵەتی جیاواز بن[3].

(١) سەیری کتێبەکەی بە ناوی: (المقاومة الشعبية المسلحة في القانون الدولي)، چاپی دار الفكر ١٩٧٧ز ل(٤٨٦-٤٨٧) بکرێ.

(٢) کتێبەکەیان بە ناوی (الإرهاب الدولي) ل(٢٢٦-٢٢٧).

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٢٧-٢٢٨).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا، ئەوا تیرۆری نێودەوڵەتی سنورداره لە بازنەی تیرۆری سیاسیدا کە مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێت، بیەوێت لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژییەوە جێبەجێ بکرێ، بەم پێیەش بێت ئەوا دەستدرێژی دەوڵەتێك لەسەر دەوڵەتێکی تر ناگرێتەوە، هەروەها تاوانەکانی جەنگ یان تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ناگرێتەوە، چونکە هەریەك لەو تاوانانە لە یاسای نێودەوڵەتیدا تایبەتمەندی و سزای خۆیان هەیە[1].

## سەرچاوەی تاوانەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی (خراپەکاریی، چەتەگەریی -الحرابة-) لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی شەریعەتدا

ئەوەی ئێمە لەمبارەیەوە دەیبینین و بە بەهێزی دەزانین ئەوەیە کە: تاوانەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو تاوان، ئەوانیش بریتین لە: تاوانی خراپەکاریی و چەتەگەریی (الحرابة) -بە مانا فراوانەکەی-، وە تاوانی شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی شەرعی، بە زیانگەیاندن پێی و بە دامەزراوەکانی لە ڕێگای توندوتیژییەوە کە ئاڕاستەی دەوڵەت دەکرێ، ئەمجۆرەش لە فیقهی ئیسلامیدا پێیدەوترێ تاوانی یاخیبووان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە دەتوانین پێناسەی تیرۆری نێودەوڵەتی بکەین کە بریتییە لە: (توندوتیژی چەکدارانەی ناڕەوا، کە ئاراستەی کۆمەڵگا و دامەزراوە مەدەنییەکانی یان دەوڵەت دەکرێت، بە هەر هۆکارێك کە زیانبگەیەنێ، پاشان ئەگەر هاتوو مۆرکی نێودەوڵەتی وەرگرت -بەوەی کە لە زیاتر لە دەوڵەتێکدا ڕوودات، یان قوربانییەکانی سەربە زیاتر لە دەوڵەتێك بن- ئەوا پێیدەوترێ تیرۆری نێودەوڵەتی).

- **(توندوتیژیی -العنف-)** لێرەدا: ڕەگەزێکی گشتییە: کە توندوتیژی پراکتیکی، یان نوسین و بڕیار لەسەردراو دەگرێتەوە، کە بە هەڕەشەی جیددی لەلایەن کەسێکەوە کە توانای ڕاپەڕاندنی هەبێت دەستەبەر دەبێت.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کەواتە توندوتیژیی: لە زمان و لە شەرعدا کارێکی ناڕەوایە، بەم پێیەش ئەوا جگە لە وەسفی ناڕەوا ئیتر هەر زیادە وەسفێکی تر بۆی زیادەیە، جا ئەگەر ئەو وەسفەی بدرێتێ ئەوا جەختکردنە لەسەر دەرچوونی بەرگری چەکدارانە دژی داگیرکار، چەندین فەرموودەش لەبارەی توندوتیژییەوە هاتوون، لەوانەش پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**ما كان الرفق في شيء إلاّ زانه، ولا نزع من شيء إلاّ شانه**))(١). واتە: (بەزەیی و نەرمونیانی لە هەر شتێکدا بوونی هەبێت ئەوا بە حەتمی جوان و چاکی دەکات، لە هەر شتێکیش داماڵرا ئەوا ناشیرین و خراپی دەکات).

لە ڕووی شەرع و زمانیشەوە مەعلومە کە توندوتیژیی دژی نەرمونیانییە، جا هەرکات نەرمونیانی نەما ئەوا توندوتیژی جێگای دەگرێتەوە، ئەمانەو چەندین بەڵگەی تریش لە قورئان و سوننەتدا هەن کە باس لە حەرامی ئازاردان و زیانگەیاندن بەوانیتر دەکەن، ئیتر بە هەر هۆکارێکی گوفتاری یان کرداریی یان تەنانەت بە ئاماژەش بێت.

- توندوتیژیی لێرەدا بەندە بە (چەکداری)یەوە، واتە: بە بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنانی جیددی بێت.

هەروەها مەرجدارە بەوەوە کە (ئاراستەی کۆمەڵگا و دامەزراوە مەدەنییەکانی یان دەوڵەت بکرێ): ئەمەش بۆ ئەوەیە تا جیابکرێتەوە لە توندوتیژی تاککەسی کە بە مەبەستی تایبەت ئاراستەی کەسەکان دەکرێ، وەك: بەتاڵانبردن و دزی و تۆڵەکردنەوە، چونکە ئەمانە ناچنەناو تیرۆری نێودەوڵەتییەوە.

- ئەو وتەیەشمان کە: (بە هەر هۆکارێك ببێتە مایەی زیانگەیاندن): بەو مانایەیە هەموو هۆکار و شێواز و هەڵسوکەوتە گوفتاری و کردارییەکان دەگرێتەوە، تەنانەت ئاماژەدانیش کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیانگەیاندن.

پاشان پێناسەکە نەهاتووە سەرچاوەی توندوتیژییەکە دیاری بکات، لەبەرئەوە هەر بە ڕەهایی دەمێنێتەوە تا دەوڵەت و تاك و کۆمەڵ بگرێتەوە، بەم پێیەش ئەوا کاتێك دەوڵەت

(١) ئەحمەد و ترمذی گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی لە صحیح الجامع دا ڕاستیکردووەتەوە، فەرموودەی ژمارە (٥٦٥٤).

بە شێوەی توندوتیژی ناڕەوا دەرهەق بە هاولاتیانی، یان دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی -وەك پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵە خێرخوازی و یاساییەکان- دەجولێتەوە ئەوا دەچێتەناو بازنەی تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتییەوە، بۆ تاکەکان و کۆمەڵگاش ئەوا بەهەمانشێوەن، کاتێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەوڵەت یان کۆمەڵگا، یان دامەزراوەکانیدا بە توندوتیژییە ئەوا دەچنەناو بازنەی تیرۆرەوە، کاتێکیش توندوتیژی ناڕەوا ئاراستەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، یان خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەك ڕفاندنی فڕۆکە، وێرانکردنی باڵوێزخانەکان، بە بارمتەگرتنی کەسانیتر، یان ڕفاندنیان و تەقینەوە لە شوێنە گشتییەکاندا...دەکرێ و ئەنجامدەدرێ، ئەوا هەموو ئەمانەش بەهەمانشێوە دەچنە بازنەی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە، یان دەچنەناو زاراوەی فیقهی ئێمەوە کە تایبەتە بە چەمکی چەتەگەریی و خراپەکاریی لە زەویدا.

هەروەها ئەگەر هاتوو کەسێکی-سروشتی، یان مەعنەوی- هەستا بە بەکارهێنانی چەك و زیانگەیاندن بە دەوڵەتە شەرعییەکەی و بە هاولاتیانی و بە غەیری ئەوانیش، بێئەوەی پەنا بباتە بەر دیالۆگ ئەوا دەچێتە خانەی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە.

هەموو ئەم هەڵسوکەوتانەش دەچنەناو چەمکی شەریعەت بۆ تاوانی چەتەگەریی و خراپەکاریی لە زەویدا، هەروەها تاوانی ستەم و یاخیبوون لە زەویدا.

**حەرامیی چەتەگەریی (الحرابة) و خراپەکاریی لە زەویدا:**

پێشتر لە -بەشی چوارەمدا - بە تێروتەسەلی باسی مەسەلەی سزای شەرعی چەتەگەریی و خراپەکاریمان لە زەویدا کردووە، هەروەها سزای شەرعی دەستدرێژیکردنە سەر دەوڵەت و ئاسایش و ئارامیی، وتوومانە کە خەواریجەکان سەرچاوەی هەموو هەڵسوکەوتێکی توندڕەوین لە ئیسلامدا، زۆر ڕۆچوونیش لە خوێندنی قورئان بەبێ تێگەیشتنی قووڵ و بێ فیقە دەبێتە هۆی زیادەڕۆیی و شلگیریی و توندڕەویی و کافرکردن.

**بڵاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆری نێودەوڵەتی:**

لە سەردەمی نوێدا زایۆنیزمەکان دەستیاندایە ئەم دیاردەیە، کە گروپێك لە ساڵی (١٩٦٩ز) هەڵیانکوتایە سەر بارەگای شاندی سوریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو

خراپەیەی لە دەستیان هات کردیان، هەروەها لە ساڵی (١٩٧١ز) گروپێکی تر بوتڵێکی سوتێنەریان فڕێدایە ناو نوسینگەی شاندی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەرواری (٢٠/١٠/١٩٧١ز) یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی بەرگری لە جولەکە بە گوللە تەقەیانکرد لە بارەگای شاندی سۆفییەت لە نیۆیۆرك، پاشان دەستکرا بە ڕفاندنی دیبلۆماتکاران و کەسانیتریش، هەروەها بە تەقینەوە و دەستدرێژیکردن و ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان دژ بە هەموو ئومەتان و گەلانی جیاواز و لایەنگرانی هەموو ئاینەکان[١].

## بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی

دیاردەی تیرۆر کۆنەو نویێ نییە، تیرۆر ئاینی نییە، مرۆڤایەتی لە هەموو سەردەمەکاندا گیرۆدەی بووە، بە تایبەتی لە سایەی هزرە ڕەگەزپەرستەکاندا، بە تایبەت تریش لە سایەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، لەبەرئەوە لە کۆنگرەی یەکەم بۆ یەکخستنی یاسای سزاکان کە لە ساڵی (١٩٢٧ز) لە وارسۆ گرێدراوە تیرۆری سیاسی خراوەتە ناو تاوانە مەترسیدارەکانەوە، لە کۆنگرەی سێیەم بە هەمان مەبەست کە لە برۆکسل لە ساڵی (١٩٣٠ز) بەسترا جەخت لەسەرئەوە کرا کە: تیرۆری سیاسی لە هەموو ولاتانی جیهاندا خۆی لەو تاوانانەدا وێنا دەکات کە دژی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەلایەتین، پاشان لە کۆنگرەی چوارەم کە لە ساڵی (١٩٣٠ز) لە پاریس بەسترا تاوانەکانی تەقینەوەی بۆمب و هاوشێوەکانی کە دەبنە هۆی زیانی گەورە خرانە ناو تیرۆری نێودەوڵەتییەوە، لە کۆنگرەی پێنجەمیش لە مەدرید لە ساڵی (١٩٣٣ز) ڕووداوەکانی بەتاڵانبردن و وێرانگاریی و بەکارهێنانی توندوتیژی وەها پۆلێن کران کە خرانە ناو تاوانەکانی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە[٢].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی باسی تاوانە تیرۆریستییەکان لە جیهاندا بڕوانە: کتێبەکەی د. ئەحمەد ڕەفعەت و د. صالح تەبیار، سەرچاوەی پێشوو ل(٩) هەروەها پێگە ئەلیکترۆنییە پسپۆڕەکان.

(٢) سەرچاوە پێشووەکان، هەروەها د. عەبدوڕەحیم صدقی: سەرچاوەی پێشووی ل(٨١-٨٩)، د. ڕەفعەت و د. صالح تەبیار: سەرچاوەی پێشوویان ل(٢٨-٥٧).

## ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەدەغەکردنی تیرۆر و سزادان لەسەری

چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تیرۆری نێودەوڵەتی واژۆکراون، لەوانە:

١- ڕێکەوتننامەی جنێف لە (١٩٣٧/١١/١٦ز)، پێکهاتووە لە پێشەکی و لە ٢٩ مادده، ئەو دەوڵەتانە کە واژۆیان لەسەری کردووە، پەیمانیانداوە ڕێگری لە هاندانی هەر کارێك بکەن کە لەباریدا بێت چالاکییە تیرۆریستییەکان ئاراستەی هەر دەوڵەتێك بکرێ، هەروەها کارکردن لەسەر قەدەغەکردنی، بەم پێیەش ئەوا بازنەی کاری کۆنگرە هەموو ئەو کردەوە تیرۆریستییانە دەگرێتەوە کە ئاراستەی سەرۆکەکان، هەروەها ئەوانەی هەڵسوڕێنەری کارەکانی ئەوانن، یان میراتگرانیان، یان هاوسەرەکانیان دەکرێن، هەروەها وێرانکاریی بە ئەنقەست و فەوتاندنی ماڵ و موڵکی گشتی، یان ئەو ماڵ و موڵکانە کە تەرخانکراون بۆ مەبەستی گشتی، هەروەها هەر کارێکی بەئەنقەست کە ژیانی گشتی بخاتە مەترسییەوە.

هەروەها ماددەی (٣) دەڵێت: تیرۆر هەرجۆرە پیلانگێڕی یان هاندان یان بەشداریکردن یان پێشکەشکردنی یارمەتی دەگرێتەوە کە خاوەنەکەی بزانێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو تاوانە تیرۆیستییە پێشوانەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ و ڕەخنەی لەسەرە، ئەوەیە کە تەنها ئەو دەستدرێژیانەی بە ئامانج گرتووە کە ئاراستەی سەرۆك و دەستەلاتدارەکان کراوە، هەروەها بەو هۆیەوە کە واژۆی لەسەر نەکراوە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە[1].

٢- ڕێکەوتننامەی ئەورووپی بۆ سەرکوتکردنی تیرۆر کە لە (١٩٧٧/١١/٢٧ز) لە ستراسبۆرغ واژۆکراوە، ئەمەش پێکهاتووە لە پێشەکی و ١٦ مادده، کە سەرکوتکردنی دەستەبەسەرداگرتنی نارەوای بەسەر فڕۆکەکاندا گرتووەتەوە کە لە ساڵی (١٩٧٠ز) لە لاهای واژۆکراوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٧١ز) لە مۆنتریال واژۆکراوە، هەروەها تاوانەکانی دژ بە دیبلۆماتکاران، تاوانەکانی بەکارهێنانی گوللە و بۆمبی دەستی، ڕۆکێتەکان، چەکی

(١) سەرچاوە پێشووەکان.

ئاگرین، هەروەها ئەو گوتار یان نامە بۆمبڕێژکراوە فریودەرانە کە هەڕەشە لە ژیانی خەڵکی بە ئامانج دەگرن، هەروەها دەستبەکاربوون لە ئەنجامدانی تاوانە پێشووەکان یان بەشداری تیایاندا، هەروەها هەر کارێکی تریش کە دژ بە ژیانی خەڵکی یان ماڵ و موڵکیان بێت.

٣- سێ ڕێکەوتننامەی تری نێودەوڵەتی هەن کە بۆ هەمان مەبەستن، ئەوانیش ئەمانەن: ڕێکەوتننامەی واشنتۆن کە لە (١٩٧١/٢/٢ز)دا واژۆکراوە، ڕێکەوتننامەی نیۆیۆرك کە لە (١٩٧٣/١٢/١٤ز) واژۆکراوە، هەروەها ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ دژایەتیکردن و بەرگرتن لە بارمتەگرتنی کەسانیتر کە لە (١٩٧٩/١٢/١٧ز) لە نیۆیۆرك واژۆکراوە[١].

٤- سێ ڕێکەوتننامەی تری نێودەوڵەتی کە تایبەتن بە فڕۆکەکانەوە، یەکێکیان: تایبەتە بە سەرکوتکردنی دەستبەسەرداگرتن بەسەر فڕۆکەکاندا بە ناڕەوا، ئەمە لە (١٩٧٠/١٢/١٦ز) لە مۆنتریال واژۆکراوە، دووەم: ڕێکەوتننامەی تایبەت بە سەرکوتکردنی تاوانەکانی دەستدرێژی لەسەر سەلامەتی فڕۆکەوانیی شارستانی، ئەمەش لە (١٩٧١/٩/٢٣ز) لە مۆنتریال واژۆکراوە، سێیەم: ڕێکەوتننامەی ئەو تاوانانە کە لەسەر پشتی فڕۆکەکان ئەنجامدەدرێن کە لە (١٩٦٣/٩/١٤ز) لە تۆکیۆ واژۆکراوە، پاشان پرۆتۆکۆلی تایبەت بە تاوانی فڕۆکەخانەکانی تایبەت بە فڕۆکەوانیی شارستانی خرایە سەری کە لە (١٩٨٤/٤/٢٤ز) لە مۆنتریال واژۆی لەسەر کراوە.

٥- ڕێکەوتننامەی سەرکوتکردنی ئەو تاوانانە کە دژ بە سەلامەتی کەشتییەوانی دەریایی ئەنجامدەدرێن: ئەمیش لە (١٩٨٨/٣/١٠ز) لە ڕۆما واژۆی لەسەرکراوە، هەروەها ئەو پرۆتۆکۆلەشی کە تایبەتە بە سەرکوتکردنی ئەو تاوانانەی دژ بەو دامەزراوە جێگیرانە ئەنجامدەدرێن کە لەسەر کەناری هەرێمایەتی دامەزراون کە لە بەرواری (١٩٨٨/٣/١٠ز) لە ڕۆما واژۆی لەسەر کراوە.

هەموو ئەم ڕێکەوتنامانە خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە[٢].

---

(١) سەرچاوە پێشووەکان.

(٢) د. ڕەفعەت و د. تەییار: سەرچاوەی پێشوو ل(١١٧).

## دروستیی بەکارهێنانی هێز دژ بە داگیرکار، هەروەها لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین، بەپێی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسیندا دەنێ، ئەویش لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا کە تایبەتە بە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بریتییە لە: (گەشەدان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان گەلاندا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپە کە داوای یەکسانیی مافەکان دەکات لە نێوان گەلاندا، بەوەی کە هەریەکەیان مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت....). لە ماددەی (٥٥)دا هاتووە کە: (بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ دەستەبەرکردنی خواستەکانی سەقامگیریی و خۆشگوزەرانی، کە زەرورن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی ئاشتی و تەبایی و خۆشی لە نێوان گەلاندا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە پرەنسیپی یەکسانکردن لە مافەکانی نێوان گەلاندا، ئەوا دەبێت هەر یەکێکیان مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت)[1].

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو مافە دووپاتدەکاتەوە، بەوەی کە خەباتی چەکداریی ناچێتەناو دوژمنکاریی و تیرۆرەوە، لە ساڵی (١٩٧٤ز) چەند بڕیارێك دەرچوون کە پێناسەی دوژمنکاریان کردووە، (لە ماددەی پێشوودا مافی خەباتی چەکدارانەی داوە بەو گەلانە کە لەژێر دەستی سیستەمی حوکمڕانی داگیرکار یان ڕەگەزپەرستانەدان، یان هەر شێوەیەکی تری دەستەڵاتی بێگانە، کە بۆیان هەیە خەبات بکەن لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین، ئازادیی، سەربەخۆیی... ئەو خەباتەشیان ناچێتەناو دوژمنکاریی)[2].

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە خەباتی چەکدارانە لە فەلەستین دژی زایۆنیزمی داگیرکار بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مافێکی ڕەوایە[3].

(١) سەرچاوەی پێشوو ل(١٢٢).

(٢) سەیری: دەقی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی پێناسەی ناونیشانەکە، بڕیاری (٣٣١٤)، خولی (٢٩) لە ١٩٨٤/١٢/١٤ز، هەروەها بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (٣١٠٣) لە ١٩٧٣/١٢/١٢ز خولی (٢٧) بکە.

(٣) سەرچاوە پێشووەکان.

## ئایا لە پای چی ئیسلام تۆمەتبار بکرێ بە تیرۆر؟

لەگەڵ هەموو ئەو تاوانانە کە صیربەکان لە بۆسنە کردیان، یان زایۆنیزمەکان لە فەلەستین، یان میانماریەکان بە کەمینەی رۆهینگی، یان چەتە مەسیحییەکان لە ناوەڕاستی ئەفەریقیا کردیان، یان ئەوەی لە ئێستادا لە هەندێ وڵاتی خۆرئاوا دەکرێ بە کوشتنی موسڵمانان بەهۆی ڕقلێبوونەوەو سوتاندنی مزگەوتەکان... بەڵام هەر نەمانبیست کەسێك ئاینی مەسیحی یان جولەکە، یان بتپەرستی تۆمەتبار بکات بە تیرۆریست، کەچی دەستبەجێ تەنها بەوەی کە تاکێك لە موسڵمانان تاوانێکی ئەنجامداوە، ئیتر خێرا هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و لێدوانە فەرمییەکان دێن خودی ئیسلام تۆمەتبار دەکەن، ئینجا دێن تەنگ هەڵدەچنن بە کەمینەی موسڵمان، وەك بڵێی ئەو پرەنسیپە قورئانییە مرۆییە نێودەوڵەتییە سروشتییە کە دەفەرموێ:﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ الأنعام: ١٦٤. بە تەواوەتی فەرامۆشکراوە، ئەمەش وایکردووە کە هەموو موسڵمانان تۆمەتبار بکرێن تا ئەوکات کە دەیسەلمێنن بێتاوانن، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێژەی ئەو تاوانە تیرۆریستییانە کە ناموسڵمانەکان ئەنجامیان دەدەن زۆر زۆر زیاترن لەوانەی موسڵمانان پێیان هەڵدەستن، وا لێرەدا سەرژمێرییەك دەخەمەڕوو کە ئەنجومەنی هاوڵاتی بۆ ئاسایش و دادگەری تاوانکاریی لە مەکسیکۆ سیتی لە ساڵی (٢٠١٣ز) پێی هەستاوە بۆ پەنجا شار، کە ڕێژەی تاوانە تیرۆریستییەکان بە هەزاران تاوانن، بوونەتە مایەی کوشتنی (٤٠,٢٠٦) کەس لەو پەنجا شارەدا، هەموو ئەوانە جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەمیان نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئیتر ئەوانیتر بە دەستی موسڵمانان نەکوژراون[(١)].

ڕۆژنامەی (دیلی بێست) بڵاویکردووەتەوە کە ڕێژەی ٩٨٪ی تاوانە تیرۆریستییەکان لە ئەمەریکا، ڕێژەی ٩٤٪ لە وڵاتانی تریش ئەنجامدەرانیان کەسانی ناموسڵمان بوون، والفنان کۆمیدی پارێزەر، هەروەها نوسەر و سیاسەتمەداری ئەمەریکی (دین عوبەیدوالله) ئەو سەرژمێرییەیان سەلماندووە، عوبەیدوالله وتوویەتی: (چەندینجار گوێبیستی ئەم ڕستەیە

(١) پێگەی تۆڕی ڕاگەیاندنی عەرەبی (moheet. Com)، هەروەها (پێگەی بیزنس إنسایدری ئەمەریکی).

بووم کە دەڵێ (هەموو موسڵمانان تیرۆریست نین) بەڵام هەموو تیرۆریستەکان موسڵمانن؟) ئێمە بەدڵنیایی کە گوێبیستی بریان کلیماد بووین کە لەسەر فۆکس نیوز...... ئەم گوتەیە دەڵێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زۆرینەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە هێرشی تیرۆریستی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا ئەنجامدەدەن موسڵمان نین)، پاشان هاتووە ئەو کارەی بە شکستی ڕاگەیاندن داناوە کە بووەتە باو موسڵمانان بە تیرۆریست وەسفبکەن هەروەك سارە بالین وتوویەتی، پاشان باسیکردووە کە تەنها ڕێژەی ٢٪ لە کۆی گشتی هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەوروپا لە موسڵمانانن.

دەزگای (یۆرۆپۆڵ) کە ئاژانسێکی پراکتیزەکارە بۆ ڕاپەڕاندنی یاسا لە یەکێتی ئەوروپا، لەو ڕاپۆرتەیدا کە ساڵی ڕابردوو دەریکردووە دەڵێ: زۆرینەی هەرە زۆری ئەو هێرشە تیرۆریستییانە کە لە ئەوروپا ئەنجامدراون لەلایەن گروپە جوداخوازەکانەوە بوون، بۆ نموونە (١٥٢) هێرشی تیرۆریستی لە ئەوروپا لە ساڵی (٢٠١٣ز) ڕوویانداوە، تەنها دووان لەوانە بە هۆکاری ئاینییەوە بووە، ئیتر هەموو ئەوانیتر بە پاڵنەری ڕەگەزپەرستی و نەژادی و جوداخوازییەوە بوون، بۆ نموونە تیرۆیستەکان لە (FLNC)ی فەڕەنسادا کە داوای جیابوونەوەی دوورگەی کۆرسیکا دەکات: تیرۆریستەکان چەندین هێرشی موشەکیان دژ بە بنکەکانی پۆلیس ئەنجامداوە، لە دوو شاردا چەند کەسێك کوژراون، بەڵام ڕاگەیاندن چاوی نەخستووەتە سەر چڕکردنەوەی، پاشان باسیکردووە کە ئەندریس بریفیك لە ساڵی (٢٠١١) لە نەرویج (٧٧) کەسی بە هۆکاری ڕەگەزپەرستی کوشت، بەڵام ڕاگەیاندن هەر بە ڕادەی دەیەکی ڕووداوەکە گەورەی نەکرد، واتە: ئەگەر بهاتایەو ئەنجامدەرەکە کەسێکی موسڵمان بوایە جۆرێکی تر باسیدەکرد.

لە ئەمەریکا لە توێژینەوەیەکی نوسینگەی فیدراڵی بۆ لێکۆڵینەوەکان (FBI) هاتووە کە ڕێژەی ٩٤٪ تاوانە تیرۆریستییەکان کە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠ز تا ساڵی ٢٠٠٥ز) ئەنجامدراون لەسەر دەستی کەسانی ناموسڵمان بوون، هەروەها لە توێژینەوەیەکی زانکۆی ویلایەتی کارۆلینای باکور لە ساڵی (٢٠١٤ز)دا هاتووە کە لەدوای هێرشەکانی (١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ز) تا

ئێستا، ئەو تیرۆرەی دەبەستریّ بە موسڵمانەوە تەنها بووەتە مایەی کوشتنی (٣٧) ئەمەریکی ئەوەش لە نێوان هەزاران کوژراوی تردا کە بە دەستی ئەوانیتر کوژراون[١].

ئێمە هەرگیز کوشتن بە کەم ناگرین با تاکە یەك کەسی بێتاوانیش بێت، چونکە خوای گەورە دەفەرمویّ: ﴿أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ المائدة: ٣٢. بەڵام مەبەستمانە کە لە کاتی خستنەڕوو و نیشاندان و شیکاریدا، دووفاقی لە پێوەرەکاندا بخەینەڕوو، لە نێوان ئەوەدا کە ئایا ئەنجامدەری تاوانەکە موسڵمانە یان کەسێکیترە.

لەلایەکیتریشەوە کردەوە تیرۆریستییەکان لە سەدەی ڕابردوودا هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نەبووە، بەڵکو ڕێکخراوە چەپ و ڕەگەزپەرستەکان و چەتەکانی مافیا ئەو کارانەیان کردووە، ئەو تاوانە تیرۆریستیانەش کە بە ناوی ئیسلامەوە بە شێوەیەکی ڕوون هاتنەناو ئیسلام، تەنها لە ڕێگای ڕێکخراوی قاعیدەوە بوو لە ساڵی (٢٠٠١ز)، پاشان دوای چەند ساڵێك بە ناوی ڕێکخراوی داعشەوە (کە ناودەبریّ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام) هاتنەناو گۆڕەپانەکە! بەڵام هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تیرۆر ئەوا پێشتر لە بەشی سێیەمدا بە درێژی باسمانکردووە.

## هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی

پێشتر لە بەشی سێیەمدا هەڵوێستی ئیسلاممان بەرانبەر بە تیرۆر بە شێوەیەکی گشتی و گشتگیرانە ڕوونکردەوە، ئێمە لە مێژووی ئیسلامدا هەر لە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکانەوە، بە ڕوونی دەبینین کە تۆقاندنی کەسە سڤیل و بێتاوانەکان کار و پیشەی باوەڕدارانی ڕاستگۆ نەبووە، چونکە سیفەت و نیشانەی باوەڕداران بەزەیی بووە، ئەگەر کەسێکیش شایستەی سزادان بووبێت ئەوا ئەوکارە لە ڕێگای ڕێکارە دادوەرییەکانەوە بە دیسپلینەکانی خۆی ئەنجامدراوە، ئیسلام دەرگای ترساندن و تیرۆر و ئازاردانی

(١) وتارەکە لە ڕۆژنامەی دیلی بێست بڵاوکراوەتەوە، وەرگێردراوەکەی لە پێگەی ٢٤ بۆ لێکۆڵینەوە ڕاگەیەنکارەکان بڵاوکراوەتەوە.

داخستووە، بووەتە بەربەستێکی توندو قایم و هەموو شێوەو جۆرەکانی حەرامکردووە، ئیتر بە شێوازی ڕاستەقینە بێت یان گاڵتەوە بێت، هەروەها دەستکۆتا نەبووە تەنها بە حەرامکردن و نەفرەت لێکردن و دوورکەوتنەوە لە بەزەیی خوای گەورە، هەروەها سزای دۆزەخ بۆ ئەو دەستدرێژکار و ئازارگەیەنەر و تێکدەر و تۆقێنەرانە، بەڵکو سزای تریشی وەك تۆڵەسەندنەوە و سزا شەرعییەکان داناوە، تا ئاینی مرۆڤ و گیان و ئەقڵ و ناموس و وەچەو ماڵ و سامان و ئاسایشی تاککەسی و کۆمەڵایەتی پارێزراو بێت، هەروەها سزای سەرزەنشتکاری تەواوکەری داناوە، کە ئەمانە دەچنە ژێر ئیجتیهادی دادوەر بۆ پاراستنی ئەو پیرۆزیانەو بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئاشتی بۆ هەمووان، تەنانەت بۆ گیانلەبەرانیش بە هەموو هۆکارە بەردەستەکان.

## پوختەی چارەسەر هەروەك لە ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆزدا هاتووە

لەو ڕاگەیەنراوەدا هاتووە کە: (ئیسلام لە مەسەلەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و پاراستنی کۆمەڵگاکان لە خراپەکانی، لەپێش هەمووشیانەوە پارێزگاری لە مرۆڤ و پاراستنی گیان و ناموس و ماڵ و ئاین و ئەقڵی پێش هەموو یاساکانی تر کەوتووە، ئەویش لە ڕێگای دانانی سنوری ڕوون کە ئیسلام ڕێگری دەکات لە تێپەڕاندنی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ البقرة: ٢٢٩. ئەمەش ڕێنماییە بۆ گشت خەڵکی، بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ڕێزەش ئیسلام ڕێگریکردووە لەوەی مرۆڤ ستەم دەرهەق بە برا مرۆییەکەی خۆی بکات، هەر کارێکیشی حەرامکردووە کە ببێتە هۆی ستەملێکردنی، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾ الأعراف: ٣٣. هەروەها بە ناشیرین وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە ئازار بە خەڵکی دەگەیەنن لە سەرتاسەری زەویدا، ئەوەی سنوردار نەکردووە تەنها بە وڵاتانی موسڵمانەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ ، وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ بِٱلۡإِثۡمِۚ فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ﴾ البقرة:

٢٠٥-٢٠٦ بە هەمانشێوە فەرمانیداوە بە دوورکەوتنەوە لە هەر کارێك کە ببێتە هۆی نانەوەی فیتنە لە نێوان خەڵکیدا و هۆشداریداوە لە مەترسییەکانی، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ الأنفال: ٢٥. لە ئاینی ئیسلامیشدا ڕێمایی بە تاك و بە کۆمەڵ دراوە کە میانڕەو بن، هەرجۆرە حەز و پاڵنەرێکی تاوانکردن و توندڕەوی لەخۆیاندا لە ڕیشکەوە دەربێنن، هەروەها هەر شتێکیتریش کە دەبێتە هۆی زیادەڕەوی لە ئایندا، چونکە ئەوە بە حەتمی لەناوچوون بەدوای خۆیدا دێنێ: ((إياكم والغلوفي الدين فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين))[(١)].

ئیسلام هەموو ئەو پاڵنەر و حەزە خراپانەی چارەسەر کردووە کە دەبنە هۆی ترساندن و تیرۆر و تۆقاندن و کوشتنی بە ناڕەوا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لا يحل لمسلم أن يروع مسلماً))[(٢)]. هەروەها دەفەرموێ: ((من أشار إلى أخيه بحديدة فإن الملائكة تلعنه حتى ينتهي وإن كان أخاه لأبيه وأمه))[(٣)]. خوای گەورە فەرمانیداوە بە جوان هەڵسوکەوتکردن و بە دادپەروەری لەگەڵ ناموسڵمانیشدا، کۆمەڵێ ماف و ئەرکی بۆ دیاریکردوون، ئاسایش و ئارامیی لە وڵاتی ئیسلامدا پێداون، خوێنبایی و کەفارەتی فەرزکردووە لەسەر کوشتنی یەکێك لەوان بە هەڵە، لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ ﴾ النساء: ٩٢. هەروەها کوشتنی ناموسڵمانی لە وڵاتی موسڵماناندا حەرامکردووە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة))[(٤)]. خوای گەورە ڕێگری لە موسڵمانان نەکردووە لەوەی چاکەکاربن بەرانبەر بە

(١) نەسائی لە سونەندا بە ژمارە (٣٠٥٧)، ئیبن ماجە لە سونەندا بە ژمارە (٣٠٢٩) گێڕاویانەتەوە.
(٢) ئەحمەد لە موسنەدا بە ژمارە (٢٢٥٥٥)، ئەبو داود لە سونەندا بە ژمارە (٥٠٠٤) گێڕاویانەتەوە.
(٣) موسلیم بە ژمارە (٢٦١٦) گێڕاویەتەوە.
(٤) صەحیحی بوخاری ژمارە (٢٩٩٥)، ئیبن ماجە لە سونەندا بە ژمارە (٢٦٨٩)، ئەحمەد لە موسنەدا بە ژمارە (١٨٦٤) گێڕاویانەتەوە.

غەیری خۆیان، مامەڵەی دادپەروەرانە لەگەڵیاندا بکەن بەمەرجێ لە حاڵەتی شەڕدا نەبن لەگەڵیان و موسڵمانانیان لە خاك و وڵاتی خۆیان دەرنەکردبێ، دەفەرموێ: ﴿ لَا يَنْهَىٰكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ الممتحنة: ٨.

خوای گەورە فەرزیکردووە لەسەر موسڵمانان کە دەبێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناموسڵمانان و ئەوانەی تریش کە پارێزبەندیان دراوەتێ دادپەروەرانە بێت، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا ۚ اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ المائدة: ٨.

لەبەرئەوە کۆڕی فیقە بە سەراپای جیهان ڕادەگەیەنێ کە کوشتنی یەك کەس بە ناڕەوا تاوانە و خراپەکەی لە ئیسلامدا یەکسانە بە کوشتنی هەمووی خەڵکی، ئیتر کوشتنی موسڵمانێك یان جگە لەو بێت بە ناڕەوا، جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان و تۆڵەسەندنەوەش لە تایبەتمەندیەکانی کاربەدەستی ئومەتن، نەك تاکەکان یان گروپەکان.

**ڕاسپاردەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامیی بۆ موسڵمانان**

**کۆڕەکە چەند ڕاسپاردەیەکی بۆ موسڵمانان دەرکردووە، ئەمەش دەقەکەیانە:**

١- پێویستە دەستبگرن بە قورئان و سوننەتەوە، بیانکەنە ناوبژیوان بۆ چارەسەری هەر کێشەو گرفتێکیان، بگەڕێنەوە بۆ لای زانا باوەڕپێکراوەکان، چونکە ئەوان کەسانی شارەزا و لەخواترس و پارێزکارن، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَٰٓؤُا ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ فاطر: ٢٨. ئەو زانایانە بەتواناترن لە ڕێنماییکردنی خەڵکی و هۆشیارکردنەوەیان و لە بەدەستهێنانی متمانەیان.

٢- پێویستە بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە کە بەرۆکی موسڵمانان دەگرن، هاوکاری هەبێت لە نێوان فەرمانڕەوایان و زانایان و دامەزراوە ئیسلامییەکاندا، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ شەریعەتی ئیسلامی و هەردوو سەرچاوەکەی کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ. خوای گەورەش فەرمانیداوە بە هاوکاریکردنی یەکتری، دەفەرموێ:

﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ المائدة: ٢.

٣- بنەمادۆزی شەرعی بۆ ڕێبازی میانڕەویی بکرێ، هەروەها بۆ ئەو زیادەڕەوییە کە ئیسلام بە خراپ ناوزەدی کردووە، ئینجا پابەندبوون بە میانڕەویی ئەم ئاینەوە لە گوفتار و کردار و لە ڕەفتاردا، ئەوەش بەپێی ئەو وەسفە کە خوای گەورە وەسفی ئوممەتی ئیسلامی پێدەکات، دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗا﴾البقرة: ١٤٣. واتە: (ئا بەو شێوەیە ئێمە ئێوەمان بە گەل و ئوممەتێکی میانڕەو گێڕاوە لە هەموو ڕوویەکەوە، تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە و بۆیان ڕوون بێت، هەروەها بۆ ئەوەش کە پێغەمبەر ﷺ شایەتی بدات بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون).

٤- کۆڕ داوا لە کەمینە موسڵمانەکان دەکات هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ، وزە بە خەرجبدەن لە پێناو پارێزگاری لە ئاینەکەیان و پاراستنی ناسنامەکەی، هەروەها جەخت لەسەر ئەرکی شەرعی ئەو کەمینانە دەکات کە پابەندبن بە بەڵێننامەی پاراستن و پەنادان و بە مەرجی نشینگەیی و هاوڵاتیبوون لەو وڵاتانەدا نیشتەجێن تیایاندا، یان تیایاندا دەژین، ئەوەش بە پارێزگاری لە گیان و ماڵی ئەوانیتر، هاوکات ڕەچاوکردنی سیستەمی گشتی لەو وڵاتانەدا، ئەرکی سەرشانیانە بە هەموو توانایان کاربکەن لەسەر پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لەسەر ئیسلام، قوتابخانەو سەنتەری لە ئامێزگر پێکبێنن... هەر هەموویان دەستبگرن بە ئاینی خواوە لە چوارچێوەی ئیسلامدا، لە کاتی چارەسەری ئەو کێشانەدا کە ڕاجیایان لەسەرە بە هێمنی و نەرمونیانی بکەونە دیالۆگ، لەو وڵاتانەی کە نیشتەجێن تیایاندا بەوپەڕی توانایان کاربکەن لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و داننان بە خۆیان و بە مافەکانیاندا، بەو پێیە کە کەمینەیەکی ئاینین و بۆی هەیە سودمەند بێت لە هەموو مافەکانی، بە تایبەتی مەسەلە خێزانییەکان، هەروەك چۆن بۆ کەمینە ئاینییەکانی تر ڕەخساوە، کۆڕ هیواخوازە کە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی، بەو پێیە کە

ڕێکخراوێکی ئیسلامی جەماوەری گەورەی جیهانە، هەوڵی خۆی لە دەستەبەرکردنی ئەو داواکاریانەدا بخاتەگەڕ.

٥- کۆڕ جەختدەکات کە فەتوا لە ئیسلامدا کارێکی گەورەو مەزنە، گەورە زانایانی پێشین و ئەو زاناو کەسایەتییە پایەدارانەی دوای ئەوانیش هاتوون، بە سام و هەیبەتەوە سەیریان کردووەو خۆیان پاراستووە لێی، لە ترسی ئەوە نەبادا بە نەزانی گوتەیەك بە ناوی خواو پێغەمبەرەوە ﷺ بە هەڵە بگوازرێتەوە، چونکە خوای گەورە ئەو تاوانەی خستووەتە پاڵ هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ الأعراف: ٣٣. هۆشداریش دەدات لە شلگیریی تیایدا، ئینجا موسڵمانان و فەرمانڕەواکان ئاراستە دەکات بەرەو گرنگیدان بە فەتوا و بە هەڵگرانی، ئەوەش بەجۆرێ کە جگە لە زانای شایستە پێی کەسیتر فەتوا نەدات، کۆڕ هاوکات هۆشداری دەدات کە موسڵمانان نەکەونە شوێن ئەو ڕاو فەتوایانە کە لەلایەن زانا باوەڕپێکراوەکانەوە دەرنەچوون و دەرناچن.

٦- کۆڕ بەدواداچوونی بۆ ئەو شاڵاوە دڕ و شێتگەرانەیە کرد کە دەکرێنە سەر قوتابخانەو زانکۆ ئیسلامییەکان، دەکرێتە سەر دوانگەکانی وتاردان و بانگەواز لە وڵاتانی ئیسلامیدا، هەروەها بۆ ئەو بانگەشە قین لەدڵانە کە داوای گۆڕینی بەرنامەکانی فێرکردن دەکەن تیایاندا، یان کەمکردنەوەیان، ئاگاداری بە موسڵمانان دەدات لە مەترسی ئەو کارە ناڕەوایە، هەروەها نەکەونە شوێن داوای لەوجۆرە، چونکە دەبێتە هۆی توانەوەی کەسایەتی ئیسلامی، دەبێتە مایەی نەشارەزایی موسڵمانان بە ئاینەکەیان، هاوکات جەختدەکات لەسەر گرنگێتی خوێندنی شەرعی لە بونیاتنانی کەسایەتی موسڵمان، لە پێکەوەبەستنی و توندڕاگرتنی کۆمەڵگا، ئەوەش بەپێی ئەو ڕێنماییانە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ هاتوون، کۆڕ داوا لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە مەترسیدارە بکات.

# بەشی هەشتەم
# فیقهی کەمینەی موسڵمان بۆ پێکەوەژیان، چۆنێتی هەڵسوکەوتیان لە کاتی بێڕێزی کردن بە پیرۆزییەکانی ئیسلام، لەبەر ڕۆشنایی فیقهی هاوڵاتیبووندا

**ئەم بەشە دوو باس لەخۆ دەگرێ:**

**- باسی یەکەم: دەستپێك دەربارەی ڕێساو پرەنسیپەکان، هەروەها پێشەنگیی لە هەڵسوکەوتدا، فیقهی هاوڵاتیبوون. ئەم باسە سێ تەوەرە لەخۆدەگرێ.**

**- باسی دووەم: فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوێکیتردا لە کاتی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان، ئەمیش شەش تەوەرە لەخۆدەگرێ.**

## باسی یەکەم
## دەستپێك

سێ تەوەرە لەخۆدەگرێ:

تەوەرەی یەکەم: ڕێسا و پرەنسیپە گشتییەکان کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەی موسڵمانەوە.

تەوەرەی دووەم: پێشەنگیی لە هەڵسوکەوتدا: چیرۆکی گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لێبێت) -بەو پێیە کە پێشەنگە بۆ کەمینەکان-، هەروەها پرەنسیپ و ئەو حوکمە شەرعییانە لێیەوە هەڵدەگوزرێن، چیرۆکی کۆچکەرانیش لە حەبەشە.

تەوەرەی سێیەم: فیقهی هاوڵاتیبوون بەو پێیە کە دەروازەی پێکەوەژیانە، پێگەی هەنگاونانە بەرەو ئاوێتەبوونی ئەرێنی.

## تەوەرەی یەکەم
## ڕێسا و پرەنسیپە گشتییەکان کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەکان

### پێشەکی:

لە ڕاستیدا فیقهی کەمینە موسڵمانەکان فیقهێك نییە جیابێت لە شەریعەتی ئیسلامی، بەڵکو شەریعەت خۆی ڕەچاوی بارودۆخی خەڵکی و باری جیاوازیانی کردووە، تەنانەت لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە حاڵەتەکانی لاوازیی و هێزدا، لە ناچاری و ئازادی خود دا، لە باری سەغڵەتی و فراوانیدا، چونکە هەر حاڵەتێك لەو حاڵەتانە فیقهێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هاوکات لەگەڵ پارێزگاری لە مەسەلە نەگۆڕە گومانبڕەکان، چونکە فیقهی مەککی جیاوازە لە فیقهی سەردەمی مەدینە، سەردەمەکانی تریش هەروەهایە.

لەبەرئەوە، فیقهی تایبەت -یان ئەو ئەحکامە شەرعییانە کە تایبەتن بە کەمینەکان- فیقهێکە لەناو بازنەی فیقهی دابەزندنی هۆکار و دەستەبەرکردنی مەبەستە لە مەسەلە نەگۆڕەکاندا، لە پرەنسیپە گشتییەکاندایە کە تایبەتن بە ئاسانکاریی، هەروەها حاڵەتەکانی زەرورەت و پێویستی گشتی یان تایبەت، هەروەها فیقهی مەبەست و سەرئەنجامەکانە دەرهەق بە دەقە گوماناوییەکان و ئیجتیهادە ناوخۆییەکان لە مەسەلە گۆڕدراوەکاندا، نەك لە بازنەی مەسەلە گومانبڕە نەگۆڕەکاندا، ئەم فیقهە بەشێوەیەکی زۆر سودمەندە لە تێگەیشتن لە شەریعەت، ئەویش لە ڕێگای بەدواداچوون و خوێندنەوەو دەرهێنانی سەرئەنجام لە ڕەچاوکردنی مەبەستە گشتییەکان و سەرئەنجام و داخستنی بیانووەکان، هەروەها ئەوەی قورئانی پیرۆز لەبارەی پێغەمبەری ڕێزدار کوڕی ڕێزدار کوڕی ڕێزدارەوە یوسف کوڕی یەعقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم -سەلامی خوا لەسەر ئەوان و لەسەر پێغەمبەرمان بێت- باسیکردووە، هەروەها سودوەرگرتن لە کۆچکەرە یەکەمەکان بۆ حەبەشە بە سەرکردایەتی جەعفەری تەیار کە مامی پێغەمبەر ﷺ بوو، هەروەها لە نەجاشیەوە[١].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی نوسەر بە ناوی (نحن والآخر)، چاپی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان بکە.

*** ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانە کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەی موسڵمانەوە:**

ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١- پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، لەسەر بنەمای دادپەروەریی و یەکسانیی لە ماف و ئەرکەکاندا، هەروەها لەسەر دانان بەویتردا.

٢- پرەنسیپی هاوکاری لەسەر چاکەو خواناسی و پارێزکاری، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ المائدة: ٢. چونکە خوای گەورە فەرمانیداوە بە هاوکاری لەگەڵ هەمووان مادامێ باسەکە هاوکارییە لەسەر چاکەو چاکەکاریی و بۆ بەرژەوەندییەکانی مرۆڤە.

٣- ڕێسای بوونی خاڵە هاوبەشە زۆرەکان لە نێوان موسڵمان و ئەوانیتردا لە پەیڕەوانی ئاینە ئاسمانییەکان -تەنانەت جگە لەوانیش-، بەو پێیە هەمووان لە یەك باوك و دایك بەدیهێنراون، هەموانیش لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ...﴾ الحج: ٥. واتە: (ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوبوونەوە هەیە، خۆ لە سەرەتادا ئێمە ئێوەمان لە خاك دروستکردووە). باوکی مرۆڤایەتی یەك (ئادەم)ە، دایکیشی یەك (حەوا)یە، پەروەردگاریان یەکە، بەدیهێنەریان یەکە، هەر مرۆڤێکیش ڕۆحێکی هەیە کە لە ڕۆحی زاتی خواوەیە، کەواتە دروست نییە دەستدرێژی بکرێتە سەر ڕۆحی، گیانی، ماڵ و ناموسی و.....تادوایی.

٤- جیاوازییە هزری و ئاینییەکان لە یەکتر قوبوڵبکرێن چونکە لە ڕێساکانی خوای گەورەن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ، إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ﴾ هود: ١١٨-١١٩. لەبەرئەوە پێویستە پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانیتردا بە ئاشتی و بە سەلامەتی بێت.

٥- ئیقرارکردن بە کەرامەتی مرۆڤ و بە مافەکانی لە ژیاندا، لە گرنگترینیان ئازادیەتی لە هەڵبژاردنی ئایندا، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن

وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴾ الكهف: ٢٩. واته: (بەو خەڵکە بڵێ: حەق و حەقیقەت و ڕاستەقینە هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە لەتوێی ئەم قورئانەدا پێتان ڕاگەیەنراوە، جا ئیتر ئێوە ئازادن، ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ڕێبازی ئیمان و دینداری هەڵبژێرێت، ئەوەش دەیەوێت با ڕێبازی کوفر و بێ دینی پەیڕەو بکات...).

٦- کارکردن لەسەر پرەنسیپی دیالۆگ کە ئەسڵ و بنچینەیە، نەك ململانێ، داوای یەکەم لە باوەڕدار ئەوەیە کە بانگەواز بکات بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری چاك و باش و بە مشتومڕی سودگەیەنەر بۆ لای خوای گەورە، خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾ النحل: ١٢٥. واته: (-ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی ئیماندار-، بانگەواز بکە بۆ ڕێباز و ئاین و بەرنامەی پەروەردگارت، بە حیکمەت و داناییەوە، هەروەها بە شێوازی ئامۆژگاریی جوان و بەجێ، -ئەگەر موجادەلەو گفتوگۆ و دانوستانیش پێش هات- ئەوە بە جوانترین شێوە تۆ ڕاستییەکان ڕوونبکەرەوە). بەمجۆرە دەبێت هەموو کێشەکان بە باشترین دیالۆگ چارەسەر بکرێن مادامێ لەتوانادایە کاری پێبکرێ.

٧- نابێت حوکمدان گشتاندنی بۆ بکرێ و هەموان بگرێتەوە، چونکە یەکێك لە گەورەترین هۆکارە نزیککەرەوەکان ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز بوارێکی زۆری بۆ دیالۆگ و پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانیتر جێهێشتووە، نەهاتووە لەپای خراپی هەڵسوکەت یان ناباشی یان نەپاراستنی ئەمانەت لە کەسانێکیاندا حوکمێکی گشتی بدات بەسەریاندا، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَيۡسُواْ سَوَآءٗۗ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ أُمَّةٞ قَآئِمَةٞ يَتۡلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ وَهُمۡ يَسۡجُدُونَ ، يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَأُوْلَٰٓئِكَ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ آل عمران: ١١٣ - ١١٤ واته: (گاور و جوو هەموویان خراپ و بێ دین و تاوانبار نین، بەڵکو بەردەوام کەسانێکی ژیر و خواناسیان تێدا هەڵکەوتووە، بیریان کردۆتەوە لە ڕاست و دروستی ئاینی ئیسلام، چونکە ئاینەکانی ئەوانیشی لە ئامێز گرتووە، هەندێکیان بەشەودا قورئان

دەوردەکەنەوە و ئایەتەکانی خوای گەورە دەخوێننەوە، نوێژ دەکەن و سوژدە دەبەن و پەیڕەوی لە ئاینی ئیسلام دەکەن...، ئەوانە ئیمان و باوەڕی دامەزراویان بە خوای تاك و تەنها وڕۆژی دوایی هەیە، فەرمان بە چاکە دەکەن و بەشێوازێکی جوان بەرپەرچی خراپە دەدەنەوە، زۆر بە پەلە و گورج و گۆڵن بۆ ئەنجامدانی هەموو چاکەیەك، بێگومان ئا ئەوانە لە ڕیزی چاکەکار و چاکەخواز و ئیمانداراندان). هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ آل عمران: ٧٥ واتە: (لە شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان، کەسانێك هەن کە ئەگەر ماڵ و سامانێکی زۆریان بە ئەمانەت پێبسپێریت هەر کاتێك داوای بکەیتەوە بۆتدەگێڕێتەوە بە تەواوی، هەشیانە ئەگەر تاکە دینارێکی بە ئەمانەت لا دابنێیت بۆتناگێڕێتەوە، مەگەر بەسەریەوە ڕاوەستا بیت و کۆڵی لێنەدەیت، ئەمانە بۆیە ڕەفتاریان وایە گوایە دەڵێن: ئێمە بە نیسبەت دەستەی نەخوێندەوارانەوە -مەبەستیان موسڵمانانە- هیچ پابەندیەکمان نیە، وادەزانن ئەگەر فێڵیان لێبکەن و ماڵ و سامانیان بدزن بەرپرس نابن، لەحاڵێکدا ئەوانە درۆ بەناوی خواوە دەکەن، چاکیش دەزانن کە ئەو کاریان نارەوا و ناشایستە و حەرامە). ﴿وَلَوۡ ءَامَنَ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۚ مِّنۡهُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَأَكۡثَرُهُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ آل عمران: ١١٠ واتە: (جا ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕبێنن و موسڵمان بن، ئەوە چاکترە بۆیان، -هەیانە موسڵمان دەبێت و دەڵێت: من عیسام لە دەست نەچوو، موحەممەدیشم دەستکەوت-، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان لە سنور دەرچوون و خۆیان گوناهبار کردووە). ئەم ئایەتانە کەشو هەوای لەبار دەڕەخسێنن بۆ پێکەوەژیان و دیالۆگ و هاوکاری یەکتری.

٨- فراوانکردنی بازنەی بەشداریی لە نێوان موسڵمانان (ئێمە) و ئەوانیتردا (الآخر) تا هەمووان بگرێتەوە تەنانەت مولحیدانیش، جا لە کاتێکدا کە ئیسلام ئەو ڕووبەرە گەورەیەی بەشداریی دەدات بە پەیوەندی لە نێوان موسڵمانان (ئێمە) و پەیڕەوانی ئاینە

ئاسمانییەکانی تر -جولەکەو مەسیحییەکان-، ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئیسلام جەنگی بە ڕەهایی ڕاگەیاندووە دژ بەوانیتر لە مولحیدان یان هاوەڵگەران یان بتپەرستان و هاوشێوەیان، بەڵکو من دەتوانم بڵێم: کە سیاسەتی ئیسلام بریتییە لە فراوانکردنی بازنەی پێکەوەژیان تا هەمووان -جگە لە دەستدرێژکاران- بگرێتەوە.

خوای گەورە هەموو ڕاجیاوازان -لەنێویشیاندا مولحیدان و بتپەرستان و دەهرییەکان...- بانگهێشت دەکات بۆ ڕێسایەکی هاوبەشی نێوان هەموو ئادەمیزادەکان، ئەویش گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ، قُل لَّا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّآ أَجۡرَمۡنَا وَلَا نُسۡـَٔلُ عَمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ سبأ: ٢٤-٢٥ واتە: (جا ئیتر حاڵی ئێمەی ئیماندار و ئێوەی بێ ئیمان لە دوو حاڵەت بەدەر نیە، یان ئێمە، یان ئێوە، ڕێبازی هیدایەتمان گرتوتەبەر، یان لە گومڕاییەکی ئاشکرادا گیرمان خواردووە، هەروەها پێیان بڵێ: کە ئێوە بەرپرسیار نین، لە تاوانەکانی ئێمە، ئێمەش پرسیارمان لێناکرێت دەربارەی کارو کردەوەی ئێوە).

ئەم ئایەتە پیرۆزە بانگەوازێکی ڕاشکاوە بۆ هەمووان بەبێ هەڵاوێردکردن بۆ شارەزابوون بە حەقیقەت و هیدایەت، بە ناڕەواو گومڕایی، لەبەرئەوە قورئان لە کاتی مشتومڕ و دەمەقاڵەی چاکدا نەهاتووە بڕیار بدات کە هەر ئیسلام ڕاستە -هەرچەندە وەهایە-، نەهاتووە حوکمبدات بە ناڕەوایی هاوەڵگەران و هاوەڵگەرییاندا کە گومڕاییە -هەرچەندە وەهایە-، بەڵکو دەرگای دیالۆگ و مشتومڕی خستووەتە سەرپشت.

جوانی و نایابی ئەو شێوازە سەیر و دەرئاسایە لە قورئاندا، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی بانگ دەکات تا ئەو ڕاستییەی لای خۆیانە وەك گریمانەی تاوان وەسفی بکەن، ئەوەش لای بێباوەڕانە بە کردەوەی ماددی وەسفی بکات، تەنانەت ئەگەر ناڕەواو تاوانیش بێت، چونکە ئەوە هەر خۆیانن بەرپرسن لێی. ئەمە لە کاتێکدا ئەو وەسفەی بۆ بەرانبەرکێ و بەراوردکاریی بەکارنەهێناوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە دەبێت وتووێژکار ڕێز لەو شتە بگرێ لای بەرانبەرەکەیە، هەر بۆیە هەر لە

سەرەتاوە حوکم نادات بەسەریدا، بە ڕای منیش ئەم ئایەتە دادەنرێ بە گەورەترین ڕێسا و فراوانترین و ناسکترین و شیرینترین و ژیرانەترین و گشتگیرانەترین شێواز لە بواری دیالۆگ و پێکەوەژیاندا.

لە ڕاستیشدا ئیسلام ئەگەرچی پەیوەندی باوەڕ و برایەتی ئیمانی کردووەتە بنەما، بەڵام هەر داندەنێ بە کۆمەڵێك بازنەی پێکەوەبەستن و ڕایەڵەی پەیوەندیدا، چونکە ئیسلام دەیەوێت لە ڕێگای فراوانکردنی ئەو بازنانەوە بگاتە زەمینەیەکی هاوبەش بۆ نزیکبوونەوەو پێکەوەژیان و هاوکاری و بانگەواز، ئەو بازنانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- بازنەی مرۆڤایەتی: بەو پێیە کە هەمووان لە ئادەم و حەوان، لەبەرئەوە دەبینین کە دواندن بە: ئەی خەڵکینە هاتووە.

ب- بازنەی نەتەوایەتی: چونکە قورئان بە هەمانشێوە بە برایەتی گوزارشی لێکردووە -هەروەك پێشتر هاتووە-.

ج- بازنەی خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان.

د- دواجار بازنەی هەموو ئەو کەسانە کە بە ڕەهایی بەدوای هەقدا دەگەڕێن.

٩- ئیسلام تێکۆشان (الجهاد)ی ڕاگەیاندووە، یەکەم ئایەتی تێکۆشانیش کە دابەزیوە بە ڕەهایی بۆ بەرقەرارکردنی ئازادی ئاینی و پەرستگاکان بووە، ئەمەش دەبێت لە هەڵسوکەوتدا ڕووبەرێکی فراوانی پێبدرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ، ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَـٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ، ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّـٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّهِ عَـٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ﴾ الحج: ٣٩-٤١.

١٠- لە ڕاستیدا ئیسلام کە هاتووە بە چڕی باسی تێکۆشان دەکات - تێکۆشانیش لە پێناو خوای گەورەدا تەنها بریتی نییە لە جەنگ و کوشتار، بەڵکو جەنگ و کوشتار دوا

قۆناغە، ئەویش بە مەرج و دیسپلینەکانی خۆی- بۆ ئەوەیە هەلی تر بڕەخسێنێ بۆ بانگەواز بۆ لای خوای گەورە بە حیکمەت و ئامۆژگاری باش و چاك و بە هاوشێوەکانی.

١١- بەدڵنیایی مەبەستەکانی شەریعەت لە هەبوونی جیاوازی بە دەقی قورئانی پیرۆز بۆ یەکترناسینە، نەك بۆ ململانێ و شەڕەقۆچ و یەکترکوشتن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات: ١٣

١٢- ئەو پرەنسیپە گشتییە کە خوای گەورە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ناموسڵماناندا کردوویەتە ئەرك، بریتییە لەم سێ ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێ: ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً ۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٌ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ، لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ، إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَـٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَـٰرِكُمْ وَظَـٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ﴾ الممتحنة: ٧-٩ واتە: (سەیر نیەو دوور نیە کە خوای گەورە ڕێز و خۆشەویستی بخاتە نێوان ئێوەو ئەو کەسانەوە کە دوژمنایەتی لەنێوانتاندا هەبووە، چونکە لەوانەیە هەندێکیان بێنە ڕیزی کاروانی ئێوەو موسڵمان بن، دڵنیابن کە خوای گەورە ئەو دەسەڵاتەی هەیە، هەروەها تەواو لێخۆشبوو و میهرەبانە. هەروەها خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێناکات کە چاك ڕەفتارو دادپەروەربن لەگەڵا ئەو کەسانەدا کە موسڵمان نین، بەڵام جەنگ لە دژتان ناکەن و دژایەتی ئاینتان ناکەن و شاربەدەرتان ناکەن، چونکە لە ڕاستیدا خوای گەورە دادپەروەران و کەسانی دژ بە ستەمی خۆشدەوێت. بەڵکو خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێدەکات پشتیوانی لەو کەسانە بکەن کە جەنگیان بەرپاکرد دژی ئاینتان، شاربەدەریان کردن و بەئاشکرا دژایەتیان کردن، لە شوێنی خۆتان ئێوەیان دەربەدەر کردو ڕۆڵی ئاشکرایان هەبوو لەو ستەمەدا، جا ئەوەی ئەوانە بکاتە پشتیوانی خۆی، یاخود پشتیوانی لەو جۆرە کەسانە بکات، دیارە ئا ئەوانەش هەر ستەمکارن).

**ئەم ئایەتانە جەخت لەم خالانەی خوارەوە دەکەن:**

أ- ئیسلام بەپەرۆشەوە دەڕوانێتە نەهێشتنی دوژمنایەتی لە نێوان پێغەمبەر ﷺ نێوان بێباوەڕان و نەهێشتنی هۆکارەکانیشی، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا خۆشەویستی و پێکەوەژیان و ئاسایش و سەلامەتی باڵبکێشێ بەسەر کۆمەڵگادا.

ب- ئەو کەس و لایەنانەی کە هەڵناسن بە دەستدرێژی و دەرکردن و شەڕ و کوشتنی موسڵمانان، ئەوا هەڵسوکەوت لەگەڵیان لەسەر بناغەی چاکەکاریی و دادپەروەری دەبێت.

ج- ئیسلام شەڕ ڕاناگەیەنێ مەگەر تەنها لەدژی ئەوانە نەبێت کە شەڕیان لەدژی ڕاگەیاندووە، پیلانگێڕییان دژ بە موسڵمانان ئەنجامداوەو لە مەککەی وڵاتی خۆیان دەریانکردوون، بۆ ئەوانەش ئەوا نابێت نە پشتگیریان لێبکرێ و نە لایەنگری و خۆشەویستی لەگەڵیاندا بە خەرجبدرێ.

*** ئەو ئەحکامە گشتییانە کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەی موسڵمان:**

ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئەسڵ لە هەموو ئەرکە شەرعییەکاندا ئەوەیە کە هەموو خەڵکی بگرنەوە، ئەمەش لە بارێکدا کە مەرجەکانی ئەرك پێسپاردن لە حوکمی شەرعیدا فەراهەم بێت، چونکە ئەوە مەرجەکانی ئەرك پێسپاردن و دابەزاندن و ڕاپەڕاندنە، هەروەها بەجێگەیاندنی مەبەستەکەیە، کە بازنەی حوکی شەرعی فراوان دەکەن یان بەرتەسك دەکەن یان هەر بوونی نییە.

٢- حوکمی ئەرکی شەرعی -ئیتر بۆ زۆرینە یان کەمینە بێت- بەستراوە بەو توانایەوە کە کات و شوێن و بارودۆخ و حاڵەتەکان کاریگەرن لەسەری، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا﴾ البقرة: ٢٨٦. ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە چەندینجار لە قورئانی پیرۆزدا دووبارە بووەتەوە، سونەتی پاکو بێگەردی پێغەمبەر ﷺ بە تێروتەسەلی باسیکردووە.

٣- پەیوەندی کەمینەی موسڵمان بەو دەوڵەتەوە کە تیایدا دەژی، هەروەها بە دامەزراوەکان و کۆمەڵگاکەیەوە لەسەر بنەمای مافەکانی هاولاتیبوون بەرپا دەبێت، ئەوەش لەسەر ئەو گرێبەستانەیە کە موسڵمان پێیان ڕازیبووە، هەروەها لەسەر ئەو سیستمە کە پەسەندی کردووە، لەسەر ئەو یاسایانەی کە لەوێ کاریان پێدەکرێ، بەم پێیەش ئەوا دەبێت ئەو مافە ڕەوایانەی کە دەکەونە سەری جێبەجێیان بکات، هەروەك چۆن لەو کاتەوە کە چووەتە ئەو وڵاتە یان هەر لە بنچینەوە لەوێ بووە ڕازیبووە یان سودمەند بووە لەو مافانەی خۆی -دواتریش وردەکاری ئەمە باسدەکەین-.

٤- لە ڕاستیدا ڕێسای ئاسانکاری و نەهێشتنی سەغڵەتی و ناڕەحەتی و ڕەچاوکردنی حاڵەتەکانی زەرورەت و پێویستی -بۆ تاکەکان یان بۆ کۆمەڵ-، لەو پرەنسیپە گشتییە گومانبڕانەن کە چەندین دەق لە قورئانی پیرۆز و سوننەت، هەروەها لە کۆدەنگی زانایاندا لەسەریان هاتوون.

٥- لە ئیسلامدا چەند حوکمێکی شەرعی هەن کە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا نەبێت جێبەجێکردنیان دەستەبەر نابێت، بەڵکو داوای جێبەجێکردنیشیان ناکرێ، ئەوانیش وەك مەسەلەی سزا شەرعییەکان و ئەو سزایانەی تریش کە لە ئیسلامدا بڕیاریان لێدراوە.

٦- یەکێك لە مەبەستەکانی شەریعەت: پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵ و کۆمەڵگایەو پارێزگارییە لێی، ئەمە لەپاڵ ئاسایشی ڕۆح و گیان و ناموسی تاکدا، کەواتە دەبێت ئەو مەبەستە بەردەوام لە هەموو حوکمێکدا یان چالاکییەکی ئیسلامیدا لەبەرچاوماندا بێت، تەنانەت پێویستییەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا پێگەی زەرورەت وەردەگرن، با لەمبارەیەوە ئەو بابەتە بخوێنرێتەوە کە جوەینی پێشەوای حەرەمەین باسیکردووە.

٧- دەبێ بزانرێ بنەما گشتییەکانی فیقهی ئیسلامی کە بریتین لە: (قورئان، سوننەت، کۆدەنگی، پێوانەگیریی، شەرعی ئەوانەی پێش ئێمە، بەرژەوەندییە زەرورەکان، بەچاکزانین و عورف)، هەر ئەوانن کە لە فیقهی کەمینەکانیشدا هەژمووندارن، بەڵام

لەگەڵ بەستنەوەیان بە مەبەستە گشتییەکانی شەریعەت و فیقهی سەرئەنجامەکان و داخستنی بیانووەکانەوە، هەروەها وردبینی لە جێبەجێکردنی مەبەستدا، لە مەرجەکانی ڕاپەڕاندن و فیقهی دابەزاندندا، هەروەها ڕەچاوکردنی ڕێسا گشتییەکان و پرەنسیپە گشتییە تایبەتەکان بە ئاسانکاری و نەهێشتنی سەغڵەتی، بە جۆری فەتوادان بەپێی گۆڕینی شوێن و کات و عورفەکان و هاوشێوەیانەوە.

## تەوەرەی دووەم
## هەبوونی پێشەنگ لە هەڵسوکەوتدا

ئەمەش لە ڕێگای:

*** یەکەم: چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لێبێت) و وانە وەرگیراوەکان لێی (پێشەنگە بۆ کەمینەی موسڵمان لە هەر جێگایەک بێت)**

خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ و بە ئوممەتەکەی داوە پێغەمبەران بکەنە پێشەنگ و ڕێنماکاری خۆیان، خوای گەورە لەدوای ناوهێنانیان دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ ﴾ الأنعام: ٩٠. واتە: (ئەو پێغەمبەرانەی کە باسکران، ئەو کەسانەن کە خوای گەورە بە تایبەتی هیدایەت و ڕێنوێنی کردوون، تۆش شوێنی هیدایەت و ڕێنوێنی ئەوانە بکەوە). هەروەها لە سورەتی الانبیاو دا دوای ئەوە کە ناوی ژمارەیەك لە پێغەمبەرانی هێناوە، پێغەمبەر موحەممەد ﷺ و ئوممەتەکەی دەدوێنێ کە: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴾ الأنبياء: ٩٢. ئایەت و فەرموودەکان ئەوە دەگەیەنن کە پەیامی ئیسلام یەك پەیامە، لە گەورەمان ئادەمەوە (سەلامی خوای لێبێت) دەستپێدەکات تا دەگاتە کۆتا پەیام کە بە پەیامی گەورەمان موحەممەد ﷺ کۆتاییان هاتووە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ

﴿إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ﴾ الشورى: ١٣. واته: (جا ئەو زاتە ڕێگە و ڕێبازی دینداری بۆ ئێوە ڕوونکردۆتەوە، هەر وەکو چۆن کاتی خۆی بۆ نوح پێغەمبەری ڕوونکردۆتەوە، هەروەها بەم قورئانەش کە بۆ تۆی نازڵکردووە ئەی موحەممەد ﷺ، ڕێبازی دینداری ڕاست و دروستی گەیاندووە، هەروەها بەو ئامۆژگاری و ڕێنموییانەی کە گەیاندوویەتی بە ئیبراهیم و موساو عیسا، گرنگترین پەیامی ئەوەیە کە لە بەرنامەی یەکخواناسی لانەدەن، لە هەوڵی پایەداری ئایندا بن و بە دووربن لە تەفرەقە و جیاوازی و جیاکاری، جا ئەو بەرنامەی توحید و یەکخواناسینەی کە ئێوە بانگەوازی بۆ دەکەن لای موشریك و هاوەڵگەران زۆر سەخت و گەورە و گرانە، بەڵام خوای گەورە ئەو کەسەی شایستە بێت، هەڵیدەبژێرێت و دەیکاتە بەندەی ڕێزداری خۆی، هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە هەمیشە دڵیان لای ئەو زاتەیە و بەردەوام حەز بە پەرستنی دەکەن، لە خەمی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو زاتەدان). هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَكُمۡ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ المائدة: ٣. کەواتە ئەوەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەر ﷺ داویانەتە پاڵ پێغەمبەران، ئەوە هەقەو جێگیر و نەگۆڕەو پێشەنگییەو بۆ ئێمە شەرعە، مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە بەڵگەیەکی ڕاست دەلالەت لە هەڵوەشاندنەوەی بکات، ئەمەش ڕەئی زانا لێکۆڵەرەکانە[١].

*** ئەو ڕێسا گشتییانە کە لە چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لێبێت) هەڵگۆزراون:**

لە ڕاستیدا چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لێبێت) تەواو لەوەوە نزیکە کە بچەسپێ بەسەر بارودۆخی موسڵمانی خۆرئاوادا، گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لێبێت) لە کاتێکدا دەرچوو کە چەوساوەی دەستی ئەو برایانەی بوو کە وتیان: ﴿ٱقۡتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ ، قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ يَلۡتَقِطۡهُ بَعۡضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ﴾ یوسف:

(١) سەیری: (البحر المحيط)ی زەرکەشی، چاپی وەزارەتی ئەوقافی کوەیت (٣٩/٦) بکرێ.

٩-١٠ واتە: (هەندێکیان وتیان: یوسف بکوژن و لەناویبەرن، یاخود دووری بخەنەوە بۆ شوێنێکی دوور، ئەو کات نازی باوکتان یەکلایی دەبێتەوە بۆ ئێوە و ناچار دبێ هەر ئێوەی خۆشبوێت، ئەوسا ئیتر ئێوەش خۆتان بە ڕۆڵەی چاك و گوێڕایەڵ نیشانبدەن. بەڵام یەکێکیان وتی: یوسف مەکوژن، بەڵکو من پێمباشە یوسف شۆڕبکەنەوە ناو بیرێکی قووڵ لەسەرەڕێی کارواندا، تا کاروان کە لایاندا بۆ ئاو دەرهێنان ڕێیان لێی بکەوێت و دەریبێنن و ببەن لەگەڵ خۆیاندا، ئەگەر بڕیارە هەر شتێکی لێبکەن و ونی بکەن). هەموو ئەو موسڵمانانەش کە لەم سەردەمەدا چوونەتە ئەوروپا یان ئەمەریکا، جگە لە کەمێکی کەمیان نەبێت کە بە مەبەستی فێربوونی زانست ڕۆیشتوون و نەگەڕاونەتەوە، ئیتر ئەوانیتر لە وڵاتانی خۆیاندا بە هۆکاری سیاسی یان ئابووری کەسانی چەوساوە بوون، تەنانەت ئەو بارودۆخە سەختانە لە خزمەتکاری سەخت کە لە میصر بەسەر گەورەمان یوسف دا تێپەڕین، پێدەچێ لای هەندێ لە کەمینەی موسڵمان بەردەست بێت.

ئێمەش لێرەدا گرنگترین ئەو وانە هەڵگۆزراوانە دەخەینەڕوو کە پەیوەندن بە کەمینەی موسڵمانەوە، تا ببنە پێشەنگ بۆیان، ئەوانیش ئەمانەن:

١- گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لێبێت) لە میصر دەژیا، توانی پارێزگاری لە ئاین و لە باوەڕ و لە ڕەوشتی خۆی بکات، -بە فەزڵی خوای گەورە- هەڵنەخلیسکا بەرەو حەزو ئارەزووەکان، هەرچەندە چەندین فشاری سەخت و قورس لەلایەن هاوسەرەکەی عەزیز و ئافرەتانی ترەوە لەسەری بوون، تەنانەت مەسەلەکە گەیشتە ئاستێك قورئانی پیرۆز باسیبکات کە: ﴿وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ یوسف: ٢٣. واتە: (هەموو دەرگاکانی داخست و وتی: وەرە پێشەوە، وەرە پێشەوە، یوسفیش جوامێرانە وتی: پەنا بە خوای گەورە دەگرم، چۆن کاری وا دەکەم، مێردەکەی تۆ زۆر ڕێزی لێگرتووم وچاکەی لەگەڵدا کردووم، لە ڕاستیدا ستەمکاران سەرفراز نابن). لەپێناو

پارێزگاری لە ڕەوشتەکەی قوربانیدا بە چەندین خۆشی ژیانی خۆی، بەڵکو بۆ چەند ساڵێکیش زیندانی کرا.

لێرەوە پێویستە لەسەر کەمینەی موسڵمان، یوسف (سەلامی خوای لێبێت) بکەنە پێشەنگی خۆیان، خەمی گەورەیان پارێزگاری بێت لە ئاین و باوەڕ و ڕەوشت و ڕەوشتی نەوەکانی ئایندە، ئەوەش لە ڕێگای دەستگرتن و کارکردن بە هەموو هۆکارە ماددی و مەعنەوییەکان، هەروەها بە میکانیزمە پەروەردەییەکان و هەر پرۆسەیەکی تری بەردەست بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە، ئەگەرنا ئەوا هیچ بەهایەك بۆ هیچ ئامانجێکی دنیایی هەرچەندە گەورە و مەزن بێت نامێنێت، ئەگەر بێتو ببێتە هۆی لەدەستدانی ئاین و ڕەوشت، گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لێبێت) هەر ئەمەی فەرموو: ﴿رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِۖ﴾ یوسف: ٣٣. واتە: (یوسف کە گوێی لەم هەڕەشەیە بوو دەستەکانی بەرزکردەوە و وتی: پەروەردگارا من گرتووخانەم لا باشترە لەوەی کە ئەمانە لەمنیان دەوێت). زیندانیشی بە ڕەهایی باسکردووە، تا ئەو تێگەیشتنەی لێبکرێ کە زیندان تەنانەت ئەگەر هەمووی تەمەنیش ببات، هەر خۆشەویستتر و باشترە لە کەوتنەناو سەرپێچییەك ببێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە، ئەی ئەگەر کەوتنەناو بێباوەڕی بێت، یان توانەوەی خودی کەسەکە یان نەوەی داهاتوو بێت دەبێت چ کارەساتێکی مەترسیدار بێت.

٢- وەفاداری بەرانبەر بەو کەسە چاکەی لەگەڵکردووە، تەنانەت با بێباوەڕیش بێت، چونکە عەزیزی میصر کاتێك یوسفی کڕی بە هاوسەرەکەیی وت: ﴿أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ﴾ یوسف: ٢١. واتە: (سەرئەنجام دەستا و دەست یوسف کەوتە ماڵی پادشای میصرەوە، بۆیە بە هاوسەرەکەیی وت: ڕێزی ئەم منداڵە بگرە بەڵکو خێربداتەوە بۆمان، یان بیکەینە کوڕی خۆمان). یوسفیش ئەو چاکەیەی عەزیزی لەبیرنەچوو، لەبەرئەوە یەکێك لە پاڵنەرەکانی -لەدوای ترسی لە خوای گەورە- لەوەی کە نەچوو بەدەم داوای هاوسەرەکەی عەزیزەوە، ئەوەبوو

فەرمووی: ﴿إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ﴾ یوسف: ٢٣. هەندێ لە ڕاڤەکارانی قورئان ڕاناوەکە دەگێڕنەوە بۆ عەزیزی میصر کە هاودەمی حاڵەتەکە بووە، ئەگەر ڕاناوەکەش بگێڕدرێتەوە بۆ لای خوای تەعالا ئەوا تەواوکەری ئایەتەکە ئەو مانایە دەدات، چونکە فەرمووی: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ یوسف: ٢٣.

٣- ستەم نەکردن لە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە، تەنانەت ئەگەر ستەمێك لەلایەن هەندێکیانەوە یان لە فەرمانڕەواکان یان دەوڵەتانیانەوە دەرهەق بە کەسی کۆچکەر یان کەمینەکەش بکرێ، یان بەرانبەر بە دەوڵەتانی ئیسلامی بکرێ بە داگیرکردنیان، چونکە ستەم بە ستەمکردن بەرپەرچ نادرێتەوە، یوسف لەدوای هەوڵی هاوسەرەکەی عەزیز لەگەڵیدا فەرمووی: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ یوسف: ٢٣.

ئەمەش وەڵامێکی بەهێزە بۆ هەندێ لەو موسڵمانە کۆچبەرانە کە بیانوویان بە دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و سامانی دەوڵەتە ئەوروپییەکان یان ئەمەریکا ئەوەیە کە ئەوانە دەوڵەتانی داگیرکارن و ماڵ و سامانی موسڵمانانیان بەتاڵانبردووە، بەم تێڕوانینەیان ئەوا ئەو ماڵ و سامانە کە لەوان دەیبەن پاداشتی کردەوەی ئەو وڵاتانە خۆیانە، لە ڕاستیدا ئەمە تێگەیشتنێکی سەقەتە و پێچەوانەی شەرعی خوایە، لەبەرئەوە وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەو کارە بە چەندین بەڵگەی شەرعی ستەمە و پێشتر باسمانکردوون، لەوانەش ئایەتی: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ﴾ الأنعام: ١٦٤، الإسراء: ١٥، فاطر: ١٨، الزمر: ٧). یەکێکیتریش لەو بەڵگانە ئەوەیە خۆ ئەو کۆچکەرانە نوێنەری ئەو موسڵمانانە نین کە بەدەستی داگیرکار ستەمیان لێکراوە.

٤- نیشتەجێبوون، هەروەها خۆشویستنی ئەو نیشتمانە کە تیایدا ژیاوە، سەرنجبدە کاتێك گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لێبێت) لەلایەن ئەو ئافرەتانەوە تەنگی پێهەڵچنرا نەیفەرموو: کۆچکردن، یان دەرچوون لام خۆشەویستترە لەوەی ئەوانە لێم داوا دەکەن، بەڵکو فەرمووی: ﴿رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِۖ﴾ یوسف: ٣٣. ئەمەش بەڵگەیە کە لە میصر نیشتەجێ بووەو خۆشیویستووە، زیندانیکردنی لە

میصر لا باشتر بووە لەوەی بڕواتە دەرەوەو بەجێیبێڵێ، زیاد لەوەش داوای لە پادشا کرد بیکاتە ئەمینداری گەنجینەکانی سەرزەوی، تا بتوانێ خزمەت بە گەلی میصر بکات، بەڵکو لەجیاتی ئەوە هات دایباب و هەموو براکانی خۆی هێنا بۆ میصر تا نیشتەجێ بن تیایدا، ئەمە لە کاتێکدا کە میصر سەربە ئاینی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) نەبوو.

٥- هەستان بە بەجێگەیاندنی ئەرکی بانگەواز بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری باش و چاك، گەورەمان یوسف سەرباری ئەو بارودۆخە سەختە کە دەوریدابوو، هەر ئەرکی بانگەوازی بۆ لای خوای گەورە فەرامۆش نەکرد، لەو ڕووەوە کە -بە ستەم- کڕدرا بوو و بووبووە کۆیلەیەك، ئەمەش لە سەرەتاوە خاڵی لاوازی کۆمەڵایەتی بوو بۆ ئەو.

هەروەها لە زیندانیشدا هەر وازی نەهێنا لە بانگەوازکردن، بەڵکو هەلی بوونی خۆی لە زیندان قۆستەوەو سەرکەوتنێکی گەوری بەدەستهێنا، ئەوەبوو دوو گەنج لەگەڵیدا زیندانیکران و هەریەکەیان خەونێکی بینی، ئەویش بەرلەوە خەوەکەیان لێکبداتەوە ئەو نیشانانەی بیرخستنەوە کە خوای گەورە بەوانە ڕێزی لێگرتبوو، کە شارەزایە بەوەی شتەکان تەنها لەلایەن خوای گەورەوە دێن، پاشان ئاینی ئیبراهیمی بۆ باسکردن کە لەسەر یەکتاپەرستی خوا بەرپابووە، لەسەر ئەوەیە کە هاوەڵی بۆ دانەنرێ و لەسەر ئاینی سروشتی پاکە، هەروەها باسی مەترسی هاوەڵگەریی بۆکردن، پێیوتن ئەوانەی کراونەتە هاوەڵ و دوور لە پەرستنی خوا دەپەرسترێن هیچ بەهایەکیان نییە، هیچ دەستەڵاتێکیان نییە، هەموو فەرمان و کاروبارو دەستەڵاتەکان هی خوای گەورەن، پاش ئەم ڕوونکردنەوانە هات لێکدانەوەی بۆ خەونەکانیان کرد(١).

(١) ئەم ئایەتانەی سورەتی یوسف بخوێنرێنەوە: ﴿وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعْصِرُ خَمْرًاۖ وَقَالَ ٱلْأٓخَرُ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ، قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَاۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓۚ إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلْأٓخِرَةِ هُمْ ، فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّۖ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا ، هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ، قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِۖ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَۖ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ، قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ، فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ، ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُاْ ٱلْأٓيَٰتِ لَيَسْجُنُنَّهُۥ﴾ یوسف: ٣٦-٤١. واتە: (ئینجا هەر لەگەڵ ئەودا، دوو لاو هەریەکە بە تۆمەتێکی جیاواز بەندکران، یەکێکیان وتی: من ئەمشەو لە خەونمدا شەرابم دەگێڕا،

بۆ کەمینەی موسڵمانیش ئەوا مەسەلەکە هەر بەهەمانشێوەیە، بۆیە ئەرکی سەرشانیەتی بانگەواز بۆلای خوای گەورە بکات، لە ڕێگای بەکارهێنانی حیکمەت و ئامۆژگاری باش و چاکەوە ئیسلام بناسێنێ بە خەڵکی ئەو وڵاتە تیایدا نیشتەجێیە، هەروەها بە مشتومڕ بە باشترین شێوازی سودەگەیەنەر، چونکە بانگەواز بۆلای خوای گەورە ئەرکی هەمووانە، هەریەکەو بەپێی زانست و توانای خۆی، با بە گەیاندنی یەك ئایەتیش بێت، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((بلغوا عني ولو آية)). واتە: (ئاین لە منەوە بگەیەنن بە خەڵکی با یەك ئایەتیش بێت). خوای گەورەش ڕزگاربوون و سەرفەرازی قیامەتی سنوردار کردووە لە کەسێکدا کە بانگەواز بۆ چاکە دەکات، فەرماندەدات بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکات، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ آل عمران: ١٠٤

٦- هەموو ناموسڵمانەکان چوونیەك نین، هەیانە لە هەڵسوکەوتی دنیاییدا کەسێکی دادپەروەر و چاك و چاکەخوازە، هەشیانە لای پەسەندە کە موسڵمان لە وڵاتی ئەودا

---

ئەویتریان وتی: منیش لە خەونمدا نانم بەسەر سەرەوە بوو، باڵندە لێی دەخوارد، داواکارین کە ئەم خەونانەمان بۆ لێکبدەیتەوە، چونکە ئێمە تۆ بە کەسایەتیەکی چاکەخواز و ڕێك و پێك دەبینین، یوسف وتی: -جگە لەوەش من دەتوانم- هەر خۆراکێکتان بۆ بێت لە ماڵەوە، من پێتان بڵێم چ جۆرە خواردنێکە پێش ئەوەی بگاتە لاتان، خوای گەورە ئەو بەهرەیەی پێبەخشیوم، چونکە من خۆم دوورەپەرێز گرتووە لە ئاین و بیروباوەڕی ناتەواوی ئەوانەی کە بڕوایان بە خوای گەورەو جیهانی دواییش نیە، بەڵکو من بڕیارمداوە کە شوێنی ئاین و بەرنامەی باوانی خواناس و دیندارم بکەوم کە بریتین لە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب، کە ئێمە هیچمان بۆمان نیە و لەو کەسانە نین کە شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن، ئەوەش فەزڵ و ڕێزێکی تایبەتە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ئێمە و بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی وەکو ئێمە خواناسن، بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵکی وەکو پێویست خواناس نین و قەدری نیعمەتی ئیمانی ڕاست و دروست نازانن و سوپاسگوزاری خوای گەورە نین، ئینجا بەدڵگەرمیەوە ڕووی تێکردن و وتی. ئەی هاوەڵانی بەندیخانەم، باشە، ئادەمیزاد چەند خوایەك بپەرستێ پەسەندە، یان تەنها خوایەك بپەرستێت کە ناوی پیرۆزی (اللّٰه) یە و تاك و تەنهایە و دەسەڵاتی بێسنورە و خەشمگیرە، هەرچیش ئێوە و ئەو خەڵکە دەیپەرستن لەجیاتی خوای گەورە تەنها بت و پەیکەرن و ئێوە و باو و باپیرانتان ناوتان لێناون و ناوەڕۆکیان نیە، دڵنیاشبن کە هەرگیز خوای گەورە بەو شتانە ڕازی نیە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە لەسەر ڕەزامەندی ئەو زاتە دەربارەی ئەوەی کە شتێتر ببێتە هۆکاری پەیوەندی نێوان ئەو زاتە و بەندەکانی، بەڵکو فەرمانڕەوایی هەر شایستەی تەنها خوایە و فەرمانیشی داوە کە جگە لە خۆی کەسیتر و هیچیتر نەپەرسترێت و پەنای بۆ نەبرێت، بێگومان هەر ئەوەشە ئاینی ڕاست و دروست و پەسەند و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێئاگان. ئەی هاوەڵانی زیندانم -بۆ لێکدانەوەی خەونەکانیشتان- ئەوەتان کە ترێی دەگوشی، ئەوە دەبێتە ساقی لە کۆشکی پاشادا، ئەویتریشتان لە سێدارە دەدرێت و باڵندە گۆشتی سەرو دەم و چاوی دەخۆن، هەر بەو شێوەیە خەونەکانتان دێتەدی و هەر ئەوەش بڕیاردراوە.

فەرمانڕەوایی بەدەست بێت، دێت کاروباری کاریگەری پێدەسپێرێ، هەیانە پلەیەك لە خوار ئەووەوەیە، لەبەرئەوە نابێت وەك یەك حوكمبدرێ بەسەریاندا.

عەزیزی میصر لە مامەڵەو هەڵسوكەوت و دادگەریدا كەسێكی چاك بوو، هەر لەسەرەتاوە بە هاوسەرەكەیی وت: ﴿لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ﴾ یوسف: ٢١. لەبەرئەوە كاتێك یوسف و هاوسەرەكەیی بینی كە شانەخرێیانە لە دەرگا كەدا، كەسێكیش لەناو خانەوادەكەی شایەتحاڵی ڕووداوەكە بوو، وتی: ﴿يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَا﴾ یوسف: ٢٩. واتە: (ئینجا ڕووی كردە یوسف و وتی: یوسف تۆ بەرد بخەرە سەر ئەم ڕووداوە و باسی مەكە و مەیدركێنە). عەزیز بە ژنەكەیی وت: ﴿وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِ﴾ یوسف: ٢٩. واتە: (تۆش ئەی زلێخا داوای لێخۆشبوون و لێبوردن بكە لە هەڵە و تاوانەكەت). بۆیە كاتێك ژنەكەی وتی: ﴿مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ یوسف: ٢٥. واتە: (زلێخا بە هەناسەبڕكێ و بە شڵەژاوەییەوە دەستیكرد بە پاكانەكردن و بەرگری لە خۆی و وتی: سزای ئەو كەسە چییە كە ویستویەتی دەستدرێژی بكاتە سەر هاوسەرەكەت، جگە لەوەی كە حەق وایە بەندی بكەیت یان سزایەكی بە ئێشی بدەیت!!). عەزیز بڕوای بە ژنەكەی خۆی نەكرد، بەڵكو هۆشداری پێداو كارەكەی بە جۆرێك لە مەكر و فێڵ زانی، هەروەك قورئانی پیرۆز چیرۆكەكە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ، يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ﴾یوسف: ٢٨ - ٢٩. واتە: (كاتێ هاوسەرەكەی سەرنجیدا كراسەكەی یوسف لە پشتەوە دڕا بوو وتی: زلێخا، وا دیارە ئەمە لە نەخشە و فێڵ و پیلانی ئێوەیە، چونكە لە ڕاستیدا نەخشە و فێڵ و پلانی ئێوە زۆر سامناك و ترسناك و گەورەیە، ئینجا ڕوویكردە یوسف و وتی: یوسف بەرد بخەرە سەر ئەم پێشهاتە و باسی مەكە و مەیدركێنە، تۆش ئەی زلێخا داوای لێخۆشبوون و لێبوردن بكە لە هەڵە و تاوانەكەت ، چونكە تۆ لە ڕاستیدا لە گوناهباران و تاوانكارانیت).

هەر لە ڕاستیشدا ئەگەر ئەو هەڵوێستە لە ئەمڕۆدا لەبەردەم یەکێك لە فەرمانڕەوا ملهوڕ و ستەمکارەکاندا دووبارە ببێتەوە، ئەوا بۆ ڕزگارکردنی شەرفی خۆی یوسفی دەکردە قوربانی، بڕیاری لە سێدارەدانی دەدا بەسەردا، یان سزایەکی سەختی دەدا، دەهات لەبەردەم کەسێکی غەریب و نامۆدا بڕوای بە ژنەکەی خۆی دەکرد، بەڵام عەزیزی میصر ئەو شکۆمەندیەی کە تیایدابوو وای لێنەکرد تاوان ئەنجامبدات، بڕوای بە ژنە جوان و پێکەوتەکەی خۆی نەکرد، بەڵکو گوێیگرت لە شایەتحاڵەکەو بڕوای پێکرد، کاری بە شایەتیەکەی کردوو حوکمی بەسەر ژنەکەی خۆیدا دا کە لە هەڵەکارانە، کارەکەشی بەوە وەسفکرد کە مەکر و فێڵێکی گەورەیە، هات پۆزشی بۆ یوسف هێنایەوەو ئامۆژگاریکرد و وتی: ﴿أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَاۚ﴾ یوسف: ٢٩.

پادشا بۆ دنیای خۆی کەسێکی زەینپاك و بەرچاوڕوون و چاك بوو، بەرژەوەندی گەلەکەی خستە پێشەوە، فەزڵ و چاکەی زانست و زانایانی لەبیرنەکردبوو، جا هەرچەندە یوسف (سەلامی خوای لێبێت) خەوەکەی لێکدایەوە، هەموو وردەکاریی خەوەکەی پادشای دا بە هاوڕێکەی و- کە نوێنەری پادشا بوو- پێی فەرموو: ﴿تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ﴾ یوسف: ٤٧ واتە: (وتی: ئەوە مانای وایە کە حەوت ساڵی بەردەوام کشتوکاڵ دەکەن و دانەوێڵە دەچێنن و بەرهەمی چاکتان دەبێت، جا من پێمباشە ئەوەی کە دروێنەی دەکەن، هەرچیتان لێ زیاد بوو با هەر لە گوڵەکەیدا بمێنێتەوە، جگە لەوەی کە دەیخۆن و دەیهاڕن، ئەویتر بخەنە عەمبار و چاڵەوە). بەڵام پادشا بەوە ڕازی نەبوو بەڵکو داوایکرد کە هەردەبێ چاوی پێبکەوێ، جا ئەگەر ئەمە لەم سەردەمەی ئێمەدا بوایە لەوانەیە پادشا ئەو کارەی بدایەتە پاڵ خۆی، ئەو چاکەیەی نەدایە بە کەسێکی نامۆی تاوانباری زیندانی، چونکە چۆن دەبێت بێتە سەر ڕەئی کۆیلەیەکی نامۆ و ئەو چاکە بدایە پاڵ ئەو، ئای لە ئەمڕۆدا چەندین بیرۆکەی مەزن دەبینین کە وەزیرێك لە پشتەوە لە ڕاوێژکارەکانی خۆی وەریاندەگرێ کەچی دەیانداتە پاڵ خۆی؟

کاتێکیش یوسف داوا کەی پادشای ڕەتکردەوە کە بچێت بۆ بینینی هەتا لێکۆڵینەوە نەکرێ لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا کە بوونە هۆکاری زیندانیکردنی، پادشا دەستەڵاتەکەی وای لێنەکرد خۆی بە زل بگرێ بەڵکو داوا کەی یوسفی قوبوڵکرد، هەستا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، سەرئەنجام بەتەواوەتی بووە هۆی دەرکەوتنی بێتاوانی یوسف (سەلامی خوای لێبێت).

پادشا دوای ئەوە داوای لە یوسف کرد تا پلەیەکی ڕاوێژکاری گەورەی بداتێ، وتی: ﴿ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ لِنَفۡسِيۖ﴾ یوسف: ٥٤ بەڵام کاتێك دواندی بۆی دەرکەوت کە یوسف (سەلامی خوای لێبێت) لە کاری تیۆریزەو شیکاریی و ڕاپەڕاندندا خاوەنی توانایەکی باڵایە، لەبەرئەوە لەدوای ئەوە کە وتوویژی لەگەڵدا کرد وتی: ﴿إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ﴾ یوسف: ٥٤ واتە: تۆ مافی ئەوەت هەیە کە هەر ئەرکێکی ڕاپەڕێنەری سیادیت پێبسپێردرێ، چونکە کەسێکی زاناو ئەمانەتپارێزی، ئەوکات یوسف خۆی ئەو ئەرك و کارمەندییەی باسکرد کە بەو گونجاوە، فەرمووی: ﴿ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ﴾ یوسف: ٥٥ کە لە ڕاستیدا ئەو ئەرکە لە ئەمڕۆدا ئەرکی چوار وەزارەتە: وەزارەتی دارایی، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی ئابووری و بازرگانی، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و بەخێوکردن.

لەلایەکیترەوە خوای گەورە وەها باسی خەونی پادشاکەی -کە بێباوەڕ بووە- کردووە کە خەونێکی هەق و ڕاستە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دەکرێ بێباوەڕ پاکێ و دڵسافی تێدا بێت، بۆی هەیە خەو ببینێ و خەوەکەی ڕاست دەرچێت.

٧- کەمینە مافی ئەوەی هەیە پلەو کاری باڵا لەو وڵاتانەدا وەربگرێت، هەروەها وەزارەتەکان و بەشداری سیاسی و هیتریش -هەروەك پێشتر- باسکراوە.

٨- ئەرکی سەرشانی موسڵمانە کە دەبێت لە هەموو شوێنێك هەستێ بە کاری ژینسازیی، نەك دروستکردنی مردن و کاولکاریی، ئەوەبوو گەورەمان یوسف بە شێوەیەکی کرداریی هەستا بە ئەنجامدانی ژینسازییەکی مەزن بۆ گەلێك کە موسڵمانیش

نەبوو، توانی ڕزگاریان بکات لە برسێتی و مردنی حەتمی کە بەرۆکی گرتبوون، هات گەورەترین بیرۆکەکانی خۆی پێشکەشکردن، هات لە فەڕ و بەرەکەتی وەحی و ئیلهام و پێغەمبەرایەتی ئەوەندەی پێبەخشین کە بە فەزڵی خوای گەورە ڕزگاریکردن. کەواتە کەمینەی موسڵمان ئەرکی سەرشانیەتی کاربکات لەپێناو نیشتمانەکەی، هەموو زانست و داهێنانێکی پێشکەش بکات، خزمەتگوزار بێت تا خەڵکەکەی ڕزگار بکات، دەبێت گەشە بە خزمەتەکانیان بدەن تا جێگەدەستیان دیار بێت، هەروەك چۆن یوسف (سەلامی خوای لێبێت) وەهای کرد و میصر و دەوروبەری لە کارەسات و برسێتییەکی ترسناك ڕزگارکرد، کە لەوەوە نزیك بوو هەموویان لەناوبچن و وڵاتیان وێران ببێت، ئەو کارە گەورەیەی لە ڕێگای خستنەڕووی زانستەکەی و داهێنان و پلانڕێژییەوە ئەنجامدا، بە کردەیی هەستا بەڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە مەزنە.

٩- نابێت کەمینەی موسڵمان کە لە نیشتمانی نوێیدایە، نیشتمانی دایك و ڕەسەنی خۆی لەبیربچێت، دەبێت خۆشەویستی و سۆزی بۆی هەبێت، هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە دانیشتوانەکەی بەپێی توانا، یوسف (سەلامی خوای لێبێت) بەمشێوەیەی کرد کە هاوکاری براکانی خۆی کردو چاکەی لەگەڵکردن و خواردەمەنی پێبەخشین، پاشانیش داوای لە دایباب و براکانی کرد کە بە ڕێز و سەربەرزی و سەلامەتییەوە بێن بۆ میصر: ﴿وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ﴾ یوسف: ٩٩. واتە: (پێیوتن: ئیتر -إن شاء الله- بەیەکجاری وەرن بۆ ئێرە، بۆ میسر لێرە بمێننەوە، -الحمد لله- وڵاتێکی ئارام و بێ کێشەیە).

١٠- دەبێت موسڵمان خراپە و بێڕێزیی خەڵکی وڵاتە ئەسڵییەکەی خۆی لەبیرباتەوە ئەگەر بەسەریدا هاتبێت، بەڵکو دوور لە بازنەی تۆڵەکردنەوەو ڕابردوو بژی.

پێویستە موسڵمانی کۆچکەر دوای ئەوە کە خوای گەورە لە نیشتمانی دووەمیدا سەرکەوتووی کردووە، ئیتر بێڕێزییەکانی وڵاتە ئەسڵییەکەی خۆی لەبیر بکات -ئیتر لە فەرمانڕەواکان یان خەڵکانی ژێردەستەوە بووبێت دەرهەقی- لەبارێکدا ئەو خراپانە

بوونیان هەبووبێ، یا بە ئەقڵیەتی تۆڵەکردنەوەوە نەژی، یا کارە نەرێنییەکانی نیشتمانەکەی نەبات لەگەڵ خۆیدا، چونکە نیشتمانەکەی گۆڕاوە، کەواتە دەبێت ئەویش خۆی بگۆڕێ بەرەو باشتر، یوسف (سەلامی خوای لێبێت) بەمجۆرە لەگەڵ ئەو برایانەیدا جوڵایەوە کە ویستیبان بیکوژن، پاشانیش هاتن ڕووداوی بیرەکەیان بۆ تەنی، کە ئەو کارەیان بووە هۆی کۆیلەکردن و فرۆشتنی، هەروەها ئەو کارەساتانەشی بەسەر هات کە هەڕەشەیان لە گیان و ناموس و شەرەف و سومعەی کرد، براکانی تەنها بەوەوە نەوەستان بەڵکو قین لەدڵی لە ناخیاندا بەرجەستە بووبوو، ئەوەش بەو بەڵگەیە کاتێك تەرازووەکەی پادشایان لەناو باری برا باوك و دایکییەکەی یوسفدا دۆزییەوە هاتن بە درۆ ئەو قین و کینەیەی خۆیان دەرهەق بە یوسف دەرکاند: ﴿ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفۡسِهِۦ وَلَمۡ يُبۡدِهَا لَهُمۡ ﴾ یوسف: ٧٧، واتە: (-کەچی زۆربەی کوڕەکان- وتیان: ئەگەر ئەم ئەمڕۆ دزی کردبێت ئەوا زووتریش برایەکی هەبوو کە ئەویش وەکو ئەم کاتی خۆی دزییەکی کرد، یوسف ئەو بوختانە ناقۆڵایەی خواردەوە و قسەی نەکرد). جا ئەم درۆیە ئەگەر دەلالەت لە شتێك بکات ئەوا ئاماژەیە بە مانەوەی ئەو کینەو قینە تاریکەیان بەرانبەر بە یوسف، بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی ئیرەیی و ڕقیان لە یوسف و درۆهەڵبەستن لە دژی.

بەڵام یوسف (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر ڕازینەبوو بە وەرگرتنەوەی ئەو مافەی هەیبوو لەسەریان، تەنانەت لە وەڵامیشیدا بۆیان هەر بە خراپەکار وەسفی نەکردن، بەڵکو شوێنەکەیانی بە شوێنی خراپە وەسفکرد، فەرمووی: ﴿ قَالَ أَنتُمۡ شَرّٞ مَّكَانٗاۖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴾ یوسف: ٧٧. واتە: (بەڵکو هەر ئەوەندە وتی: شوێن و جێگای ئێوەو ئێوە باش ناچن، بێگومان خوای گەورە خۆیشی چاك دەزانێت بەوەی کە دەیڵێن و باسی دەکەن). لە ڕاستیدا یوسف لەتوانایدا بوو هەڵەکە بقۆزێتەوە تا ئەو دزییە بسەپێنێ بەسەریاندا، یان سزایان بدات لەسەر ئەو تۆمەتەی کە بەبێ بەڵگە بۆیان تەنی، بەڵام هەموو ئەو شتانەی فەرامۆشکرد.

کاتێکیش ڕاستییەکان کەوتەڕوو و هەورەکە ڕەویەوە، براکانیشی هەستییان بە خەجاڵەتی و تەریقبوونەوە کرد، هات بە بەرزترین و جوانترین شێواز هەڵسوکەوتی مەعنەوی و ماددی لەگەڵکردن، فەرمووی: ﴿ قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ، قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُۖ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ، قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ، قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَۖ يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ، ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِي يَأۡتِ بَصِيرٗا وَأۡتُونِي بِأَهۡلِكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾ یوسف: ٨٩-٩٣ واتە: (وتی: باشە ئێوە بیرتان دێت کاتی خۆی چیتانکرد دژی یوسف و براکەی کاتێ ئێوە نەفام بوون، وتیان: ئایا بەڕاست مەگەر تۆ هەر یوسف نیت؟! فەرموویەتی: بەڵێ من یوسفم و ئەمەش بنیامینی برامە، لە ڕاستیدا خوای گەورە ڕێزی لێناوین و دەرووی خێری لێ کردووینەتەوە و بەهرەمەندی کردووین لە ناز و نیعمەتی بێشومار...، جا دڵنیابن هەر کەسێك تەقوادار و خواناس بێت، هەروەها خۆگر و ئارامگربێت لە بەرانبەر پێشهاتەکانی ژیانەوە، ئەوە خوای گەورە نائومێدی ناکات و پاداشتی چاکەخوازان بەزایە نادات. ئینجا براکانی وتیان: سوێند بە خوا تۆ ڕێزداریت لای خوای گەورە و ئەو زاتە باوی داویت بەسەر ئێمەدا، ئێمە لە ڕاستیدا کاتی خۆی بەهەڵەدا چووین و گوناهبار بووین. یوسف وتی: خەمتان نەبێت، هیچ گلەیی و سەرزەنشتێکتان ناکەم، داواکارم کە خوای گەورە لێتان خۆشببێت، بێگومان ئەو زاتە لە هەموو میهرەبانێك میهرەبانترە، ئادەی ئەم کراسە بەرن و بگەنە باوکم و بیدەن بەسەر ڕوخساریدا خێرا ڕووناکی بۆ چاوەکانی دەگەڕێتەوە...، ئێوەش کە گەڕانەوە بە هەموو کەس و کارەوە وەرنەوە بۆ ئێرە، بۆ لای من).

- یەکەم: کارەکەیانی بە نەزانی لێکدایەوە نەك بە نیەت خراپی و هەناوپیسی، ئەمە لە کاتێکدا کە باش ئەوەشی دەزانی، فەرمووی: ﴿ قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ﴾یوسف: ٨٩.

- دووەم: کەوتە باسکردنی نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەری، بێئەوەی باسی ئەو نارەحەتی و خراپانە بکات کە بەسەریدا هاتوون، فەرمووی: ﴿أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَـٰذَآ أَخِى ۖ قَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ یوسف: ٩٠. ئەم شێوازە بەرزەی زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر سوککردنی باری دەروونی براکانی، وەك بڵێی تێیگەیاندن کە ئەوەی ئێوە کردتان خێر و چاکەی زۆری بۆ من هەبوو، بووە هۆی جێ پێ قایمکردن و بەهێزبوونم لەسەر خاکی میصر.

- سێیەم: بەم وتەیەی دەستپێکرد کە فەرمووی: ﴿لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ﴾ یوسف: ٩٢. واتە: (من سەرزەنشت و گلەیی و لۆمەی ئێوە ناکەم). ئەمە لە کاتێکدا کە جێگاکە جێگای داوای لێبوردنە لەوانەوە لە گوناهێکی گەورە کە ئەوان دەرهەق بە یوسف کردیان، ئەم رەوشتە بەرزەی بووە هۆی سوککردنی باری دەروونی ئەوان، واتە: وەك بڵێی مەسەلەکە ئاسانەو گلەیی و لۆمەتان ناکەم.

- چوارەم: فەرموودەی: ﴿يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ﴾ یوسف: ٩٢. ئەوە دەگەیەنێ کە پەرۆشی بۆیان هەیەو خۆشیدەوێن چونکە داوای لێخۆشبوونی بۆکردن، وتی مەسەلەکە لای خوای گەورەیە، منیش هەروەها داوای لێخۆشبوونتان بۆ دەکەم، بەو پێیە کە خوای گەورە لە هەموو کەس بە بەزەییترەو ئەو زاتە لێتان خۆشدەبێت.

- پێنجەم: لەم فەرموودەیەی یوسفدا: ﴿وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ یوسف: ٩٢ واتە: ئاماژەیە بۆ ئەوە جا لە کاتێکدا من بەزییم بۆتان هەیە، ئەی خوای بە بەزەییترینی بەزەییداران چۆن بەزەیی پێتاندا نایەتەوە؟

- شەشەم: ئەو وتەیەی کە لەدوای کڕنوشی دایباب و براکانی بۆ تەختەکەی، فەرمووی: ﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَـٰٓأَبَتِ هَـٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَـٰىَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّى حَقًّا ۖ وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلْبَدْوِ مِنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَـٰنُ بَيْنِى وَبَيْنَ إِخْوَتِىٓ ۚ إِنَّ رَبِّى لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾ یوسف: ١٠٠. واتە: (دوای پشودانێك، داوای لە دایك و باوکی کرد

کە لەسەر کورسی و تەختی پادشاییەکەی دانیشن، ئەوسا هەموو کڕنوشی ڕێزیان بۆ برد، یوسف کە ئەو دیمەنەی بینی وتی: بابە گیان لەبیرتە خەونەکەی منداڵیم، ئەوەتە هاتەدی، ئەوەتە پەروەردگارم بە ڕاست و دروست هێنایەدی -تۆ و دایکم مانگ و ڕۆژەکەن و ١١ ئەستێرەکەش ١١ براکانمن-، من هەمیشە پەروەردگارم چاکەی لەگەڵدا کردووم و سۆز و میهری ئەو زاتە هاوڕێم بوون، کاتێك -لە بیرەکەدا فریام کەوت، کاتێ کە لە گوناه پاراستمی-، پاشان لە گرتووخانەش ڕزگاری کردم، ئێوەشی لەو ڕێگا دوور و بیابانەوە هێناوە بۆ لام و بەیەکتر شادی کردینەوە، دوای ئەوەی کە شەیتان نێوان من و براکانمی تێکدا بوو، بە ڕاستی پەروەردگارم بە سۆز و بە لوتف و نازك کارە... بۆ هەر شتێك کە ویستی خێری تێدا بێت، بە ڕاستی ئەو زاتە تەواو زانایە بە سەرجەم دروستکراوەکانی، تەواویش دانایە لە نەخشەڕێژی و پێشهاتەکاندا).

لەتوێیدا کۆمەڵێك مەسەلەی لەسەر سوککردن، بەڵکو تەڕو پاراوکردن و گەشانەوەی بۆ دەروونی براکانی تێدا بوو، بەڵکو بە شتانێکی ئەرێنی کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا سوپاسگوزاریان دەخواست:

أ- یوسف وتارەکەی خۆی لەسەر ئەو سەرئەنجام و دواجار بەختەوەرییە بونیاتنا کە پێیگەیشتووە، بێئەوەی باسی ڕابردووە پڕ لە ئێش و ئازارەکە بکات، واتە: گرنگ بەدەستهێنانی ئەم سەرئەنجام و دواجار بەختەوەرەییە، گرنگ ئەو خێر و چاکەیە کە بۆ خۆی و بۆ ئەوانیش بەدەستیهێنا، نەچووە ناو باسکردنی ئەو هەموو کارەسات و زیندانیکردن و ئێش و ئازاردانە بەسەریدا هات، چونکە لەگەڵ ڕابردوو و مەینەتیەکانیدا نەژیا.

ب- هەموو ئەوەی کە بەسەریدا هات، دایە پاڵ لێکدانەوەی ئەو خەوەی کە خوای گەورە کردییە هەق و ڕاستی، فەرمووی: ﴿هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّٗاۖ﴾ یوسف: ١٠٠. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە: ئەوە هەمووی نەخشەو پلانی خوای گەورە بووە بۆی تا بگاتە ئەو پلەو پایەیە.

ج- هات باسی ئەو ئەنجامە چاکانەو چاکەکاریی و نیعمەتانەی کرد کە هەموویان ڕوویان تێکرد، فەرمووی: ﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِيٓ إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجْنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلْبَدْوِ﴾ یوسف: ١٠٠. بەهەمانشێوە نەهات باسی ڕابردوو بکات، بەڵکو بە نیعمەتی ڕزگاربوونی لە زیندان، ئینجا بە بەهێزبوونی لە زەویدا دەستیپێکرد.

د- هەموو ئەوەی کە ڕوویدا بوو دایە پاڵ فێڵ و وەسوەسەی شەیتان، فەرمووی: ﴿مِنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَٰنُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِيٓ﴾ یوسف: ١٠٠.

ە- لەبارەی فێڵ و وەسوەسەی شەیتانەوە خۆی خستە پێش براکانی، ئەمە لە کاتێکدا کە منداڵ بوو، کە هیچ چارەیەکی نەبووە، ئەوەش بەو باسەی کە هەمووان دەکەونە بەر وەسوەسەو فێڵی شەیتان.

و- لەفزی (براکانم)ی بەتەنیشت ناوی خۆیەوە بەکارهێنا، ئەمەش هەستکردنە بە خۆشەویستییەکی زۆری بۆیان، بە سۆزی کڵپەسێنی بەرانبەر براکانی.

ئا ئەمەیە مەزنترین نمونەی پێشەنگیی بۆ هەموو کەمینە موسڵمانەکان لە سەراپای جیهاندا، تا لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو نیشتمانەدا تیایدا جێگیرن، هەروەها لەگەڵ نیشتمانی یەکەمیاندا کە بێڕێزی کردووە بەرانبەریان کە وەك یوسف (سەلامی خوای لێبێت) بن، سوێند بە خوای گەورە ئەگەر ئەم کردەوە ئەرێنیانە کە یوسف ئەنجامیداون، ئێمەش بیانکەین ئەوا سەراپای جیهان دێنە ناو ئیسلامەوە، هەروەك چۆن گەلانی خۆرهەڵاتی ئاسیا لە ڕێگای ڕەوشتی بازرگانان و بانگەوازیانەوە هاتنەناو ئیسلامەوە[١].

*** دووەم: پێشەنگیی هاوەڵانی کۆچکەر بۆ حەبەشە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ:**

ژیننامەنوسان بە ڕوونی باسیانکردووە، کاتێك کە سزادان و ئەشکەنجەو تەنگپێهەڵچنینی قوڕەیش لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە مەککەی پیرۆز زیاتر بوو،

(١) بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر سەیری کتێبی (یوسف (سەلامی خوای لێبێت) قدوة للمسلمین فی غیر دیارهم) چاپی: دار البشائر الإسلامیة/ بیروت، ١٤٣٨ك/٢٠١٨ز.

ئیتر مۆڵەت بە هەندێکیان درا کۆچبکەن، لە (مێژووی ئیبن کەسیر)دا هاتووە کە: (موحەممەد کوڕی ئیسحاق وتوویەتی: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بینی کە چ نارەحەتییەك بەسەر هاوەڵانیدا دێت، خۆیشی ﷺ بە حوکمی پێگەی پارێزگاری لێی لەلایەن خوای گەورەوە، هەروەها لە ئەبو تالیبی مامیەوە پارێزراوە، ناشتوانێ ئەو نارەحەتی و بەڵایە لەسەر هاوەڵانی لاببات، فەرمووی پێیان: ((**لو خرجتم إلى أرض الحبشة، فإن بها ملك لا يظلم عنده أحد، وهي أرض صدق حتى يجعل الله لكم فرجاً مما أنتم فيه**)). واتە: (باشە گەر برۆن بۆ وڵاتی حەبەشە، چونکە پادشایەکی لێیە کەس لای ئەو ستەمی لێنا کرێ، ئەو وڵاتە وڵاتی ڕاستگۆییە، تا خوای گەورە دەروویەکی خێرتان لێبکاتەوە لەو نارەحەتیەی وان تیایدا). ئەوسا ئیتر ژمارەیەك لە موسڵمانان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ترسی فیتنەگێڕی لەسەریان ڕۆیشتن بۆ خاکی حەبەشە، بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و ئاینەکەیان و لەپێناوی خوادا ڕوویان کردە حەبەشە، ئەوەش یەکەمین کۆچ بوو لە ئیسلامدا، یەکەمین کەسیش لە موسڵمانان کە کۆچیکرد عوسمانی کوڕی عەففان و ڕوقیەی هاوسەری بوو کە کچی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو)[1].

ئیبن ئیسحاق وتوویەتی: (پاشان جەعفەر کوڕی ئەبو تالیب و هاوسەرەکەی کە ئەسما کچی عومەیس و کۆرپەلەکەشیان عەبدوللە ی کوڕی جەعفەر لەگەڵ بوو کە تازە لەدایك بووبوو کۆچیانکرد، ئینجا موسڵمانان یەك بەدوای یەکدا ڕۆیشتن و لە خاکی حەبەشە یەکیانگرتەوە)[2].

پێشەوا ئەحمەد بە سەنەدی خۆی لە ئیبن مەسعودەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمەی نارد بۆلای نەجاشی، ئێمە نزیکەی حەفتا کەس بووین، لەوانە: عەبدوللە کوڕی مەسعود، جەعفەر، عەبدوللە کوڕی عەرفەتە، عوسمان کوڕی

(١) (البداية والنهاية)ی حافز عیماد الدین ئەبولفیدا ئیسماعیل کوڕی عومەر کوڕی کەسیری قورەیشی دیمەشقی (٧٠١-٧٧٤ك)، لێکۆڵینەوەی: دکتۆر عەبدوللە کوڕی عەبدولموحسین تورکی بە هاوکاری لەگەڵ سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان، چاپی. دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان، جیزة، ١٩٩٧ز (١٦٦/٤-١٦٧).

(٢) سەیری (سيرة إبن إسحاق) ل(٢٠٨)، هەروەها (سيرة إبن هشام) (٣٢٣/١) بکرێ.

مەزعون، ئەبو موسا، هاتینە لای نەجاشی، قورەیشیش عەمرو کوڕی عاص و عەممارە کوڕی وەلیدی بە دیاریەکەوە ناردە لای نەجاشی، کاتێك ئەوان هاتنە لای نەجاشی کڕنوشیان بۆ برد، پاشان چوونە لای ڕاست و چەپی، ئینجا پێیانوت: چەند کەسێك لە ئامۆزایانمان هاتوونەتە خاکی تۆ، لایانداوە لە ئێمەو لە ئاینەکەی ئێمە، نەجاشی وتی: ئەوان لەکوێن؟ وتیان: لە خاکی تۆدان، بنێرە بەدوایاندا، ئەویش ناردی بەدوایاندا، جەعفەر -بە کۆچکەرانی وت-: ئەمڕۆ من گوتەبێژی ئێوە دەبم و وەرن شوێنم بکەون، جەعفەر هاتە لای نەجاشی و سڵاوی لێکرد بەڵام کڕنوشی بۆ نەبرد، قورەیشییەکان و ئەوانەی لەوێدا بوون وتیان: چییە وا کڕنوش نابەیت بۆ پادشا؟ جەعفەر وتی: ئێمە کڕنوشبردن بۆ جگە لە خوای گەورە کڕنوش بۆ کەسیتر نابەین، نەجاشی وتی: ئەوە بۆ؟ جەعفەر وتی: خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ ئێمە ڕەوانەکردووە، فەرمانی پێداوین بۆ جگە لە خوای گەورە کڕنوش بۆ کەسیتر نەبەین، فەرمانیشی پێداوین نوێژ بکەین و زەکات بدەین، ئینجا عەمرو وتی: ئەوانە لە مەسەلەی باوەڕ بە عیسای کوڕی مەریەمیش پێچەوانەی تۆن. نەجاشی وتی: ئایا لەبارەی عیسای کوڕی مەریەم و دایکییەوە چیدەڵێن؟ جەعفەر وتی: هەر ئەوە دەڵێین کە خوای گەورە فەرموویەتی: ئەو وشەی خوای گەورەو ڕۆحیەتی کە دایبەزاندووەتە سەر ئەو ئافرەتە عازەب و پاکە، کە دەستی مرۆڤی بەرنەکەوتووە، وتی: ئینجا نەجاشی چیلکەیەکی لە زەوی بەرزکردەوەو پاشان وتی: ئەی حەبەشیەکان و ئەی قەشەو خواپەرستان، سوێند بەخوا جگە لەوە کە ئێمە لەبارەی عیساوە دەیڵێین ئەوان شتێکی تازەیان نەخستووەتە سەری، سڵاو لە ئێوەو لەو کەسەش کە لەلایەوە هاتوون، بەخێر بێن، شایەتی دەدەم کە ئەو پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئەو ئەو کەسەیە کە ئێمە لە ئینجیلدا دەیبینین، ئەو ئەو پێغەمبەرەیە کە عیسای کوڕی مەریەم مژدەی هاتنی داوە، لە کوێ پێتانخۆشە لەوێ نیشتەجێ ببن، سوێند بە خوا ئەگەر ئەم پایەو دەستەڵاتەم نەبوایە ئەوا دەهاتمە لای و ئەو کەسە دەبووم کە نەعلەکانی هەڵبگرێ، ئینجا فەرمانیدا ئەو دیارییە کە ئەوانیتر بۆیان هێنابوو بیگێڕنەوە بۆیان، پاشان عەبدوالله

کوڕی مەسعود زوو گەڕاوەتەوەو گەیشتووە بە جەنگی بەدردا، وتوویەتی: پێغەمبەر ﷺ کاتێ هەواڵی مردنی نەجاشی پێگەیشتووە داوای لێخۆشبوونی بۆکردووە، ئیبن کەسیر وتوویەتی: سەنەدەکەی سەنەدێکی باش و بەهێزە، میانەکەی چاکە، ئەوەشی تێدایە کە ئەبو موسا لەنێو ئەو کەسانەدا بووە لە مەککەوە کۆچیانکردووە بۆ وڵاتی حەبەشە، هەرچەندە هەندێك لە گێڕەرەوان ناویان نەهێناوە، خوای گەورەش زاناترە)[1].

لێرەشدا باسی ئەو جەنگە دەکەین کە لەو کاتەدا بەسەر حەبەشەدا هاتووە، هەڵوێستی هاوەڵانیش لێی، ئوم سەلەمەی کۆچکەر ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕاوینەتەوەو وتوویەتی: (ئێمە لەگەڵ چاکترین دراوسێ لە چاکترین ماڵدا نیشتەجێ بووین، زۆری نەخایاند تا کەسێکی خەڵکی حەبەشە کەوتە ناکۆکی لەگەڵیداو داوای دەستەڵاتەکەی ئەوی دەکرد.. سوێند بەخوا هەرگیز خەفەت و پەژارەی وەهامان پێشتر نەدیبوو، هۆیەکەش ئەوەبوو نەبادا ئەو کەسەی تر زاڵبێت بەسەریداو دەستەڵات لەو بسێنێ، ئینجا بێت و هیچ لەبارەی مافی ئێمەوە نەزانێ کە نەشارەزابوو پێمان. هەر بۆیە کاتێ نەجاشی ڕۆیشت بەرەوڕووی کابرای ناکۆك تا بجەنگێ لەگەڵیدا، ئێمە کەوتینە پاڕانەوە لە خوای گەورە و داوامان لێکرد نەجاشی سەربخات بەسەریدا، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە یەکتریان وت: کێ دەردەچێ تا بەشدار بێت لەو جەنگەدا و بزانێت لەسەر کێ دەکەوێ؟ زوبەیر وتی -کە تەمەنی لە هەموو هاوەڵان بچوکتر بوو- من، ئینجا فوویانکردە مەشکەیەك بۆی و خستییانە سەر سنگی، ئەویش کەوتە مەلەکردن لەسەری لە ڕووباری نیلدا تا لەوبەرەوە دەرکەوت کە خەڵکی لەوێ یەکیاندەگرتەوە، زوبەیر ئامادەی جەنگەکە بوو، سەرئەنجام خوای گەورە ئەو پادشایەی تێکشکاندو کوشتی، نەجاشی سەرکەوت بەسەریدا، پاشان زوبەیر گەڕایەوە ناومان و بە کراسەکەی ئاماژەی پێداین و دەیوت: مژدە بێت لێتان، خوای گەورە نەجاشی سەرخست، ئوم سەلەمە وتوویەتی: سوێند بەخوا ئێمە لەبیرمان نایەت کە هەرگیز خۆشی لەو جۆرەمان بینیبێت کە نەجاشی سەرکەوت،

(١) (مسند أحمد) (٤٦١/١) سنەدەکەی چاکە.

پاشان هەر لەلای ئەو مابنەوە تا هەرکەس لە ئێمە کەوتە گەڕانەوە بۆ مەککە گەڕایەوەو هەرکەسیشمان لەوێ مایەوە مایەوە)[1].

*** ئەو وانانەی لەم چیرۆکەوە وەردەگیرێن:**

١- لە ڕاستیدا دەروازەی چوونەناو دڵی ئەوانیتر، لە ڕێگای پرەنسیپە نەگۆڕە هاوبەشەکان و باسکردنی سیفەتە چاکەکانی کەسە کاریزماکانیانەوە دەستەبەر دەبێت، چونکە جەعفەر ﷺ ئەو بەشەی لە سورەتی مەریەم خوێندەوە کە باسی سیفەتە چاکەکانی گەورەمان عیسا و گەورەمان مەریەمی دەکرد (سەلامی خوای لێبێت)، تا کار گەیشتە ئەوە پادشا بگری، لەو جێگایەدا نەکەوتە باسکردنی مەسەلەی سێیانەیی کە قورئان لەبارەی هەندێ لە مەسیحییەکانەوە باسیدەکات، هەروەها بە ناباش باسی گاورەکان دەکات، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێ کە دەبێت کەمینەی موسڵمان هەمیشە بگەڕێ بۆ پرەنسیپە نەگۆڕە هاوبەشەکان، بگەڕێ بەدوای ئەو مەسەلانەدا کە ڕاستین و دەبنە مایەی دروستکردنی خۆشەویستی و بەرانبەرەکە پێیخۆشە.

٢- پابەندبوون بە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئاینەوە کارێکی زۆر پێویستە ئیتر بارودۆخەکە هەرجۆر ببێت، ئێمە بینیمان کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرچەندە لە بارودۆخێکی سەختدا بوون، حاڵەتەکەیان مەترسیدار بوو هەر کڕنوشیان بۆ پادشا نەبرد، ئەمە لە کاتێکدا کە عورفی باو ئەوەی دەخواست، ئەوان بەوپەڕی سەربەرزی و ڕێز و شکۆمەندییەوە هاتنە لای پادشا، بێئەوەی کڕنوش بەرن یان بچەمنەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هەڕەشەی ئەوەیان لەسەر بوو وەرنەگیرێن لەوێ، بەڵکو ترسی گێڕانەوەیان لەسەر بوو کە بدرێنەوە بە قورەیش، چونکە شاندەکەی قورەیش بە دیارییەکی گەورەوە هاتنە لای پادشا، هاوکات کڕنوشیشیان بۆ برد، لەبەرئەوە پادشا هات داوای ئەو هاوەڵانەی کرد و وتی: ئەوە بۆ ئێوەش هەر بەو جۆرە سڵاوم لێنا کەن کە قەومەکەی خۆتان سڵاوم لێدەکەن... جەعفەر وتی: (بۆ مەسەلەی سڵاو ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووین کە: سڵاوی

---

(١) (البداية والنهاية)، إبن كثير ١٩٩٧ز (١٨٥/٤-١٨٦).

بەهەشتیان سەلامکردنە، ئەویش فەرمانی بەوە پێکردووین، ئێمەش بە هەمان سڵاو کە یەکێکمان لە یەکێکیترمانی دەکات سڵاو لە تۆش دەکەین). لە گێڕانەوەیەکی تریشدا هاتووە کە: (ئەو فەرمانی پێداوین کڕنوش تەنها بۆ خوای گەورە ببەین)[١].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نابێت کەمینەی موسڵمان سازش لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئاینەکەی بکات، نابێت شتێکی لا پەسەند بێت کە دژە لەگەڵ پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئاین و باوەڕەکەیدا، یان ببێتە هۆی توانەوەی و ناسنامەی بسڕێتەوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە تا ئەوپەڕی بایەخدار و گرنگە، ئەگەرنا ئیتر مانەوەو ژیانی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی چ بەهایەکیان هەیە کە لەولاوە باوەڕ و پرنسیپە نەگۆڕەکانی ئاین لە مەترسیدا بن، لەبەرئەوە پێویستە کەمینەی موسڵمان هەموو شتێکی بەهادار و بەنرخ ببەخشێ لەو پێناوەدا، لەپێناو پارێزگاری لە ناسنامەی ئیسلامی خۆی و ناسنامەی ئەو نەوانەی کە دواتر دێن قوربانی بە هەموو شتێك بدات.

٣- کۆچکردن بۆ ولاتی بێباوەڕیی و مانەوە تیایدا دروستەو ڕێگاپێدراوە، چونکە ئەو هاوەڵانە تا جەنگی خەیبەر لە حەبەشە مانەوە، جەعفەر دەڵێ: (ئێمە ئەویمان جێهێشت و هاتینەوە بۆ مەدینە، بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتم و دەستی کردە ملم، ئینجا فەرمووی: ((**ما أدري أنا بفتح خيبر أفرح، أم بقدوم جعفر**))[٢]. واتە: (من نازانم بە کامیان زۆرتر دڵخۆشبم، بە ڕزگارکردنی خەیبەر یان بە هاتنەوەی جەعفەر).

٤- دەبێت خۆشەویستیان بۆ ئەو نیشتمانە نوێیە هەبێت کە گرتوونیەتە خۆی و پەنای داون، خەفەتبار بن بە سەرکەوتنی دوژمنان بەسەر خەڵك و فەرمانڕەواکەیدا، ئینجا پاڕانە لە خوای گەورە تا پادشا سەربخات، ئەوەبوو یەکێك لەوانیش ئامادەی جەنگەکە بوو، ئینجا مژدەدان بە سەرکەوتنی ئەو فەرمانڕەوایە[٣].

---

(١) (مسند أحمد) (٤٦١/١)، سەیری (البداية والنهاية) (١٧٣/٤) بکرێ.

(٢) (البداية والنهاية)، لێکۆڵینەوەی: عەبدوللە تورکی (١٧٩/٤)، هەروەها سەیری (المعجم الكبير)ی تەبەرانی (١٤٧٨/٢)، هەروەها (مجمع الزوائد) (٣٠/٦) بکرێ.

(٣) (البداية والنهاية) (١٨٥/٤-١٨٦)، سیرەی ئیبن ئیسحاق ل(١٩٧)، سیرەی ئیبن هیشام (٣٣٩/١).

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دژایەتی نییە لە نێوان ئەوەی لەپێشەوە باسکراو نێوان خۆشەویستی و لایەنگری بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ موسڵمانان.

٥- وەفاداریی، بەیهەقی و کەسانیتریش لە ئەبو ئومامەوە گێڕاویانەتەوە کە وتوویەتی: (شاندێك لە نەجاشییەوە هاتن بۆلای پێغەمبەر ﷺ، ئەویش هەستا بە خزمەتکردنیان، هاوەڵانی وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لەجیاتی تۆ خزمەتیان دەکەین، فەرمووی: ((**إنهم كانوا لأصحابي مكرمين وإني أحب أن أكافئهم**))[1]. واتە: (ئەوان لەگەڵ هاوەڵانمدا بەڕێز بوون، منیش حەزدەکەم پاداشتیان بدەمەوە).

ئەم کردەوەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەو شاندەدا کە بێباوەڕیش بوون، بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوە کە پێویستە موسڵمان بەوەفا و سوپاسگوزار بێت بۆ خوای گەورەو بۆ هەر کەسێکیتریش کە چاکەی لەگەڵدا دەکات ئیتر ئاینەکەی هەرچییەك بێت.

بەکورتی: ئەمانەی پێشەوە هەندێك لەو وانانە بوون کە لەم چیرۆکە ناوازەو جوانەوە هەڵگۆزراون، هەروەها لە پێشەنگیی زۆر چاکی گەورەمان جەعفەر و هاوڕێکانیەوە (خوا لێیان ڕازی بێت).

(١) (دلائل النبوة)ی بەیهەقی (٣٠٧/٢)، هەروەها سەیری: (البداية والنهاية) (١٩٤/٤) بکرێ.

## تەوەرەی سێیەم
## فیقهی هاولاَتیبوون دەروازەیەکە بۆ پێکەوەژیان، پێگەی هەنگاونانە بەرەو ئاوێتەبوونی ئەرێنی

### * پێناسەی هاولاَتیبوون (المواطنة):

واتە: کەسێك لە خاك و ولاَتێکدا نیشتەجێ ببێت و بیکاتە نیشتمانی خۆی[١].

هاولاَتی: واتە کەسێك لەگەڵ دانیشتوانی ئەو خاك و ولاَتەدا بژی، فەرهەنگی (المعجم الوسیط) پێیوایە کە ئەم زاراوەی هاولاَتیبوونە (المواطنة)یە (نوێیە) و عەرەب پێشتر بەم مانا نوێیە بەکاریان نەهێناوە[٢].

بەلاَم فیقهناسان دەستەواژەی ولاَتی نیشتەجێبوون (وطن الإقامة)یان لە بەرانبەر ولاَتی گەشت و سەفەرەوە بەکارهێناوە، واتە: ئەو جێگایە کە تیایدا نیشتەجێ دەبێت، یان ئەو کەسە ماوەیەك تیایدا نیشتەجێ ببێت کە لە ئەحکامە شەرعییەکانی گەشت و سەفەر دەربچێت، بۆ نمونە: پازدە ڕۆژ بمێنێتەوە[٣].

عورفی هاوچەرخیش وشەی نیشتمانیی (الوطني) بەکارهێناوە، ئەوەیە کە هزری نیشتمانی پیادە دەکات و بەرگری لێدەکات، یان دەیکاتە هۆکارێکی کۆکەرەوە لە نێوان هاولاَتیان لە ئەرك و مافەکاندا، هاولاَتی (المواطن) ئەو کەسە دەگرێتەوە کە ڕەگەزنامەی ئەو ولاَتەی هەبێت، کەسانێکیش هەن کە جیاوازی دەکەن لە نێوان هاولاَتیانداو دەیانکەنە دوو بەش: هاولاَتییە ڕەسەنەکان کە مافەکانیان زیاترە[٤]، ئەو هاولاَتیانەش کە ڕەگەزنامەیان پێدراوە، ئەمانە مافیان لەوانیتر کەمترە، یان ئەو هاولاَتیانە لە ولاَتێکی ترەوە هاتوون، یان شتانی تر لە هاوشێوەی ئەمجۆرە دابەشکردنانە کە لە حوکمی خوای

---

(١) (القاموس المحیط)، (لسان العرب)، (المعجم الوسیط)، وشەی (وطن).

(٢) (المعجم الوسیط) چاپی قەتەر (١٠٤٢/٢).

(٣) (التعریفات)ی جورجانی ل(٣٤٧).

(٤) بابەتێك بە ناونیشانی: (مفهوم المواطنة في المنظور الإسلامي) پ. د. وەهبە زوحەیلی، لە پێگەی وەزارەتی ئەوقاف لە سەڵتەنەتی عومان بلاَوکراوەتەوە.

گەورەدا بوونیان نییە، چونکە خوای گەورە لەجیاتی ئەوە نەتەوەو نیشتمانپەروەریی کردووەتە هۆکاری یەکترناسین، نەك بۆ دروستکردنی دووبەرەکی و جیاوازی و جیا کاریی باشتر و باشترین و شانازیکردن بەسەر یەکتردا -هەروك لەمەوپاش باسدەکری-، عەرەبە پێشینەکان نیشتمانیان بەم مانا نوێیە بەکارنەهێناوە، بەڵکو بۆ ئەو شوێنی نیشتەنی و شوێنە بەکاریانهێناوە کە مرۆڤ تیایدا نیشتەجێ دەبێت، لە (لسان العرب)دا هاتووە کە: (نیشتمان بریتییە لەو شوێنە مرۆڤ تیایدا نیشتەجێیە، ئەویش نیشتمانی مرۆڤ و شوێنەکەیەتی)[1]، فەیرۆزئابادی وتوویەتی: نیشتمان: شوێنی نیشتەجێبوونە، شوێنی حەوانەوەو مانەوەی مانگاو مەڕە، نیشتمانی مەککە: شوێنەکانیەتی، لە جەنگیشدا دیمەنی ڕووداوەکانە، دەروون ڕاهێنان: ڕامکردنیەتی...، نیشتەنییە لە مەسەلەکەدا واتە: هاوڕایەتی)[2].

لە شیعری عەرەبیشدا هەر بەم مانایە هاتووە، ئیبن ڕۆمی دەرهەق بە ماڵەکەی خۆی ئەم دوو دێڕە شیعرەی هێناوە کە ئەمە واتای کوردیانە، دەڵێ:

نیشتمانێکم هەیە بڕیارمداوە نەیفرۆشم
لە تەمەنمدا نەبینم کەسێکیتر ببێتە خاوەنی
هەر کات ئەوان باسی نیشتمانیان بکەن
سەردەمی منداڵی وەبیر دێنمەوە و پێتاقەتی دەکەم[3].

پوختە: نیشتمان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تیایدا لەدایکبووە، یان لە منداڵی و لاوێتیدا تیایدا ژیاوە، وابەستەیە پێیەوەو خۆشیدەوێ و تامەزرۆی بینینی و بینینی خەڵکەکەی دەکات، ئەمە پێئەوەی ڕەهەندێکی مافداری دیاریکراو وەربگرێ، یان ئەوەیە کە زاراوەیەکی سیاسی بێت و چەمکێکی تایبەتی لە جیهانی زاراوە سیاسییەکاندا هەبێت،

(١) (لسان العرب) وشەی (وطن).
(٢) (القاموس المحيط) وشەی (وطن) ل(١٥٩٨)، چاپی الرسالة.
(٣) دیوانی ئیبن ڕۆمی، لێکدانەوی: ئەحمەد حەسەن بەسەج، چاپی سێیەم، ٢٠٠٢ز، دار الكتب العلمية، بيروت (١٤/٣).

کاتێك کەسێکی عەرەب باسی نیشتمان دەکات مەبەستی پێی شوێنی لەدایکبوونیەتی، گەورەبوونیەتی، یان شوێنی نیشتەجێبوونیەتی، هەست و ویژدان و سۆزی وابەستەیە پێیەوە.

قورئانی پیرۆز کە باسی لەفزی هاوڵاتی (مواطن)ی کردووە، مەبەستی پێی شوێنانێکە کە پەیوەست نین تەنانەت بە شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدۡ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٖ ﴾ التوبة: ٢٥. واتە: (لە ڕاستیدا خوای گەورە لە زۆر شوێندا سەرکەوتنی بە ئێوە بەخشیوە و سەری خستوون بەسەر بێباوەڕاندا). واتە: شوێنانێکی زۆری وەك بەدر کە شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونی ئەو جەنگاوەرانە نەبوو تیایدا سەرکەوتن، هەروەها وەك جەنگەکانی تری پێش جەنگی حونەین[1].

پێدەچێ بەکارهێنانی چەمکەکانی (هاوڵاتی) و (هاوڵاتیبوون) و (وڵات)، بە واتا سیاسییەکەی لە جیهانی عەرەبیدا یەکەمجار لەسەر زمانی ریفاعە تەهتاوی (١٨٠١-١٨٧٣ز) هاتبێ، پاشان لە کتێبێکی بوترس بوستانی (١٨١٩-١٨٨٣ز)دا هاتووە، تەهتاوی دەڵێ: (ڕۆڵەی وڵات ئەو کەسەیە کە ڕەسەنەو ڕیشکی داکوتاوە تیایدا یان شوێنی حەوانەوەیەتی و تیایدا نیشتەجێیە، ئینجا کردوویەتە نیشتمانی خۆی و سەر بەو وڵاتەیە، کە جارێك دەدرێتە پاڵ ناوەکەی (واتە ناوی وڵاتەکەی) و دەوترێ: میصری،.......یان دەدرێتە پاڵ وڵاتەکەی و دەوترێ (هاوڵاتی)، ئەمەش مانای وایە کە سودمەندە لە هەموو مافەکانی لە وڵاتەکەیدا.....چونکە ملکەچبوونی بۆ نیشتمانەکەی ئەو گەرەنتییەی دەداتێ کە نیشتمانەکەی مافی سودمەندبوونی لە مافە شارستانییەکان بداتێ، بە ناونیشانی نیشتمانەکەیدا جیابکرێتەوە، بەم مانایەش ئەوا دەبێتە کەسێکی نیشتمانی و شاری، واتە: ئەژمار دەکرێ بە ئەندامێك لە ئەندامانی شارەکە یان وڵاتەکە، ئەوکات وەك یەکێك لە پارچەکانی جەستەیی لێدێ، ئەمانەش

(١) تەفسیری ئیبن کەسیر (١٣٣٣٦/٢).

گرنگترین ناونیشانەکانن لای گەلە شارستانییەکان...)، تا ئەو شوێنە کە دەڵێ: (چونکە سیفەتی هاوڵاتیبوون) تەنها ئەوە نییە کە مرۆڤ داوای مافەکانی خۆی لە نیشتمانەکەی بکات، بەڵکو لەسەریەتی مافەکانی نیشتمانەکەشی بەجێبگەیەنێ، جا ئەگەر کەسێك لە ڕۆڵەکانی نیشتمان مافەکانی وڵاتەکەی نەدات و بە وەفا نەبێت بۆی، ئەوا ئەو مافە شارستانیانەی کە ئەویش شایستەیانە لەدەست دەدرێن)[1]. بوستانیش کاتێك باس لە ڕۆڵەی وڵات و هاوڵاتی و هاوڵاتیبوون دەکات هەر وتەیەکی نزیك بەم مانایەی پێشەوەی هەیە[2].

بە تێڕوانینی من ئەو پێناسەیە کە تەهتاوی بۆ چەمکی وڵات باسیکردووە لە هزری هاوچەرخی خۆرئاواوە وەریگرتووە، چونکە لە فەرەنسا ژیاوەو لەناو ئەو شاندە نێردراوە میصرییە ئەزهەرییەدا بووە.

پاشتر ئەم زاراوەیە لەناو موسڵماناندا بڵاوبوویەوە، هەندێکیان زیاتر لەوەی کە لە خۆرئاوا هەیە پیادەی کرد، تا کار گەیشتە ئەوە دروشمی (میصر بۆ میصرییەکانە) بەرزکرایەوە، ئەوەش لەدوای ڕێکەوتننامەی کامپ دیڤید لە ساڵی (١٩٧٩ز). منیش لەو کاتەدا لە ڕۆژنامە میصرییەکاندا دەمخوێندەوە، کە هەندێکیان قین و کینەو دەمارگیری و لەتبوونی عەرەب و موسڵمانانیان لێدەباری، وەك بڵێی ئەو نەتەوەپەرستییە کە ئوممەتی ئیسلامی کردە چەندین نەتەوە و گەلی جیا جیا، بەشداری کارایشی هەبوو لە ڕوخانی جێنشینی عوسمانیدا بەس نییە، چونکە عەرەب بۆ نمونە لە یەك نەتەوەدا کۆدەکاتەوە، لێرەوە ئەم بیرۆکەیە لە بازنە نەرێنییەکەیەوە هات تا عەرەبیش پارچە پارچە بکات و بیکاتە کۆمەڵێك وڵات، پەنامان هەر بە خوای گەورەیە.

---

(١) (المرشد الأمين للبنات والبنين) ريفاعە تەهتاوی، لە توێی کۆی بەرهەمەکانیدایە (٢/٤٣٣-٤٣٤).

(٢) وتارێکی بڵاوکراوەی لە گۆڤاری (نفیر)ی سوری (ع٤)، بیروت (٢٥/ت١)، ١٨٦٠. کە لە توێژینەوەکەی وەجیە کەوسەر دا لە پێگەی (التفاهم الخاص بوزارة الأوقاف العُمانية)دا ئاماژەی پێکراوە.

## * سەربوردێکی مێژوویی دەربارەی هاوڵاتیبوون (المواطنة):

بیرۆکە سەرەتاکانی هاوڵاتیبوون بەسترانەوە بەو دەوڵەتەوە کە دەیەوێت هاوڵاتیانی بە ڕایەڵەیەکی کۆکەرەوە کۆبکاتەوە، تا بەهێزیان بکات و یەکیان بخات لەبەردەم ئاڵەنگارییەکان و دوژمناندا، لەبەرئەوە هەندێ لە مەشخەڵەکانی لەو حکومەتانەدا دەرکەوت کە لەسەر بناغەی گەلان و نەتەوەکان بەرپابوون، وەك ئاشورییەکان و فارس و ڕۆمەکان و هاوشێوەیان، بەڵام کاتێك نەتەوەکان یان گەلان ئاینێکی دیاریکراو وەردەگرن ئەوکات ئیتر ئاین دەبێتە ڕایەڵەی کۆکەرەوە.

لە ڕاستیدا ژیارە پێشووەکان بە تایبەتی ژیاری ئیسلامی، بەشداری کردووە لە گەڵاڵەکردنی ماف و ئەرکەکانی ئەو هاوڵاتیانە کە لەسایەی ئەو دەوڵەتە یان ئیمپراتۆریەتەدا ژیاون، بەڵام لە هەمانکاتدا چەمکی تری دیارینەکراویان بۆ هاوڵاتیبوون یان چەمکی جۆراو جۆریان خستەڕوو کە لە نزیکی و دووریدا جیاوازبوون لە چەمکی نوێی هاوچەرخ[1]، تا دواتر شۆڕشە ئەوروپییەکان هاتن و چەمکی هاوڵاتیبوونیان سنوردار و دیاریکرد... تا ماوەیەکی زۆر بەستیانەوە بە نەتەوەپەرستییەوە، دواتر لەم توێژینەوەیەدا باسیدەکەین.

## * هاوڵاتیبوون لەم سەردەمەدا:

هاوڵاتیبوون لە هزری سیاسی نوێدا بریتییە لە: لایەنداری بۆ کۆمەڵگایەك کە یەك ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری دەیبەستێ بەیەکەوە[2]، ماف و ئەرکەکان بەدوای خۆیدا دێنێ، لە ئەمڕۆشدا بەستراوەتەوە بە ڕەگەزنامەی دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە، هەر کەس سودمەند نەبێت لێی ئەوا هاوڵاتی ئەو دەوڵەتە نییە.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری وتارێکی پ. د. ڕاشید غەنوشی دەربارەی هاوڵاتیبوون کە لە پێگەی (إخوان أون لاين) بڵاوکراوەتەوە، هەروەها وتارێکی د. عەلی خەلیفە کەواری بە ناونیشانی: (المواطنة في الدولة القومية) کە لە گۆڤاری المستقبل (ع٢/٢٠٠١ز)ا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها توێژینەوەیەکی پ. د. موحەممەد سەلیم عەوا بە ناونیشانی: (فكرة المواطنة وتطورها) کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی حزبی وەسەتی نوێی میصری لە ٣٠تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ز بڵاوکراوەتەوە، هەروەها وتارێکی پ. د. موحەممەد عەمماره بە ناونیشانی: (حقوق المواطنة في الإسلام) کە لە منتدى الشروق الإسلامى لەسەر تۆڕی نێودەوڵەتی لە ٢٢ شوبات ٢٠٠٩ز بڵاوکراوەتەوە، بابەتێکی د. سامر موئەییەد عەبدوڵلەتیفیش لە گۆڤاری التراث (ع٧).

(٢) مەوسوعەی ویکیبیدیای ئازاد، زاراوەی (مواطنة).

* کەواتە هاوڵاتی دەچێتەناو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت ڕێکدەخات، لەبەرئەوە هەموو دەستورەکان مافەکانی هاوڵاتی و بەرپرسێتییەکانی ڕێکدەخەن، ئەوەش بە جۆرێ کە هەندێ داواکاری و ئەرك دەخاتە ئەستۆی هاوڵاتی، ئەوانیش ئەمانەن:

١- لایەنداریی و بوون بە ئەندامی ئەو نیشتمانە.

٢- لە ئەستۆگرتنی ئەرکە داراییەکان، بە باجدان و ڕەسمە فەرمییەکان لە کاتی داواکردندا، هەروەها بە خزمەتکردنی سەربازی و هاوشێوەی، بە ڕێزگرتن لە دەستور و لە سیستمی گشتی ولات، بە پارێزگاریکردن لە ماڵ و موڵکی گشتی، بە ناپاکی نەکردن لە نیشتمان، هەروەها بەربەرچدانەوەی چاوڕاوی قین لەدڵانە، بە چوونە ڕیزی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ پاراستنی نیشتمان.

٣- بەشداری لە ژیانی گشتی و لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤- پەسەندکردنی هەموو هاولاتیان -تەنها لەسەر بنەمای هاولاتیبوون-، ئیتر باوەڕ و ئاینیان هەرچییەك بێ.

**لەو ئەرکانەش کە لە بەرانبەرەوە دەکەونە سەر دەوڵەت، ئەمانەن:**

١- پاراستنی مافەکانی ولات و هاوڵاتی، هەروەها پاراستنی ئازادی و ڕێز و کەرامەت و مرۆڤبوونی و ژیانی.

٢- دەوڵەت هەوڵ و کۆششی جیددی بکات بۆ فەراهەمهێنانی ئاسایشی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەندروستی، ڕۆشنبیری، فێرکاریی، یاسایی، دادوەریی، ئەوەش بە شێوەی دادپەروەریی و ویژدان و یەکسانیی.

٣- دابینکردنی یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان، لە ماف و ئەرکەکان و لە ڕەخساندنی هەلی کاردا.

٤- دابەشکردنی داهات و بەروبوومی ولات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بەپێی دەستور ویاسا دادگەرەکان و هەوڵدانی جیددی بۆپاراستنی، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی و خستنەڕووی

و سود وەرگرتن لێی بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی شەرەفمەندانە بۆ هەموو هاولاَتیان[1].

* زاراوەی نیشتمانپەروەریش (الوطنية) بۆ پیادەکردنی هزری نیشتمانی بەکاردەهێنرێ، هەروەها کردنی بە ڕایەڵەی کۆکەرەوە، چونکە ئەوە کەسی نیشتمانپەروەرە کە پیادەی ئەو هزرە دەکات و هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتمان دەردەبڕێ.

* هاولاَتیبوونیش لە سەردەمەماندا بە ڕەگەزنامە دەستەبەر دەبێت، ئەوەش بەو پێیە ئەو هاولاَتییە لە باوکێکەوە هاتووە کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەیە، یان لە سایەی دەوڵەتدا بە هۆکارێکی ڕەوا ڕەگەزنامەی بەدەستهێناوە، لەبەرئەوە: دەوڵەت، گەل، خاك دادەنرێن بە پێکهاتە سەرەکییەکانی، هەروەها لایەندارێی کۆکەرەوە بەتەواوی مانا کە نەتەوە نوێنەرایەتی دەکات، چونکە بیرۆکەی هاولاَتیبوون وەك ئەلتەرناتیفی بیرۆکەی کەنیسەی کۆکەرەوە بۆ دانیشتوانەکەی دەرکەوت، کە ئەوەش لەسەردەستی نەتەوەپەرستە شۆڕشگێڕەکان بەسەر کەنیسەدا هاتەگۆڕێ.

* مامۆستا عەلی کەواری پێیوایە سێ گۆڕانکاری تەواو گەورە لە ئەوروپا ڕوویاندا، کە بوونە مایەی دانانی پرەنسیپەکانی هاولاَتیبوون لە دەوڵەتی نەتەوەیی دیموکراسی هاوچەرخدا، گۆڕانکارییەکان ئەمانەن:

١- دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی کە لەبەرئەنجامی ململانێی پادشاکان بوو لەگەڵ کەنیسەدا.

٢- بەشداری سیاسییانەی هاولاَتیان.

٣- داڕشتنی ئەو یاسایانە کە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای هاولاَتیبوون ڕێکدەخات، بەڵام هاولاَتیبوون لە ئەمڕۆدا لە سایەی جیهانگیریی و لێکەوتەکانیەوە تێدەپەڕێ بە قۆناغی پێداچوونەوەدا کە شکاندنی بەربەستی نەتەوەیی بە ئامانج دەگرێ، هەروەك ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە کە بەربەستی نێوان نەتەوەکانی تێکشکاند[2].

---

(١) هەموو سەرچاوە پێشووەکان.

(٢) د. عەلی ئەلکواری، ئەو بابەتەی کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

* لە ڕاستیدا ئەوروپا بەهۆی یەکبوونی سیاسی و ئابووریەوە، توانی ببێتە هێزی دووەم یان سێیەم لەدوای ئەمەریکا و چین، جا ئەگەر بەربەستی نەتەوەکانی نەشکاندایە، یەکیان نەگرتایە ئەوا نەیدەتوانی هەندێ لە وڵاتەکانی وەك یۆنان، ئیتالیا و هیتریش کە لە ڕووی داراییەوە مایەپوچ بوون ڕزگار بکات، هەروەها ئەگەر ئەو دەوڵەتە زۆرانەی یەکیان نەگرتایە نەیدەتوانی ئەو هێزی فشارە لە ڕووی سیاسیەوە پێکبێنێ کە بتوانێ بەرگری لە خۆی و لە بەرژەوەندییەکانی بکات، هەروەها ئەو سیاسەتەی بیکاتە هێزێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی حیساب بۆکراو، چونکە بە ڕوونی دەرکەوت -تەنانەت دوور لە ئەمەریکاش- بتوانێ کار لەسەر ڕوخانی ڕژێمی قەزافی بکات، لە ڕووی سەربازیشەوە ماڵ و دارایی زۆری خستە بەردەست تا خەرجیبکات بەسەر کۆمەڵێك لەو دەوڵەتانەیدا کە خاوەنی سوپای بەهێزن، ئەویش لە ڕێگای هێزی سەربازی فشارداریەوە (ناتۆ) بە هاوکاری لەگەڵ ئەمەریکا.

مەبەستم بەمە ئەوەیە کە بڵێم خۆ قەتیسکردن و پەنگخواردنەوە لەناو بازنەی نەتەوەیی و هاوڵاتیبوونی بەرتەسکدا خاڵی نەرێنی زۆری لێدەکەوێتەوە، لێرەوە ئەرکی سەرشانمانە سودمەند بین لە خاڵە ئەرێنییەکانمان، خاڵە نەرێنییەکان وەلانێین -هەروەك لەمەوپاش باسی دەکەین-، ئەوەتا خۆرئاوا بە گیان و نەفەسی هێنانی بەرژەوەندییەکان و وەلانانی خراپەکان مامەڵەی لەگەڵ کرد، کاتێك بەدیکرد کە بەرژەوەندییەکانی لە یەکگرتنی ئەوروپادایە، بەڵکو لە یەکبوونی ئەوروپا ئەمەریکادایە ئیتر دەمارگیری نەنواند بۆ خاڵە نەرێنییەکان.

* بیرمەندی ئیسلامی مامۆستا ڕاشید غەنوشی دەڵێ: (چەمکی هاوڵاتیبوون لە هزری سیاسی نوێدا، لەلایەکەوە وابەستەیە بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە، لەلایەکیتریشەوە وابەستەیە بە دیموکراسیەوە، زۆربەی جاریش بە عەلمانیەتەوە، چونکە دەوڵەت لە ڕابردوودا -واتە: لە سەردەمی کەنیسەدا- پەیوەستبووە بە ئاینی مەسیحییەوە کە کۆکەرەوەی ژمارەیەك نەتەوەو ڕەگەز بووە، ئاین ڕایەڵەی پەیوەندی بووە، کاتێکیش ئەوروپا وازی لە ئاین

هێنا.. ئیتر هات نیشتمانپەروەریی نەتەوەیی پیادە کرد، بەڵام هاوڵاتیبوونی بە هەمیشەیی پەیوەست نەکردووە بە یەکسانییەوە(١).

* هەر بەڕاستیش یەکسانیی لە نێوان هیندیيە سورەکان -دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا- و نێوان ئەمەریکییە نیشتەجێکراوەکان لە ئەمەریکا لە سایەی هاوڵاتیبووندا دەستەبەر نەبوو، تا ماوەیەکی نزیکی پێش ئێستا ئەو یەکسانییە بۆ ڕەشپێستەکان جێبەجێ نەکرا، ئەڵمانیاش لە سایەی حوکمڕانی نازییەکاندا ئەو هۆڵۆکۆستەی بەسەر هاوڵاتییە جولەکەکاندا هێنا کە شاراوە نییە، هزرە ڕاستڕەوە توندڕەوە دەمارگیرەکانی ئەمڕۆی ئەورووپا، تا ئەمڕۆ دان نانێن بە یەکسانی لە نێوان هاوڵاتییە موسڵمانەکان و ئەوانیتردا، بەڵکو داوای دەرکردنیان دەکەن لە ئەورووپا، ئازادییە ئاینییەکانیان بەرتەسك دەکاتەوە، چەندین یاسایان بۆ قەدەغەکردنی پەچە دەرکردووە، تەنانەت بۆ پاڵاپۆشیش لە هەندێ لە وڵاتانیدا.

*** جیاوازی نێوان ڕەگەزنامەو هاوڵاتیبوون:**

گومانی تێدا نییە کە هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای ڕەگەزنامە بەرپا دەبێت، هەر کەسیش ڕەگەزنامەی دەوڵەتی هەبێت ئیتر -لە ڕووی پرەنسیپەوە- سودمەندە لە هەموو ئەو مافانەی کە لە دەستوردا بۆی جێگیرکراون، هەروەها ئەو ئەرکانەش کە دەکەونە سەرشانی، لەبەرئەوە زۆرینەی توێژەران یان ئینسکلۆپیدیا نێودەوڵەتییەکان باسیان لە جیاوازی نێوانیان نەکردووە، چونکە هەردووکیان یەك مانایان هەیە، یان سەرئەنجامیان یەك شتە(٢).

بەڵام دائیرەتولمەعاریفی بەریتانی جیاوازی کردووە لە نێوانیاندا، بەو پێیە کە ڕەگەزنامە لەپاڵ هاوڵاتیبوون مافی تریشی هەیە وەك پاراستنی لە دەرەوەی وڵاتیش(٣).

(١) ئەو بابەتەی کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە.
(٢) مەوسوعەی نێودەوڵەتی، هەروەها مەوسوعەی (کۆلیر) کە لە توێژینەوەیەکی د. عوسمان بن صالح عامر دا بەناونیشانی: (مفهوم المواطنە، وعلاقتة بالإنتماء)، کە لە پێگەی وفاق لە ٣٠ حوزەیران ساڵی ٢٠١١ز بڵاوکراوەتەوە.
(٣) دائیرەتولمەعاریفی بەریتانی، زاراوەی (هاوڵاتیبوون-المواطنة-).

منیش پێموایە ئەو جیاوازییە جیاوازییەکی کرۆکی و سەرەکی نییە، چونکە یەکێك لە مافەکانی هاولاتی ئەوەیە کە دەولەتەکەی پارێزگاری لێبکات، بە هەموو هۆکارە بەردەستەکان بیپارێزێ، تەنانەت لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیشی.

*** هاولاتیبوونی نێودەولەتی:**

بیرمەندانی خۆرئاوا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، سەرنجیانداوە کە چەمکی هاولاتیبوون بە چەمکە باوەکەی، دەکەوێتە بەردەم چەندین ئاستەنگی قورس و زۆر ئالەنگاری جیهانی وەك نایەکسانی کۆمەلایەتی و ئابووری، وەك پرۆسەی پێشکەوتنی زانستی هونەری ورد، هەروەها لە بواری مافەکانی مرۆڤیشدا، لە هەبوونی ژیارە بەهێزەکان و چەندین نەتەوەو گەل کە ئاین و کەلتوری جیاوازیان هەیە، ئینجا سەرهەلدانی جیهانگیریی، ئیقرارکردن بە مافەکانی مرۆڤ -بەو پێیە کە مرۆڤە-، هەموو ئەمانەش بوونە هۆی پەرەسەندنی چەمکی هاولاتیبوون و حەزی بردنی بەرەو جۆرێك لە جیهانێتی، تا دواجار بووە هۆی دەرکەوتنی زاراوەیەکی نوێ بە ناوی: (هاولاتیبوونی نێودەولەتی)، چونکە بازنەکەی فراوان بووە، نیشانەکانیشی بەمجۆرەی لای خوارەوە دیاریکراون:

١- رێزگرتن لە ماف و ئازادی ئەو کەسانەش کە هاولاتی دەولەت نین.

٢- داننان بە کەلتور و بە ئاینەکانی تردا کە جیان لە کەلتور و ئاینی نیشتمان.

٣- تێگەیشتن و کارا کردنی بیروباوەرە سیاسی و ئابوورییە جۆراو جۆرەکان.

٤- بایەخدان بە کاروبارە نێودەولەتییەکان.

٥- هاندان لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بەشداریکردن لە هاندان و رەواجدان بە ئاشتی و ئاشتەوایی نێودەولەتی.

٦- هاندانی دیالۆگ لە بەرێوەبردنی ململانێکان دوور لە توندوتیژیی(١).

ئەم فراوانبوونە لە چەمکی بازنەی (هاولاتی نێودەولەتی)دا دەبێتە هۆی لاوازبوونی

(١) د. عوسمان عامر، توێژینەوەی پێشووی کە ئاماژەی پێکراوە، هەروەها سەرچاوە پێشووەکانیش.

بازنەی نەتەوەیی، ئەم زاراوەیە لە چەمکی هاولاَتیبوونی ئیسلامەوە نزیکە، چونکە ئەو نیشتمانە کە بە نیشتمانی نەتەوەیی یەك گەل گوزارشی لێدەکرێ، یان بە ڕەگەزنامە ئەوا بەشێکی بچوك یان گەورە لەو گەلە موسلّمانە دابەشکراوە دیاریدەکات، با لە ئیسلامیشدا هەندێ مافی هەبێت -هەروەك لەمەوپاش ڕوونیدەکەینەوە-، بەلاّ نابێت ببێتە بازنەیەکی بەرتەسکی سنوردار کە ماف و ئەرکەکان لەو بازنە بەرتەسکەدا پەنگ بخۆن.

وا پێدەچێ جیهان لەدوای ئەو ئەزموونە تالاّنە ناچارە بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام و بۆ پرەنسیپە مەزنەکانی ئیتر زوو بێت یان درەنگ، چونکە خوی گەورە دەفەرموێ: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾ فصلت: ٥٣. واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە لە ئایندەدا نیشانەکانی دەسەلاّت و وردەکاری دروستکراوانیان نیشان دەدەین لە بۆشایی ئاسمان و لە هەموو ئاسۆکاندا، هەروەها لە پێکهاتەی جەستەی خۆشیاندا، هەتاکو بەتەواوەتی بۆیان ڕوون و ئاشکرا ببێت، کە ئەو زاتەی بەدیهێناون هەر خۆی حەق و حەقیقەت و ڕاستەقینەیە هەروەها پەیامەکانیشی، بەتایبەتی دواهەمینیان کە بەڵێنی پاراستنی داوەو ڕاسترین پەیامە، داخۆ ئیتر بەس نیە بۆ پەروەردگاری تۆ -ئەی موحەممەد ﷺ ئەی ئیماندار-، کە شایەت و ئاگادارە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە زاتی خۆی بەدیهێناون).

* **هەڵوێستی ئیسلام لەسەر بیرۆکەی هاوچەرخی هاولاّتیبوون (هاوسەنگی):**

مەعلومە کە ئیسلام لەسەر بناغەی ڕایەڵەکانی باوەڕ و ئاین کۆمەڵگاو گەل و دەوڵەت بەرپا دەکات، ئەمە بێئەوەی ڕایەڵە ئەرێنییەکانی تریش پشتگوێ بخات، ئەوەش بە میکانیزمێکی هاوسەنگی ورد کە هەوڵدەدات لە ڕێگای بنەمادۆزی و تیۆریزەکردن و پراکتیزەو کارا کردن برایەتی ڕاستەقینە دەستەبەر بکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ الحجرات: ١٠ ئینجا هەموو مافەکانی برایەتی لە خۆشویستن، لایەنداریی، هاوکاری، پشتگیری، دەستەبەری و یارمەتی دەدات بەسەر هەموو موسڵماناندا. خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ

بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾ التوبة: ٧١ واتە: (ئیمانداران لە هەموو سەردەمێکدا پیاوان و ئافرەتانیان، پشتگیر و هاوکاری یەکترن، ئەم سیفەتانە لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن: یەکەم: فەرمان دەکەن بە چاکە و قەدەغە لە خراپە دەکەن، دووەم: نوێژەکانیان بە چاکی دەخوێنن و ئاسەواری ڕەنگدەداتەوە لە کارو کردەوە و هەڵسوکەوت و هەڵوێستیاندا، سێیەم: زەکاتی ماڵ و سامان و تەندروستی و زانستی خۆیان دەدەن، چوارەم: فەرمانبەرداری خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی دەکەن.....، بێگومان ئەوانە خوای گەورە لە سۆز و میهر و ڕەحمەتی خۆی بەهرەمەندیان دەکات، لە ڕاستیدا ئەو خوایە تەواو باڵادەستە، تەواویش حەکیم و دانایە). خوای گەورە باسیکردووە کە ئەو لایەندارییە گشتگیرە بۆ باوەڕ و بۆ پاراستنی لە دوژمنکاری زەرووەتە، دەبێت لەبەردەم لایەنداری گشتگیری بێباوەڕی و دووڕوویی دا کە یەکیانگرتووە تا ئیسلام و موسڵمانان لەناوبەرن فەراهەم بێت، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ﴾ الأنفال: ٧٣ واتە: (لەولاشەوە ئەوانەی کە کافر و بێباوەڕن پشتگیری یەکدی دەکەن، جا ئەگەر ئێوەی ئیماندار، هاوکاری و هاریکاری و پشتگیریتان نەبێت بۆ یەکتر، ئەوە لەسەر زەویدا ناخۆشی و ناکۆکی و گوناهو تاوان و گەندەڵی بەتەواوی فراوان و بەرپا دەبێت). سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ بە تێروتەسەلی باسی ئەو برایەتییە ئیمانییەو مافەکانی و جێکەوتەکانی کردووە[١].

ئەوە ئەو برایەتییە ئیمانییە کە ئوممەت بە هەموو گەلانییەوە کۆدەکاتەوە، دەیانکاتە یەك ئوممەتی بەهێز و پێکەوەبەستراو، ئەمەش دژ نییە لەگەڵ برایەتی نەژاد و خزمایەتی و ژن و ژنخوازیدا، دژ نییە لەگەڵ برایەتی مرۆییدا، دژ نییە بە برایەتی نیشتمانی هاوبەش، بەڵکو هەموو ئەوانە ئەڵقەی تەواوکەرن، هەر ڕایەڵێك لەوانە مافی خۆی هەیەو ئەرکیش دەکەوێتە ئەستۆی.

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری: کتێبەکانی سوننەت بکرێن، بۆ نمونە کتێبی (ریاض الصالحین).

*** ئیسلام لە پرسی هاولاتیبووندا ڕەچاوی لایەنە ئەرێنی و مرۆییەکانی کردووە:**

لەگەڵ ئەم برایەتییە ئیمانییە گشتگیرەدا، ئیسلام هەر لایەنە ئەرێنییەکانی فەرامۆش نەکردووە، بەو پێیە کە دوورن لە دەمارگیریی و دووبەرەکی و لەتکردنی نەتەوەو نیشتمانپەروەریی، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرەنسیپانەی خوارەوەدا:

١- نیشتمان لە چەمکی ئیسلامیدا بریتییە لە نیشتمانی گەورەی ئوممەتی ئیسلامی، کە هاولاتی -موسلمان یان بێباوەڕ- لە دەوڵەتی ئیسلامدا، هەر لە سەردەمی جێنشینی ڕاشیدەوە تا ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، بە پانتایی و بە درێژی جیهانی ئیسلامدا بە ئازادی دەگەڕاو دەهات و دەچوو، بێئەوەی کۆت و بەند و مەرجی لەسەر دابنرێ، چونکە ڕەگەزنامەکەی ئیسلام بوو، لە هەر کوێ نیشتەجێ بووبێ ئەوا مافی هەبووەو ئەرکیش کەوتووەتە سەرشانی، کەواتە لایەنداری موسلمان بۆ نیشتمانی گەورەی ئیسلامە.

٢- لایەنە ئەرێنییەکانی هاولاتیبوون لە ماف و ئەرکەکاندا، ئینجا بەستنەوەی هاولاتی موسلمان بە دەوڵەتەکەیەوەو هەلسوکەوتی لە کۆمەلگاکەیدا بە هەق و بە دادپەروەریی، هەروەها هاوکاری کۆمەلگاکەی و دەوڵەتەکەی لەسەر چاکەو خواناسی و پاریزکاری کارێکی ڕەواو شەرعییەو مەبەستە، لایەنداری موسلمانیش بۆ دەوڵەتەکەی کە گرتوویەتییە خۆی و بووەتە شوێنی حەوانەوەی و مافەکانی پێداوە، کارێك نییە دژ بێت لەگەڵ لایەنداری بۆ ئیسلام، مادامێ لەو سنورەدایە کە ئیسلام نەخشەڕێژی بۆ کردووە، هەروەها پێچەوانە نییە لەگەڵ لایەندارییە نەتەوەیی و هۆزگەراییەکەیدا مادامێ لە چوار چێوەی هاوکاری هاوبەشدایە، مەرجی سەرەکی لە هەموو ئەم لایەندارییانەدا ئەوەیە کە ئەمانە نەبنە باوەڕی جێگرەوەی ئیسلام، نەبنە هۆی توانەوە تیایاندا، چونکە موسلمانی عەرەبی یان کوردی یان تورکی یان پاکستانی و...... بۆ نمونە لە فەڕەنسا هاولاتییەکی فەڕەنسییەو وەك نیشتمانێك مافی هەیە تیایدا، هەروەها ئەرکیش دەکەوێتە ئەستۆی، لە ڕووی زمانەوە عەرەبە یان کوردە یان......، لە ڕووی هۆزیشەوە لە هۆزی فلانە.

لەبەرئەوە -ئێمە لە ئەنجومەنی ئەورووپی بۆ فەتوا و توێژینەوەکان- داوای ئاوێتەبوونێکی ئەرێنیمان لە موسڵمانان کردووە، دوور لە توانەوە، دوور لە پەڕگیری و گۆشەگیری.

دەبێ ئەو ڕاستییەش بوترێ کە پرەنسیپی ئیسلام لەم بوارەشدا هەر بریتییە لە پرەنسیپی هاوسەنگی ورد لە نێوان هەموو ئەو ڕایەڵەو لایەندارییانەدا، گەورەیی ئیسلامیش لێرەوە دەردەکەوێ، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان بەوپەڕی دانایی و بە میزانی ورد ئەو هاوسەنگییە دەستەبەر بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە گەردەلولی هزریی زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤایەتی بە لای ڕاست و چەپدا دەبات، ئیتر یان بەهۆی فەرامۆشکردنی ڕایەڵەی ئاینەوەیە، یان ڕایەڵەی هاولاتیبوون یان نەتەوەیی و .....تادوایی.

٣- لەگەڵ ئەم پرەنسیپە جوانەی ئیسلام بۆ هاوسەنگیی لە نێوان هەموو ئەو لایەنانەدا، ئیسلام هەر لایەنی سۆزداریی مرۆڤی بە هەند گرتووە، تا ئەو نیشتمانەی خۆی خۆشبوێ کە تیایدا لەدایکبووە، هەروەها بێتاقەت بێت بۆی و تامەزرۆی بینینی بێت، تەنانەت بۆ هەرێمەکەشی:

أ- پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی، زۆر زۆر تامەزرۆ و بێتاقەتی مەککەی پیرۆز بوون و دڵیان لای بووە، لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کە لەبارەی مەککەی پیرۆزەوە فەرموویەتی: ((**ما أطيبك من بلد، ولأحبك إليّ، ولولا أن قومك أخرجوني منك ما سكنت غيرك**))[1]. واتە: (ئای مەککە، ئای کە چ شارێکی جوان و چاکی، خۆشەویسترین شاری لای من، ئەگەر خەڵکەکەت دەریان نەکردمایە ئەوا لە جگە لە تۆ لە شوێنێتر نیشتەجێ نەدەبووم). کاتێک هاوەڵانی بەڕێز کۆچیانکرد بۆ شاری مەدینە، زۆر بێتاقەتی مەککەی پیرۆز بوون و تامەزرۆی بوون، بیلالیش (خوا لێی ڕازی بێت) لە دوو دێڕ شیعردا زۆر بە شەوق و تامەزرۆییەوە باسی مەککەی پیرۆز دەکات کە شوێنی گەورەبوونیەتی، تیایاندا بێتاقەتی خۆی بۆ مەککە دەردەبڕێ، تا وای لە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خودا لێی ڕازی بێت) کرد، کاتێک گوێیستی ئەو شیعرانە بوو پێغەمبەری

(١) ترمذی بە ژمارە (٣٩٢٦) گێڕاویەتەوە.

خوای ﷺ ئاگادار کرد لێیان، ئەویش ﷺ فەرمووی: ((**اللّهُمَّ حبب إلينا المدينة كحبنا مكة أو أشدّ، اللّهُمَّ بارك لنا في صاعنا، وفي مدنا، وصححها لنا، وأنقل حماها إلى الجحفة**)).[1] واتە: (ئەی خودای گەورە خۆشویستنی شاری مەدینەش وەك خۆشەویستیمان بۆ مەککە لا خۆشەویست بکە یان زیاتر لەو، پەروەردگارا بەرەکەت بخەرە کێشانەو پێوانەمان، بۆمان ڕاستبکەرەوە، پەتاو نەخۆشییەکەی بگوێزەرەوە بۆ جوحفە). خوای گەورەش پاڕانەوەکەی گیرا کرد و خۆشەویستی مەدینەی لە دڵیاندا ڕوواند.

شاعیرانی موسڵمانیش شیعریان لەسەر خۆشویستنی نیشتمانەکان وتووە، ئەوە ئیبن ڕۆمی یە دەڵێ:

من نیشتمانێکم هەیە بڕیارمداوە نەیفرۆشم
تا تەمەنم مابێت نەبینم کەسێکیتر بێتە خاوەنی[2]

کاتێك خەلیفەی ئومەوی عەبدوڕەحمانی داخل لە ئەندەلوس دارخورمایەکی بینی کڵپەی لە جەرگی هەستاند و زۆر بێتاقەتی خۆرهەڵات و شام بوو، چونکە وڵاتی ئەسڵی و شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونی بوو[3].

بەڵام خۆشەویستی شاعیرە موسڵمانەکان بۆ نیشتمان و شارەکانیان، زیاتر کاریگەر بوو بەو شوێنانەوە کە لە ئیسلامدا پایەی گەورەتریان هەیە، هەموو موسڵمانان مەککەو مەدینەو قودسیان زیاتر لە شوێنەکانیتر خۆشدەوێ، ئەوەتا شاعیری ئیسلام موحەممەد ئیقباڵ دەڵێ:

شەوق و مەیلمان بۆ حیجاز ئەوەندە بەجۆشە
وەك شەوقی ئاوارەیەك وایە بۆ نیشتمانی[4]

ب- ئیسلام دەرکردنی مرۆڤ لەو نیشتمانەی لێی لەدایکبووە یان لەو هەرێمەی ئەو لایەنداریەتی دادەنێ بە گرنگترین هۆی جەنگ و کوشتار و بەرپاکردنی تێکۆشان

(١) صەحیحی بوخاری، بەشی چاکەکانی مەدینە، بە ژمارە (١٧٩٠) گێڕاویەتەوە.
(٢) (نهر الآداب وثمر الألباب)ی الحصري (١/٢٨٣).
(٣) (الشعر العربي الأندلسي)، د. عەلی دیاب، چاپی زانکۆی دیمەشق، ل(٥٠-٥١).
(٤) (فلسفة الإقبال) نوسینی ئەعزەمی، چاپی: دار إحياء الكتب العربية، قاهيرة ل(٩١).

لەپێناو خوای گەورەدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ، ٱلَّذِينَ أُخْرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج: ٣٩-٤٠

خوای گەورە یەکەمین هۆی ڕەوای بۆ تێکۆشان و جەنگ باسکردووە ئەویش بریتییە لە دەرکردن لە نیشتمان، ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکات کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی تری بڕیارداوە، لە چیرۆکی تالوت و جالوتیشدا ئەم ڕاستییەمان بۆ باسدەکات و دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُواْ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِۖ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُواْۖ قَالُواْ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَاۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْاْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ البقرة: ٢٤٦. واتە: (ئایا هەواڵ و بەسەرهاتی دەستەیەك لە گەورە پیاوان و پیاوماقوڵانی نەوەی ئیسرائیلت نەبیستوە لەدوای موسا بەچەند سەدەیەك، ڕۆژێك بە پێغەمبەرەکەیان وت: تۆ پادشایەك، سەرکردەیەکی شایستەمان بۆ دیاری بکە، تا لەژێر سەرکردایەتی ئەودا لەپێناوی خوادا بجەنگین دژی دوژمنان و ستەمکاران، پێغەمبەرەکەیان وتی: باشە، ئەی ئەگەر جەنگتان لەسەر بڕیاردراو خەریك بوو شەڕ یەخەتان بگرێت، بەڵام پەشیمان بوونەوە و نەجەنگان، ئەوسا چی دەڵێن؟! لەوەڵامدا وتیان: جا بۆچی و چیمانە لەپێناوی خوادا نەجەنگین، بەتایبەت ئەوەتە دەربەدەرکراوین لە ماڵ و منداڵ و وڵاتمان، کەچی کاتێك جەنگیان لەسەر بڕیاردرا زۆربەیان لە وادەکەیان پەشیمانبوونەوە، تەنها کەمێکیان خاوەنی بەڵێنی خۆیان بوون، خوای گەورەش تەواو زانایە بە ستەمکاران و ئەوانەی خاوەن بڕیاری خۆیان نین).

ج- قورئانی پیرۆز باسی جیاوازی نێوان موسڵمانی هاوڵاتی کردووە کە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژی، وە نێوان ئەو موسڵمانەدا کە لە سایەیدا ناژی، چونکە یەکەم مافی پاراستن و پشتگیری هەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام دووەم مافی لایەنداریی و پشتگیری هەیە لەبارێکدا داوا بکەن، مەگەر قەومێك یان دەوڵەتێك نەبێت کە پەیماننامەو بەڵێننامەی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۢ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴾ الأنفال: ٧٢. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە، جیهاد و خەباتیان کردووە لەپێناوی خوادا بە ماڵ و سامانیان و خۆیان، هەروەها ئەوانەش کە لایان لێکردنەوە و لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا جێیان کردنەوە و پشتیوانیان لێکردن، دیارە کە ئا ئەوانە پشت و پەناو یارو یاوەری یەکترن، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان نەکردووە، ئەوە بۆتان نیە پشتگیریان بکەن لە هیچ شتێکدا هەتا کۆچ دەکەن بۆ لای ئێوە، خۆ ئەگەر ئەو ئیماندارانەی کە کۆچیان نەکردوە کافرەکان ڕێگەیان لێ دەگرتن بۆ کۆچکردن، ئەوانیش داوای یارمەتیان لە ئێوە کرد ئەوە پێویستە یارمەتیان بدەن، جگە لەو حاڵاتانەی کە ئەگەر پەیمانێکی مۆرکراو هەبێت لە نێوان ئێوە و ئەو هۆزەدا، دڵنیابن کە خوای گەورە بە هەموو کارو کردەوەیەکتان تەواو بینایە و هیچ شتێکی لێ پەنهان نیە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە: ژیانی هاوڵاتی لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا چەندین ماف دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت، زیاتر لە مافی کەسێکیتر کە لە دەرەوەی ئەو دەوڵەتەدا دەژی تەنانەت ئەگەر موسڵمانی ڕاستەقینەش بێت، بەم پێیە ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا بەپێی پەیماننامەو بەڵێننامەو بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکان دەبێت.

د- لە ڕاستیدا بەڵێننامەی مەدینە (یان دەستوری مەدینە)، لەپاڵ ڕایەڵەی باوەڕدا

ڕایەڵەی هاولاّتیبوون و ژیانی لەناو یەك نیشتمانی هاوبەشدا فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو هاتووە باسیکردووە یان بنەمادۆزی بۆ دوو جۆر ڕایەڵ کردووە کە هەردووکیان بەهەندگیراون و بەهای خۆیانیان هەیە:

- ڕایەڵەی یەك باوەڕیی، کە بە دەق دەڵێ: (جولەکە ئومەتێکن، موسڵمانانیش ئومەتێکن)، واتە: ئومەتی باوەڕ و ئاین و ڕێوڕەسمی ئاینی و بەهاکان.

- ڕایەڵەی هاوبەشی لە نیشتماندا، بە دەق دەڵێ: (...جولەکەی بەنو عەوف ئومەتێکن لەگەڵ موسڵمانان، جولەکە ئاینی خۆیانیان هەیە، موسڵمانانیش ئاینی خۆیان هەیە)[1]، پاشان باسی هۆزەکانی جولەکەی وەك بەنو نەججار و هیتریش کردووە، ئەوەی جێگیرکردووە کە موسڵمانان و جولەکە یەك ئومەتن، سەلماندنی ئەو یەکبوونەشیان لە ڕێگای ڕایەڵەیەکی گشتگیر و کۆکەرەوە نەبێت کە هەمووان بگرێتەوە ناسەلمێ، بەتایبەتی کە لەم سەردەمەماندا پێی دەوترێ ڕایەڵەی هاولاّتیبوون، مامۆستا ڕاشید غەنوشی دەڵێ: (واتە: ئومەتی سیاسەت و هاولاّتی بە دارشتنی ئەمڕۆ، واتە: هاوبەشن لە یەك سیستمی سیاسیدا کە مافی یەکسانیان دەداتێ، بەو پێیە کە خاوەن پەراون و خەڵکانی ناموسڵمانن و پاریزراون، واتە: ئەو هاولاّتیانە کە ناموسڵمانن بەلاّم ڕەگەزنامەی دەوڵەتی ئیسلامیان هەیە)[2].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ: کە ناموسڵمانان لە خاك و ولاّتی ئیسلامدا تەواوی مافی هاولاّتیبوونیان هەیە، بەو پێیە کە هاوبەش لە نیشتماندا، لێرەوە ئەرکی هاولاّتیبوون و بەرپرسێتی دەکەوێتە سەریان، لە هەمانکاتیشدا مافیان هەیە، حاڵیان وەك حاڵی موسڵمانان وایە، لەبەرئەوە بەندەکانی ئەم بەڵێننامەیە لە پرسی بەرگری لە مەدینە بە دەق جەخت لەو ماف و ئەرکانە دەکات.

---

(١) ئەمە بەندێکە لە بەندەکانی پەیماننامەکە کە دواتر سەرچاوەکەیان دەوترێ.

(٢) (الإسلام والمواطنة) مامۆستا ڕاشید غەنوشی، پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

تەنانەت مەسەلەی سەرانە (جزیة)، ئەوە لەو ئەرکە داراییانەیە کە دەکەونە سەر کەسی ناموسڵمان و دەبیات بەرەو دەستەبەری بژێوی، هەروەك چۆن موسڵمان بە هەمان مەبەست زەکات دەدات، جا ئەگەر کێشەکە لە ناودا بێت ئەوا پێشەوا عومەر ﵁ هەردوو زاراوەکەی یەکخستووە، هاتووە لەسەر داوای هۆزی بەنو تەغلوب خۆیان زەکاتی سەپاندووە بەسەریاندا[1]، کە بڕی (جزیة) زۆر لە بڕی زەکاتیش کەمترە، لەوانەیە ڕاکەی جێنشینی ڕاشید عومەر ﵁ لەم سەردەمەدا وامان لێبکات ئەو ڕایە هەڵبژێرین، ئەوەش لەبەر گرنگی یەکخستنی یەك خانەی وەزیفی بە کۆکردنەوەی داهات و چۆنێتی خەرجکردنی[2].

دواتر لە بەڵێننامەی مەدینەدا بە وردەکاری زیاترەوە قسەی لەسەر دەکەین.

*** پوختە لەگەڵ بەراوردکردن (بەکورتی):**

لە توێی ئەو باسەی پێشەوەدا بۆمان ڕوونبوویەوە کە زاراوەی (هاوڵاتیبوون) لە عورفی سیاسی هاوچەرخدا لە ئەوروپا بەرزکراوەتەوە، ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی دوو ڕەهەندی گرنگ بوون کە ئەمانەن:

* **ڕەهەندی یەکەم:** بۆ ئەوەی (هاوڵاتیبوون) کە نەتەوەش لە توێیدایە -بەڵکو لە پێداویستییەکانیەتی- جێگای هەر جۆرە ڕایەڵەیەکی پێکەوەبەستن بگرێتەوە، بە تایبەتی ڕایەڵەی ئاین یان کەنیسە کە ملهوڕی کرد و بووە هۆی چەندین جەنگی ئاینی لەگەڵ ئەوانیتردا، هەروەها وەستایەوە دژ بە پەرەسەندنی یاساکان و ماف و زانستەکان و پێشکەوتن، هەر بۆیە ئەوروپا هات ئەم ڕایەڵەی (هاوڵاتیبوون)ەی پیرۆز کرد و بە شکۆمەند ڕایگرت، تا جێگای پیرۆزی گشتگیری ئاینی بگرێتەوە.

---

(١) (الأموال)ی ئەبو عوبێد، هەروەها سەیری: (فقه الزكاة)ی مامۆستا قەرەزاوی بکرێ، کە پاشتر ئەم باسە بە تێروتەسەلی دێت.

(٢) گێڕدراوەتەوە کە عومەری فاروق و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ڕێگایانداوە بە خەرجکردنی زەکات بەسەر هەژارانی خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکاندا، ئەم ڕەئیەش ئەو حاڵەتە بەهێزی دەکات کە بێین زەکات لە هەردوو لایەن وەربگرین تا خەرجبکرێ بەسەر هەژارانی هەردوو لایەنەکەدا، سەیری: (الأموال)ی ئەبو عوبێد بکرێ، هەروەها مامۆستا قەرەزاوی لە کتێبی (فقه الزكاة)دا.

* **ڕەهەندی دووەم:** ڕەخساندنی مافە مرۆیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ هەموو هاوڵاتییەك، لەگەڵ پابەندبوونی ئەویش بەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەوە کە داوای لێدەکرێت، هاوکات دەستەبەرکردنی یەکسانیی لە نێوان هەمووان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون.

جا ئەگەر بێین ئەم دوو ڕەهەندە بخەینە بەردەم شەریعەتی شکۆمەندی ئیسلام و پرەنسیپە گشتییەکانی، ئەوا بە ئاسانی دەگەینە ئەوە کە ڕەهەندی دووەم شتێکی پەسەندە، بەڵکو لە ڕووی پرەنسیپەوە مەسەلەیەکی پێویستە، چونکە ئیسلام ئاینی دادگەریی و یەکسانیی و مافە بەرانبەرەکانە، داننانە بە تەواوی مافەکانی هەر کەسێکدا کە لەسەر زەوییەکەی و تیایدا دەژی بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە، هەروەها لە ئیدارەدان و پاراستنی، لە سود وەرگرتن لە خێرو بێرەکەی، ئەوەش بە دادپەروەریی و ویژدان بە خەرجدانەوە دەستەبەر دەبێت -هەر بەو جۆرە کە لای هەمووان زانراوە-.

کەواتە تەمومژ و ناڕوونییە کە یان پرسیارەکە لەبارەی ڕەهەندی یەکەمەوەیە، بەوەی کە هاوڵاتیبوون جێگای ڕایەڵەی باوەڕ -واتە: ئیسلام- بگرێتەوە، چونکە گومانی تێدا نییە کە ئەمە ڕەوا نییە و ناشەرعییە، موسڵمانیش ئەمەی قوبوڵ نییە، چەندین بەڵگەو دەقی شەرعی لە قورئان و سوننەتدا هاتوون کە قەدەغەی کردووە بەڵکو حەرامیکردووە: لەوانەش:

١- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾ المائدة: ٣. ئەم ئایەتە جەخت لەوە دەکات کە دەبێت لایەنداریی ڕاستەقینەمان بە تەواوەتی بۆ ئیسلام بێت.

٢- هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ﴾ الحجرات: ١٠. چونکە ئەو برایەتییە کە لە کاتی بەریەککەوتن و دژبەیەکیدا سەردەکەوێ بەسەر هەموو برایەتییەکانی تردا ئەو برایەتییە ئیمانییەیە کە کۆماندەکاتەوە، دەیان ئایەتی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، چونکە چڕدەبنەوە لەسەر یەکبوونی ئوممەتی ئیسلامی و زەرورەتی لایەنداریی بۆی، هەروەها لەسەر ئەوە کە موسڵمانان یەك جەستەن، بەڵکو یەك دەستن[١].

---

(١) بۆ بەڵگەو فەرموودەی زیاتر لەمبارەیەوە سەیری: (رياض الصالحين) بکرێ.

٣- ئەو ئایەت و فەرموودانە کە دەلالەت لە زەرورەتی لایەنداریی بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ و باوەڕداران دەکەن زۆر زۆرن، لەوانەش خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾ التوبة: ٢٤. واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە باوانتان و نەوەکانتان و براکانتان و هاوسەرانتان و عەشیرەت و هۆزتان و ماڵ و سامانێك کە بەدەستتان هێناوە، یاخود بازرگانیەك کە دەترسن شکان و بێ بازاڕی ڕووی تێبکات، خانوو بەرەو کۆشك و تەلارێك کە حەز دەکەن لێتان تێك نەچێت و دڵخۆشن پێی، ئەگەر ئەوانە هەمووی یان هەندێکی لاتان خۆشەویستتر و نازدارتر بوو لە خواو پێغەمبەرەکەی، لە جیهاد و خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئاینەکەیدا، دە خۆتان بگرن هەتا خوای گەورە فەرمان دەکات و تۆڵەتان لێدەستێنێت، دڵنیاشبن خوای گەورە هیدایەتی ئەو کەسانە نادات کە یاخین و لە سنورەکانی شەرع و بەرنامەی خوا ترازاون). ئەم ئایەتە بە ڕوونی ئەو مانایەمان پێدەڵێ کە نابێت لایەنداریی بۆ نەتەوەو هۆز و خزمان و نیشتمان و ماڵ و سامان و هاوشێوەی، بکەونە پێش لایەنداریی بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی و بۆ ئیسلام و تێکۆشان لەپێناویدا، هەروەك قورئان جەختی لێدەکات و دەفەرموێ: ﴿ لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴾ المجادلة: ٢٢.

کەواتە فەرزی لایەنداریی بۆ لای خوای گەورەو بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ و بۆ ئیسلام و موسڵمانان لە نێوان موسڵماناندا کۆدەنگی لەسەرە، ڕێکن لەسەری و دەخرێتە پێش هەموو لایەندارییەکانی ترەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە: جگە لەم لایەندارییە ئیتر

هیچ لایەندارییەکی تر بوونی نیە، هیچ خۆشویستنێك جگە لەمە بوونی نیە.

جا بە تێڕوانین لە قورئانی پیرۆز و لە ژیننامەی پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ و لە سوننەتەکەی، دەبینین کە کۆمەڵێك لایەنداری تر و خۆشویستنی تر هەن کە ئیسلام لای پەسەندن و بە وردی و بە حیکمەتەوە دەیانگرێتە خۆی و لێیان تێدەگات، بە مەرجێ ئەو لایەندارێی و خۆشویستنانە لە سایەی خۆشەویستی یەکەمدا بن، یان دژ نەبن لەگەڵیدا، ئیسلام بەهەمانشێوە چەندین خۆشەویستی و لایەندارێی تری گشتگیر و کۆکەرەوەی لە نێوان موسڵمان و غەیری موسڵماندا دروستکردووە، وەك لایەندارێی هاوڵاتیبوون و خزمایەتی و نەتەوەو هیتریش.

* کەواتە بەپێی ئەمەی پێشەوە، ئەوا بانگەشەو ئیقرارکردن بە بیرۆکەی هاوڵاتیبوون لە سایەی شەریعەتی شکۆمەندی ئیسلامدا مەسەلەیەکی ڕێگاپێدراوە، ئەویش بەم دوو مەرجە: دەبێت یەکەمین لایەندارێی بۆ لای ئیسلام و موسڵمانان بێت، ناشبێت ئەو لایەندارییانەی تر ببنە مایەی خۆ بە زلگرتن و شانازی ناڕەوا و دەمارگیریی و خواردنی مافی ئەوانیتر، ئەوەش لە ڕێگای دوو چوارچێوەوە دەبێت کە ئەمانەن:

*** چوارچێوەی یەکەم: تایبەتە بە موسڵمانان:**

هیچ لارییەك و ڕێگرییەك نییە لەوەی موسڵمان سەر بە گەلەکەی، هۆزەکەی، تیرەکەی، نیشتمانە تایبەتەکەی خۆی بێت، خۆشیبوێن، پشتگیریان لێبکات و خزمەتیان بکات، بەڵکو هەستێ بە پێدانی مافەکانیان و بیانخاتە پێش ئەوانیترەوە، ئەوەش بەو مەرجە کە خۆشویستنی سەرەکی بۆ ئیسلام و موسڵمانان بێت، هەروەها ئەو خۆشویستنەی بۆ ئەوان نەگاتە پلەی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی، یان پێشێلکردن و خواردنی مافی ئەوانیتر، بەڵکو لەپێناو هاوکاری بێت لەسەر چاکەو خواناسی و پارێزکاریی، لەسەر ئەو بناغەیە بێت کە چاکەکردن لەگەڵ خزمان و نزیکەکان لە پێش ئەوانیترەوەن، چەندین ئایەتی پیرۆز و فەرموودە هاتوون کە جەختدەکەن لە پێشخستنی چاکەکردن لەگەڵ خزمان و نزیکەکاندا و لە پێشترن.

ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەر ﷺ کە کاتێ مەعازی نارد بۆ یەمەن فەرمووی پێی: ((خذها -أي: الصدقات- من أغنيائهم، وردّها على فقرائهم))(١). واتە: (زەکات لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگرە و بیدە بە هەژارەکانیان). بەڵگەیە لەسەر پێشخستنی هەژارانی هاوڵاتیان لە شار و وڵاتێکی دیاریکراودا بە پێدانی زەکاتی دەوڵەمەندەکانی بەوان، بەڵام ئەوەی کە ڕێگاپێدراو نییە ئەوەیە دەوڵەمەندانی شار و وڵاتێکی یان گەلێکی دیاریکراو گرنگی نەدەن بە هەژارانی شار و وڵاتێکیتر یان گەلێکیتر، چونکە بە هیچ جۆر لە ئیسلام ناوەشێتەوە، بەڵکو دژە لەگەڵ بەزەیی گشتی ئیسلام و لە ڕەوشتە بەرزەکانی.

بۆ نمونە ئیسلام لاری نییە لەوەی موسڵمان بڵێ: من موسڵمانێکی عەرەبم، قەتەریم، لە هۆزی فلانم، بەڵام بەو مەرجە لایەنداریی و سەرخستن و یەکەمین خۆشەویستی بۆ خوای گەورەو بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ و بۆ ئیسلام و موسڵمانان بێت، پاشان لایەنداریی و خۆشویستنە لاوەکییەکانی لە سایەی پرەنسیپە فراوانەکانی ئیسلامدا بێت، هەروەها بە دوورکەوتنەوە لە ستەم و ملهوڕیی و هەڵچوون و شانازیکردن بەسەر ئەوانیتردا، یان لە پێگە و کەسایەتی ئەوانیتر کەمبکاتەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ لەم پێگەیەوە ڕێگایداوە بە هەبوونی لایەنداریە لاوەکییەکان، ئەوەش لەدوای پەروەردەو لابردنی لق و پۆپە خراپەکان و دوورخستنەوەی هەر شتێك کە لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ.

**پێکهاتەکانی لایەنداریی:** ئەگەر وەها ڕاڤەی لایەنداریی بکەین کە ئاراستەیەکە، یان هەستێکە، یان هەستپێکردنە، یان پێویستییەکی دەروونییە، یان هۆ و پاڵنەر و حەزێکە، ئەوا مرۆڤێك نییە خاڵی بێت لێی، تەنانەت مرۆڤێکی ژیرمەند نییە کە لایەنداریی نەبێت، بەڵام لایەندایی نیشتمانی بەپێی عورفی باو لەم پێکهاتانە پێکدێت: ناسنامە، نەتەوە، -واتە: چوونەوە سەر گەلێك-، هەروەها خۆشەویستیش کە کرۆکی پابەندبوونە، لە خۆشویستن و سۆزداریی، لە پابەندبوون بە دەستور و یاساکان و ئەو پێوەرانەوە کە هەژمووندارن و حوکمی دەوڵەت و دیموکراسی دەکەن.

(١) بوخاری، ژمارەی فەرموودەکان (١٣٩٥، ١٤٩٦، ٤٣٤٧)، موسلیم، فەرموودەی (١٩)، ئەبو داود، فەرموودەی (١٥٨٤).

ئەوەی ئێمە دەیبینین بریتییە لەوە کە لایەنداریی تەنانەت بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، ئەگەر نەکرێتە جێگرەوەی لایەنداریی ئیسلامی، جێگای رایەڵەی باوەڕ نەگرێتەوە ئەوا لاریی نییە لێی، بەڵکو دەکرێ ئەم رایەڵە نیشتمانییە ببێتە هۆکارێك بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەبەستنی زیاتر لە نێوان ئەو هاوڵاتییە یەکگرتووانەدا کە لە یەك نەتەوەن و یەك زمانیان هەیە، ببێتە مایەی رێکوپێککردن و توندوتۆڵکردنی ماف و ئەرکەکان، ببێتە خۆشەویستی زیاتر و نزیکبوونەوە ئەوەش لە رێگای خزمایەتی و هاوزمانییەوە، ئەوکات ئیتر ئەو رایەڵە رایەڵەیەکی ئەرێنییەو نەرێنی نییە، سودمەند و بەهێزکەرە، زیانمەند و جیاکەرەوە نییە.

*** چوارچێوەی دووەم: گشتگیرە، موسڵمانان و ئەوانیتر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە:**

لەم بازنەیەدا خودی ئیسلام زاراوەی هاوڵاتیبوونی بەکارهێناوە، تا ببێتە رایەڵەیەکی کۆکەرەوە لە نێوان هاوڵاتیاندا -واتە: ئەوانەی کە لە نیشتمانی گەورەی ئیسلامدا دەژین- هەروەك لەو بەڵێننامەیەدایە کە پاشتر بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر دەکەین.

لە راستیدا ئیسلام لە پێناو بەستنەوەی ناموسڵمانان بە دەوڵەت و نیشتمانەوە، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی خۆشەویستی و پشتگیریان هاتووە بنەمادۆزی کردووە، جەخت دەکات لەسەر کۆمەڵێك رایەڵەی کۆکەرەوە، ئەمە نە بۆ بەجێگەیاندنی تەنها پێکەوەژیان لە نێوان موسڵمانان و ئەوانیتر لە خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان، بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی ئەرکەکانی هاوڵاتیبوون و مافەکانیشیەتی، لەبەرئەوە دەبینین کە جەختدەکات لەسەر ئەم پرەنسیپە هاوبەشانەی خوارەوە:

١- پرەنسیپە مرۆییە هاوبەشە گشتییەکان، لەم چوارچێوەیەدا ئایەتی زۆر هەن دەیسەلمێنن کە هەموو مرۆڤەکان لەمانەدا هاوبەشن:

أ- یەك بنەچەیان هەیەو هەموویان لە ئادەم و حەوان، ئادەم لە خاکە، قورئانی پیرۆز کە لە چەندین ئایەتدا بە چڕی باسی ئەم ئەسڵ و بنەچەیە دەکات، بۆ ئەوەیە تا پرەنسیپی یەکسانیی راستەقینە لە نێوان هەموو ئادەمیزادەکاندا جێبەجێ ببێت، پاشان کاتێ بە

چڕی باسی ئەوە دەکات کە ئەسڵی ئێمە لە خاك و زەوییەوەیە، ئەو واتایەمان دەداتێ کە نیشتمان گرنگی خۆی هەیە، منیش بە بەردەوامی دەڵێم: زەوی یەکەمین دایکمانە بەرلە دایکە حەوا، زەوی ئەو دایەنگاو لە ئامێزگەیە کە لەدوای مردنمان دەمانگرێتە خۆی، ئێسك و پروسکمان هەڵدەگرێ تا جارێکیتر زیندوو ببینەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ﴾ طه: ٥٥. واتە: (جا ئێمە ئا لەو خاکی زەوییە ئێوەمان دروستکردووە، دوای ماوەیەك دەتانخەینەوە ناوی، پاشان جارێکیتر لەتوێی خاك دەرتان دێنینەوە....).

ب- هەر هەموویان یەك سیلەی ڕەحمی مرۆڤایەتی کۆیاندەکاتەوە، لەو ڕووەوە کە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك باوك و یەك دایك، ئەوا هەموویان براو خوشکی یەکترن -لە ئادەم و حەوان-، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز داوا لە مرۆڤەکان دەکات ئەو سیلەی ڕەحم و خزمایەتییە بپارێزن، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ النساء: ١. واتە: (ئەی خەڵکینە خۆتان لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە کەسێك بەدیهێناوە، هەر لەو کەسەش هاوسەرەکەی بەدیهێناوە، پاشان لە نێوان هەردووکیاندا پیاوان و ئافرەتانی زۆری بەدیهێناوە، جا ئیتر ئێوە هەوڵبدەن خواناس و دیندار و پارێزکاربن بەرانبەر ئەو خوایە کە بەناوهێنانی ئەو زاتە داوای ئەنجامدانی پێداویستیەکانتان لەیەکتر دەکەن، هەوڵبدەن پەیوەندی خزمایەتیش پتەو ڕابگرن، چونکە لە ڕاستیدا خوای گەورە چاودێری هەموو کارو کردەوەکانتانە). ئەو ڕەحمەشی بە ڕەحمی گشتگیری مرۆڤایەتی لێکداوەتەوە.

ج- ئادەم (سەلامی خوای لێبێت) باوکی هەمووی مرۆڤایەتییە نەك تەنها باوکی موسڵمانان، یان خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان بێت بە تەنها، ئەو کە باوکی هەمووی مرۆڤایەتییە خوای گەورە باسیکردووە کە بە دەستی قودرەتی زاتی خۆی بەدیهێناوە، پاشان لە ڕۆحی پیرۆزی خۆی ڕۆحی کردووە بە بەریداو بە فریشتەکانیشی کڕنوشی

گەورەییان بۆ برد، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُواْ لَهُۥ سَـٰجِدِينَ ﴾ الحجر: ٢٩. واتە: (جا هەرکە بە تەواوی دروستمکرد، لەو گیانە تایبەتیەی کە بۆ ئەو تەرخانم کردووە بە فەرمانی من فووی پێدا کرا، ئەوە دەبێت ئێوە هەمووتان کڕنوشی بۆ ببەن - کڕنوشی ڕێز-).

کەواتە جەختکردن لەسەر ئەو سێ مانا شەرەفمەندە بەڵگەیە لەسەر گرنگێتی ئەو مرۆڤەو و پلەو پایەی بەرزی بەو پێیە کە مرۆڤە.

د- خوای گەورە ڕێزی ئەو مرۆڤەی گرتووە بەو پێیە کە مرۆڤە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَـٰهُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَـٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَـٰتِ وَفَضَّلْنَـٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴾ الإسراء: ٧٠. واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە ڕێزمان گرتووە لە نەوەکانی ئادەم، بەسەر دەریا و وشکانیدا، بە هۆکارە جیاوازەکان هەڵمانگرتوون، لە ڕزق و ڕۆزی جوان و تامخۆش و بۆنخۆش بەهرەوەرمان کردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێز و باوی ئەوانماندۆوە بەسەر هەموو بەدیهێنراوەکانی تردا).

کەوابوو ئەو پرەنسیپە مرۆییە هاوبەشانە دەبنە هۆی بەهێزکردنی ڕایەڵەکانی پەیوەندی و لایەنداریی و خۆشویستن.

٢- پرەنسیپە هاوبەشە گشتگیر و کۆکەرەوەکانی نێوان موسڵمانان و خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان، ئیسلام تایبەتمەندی جیای پێداون، چونکە خاوەن پەڕاون، لە سەرەتاوە باوەڕیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەیە، لەبەرئەوە ڕێگادراوە بە هاوسەرگیریی کردن لەگەڵ ئافرەتە پاکیزەکانیان، هەروەها خواردنی گۆشتی سەربڕاویان.

ئەم خاڵە هاوبەشانە وا لە ڕایەڵە گشتگیر و کۆکەرەوەکانی نێوان موسڵمانان و خاوەن پەڕاوەکان دەکات کە زۆرترین لەوانەی پێشتر، چونکە لەوانەیە کەسێکی خاوەن پەڕاو ببێتە باوکی یان باپیرە یان خاڵی هاوسەری موسڵمانێك یان هیتریش.

٣- خاڵە هاوبەشە مرۆییەکان بەو پێیە کە خوای گەورە مرۆڤی بەدیهێناوە، کردوویەتە کەسێکی شارستانی و حەزی لە کۆبوونەوەو شارستانی و ژیارە، لەبەرئەوە داوا لە موسڵمانان

دەكات هەڵسوكەوت و هاوكاری هەر كەسێك بن كە هاوكاری دەوێ بێئەوەی بڕوانن ئاینەكەی، دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ المائدة: ٢. ئێمەش دەبینین كە خوای گەورە باسی ئەو كەسەی نەكردووە هاوكاری لەگەڵیدا دەكرێ، چونكە ئەوە لای خوا گرنگ نییە، ئەوەی كە گرنگەو مەبەستە بریتییە لە جۆر و شوێنی ئەو هاوكارییە، كە ئایا هاوكارییەكەی بە چاكەیە، جا ئەگەر وەها بوو ئەوا ئەوكات دەبێت هاوكاری بكرێ، ئەگەریش كارەكەی خراپە بوو ئەوا هاوكاریكردن لەگەڵیدا حەرامەو دروست نییە.

هەروەها فەرمانی بە موسڵمانان داوە لەگەڵ هەموواندا دابنیشن، بە جوانترین شێواز و باشترین مشتومڕ و چاكترین ئامڕاز گفتوگۆ و دیالۆگ ئەنجامبدەن، چونكە هەموان هاوبەشن لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّآ أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ، قُل لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ سبأ: ٢٤-٢٥.

خوای گەورە ئا بەم شێوازە جوانە فەرمانیداوە بە پێغەمبەرەكەی ﷺ كە گفتوگۆ بكات، ناموسڵمانان و تەنانەت هاوەڵگەران و مولحیدەكانیش بدوێنێ. هەموو ئەم خاڵە هاوبەشانە یارمەتیدەرن بۆ ئاوێتەبوونێكی ئەرێنی و پێدانی مافەكان بەوپەڕی دادپەروەریی و ویژدانەوە.

*** وڵاتی ئیسلام (وڵاتی هاوڵاتیبوونە)، وە وڵاتی جەنگ:**

ئەم دابەشكردنە كە فیقهناسە موسڵمانەكان ڕاهاتوون لەسەر دابەشكردنی وڵات بۆ: وڵاتی ئیسلام و وڵاتی جەنگ، یان وڵاتی پەیمان، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی بەهەندگرتن و ڕەچاوكردنی وڵات و وڵاتپەروەریی، چونكە هەموو موسڵمانان و ناموسڵمانان كە لە وڵاتی ئیسلامدا دەژین هاوڵاتین، مافی هاوڵاتیبوونیان دەكەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، هەروەها دەچنە ژێر پابەندبوون و بەرپرسیارێتییەوە، فیقهناسان وتوویانە نابێت لە ئەركی پارێزگاری و پاراستن و بەرگری لێیان لەناو وڵاتی ئیسلامدا یان لە حاڵەتی بەدیلگرتندا جیاوازی بخرێ لە نێوان موسڵمانان و ناموسڵمانەكاندا، چونكە

فیقهناسان وتوویانە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی ئیسلامە هەوڵبدات بۆ ئازادکردنی دیلە موسڵمان و ناموسڵمانەکان چوونیەك، تەنانەت لە ئیبن حەزمەوە گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی کۆدەنگی لەسەر ئەوە هەیە کە: هەر کەسێ لە ناموسڵمانەکان لەناو وڵاتی ئیسلامدا پارێزراو بێت، دوژمنیش بێتە سەری لەناو وڵاتماندا و بە ئامانجی بگرێ، ئەوا فەرزە دەبێت موسڵمان بڕۆن بۆ جەنگ و تا ئاستی مردن شەڕ بکەن لە دژی دوژمنەکەی، ئەمەش بۆ پاراستنی ئەو کەسەیە کە لەناو بازنەی پارێزگاری خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیدایە ﷺ، چونکە ڕادەستکردنی پشتگوێخستنی پەیماننامەی پاراستنیەتی(١).

بەڵام ئەوانەی کە داوای پارێزگاری لێکردن دەکەن، بۆ بازرگانی یان هاوشێوەی هاتوونەتە ناو وڵاتی ئیسلام، لەلایەن دەوڵەتەوە یان لە هاوڵاتیانەوە مافی پاراستنیان وەرگرتووە ئەوا ئەوانە هاوڵاتی نین، بەڵام هەندێ مافیان هەیە.

پوختە: ئیسلام دەیەوێت موسڵمان خاوەنی باوەڕێکی هەق و ڕاستەقینەو کاراو کاریگەر و ئەرێنی بێت، باوەڕەکەی پاڵنەری بێت بۆ ئەنجامدانی چاکەو چاکەکاریی دەرهەق هەر کەسێك کە بە چاکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەروەها پابەندە بە بەرگری لە ئاین و زەوی و نیشتمانەکەی، هەروەها لە هەموو ئەو کەس و شتانەش کە شایستەی بەرگریلێکردن بن تەنانەت گیانلەبەران و ژینگەش.

هاوڵاتیبوون لە هزری ئیسلامیدا هۆکارێکی ئەرێنییە بۆ هاوکاری و دەستەبەری بژێوی، دوور لە دەمارگیریی و زیانگەیاندن بەوانیتر، هاوڵاتیبوون -لەدوای لایەنداریی بۆ باوەڕ- داوای خۆشویستنی نیشتمان دەکات، خۆشویستنی هاوڵاتیانیشی، هەروەها بە خەرجدانی هەموو توانایەك بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەی و بەرزکردنەوەی پێگەو پایەی، هەر بەشدارییەکی تری ئەرێنیش کە ببێتە هۆی خزمەتکردنی نیشتمان و پێشکەوتنی، هەروەها بەرگری لێ بە هەموو هۆکارە پێویستەکان(٢).

---

(١) (السلوك لمعرفة دول الملوك)ی ئیبن ئەزرەق، کە ئەم کۆدەنگییەی لە ئیبن حەزمەوە گواستووەتەوە، ل(٨٠).
(٢) سەرچاوە پێشووەکانی تایبەت بە هاوڵاتیبوون.

*** (پەیماننامەی مەدینەی پیرۆز) یەکەمین دەستورە کە مافی هاولاّتیبوون دەدات بە ئەویتر:**

یەکەمین دەولّەتی ئیسلامی کە لە شاری مەدینە پێکهات، لەسەر بناغەی برایەتی نێوان موسلّمانان لە کۆچکەران و پشتیوانان بەرپابوو، ئەوانە جیا لە هەر خەلّکانیکیتر یەك ئوممەتن، ئەوانە یەك جەستەن، یەك دەستن دژ بە بەوانەی دژایەتیان دەکەن، هەروەها لەسەر بناغەی دادپەروەریی و هاولاّتیبوون و ماف و ئەرکە بەرانبەرەکانیش بۆ جگە لە موسلّمانان دامەزراوە، کە پێکهاتوون لە جولەکە -خاوەن پەڕاوی ئاسمانی- و لەو هاوەلّگەرانە کە موسلّمان نەبوون، پێغەمبەر ﷺ دەستور و پەیماننامەیەکی نوسی کە ژمارەیەکی زۆر لە بەندەکانی پەیوەند بوون بە مافەکانی جولەکە و هاوەلّگەرانەوە، ئەو پەیماننامەیە (٤٧) بەندی لەخۆگرتووە، هەندێکیان ئەمانەن:

١- مافی پاراستن لای خودای گەورە بۆ کەسەکان یەك مافەو بەش بەش ناکرێ، ئەگەر کەسێك لە موسلّمانان پەیمانی پاراستنی خوێن بدات بە یەکێك لە ناموسلّمانان، ئەوا با دوورترین کەسی ناو موسلّمانیش بێت لە رووی شوێنەوە، هەر دەبێت ئەوانیتر ئەو پاراستنەی بپارێزن، باوەڕدارانیش هەندێکیان پشتگیری یەکترن جیا لە خەلّکانی تر.

٢- هەر کەس لە جولەکەکان لەگەلّمان بێت لەم پەیماننامەیەدا، ئەوا پشتگیری دەکرێ و بە یەك چاو سەیر دەکرێ، ستەمیان لێناکرێ و ڕێگا نادرێ کەس دەستدرێژی بکاتە سەری.

٣- ئاشتی موسلّمانان یەك ئاشتییە، لە کاتی جەنگ و کوشتار لەپێناو خوادا باوەڕدارێك جیا لە باوەڕدارێکیتر ناچێتە ئاشتییەوە، مەگەر لەبارێکدا نەبێت هەموویان بەیەکەوە بن و لەنێوان خۆیاندا دادگەربن.

٤- لە هەرغەزایەکدا کە لەگەلّماندا غەزا دەکەن هەندێکیان جێگای هەندێکیتریان دەگرنەوە.

٥- هەر ڕاجیاییەك تا هەرکوێ لەنێوانتاندا هەبێت ئەوا حوکمەکەی دەگێڕێتەوە بۆ لای خوای گەورەو بۆ موحەممەد ﷺ.

٦- جولەکە لەگەلّ موسلّماناندا مالّ دەبەخشن مادامێ موسلّمانان لە حالّەتی شەڕدان.

٧- جولەکە خەرجی خۆیان لەسەر خۆیانە، موسڵمانانیش خەرجیان لەسەر خۆیانە، سەرخستنی یەکتری ئەرکی سەرشانیانە دژ بە هەر کەسێ دژایەتی خاوەنانی ئەم پەیماننامەیە دەکات، هەروەها پێویستە دڵسۆز و ئامۆژگاری یەکتری بکەن، چاکەش جیایە لە گوناهو تاوان.

٨- کەس بەهۆی تاوانی هاوپەیمانەکەیەوە گوناهبار نابێت، پشتگیری و سەرخستنیش بۆ کەسی ستەملێکراوە.

٩- هیچ ئافرەتێك پەناگیریی نادرێتێ مەگەر کەسوکارەکەی مۆڵەت بدەن.

١٠- هەر ڕووداو و دەمەقاڵەو ناکۆکییەك لە نێوان ئەوانەدا ڕوویدا کە پابەندن بەم پەیماننامەیەوە و ترسی خراپبوونی لەسەر بوو، ئەوا حوکمەکەی دەگێڕدرێتەوە بۆ خوای گەورەو بۆ موحەممەدی پێغەمبەری خوا ﷺ، خوای گەورەش پشتی ئەو کەسە دەگرێ کە پارێزگاری لەم بەڵێننامەیە دەکات و بەوەفایە بۆی.

١١- پێویستە هەموان پشتی یەکتر بگرن دژ بەو کەس و لایەنانە کە هەڵدەکوتنە سەر یەسریب (مەدینە).

١٢- ئەگەر داوای ئاشتەواییان لێکرا ئەوا ئاشتەوایی دەکەن و دەیپارێزن، ئەگەریش ئەوانیش داوای هاوشێوەی ئەوەیان کرد ئەوا ئەوەی بۆ باوەڕدارانە بۆ ئەوانیشە، جگە لەکەسێك کە دژ بە ئاین بجەنگێ.

١٣- پشکی -دەستکەوتی جەنگی- هەر کەسێك لای ئەو لایەنەیە کە ئەو لەناویاندایە.

١٤- جولەکەی ئەوس خۆیان و ئەوانەی لەگەڵیاندان ئەو مافەیان هەیە لەم پەیماننامەیەدا هاتووە، لەگەڵ وەفاکردن بەوەی تیایدا هاتووە لەلایەن هەموانەوە، چاکەو دادپەروەریی بەبێ تاوان بۆ ئەو کەسەیە کە دەیکات، خودای گەورەش دادپەوەرە لەوەی لەم بەڵێننامەیەدا هاتووە.

١٥- جگە لە کەسی ستەمکار و گوناهبار کەسیتر نایەت ئەم نوسینە بگۆڕێ، هەرکەسیش لێی دەربچێ هەر سەلامەتە، هەرکەسیش دابنیشێ ئەوا لە مەدینە سەلامەتە،

مەگەر کەسێکی ستەمکار یان گوناهبار بێت، خوای گەورەش پەناگای ئەو کەسەیە کە بەوەفایە بۆی و لەخواترسە...[1].

ئەم بەڵێننامەیە زۆر بە ڕوونی پێداگرە لەسەر ئازادی ئاینی، بە دەق دەڵێ موسڵمانان ئاینی خۆیان هەیە، جولەکەش ئاینی خۆیان هەیە، تەنانەت کاتێك هەندێ لە پشتیوانان هەوڵیاندا هەندێ لە کوڕانی هۆزەکەیان کە بووبوونە جولەکە بە زۆر بگێڕنەوە بۆ سەر ئیسلام، خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّ﴾ البقرة: ٢٥٦. چونکە یەکێك لە بەندەکانی لائیحەکە بە دەق دەڵێ: (جولەکە ئاینی خۆیان هەیە و موسڵمانانیش ئاینی خۆیان: بە خۆیان و بەوانەش لەگەڵیاندان، مەگەر کەسێك ستەم لە خۆی بکات و گوناه بکات کە لەو حاڵەتەدا جگە لە خۆی زیان بە کەسیتر ناگەیەنێ...)[2]، هەروەها جەخت لە بەرپرسێتی کەسێتی دەکات، ئەوەش وەك پێداگری لەسەر ئەم فەرموودەی خوای گەورەیە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ﴾ الأنعام: ١٦٤.

بەڵام جولەکە ئەو بەڵێننامەیەو ناوەڕۆکەکەیان نەپاراست، پەیمانەکەی خۆیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ شکاند، ئیتر بەهۆی ئەو ستەم و پەیمانشکێنییەوە ئەوەیان بەسەرهات کە بەسەریاندا هات.

### پوختەی ناوەڕۆکی پەیماننامەکە:

لە بەندەکانی پەیماننامەکەدا کۆمەڵێك ئەحکامی شەرعی و پرەنسیپی گشتی دەردەهێنین، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ- دانان بە مافی پەیڕەوانی کتێبە ئاسمانییەکان، ئەوەش لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون

(١) سەیری دەقی بەڵگەنامەکە بکرێ لە کتێبی (مجموعة الوثائق السياسية)، ئامادەکردنی مامۆستا موحەممەد حەمیدواللە، چاپی دار الإرشاد، بيروت ١٣٨٩ك، ل (٤١-٤٧)، هەروەها لە کتێبی (السيرة النبوية الصحيحة) نوسینی مامۆستامان دکتۆر ئەکرەم ئەلعومەری، چاپی مركز بحوث السنة والسيرة لە قەتەر ١٤١١ك، ل (٢٨٢-٢٨٥)، کە بەندەکانی لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە دەرهێناوە، کە لە کتێبەکانی سوننەو ژیننامەو مێژوودا ناودەبرێ بە (دەستور-الصحيفة).

(٢) سەرچاوە پێشووەکان.

لە یەسریب/ مەدینەی دروەوشاوە، کە ئەوانی لەگەڵ موسڵمانانداا کردە گەلێك، واتە: لە هاولاَتیبوون و لە سیاسەت و لە بەرگری و پشتگیری و سەرخستنی نیشتماندا کە هەمووان لەخۆ دەگرێ.

ب- دانان بە فرەیی ئاینیدا کە جولەکەو مەسیحی و هاوەڵگەران دەگرێتەوە.

ج- پابەندبوون بە پشتگیری و سەرخستنی بەرانبەر لە نێوان هەردوو ئوممەتدا کە لە باوەڕیشدا جیاوازن، ئەوانیش: ئوممەتی موسڵمانان و ئوممەتی جولەکە بوون، ئەوەش لەسەر بنەمای هاولاَتیبوون و هاوبەشی لە ماف و ئەرکەکان لەبەردەم ئەو نیشتمانەدا.

ئەم پابەندبوونە، پابەندبوونە بەرانبەر بە نیشتمان نەك بەرانبەر بە ئاین، چونکە ئاینی هەریەکەیان جیاوازە لە ئاینی ئەویتریان، لێرەشدا چەمکی (هاولاَتیبوون) و ماف و ئەرکەکانی زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، لەبەرئەوە پێویستە هەڵسوکەوتمان لە ئەمڕۆدا لەگەڵ ناموسڵمانان لەسەر بنەمای هاولاَتیبوون بێت، چونکە ئەوان ئاینی خۆیان و ئێمەش ئاینی خۆمان هەیە.

د- یەکسانیی لە ماف و ئەرکەکاندا، هەروەها لە پێدانی مافی درواسێیەتی و سەلامەتی جگە لە هاوەڵگەرە شەڕەنگێزەکان.

ە- دەستەبەرکردنی ئازادی ئایندارِیی بۆ هەمووان.

و- پارێزگاری کردن لە مافەکان و بە هەندگرتن و ڕەچاوکردنیان و ڕێگەنەدان بە هیچ کەس دەستدرێژی بکاتە سەریان.

ز- زەقکردنەوەی بەرپرسێتی کەسێتی، بەلاَم کۆمەڵیش بەرپرسە لە پاراستنی ئەوەی لەناو پەیماننامەکەدا هاتووە، ڕێگری لە هەر کەسێك بکرێ کە دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی بیشکێنێ، هەروەها پێنەدانی مافی پاراستن بە دوژمنان واتە بە قوڕەیش، بەرپرسێتی کۆمەڵیانەش بەمجۆرە ڕەچاوکراوە.

ح- دیاریکردنی نیشتمان، لە پەیماننامەکەدا (یەسریب) دیاریکراوە.

گ- لە ڕاستیدا مافەکان خەلاَتی خوای گەورەن، هیچ کەس بۆی نییە پێشێلیان بکات، ئەمەش تایبەتمەندی ئیسلامە بۆ پاراستنی مافەکان، لەبەرئەوە موسڵمان بۆی نییە

مافی ئەوانیتر پێشێل بکات تەنانەت ئەگەر پابەندیش نەکرابێت پێیەوە.

ی- مافەکان لە ئیسلامدا لە بەرانبەر بەرپرسێتیەوەن، هەروەها مافەکان پیرۆزن و پێویستە بەرگریان لێبکرێ، ئەوەش لە توێی پەیماننامەکەدا هاتووە کە دەبێت هاوکاری یەکتربن دژی ستەم و ملهوڕی و خراپەکاریی، هەروەها لە پاراستنی خەڵکە ژێردەستەو بێدەستەڵاتەکەش.

*** هاوڵاتیبوون لە جیهانی ئیسلامیی ئەمڕۆماندا:**

موسڵمانان پێشتر لە زۆربەی کات و سەردەمەکاندا لە سایەی یەك دەوڵەتدا ژیاون، هەر لە سەردەمی جێنشینی ڕاشیدەوە تا یەکەمین جەنگی جیهانی، کە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ موسڵمانانی لەسەر بنەمای نەتەوەکان پارچە پارچە کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر جگە لە هەڵسوکەوت بەپێی پێوەری بەرژەوەندی داگیرکاران هیچ هەڵسوکەوتێکی تری لەگەڵیدا نەکرد...

بەڵام تەموژ و ناڕوونییە گەورەکە لەوەدایە کەگیانی دووبەرەکی و ڕەق و کینە لەناو زۆرینەی موسڵماناندا بڵاویکرد، ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی چەندین ململانێ و شەڕ لە نێوان نەتەوەکاندا کە دەبوا ئیسلام کۆیبکردنایەتەوە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر بە گیانی خۆشەویستی و لایەنداریی و دادگەریی و ویژدان بە خەرجدان بوایە نەك بە ڕۆحی شەڕەنگێزی و ستەم و خواردنی مافی بەرانبەر، لەوەش سەیر و سەمەرەتر ئەوە ڕوویدا کە تەنانەت تاکەکانی یەك نەتەوەش لەناو خۆیاندا کۆك نەبوون، مافی هاوڵاتیبوون قەتیسکرا لەناو یەك دەوڵەتی هەرێمیدا، بێئەوەی لە دەرەوەی ئەو هەرێمەی خۆی بێت سەیری خودی نەتەوەکەی بکات، زۆر بە کورتی بڵێین کە زۆرینەی جیهانی ئیسلامی، بە تایبەتی جیهانی عەرەبی هاوسەنگی شەرعی و ژیاری خۆی لەدەستدا، ئەوەش بەو هۆیەوە کە مەرجەعیەتێکی ڕاستەقینەی نەبوو، نە ئیسلامی جێبەجێ کرد وەها کە پێویستە، نە پێداویستییەکانی هاوڵاتیبوونیشی جێبەجێ کرد هەروەك ئەمڕۆ لە خۆرئاوادا دەیبینین، خوای گەورە پشت و پەنای موسڵمانان بێت.

# باسی دووەم
# فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەویتر
# لەکاتی بێڕێزی کردن بە پیرۆزییەکان

ئەمەش شەش تەوەرە و سێ پاشکۆ لەخۆدەگرێ، ئەوانیش ئەمانەن:

**تەوەرەی یەکەم:** بێڕێزی بە پیرۆزییەکان لە سایەی مافی مرۆڤ لە ئازادی ڕادەربڕین.

**تەوەرەی دووەم:** کۆت و بەندە گشتییەکانی سەر ئازادی لەناو دەستور و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.

**تەوەرەی سێیەم:** فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوێکیتر لەکاتی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان، کە ئەم بەندانە لەخۆدەگرێ:

- ڕێساو پرەنسیپە گشتییەکان لەکاتی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان.
- هەڵوێستی شەرعی لەسەر ئەم مەسەلەیە.

**تەوەرەی چوارەم:** ئەرکی کەمینەی موسڵمان لەبەردەم ئەم کێشەیەدا.

**تەوەرەی پێنجەم:** ئەرکی موسڵمانان لەبەردەم ئەم کێشەیەدا.

**تەوەرەی شەشەم:** زەرورەتی دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ کەمینە، تا نەکەوێتە ژێر سۆزداری و وروژاندن و هەڵچوون و توڕەبوون، ئەم تەوەرەیە سێ پاشکۆی هەیە: ئەوانیش ئەمانەن:

١- دەقی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆڕی (فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ بێڕێزی بە پیرۆزیی) پاریس ١٤١٦ك.

٢- ڕاگەیەنراوی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان.

٣- نامەیەکی کراوە لە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمانانەوە بۆ ژیرمەندان و بیرمەندان و سەرکردەو گەلانی خۆرئاوا.

## تەوەرەی یەكەم
## بێڕێزی بە پیرۆزییەكان لە سایەی مافی مرۆڤ
## لە ئازادی ڕادەربڕین (كەرامەتی مرۆڤ)

*** پێشەكییەك بۆ پێناسەی بێڕێزی بە پیرۆزییەكانی ئیسلام:**

مەبەست بە بێڕێزی: ئاراستەكردنی ئازاردانی بە ئەنقەستە بە گوفتار یان كردار یان بە ئاماژە بۆ كەسایەتییە كاریزماكان و پرەنسیپە نەگۆڕە ئیسلامییەكان، ئیتر ئەو كارە بە هۆكاری كلاسیكی بێت، یان بە هۆكاری نوێ بێت وەك فیلم و شانۆگەریی و نواندن و وێنەی كاریكاتێری بێڕێزی كردن بێت چوونیەكە، كە بە ئاشكرا و بە ڕوونی لاقرتیكردن و سوكایەتی و گاڵتەپێكردنی لێبخوێنرێتەوە.

*** جیاوازی لە نێوان لاقرتی و سوكایەتی و گاڵتەپێكردن، و نێوان ڕەخنەی بونیاتنەردا:**

بێگومان جیاوازی سەرەكی هەیە لە نێوان ڕەخنەی بونیاتنەر كە خاوەنەكەی دەیەوێت گوزارشت لە ڕەئی خۆی بكات لەبارەی باوەڕ یان بیرۆكەیەكەوە بۆ گەیشتن بە هەق و ڕاستی، تا مشتومڕ و وتووێژی لەسەر بكرێ، ئەمجۆرە لە ڕەخنە ڕێگاپێدراوە و دەچێتەناو مافی ئازادی ڕادەربڕین، وە لە نێوان هەستان بە لاقرتیكردن و سوكایەتی و گاڵتەپێكردن، یان نواندنی بێڕێزی بە ئەنقەست بەرانبەر بە ئاینێك لە ئاینەكان، یان كەسێك لە كەسایەتییەكان.

بەڵگەنەویستە -هەروەك پێشتر وتمان- نواندنی بێڕێزی و گاڵتەكردن و لاقرتی و سوكایەتیكردن كە ئاراستەی كەسە زیندووەكان بكرێ، -تەنانەت لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتی و دەستورییەكانیشدا- قەدەغەیە، ئایا بۆ دەبێت بۆ كەسایەتییە كاریزما و پیرۆزییە ئیسلامییەكانیش قەدەغە نەبێت؟ ئێمە لەوە زیاترمان ناوێت كە ڕێگری بكرێ لە لاقرتی و سوكایەتی و گاڵتەپێكردن و بێڕێزی و هاوشێوەیان بەرانبەر بە پیرۆزییەكانمان، جگە لەوە ئیتر با دەرگای وتووێژ و ڕەخنەی بونیاتنەر كراوە بێت، تەنانەت با ئەو ڕەخنەیەش پێچەوانەی ئیسلام بێت، قورئانی پیرۆز هەموو ئەو ڕەخنەو قسانەی كە

ئاراستەی پێغەمبەر ﷺ و هەموو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کراوە تۆماری کردووە، تەنانەت گوتەی ئەو نکولیکار و خۆبەزلزانانەش کە بەرانبەر بە زاتی بالآی خوای گەورە کردوویانە، ئینجا بە وەلآمێکی جوان وەلآمیداونەتەوە.

* ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لە ئیسلامدا (مافەکانی مرۆڤ):

بێئەوەی بچینەناو مانای زمانەوانی وشەی (مافەکانی مرۆڤ) کە لە دەستور و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا باون، کە بە مانای سوودوەرگرتنی مرۆڤ لە هەموو مافە ئاینی و هزری و ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتی و ئابوورییەکانی دێت، ئەوا ئیسلام لە ڕێگای ناوی (کەرامەتی مرۆڤ)ەوە پێش ئەو هەموو دەستور و بەڵگەنامانە کەوتووە، ئەم (کەرامەتی مرۆڤ)ە گشتگیرترە لە مافەکانی مرۆڤ، چونکە لێرەدا مەبەست پێی: ڕێزگرتنی خوای بالآدەستە لە مرۆڤ لە ڕووی بەدیهێنان و شێوەیەوە کە بە جوانترین و باشترین شێوە بەدیهێناوە، کە توانایی و ئیرادەو ئازادی، هەروەها نیعمەتی ئەقڵ و ئیرادەو ویستی ئازادانەو هەڵبژاردنی لەو سنورەدا پێبەخشیوە کە بۆی دیاریکراوە، هەموو ئەم ڕێزو کەرامەتە لەم ئایەتە پیرۆزەدا کۆکراوەتەوە: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ الإسراء: ٧٠.

ئێمە دەبینین خوای گەورە ئەم ڕێزەی بە هەموو مرۆڤێك بەخشیوە ئیتر ئاینی هەرچییەك بێ، دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ الإسراء٧٠. نەیفەرمووە: (ولقد كرّمنا المؤمنين) ڕێزمان تەنها لە باوەڕداران گرتووە، بەلآم ئەگەر مرۆڤ باوەڕی هێنا پێ و گوێبیست و گوێڕایەڵی بوو، ئەوا لەسەر باوەڕ و کردەوە چاکەکەی ڕێزگرتنەکەی زیاتر دەبێت، دەفەرموێ: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ الحج: ٥٠. هەروەها دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ الأنفال: ٤. دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ ، فَوَٰكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ﴾ الصافات: ٤١-٤٢ واتە: (ئەوان ڕزق و ڕۆزی

زۆر و زەبەندەو جوان و ڕازاوەو تامخۆش و بۆنخۆشیان پێشکەش دەکرێت....، لە میوەهاتی هەمەجۆر و هەمەچەشن، هاوڕێ لەگەڵ ڕێزو پێزانین و قەدردانی لەلایەن خوای گەورە و فریشتە بەڕێزەکانەوە).

*** شێوە و دیمەنەکانی ڕێزگرتنی پەروەردگار لە مرۆڤ:**

بەرلەوە باسی دیمەنەکانی ڕێزگرتن لە ئیسلامدا بکەین، پێخۆشە ڕوونیبکەمەوە کە مرۆڤ بە تایبەتی توێژی هەژار و ژێردەستەو لانەوازەکانی تاك بن یان گەلێك بن، لای زۆرینەی ژیارە پێشووەکان هیچ ڕێز و حیسابێکیان بۆ نەکراوە، بەڵکو تووشی جۆرەها ناڕەحەتی و بەڵاو کارەسات و زەلیلکردن و خەفەکردن و ئەشکەنجەدان بووە، کەرامەتی ڕوشێنراوەو پێشێلکراوە، نە ڕێز لە ئەقڵ و نە لە هزر و نە لە ئازادی و نە ئیرادەی گیراوە، تەنانەت بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٥ز لەدوای یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی دامەزراوە دانی بەو ڕاستییەدا ناوە، لە پێشەکییەکەیدا هاتووە کە: (ئێمەی گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان، خستوومانەتە سەرشانی خۆمان نەوەکانی داهاتوو ڕزگار بکەین لە بەڵاو کارەساتی جەنگەکان، کە لەماوەی تەمەنی یەك نەوەدا دووجار مرۆڤایەتی تووشی جۆرەها خەم و پەژارە بووە بەجۆرێ کە لە تواناداد نییە وەسفبکرێ، دەمانەوێ سەرلەنوێ دووپاتیبکەینەوە کە باوەڕی ڕاستەقینەمان بە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ هەیە، هەروەها بە ڕێز و کەرامەتی تاکەکەس و بەو قەدەرەی لەپێشیەتی...).

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دانیناوە بە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٨ز) ڕاگەیەنراوە، ماددەی یەکەمی پوختەی ئەو گوتەیەی پێشەوا عومەری ﵁ باسکردووە کە لەپێش چەندین سەدە وتوویەتی: (ئەوە کەی ئێوە ئاوا خەڵکیتان کۆیلە کردووە لە کاتێکدا کە بە ئازادانە لەدایکبوون)، ماددەی یەکەمی ئەو جاڕنامەیەش دەڵێ: (هەموو خەڵکی بە ئازادانەو یەکسانی لە ڕێز و کەرامەت و لە مافەکاندا لەدایك دەبن، ئەقڵ و ویژدانیان پێبەخشراوە، بۆیە پێویستە بە گیانی برایەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتریدا بکەن).

ئینجا جاڕنامەکە لە سی ماددەکەی تریدا باسی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤی کردووە، وەك ئازادی کەسێتی، ئازادی بیروڕا، قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو دەستدرێژی بۆ سەری، ئازادی موڵکداری تایبەت، ئازادی تایبەتمەندی لە ژیاندا، لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبووندا، جیاکاری نەکردن لە نێوان هاوڵاتیان لەسەر بناغەی ڕەگەز، یان ڕەنگ، یان ئاین یان هیتریش، هەروەها پێدانی مافەکانی هاوسەرگیریی و دایکایەتی، منداڵێتی، مافی کارکردن، خوێندنی بەخۆڕایی، دابینکردنی بژێوییەکی گونجاو[1] و....تادوایی.

*** شێوەو دیمەنەکانی ڕێزگرتنی ئیسلام لە مرۆڤ، کە پێش چواردە سەدە دابەزیوە، بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** خوای گەورە هەر لە سەرەتای بەدیهێنانەوە، واتە لە بەدیهێنانی ئادەمەوە (سەلامی خوای لێبێت) ئەم مرۆڤەی بە دەستی قودرەتی خۆی بەدیهێناوە، ئەمەش شەرەفمەندی و ڕێزێکە کە هاوشێوەی نییە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ ﴾ ص: ٧٥. واتە: (خوای گەورەش فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە چی بووە هۆی ئەوە کە ڕێگریت لێبکات و فەرمانی من بشکێنیت، سوژدە نەبەیت بۆ ئەو کەسەی کە بە دوو دەستی قودرەتم دروستمکردووە؟! ئایا خۆت بە گەورە دەزانیت، یان خۆتت لا بووە بە شت، لەناخەوە بە بڵندو گرنگ حساب بۆ خۆت دەکەیت؟!).

**دووەم:** خوای گەورە ئەم مرۆڤەی بە جوانترین شێوە دروستکردووە، دەفەرموێ: ﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ﴾ التين: ٤. هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَصَوَّرَكُمۡ فَأَحۡسَنَ صُوَرَكُمۡۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴾ التغابن: ٣.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ: (حقوق الإنسان بين تعاليم الإسلام و إعلان الأمم المتحدة) نوسینی مامۆستا موحەممەد غەزالی، ل(٧ و دواتریش)، (الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده) د. فەتحی دورەینی، ل(٥٠ و دواتریش)، (حقوق الإنسان وأسباب العنف)، د. ئەحمەد یەسری، ل(٢٤ و دواتریش)، (الحريات العامة في الدولة الإسلامية) ڕاشید غەنوشی، ل(٢٣ و دواتریش) (الإسلام وحقوق الإنسان) د. موحەممەد عەممارە، ل١٣ و دواتریش)، (أركان حقوق الإنسان) د. صوبحی مەحمەصانی، ل٢١ و دواتریش)، (حقوق الإنسان وحرياته الأساسية)، د. هانی توعەیمات، ل (٦٥-٧٠).

**سێیەم:** خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە، ئەوەش لە ڕێگای ئەو فەرمانەیەوە کە بە هەموو فریشتەکانی فەرمووە کڕنوش بۆ ئادەمی باوکی مرۆڤایەتی ببەن، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ ﴾ البقرة: ٣٤.

**چوارەم:** خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە، کە ئەقڵ و بیرکردنەوە، هەروەها بیستن و بینین و هەستەوەرەکانی تری پێبەخشیوە، چونکە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَـٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۙ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ النحل: ٧٨. واتە: (هەر ئەو خوایە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە، لە حاڵێکدا کە هیچتان نەدەزانی، بەڵام ئەو زاتە بەرە بەرە دەزگاکانی بیستن و بینین و لێکدانەوەی خستنەکار، تواناکانی برەو پێدان بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن).

**پێنجەم:** خوای گەورە لە ڕۆحی پیرۆزی زاتی خۆی فووی کردووە بە مرۆڤدا و ڕۆحی زیندووی پێبەخشیوە، بەمەش ڕۆحی باڵای مرۆڤ دەستەبەر بووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَـٰجِدِينَ ﴾ الحجر: ٢٩. ئەمە گەورترین ڕێزلێنانی مرۆڤە، ئەمەش لەسەر هەر مرۆڤێك فەرز دەکات کە ڕێز لە هەر مرۆڤێکیتر بگرێ با هەرچییەك بێ، ئەو ڕێزەش لەو فووە پیرۆزەوە سەرچاوە دەگرێ، ئایا ئیتر چۆن مرۆڤ ڕێگا بەخۆی دەدات دەستدرێژی بکاتە سەر کەسێك کە فوویەك لە ڕۆحی پیرۆزی خوای گەورەی تێدایە؟!!

**شەشەم:** خوای گەورە مرۆڤی جیا لە تەواوی فریشتەو جنۆکەکان کردووەتە جێنشین لە زەویدا، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ البقرة: ٣٠. ئەمەش شەرەفێکی مەزنە بۆ مرۆڤ، لە کاتێکدا ئەو فریشتانەی کە هیچ سەرپێچییەکی خوای گەورەش ناکەن و بەردەوام لە زیکر و تەسبیحات و بە گەورەڕاگرتنی خوادان ئەو شەرەفەیان پێنەدراوە.

**حەوتەم:** هەرچی لە گەردووندایە بە ئاسمانەکان و زەوییەوە، بەو شتانەی لە نێوانیاندایە لە خۆر و مانگ و ئەستێرە و گەلەئەستێرەکانەوە، خوای گەورە دەستەمۆی کردووە بۆ مرۆڤ و لە خزمەتیدایە، دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ الجاثية: ١٣. واتە: (خوای گەورە هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، هەر هەمووی بۆ ئێوە ڕامهێناوە، جا لە ڕاستیدا لەو هەموو شتانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کە بیردەکەنەوە).

**هەشتەم:** خوای گەورە ئەم مرۆڤەی ڕزگارکردووە، واتە: مرۆڤایەتی ڕزگارکردووە لە کۆیلایەتی بۆ هەر بەدیهێنراوێك، ئیتر فەزڵ و گەورەیی هەر بەدیهێنراو و مرۆڤێ هەرچەندە ببێت، ئەمەش لوتکەی ڕزگارکردنە، چونکە لە کۆیلایەتی بۆ مرۆڤ و ملکەچبوونەوە بۆی، گواستوویەتییەوە بۆ بەندایەتی خوای گەورە.

پێغەمبەر ﷺ لە سەردەمێکدا ڕەوانەکرا کە هاوەڵگەریی بە هەمووی جیهاندا بڵاوەی کردبوو، بتپەرستی لەنێوان خەڵکیدا هەر چوار لای تەنیبوون، ئیتر لە نێوان عەرەبدا یان غەیری ئەواندا بووبێت، خەڵکی جۆرەها بەدیهێنراویان لە بت و مرۆڤەکان دەپەرست و ملکەچیان بوون، تەنانەت هاوەڵگەریی سەریکێشابووە ناو هەندێ لە لایەنگرانی ئاینە ئاسمانییەکان، ئەوانەی باوەڕیان وەهابوو کە گەورەمان عیسا سێیەمی سێیانەیە (خوا، مەریەم، عیسا)، ئەمە حاڵیان بوو، ئەگەرچی لە دەستەواژەیەکی ناڕووندا دەیانوت: (سیانن لەناو یەکدا، یەکیش لەناو سیاندایە)، بەڵام خوای گەورە مرۆڤایەتی لەم ملکەچی و بەندایەتییە بۆ جگە لە پەروەدگار ڕزگارکرد، پێغەمبەر ﷺ بانگەشەی بۆ یەکتاپەرستی خوای تاك و تەنها کرد، کە لە پەروەردگارێتی و خوایەتیدا تاکە، هەر ئەو زاتە شایستەی بەندایەتی بۆکردنە، لێرەوە دروشمی (لا إله إلا الله وحده لا شريك له) ی بەرزکردەوە، ئەم پەیامە پوختەی پەیامی ئیسلامە، کە ڕەبعی کوڕی عامیر کاتێك کەوتە دواندنی گەورەکانی فارس وتی: (خوای گەورە ئێمەی ڕەوانەکردووە، تا ئەو بەندانە کە خوا خۆی دەیەوێ ڕزگار بکەین لە کۆیلایەتی بەندەکانەوە بۆ بەندایەتی خوای

گەورە، لە تەنگەبەری و سەغلەتی دنیاوە بۆ فراوانییەکەی، لە ملهوڕی ئاینەکانەوە بیبەین بەرەو دادپەروەریی ئاینەکان) [1].

ئەمەش ئەو پەیامە نوێیە بوو کە ئیسلام لە سەردەمێکدا هێنای بتپەرستی و هاوەڵگەریی بڵاوبووبوویەوە، ئەو یەکتاپەرستیەش جێکەوتەی گەورەی لەسەر دەروون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسی یەکتاپەرست هەبوو، چونکە ئیتر لەمەودا بۆ جگە لە خوای گەورە نە سوژدە بۆ کەسیتر دەبات و نە بۆ کەسیتر دەچەمێتەوە.

**دوێیەم:** ڕەتکردنەوەی نێوەندگیریی لە نێوان بەندەو پەروەردگاریدا، زۆرینەی لایەنگرانی ئاینە ئاسمانییەکان -با ئیتر ئەوانیتر لەولاوە بوەستن- دیاردەی نێوەندگیریان لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا داهێنا، تەنانەت با لە ڕواڵەتیشدا باوەڕ بە خوای گەورە یان باوەڕ بە تاك و تەنهایی خوا بوونی هەبوو بێت، ئاسەواری ئەم دیاردەیە لە هەڵسوکەوتی قەشەکان لەگەڵ شوێنکەوتووانیاندا دەرکەوت، لەوەی کە ئەو شوێنکەوتووانە هاتوون لەبەردەم ئەو قەشانەدا دانیان بەگوناهەکانیاندا ناوە، پاشان ئەوانیش چەکی (بڕوانامە)ی لێخۆشبوونیان پێداون، هەندێجاریش چەکی لێخۆشبوون بۆ داگیرکردن بەکاردەهێنرا هەروەك لە جەنگەکانی خاچپەرستیدا ڕوویدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَـٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَـٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾ التوبة: ٣١. واتە: (-جولەکەو مەسیحیەکان- بە زۆری حاخام و قەشەکانی خۆیان وەك خوا تەماشا دەکەن و حسابی خوایان بۆ دەکەن، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش دەپەرستن، بە مەرجێك هەموویان فەرمانیان پێدراوە کە تەنها خوای تاك و تەنها بپەرستن، جگە لەو زاتە خوایەکی تری بە حەق نییە کە شایستەی پەرستن بێت، پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی ئەو زاتەیە، کە بەتەواوی دوورە لەو حاڵەی ئەو نەفامانە ئاوا بەگێلی شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن).

(١) (تأريخ البداية والنهاية) (٧/٣٩).

(ئایتین دینیه)ی فەرەنسی کە لەدوای موسڵمانبوونی ناوی خۆی گۆڕی بۆ (نەصرەدین)، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (محمد رسول الله)، باسی تایبەتمەندییەکانی پەیامی ئیسلام و جیهانیبوونی و ڕۆڵی لە ئایندەدا دەکات و دەڵێ: (لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە ئەویش نەمانی نێوەندگیرە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا، ئەمەش لەلایەن ئەقڵە پراکتیکییەکانی ئیسلامەوە دۆزرایەوە، چونکە خاڵیە لە هەر نهێنییەکی نارِوون، لە پەرستنی قەشەکان، بۆ تێگەیشتن لێی هیچ پێویست بە هەیکەل و پەرستگاکان ناکات، چونکە هەمووی زەوی مزگەوتی خوای گەورەیە، زیاد لەوەش لەوانەیە هەندێ لە پەیرەوانی ڕێبازی باوەڕ بە خوای گەورە چاوبڕنە شتانیتر... بەدڵنیاییەوە ئا ئەوانە لە ئیسلامدا ڕێبازێکی پاك بۆ باوەڕ بەدی دەکەن کە نایابترین و بەرزترین کردەوەی پەرستشە)[1].

**دەیەم:** ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ترس لە ئاینده و بێزاریی و ناوئومێدی و خەمۆکیی، ئەوەش لە ڕێگای باوەڕ بە قەزاو قەدەر، لەگەڵ دەستگرتن بە هۆکارە ماددییەکانەوە.

چونکە باوەڕ بە قەزاو قەدەر وا لە مرۆڤی باوەڕدار دەکات لە باری سەلامەتی و ئاسایش و باری سەربەرزی و هەستکردن بە ڕێز و کەرامەتدا بژی، هەروەها بێ خەمبار بوون و دڵتەنگی و پەژارە، بێ خەفەتخواردن بۆ ئەوەی لەدەستچووە مادامێ کەمتەرخەم نەبووە لە گرتنەبەری هۆکارەکاندا، چونکە ئەوەی ڕوویداوە لە خوای گەورەوەیە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾ الحدید: ٢٢. واتە: (هیچ بەڵا و ڕووداوێك لە زەویدا، هەروەها لە خودی خۆتاندا بۆتان پێش نایەت کە لە (لوح المحفوظ)دا تۆمار نەکرابێت، ئەوە پێش ئەوەی ڕووداوەکە پێش بێت، ئەو تۆمارکردن و زانینەش بۆ خوای گەورە زۆر ئاسانە).

کەواتە ئەو باوەڕە وا لە خاوەنەکەی دەکات لە باری هاوسەنگی دەروونی و

(١) کتێبی (محمد رسول الله ﷺ)، ل(٣٦٢-٣٦٣).

سەقامگیریی ڕاستەقینەدا بژی، لە دڵنیایی و دڵئارامیدا بژی، کارەسات و بەڵاکان وای لێنا کەن بشڵەژێ، نیعمەت و خۆشییەکانیش بەهەمانشێوە وای لێنا کەن ببێتە کەسێکی لەخۆبایی.

یازدەیەم: ڕێزگرتن لە ئەقڵی مرۆڤ و ڕزگارکردنی لە شتە پڕوپووچ و بێبنەماکان، بەڕاستی ئیسلام بەهای گەورەی بە ئەقڵی مرۆڤ و بە بیرکردنەوەی داوە. فەرمانیداوە بە تێڕوانین و بەهەندگرتن و بە پەند وەرگرتن، بیرکردنەوەی لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و هێنانی بەڵگەو سەلماندنی ئەقڵیی کردووەتە فەرزی شەرعی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾ یونس: ١٠١. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ: سەرەنجبدەن و تەماشا بکەن، بزانن خوای گەورە چی لە ئاسمانەکان و زەویدا بەدیهێناوە، بەڵام سەیرە!! بەڵگە و نیشانە و ئاگادارییەکان بێسودن بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕ ناهێنن و ڕێبازی دینداری ناگرنەبەر).

ئەو دەقە شەرعییانە کە لەبارەی ڕێزگرتن لە ئەقڵ و گرنگی بیرکردنەوەو تێفکران و تێگەیشتن و ئەقڵگیرییەوە هاتوون... زۆرترن لەوەی بژمێردرێن، ئەمە لەپاڵ ئەوەشدا کە ئەقڵ جێگای ئەرك پێسپاردن (تكليف)ە. ئیسلام جەنگێکی ڕاستەقینەی دژ بە شتە پڕوپووچ و بێبنەماو فاڵچێتی و خەڵەتاندن و پەنابردنە بەر جنۆکەو و دێوەکان و هاوشێوەیان ڕاگەیاندووە، چونکە زانینی نادیار (غيب)ی سنوردار کردووە تەنها لە زاتی خوای گەورەدا، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ ﴾ سبأ: ١٤. واتە: (کاتێ کە بڕیاری مردنمان بەسەر سولەیماندا سەپاند، مۆرانە وردە وردە بە ڕۆژێك گۆچانەکەیان کلۆر کردوو سولەیمان کەوت، کاتێ کە کەوت، جنۆکەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر لە نهێنی و شاراوەکانیان بزانیایەو غەیبزان بوونایە، ئەو هەموو ماوەیە لەو سزاو کارە قورس و سەنگینانەدا نەدەمانەوە). خوای گەورە لە جنۆکەکانەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویانە:

﴿وَأَنَّا لَمَسۡنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدۡنَٰهَا مُلِئَتۡ حَرَسٗا شَدِيدٗا وَشُهُبٗا﴾ الجن: ٠٨ واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە ئەمشەو بەرەو ئاسمان کشاین، هەست و هۆشمان خستە کارو سەرنجماندا، سەیرمان کرد ئاسمان پڕە لە پاسەوانانی بە توانای بێشومار، نەیزەکیش بە هەموو لایەکدا دەکشا).

خوای گەورە لە ڕووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جنۆکەشەوە بەشێوەیەکی گومانبڕ باسیکردووە کە جنۆکە هیچ دەستەڵاتێکیان بەسەر مرۆڤدا نییە، دەستەڵات و هێز هەر لای خوای گەورەیە، خوای گەورە لەسەر زمانی جنۆکەکانەوە دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٖ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا﴾ الجن: ٠٦ واتە: (لە سەردەمانێکدا پیاوانێك لە دەستەی ئادەمیزاد پەنایان دەبرد بە پیاوانێك لە دەستەی جنۆکە، بۆیە ئەوەندەی تر خەڵکیان سەرگەردان و ماندوو کرد).

ئا لەم بوارەدا خوای گەورە هەموو سەرچاوەکانی شارەزایی بە نادیار (غیب) ی لەبارەی (جنۆکە و فریشتەکان و جیهانی دواڕۆژ)ی داخستووە، جگە لە یەك سەرچاوە نەبێ ئەویش بریتییە لە وەحی ڕاست و دروست، کە خۆی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە سەلمێنراو و صەحیحەکاندا وێنا دەکات، لە ڕێگای وەحییەوە نەبێت ئیتر هەر جۆرە ڕۆچوون و باسێکی دەربارەی ئەو جیهانە قەدەغەکردووە، لەبەرئەوە ڕێگری لە ئەقڵ کردووە کە تەنها لەو ڕێگایەوە نەبێت ئیتر ڕۆنەچێت تیایدا، چونکە ئەقڵ ناتوانێت بگاتە هیچ شتێك و هیچ لەوبارەیەوە بزانێت، هەر بۆیە ئیسلام ڕێنمایی ئەقڵ دەکات کە تەنها لە بواری خۆیدا، ئەویش ئەم گەردوونە ماددییە بەرفراوانەیە ئیشی خۆی بکات، بۆ بەجێگەیاندنی پەیامی جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەش هەر ئەمەی لێ داوادەکرێ چونکە خوای گەورە بۆ ئەوەی دروستکردووە ، ئەمە لە پاڵ دەستەبەرکردنی مەبەستی بەندایەتی کە بۆ ئەم مرۆڤە لەبارە، تا شیاو بێت ئەرکی چاکبوون و چاککردن بە پایان بگەیەنێت کە خوای گەورە پێی سپاردووە.

هەر لەبەرئەوەیە دەبینین کە ئەقڵە گەورەکانی فەیلەسوفانی یۆنان و ئیغریق (وەك ئەرستۆ و سوقرات) بۆ سەدان ساڵ خۆیان سەرقاڵکردووە بە جیهانی پشتەوەی سروشت (میتافیزیقیا)، کەچی هیچ ئەنجامێکی سودگەیەنەری وەهایان بەدەست نەهێناوە شایانی باسکردن بێت، بەڵام ئەو زانا موسڵمانانە کە لەسەر میتۆدی قورئان، هەروەها لەسەر میتۆدی ئەزموونگەرا کە لە قورئانەوە هەڵگۆزراوە ڕێیان کردووە، توانیویانە داهێنان لە زانستە جۆراو جۆرەکاندا بکەن، لەماوەی کەمتر لە دوو سەدەدا ئەو ژیارە مەزنە فەراهەم بێنن، چونکە ئەو زانایانە نەهاتوون ئەقڵی خۆیان سەرقاڵبکەن بەو شتانەوە کە لە پشتەوەی سروشتن، بەڵکو سەرقاڵیان کردوون بە زانستە مرۆیی و گەردوونی و سروشتییەکانەوە.

ئیسلام دەستکۆتا نەبووە تەنها بەو ڕێنماییە مەزنە خواییەوە، بەڵکو هاتووە ڕێنمایی ئەقڵیشی کردووە، یارمەتیداوە تا شارەزا ببێت بەو نهێنیانەی لە گەردووندان، لە زۆر مەسەلەی زانستیدا ڕێگای بۆ کورتکردووەتەوە، بۆ نمونە چۆنێتی بەدیهێنانی گەردوونی بۆ ڕوونکردووەتەوە، کە سەرچاوەکەی بریتییە لە: دووکەڵ (گازەکان)، ئینجا ئاو، هەر ئەو یەك پارچەیە بووەتە چەند پارچەیەك و ئاسمانەکان و زەوی دروستبووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٠. واتە: (باشە ئەوە کافر و خوانەناسان بۆیان دەرنەکەوتووە کە ئاسمانەکان و زەوی پێشتر یەك پارچە بوون، هەر ئێمە گەورەمان کردن و بڵاومانکردنەوە و لەیەکمان دوورخستنەوە، هەروەها هەرچی زیندەوەریشە لە ئاو بەدیمان هێناوە، باشە ئەوانەی کە پەی بەم ڕاستیانە دەبەن هێشتا هەر باوەڕ ناهێنن؟!). ئەمە ئیتر جگە لە بەدیهێنانی مرۆڤ، ئەویش بە شارەزابوونی بە قۆناغەکانی ژیانی لە سکی دایکیدا بەو پەڕی وردەکاریی، کە زانستی نوێ وێڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە زەبەلاحەی بەدەستیهێناوە، هەر نەیتوانیوە ئەو زانست و شارەزاییە قورئانییە بە کۆرپەلە تێپەڕێنێت.

بە تەنیشت ئەو خاڵە سەرەکیانەی پێشەوە کە تایبەتن بە ڕێزلێنانی خوایی لە مرۆڤ، لێرەدا باسەکە چڕدەکەینەوە لەسەر گرنگترین ڕێزلێنانی خوای گەورە لەم مرۆڤە، ئەویش تایبەتە بە ئازادی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەو ئازادییە کە لە هزری هاوچەرخدا ناودەبرێ بە ئازادییە گشتییەکان، بووەتە جێگای مشتومڕ و دەمەقاڵە لە نێوان بیرمەندان و قوتابخانە هزرییە جۆراو جۆرەکاندا.

مەبەست بە ئازادییە گشتییەکان: ئەو مافانەیە کە مرۆڤ بە حوکمی سروشتە مرۆییەکەی سودمەند دەبێت لێیان، یان بەو پێیە کە ئەندامێکی ناو کۆمەڵگایە، تیایدا مرۆڤ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها بەهۆیانەوە بەشدار دەبێت لە بەجێگەیاندنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی وڵاتەکەی، جگە لە یەك حاڵەتیش نەبێ کە زیان بە بەرژەوەندی ئەوانیتر بگەیەنێ ئیتر دەستبەرداریان نابێت[1].

زۆرینەی دەستورەکان بە ڕوونی گەرەنتی پاراستنی ئەو ئازادیانەیان داوە، بۆ نمونە دەستوری نوێی وڵاتی قەتەر بە شێوەیەکی ڕوون زەمانەتی پاراستنی ئەو ئازادییە گشتییانەی کردووە، لە ماددەی (٣٤)دا دەڵێ: (هاوڵاتیان یەکسانن لە ماف و ئەرکە گشتییەکان)دا.

ماددەی (٣٥) دەڵێ: (خەڵکی لەبەردەم یاسادا یەکسانن، هیچ جیاکاری و جیاوازییەك بە هۆی ڕەگەز، یان نەژاد، یان زمان، یان ئاینەوە لە نێوانیاندا نییە).

ماددەی (٣٦) دەڵێ: (ئازادی کەسێتی پارێزراوە، نابێت هیچ مرۆڤێك دەستبەسەر بکرێ یان بەند بکرێ، یان بپشکنرێ یان شوێنی نیشتەجێبوونی سنوردار بکرێ، یان ئازادی لە نیشتەنی یان گواستنەوەی کۆت و بەند و مەرجدار بکرێ، مەگەر بەپێی یاسا).

نابێت هیچ مرۆڤێك بکەوێتە بەر ئەشکەنجەدان، یان بەجۆرێ هەڵسوکەتی لەگەڵدا بکرێ کە ڕێز و کەرامەتی دابەزێت، ئەشکەنجەدان بە تاوان دادەنرێ و یاسا سزای سەپاندووە بەسەریدا.

(١) سەیری: (الحرية الشخصية في مصر) د. عەبدوڵڵا موحەممەد حوسەین، ل(٢٨)، هەروەها (الحريات العامة)ی مامۆستا ڕاشید غەنوشی ل(٣٧)، (حقوق الإنسان و حرياته الأساسية)ی د. هانی توعەیمات، ل(٣٠ و داتریش) بکرێ.

زیاد لەوەش ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بەڵێننامەیەکی دەرکردووە، شارەزایان و وەزیرەکان مشتومڕیان لەسەر کۆتا داڕشتنەوەی کردووە، ئەم بەڵێننامەیە کۆمەڵێك پرەنسیپی گشتی گرنگ و ئەحکامی تێروتەسەلی تێدایە، لەوانەش:

١- هەمووی خەڵکی یەك خێزانن کە بەندایەتی بۆ خوا و نەوەزادەیی ئادەم کۆیاندەکاتەوە، هەموو خەڵکی لە ئەسڵی کەرامەتی مرۆییدا یەکسانن، لە ئەسڵی ئەرك پێسپاردن و بەرپرسێتیدا یەکسانن، هیچ جیاوازییەك بەهۆی نەژاد، یان ڕەنگ، یان زمان، یان هەرێم، یان ڕەگەز، یان باوەڕی ئاینی، یان لایەنداری سیاسی، یان باری کۆمەڵایەتی، یان چینایەتی، یان هەر شتێکیتری لەوجۆرە لە نێوانیاندا بوونی نییە.

٢- بەڵێننامەکە جەخت دەکات لەسەر پیرۆزی مرۆڤ لە ژیانی دنیای و لەدوای مردنیشی، هەروەها پارێزگاری لە سومعەو شۆرەتی، ڕێگەنەدان بە پیادەکردنی هەر جۆرە زۆرلێکرنێ لەسەری، یان فشار خستنەسەری تا واز لە ئاینەکەی بێنێ و بچێتە سەر ئاینێکی تر، یان ببێتە کەسێکی بێ ئاین، هەروەها نابێت هەژاریی و کەمدەستی یان نەزانییەکەی وەك هەلێك بقۆزرێتەوە تا ئاینەکەی بگۆڕێ.

٣- بەڵێننامەکە جەخت دەکات لەسەر ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها لەسەر مافی هەر مرۆڤێك لە گرتنەدەستی فەرمانبەری و مووچەخۆریی، هەروەها لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەر بنەمای یەکسانیی[1].

بەڵام کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی کە بەڵێننامەکەی پێکهاتووە لە بیست ماددە لەگەڵ سێ پاشبەند، هیچ بەندێکی تێدا نییە بە ڕاشکاوی باس لە مافەکانی مرۆڤ بکات، لەبارەی ئەو مافانەشەوە هیچ بەڵگەنامەیەکی دەرنەکردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە دەستوری زۆرینەی دەوڵەتانی ئەندام تیایدا باسی مافی مرۆڤیان تێدا هاتووە[2].

(١) بۆ زانیاری زیاتر سەیری: (خودی بەڵگەنامەکە) هەروەها (حاضر العالم الإسلامی، وقضایا سیاسیة معاصرة) د. موحەممەد عەوەز هوزایمە، ل(١٠١)، هەروەها د. توعەیمات سەرچاوەی پێشووی، ل(٧٨): (حقوق الإنسان وضماناتها).
(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەیری: کتێبەکەی موحەممەد سەلیم تەراونە ل(١١٦) بکرێ.

*** پاراستنی ئازادییەکان گەورەترین ڕێزگرتنە لە مرۆڤ:**

گومانی تێدا نییە کە ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لە سایەی ستەم و خەفەکردن و ستەملێکردندا دەستەبەر نابێت، چونکە ئەو کەرامەتەی بەستراوە بە جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئازادی هزری و ئاینی، سیاسی، شارستانی، کۆمەڵایەتی و ئابووری (لە ئازادی موڵکداری و ئازادی کارکردن)، هەروەها بە مافە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی و.....تادوایی.

بواری ئەوەشمان نییە باسی گشتگیرانە لەسەر تاك بە تاکی هەریەك لەو ئازادیيانە بکەین، بەڵکو لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی ئازادی هزریی و ئاینیی دەکەین، ئەوەش بە جۆرێ کە لە باسی پرەنسیپە گشتییەکان تێنەپەڕێ، لەگەڵ هێنانی هەندێ بەڵگە ئەویش بە کورتی:

*** یەکەم: ئازادی هزریی:**

ئازادی هزریی لە ئیسلامدا تەنها ئەوە نییە کە مافی مرۆڤ بێت و بەس، بەڵکو لە هەمانکاتیشدا مافی خوای گەورەیە لەسەر مرۆڤ.

ئەم ئازادییەش پێویستی بە چەند مەسەلەیەکە، گرنگترینیان: ڕێزگرتنە لە ئەقڵ و گرنگیدانە پێی، هەروەها بەگەڕخستنیەتی، جوڵاندنیەتی، سڕنەکردنیەتی -لە ڕێگای چاولێکەری و دەمارگیرییەوە-، ئەم مەسەلانەو هیتریش لە ئیسلامدا کە پێگەو پایەی ئەقڵی بەرزکردووەتەوە زۆر دیار و بەرچاون، ئەقڵی کردووەتە جێگای ئەرك پێسپاردن چونکە ئەرك تەنها بەسەر ئاقڵدا دەدرێ، هەروەها ئەقڵی کردووەتە بەڵگەی بوون و تاك و تەنهایی خوای گەورە، تەنانەت خوای گەورە لە کاتی هەبوونی ڕاجیاوازی و ناکۆکیدا فەرمانیداوە بە گەڕانەوە بۆ لای ئەقڵ، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ البقرة: ١١١. واتە: (لە بەرانبەردا پێیان بڵێ: باشە بەڵگەتان چییە لەسەر ئەو قسەیە، ئادەی بەڵگەتان بخەنەڕوو ئەگەر ڕاست دەکەن).

قورئانی پیرۆز لە چل و نۆ ئایەتدا هەڵگۆزراوەکانی (ئەقڵ)ی بەکارهێناوە، یەکجار بەشێوەی کرداری ڕابردوو (ئەقڵیان پێی شکا-عقلوە-)، هەموو ئەوانیتریش بە شێوەی کرداری ڕانەبردوو، یەکجار بە لەفزی ئامادەنەبوو (ئەقڵی پێی دەشکێ-یعقلها-) هاتووە، جارێکیش بە لەفزی کەسی قسەکەر لەگەڵ کەسێکیتردا (ئەقڵمان پێدەشکێ-نعقل-)، بیست و دوو جاریش بە لەفزی کۆی ئامادەنەبوو (ئەقڵیان پێی بشکێ-یعقلون-) هاتووە، بیست وچوار جاریش بە لەفزی کۆی کەسی قسە لەگەڵکەر (ئەقڵتان پێی بشکێ-تعقلون-) هاتووە[١].

وشەی (ئەقل) بە ناو چ بە زانراوی یان نەزانراوی لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام هاوواتاکەی هاتووە، بۆ نمونە شازدە جار بە لەفزی (الألباب) کە کۆی (لُبْ) واتە -ئەقڵ- هاتووە[٢]، دوو جاریش وەك (حُلُم) هاتووە کە بە مانای ئەقڵە[٣]، یەکجاریش بە لەفزی (حِجْر) هاتووە ئەمیش هەر بە مانای ئەقڵە[٤]، دوو جاریش بە وشەی (النُّهی) هاتووە کە بە مانای ئەقڵە[٥]، لە چەند ئایەتێکیشدا بە وشەی (القلب) و کۆیەکەی هاتووە[٦]، لە ئایەتی تریشدا بە وشەی (الفؤاد) هاتووە[٧]، هەموو ئەمانەش بە مانای ئەقڵ هاتوون، ئەمە جگە لە چەندین ئایەتی تر کە باس لە تێڕوانین و تێڕامان و سەرنجدان و تێژبینی و هاوشێوەیان دەکەن.

کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە زۆرانە کە دەربارەی ئەقڵ و زاراوەکانی تری هاتوون، بە ڕوونی ئەم تێگەیشتنە لێیان وەردەگیرێ:

(١) سەیری: (معجم ألفاظ القرآن الكريم) مامۆستا موحەممەد فوئاد عەبدولباقی، وشەی (عقل) بکرێ.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، وشەی (لُب).

(٣) ئەوانیش لە هەردوو ئایەتی ٥٨-٥٩ی سورەتی النور دا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَبۡلُغُواْ ٱلۡحُلُمَ مِنكُمۡ، وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ﴾ النور: ٥٨-٥٩.

(٤) ئایەتی ٥ لە سورەتی الفجر: ﴿هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ﴾ الفجر: ٥. واتە خاوەن ئەقڵ.

(٥) ئەمانیش لە هەردوو ئایەتی ٥٤، ١٢٨ی سورەتی گە هاتوون، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿كُلُواْ وَٱرۡعَوۡاْ أَنۡعَٰمَكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ﴾ طه: ٥٤. ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ﴾ طه: ١٢٨. واتە خاوەن ئەقڵەکان.

(٦) سەیری: (معجم ألفاظ القرآن الكريم) وشەی (قلب).

(٧) سەرچاوەی پێشوو، وشەی (فؤاد).

١- ڕێزگرتن لە ئەقڵ و باش وەسفکرنی، کە پێگەیەکی مەزنی لە ئیسلامدا هەیە، ئەقڵ لەدوای شایەتی وەحی، دووەم شایەتە بۆ ڕاستاندنی پەیامە ئاسمانییەکان کە ئیسلام کۆتا پەیامیانە، بەم پێیە ئەوا ناکرێ دەقێکی ڕاست کە هیچ لەنگییەکی تێدا نەبێت دژ بێت لەگەڵ ئەقڵی ساغ و سەلیمدا.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە -بە ڕەحمەت بێت- کتێبێکی داناوە بە ناوی (درء تعارض العقل والنقل) کە یازدە بەرگە، تیایدا سەلماندوویەتی کە دژایەتی و بەریککەوتن لە نێوان وەحی و ئەقڵدا بوونی نییە، ئیتر جگە لەوە کە گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەیان، بەمەش بەرپەرچی ژمارەیەك لەو زانایانەی داوەتەوە کە هەوڵیانداوە لە کاتی بەریککەوتندا گونجاندن لە نێوانیاندا بکەن[١].

ئەمەش هەق و ڕاستییە کە نابێت لابدەین لێی، چونکە ئەقڵ دروستکراوی خوایەو وەحیش لەو زاتەوە هاتووەتە خوارەوە، ئیتر چۆن دەبێت ئەو پەڕاوەی کە ناردوویەتە خوارەوەو نوسراوە دژ بێت لەگەڵ پەڕاوە کراوەکەیدا.

٢- کارا کردنی ئەقڵ و بەگەڕخستنی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾ یونس: ١٠١ ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثۡنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ لَّكُم بَيۡنَ يَدَيۡ عَذَابٖ شَدِيدٖ ﴾ سبأ: ٤٦ واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ بەو خەڵکە بڵێ: من یەك ئامۆژگاریتان دەکەم: ئەویش ئەمەیە کە وەرن بۆ خواو لەبەر خوا، دوو دوو، یان تاك تاك، بوەستن و تێفکرن و بیربکەنەوە لە پەیامەکەم، لە قورئان، لە خۆم. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: ئێوە بۆ دڵنیا نابن ئەم هاوەڵەی ئێوە، ئەم ئادەمیزادە بەڕێزە بە دوورە لە هەموو جۆرە شێتی و سەرلێشێواویەك، بەڵکو ئەو بێدارکەرەوەیەکی دڵسۆزی ئێوەیە، کە ئەگەر بڕوای پێنەکەن لە ئایندەدا سزایەکی زۆر توند و سەخت و دژوار یەخەتان دەگرێت).

(١) سەیری: (درء تعارض العقل والنقل) بکرێ، چاپی زانکۆی ئیمام موحەممەد بن سعودی ئیسلامی، ١٣٩٩ك، لێکۆڵینەوەی د. موحەممەد ڕەشاد سالم (١/٤٠٠٠).

قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەم فەرمانە خواییەدا ڕێنماییمان دەکات کە بە تێڕوانینێکی گشتگیرانە بڕوانینە ئاسمانەکان و زەوی، بە تێڕوانینێکی بەشی تێروتەسەلیش بڕوانینە هەموو شتێك لەم گەردوونەدا، هەروەها سەرنجبدەین لە خۆمان و لە هەموو ئەوەی بەدەورماندایەو دەبینرێ.

جا بۆ هاندان لەسەر تێڕوانینی گشتگیرانەی گشتی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِي تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ البقرة: ١٦٤. واتە: (بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دا، هەروەها جیاوازی شەو و ڕۆژ کە بەشوێن یەکدادێن و کورتبوون و درێژبوونیان بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت، هەروەها جیاوازییان لە نیوەی سەروو، وە نیوەی خوارووی زەویدا، لە هاتووچۆی کەشتی لە دەریا و زەریا و ڕووبارەکاندا کە هەمووی سودو قازانجە بۆ خەڵکی، هەروەها ئەو ئاوی بارانەی کە بە یاسا و بەرنامەیەکی ڕێك و پێك دەبارێتە سەر زەوی و دوای مردنی زیندووی دەکاتەوە، هەروەها بوونی ئەو هەموو زیندەوەرە بێشومارە سەرسوڕهێنەرە لەسەر زەوی و ناوی زەوی و نێو دەریاکاندا کە هەریەکەی بەشێوەیەك خزمەت بە ئادەمیزاد دەکەن، لە هاتووچۆی هەوایش بە یاسای تایبەت، ئەو هەورەش کە لە نیوان ئاسمان و زەویدایەو لە هەڵی ئاو پێکهاتووە و بارگاوییە و شێوازی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت، بەفەرمانی خوای گەورە لە هەر شوێنێك بیەوێت دەبارێت، بەڕاستی ئەو شتانە هەموویان بەڵگەو نیشانەن بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیریان بخەنەکار و بە چاوی دڵ بۆ شتەکان بڕوانن!!).

بۆ هاندان لەسەر تێڕوانینی بەشی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَفِي ٱلْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَٰوِرَٰتٌ وَجَنَّٰتٌ مِّنْ أَعْنَٰبٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي ٱلْأُكُلِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ الرعد:

٤. واتە: (هەروەها سەرنجبدەن چۆن لەسەر ڕووکاری زەوی پارچە زەوی و زاری هەمەچەشنەی لەپاڵ یەکدا دابینکردووە، هەروەها باخاتی ڕەزی ترێ و جۆرەها کشتوکاڵ لەگەڵ دارخورمای یەك قەد و دوو قەددا، هەموویشی بەیەك ئاو ئاودێری دەکرێت، هەندێکیشمان بۆ خواردن نازدارتر و بەنرختر کردووە لە هەندێکی تری، بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنەکار).

ئەم دوو ئایەتەی پێشەوە بە فەرموودەی ﴿لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾ الرعد: ٤. کۆتاییان هاتووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیی ئەقڵ، هەروەها هاندان بۆ بەگەڕخستن و کارا کردنی، هەر لەسەر ئەم مانایە چەندین ئایەتی تری زۆر هاتوون، هەموویشیان یان بە هەمان کۆتایی کۆتاییان هاتووە، یان بە دەستەواژەیەك کە نزیکە لەوەوە.

بۆ سەرنجدانیش لە خودی خۆمان و دەروونمان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ﴾ الذاريات: ٢١. قورئانی پیرۆز بە تەواوی متمانەو پێدا گرییەوە دەفەرموێ کە نیشانەی زۆر لە خودی خۆمان و دەروونمان و لە پانتاییەکانی جیهاندان، کە زانست بەدرێژایی تێپەڕبوونی کات دۆزیونیەتەوە کە بە حەتمی دەبنە هۆی هیدایەتدانێکی کامڵی ئەقڵ بۆ باوەڕهێنان کە ئەم قورئانە هەق و ڕاستییە، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ﴾ فصلت: ٥٣.

پەروەردگار لە چەندین ئایەتدا بە باشە وەسفی ئەقڵ و خاوەنەکەیی کردووە، فەزڵی توانایی لەسەر بیرکردنەوەو تێگەیشتن و پەندوەرگرتن و بەهەندگرتنی داوەتە پاڵیان، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ الزمر: ٩. واتە: (پێیان بڵێ: باشە ئەو کەسانەی کە لە ڕێبازی چاکەو دینداریی شارەزان، وەکو ئەو کەسانە وان کە خۆیانی لێ گێل دەکەن و خەمیان نیە، لە ڕاستیدا تەنها کەسانی ژیر و هۆشمەند بیر لەو مەسەلە چارەنووسسازانە دەکەنەوە). خوای

گەورە لەدوای باسکردنی چەند بەڵگەیەکی گەردوونی دەفەرموێ: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ الزمر: ٢١. تەنانەت خوای گەورە بیرکردنەوەو کۆششی سودمەندی قەتیسکردووە لە خاوەن ئەقڵەکاندا، دەفەرموێ: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ آل عمران: ٧.

پەروەردگار هەروەها باسیکردووە کە ئەوە خاوەن ئەقڵە کامڵەکانن سود لە ڕابردوو وەردەگرن و پەند و وانە لێیەوە فێردەبن، دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ یوسف: ١١١. هەروەها باسیکردووە کە تەنها خاوەن ئەقڵە ساغەکان بە باشی گوێیستن و باش دەبیستن، ئەوانە گوتەی خراپ و خراپتر و چاك و چاکتر لەیەکتر جیادەکەنەوە، ئەوانە شارەزان بە فیقهی لەپێشترین و هاوسەنگییەکان، دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ الزمر: ١٨. واتە: (ئەوانەی کە هەر کات گوێیستی قسە و گوفتار دەبن، پەیڕەوی لە جوانترین و چاکترین و پەسەندترینی دەکەن، ئا ئەوانە دیارە کە خوای گەورە هیدایەتی داون، هەر ئەوانەش ژیر و هۆشمەندەکانن).

٣- سەرچاوە زانیارییەکانی ئەقڵ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بە وردەکاری و گشتگیرانە بەکار بهێنرێن، ئەوەش لەو ئەزموونانەوە کە خۆیان لە مێژوو و چیرۆکی گەلان و کەسانی ڕابردوودا وێنا دەکەن، ئەقڵیش هەڵدەستێ بە شیکارکردن و سود وەرگرتن لێیان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ۗ﴾ یوسف: ١١١. واتە: ئەو خاوەن ئەقڵانە کە سود لە خاڵە ئەرێنییەکان و پەند لە خاڵە نەرێنییەکانی ڕابردوو وەردەگرن، بەڵام چەقنابەستن لەسەر ڕابردوو و دەستەوئەژنۆ دانانیشن. بەڵکو: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ۖ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ ۖ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ البقرة: ١٣٤. واتە: (ئا ئەوانە کەسانێکن کە ڕابوردن، هەرچی کارو کردەوەیەکی چاك هەبوو بۆ خۆیان دەستەبەریان کرد، کە بێگومان سودی هەر بۆ خۆیانە، ئێوەش هەرچی دەکەن لە کارو کردەوەی چاك سودەکەی

هەر بۆ خۆتانە، ئێوە پرسیارتان لێنا کرێت دەربارەی کارو کردەوەی ئەوان. واتە ئەگەر ئەوان ناتەواوی و کەم و کوڕیەکیان هەبێت ئەوە ئێوە بەرپرس نین لەو کارو کردەوانە کە ئەوان جاران کردوویانە، بەڵکو هەرکەسە بەرپرسیارە لە کارو کردەوەی خۆی).

خوای گەورە لە حەوت ئایەتی پیرۆزدا فەرمانی بە خاوەن ئەقڵەکان کردووە کە پەند و سود لە ڕابردوو و لە ئێستای بینراو وەربگرن، دەفەرموێ: ﴿فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ﴾ الحشر: ٢: واتە: (کەواتە ئەی خاوەن بیروهۆش‌و دووربینەکان دەرس و پەند و ئامۆژگاری وەربگرن).

هەروەها سود وەرگرتن لە پێنج هەستەوەرەکە: (تێڕوانین، بینین و بیستن، بۆنکردن و تامکردن)، پەروەردگار لە وەسفی دۆزەخیاندا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ ذَرَأۡنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ لَهُمۡ قُلُوبٞ لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا وَلَهُمۡ أَعۡيُنٞ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا وَلَهُمۡ ءَاذَانٞ لَّا يَسۡمَعُونَ بِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ﴾ الأعراف: ١٧٩. واتە: (لە ڕاستیدا ئێمە خەڵکانێکی بێشومارمان لە جنۆکە و ئینسانەکان تەرخانکردووە بۆ دۆزەخ، چونکە ئەوانە دەزگای لێکدانەوەو بیرکردنەوەیان هەیە، بەڵام بەکاری ناهێنن و تێنافکرن و بیرنا کەنەوە، چاویشیان هەیە، بەڵام سەرنجی دەوروبەریان نادەن و ناوەڕۆك و کرۆکی شتەکان نابینن، هەروەها گوێیان هەیە بەڵام ئامادە نین گوێبیستی حەق و ئامۆژگاری بن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان، بەڵکو لەوان وێڵتر و سەرگەردان تریشن، ئا ئەوانە هەر غافڵ و بێئا گان).

بەدڵنیایی ئەم میتۆدە وردە کە لەسەر بەکارهێنانی ئەقڵ و پاکی سەرچاوە مەعریفیەکەی بەرپابووە، خاوەنەکەی دەگەیەنێتە هەق و ڕاستی، دەیبات بەرەو داهێنان، سود لە ڕابردوو وەردەگرێ، پلان بۆ ئایندەی دادەڕێژێ، ژیاریش بەمانە بونیات دەنرێ.

خوای گەورە هەروەها فەرمانیداوە بە سەرنجدان لە هەمووی گەردوون، لە بەدیهێنانی، لەو خواردن و خواردنەوانەی تێیدایە، تا بڕیاری لەسەری ورد بێت، دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ﴾

الأعراف: ١٨٥. واته: (باشە ئەی سەرنجتان لەو هەموو دروستکراو و بەدیهێنراوانەی خوای گەورە نەداوە کە لە ئاسمانەکان و زەویدان). ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴾ الطارق: ٥. واته: (جا بۆ ئەوەی ئادەمیزاد خۆی فەرامۆش نەکات و لەخۆی نەگۆڕێت، خوای گەورە داوای لێدەکات کە با تەماشای سەرەتای دروستبوونی خۆی بکات، تەماشای ئەو ماددەو شتانە بکات کە لێی دروستبووە). مەبەستیش بەمە ئەوەیە کە چاو بە سەیرکردنێکی ورد سەیر بکات، ئەقڵیش شیکاریی گشتگیر و قووڵی بۆ بکات، قورئانی پیرۆز ئەم کارەی بە پرۆسەی بینینی مەعنەوی ئەقڵی ناساندووە کە لەبەرئەنجامی بینینی چاووەیە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا نَسُوقُ ٱلۡمَآءَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡجُرُزِ فَنُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعٗا تَأۡكُلُ مِنۡهُ أَنۡعَٰمُهُمۡ وَأَنفُسُهُمۡۚ أَفَلَا يُبۡصِرُونَ ﴾ السجدة: ٢٧. واته: (باشە ئەی نابینن کە ئەوە هەر ئێمەین ئاو کێش دەکەین بۆ زەوییە وشك و برینگەکان، بەهۆیەوە جۆرەها ڕووەك لە زەوی دەردێنین کە ماڵاتەکان و خۆیشیان لێی دەخۆن؟!). واته: ئەوەی ڕوودەدات دەیبینن، بەڵام بینینی مەعنەوی ئەقڵیان نییە، بەم کارەش نەیاتوانیوە وەك حەقیقەتی خۆی و وەك ئەنجامەکان سودمەندبن لە هەستەوەرەکانیان.

سەد و بیست و نۆ جار وشەی تێڕوانین (النظر) و هەڵگۆزراوەکانی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، وشەی بینین (البصر) و هەڵگۆزراوەکانیشی سەد و چل و هەشت جار هاتووە.

٤- فەرماندان بە تێڕامان و تێگەیشتن، لە قورئانی پیرۆزدا چوار ئایەتی پیرۆز لەبارەی تێڕامان و تێگەیشتنەوە هاتوون، خوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ ص: ٢٩. واته: (لە ڕاستیدا ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان نازڵکردووە تا ئەو ڕاستیانەی تێدا ڕوونبکەینەوە، تا خەڵکی سەرنجی ئایەتەکانی بدەن و بە قووڵی بیری لێبکەنەوە، تا هۆشمەند و ژیرەکانیش یاداوەری وەرگرن و چێژی ڕۆحی و مەعنەوی لێ وەربگرن). ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا ﴾ النساء: ٨٢. واته: (ئەوە بۆچی ئەوان سەرنجی

قورئان نادەن و واتا پیرۆزەکانی لێکنادەنەوە، خۆ ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن غەیری خواوە بوایە و غەیری ئەو زاتە نازڵی بکردایە، جیاوازی و ناڕێکی و ناتەواوی زۆریان تێدا بەدی دەکرد).

٥- فەرماندان بە پرۆسەی بیرکردنەوەو کارپێکردنی، لە قورئانی پیرۆزدا شازدە جار هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ الأنعام: ٥٠.

تەنانەت مامۆستا عەبباس مەحمود عەققاد -بە ڕەحمەت بێت- کتێبێکی خۆی ناوناوە بە (التفكير فريضة إسلامية) واتە: بیرکردنەوە فەرز و ئەرکێکی ئیسلامییە.

٦- فەرماندان بە پرۆسەی تێگەیشتن و پیادەکردنی، ئەم فەرمانە لە زۆر ئایەتدا هاتووە، بیست جار وشەی فیقە و هەڵگۆزراوەکانی هاتووە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ﴾ الأنعام: ٦٥.

٧- فەرماندان بە پرۆسەی وەبیرهێنانەوە و کارپێکردنی، ئایەتی زۆر لەبارەیەوە هاتووە، وشەی وەبیرهێنانەوە (التذكر) و هەڵگۆزراوەکانی دوو سەد و شەست و نۆ جار لە قورئاندا هاتووە، یەکێك لەو ئایەتانە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾ الرعد: ١٩.

٨- بە ناباش وەسفکردنی ئەو کەسانە کە ئەقڵی خۆیان بە چاولێکەری و دەمارگیری کوێرانە لەکارخستووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴾ الأنفال: ٢٢. واتە: (لە ڕاستیدا خراپترینی ئەو زیندەوەرانەی کە بەسەر زەویدا دەگەڕێن ئەو کەسانەن کە کەڕو لاڵن، چونکە ئەوانە عەقڵ و ژیری خۆیان لەدەستداوە و بەکاری ناهێنن).

خوای گەورە باسیکردووە کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و گیاندارانی تردا بریتییە لە بەکارهێنانی ئەقڵ، دەفەرموێ: ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ الفرقان: ٤٤. واتە: (باشە، تۆ وادەزانی کە زۆربەی

ئەو خەڵکە ئامادەن گوێیستی ئەم پەیامە بن، یاخود عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنەکار، لە ڕاستیدا زۆربەیان وەکو ئاژەڵ وان، بەڵکو هەیانە لەوانیش پەستر و خراپتر و گێلترن).

بە دەیان ئایەتی پیرۆز هەن بە ناشیرین وەسفی ئەو کەسانە دەکەن کە ئەقڵی خۆیان بەکارنەهێناوە، یان تێڕانامێنن لێی، یان ڕاستییەکان وەبیرناهێننەوە، یان بیرنا کەنەوە، یان بە چاوی سەر شتەکان نابینن[1].

## لایەنی پراکتیکی ئازادی هزریی:

ئوممەتی ئیسلام لە سەردەمی هاتنی پەیامی ئیسلامەوە، لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەریش ﷺ لەسەر ڕێبازی ڕێزگرتن لە ئەقڵ و کارا کردن و بەگەڕخستنی ڕێیکردووە، ئەوەش لە ڕێگای ئیجتیهادەوە کە دەقە گوماناوییەکان، هەروەها هۆکارگەرا کان و ڕووداوە نوێیەکانیشی گرتووەتەوە، ئیجتیهاد هەر لە سەردەمی جێنشین ئەبوبەکری صدیقەوە رضي الله عنه تا دەگاتە ئەمڕۆ نەوەستاوە، بەڵکو چارەسەری بۆ هەموو کێشە هاوچەرخەکان دۆزیوەتەوە.

لەلایەکیتریشەوە، زانایانی موسڵمان زۆر بە باشی بوارەکانی ئەقڵیان لە داهێناندا زانیوە، کە هەموو جیهانی هەستپێکراو دەگرێتەوە، لەنێویشیدا مادده بە نرخ و خێرو بێرە بەرچاو و نادیارەکان، زانایانی موسڵمان ئەقڵی خۆیان لە جیهانی پشتەوەی سروشت (میتافیزیقیا) بەکارنەهێناوە، لەبەرئەوە لە ماوەیەکی کەمدا ژیاری ئیسلامی دەستەبەر بوو کە سودی لە هەموو کەلەپوری مرۆڤایەتی وەرگرت، ئینجا زۆرێکی زۆر ئەزموونی لە هەموو بوارەکانی زانست و هونەر و پیشەسازییەکان خستەسەری.

### * دووەم: ئازادی ئاینیی:

لە ڕاستیدا ئازادی ئاینیی گرنگترین جۆرەکانی ئازادییە، مەبەستیش پێی دوو مەسەلەیە، ئەوانیش ئەمانەن:

---

(١) سەیری: (التفكير فريضة إسلامية)ی عەققاد بکرێ، چاپی المطبعة العصرية، بیروت، هەروەها (القرآن الكريم والنظر الفعلي) د. فاطمة إسماعيل، چاپی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی ١٤٢٠ك.

١- ئازادی باوەڕ کە ڕێگا بە تاك دەدات ئازاد بێت لە باوەڕهێنان بە هەر ئاینێك.
٢- ئازادی پەرستش و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە پەرستشییەکان.

چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆز بە مەککی و مەدەنییەوە هەن، کە لە ڕووی پرەنسیپ و بە پوختی دەلالەت لەم ئازادییە دەکەن بە هەردوو جۆرەکەیەوە، سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەریش ﷺ بە قوولّی باسیکردوون، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ﴾ الکهف: ٢٩. خوای گەورە بە بێباوەڕانیش دەفەرموێ: ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾ الکافرون: ٠٦. ئەمە لە کاتێکدا کە باوەڕی ئەو کافرانە هاوەڵگەریی و پەرستنی بتەکان بوو، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمۡ عَمَلُكُمۡۖ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعۡمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ یونس: ٤١. واتە: (خۆ ئەگەر هەر بڕوایان پێنەکردیت، ئەوە بڵێ: ئەوە کارو کردەوەی خۆم بۆ خۆمە، کارو کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە، ئێوە بەرین و بەرپرس نین لە کارو کردەوەکانی من، منیش بەریم و بەرپرس نیم لە کارو کردەوەی ئێوە). هەروەها دەفەرموێ: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّ﴾ البقرة: ٢٥٦.

**لایەنی کرداریی و پراکتیکی ئازادی ئاینیی لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ:**

لێرەدا باسی سەردەمی مەککە ناکەم -تا نەوترێ: پێغەمبەر ﷺ لە مەککە نە دەستەڵات و نە تواناو نە دەوڵەتی هەبووە-، بەڵکو باس لە سەردەمی مەدینە دەکەم کە ﷺ خۆی سەرکردەو فەرمانڕەوای مەدینە و پاشانیش هەموور دوورگەی عەرەبی بووە، کاتێ هاتەناو مەدینە کۆچکەران و پشتیوانانی کردە برای یەکتر، هەستا بە دانانی یەکەمین دەستوری دادپەروەرانە کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو شایەتی لەسەر دەدات، ناودەبرێ بەو بەڵگەنامەیە کە چل و حەوت ماددەی لەخۆگرتبوو، بیست چوار ماددەیان باس لە پەیوەندی نێوان موسڵمانان و جولەکە دەکات، زۆر بە ڕوونی ئەو ئەنجامە وەردەگرین لێی کە ڕێز لە ئازادی ئاینیی گیراوە، جولەکەش لە مەدینە (مافی هاولاّتیبوون)یان پێدراوە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێ ئەرك وەك پابەندبوونی هەر

هاولاتییەکی تر خراوەتە سەرشانیان بە خەرجیکێشانی جەنگی بەرگری لە مەدینەو بەشداریکردن لە شەڕی بەرگری لێی[١].

بەڵکو ئیسلام هاتووە حاڵەتی بەرگری لە جێگاکانی پەرستنی هەموو ئاینە ئاسمانییەکانی کردووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی تێکۆشان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج: ٤٠. واتە: (جا ئەگەر خوای گەورە ئەو خەڵکە بە یەکدا نەدات، ئەوە بێ دین و ناپوختەکان هەموو توانا کانیان دەخەنەگەڕ بۆ وێرانکردنی شوێنی خەڵوەت و خواپەرستی ڕاهیبە گاورەکان، هەروەها کەنیسەکانیان، هەروەها کڵێسای جولەکەو مزگەوتی موسڵمانان کە یادی خوای گەورە زۆر تێیاندا دەکرێت، بێگومان سەرئەنجام خوای گەورە ئەو کەسانە سەردەخات کە لە هەوڵی سەرخستنی ئاینەکەی ئەودان، بەڕاستی ئەو خوایە تەواو بەهێزەو تەواویش باڵادەستە...). زیاتر لەوەش، شەریعەتی ئیسلام ماڵ و موڵکی ناموسڵمانانیش دەپارێزێ، با لە تێڕوانینی ئیسلامیشەوە شتانێکی حەرام بن، وەك بەراز و ئارەق، هەروەها موسڵمانانی قەدەغە کردووە لەوەی دەستدرێژی بکەنە سەریان، مادامێ لەناو بازنەی کۆمەڵگای مەسیحی یان جولەکەدان[٢].

---

(١) سەیری: (الأموال)ی ئەبو عوبێد ل(٢٩٦)، هەروەها (السنن الكبرى)ی بەیهەقی (٥٣/٩)، و (السنة النبوية الشريفة)ی د. ئەکرەم زیاء عومەری، چاپی قەتەر (٢٨٩/١) بکرێ.

(١) سەیری: (المغني) ئیبن قودامە ٢٨٣/٤)، وە (مجموع الفتاوى)) (٥٩٢/٢٨)، هەروەها (المقدمة في المال والأقتصاد والملكية والعقد) د. عەلی قەرەداغی، چاپی دار البشائر الإسلامية ل(٣٥) بکرێ.

## تەوەرەی دووەم
## کۆت و بەندە گشتییەکان لەسەر ئازادی
## لە دەستور و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا

بەدڵنیایی کە مافی ئازادی لە هەموو دەستور و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکاندا مافێکی ڕەهای بێ کۆت و بەند نییە، چونکە مرۆڤ ئازاد نییە لە ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەدا کە خۆی دەیەوێت بە کار یان بە گوفتار بیانکات، ئەگەر وەها بوایە ئەوا شتێك نەبوو بە ناوی تاوانەکان، یان لە ڕێزگرتن لە سیستمی گشتی دەوڵەت، یان لە تایبەتمەندی مرۆڤێکی تر، یان لە ئاسایشی دەوڵەت، یان لە پاراستنی بۆ نمونە ئاسایشی نەتەوەیی.

لەبەرئەوە بەندی سێیەم لە ماددەی ١٩ لە بەڵێننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان کە لە ساڵی (١٩٦٦ز) دەرچووە -کە بەڵێننامەیەکی تێروتەسەل ترە لە جاڕنامەی جیهانیی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی (١٩٤٨ز) دەرچووە- تایبەت کراوە بە ئازادیی، ئەویش بەمجۆرەی لای خوارەوەیە:

١- لە بەرئەنجامی پیادەکردنی ئەو مافانە کە لە بڕگەی ٢ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، چەند ئەرك و بەرپرسێتی تایبەت بەدوایاندا دێت، بەم پێیەش دەخرێنە ژێر هەندێ کۆت و بەندەوە، بەڵام بەو مەرجە کە بە دەقی یاسایی دیاری کرابن و زەروریش بن:

أ- بۆ ڕێزگرتن لە کەسانیتر یان سومعەو شۆرەتیان.

ب- بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سیستمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان ئاکارە گشتییەکان.

ماددەی ٢٠ یش دەڵێ:

١- هەر جۆرە پڕوپاگەندەیەك بۆ جەنگ بە یاسا قەدەغە دەکرێ.

٢- هەر بانگەشەیەك بۆ ڕقلێبوونی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان ئاینی بە یاسا قەدەغە دەکرێ، کە ئەوانە هاندانن بۆ جیاکاری یان دوژمنایەتی یان توندوتیژی.

هەندێ لە دەوڵەتە ئەورووپییەکان چەند کۆت و بەندێکی زیاتریان خستووەتە ناو

ڕێکەوتننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ماددەی ١٠ی دەڵێ:

١- هەر مرۆڤێك مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش ئازادی باوەڕهێنان بە ڕا و بۆچوونەکان، هەروەها فێربوون و پێشکەشکردنی زانیاری و بیرۆکەکان دەگرێتەوە، بێئەوەی دەستەڵاتی گشتی دەستوەربداتە ئەو کارە، بە چاوپۆشین لە سنورە نێودەوڵەتییەکان، ئەمە بێئەوەی کاربکاتە سەر مافی دەوڵەت لەوەی داوای مۆڵەت بکات بۆ ئەنجامدانی چالاکی دامەزراوەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما.

٢- ئەم ئازادییانە کۆمەڵێ ئەرك و بەرپرسێتی لەخۆدەگرن، لەبەرئەوە دەکرێ بخرێنە ژێر ڕێکارە ڕواڵەتییەکانەوە، بخرێنە ژێر هەندێ مەرج و کۆت و بەندەوە، ئەوەش بەپێی زەرورەتی کۆمەڵگای دیموکراسی، هەروەها لەپێناو بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی خاك و ئاسایشی جەماوەر و پارێزگاری لە سیستمی وڵات و قەدەغەکردنی تاوان، هەروەها پاراستنی تەندروستی و ئاکارە گشتییەکان، ڕێزگرتنیش لە مافی ئەوانیتر، ڕێگری لە درکاندنی نهێنییەکان، یان پشتگرتنی دەستەڵات و پاراستنی بێلایەنی دەستەڵاتی دادوەریی.

ماددەی ١٩ یش لە بەندی سێیەم لە بەڵێننامەی نێودەوڵەتی، هەروەها ماددەی ١٠ لە ڕێکەوتننامەی ئەورووپی چەند کۆت و بەندێکیان سەپاندووە بەسەر ئازادی و ئازادی ڕادەربڕیندا.

لەبەرئەوە هەردووکیان دوو ماددەی چاکن، چونکە بێڕێزی بەرانبەر بە پیرۆزییەکانی هەر ئاینێك یان پێغەمبەرێك دەچێتەناو کۆت و بەندە تایبەتەکانەوە -بەو پێیە کە پەیوەندن بە (مافەکانی ئەوانیتریان ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی سومعەیان)، هەروەها (بانگەشەکردن بۆ ڕقلێبوونی ئاینیی، یان هاندانی جیاکاریی و دوژمنکاریی یان توندوتیژیی)- ئەمەش بەپێی هەردوو ماددەی (٣/١٩) و ماددەی (١٠) کە لەپێشەوە هاتوون.

تەنانەت بەندی (٢)ی ماددەی (١٠)ی ڕێکەوتننامەکە بە وشەیەکی جوان دەستپێکردووە کە دەڵێ: (ئەم ئازادییانە کۆمەڵێ ئەرك و بەرپرسێتیان تێدایە، لەبەرئەوە دەکرێ بخرێنە ژێر ڕێکاری ڕواڵەتی و مەرج و کۆت و بەندەکان و...تادوایی).

لێرەوە کەمینەی موسڵمان لە ئەورووپا دەتوانێت سود لەو دوو ماددەیە وەربگرێ.

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ئازادی لە هەندێ دەوڵەتی ئەورووپیدا بە یەکسانی پیادە ناکرێ و دەستچن دەکرێ، چونکە تایبەتکراوە بە یەکێك لە ئاین و کەسە کاریزماکانی جیا لەوانیتر، لە ١٣ تەمموزی ساڵی (١٩٩٠ز) فەڕەنسا یاسایەکی لەبارەی قەدەغەی نکولیکردن لە ڕوودانی جینۆسایی کۆمەڵیانەی جولەکە لە ماوەی دووەمین جەنگی جیهانیدا دەرکرد، بەپێی ئەو یاسایە بڕیاری زیندانی بۆ ماوەی ساڵێك درا بەسەر فەیلەسوفی موسڵمان (ڕۆجیە گارودی)دا، چونکە گومانی خستووەتە سەر ژمارەی ئەو جولەکانە کە لە (هۆلۆکۆست)دا سوتێنراون، هەر فەڕەنسا یاسایەکی تری لە ٢١مایسی ساڵی (٢٠٠١ز) دەرکرد کە دەڵێ دانان بە کۆیلایەتیدا تاوانێکی مرۆییە، یاسایەکی تریشی لە ٢٩ کانونی دووەمی ساڵی (٢٠٠١ز) دەرکرد لەبارەی (قەڵاچۆکردنی کۆمەڵیانەی ئەرمەن)، هەموو ئەم یاسایانە چەند کۆت و بەندێکیان خستووەتە سەر ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها لەسەر توێژینەوەی مێژوویی لەبارەی ئەو سێ دۆزەوە.

تەنانەت خودی فەڕەنسا لە ١٥ی ئازاری ساڵی (٢٠٠١ز) یاسایەکی دەرکرد کە قەدەغەی هەر ئاماژەو مانایەکی تایبەت، یان ڕوخسار، یان پۆشاکێکی کرد کە ئاماژە بدات بە لایەنداری ئاینی قوتابیان لە قوتابخانەو دواناوەندییەکان دا....، یاسایەکی تریشی لە ١١ نیسانی ساڵی (٢٠٠١ز) دەرکرد کە پەچەی لە شوێنە گشتییەکان لە فەڕەنسا قەدەغە کرد، یاسایەکی هاوشێوەی ئەمەش لە بەلجیکا دەرچوو، لە ٢٣ی تەمموزی ساڵی (٢٠٠١ز) جێبەجێ کرا، کە پەرلەمانی بەلجیکا لە ڕۆژی ٢٨ نیسانی ساڵی (٢٠١١ز) بە کۆدەنگی دەنگی لەسەر دا، هەروەها لە ١٧ی تەمموزی ساڵی (١٩٧٠ز) لە فەڕەنسا یاسایەك دەرچوو کە سزا دەسەپێنێ بەسەر زامدارکردن و ناشیرینکردن و بە خراپ باسکردنی کەسێکی دیاریکراو یان کەسانێکدا بەهۆی بنەچەیان یان لایەنداریی نەژادیان، یان ئاینێکی دیاریکراو، یان هەڵنان بۆ جیاکاری ڕەگەزی[1].

(١) بابەتێکی د. حوسام شاکیر دەربارەی: (حرية التعبير، وظواهر الإزدراء والتشويه في أوروبا)، پێشکەشکراوە بە سیمیناری زانستی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتوا و توێژینەوەکان: بە ناونیشانی (فقه التعامل مع الإساءة إلى المقدس) پاریس ٥ی نیسانی (٢٠١٥) ل(١٣-١٧)، هەروەها د. هانی صوعەیمان: سەرچاوەی پێشووی، وە سەرچاوە پێشووەکانی تر لەسەر مافەکان.

بەهەمانشێوە نواندنی بێڕێزی یان جنێودان بە سەرۆکی دەوڵەت، یان گەورە بەرپرسان لە کارە گشتییەکاندا، یان دادوەریی، یان سرودی نیشتمانی، یان ئاڵای فەڕەنسا قەدەغەیە، لە ڕۆژی ١٠ ی (٢٠٠٥ز)یش دادگای فەڕەنسا تابلۆیەکی ڕێکلامی یانەیەکی جوانپۆشی قەدەغە کرد، کە لاسایی تابلۆی کۆتا ژەمە خواردنی ئێوارەی (یۆحەننا) دەکرد، ئەوەش لەسەر داوای کەنیسەی کاسۆلیکی قەدەغەکرا، دادگاش هۆی بڕیارەکەی بەوە لێکدایەوە کە ئەو تابلۆی ئاگادارییە وێنای دەستدرێژییە بۆ سەر باوەڕی خەڵکی، بە مانگێك پێش ئەمیش دەستەی چاودێری ئاگادارییەکانی ئیتالیا هەستا بە قەدەغەکردنی هەمان ئاگاداری کاتێ لە شاری میلانۆ دەرکەوت[١].

هەموو ئەمانەی پێشەوەو هیتریش، بەڵگەی ڕوونن لەسەر نایەکسانی و بژارکردن لە ئازادی ڕادەربڕین و لەسەر دووفاقی پێوەرەکان بۆ موسڵمانان یان جگە لەوانیش، لێرەوە ئەوا موسڵمانان مافی ئەوەیان هەیە داوای دەرکردنی بڕیارێك لە دەزگای دادوەریی بکەن، هەروەها داوای دەرکردنی یاسایەك بکەن کە پیرۆزییە ئیسلامییەکان لە بێڕێزی و لاقرتی و گاڵتەجاڕی بپارێزێ.

دەکرێ ئەو داواکارییەیان بەو جاڕنامەیە پشت ئەستور بکەن کە لە کۆمەڵەی گشتییەوە، هەروەها لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤەوە کە لە ساڵی (١٩٨١ز) دەرچووە، کە پەیوەندە بە نەهێشتنی هەموو شێوەکانی دەمارگیریی و جیاکاریی کە لەسەر بناغەی ئاین یان باوەڕ بەرپا دەبن.

هەروەها هەندێ یاسای بەریتانی و سیستمی یاسایی لە ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا چەند ماددەیەکیان تێدایە کە سزا دەسەپێنن بەسەر تاوانی سوکایەتیکردن بە ئاینەکان، وەك ماددەی (١٦٦) لە یاسای سزادانی ئەڵمانی کە دەڵێ: سزای کەسێك دەدرێ کە (جنێو بە باوەڕەکان، یان پەیڕەوانی ئاینەکان، یان گروپە باوەڕییەکان) بدات. لە هەمانکاتدا ماددەی (١٨٨) لە یاسای سزادانی نەمسا دەڵێ: سزای هەر کەسێك

(١) سەرچاوەی پێشوو ل(١٦-١٧).

دەدرێ (سوکایەتی بە ڕێنمایە ئاینییەکان بکات)، ماددەی (١٨٩)ی هەمان یاسا داوای قەدەغەکردنی (زیانگەیاندن بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان) دەکات، ئەم سزایانەش دەگاتە زیندانیکردن بۆ ماوەی ٦ مانگ، یان پێدانی قەرەبوویەکی دارایی، ماددەی (٢٦١) لە یاسای سزاکانی سویسرا قەدەغەی (زیانگەیاندن بە ئازادی باوەڕی و ئاینیی دەکات)[1].

بەم پێیە ئەوا موسڵمانان لەو وڵاتانەدا بۆیان هەیە لە سایەی ئەو ماددە پێشووانەدا سکاڵا بەرزبکەنەوە، تا ڕێگری بکەن لە سوکایەتیکردن بە ئیسلام، هەروەها لە ترسان و ڕقلێبوون لێی (ئیسلام فۆبیا).

پوختە: لە ڕاستیدا کەمینەی موسڵمان هەر یەکەیان و لە وڵاتەکانی خۆیاندا، بۆیان هەیە پەنا ببەنە بەر دامەزراوەی دادوەریی، تا چەند بڕیارێکی دادوەریی دەربارەی سوکایەتیکردن بە پێغەمبەر ﷺ و سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیسلام دەربکەن، پاشانیش هەوڵبدەن بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی هاریکاریی ئیسلامی و دامەزراوە یاساییەکاندا، بگەنە دەرکردنی چەند یاسایەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کە قەدەغەی سوکایەتیکردن بە ئاینەکان و بە کەسە کاریزماکانیان دەربکەن، ئەمەش بەو پێیە کە ئەم دیاردەیە -لە پاڵ ئەوەی لەپێشەوە باسمانکردووە- ڕۆڵێکی گەورەو مەترسیداری هەیە لە بڵاوەپێکردنی ڕقلێبوون و توندوتیژیی، هەروەها لە زیانگەیاندن بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاوێتەبوونی ئەرێنی، لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهانیی، چونکە ئەم سوکایەتییانە بەرانبەر بە پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ بەوە ئەژمار دەکرێ کە بێڕێزی دەرهەق بە نزیکەی چواریەکی دانیشتوانی جیهان کراوە، کە خۆشەویستیان بۆ ئەو پێغەمبەرە ﷺ زیاترە لە خۆشەویستیان بۆ خودی خۆیان، باوەڕیان بە پەیامەکەی هەیە، ڕۆح و گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی ئەو.

ئەگەر بێتو لەلایەن کەمینەی موسڵمانەوە، بەڵکو لە دەوڵەتە ئیسلامییەکانەوە کە ژمارەیان ٥٧ دەوڵەتە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، هەوڵی چڕوپڕ بدرێ ئەوا دەتوانن

---

(١) د. حوسام شاکیر، بابەتە پێشووەکەی ل(٢٠-٢١) و سەرچاوە پێشووەکان.

لە بواری قەدەغەی سوکایەتیکردن بە ئاینەکان بە شێوەیەکی گشتی، قەدەغەکردنی بێڕێزی بە ئیسلام و بە کەسە کاریزماکانی بە تایبەتی دەستکەوتی باش و هەنگاوی پێشکەوتوو بەدەستبێنن، ئەوەش لە سایەی ئەو کۆمەڵ بەندە یاساییەدا کە باسمانکردن.

ئێمە لەمبارەیەوە هەوڵە مژدەبەخشەکانی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی دەبینین، کە لە ساڵی (٢٠١١ز) و لەپاش زنجیرەیەك ڕاوێژکردن لە ئەستەنبوڵ کە ناسراوە بە (پرۆسەی ئەستەنبوڵ) بەرهەمی خۆی دا، بووە هۆی ئەوە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی (٢٠١١ز) لەژێر ناونیشانی (نەهێشتنی دەمارگیریی، گوفتاری مەزەبگەرا و نەرێنی و جیاکاریی و هاندانی توندوتیژیی و ئەنجامدانی دژ بە خەڵکی، بەهۆی ئاین یان باوەڕیانەوە) بڕیاری (١٨/١٦) دەربکات، ئەم بڕیارەش لەلایەن بڕیاری ژمارە (١٧٨/٦٧)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی (٢٠١٢ز) جەختی لەسەر کرایەوە، ئەگەرچی چەند لایەنێکی یاسایی خۆپارێزیان لەسەر ئەم بڕیارە هەبوو[1].

جا ئەگەر هەوڵەکان لەناو جیهانی ئیسلامی و لە ڕێگای ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی، هەروەها دامەزراوە یاساییەکان و لەناو کەمینەی ئیسلامیدا دووبارەو چەندبارە ببنەوە، ئەویش لە ڕێگای بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسایی دژ بە بێڕێزی و ڕقلێبوونەوەو سوکایەتیکردن و لاقرتی بە پیرۆزییە ئیسلامییەکان، ئەوا -بە ویستی خوای گەورە- لەتوانادایە بگەنە بڕیارێکی نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی کە بەزەبرتر و توندتر بن بۆ ڕێگری ئەوەی کراوە و دەبوونە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی بۆ هەمووان.

پێموایە ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی حەکیمانە ئەم پرۆژەیە کە پەیوەندە تەنها بە سوکایەتی و بە ڕێزگرتن لە ئاینەکان پێشکەش بکەین، ئەوا زۆر کەس و لایەن لە پەیڕەوانی ئاینەکانی تر هاوکاریمان دەکەن، چونکە پرۆژەکە ئەوانیش دەگرێتەوە.

(١) سەیری سەرچاوە پێشووەکان بکرێ.

ئێمە لە یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان، هەستاین بە پێشکەشکردنی پرۆژەیەکی تێروتەسەل بە بەڕێز جەنابی سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، هەروەها بۆ وەزارەتی دادی قەتەر تا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە قەدەغەکردنی سوکایەتیکردن بە ئاینەکان ببەسترێ، کە گەورە یاساناسە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانی مافەکانی مرۆڤ و دامەزراوە مافناسی و ناحکومی و سیاسی و زانایان و بیرمەندان ئامادە بن تیایدا.

لە ڕاستیشدا پرۆژەکە وەها ڕێکخرا، کە وۆرك شۆپی کار بۆ پسپۆڕانی بوارەکانی یاسادانان و یاساو دادوەریی دەست پێبکات، تا بگەنە بەڵێننامەیەك کۆمەڵێك ماددەی دیاریکراوی تێدا بێت کە چارەسەری ئەو گرفتە دەکەن، پاشان بەڵێننامەکە بخرێتە بەردەم کۆنگرەکە تا لەدوای مشتومڕ و هەموارکردن ئەگەر پێویست بوو دەنگی لەسەر بدات و ببێت بڕیار، پاشانیش بدرێتە دەست جەنابی سەرۆکی تورکیا، یان خاوەن شکۆ ئەمیری قەتەر تا بخرێتە بەردەم ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی، دواتریش بدرێت بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## تەوەرەی سێیەم
## فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەویتر
## لە کاتی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان(١)

بەڕاستی قەیرانی وێنەکان و ئەو فیلمانە کە بێڕێزیان دەرهەق بە پێگەو پایەی پێغەمبەر ﷺ کرد، بوونە هۆی ڕوودانی جێکەوتەی زۆر مەترسیدار بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە، هەروەها بۆ تێکەڵی و توانەوەی ئەرێنی کە دروشمێکە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان و ژیرمەندانی موسڵمانان و هیتریش لە خۆرئاوا بەرزیان کردەوە، چونکە درزێکی گەورەیان لە پەیوەندییەکاندا دروستکرد، بونیادی کۆمەڵایەتیان خستە بەردەم شەقبوون و پارچە پارچە بوون و داڕوخان.

لە ڕاستیدا: بڵاوەپێکردنی ئەو وێنە بێڕێزییانە یەکەمین شتێك نەبوو کە ڕوویدات، دواهەمینیش نییە، بەڵکو ئەوە پێشینەی هەیە، چونکە هاودەم لەگەڵ ئەودا یان پێش ئەویش جۆرەها چیرۆك و ڕۆمان و زنجیرە دراما و شانۆگەریی و وتار و لێدوان بوونیان هەبووە، هەموو ئەمانەش هەڵگری ڤایرۆسی بێڕێزی کردن بوون بە ئیسلام و بە پێغەمبەر ﷺ و بە پەیامەکەی، لایەنە ڕاستڕەو و توندڕەوەکانیش هەستاون بە گەشکردنەوەی ئاگرەکەی، تا ئامانجی سیاسی و ڕەگەزپەرستی خۆیان جێبەجێ بکەن.

لەبەردەم ئەم بارودۆخەدا زۆر کەس پرسیار دەکەن و دەڵێن: ئایا هەڵوێستی شەرعی ڕاست و دروست و دوور لە مەسەلەی سۆزداریی و هۆیە دەرەکییەکان چییە، بە تایبەتی لای کەمینەی موسڵمان؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

*** یەکەم: سەرەتا دەبێت بڕوانینە هۆکار و مەبەستەکان:**

١- بەڕاستی ڕەفتاری هەندێ لە گروپە توندڕەوەکان، بە ئەنجامدانی کوشتن و سوتاندن

---

(١) سەیری: بابەتی (المسلمون في أوروبا، وإدارة أزمة الرسوم المسيئة) نوسینی مامۆستا سالم شێخلی، لەسەر پێگەی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان بڵاوکراوەتەوە.

و سەربڕین و کاولکردن لەناو جیهانی ئیسلامی و لە دەرەوەیدا، وێنەیەکی ناشیرینی ئەو ئیسلامە پاکوبێگەردە کە خوای گەورە ڕەوانەیکردووە تا بەزەیی بێت بۆ جیهانیان نیشاندەدات، بەشێکی زۆر گەورە لە بەرپرسێتی لە ئەستۆی ئەو گروپانەدایە، لە ڕاگەیاندنی خۆرئاواشدایە بە خۆی و بەو چەمکە هەڵانەی کە لەسەر ئیسلام دەیانخاتەڕوو، هەروەها ئەو جێکەوتە گەورانەش کە بۆ هەندێ لە کردەوەی تیرۆریستان دەیانکات و قەبەیان دەکات، هەروەها لە ئەستۆی ئەوانەدایە کە بەرژەوەندی ئاینی و سیاسی و تەماعی ئابووریان هەیەو هیتریش دادەنرێن بەو هۆکارانە کە ئەو قەیرانە دەوروژێنن.

٢- دیاردەی (ئیسلام فۆبیا) و پشتگیریی لەلایەن ڕاگەیاندنی خۆرئاوا و هەندێ لە سیاسییە خۆرئاواییەکان، هاوکات پێداگری لەسەر دژایەتیکردنی هەستە ئیسلامییەکان لەژێر هەندێ بەناو ئازادی هزری و ڕاگەیاندنەوە، هەروەها ئەو کارانە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و هەندێ لە بەرپرسە ئاسایشییەکان دەیکەن لە دەستبەجێ ئاماژەدان بە تاوانبارکردنی موسڵمانان لەگەڵ ڕوودانی هەر کارێکی تیرۆریستیدا.. هەموو ئەمانە بەشدارن لە خولقاندنی کەشو هەوایەکی گرژی نا سروشتی بۆ ئەو موسڵمانانە لەو ناوچانەدا دەژین.

٣- بەڵگەنەویستە کە مەبەست لە هەموو ئەو چڕکردنەوە زۆرە لە وروژاندنی ئەو وێنەو فیلمە بێڕێزییانەو هاوشێوەیان -کە دەبنە هۆی وروژاندن و تورەکردنی هەستی موسڵمانان -بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێ مەبەست و ئامانجە، گرنگترینیان ئەمانەن: پەلکێشکردنی موسڵمانانە بەتایبەتی کەمینەی ئیسلامی بەرەو ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی نایاسایی، تا بە جیهان بوترێ کە موسڵمانان ڕێز لە یاساکان ناگرن، بەڵکو دەیانەوێ پشێوی و وێرانکاری بەسەر ئەوروپا یان خۆرئاوادا بێنن، ئەوکاتیش فشاری ڕاگەیاندن و سۆزداریی لەسەر کەمینە دروست دەبێت، تا هەستێ بە پەرچەکردار و بکەوێت بەسەر یەکێك لەم دوو ئاراستەیە یان هەردووکیاندا:

أ- یان نواندنی شلگیریی دەرهەق بە ئیسلام، ئەویش بە قوبوڵکردنی توانەوەو

پووکانەوە لە بۆتەی ئەو ڕەفتارانەدا کە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئیسلامن، یان تەواو شەرمکردن لەوەی لایەندار بێت بۆ ئیسلام، یان خوانەخواستە لە ئیسلام دەربچێ.

ب- یان نواندنی زیادەڕەویی، ئەویش لە ڕێگای لایەنداریی بۆ جولانەوە توندڕەوەکان و بیرکردنەوە لە تۆڵەکردنەوە.

هەردوو مەسەلەکەش مەترسین لەسەر کەمینەی موسڵمان و لەسەر سەقامگیریی ئەو وڵاتانە، وە لەسەر مافەکانی هاوڵاتیبوون و پرەنسیپی ئازادییەکان.

*** دووەم: هەڵوێستی شەرعیی (بنەمادۆزی شەرعیی):**

بنەمادۆزی شەرعیی بۆ ئەم مەسەلەیە دوور لە سۆزە هەڵچووەکان، بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- گومانی تێدا نییە ئەو بێڕێزی و لاقرتیانە حەرامن، بەڵکو لە گوناهە گەورەکانن و لەو تاوانە پڕوکێنەرانەن کە لای موسڵمان لە ئاین دەرچوونە.

٢- ئەو بێڕێزیانە بە هیچ جۆر ناتوانن کەم تا زۆر لە پێگەی باڵا و بە ویقار و هەیبەتی پێغەمبەری ڕێزدارمان ﷺ کەمبکەنەوە، چونکە خوا خۆی پلەو پایەی بەرزکردووەتەوەو بەرز ڕایدەگرێ، دەفەرموێ: ﴿وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ﴾ الشرح: ٠٤ واتە: (هەروەها ناو و ناوبانگی تۆمان بەرزکردۆتەوە). ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ﴾ الكوثر: ٠٣ واتە: (بێگومان هەر دوژمنان و ناحەزانی تۆ بێ ناونیشان و وەجاخ کوێر و دوابڕاون..).

٣- ئەمجۆرە بێڕێزی و لاقرتی و گاڵتەجاڕییانە شتانی نوێ نین، بەڵکو هەر لە دێرزەمانەوە هەبوون، ئاراستەی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ خاوەنی ڕەوشتی مەزن کراون، ئەویش ﷺ هەر ئارامیگرتووە، خۆی لادا وە لێیان و پشتگوێی خستوون، ئەوەش وەك گوێڕایەڵی بۆ پەروەردگاری کە پێی دەفەرموێ: ﴿فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ، إِنَّا كَفَيۡنَٰكَ ٱلۡمُسۡتَهۡزِءِينَ﴾ الحجر: ٩٤-٩٥ ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە باس لە سێ مەسەلەی سەرەکی دەکەن، کە وەك وەڵامی سارێژکەر وان بۆ هەر سەردەم و ڕۆژگارێك کە ئەمجۆرە حاڵەتانە ڕوودەدەن تیایاندا:

أ- بەدڵنیایی چارەسەری سەرەکی و ڕیشەیی بۆ گرفتی ئەو بێڕێزییانە بریتییە لە ڕاگەیاندن و بەردەوامبوون لەسەر ناساندنی ئیسلام و حەقیقەت و مەبەستەکانی، هەروەها ڕاگەیاندنی ڕەوشتەکان و ژیننامە پیرۆزەکەی ﷺ، چونکە زۆرینەی ئەو بێڕێزییانە بەهۆی نەشارەزاییە بە حەقیقەتی ئیسلام و بە پێغەمبەرە مەزنەکەی ﷺ.

ب- لە ڕاستیدا چوونەناو دەمەقاڵەی نەزۆك كارێكی بێسودە، لەبەرئەوە وەڵامی ئەو گەوجانە یان نەفامانە بریتییە لە ڕوووەرگێڕان لێیان، قورئانی پیرۆزیش جەختی لەسەر کردووەو کردوویەتی بە یەکێك لە سیفەتەکانی بەندەکانی خوای ڕەحمان، دەفەرموێ: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا﴾ الفرقان: ٦٣. واتە: (بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە لەسەرخۆو بە سەلاری دەڕۆن بەسەر زەویدا، کاتێکیش نەفامان قسەی سارد و سڕیان ئاراستە دەکەن، بە شێوازێکی جوان وەڵامیان دەدەنەوە و بە کردار ڕایدەگەیەنن کە شەڕخواز و شەڕەنگێز نین، بەڵکو ئاشتیخوازن). لێرەدا مەبەست بە نەزان ئەو کەسەیە کە قسەی ناشیرین دەکات و جنێو دەدات.

ج- خوای گەورە خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسە لاقرتیکارانەدا دەکات، موحەممەد ﷺ و شوێنکەوتووانی لە خراپەیان دەپارێزێ، کە لە دنیا و لە قیامەتدا بە سزای بە ئێش و ئازار پاداشتیان دەداتەوە، دەفەرموێ: ﴿فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ الأنعام: ١٠. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ دڵت لە خۆت دانەمێنێت و خەفەت مەخۆ-، چونکە ئەو گاڵتەجاڕییەی کە بە تۆ دەکرێت، بە پێغەمبەرانی پێش تۆش کراوە، سەرئەنجام ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێی نەبوو ئەوا خوای گەورە تۆڵەیان لێدەستێنێ و یەخەیان دەگرێ و داوێنگیریان دەبێ). هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّـَٔاتُ مَا كَسَبُوا۟ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ الزمر: ٤٨. واتە: (ئەوسا ئیتر بە ئاشکرا سەرئەنجامی کار و کردەوەی ناپوخت و ناباشی خۆیان دەبینن، چونکە دڵنیان ئەوەی ئەوان کاتی خۆی گاڵتەیان پێدەهات

و حسابیان بۆ نەدەکرد واخەریکە داوێنگیریان دەبێت). هەروەها لە ئایەتی تریشدا ئەم هەڕەشانەیان لێکراوە.

زاتی پەروەردگار دەفەرموێ پێمان کە ئەو بێڕێزی و لاقرتیانە بەرۆکی پێغەمبەرانی تریشیان گرتووە، دەفەرموێ: ﴿ يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾ يس: ٣٠. واتە: (دەبا ئیتر پەشیمانی و داخ و نالّە هەر بەشی ئەو جۆرە کەسانە بێت، هەرکات پێغەمبەرێکمان بۆ ڕەوانە کردبن ئەوان گاڵتەیان پێ کردووە). ﴿ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَأَمۡلَيۡتُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ثُمَّ أَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ عِقَابِ ﴾ الرعد: ٣٢. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ -کاتێك خوانەناسان گاڵتە بە تۆ یان ئاین و بەرنامەکەی تۆ دەکەن، تۆ خەفەت مەخۆ-، چونکە پێغەمبەرانی پێش تۆش گاڵتە بە خۆیان و بە بیروباوەڕیان کراوە، جا من ماوەیەك مۆڵەتی ئەو کافر و بێباوەڕانەم دا پاشان هەموویانم دووچاری خەشم و قینی خۆم کرد و لەناوبران، جا سەرنجبدە و بزانە چۆن تۆڵەیەکم لێسەندن).

٤- بە کۆدەنگی زانایانی لێکۆڵەر، داوا لە ناموسڵمانان ناکرێ هەستن بەجێگەیاندنی مەسەلە بەشییەکان، چونکە شتێك لەوبارەیەوە نەهاتووە و بۆ ئەوان ڕاست دەرناچێ، لەبەرئەوە ڕێنمایی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو نوێنەرەی کە ناردوویەتی بۆلایان ئەوە بووە یەکەمجار بانگیان بکات تا باوەڕ بە خوای گەورە و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بێنن، پاشان ئەگەر هاتنەناو ئیسلام ئەوکات داوای بەجێگەیاندنی بەشەکانی ئیسلامیان لێبکرێ، داواشیان لێنا کرێ فەرزە پێشووەکان کە تێپەڕیون بگێڕنەوە[1]، بەرمەبنای ئەمە ئەوا ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە یەکەمجار بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری باش و چاك بانگەواز بۆ باوەڕهێنان بکەن، ئەوەش لە ڕێگای هۆکارەکانی قەناعەتپێکردن و بەڵگەی ڕوون و ڕۆشنەوە دەبێ.

(١) ئەمە مەسەلەیەکە ڕاجیاوازی لەسەرە، لەمبارەیەوە سەیری: (المحصول)ی ڕازی (٣٩٩/٢/١)، هەروەها (الأحکام)ی ئامەدی و (شرح تنقیح الفصول)ی قەرافی ل(١٦٣)، وە (أصول السرخسی) (٧٨/١)، (شرح الکوکب المنیر) (٥٠٣/١) و (جمع الجوامع) (٢١٢/٠١) بکرێ.

٥- مەعلومە کە موسڵمانان لە وڵاتانی ئەورووپادا -یان هاوشێوەیان- کەمینەیەکی ژێردەستەو کەمتوانان، هێز و دەسەڵات و بڕیار و یاسا بە دەستی زۆرینەیە، موسڵمانانیش بە مەبەستی خوێندن، یان بۆ بژێوی و کاسبی چوونەتە ئەو وڵاتانە، یان لە وڵاتی دایکیاندا کەسانێ بوون چەوسێنراونەتەوە، هەر هەمووشیان کە بە ڤیزا یان بۆ وەرگرتنی نیشتەجێبوون یان وەرگرتنی ڕەگەزنامە چوونەتە ئەو وڵاتانە، ئەوا ڕازیبوون بەو گرێبەست و بەڵێننامانەوە کە تایبەتە بەو وڵاتەوە گرتوونیەتە خۆی، لەبەرئەوە پێویستە پابەندبن بە هەموو ئەو خاڵانەوە لەو گرێبەست و بەڵێننامانەدا هاتووە، ئەمە جگە لەو شتانە کە پێچەوانەی شەرعی خوای گەورەن، ئەو شتانەش کە پێچەوانەی شەرعن، ئەوا ئەوان لە ڕێگای حیکمەت بەخەرجدانەوە نەبێت ناتوانن بیانگۆڕن، بۆ ئەوەش دەخوازێ دەستبگرن بەو شێوازانەوە کە بەهەند دەگیرێن بە گەڕانەوە بۆلای گەل، یان دادگای ناوخۆیی یان دادگا ئیتیحادییەکان.

٦- لە هەموو بارێکیشدا، ئەوا دەقە شەرعییە گومانبڕەکان پێماندەڵێن کە کەمینەی موسڵمان هەر ئەوەیان لەبەردەستدایە بە هزر ڕووبەڕووی هزر ببنەوە، بە هێزی لۆژیك و بەڵگەی سەلمێنەر و ڕەفتاری بەرز ڕووبەڕووی ئاڵەنگارییەکان ببنەوە، لە هەموو بارێکیشدا پێویستە هەڵسوکەوت بە باشترین شێوە بێت، نەك بە لۆژیکی چەك و هێز، لەمجۆرە حاڵەتانەدا نابێت پەناببرێتە بەر هێز و کوشتن، بەم پێیەش ئەوا هەموو کردەوە چەکدارییەکان یان زیانگەیەنەرەکان، هەروەها هەستان بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی وێرانکەر لەلایەن کەمینەی موسڵمانەوە لە بەرانبەر ئەو بێرێزییەی کە دەکرێ لە ڕووی شەرعەوە حەرامن، چونکە جێکەوتەی خراپتر بەدوایاندا دێت، زیانیان سەختترە، خوای گەورە ڕێگری کردووە لەوەی جنێو بدرێ بە بتەکان چونکە دەبنە هۆی جنێودان بە خوای گەورە، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ الأنعام: ١٠٨.

## تەوەرەی چوارەم
## ئەرکی کەمینەی موسڵمان

### ئەرکەکانی کەمینەی موسڵمان لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

١- سود وەرگرتن لە هەموو هۆکارە بەردەستەکانی خۆرئاوا -بە پەنابردنە بەر دادگا هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و یەکێتی ئەوروپا-، ئەوەش بە مەبەستی دەرکردنی بڕیاری دادوەریی دژ بە هەر کەسێك فیتنە دەنێتەوە، بەو پێیە کە زیان بە ئاسایش و ئاشتی دەگەیەنێ، پیرۆزییەکانی سەراپای ئوممەتێك لەکەدار دەکات.

٢- پەنابردنە بەر دامەزراوەو ڕێکخراوە یاسایی و مرۆیی و جەماوەرییەکان، تا دژ بەو بێڕێزیانە بوەستن کە بەرانبەر بە هەر ئاینێك لە ئاینەکان دەکرێ، ئەوەش بۆ گەیشتن بە بەڵێننامە یان ڕێکەوتننامەیەك دەربارەی ڕێگری لە سوکایەتیکردن بە ئاینەکان و پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ.

٣- لە ڕێگای خۆپیشاندانی ئاشتییانەی ژیارییەوە گوزارشت لە ناڕەزایەتی بکرێ، خۆپیشاندانێك بێت کە ڕەفتاری ژیاریانەی خۆپیشاندەران بخاتەڕوو.

٤- ئارامگرتنی جوان و تولانی، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئارامیگرت لەسەر ئەو هەموو ئازاردانە کە تووشی هات.

٥- پشتگوێخستن و ئارامگرتن لەسەر ئەوەی کە دەیڵێن، هەروەك خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ داوەو دەفەرموێ: ﴿وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرًا جَمِيلًا ﴾ المزمل: ١٠. پشتگوێخستنی جوان بریتییە لە فەرامۆشکردنی ئەوەی دەیڵێن و ئارامگرتن لەسەری، بێئەوەی هەستێ بە کردەوە یان بە گوفتار یان زامدارکردن هەستی کەسانی نەیار زامدار بکات، هەروەها با هەڵسوکەوتی لەگەڵیان بە حیکمەت بێت، ئەمەش هاوکات بێت لەگەڵ هەبوونی باوەڕێکدا کە بە متمانەی پتەو بە بەڵێنی خوای گەورە پرشنگ بدات، هەروەها بە هیواو ئومێدێك کە هاندەر بێت لەسەر کارکردن.

لەبارەی ئارامگرتنی جوان و پشتگوێخستنی جوان و لێبوردنی چاکەوە پرسیار لە

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە کراوە، ئەویش وتوویەتی: (پشتگوێخستنە بەبێ ئازاردان، لێبوردنی جوانیش: بریتییە لە لێبوردنی بێ گلەیی و لۆمەکردن، ئارامگرتنی جوانیش: بریتییە لە ئارامگرتن بێ سکاڵاکردن لای خەڵکی)[١].

*** کەمینەی موسڵمان مافی ئەوەی نییە سزاکان لە وڵاتی ناموسڵماندا جێبەجێ بکات:**

-لە لایەنی بنەمادۆزییەوە- ئەوە جێگیرە کە بەجێگەیاندنی سزاکان لە تۆڵەکردنەوەو سزا شەرعییەکان و سەرزەنشتکردن، کاری تاکەکان یان کەمینەی ژێردەستە یان گروپێك نییە، بەڵکو کاری دەوڵەتە هەستێ بە ئەنجامدانی سزا شەرعییەکان، ئەوەش لە ڕێگای دادگای دادپەروەرەوە دەبێت کە بەڵگەی ڕوونی لەبەردەستدا بێت دەرهەق بەو تاوانبارەی سکاڵا لەسەری تۆمارکراوە، هەروەها لەلایەن سکاڵاکەریشەوە، زانایانی موسڵمان لە کۆن و نوێدا[٢] لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە جگە لە پێشەوا واتە (دەوڵەت) یان لەلایەن ئەو دادوەر و فەرمانڕەوایانەوە کە دایاندەنێ، ئیتر نابێت کەسیتر هەستێ بە جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان، فەرموودەیەکی ڕاست لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کە بوخاری و موسلم کۆدەنگن لەسەری، فەرموویەتی: ((**إنما الإمام جُنّة، يقاتَل مِن ورائه، ويتَّقى به، فإن أمر بتقوى الله، وعدل، كان له بذلك أجر...**))[٣]. واتە: (بەدڵنیایی کە پێشەوا پارێزەر و ڕزگارکەرە، تێکۆشان و جەنگ لەدوایەوە دەکرێ، دەبێتە پاڵپشت و قەڵای پارێزەر، جا ئەگەر فەرمانیدا بە لەخواترسان و پارێزکاری، بە دادپەروەریی، ئەوا لەسەر ئەو کارەی پادشتی هەیە...). کەسانێکیش لە پێشەوایان وەك نەوەوی و ئیبن حەجەر و هیتریش وتوویانە: (فەرموودەکە بەو مانایە دێت کە تێکۆشان و بەجێگەیاندنی سزا شەرعییەکان مافی دەوڵەتەو نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەو مافەی)[٤].

---

(١) مجموع فتاوى إبن تيمية (١٠/٢٨٠).

(٢) بەیاننامەی کۆڕی توێژینەوە ئیسلامییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە(٨ی جەمادی یەکەم ١٤٣٢ك/ ١٢ی نیسان ٢٠١١ز) (ع١١٨٢٣).

(٣) (صەحیحی بوخاری) فەرموودەی ژمارە (٢٩٥٧)، موسلیم (١٨٤١)، (٤١٦).

(٤) (شرح صحيح البخاري) حافز ئیبن حەجەر، فەرموودەی ژمارە (٢٩٥٧)، (شرح صحيح مسلم)ی نەوەوی، فەرموودەی ژمارە (١٨٤١).

پێشەوا ئەحمەد لە توێی بەڵگەکانی زەرورەتی هەبوونی فەرمانڕەوادا وتوویەتی: (پێویستە خەڵکی فەرمانڕەوایان هەبێت، ئەی چۆن دەبێت مافی خەڵکی بەهەدەر بڕوات؟!)[١].

بەهوتی وتوویەتی: (هەر کەس سزای شەرعی بکەویتە سەری، ئەوا جگە لە پێشەوا یان جێگرەکەی کەسیتر بۆی نییە بیکوژێتەوە)[٢]، واتە: دەستەڵاتی شەرعی ئەوە دەکات.

تەحاوی لە یەکێك لە هاوەڵانەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (سزای شەرعی و دەستکەوتی جەنگی بەبێ شەڕ دەگەڕێتەوە بۆ سوڵتان)، تەحاوی وتوویەتی: وا نازانین لەناو هاوەڵاندا کەسێك هەبێت پێچەوانەی ئەو ڕەئییە بێت.

بەیهەقی لە خاریجەی کوڕی زەیدەوە ئەویش لە باوکییەوە گێڕاویەتەوە، هەروەها لە ئەبو زناد ئەویش لە باوکییەوە کە لە فیقهناسانەوە گێڕاویەتەوە و قسەکەیان دەچێتەوە سەر خەڵکی مەدینە کە وتوویانە: (نابێت بەبێ فەرمانڕەوا -دەستەڵاتی شەرعی- هیچ سزایەکی شەرعی جێبەجێ بکرێ)[٣].

تەنانەت زۆرینەی زانایان -لەنێویشیاندا شافیعی- ڕێگایان بە سەردەستەی جەنگاوەران یان ئەمیری سەربازان نەداوە کە سزای شەرعی جێبەجێ بکەن، نە لە وڵاتی ئیسلام و نە لە وڵاتی ناموسڵمانانداا، چونکە ئەرکی جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان لە ئەستۆی پێشەوادایە (واتە سەرۆکی دەوڵەت) یان ئەو کەسەی جێگەداری ئەوە، ئەوانیش ئەو دادوەرانەن کە مەرجە زەرورییەکانی کاری دادوەریان تێدایە[٤].

ئیبن عەرەبی مالیکی وتوویەتی: (ڕاجیاییەك لەوەدا نییە کە ئەو کەسە ئەم فەرمانەی -واتە جێبەجێکردنی سزای شەرعی- پێسپێردراوە پێشەوایە یان جێگرەکەیەتی)[٥]،

(١) (الأحكام السلطانية) قازی ئەبو یەعلی ل(٧١).
(٢) (كشاف القناع)) (١٧٥/٦).
(٣) (نيل الأوطار) (٢٩٥/٧-٢٩٦).
(٤) (الأم) (٣٧٥/٧).
(٥) (أحكام القرآن)، تەفسیری ئایەتی٢ لە سورەتی النور (١٣٢٦/٣)، چاپی. دار المعرفة لە لوبنان.

چونکە ئەوە کارە مەترسی لەسەر تاك و کۆمەڵگا هەیە، کەواتە دەبێت تۆکمە بکرێ تا پشێوی و ئاژاوەو تۆڵەسەندنەوە ڕوونەدات.

جا ئەگەر ڕاجیاییەك یان گوتەی هەندێ لە زانایان هەبێت بە ڕێگەدان بە جێبەجێکردنی سزای شەرعی لەلایەن کۆمەڵێك یان تاکێکەوە، ئەوا تەنها چەند حاڵەتێکی هەڵاوێردکراو دەگرێتەوە کە هیچ جێکەوتەیەکی نەرێنی یان خراپەی لێنەوەشێتەوە، هەروەها ئەو کەسەش ئەوە دەکات تۆڵەی لێنەسەرنرێت، بەڵام گومانی تێدا نییە لەو حاڵەتانەشدا هەر تەنها وڵاتانی ئیسلامی دەگرێتەوە.

لە لایەکیترەوە، جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان بە ڕای کۆمەڵێکی زۆر لە فیقهناسان تایبەتە بە وڵاتی ئیسلامەوە- لەوانە: ئەبو حەنیفە، ئەبو یوسف، ئەوزاعی-، پێشەوا شافیعی وتوویەتی: (یەکێك لە مامۆستاکانمان لە مەکحولەوە، ئەویش لە زەید کوڕی سابیتەوە گێڕاویەتەوە کە وتوویەتی: (سزای شەرعی لە وڵاتی ناموسڵمانان‌دا (دار الحرب) جێبەجێ ناکرێ، یەکێکیتر لە مامۆستاکانمان کە لە سەور کوڕی یەزیدەوە، ئەویش لە حەکیم کوڕی عومەیرەوە گێڕاویەتەوە، پێیوتین پێشەوا عومەر نامەیەکی ناردووە بۆ عومەیر کوڕی سەعدی ئەنصاری، هەروەها بۆ کاربەدەستەکانی تیایدا هاتووە کە: نەکەن هیچ سزایەکی شەرعی لە خاکی جەنگدا جێبەجێ بکەن تا نەچنەناو خاکی ئاشتەواییەوە)[1]، شافیعی وتوویەتی: (چۆن دەبێت سەردەستەی جەنگاوەران هەستێ بە جێبەجێکردنی سزای شەرعی لە کاتێکدا ئەو نە دادوەرە و نە ئەمیرە تا ڕێگا بە حوکمەکەی بدرێ...)[2].

لەبەرئەوە ڕای بەهێز کە لە ڕاست و دروستییەوە نزیکە، ئەوەیە کە جێبەجێکردنی سزاکان و سزا ئیسلامییەکان دراوەتە دەست دادگایەکی دادپەروەر کە سەربە دەوڵەتی ئیسلامییەو لە ئەستۆی ئەودایە، چونکە ئەوە یەکێکە لە مافەکانی خوای گەورە، زۆر زۆریش گرنگە و پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی مەبەستە شەرعییەکانەوە، هەروەها

---

(١) سەیری: (الأم)ی شافیعی بکرێ، (٣٧٥/٧)، چاپی. دار المعرفة ١٤١٠ك.

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

لە پراکتیزەکردنیدا پێویستی بە ئیجتیهاد هەیە، کە چەندین جێکەوتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ببەسترێت بە دادگایەکی دادپەروەرەوە، ئەویش لە سایەی دەوڵەتێکدا کە تواناو هێزی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگای هەبێت.

*** چاوکردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ، هەروەها لە ئارامگرتنی بەرانبەر ئازاردان و گاڵتەپێکردنی:**

هاوەڵگەرانی مەککەی پیرۆز و دوڕووەکانی مەدینەی درەوشاوە گاڵتەیان بە خوای تەعالا و بە پێغەمبەر ﷺ و بە قورئانی پیرۆز دەکرد، بە هەموو جۆرەکانی ئازاری ماددی و مەعنەوی ئازاری پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانیان دەدا، بەڵام پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەبەر خاتری بانگەوازەکەیان بە جوانترین شێوە ئارامیان دەگرت.

سەخترینی ئازارە مەعنەویەکان بریتی بوو لە: گاڵتەو لاقرتی پێکردن و بە سوك سەیرکردنیان، قورئانی پیرۆزیش ئەم حاڵەتەی تۆمارکردووە، کە ٤٢ جار هەڵگۆزراوەکانی گاڵتەپێکردن تیایدا دووبارە بووەتەوە، وشەی لاقرتیش بە مانای گاڵتەپێکردن چەند جارێك دووبارە بووەتەوە، ئێمەش لێرەدا هەندێك لەو ئایەتە پیرۆزانە دەخەینەڕوو:

١- لاقرتی بە خوای تەعالا و بە بەڵگەو ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾ التوبة: ٦٥.

٢- لاقرتیکردنی دووڕووەکان لای شەیتانە مرۆییەکانیان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ قَالُوٓاْ إِنَّا مَعَكُمۡ إِنَّمَا نَحۡنُ مُسۡتَهۡزِءُونَ ، ٱللَّهُ يَسۡتَهۡزِئُ بِهِمۡ وَيَمُدُّهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴾ البقرة: ١٤-١٥. واتە: (بەڵام کاتێ کە لە گەڵ شەیتانە بێ دینەکاندا، لەگەڵ ڕاوێژکارە گاور و جووەکاندا کۆدەبنەوە پێیان دەڵێن: دڵنیابن ئێمە لەگەڵ ئێوەداین، ئێمە فەرمانبەرداری ئێوەین، ئێمە گاڵتە بەوانە دەکەین!! خوای گەورە تۆڵەی ئەو گاڵتەجاڕی و بێ دینیەیان لێ دەسێنێت و دەیانکاتە پەندو گاڵتەجاڕ، ئەوە جارێ مۆڵەتی داون و بەرەڵڵای کردوون تا کوێرانە مل بنێن و درێژە بە سەرگەردانی و گومڕایی خۆیان بدەن).

لێرەدا سەرنجدەدرێ کە قورئانی پیرۆز باسی هیچ سزایەکی دنیایی نەکردووە لەسەریان، بەڵکو باسیکردووە کە خوای گەورە لەغاویان بۆ شۆڕ دەکات و مۆڵەتیان دەدات، بەڵام فەرامۆشیان ناکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ماوەیە سەردەمی مەدینە بوو کە پێغەمبەر ﷺ خاوەنی دەسەڵات و هێز بوو.

٣- لاقرتی دووڕووەکان لە مەدینەی درەوشاوە لە کاتی بیستنی ئایەتەکانی خوای گەورەدا، خوای گەورەش فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ و بە هاوەڵە بەڕێزەکانی کردووە بە جێهێشتنی ئەو شوێنەو دانەنیشتن لەگەڵیاندا تا ئەوکات واز لەو کارە ناشیرینەیان دێنن، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقَدۡ نَزَّلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أَنۡ إِذَا سَمِعۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكۡفَرُ بِهَا وَيُسۡتَهۡزَأُ بِهَا فَلَا تَقۡعُدُواْ مَعَهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦٓ إِنَّكُمۡ إِذٗا مِّثۡلُهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ النساء: ١٤٠.

واتە: (ئەی باوەڕداران، بیرتان نەچێت کە خوای پەروەردگارتان لەم قورئانەدا ئەم بڕیارەی داوە، ئێوەش جێبەجێی بکەن، ئەویش ئەمەیە: هەرکات لە کۆڕ و دانیشتنی کافر و خوانەناسانەوە گوێبیستی ئەوە بوون کە بێ ئەدەبی و گاڵتەو کوفر دەکرێت بە ئایەتەکانی خوا و بەگاڵتەجاڕیەوە باسی لێوەدەکرێت، ئێوە یەکسەر هەستن و کۆڕ و دانیشتنیان بەجێبێڵن هەتا قسەو باسەکەیان دەگۆڕن، خۆ ئەگەر ئێوە دابنیشن و گوێ نەدەنێ، ئەوە لەو کاتەدا حسابی ئەوانتان بۆ دەکرێت، دڵنیاشبن کە خوای گەورە دووڕووەکان لەگەڵ کافر و بێباوەڕاندا لە دۆزەخدا کۆدەکاتەوە..). ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کاتێ موسڵمانان لاقرتی دووڕووەکان بە ئایەتەکانی خوای باڵادەست دەبیستن، ئیتر دەبێت باوەڕداران ئەو جێگایە جێبێڵن و لەگەڵیان دانەنیشن تا ئەوکات دەچنەناو قسەوباسی تر، پاشانیش تەنها باسی سزای ڕۆژی دوایی کردووە لەسەریان.

٤- ئەو ئایەتە پیرۆزانە کە دەربارەی لاقرتیکردن بە پێغەمبەر ﷺ و بە هاوەڵە بەڕێزەکانی هاتوون، داوای ئەنجامدانی هیچ سزایەکی دنیاییان لەسەر ئەو گاڵتەپێکەرانە

نەکردووە، بەڵکو داوایان کردووە بە دانەنیشتن لەگەڵیان مادامێ ئەوانە لاقرتی دەکەن.

٥- خوای گەورە لە زیاتر لە ئایەتێکدا باسیکردووە کە لاقرتیکردن پیشەی بێباوەڕان و دووڕووەکان بووە دەرهەق بە هەموو پێغەمبەران -سەلامی خوایان لەسەر بێت-، دەفەرموێ: ﴿ يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾ يس: ٣٠. واتە: (دەبا ئیتر پەشیمانی و داخ و ناڵە هەر بەشی ئەو جۆرە کەسانە بێت، کە هەر پێغەمبەرێکمان بۆ ڕەوانە کردبن ئەوان گاڵتەیان پێکردووە). ﴿ وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾ الزخرف: ٧. واتە: (کەچی هەر کات پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردبێت زۆربەیان هەڵوێستیان ناباش بووە، گاڵتەیان بەخۆی و بە پەیام و بیروباوەڕە پاکەکەی کردووە!!).

٦- بێباوەڕان و دووڕووەکان بەهەمانشێوە هەستاون بە لاقرتیکردن بە پێغەمبەر ﷺ، خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا رَأَوۡاْ ءَايَةً يَسۡتَسۡخِرُونَ ، وَقَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٌ مُّبِينٌ ﴾ الصافات: ١٤-١٥ واتە: (ئەگەر بەڵگەو موعجیزەیەکیش ببینن دەیکەنە گاڵتەجاڕیی و باوەڕنا کەن.....، بەڵکو دەڵێن: ئەم قورئانە هەر جادوویەکی ئاشکرایە!!). قورئانی پیرۆز باسی چارەنووسی ئەو لاقرتیکەرانەی لە دۆزەخدا کردووە، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنۡ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ، فَٱتَّخَذۡتُمُوهُمۡ سِخۡرِيًّا حَتَّىٰٓ أَنسَوۡكُمۡ ذِكۡرِي وَكُنتُم مِّنۡهُمۡ تَضۡحَكُونَ ﴾ المؤمنون: ١٠٩-١١٠ واتە: (-چونکە کاتی خۆی ئەگەر بیرتان بێت- دەستەیەك لە بەندەکانم دەیانوت: پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە، داواکارین لە گوناهەکانمان خۆشبیت، لە ڕەحمەت و سۆز و میهری خۆت بەهرەمەندمان بکەیت، چونکە تۆ بەڕاستی چاکترین زاتێکی لە ڕووی ڕەحمەت و سۆز و میهرەوە....، کەچی ئێوە گاڵتەتان پێدەکردن، هەتا وای لێهاتبوو ئەو حاڵەتەی ئەوان و گاڵتەپێکردنی ئێوە، لە خەمی بڕوا بە من و -چەمکەکانی ئیمان- وێڵیکردن و یادی منتان فەرامۆشکرد، بەڵکو بەووشەوە نەدەوەستان بە قاقای پێکەنین پێتان ڕادەبواردن!!).

٧- ئەو وشانەش کە باس لە لاقرتی و گاڵتەکردن و جنێودان و قسەی ناشیرین و تۆمەتبارکردن بە شێتی و جادووگەریی و درۆ دەکەن، ئەوا قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا باسیکردوون کە لێرەدا بواری ئەوە نییە هەموویان بێنین.

* **هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ:**

أ- هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا - کە باسمانکردن- بریتی بووە لە خۆ پڕچەککردن بە ئارامگرتنی جوانەوە، بە فەرامۆشکردنی حەکیمانە، بە پشتگوێخستنی جوان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ﴾ النحل: ١٢٧. واتە: (-ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی ئیماندار-، هەوڵبدە بەردەوام خۆگر و ئارامگربیت، ئەو خۆگری و ئارامگریەشت هەر بۆ خواو لەبەر خواو لەپێناوی خوادا بێت، هەرگیز خەفەت مەخۆ لە یاخیبوونی ستەمکاران و لە ستەمی یاخیبووان، هەروەها تەنگەتاو و سەغڵەتیش مەبە لە پیلان و نەخشەو فێڵ و تەڵەکەی ناحەزان...). ﴿ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ﴾ المزمل: ١٠. واتە: (پاشان لە بەرانبەر گوفتاری ناڕەوای خوانەناسانەوە کاتێ دەیکەنە گەڕەلاوژێ و گاڵتەجاڕی، هەردەم دەروون فراوان و خۆگربەو بە شێوازێکی جوان کۆڕ و کۆبوونەوەیان بەجێبێڵە،...). وشەی ئارامگرتن (صبر) و هەڵگۆزراوەکانی ٥٦ جار لە قورئانی پیرۆزدا دووبارە بووەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا ئارامگرتن لە دڵی هەموویاندا لەبەردەم سۆزە هەڵچووەکاندا قایمبکات، کە لەوانەیە ئەو سۆزدارییەیان ببێتە گەردەلول و ڕەشەبایەك و هەموو بەرهەمەکانی بانگەواز ڕامالێ، خوای گەورە ڕوونیکردووەتەوە کە ئارامگرتن کلیلی بەهێزبوون و سەرکەوتنە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ، وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكَ إِعۡرَاضُهُمۡ فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأۡتِيَهُم بِـَٔايَةٖۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمۡ عَلَى ٱلۡهُدَىٰۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾ الأنعام: ٣٤-٣٥ واتە: (-خەفەت

مەخۆ، ستەمکاران بە درێژایی زەمین و زەمان هەروا بوون-، پێغەمبەرانی پێش تۆش دژایەتی کراون و بڕوایان پێنەکردوون، ئەوانیش دانیان بە خۆیاندا گرتووە و ئارامیان گرتووە لەسەر ئەو هەڵوێستە نارەوایەی قەومەکانیان، بەڵکو ئازار و ئەشکەنجە دراون و سوکایەتیان پێکراوە، هەتا سەرئەنجام سەرکەوتن و پایەداریمان پێبەخشیون، بێگومان هیچ هێزێك ناتوانێت یاسا و بەرنامەکانی خوای گەورە بگۆڕێت، دیارە کە هەواڵی هەندێ لەو پێغەمبەرانەت پێگەیشتووە. ئەی موحەممەد ﷺ تۆش ئەگەر سەرپێچی و یاخیبوونی خوانەناسانت زۆر لا سەختە و خەریکە خۆگریت نامێنێت، ئەگەر دەکرێت تونێلێك لە زەویدا هەڵکەنە، یاخود پەیژەیەك بە ئاسماندا هەڵپەسێرە و هەوڵبدە موعجزەیەکیان نیشانبدە، ئەگەر خوای گەورە بیویستایە ئەوانە ڕووبە ئیمان بهاتنایە ئەو زاتە لە دەوری ئەم نوور و هیدایەتە کۆی دەکردنەوە، کەواتە لەو کەسانە مەبە کە شارەزای یاسا و بەرنامەکانی خوای گەورە نین!!).

خوای گەورە باسیکردووە کە ئارامگرتن ڕێگای هەموو پێغەمبەران بووە، کلیلی بەهێزبوونیان بووە، ئارامگرتن ڕێگایەکە لادان نییە لێی، ئەگەریش ئارام نەگرێ ئەوا شتیتر بۆی بێسودە، خوای گەورە لەبارەی ئەنجامی ئارامگرتنی قەومی موساوە دەفەرموێ:
﴿وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَـٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَـٰرِبَهَا ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا ۖ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُوا۟ ۖ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ﴾ الأعراف: ١٣٧ واتە: (ئەوسا ئیتر ئەو قەوم و گەلەی کە لاواز کرابوون و دەچەوسێنرانەوە کردماننە نیشتەجێی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەو سەر زەمینە پیرۆزەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە، ئەوسا ئیتر بەڵێن و وادەی پەروەردگاری تۆ -ئەی موحەممەد ﷺ - ئەنجامدرا بۆ نەوەی ئیسرائیل بەهۆی خۆگری و ئارامگریانەوە، هەرچی فیرعەون و دارودەستەی پێکیانهێنابوو، هەرچی کۆشك و تەلاریان هەبوو هەر هەموویانمان کاول و وێرانکرد). کەواتە ئەگەر ئوممەتی ئیسلامیش بەتایبەتی لەم سەردەمەدا خۆگری و ئارامگری بکەنە دروشمیان، ورەیان نەڕوخێت و

بەهیچ نرخێك ئاین و بیروباوەڕ و داب و نەریت و ڕەوشتیان نەفرۆشن و نەیگۆڕن، چۆن خوای گەورە کاتی خۆی ئەوانی سەرخست، هەر بەو شێوەیە ئەمانیش سەردەخات و دوژمنانیان لەناودەبات). لەسەر زمانی پێغەمبەرانیشەوە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا ۚ وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴾ إبراهيم: ١٢. واتە: -هەروەها پێغەمبەران و ئیمانداران وتیان:- جا ئەوە چیمانەو بۆچی پشت بە خوای گەورە نەبەستین لە کاتێکدا ئەو زاتە هیدایەت و ڕێنوێنی کردووین بۆ هەموو ڕێبازەکانی خێرو دینداری و چاکە، مەرج بێت ئێمە خۆگرو ئارامگربین لە بەرانبەر ئەو کێشەو ئازار و گرفتانەی کە ئێوەی خوانەناس بۆمان پێش دەهێنن، دەبا ئەوانەی کە پشتیوانیان دەوێت هەر پشت بە خوای گەورە ببەستن). خوای گەورە بەڵێنی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ داوە کە ئەگەر بەڕاستی ئارامبگرێ ئەوا سەریدەخات، دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴾ الروم: ٦٠. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئیماندار، خۆگرو خۆڕاگرو بەئارام بە لە بەرانبەر پلان و پیلانی ناحەزانەوە، دڵنیابە کە وادەو بەڵێنی خوای گەورە بە سەرخستنی ئیمانداران لە دنیادا و سەرفەرازبوونیان لە قیامەتدا هەر دێتەدی، چونکە ئەوە بەڵێن و وادەیەکی ڕاست و دروستە، نەکەیت تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ ببیت، هەروەها نەکەیت بهێڵێت ئەوانەی کە یەقین و بڕوایان بەم بەڵێنانە نییە تۆش بخەنە دڵەڕاوکێوە و گومانت بۆ دروستبکەن!!).

ب- فەرمانی پێشتگوێخستن و فەرامۆشکردن و ڕووو وەرگێڕانیش لە لاقرتیکاران و درۆزنان و گاڵتەچییان لە قورئانی پیرۆزدا زۆر دووبارە بووەتەوە، دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴾ النساء: ٦٣. واتە: (جا خوای گەورە تەواو زانایە بە ناخی ئەو جۆرە کەسانە و شارەزایە لەوەی لە دڵ و دەروونیاندا پەنگی خواردۆتەوە، لەبەرئەوە گوێیان پێمەدە و هەوڵبدە بە شێوەیەك ئامۆژگارییان بکە کە ناخ و دڵ و دەروونیان بهەژێنێت، ئەوەش بە گوتاری کاریگەر و بەهێز بەشێوەیەك بەقووڵایی دەروونیاندا بچێتە خوارەوە).

﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ الأنعام: ٦٨. واتە: (هەر کاتێك ئەو کەسانەت بینی کە بە گاڵتەجاڕی و دوور لە بنەمای زانستی و زانیاری، ڕەخنە لە ئایەتەکانی ئێمە دەگرن، ئەوە تۆ ڕووت وەرچەرخێنە و کۆبوونەوەیان بەجێبێڵە، هەتا ئەو کاتەی باسەکەیان دەگۆڕن، هەر کاتێکیش شەیتان لەبیری بردیتەوە کە دوورکەویتەوە لێیان و کۆڕ و کۆبوونەوەیان بەجێبێڵیت، هەرکە بیرت هاتەوە یەکسەر هەستەو دامەنیشە لەگەڵ ئەو خەڵکە ستەمکارەدا..). تەنانەت خوای گەورە زۆر بە ڕاشکاوی فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ داوە کە ئەو بێباوەڕ و گاڵتەچییانە پشتگوێ بخات، دەفەرموێ: ﴿ فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ، إِنَّا كَفَيْنَٰكَ ٱلْمُسْتَهْزِءِينَ ﴾ الحجر: ٩٤-٩٥.

ئا بەمشێوەیە ئایەتە قورئانییەکان یەك بەدوای یەکدا هاتوونەتە خوارەوە، جەختیان کردووە لەسەر گرنگیی خۆڕازاندنەوە بە ئارامگرتن و بە لەسەرخۆیی، بە بەرگەگرتن و فەرامۆشکردنی هەر جۆرە گاڵتەپێکردنێك، هاوکات مژدەبەخشن بە سەرکەوتنی بەرچاو لەدوای دەستگرتن بە ڕێساکانی خوای گەورەوە.

ج- کاتێکیش پێغەمبەر ﷺ ئارامیگرت لەسەر گاڵتەپێکردن و و لاقرتی و درۆهەڵبەستن و تۆمەت دانەپاڵی، ئیتر خوای گەورە لە چەند لایەکەوە پاراستی لە گاڵتەبازان و بێمنەت بوو پێیان، ئەو لایەنانەش ئەمانەن:

- نەفامەکان لەدوای هاتنەخوارەوەی پەیامی ئیسلام بۆی، پێغەمبەری خوایان ﷺ ناونابوو بە (لۆمەکراو-مذمّماً-) لەجیاتی (محمداً)، دەهاتن بەو ناوەوە قسەی ناشیرینیان پێدەوت، پێغەمبەری ڕێزداریش ﷺ دەیفەرموو: ((**ألا تعجبون كيف يصرف الله عني شتم قريش ولعنهم، يشتمون مذمّماً، ويلعنون مذمماً، وأنا محمد**))[1]. واتە: (ئایا پێتان سەیر نییە کە چۆن خوای گەورە منی لە قسەی ناشیرین و جنێوی قوڕەیش و نەفرەتیان پاراست، ئەوان قسەی خراپ و جنێو بە -زەمکراو- موزەممیم دەدەن و نەفرەت لە موزەممیم دەکەن، منیش موحەممەدم).

(١) صەحیحی بوخاری، فەرموودەی ژمارە (٣٥٣٣).

- ئومەییەی کوڕی خەلەف جنێوی بە پێغەمبەر ﷺ دەداو ناوناتۆرەی لێدەنا(١)، خوای گەورەش ئەم سورەتەی لەبارەیەوە نارده خوارەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ،...﴾ الهمزة: ١ ئومەییە گاڵتەی دەهات لە زیندووکردنەوەی مردووان، ئەم ئایەتانەش لەسەری هاتەخوارەوە: ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُۥ قَالَ مَن يُحْيِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٌ ، قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ﴾ يس: ٧٨-٧٩ . واتە: (نمونە بۆ ئێمە دەهێنێتەوەو دەڵێت: باشە کێ دەتوانێت ئێسکی ڕزیوو داتەپیو زیندوو بکاتەوە؟! ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: هەر ئەو زاتە کە لە سەرەتاوە ئادەمیزادی بۆ یەکەمجار دروستکرد، بێگومان بە ئاسانی دەتوانێت سەرلەنوێ دروستی بکاتەوەو ژیانی پێببەخشێتەوە، ئەو زاتە تەواو زانایە بە هەموو شتێك).

- ئەبو لەهەب و ژنەکەی گاڵتەیان بە پێغەمبەر ﷺ دەکرد، ژنەکەی دەیوت: (موزەممێك لێمان هەڵگەڕاوەتەوە، ئێمەش کارەکەی ئەومان ڕەتکردەوە و دینەکەیمان بەکەم سەیرکرد...)(٢). هەردووکیان بەردەوام ئازاریان دەدا، خوای گەورە لەبارەیانەوە سورەتی (المسد)ی نارده خوارەوە کە دەفەرموێ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ، مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ، سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ، وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ، فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ﴾ المسد: ١-٥ واتە: (دەستەکانی بشکێت -ئەبو لەهەب-، ڕیسوابێت، ئاشکرایە کە هەر ڕیسواش دەبێت و لەناو دەچێت. ماڵ و سامان و دارایی و ئەو شتانەی کە بەدەستیهێناوە فریای ناکەوێت، ڕزگاری ناکات لە تۆڵەو سزای خوایی، نابنە هۆی پاراستنی لە خەشمی خواوەندی تۆڵەسێنەر، بێگومان لە ئایندەیەکی نزیکدا دەخرێتە ناو ئاگرێکی بڵێسەداری بەتینەوە تا چاك تێیدا ببرژێت. هەروەها هاوسەرەکەشی کە ئەویش وەکو (ئەبو لەهەب) داخ لەدڵەو هەمیشە کۆڵەداری دڕکاوی بە کۆڵەوەیە بۆ ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها هەمیشە گوریسێکی چنراوی لە پووشی خورما

(١) تەفسیری تەبەری، لە ڕاڤەی سورەتی (الهمزة).
(٢) (شەرحی بوخاری) شەمسەدین سەفیری (٩٥٦ك.م)، لێکۆڵینەوەی لیژنەیەك لە دار النوادر/ بیروت، ساڵی ٢٠١١ز (٢م٣٥٢)، هەروەها سەیری (المستدرك) (٢/٣٩٣) بکرێ، (موسنەدی حەمیدی) (١/١٥٣)، وە ئەبو یەعلی (١١/٥٣).

لەگەردندایە بۆ پێچانەوەی کۆڵەدارەکانی تا فرێی بداتە بەرپێی پێغەمبەر ﷺ).

ئەبو جەهلیش هەستا بە جنێودان و قسەی ناشیرینی بە پێغەمبەر ﷺ دەوت و ئازاری دەدا[1]، دەیوت: (ئەی موحەممەد یان ئەوەتا واز لە خراپەوتنی خواکانمان دەهێنی، یان ئێمەش قسەی ناشیرین بە خواکەت دەدەین)[2]، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ الأنعام: ١٠٨.

بەمشێوەیە خوای گەورە ڕێگریکرد لە موسڵمانان لەوەی جنێو و قسەی ناشیرین بە بتەکانیان بدەن نەبادا ئەوانیش بە نەزانی قسەی ناشیرین بە خوای گەورە بڵێن[3].

- ئوبەی کوڕی سەلول داوای لە عوقبەی کوڕی موعیت کرد تف بکاتە نێوچاوانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش وایکرد[4]، بەم هۆیەوە خوای گەورە ئەم سێ ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ، يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ، لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴾ الفرقان: ٢٧-٢٩. واتە: (ئەو ڕۆژە ستەمکار بە هەموو هێزی قەپ دەگرێت لە هەردوو دەستی خۆی و بەدەم شین و گریەو زارییەوە دەڵێت: خۆزگە شوێن بەرنامەی پێغەمبەر بکەوتمایە، خۆزگە ڕێبازەکەی ئەوم پەیڕەو بکردایە. هاوار بۆ من، خۆزگە فلان و فیسارم نەکردایە بە هاوەڵ و هاوڕێ و مامۆستای خۆم، ئەو بەقسەی زل منی لە یادی خوا و پەیڕەوی کردن لە بەرنامەکەی وێڵکرد دوای ئەوەی کە بەڕوونی پێم ڕاگەیەنرابوو، شەیتانیش لەولاوە هیچی بۆ ناکرێت و پشتی بەرداوە و ئەو تاوانبار دەکات و خۆی لێ بەری دەکات، هەر کابرای بێ دین خەتابار دەکات!!).

---

(١) (مجمع الزوائد) (٩/٢٧٠).
(٢) (البداية والنهاية) (٣/١١٠).
(٣) سەیری تەفسیری تەبەری، فەرموودەکە لە ئیبن عەبباسەوەیە بە ژمارە (١٣٧٣٨)، لە قەتادەوە بە ژمارە (١٣٧٣٩، ١٣٧٤١)، ئەلسەدی: فەرموودەی: (١٣٧٤٠)، لە ئیبن زەیدەوە بە ژمارە (١٣٧٤٢).
(٤) (سيرة إبن هشام) (١/٣٦١).

## تەوەرەی پێنجەم

## دانانی پلانی ستراتیژی لەسەرخۆ و ئامانجدار بۆ کەمینەی موسڵمان، تا نەکەوێتە ژێر سۆزداریی و هەڵچوون

بەدڵنیاییی کەمینەی موسڵمان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ قەیرانەکاندا زۆر پێویستی بە پلانێکی ستراتیژی گشتگیر هەیە، پلانێکی هێمن و لەسەرخۆ، ئامانجدار کە نەکەوێتە ژێر مەسەلە سۆزدارییەکان و هەڵچوون تا ئەو کارەسات و مەینەتیانە هەموو جارێك دووبارە نەبنەوە، بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و ورد لەلایەن پسپۆڕان و زانایان و بیرمەندانەوە بکرێ، تیایدا ئامانجی ڕوون و هۆکارەکان دابنرێن، هەروەها ئامڕازەکانی پرۆسەی ڕاپەڕاندن، هاوکات بەرنامەو پرۆژەی گەورەو فرەجۆر هەبێت کە هەموو کەمینەو زۆرینەی ئیسلامی بگرێتەوە، بە تایبەتی ناوندی بڕیاری سیاسی و ڕاگەیاندن، هەروەها ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئینجا ۆرك شۆپی کارکردن لە هەموو ولاّتاندا ڕێکبخرێ کە کەسانی پسپۆڕ لە موسڵمانان بەشداربن تیایاندا، هەروەها کەسانیتریش لە خەڵکی ئەو ولاّتانە.

**ئامانج دەستەبەرکردنی ئەم خالاّنەی خوارەوەیە:**

١- موسڵمانان هۆشیار بکرێن تا بە شێوازی ژیاری وەلاّمبدەنەوە، نەك بەشێوەی سۆزداریی بێ پلان و سەرپێیی کە جێکەوتەی نەرێنی زۆرە یان پێچەوانەیە و زیانی لە سودەکانی زیاترە.

٢- هۆشیارکردنەوەی زۆرینەش بە زەرورەتی پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی بەرانبەر.

٣- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دامەزراوە مافپەروەر و جەماوەرییەکان لەپێناو ڕێگرتن لە بێڕێزی کردن بە ئاینەکان، بەوەی کە ئازادیش بەرپرسێتییە، نەك شتێکی ڕەها بێت تەنانەت لە خۆرئاواشدا، هەروەها کەس بۆی نییە ناموس و سومعەی کەسێکی ئاساییش لەکەدار بکات، هەروەها نابێت سومعەو کەرامەتی کەسایەتییە کاریگەرەکان لە جیهان و پیرۆزییە ئاینییەکان لەکەدار بکرێ.

٤- هۆشیارکردنەوەی گەلانی ناموسلمان بە تایبەتی لە خۆرئاوا بە ئاسەوارە نەرێنییەکانی بێڕێزی کردن بە پیرۆزییەکان.

٥- حەقیقەتی ئیسلام ڕوونبکرێتەوە، پێغەمبەری ئیسلام ﷺ بناسێنرێ کە بەزەییە بۆ مرۆڤایەتی، هەروەها باسی ژینامەی پاکو بێگەردی و ڕەوشتی مەزنی لەسەر هەموو ئاستەکان بکرێ و بناسێنرێ بە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

٦- هۆشیارکردنی کەمینەی موسلمان بە ڕێبازی میانڕەویی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەویتردا، بە تایبەتی گەنجەکان لەو وڵاتانەدا تیایاندا دەژین، هەروەها باسی حەرامی ئازاردان و پەیمانشکێنی و بەڵێننامەکان بکرێ بۆیان.

٧- گرنگیدان بە فیقهی مەبەستەکان، حیسابکردن بۆ جێکەوتە خراپەکانی کاری تیرۆریستی و نواندنی هەڵسوکەوتی خراپ لە ناشیرینکردن و شێواندنی وێنەی جوانی ئیسلام، کەمینەی موسلمان تێبگەیەنرێن کە ئەو کردەوە تیرۆریستییانە دەبنە هاوکار بۆ دوژمنانی ئیسلام و بۆ لایەنی ڕاستڕەوی توندڕەو تا گەشە بکەن و هەڵکشێن بۆ گەیشتن بە دەستەڵات، ئەوکاتیش سەغڵەتی بۆ کەمینەی موسلمان دروستدەکەن و بانگەوازی ئیسلامی بەرتەسك دەکەن.

٨- گرنگیدان بە فیقهی سەرئەنجامەکان بەوەی کە فیقهێکی ڕەسەنە لە قورئان و سوننەتدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ الأنعام: ١٠٨. لە سوننەتیشدا وەك ئەو کارەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ دووڕووەکان بەڵکو لەگەڵ سەرۆکەکەیاندا کردی، کاتێ ئەو دووڕووە وتی: ﴿ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ﴾ المنافقون: ٨. ئەمەش کوفرێکی ئاشکرایە، چونکە مەبەستی بە وشەی زەلیلکراو پێغەمبەری خواو ﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی بوو، هەروەها ڕۆڵی مەترسیداری لە تۆمەت خستنەپاڵ هاوسەری پاکی پێغەمبەر ﷺ عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوا لێی ڕازی بێت) کە گوایا زینای کردووە، هەروەها لە هەوڵدانی بۆ دروستکردنی فیتنەو دووبەرەکی لە نێوان کۆچکەران و پشتیوانانیدا، لەبەرئەوە

ژمارەیەك لە هاوەڵان داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد کە بکوژرێ، پێغەمبەری خوایش ﷺ وەڵامیدانەوە کە نابێت شتی وا بکەن، چونکە جێکەوتەی خراپ و مەترسیداری دەبێ وەك ناشیرینکردن و شێواندنی وێنەی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی ﷺ، ئەوە بوو لە فەرموودەیەکی ڕاستدا کە بوخاری موسلیم گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی: ((**دَعْهُ، لا يتحدث الناس أن محمداً يقتل أصحابه**))[1]. واتە: (وازی لێبێنن، با خەڵکی نەڵێن موحەممەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێ).

ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ دەیتوانی لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بیکات و نەیکرد، لە کاتێکدا بۆی ڕەوا بوو بیکات، هۆکاری ڕاگەیاندنی مەترسیداریش لەو سەردەمەدا بوونیان نەبوو هەروەك لە ئەمڕۆدا دەبینین، کەچی هەر وازی لێهێنا چونکە جێکەوتەو سەرئەنجامی خراپ بەدوایدا دەهات، ئەی دەبێ ئەنجامدانی جۆرە کارێ کە هەر لە بنەڕەتەوە حەرام و قەدەغەکراوبن لە وڵاتانی ناموسڵماندا، وە لە سایەی ڕاگەیاندنێکی مەترسیداردا کە دەتوانێت دەنکە نۆکێك بکەنە گومەزییەك، چ سەرئەنجامێکی خراپ بدەن بەدەستەوە، ڕاگەیاندنێك کە بە پۆشاکی هەق و ڕاستی کاری ناڕەواو ناهەقی خۆی دەڕازێنێتەوە، کە دواجار جێکەوتەی زۆر مەترسیدارتری لێدەکەوێتەوە، کەواتە ئیتر چۆن دەبێت هەنگاو بنرێ بۆ کاری لەو جۆرە؟!!!

بۆ کاراکردنی ئەو پلانە ستراتیژییە، پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی کارا بە سەرپەرشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان و یەکێتی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ئەورووپا و ئەنجومەنی ئەورووپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان لەسەر ئاستی ئەورووپا پێکبهێنرێ، کە بەوپەڕی لێبڕان و گەرموگوڕی و دڵسۆزییەوە هەستێ بە دانانی بەڵێننامەیەکی تێروتەسەل کە بنەمادۆزی بۆ کرابێت بۆ هەڵسوکەوتکردن بەپێی شەریعەتی ئیسلامی و مەبەستەکانی، هەروەها بەپێی فیقهی سەرئەنجامەکان، ئینجا وەربگێڕدرێ بۆ زمانە زیندووەکانی ئەورووپا،

---

(١) صەحیحی بوخاری، ژمارەی فەرموودەکان (٤٩٠٥، ٥٩٠٧، ٦٩٣٣، ٣٦١٠) هەروەها موسلیم، فەرموودەی ژمارە (٢٥٨٤). هیتریش گێڕاویانەتەوە.

بە شێوەیەکی باش و بە ئاستێکی گونجاو بڵاوبکرێتەوە، تا لە ڕێگای هۆکارە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە بگاتە دەستی حکومەتەکان، بگاتە دەست دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بگاتە مافەکانی مرۆڤ، تەنانەت بگەیەنرێتە هەمووماڵێکی موسڵمان یان ناموسڵمان.

منیش لەبارەی ئەو مەسەلانەوە هەستام بە ڕێکخستنی بەڵێننامەیەك و پێشکەشم کرد بە کۆنگرەی داغستان، بە کۆنگرەی قبردینۆبلقاریا لە ڕوسیا، ئامادەبووانیش متمانەیان پێدا، لە ڕاستیشدا بە فەزڵی خوای گەورە کاریگەری گەورەی هەبوو، تەنانەت سەرۆك کۆماری داغستان دانی پێداناو وتی: (لەدوای ئەم بەڵێننامەیەوە ئیتر ڕووداوەکانی تیرۆر لە داغستان ڕوویاننەداوە، چونکە زۆربەی گەنجەکان قەناعەتیان کردووە پێی و وازیان لە توندوتیژی هێناوە)[1].

هەروەها نامەیەکی کراوەم نارد بۆ ژیرمەند و بیرمەندان و سەرکردەکانی خۆرئاوا، داوام لێکردن دەرهەق بە تاوانی توندڕەوەکان پەرچەکردار نەنوێنن، بەوەی بێن وێنەی بێڕێزی و هاوشێوەیان بە دەستدرێژیکردنە سەر پێغەمبەری ڕێزدارمان ﷺ بڵاوبکەنەوە، هۆشداریم پێدان لەوەی بە بیانووی بەهاکان و ئازادییەوە درێژەبدرێ بە بێڕێزی و بە سوکایەتیکردن بە ئیسلام و سەرەڕۆیی تیایدا، داوام لێکردن هۆکارەکانی تیرۆر نەهێڵن لەگەڵ چڕکردنەوە لەسەر چارەسەری هزری، دواتر -وەك پاشبەندێکی توێژینەوەکە- باسیدەکەم تا جێگای سود بێت، ئەوەش لەدوای باسکردنی ڕاگەیەنراوی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان.

*** ئەم پلانە بۆ چییە؟**

ئێمە دەبینین کە دوژمنانی ئیسلام و موسڵمانان -بە تایبەت زایۆنیزمەکان- حەقیقەتی ئێمەیان بۆ دەرکەوتووە کە کەسانێکی سۆزدارین، ئەوانیش دەتوانن لە ڕێگای وروژاندن

---

(١) بە ئامادەبوونی من و لەبەردەم ژمارەیەك لە سەرۆك کۆمارەکانی ڕوسیا لە ئاهەنگی کردنەوەی مزگەوتی گەورەی مۆسکۆ لە بەرواری ٢٠١٥/٩/٣١ز ئەم قسەیەی کرد.

و تورەكردنەوە كاربكەنە سەر باری سۆزداریمان، بەمشێوەش ئێمە هەر لە بازنەی (حاڵەتە لەناكاوەكاندا) دەمێنینەوەو ناچینە بازنەی (ستراتیژیی) دوور مەوداوە، تەنانەت ئەوان توانیان كە جیهان تورە بكەن لە دژمان، بۆ نمونە هەڵوێستەكانی دانیمارك، هەروەها نەرویج هەڵوێستی زۆر ئەرێنین و لە بەرژەوەندی دۆزی فەلەستین دان، نەرێنین بەرانبەر بە ئیسرائیل، بەڵام زایۆنیزمەكان توانیان هەندێكیان یان هەندێ لە هەوادارانی خۆیان هانبدەن دژ بە موسڵمانان، ئەویش لە ڕێگای بڵاوكردنەوەی وێنەی بێڕێزی كە تەنها گوزارشت لە ڕای بكەرەكەی دەكات، نەك لە ڕای گەلی دانیماركی ئاشتیخواز، كەچی ئێمە ڕاپەڕین لە دژی حكومەت و گەل و كۆمپانیاكانی ئەو وڵاتە، لێرەوە ئەویش ناچار بوو هەڵوێستی نەرێنی دژ بە موسڵمانان بگرێتەبەر.

ئەوان -زایۆنیزمەكان- لە هەموو شوێنێك ئەمە پیشەیانە، كەواتە ئەو شەرعە كە پشت بە فیقهی سەرئەنجامەكان و داخستنی بیانووەكان دەبەستێ و دەڕوانێتە جێكەوتەی كردەوەكان، تەنانەت بە ڕێگرتن لە جنێودان بە بتەكان تا ئەوانیش قسەی ناشیرین بە خوای تەعالا نەڵێن... ئەوە لەسەرمان -ئێمەی موسڵمان- فەرز دەكات كە ناوەندگیرێكی هۆشیار بین و بزانین كە تاوانباران چ ڕێگایەك دەگرنەبەر، ئەوكات ئەو ڕێگایەیان ببڕین، بۆیە ئەقڵی ساغ و سەلیم و سروشتی پاك، هەر ئەوەمان لێدەخوازن كە هەڵسوكەوتمان بەرانبەر بەو بێڕێزییەیان بریتی بێت لە زیاتر باسكردنی سەراپای كەسایەتی پێغەمبەر ﷺ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ، إِنَّا كَفَيۡنَٰكَ ٱلۡمُسۡتَهۡزِءِينَ ﴾ الحجر: ٩٤-٩٥ خوای گەورە یارمەتیدەر و پشت و پەنای هەمووڵایەك بێت.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

## دەقی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆڕبەندی

## (فیقهی هەڵسوکەوت لە کاتی بێڕێزی کردن بە پیرۆز)

## پاریس ١٦ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٤٣٦ك/ ٥ی نیسانی ٢٠١٥ز

(ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ فەتوا و توێژینەوەکان) و (فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە ئەوروپا) و (فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی فەڕەنسا) و (پەیمانگای ئەوروپا بۆ زانستە مرۆییەکان-پاریس)، بە یارمەتی خوای گەورەو تەوفیقی ئەو زاتە، کۆڕبەندێکیان بەست بە ناونیشانی (فیقهی هەڵسوکەوت لە کاتی بێڕێزی کردن بە پیرۆز)، کە یەك ڕۆژی تەواوی لە پاریس خایاند، تیایدا ژمارەیەك لە کەسانی دەستبژێر لە زانایان و بیرمەندان و مامۆستایانی مزگەوت و خوشکانی ڕێنماکار لە سەرتاسەری ئەوروپا و دەرەوەی تیایدا بەشدار بوون.

کۆڕبەند لە کارەکانیدا تاوتوێی میتۆدی ئیسلامی و مەشخەڵی گوتاری ئیسلامی کرد لە هەڵسوکەوت لە کاتی بێڕێزی بە باوەڕ و پیرۆزییەکان، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەو پرسانە لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە شەرعییەکان و داخوازییەکانی واقیعی ئەمڕۆ، کۆڕبەند بەهەمانشێوە باسی لە هاوسەنگی کرد لە نێوان پیادەکردنی ئازادی ڕادەربڕین و نێوان ڕێزگرتن لە پیرۆز بە سنوری دیاریکراو و بە دیسپلینەکانیەوە، هاوکات دەرهێنانی پوختەیەك لە ڕێساکانی سوننەتی پێغەمبەرﷺ لە فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ بێڕێزییەکان، دواتر بە ویستی خوای گەورە تەواوی بابەتە زانستییەکان کە لە کۆڕبەندەکە خرانەڕوو بە شێوەی تێروتەسەل بڵاودەکەینەوە.

کۆڕبەند لە کۆتایی کارەکانیدا ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەی دەرکرد:

١- واقیعی مرۆڤەکان لە ڕووی فرەجۆری و فرە مەشرەبیان لە ئاین و هزر و

ڕاوبۆچوونەکان، هەروەها ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی بەیەکگەیشتن لە سەرتاسەری جیهاندا، هاوکات ئەو هەموو ئاڵەنگاریيانە کە لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا لە زیادبووندان، هەموو ئەمانە ئەوەمان لێدەخوازن گرنگی بدرێ بە ڕاگرەکانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بە لێکحاڵیبوون لەیەکتر و ڕێگری بکرێ لە هەموو شێوەکانی تووڕەکردن و هاندان و بڵاوکردنەوەی ئاژاوەو پشێوی و رقلێبوونەوەو کینەبازی، هەروەها لە ئەنجامدانی دەستدرێژییەکان بۆسەر یەکتر.

٢- بەڵگەنەویستە کە ئازادی ڕادەربڕین لە ئیسلامدا پرەنسیپێکی ڕێزلێگیراو و پارێزراوە، هەروەك قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکو بێگەرد و ژیننامەی کرداریی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەیان پێداوە، ئەقڵگیریش نییە ئەو ئازادییە لە دەرەوەی بەرپرسێتی و ڕەوشتە گشتییەکان پیادە بکرێ، یان بەجۆرێ بێت کە زیان و ئازار بە تاك و بە کۆمەڵگا مرۆییەکان بگەیەنێت.

٣- گومانی تێدا نییە ئەو بێڕێزییەی بەرانبەر بە ئاینەکان و باوەڕەکان دەکرێ، لەنێویشیاندا سوکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی ئیسلام، یان هەوڵدان بۆ بێڕێزیکردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ، چەند ڕەفتارێکی ناشیرین و قێزەونن و زیان و ئازارگەیاندنە بە کۆمەڵگاکان، ئەوە دەستدرێژییەکی بێ پەردەیە لەسەر بەها هاوبەشەکان، ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی مرۆیی لەکەدار و ناشیرین دەکات.

٤- پێویستە هەڵسوکەوتی موسڵمانان بەرانبەر بەو بێڕێزیيانە کە دەرهەق بە پیرۆزییە ئیسلامییەکان دەکرێ بخرێتە ژێر میتۆدی شەرعییەوە، لەسەر تێگەیشتن لە دەقە بەشییەکان بەرپا ببێت کە لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە هەمووەکییەکانەوە وەرگیراون، هاوکات وتووێژ و مشتومڕ بە باشترین و چاکترین شێوە ئەنجامبدرێ، نابێت بە خراپە ڕووبەڕووی خراپە ببینەوە، لە ڕێگای بەڵگەی سەلمێنەرەوە کار بکرێ لەسەر ڕاستکردنەوەی وێنەو تێگەیشتنە هەڵەکان، هەروەها بە ناساندنی پەیامی بەرز و باڵای ئیسلام بەوەی کە بەزەییە بۆ جیهانیان.

٥- نەشارەزایی بە زانستی شەرعیی ئیسلامی، هەروەها بە خوێندنەوەی دەقەکان لە دەرەوەی میانەو هۆکارەکانەوە، بە بڵاوبوونەوەی خراپ تێگەیشتن یان دەرهێنانی دەقی پچڕپچڕ لە کتێبە کەلەپورییەکان بەشێوەیەك کە مانا تێکدەدات، ئەمانە ئەو شتانەن کە هەندێ لە تاکەکان دەبات بەرەو خراپ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی مەسەلە شەرعییەکان، ئەمەش لە هزر و لە پیادەکردندا ڕەنگدەداتەوە کە سەرئەنجام سەردەکێشێ بۆ ئەو هەڵانە کە دژ و پێچەوانەن لەگەڵ ڕێنماییەکان و مەبەستەکانی ئیسلامدا، هاوکات هیچ مەبەستێکی شەرعیش دەستەبەر ناکەن.

٦- مەعلومە کە ئیمامەکان و وتاربێژان و بانگخواز و پەروەرشکاران بەرپرسن کە دەبێت هەوڵی زیاتر بدەن، باسی چەمکە ئیسلامییە گشتییەکان وەك چەمکی دیالۆگ و ڕاجیاوازی و فرەیی و تێکۆشان و پێکەوەژیان بکەن، ئەوەش لە چوارچێوەی دیدێکی بنەمادۆزی گشتگیردا کە لەسەر باش تێگەیشتن لە دەقەکان بەرپا دەبێت، هەروەها بە هەندگرتنی مەبەستە شەرعییەکان و بارودۆخی واقیعی، ئەوەش بەجۆرێ بێت کە میانڕەویی و مامناوەندیی لە تێگەیشتن لە ئاین و لە پراکتیزەکردنی مسۆگەر بکات، هەروەها تەرخانکردنی کات بۆ بەیەکگەیشتن لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگا و نێوان هەمووی مرۆڤایەتیدا.

٧- بەڕاستی لە ئەمڕۆدا بووەتە ئەرکێکی زۆر زەروری کە موسڵمانان هەستن بە دەرخستنی ژیان و سوننەتی پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ، هەروەها بە زەقکردنەوەی سیفەتەکانی لێبوردەیی و لێخۆشبوون و لەسەرخۆیی و دادگەریی و ویژدان و وەفاداری بە بەڵێن تیایدا و بە بەزەییەکەی بۆ جیهانیان.

٨- پێویستە پەرەبدرێ بە هەوڵەکانی ناساندنی ئیسلام لە ناوەڕۆك و شێواز و هۆکارەکانیدا، هەوڵبدرێ بە وتاری بەهێز و ڕاست و دروست بگەیەنرێتە تەواوی جەماوەر لە ئەوروپا، دەتوانرێ لەم هەوڵەشدا سود لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە نوێیەکان وەربگیرێ، هاوکات دەکرێ لە ڕێگای کاری زانستی و ڕۆشنبیری

و هونەرییەوە پەرەبدرێ بەو هەولانە کە لەوبارەیەوە بە خەرج دەدرێن.

٩- پێویستە ئیمامەکان و پەروەرشکار و ڕێنماکاران دەستپێشخەربن لە گرێدانی کۆبوونەوە پسپۆڕیەکاندا، هەروەها لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر هەر شتێك کە یارمەتیدەرە لەسەر قایمکردنی موسڵمانان و پاراستنیان لە هەڵخلیسکان، یان کەوتنەناو چڕنوکی توندڕەوی یان توندوتیژیەوە.

١٠- پێویستە پەرە بە تواناکانی میکانیزمە یاساییەکان بدرێ لەسەر هەڵسوکەوت بەرانبەر بە دیاردەکانی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان و تورەکردنی مرۆڤەکان لە باوەڕیاندا، هەروەها بڵاوەکردنی ڕق و کینەو زیانگەیاندن بە ئاشتی کۆمەلایەتی و لەتکردنی یەکڕیزی کۆمەڵگاکان.

درود و سەلام لەسەر گەورە و خۆشەویستمان موحەممەد

وە لەسەر خانەوادەو هەموو هاوەلانی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## دەقی ڕاگەیەنراوی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان

## هۆشداری دەدات بە سەرئەنجامە خراپەکانی درێژەدان بە بێڕێزی کردن بە پێغەمبەری ڕێزدار موحەممەد ﷺ و بە ئاینی و بە ئوممەتەکەی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درود و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا، لەسەر ماڵبات و هاوەڵانی و هەموو ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەون و خۆشیاندەوێ، پاشان:

بەڕاستی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان، هەستدەکات کە سەرشۆڕی و ڕیسوایی نێو چاوانی هەمووی جیهانەوە گرتووەتەوە لە پای ئەو حاڵەتی بێدنگییە بێ پاساوەی، کە لەبەردەم شەپۆلێکی دەرنەکەوتن و دەرکەوتن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر، لە سوکایەتیکردن بە ئاینە ئاسمانییە خواییەکان و بە پێغەمبەرانی خوای گەورە دەکرێ (درود و سەلام

لەسەر هەموویان)، کەچی پاشتر بانگەشەکان خۆیان دەخەنەوەڕوو و باس لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا هەندێك لەوانەی ئەو بانگەشانە دەکەن قوبوڵیان نییە بێڕێزی بەرانبەر بە خودی کەسێتی خۆیان بکرێ، بە هەزاران یاسا لەم جیهاندا هەن کە بێڕێزیکردن بە کەسایەتییەکان و دەستەو لایەنە جۆراو جۆرەکان تاوانبار دەکەن، بەڵام ئەو جیهانە دەستەوسانە لەبەردەم بێڕێزی بە ئاینی خوای باڵادەست و بە پەڕاوە پیرۆزەکان و بە پێغەمبەرە ڕێزدارەکانی.

یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان، لە بەرانبەر ڕوودان و دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەنانەدا کە بێڕێزی بە پێغەمبەری ڕێزدار موحەممەد ﷺ دەکەن، جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

١- یەکێتی زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ کە ڕۆژنامەی (تشارلی ئیبدۆ) فەرەنسی-ئەو ڕۆژنامەیە کە بەتەنیشتیەوە وستاین لە دژی ئەوانەی بە توندوتیژی و بە گوللە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد- سەرلەنوێ هەستا بە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە کە بێڕێزی دەکەن دەرهەق بە کەسایەتی پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ، ئوممەتە گەورەکەی لە سەرتاسەری جیهاندا تورە دەکات. هەروەها هۆشداری دەدەین لە سەرئەنجامە خراپەکانی درێژەدان بە سوکایەتیکردن بە ئیسلام و بە قورئان و بە پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی ڕوودانی توندوتیژی و ململانێی خراپ، هەرگیز کەسی ژیرمەندیش قوبوڵی نییە لە ژێر ناوی ئازادی ڕادەربڕیندا فیتنە هەڵبگیرسێ!

٢- یەکێتی داوا لە ئوممەتی ئیسلامی دەکات خۆپیشاندانی ئاشتییانە و یاسایی ڕێکبخات تا ناڕەزایەتی جەماوەری جیهانی دژ بەو بێڕێزییە بەرانبەر بە پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ تۆمار بکات، یان بێڕێزیکردن دەرهەق بە هەر پێغەمبەرێکی تر لە پێغەمبەرانی خوای گەورە، یان دەرهەق بە هەر ئاینێکی ئاسمانی.

٣- یەکێتی داوا لە حکومەتە ئیسلامییەکان دەکات بێنە سەر خەت، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن یاسایەکی نێودەوڵەتی دەربکات کە سوکایەتیکردن بە ئاینە ئاسمانییەکان

و بە پێغەمبەرانی خوا تاوانبار بکات.

٤- یەکێتی داوا لە وتاربێژان و ئیمامەکان دەکات ڕێنمایی خەڵکی بکەن بەرەو هەق و ڕاستی بەبێ هیچ زیادەڕەوی یان نواندنی شلگیرییەك.

٥- یەکێتی سوپاسی هەر کەسێك دەکات کە پشتگیری لە هەق و ڕاستی دەکات، ئەو بێڕێزیانە ڕەتدەکاتەوە، هاوکات داوا لە جیهانی ئازاد و ویژدانە زیندووەکان دەکات هەمان ڕێگای ئەو کەسانە بگرنە بەر کە لەگەڵ هەقدان.

پ. د. عەلی قەرەداغی

پ. د. یوسف قەرەزاوی

ئەمینداری گشتی

سەرۆکی یەکێتی

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## نامەیەکی کراوە

### لە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمانەوە

### بۆ ژیرمەندان و بیرمەندان و سەرکردە و گەلانی ئەوروپا

**پاش سڵاو و ڕێز**

**حەز دەکەم ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەمە پێشچاوتان:**

* **یەکەم:** لاتان شاراوە نییە زۆرینەی هەر زۆری زانایانی موسڵمان، کە یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان و فیدراسیۆن و ڕایەڵە زانابیەکان نوێنەرایەتیان دەکەن، زۆر بەتوندی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی دژ بەو تاوانی دەستدرێژییە کە کرایە سەر ڕۆژنامەی تشارلی ئیبدۆ، هەروەها ئەو دەستدرێژییە ناشیرین و خراپانە کە دژ بە خەڵکانی سڤیل و بێتاون لە هەر لایەك ڕوودەدەن، هەروەها لەسەر پەرستگاکان، ئیتر بکەرەکەی موسڵمان بێت یان هەر کەسێکیتر بێت چوونیەکە.

چونکە ئاینە ئاسمانییەکان ئەو تاوانانەیان حەرامکردووە، بە تایبەتی ئیسلام کە کوشتنی یەك کەسی بێتاوان لای ئیسلام وەك ئەوە وایە هەمووی خەڵکی بکوژرێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾ المائدة: ٣٢.

تەنانەت تاوانی کوشتنی یەك کەسی بێتاوان لەلای خوای گەورە لە تاوانی ڕوخاندنی کەعبەی پیرۆز گەورەتر و سەختترە، ئەو دەقە شەرعییانەش کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن زۆر زۆرن.

* **دووەم:** مەعلومە کە بەهاکانی ئازادی تایبەت نین بە خۆرئاواوە، بەڵکو بەهاکان ئەو سروشتە پاکەن کە خوای گەورە خەڵکی ڕاهێناوە لەسەریان، ئیسلامیش بە پیرۆز ڕایگرتوون، قەدەغەی کردووە لە لەکەدارکردن و پێشێلکردنیان تەنانەت با لە پێناوی ئاینیشدا بێت، خوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦ ﴿فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ الکهف: ٢٩

لە ڕووی پراکتیکیشەوە ئەوا پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کاتێ حوکمی مەدینەی دەکرد، ئەو ئازادیەی بە هەموو ئەوانەدا لەسەری دەژیان، ئەوەش لە ڕێگای بەڵێننامەکەی مەدینەوە کە لە ٥٠ ماددە پێکدێت، ٢٧ ماددەیان تایبەتن بە تەواوی مافەکانی هاوڵاتیبوونەوە بۆ هەر کەسێك لە مەدینە دەژیا لە جولەکەو بێباوەڕان، قورئانی پیرۆزیش پاساوی مۆڵەتدانی بە شەڕکردن لە دژی بێباوەڕە عەرەبەکان تایبەت کردووە بە: نەهێشتنی ستەم، بە دەستەبەرکردنی دادپەروەریی و فەراهەمهێنانی ئازادی بۆ هەموو شوێنەکانی خواپەرستی، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ، ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج: ٣٩-٤٠.

لەبەرئەوە نە ڕەوایەو نە حیکمەت بەخەرجدانە بەهاکانی ئازادی بکرێنە هۆکارێك بۆ هێرشکردنە سەر ئەو پێغەمبەرە مەزنە ﷺ، ئەو کەسایەتییە کە خوای گەورە ڕەوانەی کردووە تا بەزەیی بێت بۆ جیهانیان، ئەو کەسە مەزنە کە ئازادی فێری خەڵکی کرد، هەروەها ڕەوا نییە لە ڕێگای ئەو وێنەو فیلمانەوە بێڕێزی پێبکرێ، کە هیچ مرۆڤێکی ئاسایی قوبوڵی نییە ئەو بێڕێزیە بە خودی خۆی بکرێ.

* **سێیەم:** بەڵگەنەویستە کە هەستانی چەند ڕۆژنامە و هۆکارێکی ڕاگەیاندن، بە سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی وێنە بێڕێزییەکان و فیلمە خراپەکان دژ بە پێغەمبەر ﷺ، هەروەها هێرشکردنە سەر ئیسلام و موسڵمانان، نە کارێکی ئەقڵپەسەندە و نە لۆژیکەو نە کارێکی حەکیمانەیە، چونکە ئەگەر ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە ئەو توندڕەوانە (ژمارەیەکی کەمن) و نوێنەرایەتی ئیسلام و موسڵمانان ناکەن، ئەو موسڵمانانەش کە ئەو توندڕەوانە دەیانکوژن زۆرترن لە ناموسڵمانەکان، ئیتر چۆن دەبێت وەڵامی ڕەفتاری ئەوانە بە جۆرە ڕەفتارێك بدرێتەوە کە دژ بەوان نییەو ئاراستەی ئەوان ناکرێ، بەڵکو دژ بە پێغەمبەری بەزەیی جیهانیانە، نزیکەی دوو ملیار کەسیش باوەڕیان بەو پێغەمبەرە ﷺ هەیەو زۆر زۆر خۆشیان دەوێ، ئەو موسڵمانانە کە ئامادەن لەپێناو پێغەمبەردا ﷺ گیانی خۆیان بکەنە قوربانی، کەواتە کاری لەوجۆرە نە دادپەروەرییە و نە ویژدان بەخەرجدانەو نە لۆژیکێکی ساغ و سەلیمە.

لە لایەکیتریشەوە بەدڵنیایی ئەو ڕەفتارە هەڵشانە لە چەند ڕوویەکەوە دەبنە یارمەتیدەری ئەو توندڕەوانە، لەوانەش:

أ- وەك بڵێی ئەوانە وێنای ئیسلام و پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دەکەن.

ب- ئەو متمانەو ڕاستاندنەیان دەداتێ کە خۆرئاوا یان ناموسڵمانان دژن بە ئیسلام و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ و دژن بە موسڵمانان.

ج- ئەو بێڕێزیە یارمەتیدەرە بۆ زیاتربوونی توندڕەویی و توندگیریی، هاوکات گڕژی زیاتر و سەختتر دەکات، هەروەها ڕقلێبون و کینە و بێمتمانەیی زۆرتر دەبن.

د- ئەو کارە خراپانە ڕێگا لەبەردەم هەوڵی چاکەخوازە میانڕەوەکاندا دادەخەن، چونکە خەڵکی بە گشتی بڕوایان پێناکات، بەڵکو بڕوا بەو تیرۆریستانە دەکات کە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە و فیلمە بێڕێزی و خراپانە دەقۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هزرە توندڕەوەکەیان.

* **چوارەم:** ئاشکرایە کە دەرکەوتنی هزری توندڕەویی و کافرکردن و تیرۆر هۆکاری زۆری لە پشتە، بەڵام دووانیان لە هەموویان گرنگترن کە بێگومان حکومەتە خۆرئاواییەکان ڕۆڵیان هەیە تیایاندا، ئەوانیش ئەمانەن:

- **هۆکاری یەکەم:** دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و ستەم و خەفەکردنی ئازادییەکانە، ڕۆژگارێکی پێش ئێستا کۆلۆنیالیزم خۆی و دواتریش ئەوەی کە بەدوای خۆیدا هێنای، کە دیکتاتۆریەت بووە حوکمڕانی زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامی، کەچی حکومەتە خۆرئاواییەکان خۆیان بوونە پشتگیریی ئەو دیکتاتۆریەتەو ئەو بەهایانەیان فەرامۆشکرد کە باوەڕیان پێیان هەبوو، کە ئەوانیش بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی بوون.

جا ئەگەر ئازادی لەو وڵاتانەدا ڕێگاپێدراو بوایە، ئەوا بە ئاشکرا مشتومڕ لەسەر ئەو هزرە توندڕەوانە دەکرا، یان بەلانیکەمەوە لاواز دەبوون، بەڵام ئەو هزرانە لە زیندانەکاندا دروستبوون، یەکەمین کۆمەڵی توندڕەو کە کۆمەڵی تەکفیر و هیجرە بوون لە زیندانەکانی میصردا دروستبوون.

لە لایەکیتریشەوە، ئەوا گەلانی عەرەبی کاتێك لە تونس و میصر و یەمەن و لیبیا و سوریا ڕاپەڕین لە دژی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و ستەم و هەژاریی و نەفامی و دواکەوتن، گیانی خۆیان کردە قوربانی ئەو ئازادییە، خێرا ئەو شۆڕشانە لەبەرچاو و گوێی جیهاندا لەباربران، ئەوەش بە پارەدان و بە خەرج و سامانی ئەو دەوڵەتانە کە لەسەر خۆرئاوا حیساب دەکرێن، سیاسەتیان گونجاوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی حکومەتە خۆرئاواییەکاندا، جیهانی ئیسلامیش ئەوەی چاوەڕێ دەکرد کە جیهانی خۆرئاوا -جیهانی دیموکراسی و بەهاکانی ئازادی- ڕاپەڕێ لە پێناو ئەو بەهایانەدا و بوەستێ

لەپاڵیاندا و پشتگیریان لێبکات، هەروەك لە هەندێ لە دەوڵەتانی غەیری جیهانی ئیسلامی عەسکەرتاریەت کودەتای بەسەر شەرعیەتدا کرد، بەڵام دواجار ئەمەریکاو دەوڵەتانی تریان ناچارکرد هەستن بە گێڕانەوەی حکومەتە شەرعییەکان بۆ سەر دەستەڵات.

ئێمە بینیمان (قاعیدە) لەدوای ئەوە دەرکەوت کە سوپا لە جەزائیر هەستا بە لەناوبردنی ئەو ئەزموونی دیموکراسییە کە بەرەی رزگاریخوازی ئیسلامی تیایدا سەرکەوت و بردیەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەگەر ئەو ئەزموونە دیموکراسیە لە جیهانی ئیسلامیدا سەرکەوتوو بوایە ئەوا قاعیدە جێگای نەدەبوویەوە.

عیراقیش بەهەمانشێوە تا ئەو کاتە کە ئەمەریکا داگیری کرد خاڵی بوو لە تیرۆریستان، دواتر (قاعیدە) دەرکەوت، پاشان بە فەزڵی هێزی هۆزە سونییەکانەوە لاواز بوو تا لە ئەنبار دەرکران، بەڵام لە سایەی سیاسەتی تایفەگەری پشت ئەستور بە دەرەوەی عیراق، جارێکیتر داعشێکی بەهێز دەرکەوت و دەستیگرت بەسەر زۆربەی ناوچە سوننە عەرەب نشینەکان لە موصڵەوە تا ئەنبار.

مەبەستم بەم ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە: سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەر و تەماعباز، هەروەها تیرۆری دەوڵەت و توندوتیژیەکەی ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە دەرکەوتنی ئەو گروپە توندڕەوانەدا.

- **هۆکاری دووەم:** کێشەی فەلەستین کە لە هەموو ئاینەکان و یاساو عورفە نێودەوڵەتیەکاندا کێشەیەکی ڕەوایە، فەلەستین کێشەی داگیرکردنە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی زایۆنیزم لە خاکی داگیرکراودا دژی ئاینەکان و یاساکان ڕێدەکات، هەڵدەستێ بە دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوون و بە دانانی دیواری جیاکەرەوەی ڕەگەزپەرستی، هەروەها دەستدرێژیکردنە سەر مزگەوتی ئەقصا، ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە غەززەدا.

هەموو ئەم تاوانانە بە ڤیتۆیەکی ئەمەریکی و بە بێدەنگبوونی خۆرئاوا بەفشار نەخستنە سەر حکومەتە ئیسرائیلیەکان تێدەپەڕن.

بێگومان تاوانەکانی داگیرکەری زایۆنی بە کاولکردنی خانووەکان، بە کوشتنی بێتاوانان، بە دەستدرێژی بۆ سەر پیرۆزییە ئیسلامی و مەسیحییەکان، دەبێتە هۆی ڕوودانی پەرچەکرداری تەریب بەوەی ئەوان لە لایەن موسڵمانانەوە -بە تایبەتی لەلایەن گەنجەکانەوە-.

* **پێنجەم:** ئاشکرایە کە جیهانی ئەمڕۆ بووەتە یەك گوند، ئاسایشی یەکە، ئاوەدانی یەکە، پێچەوانەکەشی بەهەمانشێوەیە.

لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی ژیرمەندانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتە، ئەرکی بیرمەندان و سەرکردەکانیانە بە بیرکردنەوەیەکی هاوبەش کە بەرژەوەندی هەمووانی تێدا بێت بیربکەنەوە، ئەوەش لە ڕێگای کۆششکردن بە هەموو هۆکارەکان تا گەشەپێدانێکی گشتگیر و دادگەرییەکی کامڵ لە هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەستەبەر ببێت.

ئەم ئامانجەش لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەو سیمینار و کۆڕبەند و وۆرك شۆپەوە لە نێوان بیرمەندانی خۆرئاواو بیرمەندانی ئیسلامییەوە جێبەجێ دەبێت، تا بگەنە بەڵێننامەیەکی شەرف بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

خوای گەورە بۆی باسکردووین کە هەموو خێرو بێرەکانی زەوی بۆ هەمووی مرۆڤایەتین، ڕەوا نییەو ناکرێ تاکە گەلێك جیا لە گەلانیتر، یان ئوممەتێك جیا لە ئوممەتانی تر دەستبگرێ بەسەریدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ﴾ الرحمن: ١٠.

* **دواجار:** ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە چارەسەرە ئاسایشی و سیاسییەکان و پیلانگێڕی سودێکیان نییە، کەواتە چارەسەری ڕاستەقینە بریتییە لە وتوویژ و دیالۆگی ڕاستگۆیانەی هێمن و لەسەرخۆ و ئامانجدار و ڕوون، پاشانیش پراکتیزەو جێبەجێکردنی بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە، جا لەبەر گرنگێتی دیالۆگ ئەوا ئیسلام کردوویەتە فەرز بەسەر موسڵمانانەوە کە وتوویژ و دیالۆگ بە باشترینی شێوازەکان لەگەڵ ئەوانیتردا

ئەنجامبدەن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ النحل: ١٢٥.
تەنانەت قورئانی پیرۆز داوا لە پێغەمبەری ڕێزدار ﷺ دەكات دیالۆگ لەگەڵ هەر كەسێكدا بكات كە عەوداڵی حەقیقەتە، ئیتر ئاینی هەرچییەك بێ، ئەوەش بە شێوازێكی زۆر جوان و زەوقبەخش كە كەسی ڕاجیاواز و ناكۆك تۆمەتبار نەكات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ سبأ: ٢٤. لێرەدا داوا لە كەسی ڕاجیاواز و ناكۆك دەكات بێتەناو دیالۆگ، تا بگاتە ئەو هەق و ڕاستییە كە دەگونجێ لەگەڵ ئەودا بێت، قورئانی پیرۆز داكۆكی لە كەسی ڕاجیاواز دەكات كە دیالۆگ بكات، لەبەرئەوە دەفەرموێ: ﴿قُل لَّا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّآ أَجۡرَمۡنَا وَلَا نُسۡـَٔلُ عَمَّا تَعۡمَلُونَ﴾ سبأ: ٢٥. هاتووە خۆی بەوە وەسفكردووە كە ئەگەری تاوانباریی بدرێتە پاڵی، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا چوونەناو دیالۆگ لەسەر بەرانبەر سوك بكات.

كەواتە ئێمە دیالۆگێكی بێ مەرج و بێ تۆمەتباركردنمان دەوێ، دیالۆگێكمان دەوێ بۆ گەیشتن بێت بە پێكەوەژیان، ئەوەش بۆ هەمووان لەسەر بنەمای هەق و دادگەری بێت.

* لە كۆتاییدا: ئەم دەستەواژەیەتان ئاراستە دەكەم كە خوای گەورە ئاراستەی هەمووانی كردووە، دەفەرموێ: ﴿تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ﴾ آل عمران: ٦٤. مەبەستی بەم دەستەواژەیە بانگكردنی هەموو خەڵكییە تا خاوەنی ڕۆح و ڕەوشتێكی باڵابن، ڕۆح و ڕەوشتێك كە هەر جۆرە كینەو ڕقێك و هەر شتێكیتریش كە ئازار بەوانیتر دەگەیەنێ تێپەڕێنێ و پشتگوێی بخات، ئێمەش بانگهێشتتان دەكەین بۆ یەك دەستەواژەی هاوبەشی نێوانمان كە هەمووان كۆدەكاتەوە، ئەویش بریتییە لە پرەنسیپە نەگۆڕەكانی سروشتی پاكی مرۆیی و بەها باڵاكان كە لە هەموو ئاینەكاندا جێگیرن و بە هەندگیراون. ﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ﴾ هود: ٨٨.

خوای گەورە یارمەتیدەر بێت.

# بەشی نۆیەم
# ڕۆڵی کۆڕە فیقهییەکان و زانایان لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر دا

## ئەم باسانە لەخۆ دەگرێ:
## - یەکەم: ڕۆڵی بنەمادۆزیی و تیۆریزە و قەناعەتپێکردن بە دیالۆگی هێمن و لەسەرخۆ و ئامانجدار.
## - دووەم: شیکاری بڕیار و واتاکانی کۆڕە فیقهییەکان، هەروەها بەیاننامەی کۆنگرەکان

### دەستپێك

بەدڵنیاییی کە کۆڕە فیقهییەکان، دەتوانن بۆ بەرپەرچدانەوەی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر هەستن بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك ڕۆڵی گرنگ، ئەوەش لە چەند بوارێکی گرنگدا، گرنگترینیان ئەمانەن:

* بواری یەکەم: ڕۆڵی بنەمادۆزیی و تیۆریزە و قەناعەتپێکردن بە دیالۆگی هێمن و لەسەرخۆ و ئامانجدار.

* بواری دووەم: شیکاری بڕیار و واتاکانی کۆڕە فیقهییەکان، هەروەها بەیاننامەی کۆنگرەکانیان.

ئەم بوارە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

١- بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی، کە لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دەربارەی ئەم پرسانەی خوارەوە دەرچووە:

- مافی مرۆڤ و توندوتیژیی نێودەوڵەتی.
- هەڵوێستی ئیسلام لەسەر زیادەڕەوی و توندڕەوی و تیرۆر.

- مەشخەڵی گەڕانەوە بۆ ڕێبازی ژیاریی لە ئیسلامدا.
- دیاردەی ترساندن لە ئیسلامدا: ئاڵەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەکان.

٢- بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامی کە سەربە رابیتەی جیهانی ئیسلامی و کۆنگرەکانیەتی، لەوانەش:

- ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆز کە لە خولی شازدەیەمی کۆڕدا لە ساڵی ١٤٢٢ك/٢٠٠٢ز دەرچووە.

- ڕاگەیەنراوی کۆتایی کە لە کۆنگرەی ئیسلامییەوە دەرچووە: (ئیسلام و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) کە رابیتەی جیهانی ئیسلامی لە ساڵی (١٤٣٦ك/٢٠١٥ز) ڕێکیخستووە.

## بواری یەکەم
## ڕۆڵی بنەمادۆزیی و تیۆریزە و قەناعەتپێکردن
## بە دیالۆگی هێمن و لەسەرخۆ و ئامانجدار

ئاشکرایە ئەو هزرە توندڕەوانە کە لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوەو خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام، ئیدیعاش دەکەن کە پراکتیزەی ئیسلام دەکەن، دەڵێن گوایا مەرجەعیەتیان قورئان و سوننەتە، ڕێبازیان ڕێبازی سەلەفیەتە.

ئەوا بونیادی سەرەکیان بە گوتەی خۆیان پشت دەبەستێ بە قورئان و سوننەت و بە ڕێبازی سەلەفیەت، جا ئەگەر کۆڕە فیقهییەکان توانیان بیسەلمێنن کە تێگەیشتنی ئەو توندڕەوانە تێگەیشتنێکی ناڕاستە، بونیات نەنراوە لەسەر بنەماو ڕێساو پرەنسیپە سەرەکییەکانی تێگەیشتنی ڕاست و دروست، هەروەها لەسەر ئوسوڵی فیقە و مەسەلە نەگۆڕەکانی کە لە ڕێگای بنەماکانەوە جێگیر بووە، هاوکات ڕێبازەکەیان دوورە بەڵکو دژە بە ڕێبازی سەلەفی چاکەخواز، ئەوا ڕێساو پایەی خانووەکەیان دادەڕوخێ و دیوارەکان شەق دەبەن و سەربانەکە بە تەواوەتی دەکەوێت بەسەریاندا.

لە ڕاستیدا یەکێك لە ڕێسا گومانبڕەکان وپرەنسیپە نەگۆڕەکان و ئەزموونە ڕابردووەکان پێمان دەڵێن کە: (ئاسن بە ئاسن نەبێت ناکرێتەوەو هەڵناوەشێ)، هزری لادەریش بەهەمانشێوە بە هزرێکی ڕۆشن و ڕووناککەرەوەو ساغ و سەلیم نەبێت بەرپەرچ نادرێتەوە، ڕێبازی داکشاو هەڵکشاویش بە ڕێبازی میانڕەویی باڵا نەبێت لاناچێت، باوەڕی ساختە یان توندڕەو بە باوەڕی ڕاست و دروست نەبێت هەڵناوەشێ، توندگیریی و سەختگیریی و زبری بە نەرمونیانی و بە بەزەیی و بە دڵنەرمی نەبێت نارەوێتەوە، گومڕاییش بە ڕێنمایی و دیالۆگ و ڕاستکردنەوەی چەمکەکان و بە حوکمی ئەقڵپەسەند نەبێت لاناچێت.

بە ڕیوایەتی ڕاست هاتووە کە ئیبن عەبباس ﷺ وتوویەتی: (کاتێك خەواریجەکان لە حەروریە یاخیبوون، لەماڵێکدا کۆبوونەوە کە ژمارەیان شەش هەزار کەس بوو، من سەردانی پێشەوا عەلیم کردو پێموت: ئەی پێشەوای باوەڕداران بەڵکو دوای نوێژی نیوەڕۆ بچمە لای ئەو قەومەو بیاندوێنم. عەلی وتی: من دەترسم شتێکت بەسەر بێت، وتم: نەخێر، ئیبن عەبباس وتی: ڕۆیشتم تا بچمە لایان، بە باشترین و جوانترین پۆشاکی یەمەن خۆم ڕازاندەوە -ئەبو زەمیل وتی: ئیبن عەبباس کەسێکی جوان و بەرچاو و پێکەوتەو دەنگ بڵند بوو.

ئیبن عەبباس وتی: هاتمە لایان لە کاتێکدا کە لە ماڵێکدا خەریکی قسەوباس بوون، سڵاوم لێکردن، ئەوانیش وتیان: ئەی ئیبن عەبباس بەخێر بێیت، ئەم خۆڕازاندنەوەیە چییە؟ وتی: وتم: ئایا دەیکەنە عەیبە و ڕەخنە لەسەرم! من پێغەمبەری خوام ﷺ بینیوە کە جوانترین پۆشاکی لەبەردا بووە، ئەوکات ئایەتی: ﴿ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ ﴾ الأعراف: ٣٢ دابەزی. وتیان: چی تۆی هێنایە ئێرە؟ وتم: من لەلایەن هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە کۆچکەران و پشتیوانانەوە هاتووم، تا ئاگادارتان بکەم بەوەی کە ئەوان دەیڵێن و ئەوەیش کە هەواڵدەران دەیڵێن، چونکە قورئان بۆ سەر ئەوان دابەزیوەو ئەوان لە ئێوە شارەزاترن بە وەحی، وەحی لەناو ئەواندا

هاتووتەخوارەوە، لەناو ئێوەدا کەسێك لەوانیان تێدا نییە. هەندێکیان وتیان: مەکەونە دەمەقاڵە لەگەڵ قورەیشدا چونکە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ﴾ الزخرف: ٥٨. ئیبن عەبباس وتی: هاتمە لای قەومێك هەرگیز کەسێکم نەبینیوە لەوان زەحمەتکێش تر بێت لە پەرستشدا، لە شەونەخەوتندا ڕوخساریان مات و خەواڵو بوو، وەك بڵێی دەستەکان و ئەژنۆیان شایەتیان بۆ دەدان، ئەوکات ئەوانەی حازر بوون ڕۆیشتن، یەکێك لەوان وتی: با بیدوێنین و بزانین چیدەڵێ.

وتم: ئادەی پێمبڵێن، ئایا چ ڕەخنەیەکتان لە ئامۆزا و زاواکەی پێغەمبەر ﷺ و لەسەر کۆچکەران و پشتیوانان هەیە؟ وتیان: سێ شت! وتم: ئەوانە چین؟ وتیان: یەکێکیان ئەوەیە ئەو هاتووە لە فەرمانی خوادا کەسانێکی کردووەتە حەکەم و ناوبژیوان، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ﴾ الأنعام: ٥٧. دەی کەسانێك لەکوێ و حوکمی خوا لەکوێ؟ وتم: ئەمە یەك. وتیان: یەکێکیتریش ئەوەیە ئەو کەسێك بوو شەڕیکرد بەڵام نە ژنانی بە دیلگرت و نە دەستکەوتی جەنگی دەستخست، جا ئەگەر ئەوانەی ئەو لە دژیان جەنگاوە بێباوەڕ بووبن ئەوا ژنان و دەستکەوتی جەنگیان بۆی حەڵاڵ بوو، ئەگەریش باوەڕدار بوون ئەوا شەڕکردن لە دژیان چۆن حەڵاڵە؟! وتم: ئەمە دووان، ئەی سێیەمیان کامەیە؟ وتی: ئەو خۆی لە پێشەوای باوەڕداران سڕیوەتەوە، ئەو پێشەوای بێباوەڕانە. وتم: ئایا جگە لەم سیيانە شتێکیترتان هەیە؟ وتیان: هەر ئەمانە.

منیش پێموتن: ئایا ئەگەر لە پەڕاوەکەی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ شتانێکتان بۆ بخوێنمەوە کە وەڵامی ئەو وتانەتان بێت ڕازی دەبن؟ وتیان: بەڵێ.

ئینجا وتم: ئەو گوتەیەتان کە (کەسانێکی کردووەتە ناوبژیوان بەسەر فەرمانی خواوە، دەی من لە پەڕاوەکەی خوای گەورە بۆتان دەخوێنمەوە کە حوکمی خۆی لە ڕاوکردنی کەروێشکێك و هاوشێوەی لە ڕاودا کە نرخی چارەکە درهەمێکە داوەتە دەست ناوبژیوان، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾ المائدة: ٩٥. دەی

بۆ خوا پێتان دەڵێم ئایا حوکمی ناوبژیوانی لە کەروێشك و هاوشێوەی لە ڕاودا لەپێشترە یان حوکمی ناوبژیوانیان لە خوێنەکان و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا؟ ئەوەش بزانن کە ئەگەر خوای گەورە بیویستایە زاتی خۆی حوکمی یەکلادەکردەوەو نەیدەدایە دەست کەسانی ناوبژیوان، لە مەسەلەی ناکۆکی نێوان ژن و مێردێشدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ ﴾ النساء: ٣٥. کەواتە خوای گەورە حوکم و ناوبژیوانی کەسەکانی کردووەتە ڕێگاچارەیەکی سەلامەت، ئایا لەمە بچمە دەرەوە؟ وتیان: بەڵێ.

ئیبن عەبباس وتی: بۆ ئەو گوتەیەتان کە: (شەڕیکردووە بەڵام نە ژنانی بە دیل گرتووەو نە دەستکەوتی جەنگی بردووە)، ئایا عائیشەی دایکتان دەکەنە دیل و کەنیزەکی جەنگی و پاشان ئەوەی لە ئافرەتانی ترەوە بۆتان حەڵاڵە لەویشدا حەڵاڵی دەکەن، ئەگەر ئەوەتان بکردایە ئەوا پێی کافر دەبوون لە کاتێکدا ئەو دایکتانە، ئەگەریش دەڵێن دایکمان نییە ئەوا کوفرتان کردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ٱلنَّبِىُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ۗ ﴾ الأحزاب: ٠٦. کەواتە ئێوە لە نێوان دوو گومڕاییدا دەسوڕێنەوە ئەگەر هەرکامیان بگرنەبەر ئەوا گومڕا دەبن، هەندێکیان سەیری هەندێکیتریان کرد، منیش وتم: ئایا لەمەش بچمە دەرەوە؟ وتیان: بەڵێ.

ئەو گوتەیەشتان کە: (ناوی پێشەوای باوەڕداران سڕدراوەتەوە لێی)، دەی من ئەو بەڵگانە دەهێنم بۆتان کە خۆتان ڕازین پێیان ئەوکات بتانبینم، بەدڵنیایی ئێوە بیستووتانە کە پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی حودەیبیە نامەی گۆڕیوەتەوە لەگەڵ سوهەیل کوڕی عەمرو و ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب، پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەلی پێشەوای باوەڕدارانی فەرموو: ((**أكتب يا علي: هذا ما أصطلح عليه محمد رسول الله**)) (عەلی بنوسە: ئەمە ئەو ڕێکەوتننامەیەیە کە موحەممەدی پێغەمبەرای خوا لەسەری ڕێکەوتووە)، هاوەڵەکەران وتیان: نەخێر بەخوا ئێمە وانازانین تۆ پێغەمبەری خوا بیت، ئەگەر بزانین کە تۆ پێغەمبەری خوایت ئەوا نەدەجەنگاین لەدژت! ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((**اللّهم إنك تعلم**

**أني رسول الله، أكتب يا علي: هذا ما أصطلح عليه محمد بن عبد الله))** واتە: (ئەی خوای گەورە تۆ خۆت دەزانی من پێغەمبەری خوام، ئەی عەلی بنوسە: ئەمە ئەو ڕێکەوتننامەیەیە کە موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا ڕێکەوتووە لەسەری). سوێند بە خوا پێغەمبەری خوا لە عەلی چاکترە، کاتێکیش ئەو ناوەی لە خۆی سڕیەوە لە پێغەمبەرێتی دەرنەچوو.

عەبدوڵڵا ی کوڕی عەبباس وتی: دوو هەزاریان پەشیمان بوونەوەو ئەوانیتریان بە گومڕایی خۆیانەوە کوژران)[1].

هەروەها سەلمێنراوە کاتێك خەواریجەکان بەهۆی پەسەندکردنی دوو ناوبژیوانە کە لەلایەن پێشەوامان عەلییەوە لە جەنگی صەفەین لێی یاخیبوون، هەروەها بەو هۆیەوە کە وترا عەلی کوڕی ئەبو تالیب و نەوترا پێشەوای باوەڕداران، وە وتیان: ئەو کراسەت لە خۆت داماڵی کە خوای گەورە کردبووی بەبەرتدا، لە ناوێکیش کە خوا ناوی لێنابوویت....، عەلی فەرمانیدا جاڕدەرێ جاڕبدات: با جگە لە کەسێك کە قورئان لە سنگ بێت کەسیتر نەچێتە لای پێشەوای باوەڕداران، کاتێك کە ماڵەکە پڕبوو لە خەڵکانی قورئانخوێن داوای

(١) عەبدوڕەزاق لە (المصنف) (١٥٠/١٠) -لە ژێر ژمارەی (١٨٦٧٨) دەریهێناوە، هەروەها نەسائی لە (السنن الكبرى) -بەشی الخصائص، بەندی باسی دیبەتی عەبدوڵڵا ی کوڕی عەبباس و حەرورییەکان، ناڕازیبوونی لەوەی بڕیاری پێشەوای باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تالیبیان ڕەتکردەوە، (٤٧٩/٧)، فەرموودەی ژمارە (٨٥٢٢)، تەبەرانی (٢٥٧/١٠)، فەرموودەی ژمارە (١٠٥٩٨)، حاكم لە المستدرك (٤٩٤/٢) فەرموودەی ژمارە (٢٧٠٣)، وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية) دا (٣١٩/١)، بەیهەقی (١٧٩/٨)، پارچەیەکی لێ دەرهێناوە (چیرۆکی حودەیبییە): ئەحمەد لە (المسند) (الرساله (٢٦٢/٥)، لە ژێر ژمارە (٣١٨٧). حاكم فەرموودەکەی پشتڕاست کردووەتەوە، وتوویەتی: (بە مەرجی موسلیم ڕاستە بەڵام دەریاننەهێناوە، زەهەبی لە (التخليص) دا وتوویەتی: (لەسەر مەرجی موسلیم)). لێکۆڵەرانی موسنەدی ئەحمەد وتوویانە سنەدەکەی باشە.

دوو **تێبینی: یەکەم:** ڕیوایەتەکەی تەبەرانی لە دوو ڕێگاوەیە. یەکێکیان: لە عەبدوڕەزاقەوە، ئەویتریان : لە موسا کوڕی مەسعودەوە. ڕیوایەتەکەی ئەبو نوعەیم لە ڕێگای عەبدوڕەزاقەوەیە، ڕیوایەتی بەیهەقیش لە ڕێگای حاکمەوەیە، ئەویش لە ڕێگای عومەر کوڕی یونسەوەیە، ڕیوایەتی ئەحمەد و نەسائی لە ئیبن مەهدییەوەیە، هەرهەمووشیان لە ڕێگای عەکرەمەی کوڕی عەممارەوەیە. **دووەم:** لە کۆتایی ڕیوایەتەکەی عەبدوڕەزاق دا هاتووە کە: (فرجع منهم عشرون ألفاً، وبقي منهم أربعة آلاف فقتلوا)، ئەوەش لە ڕێگای ئیسحاق دوبرییەوە بووە، هەروەك لە ڕیوایەتەکەی تەبەرانی، ئەبو نوعەیم دا هاتووە، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ڕیوایەتەکەی حاکم کە تیایدا هاتووە: (فرجع من القوم ألفان وقتل سائرهم على ضلالة)، لە سەرەتاکەیەوە هاتووە: (وهم ستة آلاف)، ئەو بۆچوونەی لای حاکمە لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە ڕیوایەتەکەی عەبدوڕەزاق لە ڕێگای دوبرییەوە بووە، لە ڕیوایەتەکەی لە عەبدوڕەزاق دا گومانی لەسەرە، موسا کوڕی مەسعودیش ڕاستگۆیە بەڵام لەبەرکردنی خراپە، وادەردەکەوێ کە تەبەرانی بە ڕیوایەتەکەی عەبدوڕەزاق هێناویەتی.

قورئانی پێشەوایەکی مەزنی کرد و خستییە نێوان دەستەکانی، بەدەستەکانی دایەوە بەیەکدا و دەیوت: (ئەی قورئانەکە بە خەڵکی بڵێ...!) پاشان وتی: (ئەوانەی کە لێمان دەرچوون بانگهێشتیان دەکەم کە قورئان ناوبژیوانی نێوان من و ئەوان بێت، چونکە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا دەربارەی هاوسەری پیاوێکەوە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَـٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴾ النساء: ٣٥. چونکە خوێنی ئوممەتی موحەممەد ﷺ لە خوێنی ژن و پیاوێك مەزنترە، ئەوان لەوە تورن لێم و ڕەخنەیان لێگرتم کە نامەم لەگەڵ موعاویەدا گۆڕیوەتەوە، کە نوسیومە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب، ئێمەش کاتی خۆی سوهەیل کوڕی عەمرو هاتەلامان و ئێمە لە حودەیبییە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین کاتێك ئاشتەوایی لەگەڵ قوڕەیشی قەومیدا کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ لەفزی (پێغەمبەری خوا) ی سڕییەوە و نوسی (موحەممەد کوڕی عەبدوللە))[1].

*** لە وتووێژەکەی نێوان پێشەوا عەلی و ئیبن عەبباسدا (خوا لێیان ڕازی بێت) ئەم خاڵانەی خوارەوە دەردێنین:**

١- دیالۆگ خواستێکی مەزنە، شەرعیش ئەوە دەخوازێ، هەروەها پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان و هەڵێنجان و هێنانی بەڵگەی باش و خستنەڕووی بەڵگە گومانبڕەکان و مەسەلە سەلمێنەرە ڕۆشن و دیارەکان پشت بە بنەماو بناغە شەرعییەکان ببەسترێ.

٢- لە ڕاستیدا کێشەی خەواریجەکان لە کەم پەرستش و کەمتەرخەمی و کەم نیەتباشیاندا نەبوو، بەڵکو کێشەیان لە تێگەیشتنیاندا بوو لە دەقە شەرعییەکان، بێئەوەی بێن

(١) سەیری: درێژەباسی چیرۆکی سوهەیل کوڕی عەمرو لە صەحیحی بوخاریدا، فەرموودەی (٢٧٣١، ٤١٨٠، ٢٧١١)، هەروەها ئەبو داود، فەرموودەی (٢٧٦٥)، ئیبن حیبان لە صەحیحەکەیدا، فەرموودەی (٤٨٧٠، ٤٨٧٢) بکرێ. بەڵام سەرگوزەشتەی عەلی لەگەڵ خەواریجەکاندا ئەوا حاکم بەدرێژی ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوللە کوڕی شەدادەوە لە عائیشەوە لە (المستدرك)ەوە (٤٩٦/٢) و وتوویەتی: (بە مەرجی بوخاری و موسلیم ڕاستە)، هەروەها بەیهەقی لە (السنن الكبرى) (١٨٠/٨)، ئیبن کەسیر لە (البداية والنهاية) (٧٩١/٧) سەنەدەکەشی ڕاستە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد) (٢٣٧/٦) دەڵێ: (ڕیوایەتکارانی جێگای متمانەن)، هەروەها ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا (٦٦/٢) گێڕاویەتەوە، ئەحمەد شاکر کە لێکۆڵەریەتی وتوویەتی: (سەنەدەکەی ڕاستە)، ئەلبانی لە (إرواء الغليل) (١١١/٨) وتوویەتی: (سەنەدەکەی بە مەرجی موسلیم ڕاستە).

هەموویان ببەستن بەیەکەوە، بێئەوەی تێڕامان بکەن و دڵنیابن لە مەبەستە شەرعییەکان، لێرەوە کەوتنەناو گۆڕینی دەقەکان و لایاندا لەو مەبەستانە کە شەرع دەیخواستن.

٣- خەواریجەکان هەستان بە پشتبەستن بە یەك دەق یان زیاتر، بێئەوەی بێن دەقەکانی تری قورئان و سوننەت بخەنە پاڵی، پاشانیش بێن کۆی ماناکان کە گونجاون لەگەڵ مەبەستە شەرعییەکاندا ببەستن بەیەکەوە، لەبەرئەوە پێشەوا عەلی و ئیبن عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) بە هێنانی بەڵگە ڕاستەکان بۆیان بۆڕیاندان، ئەویش لە ڕێگای تێگەیشتنی دروست و سەلامەتەوە، لە ڕێگای کۆکردنەوەو بەستنەوەیان بە مەبەستە هەمووەکییەکانی خوای گەورەوە، شاتیبی دەڵێ: (لە ڕاستیدا ڕەگی هەر گومڕاییەك دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزابوون بە مەبەستە شەرعییەکان، ئینجا درۆکردن لە ماناو لێکدانەوەیاندا بە گومان خستنەسەریان بێئەوەی سەلماندن بەدەست بێت، یان تەنها بە تێڕوانینێکی سەرەتایی کاریان پێبکرێ، ئەمەش لەبەرئەنجامی کاری سەرپێی و سەرزارەکی و نەبوونی شارەزابوونی زۆر بە زانست هاتووە)[١].

٤- دەست نەدانە چەك و شەڕنەکردن لە دژی ئەو تاقمە گومڕایە تا ئەوکات ئەوان دەستپێشخەر دەبن لە جەنگدا، ئەوەش بە مەبەستی نەڕشتنی خوێن ئەوەندەی لە تواناد‌ا بێت، چونکە پێشەوا عەلی وتی: (تا ئەوان شەڕ نەکەن لە دژمان شەڕیان لەگەڵ ناکەم، ئەو کارەش دەکەن)[٢]، شەڕنەکردن لە نێوان موسڵمانانداا بۆ پاراستنیانە لە هەڕەشەی تێکدانی یەکبوونیان، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە حکومەتەکان و زانایان پەلە بکەن لە ئەنجامدانی مشتومڕ و دیالۆگ لەگەڵیان تا بەڵکو خوای گەورە بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست.

٤- بێگومان ئەو توندڕەویەیان دەرینەکردوون لە بازنەی ئیسلام و لە برایەتی ئیمانی، ئیبن ئەبی شەیبە و عەبدوڕەزاق و هیتریش بە سەنەدێکی ڕاست لە تاریق کوڕی شەهابەوە گێڕاویانەتەوە کە وتوویەتی: (من لای عەلی بووم، لەبارەی خەڵکانی

(١) (الأعتصام) (٢/١٨٢).
(٢) سەرچاوە پێشووەکان.

ڕووبارەکەوە (النهر) پرسیاری لێکرا کە ئایا ئەوانە بێباوەڕن؟ وتی: ئەوانە لە بێباوەڕی ڕایانکردووە، وترا: ئەی دووڕوون؟ وتی: دووڕووەکان بە کەمی نەبێت ئیتر زیکری خواو و یادی خودا ناکەن، وترا: ئەی ئەوانە چین و کێن؟ وتی: کەسانێکن لێمان یاخیبوون[١]، دەربارەی خەڵکانی جەمەلیشەوە وتوویەتی: (برامانن و لێمان یاخیبوون)[٢].

لەگەڵ ئەو هەموو ئەدەب و شێوازە نایابەی پێشەوامان عەلی ﷺ، ئەوا هەرکات بەڵگە لەسەریان سەلمێنرا و نکولیانکرد شەڕکردن لە دژیان واجبە، چونکە شەڕ لە دژی خەواریجەکان بە دەقی ڕاشکاو و نەگۆڕ و بە کۆدەنگی موسڵمانان سەلمێنراوە[٣]، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەرهەق بە خەواریجەکان فەرموویەتی: ((**طوبى لمن قتلهم أو قتلوه**))[٤]. واتە: (خۆشبەختی بۆ ئەو کەسە دەیانکوژێ یان دەیکوژن). هەروەها فەرموویەتی: ((**هم شرّ الخلق والخليقة**))[٥]. واتە: (ئەوانە خراپترینی خەڵکین). هەروەها ﷺ فەرموویەتی: ((**لئن أدركتهم لأقتلنهم قتل عاد**))[٦]. واتە: (ئەگەر بگەمەوە پێیان وەها لە دژیان دەجەنگم تا وەك حاڵی قەومی عادیان بەسەر بێت).

٦- مەعلومە کە پابەندبوون بە ڕێوڕەسمە پەرستشییەکانی وەك نوێژ و ڕۆژوو، هەروەها بە سیما ڕواڵەتییەکانەوە، ئەگەر بێتو پاکژی دەروون و پەروەردەی ڕۆحیی، فیقهێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی وردیان لەگەڵدا نەبێت، هەروەها نەبەسترێنەوە بە مەبەستەکان و بە پابەندبوون بە بەهاو ڕەوشتەکانەوە، ئەوا جێکەوتەی نەرێنی وەك توندگرتن و توندوتیژی و توندڕەویان لێدەکەوێتەوە.

---

(١) ئیبن ئەبی شەیبە لە (مصنف)دا (٣٣٢/١٥)، هەروەها عەبدوڕەزاق لە (مصنف) (١٠/١٥٠) و بەیهەقی لە (السنن الكبرى) (١٧٤/٨) گێڕاویانەتەوە.

(٢) ئیبن ئەبی شەیبە لە (مصنف) (٢٥٦/١٥) و بەیهەقی لە (سونەن)ەکەیدا (١٧٣/٨، ١٨٢) گێڕاویانەتەوە.

(٣) (مجموع الفتاوى) ئیبن تەیمییە (٥٤٥/٢٨، ٥٣٠).

(٤) صەحیحی موسلیم فەرموودەی (١٠٦٧)، هەروەها ئیبن حیبان، فەرموودەی (٥٩٦٤) گێڕاویانەتەوە.

(٥) ئەحمەد لە موسنەدا (٣٢٥/٢) گێڕاویەتەوە، مامۆستا شاکیر وتوویەتی: (سنەدەکەی ڕاستە)، ئەبو داود گێڕاویەتەوە، ئەلبانی لە (صحيح الجامع) (٣٦٦٨): وتوویەتی فەرموودەیەکی ڕاستە.

(٦) بوخاری، فەرموودەی (٧٤٣٢)، (٣٣٤٤)، هەروەها موسلیم فەرموودەی (٣٠٦٤) گێڕاویانەتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ بەمشێوەیە وەسفیکردوون کە دەفەرموێ: ((**تحقرون صلاتكم مع صلاتهم، وصيامكم مع صيامهم**))[1]. واتە: (کە نوێژی ئەوان دەبینن نوێژی خۆتان لەبەرچاوتان دەکەوێ). کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ﷺ فەرموویەتی: ((**يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية**))[2]. واتە: (لە ئاین دەردەچن هەروەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێ).

ئیبن عەبباس رضي الله عنه وتوویەتی: (کەسم نەدیوە لەوان زەحمەتکێش تر بێت لە پەرستشدا، دەستیان وەك پشقڵی وشتر وایە، ئاسەواری کڕنوشبردن بە نێوچاوانیانەوە دیارە)[3].

تەنانەت ئەبو حەمزەی شاری لە وتارەکەی لە مەککە بەوە وەسفیکردوون کە وتوویەتی: (...ئەی خەڵکی حیجاز ئایا بەوە ڕەخنەم لێدەگرن گوایا هاوەڵەکانم کەسانی گەنجن، بەڵا لێتاندا! ئەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کەسانی گەنج نەبوون، سوێند بەخوا گەنجانێکن هەر لە گەنجیدا پیربوون، چاویان زەلیلە لە بینینی خراپە، قاچیان قورسە لە ڕۆیشتن بەرەو نارەوا، لە زۆر پەرستشکردندا لەرو لاوازبوون، خوای گەورە لە نیوەشەودا سەیریان دەکات کە پشتیان چەماوەتەوە بەسەر قورئاندا، هەرکات یەکێکیان بچێت بەسەر ئایەتێکدا باسی بەهەشت بکات بە تامەزرۆییەوە دەپاڕێتەوە بۆ گەیشتن پێی، هەرکات چووە سەر ئایەتێك باسی دۆزەخ بکات هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێ هەروەك بڵێی گڕی گەرمایی دۆزەخ لە گوێکانیدا بێت، ڕەنجی شەو و ڕۆژیان دەگەیەنن بەیەك، زەویش دەست و ئەژنۆ و نێوچاوانی خواردوون، ئەمەشیان لە پەنای خوای گەورەدا دەستکەوتووە، تا ئەوکات کە تیرەکان دادەبارن بەسەریاندا، ڕمەکان دەوەشێنرێن بە ڕوویاندا، شمشێرەکان لە کێلان دەرهاتوون، ئەوکات هەورە بروسکەی مردن دەستەی جەنگاوەران دەکاتە بروسکە، لەپێناو خوای گەورەدا گاڵتەیان دێت بە جەنگاوەران، ئەوکات گەنجێك لەوان قاچی بە پێچەوانە فڕێدەداتە سەر ملی ئەسپەکەی،

---

(1) بوخاری، فەرموودەی (٥٠٥٨)، (٦٩٣١)، هەروەها موسلیم، فەرموودەی (١٠٦٤) گێڕاویانەتەوە.

(2) سەرچاوەی پێشوو.

(3) هەیسەمی لە (مجمع الزوائد) (٢٤٢/٦) گێڕاویەتەوە و وتوویەتی: گێڕەرەوانی ڕاستن، ئیبن تەیمییە لە (منهاج السنة) (٥٣٠/٨) وتوویەتی: سەنەدەکەی ڕاستە.

جوانی دەموچاوی خەڵتانی خوێن بووە، هەموو دڕندەکانی سەرزەوی خێرا خۆیان دەگەیەنن پێی، باڵندەکانی ئاسمان دادەبەزنە سەری، ئای چەندین چاو وان بە دەم دنوکی باڵندەوە، کە ئەو چاوانە بەدرێژایی نیوەشەو خاوەنەکەی گریاوەو لە سوجدەبردندا بووە بۆ خوای گەورە، ئای کە چەندین لەپی دەست لە مەچەکی کراوەتەوە کە خاوەنەکەی لە سوجدەو رکوع بردن بۆ خوای گەورە پشتی پێبەستووە. ئەبو حەمزە پاشان وتی: ها هاە و کەوتە شین و شەپۆڕ دەمامەکەکەی هێنا بەسەر دەموچاویدا و گریا، خەڵکیش بە گریانی ئەو داویانەتە کڵپەی گریان)(١).

جوهەیمانیش لە زۆر پابەندبوونی بە پەرستشەکانەوە خۆشەویستییەکی گەورەو بەدڵاچوونی مامۆستا ئیبن بازی -بە ڕەحمەت بێت- بەدەستهێنا، ئەو هەستا لە مەدینەی درەوشاوە خانوویەکی گەورەی بە کرێ گرت بۆ تاقمەکەی کە ناوینان بە: تاقمی سەلەفی فەرماندەر بە چاکەو ڕێگر لە خراپە، کەچی هەر توندڕەویەکەی وایلێکرد لەناو حەرەمی مەککی و لە پەنای کەعبەدا کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێ: ﴿وَمَن دَخَلَهُۥ كَانَ ءَامِنًاۗ﴾ آل عمران: ٩٧. خەڵکی بکوژێ، ئەمە لە کاتێکدا کە لە سەردەمی نەفامیشدا هەر بکوژێ هاتبێتە ناو مەککەوە ئیتر سەلامەت و پارێزراو بووە تەنانەت لە دەستی کەسوکاری کوژراوەکە تا ئەوکات کە مەککەی جێهێشتووە.

**چارەسەر: گرتنەبەری بنەمادۆزیی و هەڵوەشاندنی هزری توندڕەو بە بەڵگەی گومانبڕ:**

بەرمەبنای ئەم پێشەکییانەی سەرەوە، ئەوا ئەو جۆرە کەسانە هەرکات گوێیستی بەڵگەی شەرعی بڕواپێکراو لە قورئان و سوننەتدا بوون ئیتر ملکەچ دەبن بۆی، بەڵام گرفت و تەموژە گەورەکە لەوەدایە کە زۆرینەی هەرە زۆری سەرکردەکانی ئەو گەنجانە هەڵدەستن بە شۆردنەوەی مێشکیان، ئەوەش لە ڕێگای لاوازکردنی متمانەیان بە زانایانی ئوممەت، هەروەها تاوانبارکردنیان بەوەی کە ئەوانە زانای ئوتێلەکانن و زانای

(١) سەیری: وتارەکەی ئەبو حەمزەی شاری بکرێ کە لەسەرپێگەی مەوسوعەی نوێ/ ئیسلام ویب بڵاوکراوەتەوە.
http: ll library. Islamweb. Net l hadi l display-hbook. Php? Hflag= 1&bk-no=175&pid=112639.

سەنگەرەکان نین، ئەوانە بەکرێگیراوی پۆلیس و خزمەتکاری دەستەلاّتن، تا چەندین تۆمەتی ناڕەوای تر کە دێن لیستێکی لەو جۆرە ڕیزدەکەن.

بەلاّم هەرچیبکەن، ئەوا هەر چەندین زانا هەن کە تا ئاستێکی گەورە لای گەنجان متمانەپێکراون و جێگای قوبوڵن، هەروەها ژمارەیەك لەو گەنجانە ئەقڵی خۆیان بەکاردێنن و گوێبیستی هەق و ڕاستی دەبن، بەم پێیە ئەوا ڕووبەرێکی باش لەبەردەماندایە کە کاریگەری خۆی هەبێت، لەلایەکیتریشەوە ئەوا ئەو گروپە توندڕەوانە (وەك قاعیدەو داعش) زانایەکیان لەگەڵدا نییە کە بە زانستەکەی ناوبانگی دەرکردبێت، لە دەرەوەی تاقمەکەی خۆیان ئیتر زانایەکی گەورەیان لەگەڵدا نییە پشتگیری لەو هەڵسوکەوتانەیان بکات، ئەمەش خاڵێکە کە لایەنی زانا میانڕەوەکان بەهێز دەکات و بەڵگەشیان بەهێزە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو جۆرە بۆچوونانە.

بۆیە پێویست دەکات کە لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکان و هۆکارەکانی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەگەریی و ڕادیۆ و هیتریشەوە پەرەبدرێ بە بەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەو گەنجانەدا.

## بواری دووەم

## شیکاری بڕیار و واتای کۆڕە فیقهییەکان و بەیاننامەی کۆنگرەکانیان

### یەکەم

### بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامیی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە پێکهێنراوە

**١- دەقی بڕیاری ژمارە ١٢٨ (١٤/٢) دەربارەی (مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژی نێودەوڵەتی):**

(ئەنجومەنی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە پێکهێنراوە، لە خولی چواردەیەمیدا لە (٦-١٣ زیلقەعیدەی ساڵی

١٤٢٣ك / بەرانبەر بە ١١-١٦ کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ز کە لە شاری دەوحە (دەوڵەتی قەتەر) گرێدراوە. لەدوای خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانە کە دەربارەی بابەتی (مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژی نێودەوڵەتی) بۆ کۆڕ هاتوون، وە لە پاش گوێگرتنی بۆ ئەو مشتومڕانە لەبارەیانەوە کران، کۆڕ ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١- ئیسلام ڕێز لە مرۆڤ دەگرێ لەو ڕووەوە کە مرۆڤە، گرنگیدەدات بە دابینکردنی مافەکانی، پیرۆزییەکانی بە هەند دەگرێ، فیقهی ئیسلامیش یەکەمین فیقهە لە جیهاندا کە یاسایەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان لە کاتی ئاشتی و جەنگدا پێشکەش بکات.

٢- تیرۆر: بریتییە لە کاری دوژمنکاریی و دەستدرێژی یان ترساندن یان هەڕەشەی ماددی یان مەعنەوی کە لەلایەن دەوڵەتان یان گروپەکان یان تاکەکانەوە بەشێوەیەکی ناڕەوا دەکرێتە سەر مرۆڤ، واتە دەکرێتە سەر ئاینی یان گیانی خۆی یان ناموسی یان ئەقڵی یان ماڵ و سامانی، ئیتر بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە کە لە زەویدا ئەنجامی دەدات.

٣- کۆڕ دووپاتیدەکات کە تێکۆشان یان شەهیدبوون بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕی ئیسلامی و بەرگری لێی، هەروەها بۆ پاراستنی پیرۆزی وڵاتان بە تیرۆر دانانرێ، بەڵکو ئەوە بەرگرییە لە مافە سەرەکییەکان، لەبەرئەوە ئەوا مافی گەلانی ژێردەستەی داگیرکەران و ستەملێکراوانە بە هەموو هۆکارەکانی بەردەست هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادیان.

٤- لە ڕاستیدا دەستنیشانکردن و سنوردارکردنی چەمکەکانی تایبەت بە زاراوەکانی وەك: تێکۆشان و تیرۆر و توندوتیژیی کە لەناو هۆکارە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوەیان کردووە، لەخۆیاندا زاراوەی زانستین، نابێت هیچ یەك لەو زاراوانە لە جگە لە جێگاو مانای خۆیاندا بەکاربهێنرێ.

٥- بەڵام بڕیاردان لەسەر ئەو حوکمە شەرعییانە کە پەیوەندن بە ڕۆچوون لە دوژمنکاریی -کردووەکانی خۆشەهیدکردن-، ئەوا کۆڕ وای بەباش زانی دوابخرێ بۆ خولێکی پاشتر تا توێژینەوەی سەربەخۆ لەسەری ئامادە دەکرێ.

*** ڕاسپاردەكان:**

١- كۆڕ ڕاسپاردە دەدات بە زەرورەتی تۆماركردنی دەقێكی ئیسلامی لەناو یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا، لەسەر شێوەی ئەو دەقە یاساییانە كە كاریان پێدەكرێ، پاشان ئەو دەقە وەربگێڕدرێ بۆ زمانە جیاوازەكانی جیهان، ئەو دەقە بخرێتەناو كتێبخانەی زانكۆكان و دامەزراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، چونكە ئەوە زۆر سودمەندترە لەوەی هەر بێین بڵێین ئیسلام شتێك ناناسێ بەناوی تیرۆر، هەروەها تا ناموسڵمانانیش بە شێوەیەكی ڕوون كە هیچ لێڵیەكی تێدا نەبێت ئاگاداربن بەسەر هەڵوێستی ئیسلام لەمەڕ تیرۆر.

٢- كۆڕ ڕاسپاردە دەدات بە پێكهێنانی لیژنەیەك لە زانایان، تا هەستن بە دانانی بەڵێننامەیەكی ئیسلامی كە بە ڕوونی بۆچوونی ئیسلامی بۆ پەیوەندییەكان لەگەڵ ناموسڵماناندا بخاتەڕوو، ئەو بەڵێننامەیەش وەربگێڕدرێتە سەر زمانە جیهانییەكان، هاوكات بڵاوكردنەوەشی لە هۆكارە جۆراو جۆرەكانی ڕاگەیاندنی سەردەمدا، ئەمەش ڕێگایەكە بۆ پووچەڵكردنەوەی زۆرێك لەو ناوناتۆرە و درۆهەڵبەستراوانە كە دەدرێنە پاڵ ئیسلام، لە هەمانكاتدا بتوانێت ڕاستییە ئیسلامییەكان بۆ ناموسڵمانان ڕوونبكاتەوە. خوای گەورە زاناترە).

**٢- دەقی بڕیاری ژمارە ١٥٤ (١٧/٣) دەربارەی: (هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر)):**

(ئەنجومەنی كۆڕی فیقهی ئیسلامیی نێودەوڵەتی كە لەلایەن ڕێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامییەوە پێكهێنراوە، لە خولی حەڤدەیەمیدا كە لە ٢٨ جەمادی یەكەم تا ٢ی جەمادی دووەم ساڵی ١٤٢٧ك بەرانبەر بە ٢٤-٢٨حوزەیران ساڵی ٢٠٠٦ز لە عەممان (شانشینی ئوردنی هاشمی) گرێدراوە، لەدوای خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانە كە لەبارەی بابەتی (هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر) بۆ كۆڕ هاتوون، وە لەدوای گوێرادێران بۆ ئەو مشتومڕانەی كە لەبارەیەوە كران، هەروەها لەدوای خوێندنەوەی بڕیاری ژمارە ١٢٨ (١٤/٢) كە دەربارەی (مافەكانی مرۆڤ

و توندوتیژی نێودەوڵەت)یەوە دەرچووە، کە پێناسەی تیرۆری بەمشێوە کردووە کە: (بریتییە لە کاری دوژمنکاریی و دەستدرێژی یان ترساندن یان هەڕەشەی ماددی یان مەعنەوی کە لەلایەن دەوڵەتان یان گروپەکان یان تاکەکانەوە بەشێوەیەکی ناڕەوا دەکرێتە سەر مرۆڤ، واتە دەکرێتە سەر ئاینی یان گیانی خۆی یان ناموسی یان ئەقڵی یان ماڵ و سامانی، ئیتر بە هەموو جۆر و شێوەو شێوازەکانی خراپەکاریی کە لە زەویدا ئەنجامی دەدات).

هەروەها لەدوای خوێندنەوەی ئەو شتانە کە لە کۆنگرە عەرەبی و ئیسلامییەکان بە فەرمی و بە جەماوەریانەوە دەرچوون لەبواری قەڵاچۆکردنی تیرۆر ، ئەویش بە چارەسەرکردنی هۆکارەکان و ڕێگرتن لە تیرۆریستان، هاوکات لەگەڵ پابەندبوون بە سیاسەتی مافی گەلانی داگیرکراو لە خەباتی چەکدارانە، هەروەها ئەو باسەی لە (پەیامەکەی عەممان) دا هاتووە کە لە (١٤٢٥/٩/٢٦ك بەرانبەر بە ٢٠٠٤/١١/٩ز) دەرچووە، ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

١- حەرامکردنی هەموو کردەوە تیرۆریستییەکان و شێوەکانی و پیادەکردنیان، بەو پێیە کە کردەوەی تاوانکارین و دەچنە ڕیزی تاوانی جەردەیی، ئیتر لە هەر کوێ ڕووبدەن و هەر کەس ئەنجامیان بدات، هەر کەسێکیش بەشدار بێت لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا بە ڕاستەوخۆ یان هۆکار بێت بۆ ئەنجامدانی یان پارەدان و خەرجیکێشان یان پشتگیریان بکات بە تیرۆریست ئەژمار دەکرێ، ئیتر ئەو کارە تاکێك یان گروپێك یان دەوڵەتێك پێی هەستێ چوونیەکە، لەوانەیە تیرۆریش لەلایەن دەوڵەتێکەوە یان چەند دەوڵەتێکەوە دژ بە دەوڵەتێکی تر ئەنجامبدرێ.

٢- جیاوازیکردن لە نێوان تاوانەکانی تیرۆر و نێوان بەرگری ڕەوای دژ بە داگیرکار بەو هۆکار و شێوازانە کە لە ڕووی شەرعەوە پەسەندن، چونکە دەبێتە هۆی لابردنی ستەم و گێڕانەوەی مافە ڕەوا زەوتکراوەکان، ئەوەش مافێکە کە شەرع و ئەقڵ دانیان پێداناوەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکان ئیقراریان پێکردووە.

٣- دەبێت چارەسەری ئەو هۆکارانە بکرێ کە دەبنە هۆی تیرۆر، لە پێش هەموویانەوە زیادەڕەوی و توندڕەوی و دەمارگیری و نەشارەزایی بە حوکمە شەرعییە ئیسلامییەکان، بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئازادییە هزری و سیاسییەکانی، بێبەشبوونی لە مافەکانی ژیان، هەروەها تێکچوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

٤- جەختکردن لەسەر ئەو شتانە لە بڕیاری سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، کە تێکۆشان بۆ بەرگری لە بیروباوەڕی ئیسلامی و پارێزگاری لە وڵاتان یان ڕزگارکردنیان لە چنگی داگیرکەری دەرەکی بە هیچ جۆر ناچێتەناو تیرۆرەوە، مادامێ ئەو تێکۆشانە پابەندە بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامەوە.

*** هەروەها ئەم ڕاسپاردانەش دەدات:**

١- بەهێزکردنی ڕۆڵی زانایان و فیقهناسان و بانگخوازان و دامەزراوەکانی زانستی گشتی و پسپۆڕیەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری قەڵاچۆکردنی تیرۆر، هەروەها چارەسەرکردنی هۆکارەکانی.

٢- داواکردن لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کە لە نیشاندانی ڕاپۆرتەکان و گواستنەوەی هەواڵەکاندا بەدوای ڕاستیەوە بن و لە گواستنەوەیاندا وردبن، بە تایبەتی لەو کێشانەدا کە پەیوەندن بە تیرۆرەوە، هاوکات دوورکەوتنەوە لە بەستنەوەی تیرۆر بە ئیسلامەوە، چونکە تیرۆر ڕوویداوە -ئێستاش هەر ڕوودەدات- لەلایەن کەسانێك لە پەیڕەوانی ئاینەکان و کەلتورەکانی تریشەوە.

٣- داواکردن لە دامەزراوە زانستی و فێرکاریەکان وێنەو ڕووی درەوشاوەی ئیسلام دەربخەن، کە داوای بەهاکانی لێبوردەیی و خۆشەویستی و بەیەکگەیشتن دەکات لەگەڵ ئەوانیتردا و هاوکاری یەکتری لەسەر خێرو چاکە.

٤- داوا لە ئەمینداریێتی کۆڕ بکرێ بەردەوامبێت لە زۆر گرنگیدان بەم بابەتە، ئەویش بە بەستنی سیمیناری تایبەت و پسپۆڕ و وتاری چڕوپڕ و دیداری زانستی تێروتەسەل، بۆ ڕوونکردنەوەی بازنەی حوکمە شەرعییەکان لەبارەی ڕێگری لە تیرۆر و سەرکوتکردن و

قەڵاچۆکردنی، هەروەها بۆ پەلەکردن لە دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی شەرعی گشتگیر کە هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە داپۆشێت.

٥- داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ ڕێگرتن لە تیرۆر، بۆ بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ قەڵاچۆکردنی، هەروەها کاربکات لەسەر چەسپاندنی پێوەرە نێودەوڵەتییە جێگیرەکان، تا بە یەك تەرازوو و یەك پێوەر بڕیار و حوکمبدرێ بەسەر هەموو شێوەکانی تیرۆردا.

٦- داوا لە دەوڵەتانی جیهان و حکومەتەکانیان بکرێ پێکەوەژیانی ئاشتییانە بکەنە کارە لەپێشترینەکان، دەستهەڵگرن لە داگیرکردنی دەوڵەتان و لە نکولیکردن لە مافی گەلان کە داوای مافی چارەی خۆنوسین دەکەن، هەروەها بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر بنەماکانی هاوتابوون و ئاشتی و دادپەروەریی.

٧- داوا لە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بکرێ پێداچوونەوە بکەن بە بەرنامە فێرکارییەکاندا، بەو تێڕوانینە بێڕێزییەدا بۆ ئاینی ئیسلام، هەروەها قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەڵسوکەوتێك لە هۆکارە ڕاگەیەنکارە متمانپێکراوەکان کە ئیسلام ناشیرین دەکەن، هاوکات جەختبکەن لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتی و دیالۆگ، ڕێبگرن لە کەلتوری دوژمنایەتی و ڕقلێبوون، خوای گەورەش زاناترە).

**٣- دەقی بڕیاری ژمارە ١٦٣ (١٨/١) دەربارەی (مەشخەڵی گەڕانەوە بۆ میتۆدی ژیاریی لە ئیسلامدا):**

(ئەنجومەنی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە پێکهێنراوە، لە خولی هەژدەیەمیدا کە لە بۆتراجایا لە (مالیزیا) لە نێوان (٢٤ بۆ ٢٩ جەمادی دووەم ساڵی ١٤٢٨ك بەرانبەر بە ٩-١٤ ی تەمموز ساڵی ٢٠٠٧ز گرێدرا، لە پاش خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانە کە دەربارەی (مەشخەڵەکانی گەڕانەوە بۆ میتۆدی ژیاریی لە ئیسلامدا) هاتوون بۆی، لەدوای گوێڕادێران بۆ ئەو مشتومڕانە کە لەبارەیەوە کران، هەروەها لەدوای هێنانە پێشچاوی دەستپێشخەری ئیسلام بۆ

دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەشید و ئەقلانی، کە پێغەمبەری مەزن ﷺ هەستا بە دانانی بەڵێننامەی مەدینەی درەوشاوە کە پەیوەندییەکانی لە یەکەمین کۆمەڵگای ئیسلامیدا دیاریکرد، هەروەها جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە وتاری ماڵئاوایدا، ئینجا لەدوای ئاماژەدان بە دەقەکانی قورئان و سوننەت کە دەستوری ئیسلامی پێکدێنن، وەك فەرموودەی خوای گەورە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ﴾ النحل: ٩٠. ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** لە ڕاستیدا پەیڕەوکردنی میتۆدی ژیاری ئیسلامی هەل بۆ موسڵمانان دەڕەخسێنێ سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆیان بگێڕنەوە، پەیامی مرۆڤایەتی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ بەشداریکردن لە ڕزگارکردنی جیهان لە تاریکاییە ماددییە ملهوڕ و ستەمکارەکان.

**دووەم:** بەڵگەنەویستە کە ڕێگاچارەی ئەو دواکەوتنە کە ئوممەت بەدەستییەوە دەناڵێنێ بە گەڕانەوەی ڕاستگۆیانە دەبێت بۆ ئاینی ڕاست و بەهێز، چونکە ئەو بارودۆخە کارەساتبارانە کە موسڵمانان تیایاندا دەژین بەو هۆیەوەیە کە موسڵمانان وازیان لە ڕێنماییەکانی ئیسلام هێناوەو بوونەتە چاولێکەری ڕێبازە دەستکردەکان.

**سێیەم:** مەعلومە کە میتۆدی ژیاری ئیسلامی لەسەر پلانێکی تۆکمە بەرپا بووە، کە کۆمەڵگاکان و وڵاتە ئیسلامییەکان ڕزگار دەکات لە هەژموونی بێگانە و پاشکۆیی و دواکەوتن.

**چوارەم:** گومانی تێدا نییە کە جوان تێگەیشتن لە ئیسلام و گەرموگوڕی پابەندبوون بە حوکمە شەرعییەکان و پراکتیزەی تەواوەتی و هاوسەنگ بۆی، لە مەسەلە زەرورییەکانی سەرکەوتنی پڕۆژەی هەستانەوەی ئیسلامن.

**پێنجەم:** قووڵکرنەوەو چەسپاندنی پرەنسیپی شورا بە تیۆری و بە پراکتیکی، وەك گوێڕایەڵی بۆ ئایەتی: ﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ﴾ آل عمران: ١٥٩. هەروەها ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ﴾ الشورى: ٣٨. ئەوەش لەو پێگەیەوە کە شورا بناغەیەکە لە بناغە پتەوەکانی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلام.

**شەشەم:** دروستی جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان (واتە دابەشکردنیان)، دەستەڵاتی

جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری، هەر بەو پێیە کە لەدوای سەردەمی هاتنەخوارەوەی تەشریع جێگیربووە، ئەوەش بە سود وەرگرتن لە پیادەکردنی کرداریی خاوەنی پەیامەکە ﷺ لە فرەجۆری هەڵسوکەوتەکانی لە نێوان پەیام و پێشەوایەتی و دادوەریدا.

**حەوتەم:** دانان بە مافی هاولاتیبوون بەجۆرێ کە ناموسڵمانانیش بگرێتەوە، ئەوەش بەپێی دیسپلینە شەرعییەکانی ماف و ئەرکەکان.

**هەشتەم:** بەشدارپێکردنی ئافرەت لە چالاکییە گشتییەکاندا، بەشێوەیەك ئەو ئەحکامە شەرعییانە کە تایبەتن بەووە لەق نەبن، ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ﴾ التوبة: ٧١.

نۆیەم: پێویستە موسڵمانان دەستبەکاربن بۆ ڕزگاربوون لەو مەسەلە نەرێنیانە کە تیایاندا دەژین، تا زاڵبن بەسەر ئەو ئاڵەنگاریانەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، وەك:

أ- دەمارگیری مەزەبگەرایی کە بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم تەوژمی نوێبوونەوەی توندوتۆڵ و مەرجداردا.

ب- توندڕەوی هزریی و ڕەفتاریی کە گرفت لە کۆمەڵگادا دەنێنەوە و لە جولانەوە توندڕەوەکاندا چڕدەبنەوە.

ج- ئیلحاد یان بێدینی کە بەرپابووە لەسەر ڕەتکردنەوەی بەستنەوەی ئاین بە دنیاوە.

د- تاکلایەنی مەعریفی (بەشیی) کە بەرچاوی خاوەنەکەی دەگرێ لە بینینی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی مەسەلەکان.

ه- پەی نەبردن بە بەهای کات و کاریگەری لەسەر شکستخواردنی موسڵمانان و دواکەوتنیان.

### کۆڕ ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی دەرکرد:

١- بەهێزکردنی ئیمان و کردەوەی چاك، بەو پێیە کە یەکەم هەنگاوی ئەو هەوڵە پەروەردەییانەن هێنانەکایەی کەسایەتی موسڵمان بە ئامانج دەگرن، ئەوەش بۆ سەرلەنوێ گێڕانەوەی ڕۆڵی خۆی لە ژیاری ئیسلامی و بەشداریکردنی لە ژیاری مرۆڤایەتیدا.

٢- جەختكردن لەسەر ئەوە كە میتۆدی ژیاری ئیسلامی بەرپا دەبێت لەسەر قووڵكردنەوەی بەها ڕەوشتییە ئیسلامییەكان لە كۆمەڵگادا.

٣- دەستخۆشی بكرێ لە مالیزیا بۆ هەوڵی پیادەكردنی میتۆدی ژیاری ئیسلامی، هەروەها دەستخۆشیكردن لە داواكەی بە گرێدانی كۆنگرەیەكی زانستی نێودەوڵەتی، بۆ باسكردن و ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكانی ژیاری ئیسلامی و بۆ ناوەڕۆكی پەیامە نەمرەكەی، ئەوەش بە جۆرێ كە ئەنجامەكانی ئەو كۆنگرە زانستییە بكەوێتە ژێر تێڕوانینی بیرمەندان و سەركردەكان لە وڵاتانی ئیسلامیدا، خوای گەورەش زاناترە).

**٤- دەقی بڕیاری ژمارە ١٦٦ (١٨/٤) دەربارەی (دیاردەی ترس لە ئیسلام، ئاڵنگارییەكان و ڕووبەڕووبوونەوە):**

(ئەنجومەنی كۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی كە لەلایەن ڕێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامییەوە پێكهێنراوە، لە خولی هەژدەیەمیدا كە لە بۆتراجیا (مالیزیا) لە (٢٤ بۆ ٢٩ جەمادی دووەم ساڵی ١٤٢٨ك بەرانبەر بە ٩ بۆ ١٤ ی ساڵی ٢٠٠٧ز) گرێدرا، دوای خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانە كە لەبارەی بابەتی (دیاردەی ترس لە ئیسلام: ئاڵنگارییەكان و ڕووبەڕووبوونەوە) هاتوون بۆ كۆڕ، وە لەدوای گوێڕادێران بۆ ئەو مشتومڕانە كە لەبارەیەوە كراوە، هەروەها لەپاش هێنانەوە بیری جێكەوتە خراپەكانی دیاردەی ترس لە ئیسلام (ئیسلام فۆبیا)، كە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین شەپۆلی دووركەوتنەوە لە ئیسلام، هاوكات فشار خستنەسەر موسڵمانان لە زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهاندا، كە هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین مەسەلەی مێژوویی كەڵەكە بوو، هەروەها ناشیرینكردن و شێواندنی ئیسلام، هاوڕا لەگەڵ نواندنی كەمتەرخەمی لە ناساندنی ئیسلام لە نێوەندە جیهانییەكاندا.

**كۆڕ لە كاتێكدا باش پەی بەو جێكەوتە خراپانە دەبات كە لەبەرئەنجامی ئەم دیاردەیەوە هاتوونەتەڕوو، هات ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەركرد:**

**یەکەم:** دەبێت بەر بەو دیاردەیە بگیرێ، ئەویش لە چوارچێوەی ستراتیژێکدا کە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ئیسلامیەکان و ئەو ڕێکخراوانە کە وێنای بوونی ئیسلام دەکەن لە دەرەوەی خاکی ئیسلام پلانی بۆ دابڕێژن، کە کۆمەڵێ میکانیزم و ڕێکار و ڕێوشوێنی بەهێز لەخۆ بگرێ، هەموو لایەنەکانی ڕاگەیاندن و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بگرێتەوە، هەروەها دروستکردنی پەیامێکی ڕاگەیاندنی ڕوون بۆ ناساندنی ئاینی ئیسلام و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی و پرەنسیپ و ئەو بەها بالآیانە لەسەریان بەرپا بووە، هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بە هەموو هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ زانیاریەکان، ئەوەش بە بەشداری ئەو دەزگا ڕاگەیەنکارانە کە کاریگەری نێودەوڵەتیان هەیە.

**دووەم:** پێویستە ڕاوێژ و هەماهەنگی هەبێت لە نێوان هەموو وڵاتان و ڕێکخراوە ئیسلامییە نێودەوڵەتیەکان، تا بگەنە کۆمەڵێ بڕیار و هەستن بە ئەنجامدانی ئەو کردەوانە کە بە گونجاویان دەزانن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵمەتەکانی گومان دروستکردن و ئەو سوکایەتییانە کە ئاراستەی ئوممەتی ئیسلامی و کەسایەتییە کاریزماکانی دەکرێ.

**سێیەم:** داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێ هاوکار و پشتگیر بێت لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و گەلانی ئیسلامی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شالاوە دڕندانەیە کە دەکرێتە سەر ئیسلام و موسڵمانان، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری خۆشەویستی و هاوکاری لە نێوان گەلاندا، بۆ وەلانانی ڕق و کینەو توندوتیژی، بۆ هاوکاری یەکتری بەشێوەیەك کە خێرو چاکە بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەر بکات.

**چوارەم:** داوا لە هەموو کۆمەڵ و گردبوونەوە ئیسلامییەکانی دەرەوەی خاکی ئیسلام بکرێ کە ببنە پەیامبەری ئاشتی و ئاسایش و ئارامی، هەڵگرانی پەیامی پاکی ئیسلام بن لە هەموو وڵاتان و لەنێو گەلاندا، دووربکەونەوە لە هەڵسوکەتی خراپ و زیانگەیەنەر بە ئیسلام لەو وڵاتانەدا، ئەمە لەگەڵ پابەند بوونیان بە بەها و پرەنسیپەکانی ئیسلامەوە.

کۆڕ چاوەڕێی ئەوە لە دەوڵەتانی ئیسلامی دەکات بە هەموو توانایان یارمەتی ئەو کۆمەڵ و گردبوونەوانە بدەن، تا یارمەتیدەربن لەسەر تێگەیشتن و فێربوونی بنەماکانی ئاینەکەیان، ئەو زانیاریانەیان بدەنێ کە وایان لێدەکات ئاشنابن بەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا دەگوزەرێ، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی چەندین دەستەو دامەزراوە کە کاربکەن لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئوممەتی ئیسلامیدا.

**پێنجەم:** دەستنیشانی ئەو بڵاوکراوە و کتێبانە بکرێ کە باس لەو دیاردەیە دەکەن، هانی ئەو بیرمەندە موسڵمانانە بدرێ کە زمانەکانی تر دەزانن تا پەیوەندی بکەن بە ئەویترەوەو دیالۆگی لەگەڵ بکەن، کاربکەن لەسەر ڕاستکردنەوە وێنەی ئیسلام و موسڵمانان لە ناوەوەو لە دەرەوە.

**شەشەم:** شیاندن بۆ ئەو بانگخوازانە بکرێ کە دەنێردرێن بۆ وڵاتانی ناموسڵمان، تا شارەزا بین بە زمانی ئەو وڵاتانە، هانی ئەو دامەزراوانە بدرێ کە گرنگی دەدەن بە شیاندنی بانگخوازان یان دروستکردنیان لەبارێکدا بوونیان نەبێت، تا ئەو بانگخوازانە ببنە پێشەنگێکی جوان بۆ نیشاندانی ئیسلام بە ڕەفتار و زانست و بە مامەڵەی ڕۆژانەیان.

**حەوتەم:** دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا، ئەوەش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەیەکتر و گەیاندنی پەیامی پاکی ئیسلام، لەپێناو لێکتێگەیشتنی چوونیەك و هۆشیارکردنەوە لە ڕێگای بەرنامە فێرکاریەکانەوە.

*** ڕاسپاردەکان:**

١- کاراکردنی دەقی ماددەی چوارەم، بڕگەی ٦ لە یاسای بنەڕەتی کۆڕ دەربارەی (دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە هەندێ ناوچەی ناوەندی لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی، هاوکاریکردنی ئەو سەنتەرانەش کە بوونیان هەیە لەپێناو خزمەتکردن بە ئامانجەکانی کۆڕ، ئینجا دەستنیشانکردنی ئەو شتانە کە لەو ناوچانەدا لەسەر ئیسلام دەوترێ و لە سنوری کاری ئەو سەنتەرانەدایە، بە هاندانیان بۆ ڕەتدانەوەی ئەو گومانانەی دژ بە ئیسلام دەوروژێنرێن، ئەوەش بە جۆرێ ئەو

سەنتەرانە هەستن بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و چڕوپڕ لەبارەی خۆرئاواوە، هەروەها دیاریکردنی پلانی گونجاو کە پێویستە دەوڵەتان و گەلانی ئەو سەنتەرانە لەسەری بڕۆن لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو دەوڵەتە خۆرئاواییەکاندا، هەروەها لەگەڵ ئەو هێزانەی تردا کە کاریگەریان لەسەر حکومەتەکان و گەلانی خۆرئاوا هەیە.

٢- پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەدا (مرصد) کە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دایمەزراندووە بۆ بەدواداچوونی پرسەکانی ئیسلام لەناو ڕا گەیاندنی خۆرئاوادا، بە کارکردن لەسەر ڕاستکردنەوەی وێنەی ئیسلام لە بەرنامەکانی خوێندنی خۆرئاوا، هاوکات ڕەتدانەوەی گومانەکان و ڕاستکردنەوەی وێنەی ئیسلامی ڕاستەقینە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆڕدا.

٣- بەستنی سیمیناری زانستی و هزری لە نێوان زانایانی موسڵمان و نێوان زانایانی ناموسڵمان، ئەوەش لەپێناو ئەنجامدانی دیدار و یەکتربینینی ڕاشکاوانە و بونیاتنانی پردی لێکتێگەیشتن و بەیەکگەیشتن و سەردانی یەکتری، خوای گەورەش زاناترە).

*** شیکار و واتای بڕیارەکانی ئەو کۆنگرانە:**

**لە بڕیار و ڕاسپاردە ناوازەکانی پێشەوە ئەم واتایانە هەڵدەگۆزرێن:**

**یەکەم: بڕیاری ژمارە ١٢٨ لە پێگەی ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانیەوە هەنگاویناوە، دەستپێشخەری ئیسلامی ڕوونکردووەتەوە تیایاندا، لێرەوە ئەم سودانەی لێ وەردەگیرێ:**

١- بەدڵنیایی ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ کە خوای گەورە بەخشیویەتی بە بەندەکانی، ئەوە دەسەپێنێ کە دەستدرێژی نەکرێتە سەر هیچ یەك لە مرۆڤەکان، مەگەر بە هۆی مافێکی شەرعییەوە بێت کە دادگای دادپەروەری پاکوبێگەرد بڕیار لەسەری بدات، هەروەها هیچ تاکێك مافی ئەوەی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو مافانە کە گەورەترینیان مافی ژیانی ئازادانەیە.

٢- لە ڕاستیدا ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ کە خوای گەورە بەخشیویەتی بە مرۆڤ و فەرزیکردووە بە پارێزگاریکردن لێی، دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ تیرۆردا کە بە ناڕەوا

هەڕەشە لە ئاین، یان ڕۆح و گیان، یان ئەقڵ، یان ماڵ و سامان، یان وەچە یان ناموسی مرۆڤ دەکات.

٣- گومانی تێدا نییە ئەو هەڕەشەکردنە دەچێتەناو خراپەکاری لە زەویدا، سزاکەشی سەختترین و گەورەترین سزایە.

٤- تێکۆشان و بەرگری ڕەوا دژ بە داگیرکەر، یان بۆ بەرگری لە پیرۆزی ئاین و نیشتمان بە تیرۆر دانانرێ، ناشبێت تیرۆر بخزێنرێتە ناو ئەو بەرگرییە ڕەوایە.

٥- پێویستە چەمکی زاراوەکانی تێکۆشان، تیرۆر، توندوتیژی بە شێوەیەکی ورد و زانستی دەستنیشان بکرێن، ناشبێت هیچکام لەو زاراوانە بەکاربهێنرێ لە جگە لە مەبەست و واتای دیاریکراوی خۆی.

***دووەم: بڕیاری ژمارە ١٥٤ لە پێگەی هەڵوێستی ئیسلامەوە هەنگاوی ناوە، کە بەشێوەیەکی گومانبڕ دیاردەکانی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە ڕوونی ئەم واتایانە دەگەیەنێ:**

١- بنەمادۆزی شەرعی و فیقهی بۆ تیرۆر بە هەموو شێوەکانی و پیادەکردنی، لەسەر ئەو بنەمایە کە تیرۆر دەچێتە خانەی تاوانی جەردەیی و چەتەگەریی، تاوانی خراپەکاریی لە زەویدا، ئیتر لە هەرکوێ ڕوودەدات و بکەرەکەی هەر کەس بێت، بەم پێیەش ئەوا دەچێتە خانەی تاوانە گەورە پڕوکێنەرەکان کە قورئانی پیرۆز لەبارەیەوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ المائدة: ٣٣.

٢- هەر کەسێك کە بەشدار بێت لە کردەوە تیرۆریستییەکان ئەوا کۆڕی فیقهی ئیسلامی حیسابی تیرۆریستی بۆ دەکات، ئیتر بە ڕاستەوخۆ بێت، یان ببێتە هۆکار، یان خەرجیبکێشێ یان پشتگیری لێبکات و... تادوایی.

٣- کۆڕ چەمکی تیرۆری گشتاندووە تا: تیرۆری تاکەکەس، یان کۆمەڵ، یان

دەوڵەت لە دژی تاك، یان لە دژی كۆمەڵ، یان دژی دەوڵەت بگریّتەوە.

٤- بڕیارەكە جەختدەكات لەسەر زەرورەتی جیاوازی كردن لە نیّوان تاوانەكانی تیرۆر، و نیّوان بەرگری ڕەوا دژی داگیركەر بە هەموو هۆكارەكان كە شەرعەن پەسەندن، هەروەها ڕوونیكردووەتەوە كە بەرگری ڕەوا لە هەموو ئاینەكان و بەڵێننامە نێودەوڵەتیەكاندا مافێكی ڕەوایە.

٥- بڕیارەكە جەختدەكات لەسەر زەرورەتی چارەسەری ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی ڕوودانی تیرۆر، هەروەها هۆكارەكانی زیادەڕەوی لە بیركردنەوەو بۆچوونەكان، لەسەر توندڕەوی لە كردەوەو ڕەفتارەكان، لەسەر دەمارگیری قێزەون بۆ ڕا و ئیجتیهادەكان، هەروەها نەشارەزایی بە ئەحكامە نەگۆڕەكانی شەریعەتی ئیسلامی، هاوكات بە مەبەستەكانی، كە ئەمانە گرنگترینی ئەو هۆكارانەن سەردەكێشن بۆ توندڕەوی و تیرۆر و كەوتنەناو گوناهە پڕوكێنەرەكان، بەڵام بەتەنیشت ئەم هۆكارانەوە ئەوا هۆكاری تری دەرەكیش هەن كە بایەخ و مەترسیان لە هۆكارە ناوخۆییە پێشووەكان كەمتر نییە، ئەوانیش دیاردەی تاكڕەوی و ستەمكارییە، پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و هزریەكانیەتی، بێبەشبوونیەتی، تێكچوونی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسییە.

٦- كۆڕ بەهەمانشێوە كۆمەڵێك ڕاسپاردەی گرنگی پێشكەش كردووە، كە لە كۆتایی توێژینەوەكە لەتوێی ڕاسپاردە گشتییەكاندا باسیان دەكەین.

*** سێیەم: بڕیاری ژمارە ١٦٦ وەهایە كە هەڵوێست و بریاڕ و ڕاسپاردەكان و چارەسەری خۆی بونیاتناوە لەسەر گرتنەبەری ستراتیژێكی گشتگیر، ستراتیژێك كە چارەسەری ئاڵەنگارییەكان و ڕیشكە سەرەكییەكانی گرفتی ترسی خۆرئاوا لە ئیسلام دەكات، هۆی ترسەكە دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێ مەسەلەی كەڵەكەبووی مێژوویی و شێواندنی ڕاگەیاندن، هەروەها نواندنی كەمتەرخەمی لە ناساندنی ئیسلام لەناو نێوەندە جیهانییەكاندا، لەبەرئەوە كۆڕ ئەم بڕیاردانەی خوارەوەی دەركرد:**

١- بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە کارێکی پێویست و زەرورەتە، ئەویش لە ڕێگای ستراتیێکی گشتگیرەوە کە دەوڵەتانی ئیسلامی، هەروەها ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی پلانی بۆ دابڕێژن.

٢- داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکرێ هاوکار و پشتگیر بێت بۆ بڵاوکردنەوەو دەستەبەرکردنی کەلتوری خۆشەویستی و پێکەوەژیان لە نێوان گەلاندا.

٣- داوا لە گروپ و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی بکرێ، ببنە پێشەنگ و پەیامبەری ئاشتی و ئاسایش و پێکەوەژیان، هەڵگری پەیامی بەزەیی بن بۆ جیهانیان.

## دووەم
## بەیاننامەو ڕاسپاردەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامی
## کە سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی و کۆنگرەکانیەتی

کۆڕی فیقهی ئیسلامی لەتوێی کۆبوونەوە وەرزییەکانی خۆیدا، دەستکۆتا نەبووە تەنها بە دەرکردنی بڕیارەکان، بەڵکو چەندین کۆنگرەی تایبەت کردووە پێیانەوە، لێرەدا گرنگترینی ئەو کۆنگرانە باسدەکەین:

### ١- ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆز
### کە لە خولی شازدەیەمی کۆڕدا دەرچووە
### ئەویش لە نێوان (٢١-١٠/٢٧/١٤٢٢ك ٥-١٠/١/٢٠٠٢ز) گرێدراوە
### وا لێرەدا لەبەر گرنگی دەقەکەی وەك خۆی تۆماری دەکەین:

(سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درود و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا، پاشان..

ئەندامانی کۆڕی فیقە لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی، ئەوانەی لە پیرۆزترین شوێنی زەویدا لە مەککەی پیرۆز لەپاڵ ماڵی پیرۆزی خوای گەورەدا کۆدەبنەوە، ئەوە

شتە ناڕەوایانە کە لەم ڕۆژانەدا دەدرێنە پاڵ ئیسلام زۆر لایان گەورەو گرانن و مایەی گرنگیپێدانن، چەندەها هێرشی ڕاگەیاندنی ستەمکارانەی بۆ جەمکراوە کە تیرە ژەهراویەکانیان ئاراستەی ئیسلام و موسڵمانان دەکەن، هەروەها لە دژی چەند وڵاتێکی ئیسلامی، بە تایبەتی شانشینی عەرەبی سعودی کە شەرعی خوای گەورە پراکتیزە دەکات و لە حوکمیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ، هاوکات دەستی یارمەتی درێژکردووە بۆ موسڵمانان لە هەموو شوێنێك، پشتگیری کێشەو پرسەکانیانە و هەوڵی یەکبوونیان دەدات.

ئەندامانی کۆڕ سەرنجیاندا کە شاڵاوەکانی ڕاگەیاندن بە پلانرێژییە، کۆمەڵێ شتانی ناڕەوا و پڕوپووچیان تێدایە کە ڕاگەیاندنێکی دوابڕاو و دوژمنکار لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی زایۆنیزم پشکیان هەیە لە ئاراستەکردنی، تا کینەو ڕقلێبوونەوە و جیاکاری دژ بە ئیسلام و موسڵمانان بوروژێنێ، تا چەندین تۆمەتی ناڕەوا لەپێش هەمووشیانەوە تۆمەتی تیرۆر بداتە پاڵ کۆتا ئاینی خوای گەورەوە.

بۆ ئەندامانی کۆڕ ڕوونبوویەوە کە لکاندنی تۆمەتی تیرۆر بە ئیسلامەوە لە ڕێگای هێرشی ڕاگەیاندنەوە هەوڵێکە بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی لە ئیسلام، کە لە ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی بەرچاو و دەستە دەستە دێنەناو ئاینی خواوە، هەر بۆیە ئەندامانی کۆڕ داوا لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و گشت موسڵمانان دەکات بەرگری لە ئیسلام بکەن، لەگەڵ ڕچاوکردن و بەهەندگرتنی هۆکاری شەرەفمەندانە کە گونجاون لەگەڵ شکۆی ئەرکە مەزنەکە.

لە میانەی بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتە هەڵبەستراوانە کە دەدرێنە پاڵ ئیسلام و لکاندنی تۆمەتی تیرۆر پێیەوە، ئەندامانی کۆڕ بۆیان دەرکەوت کە تیرۆر دیاردەیەکی جیهانییە، سەربە هیچ ئاینێك نییەو تایبەت نییە بە گەلێکی دیاریکراوەوە، چونکە تیرۆر ڕەفتارێکە لەبەرئەنجامی ئەو توندڕەویەوە هاتووەتەڕوو کە پێدەچێ کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانی هاوچەرخ نەبێت خاڵی بێت لێی، هەروەها ڕوونیانکردەوە کە توندڕەویی

فرەجۆرە، توندڕەویی سیاسی و توندڕەویی هزری و توندڕەویی ئاینی دەگرێتەوە، ئەو توندڕەویەش کە لەبەرئەنجامی زیادەڕەویی ئاینییەوە دەکەوێتەڕوو سنوردار ناکرێت لە پەیڕەوانی ئاینێکی دیاریکراودا، خوای گەورە باسی خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکانی کردووە کە زیادەڕۆن لە ئایندا و ڕێگری کردوون لێی، لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُواْ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّواْ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرًا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾ المائدة: ٧٧.

بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی گومان خستنە سەر ئیسلام، کە بازنەکەی لەدوای ڕووداوەکانی یازدەی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠١ز فراوانتر بوو، ئەوا ئەندامانی کۆڕ بڕیار دەدەن کە ئەرکی سەرشانی زانایان و فیقهناسان و ڕایەڵەکانی پەیوەندی و گروپەکانیانە هەستن بە ئەرکی ئەمانەتپارێزی خۆیان لە بەرگریکردن لە ئیسلام و لە پەیڕەوانی، هەروەها ئاشناکردنی موسڵمانان و خەڵکانیتریش بە ڕاستییەکانی ئیسلام. کۆڕیش وەك ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شاڵاوانە، هەستا بە لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەك لە پرسەکان کە پەیوەندیدارن بە مەسەلەکەوە، هەروەها ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلام لەسەریان، ئەوەش بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

*** یەکەم: مەترسی هێرشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لەسەر ئیسلام و موسڵمانان:**

کۆڕی فیقهی ئیسلامی بەدواداچوونی کرد بۆ هەڵکشانی هێرشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لەسەر ئیسلام موسڵمانان، هۆشداریدا لە مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکان و لەسەر ئاسایشی خەڵکی، چونکە بە بەردەامی و لێبڕاوانە هەوڵدەدات بۆ:

١- هاندان و بردنی کۆمەڵگاکان بە تایبەتی ئەورووپییەکان بەو ئاراستەیەدا کە ئیسلام بکەنە دوژمنێکی نوێ و جێگای شیوعیەت بگرێتەوە، هەروەها بەرپاکردنی جەنگێکی کەلتوری لەسەر بنەما و یاسا شەرعییەکان و حوکمە خواییەکانی.

٢- وروژاندنی دەمارگیری خاچپەرستی لای گەلانی خۆرئاوا، هاندانی خەڵکی لەسەر ئەوەی ناویاننا‌وە زەرورەتی سەرکەوتنی خۆرئاوا بەسەر ئیسلامدا.

٣- نانەوەی جۆرەها شێوازی ڕقلێبوون و جیاکاری ڕەگەزی دژ بە ئیسلام و موسڵمانان، کارکردن لەسەر سەغڵەتکردنی کەمینەو ڕەوەندە ئیسلامییەکان.

٤- ڕەواجدان بە تیۆری صەمۆئیل هەنتنجتۆن لە ململانێی ژیارەکاندا، کە لەبەرئەنجامی ئەو شاڵاوە دڕندانەیەوە زیانگەیەنرا بە کەمینەی موسڵمان لەناو کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا، ژمارەیەکیان خرانە بەندیخانەو زیانگەیەرا بە مزگەوت و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکانیان، ئەمەش وایلێکردن دووچاری چەرمەسەری سەخت بین.

کۆڕی فیقە لە کاتێکدا کە نارەزایی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەر بەو شاڵاوە قین لەدڵانەو ئەو هەڵەو زیادەڕۆیی و تۆمەتە هەڵبەستراوانە کە بە ئەنقەست دژ بە ئیسلام ئەنجامدەدرێن، ئەوا لە هەمانکاتدا ئازاردانی موسڵمانان و زیانگەیاندن بە دامەزراوەکانیان بەبێ هۆکار ڕیسوا دەکات.

کۆڕ لە کاتێکدا کە بە بایەخەوە دەڕوانێتە ئەو کارە خراپانەی دژ بە موسڵمانان بەهۆی لایەنگریان بۆ ئیسلام لە خۆرئاوادا ڕوودەدات، ئەوە وەبیردێنێتەوە کە ئیسلام لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا هانی بەیەکگەیشتن و یەکترناسین و هاوکاری دەدات لە نێوان موسڵمانان و ئەوانیتردا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴾ الحجرات: ١٣

کۆڕ هەروەها بە تەواوی کۆمەڵگا مرۆییەکانی ڕایدەگەیەنێ کە ئیسلام پەیامی خوای گەورەیە بۆ هەموو خەڵکی، هەروەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا ﴾ سبأ: ٢٨. بەمەش داندەنێ بە هەموو پەیامە خواییە پێشووەکاندا، باوەڕهێنانی بە هەموو پێغەمبەران کردووەتە پایەیەکی ئیمان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ

﴿لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَاۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ﴾ البقرة: ٢٨٥. ئاینی ئیسلامیش ئەو تایبەتمەندییەی هەیە و پێی جیادەکرێتەوە، کە دین و دنیا بەپێی کۆمەڵێ ڕێسای گشتگیر و نەرم پێکەوە دەبەستێت.

*** دووەم: ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە:**

ڕێزگرتنی مرۆڤ لە ئیسلامدا مەسەلەیەکی ڕوونە، خوای گەورە لە قورئانەکەیدا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ الإسراء: ٧٠ خوای گەورە هەروەها کۆمەڵێ ئەرك و مافی بۆ دیاریکردووە کە گەرەنتی ژیانێکی ڕێزداری لە دنیاو لە قیامەتدا بۆ دابین دەکەن.

کۆڕ بەهەمانشێوە بە هەموو خەڵکی جیهان ڕادەگەیەنێ کە ڕێزگرتنی مرۆڤ بەبێ جیاوازی بەو پێیە لە ئیسلامدا بڕیاری لێدراوە دەبێتە هۆی فەراهەمهێنانی پێکەوەژیان لە نێوان ئوممەتان و گەلاندا، بەرزو بالآبوونی مرۆڤایەتی و پێشکەوتن و پێکەوەژیان لە نێوان گەلانیدا بە ئارامی و ئاشتی و هاوکاری بەوە دەستەبەر دەبن کە ڕشتەبەندی پرەنسیپ و بەهاکان سەروەربن، لەپێش هەمووشیانەوە بەهای دادپەروەریی، بەوەی کە گەلان بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە پەڕاوە ئاسمانییەکاندا دابەزیوە و پێغەمبەران پێیانەوە ڕەوانەکراون (سەلامی خوایان لێبێت) ڕێز لەیەکتر بگرن، کۆتا پێغەمبەریشیان موحەممەدە ﷺ کە بە بەزەیی ڕەوانەکراوە بۆ هەموو ئوممەتان و گەلان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ﴾ الأنبياء: ١٠٧.

کۆڕ ڕایدەگەیەنێ کە ڕێزگرتنی ئیسلام لە مرۆڤ بەوە دەستەبەر دەبێت پارێزگاری لێبکات، خوێن و ماڵ و سامانی بە پیرۆز ڕاگرتووەو پاراستویەتی لەوەی بەهەدەر بدرێ، ئیسلام بەهەمانشێوە پارێزگاری دەکات لە هەر کەسێکی ناموسڵمانیش لە خاکی ئیسلامدا، ئێمە چ مافێکمان هەیە ئەویش هەیەتی، چ ئەرکێك دەکەوێتە ئەستۆمان دەکەوێتە ئەستۆی ئەویش، ئەوەش بەپێی دەقی پێغەمبەرایەتی کە ئوممەتی موسڵمان پابەند دەکرێ پێیەوە.

*** سێیەم: ئیسلام و تیرۆر:**

کۆڕی فیقهی ئیسلامی دووپاتیدەکات کە توندڕەویی و توندوتیژیی و تیرۆر بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵە کردەوەیەکی مەترسیدارن، جێکەوتەی زۆر خراپ و ناپەسەندیان لێدەکەوێتەوە، دوژمنکاریی و دەستدرێژییە بۆ سەر ئیسلام و ستەملێکردنیەتی، هەر کەسێك سەرنجبداتە هەردوو سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامی -قورئان و سوننەتی پێغەمبەرﷺ-، شتێکیان تێدا نابینێت کە مانای توندڕەویی و توندوتیژیی و تیرۆری هەڵگرتبێ، واتە: دەستدرێژیکردنە سەر ئەوانیتر بە ناڕەوا.

جا وەك پەرۆشییەك لەلایەن ئەندامانی کۆڕەوە بۆ دانانی پێناسەیەکی ئیسلامی بۆ تیرۆر کە دیدی موسڵمانانی هەڵگرتبێ و هەڵوێستیان یەك بێت لەسەری، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە و زەقکردنەوەی مەترسی پێکەوبەستن لەنێوان ئیسلام و توندڕەویی و تیرۆردا، ئەوا کۆڕی فیقهی ئیسلامی پێناسەیەك بۆ تیرۆر پێشکەش بە موسڵمانان و بە تەواوی جیهان دەکات، هەڵوێستی ئیسلام لەبارەیەوە ڕووندەکاتەوە.

**پێناسەی تیرۆر:**

تیرۆر بریتییە لە: دوژمنکاریی و دەستدرێژی کە کەسانی تاك یان گروپەکان یان دەوڵەتان بە ستەم پیادەی دەکەن و دەیکەنە سەر مرۆڤ -سەر ئاین و خوێن و ئەقڵ و ماڵ و سامان و ناموسی-، تیرۆر هەموو جۆرەکانی ترساندن و ئازاردان و هەڕەشەو و کوشتنێکی بە ناهەق دەگرێتەوە، هەروەها ئەوەش کە پەیوەندە بە جەردەیی و ترساندنی سەر ڕێگاو ڕێگرتن لە خەڵکی، هەر کردەوەیەك لە کردەوەکانی توندوتیژیی یان هەڕەشە دەگرێتەوە کە بۆ بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی تاوانکاری تاککەسی یان کۆمەڵیانە ڕوودەدەن و ئامانجیان بڵاوکردنەوەی تۆقاندن بێت لەناو خەڵکیدا، یان تۆقاندنیان بە ئازاردانیان یان ژیانیان بخەنە مەترسیەوە، یان ئازادیان زەوتبکەن، یان ئاسایشیان بشێوێنن، یان بارودۆخیان بخەنە مەترسیەوە، یەکێك لە جۆرەکانیشی زیانگەیاندنە بە ژینگە، یان بە یەکێك لە جومگەو دامەزراوەکان و ماڵ و موڵکی گشتی یان تایبەت، یان یەکێك لە بەروبوومە نیشتمانیی یان

سروشتییەکان بکەونە مەترسیەوە، هەموو ئەمانەش شێوەیەکن لە شێوەکانی خراپەکاریی لە زەویدا کە خوای گەورە ڕێگری لە موسڵمانان کردووە لەوەی بکەونە ناوی، دەفەرموێ: ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴾ القصص: ٧٧.

خوای گەورە سزایەکی بەرپەرچدەرەوەی سەختی بۆ تاوانی تیرۆر و دوژمنکاریی و خراپەکاریی داناوە، بەوەی داناوە کە شەڕکردنە لە دژی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ المائدة: ٣٣. لە هیچ یاسایەکی مرۆییدا سزای ئاوەها سەخت بۆ ئەم تاوانە نابینی، چونکە ئەو دەستدرێژییە زۆر مەترسیدارەو شەریعەتی ئیسلامی بەوەی داناوە کە شەڕە لە دژی سنوری شەرعی خوای گەورەو لەدژی خەڵکەکەی.

کۆڕی فیقە جەختدەکات کە یەکێك لە جۆرەکانی تیرۆر تیرۆری دەوڵەتە، ڕوونترین و قێزەونترین دیمەنیشی ئەو تیرۆرەیە کە جولەکە لە فەلەستیندا ئەنجامی دەدەن، هەروەها ئەو کارە قێزەونانە کە صیربەکان لە هەریەك لە بۆسنەو هیرسك و کۆسۆفا پێی هەستان، کۆڕ ئەمجۆرە تیرۆرەی بە خراپترین جۆرەکانی تیرۆر ناوزەد کردووە، کە مەترسی گەورەی لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهانی هەیە، وەستانەوە لە دژی و بەگژاچوونەوەی بەوە داناوە کە بەرگرییە لە خودی گیانی مرۆڤ و لە تێکۆشان لەپێناوی خوادا.

*** چوارەم: چارەسەری ئیسلامی بۆ توندڕەیی و توندوتیژیی و تیرۆر:**

ئیسلام لە پرۆسەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و پاراستنی کۆمەڵگاکان لە خراپەکانی پێش هەموو یاساکانی تر کەوتووە، لەپێش هەمووشیەوە پارێزگارییە لە مرۆڤ و پاراستنی ژیان و ناموس و ماڵ و سامان و ئاین و ئەقڵیەتی، ئەویش لە ڕێگای دەستنیشانکردنی سنورە ڕوون و ئاشکراکان کە ئیسلام قەدەغەی کردووە بازبدرێ بەسەریاندا، خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ البقرة: ٢٢٩. ئەمەش ڕێنماییە بۆ تەواوی خەڵکی. جا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ڕێزە کە بە مرۆڤ دراوە، ئیسلام دەستدرێژی و ستەمی مرۆڤی بۆ سەر برا مرۆییەکەی قەدەغە کردووە، هەر کارێکی حەرامکردووە کە دەبێتە هۆی ستەملێکردنی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾ الأعراف: ٣٣. زۆر بە خراپ باسی ئەوانە دەکات کە ئازاری خەڵکی دەدەن لە سەرتاسەری زەویدا، ئەو خراپەیەی سنوردار نەکردووە تەنها بە وڵاتی ئیسلامەوە، هەروەك خوای تەعالا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُفۡسِدَ فِيهَا وَيُهۡلِكَ ٱلۡحَرۡثَ وَٱلنَّسۡلَۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَسَادَ ، وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتۡهُ ٱلۡعِزَّةُ بِٱلۡإِثۡمِۚ فَحَسۡبُهُۥ جَهَنَّمُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ﴾ البقرة: ٢٠٥-٢٠٦ هەروەها فەرمانیداوە بە دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە فیتنە لە نێوان خەڵکیدا دەنێتەوە و هۆشداریداوە لە مەترسی ئەو کارە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ الأنفال: ٢٥.

ئاینی ئیسلام ڕێنمایی بە تاك و بە کۆمەڵ داوە کە میانڕەوبن، هەر حەزێکی تاوانکاریی و توندڕەویی لە خۆیاندا لە ڕەگەوە دەربێنن، هەروەها هەر شتێکیتریش لە زیادەڕەویی لە ئایندا کە سەردەکێشێ بۆیان، چونکە ئەوە لەناوچوونی حەتمی بەدوادا دێت: ((**إياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين**))[1].

ئیسلام چارەسەری بۆ شێوازەکانی خراپە داناوە کە دەبنە هۆی ترساندن و تیرۆر و تۆقاندن و کوشتنی بە ناڕەوا، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**لا يحل لمسلم أن يروع مسلماً**))[2]. هەروەها ﷺ دەفەرموێ: ((**من أشار إلى أخيه بحديدة فإن الملائكة تلعنه حتى ينتهي وإن كان أخاه لأبيه وأمه**))[3].

---

(١) پێشتر تەخریج کراوە.
(٢) پێشتر تەخریج کراوە.
(٣) پێشتر تەخریج کراوە.

خوای گەورە ڕێنماییداوە بە هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە لەگەڵ کەسانی ناموسڵمان -لێرەدا مەبەست ئەوانەن لە خاکی ئیسلامدا دەژین- مافی بۆ دیاریکردوون و ئەرکیشی خستووەتە سەرشانیان، تەواوی ئارامیی و ئاسایشی لە خاکی موسڵمانانیدا پێداون، خوێنبایی و کەفارەتی فەرزکردووە لەسەر کوشتنی بە هەڵەی هەر یەکێکیان، لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ﴾ النساء: ٩٢. کوشتنی ناموسڵمانی کە لە وڵاتی موسڵمانانیدا دەژی حەرامکردووە: ((**من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة**))[١].

خوای گەورە ڕێگری نەکردووە لە چاکەکردن لەگەڵ ئەوانیتر و لە هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە لەگەڵیان، لەبارێکدا ئەوان دەستیان نەدابێتە جەنگ و کوشتنی موسڵمانان و لە خاکی خۆیان دەریان نەکردبن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنة: ٨. خوای گەورە هەروەها دادپەروەریی کردووەتە فەرز بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو غەیرە موسڵمانانە کە هاوڵاتین لە خاکی ئیسلامدا و لەگەڵ ئەوانەشدا پەیمانی سەلامەتیان پێداوەو هێتریش لە غەیرە موسڵمانەکان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ المائدة: ٨

لەبەرئەوە کۆڕی فیقە بە تەواوی جیهانی ڕادەگەیەنێ کە تاوانی کوشتنی یەك کەس بە ناڕەوا، لە ئیسلامدا خراپەیەکە یەکسانە بە کوشتنی تەواوی خەڵکی، ئیتر کوژراوەکە موسڵمان یان ناموسڵمان بێت چوونیەکە، ئەوەش بەپێی فەرموودەی ڕوونی قورئانی پیرۆز: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ

(١) پێشتر تەخریج کراوە.

﴿أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ المائدة: ٣٢. جێبەجێکردنی سزای شەرعی و تۆڵەسەندنەوەش لە تایبەتمەندییەکانی کاربەدەستی ئوممەتەو نەسپێردراوە بە کەسانی تاك و کۆمەڵەکان.

* پێنجەم: تێکۆشان (الجهاد) تیرۆر نییە:

بەدڵنیایی کە تێکۆشان لە ئیسلامدا بۆ سەرخستنی هەق و ڕاستییە، بۆ لابردنی ستەمە، بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و ئاشتی و ئاسایش فەرزکراوە، بۆ بەهێزکردنی ئەو بەزەییەیە کە موحەممەد ﷺ پێیەوە ڕەوانەکراوە بۆ جیهانیان، تا لە تاریکایی دەریانبێنێ و بیانخاتە ناو ڕووناکی، کە ئەوەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی هەموو شێوەکانی تیرۆر، کەواتە تێکۆشان بۆ ئەم ئامانجانە فەرزکراوە، بۆ بەرگرییە لە نیشتمان لە دژی داگیرکردنی خاك و بەتاڵانبردنی خێرو بێری وڵات، لە دژی کۆڵۆنیالیزمی بەزۆر نیشتەجێکردنە کە خەڵکی لە خاك و نیشتمانی خۆیان دەردەکات، هەروەها دژی ئەوانەیە وادەردەخەن کە یارمەتیدەرن لەسەر وەدەرنانی خەڵکی لە خاکی خۆیان، دژی ئەوانەشە کە پەیمانشکێنی دەکەن، هەروەها بۆ لابردنی فیتنەیە لەسەر موسڵمانان و ئاینەکەیان، یان زەوتکردنی ئازادییانە لە بانگەوازی ئاشتییانە بۆ ئیسلام، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ، إِنَّمَا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَأَخۡرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخۡرَاجِكُمۡ أَن تَوَلَّوۡهُمۡۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ الممتحنة: ٨-٩.

ئیسلام کۆمەڵێ ئاکار و ئەحکامی شەرعی ڕوونی لەسەر تێکۆشانی ڕەوا هەیە کە کوشتنی کەسانی سڤیل حەرام دەکات، هەروەها کوشتنی بێتاوانان لە بەساڵاچووان و ئافرەتان و منداڵان حەرام دەکات، قەدەغەی کردووە لە شوێنکەوتن و ڕاوەدونانی ئەوانەی لە مەیدانی جەنگدا هەڵدێن، یان کوشتنی ئەو جەنگاوەرانە خۆیان بەدەستەوە دەدەن، یان ئازاردانی بەدیلگیراوان، یان شێواندنی جەستەی کوژراوان، یان وێرانکردنی دامەزراوەکان و شوێنە گشتییەکان و ئەو خانووبەرانەی پەیوەندیان بە شەڕەکەوە نییە،

ناشتوانرێ یەکسانی بکرێ و بە یەك چاو بڕوانرێتە نێوان تیرۆر و توندوتیژی ملهوڕان ئەوانەی کە وڵاتان زەوت دەکەن و کەرامەتی مرۆڤەکان پێشێل دەکەن، شوێنە پیرۆزەکان پیس دەکەن و سەروەت و سامان بە تاڵان دەبەن، وە نێوان پیادەکردنی مافی بەرگری ڕەوا کە ژێردەستەو چەوساوەکان تێکۆشان دەکەن تا مافە ڕەواکانیان لە داپێنکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ دەستەبەر بێ.

لەبەر هەموو ئەمانە ئەوا کۆڕ داوا لە ئوممەتان و گەلان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەکات، کە پێویستەو زەرورە جیاکاری بکرێ لە نێوان تێکۆشانی ڕەوا بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنکاری و دەستدرێژی و لابردنی ستەم و بۆ بەرپاکردنی هەق و دادپەروەری، وە نێوان توندوتیژی دوژمنکارانەدا کە خاکی ئەوانیتر داگیر دەکات، یان لە سەروەری حکومەتە نیشتمانییەکان لەسەر خاکی خۆیان کەمدەکاتەوە، یان خەڵکانی سڤیل و ئاشتیخواز دەتۆقێنێ و دەیانکاتە ئاوارە.

کۆڕی فیقە لە کاتێکدا کە داوا لە جیهان و لە دامەزراوەکانی دەکات، هەستێت بە چارەسەری توندوتیژی دوژمنکاریی و ڕێگرتن لە تیرۆری دەوڵەت کە کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێکردنی بەزۆر لە فەلەستین پیادەی دەکات، ئەوا هەموو هەڵسوکەوتە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل دژی فەلەستین و گەلەکەی و شوێنە پیرۆزە ئیسلامییەکان تیایدا ڕیسواو مەحکوم دەکات، هەروەها داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئاشتیخواز دەکات یارمەتی گەلی فەلەستین بدەن و پشتگیری بکەن بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین و بە پایتەختەکەی کە قودسی پیرۆزە.

کۆڕی فیقە سەرنجی هەمووان ڕادەکێشێ کە فەرامۆشکردنی دادپەروەریی لە چارەسەری گرفتە مرۆییەکان، بە گرتنەبەری شێوازی هێز و خۆ بە گەورەزان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، هۆکارن بۆ زۆرێك لەو بەڵاو کارەسات و ئەو جەنگانە کە ڕوودەدەن، چارەسەرنەکردنی کێشەی گەلی فەلەستینیش لەسەر بنەمای دادپەروەری بووە هۆی سەرهەڵدانی کەلێنێك بۆ ململانێ و توندوتیژی، کەواتە هەر دەبێت کاربکرێ لەسەر

گێڕانەوەی مافەکان و نەهێشتنی ستەمکاریی لەسەر گەلان و کەمینە ئیسلامییەکانی جیهان.

جا بە پێیە کە ئیسلام تیرۆر حەرام دەکات و ڕێگری لە دوژمنکاریی و دەستدرێژی دەکات، ئەوا جەختدەکات لەسەر ماناکانی دادپەروەریی و لێبوردەیی و بەرزو بالآیی دیالۆگ و بەیەکگەیشتن لە نێوان خەڵکیدا، کۆڕیش داوا لە گەلانی مرۆیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات بێن شارەزا ببن بە ئیسلام و لە سەرچاوە سەرەکییەکانیەوە بیناسن، تا بزانن کە ئیسلام چارەسەری پێیە بۆ گرفتەکانی خەڵکی، تا بزانن کە ئیسلام ئاینی ئاشتییە بۆ هەمووان، تا بزانن کە قەدەغەی دوژمنکاریی کردووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ﴾ البقرة: ١٩٠.

*** ڕاسپاردەکانی کۆڕ بۆ موسڵمانان:**

کۆڕی فیقهی ئیسلامی، بۆی دەرکەوتووە کە زۆرێك لە موسڵمانان بۆچوونیان دەربارەی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن جیاوازە، جا وەك بەشدارییەك بۆ بانگهێشتی موسڵمانان بۆ ئەوە کە پێویستە لەسەری کۆك بن، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەگەیەنێت پێیان:

١- پێویستە دەستبگرن بە قورئان و سوننەتەوە، بیانکەنە حەکەم و ناوبژیوان، بگەڕێنەوە بۆ لای زانا متمانەپێکراوەکان، چونکە ئەو زانایانە خاوەنی شارەزایین و لەخواترس و پارێزکارن، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾ فاطر: ٢٨. ئەو زانایانە بەتواناترن لە ڕێنماییکردنی خەڵکی و لە هۆشیارکردنەوەیان و بەدەستهێنانی متمانەیان.

٢- پێویستە هاوکاری هەبێت لە نێوان فەرمانڕەوایان و زانایان و دامەزراوە ئیسلامییەکاندا، بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە کە بەرۆکیان بە موسڵمانان گرتووە، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام و دوو سەرچاوەکەی -قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ-، خوای گەورەش فەرمانیداوە بە هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری، دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ المائدة: ٢.

٣- کارکردن بۆ بنەمادۆزی ڕێبازی میانڕەویی و چارەسەرکردنی زیادەڕەویی کە

ئیسلام بە خراپ باسیکردووە، هەروەها بە پابەندبوون بە میانڕەویی ئەم ئاینەوە لە گوفتار و کردار و ڕەفتاردا، هەر بەو پێیە کە خوای گەورە وەسفی ئوممەتی ئیسلام دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗا ﴾ البقرة: ١٤٣

٤- کۆڕ بە پەرۆشەوە داوا لە کەمینە موسڵمانەکان دەکات هەوڵی تەواویان بخەنەگەڕ، ئەوپەڕی وزەیان لەکاردا بێت بۆ پارێزگاری لە ئاینەکەیان و پاراستنی ناسنامەیان، هەر لێرەوە جەختدەکات کە ئەرکی شەرعی ئەو کەمینانە ئەوەیە پابەندبن بە خواستەکانی پەیمانی سەلامەتی و مەرجەکانی نشینگەیی و هاوڵاتیبوون لەو وڵاتانەدا کە نیشتەجێن تیایانداو بوونەتە هاوڵاتی ئەو وڵاتە یان تیایاندا دەژین، ئەوەش بە پاراستنی گیان و ماڵ و موڵکی ئەوانیتر، هەروەها هەر یەکەیان ڕەچاوی سیستمی گشتی ئەو وڵاتە بکات کە تیایدا دەژی. بۆیە ئەرکی سەرشانیانە -بە هەموو تواناو هۆکارە بەردەستەکانیان- کاربکەن بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لەسەر ئیسلام، بە دروستکردنی شوێنی پەروەردەکردن لە قوتابخانەو مەڵبەندەکاندا، هەر هەمووانیش لە چوارچێوەی برایەتی ئیسلامیدا دەستبگرن بە ئاینەکەیانەوەو یەکدەنگ بن، ئینجا لە کاتی چارەسەری ئەو پرس و گرفتانە کە ڕاجیاوازی ڕوودەدات تیایاندا دانوستانی هێمنانە ئەنجامبدەن، لەو وڵاتانە کە تیایاندا دەژین بە گەرموگوڕی کاربکەن لە پێناو ئەوەدا ئەو دەوڵەتانە دانبنێن بە مافەکانیاندا، بەو پێیە کە کەمینەی ئاینین و مافی خۆیانە سود لە تەواوی مافەکانیان وەربگرن، بە تایبەتی مافە خێزانییەکانیان هەروەك بۆ کەمینە ئاینییەکانی تر ڕەخساوە.

کۆڕ ئومێدخوازە کە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی بەو پێیە کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی جەماوەری گەورەیە لە جیهاندا، هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی سەرەوە.

٥- کۆڕ جەختدەکات کە فەتوا لە ئیسلامدا مەسەلەیەکی گەورەو مەزنە، گەورە زانایانی پێشین و ئەوانەش کە ئەهلی زانست و پایەدارین بە هەیبەتەوە سەیریان کردووەو خۆیان پاراستووە لێی، لە ترسی ئەوە نەبادا بەبێ زانست شتێك بەناوی خواو پێغەمبەرەوە

ﷺ بڵێن کە خوای گەورە هاوتای کردووە بە هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ الأعراف: ٣٣.

٦- هەروەها هۆشداری دەدات لە شلگیریکردن تیایدا، سەرنجی موسڵمانان بە فەرمانڕەواو فەرمانبەردارەوە ڕادەکێشێ کە گرنگی بە فەتوا و بەو زانایانە بدەن کە شایستەن پێی، بەجۆرێ کەسیتری نەشیاو پێی خۆی نەدات لێی، هاوکات کۆڕ هۆشداری بە موسڵمانان دەدات نەکەن بکەونە دوای ئەو ڕا و فەتوایانە کە لەلایەن زانا متمانەپێکراوەکانەوە دەرنەچووە.

٧- کۆڕ بەدواداچوونی بۆ ئەو هێرشە دڕندانەیە کرد کە دەکرێتە سەر قوتابخانەو کۆلیژە ئیسلامییەکان و دوانگەکانی وتاربێژی و بانگەواز لە وڵاتانی ئیسلامیدا، هەروەها بۆ ئەو بانگەوازە قین لەدڵانە کە داوای گۆڕین یان کەمکردنەوەی بەرنامەکانی فێرکردن دەکەن تیایاندا، سەرنجی موسڵمانان ڕادەکێشێ بەلای مەترسی ئەو کارەدا، هەروەها نەکەونە شوێن ئەو شتانە دەبنە هۆی توانەوەی کەسایەتی ئیسلامی و نەشارەزایی موسڵمانان بە ئاینەکەیان، جەختیش دەکات لەسەر گرنگی فێرکردنی شەرعی لە پرۆسەی بونیاتنانی کەسایەتی موسڵمان و یەکگرتوویی و توندتۆڵی کۆمەڵگا، ئەوەش بەپێی ئەو ڕێنماییانە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە. کۆڕ بە پەرۆشەوە داوا لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی فێرکردن و دامەزراوەکانی لە وڵاتانی ئیسلامی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە مەترسیدارە بکات.

٨- لەپێناو یەکخستنی گوتاری موسڵمانان و یەکخستنی ڕیزەکانیان کۆڕی فیقهی ئیسلامی ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەدات بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی:

أ- پێکهێنانی دەزگایەك یان یەکێتییەکی جیهانی بۆ زانایانی موسڵمان لەژێر چەتری ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە مەککەی پیرۆز، بۆ تێڕوانینی ئەو کێشەو گرفتانە کە ڕوودەکەنە ژیانی گەلان و کەمینە ئیسلامییەکان.

ب- کۆششکردن بۆ هێنانەکایەی یەکێتییەکی جیهانی بۆ ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لەژێر چەتری ڕابیتەدا، تا هەوڵەکانیان ڕێکبخات و هاوکاری لە نێوانیاندا دەستەبەر بکەن، بەو پێیە کە خوای گەورە فەرمانیداوە بە چاکەو خواناسی وەها کە خزمەت بە ئیسلام و موسڵمانان بکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴾ آل عمران: ١٠٣ ﴿ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴾ الأنفال: ٤٦

ج- دانانی بەڵێننامەیەك كە دامەزراوەكانی كاری خێرخوازی ئیسلامی لە جیهاندا لەسەری كۆببنەوە، هەوڵەكانیان ڕێكبخات و یارمەتیان بدات لە ڕاپەڕاندنی ئەركەكانیاندا، بۆ لابردنی تۆمەتە ناڕەواكانیش كە لە دژیان ئاراستە دەكرێن هەوڵی یەكبوونیان بدات.

د- هەوڵبدرێ یارمەتی كەمینە موسڵمانەكان بدرێ بۆ دەستخستنی مافە یاساییەكانیان كە كەمینەكانی تر لێیان سودمەندن، هەروەها ئەو دەوڵەتانە كە كەمینەی موسڵمانیان تێدایە دان بنێن بە ئیسلامدا، هاوكات هەوڵبدرێ دامەزراوەی ئیسلامی لە هەموو ئەو وڵاتانەدا دابمەزرێن كە نوێنەرایەتی موسڵمانان بكەن لەبەردەم لایەنە حكومی و كارگێڕییەكاندا، تا كاری موسڵمانان ئاسان بكرێ بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان و سود وەرگرتن لێیان وەك هەر كەمینەیەكی تر.

ە- هەوڵدان لای حكومەتەكان و ڕێكخراوە ئیسلامییەكان كە هاوكاری یەكتربن، لەپێناو دانانی كەناڵە ئیسلامییە ئاسمانییە جیهانییەكان كە بەرنامەكانیان بە زمانە جیاوازەكان پەخش بكەن، جوانییەكانی ئیسلام دەربخەن، ئاستی پێویستی مرۆڤایەتی پێی بخەنەڕوو، هەروەها بەشداربن لە چارەسەركردنی ئەو شاڵاوی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییە ستەمكارانەیە كە دەكرێنە سەر ئیسلام و موسڵمانان.

و- پێكهێنانی تیمێك لە زانایانی موسڵمان بۆ بینینی دامەزراوە و پەرلەمانەكان و حكومەتە خۆرئاواییە كاریگەرەكان، هەروەها وتووێژ لەگەڵ لیژنەكانی مافەكانی مرۆڤ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاكاری و ڕق دروستكردن لە نێوان خەڵكیدا، ئەوەش لە ڕێگای بەستنی دیدار لەگەڵ بەرپرسەكان یان نامەناردن بۆیان، تا شارەزابن بەو خێر و چاكەو ئاشتی و ئاسایشە كە ئیسلام پێشكەشی مرۆڤایەتی دەكات، هەروەها ڕوونكردنەوەی هەڵوێستی

ڕاستەقینەی ئیسلام لەمەڕ هەر شتێك كە لە دژی ئیسلام و موسڵمانان دەوروژێنرێ.

لە كۆتاییدا: پێویستە گەلانی ئیسلامی یەكبگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەكان، دەبێت بزانن كە مانەوەیان لە مانەوەی ئاینەكەیاندایە، ئیسلام نیعمەتێكەو دەبێت پارێزگاری لێبكرێ، نیعمەتێكە سوپاسگوزاری دەوێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ الحجرات: ١٧. ئەم زانایانەش كە لە خاكی فراوانی مەككەی پیرۆز لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی كۆبوونەتەوە، ئەم بەیاننامەیە پێشكەش بە تەواوی خەڵكی دەكەن، داوا لە جیهان و لە ڕێكخراوەكانی دەكات بە چاوی بەرپرسێتی بڕوانێتە ئەو ئەركانەی لەسەرشانیەتی، بەجۆرێ كە هەموو ئەو مەترسیانە دەورەی مرۆڤایەتیان داوە ڕیشەكێش بكات.

درود و سەلام و فەڕو بەرەكەت لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد و لەسەر خانەوادە و هەموو هاوەڵانی)).

لە مەككەی پیرۆز نوسراوە

## ٢- بەیاننامەی كۆتایی كۆنگرەی ئیسلامی جیهانی
## (ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر)
## كە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە ژێر چاودێری خزمەتكاری هەر دوو حەرەمی شەرەفمەند و پیرۆز پادشا سەلمان كوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود -خوا بیپارێزێ- ڕێكیخستووە
## مەككەی پیرۆز
## لە نێوان ڕۆژانی (٣-١٤٣٦/٥/٦ك بەرانبەر بە ٢٢-٢٠١٥/٢/٢٥ز)
## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درود و سەلام لەسەر كۆتا پێغەمبەری خوا، پێغەمبەرمان موحەممەد، وە لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی و شوێنكەوتووانی، پاشان:

به یارمەتی و تەوفیقی خوای گەورە، کۆنگرەی ئیسلامیی جیهانیی (ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر) کە لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی لە مەککەی پیرۆز لە نێوان ڕۆژانی (٣-١٤٣٦/٥/٦ك بەرانبەر بە ٢٢-٢٠١٥/٢/٢٥ز) گرێدرا، کۆتایی بە کارنامەکەی هێنا، کە بە چاودێری ڕێزدار و سەخاوەتمەند خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆز و شەرەفمەند، پادشا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود خوا بیپارێزێ بەڕێوەچوو.

کۆنگرەکە لەجیاتی خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆز و شەرەفمەند، لەلایەن خاوەن شکۆی پادشایەتی شازادە خالید کوڕی فەیصەل کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود، کە ڕاوێژکاری خزمەتکاری هەر دوو حەرمی پیرۆزە و ئەمیری ناوچەی مەککەی پیرۆزە کرایەوە، بەڕێزیان سوپاس و پێزانینی جەنابی خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆزی گەیاندە ڕابیتەو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵاو ئەمینداری گشتی ڕابیتە، لەسەر ئەو هەوڵانەی ڕابیتە کە دەیاندات بۆ هۆشیارکردنەوەی ئوممەت بە ئەرکەکانی بەرانبەر بە ئاینەکەی و نیشتمان و کێشەکانی، لە پووچەڵکردنەوەی گومان و شتە ناڕەواکان کە ئاراستەی ئیسلام و ژیار و پیرۆزییەکانی دەکرێ، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕەویی و زیادەڕەویی.

خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆز لە وتەکەیدا -کە کۆنگرە بە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی خۆی ئەژماری کرد- جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە زانایان و ڕۆشنبیران بوەستن بەڕووی بەڵای تیرۆردا، بە هەموو جۆرەکان و شێوەو دیمەنەکانییەوە، هەروەها جەختیکرد لەسەر بەردەوامبوون و لێبڕانی شانشینی لە بەرەنگاربوونەوەی میتۆدی تیرۆر و شوێنکەوتووانی، هەروەها لە پشتگیری و یارمەتیدانی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ لەناوبردنی.

بەڕێز شێخ عەبدولعەزیز کوڕی عەبدواللە ئال شێخ، موفتی گشتی شانشینی عەرەبی سعودیە و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕابیتە، لە وتەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە

ئیسلام بەوە ناسراوە هەڵگری ڕێبازی میانڕەویی و مامناوەندە، بەرییە لەو کردەوانە کە تیرۆریستان ئەنجامیان دەدەن، داوای لە ڕابیتە کرد هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی تیرۆر و توندڕەویی و زیادەڕەویی.

ئەمینداری گشتی ڕابیتە بەڕێز دکتۆر عەبدواللە کوڕی عەبدولموحسین تورکی، لە وتەکەیدا پەرۆشبوونی ڕابیتەی دووپاتکردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، هەروەها لە خستنەڕووی پووچەڵی و ساختەکارییەکەی، لە خستنەڕووی گومڕایی شوێنکەوتووانی، مەترسییەکانی تیرۆری لەسەر ئێستای ئوممەتی ئیسلامی و ئایندەی و لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهان ڕوونکردەوە.

ئیمامی گەورە بەڕێز شێخی ئەزهەر مامۆستا ئەحمەد تەیب، وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد، تیایدا دووپاتیکردەوە کە قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە پشکنین و دۆزینەوەی هۆکارەکانیەوە دەست پێدەکات، ئینجا داوای لە دامەزراوە فێرکاری و پەروەردەییەکان کرد بەشداربن لە ڕزگاربوون لە پشێوی کافرکردنی موسڵمانان و فاسیقکردنیان، لە حەڵاڵکردنی خوێنیان، بە باشەش وەسفی ئەزموونی شانشینی عەرەبی سعودیەی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

هاوڕای کۆنگرەکە پێشانگایەکی ناوازە کرایەوە، تیایدا دیارترین هەوڵەکانی شانشینی عەرەبی سعودیەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیادەڕەویی و تیرۆر خرایە بەرچاو، هەروەها هەوڵەکانی ڕابیتەو دامەزراوەکان و بەرنامەکانی لە بەگژاچوونەوەی تیرۆردا، هەروەها لە قووڵکردنەوەی کەلتوری دیالۆگ و پێکەوەژیان، ئەو پێشانگایە زۆر مایەی بەدڵاچوونی بەشداربووان بوو، سوپاسی ئەو لایەنانەیان کرد بەشداربوون تیایدا. هەروەها سوپاسی سەنتەری ئەمیر موحەممەد کوڕی نایفیان بۆ ئامۆژگاری و چاودێری کرد لەسەر هەوڵەکانی، ئینجا داوایان کرد کە ئەو پێشانگایە لە ناو سعودیەو لە دەرەوەشی پیشانبدرێ.

بەشداربووان لەناو دانیشتنەکانی کۆنگرەدا مشتومڕی ئەو توێژینەوەو کارنامانەیان کرد کە پێشکەش کرابوون، هەموا دووپاتیان کردەوە کە ئیسلام بەرییە لە تیرۆر،

ئەو تیرۆریستانەش گوایا بە ناوی ئیسلام و موسڵمانانەوە قسە دەکەن و پاساو بۆ کارە تیرۆریستییەکانیان دێننەوە، هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نییە، ئیسلامێك کە لەسەر میانڕەویی دادپەروەریی و چاکەکاریی و بەزەییهاتنەوە بە خەڵکیدا بەرپا بووە، دەقە ڕوون و ئاشکراکانی جەختدەکەن لەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەسەر چاودێری و لەبەرچاوگرتنی کەرامەتی مرۆیی، هەروەها پاراستنی پیرۆزی گیان و ڕۆحی کەسەکان و ناموس و ماڵ و موڵکیان. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَـٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْىِ ۚ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل: ٩٠. بەشداربووان مەسەلەی لکاندنی تۆمەتی تیرۆر بە ئوممەتی ئیسلام و بە ئاین و کەلتوریەوە بەوە دانا کە بێزێزییە بەرانبەر بە ئیسلام، ئەنجامی ئەو هەوڵانەش پەکدەخات کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە دەدرێن، هەروەها هەوڵی موسڵمانان لە هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی بۆ خزمەتکردن بە ئاسایش و سەقامگیری جیهانی.

کۆنگرە ناڕەزایی خۆی دەربڕی دەرهەق بەو تاوانانە کە ئیسرائیل دژ بە مافەکانی گەلی فەلەستین ئەنجامیان دەدات، داوا لە جیهانیش دەکات ڕێکارەکانی ئیسرائیل بۆ بە جولەکەکردنی قودسی پیرۆز ڕەتبکاتەوە، سنورێکیش بۆ ئەو کارانەی ئیسرائیل دابنێ، بەو پێیە کە جۆرێکە لە تیرۆر.

کۆنگرە هەوڵە نێودەوڵەتیەکانی بۆ ڕووبوونەوەی تیرۆر تاوتوێکرد، دەستخۆشی لە هەوڵەکانی شانشینی عەرەبی سعودیە و سەرکردایەتیە حەکیمەکەی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی و زیادەڕەویی، هەروەها لە هۆشیارکردنەوەی ئوممەت بە مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە، هەروەها هەوڵی سەروەر و بیوچانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە جیهانییە، هاوکات پەرۆشی سعودیە بۆ بەهێزکردنی سەقامگیری و ئاسایش لە جیهاندا.

کۆنگرە دووپاتیکردەوە کە سەرکەوتنی شانشینی سعودیە لەو ئەرکەدا پەیوەستە بە

پراکتیزەی شەریعەتی ئیسلامی هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە، سوربوونی سەرکردایەتیە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری هاولاتیان و ئەو خەڵکانەی تریش کە لەسەر خاکەکەی نیشتەجێن، هاوکات پەیوەندی پتەوی گەلەکەی لەگەڵ سەرکردایەتیدا، بەردەوامبوونیەتی لە بەهێزکردنی هاوکاری ئیسلامی، لە خزمەتکردنی هەر دوو حەرەمی پیرۆز و زیارەتکارانیان، هەروەها گرنگیدانی بە کێشەی موسڵمانان، پەرۆشبوونیەتی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریان.

کۆنگرە داوای لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کرد، لە پرۆسەی قەلاچۆکردنی تیرۆردا سود لە ئەزموونی شانشینی سعودیە وەربگرن، داوای هاوکاری زیاتری کرد لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا.

**کۆنگرە هەستا بە مشتومڕی چەمکی تیرۆر و هۆکار و جێکەوتەکانی، هەروەها ئەوەی کە پێویستە بکرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، دواجار گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

*** یەکەم: مشتومڕ لەسەر چەمکی تیرۆر:**

کۆنگرە چەمکی تیرۆری خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، مشتومڕی پێناسە زۆرەکانی کرد، جەختیکرد لەسەر زەرورەتی گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی بۆ پێناسەی تیرۆر، بە جۆرێ کە پێناسەیەکی گشتگیر و پڕمانا بێت، هەموو جۆرەکانی لەخۆ بگرێ، چەمکە ناڕوونەکان سنوردار و توندوتۆڵ بکات، ئەوەش بە مەبەستی ڕێگری لە هەر هەڵە یان لایەندارییەك.

دەرکەوت کە گشتگیرترین پێناسە بۆ تیرۆر، بریتییە لە پێناسەکەی کۆڕی فیقهی ئیسلامی لە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە خولی شازدەیەمی کە لە ڕۆژانی (٢١-١٤٢٢/١٠/٢٦ك) بەرانبەر بە (٥-٢٠٠٢/١/١٠ز) گرێدرا، پێناسەکەش ئەمەیە:

تیرۆر: بریتییە لە: دوژمنکاریی و دەستدرێژی کە کەسانی تاك یان گروپەکان یان دەوڵەتان بە ستەم پیادەی دەکەن و دەیکەنە سەر مرۆڤ -سەر ئاین و خوێن و ئەقڵ ماڵ و سامان و ناموسی-، تیرۆر هەموو جۆرەکانی ترساندن و ئازاردان و هەڕەشەو و

کوشتنێکی بە ناهەق دەگرێتەوە، هەروەها ئەوەش کە پەیوەندە بە جەردەیی و ترساندنی سەر ڕێگاو ڕێگرتن لە خەڵکی، هەر کردەوەیەك لە کردەوەکانی توندوتیژیی یان هەڕەشە دەگرێتەوە کە بۆ بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی تاوانکاری تاککەسی یان کۆمەڵیانە ڕوودەدەن و ئامانجیان بڵاوکردنەوەی تۆقاندن بێت لەناو خەڵکیدا، یان تۆقاندنیان بە ئازاردانیان یان ژیانیان بخەنە مەترسیەوە، یان ئازادیان زەوتبکەن، یان ئاسایشیان بشێوێنن، یان بارودۆخیان بخەنە مەترسیەوە، یەکێك لە جۆرەکانیشی زیانگەیاندنە بە ژینگە، یان بە یەکێك لە جومگەو دامەزراوەکان و ماڵ و موڵکی گشتی یان تایبەت، یان یەکێك لە بەروبوومە نیشتمانیی یان سروشتییەکان بکەونە مەترسیەوە،

*** دووەم: مشتومڕی هۆکارەکانی تیرۆر:**

کۆنگرە مشتومڕی هۆکارەکانی تیرۆری کرد، بۆی ڕوونبوویەوە کە فرەجۆر و فرە لقە و ئاڵاون بەیەکدا، گرنگترینیان لەسەر ئاستی جیهان بریتییە لە لایەنداریی لە ئاست کێشەکانی جیهانی ئیسلام، پێوان و کێشانەکە بە دوو شایەنە، هەروەها جێبەجێنەکردنی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەم لەسەر شانی گەلانی ژێردەستەو مەینەتبار، هەروەها ڕازیبوون یان بێدەنگبوون لە سیاسەتەکانی ستەم و برسیکردن و ئابڵۆقەدان و کاولکاریی و کوشتنی بێ لێپرسینەوەو بێ دادگاییکردن.

چەند هۆکارێکیش لە زۆرێك لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا یارمەتیدەر بوون لە گەشەکردنی ئەو دیاردەیە، لەوانەش:

**أ- هۆکاری ئاینی، لەوانەش:**

لادانی هزریی لە چەمکە شەرعییەکان و ئەو چەمکانەی تریش کە پەیوەندن پێیانەوە، وەك تێکۆشان (الجهاد)، کافرکردن، فەرمانڕەوایی، لایەنگریی و پەرگیریی، وڵاتی ئیسلام (وڵاتی جەنگ -کوفر-)، هەروەها ئەو ئەحکامانەی پەیوەندن پێیانەوە کە دەبێت بۆ حوکمدان تیایاندا پەناببرێتە بەر زانا شارەزاو شایستەو خواناسەکان.

*- زماندرێژی کەسە نەزان و قین لەدڵەکان بە لەکەدارکردن و قسەوتن بە زانا متمانەپێکراوەکان، هەروەها دەستگرتنیان بە کەسانی نیمچە خوێندەوار کە ببنە مەرجعی فیقهی ئاین و ببنە فەتوادەر، ئەوانەش هاتن فەتوایاندا بە حەلاڵکردنی خوێن و ماڵ و موڵکی بێتاوانان، بە دەرچوون و یاخیبوون لە فەرمانڕەواکان، ئەوەش بەبێ هیچ زانست و ڕێنماییەکی ڕوون یان ئایەتێکی قورئانی، لێرەوە خۆیان گومڕابوون و کەسانیتریشیان گومڕا کرد.

* هەڵکشانی دەمارگیریی تایفی، بە جۆرێ کە فوویکردە هەستەکانی ڕقلێبوونەوە، دوژمنایەتییە مێژووییەکانی وروژاند، موسڵمانانی ڕاکێشا بۆ فیتنەی مەترسیدار، هەروەها بووە هۆی پەرتبوونیان بۆ چەندین تاقمی ناکۆك بەیەك.

* بەشداربووان دووپاتیان کردەوە، ئەو بارودۆخەی بەسەر عیراق و سوریا و یەمەن و وڵاتانی تریشدا هات، کە بوونە گۆڕەپانی ئەنجامدانی تاوانی ڕۆژانە، دیارترین هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەت، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بە دەمارگیری تایفی لایەنگیرانە، کە هەوڵدەدات دەستەڵات و پێگەی خۆی لەسەر حیسابی پێکهاتە نیشتمانییەکانی تر بەهێز بکات.

* کەمتەرخەمی لە پراکتیزەی شەریعەت لە زۆرینەی زۆری دەوڵەتانی ئیسلامیدا، ئەمە لە کاتێکدا کە موسڵمانان بە شەوقەوە چاوەڕێی دەکەن، پەرۆشن بۆ حوکمپێکردنی، چونکە بەندایەتی بۆ خوای گەورە تیایدا دەستەبەر دەبێت، بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتەکانی خەڵکی فەراهەم دەبن، دادپەروەریی و بەزەیی و گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و چاکە لە کۆمەڵگادا بڵاوە دەکات.

* لاوازی لە گەیاندنی پەیامی مزگەوت و قوتابخانە لە پرۆسەی پەروەردەو چاکسازی و ڕەوشتدا.

**ب- هۆکاری کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و ئابووری، لەوانەش:**

* کەموکووڕی بەرنامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە جێبەجێکردنی

پێویستی کۆمەڵگاکان، بەرزبوونەوەی تێکڕای ئاستی بێکاریی و هەژاریی، نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە زۆرێك لە وڵاتانی موسڵمانانشیندا.

* شلگیریی و درەنگ بەدەمەوەهاتنی کۆمەڵگاکان لە هەڵسوکەوتی بەرپرسانە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییە خراپەکان، تەسلیمبوون بە کاریگەری ڕاگەیاندنی نەرێنی، کە بووە هۆی توندڕەویی لە هزر و لە ڕەئی و لە لادانی ڕەفتاریی.

* نواندنی شلگیریی لە زۆرێك لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بۆ پاراستنی مافەکان و پراکتیزەی دادپەروەریی لە دامەزراندن و لە دادوەریدا، کەمتەرخەمی لە ڕەخساندنی ژیانێکی ڕێزدار بۆ هەژاران و لاواز و بێبەشکراوان، هەروەها گرنگینەدان بە گرفت و داواکارییەکانیان.

* بڵاوبونەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، هەروەها لاوازی لێپرسینەوە، لەگەڵ پاشەکشەی چالاکی دامەزراوە حکومییەکان لە زۆرێك لە وڵاتە موسڵمانەکاندا، هەروەها شکستخواردنیان لە پلاندانان بۆ گەشەپێدانێکی درێژخایەن و بەردەوام، هاوکات کەمتەرخەمیان لە ڕووبوونەوەی گرفت و قەیرانەکان وەها کە بەرپرسێتی دەیخوازێ بە گرتنەبەری توندوتۆڵی و ئەمانەتپارێزی و دادگەریی.

* لاوازی کاریگەری خێزان لە پرۆسەی پەروەردەو ڕێنماییدان بە پەروەردە و گەورەکردنی باش، هەروەها لاوازی لە ڕەخساندنی کەشو هەوای دەروونی لەبار بۆ تاکەکان، کە ئەمانەش بەشداربوون لە هەڵوەشاندنی خێزان و سەرهەڵدانی توندوتیژی خێزانی.

## ج- هۆکاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، گرنگترینیان ئەمانەن:

* هێرش و زماندرێژی نارەوای ڕەوتە دژە ئاینییەکان بۆ سەر ئاین و حوکمە شەرعییەکانی لە مەسەلە نەگۆڕ و بەڵگەنەویستەکانی ئیسلام، گوێنەدان بە جێکەوتەکانی ئەو هێرشە بێسەروبەرە کە دەبێتە هۆی تورەکردنی مەترسیدار لای گشت موسڵمانان.

* سنوربەزاندن و زیادەڕەوی ڕاگەیاندنی جیهانی، خووگرتنی بە بێڕێزیکردن بە پێغەمبەران و بە پەیامەکیان و شوێنکەوتووانیان، هاوکات پاراستنی ئەو کەسانەی

بێڕێزی دەکەن لەلایەن یاسا نیشتمانییەکان لە سزادانی سەخت و بەرپەرچدەرەوە، ئەوەش بە پاساوی ئازادی ڕادەربڕین، کە ئەو کارە دەبێتە هۆی وروژاندنی حەزی تۆڵەسەندنەوە لای هەندێ لە کەسانی بەجۆش و خرۆش بە دوور لە گرتنەبەری شێوازی یاسایی و شەرعی.

* فریودان و خەڵەتاندنی زۆرێك لە گەنجان بە بیانووەکانی هزری توندڕەو، ئەوەش بەو هۆیەوە کە کەم زانستن و هزریان وشکە، هاوکات فیقهی ئاینداریان لاوازە، نەشارەزان بە نهێنی و ژێرینەکانی ئەو ڕووداوانە کە بە دەوریاندا ڕوودەدەن.

**سێیەم: مشتومڕی جێکەوتەکانی تیرۆر:**

کۆنگرە کردەوە تیرۆریستییەکان و جێکەوتە نەرێنییەکانی لەسەر ئیسلام و موسڵمانان، هەروەها لەسەر دامەزراوە بانگخوازی و زانستی و خێرخوازییەکانی لە جیهاندا خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، پێیوایە کە خراپترین و کاریگەرترینیان ئەمانەن:

* شێواندن و ناشیرینکردنی وێنەی ئیسلام لە جیهاندا، ڕەوجدان بەو دیمەنانە کە تیرۆر و توندوتیژی دەلکێنێ پێیەوە، پاساودان بە دوژمنانی کە ڕەوایەتی بە خۆیان بدەن بە خراپترین وەسف وەسفی بکەن، ئەمەش ڕێخۆشکەرە لەبەردەم ڕاگەیاندنی دوژمنکاردا تا درێژەبدات بە تانەدان لە ئاین و لە کەسە کاریزماکانی.

* گومان خستنەسەر شەریعەتی ئیسلام و گونجانی لەم سەردەمەدا لەلایەن هەندێك لە موسڵمانانەوە، هەروەها شاردنەوەی مەبەستەکانی، دوورکەوتنەوە لە ڕۆح و کرۆکی ئیسلام، ئەوەش لە ڕێگای نیشاندانی نمونەیەکی هەڵە لە جێبەجێکردنی هەندێ لە حوکمە شەرعییەکانی، ئینجا بیانوودان بەدەست ئەوانەوە خۆیان مەڵاسداوە تا ئاین ناشیرین بکەن و شلگیری تیدا بکەن.

* ڕەوینەوەی متمانە لای هەندێ لە ڕۆڵەی موسڵمانان بە ئاینەکەیان، بە بەهاو لێبوودەییەکەی، خۆلادان لە ڕاستییەکانی، لە کارکردن بە حوکمە شەرعییەکانی، ئەوەش بووە هۆی لاوازبوونی حەزی ئاینداریی تیایاندا، تا وای لێکردن ببنە نێچیری ڕەوتە

ڕوخێنەرەکان کە بۆشاییەکەیان وەك هەڵێك قۆستەوە، هەستی شانازیکردن بە ئیسلام و بە لایەنداریی بۆی تیایاندا لەق بوو و شەقی برد.

* لاوازکردنی متمانە بە مەرجەعیەتی ئیسلامیی کۆڕ و دەزگا فیقهییەکان و زانا شیاوەکانی، ئەمەش ڕەشۆی شلکرد بۆ کافرکردن و فاسیقکردن و بیدعەگەریی بەبێ زانست، هەروەها ڕەواجدان بەو چاوڕاوانە کە بە بیانووی درۆینانە زانایان لەکەدار دەکەن، فریوخواردن بە هێرشکردنە سەریان، ئینجا گۆڕینیان بەو کەسانە کە ئیدیعای زانست دەکەن و نیمچە زانان، ئەوانەی بەبێ زانست و قووڵداچوون فەتوا دەدەن، ئەوکات خۆیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن.

* کوشتنی موسڵمانان و پەیماندارەکان و کەسانی ئاشتیخواز و سڤیل بەوپەڕی دڕندەیی و قێزەونی، ئەمە بێئەوەی تاوانێکیان کردبێت یان ستەمێکیان ئەنجامدابێت، هەروەها نواندنی جەربەزەیی بۆ سەر پیرۆزییەکانی خوای گەورە، ئەوەش بەپێی کۆمەڵێ لێکدانەوەی نارەوا ئەگەری هەڵەوە.

* ئەنجامدانی خراپەکاریی لە زەویدا، تێکدانی باری ئاسایش، بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین و ئاژاوەنانەوە، دەرکردن و ئاوارەبوونی کەسانی بێتاوان و سڤیل و بێ زیان، وێرانکردنی ماڵ و موڵکەکان، دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەت، هەروەها ژێرخانی وڵاتان.

* لاوازکردنی هەڵوێستی موسڵمانان بۆ داوای بەدەستهێنانی مافەکانیان و سەرخستنی پرسە نێودەوڵەتییەکانیان، بەڵکو گۆڕینیان لە بازنەی قوربانیانی ستەم و لە هاوسۆزی جیهان لەگەڵیاندا بۆ بازنەی کەسانی تاوانبار و داواکراو، ئەوش لەدوای ئەوە تۆمەتی تیرۆر لکێنرا پێیانەوە.

* لاوازکردنی زۆرێك لە دەوڵەت و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، هەڕەشەکردن لە ئاسایش و لە یەکبوونیان، لەتکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان، بیانووودان بەدەست ئەوانەوە کە لە مەڵاسدان تا دەستوەربدەنە کاروباریان، بەشێوەیەك کە سەربەخۆییان بشێوێنێ، هێز

و تواناو بەروبوومیان داخورێنێ، ئاستەنگ دروستبکات لەبەردەم پلانی گەشەپێداندا، بێکاریی و هەژاریی و تاوان و گەندەڵیی و بەدڕەوشتی و هەڵوەشاندنی خێزان دێنێتە کایە، ڕێگری دەکات لە بونیاتنانی کۆمەڵگای مەعریفی و بەهاکان و ژیانی شەرەفمەندانە.

* هەڵگیرساندنی فیتنەی تایفی، زیندووکردنەوەی دوژمنایەتی لە نێوان موسڵماناندا، نوقمکردنیان لەناو ململانێدا کە کۆمەڵگاکانیان دەبات بەرەو شەڕ و ئاژاوە، دەوڵەتانی ئیسلامی لەت و پەت دەکەن و دەیانکەنە دەوڵەتی تایفی بچوك بچوك و نەژادی ناکۆك بەیەکتر، تا سەرقاڵبن بە ململانێی خۆیانەوەو دووربکەونەوە لە بەرژەوەندیيە باڵاکانی ئوممەت و پڕۆژە ژیاریەکەی.

* لاوازکردنی پەیوەندی نێوان کەمینە موسڵمانەکان و نێوان هاولاتیانی کۆمەڵگاکانیان، ئەویش بە هاندان و هێنان و بە دوژمنکردنی هێزە توندڕەوەکان بۆ سەریان، ڕەوایەتیدان بە دەستدرێژیان بۆ سەر مزگەوت و مەڵبەندەکانیان، هەروەها هێنانەکایەی یاسای نائاسایی و لەناکاو کە ئازادی ئاینیان کۆت و بەند دەکات، هاوکات دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی شارستانی و کەسێتییان.

* پەکخستنی کاروانی بانگخوازیی ئیسلامیی، پەرت و بڵاوکردنی هەوڵی بانگخوازان، دوورخستنەوەیان لە گرنگیدان بە مەسەلە لەپێشترینەکان، سەرقاڵکردنیان بە بەرگری لە ئیسلام و بە مافی موسڵمانان، هەروەها لاوازکردنی کاری خێرخوازی و فریاگوزاریی، لەقبوونی متمانە بە دامەزراوەکانی و بە تەنگهەڵچنین پێیان.

*** ڕاسپاردەکان:**

بۆ چارەسەری هۆکارەکان و نەهێشتی جێکەوتەکانی ئەو بەڵا ترسناکە، کۆنگرە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی دەرکرد:

**یەکەم: ئەو ڕاسپاردانە کە پەیوەندن بە دەوڵە ئیسلامییەکانەوە:**

١- کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام لە هەموو کاروبارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا، هەروەها گرتنەبەری هەنگاوی جیددی و گەرموگوڕ بۆ چاکسازییەکی

گشتگیرانە کە دادپەروەری دەستەبەر دەکات، ڕێز و کەرامەت بپارێزێ، ڕەچاوی مافەکان بکات، خواست و ئاواتەکانی گەلان بەجێبگەیەنێ، دەستکەوتەکان بپارێزێ.

٢- پشتبەستن و کارکردن بەو پێناسەیەی تیرۆر کە کۆڕی فیقهی ئیسلامی سەربە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە دانیشتنی شازدەیەمیدا دایڕشتووە کە لە سالّی (١٤٢٢ك/٢٠٠٢ز) گرێدراوە.

٣- دانانی پلانێکی ستراتیژی تەواو و کاملّ بۆ خۆپارێزی لە هەموو جۆرەکانی تیرۆر، سود وەرگرتن لە ئەزموونی شانشینی عەرەبی سعودیە لەوبارەیەوە، هاوکاریکردنی کۆمەلّگای نێودەولّەتی لە بواری قەلاچۆکردنی تیرۆردا، چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەرێمایەتیەکان، چاودێریکردنی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی، هەروەها پراکتیزەی پێوەرەکانی حوکمی ئەقلّگیر و کاملّ.

٤- بەهێزکردنی هاریکاری ئیسلامی، یارمەتیدانی دەولّەتە هەژارەکان، پشتگیریان بۆ بەجێگەیاندنی پلانە ئابووریەکانیان بۆ سنوردانان و بەرگرتن لە هەژاریی و بێکاری، بەو پێیە کە دەبنە هۆی تێکدانی ئارامی و سەقامگیری و هانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەدەن لەسەر قۆستنەوەو بەکارهێنانی باری خراپی گەنجان.

٥- دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوە کە پسپۆڕ بن لە قەلاچۆکردنی تیرۆردا، هەستن بەکۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کارە تیرۆریستییەکانەوە و شیکارکردنیان، ئینجا ئالّوگۆڕ پێکردنیان لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکاندا، ئەوانەش کە تۆمەتبارن بە تیرۆر بخرێنە ژێر لێکۆلّینەوەی زانستییانە بۆ گەیشتن بەو هۆکارە ڕاستەقینانە کە سەردەکێشن بۆ ئەو لادانە، ئینجا هەستن بە ڕۆلّی ئامۆژگاریکردن، ئەو سەنتەرانە ببنە مەرجەع و سەرچاوەی هەموو ئەو دەزگایانە کە لەو بوارەدا کاردەکەن، پشتگیری لەو سەنتەرانەش بکەن لەو بوارەدا کاردەکەن.

٦- پشتگیری و یارمەتیدانی دامەزراوە بانگخوازییەکان، بواریان بۆ بڕەخسێنرێ تا هەستن بە ئەرکی خۆیان لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان و بلاّوکردنەوەی میانڕەویی.

٧- پشتگیری لە هەوڵەکانی شانشینی عەرەبی سعودیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ دەرکردنی بڕیارێکی پابەندکار بە بەتاوان ناساندنی بێڕێزیکردن بە ئاینەکان و دەستدرێژیکردنە سەر کەسە کاریزماکانیان، چونکە ئەوە جێکەوتەی خراپی دەبێت لەسەر بڵاوبوونەوەی کەلتوری ڕق دروستکردن و ئاڵۆزبوونی پەیوەندی لە نێوان گەلاندا.

**دووەم: ئەو ڕاسپاردانە کە پەیوەندن بە دامەزراوە ئاینییەکان و بە زانایانەوە:**

١- بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی ڕاست و دروست کە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتەوە وەرگیرابن، ئەوەش هەر بەپێی تێگەیشتنی پێشینەی چاکەخواز لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و پێشەوایانی موسڵمانەوە، هاوکات بەهێزکردنی میتۆدی میانڕەویی و مامناوەندیی.

٢- پەرۆشبوون لەسەر فەراهەمهێنانی پێشەنگانی چاکەکار لە زانا خواناسەکان، هەروەها پارێزگاری لە پێگەی زانست و لە هەڵگرانی، بۆ هەستان بە ئامۆژگاری و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکانی ئاین.

٣- هەوڵی تەواوەتی بدرێ بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی هزریی بۆ ئوممەت، بۆ پاراستنی گەنجان لە کەوتنەناو داوی گومانەکان، هاوکات دانانی پلان کە زەمانەتی ئەو کارە دەکەن.

٤- گرانەوە لەسەر گەنجەکان لە ڕێگای دیالۆگەوە، دواندنیان دەربارەی گرفتەکانی ژیانی هاوچەرخ، بەشدارکردنیان لە چارەسەری پرسەکانی کۆمەڵگاکەیان، تا بگەنە بیرکردنەوەی ساغ و سەلیم، تا چەمکەکانی زانستی ڕاست و دروست لایان ڕاستبکرێنەوە، لە هەمانکاتیشدا وەڵامی گومانە گومڕاکار و هەواو هەوەسە پڕوکێنەرەکان بدرێنەوە.

٥- پشتگیری و یارمەتیدانی دامەزراوەکانی فتوادان لە ڕێگای ئەو زاناو موفتیانەوە کە مەرجەکانی شیاوی زانستی و شەرعیان تێدایە، ئینجا ڕێنماییدان بە خەڵکی کە فەتوا لە کێ وەربگرن.

٦- بەرەنگاربوونەوەی کارەساتەکان بە فیقهێکی هۆشیارانە کە دەقە شەرعییەکان و گۆڕانکارییەکانی واقیع ئاوێتە بکات، هەروەها چالاککردنی فەتوای دەستەجەمعی

لە مەسەلە گشتییەکاندا تا سنوریّك بۆ ئەو فەتوا تاك و نامۆیانە دابنریّ، دامەزراوە فیقهییەکان و زانا خواناسەکان بەهیّز بکریّن.

٧- هۆشیارکردنەوەی گەنجان بە حەقیقەتی تیّکۆشان و بە حوکمی شەرعی و دیسپلین و ئامانجە شەرعییەکانی، بۆیە ئەرکی سەرشانی دامەزراوە ئاینییەکانە ئەو چەمکە هەڵانە کە لەبارەی تیّکۆشانەوە دەوتریّن ڕاستبکریّنەوە، هەروەها دەربارەی زاراوە ئیسلامییەکانی تریش.

٨- بە مەزن ڕاگرتنی مەسەلە نەگۆڕەکان، پابەندبوون بە ئاکارەکانی ڕاجیایی و دیالۆگ، شلگیری نەکردن لە بەخشینەوەی کافرکردن و بیدعەگەریی و فاسیقکردن.

**سێیەم: ئەو ڕاسپاردانە کە پەیوەندن بە دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن:**

١- بڵاوکردنەوەی بەها ئیسلامییەکان، وەبەرهێنانی گەنجینەی کەلتوریی ئوممەت، دانانی ئەو بابەتانە لە بەرنامەکانی خوێندنا کە جەختدەکەن لەسەر لێبوردەیی و دادپەروەریی و ئاشتی، هەروەها قەدەغەکردنی ستەم، وەلانانی توندوتیژی، حەرامکردنی خوێنڕشتن.

٢- ڕێنماییدان بە ئەقڵگیریی لە بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردن وەها کە گونجاو بێت لەگەڵ بیروباوەڕی ئوممەت و مەسەلە نەگۆڕەکانی، هەروەها چارەسەرکردنی لاوازی دامەزراوە فێرکارییەکان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، بەهێزکردنی توانایان لەسەر خۆپاریزی لە هزری گومڕاکار، هەروەها نەهێشتنی لادانی ڕەفتاری و هزریی، گواستنەوەی مەعریفە بۆ ڕەفتاری کاریگەر لە کەسێتی تازەپێگەیشتوواندا.

٣- بەگەڕخستنی ڕاگەیاندنی نوێ و ئامڕازەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگادا -بە تایبەتی لاوان- لە مەترسییەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پێگانەدا کە هانی تیرۆر دەدەن و پارەی دەدەنێ و بە چوونەناو ڕیزەکانیەوە.

٤- پەرەدان بە شێوازەکانی ڕێنمایی لەو بەرنامە ڕاگەیاندنانەدا کە ئاراستەی گەنجان دەکرێ، بە جۆرێ کە شانازیان بە بەها ئیسلامییەکانەوە بەهێز ببێت و پابەندبن پێیانەوە.

٥- زۆرکردنی ئەو بەرنامانەی ڕاگەیاندن کە جەخت لە میانڕەوی ئیسلام دەکەن، کەلتوری لێبوردەیی و دیالۆگ بەهێز دەکەن و دەبنە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان، هاوکات کۆمەڵگا دەپارێزن لە سەرچاوەکانی ناکۆکی و فیتنەگێڕیی.

٦- پێداچوونەوەو بەدواداچوون بۆ بەرنامەکانی خوێندن لە جیهاندا، کە هەڵگری ناوەڕۆك و دەقی هەڵەن یان بە هەڵە باسی ئیسلام دەکەن، هەروەها کارکردن لەسەر ڕاستکردنەوەیان.

**چوارەم: ئەو ڕاسپاردانە کە پەیوەندن بە خێزان و کۆمەڵگاوە:**

١- بەهێزکردنی هۆشیاری خێزانیی، گەشەدان بە گیانی بەرپرسێتی لە نێوان دایباب و منداڵانیاندا، بۆ پاراستنی نەوەکان لە لادان و توندڕەویی.

٢- بەدواداچوون و چاودێری کوڕان و کچان لە جۆری پەیوەندییان بە هاوەڵانیانەوە، هەروەها لە بەکارهێنانی هونەرە پێشکەوتووەکانی پەیوەندییە نوێیەکان، ئاراستەکردنیان بەرەو ڕەفتاری ڕاست و دروست، بەشدارییان لەو هزر و پرس و گرفتانەدا کە سەرقاڵیان دەکەن.

٣- هاوکاریکردنی کۆمەڵگا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، قووڵکردنەوەی چەمکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، یەکخستنی هەوڵەکان لەو پێناوەدا، کە هەر مرۆڤێك لە کۆمەڵگاکەیدا و بەپێی توانای خۆی بەرپرسێتی لەسەرە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **((كلكم راع، وكلكم مسؤول عن رعيته.. والرجل راعٍ في أهله، وهو مسؤول عن رعيته، والمرأة راعية في بيت زوجها، وهي مسؤولة عن رعيتها))**.

٤- هەوڵەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە فەرمی و نافەرمییەکان یەکبخرێن و تەواوکەری یەکتربن، ئەوەش بە مەبەستی چەسپاندنی بەها مرۆییەکان و خۆپاریزی لە تیرۆر و قەڵاچۆکردنی، هەروەها هاوکاریکردنی پیاوانی ئاسایش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەڵایەدا.

**پێنجەم: ئەو ڕاسپاردانە کە پەیوەندن بە پەیامی ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی:**

١- گرێدانی دیداری هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پسپۆڕ و پەیوەندارەکان لە ئومەتی ئیسلامی، بە مەبەستی دانانی پلانی کردەیی بۆ بەرەنگاری هزری توندڕەو.

٢- پێکهێنانی شاندی زانایان و پسپۆڕان بۆ سەردانی دەوڵەتە زیانمەندەکان بەهۆی تیرۆرەوە، بینینی بەرپرسانیان، ئینجا ڕوونکردنەوەی دیدگای ئیسلام لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیەوە.

٣- هاوکاریکردنی زانکۆ ئیسلامییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە لە پێناو توندوتۆڵکردنی چەمکە ناڕوونەکان، هەروەها ڕەخساندنی ماددەی زانستی پتەو و قایم کە لەبەردەستی وتاربێژان و بانگخوازان و ئەو کەس و لایەنانەدا بێت کە بایەخ بە لاوان دەدەن.

٤- دامەزراندنی دەزگایەکی جیهانی بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر کە سەربە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامي بێت، هەستێت بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی تیرۆر، شیکاری پاڵنەر و هۆکارەکانی بکات، لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەبارەیەوە بڵاوبکاتەوە، ئینجا پێشنیاردان بە بەرنامە پراکتیکییەکان کە بەشدار دەبن لە خۆپارێزی لێی، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.

٥- گرێدانی دیدارێکی جیهانیی کە هەموو دامەزراوە ئاینی و هزریی و کەسایەتییە پسپۆڕەکان لەخۆ بگرێ، لە موسڵمانان و ناموسڵمانان، ئەوەش بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئیسلام لەسەر تیرۆر، هەروەها هەوڵی موسڵمانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی، هاوکات بۆ باسکردنی بوارەکانی هاوکاری لە نێوان موسڵمانان و ئەوانیتردا لەسەری.

٦- پێکهێنانی لیژنەیەك کە ئەمینداری گشتی ڕابیتە ئەندامەکانی هەڵیبژێرێ، بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە، ئینجا دەرهێنانی بەرنامەی کرداریی لە توێژینەوەو ڕاسپاردەکانی.

پاشان کۆنگرە (ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆزی) دەرکرد، کە پێنج نامەی لەخۆگرتووەو ئاراستەی سەرکردەکانی ئومەتی ئیسلام و زانایان و ڕاگەیەنکار و لاوانی

کردووە، هەروەها ئاراستەی تەواوی جیهانی کردووە، ئەوەش وەك ئەرکێکی سەرشانی بۆ ئامۆژگاری ئوممەت و نواندنی دڵسۆزی بۆی و بۆ مرۆڤایەتی، بەو هیوایە کە جیهان لەو واقیعە تاڵە دەربهێنرێ.

درود و سەلام و فەڕ و بەرەکەت لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد، وە لەسەر خانەوادەو تەواوی هاوەڵانی.

لە مەککەی پیرۆز نوسراوە

(١٤٣٦/٥/٦ك-٢٠١٥/٢/٢٥ز)

## ٣- ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆز کە لە کۆنگرەی ئیسلامیی جیهانیی دەرچووە (ئیسلام و قەڵاچۆکردنی تیرۆر)

## کە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی بە چاودێری خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆز و شکۆمەند پادشا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود -خوا بیپارێزێ- ڕێکیخستووە مەککەی پیرۆز

## لە نێوان ڕۆژانی (٢-٦/٥/١٤٣٦ك - بەرانبەر بە ٢٢-٢٥/٢/٢٠١٥ز) گرێدراوە

## بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و سەلام لەسەر پێغەمبەری ڕەوانەکراو بە بەزەیی بۆ جیهانیان، گەورەمان موحەممەد، وە لەسەر خانەوادەی و تەواوی هاوەڵانی، پاشان:

لە خاکی هاتنەخوارەوەی وەحی، چاوگی هەنگاونان و بڵاوبوونەوەی پەیامی ئیسلام، مەککەی پیرۆز، زانایانی ئوممەتی ئیسلامی و بیرمەندانی لە هەموو کیشوەرە جیا جیاکانی جیهانەوە، هاتن بەدەم بانگهێشتی ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی بۆ بەستنی کۆنگرەی جیهانیی (ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر)، کە بە چاودێری خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆز و شەرەفمەند، پادشا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود خوا بیپارێزێ گرێدرا

بۆ تاوتوێی تیرۆر، بۆ پێناسەکردنی تیرۆر، بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی، بۆ پاراستنی ئوممەت لە جێکەوتەکانی، بۆ بەرچاوڕوونی و بینینی ئەنجامەکانی لەدوای ئەوە کە مەسەلەکەی گەورە بوو، مەترسی زیاتر بوو، کە بووە هۆی شێواندنی وێنەی جوانی ئیسلام: وەك شەرع و وەك بەرنامەو ڕێباز، بەهۆیەوە زۆر خوێنی بێتاوان ڕژرا، ناکۆکی دابەشکردنە مەزهەبی و نەژادی و ئاینییەکانی قۆستەوە، دوژمنانیش هەلەکەیان قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر ئوممەتی موسلمان کە ناسنامەو یەکبوون و خێرو بێریان کرایە ئامانج.

لە بەرانبەر ئەو مەترسییە پڕوکێنەرەدا، زانایانی بەشداربووی کۆنگرە ئەم ڕاگەیەنراوەیان دەرکرد کە پێکدێت لە پێنج نامە، کۆنگرەش ئاراستەی دەکات بە سەرکردەکانی ئوممەتی ئیسلامی و زانایان و ڕاگەیاندن و گەنجانی، پاشانیش بە هەمووی جیهان: بە حکومەت و گەلانییەوە، ئەوەش وەك ئەرکی نواندنی دڵسۆزی و ئامۆژگاری پێیان، وەك ئامادەکردنی وەڵامێك بۆ لای خوای گەورە، وەك بەجێگەیاندنی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: (( **الدين نصيحة، قلنا: لمن يا رسول الله؟ قال: لله، ولكتابه، ولرسوله، ولأئمة المسلمين، وعامتهم** )).

*** نامەی یەکەم: بۆ سەرکردەکانی ئوممەت، تیایدا داوا دەکات:**

١- کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام، بۆ چاکسازی گشتگیر کە دادپەروەریی دەستەبەر دەکات، ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ دەپارێزێ، ڕەچاوی ماف و ئەرکەکان دەکات، دەچێت بەدەم خواست و هیوای گەلانەوە، هاوکات ژیانێکی شەرەفمەندانە دەستەبەر دەکات، پێویستییەکانی حوکمێکی کامڵ و ئەقڵگیر بەجێدەگەیەنێ.

٢- پارێزگاری لە یەکبوونی موسڵمانان، بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەوڵانە کە ئوممەتی ئیسلام پەرتەوازەو لەت دەکات لە ڕووی ئاینی و مەزهەبی و نەژادییەوە، بەهێزکردنی هاریکاری ئیسلامی بە هەموو دیمەن و شێوەکانیەوە.

٣- دەستگرتن بە هەموو هۆکارە ماددی و مەعنەویەکانەوە، بە باش بەکارهێنانی بەروبوومە مرۆیی و سروشتییەکان، بەهێزکردنی تەواوکاری لە نێوان دەوڵەتانی ئیسلامیدا.

٤ - پێداچوونەوە بە پرۆگرام و بەرنامە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و گوتاری ئاینیدا، بە شێوەیەك کە میتۆدی میانڕەویی و مامناوەند لەخۆ بگرن.

٥- چارەسەرکردنی ناکۆکی ناو کۆمەڵگا موسڵمانەکان بەپێی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها لەسەر ئەو ڕێبازە کە پێشینانی چاکەخوازی ئوممەت لەسەری بوون، دامەزراندنی دادگای دادپەروەریی ئیسلامی، بەدوورگرتنی ڕۆڵەکانی ئوممەت بە تەواوی جیاوازییە لایەندارییە ئاینی و مەزهەبیەکانیەوە لە فیتنەو شەڕ و کوشتار.

٦- دانانی ستراتیژێکی گشتگیر بۆ وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر، بۆ بەهێزکردنی متمانە لە نێوان ئوممەت و سەرکردەکانیدا، هەروەها بۆ سەرخستنی پرسە گشتییەکانی ئوممەت، بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵیی، بۆ دانانی سنورێك بۆ بێکاریی و هەژاریی، بۆ ڕەچاوکردنی مافەکانی هاولاتیبوون بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا.

٧- پشتگیری و یارمەتیدانی کەمینە موسڵمانەکان بۆ پارێزگاری لە ناسنامەی خۆیان، بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان، بۆ بەهێزکردنی توانایان تا بتوانن پەیامەکەیان بگەیەنن، هەروەها هەستان بە ئەرکەکانیان بەرانبەر بە کۆمەڵگاکانیان، لەمانەشدا پابەندبن بە ڕێبازی میانڕەویی لە تێگەیشتن و لە پیادەکردندا.

٨- بەهێزکردنی دامەزراوە ئاینی و دادوەریەکان، هەروەها پشتگیری لە پەیام و لە سەربەخۆبوونیان.

*** نامەی دووەم: بۆ زانایانی ئوممەت، تیایدا داوا دەکات:**

١- پارێزگاری بکەن لە ناسنامەی ئوممەتی موسڵمان بە تێگەیشتن و هۆشیارکردنەوەی، تا بتوانن ئەرکەکانی لە پاراستنی ئاییندا بەجێبگەیەنن، تا ببێتە ئامۆژکار بۆ جیهانیان، ببێتە شایەتی دادپەروەر لەسەر خەڵکی، تا هۆشیار بێت بە پەیامەکەی، تا بتوانن بە باشترین شێوە بەرەو پێش بچێت کە هیواخوازە بیگاتێ.

٢- دەستەبەرکردنی پێشەنگی چاکەکار، هەستان بە ئەرکی دڵسۆزی و ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئوممەت و سەرکردەکانی بە دانایی.

٣- ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان، پاراستنی ئوممەت لە شتە گوماناوییە گومڕاکەرەکان، لە بانگەوازە قین لەدەڵەکان، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی زانستی ڕاست و دروست کە هەڵقوڵاوی بنەماکانی ئیسلام بێت، بەپێی ڕێنمایی و ڕاستەڕێی پێشینانی ئوممەت و پێشەوایانی ئیسلام بێت، دوور لە هەر گۆڕین و زیادەڕۆییەك، لە هەر سیفەتێکی نارەواکاران، لە لێکدانەوەی نەزان و نەفامەکان.

٤- هاوکاری یەکتری لە سەرچاوەکانی کۆدەنگیدا، لە بەرزڕاگرتنی مەسەلە نەگۆڕەکان، کۆبوونەوە لەسەر پرسە هەمووەکییەکان، خۆ ڕازاندنەوە بە ئاکاری ڕاجیایی لە شوێنی خۆیدا، هۆشداریدان لە کافرکردن و فاسیقکردن و بیدەعەگەریی لە سەرچاوەکانی ئیجتیهادا، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئوممەت.

٥- بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوە شەرعییەکان لە مەسەلەی فەتوادانا، بەرەنگاربوونەوەی کارەساتە گشتییەکان بە فەتوای دەستەجەمعی، هۆشداریدان لە هەر فەتوایەکی نامۆ.

٦- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ لاوان، بەرتەسکردنەوەی بۆشایی نێوان زانایان و لاوان، فراوانکردنی بوارەکانی دیالۆگ لەگەڵیاندا، بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، هەروەها هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ڕێبازی میانڕەویی لە نێوانیاندا.

*** نامەی سێیەم: بۆ ڕاگەیاندنی جیهانی ئیسلامیی، تیایدا داوا دەکات :**

١- یەکبوونی ئاینی و نیشتمانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بەهێز بکرێ، هەروەها بەگژداچوونی هەر داوایەکی فیتنەگێڕیی و تایفەگەریی.

٢- چەسپاندنی ڕەوشت و بەها ئیسلامییەکان، وازهێنان لە پەخشکردنی بابەتە نەرێنییەکان کە بەریەککەوتن لەگەڵ ئاینی ئوممەت و مەسەلە نەگۆڕ و بەهاکانیدا دروستدەکات.

٣- کارکردن لەسەر ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، دڵنیابوون لێیان، گواستنەوەکەش ئامانجدار بێت، ڕێگرتن لە ڕەواجدان بە تیرۆر بە پەخشکردنی پەیامەکانی، هەروەها پەیبردن بە گرنگێتی پەیامی ڕاگەیاندن کە دەگات بە هەمووی جیهان.

٤- کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئوممەت، بە چوونەژێر بەرپرسێتی، بە بڵاونەکردنەوەی ڕا نامۆ و گومڕاکەرەکان، هەروەها بەگەڕخستنی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری حەرامکردنی خوێنڕشتن، بە مەترسییەکانی ستەمکاریی، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی شێواندن و ناشیرینکردنی ئیسلام و موسڵمانان.

*** نامەی چوارەم: بۆ لاوانی ئوممەت، تیایدا داوا دەکات:**

١- دەستبگرن بە قورئان و سوننەتەوە، بە پەیامی ڕێنمایی و هیدایەتی ئوممەت، دوورکەوتنەوە لە فیتنە، لە سەرچاوەکانی دووبەرەکی و ململانێ، خۆ بەدوورگرتن لە زیادەڕەویی و شلگیریی، بە مەزن ڕاگرتنی پیرۆزییەکان، بە خۆپاریزی لە خوێنڕێژی، هەروەها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە گەورەکانی ئوممەت.

٢- بڕواکردن بە زانا خواناسە زۆر شارەزاکان، بە گەڕانەوە بۆ لایان، بە دەستگرتن بەو حوکمە شەرعییانەی ئاینەوە کە ئەوان باش دەیانبینن، هەروەها خۆ بەدوورگرتن لەوانەی ئیدیعای بۆش دەکەن، لە فەتوادان لە پرسە باڵاکانی ئوممەتدا جەربەزەن.

٣- شارەزابوون و تێگەیشتن لە ئاین، بە قووڵکردنەوەی ئیمان، بە پابەندبوون بە شەرع، بە سەیرکردنی دەستەبەرکردنی مەبەستەکان، بە بەراوردکردن لە نێوان بەرژەوەندییەکان و خراپەکان، فریونەخواردن بە دروشمی بریقەدار کە هەندێ لایەن بەبێ بوونی بەڵگە لە قورئان و سوننەت بەرزیان دەکەنەوە.

٤- بە ئەقڵانیکردنی سۆز و جۆش و خرۆشەکان، بە تێڕوانین بۆ سەرئەنجامەکان، بە پێشخستنی مەسەلە لەپێشترینەکان، بە فیقهی واقیع، بە خۆڕازاندنەوە بە ئارامگرتن و لەسەرخۆیی لە چاکسازیدا، بە پلەبەندی لە گەیشتن بە ئامانجەکان، هاوکات ڕەچاوکردنی ڕێسا خواییەکان لە گۆڕانکاریەکاندا، هەروەها بە گرتنەبەری شێوازی ڕەوا لە هەموو ئەوانەدا، هەروەها وەرگرتنی وانەو پەند لە ئەزموونە ڕابردووەکان.

*** نامەی پێنجەم: ئاگادارکردنی جیهان و دامەزراوە و گەلانی بەم مەسەلانەی خوارەوە:**

١- گومانی تێدا نییە کە توندڕەویی دیاردەیەکی جیهانییە، تیرۆر نە ئاینی هەیەو نە نیشتمان، تۆمەتبارکردنی ئیسلام بە توندڕەویی ستەمە و بوختانە، دەقە گومانبڕەکانی قورئانی پیرۆز کە بە بەزیی دابەزێنراونەتە سەر جیهان ئەو تۆمەتە پووچەڵ دەکەنەوە، هەروەها دەقەکانی قورئان لە بەگژاچوونەوەی ستەمکاریی بە هەموو دیمەن و شێوەکانیەوە ڕوون و ئاشکران.

٢- حاشاهەڵنەگرە کە توندڕەویی نائاینی گرنگترین هۆکارەکانی تیرۆرە، چونکە توندڕەویی دژ بەرهەمدێنێ.

٣- بەدڵنیایی کە بەها مرۆییەکان هاوبەشێکی سروشتین لە نێوان هەمووواندا، قوبوڵی ساختەکاریی و پووچەڵکردنەوە ناکەن بە جۆرێ کە خاڵیبکرێنەوە لە ناوەڕۆکیان.

٤- لە ڕاستیدا بەگژاچوونەوەی تیرۆر و توندڕەویی ئاینی بەوە نابێت دژایەتی ئیسلام بکرێ، ڕەواج بدرێ بە ئیسلام فۆبیا، بەڵکو بە هاوکاری دەبێت لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان و زانایان و دامەزراوەکانیدا.

٥- بێگومان ئازادی بە دیسپلینەکانی خۆی بەهایەکە ئیسلام پێگەی بەرزکردووەتەوە، بەستوویەتیەوە بە بەهای بەرپرسێتیەوە، کەواتە نابێت بکرێتە ڕەوایەتی بۆ بێڕێزیکردن بەوانیتر، تانەدان لە کەسە کاریزماکان و پیرۆزییە ئاینییەکان.

٦- ئێمە هەموومان لە یەك جیهاندا دەژین، کۆمەڵگاکانمان پێکەوە تیایدا دەژین، هەر شتێك لە هەر لایەکییەوە ڕوو‌بدات کاریگەری لەسەر هەمووانە، ئەمەش ئەوە دەسەپێنێ بەسەرماندا کە هاوبەش بین لە بونیاتنانی ژیاری مرۆڤایەتیدا، هەروەها هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکانمان.

٧- مەعلومە کە بەیەکگەیشتن و دیالۆگ لە نێوان خەڵکیدا بۆ دەستەرکردنی یەکترناسین زەرورەتێکی مرۆییە، بێئەوەی لایەنێك بالادەست بێت و لایەنێکیتر بتاوێتەوە.

٨- بەدڵنیایی کە لێبوردەیی لە نێوان گەلاندا، لەسەر ئەو شتە خراپ و هەڵانە کە لە ماوەیەکی مێژووییدا ڕوویانداوە، خواستێکی زەرورییە، بێئەوەی کەمتەرخەمی بکرێ لە بەجێگەیاندنی مافەکان، بێئەوەی پەندو وانە ئەرێنییەکان لەبیربرێنەوە!

٩- بەرپا کردنی دادپەروەریی لە سایەی یەك پێوەر و پێوانەی پایەداردا جێبەجێ دەبێت.

کەواتە با لە هاوبەشی ژیاری مرۆییدا هاوکاری یەکتربین، با دووربکەوینەوە لەوەی هەندێکمان بێڕێزی بە هەندێکیترمان بکەین، با ئەو دوژمنکاری و ستەم و داگیرکاری و هەژموونە کە ڕوویداوە تێپەڕێنین و لەوە گەورەتر بین، با ئەو مافانەی کە زەوتکراون بیانگێڕینەوە بۆ خاوەنەکانیان، با لە ئاستی ئەو ڕێز و شەرەف و کەرامەتە مرۆییەدا بین کە خوای گەورە -پەروەردگاری جیهانیان- پێیبەخشیوین.

با پێکەوە سەرنجبدەینە ئەم فەرموودانەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ﴾ الحجرات: ١٣. ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ﴾ آل عمران: ٦٤.

درود و سەلام و فەڕو بەرەکەت لەسەر گەورەو پێغەمبەرمان موحەممەد، وە لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی.

لە مەککەی پیرۆز لە کۆنگری ئیسلامیی جیهانیی دەرچووە

(ئیسلام و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر)

(١٤٣٦/٥/٦ك - ٢٠١٥/٢/٢٥ز)

## گشتگیری بەیاننامەکان

لە ڕاستیدا ئەو بەیاننامانە کە لە کۆڕی فیقهی ئیسلامی سەربە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی دەرچوون، کۆمەڵێك چارەسەری گشتگیریان بۆ لەناوبردنی تیرۆر تێدایە، هۆکارەکان و سەرەداوە ناڕوونەکانی بە ڕوونی دەخەنەڕوو، نامەی کردەیی و واقیعی ئاراستەی کاربەدەستانی فەرمانڕەوا دەکات، هەروەها ئاراستەی گەنجان و کۆمەڵگاو ئوممەت، لە هەمانکاتدا ئاراستەی هەمووی جیهانی دەکات کە تیرۆر هیچ ئاینێکی نییە، بەڵکو مەترسییە لەسەر هەمووان لەناو هەموو کۆمەڵگا ئاینی و نائاینییەکاندا، لەبەرئەوە نامەوێت ئەوەی تیایاندا هاتووە دووبارەی بکەمەوە، بەڵکو تەنها باسی ڕاسپاردەکان دەکەم، -بەپێی پێویستیش هەندێ باس زیادکراوە-، ئەوانیش ئەمانەن:

١- پێویستە هەموو هۆکارە فرە جۆرەکانی تیرۆر کە لە توێژینەوەکەدا باسکراون لەناوببرێن.

٢- داوا لە ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی بکرێ هەوڵبدات لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەیەکی پڕمانا بۆ هەموو شێوەکانی تیرۆر لەناو جیهانی ئیسلامی و لە دەرەوەی دابنرێ، ئەو پێناسەیە ڕێگربێت لەوەی بزافە ئیسلامییەکان کە دەچنەوە بەگژ داگیرکار و کۆلۆنیالیزمدا بخرێنە ناوییەوە، ئەوەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان.

٣- پلانێکی ستراتیژی دابنرێ بۆ خۆپاریزی لە تیرۆر بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەو پلانە پشت ببەستێ بە بونیاتنانی مرۆڤ لەسەر ڕێبازی میانڕەو و پەروەردەکردنی لەسەر هزری مامناوەند، هاوکات چاندنی بەهاکانی میانڕەویی و بەزەیی لە دڵ و دەروونی تاك و کۆمەڵگادا.

٤- هزری میانڕەویی و مامناوەند بخرێتە ناو هەموو قۆناغەکانی خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ، قوتابیان فێربکرێن لەسەری.

٥- یارمەتیدانی سەنتەرەکانی توێژینەوە پسپۆڕیەکان کە لە بواری هزری میانڕەودا کاردەکەن، هەروەها لە قەڵاچۆکردنی تیرۆردا، هاوکات دامەزراندنی سەنتەری نوێ لەو وڵاتانەدا ئەو سەنتەرانەی تێدا نییە.

٦- بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی ڕاست و دروست کە پشت بە دەقەکانی قورئان و سوننەت ببەستێ، ئەوەش بەپێی بەرنامەی زانا متمانەپێکراوەکان، ئەوانەی کە بەدرێژایی مێژوو و سەردەمەکان متمانەی ئوممەتیان بەدەستهێناوە.

٧- یارمەتیدانی دامەزراوە بانگخوازییەکان، بۆ نوێکردنەوەی گوتاری بانگخوازیی و هۆکار و شێواز و بەرنامەکانی، بەجۆرێ کە میتۆدی میانڕەو و مامناوەند جێبەجێ بکات.

٨- جەختکردن لەسەر ئەوە کە زانایانی بانگخواز بە زانست و بە ڕەفتاریان ببنە پێشەنگێکی چاك بۆ لاوان.

٩- کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی بانگخوازیی و بانگخوازان لەنێو لاواندا، ئەوەش لە ڕێگای نوێکردنەوە لە میتۆد و شێوازدا.

١٠- هۆشیارکردنەوەی لاوان بە حەقیقەتی تێکۆشان و بە ئەحکام و دیسپلین و مەبەستە شەرعییەکانی، بە دەستەبەرکردنی چەمکی لایەنگیریی و پەڕگیریی، هەروەها بە حەقیقەتی حوکمکردن بەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە، وە چەندین زاراوەی تریش کە دەمەقاڵە لەبارەیانەوە دەوروژێنرێ.

١١- هۆشیارکردنەوە بە مەترسی کافرکردن، بە زەرورەتی پابەندبوون بە ئاکارەکانی ڕاجیاوازی و دیالۆگ، بە مامەڵەو هاوکاری یەکتری لەسەر چاکە.

١٢- بە ئەقڵانیکردنی بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردن، بە شێوەیەك کە گونجاوبن لەگەڵ میتۆدی میانڕەویی و مامناوەندا، هەروەها پێداچوونەوە پیایاندا و لابردنی ئەو ناوەڕۆکانە کە هەڵەن.

١٣- بەگەڕخستنی ڕاگەیاندن و هەموو ئامرازەکانی بۆ خزمەتی ئوممەت، بۆ دەستەبەرکردنی میتۆدی میانڕەویی و مامناوەند، هاوکات ئابڕوبردنی بەرنامەو پرۆگرامە دژەکان یان توندڕەوەکان، ئینجا چڕکردنەوەی بەرنامەکانی ڕاگەیاندن ئەوانەی کە ئاراستەی لاوان دەکرێن، بە هۆشیارکردنەوەیان بەو مەترسییە پڕوکێنەرانە بەرۆکیان بە ئوممەت گرتووە، هەروەها مەترسییەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ پێگە بێئابڕووەکان یان توندڕەوەکاندا.

١٤- کۆمەڵگا و دامەزراوە جەماوەرییەکان ببنە هاوکاری دەوڵەت و دامەزراوە فەرمییەکان و ئامرازەکانی، بە جۆرێ تەواوکاری یەکتربن لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی لاوان، هاوکات قووڵکردنەوەی چەمکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، چەسپاندنی بەها مرۆیی و ئاینییەکان، هەروەها پێکەوەژیانی ئاشتییانەو هاوکاری و میانڕەویی بۆ بەجێگەیاندنی چاکە بۆ هەمووان.

## سێیەم
## بەیاننامەی کۆڕبەندی جیهانیی بۆ میانڕەویی

لێرەشدا بەیاننامەی کۆتایی و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی نێودەوڵەتی (ڕۆڵی میانڕەویی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و دەستەبەرکردنی سەقامگیری و ئاشتی جیهانیی) دەخەینەڕوو، کە لە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە (١٤-١٥/٣/٢٠١٥ز) لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری شاهانە لە عەممان لە شانشینی ئوردنی هاشمی گرێدرا.

لە چوار چێوەی پەیامی کۆڕبەندی جیهانیی بۆ میانڕەویی و بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی کە لەپێناویدا دامەزراوە، ئەویش ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی ئیسلامە کە لەسەر میانڕەویی و مامناوەندیی و بەزەیی بەرپابووە، ڕێکخستنی ئەم کۆنگرە نێودەوڵەتییە دێت کە لە ڕۆژانی (١٤-١٥/٣/٢٠١٥ز) لە عەممان -شانشینی ئوردنی هاشمی- بەڕێوەچوو، تیایدا گرنگیدا بە باسی میانڕەویی و ڕۆڵی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و لە بەجێگەیاندنی سەقامگیریی و ئاشتی جیهانیی، هەروەها پەرۆشی خۆی دەربڕی بە خستنەڕووی مەترسی توندڕەویی و توندوتیژیی و تیرۆر، کە وزەو تواناکانی جیهانی ئیسلامیی دادەخورێنێ و لەباریان دەبات، هەروەها خستنەڕووی حەقیقەتی ئیسلام و دادگەری و بەزەییەکەی لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ئوممەت، بە هەموو ئاین و مەزهەبە جیاوازەکانیەوە وەك ڕێزگرتنێك لە کەرامەتی خودی مرۆڤ.

**کۆڕبەند لە کۆتاییدا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی دەرکرد:**

١- بەشداربووانی کۆنگرە دووپاتی دەکەن کە زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر، هەر هەموویان هەڕەشەی بەردەوام پێکدێنن بۆ ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی لە هەموو وڵاتان و لەنێو گەلاندا، بۆیە پێویستە نارەزایی لە دژیان ڕابگەیەنرێ، ڕیسوابکرێن و هەمووان بە شێوەیەکی دەستەجەمعی بوەستن بەڕوویاندا، ئەوەش لە ڕێگای دانانی ستراتیژێکی گشتگیر و کاراو یەکدەنگ و بە هەوڵی نێودەوڵەتی ڕێکوپێك، بە جۆرێ ئەنجومەنێکی دادوەری سەرپەرشتی بکات کە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی دیاری دەکرێ.

٢- بەشداربووانی کۆنگرە کۆدەنگن کە تیرۆر مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات و ناهێڵێ تاك سودمەند بێت لێیان، چونکە توندڕەویی ئاینێکی دیاریکراو یان ڕەگەزنامە یان ڕەگەز یان ناوچەیەکی دیاریکراوی نییە، بۆیە پێویستە جەختبکرێ لەوەی هەر هەوڵێك کە دەدرێ بۆ بەستنەوەی توندڕەویی توندوتیژیی و تیرۆر بە هەر ئاینێکەوە کارێکە لە ڕاستیدا دەبێتە یارمەتیدەری تیرۆریستان بۆ گەیشتن بە ئامانجە گومانلێکراوەکانیان.

٣- کۆنگرە دەستخۆشی لە بانگەوازی عەممان دەکات کە بەڕێز پێشەوا صادق ئەلمەهدی بە بۆنەی بەستنی ئەم کۆنگرەیەوە ڕایگەیاند، کە توندڕەویی ڕیسوا دەکات و هانی ئوممەت دەدات بۆ یەکبوون و دەستگرتن بە پرەنسیپەکانی میانڕەویەوە.

٤- کۆنگرە ڕێز و پێزانین و سوپاسی خۆی بۆ ئەو هەوڵانە تۆمار دەکات کە دراون و دەدرێن بۆ بەگژاچوونەوەی تیرۆر، وەك دەستپێشخەری عەرەبی و ئیسلامیی، هەروەها دەستپێشخەری خزمەتکاری هەر دوو حەرەمی پیرۆز پادشا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز لە ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆزدا، هەروەها هەوڵی وتەی چوونیەك و یەکسان، هەروەها هەفتەی تەبایی لە نێوان ئاینەکاندا.

٥- کۆنگرە حکومەتە عەرەبی و ئیسلامییەکان ڕادەسپێرێ کە گرنگی بدەن بە لاوان و بە توێژە هەژار و فەرامۆشکراوەکان، کاربکەن لەسەر پراکتیزەی کارا بۆ فەرزی زەکات - کە سێیەمین پایەیە لە ئیسلامدا-، ئەوەش لە ڕێگای سیاسەتێکی نیشتمانییەوە بۆ بەگەڕخستن و شیاندن و بونیاتنانی بەردەوام، هەروەها بەگژاچوونەوەی نەخوێندەواری و هەژاریی و نەزانیی، بە بڵاوکردنەوەی بەهاکان و ڕەوشتە چاکەکان، تا ببنە قەڵایەکی پارێزەر لە دژی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر.

٦- کۆنگرە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی وڵاتانی ئیسلامیی ڕادەسپێرێ بە دانانی ئەو چەمکە فێرکاریانە کە تایبەتن بە بەگژاچوونەوەی تیرۆر لە بەرنامەکانی خوێندندا، هەروەها گرنگیدان بە خوێندنی پەروەردەی ئیسلامی، بە چەسپاندنی لایەنگری نیشتمانی لای نەوەی تازە پێگەیشتوو هەر لە سەرەتای منداڵییەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی کەلتوری میانڕەویی و مامناوەندیی و دیالۆگ و ئاکاری ڕاجیاوازی و قوبووڵکردنی ئەویتر، هەروەها ڕاستکردنەوەی چەمکەکانی کافرکردن و تێکۆشان و لایەنگیریی و پەڕگیری لای قوتابیان، بە ڕوونکردنەوەی ماف و ئەرکەکانی کاربەدەستان و زانایان، بە ڕەتدانەوەی هزرە لادەرەکان کە تاقمە گومڕاکان دەیانوروژێنن، هەموو ئەمانەش لە ڕێگای پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن و چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل ئەنجام دەدرێن.

٧- بەشداربووانی کۆنگرە خەم و بێزاریی قووڵیان دەربڕی لە بەرانبەر گەشەکردنی دەمارگیریی و چەوساندنەوەی موسڵمانان، کە بووەتە هۆی هەڵکشانی ڕەوتی ئیسلام فۆبیا، ئەوەش دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافانە کە تایبەتن بە موسڵمانان و بە کەرامەتیانەوە، چونکە ئەوە تیرۆری دژ بەرهەمدێنێ، بۆیە ئەرکی سەرشانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی پەیوەندی هاوچەرخ و بەڕێزان باڵوێزانی بیانی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی و باڵوێزانی دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکانە لە دەرەوە، هەوڵی ڕاستەقینە بدەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کە

تیرۆر و ئاین تێکەڵ بەیەك نەکرێن، هەروەها ئەو تیرۆریستانەو ئیسلام وەك ئاینێك تێکەڵ نەکرێن.

٨- کۆنگرە بە پەرۆشەوە داوا لە دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکان دەکات، ئیسلام بە جوانی وەك حەقیقەتی خۆی بناسن، بەو پێیە کە ئاینێکی ئاسمانی جیهانییە، بەهاکانی بەزەیی و خۆشەویستی و ئاشتی و دادپەروەریی و ئازادی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەویتر لە کرۆکیدایە، هەروەها بە دوورکەوتنەوە لە شێواندن و ناشیرینکردنی وێنەی ئیسلام، هەر جۆرە بێڕێزیەکیش کە بەرانبەر بە ئیسلام و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکرێ ڕەتیبکەنەوە.

٩- کۆنگرە دووپاتیدەکات کە تیرۆر، کاری تیرۆریستی هەر تاك و کۆمەڵ و گروپ و دەوڵەتێك دەگرێتەوە کە ئەنجامی دەدەن، هاوکات ئاگاداری دەدات کە بەرگری ڕەوا دژ بە داگیرکار و هێرشی دەرەکی بە شێوازە شەرعییەکان کارێکی ڕەوایەو ناچێتەناو ئەو باسەوە پێیدەوترێ تیرۆر.

١٠- بەشداربووانی کۆنگرە جەختدەکەن کە پێویستە بە شێوەیەکی قووڵ پشکنین بۆ هۆکارە هزری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکان بکرێ، ئەوانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی و توندڕەویی و تیرۆر، ئەوەش لە پێناو چارەسەرکردنی، تا مەسەلەکە تەنها لە سنوری ناڕەزایی دەربڕین یان قسەکردن لەسەر جێکەوتە و ئەنجامەکانی نەوەستێ.

١١- بەشداربووانی کۆنگرە ڕاسپاردە دەدەن بە پشتگیری و یارمەتیدانی هەوڵەکانی چاکسازی نیشتمانی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە دەدرێن، ئەوەش بە ئامانجی فراوانکردنی بازنەی بەشداری سیاسی و فرەیی، هەروەها جێبەجێکردنی گەشەپێدانی درێژخایەن و بەردەوام، بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تا هەموان بەرەنگاری ئەو بارودۆخانە ببنەوە کە توندوتیژیی و توندڕەویی و تیرۆر بەهێز دەکەن.

١٢- کۆنگرە داوا لە دامەزراوە ئاینییە ئیسلامییەکان دەکات، ڕۆڵی خۆیان لە بەگژاچوونەی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆردا کارا بکەن، هەروەها کاربکەن لەسەر خستنەڕووی وێنەی لێبووردەیی ئیسلام کە داوای خۆشویستن و پێکەوەژیانی هاوبەش دەکات، پێویستە ئەو دامەزراوانەو دەزگاکانی فەتوادان بێلایەن بن لە بەکارهێنانی سیاسی و ململانێ سیاسییەکان تا ببنە ئامرازی کۆکەرەوەی ئوممەت.

١٣- کۆنگرە جەختدەکات لەسەر ڕۆڵی خێزانی موسڵمان و لە بەرپرسێتی ئافرەت بە تایبەتی لە پەروەردەی ڕۆڵەکانیان، هەروەها ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە پەروەردەی منداڵانیان لەسەر کەلتوری دیالۆگ و قوبووڵکردنی ئەویکیتر، ڕێنماییکردن و هۆشداریدان پێیان لە هاوەڵێتی خراپ، کۆنگرە بە پەرۆشەوە داوا لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەکات هەرچی پێویستە لە ڕێکاری هونەری بیگرنەبەر بۆ پاراستنی نەوەکان لەو شتانە کە هۆکارە ڕاگەیاندنە هاوچەرخەکان بڵاویدەکەنەوە.

١٤- بەشداربووانی کۆنگرە ڕاسپاردە دەدەن بە گرێدانی دیداری یەکتربینینی ڕێکوپێك و هەماهەنگ لە نێوان لایەنە پسپۆڕەکانی ئوممەتی ئیسلامی، ئەوەش بە مەبەستی دانانی پلانی پراکتیکی کە بەرەنگاری هزری لادەر ببێتەوە، ئینجا چەندین شاند لە زانایان و پسپۆڕان پێکبهێنرێن بۆ سەردانی ئەو دەوڵەتانە بەهۆی تیرۆرەوە زیانیان بەرکەوتووە، بە بینینی بەرپرسانیان، هەروەها باسی دیدی ئیسلامیان بۆ بکرێ دەربارەی چارەسەری ئەو دیاردەیە، لەگەڵ گرنگیدان بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆ ئیسلامییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە، لەپێناو دەستنیشانکردنی چەمکە ناڕوونەکان و هەڵوەشاندنیان و قەناعەتکردن بە لاوان، ئەوەش لە ڕێگای بنەمادۆزیی شەرعی قەناعەتپێکەرەوە دەبێت.

١٥- بەشداربووانی کۆنگرە داوا لە دامەزراوە میدیاییە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکات، ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی دوانگە میدیاییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان ببنەوە، واتە ئەوانەی کە هەڵدەستن بە پەخشکردنی ئەو پەیامانە هانی توندڕەویی و ڕقلێبوونەوە دەدەن، هاوکات میانڕەویی ئیسلام ناشیرین دەکەن، ئەو دامەزراوانە هەستن بە پێدانی

جێگرەوەی باش پێیان لەسەر ئاستی جیهان تا ئەقڵی مرۆیی بدوێنن بە تایبەتی خۆرئاوایی و ئاسیایی و ئەفەریقی و حەقیقەتی ئیسلامیان بۆ ڕوونبکەنەوە.

١٦- کۆنگرە ڕاسپاردە دەدات بە دەربڕینی نارەزایی و ڕیسواکردنی ئەو دەستدرێژییە تیرۆریستییانە کە دەسەڵاتی داگیرکاری زایۆنیزم لە خاکی فەلەستیندا ئەنجامی دەدات، بە تایبەتی لە قودسی پیرۆز، کە مرۆڤی فەلەستینی موسڵمان و مەسیحی چوونیەك بە ئامانج دەگرێ، هەروەها مزگەوت و کەنیسەکان بە تایبەتی مزگەوتی ئەقصا کە خوای گەورە پیرۆزی کردووە دەکەنە ئامانج، بەشداربووان بە پەرۆشەوە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەن بە شێوەیەکی کاراو بە بەرپرسێتی بێتەناو ئەو پرسە تا سنورێك بۆ ئەو دەستدرێژییە تاوانکارییانە دابنرێ، ئەنجامدەرانیان بدرێنە هەردوو دادگای دادگەریی و دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، بەو پێیە کە ئەو دەستدرێژییانە هۆکارێکی گرنگن لە هۆکارەکانی گڕگرتنی ناوچەکەو فوو دەکات بە توندڕەویی تیایدا.

١٧- کۆنگرە جەختدەکات کە ئیسلام دان دەنێ بە فرەیی و فرەجۆری و ڕاجیایی لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئەمەش یەکێکە لە ڕێسا گەردوونییەکان، هەروەها داوای هاوکاری و پێکەوەژیان دەکات لە نێوان ئوممەتان و و قوبوولکردنی یەکتری، بەشداربووان جەختدەکەن کە موسڵمانان و مەسیحییەکان لە خۆرهەڵات برای یەکن، پێکەوە سەربە یەك ژیارن و یەك ئوممەتی ئیمانین.

١٨- کۆنگرە دووپاتیدەکات کە ئەرکی دەوڵەتان و حکومەت و ڕژێمەکانە کاربکەن لەسەر پشتگیری و یارمەتیدانی ماددی و مەعنەوی دامەزراوە هزری و کەلتورییەکان کە میتۆدی میانڕەویی لە جیهاندا بڵاودەکەنەوە، تا بەردەوامبن لە گەیاندنی پەیامەکەی، هەروەها زەرورەتی پاراستنی بێلایەنی کاری ئەو دمەزراوانە لە ململانێ سیاسی و حزبییەکان، تا ببێتە ئامرازی کۆکەرەوەی ڕۆڵەکانی ئوممەت.

١٩- کۆنگرە ڕاسپاردە دەدات بەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە کە ئەرکیان قەڵاچۆکردنی تیرۆرە -بە هەموو وێنەو شێوە جیاوازەکانیان-، بە تەرازووی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت

لەگەڵ تەواوی کێشە نێودەوڵەتییەکان بکەن، بە دوورکەوتنەوە لە هەڵسوکەوت بە پێوەری دووفاقی لەگەڵ موسڵمانان و کێشە ڕەواکانیان، هەروەها بەگژاچوونەوەی تیرۆر بە هەموو وێنە و شێوەکانی دژی کەسانی سڤیل و بێچەك، ئینجا گرتنەبەری ڕێکاری پێویست دژ بەو دەوڵەت و گروپ و تاکەکەسانە کە تێوەگلاون لە یارمەتیدانی ماددی و مەعنەوی ئەو گروپە تیرۆریستانە.

٢٠- لە چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی، پێشنیاز دەکەین بە دامەزراندنی یەکەیەك لەناو ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی، بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانە کە لە بواری میانڕەویی و بەگژاچوونەوەی تیرۆردا کاردەکەن، تا هەوڵەکان تاك تاك و پرژوبڵاو نەبن، هەروەها دامەزراندنی یەکەیەکی توێژینەوە لەناو کۆڕی فیقهی نێودەوڵەتی بۆ پێشکەشکردنی توێژینەوەو هەوڵە زانستییەکان لەو بوارەدا، کار بە هەموو زانستە نوێ و کلاسیکییەکان بکات بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیە.

٢١- دامەزراندنی یەکەیەك بۆ ڕاهێنانی ئەو کارمەندانە لەو بوارەدا کاردەکەن، تا هەوڵە زانستییەکان توندوتۆڵ بن، بە باشیش دەزانرێ هاوکاری بکرێ لەگەڵ مەڵبەندی دیالۆگی نێودەوڵەتی لە ڤیەننا، ئینجا پێشنیازدان بە گرێدانی کۆبوونەوەی وەرزی کە ڕێکخراوی هاریکاری پێی هەستێت بۆ بەدواداچوونی ئەو هەولانە کە لە بواری میانڕەویی و بەگژاچوونەوەی تیرۆردا دەدرێن.

٢٢- کۆنگرە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، هەستێ بە دەرکردنی یاسایەکی پابەندکار کە سوکایەتیکردن و بێڕێزی دەرهەق بە ئاینەکان و پێغەمبەران و پەڕاوە پیرۆزەکان بە تاوان ناوزەد بکات، چونکە ئەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە وەستاندنی کەلتوری ڕقلێبوونەوەو توندوتیژیی، هەروەها لە چاککردنی پەیوەندییەکان لە نێوان گەلان و ئومەتاندا.

٢٣- بەشداربووانی کۆنگرە ڕاسپاردە دەدەن بە بەرزکردنەوەی بروسکەیەکی سوپاس

و پێزانین بۆ خاوەن شکۆ پادشا عەبدواللەی دووەم پادشای شانشینی ئوردنی هاشمی، بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە لەسەر خاکی پایتەختی ئوردن -عەممان-، هەروەها لەسەر هەوڵەکانی لە ناساندنی وێنەی ڕاستەقینەو پرشنگداری ئیسلام، هەروەها لەسەر ڕوونکردنەوەی مەترسی تیرۆر لەسەر گەلان و وڵاتان و شێوازەکانی چارەسەرکردنی.

٢٤- لە کۆتاییدا کۆڕبەندی جیهانیی بۆ میانڕەویی، سوپاسی بێپایان ئاراستەی هەموو بەشداربووانی کۆنگرە دەکات، هەروەها هەموو ئەو لایەنانە کە سەرپەرشتی و چاودێری و پشتگیریان لە کارەکانی کۆڕبەند کرد، هەروەها هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتییەکان و ئەو دامەزراوانە کە بەشداریان کرد بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆبوونەوە هزرییە.

# لیستێك بە ناوی دیارترین سەرچاوەكان

**یەكەم: قورئانی پیرۆز**

**دووەم: سەرچاوە دێرینەكان:**


*** تەفسیرەكان:**

- (تفسير القرآن العظيم)، للحافظ أبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، ط. دار إبن حزم (١٤٢٣ك).
- (تفسير القرطبي)- (الجامع لأحكام القرآن)، ط. مؤسسة الرسالة.
- (التفسير الكبير)، للفخر الرازي، ط. دار إحياء التراث العربي، بيروت.
- (تفسير المنار)، ط. الهيئة المصرية للكتاب.
- (جامع البيان في تفسير القرآن)، لأبي جعفر محمد بن جرير الطبري، ط. المطبعة الكبرى ببولاق (١٣٢٨ك).
- (المحرر والوجيز) لإبن عطية، ط. دار إحياء التراث بقطر.
- (النكت والعيون)- (تفسير الماوردي)، ط. وزارة الأوقاف، الكويت.

*** كتێبەكانی فەرموودە:**

- (سنن الترمذي مع تحفة الأحوذي)، طبعة ثانية (١٣٨٥ك)، ط. الفجالة بالقاهرة، و ط. الأعتماد بالقاهرة.
- (سنن الدارقطني)، للحافظ أبي الحسن علي بن عمر الدارقطني، (٣٨٥ك.م). تحقيق: السيد عبد الله هاشم اليماني، ط. دار المحاسن للطباعة بالقاهرة، (١٣٨٦ك).
- (سنن الدارمي).
- (سنن أبي داود مع عون المعبود)، طبع ونشر المكتبة السلفية بالمدينة المنورة، (١٣٨٨ك).
- (السنن الكبرى)، للحافظ الفقيه أبي بكر أحمد بن الحسين البيهقي، (٤٥٨ك. م)، ط. دار المعارف حيدر آباد، طبعة بالأوفست، دار الفكر.
- (سنن إبن ماجه)، للحافظ أبي عبد الله محمد بن يزيد القزويني (٢٧٣ك.م)، ط. عيسى البابي الحلبي (١٩٧٢ز)، بتحقيق محمد فؤاد عبد الباقي.

- (سنن النسائي)، للحافظ أبي عبد الرحمن بن شعيب النسائي، (٣٠٣ك.م)، ومعه (زهر الربى على المجتبى) للحافظ السيوطي، مع تعليقات من (حاشية السندي)، ط. مصطفى البابي الحلبي (١٣٨٣ك).
- (صحيح البخاري)، لأمير المؤمنين في الحديث الإمام أبي عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري، (٢٥٦ك.م)، المطبوع مع فتح الباري، ط. المطبعة السلفية بالقاهرة (١٣٨٠ك).
- (صحيح مسلم)، للإمام الحجة مسلم بن حجاج القشيري النيسابوري، (٢٦١ك.م)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، ط. عيسى البابي الحلبي (١٣٧٤ك/١٩٥٥ز).
- (المستدرك)، للحافظ محمد بن عبد الله النيسابوري المشهور بالحاكم (٤٠٥ك.م)، ط. حيدر آباد، (١٣٤٠ك).
- (مسند أحمد)، ط. المكتب الإسلامي، بيروت، (١٣٩١ك).
- (مسند الشافعي)، ط. وزارة الأوقاف قطر، (١٤٢٠ك/١٩٩٩ز).
- (المصنف)، لأبي شيبة، ط. دار قرطبة، بيروت، (١٤٢٧ك/٢٠٠٦ز).
- (المصنف)، للحافظ أبي بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، نشر المكتب الإسلامي، بيروت.
- (الموطأ)، للإمام مالك، ط. دار المعرفة، بيروت، (١٤٢٠ك/١٩٩٩ز).

*** سەرچاوەکانی تر:**
- (الأحكام) للآمدي، ط. محمد علي صبيح، القاهرة، (١٩٦٨ز).
- (أحكام القرآن)، لأبي بكر محمد بن عبد الله بن العربي، (٥٤٣ك.م)، تحقيق: علي محمد البجاوي، ط. عيسى البابي الحلبي، (١٣٨٧ك).
- (أحكام القرآن)، للإمام الشافعي، ط. دار الكتب العلمية، بيروت، (١٣٩٥ك).
- (إحكام الأحكام في أصول الأحكام)، لإبن حزم، ط. عاطف بالقاهرة.
- (الأشباه والنظائر)، لإبن السبكي، ط. دار الكتب العلمية، بيروت، (١٤١١ك).
- (الأشباه والنظائر)، للعلامة جلال الدين عبد الرحمن السيوطي (٩١١ك.م)، ط. عيسى البابي الحلبي بالقاهرة.
- (الأشباه والنظائر)، للعلامة زين العابدين بن إبراهيم بن نجيم المصري، (٩٦٧ك.م)، ط. مؤسسة الحلبي بالقاهرة.
- (الأعلام)، للزركلي، ط. بيروت.

- (الأم)، للإمام الشافعي، ط. دار الشعب بالقاهرة.
- (الأحكام السلطانية)، للقاضي، ط. مصطفى الحلبي.
- (الأحكام السلطانية)، للماوردي، ط. التوفيقية بالقاهرة.
- (الأختيارات الفقهية)، لإبن تيمية، جمع البعلي الدمشقي، مكتبة الرياض الحديثة، الرياض.
- (البحر الرائق)، للعلامة زين العابدين بن إبراهيم بن نجيم المصري، (٩٦٧ك.م)، ط. دار المعرفة، بيروت.
- (البحر الزخار)، للعلامة أحمد بن يحي بن المرتضى، (٨٤٠ك.م)، ط. مؤسسة الرسالة، بيروت، (١٣٦٦ك)، الطبعة الثانية.
- (البحر المحيط)، للزركشي، ط. الكويت.
- (البداية والنهاية)، للحافظ عماد الدين أبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، تحقيق: الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي بالتعاون مع مركز البحوث والدراسات العربية والإسلامية، ط. دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والأعلان، الجيزة، (١٩٩٧ز).
- (بدائع الصنائع)، للإمام الكاساني، (٥٧٨ك.م)، ط. الإمام بالقاهرة.
- (بداية المجتهد)، للعلامة محمد بن حمد المشهور بإبن رشد الأندلسي، (٥٩٥ك.م)، ط. مصطفى البابي الحلبي، الطبعة الرابعة، (١٣٩٥ك).
- (بلغة السالك لأقرب المسالك إلى مذهب مالك)، للعلامة أحمد بن محمد الصاوي على الشرح الصغير للدردير، ط. عيسى البابي الحلبي بالقاهرة.
- (البيان والتحصيل)، لمحمد بن أحمد بن رشد القرطبي أبو الوليد، ط. دار إحياءالتراث الإسلامي.
- (التاج والإكليل لمختصر الخليل)، للعلامة أبي عبد الله سيدي محمد بن يوسف البهدري المالكي بهامش مواهب الجليل، ط. دار السعادة، بمصر (١٣٢٩ك).
- (تأريخ الأمم والملوك)، للطبري، ط. دار المعارف بالقاهرة.
- (تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق)، للعلامة فخر الدين عثمان بن علي الزيلعي، ط. السيد عمر حسين الخشب بمصر، (١٣١٣ك).
- (تحفة الأحوذي على شرح سنن الترمذي)، للحافظ أبي العلي محمد بن عبد الرحمن، طبعة ثانية (١٣٨٥ك)، ط. دار الفجالة بالقاهرة.
- (تحفة المحتاج)، للعلامة شهاب الدين محمد بن أحمد السمرقندي، ط. دار الحديث، بمصر.
- (تحفة الفقهاء)، تحقيق: د. محمد زكي عبد البرّ، ط. إدارة إحياء التراث، بقطر.

- (تهذيب التهذيب)، ط. دار صادر بيروت.
- (التلخيص الحبير)، للحافظ إبن حجر، ط. شركة الطباعة الفنية المتحدة، المدينة المنورة.
- (التمهيد في تخريج الفروع على الأصول)، للأسنوي، ط. مؤسسة الرسالة، تحقيق: د. هيتو.
- (جامع الفصولين)، لمحمود بن إسرائيل قاضي سماونة، ط. بولاق (١٣٠٠ك).
- (جمع الجوامع)، لإبن السبكي، ط. دار إحياء الكتب العربية بالقاهرة.
- (حاشية العدوي على أبي الحسن المسمى: كفاية الطالب الرباني)، ط. دار الفكر.
- (حاشية إبن عابدين)، ط. مصطفى الحلبي، بالقاهرة.
- (حاشية الدسوقي على الشرح الكبير)، للعلامة الشيخ محمد بن عرفة الدسوقي، ط. الأستقامة بالقاهرة.
- (حاشية الروض المربع)، للعلامة عبد الرحمن بن محمد العاصمي الحنبلي، (١٣٩٢ك.م)، ط. المطابع الأهلية للأوفست بالرياض.
- (حاشية عميرة على شرح المحلى على المنهاج)، ط. عيسى البابي الحلبي بالقاهرة.
- (الدرّ المختار شرح تنوير الأبصار)، للعلامة الحصكفي، ط. مصطفى البابي الحلبي.
- (درء تعارض العقل والنقل)، لإبن تيمية، تحقيق: د. محمد رشاد سالم، ط. جامعة الإمام محمد بن سعود.
- (الذخيرة) للقرافي، ط. دار الغرب الإسلامي.
- (رحمة الأمة في أختلاف الأئمة)، للعلامة أبي عبد الله محمد بن عبد الرحمن الدمشقي، الطبعة الثانية (١٣٨٦ك)، ط. مصطفى البابي الحلبي بمصر.
- (روضة الطالبين)، للإمام أبي زكريا يحيى بن شرف النووي، (٦٧٦ك.م)، ط. المكتب الإسلامي للطباعة والنشر بدمشق.
- (سيرة إبن هشام)، ط. مصطفى الحلبي بالقاهرة.
- (شرح تكميل المنهج)، لمحمد الأمين بن أحمد زيدان الشنقيطي.
- (الشرح الكبير على المقنع مع الأنصاف)، ط. هجر.
- (شرح العناية على الهداية)، للإمام محمد بن محمود البابرتي، (٧٨٦ك.م)، المطبوع بهامش فتح القدير، ط. دار صادر.
- (شرح سنن أبي داود)، للحافظ الفقيه إبن القيم الجوزية، المطبوع مع عون المعبود، نشر المكتبة السلفية بالمدينة المنورة (١٣٨٨ك).
- (شرح صحيح مسلم)، للإمام الحافظ الفقيه محيي الدين بن شرف النووي، (٦٧٦ك.م)، ط. المطبعة المصرية بالقاهرة.

- (شرح منتهى الإرادات)، ط. عالم الكتب، (١٩٩٣ز).
- (طبقات إبن سعد).
- (الغاية القصوى في دراية الفتوى)، للإمام عبد الله بن عمر البيضاوي، (٦٨٥ك.م)، تحقيق ودراسة وتعليق: علي محيي الدين علي القره داغي، ط. دار الإصلاح، (١٩٨٢ز).
- (فتاوى إبن السبكي)، ط. دار المعرفة، بيروت.
- (الفتاوى الهندية)، ط. دار إحياء التراث العربي، بيروت.
- (فتح الباري في شرح صحيح البخاري)، للإمام الحافظ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، (٨٥٢ك.م)، ط. المطبعة السلفية بالقاهرة.
- فتح العزيز شرح الوجيز)، للإمام أبي القاسم عبد الكريم بن محمد الرافعي، (٦٢٣ك.م)، المطبوع بهامش المجموع، ط. شركة العلماء بالقاهرة.
- (فتح العلي المالك في الفتوى على مذهب الإمام مالك)، لأبي عبد الله الشيخ محمد أحمد عليش، (١٢٩٩ك.م)، ط. مصطفى البابي الحلبي، (١٣٧٨ك/١٩٥٨ز).
- (فتح القدير)، للشوكاني، ط. عالم الكتب، بيروت.
- (فتح القدير)، للعلامة كمال بن الهمام الحنفي، (٨٦١ك.م)، ط. المطبعة الأميرية، (١٣١٦ك) بالقاهرة.
- (القاموس المحيط)، للفيروزآبادي، ط. مصطفى الحلبي، (١٣٧١ك/١٩٥٢ز).
- (قواعد الأحكام في مصالح الأنام)، لسلطان العلماء عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام السلمي، (٦٦٠ك.م)، ط. دار الكتب العلمية، بيروت.
- (الكافي)، لإبن قدامة، ط. المكتب الإسلامي، بيروت.
- (كشف الأسرار)، للبزدوي.
- (لسان العرب)، لإبن منظور، ط. دار المعارف بالقاهرة.
- (المبسوط)، للإمام محمد بن أحمد بن سهل أبي بكر شمس الأئمة السرخسي، طبعة أوفست لدار المعرفة ببيروت، عن طبعة مطبعة السعادة بالقاهرة، (١٣٣١ك).
- (مجموع فتاوى شيخ الإسلام أحمد إبن تيمية)، جمع وترتيب: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم العاصمي النجدي الحنبلي، تصوير الطبعة الأولى، (١٣٩٨ك)، على نفقة الحكومة السعودية.
- (المجموع) للإمام محيي الدين بن شرف النووي، (٦٧٦ك.م)، ط. شركة العلماء.
- (المحلى) لإبن حزم الظاهري، ط. مكتبة الجمهورية العربية بالقاهرة.

- (مختار الصحاح)، ط. دار المعارف بالقاهرة.
- (المدونة) للإمام مالك، ط. السعادة بالقاهرة، (١٣٢٣ك).
- (المستصفى)، ط. القاهرة، المكتبة التجارية، (١٣٥٦ك).
- (المصباح المنير)، للعلامة أحمد بن محمد الفيومي، (٧٧١ك.م)، ط. مصطفى البابي الحلبي بمصر.
- (مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج))، تأليف: محمد الشربيني الخطيب، (٩٩٧ك.م)، ط. مصطفى البابي، (١٣٧٧ك).
- (المغني)، لأبي محمد عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة المقدسي، (٦٢٠ك.م)، ط. مكتبة الرياض الحديثة بالرياض.
- (المنهاج) للبيضاوي مع (شرحه) للأسنوي والبدخشي، ط. محمد صبيح.
- (مقاصد الشريعة الإسلامية)، للشيخ إبن عاشور، ط. مجمع الفقه الإسلامي الدولي.
- (المقدمات الممهدات)، لإبن رشد، ط. دار الغرب الإسلامي.
- (المقدمة)، لإبن خلدون، ط. عبد السلام بن شقرون.
- (المنثور في القواعد)، للإمام بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي، (٧٩٤ك.م)، تحقيق: د. تيسير فائق أحمد، ط. مؤسسة الخليج، نشر وزارة الأوقاف الكويتية، (١٤٠٢ك).
- (المهذب)، للفقيه أبي إسحاق إبراهيم بن علي الشيرازي، (٤٧٦ك.م)، ط. عيسى البابي الحلبي.
- (الموافقات في أصول الشريعة)، لأبي إسحاق إبراهيم بن موسى اللخمي الغرناطي المالكي المشهور بالشاطبي، (٧٩٠ك.م)، ط. دار المعرفة، بيروت.
- (الموسوعة الفقهية الكويتية)، ط. وزارة الأوقاف الكويتية.
- (الموسوعة الحرة)، ويكيبيديا.
- (نصب الراية في تخريج أحاديث الهداية)، للحافظ الزيلعي، ط. دار إحياء التراث العربي، بيروت.
- (نهاية المحتاج)، لشمس الدين محمد بن أحمد شهاب الدين الرملي، (١٠٠٤ك.م)، ط. مصطفى البابي الحلبي، بمصر (١٣٨٦ك).
- (نيل الأوطار)، للعلامة محمد بن علي الشوكانى، (١٢٥٠ك.م)، ط. الكليات الأزهرية، بالقاهرة، (١٣٩٨ك).
- (الوجيز في فقه الإمام الشافعي)، للغزالي، ط. دار المعرفة، بيروت.
- (البحر المحيط في أصول الفقه)، للزركشي، ط. وزارة الأوقاف الكويتية.

**سێیەم: سەرچاوە نوێیەکان**

- (الإسلام كبديل)، لمراد هوفمان، ط. النور بالكويت.
- (الإسلام بين الشرق والغرب)، الرئيس علي عزت بيجوفيتش، ط. النور الكويتية، (١٩٩٤ز).
- (الإسلام والوعي الحضاري)، د. أكرم العمري، ط. دار المنارة، جدة.
- (الإرهاب الدولي)، د. أحمد محمد رفعت و د. صالح بكر الطيار، ط. مركز الدراسات العربي الأوربي (١٩٩٨ز).
- (إسرائيل بين اليهود والصهيونية)، د. جارودي، ط. دار التضامن (١٩٩٠ز).
- (إعادة تشكيل العقل المسلم)، الدكتور عماد الدين خليل، ط. كتاب الأمة.
- (الإرهاب الدولي وفقاً لقواعد القانون الدولي العام)، د. نبيل أحمد حلمي، ط. دار النهضة العربية بمصر (١٩٨٨ز).
- (الإرهاب السياسي والقانون الجنائي)، د. عبد الرحيم صدقي، ط. دار الثقافة العربية، (١٩٨٥ز).
- (الإرهاب والقانون الدولي)، د. أسامة الغزال، ط. المؤسسة الجامعية، بيروت-القاهرة، (١٩٩٠ز).
- (التوراة والأنجيل والقرآن والعلم)، د. موريس بوكاى، دراسة الكتب المقدسة على ضوء المعارف الحديثة، طبع ونشر: دار المعارف بالقاهرة.
- (تأريخ الأديان)، طه الهاشمي، ط. منشورات مكتبة الحياة، ببيروت، (١٩٦٣ز).
- (تأريخ الفكر الأوربي الحديث)، رونالد سترومبرج.
- (التشريع الجنائي الإسلامي)، للأستاذ عبد القادر عودة، ط. مؤسسة الرسالة (١٤٠٦ك).
- (التفكير فريضة إسلامية)، العقاد، ط. المكتبة العصرية، بيروت.
- (الجذور التأريخية للشعوبية)، د. عبد العزيز الدوري.
- (جرائم الأرغون وليجي)، يعقوب الياب، ترجمة غازى السعدي، ط. دار الجليل، عمان، (١٩٨٥ز).
- (حقوق الإنسان بين تعاليم الإسلام وإعلان الأمم المتحدة)، الشيخ محمد الغزالي.
- (الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده)، د. فتحي الدريني.
- (خطر اليهودية العالمية على الإسلام والمسيحية)، عبد الله التل، ط. المكتب الإسلامي.
- (الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري)، آدم مِتز، ترجمة: محمد عبد الهادي أبو ريده، ط. دار الكتاب العربي، بيروت، (١٩٦٧ز).
- (الحضارة الإسلامية)، د. توفيق الواعي، ط. دار الوفاء بالمنصورة في مصر، (١٤٠٨ك).
- (الخصائص العامة للإسلام)، د. يوسف القرضاوي، ط. مكتبة وهبة بالقاهرة.

- (الدين، بحوث ممهدة لدراسة تأريخ الأديان)، د. محمد عبد الله دراز، ط. دار القلم، بيروت، (١٩٧٠ز).
- (الدين والإرهاب)، ط. الرشاد، بغداد.
- (السيرة النبوية الصحيحة)، د. أكرم العمري، ط. مركز بحوث السنة والسيرة بقطر.
- (مهذب شرح العقيدة الطحاوية)، للإمام أبي العز الدمشقي، إعداد: صالح الحصين، ط. الغرباء.
- (الشرح الكبير على العقيدة الطحاوية)، للدكتور سعيد فودة، ط. دار الذخائر، بيروت، (٢٠١٤ز).
- (شرح العقيدة الوسطية)، للشيخ إبن عثيمين، ط. دار المنار، (٢٠٠٣ز).
- (الشعب المختار في الميزان)، الشيخ عبد العزيز عبد الستار، ط. القاهرة، (١٩٩٨ز).
- (الصهيونية أعلى مراحل الأستعمار)، فتحي الرملي، ط. وزارة الثقافة بمصر.
- (الصحوة الإسلامية بين الجحود والتطرف)، الشيخ يوسف القرضاوي، ط. الأمة بقطر، (١٤٠٢ك).
- (علم الإجتماع ومدارسه)، د. مصطفى الخشاب، ط. لجنة البيان العربي.
- (فلسفة التشريع في الإسلام)، د. صبحي المحمصاني، ط. دار العلم للملايين.
- (فلسفة إقبال)، الأعظمي، ط. دار إحياء الكتب العربية، القاهرة.
- (قصة الحضارة)، ول ديورانت، ترجمة: بدران، ط. لجنة التأليف والترجمة والنشر بالجامعة العربية، القاهرة.
- (القرآن العظيم والنظر الفعلي)، د. فاطمة إسماعيل، ط. المعهد العالمي للفكر الإسلامي، (١٤٢٠ك).
- (قضايا في الفكر الإسلامي المعاصر)، د. محسن عبد الحميد، ط. (٢٠٠١ز).
- (لماذا أسلمت؟)، روجيه جارودي، ط. مكتبة القرآن.
- (مبدأ الرضا في العقود)، دراسة مقارنة، للدكتور علي القره داغي، ط. دار البشائر الإسلامية، بيروت، (١٩٨٥ز).
- (من فلسفة التشريع الإسلامي)، فتحي رضوان، نشر دار الكتاب العربي، بالقاهرة.
- (مدخل لدراسة الشريعة الإسلامية)، أ. د. يوسف القرضاوي، ط. مكتبة وهبة بالقاهرة.
- (معالم تأريخ الإنسانية)، ولنو، تعريب عبد العزيز توفيق، ط. لجنة التأليف والترجمة والنشر بالجامعة العربية بالقاهرة.
- (مختصر دراسة التأريخ)، توينبي، ط. لجنة التأليف والترجمة والنشر بالجامعة العربية بالقاهرة.
- (ملف إسرائيل)، روجيه جارودي، ط. دار الشروق، (١٩٨٣ز).
- (المدخل إلى دراسة علم الكلام)، د. حسن الشافعي، ط. مكتبة وهبة بالقاهرة، (١٤١١ك).
- (المرصود في قواعد التلمود)، الدكتور ورهلنج الكنز، ترجمة: الدكتور يوسف نصر، ط. مطبعة المعارف، (١٨٩٩ز).

- (المنظمات الدولية)، أ. د. جعفر عبد السلام، ط. القاهرة، (١٩٨٢ز).
- (المقاومة الشعبية المسلحة في القانون الدولي)، د. صلاح الدين عامر، ط. دار الفكر العربي، (١٩٧٧ز).
- (المقدمة في المال والأقتصاد والملكية والعقود)، أ. د. علي القره داغي، ط. دار البشائر الإسلامية، بيروت.
- (نظرية المقاصد عند الشاطبي)، د. أحمد الريسوني، ط. المعهد العالمي للفكر الإسلامي.
- (نحن والآخر)، أ. د. علي محيي الدين القره داغي، ط. الأتحاد العالمي لعلماء المسلمين.

**چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

- (گۆڤاری کۆڕی فیقهی ئیسلامیی سەر بە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی).
- (گۆڤاری کۆڕی فیقهی ئیسلامیی نێودەوڵەتی سەر بە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی).
- (گۆڤاری مرکز بحوث السنة والسیرة)، زانکۆی قەتەر.
- (ڕۆژنامەی الأخبار المصریة).
- (گۆڤاری لۆمۆندی فەڕەنسی).
- (گۆڤاری یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان).
- (گۆڤاری المصریة للقانون الدولی).

# پێڕستی بابەتەکان


پێشەکی نوسەر........................................................................... ٤

## بەشی یەکەم
## ئیسلام ئاینی بەزەیی و ڕێز و شکۆیە

* ئیسلام چییە؟........................................................................ ١٠

پێناسەی ئیسلام........................................................................ ١٨

ئاین سەرەکیترین پێویستی تاك و کۆمەڵگایە.................................................. ٢٠

هـــۆکارەکانی موسڵمانبـــوونی ڕۆجیە غارودی کە لێبـــوردەیی ئیسلام و جوانیی ڕاســـتەقینەی ئیسلام بەپـــوختی دەخاتەڕوو........................................................ ٢٢

گەورەیی ئیسلام لای غارودی.............................................................. ٢٤

*** ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئیسلام**........................................................ ٢٦

**ڕەگەزی یەکەم:** باوەڕ (پایەکانی ئیمان).................................................. ٢٦

لە پرسی باوەڕهێناندا چاولێکەری وەرناگیرێ............................................... ٣١

**ڕەگەزی دووەم:** ڕەوشتبەرزیی و بەها باڵاکان.............................................. ٣٢

ڕەوشت مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئیسلامە -نەك تەنها هۆکارێك بێت-........................ ٣٢

ڕوواندنی ڕەوشتە ڕێزدارە باڵاکان لە دڵ و دەروونی ئەرکی پێغەمبەرانە........................ ٤٠

ئەو فەرموودانەی بەڵگەن لەسەر گرنگێتی ڕەوشتی چاك لە ئیسلامدا................................ ٤٢

بنەماکانی ڕەوشت...................................................................... ٤٤

توندوتۆڵکردنی ڕەوشت بەستراوە بە بنەماکانەوە............................................ ٤٦

ڕەوشت بەپێی کەسەکان دەگۆڕێ.......................................................... ٥٠

ڕیشکی هەموو قەیرانەکان قەیرانی ڕەوشتە................................................... ٥١

پابەندبوون بە ڕەوشت و بە بەرپرسێتی..................................................... ٥٥

پابەندبوون کۆمەڵێ بەرپرسێتی بەدوای خۆیدا دێنێ........................................... ٥٨

پاداشت و جۆرەکانی.................................................................... ٦٢

**ڕەگەزی سێیەم:** هەستان بە ئەنجامدانی ڕێورەسمە پەرستشییە فەرزەکان........................ ٦٥

**ڕەگەزی چوارەم:** ئەنجامدانی ئەرکی ئاوەدانکردنەوەو جێنشینیی لە زەویدا......................... ٦٦

ڕاڤەکاران لەسەر واتای جێنشین (خلیفة) ڕاجیاوازن............................................٦٨
ئیسلام و ڕێکخستنی پەیوەندی.........................................................٧٠
ئیسلام و مافەکان (پرەنسیپی مافە بەرانبەرەکان)..........................................٧١
میتۆدی ئیسلام لە هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی نەبینراو (الغیب) و بینراو (الشهادة).................٧١
ئیسلام لە ڕووی گەشەپێدانی گشتگیرەوە.....................................................٧٢
گەشەدان بە ڕۆح..........................................................................٧٣
گەشەدان بە دەروون.......................................................................٧٤
گەشەدان بە دڵ...........................................................................٧٥
گەشەدان بە ئەقڵ.........................................................................٧٦
ئیسلام و وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرسامەکەر...............................................٧٧
ئیسلام لە نێوان بنەما نەگۆڕ و پرسە گۆڕدراو و پەرەپێدراوەکاندا..................................٧٩
ئیسلام و یاسای هۆکارگەریی و بەرپرسێتی...................................................٨٠
ئیسلام و زانست و خوێندنەوە...............................................................٨٠
ئیسلام و ژیار و ژیانی دنیا..................................................................٨١
ئیسلام و پەروەردە بۆ دروستکردنی ئوممەتی میانڕەو و دادپەروەر..................................٨٢
میتۆدی چارەسەر لە ئیسلامدا بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاری و چاکسازیی و نوێبوونەوەو داهێنان.......٨٣
*** تایبەتمەندییەکانی ئیسلام**
**تایبەتمەندی یەکەم:** نەگۆڕە، خوای گەورە دەیپارێزێ.........................................٨٤
بەرهەمەکانی ئەم تایبەتمەندییە..............................................................٨٥
هاوسەنگی لە نێوان شەریعەتی خودا و نێوان ڕۆڵی ئەقڵ و ئیجتیهاد .................................٨٨
**تایبەتمەندی دووەم:** ئیسلام ئاینێکی جیهانی مرۆییە.............................................٩٠
**تایبەتمەندی سێیەم:** ئیسلام ئاینێکی گشتگیر و هەتا هەتاییە.....................................٩٢
**تایبەتمەندی چوارەم:** هاوسەنگیی.........................................................٩٥
**تایبەتمەندی پێنجەم:** ئیسلام ئاینی ئەرك و مافە...............................................٩٩
*** هەڵوێستی ئیسلام لەسەر ژیارەکان و شارستانی و ئاوەدانکردنەوە** .............................١٠١
- ئوممەتان و گەلان لە بونیاتنانی ژیاردا یەکسانن..............................................١٠٤
- ڕەگەزە سەرەکییەکانی ژیار لە هزری ئیسلامیدا..............................................١٠٦

- کاریگەری هەندێ لە بەهاکان لەسەر ژیار................................................١٠٨
گرنگیدان بە ئەقڵ و بە بیرکردنەوە..........................................................١٠٨
ڕۆڵی باوەڕی ئیسلامی لە بونیاتنانی ژیاردا.............................................١١٢
بۆچوونی ئیسلام بۆ گەردوون گشتگیرە.....................................................١١٣
یاسای هۆکارگەریی لە بەدیهێنان و ڕێزگرتن لە ڕێسا گەردوونیەکان...........................١١٥
بەهای مانەوەو لەناوچوون...........................................................١١٨
- تێڕوانینی ئیسلام بۆ ژیارەکان.......................................................١١٩
- ڕۆڵی ژیاری ئیسلامی لەسەر ژیارە دواییەکان........................................١٢٤

## بەشی دووەم

## میانڕەویی و هەوڵدان بۆی لە سەردەمی فیتنەدا

* **پێناسەی میانڕەویی**...........................................................١٢٧
میانڕەویی لە قورئانی پیرۆزدا......................................................١٢٧
ئوممەتی مامناوەند.......................................................................١٢٩
مامناوەندی ئیسلام لە باوەڕدا.......................................................١٣٤
مامناوەندی ئیسلام لە ڕەوشت و ڕەفتاردا.............................................١٣٥
* **دەستنیشانی زاراوەکان لە نێوان میانڕەویی و هاوسەنگیی و دادپەروەریی و دانایی دا**.............١٣٦
هەموو لادانێکی باوەڕیی بەهۆی تێکچوونی فیقهی میزانەوەیە...................................١٣٨
١- لە سەر ئاستی ئیلحاد.............................................................١٣٩
٢- لە سەر ئاستی هاوەڵگەریی........................................................١٤٠
٣- لادانی خاوەن پەڕاوە ئاسمانیەکان -جولەکەو گاورەکان-.....................................١٤٣
٤- هۆی لادانی گروپە ئیسلامییە بیدعەگەراکان بەهۆی تێنەگەیشتنە لە فیقهی میزان..............١٤٦
أ- میزانی بینراو و میزانی نەبینراو.................................................١٤٧
ب- میزانی دەق و میزانی ئەقڵ......................................................١٥١
ج- تێکەڵکردنی میزانی چاکەو قەدەرو میزانی ئەرك پێسپاردن (فەرماندان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە)......١٥٧
* **فیقهی مەسەلە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان لە ئایندا، جێکەوتەیان لەسەر دەستەبەرکردنی میانڕەویی و مامناوەندی و پێکەوەژیان**.........................................١٥٩
سودەکانی فیقهی مەسەلە نەگۆڕ و گۆڕدراوەکان....................................................١٦٢

## بەشی سێیەم
## هەڵوێستی ئیسلام و ئاینە ئاسمانییەکانی تر لەسەر دیاردەی تیرۆر


***تیرۆر یان بەزەیی ئیسلام................................................................١٦٦**
پێناسەی تیرۆر..............................................................................١٦٦
مانای تیرۆر لە فەرهەنگی زمانەوانیدا......................................................١٦٦
مانای تیرۆر لە زاراوەدا......................................................................١٦٦
لەفزی تیرۆر (الإرهاب) لە قورئانی پیرۆزدا................................................١٦٧
پایە ستراتیژییەکانی ئیسلام لە کاتی جەنگدا (لە قورئان)دا..............................١٧٠
لەفزی (تیرۆر) لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ..................................................١٧٤
پوختەی مانای تیرۆر.........................................................................١٧٤
هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر تیرۆر..........................................................١٧٦
١- تۆقاندنی خەڵکانی سڤیل دژە لەگەڵ پەیامی بەزەیی بۆ جیهانیان.......................١٧٧
٢- ئیسلام ئاینی ئاسایشە بۆ مرۆڤ، و ئاینی ئاشتییە بۆ سەراپای گەردوون...............١٧٩
٣- تۆقاندن یان تیرۆر هیچ کات سیفەتی موسڵمانان نەبووە، بەڵکو سیفەتی زیادەڕەوانە...........١٨٤
*** دیاردەی تیرۆر لەم سەردەمەدا............................................................١٨٥**
شێوەکانی تیرۆر..............................................................................١٨٦
جێکەوتەکانی تیرۆر..........................................................................١٨٨
تیرۆر و توندوتیژی بە ناوی ئاین و هۆکارەکانی.............................................١٨٩
توندڕەویی ئاینی..............................................................................١٨٩
هۆشداریدان لە زیادەڕەویی (پێشێلکردنی میانڕەویی).....................................١٨٩
هۆکارەکانی توندڕەویی ئاینی (توندوتیژی بە ناوی ئاینەوە)...............................١٩١
هۆکارە ناوخۆییەکان..........................................................................١٩٢
هۆکارە دەرەکییەکان..........................................................................١٩٤
لە نێوان توندڕەویی و پابەندبووندا..........................................................٢٠٠
لە ڕوخسارەکانی توندڕەویی...............................................................٢٠٠
سزای لادان یان توندڕەویی.................................................................٢٠١
سزای دەستدرێژی کردنە سەر دەوڵەت و ئاسایشی.........................................٢٠٣

خەواریجە کافرکەرەکان سەرچاوەی هەموو توندڕەوییەکی ئاینین لە ئیسلامدا.................................. ٢٠٤
*** تیرۆر و توندوتیژیی لە نێوان ئاینەکانی جولەکەو مەسیحی و ئیسلام، بە تیۆری و بە پراکتیکی......** ٢١٠
تەورات و توندوتیژیی....................................................................... ٢١٠
تێڕوانینی شیکاریی.......................................................................... ٢١٥
وتەیەکی هەق کە پێویستی بە ویژدان بەخەرجدانە.............................................. ٢١٦
لایەنی پراکتیکی تیرۆر و توندوتیژیی جولەکە.................................................. ٢١٧
حەقیقەتی ململانێی نێوان جولەکەو موسڵمانان................................................. ٢٢٣
دەستوری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ جولەکە................................................ ٢٢٦
بەزەیی و تیرۆر لە ئاینی مەسیحی دا............................................................ ٢٣٠
پراکتیزەی بەزەیی یان توندوتیژیی لای گاوران.................................................. ٢٣١
هەڵسوکەوتی گەلانی مەسیحی لەگەڵ جولەکەدا................................................. ٢٣٢
کردنەوەی دەروازەکانی جیهانی ئیسلامی بە ڕووی جولەکەدا.................................... ٢٣٦

## بەشی چوارەم

## ئاسایشی ڕۆحیی و هزریی لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامدا

*** پێناسەی ناونیشان**................................................................... ٢٣٨
پێناسەی وشەی ئاسایش..................................................................... ٢٣٨
پێناسەی وشەی ڕۆحیی...................................................................... ٢٣٨
پێناسەی وشەی هزریی...................................................................... ٢٤٠
پێناسەی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی.................................................... ٢٤١
*** مەبەستەکانی شەریعەت و دەستەبەرکردنی ئاسایشی ڕۆحیی و هزریی**........................... ٢٤٢
مەبەستە هەمووەکییە زەرورەکان (هەشتن)..................................................... ٢٤٢
ئاسایشی کۆمەڵگا، ئاسایشی دەوڵەت: (دوو هەمووەکی زەرورین)................................ ٢٤٣
پەیوەندی نێوان هەشت مەبەستەکە و نێوان ئاسایشی دەروونی و ڕۆحی.............................. ٢٤٦
پاراستنی مەبەستی (ئاین)................................................................... ٢٤٦
پاراستنی مەبەستی (نەفس-گیان-)............................................................. ٢٤٨
پاراستنی مەبەستی (ئەقڵ).................................................................... ٢٤٩
پاراستنی مەبەستی (ماڵ و دارایی)............................................................ ٢٤٩

پاراستنی مەبەستی (وەچە)..........٢٥٠
پاراستنی مەبەستی (ناموس)..........٢٥٠
پاراستنی (ئاسایشی کۆمەڵگا)..........٢٥٠
پاراستنی مەبەستی ئاسایشی دەوڵەت (دەوڵەتی شەرعی)..........٢٥١
ئاسایشی گشتگیر مەبەستی مەبەستەکانە..........٢٥١
چارەسەری ئاژاوە و پشێوی هزریی و ڕۆحیی..........٢٥٤
هەڵوێستی ئیسلام لەسەر زیادەڕەویی و توندڕەویی..........٢٥٦

**بەشی پێنجەم**

**لادانی باوەڕیی و پلەکانی، هۆکارەکانی، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا**

* **پێناسەی ناونیشان**..........٢٥٧
پێناسەی لادان..........٢٥٧
پێناسەی باوەڕیی..........٢٥٨
پێناسەی هۆکارەکان..........٢٥٩
مەبەست بە لادانی باوەڕیی..........٢٦٠
لادانی هزریی و جۆرەکانی..........٢٦٠
١- لادانی باوەڕیی..........٢٦٠
٢- لادانی ڕەوشتی و ڕەفتاریی..........٢٦١
* **ئایا لادان کەسێك دەگرێتەوە کە بانگەوازی پێنە گەیشتووە؟**..........٢٦٢
* **چۆنێتی لادانی باوەڕیی لە بواری ئیلحادا**..........٢٦٦
دەستپێك..........٢٦٦
پایەکانی باوەڕی ڕاست و دروست..........٢٦٧
مەرجەکانی دەستەبەرکردنی باوەڕی ڕاست و دروست..........٢٦٧
١- باوەڕ بوون بە شیاوێتی ئیسلام و کامڵبوونی (وەك باوەڕ و شەریعەت و میتۆدی ژیان)..........٢٦٧
٢- دەبێت یەکتاپەرستی پاکو بێگەرد بۆ خوای گەورە دەستەبەر ببێت..........٢٧٣
کێشەی پاشگەزبوونەوەو لادانی باوەڕیی..........٢٧٨
پێناسەی پاشگەزبوونەوە و شێوەکانی..........٢٧٨
لە نێوان پاشگەزبوونەوەو مەسەلە هەڵوەشێنەرەکانی باوەڕ..........٢٧٩

تەمومژی گەورە دەربارەی هەڵوەشێنەرەکان.......................................٢٨٠
پێویستە زاراوەکان دەستنیشان بکرێن.......................................٢٨٤
**یەکەم:** پێویستە زاراوە شەرعییەکان بە وردی دەستنیشان بکرێن..........٢٨٤
**دووەم:** نابێت تەرازووی نیشانەکانی باوەڕ تێکەڵ بکرێن.......................................٢٨٦
هۆکارەکانی لادانی باوەڕیی.......................................٢٨٧
**هۆکاری یەکەم:** ژینگەی دروستکەرو لەئامێزگر.......................................٢٨٨
گەنجەکان سێ جۆرن.......................................٢٩١
**هۆکاری دووەم:** نەزانیی دووسەرەو نەشارەزایی بە ئاین و بە ڕێساکانی خوای گەورە.............٢٩١
**هۆکاری سێیەم:** کارکەوتنە دەست کەسانی نەزان و گومڕاکار.......................................٢٩٥
جێکەوتەکانی لادانی باوەڕیی لە بواری زیادەڕەویی و توندڕەویی دا.......................................٢٩٥
چارەسەر.......................................٢٩٦
هەڵوێستی ئیسلام لەسەر زیادەڕەویی و توندڕەویی.......................................٢٩٦
کۆتا دەرمان داخکردنە.......................................٢٩٦

## بەشی شەشەم

## کەموکووڕی تێگەیشتن لە چەمکی تێکۆشان، کافرکردن، فاسیقکردن، دەوڵەتی جێنشینیی، لایەنگیری و پەرگیریی لە هزری زیادەڕۆکاندا

**باسی یەکەم: پێناسەی تێکۆشان (الجهاد) لەگەڵ باسی حوکمی شەرعیی، هەروەها جۆر و پلەکانی، مەرجەکانی (بەکورتی)**.......................................٢٩٨
پێناسەی تێکۆشان لە زمان و لە شەرعدا.......................................٢٩٨
بەشەکانی تێکۆشان و پلەکانی.......................................٣٠٢
پلەکانی تێکۆشان وەها کە ئیبن قەیم پوختی کردووە.......................................٣٠٣
تێکۆشان لە سەردەمی مەککەی پیرۆز و جۆرەکانی.......................................٣٠٥
تێکۆشان لە سەردەمی مەدینەی پیرۆز بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنکاریی و لە پێناو هێنانەکایەی ئازادیی بووە...٣٠٨
بۆچی ئەم ناوە هەڵبژێردراوە؟.......................................٣١١
حوکمی شەرعیی تێکۆشان.......................................٣١٢
حوکمی تێکۆشان بۆ بەرپەرچدانەوەو دەرکردن.......................................٣١٣
حوکمی تێکۆشان بۆ ڕاوەدونانی دوژمن لە ماڵی خۆیدا.......................................٣١٤

ڕاگەیاندنی تێکۆشان ئەرکی دەوڵەتە لەگەڵ ڕاوێژکردن بە زانایان.................................٣١٤
تێکۆشان لە ئیسلامدا گشتگیرە.........................................................٣١٦
تێکۆشان بە ماڵ و دارایی (تێکۆشانی ئابووری).............................................٣١٦
تێکۆشان بە قەڵەم و زمان (تێکۆشانی میدیایی و هزریی)........................................٣١٨
تێکۆشانی زانستی، پیشەسازی، تێکۆشان بە زانستی ورد و پێشکەوتوو و داهێنان.......................٣١٩
هاوسەنگیی لە نێوان هۆکارە ڕواڵەتییەکان و هۆکاری ڕاستەقینەدا.................................٣٢٢
چەندین پرەنسیپی گشتی و ڕێسای هەژموونداری لەپرسی پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئەوانیتر لەحاڵەتی ناکۆکیدا.....٣٢٣
پرەنسیپی: پێشخستنی ئاشتەوایی بەسەر جەنگدا، تەنانەت ئەگەر ئاشتەواییە کە هەندێ ستەملێکردنیشی تێبکەوێ...٣٢٤
پرەنسیپی: دادپەروەریی و یەکسانیی بۆ هەمووان..............................................٣٣٠
***باسی دووەم: چەمکی تێکۆشان و ئایەتی شمشێر**.............................................٣٣٥
**پوختە**.............................................................................٣٤٤
***باسی سێیەم: کافرکردن و فاسیقکردن**....................................................٣٥٩
بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی لەبارەی ڕەهەندەکانی ئازادی ئاینی و دیسپلینەکانی...٣٦٣
***باسی چوارەم: دەوڵەتی جێنشینی**.........................................................٣٦٦
***باسی پێنجەم: لایەنگریی و پەڕگیریی**....................................................٣٦٩
لایەنگریی قەدەغەکراو..................................................................٣٦٩
پەڕگیریی..............................................................................٣٧٢

## بەشی حەوتەم

## تیرۆری نێودەوڵەتی (لێکۆڵینەوەی فیقهیی شیکاریی)

* **پێناسەی تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی و ماناکەی**............................................٣٧٤
پێناسەی تیرۆری نێودەوڵەتی (لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و لە بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی و کۆنگرە فیقهییەکاندا)......................................................................٣٧٤
١-پێناسەی ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ تیرۆر....................................................٣٧٤
٢-پێناسەی تیرۆر لە پەیماننامەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دا..................................٣٧٥
٣-پێناسەی تیرۆر لای کۆڕی فیقهی ئیسلامی کە سەربە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامییە....................٣٧٧
٤-چەمکی تیرۆری نێودەوڵەتی لەناو هەندێ پرۆژە و کتێبە یاساییەکاندا.............................٣٨٤
***سەرچاوەی تاوانەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی (خراپەکاریی، چەتەگەریی) لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی شەریعەتدا...٣٨٨**

پێناسەی تیرۆری نێودەوڵەتی لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی شەریعەتدا.................................٣٨٨
حەرامیی چەتەگەریی و خراپەکاریی لە زەویدا.......................................٣٩٠
بڵاوبوونەوەی دیاردەی تیرۆری نێودەوڵەتی.........................................٣٩٠
*بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی.....................................٣٩١
ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەدەغەکردنی تیرۆر و سزادان لەسەری.................................٣٩٢
دروستیی بەکارهێنانی هێز دژ بە داگیرکار، هەروەها لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین بەپێی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان...............................................................٣٩٤
ئایا لە پای چی ئیسلام تۆمەتبار بکرێ بە تیرۆر؟...........................................٣٩٥
هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی........................................٣٩٧
پوختەی چارەسەر هەروەك لە ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆزدا هاتووە...............................٣٩٨
ڕاسپاردەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامیی بۆ موسڵمانان.........................................٤٠٠

## بەشی هەشتەم

## فیقهی کەمینەی موسڵمان بۆ پێکەوەژیان، چۆنیێتی هەڵسوکەوتیان لە کاتی بێڕێزی کردن بە پیرۆزییەکانی ئیسلام، لەبەر ڕۆشنایی فیقهی هاوڵاتیبووندا

***باسی یەکەم: دەستپێك**.......................................................٤٠٣
**تەوەرەی یەکەم:** ڕێسا و پرەنسیپە گشتییەکان کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەکان..................٤٠٤
پێشەکی...............................................................٤٠٤
ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانە کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەی موسڵمانانەوە..............................٤٠٥
ئەو ئەحکامە گشتییانە کە پەیوەندن بە فیقهی کەمینەی موسڵمان...................................٤١١
**تەوەرەی دووەم:** هەبوونی پێشەنگ لە هەڵسوکەوتدا.........................................٤١٣
**یەکەم:** چیرۆکی یوسف، وانە وەرگیراوەکان لێی (پێشەنگە بۆ کەمینەی موسڵمان)..................٤١٤
ئەو ڕێسا گشتییەکان کە لە چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لێبێت) هەڵگۆزراون.......................٤٢٨
**دووەم:** پێشەنگیی هاوەڵانی کۆچکەر بۆ حەبەشە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ.......................٤٢٨
ئەو وانانەی لەم چیرۆکەوە وەردەگیرێن.....................................................٤٣٢
**تەوەرەی سێیەم:** فیقهی هاوڵاتیبوون دەروازەیەکە بۆ پێکەوەژیان، پێگەی هەنگاونانە بەرەو ئاوێتەبوونی ئەرێنی..................................................................٤٣٥
پێناسەی هاوڵاتیبوون..........................................................٤٣٥

سەربوردێکی مێژوویی دەربارەی هاولاتیبوون.............................................٤٣٩
هاولاتیبوون لەم سەردەمەدا..........................................................٤٣٩
خواست و پێویستییەکانی هاولاتیبوون (لەسەر هاولاتی و لەسەر دەولەت)........................٤٤٠
جیاوازی نێوان رەگەزنامەو هاولاتیبوون................................................٤٤٣
هاولاتیبوونی نێودەولەتی..............................................................٤٤٤
هەلوێستی ئیسلام لەسەر بیرۆکەی هاوچەرخی هاولاتیبوون (هاوسەنگیی).........................٤٤٥
ئیسلام لە پرسی هاولاتیبووندا رەچاوی لایەنە ئەرێنی و مرۆییەکانی هاولاتیبوونی کردووە...........٤٤٧
پوختە لەگەل بەراوردکردن (بەکورتی)...................................................٤٥٣
رەوایەتیدان بە بیرۆکەی هاولاتیبوون لە دیدی ئیسلامەوە بە دوو مەرجە (دوو چوارچێوە).......٤٥٦
**چوارچێوەی یەکەم:** تایبەتە بە موسلمانان.............................................٤٥٦
پێکهاتەکانی لایەنداریی................................................................٤٥٧
**چوارچێوەی دووەم:** گشتگیرە، موسلمانان و ئەوانیتر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.........................٤٥٨
ولاتی ئیسلام (ولاتی هاولاتیبوونە)، وە ولاتی جەنگ......................................٤٦١
(بەیاننامەی مەدینەی پیرۆز) یەکەمین دەستورە کە مافی هاولاتیبوون دەدات بە ئەویتر.............٤٦٣
پوختەی ناوەرۆکی بەیاننامەکە..........................................................٤٦٥
هاولاتیبوون لە جیهانی ئیسلامیی ئەمرۆماندا...........................................٤٦٧
***باسی دووەم: فیقهی هەلسوکەوت لەگەل ئەویتر لە کاتی بێرێزیکردن بە پیرۆزییەکان................٤٦٨**
**تەوەرەی یەکەم:** بێرێزی بەپیرۆزییەکان لەسایەی مافی مرۆڤ لەئازادی رادەربرین (کەرامەتی مرۆڤ)...٤٦٩
پێشەکییەك بۆ پێناسەی بێرێزی بە پیرۆزییەکانی ئیسلام.....................................٤٦٩
جیاوازی لە نێوان بێرێزی و لاقرتێکردن و سوکایەتی و نێوان رەخنەی بونیاتنەردا.................٤٦٩
رێز و کەرامەتی مرۆڤ لە ئیسلامدا (مافەکانی مرۆڤ)......................................٤٧٠
شێوەو دیمەنەکانی رێزگرتنی پەروەردگار لە مرۆڤ.........................................٤٧١
پاراستنی ئازادییەکان گەورەترین رێزگرتنە لە مرۆڤ........................................٤٨٢
**یەکەم:** ئازادی هزریی...............................................................٤٨٢
لایەنی پراکتیکی بۆ ئازادی هزریی.......................................................٤٨٢
**دووەم:** ئازادی ئاینیی................................................................٤٩١
لایەنی کرداریی و پراکتیکی ئازادی ئاینی لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ..........................٤٩٢

**تەوەرەی دووەم:** کۆت و بەندە گشتییەکان لەسەر ئازادی لەدەستورو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.......٤٩٤
**تەوەرەی سێیەم:** فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەویتر لە کاتی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان.................٥٠١
١-سەرەتا دەبێت بڕوانینە مەبەستەکانی بێڕێزی بە پیرۆزییەکان...................................٥٠١
٢-هەڵوێستی شەرعیی (بنەمادۆزی شەرعیی).......................................................٥٠٣
**تەوەرەی چوارەم:** ئەرکی کەمینەی موسڵمان لەو حاڵەتەدا.......................................٥٠٧
کەمینەی موسڵمان مافی ئەوەی نییە سزاکان لە وڵاتی ناموسڵماندا جێبەجێ بکات....................٥٠٨
چاوکردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ، هەروەها ئارامگرتن لە بەرانبەر ئازاردان و گاڵتەپێکردن..........٥١١
**تەوەرەی پێنجەم:** دانانی پلانی ستراتیژی لەسەرخۆ و ئامانجدار بۆ کەمینەی موسڵمان، تا نەکەوێتە ژێر سۆزداری و هەڵچوون.......................................................................٥٢٠
ئامانجی پلانەکە....................................................................................٥٢٠
ئەم پلانە بۆ چییە؟.................................................................................٥٢٣
**پاشکۆکان**........................................................................................**٥٢٥**
**پاشکۆی ژمارە (١):** دەقی ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆڕبەندی (فیقهی هەڵسوکەوت لەگەڵ بێڕێزی کردن بە پیرۆز) پاریس، (١٦ جەمادی دووەم/ ١٤٣٦ك - ٢٠١٥/٤/٥ز).............................٥٢٥
**پاشکۆی ژمارە (٢):** دەقی ڕاگەیەنراوی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان، هۆشداری دەدات بە سەرئەنجامە خراپەکانی درێژەدان بە بێڕێزی کردن بە پێغەمبەری ڕێزدار موحەممەد ﷺ و بە ئاینی و بە ئوممەتەکەی.................................................................................٥٢٨
**پاشکۆی ژمارە (٣):** نامەیەکی کراوە لە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمانەوە بۆ ژیرمەندان و بیرمەندان و سەرکردەو گەلانی خۆرئاوا............................................٥٣٠

**بەشی نۆیەم**

**ڕۆڵی کۆڕە فیقهییەکان و زانایان لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر دا**

* دەستپێك..........................................................................................٥٣٧
* **بواری یەکەم:** ڕۆڵی بنەمادۆزیی و تیۆریزەو قەناعەتپێکردن بە دیالۆگی هێمن و ئامانجدار.........٥٣٨
**چارەسەر:** گرتنەبەری بنەمادۆزیی و هەڵوەشاندنی هزری توندڕەو بە بەڵگەی گومانبڕ...............٥٤٧
* **بواری دووەم:** شیکاری بڕیار و واتای کۆڕە فیقهییەکان، بەیاننامەی کۆنگرەکانیان..................٥٤٨
* **یەکەم:** بڕیارەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامی نێودەولەتی کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە پێکهێنراوە.........................................................................................٥٤٨

(١) دەقی بڕیاری ژمارە ١٢٨ (١٤/٢) دەربارەی (مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژی نێودەوڵەتی ٥٤٨.......)
(٢) دەقی بڕیاری ژمارە ١٥٤ (١٧/٣) دەربارەی (هەوڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە زیادەڕەویی و توندڕەویی و تیرۆر......................................................... ٥٥٠
(٣) دەقی بڕیاری ژمارە ١٦٣ (١٨/١) دەربارەی (مەشخەڵی گەڕانەوە بۆ میتۆدی ژیاریی لە ئیسلام دا)........................................................................ ٥٥٣
(٤) دەقی بڕیاری ١٦٦ (١٨/٤) دەربارەی (دیاردەی ترساندن لە ئیسلام: (ئالنگارییەکان وڕووبەڕووبوونەوە)........................................................ ٥٥٦
شیکار و واتای بڕیارەکانی ئەو کۆنگرانە.................................................. ٥٥٩
* دووەم: بەیاننامە و ڕاسپاردەکانی کۆڕی فیقهی ئیسلامیی کە سەربە ڕێکخراوی ڕابیتەی جیهانی ئیسلامیی و کۆنگرەکانیەتی.................................................. ٥٦٠
(١) ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆز کە لە خولی شازدەیەمی کۆڕدا دەرچووە، لە ماوەی (٢١-١٠/٢٧/١٠/١٤٢٢ك-٥-١٠/١/٢٠٠٢ز) گرێدراوە....................................... ٥٦٢
**یەکەم:** مەترسی هێرشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی لەسەر ئیسلام و موسڵمانان.......................... ٥٦٤
**دووەم:** ئیسلام ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە.................................................. ٥٦٦
**سێیەم:** ئیسلام و تیرۆر.................................................. ٥٦٦
**چوارەم:** چارەسەری ئیسلامیی بۆ توندڕەویی و توندوتیژیی و تیرۆر.................................. ٥٦٨
**پێنجەم:** تێکۆشان (الجهاد) تیرۆر نییە.................................................. ٥٧١
ڕاسپاردەکانی کۆڕ بۆ موسڵمانان.................................................. ٥٧٣
(٢) بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی بە ناونیشانی (ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر) کە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە ماوەی (٣-٦/٥/١٤٣٦ك - ٢٢-٢٥/٢/٢٠١٥ز) لە مەککە گرێیداوە...... ٥٧٧
**یەکەم:** مشتومڕی چەمکی تیرۆر.................................................. ٥٨١
**دووەم:** مشتومڕی هۆکارەکانی تیرۆر.................................................. ٥٨٢
**سێیەم:** مشتومڕی جێکەوتەکانی تیرۆر.................................................. ٥٨٥
ڕاسپاردەکان.................................................. ٥٨٧
(٣) ڕاگەیەنراوی مەککەی پیرۆز کە لە کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی دەرچووە بە ناونیشانی (ئیسلام و قەلاچۆکردنی تیرۆر) کە ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لە ماوەی (٣-٦/٥/١٤٣٦ك - ٢٢-٢٥/٢/٢٠١٥ز) لە مەککە گرێیداوە.................................................. ٥٩٣

نامەی یەکەم: بۆ سەرکردەکانی ئوممەت........................................٥٩٤
نامەی دووەم: بۆ زانایانی ئوممەت..................................................٥٩٥
نامەی سێیەم: بۆ ڕاگەیاندنی جیهانی ئیسلامی......................................٥٩٦
نامەی چوارەم: بۆ لاوانی ئوممەت..................................................٥٩٧
نامەی پێنجەم: بۆ جیهان و دامەزراوەو گەلانی......................................٥٩٨
گشتگیریی بەیاننامەکان.............................................................٥٩٩
* **سێیەم:** بەیاننامەی کۆڕبەندی جیهانیی بۆ میانڕەویی، کە لە هەردوو ڕۆژی شەممەو یەکشەممە (١٤-٢٠١٥/٣/١٥ز) لە سەنتەری ڕۆشنبیری شاهانە -عەممان- شانشینی ئوردنی هاشمی بەستراوە..........٦٠٢
لیستێك بە ناوی دیارترین سەرچاوەکانی کتێبەکە......................................٦١٠
پێڕستی بابەتەکان......................................................................٦١٩